# سوورەی فاتیحە

**سوورەی فاتیحە لە مەککە هاتۆتە خوارەوە و بە (بسم‌الله)وە ٧ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن ﴿١﴾ سپاس بۆ خوا کە ڕاهێنەری جیهانیانە ﴿٢﴾ (خوایەک) کە بەخشەر و دڵ لاوێنە ﴿٣﴾ (خوایەکە) خاوەنی ڕۆژی پەسڵانە ﴿٤﴾ (ئەی خوا) ئێمە تەنیا تۆ ئەپەرستین و هەر لە تۆیش یارمەتی ئەخوازین ﴿٥﴾ ئێمە بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنوێنی بکە ﴿٦﴾ ڕێگای کەسانێ کە خۆت چاکەت لەگەڵ کردوون، نەک کەسانێ بەر تووڕەیی و غەزەبت کەوتوون، نە ئەوانەیش کە لاڕێ بوون ﴿٧﴾

**حەوت ئایەتە**

## سوورەی چێڵەزەرد
## بەقەرە

**سوورەی چێڵەزەرد لە مەدینە هاتۆتە خوارەوە و بە (بسم‌الله)وە ٢٨۶ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەلف، لام، میم (خوا بە مانای ئەم پیتانە زاناترە) ﴿١﴾ ئەمە، ئەو قورئانەیە کە لەوا شکێ نییە، ڕێ نیشاندەرە بۆ خۆپارێزان ﴿٢﴾ (خۆپارێزان) ئەوانەن کە بە غەیب نهێن و نادیار بڕوا دێنن و نوێژ بەجێ‌دێنن و لەو بژیوەش وا بەوانمان داوە ئەبەخشن (ئینفاق ئەکەن) ﴿٣﴾ ئەوانە کە بەوەی بۆ تۆ هاتووە و بەوەی بۆ پێغەمبەرانی بەر لە تۆ بەرێ کراوە بڕوا دێنن و بە ڕۆژی پەسڵانیش یەقینیان هەیە ﴿۴﴾ ئەوانە، پەروەرندەیان ڕێبەریانە و دیارە تاقمی ڕزگارانن ﴿۵﴾

**دووسەت و هەشتا و شەش ئایەتە**

بەڕاستی کەسانێ کە کوفریان کرد، تەفاوەتیان بۆناکا، چ (لە عەزابی خوا) بیانترسێنی یا نەیانترسێنی، بروا ناهێنن ﴿٦﴾ خوا مۆری لەسەر دڵ و گوێی ئەوان داناوە و پەردەی بەسەر چاویاندا کێشاوە، ئازارێکی پڕژانی گەورەیان بۆ دیاریکراوە ﴿٧﴾ لە خەڵک هەندێ کەس هەن کە ئەڵێن: بە خوا و ڕۆژی بەرێ بڕوامان هێناوە، لە حاڵێکدا کە ئەوان بڕوادار نین ﴿٨﴾ ئەیانەوێ خوا و بڕواداران فریو بدەن، (بەڵام بێجگە لە خۆیان (کەسێ)تر فریو نادەن، لە حاڵێکدا کە هەستی پێ ناکەن و پێی ناحەسێن و نافامن ﴿٩﴾ لە دڵ و دەروونیاندا دەغەز و ناساغی و نەخۆشی هەیە، جا خوا نەخۆشییەکەیانی زیاد کرد و لەبەر ئەوەی درۆیان ئەکرد، تووشی عەزاب و ڕەنجێکی دەردناک ئەبن ﴿١٠﴾ هەرکاتێ پێیان بگوترێ: لە گۆی زەوی و هەردا فیتنە و فەساد و بەدفەڕی مەکەن، ئەڵێن: ئێمە تەنیا چاکەکارانین ﴿١١﴾ ئاگادار بن! هەرئەمانە خراپ و موفسیدن، بەڵام هەستی پێناکەن ﴿١٢﴾ کاتێ بەوانە بوترێ: هەروەکوو خەڵکی‌تر بڕوا بێنن، ئەڵێن: ئایا وەکوو نەفامەکان ئیمان بێنین؟ بزانن هەر ئەوانە نەفام و کەم ئاوەزن، بەڵام بەمە نازانن ﴿١٣﴾ هەر دەم و کاتێ تووشی ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە ئەبن، ئەڵێن ئێمەش بڕوامان هێناوە، هەرکاتێ بە نهێنی ئەچنە لای (سەردەستەی) شەیتانەکانی خۆیان، ئەڵێن: لە ڕاستیدا لەگەڵ ئێوەین و گەمە و گەپجاریان پێدەکەین ﴿١٤﴾ خوا گەپجار بەوان دەکا و مۆڵەتیان دەداتێ تا لە نافەرمانی خۆیاندا سەرگەردان ئەبن ﴿١٥﴾ ئەوانە کەسانێکن کە ڕاستەڕێ و ڕێنوێنیان بە گومڕێیی داوە (گۆڕیویانەتەوە)، جا بازرگانییەکەیان قازانجی بۆ نەداون و ڕێگای ڕاستیشیان بەدی نەکرد ﴿١٦﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



مەسەلەی ئەوان (مونافقین)، هەروەکوو مەسەلە و مەرەد و حاڵ و باری کەسێکە کە ئاگرێکی هەڵکردبێ (تا لە بیاوانی تاریکدا ڕێگای خۆی پەیا بکا)، بەڵام کاتێ کە ئاگرەکە دەوروبەری خۆی ڕووناک بکا، خوا بیکوژێنێتەوە و لە تاریکیدا بەجێیان بهێڵێ، هیچ کوێ نابینن ﴿١٧﴾ (ئەوانە) کەڕ و لاڵ و کوێرن، جا ئەوان بۆ لای ڕێگای هەق ناگەڕێنەوە ﴿١٨﴾ یاهەروەکو ڕێژنە و تەوژم و لووزەوی پەڵەی باران کە لە شەوی تاریک و نوتەکەدا (شریخەشریخی هەورە) برووسکە و چەخماخە لێکدان، بە ڕێژەو بباریێ و (ئەوانیش) لە ترسی مردن تلی و قامکیان دەئاخنیە گوێچکەی خۆیان (بەڵام ئەبێ بزانین) خوا دەورەی لەم خوا نەناسانە داوە ﴿١٩﴾ نێزیکە برووسکەی بەرق (ئاوی) چاویان ببا، هەرکاتێ بەرق پرشنگ (و نوور) دەهاوێ و (بنار و بیاوان) بۆ ئەوان ڕووناک ئەکا، لەبەر ڕووناکایی ئەودا ئەڕۆن، کاتێکیش (ئەو ڕووناکاییە) بەسەریاندا تاریک ئەبێ، ڕەق ئەوەستن، وە ئەگەر خوا بیبەوێ هێزی بیستن و دیتنیان لەناو ئەبا، بەڕاستی خوا بەسەر هەموو شتێکدا خاوەن دەسەڵاتە ﴿٢٠﴾ ئەی خەڵکینە! پەروەرندەی خۆتان بپەرستن، ئەو پەروەرێنەرەی کە ئێوە و پێشینانی خوڵقاند، بەڵکوو ئێوە خۆ بپارێزن ﴿٢١﴾ ئەو پەروەرێنەرەی کە زەوی و هەردی کردۆتە فەرش بۆ ئێوە و ئاسمانیشی کردۆتە بینا و لە ئاسمانیش ئاو (و بارانێکی بۆ ئێوە) ناردووە و بە هۆی ئەو بارانەوە هەموو جۆرە میوەیەکی بۆ ڕۆزیی ئێوە لە گۆی زەوی ڕواندووە، کەوابوو هاوبەش بۆ خوا دامەنێن، لە حاڵێکدا کە (ئەوانە) ئەزانن ﴿٢٢﴾ ئەگەر لەبابەت ئەوەی وا بۆ عەبدی خۆم (پێغەمبەر) ناردۆتە خوارێ، لە شک و دوودڵیدان (بە لایەنی کەمەوە) سوورەیەک وەکوو ئەو بێنن، وە شایەدەکانی خۆیان بێجگە لە خوا بانگ بکەن، ئەگەر ڕاستبێژن ﴿٢٣﴾ (کەوابوو) ئەگەر ئەم کارەتان نەکرد ـ کە هەرگیزیش بۆتان ناکرێ ـ لە ئاگرێ کە (دەستەچیلەکەی) لەشی خەڵک و بەردە، خۆ بپارێزن، کە بۆ خوانەناسان ساز و ئامادە کراوە ﴿٢٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بە کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان ئەنجام داوە، مزگێنی بدە کە بەهەشتگەلێکیان بۆ هەیە کە چۆمە ئاوی زۆر بە ژێر دارەکانیدا ئەڕوا، هەرکاتێ میوەیەک لەوە بەوان بدرێ، ئەڵێن: ئەمە هەر ئەوەیە کە لە بەرا پێمان درابوو، ئەو میوەیانەی وا بۆیان دەهێندرێ، هەموویان (لە چاکی و جوانی و زەریفیدا لە میوەی دنیایی ئەچێ و) وەک یەکن، وە بۆ ئەوانە لەو بەهەشتانەدا خێزانگەلێ پاک و خاوێن هەیە و هەمیشە لەوێ (لە بەهەشت)دا ئەمێننەوە ﴿٢٥﴾ خوا لەوە میسال بە مێشوولە(کوێرە) و پێشکە بچووکتر لەو یا گەورەتر بهێنێتەوە، شەرم ناکا، (جا لەو ناوەدا) ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە، ئەزانن ئەم (نموونە هێنانەوەیە) هەقیقەتێکە لە پەروەرێنەریانەوەیە، بەڵام ئەوانەی کە بێبڕواشن ئەڵێن: مەبەستی خوا چییە لەم وێنە هێنانەوە؟ خوا زۆر کەسی پێ گومڕا ئەکا و زۆر کەسیشی پێ ڕێنوێنی و شارەزا ئەکا، خوا بەو (مەسەلە) کەس گومڕا ناکا، مەگەر فاسقان نەبێ ﴿٢٦﴾ (فاسقان) ئەمانەی کە پەیمانی خوا دوای مەحکەم گرێدان، ئەپسێنن و پێوەندێک کە خوا فەرمانی پێدابوو، ئەبڕن، و لە ڕووی زەویدا فەساد ئەکەن، هەر ئەمانەش لە زەرەر و زیاندان ﴿٢٧﴾ جا چلۆن لە خوا حاشا دەکەن؟ کەچی ئێوە لەشێکی بێگیان بوون و خوا گیانی کرد بە بەرتانا، لە دواییشدا ئەتانمرێنێ و جارێتر (لەو دنیا) زیندووتان ئەکاتەوە، ئەوسا ئەگەڕێنەوە بۆ لای خوا ﴿٢٨﴾ هەر ئەو خوایەشە کە ئەوەی لە زەویدایە بۆ ئێوەی بەدیهێناوە، لە پاشان خەریکی بەرزایی و ئاسمانەکان بوو، ئەوانی بە وێنەی حەوت نهۆم ئاسمان هەڵدا (و سازیدان)، خوا ئاگای لە هەموو شتێک هەیە ﴿٢٩﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



کاتێ کە پەروەردەی تۆ بە پەری وت: من لە زەویدا جێنشینێک دائەنێم، مەلائیکە وتیان: ئایا کەسێ لە زەویدا ئەکەیتە جێنشین کە خراپە و خوێنڕێژی بکا؟ (ئەگەر مەبەست لە بەدیهێنانی مرۆڤ عیبادەتە)، ئێمە پەسنی پیرۆز و حەمد و چاکەی تۆ ئەڵێین، (پەروەرێنەر) فەرمووی: من شتانێک ئەزانم کە ئێوە نایزانن ﴿٣٠﴾ ئەوسا خوا هەموو ناوێکی بە ئادەم فێرکرد، لە پاشان ئەوانەی بە مەلائیکەکان نیشاندا و فەرمووی: ئەگەر ڕاستی بۆ چوون، ناوەکانی ئەمانەم پێبڵێن ﴿٣١﴾ مەلائیکە وتیان: هەر تۆ لە کەمایەسی دوور و بێخەوش و پاکی، بێجگە لەوەی تۆ فێرت کردووین هیچیتر نازانین، بەڕاستی تۆ زۆر زانای و لەکارزانی ﴿٣٢﴾ فەرمووی: ئەی ئادەم! ناوەکان بەوان بڵێ (تا لە نەزانی خۆیان ئاگادار بن)، کاتێ ئادەم ئەوانی ئاگادار کرد، خوا فەرمووی: پێم نەوتن من لە هەر نهێنی و نەدیار (و ڕازی) ئاسمانەکان و زەوی دەزانم و هەروایش ئەوەی ئاشکرای دەکەن یا دەیشارنەوە، پێی دەزانم ﴿٣٣﴾ ئەو دەمەی وا بە مەلائیکەکانم وت: بۆ ئادەم کوڕنۆش و سوژدە بەرن، هەموو بێجگە لە ئیبلیس سوژدەیان برد، ئیبلیس نافەرمانی کرد و خۆی بە زلتر زانی، بوو بە یەکێ لە کافران ﴿٣٤﴾ وتمان: ئەی ئادەم! تۆ و خێزانت لە بەهەشتا نیشتەجێ بن و لەو خواردەمەنیانەی ئەوێ هەرچی بتانەوێ بخۆن، تەنیا نیزیکی ئەم دار(ی هانا) قەدەغە کراو بۆ ئادەم، مەکەون، چونکە (بەم کارە) لە ناحەقکاران دێنە ژمار ﴿٣٥﴾ جا لە دواییدا شەیتان پێی ئەوانی هەڵخزاند و ئەوانی لە بەهەشت دەرپەڕاند، ئێمە بەوانمان وت: هەمووتان لە بەهەشت وەرنە خوارێ، هەر خۆتان دژ و دوژمنی خۆتانن، تا ماوەیەکی دیاریکراو، جێگا و هۆی ژیان و کەڵک وەرگرتنتان لە هەرد و زەوی ئەبێ ﴿٣٦﴾ ئەوسا ئادەم لە پەروەردەی خۆی چەن بێژەیەکی پێی گەیشت، ئەوسا تۆبەی کرد و خوا تۆبەی ئەوی قەبووڵ کرد، بەڕاستی هەر خوا تۆبە وەرگر و دڵلاوێنە ﴿٣٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

وتمان: هەمووتان لەوێ (بەهەشت) وەرنە خوارێ (بۆ سەر زەوی)، جا هەرکاتێ ڕێنوێنێکتان لە لای منەوە بۆ ئێوە هات، هەرکەس لەوە پەیڕەوی بکا، نە ترسێکیان بۆ هەیە و نە خەفەتباریش ئەبن ﴿٣٨﴾ کەسانێ کە هەڵە و کوفریان کرد و نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ خستەوە، ئەوانە جەهەندەمین و بۆ هەمیشەش لەوێدا قەتیس ئەمێننەوە ﴿٣٩﴾ ئەی زارۆی ئیسرائیل! ئەو نیعمەتانەی وا پێمدان، بیهێننەوە بیر، و بەو پەیمانەی وا لەگەڵ مندا گرێتان داوە، وەفای پێ بکەن، تا منیش بە پەیمانی ئێوە وەفا بکەم، و تەنیا لە من بترسن ﴿٤٠﴾ بەوەی وا ناردوومەتە خوارێ (قورئان) بڕوا بهێنن، چونکە ئەو کەلام و کتێبەی (تەورات) وا لای ئێوەیە ئەیسەلمێنێ، مەبنە پێشەنگی ئەوانەی وا حاشا لەم کتێبەی دەکەن، و نیشانەکانی من بە نرخێ کەم مەفرۆشن، و تەنیا لە من خۆ بپارێزن ﴿٤١﴾ جلکی ناحەقیکار مەکەن بە بەر هەقدا، و هەقیش مەشارنەوە، لە حاڵێکدا کە ئێوە ئەزانن ﴿٤٢﴾ نوێژ بەجێ بێنن و زەکات بدەن و لەگەڵ کورنۆش و ڕکووعبەراندا بچنە ڕکووع ﴿٤٣﴾ ئاخۆ فەرمان ئەدەن خەڵک چاک بن؟ بەڵام خۆتان لە بیر ئەبەنەوە و خۆتان هەڵداوێرن و خۆتان جیا دەکەنەوە، کەچی ئێوە کتێبی (تەورات) ئەخوێننەوە، جا بۆچ ئەقڵی خۆتان ناخەنە کار؟ ﴿٤٤﴾ بە خۆڕاگری و تابشتهێنان و دوعا و نوێژ (خوێندن) یارمەتی وەرگرن، بەڕاستی ئەوە گەورە و گرانە، مەگەر بۆ خۆبە زلنەزانان و خاشعین ﴿٤٥﴾ (خاشعین) کەسانێکن کە لێیان ڕوونە و سوور دەزانن و دڵنیان ئەچنە دیداری پەروەرێنەری خۆیان و بەڕاستی بۆ لای ئەو ئەگەڕێنەوە ﴿٤٦﴾ ئەی زارۆی ئیسرائیل! بهێننەوە بیر ئەو چاکەی وا لەگەڵ ئێوەم کرد. لە چاو هەموو خەڵکی دنیا پتر ڕێز و قەدرم لە ئێوە نا ﴿٤٧﴾ لەو ڕۆژە پەرواتان هەبێ کە هیچ کەس لەباتی کەسێ‌تر سزا نادرێ، لەوێ نە گرهۆ دانان و بارمتەی تێدایە و نە خۆ کڕینەوەییێکیش هەیە، دیارە لەوێ کەسیش بە فریا و هانای کەس نایێ﴿٤٨﴾

(هەروەها بهێننەوە بیر) ئەو ڕۆژگارەی ئێوەم لە (دەس) فیر عەونییان ڕزگارکرد، کە هەمیشە ئێوەیان زۆر بە سەختی شکەنجە و ئازار ئەدا، ئەوان کوڕانی ئێوەیان سەر دەبڕی و ژنانی ئێوەیان (لە منالّییەوە بۆ کەنیزی و کارەکەری) زیندوو ڕائەگرت، ئەمە بەلاّ و ئەزموونێکی گەورە بوو، بۆ ئێوە لە لایەن پەروەرێنەرتانەوە ﴿۴۹﴾ (بهێننەوە بیر) ئەو دەمەی وا زەریام بۆ ئێوە لەت کرد، ئێوەم ڕزگار کرد و فیرعەونییانم خنکاند و لە نێو ئاو نوقمم کردن، ئێوە تەماشاتان ئەکرد ﴿۵۰﴾ ئەوساکە چل ڕۆژ؛ ژوانمان لەگەلّ مووسا دانا، ئێوە لە دوای ئەو گوێرەکەتان کردە خوای خۆتان، و ئێوە بەم کارە ستەمتان (لە خۆتان) کرد ﴿۵۱﴾ لە دوای ئەم کارە (ناشیاوە) ئێوەمان بەخشی، تا بەلّکوو (بیر بکەنەوە و) شوکری ئەم نیعمەتە بەجێبێنن ﴿۵۲﴾ (هەروەها بهێننەوە بیر) ئەو دەمەی وا بە هیوای ڕێنوێنی بوونی ئێوە (بۆ لای هەق)، کتێب و فورقانم (هۆی جیاکەرەوەی هەق لە باتلّ) بە مووسا دا تا بەلّکوو شارەزا بن ﴿۵۳﴾ ئەو دەمەی کە مووسا بە هۆزی خۆی وت: ئەی هۆزا! بەڕاستی ئێوە بەوەی وا گوێرەکەتان کردە (خوای) خۆتان، ستەمتان لە خۆتان کرد، کەوابوو پەشیمان ببنەوە و بگەڕێنەوە بۆ لای بەدیهێنەری خۆتان، جا وەرن یەکتر بکوژن، ئەم کارە لە پێشگای بەدیهێنەرتان بۆ ئێوە باشترە، لە پاشان خوا تۆبەی ئێوەی قەبوولّ کرد، چونکە بەڕاستی ئەو تۆبە قەبوولّکەر و دلّۆڤانە ﴿۵۴﴾ ئەو دەمە کە وتتان: ئەی مووسا!هەرگیز بڕوا بە تۆ ناهێنین، تا بە ئاشکرا خوا ببینین، جا لەو دەمەدا هەورەبریسکە (لە ئێوەی دا و) ئێوەی گرت و ئێوە تەماشاتان دەکرد ﴿۵۵﴾ لە دوای مردنتان، ئێوەم زیندوو کردەوە تا بەلّکوو شوکری خوا بەجێ بهێنن ﴿۵۶﴾ هەورمان بۆ کردن بە سابات و بە سەیوان و سێبەر، بە سەرتانەوە (لە کاتی چوونە دەرێ بۆ سەر کێو)، مەن (گەزۆ) و سەلوا (گۆشتی برژیوی کەرەوالە: شێلاقە: هەوێردە)مان بۆ ناردن، (وتمان) لەو ڕسق و ڕۆزییە پاک و خاوێنە کە پێم داون بخۆن، ئەوانە ناحەقییێکیان لە ئێمە نەکرد، بەلّکوو ناحەقییان لە خۆیان کرد ﴿۵۷﴾

ئەو دەمەی کە وتمان: بچنە نـاو ئەم ئـاوایی‌یە (بەیتولمـوقەددەس) هەرشـتێکی دەخـۆن و چـی دەخۆنەوە، بە ئارەزووی خۆتان بـکەن، لە دەروازەوە بە سـوژدە بـردن و خـۆبە کەم زانـین بچـنە ژووری و بلّێن: خوایا گوناحمـان بـوەرێنە، تـا ئـێمەش تاوانەکانتـان ببەخشـین و بە کارچاکـان پاداشی زۆرتر ئەدەین ﴿٥٨﴾ جا ئەوانەی وا ستەمیان کرد، ئەو قسەی پێیان وترابوو پـێچەوانە و بەراوەژوویـان کـرد و گۆڕییـان، جـا لەبەر ئەمە کە نافەرمانییـان کـرد، بەلاّ و عەزابـی ئاسمانیمان بۆ ناردن ﴿٥٩﴾ ئەوسا کە مووسا بۆ هۆزی (تینووی) خـۆی داوای ئـاوی کـرد، جـا دەستوورمان پێدا بە دار عـەساکەت لە بەردەکە بدە، لە ناکاو دوانزە کانی ئاوی لێ‌هەلّقولّی، بە جۆرێکی وا کە هەر تیرەیەی بە جێی ئـاوخواردنەوەی تـایبەتی خـۆی پـێ ئەزانـی و ئەیناسـی (بەوانمان وت:) لە رسق و رۆزی خوا بخۆن و بخۆنەوە، بەلاّم لە زەویـدا بەدفەری مەکەن ﴿٦٠﴾ ئەو دەمەشتان لە بیر بـێ کە وتتـان: ئەی مووسـا! ئـێمە هەرگیـز بە یەک خـواردەمەنی هەدا نادەین، جا لە خوای خۆت بخوازە، تا لەوەی لە زەوی دەڕوێ و سەوز ئەبێ (سەوزی)، لە هاروێ و سیر و نیسک و پیواز بۆ ئـێمە بروێنـێ، (مووسـا) وتـی: ئایـا لەبـاتی چاکتر، خـۆراکی کەم بایەخترتان ئەوێ؟ سەر بەرەژێر بـڕۆنە شـارێک، چـونکە هەرچـی بتـانەوێ لەوێـدا هەیە، خـوا (داغی) زەلیلی و نیاز و بێ ئەنوایی بە تویلّی ئەوانەوە نا و دوچاری غەزەبی خوا بوون، چونکە یاغی ببوون و ملیـان لە دەس‌درێـژی نـابوو، حاشـایان لە ئـایەت و نیشـانەکانی خـوا ئەکـرد و پێغەمبەرانیان بە ناهەق ئەکوشت، چونکە ملبادەر و تاوانکار و دەستدرێژکەر بوون ﴿٦١﴾

بەڕاستی کەسانێ کە بڕوایان هێناوە (موسوڵمانن) و ئەو کەسانەش یەهوود و نەسارا و سابئین (پەیڕەوانی یەحیا و نووح و ئیبراهیم)، هەرکەس کە بە خوا و ڕۆژی بەرێ بڕوای هێناوە و کار و کردەوەی چاکی ئەنجام داوە، هیچ ترس و خەفەتێک بۆ ئەوان (بۆ دوارۆژ و ڕابوردوو) نییە (و بۆ هەر یەکە لە پەیڕەوانی ئەدیان کە لە ڕۆژگاری خۆیدا بە دینی خۆی ڕەفتاری کردووە پاداشی خۆی هەیە) ﴿٦٢﴾ ئەوساکە بەڵێنمان لێ وەرگرتن و (کێوی) توورمان لە بان سەرتان بەرز کردەوە، (بە ئێوەم وت:) ئەوەی بە ئێوەم داوە توند وەریبگرن و بیخەنە مێشکەوە، چی تێیدایە لە بیری مەکەن، بەڵکوو خۆ بپارێزن ﴿٦٣﴾ لە پاشان ئێوە دوای ئەم (پەیمان و بەڵێنە) ڕووتان وەرگێڕا، جا ئەگەر چاکە و بەزەیی خوا، دەهاناتان نەهاتبا لە تاقمی زیان لێکەوتووان ئەبوون ﴿٦٤﴾ زانیتان، ئەوانەی وا لە ئێوە کە لە ڕۆژی شەمەدا دەسدرێژییان کرد، جا پێمان وتن: ببنە مەیموونی ترۆ کراو ﴿٦٥﴾ بە پەندێکی وامان بردن هاوچەرخان و دوای ئەوانیش چاوترسێن بکا، پەند و ئامۆژگاریش بۆ خۆپارێزانە ﴿٦٦﴾ ئەوساکە مووسا بە هۆزی خۆی وت: خوا فەرمانی بە ئێوە دا مانگایەک سەر ببڕن، وتیان: ئایا گاڵتەمان پێ دەکەی، (مووسا فەرمووی:) پەنا ئەبەمە بەر خوا کە لە نەزانان بم (گاڵتەتان پێ بکەم) ﴿٦٧﴾ وتیان: لە خوای خۆت بخوازە، بۆمان ڕوون بکاتەوە کە ئەو مانگایە چۆنە؟ (مووسا) وتی: خوا ئەفەرمێ: ئەو مانگایە نە پیر و لەکار کەوتووە و ئەوەندەش جوان نییە کە (کەڵی نەگرتبێ و نەزابێ)، بەڵکوو ناوەنجییە، کەوایە ئەو دەستوورەی پێتان دراوە ئەنجامی بدەن ﴿٦٨﴾ وتیان: لە پەروەرندەی خۆت بخوازە کە بۆمان ڕوون بکاتەوە ڕەنگی چۆنە؟ (مووسا لە وڵاما) وتی، خوا ئەفەرمێ: چێلێکی زەردی پڕ ڕەنگە، کە ڕەنگەکەی بینەران شاد ئەکا ﴿٦٩﴾

وتیان: لە پەروەردندەی خۆت بخوازە، بۆمان ڕوون بکاتەوە چلۆنە؟ چونکە (لە باری ڕەنگ و قیافەوە) لێمان دەشێوێ (و نایناسین)، ئەگەر خوا بیەوێ ڕێنوێنی ئەکرێین ﴿٧٠﴾ (مووسا) وتی، خوا ئەفەرمێ: چێلێکە نە چۆتە بن نیر بۆ زەویکێلان، یا بۆ ئاوەدانی کشتوکاڵ، بێعەیبە و هیچ پەڵە و لکەیەکی نییە، وتیان: ئێستا ڕاستییەکەت بۆ دەرخستین، سەرئەنجام (چێلێکی وایان پەیاکرد و) سەریان بڕی و نێزیک نەبوو ئەم کارە بکەن ﴿٧١﴾ ئەوسا کەسێکتان کوشتبوو (لەسەر کوژەر و کوژراوەکە و لەبابەت قاتڵەکەیەوە) یەکترتان تێوەدەدا، کە خوا بۆی ئاشکرا کردن ئەوەی وا ئێوە ئەتانشاردەوە ﴿٧٢﴾ لە دواییدا وتمان: هەندێ لە (گۆشتی) چێڵە (سەربڕاوەکە) لە مرۆڤە کوژراوەکە بدەن، خوا بەمجۆرە مردوو زیندوو ئەکاتەوە و نیشانەکانی خۆی بە ئێوە نیشان ئەدا، تا بەڵکوو ئەقڵی خۆتان بخەنە کار ﴿٧٣﴾ لە پاشانیش بوونە دڵڕەقێکی وا لە چەشنی بەرد: بگرە ڕەقتریش لە بەرد، چونکە لە ڕاستیدا هەندێ بەرد ئاوی بەخوڕ لێ هەڵدەقوڵێ، هەندێکیش درز ئەبەن و بە ئاو فیچقە ئەکەن یا دڵۆپە دڵۆپە ئاو ئەدەن، هەندێکیش لە ترسی خوا جاڵە دەکا و گلار دەبێتەوە و خێزەرە ئەکا و ئەرژێتە خوارێ، خوا لە کردەوەی ئێوە غافڵ و بێ ئاگا نییە ﴿٧٤﴾ (ئەی موسڵمانان) ئایا چاوەڕوانی ئەکەن (ئاوا گەلێ) بە ئێوە بڕوا بهێنن، یا وەکوو هەندێ لەوانە قسەی خوا ئەبیسن و دوای تێگەیشتن، ئەیانگۆڕی کە چی ئەشیانزانی کە دەیگۆڕن ﴿٧٥﴾ کاتێ تووشی خاوەن بڕوایان ئەبن، ئەڵێن: بڕوامان هێناوە، کاتێ پێکەوە لە خەڵوەتا کۆ ئەبنەوە، ئەڵێن: ئایا ئەو قسانەی (وا لەبابەت پێغەمبەر و ئیسلامەوە) ئاگاتان لێیە، ئەیگێڕنەوە تا بە دژی ئێوە بیکەنە بەڵگە؟ ئایا لە ئاخرەکەی بیر ناکەنەوە ﴿٧٦﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئەوانە نازانن کە خوا بەوەی کە ئەیشارنەوە و بەوەی ئاشکرای ئەکەن ئاگادارە؟ ﴿۷۷﴾ هەندێ لەوانە نەخوێندەوارن، هەرئەوەندە لە کیتاو (تەورات) تێگەیشتوون کە خوا لێیان خۆش دەبێ و باب و باپیریان کە پێغەمبەر بوون، تکایان بۆ دەکەن و لە کتێب سەر دەرناکەن و ئیتر هەر لە خەیالات و گوماندان ﴿۷۸﴾ وای هاوار بۆ ئەوانە کە بە دەستی خۆیان کتێب ئەنووسنەوە! لە دواییدا ئەڵێن: ئەمە لە لایەن خواوەیە، تا ئەوە بە نرخێ کەم بفرۆشن، جا هاوار بۆ ئەوان لەبەر ئەوەی کە بە دەستی خۆیان نووسیویانە! وای بۆ ئەوانە لەوەی کە بە دەستی دێنن! ﴿۷۹﴾ وتیان: هەرگیز ئاگری جەهەندەم بێجگە لە چەن ڕۆژی نامانگاتێ، بڵێ: ئایا (بۆ ئەم قسەی خۆتان) پەیمانێکتان لای خوا وەرگرتووە؟ (ئەگەر وا بوایە دڵنیا ئەبوون) کە خوا هەرگیز لە بەڵێنی خۆی لانادا، یا لە نەزانییەوە قسە لە سەر خوا دەکەن ﴿۸۰﴾ دیارە هەرکەس خۆی تووشی خراپە بکا و خراپەکەیش دەوری دابێ، ئەوانە یاری ئاگرن و بۆ هەمیشە لە ناو ئاگردا ئەمێننەوە ﴿۸۱﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە، ئەوانە بەهەشتین کە بۆ هەتا هەتایێ ئەوانە لەوێدا ئەمێننەوە ﴿۸۲﴾ ئەو دەمەی وا لە بەرەی ئیسرائیل بەڵێن و پەیمانمان وەرگرت کە بێجگە لە خوا شتێک نەپەرستن و سەبارەت بە دایک و باوک و هەروا سەبارەت بە نێزیکان و هەتیو و بێنەوایان چاکە بکەن، لەگەڵ خەڵکدا چاک بدوێن، قسەی چاک بکەن و نوێژ بەجێبێنن و زەکات بدەن، لە پاشان هەمووتان بێجگە لە تاقمێکی کەم پشتتان تێ کرد و خۆتان لەو پەیمانە بوارد.﴿۸۳﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

پەیمانیشمان لێتان وەرگرت کە خوێنی یەکتر نەڕێژن و یەکتر لە زێد و سەرزەوی و نیشتمانی خۆتان دەرنەکەن، ئەوسا بڕیارتان دا، و ئێستایش هەمووتان (لەسەر ئەو پەیمانە) شایەدن ﴿٨٤﴾ لە دوای ئەوەش هەرخۆتانن کەوتوونەتە گیانی یەکتر و یەکتر ئەکوژن و تاقمێ لە خۆتان لە وڵاتەکەیان دەرئەکەن و بە تاوان و دەسدرێژی کردن بە سەریاندا زاڵ ئەبن، بەڵام ئەگەر هەندێ لەوانە کە هەر لە خۆتانن لە وڵاتی وەدەردەنێن کە بە ناوی دیل لێتان دەگیردرێ، هەمووتان خوێنەکەی بۆ ئەدەن و ئازادیان ئەکەن، دەرکردنی ئەوانە (لە سەرەتاوە) لەسەرتان ناڕەوا بوو، جا ئایا بە هەندێ لە دەستووراتی کتێبی ئاسمانی بڕوا دێنن و سەبارەت بە هەندێکی حاشا دەکەن؟ جا هەرکەس لەنگۆ و لە ئێوە ئەوە بکا لە دنیادا ڕیسوا دەبێ و لەودیویش بە توندی سزا دەدرێ، دیارە خوا لە کردەوەی ئێوە غافڵ نییە ﴿٨٥﴾ ئەمانە ئەوانەن کە ئەو دنیایان داوە بە ژیانی ئەم دنیایە، جا لەبەر ئەمە لە عەزابیان سووک ناکرێ و کۆمەگ و یارمەتیش نادرێن ﴿٨٦﴾ ئێمە خۆمان بە مووسا کتێبمان (تەورات) دا و بە دوای ئەودا، لە پشت سەر یەک پێغەمبەرانمان نارد و بەڵگە ڕوونەکانیشمان بە عیسای کوڕی مەریەم دا و بە گیانی پیرۆزی خۆمان پشتیوانیمان لێکرد، جا هەرکات پێغەمبەرێ شتێکی بۆ هێنان کە بە دڵتان نەبووە خۆتان لەو بە زلتر زانیوە، جا هەندێکتان بە درۆ خستەوە و تاقمێکیشتان کوشت ﴿٨٧﴾ وتیان: دڵمان لە کالاندایە (و لە قسەت تێناگەین) خوایش لەبەر حاشا کردن لە خوا، ئەوانی لە بەزەیی و ڕەحمەتی خۆی بێبەری کردن، جا کەمێکیان بڕوا دێنن ﴿٨٨﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



هەرکـاتێ لە لایەن خـواوە کتێبێکیـان بـۆ هـات کە مـوافیقی نیشـانەگەلێک بـوو کە ئەوان (یەهوود) لایان بوو، لە بەرا چاوەڕوانی بوون، (کە بە یارمەتی ئەو پێغەمبەرە) بەسەر کافراندا زاڵ بن، کەچی کاتێ ئەو کتێب و پێغەمـبەرە کە لە بەرا ناسـیبوویان، هـاتە لایـان، پێـی کـافر بوون، جا کەوابوو لەعنەتی خوا لە کافران بێ ﴿٨٩﴾ ئای بە نرخێ خراپ خۆیان فرۆشت! چونکا خـوا لە هەر عەبـدێ لە عەبـدانێ وا حەز بکـا بە چـاکەی بخـوێنێتەوە و فەرمـانی خـۆی بەو بسپێرێ، (گەلۆ)، ئێرەیی بەو دەردەی بـردن کە لێـی بـکەونە حاشـایە، بەم کارەیـان دوو جـار، وەبەر غەزەبی خوا کەوتن، ئەو چاوچنۆکانە ئازارێکی ئابڕووبەر و سەرشۆڕهێنەریان بـۆ دەبـێ. ﴿٩٠﴾ هەرکاتێ بەوانە بوترێ: بەوەی وا خوا نـاردوویەتی بـڕوا بێـنن، ئەڵـێن: بە شـتێک بـڕوا دێنین کە بۆ خۆمـان هـاتووە (نەک بەوەی بـۆ خەڵکـیـتر هـاتبێ) بـا بڕواشـی بە کتێـبەکەی ئێمەیش هەبێ، کەچی ئەوە (قورئان) هەقە (و لە لایەن خواوەیە) ئەوە (تەورات) ئەسـەلمێنێ: وا لایانە، بڵێ: ئەی بۆچی پێغەمبەرانی پێشینی خواتان (وەکوو یەحیا) کوشت؟ ئەگەر بڕوادار بوون ﴿٩١﴾ کاتێ مووسا چەندین نیشانەی بتەوێ، بۆ ئێوە هێنا، (ئەی بـۆچ) ئێـوە لە دواییـدا گوێرەکەتان ئەپەرست و بەم کارە ناحەقیتان لە خۆتان کرد ﴿٩٢﴾ هەروەها وەختێ کە بەڵێنمان لە ئێوە وەرگرت و کێوی توورمان بە سەرتانەوە بەرز کردەوە، ئەم دەسـتوورانە کە بە ئێوەمـان داوە بە هەموو هێزەوە بیگرن و ببیسن، وتیان: بیستمان و نافەرمانیمان کرد، ئەوینی گۆیلک خۆشەویسـتی وەهـا لە دڵیـان چەقیبـوو، بـاوەڕی لە بیـر بردبـوونەوە، بڵـێ: ئەگەر بـڕوادارن، باوەڕەکەتان تووشی کارگەلێ نالەباری کردوون. ﴿٩٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بڵێ: ئەگەر ئەو دنیای لای خوا تایبەت بە ئێوەیە و مافی کەسیتری پێوە نییە، ئەگەر لەسەر ئەم باوەڕە سوورن و ڕاست ئەکەن، ئارەزووی مردن بکەن ﴿٩٤﴾ هەرگیزیش ئارەزووی مردن ناکەن، لەبەر (ئەو کردەوە خراپانەی وا) کە بە دەستی خویان لە بەرا ناردوویانە و خوایش سەبارەت بە ستەمکاران ئاگادار و زانایە ﴿٩٥﴾ تۆ ئەوان دەبینیەوە کە لە هەموو تەنانەت لەو کەسانەش کە هاوبەش بۆ خوا دادەنێن، زیاتر تامەزرۆ و بەتاسە و پاپای ژیانی دنیان، بە جۆرێکی وا هەر یەکە لەوان، پێی خۆشە هەزار ساڵ بژی، کەچی ئەم تەمەن درێژییە، ئەو لە عەزابی خوا ناگێرێتەوە و خوا بەوەی وا ئەیکەن، بینایە ﴿٩٦﴾ بڵێ: کەسێ کە دوژمنی جبرائیل بێ (ئەبێ بزانێ کە دوژمنی خوایە)، چونکە ئەو بە فەرمانی خوا قورئانی حەواڵە کردە ناو دڵ و دەروونی تۆ، قورئانێ کە کتێبە (پێشینەکانی) بەر دەس ئێوە تەسدیق و باوەڕ ئەکا و ئەیسەلمێنێ و مایەی ڕێنوێنی و مزگێنییە بۆ بڕواداران ﴿٩٧﴾ کەسێ کە دوژمنی خوا و مەلائیکە و پێغەمبەرانی ئەو (و دوژمنی) جبرائیل و میکائیل بێ (خوانەناسە)، جا بەڕاستی خوا دوژمنی خوانەناسانە ﴿٩٨﴾ نیشانەگەلێکی ڕوونمان بۆ ناردی، بێجگە لە خراپان کەسێتر ئینکاری ئەوە ناکا ﴿٩٩﴾ ئایا هەر جارێ (جوولەکە لەگەڵ خوا و پێغەمبەر) پەیمانیان بەست تاقمێ ئەوەیان نەخستە پشت گوێ؟ بەڵکوو زۆربەیان بڕوا ناهێنن ﴿١٠٠﴾ کاتێ کە ڕەوانەکراوێ لە لایەن خواوە هاتە لایان، (پێغەمبەرێ) کە کتێبی ئەوان تەسدیق ئەکا، هەندێ لەوانەی کە ئەهلی کتێبن، کتێبی خوایان خستە پشت گوێ، وەک ئەوە پێیان نەزانیوە ﴿١٠١﴾

(بەرەی ئیسرائیل) لەوەی شەیتانەکان لە ڕۆژگاری سلێمان بۆ خەڵکیان دەخوێندەوە پەیڕەوییان کرد، سلێمان (سیحر و جادووی نەکرد و) خوانەناس نەبوو، بەڵام شەیتانەکان خوانەناس بوون و خەڵکیان فێری جادوو دەکرد، ئەو زانستەش کە هاتبووە سەر هارووت و مارووت جووتە فریشتە لە بابلدا، هەرکەسێکیان فێری جادوو بکردبا لەبەرا پێیان دەگوت: ئێمە هۆی ئەزموون و تاقیکردنەوەین، وشیار بە، کافر نەبی، ئەوان لەو دوو مەلائیکە مەبەستگەلێ فێر ئەبوون کە بەو جادووە، ژن و مێرد لێک جیا بکەنەوە، ئەوانە بەبێ فەرمانی خوا ناتوانن زیانێک بە کەسێک بگەیێنن، ئەوانە شتێک فێر ئەبوون کە زیانی بۆیان هەبوو، سوودێکی بەوان نەدەگەیاند، ئەیانزانی هەرکەس کڕیاری ئەم جۆرە کالایە بێ، لە ڕۆژی بەرێدا سوودێکی پێ ناگا، چەند ناحەز و ناپەسەندە، ئەوەی کە خۆیان پێ ئەفرۆشت، ئەگەر بیانزانیبا ﴿۱۰۲﴾ ئەگەرئەوان بڕوایان هێنابا و پارێزگاربان، دەیانزانی پاداشێ کە لە لایەن خوایە، بۆیان باشترە ﴿۱۰۳﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، (لە کاتی قسەکردن لەگەڵ پێغەمبەردا) مەڵێن: «راعنا» هەرچەن «راعنا»، بە واتای «چاک گۆێمان بدەرێ»یە، (بەڵام جوولەکەکان لە کاتی ئاخەوتن لەگەڵ پێغەمبەر (ڕاعنو) کە عیبریە و بە واتای مرۆی فرەخراپە؛ گۆیان کردووە و بە کاریان بردووە) بەڵکوو بڵێن: (انظرنا ـ تەماشامان بکە) ئەوەی وا دەستوورتان پێ ئەدرێ بیبیسن (و بەڕێوەی ببەن)، کە بۆ ئەو خوانەناسانە جەزرەبەی فرە بەژان هەیە ﴿۱۰۴﴾ کافرانی خاوەن کتێب و هەروەها ئەوانەی شەریکیان بۆ خوا داناوە، پێیان خۆش نییە لە لایەن خواوە خێر و بەرەکەت بۆ سەر ئێوە بێ، بەڵام خوا ڕەحمەتی خۆی بۆ هەرکەس کە بیەوێ، بۆی تایبەت ئەکا، خوا خاوەنی بەخششی گەورە و زۆر و زەوەندە ﴿۱۰۵﴾

ئەگەر ئایەتێک (لە ئایەکانی قورئان) (بسرینەوە) و لە کاری بخەین یا لە بیر ببەینەوە، لەو چاکتر یا وەکوو ئەو دەخەینە جێی، مەگەر نازانی کە خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەدەسەڵاتە ﴿١٠٦﴾ ئایا نازانی مولکی ئاسمان و زەوی هەر بۆ خوایە؟ بێجگە لە خوا سەرپەرست و یارمەتیدەرێتر بۆ ئێوە نییە ﴿١٠٧﴾ یا ئەتانەوێ لەگەڵ پێغەمبەری خۆتانا هەر ئەو پرس و داخوازییە بهێننە گۆڕێ کە بەر لەمە، لەگەڵ مووسادا هێناتانە گۆڕێ؟ کەسێ کە بڕوا بگۆڕێتەوە بە کوفر، جا ئەوە ڕێگای ڕاستی ون کردووە ﴿١٠٨﴾ زۆربەی خاوەن کتێبەکان لەبەر حەسودییەک کە لە دڵ و دەروونیاندایە، پێیان خۆش بوو، ئێوە دوای ئیسلام و بڕوا هێنانتان، بتانگێڕنەوە سەر کوفر، ئەویش دوای ئەوەی هەقیان بۆ دەرکەوتووە، جا ئێوە بیانبەخشن و چاوپۆشییان لێبکەن، تا خوا فەرمانی خۆی (خەزا و خەبات) بنێرێ، خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانا و بەوزەیە ﴿١٠٩﴾ نوێژ بەجێ بێنن و زەکات بدەن و (بزانن) هەرچاکەیێ لە بەرا (بۆ ئەو دنیا) بەرێی بکەن، (پاداشی) ئەوە لای خوا وەردەگرنەوە، خوا بە کار و کردەوەی ئێوە ئاگا و بینایە ﴿١١٠﴾ وتیان: هیچکەس بێجگە لە یەهوود و نەسارا هەرگیز ناچنە بەهەشت، ئەمە ئارەزووی ئەوانە، بڵێ: ئەگەر ڕاستبێژن بەڵگەی خۆتان بهێننەوە ﴿١١١﴾ ئەرێ، کەسانێ کە خۆیان بە خوا بسپێرن و کارچاک بن، جا پاداشی ئەوانە لای پەروەرێنەریان (پارێزراوە) و ترسێ بۆ ئەوان نییە و خەفەتیش ناخۆن ﴿١١٢﴾

یەهوودییان وتیان، مەسیحییەکان بێپایەن (و لەسەر هەق نین)، مەسیحیانیش وتیان: جوولەکە بێپایەن (و بە ناهەق قسە ئەکەن) کەچی هەموویان کتێبی ئاسمانی دەخوێننەوە، (ئەری) هەروەها ئەوانەی وا نەزانن، قسەی وەک ئەمانە ئەکەن، خوا لە ڕۆژی بەرێدا لە نێوان ئەوانەدا لەبابەت ئەوانەی وا کێشەیان لە سەری بوو داوەری ئەکا ﴿١١٣﴾ چ کەسێ ستەمکارتر لەو کەسەیە کە (لەبەر نەفامی و خۆ بەزل زانین) لە بردنی ناوی خوا لە مزگەوتدا بەرگیری ئەکا و بۆ وێرانی مزگەوت ئەکۆشێ؟ شیاو نییە ئەمانە بچنە مزگەوت، مەگەر بە ترس و لەرزەوە نەبێ، بۆ ئەوانە لە دنیادا بەدناوی و نەنگ، لە قیامەتیشدا تووشی دەرد و عەزابی گەورە ئەبن ﴿١١٤﴾ هەر بۆ خوایە خۆرهەڵات و خۆرئاوا، کەوابێ، ڕوو بکەیتە هەر کوێ خوا لەوێیە، بەڕاستی کە زانستی خوا فرە و بەربڵاوە ﴿١١٥﴾ (جوولەکە و فەلە و موشریکان) وتیان: خوا منداڵێکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، خوا پاک و بێخەوشە، بەڵکوو ئەوەی وا لە ئاسمان و زەویدایە، هەموو هی ئەوە و گشتیان لە بەرانبەری خوا فەرمانبەرن ﴿١١٦﴾ بەدیهێنەری ئاسمانەکان و گۆی زەوی، خوایە، هەرکاتێ فەرمانی شتێک بدا کە بێتە دی، جا ئەڵێ: وەرەدی، ئەویش زوو بەدی دێ ﴿١١٧﴾ ئەوانەی وا ئاگادار نەبوون، وتیان: دەی چاکە، خوا بە ئێمە بڵێ یا نیشانە و بەڵگەیەکمان بۆ بێنێ، هەروەهاش پێشینانی ئەوانیش هەر قسەیەکی ئاوایان دەکرد، دڵ و دەرونیان وەک یەکە، بەڵام ئێمە نیشانەکانی خۆمان بۆ خاوەن یەقینەکان ڕوون کردۆتەوە ﴿١١٨﴾ ئێمە تۆمان بە تێرادیوی و پێدا پەرمیان بە هەق، مزگێنیدەر و ترسێنەر ناردۆتە سەر خەڵک، تۆ بەرپرسی جەهەندەمیان نی ﴿١١٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

هەرگیز جوولەکە و فەلە لە تۆ رازی نابن، مەگەر لە ئایینی (گۆڕاوی) ئەوان پەیڕەوی بکەی، بڵێ: هەر رێنوێنی خوا رێنوێنی راستەقینەیە، ئەگەر لە هەوا و ئارەزووی ئەوانە پەیڕەوی بکەی، دوای ئەوەی زانست و ئاگاداری بە تۆ گەییوە، هیچ سەرپەرست و یارمەتیدەرێک لە لایەن خواوە بۆ تۆ نابێ ﴿١٢٠﴾ کەسانێ کە کتێبی ئاسمانیمان پێداون، بە شیاوی دەیخوێننەوە، ئەوان بەو بڕوا دێنن، کەسانێ بڕوایان بەو نەکردووە، هەر ئەمانەن زیاندیتوو و زیانلێکەوتوو ﴿١٢١﴾ ئەی بەرەی ئیسرائیل! نیعمەتێ کە بە ئێوەم دا، بیهێننەوە بیر؛ هەروەها وەبیر بهێننەوە کە لە چاو خەڵکی هەموو دنیا پتر رێزم لە ئێوە نا ﴿١٢٢﴾ لە رۆژێک پەرواتان هەبێ کە (هیچ) کەسێ لەباتی کەسێ (تر) شتێ (هەقێ) ئەدا ناکا، هیچ بارمتەیێ لەباتیان وەرناگیردرێ و تکا و پاڕانەوەش سوودێ بەو ناگەیەنێ، لە هیچ لایەکەوە یارمەتی نادرێن ﴿١٢٣﴾ بێنەوە بیر کاتێ کە خوا ئیبراهیمی بە چەن بێژە (وەک تەقوا و شەهادەت و قوربانی کردنی ئیسماعیل و دانانی ژن و مناڵ لە مەککە) تاقی کردەوە و ئەویش بە چاکی لە ئەزموون هاتەدەرێ، خوا (بە ئیبراهیم) فەرمووی: تۆم کردە ئیمام و پێشەوای خەڵک، (ئیبراهیم) وتی: لە تۆرەمە و زارۆڵەکانیشم، خوا فەرمووی: پەیمانم (پلە و پایەی ئیمامەت) بە ستەمکاران ناگا ﴿١٢٤﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ کەعبەمان کردە مەکۆ و مەڵبەند، ئەمن و ئەمان بێ بۆ خەڵک، (بۆ ئەم بیرەوەرییە فەرمانمان دا) جێی ئیبراهیم بکەنە نوێژگەی خۆتان. بە ئیبراهیم و ئیسماعیل فەرمانمان دا کە ماڵی ئێمە بۆ ئەوانەی کە بە دەوریدا دەسووڕێنەوە و ئیعتیکافکەران ئەوانەی بۆ ماوەیەک لەوێ دەبن و بۆ ڕوکووع و سوژدەبەران پاک و خاوێن و تەمیز و پاکژ بکەنەوە ﴿١٢٥﴾ ئەو کاتەی وا ئیبراهیم (بە خوای) عەرز کرد: ئەی پەروەرندەم! ئەم سەرزەوییە بکە شارێکی بێوەی و ئەمین، ئەوانەی وا بڕوایان بە خوا و رۆژی بەرێ هێناوە، لە بەروبووی زەوی تێر و تەسەلیان بکە، خوا وتی: بەوەی وا بە حاشا بوون، سوودێ کەم ئەگەیێنین، لە دواییدا ئەیانکێشینە ناو دەرد و عەزابی ئاگرەوە و ئەیانخەینە سەرئەنجامێ بەدەوە ﴿١٢٦﴾

کاتێ کە ئیبراهیم و ئیسماعیل بناغەی ماڵی کەعبەیان (دائەرشت و) ئەیانبردە سەرێ (و ئەیانوت) ئەی پەروەرندەمان! (ئەم خزمەتەمان) لێ قەبووڵ بکە، هەر بۆخۆت فرە بیسەر و فرە زانا و ئاگای ﴿١٢٧﴾ ئەی پەروەرندەمان! ئێمە بکە فەرمانبەری خۆت (و موسڵمان بین)، لە منداڵەکانمان ئۆمەتێکی موسڵمان و فەرمانبەری خۆت پێکبێنە، و ڕێورەسمی عیبادەتی (حەج)مان لەم شوێنە پیرۆزەدا (کە مەککەیە) نیشان بدە و تۆبەمان لێوەربگرە، هەر تۆی تۆبە قەبوول دەکەی و دڵاوێنی ﴿١٢٨﴾ ئەی پەروەرێنەری ئێمە! لە نێو ئەوانا (زارۆڵەکانمان) پێغەمبەرێک هەر لەوان بنێرە، تا نیشانەکانی تۆیان بەسەرا بخوێنێ و فێریان بکا و لە کتێب و کارزانیدا ڕایانبێنێ و دڵیان پاک و خاوێن بکاتەوە، هەر تۆ دەسەڵاتداری لەکارزانی ﴿١٢٩﴾ چ کەسێ بێجگە لە مرۆڤێ کە گەوج بێ، لە ئایینی ئیراهیم ڕوو وەردەگێڕێ، بێشک ئێمە ئەو (ئیبراهیم)مان لەم جیهانەدا هەڵبژاردووە، لەو دنیایش لە چاکانە ﴿١٣٠﴾ (بیننەوە بیر) کاتێ کە پەروەرندەی (ئیبراهیم) بەوی وت: فەرمانبەر و تەسلیم (ی فەرمانی هەق) بە، وتی: تەسلیم و فەرمانبەری پەروەرێنەری جیهانیانم ﴿١٣١﴾ ئیبراهیم و یەعقووب ئەم ئایینەیان بە منداڵەکانی خۆیان قەوینتی و ڕاسپارد، (وتیان:) ئەی ڕۆڵەکانمان! بەڕاستی خوا ئەم دینەی بۆ ئێوە هەڵبژاردووە، کەوابێ نەمرن مەگەر ئەوەی بە تەسلیم بوون بەم دینەوە بمرن ﴿١٣٢﴾ ئاخۆ لە سەرەمەرگی یەعقووبدا حازر بوون (و دیتان) ئەو دەمەی وای بە منداڵەکانی خۆی وت: دوای من چ شتێک (کەسێک) ئەپەرستن؟ وتیان: خوای تۆ و خوای باووباپیرانت، ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق، خوای تاقانە ئەپەرستین، ئێمە تەنیا خۆمان بەو دەسپێرین (١٣٣) ئەوانە ئۆمەتێ بوون کە ڕۆیشتن، ئەوەی وا کردیان بۆ خۆیانە و ئەوەی وا کردتان بۆ خۆتانە، ئێوە بەرپرسی کردەوەی ئەوان نیین ﴿١٣٤﴾

(خاوەن کیتاوەکان) وتیان: (ئێوەی موسڵمان) ببنە جوولەکە یا فەلە تا ڕێنوێنی بن، بڵێ: ئێمە لەسەر دینی ئیبراهیمین، کە پاک و بێخەوشە، لەوانەیش نەبوو کە شەریکیان بۆ خوا داناوە ﴿١٣٥﴾ بڵێن: ئێمە بڕوامان هێناوە بە خوا و بەوەی وا بۆمان هاتۆتە خوار، بەوانەی بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و نەتەوەکانی، بەوانەی وا بە مووسا و عیسا دراوە، بەوانەی کە پێغەمبەرانیتر لە پەروەرێنەریانەوە پێیان گەیشتووە، ئێمە جیاوازییەک لە نێوانیان دانانێین، خۆمان تەنیا بە خوا سپاردووە ﴿١٣٦﴾ کەوابێ ئەگەر ئەوانیش بەوەی وا ئێوە بڕواتان پێ هێناوە، بڕوا بهێنن، ئەوە کەوتوونەتە سەر ڕێ، ئەگەر نافەرمانی بکەن، لە هەق لاتان داوە و لەگەڵ ئێوە لە دژایەتیدان، خوا بۆ تۆ بەس ئەبێ و ئەتپارێزێ، هەر ئەویش بیسەر و فرە زانا و ئاگایە ﴿١٣٧﴾ ڕەنگێکە خوا دایڕشتووە و کێ هەیە لە خوا چاکتر، ڕەنگ برێژێ؟ ئێمەیش هەر ئەو دەپەرستین ﴿١٣٨﴾ بڵێ ئایا لەبابەت خواوە لەگەڵ ئێمەدا مشتومڕ ئەکەن، لە حاڵێکدا ئەو پەروەرندەی ئێمە و ئێوەیە، کردەوەی ئێمە بۆ خۆمانە و کردەوەی ئێوەش بۆ خۆتانە و ئێمە موخلیسانە عیبادەتی بۆ دەکەین ﴿١٣٩﴾ یا ئێوە دەڵێن: ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب نەوەی جوولەکە یا مەسیحی بوون، بڵێ: ئایا ئێوە چاتر ئەزانن یا خوا، کێ لەو کەسە ناحەقترە، شایەدییەکی لەلا هەبێ و لە خودای بشارێتەوە؟ خوایش لەوەی وا ئەیکەن بێخەبەر نییە ﴿١٤٠﴾ ئەوانە ئۆمەتێ بوون ڕۆییشتوون و نەماون و چییان کردبێ بۆ خۆیانە و ئێوە چی بکەن بۆ خۆتانە، ئێوە بەرپرسی کردەوەی ئەوان نیین ﴿١٤١﴾

هەندێ بێئاوەز و نەزان لەم خەڵکە ئەڵێن: چ شتێک ئەوانی (موسڵمانانی) لەو ڕووگە (قبیلە)ی وا لەسەری بوون وەرگێڕا؟ (لە وەڵاما) بڵێ: خۆرهەڵات و خۆرئاوا هی خوایە، هەرکەس خوا بیەوێ ئەیخاتە سەر ڕاستە ڕێگا ﴿١٤٢﴾ هەروەها ئێوەم کردە ئۆمەتێکی ناونجی، تا ئاگاتان لە خەڵک بێ و لەسەریان شایەد بن، پێغەمبەر(یش) چاوەدێریتان لێ بکا و ئەو ڕووگە پێشووە کە بەرەو ئەو دەوەستای، هەر بۆیەمان گۆڕی تا بزانین کێ دوای پێغەمبەر دەکەوێ و کێ و کێهە پاشگەز دەبێتەوە؛ هەرچەند کارێکی سەخت بوو؛ مەگەر بۆ ئەوانەی وا خوا شارەزای کردن، خوا ئەو بڕوایەی وا هەتانە زایەی ناکا، خوا سەبارەت بە مرۆ فرە دڵسۆز و دڵلاوێنە ﴿١٤٣﴾ دیتوومانی کە بەرەو ئاسمان دەڕوانی (کە چاوەڕوانی فەرمانی خوای بۆ دیاری کردنی ڕووگە)، ئێستا ئەتخەینە سەر ڕووگەیەک کە پێت خۆشە، سا ڕووی خۆت بۆ لای مەسجیدولحەرام وەرگێڕە، لە هەر کوێش بن، ڕووی خۆتان بکەنە ئەو لایە، ئەوانەی وا کتێبی ئاسمانییان پێدراوە ئەزانن کە ئەم (قبیلە گۆڕانە) فەرمانێکی هەقە لە لایەن پەروەرێنەریانەوە و خوا لەوەی وا ئەنجامی ئەدەن غافڵ و بێئاگا نییە ﴿١٤٤﴾ (دیارە) ئەگەر هەموو جۆرە (بەڵگەیەک) بۆ ئەو (تاقمە)ی وا خاوەن کتێبن بهێنی، لە قبیلەی تۆ پەیڕەوی ناکەن و تۆیش ئیتر لە ڕووگەی ئەوان پەیڕەوی ناکەی، ئیتر هەندێ لەوان لە قبیلەی هەندێتر پەیڕەوی ناکەن، ئەگەر تۆ دوای ئەوەی زانست و ئاگاداریت بۆ هات، لە هەوا و ئارەزووی ئەوانە پەیڕەوی بکەی، تۆ لەو دەمەدا لە ناحەقیکارانی ﴿١٤٥﴾

ئەوانە کە کتێبی ئاسمانیمان پێداون، ئەو (پێغەمبەر) وەکوو منداڵ و کوڕی خۆیان ئەناسن، تاقمێ لەوانە هەق ئەشارنەوە، لە حاڵێکدا ئەزانن ﴿١٤٦﴾ ئەم (قبیلە گۆڕانە) شتێکی هەقە لە لایەن پەروەرێنەرتەوە، کەوابوو لە (تاقمی) دوودڵان مەبە ﴿١٤٧﴾ بۆ هەر میللەتێک ڕەخ و قبیلەیەک هەیە کە ڕووی تێ‌بکەن، کەوابوو بۆ چاکە کردن کێبەرکێ لە یەکتر بکەن، لە هەر کوێ بن، خوا هەمووتان لە یەکتر کۆ دەکاتەوە (و حازرتان ئەکا، تا جەزا و سزاتان بداتەوە)، خوا بەسەر هەموو شتێکدا توانا و بەوزەیە ﴿١٤٨﴾ لە هەرکوێ هاتیە دەر (لە کاتی نوێژا) ڕووی خۆت بکە مەسجیدولحەرام، ئەمە (ئەم فەرمانە) هەقە و بەڕاستی لە لایەن پەروەرندەتەوەیە، خوا لەوەی وا دەیکەن غافڵ و بێ‌ئاگا نییە ﴿١٤٩﴾ لە هەر کوێ هاتیە دەرێ، ڕووی وخۆت بکە مەسجیدولحەرام، ئێوە لە هەر شوێنێ بن، ڕووی خۆتان بکەنە ئەوێ، تا بۆ خەڵک بە دژی ئێوە بەڵگەیەک نەبێ، بێجگە لە ستەمکارانێ (کە دەس لە بیانوو گرتن هەڵناگرن) جا کەوابوو لەوانە مەترسن، بەڵکوو لە من بترسن، بۆ ئەوەی تا چاکە و نیعمەتی خۆم بۆ ئێوە تەواو بکەم، بەڵکوو شارەزا و ڕێنوێن بن ﴿١٥٠﴾ هەروەکوو پێغەمبەرێکمان لە خۆتان بۆ ناردن تا نیشانەکانی ئێمەتان بۆ بخوێنێتەوە و ئێوە پاک بکاتەوە، قورئان و لەکارزانی (حیکمەت) و هەرچی نایزانن فێرتان بکا ﴿١٥١﴾ کەوابوو یادم بکەن تا منیش یادتان بکەم، سوپاسم بکەن و (بە لەبیر بردنەوە) لە چاکەی من حاشا مەکەن ﴿١٥٢﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! بە تابشت هێنان و نوێژ کردن (لە سەختی ژیاندا) یارمەتی وەرگرن و خۆڕاگر بن، (چونکە) بەڕاستی خوا لەگەڵ خۆڕاگرانە ﴿١٥٣﴾

بەوانەی وا لە ڕێگای خوادا ئەکوژرێن مەڵێن مردوون، بەڵکوو ئەوانە زیندوون، بەڵام ئێوە هەستیان پێ‌ناکەن ﴿١٥٤﴾ ئێوە بە شتێک وەکوو ترس، برسییەتی، کەم کردنەوەی ماڵ و دارایی و زیانی گیانی و بەرهەم و دەسکەوت، تاقی دەکەینەوە، بە تابشتهێنەران مزگێنی بدە ﴿١٥٥﴾ ئەوانەی وا هەرکاتێ بەسەرهات و چۆرتم و بەڵا و بەسەرهاتی خراپیان تووش دەبێ، ئەڵێن: ئێمە بۆ خواین و بەرەو لای خوا ئەگەڕێینەوە ﴿١٥٦﴾ ئەوانە کەوتونەوە بەر خێروبێر و بەزەیی خوا، هەر ئەمانەش لە ڕێ شارەزان ﴿١٥٧﴾ سەفا و مەروە لە دروشمەکانی خوان، جا هەرکەسێ کە حەج و عومرە بکا، گوناحی بۆ نییە کە ئەو دووە تەواف بکا، هەرکەسێکیش بە ویستی دڵی خۆی ئەو خێرە بکا، خوایش پێزانە و لە کارەکەی ئاگادارە ﴿١٥٨﴾ ئەوانەی وا بەڵگەی ڕوون و ڕێنوێنی کە ناردوومانە و دوای ئەوە لە کتێب (تەورات)دا بۆ خەڵکمان بەیان کردووە، ئەیپۆشن، دەیشارنەوە، خوا ئەوانە لەعنەت ئەکا و لەعنەتکەرانیش لەعنەتیان لێ دەکەن ﴿١٥٩﴾ مەگەر ئەوانە کە تۆبەیان کردبێ و خۆیان چاک کردبێ، ئەوەی وا شاردبوویانەوە ئاشکرای بکەن، جا منیش تۆبەی ئەوانە قەبووڵ ئەکەم و هەر منیشم لە تۆبەکاران دەبوورم و دڵاوێنم ﴿١٦٠﴾ کەسانێ کە کافر بوون و لەم حاڵەشدا مردن، ئەوانە وەبەر لەعنەتی خوا و مەلائیکە و تەواوی خەڵکی دەکەون ﴿١٦١﴾ بۆ هەتا هەتا هەر گرفتاری ئەو لەعنەتەن، ئازاریشیان هیچ سووک ناکرێ و مۆڵەتیشیان پێ نادرێ. خوای ئێوە هەر خوای تاک و تەنیایە؛ بێجگە لەو هیچ شتێک بۆ پەرستن نابێ، هەر ئەویشە دەهەندە و دڵاوێنە ﴿١٦٣﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



لە بەدیهاتنی ئاسمان و زەویدا و هاتن و چوونی شەو و رۆژ و گەمی‌گەلێ کە لە زەریادا بۆ قازانج گەیاندن بە خەڵک لە تەفگەڕ و بزووتنەوەدان و ئەگەڕێن، ئاوێ کە خوا لە ئاسمانەوە باراندی، جا لە سوێنگەی (ئەو باران و ئاوەوە) زەوی دوای مردن و ویشک هەڵگەڕان، زیندوو کرایەوە و هەموو جۆرە گیانلەبەرێکی تێدا بلاّو کردەوە، (هەروەها) تەفگەڕ و گەڕانی با (لەم‌لا بۆ ئەولا) ئەو هەورانەی لە ناوەڕاس و لە نێوان عەرز و ئاسماندا ڕاگیردراون، (ئەوانە) نیشانەگەلێکن بۆ هۆزێ کە ژیرن و بیر دەکەنەوە ﴿١٦٤﴾ هەندێ خەڵک بێجگە لە خوا هاوتایانێک بۆ خوا دائەنێن، ئەوانەیان وەکوو خوا خۆشدەوێ، بەلاّم ئەوانەی وا بڕوایان هێناوە خوایان زۆرتر خۆشدەوێ، ئەگەر ئەوانەی وا ستەمیان کرد بیانزانیبا لەو کاتەی وا جەزرەبەدان ئەبینن (کە) هەموو وزەیەک هی خوایە ئازارێ کە خوا دەیدا توندوتیژە ﴿١٦٥﴾ لەو کاتەی ئازار و جەزرەبەیان دێتە بەرچاو، ڕێبەرەکان لە پەیڕەوەکانی خۆیان حاشا دەکەن و پەیوەندییان لێک پچڕاوە و پساوە ﴿١٦٦﴾ ئەوانەی کە پەیڕەوانی (تاغووتن) ئەڵێن: خۆزگە جارێ‌تر بگڕابایینەوە سەر دنیا تا خۆمان لەوان بەری کردبا، هەروەکوو ئەوان بێزارییان لە ئێمە کرد، ئەرێ، ئاوا خوا کردەوەی ئەوانە بە وێنەی کوڵ و کەسەر و خۆزیا و بریا وتن و پەشیمانی بۆ خۆیان، بەوان نیشان ئەدا، ئەوانە لە ئاگری جەهەندەم دەرنایێن و ڕزگار نابن ﴿١٦٧﴾ ئەی خەڵکینە! ئەوەی وا لە زەویدایە، کامی پاک و ڕەوا و حەلاڵە بیخۆن و هەنگاو بە جێ هەنگاوی شەیتانا مەنێن و پەیڕەوی لێ‌مەکەن، بەڕاستی بە ئاشکرا ئەو دوژمنی ئێوەیە ﴿١٦٨﴾ ئەو بە ئێوە تەنیا بۆ بەدفەڕی (لارێی) و کاری پیس فەرمان نادا، بەڵکوو واتان لێ‌دەکا تا ئەوەی وا ئێوە لەبابەت خواوە نایزانن (بە زمان) بیڵێن (و بیدەنە پاڵ خوا) ﴿١٦٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

هەر کاتێ بەوانە بوترێ: لەوەی وا خوا ناردوویەتی پەیڕەوی بکەن (نافەرمانی مەکەن)، ئەڵێن: بەڵکوو ئێمە لەوەی وا باووباپیرانمان خوویان پێوە گرتووە پەیڕەوی ئەکەین، مەگەر (نازانن) کە باووباپیرانیان هیچیان نەدەزانی و بیریان نەدەکردەوە و ڕێنوێن نەبوون ﴿۱۷۰﴾ مەسەلەی ئەوانەی وا کافر بوون، هەروەکوو (مێگەلە مەڕێکە کە شوان بۆ ڕزگار کردنی ئەوان لە مەترسی) هاوار ئەکا و لێیان دەخوڕێ، بەڵام ئەوانە بێجگە لە دەنگەدەنگ و هەراهەرا شتێتر نابیسن (ئەوانە کەڕ و لاڵ و کوێر دڵن)، ئەوان هیچ نافامن و لە تلپاتی تەریش ناگەن ﴿۱۷۱﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، لە نیعمەتگەلێ پاک وا کردوومانەتە ڕۆزیتان بخۆن و شوکری خوا بکەن، ئەگەر تەنیا ئەو دەپەرستن ﴿۱۷۲﴾ خوا تەنیا (گۆشتی) مردارەوەبوو، خوێن و گۆشتی بەراز و هەر ئاژەڵێ کە بە ناوی غەیری خوا سەر بڕابێ، نارەوا و حەرامی کردووە، بەڵام کەسێ کە ناچار بە خواردنی ئەوانە بێ، ئەگەر لە ئەندازەی پێویست لانەدا، گوناح و تاوانی لەسەر نییە، خوا لێبور و فرە دڵلاوێنە ﴿۱۷۳﴾ کەسانێ کە ئەوەی وا خوا لە کتێب نازڵی کردووە، ئەیشارنەوە و کەتمانی ئەکەن و بە نرخی کەم ئەیفرۆشن، ئەوانە بێجگە لە ئاگر شتێتر ناخەنە ناو زگیانەوە، خوا لە ڕۆژی قیامەتدا قسەیان لەگەڵدا ناکا و ئەوانە لە پیسی (مل بادان) پاکەوە ناکا، بۆ ئەوانە عەزابێکی دەردناک هەیە ﴿۱۷۴﴾ ئەوانە کەسانێکن کە ڕێنوێنییان بە لاڕێی و لێ خۆشبوونیان بە عەزابدان گۆڕیوەتەوە، جا دەبێ چەندە لەسەر ئاگر بەتابشت بن ﴿۱۷۵﴾ ئەم (ئازارەش) لەبەر ئەوەیە کە خوا کتێبی (ئاسمانی) بە هەق ناردووە، ئەونەاش وا لە سەر باسی ئەم کتێبە کێشەیانە، لە گێرە و کێشەیێ دوور و درێژدا پەنگ دەخۆنەوە ﴿۱۷۶﴾

کاری چاک (تەنیا) بەمە نییە کە (لە کاتی نوێژا) ڕوو بـکەنە خـۆرهەڵات و خۆرئـاوا، بەڵکـوو چاکە ئەوەیە بڕوا بە خوا و بە ڕۆژی بەریَ و بە مەلائیکە و بە کتێبی ئاسمانی و بە پێغەمبەران بێنن، لەو ماڵ و سامانەی هەرچەند زۆریشوو خۆشدەوێ، بە خۆشییەوە بەشـێ بـدەن بە خـزم و کەس‌وکاری خۆ و هەتیوان و بە مسکێن و بەوانەی وا لە ڕێگادا مـاونەتەوە و بە سـواڵکەران و بە یەخسـیران، کـڕینەوەی عەبـدان، نـوێژ مەشـکێنن و زەکـات بـدەن و هەرکـاتێ پەیمانێـک دەبەستن لە نەداری و گرفتاری و تەنگانەدا خۆڕاگیر بن، و مرۆی بەڕاسـتی ئەوانەن و دیـارە لە خوایش دەترسن ﴿١٧٧﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، لەمەڕ ئەوانەی وا بە ناحەق کوژراون تۆڵەمان بۆ بڕیار داون و واجب کراوە: ئازاد لە تۆڵەی ئازاد و کوێلە لە تۆڵەی کوێلەدا و مێوینە لەبری مێوینە و هەرکەسیش لە برای دینی خۆی دەس لە خوێنگری هەڵبگرێ، ئەبـێ بە پێێـی دابی ڕۆژ باو بـێ و بە خۆشـی خـۆی مەسـلەت بکـا. ئەم بڕیـارە لە لایەن خـواوە بارسـووکی و بەزەیـیە دەرحەق بە ئێـوە و هەرکەس لەمە خـۆ لادا بەشـی جەزرەبەی بەئـێش و ژانە ﴿١٧٨﴾ ئەی خاوەن ژیران! ژیان (و بەردەوام بوونی ژیان) بە تـۆڵەوە بەنـدە تـا بەڵکـوو خۆتـان بپـارێزن ﴿١٧٩﴾ لەسەر ئێوە نووسراوە کە هەرکاتێ مەرگی یەکێ لە ئێوە هات، ئەگەر خێری (مـاڵی) لە دوای خۆی بەجێ بهێڵێ بۆ باوک و دایک و نیزیکانی خۆی، بە جۆرێکی شیاو وەسیەت بکا، هەرکەسێ بەشی خۆی پێ بگا، ئەمە (وەسیەت) هەق و ئەرکێکە بە سەر شـانی خۆپـارێزانەوە (کە ئەبـێ ئەنجـامی بـدەن) ﴿١٨٠﴾ جـا هەرکەسـێ دوای بیسـتن و ئاگـاداربوون لێـی، ئەو وەسیەتە بگۆڕێ، دیارە تاوان و گوناحەکەی بە ئەستۆی کەسانێکە ئەوە ئەگۆڕن، خوا بیسـەر و فرە زانا و دانایە ﴿١٨١﴾

ئەگەر کەسێ (وەسی) لە وەسیەتی بێدادگەرانە و گوناحاوی وەسیەتکار بترسێ و ئاگادار بێ کە وەسیەتەکەی ناحەق بووە، بکۆشێ بە ئاشتی میراتگرانی پێکبێنێ بۆ وەسی گوناح نییە و خوایش لە تاوان دەبووڕێ و فرە دڵاوێنە ﴿١٨٢﴾ ئەی ئەوانەی وا بڕواتان هێناوە، ڕۆژوو گرتنتان لەسەر نووسراوە هەروەکوو کەسانێ وا بەر لە ئێوە بوون واجب کرابوو، بەڵکوو خۆپارێز و بەتەقوا بن ﴿١٨٣﴾ چەند ڕۆژێ دیاریکراو (ڕۆژوو بگرن) ئەگەر نەخۆش کەوتن یا چوونە سەفەر، لە ڕۆژانیتر (بە قەزا بیانگێڕنەوە)، بۆ کەسانێ کە هێزی بەڕۆژوو بوونیان نییە، پێویستە (یەک مود یا جەمێ خۆراک) یا نرخی ئەوە (لەباتی هەر ڕۆژێک ڕۆژوو خواردن) بە مسکینێ (هەژارێ) بدا، کەسێ بە دڵ کاری چاک بکا (زیاتر لە هەژارێ نان بدا) بۆی باشترە، بەڕۆژوو بوون بۆ ئێوە باشترە، ئەگەر بزانن ﴿١٨٤﴾ (ئەو چەن ڕۆژە دیاریکراوەی) مانگی ڕەمەزان، مانگێکە قورئان لەوا کل کراوە و هاتووە بۆ ڕێنوێنی خەڵک و نیشانەگەلێ لە ڕێنوێنی بۆ جیاکردنەوەی هەق لە پووچ و پاک لە ناپاک، سا هەرکەس لە مانگی ڕەمەزاندا لە ماڵ بێ (لە سەفەردا نەبێ) دەبێ ڕۆژوو بگرێ، هەرکەسیش نەخۆش بێ یا لە سەفەرا بێ (ئەتوانێ ڕۆژووەکەی بخوا)، چەن ڕۆژێتر (بە قەزا) ڕۆژوو بگرێتەوە، خوا ئاسوودەیی ئێوەی دەوێ و نایەوێ بکەونە تەنگانە و سەختی و ئەبێ (سی ڕۆژەی) مانگی ڕەمەزان تەواو بکەن و ئەبێ خوا بە گەورە بزانن، لە ڕاست ئەوە کە شارەزای کردوون، شایەد شوکرانەبژێری بکەن ﴿١٨٥﴾ کاتێ بەندەکانم لە بارەی منەوە لە تۆ پرسیار ئەکەن (بڵ کە) من نێزیکم، پاڕانەوەی دوعاکەران لە کاتێ بانگم بکەن، وەڵام ئەدەمەوە، جا ئەبێ ئەوانیش دەعوەت و فەرمانەکانم وەڵام بدەنەوە و بڕوام پێ بێنن، تا بەڵکوو ڕێ پەیا بکەن﴿١٨٦﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



تێکەڵاوی لەگەڵ ژنانتان لە شەوی بەرۆژوو بوون (شەوەکانی مانگی ڕەمەزان)دا بۆ ئێوە ڕەوا و حەڵاڵ کراوە، ئەوان (ژنان) جۆرێ پۆشەنن و جلکن بۆ ئێوە و ئێوەش جۆرێ بۆ ئەوان، خوا ئەیزانی کە ئێوە (خۆتان پێ ڕاناگیردرێ و) غەیانەتتان بە خۆتان دەکرد، ئەوسا پەشیمانی و تۆبەی ئێوەی وەرگرت و لێتان خۆش بوو، جا (هەر) لە ئێستاوە (ئازادن) سەرجێیی ژنانتان بکەن، ئەوەی خوا بۆتانی نووسیوە داوای بکەن، بخۆن و بخۆنەوە تا هەودای سپیایی (دەمەبەیان) لە نێو هەودای ڕەشی (شەو) دەرکەوێ و جیا بێتەوە، لە پاشان ڕۆژووەکەتان تا شەو تەواو بکەن (دوای پارشێو تا بەربانگ (ئیفتار) بەڕۆژوو بن)، بەڵام لەو سەردەمەی وا لە مزگەوتدا خەریکی ئیعتیکافن (مانەوە لە مزگەوت) لەگەڵ ژنان دەس تێکەڵی مەکەن، ئەوە سنوور و کەوشەنی خوایە لێیان نێزیک نەبنەوە، بەمجۆرە خوا نیشانە و ئایاتی خۆی بۆ خەڵک ڕوون دەکاتەوە، بەڵکوو خۆپارێز و بەتەقوا بن ﴿١٨٧﴾ ماڵ و سامانی یەکتر (بە درۆ و فێڵبازی و بە ناهەق) مەخۆن، بەشێ لەو ماڵە بە بەرتیل (ڕشوە) بە حاکمانی جەور مەدەن تا بەشێ لە ماڵی خەڵک بە ناهەق بخۆن، لە حاڵێکدا ئەزانن (کە ماڵی خەڵکە) ﴿١٨٨﴾ لە تۆ لەبابەت مانگ نوێ بوونەوەش (مانگی یەکشەوە) ئەپرسن، بێژە: ئەوانە بۆ دیاری کردنی کاتن بۆ (نەزمی کاری ژیانی) خەڵک و حەجە، کاری چاک ئەوە نییە لە سەربانەوە بچنە ماڵان، بەڵام چاک ئەو کەسەیە تەقوای هەبێ، لە دەرگاوە بچنە ماڵان، لە خوا بترسن و تەقواتان هەبێ، بەڵکوو ڕزگار بن ﴿١٨٩﴾ لە ڕێگای خوادا بە شەڕ بێن لەگەڵ ئەوانەی وا جەنگتان لەگەڵ دەکەن، لە ڕادەبەدەر دەستدرێژی مەکەن، بەڕاستی خوا دەستدرێژکەرانی خۆشناوێ ﴿١٩٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئەوانەتان (بتپەرستان) لە هەر کوێ دەستکەوت بیانکوژن؛ هەروەکوو ئێوەیان (لە مەککە) دەرکرد، ئێوەش دەریانبکەن، فیتنە نانەوە و سۆردەرەیی و وەیشوومە لە کوشتار بەدتر و سەختترە و لای مەسجیدولحەرام شەڕیان لەگەڵدا مەکەن تا (نەوەکوو) ئەوان دەس بدەنە کوشتنی ئێوە، جا ئەگەر دەسیان دایە کوشتنی ئێوە، ئێوەش بیانکوژن، پاداشی خوانەناسان هەر ئەمەیە ﴿١٩١﴾ ئەگەر بە جەنگ دواییان هێنا، خوایش لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿١٩٢﴾ لەگەڵ ئەوانە شەڕ بکەن تا فیتنە لەناو بچێ و دین ببێتە تایبەتی خوا، جا ئەگەر دەسیان هەڵگرت، دوژمنایەتییێک نییە مەگەر لەگەڵ ستەمکاران ﴿١٩٣﴾ مانگی شەڕپەس و حەرام لە بەرامبەر مانگی شەڕەبەسدا، ئەگەر ئەوانە ڕێزی مانگەکانیان شکاند، تۆیش هەقتە (لە دەمیان بدەی) هەروەکوو خۆیان تۆڵەیان لێ بکەیتەوە، (دیارە) هەرکەس دەسدرێژی بۆ کردن، ئێوەش بە ئەندازەی ئەو دەسدرێژی بۆ بکەن (تۆڵەی لێ بستێننەوە)، لە خوا بترسن و بزانن کە بەڕاستی خوا لەگەڵ خۆپارێزانە ﴿١٩٤﴾ لە ڕێی خوادا تا دەتوانن ماڵی خۆتان ببەخشن، بە دەسی خۆتان، خۆتان بە فەتەرات مەبەن و تووشی بەڵا مەکەن و خۆتان لەناو مەبەن و چاکە بکەن، خوا کارچاکانی خۆشدەوێ ﴿١٩٥﴾ حەج و عومرە هەر بۆ خوا بە تەواوی بەجێ بێنن و ئەگەر ڕێگەشیان نەدان و نەتانتوانی حەجەکەتان تەواو بکەن، ئەوسا چەندی بۆتان دەکرێ ئاژەڵ بکەنە قوربانی، هەتا ئاژەڵی قوربانی نەگاتە قوربانگا (لەوێ سەری ببڕن)، سەر مەتاشن و ئەگەر کەسێ لە ئێوە نەخۆش بکەوێ یا ئازارێکی لەسەردا بوو (ناچار بوو سەری بتاشێ) ئەبێ (یەکێ لەم) فیدیە و کەفارەتانە بدا: ڕۆژوو بگرێ یا سەدەقە بدا یا پەزێک بکاتە خێر، هەرکاتێ نەخۆشی و ترستان نەما و دڵنیا بوونەوە جا هەرکەسێ ویستی لە عەمرە بەهرە ببا تا کاتی حەج کردن هەرچەندە لە وزەیدایە ئاژەڵ بکاتە قوربانی، ئەگەر دەستەنگیش بوو قوربانی دەستنەکەوت، با سێ ڕۆژ لە کاتی حەجدا و حەوت ڕۆژیش دوای گەڕانەوە (ڕۆژوو بگرێ)، کە دەکەنە دە ڕۆژی تەواو، (دیارە) ئەم حوکمە بۆ کەسێکە خاووخێزانی نیشتەجێی مەسجیدولحەرام نەبن، لە خوا پەرواتان هەبێ و بزانن خوا سەخت و توند سزادەرە ﴿١٩٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

حەج کردن لە مانگەکانی دیاریکراودایە، کەسانێ کە (بە ئیحرام بەستن) حەجیان لەسەر خۆ فەرز کردووە، (ئەبێ بزانن کە لە کاتی حەجکردندا) دەستێکەڵی لەگەڵ ژنان و تاوان و گوناح کردن و شەڕەقسە و نێونیتکە لێکنان و قرەقڕ نییە (نابێ ئەو کارانە بکرێ)، هەر کارێ چاک بێ ئەنجامی بدەن، خوا پێی ئەزانێ، زەواد و تۆشە (بۆ ئەو دنیا) ئامادە بکەن، باشترین تۆشە خۆ لە گوناح پاراستنە، لە من پەرواتان هەبێ ئەی خاوەن ئاوەزان ﴿١٩٧﴾ گوناحێکتان لەسەر نییە کە لە ماوەی حەجێدا لە خوا (ڕسق و ڕۆزی) بخوازن، جا کاتێ لە عەرەفات گەڕانەوە، لە پەنای مەشعەری حەرامدا یادی خوا بکەن، بەو جۆرەی ڕێنوێنی کردوون یادی خوا بکەن، هەرچەن بەر لەمە هیچتان نەدەزانی و ئێوەم خستە سەر ڕاستە ڕێگا. ﴿١٩٨﴾ لە پاشا لەو جێگەی وا خەڵک ئەگەڕێنەوە (بۆ منا) بگەڕێنەوە و داوای لێ خۆشبوون لە خوا بکەن، خوا لێبور و دڵاوێنە ﴿١٩٩﴾ هەرکاتێ مەناسکی (کارەکانی) حەجی خۆتان ئەنجام دا، بەو جۆرەی وا ناوی باووباپیرانتان ئەبەن (و چاکەیان ئەڵێن)، بەو جۆرەش ناوی خوا بێنن و زکر و یادی بکەن، بەڵکوو زکرێ زیاتر (بۆ خوا بکەن)، هەندێ کەس (لە کاتی دوعا و پاڕانەوەدا) ئەڵێن: ئەی پەروەرندەی ئێمە! لەم دنیادا بەخششمان لەگەڵدا بکە (چون هەر بۆ دنیا پاڕاونەتەوە) لە ڕۆژی پەسلاندا بێبەشن ﴿٢٠٠﴾ هەندێ کەسیش ئەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! هەم لە دنیا و هەم لە ئاخیرەتیش چاکەمان لەگەڵدا بکە و لە ئازاری ئاگر بمانپارێزە ﴿٢٠١﴾ ئەوانە لەوەی وا بە دەسیان هێناوە بەشیان هەیە، خوا بە پەلە بە کاروباری (هەموان) ڕادەگا﴿٢٠٢﴾

ناوی خوا لە چەن ڕۆژی دیاریکراوا (١١و١٢و١٣ی زیحەجە﴾ بێنن و یادی بکەن (و تەکبیری خوا بڵێن: الله اکبر)، کەسێ بۆ گەڕانەوە پەلە بکا و لە دوو ڕۆژدا ﴿یادی خوا بکا و لە «منی» بمێنێتەوە) گوناحی لەسەر نییە، کەسێ خۆ دوا بخا (و سێ ڕۆژ زکری خوا بکا) گوناحی بۆ نییە، ئەگەر خۆپارێز بێ (پێش خستن و دوا خستنی لە بێتەقوایی و کەمتەرخەمی بە خوا نەبێ)، لە خوا پەرواتان هەبێ و بزانن کە ئێوە بۆ لای ئەو (دەگەڕێنەوە و) کۆ دەکرێنەوە ﴿٢٠٣﴾ قسەی هەندێ کەس لە بارەی ژیانی دنیادا بۆ تۆ سەرسووڕهێنەرە و بۆ ئەوەی وا لە دڵیدایە (بە درۆ خوا بە شایەد ئەگرێ، کەچی دوژمنێکی کەللەڕەقە ﴿٢٠٤﴾ هەرکاتێ لە تۆ دوور کەوتەوە ئەکۆشێ تا کشتوکاڵ و کێڵگە و ڕەسەن و زاوزێی (مرۆڤ) لەناو بەرێ، خوا قەت لە بەدفەڕان خۆش نابێ ﴿٢٠٥﴾ هەرکاتێکیش بەو (موناففە) بوترێ کە خۆت لە خوا بپارێزە و بترسێ، بە ناهەق خۆ بە زل ئەزانێ پتر بەرەو گوناح دەیبا، دەی با جەهەندەمی لێ پڕ بێ (جەهەندەمیش) جێگایەکی زۆر ناخۆشە ﴿٢٠٦﴾ هەندێ کەس گیانی خۆی بۆ ڕەزای خوا ئەبەخشێ، خوا سەبارەت بە بەندەکانی خۆی دڵۆڤانە ﴿٢٠٧﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، هەمووتان بچنە سەر (دینی ئیسلام و) ئاشتی، لە ڕێبازی شەیتان پەیڕەوی مەکەن، ئەو دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئێوە ﴿٢٠٨﴾ جا ئەگەر دوای (ئەو هەموو) نیشانە ڕوونانە هەڵخلیسکێن (لاڕێ بن)، بزانن کە خوا بەتوانا و لەکارزانە ﴿٢٠٩﴾ (پەیڕەوانی شەیتان) چاوەڕوانن خوا لە بن ساباتی و سێبەری هەوران لەگەڵ فریشتەی (عەزابدا) بێتە سەریان و هەموو شت تەواو بکرێ، هەموو کاروبارێک دەگەڕێتەوە لای خوا ﴿٢١٠﴾

لە بەرەی ئیسرائیل بپرسە: کە چەند ئایە و نیشانەی ڕوونمان پێداون، هەرکەسێ چاکەی لەگەڵ بکەین و پێی نەزانێ و چاکەکە بگۆڕێ، خوا لە سزادانی پێنەزانـان تونـدوتیژە ﴿٢١١﴾ ژیـانی ئەم دنیا بـۆ کـافران ڕازاوەتەوە و خەملێـوەو گـاڵتە ئەکەن بەوانەی بڕوایـان هێنـاوە، (بەڵام) ئەوانەی وا لە خوا پەروایان هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا لە سەرەوەی ئەوانەن، خوا بە هەرکەس کە بیەوێ بە بێ ئەژمار ڕسق و ڕۆزی ئەدا ﴿٢١٢﴾ خەڵک (لە سەرەتاوە) هەموو چین و بەرەیەک بوون، خوا پێغەمبەرانی بە ناوی مزگێنیدەران و ترسێنەران (وشیاردەران)ێ بۆی نـاردن، لەگەڵ ئەوانیش کتێبمان بە هەق نارد تا لە نێو خەڵکدا لەو شتەی بۆتە بنەمـای کێشـەیان بە داوەری پێکیان بێنێ و هەر ئەوانەش بۆ یەکتریان نەدەسەلماند کە لەبەرا کتێبیان بۆ هاتبوو و بەڵگەی ڕوونیشیان لابو، بەڵام ئێرەیی نێو خۆیان ڕێگری سازانیان بوو، خوا ئەوانەی وا بڕوایان هێنابوو بە ئیزنی خۆی بە هەقیقەتی ئەوەی وا جیاوازییان تێیدا هەبوو ڕێنوێنی کردن، دیـارە هەرکەس کە خوا بیەوێ، ئەیخـاتە سـەر ڕێگـای ڕاسـت ﴿٢١٣﴾ ئایـا وا گومـان ئەکەن (وا بە ئاسـانی) ئەچنە بەهەشت؟ کەچی هێشتا ئەوەی بەسەر پێشـینانتان هـاتووە بەسـەر ئێـوەدا نەهـاتووە و ئەوان تووشی گەلێ تەنگانە و سەختی و برسی بوون و ئازار و نەداری و دەستەنگی هـاتن و بە جۆرێک زیانیان وێکەوت و کەوتنە لەرزە و بە توندی تەکانیـان خـوارد تەنـانەت پێغەمـبەر و بڕوادارانێ کە لەگەڵیاندا بوون وتیان: کوا یارمەتی خوا و کەی دە هانایـان دێ؟ (لەو دەمەیـدا مزگێنی خوا هات کە) یارمەتی دانی خـوا (بـۆ ئێـوە) نێـزیکە (و بەو زووانە دە هاناتـان دێ) ﴿٢١٤﴾ لە تۆ ئەپرسن چ شتێک (ببەخشن)؟ بڵێ: هەر شتێک بـکەنە خێـر ئەبـێ بـۆ بـاوک و دایک و خزم و نێزیکان و هەتیوان و مسکێنان، وە بۆ ئەوانەی وا لە ڕێگادا مـاونەتەوە (خەرج بکرێ و بدرێ)، هەر کارێکی چاک کە بیکەن، دیارە خوا بەوە زانا و ئاگایە (ئیتر پێویست نییە خۆتانی پێوە بنوێنن)﴿٢١٥﴾

جەنگ (خەزا لە ڕێگای خوادا) لەسەرتان نووسراوە (و واجب کراوە)، ئەوەتان بۆ سەخت و ناخۆشە ڕەنگە لە شتێک حەز نەکەن بەڵام چاک و خێر بێ بۆتان و زۆر جاریش وا هەیە لە شتێکتان پێ خۆشە (کەچی) بۆ ئێوە خراپە، خوا ئەزانێ و ئێوە نایزانن﴿٢١٦﴾ لەبابەت جەنگ کردن لە مانگی شەڕبەسدا لە تۆ ئەپرسن، (تۆ) بڵێ: جەنگ کردن لە هەیڤێ وادا (گوناحێ) گەورەیە، (بەڵام) بەستنی ڕێگای خوا و حاشا کردن لە خوا و (بەرگری لە) مەسجدولحەرام و وەدەرنانی خەڵکی ئەوێ (لەسەر جێ و ڕێی خۆیان) بە لای خواوە گوناحێ گەورەترە، و ئاژاوەش بۆ شەڕنانەوە لە کوشتن خراپتر و گەورەترە، (موشریکان و کافران) لە جەنگ کردن لەگەڵ ئێوەدا دەسبەردار نین و هەمیشە لەگەڵتان بە شەڕ دێن تا (بە خەیاڵی خۆیان) ئەگەر بۆیان بلوێ و دەس بدا و بتوانن، لە دینەکەتان وەربگێڕن، هەرکەس لە ئێوە کە لە دینی خۆی وەرگەڕێ، بە خوانەناسی بمرێ، کار و کردەوەیان لە دنیا و ئاخیرەتدا بە فیڕۆ ئەڕوا، ئەوانە جەهەندەمین و بۆ هەمیشەش لەوێدا قەتیس ئەبن﴿٢١٧﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کەسانێ کە لە ڕێگای خوادا دەربەدەر بوون و کۆچیان کردووە و لە ڕێگای خوا چوونەتە خەزا، ئەوانە بە هیوای ڕەحمەتی خوان و خوا لێبور ودڵلاوێنە﴿٢١٨﴾ لەبابەت بادە و قومارەوە لێت دەپرسن، بڵێ: لەو دووانەدا گوناحێ گەورە هەیە و قازانجی بۆ خەڵک (لە باری دەوا و سوودی مادی) هەیە، (بەڵام) زیانیان لە سوودیان زۆرتر و گەورەترە، (هەروەها) لە تۆ ئەپرسن چ ببەخشن (ئینفاقی بکەن)؟ بڵێ: لە تاوانی خەڵک خوشبوون (یا ئەوەی وا لە قووتی خۆیان زیادە، بیبەخشن)، بەمجۆرە خوا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە ڕوون ئەکاتەوە؛ بەڵکوو بیر بکەنەوە﴿٢١٩﴾

تا لەبابەت (ئاكامی) دنیا و ئاخیرەت (بیر بكەنەوە)، لە تۆ لەبابەت هەتیوان ئەپرسن، بڵێ: سەر و سامانْدان بە كاروباری ئەوان (لە كەمتەرخەمی بەوان) باشترە، ئەگەر ماڵ و ژیانی خۆتان لەگەڵ ماڵ و ژیانی ئەوان لێكدا و تێكلاو بوون (قەیناكە، چونكە ئەوانە) برای (دینی) ئێوەن، خوا باش دەزانێ كێ بەدفەڕ و كێ كارچاكە و لێكیان جیا ئەكاتەوە و دەیانناسێ، ئەگەر خوا بیویستبا ئێوەی ئەخستە زەخت و سەختییەوە (و هێزی لێ دەبرین) و فەرمانی ئەدا ماڵی هەتیوان لە هی خۆتان جیا بكەنەوە، بەڵام خوا ئەوەی نەكردووە، خوا فرە زانا و لەكارزانە ﴿٢٢٠﴾ ژنانێ كە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە مارە مەكەن، مەگەر بڕوا بێنن، كە نێزیكی بڕوادار لە ژنێكی موشریك باشترە، هەرچەند لە (جوانی و دەوڵەمەندی ئەوان) سەرتان سووڕ بمێنێ و (شەیداتان بكا)، (ژنان و كچانی بڕواداری خۆتان) لەو پیاوانەی هاوبەشیان بۆ خوا داناوە مارە مەكەن، تا بڕوا دێنن، (پیاوێكی) بەندەی خاوەن بڕوا لە موشریكێك چاكترە، هەرچەند واقتان ببا، ئەوانە (بڕوادارەكان) بۆ ناو ئاگر بانگ ئەكەن، (بەڵام) خوا بە فەرمانی خۆی (بڕواداران) بۆ بەهەشت و لێخۆشبوون بانگ ئەكا، نیشانەكانی خۆی بۆ خەڵك ڕوون ئەكاتەوە، تا بەڵكوو بهێننەوە بیر (و پەند بگرن)﴿٢٢١﴾ سەبارەت بە (بێ نوێژی) عوزری ژنانەوە لە تۆ ئەپرسن، بڵێ: ئەوە ئازارێكە لەو چەند ڕۆژی كە خوێنیان هەیە و پیسە، جا لەبەر ئەوە لە كاتی (بێنوێژی)دا لە ژنان دووری بكەن و مەچنە لایان، تا پاك ئەبنەوە، جا ئەگەر پاك بوونەوە (خۆیان شوت)، لەوێوە كە خوا فەرمانی داوە بۆیان بچن و دەسیان لەگەڵ تێكەڵ بكەن، خوا تۆبەكارانی خۆشدەوێ، هەروەها پاكانیشی خۆشدەوێ ﴿٢٢٢﴾ ژنەكانتان (لە پاكیدا) جێی كشتوكاڵن بۆ ئێوە، كەوابوو هەر زەمان و هەر جۆرە بتانەوێ (لە پاكیدا) دەسیان لەگەڵ تێكەڵ بكەن، (بەروبووەكەی كە منالە) بۆ خۆتان پێش بخەن، لە خوا پەرواتان هەبێ (و گوناح مەكەن)، بزانن ئێوە ئەچنە بارەگای خوا (و بەڵێنی ئەم دیدارە) بە بڕواداران دراوە ﴿٢٢٣﴾ سوێند خواردنەكانتان بە خوا مەكەنە كەرەستەیێ كە ڕێگای چاكە كردنتان پێ ببرێ، خۆپارێز بن و نێوبژیوانی خەڵك بكەن و پێكیان بێنن، خوا فرە بیسەر و زانایە. (٢٢٤)

خوا بەو جۆرە سوێندە پڕوپووچانەی سەرزاەکی بە تاوانبار ناتانگرێ بەڵام ئەگەر لە قووڵایی دڵتانەوە بێ و بە ئاگاداری سوێند بخۆن، خوا ئەتانگرێ، خوا زۆر لێبور و لەسەرخۆیە ﴿٢٢٥﴾ کەسانێ کە سوێند دەخۆن کە لەگەڵ ژنەکانیان دەس تێکەڵی نەکەن، دەبێ چوار مانگ چاوەڕوان بن، جا ئەگەر (لەو ماوەدا) گەڕانەوە (و سوێندی ناهەقی خۆیان شکاند، ئەبێ بزانن کە) خوا خەتابەخش و دڵاوێنە ﴿٢٢٦﴾ ئەگەر بو تەڵاقدانیش لێبڕان، جا بەڕاستی خوا بیسەر و ئاگایە ﴿٢٢٧﴾ ژنانی تەڵاقدراو (ئەبێ) بۆ ماوەی سێ جار تێکەوتن (و پاک بوونەوە لە خوێنی عوزر) چاوەڕوان بن (لەسەر مێردەکەیان ڕاوەستن)، بۆیان ڕەوا و حەلاڵ نییە ئەوەی وا خوا لە منداڵدانیان خوڵقاندوویەتی بیشارنەوە، ئەگەر بە خوا و ڕۆژی بەرێ بڕوایان هەبێ، مێردەکانیان لە (پیاوانێتر) شیاوترن بیانگێڕنەوە ئەگەر مەبەستیان ئاشتی بێ، هەروەک ژنان ئەرکی ژنایان لە سەرشانە، مافیشیان لەسەر پیاوان هەیە، هەروەها کە پیاوان لەسەر ژنانیان هەیە، بەڵام بۆ پیاوان پلەیەک مافی زیاتر هەیە، خوا فرە بەدەسەڵات و لەکارزانە ﴿٢٢٨﴾ تەڵاقدانی ژن (تەڵاقی ڕەجعی) دوو جارە، ئەوسا یا ئەبێ بە چاکی ژن ڕاگیردرێ یا بە چاکی لێک جیا بنەوە، بۆتان حەڵاڵ نییە ئەوەی وا پێتان داون لێیان وەربگرنەوە، مەگەر ئەوە، ژن و پیاوەکە بترسن کە نەتوانن سنووری خوا ڕاگرن، جا ئەگەر ترسان کە سنووری خوایان بۆ ڕاناگیردرێ، گوناحیان لەسەر نییە کە ژن(ەکە) خۆی بکڕێتەوە (و دەس لە مارەیی هەڵبگرێ و خۆ ڕزگار بکا)، ئەوە سنووری خوایە لێی تێمەپەڕن، هەرکەس لە سنووری خوا تێپەڕێ هەر ئەوانەن غەدرکاران (کە لە خۆیان ستەم ئەکەن) ﴿٢٢٩﴾ لەوەدوا (دوای دوو تەڵاقە و گەڕانەوەی بۆ جاری سێهەم) ژنەکەی تەڵاق دا، لەوەدوا (دوای تەڵاقی سێهەم) ئەو ژنەی بۆ ڕەوا و حەلاڵ نییە، مەگەر مێردێتر بکا (و دەستیشی لەگەڵ تێکەڵ بکا، جا ئەگەر مێردە دووەمەکە) ئەوی تەڵاق دا، گوناحیان لەسەر نابێ ئەگەر بگەڕێنەوە لای یەکتر (و ببنەوە حەلاڵی یەکتر)، بەو مەرجەی وا بزانن کە (لە کەناری یەکتر) سنووری خوا ڕادەگرن، ئەمانە سنووری خوان کە خوا بۆ هۆزێ کە ئاگا و زانان بەیان و ڕوونی دەکاتەوە ﴿٢٣٠﴾

هەرکاتێ ژنەکانتان تەڵاق دا و ئەوانیش بە ئاخرین ڕۆژی عیددەی خۆیان گەیشتن، جا ئەبێ یا بە چاکی ڕایانگرن یا بە چاکی (لە حوزووری دوو شایەدی عادڵ) تەڵاقیان بدەن، بۆ زیان لێدان و دەس‌درێژی کردن (ئاشتیان مەکەنەوە) و ڕایانمەگرن، هەرکەس ئەو کارە بکا، ستەمی لە خۆی کردووە، نیشانەکانی خوا بە کەم و بە سووک مەگرن، ئەو نیعمەتەی وا خوا پێیدابوون بیهێننەوە بیر، هەروەها ئەو کتێب و زانست و لەکارزانی و حیکمەتەی بۆی ناردوون و بەوانە ئامۆژگاریتان ئەکا (بیهێننەوە بیر) و خۆتان لە نافەرمانی خوا بپارێزن، بزانن خوا بە هەموو شتێک فرە زانایە ﴿٢٣١﴾ هەرکاتێ ژنەکانتان تەڵاق دا و (عیددەی خۆیان تەواو کرد، لەوە کە بیانەوێ شوو بە مێردە پێشووەکەیان بکەنەوە مەنعیان مەکەن، بەو مەرجەی بەدڵ بە چاکی پێک ڕازی بن، ئەمە دەستوورێکە تەنیا ئەوانەی وا لە ئێوە بڕوایان بە خوا و ڕۆژی بەرێ هەیە، پەند و ئامۆژگاری لێ وەردەگرن، ئەم ڕێنوێنیانە بۆ ئێوە چاکتر و خاوێن و بە کەڵکترە، هەر خوایە ئەزانێ و ئێوە نازانن و بێ‌ئاگان ﴿٢٣٢﴾ دایکەکان دوو ساڵی ڕەبەق و تەواو بێ کەم و زیاد، شیر بە مناڵەکانیان ئەدەن، ئەمە بۆ کەسێکە بیەوێ دەورانی شیردان (بە مناڵ) تەواو بکا، بۆ کەسێ کە مناڵی بۆ لە دایک بووە (باوک)، پێویستە خۆراک و پۆشاکی دایک بە جۆرێکی شیاو بدا، هیچ کەسێ پتر لە توانای خۆی تەکلیفی لێناکرێ، نە دایک (لەبەر دژایەتی لەگەڵ باوکدا) مافی زیان گەیاندنی بە مناڵ هەیە و نە (باوکیش) ئەو کەسەی کە مناڵ بۆ ئەو لە دایک بووە، ئەگەر مناڵ بابی نەبوو لەسەر میراتگرانە جلک و بژیوی دایکەکە دابین بکەن، جا ئەگەر ئەو دووانە بە ڕەزامەندی یەکتر و تەگبیر کردن، بیانەوێ مناڵەکە (زووتر) لە شیر بگرنەوە، گوناحیان بۆ نییە، ئەگەر ویستتان دایەن بۆ مناڵەکەتان بگرن، گوناحتان لەسەر نییە، ئەگەر ئەوەی وا بەڵێنتان داوە، بە جۆرێکی شیاوانە بە دایەنەکەی بدەن، لە (نافەرمانی) خوا پارێزگاریتان هەبێ و بزانن خوا بەوەی وا ئەنجامی ئەدەن ئاگا و بینایە ﴿٢٣٣﴾

کەسانێ کە لە ئێوە دەمرن و ژنانێک بەجێ دێڵن، (ئەبێ) چوار مانگ و دە ڕۆژ چاوەڕوان بن (عیددە ڕاگرن)، جا کاتێ عیددەکەیان گەیشتە ئاخر، گوناحێک بۆ ئێوە نییە لە هەرچی کە لەبابەت خۆیانەوە بێ، بە جۆرێکی شیاو بیکەن (خۆیان لە پیاوانی تر مارە بکەن)، خوا بەوەی دەیکەن ئاگایە ﴿٢٣٤﴾ گوناحێکتان لەسەر نییە کە (ژنانی مێرد مردوو: بێوەژن) ڕاستەوخۆ ڕوت و ڕاست و بێ سێ‌ودوو خوازبێنییان بکەن، یا لە دڵەوە لێ ببڕێن و مارەیان بکەن، بێ ئەوەی بیدرکێنن، خوا ئەیزانێ کە بەڕاستی ئێوە (بە جۆرێکی سروشتی) لە دەروونەوە ئەکەونە یادی ئەوان و بەڵام لە نهێنیدا بەڵێنیان پێ مەدەن، مەگەر ئەوە قسەی باش و شیاویان لەگەڵدا بکەن، بۆ مارەکردنیان لێ مەبڕێن (و بەڵێنی مارەکردنیان پێ مەدەن) تا عیددەیان تەواو ئەبێ، بزانن کە بەڕاستی خوائەوەی وا لە دڵتاندایە ئەیزانێ، جا لەبەر ئەوە لە نافەرمانی خوا لادەن و بترسن، بزانن بەڕاستی خوا لێبور و لەسەرەخۆیە (و لە سزا دانی لاڕێیاندا بەتاڵووکە نییە) ﴿٢٣٥﴾ ئەگەر ژنەکانتان تەڵاق بدەن مادام نێزیکیتان لەگەڵ نەکردبن و مارەییەکتان بۆ دیاری نەکردبێتن، هیچیان ناکەوێ، گوناحتان ناگاتێ بە خۆشی بەوان شتێک بدەن، ئەوەی وزەی ماڵی هەیە بە ئەندازەی توانای خۆی، ئەوەیش وا دەستەنگە، بە ئەندازەی خۆی دیارییێکی شیاویان بدەنێ، ئەمە لەسەر کارچاکان پێویستە ﴿٢٣٦﴾ ئەگەر ژنەکانتان بەر لەگەڵ نووستن، تەڵاق بدەن مارەییتان بۆ دیاری کردبێ، ئەبێ نیوەی ئەوەی وا بۆتان دیاری کردوون (بیاندەنێ)، مەگەر ئەوان (مافی خۆیان) ببەخشن، یا ئەگەر کەسێ کە گرێی مارە کردنەکەی بە دەسە (وەلی) بیبەخشێ، ئەگەر ئێوە (پیاوان) لێی ببوورن (و هەموو مارەییەکەیان بدەنێ)، لە تەقوا و خۆپاراستن نێزیکترە، لێبردوویی و کارچاکی لە نێوان خۆتاندا لە بیر مەبەنەوە، خوا بەوەی دەیکەن بینا و ئاگایە ﴿٢٣٧﴾

بۆ ئەنجامدانی هەموو نوێژەکان (بەتایبەت) نوێژی ناوەڕاست تێبکۆشن و بە ئیتاعەتەوە بۆ خوا هەستن (و نوێژ بخوێنن) ﴿٢٣٨﴾ جا ئەگەر (لەبەر جەنگ یا شتیتر) ترسان، (نوێژەکەتان) بە پیادە یا بە سواری بخوێنن، جا ئەگەر ترسەکە لاچوو، یادی خوا بکەن (و نوێژەکانتان بخوێنن)، هەروەک فێری کردن کە لە بەرا نەتاندەزانی ﴿٢٣٩﴾ کەسانێ لەنگۆ لە ئێوە لە سەرەمەرگدان، ژنانێک لە دوای خۆیان بەجێدێڵن، ئەبێ ڕاسپێرن هەتا ساڵێک مایەی ژیانیان بۆ دابین بکەن و تەرەیان نەکەن، هەتا ساڵێک خەرجی ئەوانە بدەن، بەو مەرجەی (لە ماڵەمێرد ) نەڕۆن (مێرد نەکەنەوە)، جا ئەگەر ڕۆیشتن (مافی خەرج وەرگرتنیان بۆ نییە) گوناحیش لەسەر ئێوە نییە، لەوەی لە بارەی خۆیاندا بە شیاوی دەیکەن (وەکو شووکردن)، خوا فرە بەدەسەلات و لەکارزانە ﴿٢٤٠﴾ بۆ ژنانی تەلاقدراو بەشی ڕەوای خۆیان هەیە (کە لە لایەن مێردەوە ئەدرێ) بڕیارە لەسەر خۆپارێزان ﴿٢٤١﴾ هەر بەم پێیەش خوا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە تا بەڵکوو بیر بکەنەوە و تێبگەن ﴿٢٤٢﴾ ئایا نەتروانییە کەسانێ کە لە ترسی مەرگ بە هەزاران کەس لە دیاری خۆیان ڕایانکرد و زێدی خۆیان بەجێهێشت (بە بیانووی ئازارە تاعوون خۆیان لە خەزا دوور خستەوە)، خوا پێی وتن: بمرن (هەر بەو نەخۆشییە مردن)، لە دواییدا خوا زیندووی کردنەوە، دیارە خوا لەگەڵ بەرەی مرۆ خاوەن چاکەیە، بەڵام زۆربەی خەڵک لە شوکرانە خۆ دەبوێرن ﴿٢٤٣﴾ کێ ماڵ و پارەی خۆی بە دەسقەرز (یارمەتی یەکتردان بە نۆرە) بێسوود، لە ڕێگای خوا دەدا (بە داماوان) هەتا خودایش چەند ئەوندەی بداتەوە، کەمبژیوی و فەرعانەش هەر بە دەس خوایە هەمووش دەگەڕێندرینەوە لای ئەو ﴿٢٤٥﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئاخۆ نەتدی و لە کاروباری تاقمێک لە نەجیبزادە کان لە تۆرەمە و بـنـەچەکە و ڕەچەڵەک و لە بەرەی ئیسرائیل ئاگادار نەبووی کە دوای مووسا بە پێغەمـبەری خۆیـان (ئەشـموئیل) وت: پاتشـایەکمان بـۆ دیـاری بـکە تـا (لە بـن فەرمـانی ئەوا) لە ڕێگـای خـوادا جەنـگ بکەیـن، پێغەمبەرەکەیان وتی: پێو وا نییە، ئەگەر دەستووری جەنگتان پێ بـدرێ (شـان نەدەنە بەری و نافەرمانی بکەن)، ئەوانیش وتیان: (چلۆن) و چمانە کە لە ڕێگای خوادا جەنگ نەکەین، کەچی ئێمەیان لە ماڵ و منداڵمان (جیا کردەوە و) ئاوارەیان کردووین؟ بەڵام کـاتێ کە فەرمـانی خەزا کردنیـان پـێدرا، بـێجگە لە ژمـارەیەکی کەم هەمـوو ڕوویـان وەرگێـڕا (و ملیـان بـادا)، خـوا سـەبارەت بەوانەی وا لە خۆیـان سـتەم ئەکەن، فرەئاگـا و زانـایە ﴿٢٤٦﴾ پێغەمـبەری ئەوان (ئەشموئیل) بەوانی وت: خوا بۆ پاتشایەتی تاڵووتی بۆ ئێوە ناردووە (تاڵووت زانا و ئازا بـوو، بەڵام بـێدراو و دەشـتەکی بـوو)، وتیـان: کـوا ئەو شـایانی ئەم فەرمانەیـە؟ کە ئـێمە زۆر لەو شیاوترین و بە داراییش لەو زاف و زێدەترین و ئەو داراییەکـی نییـە، (ئەشـموئیل) وتـی: خـوا تاڵووتی هەڵبژاردوە (و کردوویەتە فەرماندە لەسەر ئێـوە) و زانسـت (وزەی) قەڵافەتیشـی بـۆ زیاد کردووە، بە هەرکەس کە خوا بیەوێ، موڵک و دەسـەڵات و حوکـوومەتی خـۆی پـێ ئەدا، زانسـتی خـوا پەرەدار و فـرە زانـایە ﴿٢٤٧﴾ پێغەمـبەری ئەوان (ئەشـموئیل) بەوانـی وت: بەڕاستی نیشانەی پاتشایەتی (تـاڵووت) ئەوەیە کە سـندووقی عەهـد و پەیمانتـان بـۆ دێ کە هۆی دڵنیایی ئێوەی لە لایەن پەروەرێنەرتانەوە تێدایە، لەگەڵ هەندێک لە کەلەپوور و میراتی خاندانی مووسا و هاروون کە مەلائیکە گرتوویانە بە سەر شانەوە، لەمەدا نیشانەیەکی (ڕوون) بۆ ئێوە هەیە، ئەگەر بڕوادار بن ﴿٢٤٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



جا کاتێ تاڵووت لەشکرەکەی (لە شار) بردە دەرێ و خستیە سەر ڕێگا وتی: خوا بە ڕووبارێک تاقیتان دەکاتەوە، هەرکەس لەو ئاوە بخواتەوە لە مـن نییـە، هەرکەسیش لێـی نەخـواتەوە لە مـنە، مەگەر کەسێ کە هەر لاوێچێـک (و لامشـت و مسـتێک) لەو ئـاوە هەڵێنجێنێ و بیخواتەوە، جا هەموو لەو ئاوەیان خواردەوە، تەنیا کەمێ لەوانە نەبێ (کە بە قسەی تاڵووتیان کرد)، جا دوای ئەوە کە تاڵووت و ئەو کەسانەی کە بڕوایـان هێنـابوو، لە ڕوبـارەکە پەڕینـەوە، وتیان: ئەمڕۆ ئێمە وزەی جەنگکردنمان لەگەڵ جاڵووت و لەشکرەکەیدا نییە، (بەڵام) ئەوانەی وا ئەیانزانی کە (لە ڕۆژی بەرێدا) ئەچـنە دیـداری خـوا (و بڕوایـان بە پشـتیوانی خـوا هەیـە)، وتیان: زۆر جاران دەستەیەکی کەم بە فەرمان (و یارمەتی خوا) بە سەر دەسـتەیەکی زۆردا زاڵ بووە، خوا لەگەڵ تابشتهێنەرانە ﴿٢٤٩﴾ کاتێ (تاڵووت و لەشکرەکەی) لە بەرانبەر جـاڵووت و لەشـکرەکەی دەرکەوتـن (و سـەنگەریان گـرت)، وتیـان: ئەی پەروەرێـنەری ئێمـە! تابشتهێنانمان بەسەرا بڕێژە و پێمان پتەو ڕابگرە پچەقین (نەلەرزین)، بەسەر هۆزی کافراندا سـەرمان بـخە ﴿٢٥٠﴾ بە یـارمەتی (و فەرمـانی) خـوا دوژمنیـان ڕەتانـد و شـکاند و داود، جاڵووتی کوشت و خوا پاتشایەتی و لەکارزانی بەو (داود)دا، لەوەی ویسـتی خـوا فێـری کـرد، ئەگەر خوا هەندێ لە ئاپۆرەی خەڵک بە (دەستی) هەندێتـر تەرتوتوونـا نەکـا و لەنـاو نەبـا، خراپە زەوی دائەگرێ، بەڵام خوا خاوەن چاکەیە بەسـەر خەڵکـی جیهانیانـدا ﴿٢٥١﴾ ئەمـانە نیشانەکانی خوان کە بە هەق بەسەر تۆدا ئەیخوێنینەوە، بەڕاستی تۆ یەکێک لە پێغەمـبەران و لە ڕەوانەکراوانی ﴿٢٥٢﴾.



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەو پێغەمبەرانە هێندێکیانم بەرێزتر لە هێندێکیان گرت، خوا لەگەڵ هەندێ لەوانە (وەک مووسا ) قسەی کردووە، پلە و پایەی هەندێکی بردە سەرێ، بە عیسا کوڕی مەریەم نیشانەی ڕوونمان دا و بە گیانی پیرۆزی خۆمان پێشتیوانیمان لێ کرد، ئەم خەڵکانە لەدوای ئەمەی ئەو گشت نیشانە ڕوونانەیان بۆ هات؛ بەلاّم ئەوان لە نێو خۆدا دژایەتی یەکتریان کرد و پێکنەهاتن، هەندێ لەوان بڕوای هێنا و هەندێ تریان لە بڕوا هێنان حاشایان کرد. ئەگەر خوا بیویستبا، پێکەوە جەنگیان نەدەکرد، بەلاّم خوا ئەوەی بیەوێ بە ویستی خۆی ئەنجامی ئەدا ﴿٢٥٣﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لەو ڕۆزییەی وا بە ئێوەم داوە ببەخشن بەر لەوەی ڕۆژێک بگا کە کڕین و فرۆشتنی تێدا نییە (تا بە دراو خۆتان بکڕنەوە) نە دۆستایەتی (سوودی هەیە) و نە تکا و پاڕانەوە (چونکە شیاوی تکا بۆ کردن نین) خوانەناسان هەر ئەوانن ستەمکار ﴿٢٥٤﴾ ئەڵلا (زاتێکە داگری هەموو جۆرە سفاتی کەماڵە) کە هیچ خوایێ نییە بێجگە لەو، کە زیندوو و ڕاوەستاو بە زاتی خۆیەتی، هیچ کاتێ وەنەوز و خەوەنووچکە نایباتەوە، نە دەرازێ و نە (چۆرت) و خەو دایناگرێ هەر بۆ ئەوە، ئەوەی لە ئاسمانان و زەویدایە، کێیە لە لای ئەو (لە ڕۆژی بەرێدا) بتوانێ تکا بکا، مەگەر بە ئیزنی ئەو، ئەوەی لە بەردەسیاندایە و ئەوەی لە پشت سەریاندایە، ئەیزانێ (ڕابوردوو، ئێستا و دوارۆژی خەڵک بۆ زانینی خوا یەکسانە)، کەس بە (پلەی) زانستی خوا پەی نابا، مەگەر ئەوانەی خوا بیەوێ، تەختی (فەرمانڕەوایی) ئەو ئاسمانەکان و زەوی داگرتوە، ڕاگرتن (و پاراستنی) ئەوانە بۆ خوا گران و سەخت نییە، پایەبەرز و مەزن هەر خوایە ﴿٢٥٥﴾ لەم دینەدا بە زۆر داسپاندن نییە، چونکە ڕێگای ڕاست (و بڕوا) لە ڕێگای خوار و گومڕایی هاوێر و جیا کراوەتەوە هەرکەس لە تاغووت نەبان بێ و بڕوا بە خوا بێنێ، بە هەقیقەت چنگی لە هەنگڵێکی پتەو لە بڕوا و باوەڕێکی بێزەواڵ و پتەو قایم کردووە کە ناپسێ و لە ناو ناچێ، خوا بیسەر و فرە زانا و ئاگایە ﴿٢٥٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



خوا یار و یاوەری کەسانێکە کە بڕوایان هێناوە، ئەوانە لە تاریکاییەوە ئەباتە بەر ڕووناکی (تیشکی بڕوا)، کەسانێ کە کافر بوون، یار و یاوەری ئەوان تاغووتە، ئەوانە لەبەر نوور و ڕووناکییەوە ئەبەنە تاریکی و تنۆکی، ئەوانە خەڵکی نێو ئاگرن و بۆ هەمیشەش لە ناو ئاگرا ئەمێننەوە ﴿٢٥٧﴾ ئایا نەتڕوانییە ئەوەی (نمروود) کە لەگەڵ ئیبراهیمدا لەبابەت پەروەرندەیەوە قسە و جوابەجەنگی دەکرد، چونکە خوا پاتشایی و دەسەڵاتی پێدابوو (جا لەبەر ئەوە نمروودی کوڕی کەنعان خۆی قەف کرد و پرسی: پەروەرێنەرت کێیە؟) ئەودەم ئیبراهیم وتی: پەروەرێنەری من ئەوەیە زیندوو ئەکاتەوە و ئەمرێنێ (نمروودیش) وتی: منیش زیندوو دێڵمەوە و ئەمرێنم (دوو زیندانی هێناوە، یەکیانی ئازاد کرد و یەکیانی کوشت)، ئیبراهیم وتی: خوا ڕۆژ لە خۆرهەڵاتەوە دێنێ، جا (ئەگەر ڕاست ئەکەی) تۆ لە خۆرئاواوە بیهێنەوە، جا (لێرەدا کابرای خوانەناس حەبەسا و خوستی لێبڕا، خوا تاقمی ناحەقیکاران ڕێنوێنی ناکا ﴿٢٥٨﴾ یا وەکوو کەسێ (عوزەیر) کە بە قەراخ ئاواییەکی وێرانە (بیت المقدس)دا تێپەڕ بوو، لە حاڵێکدا کە چۆڵ و دیوارەکانیشی بە میچەوە تێکتەپیبوو (و لاشە و ئێسک و پرووسکێ زۆریش کەوتبوو، لە دڵەوە) وتی: خوا چلۆن دوای مردن ئەمانە زیندوو ئەکاتەوە؟ (لەو بیرەدا بوو کە) خوا مراندی و سەت ساڵ بێگیان بوو، جا (دوای سەت ساڵ زیندووی کردەوە، (لێی پرسی و وتی:) چەندت پێچووە؟ (لە وەڵاما) وتی: ڕۆژێک یا بڕە ڕۆژێک، (خوا) فەرمووی (وا نییە) بەڵکوو سەت ساڵت پێچوە، بڕوانە خواردەمەنی و خواردنەوەکەت کە مەزە و ڕەنگیان نەگۆڕاوە، هەروەها بڕوانە گوێدرێژەکەت (تا بزانی چلۆن مردوو زیندوو ئەکەینەوە)، بۆ ئەوەی تۆ لە (مەعاد) بکەینە نیشانە بۆ خەڵک، هەروەها بۆ ئێسقانی کەرەکەت بڕوانە کە چلۆن تێکیان دەخەینەوە و گوشتیان تێ هەڵدەکێشین، جا کاتێ (زیندوو بوونەوەی مردووی) بۆ ڕوون بۆوە، وتی: ئەزانم خوا بەسەر هەموو شێکدا بەتوانا و بەوزەیە ﴿٢٥٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



(بێنەوە بیر) ئەو دەمەی کە ئیبراهیم فەرمووی: ئەی پەروەرندەی من! پـێم نیشـان بـدە چلۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە؟ خوا فەرمووی: مەگەر بـڕوات نەهێنـاوە؟ (ئیبـراهیم) وتـی: بەڵـێ، بەڵام بۆ ئەوەی دڵنیا بم، (خوا) فەرمووی: چوار مەل بگرە و (سەریان ببڕە) گۆشتیان لێکبـدە، جا لەسەر هەر کەژێک کوتێ لەوانە دانێ، لە دواییدا بانگیان بکە، بە فرکە دێنەوە لات، بـزانە خوا خاوەن دەسەڵات و لەکارزانە ﴿٢٦٠﴾ کەسانێ کە ماڵی خۆیان لە ڕێگـای خـوا ئەبەخشـن، هەروەکـوو دانە (تۆمێکـە) کە حەوت گـوڵە(گەنم) بڕوێنـێ، کە لە هەر گوڵێکـدا سـەت دانە (گەنم)ی پێوەبێ، خوا بۆ هەرکەس کە بیەوێ (و شیاویش بێ) چەن بەرابەر زیادی ئەکا، چاکەی خوا یەکجار زۆر و پەرەدارە و خوا فرە زانا و ئاگایە ﴿٢٦١﴾ کەسانێ کە ماڵی خۆیان لە ڕێگای خوادا ئەبەخشن و بە چاویاندا نادەنەوە و ئازارێ بەوانە ناگەیەنن، جەزای (چاکەیـان) لای خـوا (لە بەرچاو گیراوە) نەترسیان بۆ هەیە و نە خەفەتباریش ئەبن ﴿٢٦٢﴾ قسەی خۆش و دڵنشین (لە بەرابەر نیازمەندانا)، لێبوورین، لە تووڕە بـوونی ئەوان و لـێخۆش‌بـوون) لە بەخشـینێ کە ئازاری بە دوادا بـێ باشـترە، خـوا بـێنیـاز و لەکـاردا بەکـاوەخۆ و لەسـەرەخۆیە ﴿٢٦٣﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! خێر کردن و بەخششی خۆتان بە مـنەتدانـان و ئـازار گەیانـدن بە فیڕۆ مەدەن، هەروەکوو کەسێ (مەبن) کە بە ڕووبینی لەبەر خەڵک ماڵی خۆی ئەبەخشـێتەوە و بڕوای بە خوا و ڕۆژی بەرێ نییە، جا کاری ئەو هەروەکوو تاشـەبەردێکی زۆر لووسـە هەنـدێ خۆڵی لەسەر بێ (و تۆمیشی لێ چێنـدرابێ) و بـارانی تونـدی لـێ بـدا و بیشـواتەوە، جـا هەر تاتەبەردێکی ڕەق و ڕووتی لێ بێڵێتەوە، ئەوانە لە کارێ (خێرێ) کە کردوویانە ناتوانن شتێ بە دەس بێنن، (قانزاجی بۆیان نەبووە) خوا تاقمی خوانەناسان ڕێنوێنی ناکا ﴿٢٦٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

کاری کەسانێ کە ماڵی خۆیان ئەبەخشن بۆ ڕەزای خوا و پتەو کردنی دڵیان بە بڕوا، خێرەکەیان، هەروەکوو باخێکە لەسەر گردێکی بەرز بێ، درشتەبارانی پەڵەی لێکەوێ، دوو بەرابەر بەر بدا، ئەگەر درشتەبارانی بە پەڵەیشی لێنەکەوێ (بە سەرا نەبارێ) نمەباران تێراوی بکا خوا بە کاری ئێوە بینایە ﴿٢٥٦﴾ ئایا هیچ یەکە لە ئێوە پێی خۆشە کە باخێکی لە دار خورما و ترێ هەبێ کە بە ژێر دارەکانیدا شەقەجۆ و چۆمە ئاو بە خوڕ بڕوا، بۆ ئەو لەو باخەدا هەموو جۆرە میوەیەکیش هەبێ؟ پیریش بووبێ و منالی بچووک و بێهێزی سەروپێچکەی بە تووشەوە بووبێ، جا لە ناکاو گێژەڵووکەی بە ئاگرەوە لێی بدا، جا گڕ بگرێ و بسووتێ؟ خوا بەمجۆرە نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە، تا بەڵکوو بیری خۆتان بخەنە کار ﴿٢٦٦﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لە بەشی پاکی ماڵێ کە (بە بازرگانی) بە دەستان هێناوە، هەروەها لەوەی وا لە زەوی بۆم ڕواندون ببەخشن و بە دوای بەشە قەڵب و (و بێ بایەخەکاندا) مەڕۆن، بۆ ئەوەی لێی ببەخشن، کە ئەگەر بە خۆتانی بدەن وەرینەگرن، مەگەر لە خەوش و خۆڵەکەی چاو بنووسێنن، بزانن کە خوا (لە بەخششی ئێوە) بێنیازە و (لە هەموو بارێکەوە) شیاوی ستایشە ﴿٢٦٧﴾ (لە کاتی بەخشیندا) شەیتان (ترسی) تەنگدەستیتان وەبەر دەنێ و فەرمانتان پێئەدا کە کاری ناشیاو (ڕژدی و بەخیلی و بەدفەڕی) بکەن، هەرزانی و شت زۆری و فەرعانە لای خوایە و بەڵێنی لێخۆشبوون و خۆشی ژیان و زۆر بوونی (ماڵتان) پێئەدا (کە ئێوەش ببەخشن)، خوا زاتێکی (خاوەن چاکە و نعیمەتی) پەرەدار و فرە زانا و ئاگایە ﴿٢٦٨﴾ بە هەرکەس (کە خوا) بیەوێ لەکارزانی پێئەدا و بە هەرکەسیش کە لەکارزانی و زانست بدرێ، بە هەقیقەت خێرێ زۆری پێدراوە، بێجگە لە خاوەن بیر و ژیرەکان، کەسێتر (جوان) بیری لێ ناکاتەوە و پەندی لێ وەرناگرێ و ئامۆژگاری لێ فێر نابێ ﴿٢٦٩﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



هەر ماڵێکی ئەیکەنە خێـر یـا نەزر بـۆ خـوا و لە قەبەڵ خـوای ئەکەن، خـوا پێـی ئەزانـێ، بـۆ خوانەناسـان یارمەتیـدەرێ نیـیە ﴿٢٧٠﴾ ئەگەر بەخشـینەکانتان بە ئاشـکرا بیـدەن، ئەوە زۆر باشە، ئەگەر بە نهێنیش (بە دزیوە) بیدەن بە فەقیران، بـۆ ئێـوە خێـری زۆرتـرە، خـوا (بەمـە) هەندێ لە بەدفەڕییەکانتان ئەپۆشێ، خوا سەبارەت بەوەی ئەیکەن بە کاکڵەکەی ئاگا و زانـایە ﴿٢٧١﴾ (ئەی پێغەمبەرا!) خستنە سەر ڕێی ئەوانە (بە زۆر) لەسەر تۆ نییە، بەڵام هەرکەس کە خوا بیەوێ ڕێنوێنی ئەکا، هەر شتێکی چاک کە دەبەخش (خێـرەکەی) بـۆ خۆتـانە (کەوابـوو) تەنیا بۆ ڕەزای خوا ببەخشن، هەر شتێکی چاک کە ئەیبەخشن، خێری چـاکەکەی ئەگـاتەوە بە خۆتـان، سـەمتان لـێنـاکرێ (و لە مافتـان کەم نـاکرێتەوە) ﴿٢٧٢﴾ (بەخشـشـەکانیان) بـۆ هەژارانە، ئەوانەی وا لە ڕێگای خواپەرستیدا بێدەرەتان ماونەتەوە و هێزی دەرکەوتنیان نیـیە (کارگەلێکی وەکوو خەزا، دەربەدەری، موهاجرەت)، خوێنـدن، برسـتی کـارکردنی لـێبـردوون، ناتوانن (بۆ ڕۆزی بەدەسهێنان) بە زەویدا بگەڕێن، لەبەر حەیا بەخۆ بـوون، مرۆڤـی نائاگـا (و نەشارەزا) لایان وایە ئاتاج نین و ئەوانە بێنیـازن (بەڵام هەژاری) ئەوان بە سـیمایاندا دیـارە و دەیاننـاسییەوە، بە زۆر و چەنەلێدان شت لە خەڵک داوا ناکەن و نایسێنن، هەر شتێکی باش کە بیکەنە خێر و خێرات، فرە خوا پێی ئەزانێ و ئاگایە) ﴿٢٧٣﴾ کەسانێ کە ماڵی خۆیان بە شەو یـا بە ڕۆژ، بە نهێنـی و بە ئاشـکرا ئەکەن بە خێـر لە ڕێـی خـوادا، پاداشـی چـاکەی ئەوان لای پەروەرندەیانە و هیچ ترسێکیان بۆ نییە، نە خەفەتیش ئەخۆن ﴿٢٧۴﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



کەسانێ کە نزوول: (سووت) ئەخۆن، لەو دنیا ڕاست نابنەوە، مەگەر وەکوو کەسێ کە شەیتان دەسی لێ وەشاندبێ و نەتوانێ خۆی ڕاگرێ (هەر بەملا و ئەولادا بکەوێ، وەک شەپڵە لێی دابێ وایە)، ئەم (سزایە) لەبەر ئەوەیە کە وتیان مامەڵەیش (کڕین و فرۆتنیش) هەروەکوو (نزوولە: سووت خۆرییە) کەچی خوا سەودای ڕەوا دیوە و نزوولی بە ناڕەوا داناوە، جا ئەگەر کەسێ ئامۆژگاری خوای پێ بگا و لە نزوول خۆری دەس هەڵبگرێ، نزوولگەلێ کە لە بەرا دەستی کەوتبوو، هی خۆیەتی (دەبەخشرێ)، خوا بە کاری ڕادەگا، بەڵام هەرکەس بگەڕێتەوە (سەر نزوول خۆری) خەڵکی نێو ئاگرن و بۆ هەمیشەش تێیدا قەتیس ئەمێننەوە ﴿٢٧٥﴾ خوا پیتی نزوول کەم ئەکاتەوە و لە ناوی ئەبا و پیتی خێر و خێرات خێری زیاد ئەکا، خوا هیچ مرۆڤێکی سپڵە و تاوانبار و پێنەزانی خۆشناوێ ﴿٢٧٦﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە و نوێژیان بەجێ هێناوە و زەکاتیان داوە، پاداشی چاکەیان لای پەروەرێنەریانە، مەترسیان بۆ نییە و خەفەتیش ناخۆن ﴿٢٧٧﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لە خوا بترسن، ئەو نزوول و سووتی وا لەسەر خەڵکتان ماوە دەسی لێ هەڵگرن، ئەگەر بڕوادارن ﴿٢٧٨﴾ جا ئەگەر دەس (لە سووتخۆری) هەڵنەگرن، جاڕی جەنگ کردن لەگەڵ خوا و پێغەمبەریدا بدەن، ئەگەر پەشیمان بن و تۆبە بکەن، دەسمایەکانتان (بنەما دەسمایە)، بێ سووت هی خۆتانە (بەمجۆرە) نە ستەم ئەکەن، نە ستەمیشتان لێ دەکرێ ﴿٢٧٩﴾ ئەگەر (قەرزاریش) تەنگدەس و نەدار بوو، جا تا وزەی ماڵی پەیا ئەکا، مۆڵەتی بدەنێ، ئەگەر (توانای دانەوەی نەبوو) بیبەخشن بۆ ئێوە باشترە، ئەگەر (چاکی ئەم کارە) بزانن ﴿٢٨٠﴾ لە ڕۆژێک خۆ بپارێزن کە تێیدا ئەگەڕێندرێنەوە بۆ لای خوا، لە دواییدا هەرکەس ئەوەی ئەنجامی داوە بە تەواوی سزای کردەوەیان ئەدرێتەوە و ستەمیان لێناکرێ ﴿٢٨١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! کاتێ کە قەرزوقۆڵەی ماوەدارتان لەگەڵ یەکترا کرد، بینووسن و بیخەنە نێو قاقەز، ئەبێ نووسەرەکە (ئەو سەنەد و بەڵگەنامەیە) دادگەرانە (و واقیعی) بینووسێ، کەسێ کە ئەتوانێ بنووسێ، نابێ لە نووسینی (ئەو جۆرە سەنەدانە) خۆ ببۆیرێ و تەنەخی بکا و خۆ بگرێ، هەروەکوو خوا فێری کردووە، ئەبێ بینووسێ، ئەو کەسەی وا قەرزی لەسەرە و قەرزدارە (بە نووسەرەکەی) بڵێ، لە خوا بترسێ و هیچ بە جێ نەیەڵێ و کەمی نەکاتەوە، جا ئەگەر ئەوەی وا قەرزی لەسەرە کەمئاوەزە یا بێهێزە: یا (لە ڕوانگای ئەقڵەوە) کز بووە، یا نەیدەتوانی ئەوەی پێویستە بچێتە نێو قاقەز بەیانی بکا و بیڵێ، ئەبێ سەرپەرستی ئەو (لەباتی ئەو) دادگەرانە (و بێ کەموکوڕی بە نووسەرەکەی) بڵێ، هەروەها دوو شایەد لە پیاوانی خۆتان (لە موسڵمانان بۆ ئەم کارە) بکەنە شایەد، جا ئەگەر دوو پیاو دەستنەکەوت، پیاوێک و دوو ژن کە ئێوە پێیان ڕازی بن (ئەو دوو ژنە شایەدە ئەبێ پێکەوە بن) تا ئەگەر یەکێکیان لەبیری چوو، ئەوی تریان بیخاتەوە بیری، هەرکاتێ شایەدەکانیان بۆ شایەدیدان بانگ کرد، نابێ خۆ ببۆیرن و خۆ بگرن، لەشقورسی بکەن (قەرز) کەم یا زۆر کە ماوەدار بێ لە نووسینی لەشگرانی و تەمەڵی مەکەن (هەر بینووسن)، مەوداکەشی دیاری بکەن، ئەمە بۆ ئێوە لای خوا دادگەرانەترە و بۆ شایەدی لەسەر دان ڕاستتر و یارمەتیدەرترە، لە دوودڵی نەهێشتن نێزیکترە، مەگەر کڕین و فرۆشتنێ کە نەغد بێ کە لە نێو خۆتان دەس بە دەسی پێ ئەکەن، جا ئەگەر (نەغد بوو) گوناحتان بۆ نییە کە نەینووسن، هەرکاتێ ئەکڕن و ئەفرۆشن شایەدی لەسەر بگرن، نابێ بە شایەد و نووسەر زیانێ بگا، ئەگەر وا بکەن (زیان بە نووسەر یا شایەد بگەیێنن)، بۆ ئێوە گوناحە و لە فەرمانی خوا دەرکەوتوون، لە خوا بترسن، خوا (زانستتان) فێر دەکا، خوا بە هەموو شتێک فرە زانایە ﴿٢٨٢﴾

ئەگەر لە سەفەرا بوون و نووسەرتان دەست نەکەوت (لەباتی نووسراوە) بارمتە وەرگرن، جا ئەگەر بڕواتان بە یەکتر هەبوو، بارمتەی ناوێ، ئەو کەسەی وا دڵنیایی پێکراوە (لە کاتی خۆیدا) قەرزەکەی (بە خاوەنەکەی)، خۆی بداتەوە لە خوایەک کە پەروەرێنەریەتی پەروای هەبێ، شایەدیبوونی خۆیان نەشارنەوە، هەرکەسێ شایەدیدان بشارێتەوە بە دڵ تاوانبار و گیرۆدەیە، خوا بەوەی ئەنجامی ئەدەن فرە زانایە ﴿٢٨٣﴾ ئەوەی وا لە ئاسمان و زەویدایە هی خوایە، ئەوەی وا لە دڵتاندایە، ئاشکرای بکەن یا بیشارنەوە، خوا لەو بارەوە لە ئێوە دەپرسێتەوە، جا هەرکەس کە بیەوێ لێی خۆش ئەبێ (و ئەیبەخشێ)، هەرکەسیش بیەوێ جزیای ئەدا، خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانا و بەوزەیە ﴿٢٨٤﴾ ئەم پێغەمبەرە بەوەی وا لە لای پەروەرندەیەوە بۆی هاتووە، بڕوای هێناوە (بڕوای بە کاری خۆی هەیە)، بڕوادارانیش هەموویان بە خوا و بە مەلائیکەی خوا و بە کتێبە ئاسمانییەکان) و بە پێغەمبەرانی خوا بڕوایان هەیە و هیچ جیاوازییەک لە نێو یەکێک لە ڕەسووڵانی خوا دانانێن، (لە بەرامبەر فەرمانی خوادا) ئەڵێن: بیستمان و فەرمانبەرین (و چاوەڕوانی) لێخۆشبوونی تۆین، ئەی پەروەرێنەری ئێمە! گەڕانەوەشمان بۆ لای تۆیە ﴿٢٨٥﴾ خوا ئەرکی لە توانا بەدەر لە کەس ناکا، مەگەر بە ئەندازەی هێز و توانایی ئەو کەسە خۆی، هەرکەس هەرکارێ (چاک) بکا لەبەر خۆی کردوویەتی، و هەرکارێ (بەدفەڕانەی) کردبێ، بە زیانی خۆیەتی؛ ئەی پەروەرندەی ئێمە! ئەگەر ئێمە لە بیرمان چوو یا هەڵەمان کرد، لێمان مەگرە؛ ئەی پەروەرندەی ئێمە! باری قورس مەخە سەرمان، هەروەکوو خستبووتە سەر ئەوانەی بەر لە ئێمە بوون؛ ئەی پەروەرندەی ئێمە! ئەرکی وا کە لەو زەماندا نییە مەیخە سەرمان، لە گوناحمان خۆشبە و بمانخە بەر مەغفیرەتی خۆت، ڕەحممان پێبکە، جا بەسەر هۆزی کافراندا زاڵمان بکە و یارمەتیمان بدە ﴿٢٨٦﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



# سوورەی بەرەی عیمران ٢٠٠ ئایەتە

**سوورەی بەرەی عیمران لە مەدینە هاتۆتە خوارەوە بە (بسم‌الله)وە ٢٠٠ لایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.
ئەلف، لام، میم ﴿١﴾ ئەڵلا زاتێکی وایە کە بێجگە لەو شتێ‌تر بۆ پەرستن، نییە، خوا هەر زیندووە و بەسەر هەمـوو چت ڕادەگـا ﴿٢﴾ ئەم کتێبە (قورئـان)ی بەرهەق بـۆ تـۆ نـاردووە، بـاوەڕ بەو کتێبـانەش دەکـا کە بەر لەو هـاتوون (لە بەردەسـیەتی) تەورات و ئینجیلیشی لە بەرا هەناردووە ﴿٣﴾ تا بۆ خەڵک ڕێنوێن بـن، فورقانیشـی (قورئانیشـی کە حەق لە نـاحەق جیـا دەکـاتەوە) لەوەو بەدوا نـاردووە، ئەوانەی لە نیشانەکانی خـوا حاشـایان کـردووە؛ جەزرەبەیـان سـەخت و تونـدە، خـوا بەدەسـەڵات و تۆڵەسـێنە ﴿٤﴾ هەرشـتێکی کە لە زەوی و ئاسـماندا بـێ لە خـوا ون نـابێ ﴿٥﴾ هەر خـوایە کە ئێـوە لە منداڵدانی دایکدا بە هەر بیچمێک کە بیەوێ دەگووروێنێ ولە تۆلی دایکتاندا بیچمتان بۆ دیاری دەکـا، (کەوابـوو) بـێجگە لەو هـیچ چتێـک بـۆ پەرسـتن ناشـێ، هەرخۆیشـی دەسەڵاتداری لەکارزانە ﴿٦﴾ هەر ئەویشە کە ئەم کتێبەی بـۆ تـۆ (مـحەمەد) نـاردووە، هەنـدێ لە ئایەتەکـانی پـتەون، ئەم جـۆرە ئایەتـانە بنەڕەتـی ئایەتەکـانی تـرن، هەنـدێ ئایەتیش وەک یەک دەچن و مانای جۆراوجۆر هەڵدەگرن و ئەوانەی وا دەغەڵـن و لە دڵ و دەروونیانـدا بـوغز و دەغەز هەیە بـۆ ئاژاوەنـانەوە، لەوانە پەیـڕەوی ئەکەن (بـۆ لادانـی خەڵـک لە ڕاسـتەڕێگا)، قورئـان بەو جـۆرەی دڵیـان دەیخـوازێ، واتـا و تەئویـل (Hermeneuetics : هێرمینۆتیـک) دەکەن کەچـی بـێجگە لە خـوا و ئەوانەی وا فـرە زانان، نایانزانن ئەم فرە زانانە دەڵێن: ئێمە بە هەمووشیان بڕوامان هێناوە، هەمـووی لە لایەن خوای ئێمەوەن، تەنیا ژیران بیر دەکەنەوە ﴿٧﴾ (فـرە زانایـان لە زانسـتدا دەڵـێن:) ئەی پەروەرندەی ئێمە! دڵ و دەروونمـان، دوای ئەوەی ڕێنوێنیـت کـردین لامەدە و لەلای خۆتەوە ڕەحمەتمان پێ‌ببەخشە، چونکە هەر تـۆی زۆر بەخشـەری ﴿٨﴾ ئەی پەروەرنـدەی ئێمە! لە ڕۆژێکدا کە هیچ شکێک لە ئەودا نییە، تۆ خەڵک خـڕ دەکەیـتەوە، لەو ڕۆژەدا وە بەر بەزەیی خۆتمان بخە) بێ سۆ خوا لە بەڵێنی خۆی لانادا ﴿٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دیارە ئەوانەی کە لە خوا و نیشانەکانی خوا حاشایان کردووە، ماڵ و منداڵیان ئەوان لە خوا بێ نیاز ناکەن (ناتوانن ئەوان لە ئاگر ڕزگار بکەن)، حاشاکەران، دەسەچیلەی ئاگرن ﴿١٠﴾ (خووی ئەوانەش) وەکوو خووی فیرعەونییان و کەسانێکە کە بەر لەوان بوون، کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ ئەخستەوە، جا خوا ئەوانی لە سزای تاوانی خۆیان گرتنی؛ سزای خوا سەخت و دژوارە ﴿١١﴾ بەوانە وا کافر بوون، بڵێ: (لەوەی کە بە ڕواڵەت لە شەڕی ئوحود سەرکەوتن سەرخۆش نەبن، بەم زووانە تێ‌دەشکێن (و لە قیامەتدا) بەرەو جەهەندەم ڕەپێچەک دەدرێن و کۆ ئەکرێنەوە و ئەوێ چەند جێگایەکی خراپە ﴿١٢﴾ لەو دوو تاقمە کە (لە جەنگی بەدردا) لە بەرامبەر یەکتر ڕاوەستان، نیشانە (و پەند و ئامۆژگارییەک) بۆ ئێوە بوو، تاقمێ لە ڕێگای خوادا جەنگیان دەکرد، وە تاقمێ تریش کە کافر بوون بە چاوی خۆیان (تاقمی بڕوادارانیان) بە دوو بەرانبەری ئەوەی هەبوون، ئەیاندی (هەر ئەمەش بووە هۆی ترس و تێشکانی کافران)، خوا هەرکەس کە بیەوێ (و بە شیاوی بزانێ) یارمەتی ئەدا و سەری ئەخا، لەم (مەسەلەدا) بەڕاستی لەمەدا ئامۆژگارییەک بۆ خاوەنبیران هەیە ﴿١٣﴾ خۆشەویستی ئارەزووە نەفسانییەکان بۆ خەڵک ڕازاوەتەوە کە بریتییە لە ژنان، زارۆڵە، کیسەی هەراوی زێڕ و زیو، ڕەوە ئەسپی خۆشڕەنگ و بە درووشم و نیشانەی تایبەت و پڕ خاڵ، وڵسات و مەڕومالآت، کشتوکاڵ، ئەمانە کالآی ژیانی دنیان و سەرئەنجامی چاک لای خوایە ﴿١٤﴾ بڵێ: ئایا ئەتانەوێ ئێوە لە شتێ چاتر (لە تەواوی ئەم سەرمایەی دنیایی) ئاگادار بکەم؟ بۆ پارێزگاران لای پەروەرێنەریان باغ و بێستانگەلێک هەیە کە چۆمە ئاو بە بن (دارەکانیدا) تێئەپەڕێ، ئەوانیش بۆ هەمیشە لەوێدا ئەمێننەوە، ژنانی پاک و خاوێن و بێ‌گەرد سەرەڕای ئەمانەش ڕەزای خوایان پێ دەگا، خوا چاوی لە بەندەکانی خۆی هەیە ﴿١٥﴾

(پارێزگـاران) کەسـانێکن کە ئەڵـێن: ئەی پەروەرێـنەری ئێمـە! (بە تـۆ و پێغەمـبەران و بە پەراوەکـانی تـۆ) بڕوامـان هێنـا، جـا گوناحـانی ئـێمە ببەخشـە و ئـێمە لە عەزابـی ئـاگری (جەهەندەم بپـارێزە ﴿۱۶﴾ تابشـتهێـنەران (لە بەرامـبەری کەنـد و کۆسـپدا) و ڕاسـتبێـژان (بـڕوادار) و فەرمـانبەران (نوێژخوێنـان بە هەمیشـەیی) و بەخشـەران (لە ڕێگـای خـوادا) و ئەوانەی وا لە بەرەبەیاناندا، داخوازی لێخۆشبوونن (خۆپارێزن لە جەزرەبەی خوا) ﴿۱۷﴾ خـوا و مەلائـیکە و زانایـان شـایەدی ئەدەن کە بـێجگە لەو هـیچ چتـێ بـۆ پەرسـتن نـابێ و نـیـیە، خوایەکە کە ڕاگری دادگەریـیە، هـیچ خـوایێ بـێجگە لەو نـیـیە و بەدەسـەلات و لەکارزانیشـە ﴿۱۸﴾ تەنیا دینێ (کە لای خوا قەبووڵە) ئیسلامە (تەسلیم لە بەرانـبەر هەقـدا)، ئەوانەی کە کتێبیان پێدرابوو جیاوازییان نەکرد، مەگەر دوای ئەوەی کە ئاگادار بوون، بەڵام لەبەر ئێرەیی کە لە نێو خۆیاندا هەبوو دەسیان کردە دژایەتی (لەگەڵ ئیسـلام)، هەرکەسـێ کە ئـایەتی خـوا ئینکار بکا ئەبێ بزانێ کە خوا بەپەلە و بەلەز لێیان دەپرسێتەوە و پێیان ڕادەگـا ﴿۱۹﴾ ئەگەر (لە دین) لەگەڵ تـۆدا محاجێنیـان کـرد، بلّـێ: مـن و پەیـڕەوانم خۆمـان بە خـوا سپاردووە و ڕوومان لەوە، بە خاوەن کتێب (جوولەکە و فەلە) و نەخوێندەواران بلّێ: ئایا ئێوەش خۆتان داوە بە دەس خواوە؟ ئەگەر بڕوا بێنن و خۆ بە دەسەوە بدەن، ڕێنوێنی بوون، ئەگەر (لە ئیسـلام) ڕوو وەربگێـڕن (ئەبـێ بـزانن) ئەرک و ئەسـپاردەی تـۆ تەنیـا گەیانـدنی پەیـامی خـوایە، خـوا بە بـــــەندەکانی بینـایە ﴿۲۰﴾ ئەوانەی نیشـانەکانی خـوا ئینکـار ئەکەن و بـــە نـاهەق پێغەمـبەران دەکـوژن، ئەو کەسـانەیش دەکـوژن وا دەسـتوور ئەدەن بە خەڵـک کە دادگەر بـن (تـۆیش ئەی پێغەمـبەر) بە ئـازاری دەرداوی مزگێنیـان بـدەیێ ﴿۲۱﴾ ئەوانە کەسـانێکن کە (شـوێنەواری) هەمـوو کـارە چاکەکانیـان لە دنیـا و ئاخیرەتـدا بە فیـڕۆ چـووە، و یـار و یارمەتیدەرێکیان بۆ نییە ﴿۲۲﴾

ئایا ئەوانەی کە لە کتێبی (ئاسمانی) بەهرەیەکیان پێدرابوو، نەتدی (و نەتزانی) بۆ لای کتێبی خوا بانگ ئەکران تا (ئەو کتێبە) لە ناویاندا داوەری بکا، لە پاشان هەندێک لەوانە ڕوویان وەرگێڕا، ئەوانە لە ڕووەرگێڕاوەکانن ﴿٢٣﴾ ئەم پشت کردنەی ئەوان لەبەر ئەمە بوو کە ئەیانوت: بێجگە لە چەن ڕۆژێ ئاگری (جەهەندەم) هەرگیز لێمان ناکەوێ (و نامانگرێ)، ڕزگار دەبین؛ ئەم درۆ و دەلەسانە کە هەڵیانبەستبوو، ئەوانی لە دینەکەیاندا فریو دابوو (و لە هەق لای دابوون) ﴿٢٤﴾ جا دەبێ چلۆن بن ئەو کاتەی وا ئەوان لە ڕۆژێکدا کە هیچ شک لە هەبوونی (قیامەت) نییە، کۆیان دەکەینەوە و هەرکەس بە سزای دەسکەوتی کار و کردەوەی خۆی ئەگا، و ستەمیش لە کەس ناکرێ ﴿٢٥﴾ بڵێ: ئەی خوای خاوەن موڵک و بەدەسەڵات! بە هەرکەس کە بتەوێ موڵک و دەسەڵاتی پێئەدەی و لە هەرکەسیش کە بتەوێ موڵک و دەسەڵاتی لێ دەستێنیەوە، بە هەرکەسیش کە بتەوێ بەڕێزی ئەکەی و هەرکەسیش کە بتەوێ سووک و چرووکی ئەکەی، هەموو چاکەیەک بە دەس خۆتە، بەڕاستی تۆ بە سەر هەموو شتێکدا بەتوانا و دەسەڵاتداری ﴿٢٦﴾ شەو ئەبەیتە ناو ڕۆژ و ڕۆژیش ئەبەیتە ناو شەو، زیندوو لە مردوو دەردێنی و مردویش لە زێندوو دەردەخەی و بە هەرکەس بتەوێ بێ ژمارە، ڕسق و ڕۆزی پێ ئەدەی ﴿٢٧﴾ بڕواداران نابێ حاشاکەران لە خوا لەباتی بڕواداران بە دۆست (و پشتیوان) بگرن، هەرکەس ئەوە بکا بەشی بە خواوە نامێنێ، مەگەر لێیان بترسن و بە ناچار پێیان بڵێن دۆستی ئێوەن؛ خوا هەر لە خۆی دەتانترسێنێ، (بزانن) گەڕانەوە(ی هەمووتان) بۆ لای خوایە ﴿٢٨﴾ بڵێ: ئەگەر ئەوەی لە سینگتاندایە بیشارنەوە یا ئاشکرای بکەن، خوا پێ ئەزانێ، و بەوانەی وا لە ئاسمانەکان و زەویدان ئاگادارە، خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە و خاوەن دەسەڵاتە ﴿٢٩﴾

دكتورسالح ئیبراهیمی



ڕۆژێ هەرکەس، هەر کارێکی کردبێ حازر بە چاو ئەیبینێ، و هەر کارێکی خراپیشی کردبێ ئەیبینێ، و پێی خۆشە لە نێوان خۆی و ئەو کارە بەدفەڕەی وا کردوویەتی، مەودایەکی زۆر ببوایە، خوا ئێوە لە (سزادانی) خۆی دەپرینگێنێتەوە و خوا سەبارەت بە بەندەکانی خۆی زۆر دلۆڤانە ﴿٣٠﴾ بلێ: ئەگەر خواتان خۆشدەوێ لە من (محەمەد) پەیڕەوی بکەن تا خوا ئێوەی خۆشبوێ و گوناحتان بوەرێنێ، خوا لێبور و فرە دلاوێنە ﴿٣١﴾ بلێ: لە خوا و ڕەوانەکراوەکەی خوا پەیڕەوی بکەن، جا ئەگەر ڕوو وەرگێڕن، (بزانن کە) بەڕاستی خوا کافرانی خۆشناوێ ﴿٣٢﴾ خوا ئادەم و نووح و نەتەوەی ئیبراهیم و بەرەی عیمرانی لە ناو جیهانیاندا هەڵبژراد و ڕێزی زیاتری پێدان ﴿٣٣﴾ ئەوانە زارۆک و تیرەیەکن (کە لە ڕوانگای هەڵبژاردندا) هەندێ لە هەندێترن، خوا بیسەر و فرە زانایە ﴿٣٤﴾ (بێنەوە بیر) ئەو دەمەی کە ژنی عیمران وتی: ئەی پەروەرندەم! ئەوەی لە زگمدایە لە قەبەڵ (نەزری) تۆم کردووە (بۆ خزمەتی ماڵی تۆ) ئازادە، جا (ئەم بارمتەم) لێ قەبووڵ بکە، چونکە بەڕاستی تۆ بیسەر و فرە زانای ﴿٣٥﴾ جا کاتێ منالی بوو، وتی: بە هەقیقەت ئەی پەروەرندەم! (خۆ) کچم بووە، خوا زاناترە کەچی کوڕ وەکوو کچ نییە، من ئەوەم ناو نا مەریەم، ئەو و زارۆکەکانی ئەخەمە پەنای تۆ تا لە شەڕی شەیتانی نەحلەتی دوور بن ﴿٣٦﴾ خوا (مەریەمی) بە شێوەیەکی جوان قەبووڵ کرد و ئەوی (هەروەک نەمامێک) ڕواندی و بە چاکی بەخێو و پەروەردەی کرد، باریهێنا و زەکەریای کردە سەرپەرستی ئەو، هەرکاتێ زەکەریا لە میحراوا سەری دەدا. لای (مەریەم) پێبژیو و ڕسق و ڕۆزییەکی فرەی ئەدی، ئەیوت: ئەی مەریەم! ئەمەت لەکوێ بوو؟ (لە وەڵامدا) ئەیوت: ئەمە لە لایەن خواوەیە، کە هەرکەس کە خوا بیەوێ ڕسق و ڕۆزی بێ ژماری پێ ئەدا ﴿٣٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



لەوێوە زەکەریا (بە دیتنی ئەو هەموو شیاوییە لە مەریەمدا) بانگی خوای کرد وتی: ئەی پەروەرندەم! لەلایەن خۆتەوە زارۆکێکی پاک (و بەختەوەر)م پێ ببەخشە، چونکە بەڕاستی تۆ بیسەر (و وەرگری) دوعا و پاڕانەوەی ﴿٣٨﴾ لە حاڵێکدا کە ئەو (زەکەریا) لە میحرابدا ڕاوەستابوو (خەریکی دوعا و نوێژکردن بوو) فریشتەی ئێمە هەرای لێکرد، کە خوا مزگێنیت پێ ئەدا بە یەحیا، (کەسێ) کە بێژەی خوا (مەسیح) دەسەلمێنێ و مەزن و خۆڕاگرە، پێغەمبەرێکە لە چاکان ﴿٣٩﴾ (زەکەریا) وتی: ئەی پەروەرندەم! چلۆن منالم ئەبێ کە خۆم پیرم و ژنەکەشم نەزۆکە؟ وتی: بەو جۆرە خوا هەرکارێ ئارەزووی بێ ئەنجامی ئەدا ﴿٤٠﴾ (زەکەریا) وتی: ئەی پەروەرێنم! نیشانەیەکم بۆ دابنێ، (خوا) فەرمووی: نیشانەت ئەوەیە کە سێ ڕۆژ لەگەڵ خەڵکدا قسە ناکەی، مەگەر بە ڕەمز و هێما، پەروەرندەی خۆت زۆر یاد بکە، لە دەمەدەمی شەو و بەرەبەیانیاندا زیکر و یادی خوای خۆت بکە ﴿٤١﴾ (بێنەوە بیر) ئەودەمەی مەلائیکە وتیان: ئەی مەریەم! خوا تۆی هەڵبژارد و پاک ڕایگرتی (و بەم هەڵبژاردنە) تۆی لە چاو ژنانی جیهان بەڕێزتر داناوە ﴿٤٢﴾ ئەی مەریەم! بۆ پەروەرێنەرت خۆ بە کەمزان و بێخەوش بە، سوژدە بەرە (بۆ خوا) و لەگەڵ کوڕنشبەراندا کوڕنش و ڕوکووع بەرە ﴿٤٣﴾ ئەمە لەو قسە و باسانەن کە تۆ ئاگات لێیان نەبوو دەیخەنە دڵی تۆوە و تۆ لای ئەوان نەبووی کە قەڵەمەکانیان (بۆ پشکهاویشتن) تووڕ هەڵدەدا و فڕێدەدا و ئەخستە (ناو ئاو) تا (دەرکەوێ) کامەیان دەبێتە سەرپەرستی مەریەم، (هەروەها تۆ لای ئەوان نەبووی کە لەگەڵ یەک کێشەیان بوو) ﴿٤٤﴾ ئەوساکە مەلائیکە وتیان: ئەی مەریەم! بەڕاستی خوا بە بێژەیەکی خۆی مزگێنیت پێ دەدا (کوڕت دەبێ) و بە ناوی مەسیح عیسای کوڕی مەریەم (ناودار دەبێ) و ئابڕوودارە و لە نێزیکانیشە بە قاپیەی خوا. ﴿٤٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

لەگەڵ خەڵک لە لانکدا و لە پیریدا قسە دەکا و لە چاکانە ﴿٤٦﴾ مەریەم وتی: ئەی پەروەرێنەرم! جا چلۆن منالم ئەبێ کە هیچ پیاوێک خۆی لێ نەداوم؟ فەرمووی: خوا بەمجۆرە هەرچی بیهەوێ خەڵقی دەکا، چونکە هەرکاتێ بیهەوێ شتێک بهێنێتە دی، تەنیا فەرمان ئەدا ببە و ئەویش دێتە دی و ئەبێ ﴿٤٧﴾ خوا بەو (بە عیسا) کتێب و لەکارزانی و تەورات و ئینجیل فێر ئەکا ﴿٤٨﴾ خوا (عیسا)ی (بە ناوی) پێغەمبەرێک بۆ لای بەرەی ئیسرائیل (نارد، تا پێیان بڵێ) من نیشانەیەکم لە لایەن پەروەرێنەرتانەوە بۆ هێناون، من لە گڵ شتێ وەکوو باڵندە دروست ئەکەم و لە پاشان فووی تێ ئەکەم، بە فەرمانی خوا ئەبێتە باڵندەیەک، هەروا کوێری زگماکی و (پێستی) بەڵەک چاک ئەکەمەوە و مردوو بە ئیزنی خوا زیندوو ئەکەمەوە، لەوەی ئەیخۆن و یا لە ماڵدا ئازووخەی دەکەن (ئاگادارم و) خەبەرتان ئەدەمێ، بەڕاستی لەمانەدا نیشانەیەک بۆ ئێوە هەیە، ئەگەر بڕوادار بن ﴿٤٩﴾ بەو تەوراتەی وا لامە بڕوادارم و برێ شت کە بۆتان ناڕەوا حەرام بوو، ڕەوای دەکەم بۆتان. نیشانەیەکم لە لایەن خواوە بۆتان هێناوە، جا خۆتان لە (نافەرمانی) خوا بپارێزن و فەرمانم بەرن بەڕێوە ﴿٥٠﴾ بەڕاستی خوا پەروەرێنەری من و ئێوەیە کەوابوو ئەو بپەرستن، ئەمەیە ڕێگای ڕاست ﴿٥١﴾ جا کاتێ عیسا هەستی بەوە کرد کە بەرەی ئیسرائیل بڕوای پێ ناهێنن، وتی: بۆ بەرەو لای خوا چوون، کێ یار و هاوڕێمە، حەواریوون وتیان: ئێمە یاوەری خواین، بە خوا بڕوامان هێناوە و (تۆیش) شایەد بە کە بەڕاستی خۆمان بە خوا سپاردووە و ئێمە خۆمان بە خوا سپاردووە ﴿٥٢﴾

ئەی پەروەریێنەری ئێمە! بەوەی وا ناردووتە، بڕوامان هێناوە و لە پێغەمبەری (تۆ) پەیڕەویمان کرد، جا ئێمە لەگەڵ شایەدیدەران بنووسە ﴿٥٣﴾ (یەهوود) نەخشەیان کێشا و خوایش چارەی کرد، خوا باشترین (کارسازە و) چارەکەرە و چارەسازە ﴿٥٤﴾ (بێنەوە بیر) ئەو دەمەی خوا فەرمووی: ئەی عیسا! بەڕاستی تۆ ئەمرێنم و بەرزت ئەکەمەوە بۆ لای خۆم و لەوانەی کافر بوون، پاکت دەکەمەوە و ئەوانەی وا پەیڕەوییان لە تۆ کرد، تا ڕۆژی قیامەت بەرزتر لە کەسانێ کە کافر بوون ڕایاندەگرم، لە دواییدا گەڕانەوەتان بۆ لای منە و لە نێوانتان لەوەی وا جیاوازیتان تێدا هەبوو، داوەری دەکەم ﴿٥٥﴾ بەڵام ئەوانەی وا کافر بوون لە دنیا و قیامەتدا سەخت ئازار ئەدەم، و یارمەتیدەرانێکیان بۆ نییە ﴿٥٦﴾ بەڵام ئەوانەی کە بڕوایان هێنا و کاری چاکیان کرد، خوا پاداشی ئەوان بە تەواوی ئەداتەوە، خوا ستەمکارانی خۆش ناوێ ﴿٥٧﴾ (ئەی محەمەد!) ئەمەی کە بەسەر تۆیدا دەیخوێنینەوە، لە نیشانەکان و وەبیرهێنەرن بۆ کارزانی ﴿٥٨﴾ بەڕاستی نەقڵی عیسا لای خوا، هەروەکوو نەقڵی ئادەمە کە لە خاک بەدیهێناوە و لە دواییدا پێی فەرموو ببە، ئەویش هاتە بوون ﴿٥٩﴾ ئەم حەقە لە پەروەریێنەرتەوەیە، کەوابوو لە دوودڵان مەبە ﴿٦٠﴾ جا دوای زانست و ئاگادار بوونێ کە (لە بابەت عیساوە) بە تۆ گەییوە، (هێشتا) کەسانێک لەگەڵ تۆدا دەکەونە محانجێن، جا پێیان بڵێ: وەرن ئێمە کوڕانی خۆمان بانگ ئەکەین، ئێوەش کوڕانی خۆتان، ئێمە ژنانی خۆمان و ئێوەش ژنانی خۆتان، ئێمە (پیاوانی) خۆمان بانگ ئەکەین و ئێوەش (پیاوانی) خۆتان، جا لە پاشان دەس بکەین بە لاڵە و نزا، و نەفرینی خوا بنێرین بۆ ئەوانەی درۆزنن ﴿٦١﴾

بەڕاستی ئەمەیە ئەو بەسەرهاتە هەقە (ی عیسا)،یە و بێجگە لە خوای (تاقانە و بێ‌لف) نەبێ کەس بۆ پەرستن نابێ، هەر ئەویشە خوای بەدەسەلات و لەکارزان ﴿٦٢﴾ بڵێ: ئەی ئەهلی کتێب! وەرن با لەسەر واژەیەک کە لە نێوان هەمووماندا یەکسانە کۆ بینەوە (ئەویش ئەمەیە) کە بێجگە لە خوا کەسێ‌تر نەپەرستین و هیچ شتێک نەکەینە هاوبەشی ئەو، هەندێ لە ئێمە هەندێ‌تر لەباتی خوا نەکەینە خوا و پەروەرێنەر بۆ خۆمان، جا ئەگەر روویان وەرگێڕا و خۆیان بوارد پێیان بڵێن: شایەد بن کە بەڕاستی ئێمە خۆمان بە خوا سپاردووە. ﴿٦٣﴾ جا ئەگەر روو وەرگێڕن بەڕاستی خوا ئاگای لە (کاری) خراپەکارانە ﴿٦٤﴾ ئەی ئەهلی کتێب! بۆچی لەبابەت ئیبراهیمەوە محانجێن لەگەڵ یەکترا دەکەن، کەچی تەورات و ئینجیل دوای ئەو هاتوون، بۆچ ئەقڵی خۆتان ناخەنە کار؟ ﴿٦٥﴾ ئێوە هەر ئەوانەن لەبابەت ئەوەی وا پێی زانا و ئاگادار بوون محانجێنتان کرد، ئەی بۆچ لەبابەت ئەوەی وا زانستتان پێی نییە، محانجێن و شەڕەقسەی تێدا ئەکەن؟ خوا ئەزانێ و ئێوە نازانن ﴿٦٦﴾ ئیبراهیم نە جوولەکە بوو، نە مەسیحی، بەڵکوو خوا بەیەکزان و یەکتاپەرستێک بوو خۆی بە خوا سپاردبوو و لەوانەش نەبوو کە هاوبەشیان بۆ خوا دانابوو ﴿٦٧﴾ نێزیکترینی خەڵک بە ئیبراهیم کەسانێکن کە پەیڕەوییان لەو کرد و ئەم پێغەمبەر(ی ئیسلام)ە و کەسانێ کە بڕوایان پێی هێناوە، خوا یار و یاوەری بڕوادارانە ﴿٦٨﴾ تاقمێ لە خاوەن کتێب بەتەمان ئێوە لە ڕێگا لادەن، کەچی نازانن کە ڕێ هەر لە خۆیان دەگۆڕن ﴿٦٩﴾ ئەی خاوەن کتێب! بۆ حاشا لە نیشانەکانی خوا دەکەن؟ هەرچەندە دەیشزانن ڕاستە و شایەدیش لە سەر (بەهەقانییەتی قورئان) ئەدەن ﴿٧٠﴾

ئەی ئەهلی کتێب! بۆچی ڕەوا بە ناڕەوا دادەپۆشن و ڕاست و ڕەوا ئەشارنەوە، لە کاتێکا ئێوە (ئەمە) ئەزانن چ کارێک دەکەن ﴿٧١﴾ تاقمێ لە ئەهلی کتێب وتیان: بەوەی بۆ بڕواداران هاتووە و نازڵ بووە، لە سەرەتای ڕۆژ و دانی بەیانی بڕوا بێنن و سەرلەنگۆری و لای ئێواری و لە ئاخری ڕۆژا لێیان پەشیمان بنەوە (و بگەڕێنەوە)، بەڵکوو ئەوانیش (لە دینی خوا) بگەڕێنەوە ﴿٧٢﴾ بێجگە لەو کەسەی کە پەیڕەوی لە دینی ئێوە دەکا (بەدڵ)، بە کەس بڕوا مەهێنن، بڵێ: ڕێنوێنی ڕاست هەر ڕێنوێنی خوایە و شارەزاییش بە کەسێک بدا هەروەک ئەوەی بە ئێوەی داوە (ئەگەر وتیان) کێشەکەتان دەبەینە لای پەروەرندەتان، بڵێ چاکە بە دەس خوایە؛ کێ حەز بکا چاکەی لەگەڵ دەکا خوا خاوەن چاکەی پەرەدار و فرە زانایە ﴿٧٣﴾ هەرکەس کە خوا بیەوێ تایبەت بە ڕەحمەتی خۆی ئەکا، خوا خاوەن فەزیلەتێکی گەورەیە ﴿٧٤﴾ هەندێ لە ئەهلی کتێب هەن کە ئەگەر ماڵی زۆریان بە ئەمانەت پێ بسپێری، پێت ئەدەنەوە، هەندێ لەوانەش هەن، ئەگەر دینارێکیان پێ بسپێری، ناتدەنەوە، مەگەر هەمیشە لەسەریان ڕاوەستی، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە دەڵێن: ئێمە لە ڕاست نەخوێندەوارانەدا بەرپرس نین، درۆ بە دەم خوا ئەبەستن و ئەمەش دەزانن (کە درۆ ئەکەن) ﴿٧٥﴾ بەڵێ هەرکەس بە پەیمانی خۆی وەفا بکا و پارێزگاریش بێ، جا بەراستی خوا پارێزگارانی خۆشدەوێ ﴿٧٦﴾ بەڕاستی کەسانێ کە پەیمانی خوا و سوێندەکانی خۆیان بە نرخێ کەم ئەفرۆشن، ئەوانە بەهرە و بەشیان لە ئاخیرەتدا بۆ نییە، خوا قسەیان لەگەڵدا ناکا و لە ڕۆژی قیامەتدا خوا ڕوویان تێناکا و (لە گوناح) پاکیان ناکاتەوە، بۆ ئەوان عەزابی دژوار و ئێشهێنەر هەیە ﴿٧٧﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



لە نێو ئەوانە (جوولەکە)دا تاقمێ هەن کە (لەکاتی) خوێندنی کتێبی خوا) زمانی خۆیان وەها لـوول دەدەن کە ئێـوە بـکەونە گومـانەوە (ئەوەی وا دەیخـوێنن) لە کتێبـی (خـوای) بـزانن لە حاڵێکـدا (ئەو قسـە لـە) کتێبـی خـوادا نییـە، (تەنـانەت بە ئاشـکرا) دەڵـێن: ئەوە لە لایەن خواوەیە، باوەکوو ئەوە لە لایەن خواوە نییە، و درۆ بە دەم خواوە ئەکەن و ئەشزانن (قسـەکەیان درۆیە) ﴿٧٨﴾ بۆ هیچ مرۆیەک شیاو نییە کە خوا کتێبی پێ بدا و فێری کارزانی بکـا و پـلەی پێغەمـبەری پـێ بـدا، لە دوایيـدا بە خەڵـک بڵـێ: مـن بپەرسـتن نەک خـوا، بەڵکـوو ئەڵـێ: خەڵکێکی خوایی بن (خووی چاکی خوایی بگرن)، بەو جۆرە کە کتێبی خوا فێر دەکەن و دەرس دەخوێنن ﴿٧٩﴾ فەرمانتان پێ نـادا کە مەلائـیکە و پێغەمـبەران بـکەن بە پەروەرێـنەر، ئایـا دەستووری کافر بوونتان پـێ ئەدا، دوای ئەوەی کە تەسـلیمی خـوا بـوون ﴿٨٠﴾ (بێـنەوە بیـر کاتێ کە خـوا بەڵێنـی پـتەوی لە پێغەمـبەران (و پەیڕەوانـی ئەوان) وەرگـرت کە لە کـاتێ کە زانستمان بە ئێوە دا لە دوایيدا پیغەمبەرێک هاتە لاتان کە ئەوەی لاتـانە بەڕاسـت ئەزانـێ و تەسدیقی ئەکا و ئەیسەلمێنێ، دەبێ ئیمانی پی بهێنن و یارمەتی بدەن، جا بەوانەی وت: ئایا بڕواتان بەوە هەیە و پەیمان و بەڵێنی پتەوتان لەسەر گرێداوە؟ وتیان: (بەڵـێ) بڕوامـان هەیە، (خوا) بەوانەی وت: جا (لەسەر ئەم بەڵێنە) شـایەد بـن، مـنیش لەگەڵ ئێـوەدا شـایەدم ﴿٨١﴾ کەوایە هەرکەسێ لەمەودوا لە (بەڵێنی پتەوی خۆی) ڕوو وەربگێـڕێ، جـا ئەوانە لە ڕێ لادەرن ﴿٨٢﴾ ئایا ئەوانە دینی غەیری خوایان دەوێ؟ لە حاڵێکدا ئەوانەی وا لە ئاسمانەکان و زەویدان چ بیانەوێ و چ نەیانەوێ لە بەرانبەر ئەودا (خوا) ملکەچ و تەسلیم بـوون، هەمـوویش بـۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە ﴿٨٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بڵێ: بڕوامان هێناوە، بە خوا و بەوەی وا بۆ ئێمە هاتووە و نازڵ بووە، و بەوەی وا بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و بۆ نەتەوەکەیش نازڵ بووە، و بەوەی وا بە مووسا و عیسا و بە پێغەمبەران لە لایەن پەروەرێنەریانەوە پێیان دراوە، لە نێوان هیچیان جیاوازی دانانێین و ئێمەیش خۆ بە دەسەوەدەری ئەوین ﴿٨٤﴾ هەرکەسێ بێجگە لە ئیسلام (تەسلیم لە راست خوادا)، دینێتر هەڵبژێرێ، جا (هەرگیز) لێی قەبووڵ ناکرێ و ئەو کەسە لە ڕۆژی بەرێدا لە زیان لێکەوتووان ئەبێ ﴿٨٥﴾ چلۆن خوا هۆزێک ڕێنوێنی ئەکا، کە دوای بڕوا هێنان و شایەدیدان بە هەقانییەتی پێغەمبەر و ڕەسووڵ، و هاتنی نیشانە ڕوونەکان بۆ ئەوانە، کافر بوون، خوا دەستەی ناحەقیکاران و ستەمکاران ناخاتە سەر ڕاستەڕێ ﴿٨٦﴾ جەزای ئەوانە نەحلەت ونەفرینە لە خواوە و لە مەلائیکەی خوداوە و لە هەموو خەڵکی دنیاوە ﴿٨٧﴾ بۆ هەمیشەیش لەو نەفرینەدا ئەمێننەوە، ئازاریان سووک نابێ و مۆڵەتیش نادرێن ﴿٨٨﴾ مەگەر ئەوانەی وا دوای ئەوە پەشیمان بوونەوە و تۆبەیان کرد و خۆیان چاک کرد، جا بەڕاستی خوا لێبور و دڵلاوێنە ﴿٨٩﴾ بەڕاستی ئەوانەی وا دوای بڕوا هێنان کافر بوون و لە پاشان کوفری خۆیان زیاد کرد (پێیان چەقاند) هەرگیز تۆبەیان قەبووڵ ناکرێ، هەر ئەوانەشن لارێ و گومرا ﴿٩٠﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە کافر بوون و بە کوفریشەوە مردن، جا ئەگەر ڕووی زەوی لە زێڕ تەژی بکەن و (لە کەفارەتی گوناحیاندا) بیدەن، هەرگیز لێیان قەبووڵ ناکرێ، بو ئەوانە عەزابێ سەخت هەیە، و هیچ یار و یاوەرێکیشیان بۆ نابێ (تا فریایان بکەون) ﴿٩١﴾

هەرگیز ناگەنە چاکە (چاکی و بەهەشت)، مەگەر لەوەی وا خۆشتان دەوێ ببەخشن، جا بەڕاستی هەر شتێکیش ببەخشن خوا پێی ئاگا و زانایە ﴿٩٢﴾ هەموو (خۆراکە پاکەکان) بۆ بەرەی ئیسرائیل ڕەوا و حەڵاڵ بوون، بێجگە لەوەی کە ئیسرائیل (یەعقووب) بەر لە ناردنی تەورات، لەسەر خۆی حەرامی کردبوو، بڵێ: ئەگەر ڕاست ئەڵێن، تەورات بێنن و بیخوێننەوە، ئەگەر ڕاستبێژن ﴿٩٣﴾ کەوابوو ئەوانەی دوای ئەمە درۆ بە (دەم) خوا هەڵبەستن، جا ئەوانە ستەمکارن ﴿٩٤﴾ بڵێ: خوا ڕاستی فەرمووە کە ئەمانە لە ئایینی پاکی ئیبراهیمدا نەبوون، جا کەوابوو لە ئایینی ئیبراهیم پەیڕەوی بکەن کە هۆگری هەق بوو، لەوانەش نەبوو کە هاوبەش و هاولفیان بۆ خوا دائەنا ﴿٩٥﴾ بەڕاستی یەکەم خانوویەک کە بۆ خەڵک (و پاڕانەوە لەبەر خوا) ساز درا مەککەیە کە پڕ پیت و بەرەکەت و هۆی هیدایەت و ڕێنوێنی جیهانیانە ﴿٩٦﴾ لەو خانووەدا نیشانەگەلێ ڕوون هەیە، (وەکوو) مەقام و جێی ڕاوەستانی ئیبراهیم، هەرکەس بچێتە ئەوێ لە ئەماندایە، بۆ خوا لەسەر خەڵکە بچنە خانوو (ی خوا)، ئەوانەی کە بۆیان بلوێ و بۆیان دەس بدا و توانایی ڕۆیشتنیان بۆ ئەوێ هەبێ، هەرکەسیش حاشا بکا، بەڕاستی خوا لە هەموو جیهانیان بێنیازە ﴿٩٧﴾ بڵێ: ئەی ئەهلی کتێب! بۆ بە نیشانەکانی خوا (حەڵاڵ بوونی خۆراک و گۆڕانی ڕووگە) کافر ئەبن باوەکوو خوا لەسەر کار و کردەوەتان شایەدە ﴿٩٨﴾ بڵێ: ئەی ئەهلی کتێب بۆچی کەسانێ کە بڕوایان هێناوە لە ڕێگای خوا ئەیانگێڕنەوە (و ڕێگای خوایان لێدەگرن) و ئەتانەوێ ئەم ڕێگایە خوار و خێچ و لار و نارێک نیشانبدەن، لە حاڵێکدا (بە هەقیقەتی ئەم ڕێگایە) شایەدن، خوا لە کردەوەی ئێوە غافڵ نییە ﴿٩٩﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! ئەگەر لە تاقمێک لەوانەی کە کتێبیان پێدراوە (و کاریان ئاگر خۆش کردنە) پەیڕەوی بکەن، ئێوە لە بڕوا هێنانەوە ئەگێڕنەوە سەر خوانەناسی و بێ بڕوایی ﴿١٠٠﴾

چلۆن حاشادەکەن، لە حالێکدا ئایاتی خوا بەسەر ئێوەدا ئەخوێندرێتەوە و پێغەمبەری ئەو لە نێو ئێوەدایە؟ هەرکەس (ڕێگای) خوا بگریّ بەڕاستی بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنوێنی کراوە ﴿۱۰۱﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، بەو جۆرەی کە پێویستە خۆ لە (نافەرمانی خوا) بپارێزن، نەمرن مەگەر لە حالّی تەسلیم بوون بە خوا ﴿۱۰۲﴾ هەموو دەس بگرن بە عەهد و پەیمانی خواوە و لێک جیا مەبنەوە، نیعمەتێ کە خوا پێی داون بیهێننەوە بیر، ئەو دەمەی کە دوژمنی یەکتر بوون، جا دلّ و دەروونی ئێوەی یەک خست، جا لە سوێنگەی نیعمەتی ئەو (خوا) بوونە برا (ی دینی یەکتر)، ئێوە لەسەر لێواری هەلّدێری (پڕ) لە ئاگردا بوون، جا ئێوەی ڕزگار کرد، ئا بەمجۆرە خوا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە بەیان دەکا تا بەلّکوو بکەونە سەر ڕێگای ڕاست ﴿۱۰۳﴾ ئەبێ لە نێو ئێوەشدا تاقمێک (هەبێ کە خەلّک) بۆ چاکە کردن بانگ بکەن و فەرمان بە چاکە بدەن و نەهی و بەرگیری لە کردەوەی ناحەز بکەن، هەر ئەمانەش ڕزگارن ﴿۱۰۴﴾ وەکوو کەسانێ مەبن کە لێک جیا بوونەوە و دژایەتییان لەگەلّ یەکا کرد، (ئەویش) دوای ئەوەی نیشانە ڕوونەکانی (پەروەرێنەریان) پێگەیی، بۆ ئەمانە عەزابی گەورە هەیە ﴿۱۰۵﴾ ڕۆژێکە، هەندێ ڕوویان سپی و هەندێ ڕوویان ڕەش هەلّدەگەڕێ، بەلاّم ئەوانەی وا ڕوویان ڕەش هەلّگەڕاوە، (پێیان ئەوترێ:) ئایا دوای بڕوا هێنان کافر بوونەوە؟ جا (ئێستا) دەرد بچێژن لە (جەزای) ئەوەی کافر بوونەوە ﴿۱۰۶﴾ بەلاّم ئەوانەی وا ڕوویان سپی هەلّگەڕاوە، لەناو ڕەحمەتی خوادا بۆ هەمیشە دەمێننەوە ﴿۱۰۷﴾ ئەمە نیشانەکانی خوان کە بە هەق بۆ تۆی دەخوێنینەوە، خوا (هیچ کاتێ) ستەم کردنی لە جیهانیان ئیرادە نەکردوە ﴿۱۰۸﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەوەی وا لە ئاسمانەکان و زەویدایە، هی خوایە، هەموو کاروبارێک دەگەڕێتەوە لای خوا (و بە دەس خوایە) ﴿١٠٩﴾ ئێوە (موسڵمانان) باشترین کۆمەڵن کە لە نێو بەرەی مرۆڤدا بۆ خزمەت بە خەڵک سەرتان هەڵداوە، (چونکە) فەرمان بە چاکە ئەدەن و لە کاری بەدفەڕانە بەرگری دەکەن، بە خوا بڕوا دەهێنن، ئەگەر خاوەن کتێب (بە پێغەمبەری ئیسلام) بڕوایان هێنابا، بۆیان باشتر بوو، هەندێ لەوانە بەبڕوان، زۆربەشیان فاسقن ﴿١١٠﴾ هەرگیز بێجگە لە ئازارێک زیانێ لە ئێوە نادەن (ناتوانن بە زەرەر و بەزەڕ بن و زیانی گەورەتان لێبدەن)، ئەگەر لەگەڵ ئێوەدا بجەنگن (خاوەن کتێب بە تایبەت جوولەکە) پشتتان تێدەکەن و لە پاشان یارمەتی نادرێن ﴿١١١﴾ لە هەرکوێش بن ژێرچەپۆکی و زەبوونی بۆتە بەشیان مەگەر بە پێوەند (پەیا کردن) لەگەڵ خوادا و پێوەند بە خەڵک گرتن، بە فریایان بکەوێ و تووشی رقی خوا بوون و گەڕاونەتەوە (و لە نێو قینی خوادا جێگەیان گرتووە)، و مۆری زەبوونی و بێچارەیی و پەستییان لێدراوە و ئەمە لەبەر ئەوەیە لە نیشانەکانی خوا حاشا ئەکەن و بە ناهەق لەگەڵ پێغەمبەرانا (بەشەڕ دێن و) دەیانکوژن، چونکە ملیان باداوە و دەسدرێژییان کردووە ﴿١١٢﴾ خاوەن کتێب هەموویان وەکوو یەک نین، هەندێ لە خاوەن کتێب هەن فەرمانی خوا ئەبەن بەڕێوە، شەوانە نیشانەکانی خوا ئەخوێننەوە و سوژدە بۆ خوا ئەبەن ﴿١١٣﴾ بڕوا بە خوا و ڕۆژی بەرێ دێنن و فەرمان بە چاکە ئەدەن و بەرگری لە خراپە ئەکەن، بو ئەنجام دانی کاری چاک پەلە و تالووکە دەکەن، ئەوانە لە پیاوچاکانن ﴿١١٤﴾ هەر کارێکی چاک دەکەن لە جەزای بێبەش نابن، خوا بە خۆپارێزان دانا و فرە زانایە ﴿١١٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بەڕاستی ئەوانەی وا کافر و بەحاشا بوون، ماڵ و منداڵ هەرگیز ئەوان لە سزای خوا ڕزگار ناکا، ئەوانە ئەهلی ئاگرن، هەتا هەتایە لە ناوی ئەمێننەوە ﴿١١٦﴾ نەقڵی پووڵ و دراوێک کە ئەوانە (بە ڕووبینی و مەرایی) لەم لە ژیاندا دەیبەخشن، وەکوو بایەکی سارد و وشککەر و سووتێنەر و شەختە وایە کە لە کشتوکاڵی هۆزێ کە ستەمیان لە خۆیان کردووە بدا وایە و وەیشوومەیە، جا لە ناوی دەبا، خوا ستەمی لەوان نەکردووە، بەڵکوو خۆیان ستەمیان لە خۆیان کردووە ﴿١١٧﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! بێجگە لە خۆتان نامۆ و بێگانە مەکەنە هاوڕازی خۆتان، ئەوانە لە زیان گەیاندن بە ئێوە درێخ ناکەن و پێیان خۆشە ئێوە لە دەرد و ڕەنجا بن، دوژمنی و قین لە زاریانەوە دیارە، ئەو ڕق و قینەی وا لە دڵ و دەروونی ئەواندا نهێنە، گەورەتر و گرینگترە، بە یەقین ئێمە نیشانەکانمان بۆ ئێوە دەرخست، ئەگەر ئەقڵتان بخەنە کار (تا دۆست و دوژمن لێک جیا بکەنەوە) ﴿١١٨﴾ (بزانن) ئێوە کەسانێکن ئەوانتان خۆش دەوێ، بەڵام ئەوان ئێوەیان خۆش ناوێ، ئێوە بە هەموو پەڕاوە ئاسمانییەکان بڕواتان هەیە، ئەوان هەرکاتێ بگەنە ئێوە بە درۆ دەڵێن: بڕوامان هێناوە، هەر لێت تەکیونەوە و هەر جیا بوونەوە و هەرکاتێ تەنیا ئەبن، لە داخی ئێوە سەر تیلیان دەگەزن، بڵێ: بەو داخ و دەردەوە بمرن، بەڕاستی خوا بە ڕازی دڵ و دەروونیان ئاگا و پڕ زانایە ﴿١١٩﴾ ئەگەر چاکەتان بگاتێ، ناڕەحەت دەبن خەم دەخۆن و ئەگەر تووشی زەرەرێک ببی، پێی شادمان ئەبن، ئەگەر تابشت بهێنن و خۆ بپارێزن، فڕ و فێڵی ئەوان زیانتان پێ ناگەیێنێ، خوا بە هەرچی ئەیکەن ئاگادار و موحیت و زاڵە ﴿١٢٠﴾ (بێنەوە بیر) ئەو دەمەی وا لە بەرەبەیان لە نێو ماڵ و منداڵی خۆت چوویە دەرێ تا بۆ بڕواداران پێگەی جەنگی ئامادە بکەی، خوا بیسەر و ئاگا و فرە زانایە ﴿١٢١﴾

ئەو دەمەی وا دوو تاقم لە ئێوە زراویان ڕۆیبوو خەریک بوون سست بنەوە و ورە بەردەن (و بگەڕێنەوە)، بەڵام خوا پیشتیوانیان بوو، و بڕواداران ئەبێ پشت بە خوا ببەستن ﴿١٢٢﴾ خوا لە (جەنگی) بە دردا یارمە تی‌دان، لە حاڵێکدا ئێوە ناتەوان بوون، جالەبەر ئە مەلە خوا بترسن تا بەڵکوو شوکری خوا بەجێ بێنن ﴿١٢٣﴾ لەو دەمەیدا وا بە بڕوادارانت دەوت: ئایا بۆ ئێوە بەس نییە کە پەروەرێنەرتان بە سێ‌هەزار مەلائیکەی ناردراو یارمەتیتان ئەدا ﴿١٢٤﴾ بەڵێ (ئەمڕۆیش) ئەگەر تابشت بێنن و خۆپارێز بن، دوژمن بە زوویی بێتە سەرتان، خوا یارمەتیتان ئەدا بە پێنج‌هەزار مەلائیکەی نیشانەدار ﴿١٢٥﴾ خوا ئەمەی نەکرد مەگەر (لەبەر ئەمە کە) مزگێنییەک بێ بۆ ئێوە، و دڵ و دەروونتان پێی ئارام بگرێ، سەرکەوتن نییە مەگەر لە لایەن خوای بەدەسەڵات و لەکارزان ﴿١٢٦﴾ (ئەم پشتیوانییە) بۆ ئەوە بوو تا هەندێ لە خوانەناسەکان لە نێو خوێنی خۆیان بکوژرێن و تل بخۆن و بکەوزن و لە ناویان ببا، ئەوەی ماشن، دەمکوت بن، بە نائومێدی و سەرشۆڕی بگەڕێنەوە ﴿١٢٧﴾ (لە بابەت هەڵاتووەکانی شەڕی ئوحود) هیچ کارێ بە دەس تۆ نییە (مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ) یا پەشیمان بوونەوە و تۆبەیان قەبووڵ دەکا یا عەزابیان دەدا، چونکە بەڕاستی ئەوانە ستەمکارن ﴿١٢٨﴾ بۆ خوایە ئەوەی وا لە ئاسمانەکان و زەویدایە، هەرکەسێ بیەوێ (و بە شیاوی بزانێ) دەیبەخشێ و هەرکەسیش بیەوێ عەزابی ئەدا، خوا لێبور و دڵاوێنە ﴿١٢٩﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لە سووت‌خواردن بتەکنەوە و چین لەسەر چین سووت وەرمەگرن و سووت مەخۆن، لە خوا بترسن، بەشکوو ڕزگارتان ببێ. ﴿١٣٠﴾ لە ئاگرێ کە بۆ کافران نێڵ دراوە و ئامادە کراوە خۆ بپارێزن ﴿١٣١﴾ لە خوا و پێغەمبەر پەیڕەوی بکەن تا بەڵکوو وەبەر ڕەحمەتی خوا بکەون ﴿١٣٢﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



تالووکە بکەن بۆ لێخۆشبوونی خوا و بۆ بەهەشتێ کە هەراوی: پان و بەرینانیی بە ئەندازەی ئاسمانەکان و گۆی زەوییە کە بۆ خۆپارێزان ئامادە کراوە ﴿١٣٣﴾ (خۆپارێزان) ئەوانەن کە لە خۆشی (و دەوڵەمەندی)، ناخۆشی (و دەستکورتی)دا بەخشش ئەکەن و رقی خۆیان ئەخونەوە و لە (گوناحی) خەڵک خۆش ئەبن، خوا کارچاکانی خۆشدەوێ ﴿١٣٤﴾ کەسانێ کە کاتێ کاری ناحەز (گوناحی ئاشکرا)یان کرد یا ستەمیان لە خۆ کرد، کەوتنە یادی خوا و داوای لێبوردنیان بۆ گوناحەکانیان کرد، بێجگە لە خوا کێ هەیە بتوانێ گوناحان بپۆشێ (و گوناحی خەڵک ببەخشێ)؟ لەسەر گوناح کردن سوور نەبوون، لە حاڵێکدا کە ئاگادار بوون (و گوناح کردن دووپاتە ناکەنەوە) ﴿١٣٥﴾ ئەوانە جەزایان لێخوشبوونە لە لایەن پەروەرێنەریانەوە و بەهەشتگەلێکە کە چۆمە ئاو بە ژێریاندا تێدەپەڕێ و بۆ هەمیشە لەوێدا ئەمێننەوە، بەها! چەن چاکە پاداشی خاوەن کردەوەی باشن و مزەی ئەوانەی وا کارچاکن ﴿١٣٦﴾ دیارە بەر لە ئێوە (دەستوورگەلێ) ڕێ و ڕەوشتگەلێک هەبووە و ڕابوردووە، جا لە زەویدا بگەڕێن و بڕوانن تا بزانن سەرئەنجامی ئەوانەی وا (فەرموودەی خوایان) بە درۆ ئەخستەوە چلۆنە و بە کوێ گەیشت؟ ﴿١٣٧﴾ ئەمە وتارێکە بۆ هەموو کەس، هیدایەت (ڕێنوێنی) و پەند و ئامۆژگارییە بۆ ئەوانەی خۆپارێزن ﴿١٣٨﴾ سست مەبن و خەفەت مەخۆن، ئێوە بەرزترن، ئەگەر بڕوادار بن ﴿١٣٩﴾ ئەگەر ئێوە (لە ئوحود)دا بریندار بوون، بەو هۆزەش (لە جەنگی بەدرا) زامێکی وەکوو ئەوە گەیشتوە، ئێمە ئاوا زەمانە و ڕۆژانە(ی سەرکەوت و تێشکانان) لە نێو خەڵکدا دەساودەس دەکەین (ئەمە تایبەتی ژیانی جیهانە) تا (ئەوان تاقی بکاتەوە)، هەتا ئەوانەی وا بڕوایان هێناوە خوا بیانناسێ و کەسانێکیش بۆ شایەدیدان لە ئێوە لە بەرچاو بگرێ، خوا ستەمکارانی خۆشناوێ ﴿١٤٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

تا خوا کەسانێ کە بڕوایان هێناوە (لەگوناح) پاکیان بکاتەوە و کافرانیش لە ناو بەرێ ﴿١٤١﴾ ئایا گومانتان وایە دەچنە بەهەشت؟ بێئەوەی خوا بزانێ کام یەکە لە ئێوە جیهـادی کـردووە و تابشتی هێناوە ﴿١٤٢﴾ بە هەقیقەت ئێوە بەر لەوەی لەگەڵ مەرگدا ڕووبەروو بـن، ئـارەزووی مردن (و شەهید بوونتان) ئەکرد، لە دواییدا بە چاوی خۆتان دیتتان، ئێستا زەق بـۆی ئەڕوانـن (و درۆ ئەکەن) ﴿١٤٣﴾ محەمەد پێغەمبەرێکە و چی تر نییە کە بەر لەو پێغەمبەرانی تـریش بوون و ڕۆیشتن، ئایا ئەگەر بمرێ یا بکوژرێ، بۆ دواوە ئەگەڕێنەوە؟ هەرکەس بگەڕێتەوە بـۆ دواوە، هەرگیز زیان لە خوا نادەن، بە زوویی خوا بە شـوکرکەران (و تابشتهێنـەران) پاداشـی چاک ئەداتەوە ﴿١٤٤﴾ هیچکەسیش بەبێ ئیزنی خوا نامرێ، مردنی هەرکەسێکیش وەختی بۆ دیـاریکراوە و لەلای خـواوە نووسـراوە، هەرکەسـێ پاداشـی دنیـای بـوێ، لەوێ پێـی ئەدەیـن، هەرکەسیش پاداشی ئـاخیرەتی بـوێ، لەوێ پێـی ئەدەیـن، بە سپاسـکەرانیش پـاداش ئەدەیـن ﴿١٤٥﴾ بەشێ زۆر لە پێغەمبەران لەگەڵ خواپەرستانی هەواڵیان، لەگەل خوانەناسان خەزایـان کردووە، هەرچەند لە ڕێی خوا تووشی بەڵا بوون، نە هیچیان سست بوون ونە زەبوون بوون، خـوا خـۆڕاگرانی خـۆشدەوێ ﴿١٤٦﴾ قسـەی ئەوانە بـێجگە لەمە شـتێ تـر نەبـوو کە وتیـان: ئەی پەروەرێـنەری ئێمـە! لە گوناحمـان و لە زیادەڕەویمـان و لە کـار لادانمـان خـۆش بـبە، پـتەو ڕامانبگرە و بەسەر هۆزی کافرانا سـەرمان بـخە ﴿١٤٧﴾ جا (لەبەر ئەوە) خـوا پاداشـی ئەم جیهان و پاداشی چاکی ئاخیرەتی پێدان، خوا کارچاکانی خۆشدەوێ ﴿١٤٨﴾

ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! ئەگەر لە کافران پەیڕەوی بکەن، ئێوە بۆ دواوە دەگێڕنەوە، لە حاڵێکدا کە زیانکار ئەبن ﴿١٤٩﴾ (ئەوانە دۆستی ئێوە نین) بەڵکوو خوا دۆستی ئێوەیە و ئەو باشترینی یاریدەرانە ﴿١٥٠﴾ بە زوویی ترس و لەرز داوێژین و ئەخەینە ناو دڵ و دەروونی کافران کە بێ بەڵگە و هۆ، شتگەلێکیان کردە هاوبەشی خوا، جێگایان ئاگرە و چەن جێگەیەکی بەدفەرە جێگای ستەمکارانە ﴿١٥١﴾ خوا بەڵێنی بە ئێوە دا و بەجێشیهێنا لەو کاتە: (سەرەتای جەنگی ئوحود)دا بە فەرمانی ئەو دوژمنانتان قەڵاچۆ ئەکرد و ئەتانکوشتن تا ئەو تاڵانەی بە تەمای بوون هاتە بەرچاوتان، ئیتر (کوتوپڕ) سست بوون و لە کاری جەنگدا لەگەڵ یەکتر کەوتنە کێشە، دوای ئەوەی وا خۆشتان دەویست بە ئێوەی نیشان دا لاتاندا، هەندێ لە ئێوە دنیا و هەندێ ترتان ئاخیرەتی دەویست، ئەوسا خوا بۆ تاقی کردنەوە ئێوەی لە جەنگ گێڕاوە (و لەو جەنگ تێشکان) لە هەقیقەتدا (خوا) ئەم هەڵ و دەرفەت و جارەش ئێوەی بەخشی، و خوا سەبارەت بە بڕوداران خاوەن بەخششە ﴿١٥٢﴾ لەو دەمەی وا (بە هەڵاتهەڵات) بە کێوەکەدا سەردەکەوتن و ئاوڕتان وەسەر هیچکەس نەدەداوە پێغەمبەریش لە دواوە گازی و بانگی دەکردن، جا خوا جەزای خەمی هەر بە خەم دەداوە تا خەفەتی ئەوەی وا لە دەستتان داوە و ئەوەی وا بە سەرتان هاتووە نەخۆن، خوا بەوەی وا دەیکەن بە ناخی ئاگادار و زانایە ﴿١٥٣﴾

لە پاشان بە دوای ئەم غەمەدا هێمنایی بۆ ناردن، ئەم هێمناییە بە وێنەی خەوێکی سووک بوو کە تاقمێک لە ئێوە سەرخەویان شکاند، بەڵام تاقمێ دیکەتان هەر تەنیا لە بیری گیانی خۆیاندا بوون و بە ناڕەوا لەبابەت خواوە، بە ناهەق گومانیان ئەکرد، هەروەکوو گومانی سەردەمی جاهیلییەت ئەیانوت: ئایا کارمان دەگاتە جێ؟ بڵێ: بەڕاستی هەموو کاروبار بە دەست خوایە، ئەوانە شتگەلێکیان لە دڵ و دەروونی خۆیاندا ئەشاردەوە و لای تۆیان ئاشکرا نەدەکرد، ئەیان وت: ئەگەر کار بە دەس ئێمە بوایە، لێرەدا بە کوشت نەدەچووین. بڵێ: ئەگەر لە ماڵی خۆشتانیش بووایێن، ئەوانەی وا کوژران لە چارەیان نووسرابوو، ئەگەر لە ناو پێخەفیشدا بان، هەر بۆ جێگای کوژران و تخێڵ بوونی جەندەکیان دەچوون، ئەمە لەبەر ئەوەیە تا خوا ئەوەی وا لە سنگتاندایە تاقی بکاتەوە و ئەو (بڕوایە)ی لە دڵ و دەروونتاندایە بیپاڵێوێ (و ئاشکرای بکا)، خوا ئاگا و زانایە بەوەی وا لە دڵ و دەروونەدایە ﴿١٥٤﴾ بەڕاستی ئەو کەسانەی وا لە ڕۆژی ڕووبەروو بوون (لەگەڵ دوژمندا لە ئوحود) پشتیان تێکرد (و هەڵاتن) لە سۆنگەی هەندێ گوناحەوە کە کردبوویان، شەیتان هەڵیخەڵەتاندن، بە هەقیقەت خوا ئەوانی بەخشی، چونکە بەڕاستی خوا لێبور و لەسەرخۆیە ﴿١٥٥﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! وەکوو ئەوانە مەبن کە کافر بوون، کاتێ کە براکانتان دەڕۆیشتنە سەفەر یا لە جەنگ (غەزا)دا بەشدار ئەبوون (دەمردن یا دەکوژران)، بەوانیان دەوت: ئەگەر لای ئێمە بوایینە، نەدەمردن و نەدەکوژران، (ئێوە قسەی وا مەکەن) تا خوا بیکاتە وەرەمێک لە ناو دڵ و دەروونیاندا، خوا ئەژیێنێ و ئەمرێنێ (مەرگ و ژیان بە دەس خوایە)، خوا بەوەی وا ئەیکەن، بینا و ئاگایە ﴿١٥٦﴾ ئەگەر لە ڕێگای خوادا بکوژرێن یا بمرن، بەڕاستی لێخۆشبوون لە خواوە، ڕەحمەت: بەزەیی خوا باشترە لەوەی وا خڕی دەکەنەوە ﴿١٥٧﴾

ئەگەر بمرن یا بکوژرێن، لای خوا کۆ دەکرێنەوە ﴿١٥٨﴾ لەبەر تیشکی ڕەحمەتی خـوا بـوو کە بۆ ئەوان نەرم و (دڵۆڤـان) بـووی، جـا ئەگەر تونـد و تـووڕە و تۆسـن و دڵـڕەق بـای، لێت دوور ئەکەوتنەوە، جا لەبەر ئەمە بیانبەخشە و داوای لێخۆشبوونیان لە خوا بۆ بکە و لە کاروبـاردا تەگبیر و ڕاوێژیان پێ بکە، بەڵام کاتێ کە لێ بڕای کارێ بکەی، پشـتت هەر بە خـوا قـایمبـێ، چـونکە خـوا بەڕاسـتی ئەوانەی خـۆشدەوێ کە پشـت بە خـوا دەبەسـتن ﴿١٥٩﴾ ئەگەر خـوا یارمەتیتـان بـدا، هـیچ کەس بەسـەرتاندا زاڵ نـابێ، ئەگەر (شـکانتان پـێ بـدا و) دەس لە یارمەتیدانتان هەڵگری، کێ هەیە دوای خوا یارمەتیتان بدا، بڕواداران ئەبێ پشتیان تەنیـا بە خـوا قـایم بـێ ﴿١٦٠﴾ بـۆ هـیچ پێغەمبەرێـک (ئەو مافـە) نیـیە کە فێـڵ و خەیـانەت بکـا، هەرکەس فێڵبازی و دەسبڕی بکا، بەو تەشقەڵە و خەیانەتەوە لە ڕۆژی بەرێدا ئەیهێنن (و حازر ئەبێ)، ئەوسا هەرکەس لە بەرامبەر و بارتەقای کردەوەی خۆی سزا ئەدرێ، و ئەوانە سـتەمیان لێ ناکرێ ﴿١٦١﴾ ئایا کەسێ کە بە دوای ڕەزامەندی خـوادایە، وەکـوو کەسـێکە لە نـاو ڕق و تووڕەیی خوادا قەتیس ماوە، و جێگای جەهەندەمە و تووشی جێگایە کی خراپ بووە ﴿١٦٢﴾ هەریەک لەو کـۆمەڵە و تـاقم و دەسـتانە پـلە و پایەیەکیـان لای خـوا هەیە، و خـوا بەوەی کە دەیکەن بینایە ﴿١٦٣﴾ خوا منەتی لەسەر بڕواداران دانا (نیعمەتی گەورەی پێـدان) کـاتێ کە لە خۆیـان پێغەمبەرێکی بـۆ نـاردن کە نیشـانەکانی خوایـان بەسـەرا بخـوێنێتەوە و ئەوان لە ڕوانگای خوو و ئاکارەوە پاک و بێگەرد بکاتەوە و کتێـب (قورئـان) و لەکارزانییـان فێـر بکـا، ئەگەرچی لەبەرا هیچیان لە هیچ نەدەزانی ﴿١٦٤﴾ بۆچی کاتێ کە (لە ئوحود) زیانێ بە ئێـوە گەیی، وتتـان: ئەمە لە کوێوەیـە؟ کەچی دوو بەرابەری ئەوەتـان (لە جە نگی بەدردا زیـان بە دوژمـن) گەیاندبوو، نەتانپرسی. بڵێ: ئەمە لەبـابەت خۆتـانەوەیە (کە لە فەرمـانی پێغەمـبەر لاتان دا)، بەڕاستی خوا بەسەر هەموو شتێکدا توانایە ﴿١٦٥﴾

ئەو زیانەی وا لە (ئوحود) ڕۆژی ڕووبەڕوو بوونی دوو دەستە بە ئێوە گەیی، بە فەرمانی خوا بوو، لەبەر ئەوە بوو تا بڕواداران بناسرێن ﴿١٦٦﴾ هەروەها بۆ ئەوە بوو تا کەسانێ کە ڕێگای دووڕوویی: نیفاقیان گرتە بەر بناسرێن، ئەوانە کە پێیان وترا: وەرن لە ڕێگای خوادا جەنگ و خەزا بکەن یا (لانیکەم) لە سنووری خۆتان بەرگری بکەن، (لە وەڵاما) وتیان: ئەگەر بمانزانیبا شەڕتان بەسەردا سەپاوە، دیارە، حەتمەن پەیڕەویمان لە ئێوە دەکرد، ئەوانە لەو ڕۆژەدا لە کوفر نێزیکتر بوون تا لە بڕوا و ئیمان، بە زار شتێ ئەڵێن کە لە دڵیاندا نییە، خوا بەوەی وا دەیشارنەوە ئاگادارترە و زاناترە ﴿١٦٧﴾ ئەو کەسانەی (دووڕووەکان) کە بە برایانی خۆیان وت لە کاتێکا نەچبوونە خەزا و دانیشتن (و دەستیشیان لە پشتیوانی ئەوان هەڵگرتبوو): ئەگەر ئەوانە پەیڕەوییان لە ئێمە کردبا نەدەکوژران، بڵێ: ئەگەر ڕاستبێژن مەرگ لە خۆتان دوور بخەنەوە ﴿١٦٨﴾ قەت گومان مەبە بە کەسانێ کە لە ڕێگای خوادا کوژراون (شەهید کراون) مردوون، بەڵکوو زیندوون و لای پەروەرێنەری خۆیان ڕسق و ڕۆزی ئەدرێن ﴿١٦٩﴾ دڵخۆشن بەو نیعمەتەی کە خوا پێی داون و شادمانیش ئەبن بە کەسانێ (تیکۆشەرانی ئیسلام) کە دوای (شەهید بوونی) ئەمان (کە هێمان) بەوانەوە نەلکاون (و زیندوون و خەریکی خەباتن) نەترسێ بۆ ئەوان هەیە، نە خەفەتیش ئەخۆن ﴿١٧٠﴾ دڵیان خۆشە بەو چاکەو زیادە بەشانەی وا خوا پێی داون و پێیان دەدا، بەڕاستی خوا پاداشی بڕواداران لەناو نابا ﴿١٧١﴾ کەسانێ کە دوای ئەوەی (لە جەنگی ئوحود) سەخت زامدار ببوون، بە هاواری خوا و پێغەمبەرەوە ڕۆیشتن (وەڵامیان داوە) بۆ ئەوانە کە کاری چاکیان کرد و پارێزکار بوون، پاداشی گەورە هەیە ﴿١٧٢﴾ کەسانێ کە وەختێ خەڵک (کاروانیانی عبدالقیس یا نعیم بن مسعود) بەوانی وت: خەڵک (ئەوانەی وا هاوبەشیان بۆ خوا داناوە) بۆ (لە ناوبردنی) ئێوە کۆبوونەتەوە و گەلەکۆمەتان لێ کراوە و بە ئاشکرا و بە پانەوە بە تەواوی دێنە سەرتان (و خەریکی هێرشن) کەوابوو لێیان بترسن، (لەباتی ترس) بڕوا و ئیمانیان زیاتر بوو (و لە وەڵاما) وتیان: خوا بۆ ئێمە بەسە، خوا باشترین پشتیوانیشە ﴿١٧٣﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



جا لە ئاکامی پشت بە خوا بەستن (بێ جەنگ) بە چاکە و زیادە بەشانەی خوا گەڕانەوە، زیان و نارەحەتییان تووش نەبوو، تەرە و هەڵوەدا و ئاوارەی ڕەزای خوا بوون و پەیڕەوییان لە فەرمانی خوا کرد (ڕەزامەندی خوایان بە دەس هێنا)، خوا خاوەنی بەخششێکی گەورەیە ﴿١٧٤﴾ بەڕاستی ئەمە تەنیا شەیتانە کە دۆستان و پەیڕەوانی خۆی ئەترسێنێ، جا ئەگەر بڕواتان هەیە، لەوان مەترسن و لە من بترسن ﴿١٧٥﴾ ئەوانە تۆ نیگەران و خەفەتبار نەکەن کە بەپەلەن بۆحاشا کردن لە خوا و دین؛ دیارە ئەوانە ناتوانن هیچ زیانێک لە خوا بدەن، خوا ئەیەوێ لەو دنیا بەشێکیان نەبێ و لە ئاخیرەتدا پشکێکیان بۆ دانەنێ، بۆ ئەوان ئازاری گەورە هەیە ﴿١٧٦﴾ کەسانێ کە بە بڕوا کوفریان کڕی، هەرگیز زیانێک بە خوا ناگەیێنن، بۆ ئەوان عەزابێکی دەردهێنەر هەیە ﴿١٧٧﴾ ئەوانەی کە کافر بوون قەت وا بیر نەکەنەوەکە ئەگەر مۆڵەتیان پێ ئەدەین، بە قازانجی ئەوانە، لە ڕاستیدا بۆیێ مۆڵەتیان پێ ئەدەین تا باری گوناحیان زیاد بێ، بۆ ئەوان عەزابێکی ئابڕووبەر و پەستکەرەوە هەیە ﴿١٧٨﴾ بۆ خوا شیاو نیە کە بڕواداران هەروا بەو حاڵەی کە ئێوە تێدان بهێڵێتەوە، تا مەگەر پاک و پیس لە یەکتر جیا بکاتەوە، بۆ خوا ناشێ کە ئێوە بەسەر نادیار و نهێنی و پێوار و نەلەبەرچاودا؛ ئاگادار بکا، بەڵام خوا لە ناو پێغەمبەرانی خۆیدا، هەرکەس کە بیەوێ، هەڵیدەبژێرێ (و ئاگاداری دەکا)، جا بە خوا و پێغەمبەرەکانی بڕوا بێنن، ئەگەر بڕوابێنن و خۆبپارێزن پاداش و مزەیەکی گەورەتان بۆ هەیە ﴿١٧٩﴾ کەسانێ کە چاوچنۆکی و ڕژدی و بەخێلی ئەکەن و ئەوەی وا خوا لە بەخششی خۆی بەوانی داوە، بەشی کەسی لێ نادەن، گومان نەکەن کە ئەمە بۆ ئەوان خێرە، بەڵکوو بۆیان شەڕ و خراپە، بە زوویی لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو نیعمەتەی وا بەخێڵییان پێ کردووە، هەروەکوو تەوق ئەکرێتە ملیان، بۆ خوایە میراتی ئاسمانەکان و زەوی و خوا بەوەی وا ئەیکەن بە ناخی ئاگایە ﴿١٨٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بە هەقیقەت خوا قسەی ئەوان (جوولەکە)ی بیست کە وتیان: خوا فەقیرە و ئێمە بێ‌نیازین، یانی ئەوەی کە وتیان (لە تەئویلی، هێرمینۆتیک Hermeneutics ئایەی قەرزدا)، ئەو پێغەمبەرانەی کە بە ناهەق کوشتیان (بە ناوی ئەوانەوە) ئەینووسین، پێیان دەڵێین: عەزابی سووتێنەر بچێژن ﴿١٨١﴾ ئەو (عەزابە) بەو هۆیەیە کە بە دەسی خۆتان بۆ بەرەوەتان ناردووە، خوا بەڕاستی سەبارەت بە بەندەکانی خۆی غەدرکار نییە ﴿١٨٢﴾ کەسانێ کە وتیان: پێمان سپێردراوە و خوا بەڵێنی لە ئێمە وەرگرتووە کە بە هیچ پێغەمبەرێک بڕوا نەهێنین مەگەر ئەوە بە ئاژەڵێ قوربانییەوە بێتە لامان و قوربانییەکمان بۆ بێنێ کە ئاگری هەورە برووسکەی ئاسمانی ئەو ئاژەڵە قوربانییە بخوا! بڵێ: پێغەمبەرانی بەر لە من چەن نیشانە و بەڵگەی روونی بۆ هێنان و ئەوەی وا وتتان و ئێستا داوای دەکەن؛ دەی خۆ ئەمیشی بۆی هێنان، بۆچ ئەوانتان کوشت، ئەگەر ڕاستبێژن ﴿١٨٣﴾ جا ئەگەر ئەو (بیانووگرانە) تۆیان بە درۆ خستەوە (خەفەت مەخۆ)، بەڕاستی پێغەمبەرانێ بەر لە تۆش بە درۆ خرانەوە کە نیشانە ئاشکرا و دیاریدەرەکان و نووسراوەی موحکەم و بەرز و پتەو (زُبر) و کتێبی روونکەرەوەیان هێنابوو ﴿١٨٤﴾ هەموو کەسێک چێژەری تامی مەرگە، بەڕاستی لە ڕۆژی بەرێدا پاداشتان بە تەواوی وەردەگرن، جا هەرکەس لە ئاگر دوور بکرێ و بە بەهەشت ببرێ، بەڕاستی ڕزگارە، ژیانی دنیا شتێک بێجگە لە فریو نییە ﴿١٨٥﴾ لە ماڵ و گیانتاندا تاقی دەکرێنەوە، لە کەسانێ کە بەر لە ئێوە کتێبی ئاسمانیان پێ درابوو، هەروەها لەوانەی کە هاوبەشیان بۆ خوا دانابوو زۆر قسەی ناخۆش ئەبیسن، جا ئەگەر تابشت بێنن و پارێزگار بن (سەردەکەون)، جا بەڕاستی تابشتهێنان و خۆڕاگری کارێ جوامێرانە و ئازا و بوێرانەیە و نیشانەی سوور بوون و لێبڕانە لە کاروباردا ﴿١٨٦﴾

(بێنەوە بیر) ئەو دەمەی وا خوا بەڵێن و پەیمانی وەرگرت لە کەسانێ کە کتێبی پێدابوون کە حەتمەن بۆ خەڵکی بەیان بکەن و نەیشارنەوە، بەڵام ئەوانە ئەو بەڵێنەیان دایە پشتگوێ و بە نرخێ کەم فرۆشتیان، جا سەودایێ خراپیان کرد ﴿١٨٧﴾ (ئەی پێغەمبەر) وا مەزانە ئەوانەی دڵ خۆش ئەکەن بە کارێ (ناحەز) کە کردوویانە و پێیان خۆشە بۆ کارێ کە نەیانکردووە تاریف بکرێن لە جەزرەبە، ڕزگار دەبن جەزرەبەی دەرداوی بۆ ئەوانە ﴿١٨٨﴾ هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرد و زەویدایە هەر بۆ خوایە، خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە و فەرمان فەرمانی خودایە ﴿١٨٩﴾ بەڕاستی لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەویدا و هاتوچۆی شەو و ڕۆژ، بۆ ژیر و خێو و خاوەنئاوەزان نیشانەن ﴿١٩٠﴾ کەسانێ کە بە ڕاوەستان و چ لەجێوە؛ بە دانیشتن و چ لەسەر ڕاکشانەوە، یاد و زیکری خوا ئەکەن و بیر لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و ئەرد و زەوی دەکەنەوە (و دەڵێن:) ئەی پەروەرێنەری ئێمە! ئەمە (جیهان)ت بە فیرۆ بەدی نەهێناوە، پاکی بۆ تۆیە، جا (کەوایە) ئێمە لە عەزابی ئاگر بپارێزە ﴿١٩١﴾ ئەی پەروەرێنەری ئێمە! هەرکەس کە تۆ بیخەیتە ناو ئاگر لە ڕاستیدا شکاندووتەوە، بۆ ستەمکاران یارمەتیدەرێک نییە ﴿١٩٢﴾ ئەی پەروەرێنەری ئێمە! ئێمە بیستمان بانگڕایەڵێک (خەڵکی) بۆ بڕوا هێنان بانگ ئەکرد (و ئەیوت:) بە پەروەرێنەرتان بڕوا بێنن، جا ئێمەش بڕوامان هێنا، ئەی پەروەرێنەری ئێمە! لە تاوان و گوناحانمان خۆشبە و کردەوەی دزێو و ناشیاوی ئێمە داپۆشە، ئێمە لەگەڵ چاکان بمرێنە ﴿١٩٣﴾ ئەی پەروەرندەی ئێمە! ئەوەی کە لە زمان پێغەمبەرانەوە بەڵێنت پێداوین، پێمان مەرحەمەت بفەرموو، لە ڕۆژی بەرێدا شەرمەزارمان مەکە، هەر تۆ لە بەڵێنی خۆت لانادەی ﴿١٩۴﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



جا پەروەتێنەریان بە دەنگیانەوە هات کە من کردەوەی هیچ خاوەن کـردەوەیەک لە ئێـوە لە ژن یا لە پیاو زایە ناکەم، هەندێکتان لە هەندێکی ترن، جا کەسانێ کە (بۆ خوا) کۆچوباریان کرد و لە ماڵ و نیشتمانی خۆیـان دەرکـران و لە ڕێگـای منـدا ئـازار دران و خەزا و جەنگیـان کـرد و کـوژران، حەتـمەن گوناحەکانیـان دائەپۆشـم و ئەیانبەخشـم و ئەیـانبەمە بەهەشـتگەلێ کە چۆمەئاو (بەخوڕ) بە بـن دارەکانیـدا ئەڕوا، ئەمە پاداشـێکە لە لایەن خـواوە (پێیـان ئەدرێ)، باشترین پاداش لای خوایە ﴿١٩٥﴾ هاتوچۆ و گرووفری ئەوانەی وا حاشایان لە خوا کـردووە لە وڵات و لە شارەکاندا، تۆ بە فریو نەبا و نەچێ هەڵتخەڵەتێنێ ﴿١٩٦﴾ ئەم ڕابواردنە شـتێ کەم و کەم دەوامە، سەرئەنجام جێگایان جەهەنـدەمە و ئەویـش جێگـایەکی بـێ‌فەڕ و بـێ‌لەزەت و نالەبـار و زۆر خـراپە ﴿١٩٧﴾ بەڵام (ئەو) کەسـانەی کە (بڕوایـان هەیە و) لە پەروەرێنەریـان پەروایان هەیە، بۆ ئەوان بەهەشتگەلێ هەیە کە چۆمەئاو بە ژێـر دارەکانیـدا دێ و دەچـێ، بـۆ هەمیشەیش لەوێدا ئەمێننەوە، ئەم میواندارییە لە لایەن خـواوە (بـۆ چاکـان) ئامـادە کـراوە؛ ئەوەی لای ئەوە، خۆ ئەدرێ و هەر بۆ کارچاکان باشترە ﴿١٩٨﴾ هەندێ کەس لە ئەهلی کتێـب هەن کە بە خوا و بەوەی وا بۆ ئێوە ناردراوە و بەوەی وا بۆ خۆیان هاتووە بڕوا دێنن، لە بەرانبەر و لەڕاست خوا بێ دەعیەن و نیشانەکانی خوا بە نرخێ کەم نافرۆشن، پاداش و مزەی ئەو جـۆرە کەسانە لای پەروەرێنەریانە، بەڕاستی خوا بەپەلە و سەخت بە کاری هەرکەس ڕائەگـا ﴿١٩٩﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە تابشت بێنن و خۆڕاگرن و دڵ و دەروونتان بە خواوە گرێ بـدەن، لە خوا پەرواتان هەبێ بەڵکوو ڕزگار بن ﴿٢٠٠﴾

## سوورەی نیسا: ژنان ١٧٧ ئایەتە



Dr. Saleh Ebrahimi

**سوورەی ژنان لە مەدینەهاتوە تەخواریَ و بە (بسم‌الله)وە ۱۷۷ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئەی خەڵکینە لە پەروەرندەتان پەرواتان هەبێ، ئەو پەروەرندەی کە هەمووتانی لە یەک مرۆڤ ئافراند و بەدیهێنا و ژن و خێزانی ئەو(یشی) لە جنسی ئەو بەدیهێنا، لەو دووانە پیاو و ژنێکی زۆری بەدیهێنا و بڵاوی کردنەوە، (هەروەها) لە خوایەک خۆ بپارێزن کە بەناوی خوا یەکتر سوێند دەدەن (تۆخودا، یارمەتیمبدە) و بە نێو بردنی ئەرحام (تۆگیانی باوکت) ویستی خۆتان لە یەکتر داوا ئەکەن (یا "واتقوا الارحام" واتا: لە بڕینی پێوەند لەگەڵ خزم و کەس‌وکارتان خۆلادەن)، خوا سەخت چاوەدێرتانە ﴿۱﴾ دارایی هەتیو (دوای باڵغ بوون) بە وان بدەنەوە، ماڵ و دارایی کەم‌نرخی خۆتان لەگەڵ دارایی بەنرخی هەتیوان مەگۆڕنەوە، ماڵی ئەوان مەخۆن، ئەمە تاوانێکی گەورەیە ﴿۲﴾ ئەگەر ترسی ئەوەتان هەیە کە لەبابەت کچانی هەتیو نەتوانن دادگەری بکەن (لە مارە کردنی ئەوانە واز بێنن)، جا ئافرەتانی‌تر کە خۆشتان لێیان دێ و پێتان خوشیک و پاکن، دووان یا سێیان یا چوار ژن یا کیژ (بن‌پیکەوە) مارەی بۆ خۆتان ببرن، جا ئەگەر بترسن کە نەتوانن دادگەری لە بەرچاو بگرن؛ وەک یەک تەماشایان بکەن، یەک ژن بەسە یا لە ژنانێ کە خاوەنی ئەوانن کەڵک وەربگرن، ئەمە نێزیکترە بۆ خۆ لادان لە ستەم و بێ‌دادگەری کردن ﴿۳﴾ بە ناوی پێشکەش مارەیی ژنان بدەن، جا ئەگەر بە دڵ (ژنەکان) شتێکیان لەو (مارەیی‌یە) بە ئێوە بەخشی بیخۆن نۆیشتان بێ بە خێر و خۆشی ﴿۴﴾ ماڵی خۆتان کە خوا کردوویەتە هۆی گوزەرانتان، مەدەنە دەس گێل و بێ ئاوەزان، بەڵام جلک و پێ‌بژیویان لە ماڵێ بۆ دابین بکەن و بە ڕووی خۆشەوە قسەیان لەگەڵدا بکەن ﴿۵﴾ هەتیوان تاقی بکەنەوە، هەتاکوو دەبنە گەنجێ پێگەیشتوو و تێگەییشتوو دەگەنە تەمەنی ژن هێنان و شووکردن، جا ئەگەر چاک و خراپ لێک جیا دەکەنەوە، ماڵ و دارایی‌یەکەیان پێ بدەنەوە، لە ترسی ئەوەی نەکا گەورە بن بەدەر لە ئەندازە و بەپەلەپەل ماڵەکەیان مەخۆن ئەگەر سەرپەرستی (ماڵی هەتیو)، بێ‌نیاز و ماڵدار (و دەوڵەمەند و دارا و زەنگین) بوو، ئەبێ (لە مزە و کرێ وەرگرتن) خۆ ڕاگرێ، ئەو کەسەی کە نەدار و فەقیرە (بە ئەندازەی کار کردنەکەی بە پێی ڕۆژ باو با کرێ وەربگرێ و بیخوا، جا لەو کاتەی وا ماڵ و دارایی‌یەکەیان پێ ئەدەنەوە شایەدیان لەسەر بگرن، خوا بۆ لێپرسینەوە بەسە ﴿۶﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



بـۆ پیـاوان بەشـێک هەیە لە کەلەپـوور و لەوەی وا بـاوک و دایـک و نێزیکـان (بە میـرات) بەجێی‌دێڵن، بۆ ژنانیش لەوەی باوک و دایـک و خزمـانی نێزیـک بەجیـی‌دێڵـن، بەشـێک (لەو میراتە) هەیە، جا ئەو میراتە کەم بێ یا زۆر، ئەمە بەشێکە بڕیارە و فەرزکراوە ﴿٧﴾ ئەگەر لە کاتی بەش کردنی (میراتدا) خزمانی نێزیک (کە میراتیـان پـێ ناگـا)؛ و هەتیـوان و هەژار و مسکێنان حـازر بـوون، شـتێک لەو میراتەیـان بـدەنێ، بە مروفـانی و بە ڕووخۆشـی قسـەیان لەگەڵدا بکەن ﴿٨﴾ کەسانێ کە ئەگەر زارۆڵەی سەروپێچکەی بێ دەسەڵات و ناتەوان لە خۆیان بەجێبێڵن (و بیر لە دوارۆژیان نەکەنەوە) بترسێن، (هەروا) ئەبێ (لە سـتەم کـردن لە هەتیـوی خەڵکی تریش) بترسن، جا لە (بێ‌فەرمانی) خوا خۆیان بپارێزن و قسەی ڕاست و بەجـێ بـکەن ﴿٩﴾ دیـارە کەسـانێ کە مـاڵی هەتیـوان بە نـاڕەوا ئەخـۆن، لە ڕاسـتیدا تەنیـا ئـاگر لە زگـی خۆیدانـدا ئەخـۆن، بە زوویـی ئەچـنە نـاو ئـاگری گـڕدار و ئەسـووتێن ﴿١٠﴾ خـوا لەبـابەت منـاڵەکانتانەوە، ڕاتان‌دەسپێرێ کە بـۆ کـوڕ بە ئەنـدازەی دوو کـچ (میـرات) هەیە، جا ئەگەر منـاڵانی ئێوە (دوو کچ و) زیاتر لە دوو کچ بن ٢/٣ میرات بۆ ئەوانە، ئەگەر کچێک بێ ١/٢ بۆ ئەوە، بۆ باوک و دایکی (مردووەکە)، بۆ هەر یەکەیـان ١/٦ میـرات هەیە، ئەگەر (مردووەکـە) منـاڵی هەبێ، بەڵام ئەگەر منالّی نەبێ و تەنیا باوک و دایک میراتگر بن، بـۆ دایـک ١/٣ میـرات هەیە، ئەگەر (مردوو) چەن برای هەبوو، دایکی ١/٦ میرات ئەبا، دوای ئەنجام دانی وەسیەتی مردووەکە و دانەوەی قەرزی ئەو، ئێوە نازانن باوک و دایک و منـاڵەکانتان، کامەیان بـۆ بەهـرە پێـدانتان نێزیکترە، ئەم میرات دابەش کردنە، بڕیار و فەرز و ئەرکـێکە لە لایەن خـواوە (دیـاری‌کراوە)، خوا فرە زانا و لەکارزانە ﴿١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

نێوەی میراتی ژنەکانتان بۆ ئێوەیە، ئەگەر منداڵیان نەبێ، جا ئەگەر منداڵیان هەبێ ١/٤ لە میراتی ژنەکانتان دەگرن، ئەویش دوای ئەنجامدانی وەسیەت و دانەوەی قەرزەکەیان، ئەگەر ئێوە منداڵتان نەبێ ١/٤ میراتی ئێوە بۆ ژنەکانتانە، بەڵام ئەگەر منداڵتان هەبێ ١/٨ میراتی ئێوە بۆ ژنەکانتانە، دوای ئەنجامدانی وەسیەت و دانەوەی قەرز و قۆڵەکانتان (کەلا لە مەورووسێکە کە باوک و دایکی نەبێ)، ئەگەر پیاوێ یا ژنێ کە لەوان میرات دەگیردرێ (باوک و دایک و منداڵیان نەبێ) بۆ ئەو برایەک یا خوشکێ هەبێ، جا بۆ هەر یەک لەوانە ١/٦ میرات و کەلەپوور هەیە، جا ئەگەر زیاتر لەوە بن، هەموو پێکەوە لە ١/٣ بەشدارن، (ئەم میراتگرتنەش) دوای ئەنجامدانی وەسیەت و قەرز و قۆڵە دانەوەیە، بەو مەرجەی) وەسیەت و ئیقرار بە قەرزار بوون بۆ میراتگران) زیانی نەبێ (بەم واتایە: وەسیەت نابێ لە ١/٣ دارایی مردوو زیاتر بێ)، ئەمە ئەسپاردە و دەستووری خوایە، خوا زانا و لەسەرەخۆیە ﴿١٢﴾ ئەمانە سنوور و کەوشەنی خوان، هەرکەسێ کە فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا ببا بەڕێوە، خوا ئەیباتە ناو باخ و بەهەشتێک کە چۆمەئاو بە ژێر دارەکانیدا بێ و بڕوا، بۆ هەمیشەش لەوێدا ئەمێننەوە، ئەمە بەختەوەری و ڕزگارییەکی گەورەیە ﴿١٣﴾ هەرکەس بێفەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا بکا و لە سنووری خوا لادا، ئەیخاتە ناوەڕاستی ئاگرێک و بۆ هەمیشە لەوێدا ڕایدەگرێ، تووشی ئازارێکی پڕ لە سووکی و نالەبار دەبێ ﴿١٤﴾

کەسانێ لە ژنانی ئێوە کە زینا (غەوارە و ناموّ بە خوّفێر) ئەکەن، چار شایەدان لە خوّتان لەسەریان بگرن، جا ئەگەر شایەدیان لەسەر دان، جا ئەوانە (ژنە زیناکەرەکان) لە ماڵی خوّتان قەتیس ڕابگرن تا دەمرن (مەیەڵن بچنە دەرێ) یا ئەوەی خوا ڕێگای ڕزگار بوونیان بوّ دائەنێ ﴿۱۵﴾ ئەو پیاوانەی (ژنیان نیە) و (ئەو) ژنانەی (بێ مێردن) زینا بکەن، ئازاریان بدەن (و حەدیان لێ دەربکەن)، جا ئەگەر توّبەیان کرد و خوّیان چاک کرد، لێیان بگەڕێن، خوا لە توّبەکاران دەبووری و دڵاوێنە ﴿۱۶﴾ قەبووڵ کردنی توّبە تەنیا بوّ کەسانێکە، بە نەزانی، کاری خراپ بکەن و زوو پەشیمان ببنەوە و توّبە بکەن، جا خوا توّبەی ئەو کەسانە قەبووڵ ئەکا، خوا زانا و لەکاررانە ﴿۱۷﴾ ئێتر ئەو کەسانەی هەر کاری خراپ و دزێو ئەنجام دەدەن تا دەمی گیانەڵلا و مردن و گیان دەرچوون، ئەوسا ئەڵێ: ئێستا توّبەم کرد، هەروەها بوّ کەسانێ کە حاشا لە خوا و پێغەمبەر دەکەن پەشیمانییان قەبووڵ نییە، عەزابێکی دەرداویمان بوّ ئەم دوو تاقمە ساز داوە ﴿۱۸﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! بوّ ئەنگوّ؛ ڕەوا و حەڵاڵ نییە بە زوّرداری ژنان بە میرات بەرن، لە مێرد کردنەوە بەریان مەگرن و زوّریان بوّ مەهێنن، بوّ ئەوەی هەندێ لەوەی (کە بە ناوی مارەیی) پێتان داون، لێیان وەربگرنەوە، مەگەر ئەوەی بە ئاشکرا کاری بێ نامووسی بکەن، بە چاکی و شیاوی و بە تەرزێکی جوان و ڕەوا هاودەمییان بکەن، جا ئەگەر لێیان بێزار بوون (زوو تەڵاقیان مەدەن)، چونکە ئەشێ لە شتێ حەز نەکەن و لێی بێزار بن، خوا خێرێکی زوّری لەوا بوّ ئێوە دانابێ ﴿۱۹﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



ئەگەر ویستتان لە جیاتی ژنێ (کە ئێستا هەتانە) ژنێتر بێنن، بە یەکێ لەو ژنانە ماڵێکی زۆرتان (کولورێکتان بەناوی مارەیی) پێ داوە، هیچ شتێک (لەو ماڵ و دراوە) لەو ژنە مەستێننەوە، ئایا بە بوختان و خۆ تووشی گوناح و تاوان کردن بە ئاشکرا، دەتانەوێ لێیان بستێننەوە؟ ﴿۲۰﴾ جا چلۆن (مارەیی) وەردەگرنەوە، باوەکوو لەگەڵ یەکترا دەستتان تێکەڵاو کردووە و پێکەوە خۆشیتان لە یەکتر دیوە، لە کاتی شووکردندا بەڵێن و پەیمانی پتەویان لە ئێوە وەرگرتوە ﴿۲۱﴾ ژنانێ کە باوکتان مارەیان بڕیون؛ مارەیان مەبڕن، مەگەر ئەوە کە بەر لەم (فەرمانە) لە ڕابوردوودا کرابێ، چونکە ئەمە داوێن‌پیسی و ناشیاوە، ڕقهێنەرە و ڕەوشتێکی خراپ و دزێو و بەدفەڕە ﴿۲۲﴾ لەسەرتان حەرام کراوە (مارەکردنی) دایکانتان، کچانتان، خوشکانتان، پوور (پلک: خوشکی باوکتان) و مەتێ (خاڵتێک، خوشکی دایکتان)، کچانی برا، کچانی خوشک، دایکانێ (: ژنانێ کە بە ساوایی) شیریان بە ئێوە داوە و خوشکانی شیری و (خەسووتان: دایکانی خێزانتان) و کچانی ژنانتان کە لە ماڵی ئێوە گەورە بوون، لە ژنانێ کە دەستتان لەگەڵیان تێکەڵاو بووە، بەڵام ئەگەر تێکەڵیتان نەبووبێ، (مارەکردنی کچانی ئەوانە) تاوان و گوناح نییە بۆتان، (هەروەها) ژنانی کوڕانی پشتی خۆتان (نە زڕکوڕ ـ لەسەرتان ناڕەوا و حەرامە) مارەکردنی دوو خوشک پێکەوە (حەرامە) مەگەر ئەوەی بەر لەم (حوکمە) لەبەرا کرابێ، دیارە خوا لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿۲۳﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ژنانی شوودار(تان بۆ حەرامە) مەگەر ئەوانەی کە موڵکی ئێوەن، ئەمانە حوکمی خوان لەسەرتان نووسراوە و واجب کراوە، بێجگە لەمانە (کە ناو بران)، ژنانێ دیکەتان بۆ حەڵاڵە کە بە ماڵی خۆتان بە دەسی دێنن، جا لە بەرانبەر ئەو لەزەتەی لە ژنەکانی دەبینن، ئەو مارەیی و ماڵەی کە بۆتە فەرز و کرای خۆیشیانە؛ ئەبێ بیدەن، ئەگەر لە پاش دیاری کردنی مارەیی لە نێو خۆتانا پێکهاتن، گوناح و تاوانتان لە سەر نابێ، دیارە خوا فرە زانا و لەکارزانە ﴿۲۴﴾ کەسانێ کە لەبەر دەستتەنگی ناتوانن ژنی (ئازادی) پاکداوێن و بڕوادار مارە بکەن، جا ئەوانەی موڵکی ئێوەن لە کیژۆڵە بڕوادارەکانیان وا بوونەتە موڵکی خۆتان، مارە بکەن، خوا لە هەرکەس بە ئیمانی ئێوە ئاگادارتر و زاناترە، هەندێ لە ئێوە لە تیرەی یەکترن، جا بە ئیجازەی کەسەکانیان مارەیان بکەن و چۆن لە نێوتانا باوە مارەییەکەیان بدەنێ (بە مەرجێ) کەنیزانی داوێنپاک بن نە داوێنتەڕ؛ لە بنەوەیش دۆستی نێرینەیان نەبێ، جا ئەگەر پاش ئەوەی هاتنە بن ڕکێفی ئێوە و شووی بە ئێوە کرد، داوێنپیسییان کرد، ئازاردانیان نیوەی ئەو ژنانەیە کە مێردیان هەیە و ئازادن (مارە کردنی ئەم کەنیزانە) بۆ کەسێکە ڕەبەن و بێژن و سەڵت بێ و ترسی لە گوناح (زینا) کردن هەبێ، ئەگەر خۆ ڕاگرن و تابشت بێنن، بۆ ئێوە باشترە، خوا لێبور و بە بەزەییە ﴿۲۵﴾ خوا ئەیەوێ (ڕێگای داوێنپاکی و بەختەوەری) بۆ ئێوە ڕوون بکاتەوە و بە ڕێ و ڕەوشتی (دروستی) پێشینان ڕێنوێنیتان بکا و تۆبەتان قەبووڵ بکا، خوا فرەزان و لەکارزانە ﴿۲۶﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

خوا ئەیەوێ تۆبەتان لـێقەبـووڵ بکـا، کەسـانێ کە بە دوای هەوا و ئـارەزووی هەوەسـا ئەڕۆن، ئەیانەوێ بە تەواوی ئێوە بۆ ئەو لایە لابدرێن و بکێشرێن ﴿۲۷﴾ خوا ئەیەوێ کار سووکیتان بۆ بکا، (چونکە) مرۆ لە ڕاست ئەویندا، بێ تـین (و بـێ تەوژم و بـێهێـز و پێـز) دروست بـووە و خولقێندراوە ﴿۲۸﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتـان هێنـاوە! مـاڵ و دراوی یەکتـر بە خـوتوخـۆڕایی مەخۆن، مەگەر بازرگانییەک بێ کە بە ڕەزای هەردوو لاتان ئەنجام بدرێ و سـەربگرێ، ئەوسـا بۆتان ڕەوایە و لەگەڵ یەکتر بە شەڕ مەیێن و یەکتر مەکوژن بە حەقیقەت خوا بۆ ئێوە دڵسۆز و دڵلاوێنە ﴿۲۹﴾ هەرکەس بە ناحەق هەر بە دەسدرێـژ کـردن و سـتەم کـردن ئەم کـارە بکـا، بە زوویی ڕایدەکێشینە ناو ئاگر، ئەمە بۆ خـوا زۆر ئاسـانە ﴿۳۰﴾ ئەگەر لە گوناحـانی گەورە کە بەرگیری و نەهیتان لێ کراوە، دووری بکەن، هەڵەوپەڵە چکۆڵەکانتـان ئەپۆشـین و ئەتـانبەینە جێگـایەکی بـاش ﴿۳۱﴾ بەو شـتای کە خـوا هەنـدێ لە ئێـوەی بەسـەر هەنـدێ ترتانـدا بەرز کردۆتەوە، ئاواتی بـۆ مەخـوازن و ئـارەزووی مەکەن و چـاوی تـێمەبـڕن، بـۆ پیـاوان لەوەی بە دەسیان هێناوە بەشێک هەیە، (هەروەها) بـۆ ژنـانیش بەشـێک هەیە لە دەسڕەنجـی خۆیـان، داوای چاکە هەر لە خوا بکەن، خوا بە هەمـوو شتێکدا فـرە زانـا و ئاگـایە ﴿۳۲﴾ بـۆ هەرکەس میراتگرانێکمان داناوە کە لە میراتـی بـاوک و دایـک و نێزیکـان، میـرات بگـرن، (هەروەهـا کەسانێ) کە پەیمانتان لەگەڵ گرێ داون بەشیان بدەنێ، خوا بەسـەر هەمـوو شـتێکدا حـازر و نازر و ئاگادارە ﴿۳۳﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



پیاوان کارساز و سەرپەرستی ژنانن، بەوەی کە خوا هەندێ لەوانەی هێژاتر بەدیهێناوە، بەوەی پیاوان لە ماڵی خۆیان نەفەقەی ژنانیان ئەدەن و ئەرکی بەڕێچوونی ماڵیان لەسەر شانە، جا ژنانی چاک، خۆ بەکەمزانن، شەرمی خۆیان و نهێنی ماڵ و مێردەکەیان دەپارێزن، لەبەر ئەو مافەی کە خوا بۆ ئەوانی پاراستووە، بەڵام ژنانێ کە بەرزەفڕن و لە ئەشقی و یاخی بوونیان ئەترسن کە گوێ نەدەنە ڕەسم و باوی ژن و مێردی و نافەرمانیتان بکەن، لەبەرا ئامۆژگارییان بکەن، لە پلەی دووەمدا جێیان لێ جیا بکەنەوە، جا لە پلەی سێهەمدا لێیان بدەن و تەمبێیان بکەن، بەڵام ئەگەر بە قسەیان کردن، ئێوەش (بیانوویان پێ مەگرن و) ڕێی ستەم کردن لەوان مەگرنە بەر، خوا پایەبەرزێکی گەورەیە ﴿۳۴﴾ ئەگەر ترسان کە ژن و شوو لێک دوودڵن و لە لەگەڵ یەکا هەڵناکەن و پێکنایەن و لە جیابوونەوە نێزیکن، داوەرێک لە ماڵە مێرد و داوەرێکیش لە ماڵی بابی ژنەکە هەڵبژێرن، جا ئەگەر ئەو دووانە بیانەوێ پێکەوە بسازن، خوا یەکیان ئەخاتەوە و پێکەوە ئەیانسازێنێ، خوا فرە زانا و بە ناخی شت ئاگایە ﴿۳۵﴾ خوا بپەرستن و هیچ شتێک مەکەنە هاوبەش بۆ خوا، چاکە لەگەڵ دایک و باوکتان بکەن (هەروەها) لەگەڵ خزمانی نێزیک و هەتیوان و هەژاران و مسکێنان و دراوسێی نێزیک و جیرانی دوور و دۆست و هاونشین و پەککەوتوانی ڕێگا (کە لە سەفەر ماون و میوانن) و ئەوەی بۆ ئێوە بوونەتە موڵکتان تا دەتوانن چاکە بکەن، خوا ئەوانەی لووتبڵێند و خۆپەسەند و هەروا خۆبەزلزانان و فەخرفرۆشانی خۆشناوێ ﴿۳۶﴾ کەسانێ کە ڕژدی و بەخێڵی و نانەخۆری ئەکەن و بە خەڵکیش فەرمان ئەدەن کە بەخێڵ (و قیرسیچمە بن)، ئەوەی خوا لە چاکە و فەزیلەتی خۆی پێی داون، ئەیشارنەوە، ئازارێکی پەست و ئابڕووبەرمان بۆ کافران ئامادە کردووە ﴿۳۷﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەو کەسانەی بۆ خۆنیشاندان بە رووبینی ماڵی خۆیان ئەبەخشن و بە خوا و بە رۆژی بەرێش بڕوایان نییە، (هەواڵی شەیتانن) هەرکەسیش هاودەمی شەیتان بێ، هاونشینێکی بەدفەڕی هەیە ﴿۳۸﴾ چییان لێدەکرا ئەگەر بڕوایان بە خوا و رۆژی بەرێ هەبوایە و لەوەی خوا پێی داون بیانبەخشیبا، خوا بەوان فرە زانا و ئاگایە ﴿۳۹﴾ بەڕاستی خوا بە ئەندازەی تۆزقاڵە زەڕڕەیەک (سەنگی مێروولەی زەردی وردیلە) زوڵم و ناحەقی (لە کەس) ناکا، ئەگەر چاکەیەک بێ، چەن بەرانبەر زیادی ئەکا، لە لایەن خۆیەوە پاداشی گەورە و خەلاتی گرینگیان هەیە ﴿۴۰﴾ جا (حاڵی ئەوانە) ئەبێ چۆن بێ؟ کاتێ لە هەر کۆمەڵێ هاوئایین بێنین و لەسەریان بیکەینە شایەد و تۆشمان (محەمەد) هێنا و لەسەر ئەوان (موسڵمانان) کردە شایەد ﴿۴۱﴾ لەو رۆژەدا ئەوانەی وا لە خوا و پێغەمبەر حاشایان کرد و بە قسەی پێغەمبەریان نەدەکرد، ئارەزوو دەکەن لەگەڵ خاکدا رێک بان (لەو رۆژەدا) ناتوانن هیچ قسەیەک لە خوا بشارنەوە ﴿۴۲﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لە حاڵێکدا کە سەرخۆش و مەستن، نێزیکی نوێژ مەبنەوە، تا بزانن چ دەڵێن، هەروەها لەکاتی لەشپیسیدا، مەگەر رێبوار بن تا خۆ دەشۆن (توخنی نوێژ مەبن)، ئەگەر نەخۆش بن یا لە سەفەرا بن یا یەکێ لە ئێوە چووبێتە سەر دەساو یا لەگەڵ ژنان دەستان تێکەڵ کردبێ، لەو حالانەدا ئەگەر ئاوتان (بۆ دەسنوێژ گرتن یا مەلە کردن) دەست نەکەوت، (تۆزی خۆڵ) بە دەس بە روخسار و دەموچاو و دەستاندا بماڵن و تێیساون و بە دەس پێدای بهەهنوون و پێیدا بسوون خوا لێبور و دلۆڤانە ﴿۴۳﴾ ئایا نەتدی کەسانێ کە بەشێ لە کتێبی خوا بەوانە درابوو (لەباتی رێنوێنی وەرگرتن) گومڕابوونی پێ دەکڕن رێگا لە خۆ هەڵە دەکەن، ئەیانەوێ ئێوەش لە رێی خوا لادەن ﴿۴۴﴾

خوا دوژمنانی ئێوه (له هەموو کەس) باشتر ئەناسێ، بەسه که خـوا یاریـدەدەرتان بـێ، بەسـه بۆتان که خوا یاوەرتان بێ ﴿۴۵﴾ هەندێ له یەهوودییان قسه و واژەکان له جێی خۆیان لادەبەن (و ئالۆگۆڕکییان پێ دەکەن و بێ شەرمانه) ئەڵێن: بیستمان و نافەرمانیمان کرد، تۆیش ببیسه دەک قەت گوێت له ئێمه نەبـێ! زمانیـان له لالـچ دەگـرن و تـانه له دینـت دەدەن و به تەشـەر دەلین: (راعِنا) ، بەڵام ئەگەر ئەوانه بیانوتبا: بیستمان و فەرمانمان برد و (قسەمان) ببیسـه و چاوت لێمان بێ و مۆڵەتمان بده، ڕاستتر و باشتر بوو بۆیان، بەڵام خـوا ئەوانـی لەبەر ئەو قسـه گۆڕین و باوەڕ نەبوونیان نەحلەتی لێ کردن، جا ئەوەیه بێجگه له ژمارەیەکی کەم بڕوا نـاهێنن (بۆ ڕاعِنا بڕوانه پەڕەی ۱۶ ئایەتی ۱۰۴ سوورەی چێڵەزەرد). ﴿۴۶﴾ ئەی کەسـانێ که کتێـب (ی ئاسمانی)تان پێ دراوه! بەوەی (که بۆ پێغەمبەر) ناردوومانه بڕوا بێنن، چـونکه لەگەڵ ئەو نیشانانەی والای ئێوەیه هـاودەنگە، بەر لەوەی دەموچـاوگەلێ سـاف بکەیـن و هەروەکوپشـتی سەریان لێ بکەین و بیسڕینەوە (بگەڕێنین)، بیبەینه پشت سەریان یـا لەعنەتیـان لـێبکەیـن (ئەوانه له ڕەحمەتی خۆمان دوور بخەینەوە)، هەروەکوو ئەوانەی شەممه (ڕۆژی وچانی جوو: که جوو) ڕێزی شەممەیان شـکاند نەحلەتمـان لـێ کـردن؛ خـوا فەرمـانی هەرجـۆر دابـێ دێـتەدی، فەرمانیخوا (گەڕانەوەی بـۆ نییـه) ﴿۴۷﴾ بەڕاسـتی خـوا لەوه خـۆش نـابێ که هاوبەشـی بـۆ دابنرێ، له هاوبەش پەیا کردن بۆ هەرکەس که بیەوێ خـۆش ئەبـێ، هەرکەس که هـاوبەش بـۆ خوا دابنێ، بوختـان و درۆی گەورەی کـردووه ﴿۴۸﴾ ئایـا نەتـدی کەسـانێ که خۆیـان به پـاک ئەزانی و پاکانەیان بۆ خۆیان دەکرد بەڵکوو تەنیا خوایه هەرکەس که بیەوێ پاک و بێخەوشـی ئەکا، به ئەندازەی هەودای باریکی ناوکه خورمایش ستەمیان لێ نـاکرێ ﴿۴۹﴾ بـڕوانه چلـۆن درۆ به دەم خوا هەڵدەبەستن؟! هەر ئەم تاوانه که ئاوا ڕوون و ئاشکرایه خۆی بەسه ﴿۵۰﴾ ئایا نەتدی کەسانێ که بەشێکیان له کتێب (ی خوا) پێدرابوو، (کەچی) به (شەیتان و بت و زاڵم) و بەوانەی وا حاشـایان له خـوا و پێغەمـبەر کردبـوو بـڕوا دەهێـنن و دەڵـێن: ئەمـانه له موسوڵمانەکان باشتر ڕێنموون بون﴿۵۱﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەوانە کەسانێکن کە خوا لە عنەتی کردوون و لە بەزەیی و ڕەحمەتی خۆی دووری خستوونەتەوە، هەرکەسیش کە خوا لەعنەتی کردبێ، هەرگیز یار و یاوەرێکی بۆ نابێ ﴿٥٢﴾ ئایا ئەوانە (جوولەکە) بەشێکیان لەم موڵک و ماڵەدا هەیە، جا ئەگەر (خاوەنی دنیا بوایەن) بە ئەندازەی تویکڵی دەنکە خورمایەک بەشی خەڵکیان نەدەدا و خێروبێریان بۆ هەژاران نەدەبوو ﴿٥٣﴾ بەوانە حەسوودی ئەبەن، بەوەی کە خوا چاکەی لەگەڵدا کردوون؛ دیارە ئێمە بە بەرەی ئیبراهیم، کتێب و لەکارزانی و (زانین)مان داوە و فەرمانڕەوایی گەورە گەورەیشمان پێ داون ﴿٥٤﴾ جا تاقمێ لەوانە بڕوایان بەو (پێغەمبەر) هێنا، هەندێ بەرهەڵستیان کرد، کە بۆ ئەوانە گڕ و کڵ و بڵێسەی دۆزەخیان بەشە و بەسیشیانە ﴿٥٥﴾ بەڕاستی کەسانێ کە نیشانەکانی ئێمە (خوا)یان ئینکار کرد، بە زوویی دەیانکێشینە ناو ئاگر، کە هەرکاتێ پێستی لەشیان ببرژێ و (بسووتێ)، پێستێ تریان بەسەرا دەکێشینەوە تا دەردی عەزاب بچێژن، بەڕاستی خوا بەوزە و بەتوانا و لەکارزانە ﴿٥٦﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کار و کردەوەی چاکیان کرد، بە زوویی ئەیانبەینە ناو بەهەشتگەلێ کە چۆمەڵە ئاو بە ژێر (دارەکانیان)دا بێ و بڕوا و هەمیشەش لەوێدا ئەمێننەوە، و ژنانی پاک و بێگەردیان لەوێدا بۆ هەیە، ئەوانە ئەبەینە بن پرسێبەرێ کە سێبەری لێ نەبڕێ ﴿٥٧﴾ بەڕاستی خوا بە ئێوە فەرمان ئەدا کە ئەمانەتگەل بدەنەوە بە خاوەنەکانیان، هەرکاتێ لە نێوان خەڵکدا داوەری بکەن، بە دادگەرانە داوەری بکەن و فەرمان بدەن، خوا باش ئامۆژگاریتان ئەکا، خوا بیسەر و بینایە ﴿٥٨﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! بە قسە و ئیتاعەتی خوا بکەن و بە قسەی پێغەمبەر بکەن، بە قسەی (ئیتاعەتی) خاوەنانی کاری خۆتان بکەن (بەرفەرمانی شووڕا بن)، جا ئەگەر لە مەبەستێکدا تووشی جیایی بیروڕا بوون، (و لەسەر چتێ پێکنەهاتن) بیگێڕنەوە سەر (فەرموودەی) خوا و پێغەمبەر، ئەگەر بە خوا و ڕۆژی بەری بڕواتان هەیە، ئەمە بۆ ئێوە چاکترە و ئەنجامیشی باشترە ﴿٥٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئایا نەتدی کەسانێ کە خۆیان وا نیشاندا و بەوەی (لە کتێبی ئاسمانی) بۆ تۆ و بۆ پێشینانی تۆ هاتووە و نازڵ کراوە، بڕوایان هێناوە، بەڵام ئەیانەوێ بۆ داوەری بچنە لای تاغووت، شەیتان، لە حاڵێکدا دەستووریان پێدراوە کە حاشا و ئینکاری شەیتان و تاغووت بکەن، شەیتان ئەیەوێ ئەوانە لارێ بکا بۆ لارێیەکی ناڕاست و هەڵە و دوور (لە ڕاستی) ﴿۶۰﴾ کاتێ کە بەوانە بوترێ: بۆ لای ئەوەی خوا ناردوویەتی و بۆ لای پێغەمبەر بێن، تۆ دووڕووەکان ئەبینی کە بە توندی ڕووت لێ وەردەگێڕن ﴿۶۱﴾ جا چلۆنە هەرکاتێ لە سوێنگەی کردەوەی خۆیانەوە تووشی کارەساتێک ئەبن، دێنە لای تۆ و سوێند ئەخۆن کە نیاز و مەبەستمان تەنیا چاکە و ئاشتی و سازیان بووە ﴿۶۲﴾ ئەوانە کەسانێکن کە ئەوەی وا لە دڵ و دەروونیاندایە، خوا پێی ئەزانێ، جا لە (سزادانی) ئەوان واز بێنە و چاوپۆشی بکە و ببوورە و بە جۆرێ ئامۆژگارییان بکە، و بە قسەی دڵنشین قسەیان لەگەڵ بکە، بە جۆرێ دڵیان بەرەو لای خۆت ڕابکێشی ﴿۶۳﴾ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە، مەگەر (لەبەر ئەمە کە) بە فەرمانی خوا پەیڕەوی لێ بکرێ، جا ئەگەر ئەوانە (موخالیفان) کاتێ ستەمیان لە خۆیان کرد، دەهاتنە لای تۆ و لە خوا داوای بەخشینیان دەکرد، و تۆی پێغەمبەریش داوای لێبووردنت بۆ بکردبان، ئەوسا دەیاندی کە خوا تۆبەی تۆبەکارانی قەبووڵە و فرە دڵلاوێنیشە ﴿۶۴﴾ بەڵام نەخێر، سوێند بە پەروەرندەت کە ئەوانە بڕوا ناهێنن، مەگەر وەختێ کە لە کێشە و هەرای نێوان خۆیاندا بتکەنە قازی و داوەر و لە دڵەوە بە هەر فەرمانێ تۆ بیدەی ڕدایان بێ و بە تەواوی ملکەچی ئەو فەرمانە بن. ﴿۶۵﴾

ئەگەر بەوانمان دەستوور بدابا بۆ ئەوانمان نووسیبا کە یەکتر بکوژن، یا لە نیشتمان و وڵاتی خۆتان بڕۆنە دەرێ، کەمیان نەبا عەمەلیان پێنەدەکرد، مەگەر ژمارەیەکی کەم لەوانە، ئەگەر بەو ئامۆژگارییانەی بۆیان دەکرا، ڕەفتاریان بکردایە، سوودیان دەبرد و ئەبووە هۆی پتەو بوونی بڕوای ئەوان ﴿۶۶﴾ ئەو کاتە لە لایەن خۆمانەوە پاداشێکی گەورەمان پێئەدان ﴿۶۷﴾ ئەوانیشمان بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنوێنی دەکرد ﴿۶۸﴾ هەرکەسێ کە پەیڕەوی لە خوا و پێغەمبەر بکا، جا ئەوانە لەگەڵ ئەوانەن کە خوا نیعمەتی پێداون (کە بریتین) لە پێغەمبەران و ڕاستبێژان و شەهیدان و چاکان، ئەوانە هاونشینانێکی چەن چاکن ﴿۶۹﴾ ئەمە چاکەیە (غەنیمەتێکە) لە لایەن خواوەیە ئەوە کە خوا بە کار و کردەوەیان فرە زانایە بەسە ﴿۷۰﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! هۆشی خۆتان بێ و ئامادە بن چەک بە دەس، جا لە دەستەگەلی جیاجیا یا هەموو بە پۆل پێکەوە بچنە خەزا و هەڵکوتنە سەر دوژمن ﴿۷۱﴾ لە نێو ئێوەدا کەسانێک هەن، سستن و ئەبنە هۆی سستی ئەوانی تریش، جا ئەگەر ئێوە تووشی بەڵا و موسیبەتێک بوون (ئەوە کە بە ئانقەست خۆی دوا دەخست و سستی دەکرد) دەڵێ: خوا چاکەی لەگەڵ کردم کە لەگەڵ ئەوان (موسڵمانان) لە جەنگدا نەبووم ﴿۷۲﴾ ئەگەر سەرکەون و غەنیمەتێکتان لە لایەن خواوە پێبگا، وەک ئەوەی لە نێوان ئێوە و ئەودا هیچ ناسیاوی و دۆستییەک نەبووە، دەڵێ: خۆزیا لەگەڵ ئەوان بوایێم، جا منیش لەو خێرە گەورەیە لەگەڵ ئەوان بەشدار دەبووم ﴿۷۳﴾ جا کەسانێ کە ژیانی ئەم دنیایان بەو دنیا داوە، ئەبێ لە ڕێگای خوادا بجەنگن، کەسێ کە لە ڕێگای خوادا بجەنگێ و بکوژرێ (شەهید بکرێ) یا سەرکەوێ، بە زوویی پاداشێکی گەورەی ئەدەینێ ﴿۷۴﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



دەی چتانە؟ بۆچ لە ڕێگای خوا و ڕزگار کردنی پیاوان و ژنان و منالانێ کە (بە دەسی ستەمکاران) کز و کەنەفت کراون، ناچنە خەزا و جەنگ ناکەن، ئەوانە (ناحەق لێکراوان) دەڵێن: ئەی پەروەرندەی ئێمە! لەم شارە (مەکە) کە خەڵکەکەی ناحەقیکار و ستەمکارن بمانبە دەرێ، لە لایەن خۆتەوە یارمەتیدەرێکمان بۆ دیاری بکە و بۆ دانێ ﴿۷۵﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە لە ڕێگای خوادا ئەجەنگن، خوانەناسانیش لە ڕێگای شەیتان و تاغووتدا جەنگ دەکەن، جا ئێوەیش لەگەڵ دۆستان و یارانی شەیتاندا بجەنگن، فڕوفێڵی شەیتان کز و کەم هێزە ﴿۷۶﴾ ئایا نەتدی کەسانێ کە (لە مەکە) بەوان وترا: (ئێستا) دەس لە (شەڕ) هەڵبگرن و نوێژ بەجێ بێنن و زەکات بدەن (قەڵس بوون)، بەڵام کاتێ (لە مەدینە) فەرمانی جەنگیان پێدرا و لەسەریان نووسرا، لە حاڵێکدا دەستەیەک لەوانە لەو خەڵکە ئەترسان کە دەبوو شەڕیان لەگەڵ بکەن هەروەکوو لە خوا ئەترسان یا زیاتریش، وتیان: ئەی پەروەرندەی ئێمە! بۆچ جەنگ و خەزا کردنت لەسەر نووسین؟ خۆزگە ئەم خەزا و جەنگەت بۆ ماوەیێتر بۆ دوا ئەخستین، بڵێ: کاڵای ژیانی دنیا کەمە، ئەو دنیا بۆ کەسێ کە خۆپارێزە باشترە، کەمترین ناحەقی لە کەس ناکرێ ﴿۷۷﴾ لە هەر کوێ بن، مردن پێتان ئەگا، هەرچەن لە ناو قەڵای (بەرز و) قایمدا بن، ئەگەر ئەوان (دووڕووەکان) تووشی چاکە و سەرکەوت بن، ئەڵێن: ئەمە لە لایەن خواوەیە و ئەگەر تووشی سووکی و تێشکان بن، ئەڵێن: ئەمە لە تۆ (پێغەمبەر)ەوەیە، بڵێ: هەموو ئەمانە لە لایەن خواوەیە، جا ئەم هۆزە چییانە کە هیوای تێگەیشتنی هیچ قسەیەک لەواندا نییە ﴿۷۸﴾ ئەوەی لە چاکە بە تۆ ئەگا، لە خوداتەوەیە و ئەگەر نالەباریشت بێتە سەر ڕێگا، لە خۆتەوەیە ئێمە تۆمان بە ناوی ڕەوانەکراو بۆ لای خەڵک کل کرد و نارد تا بەسەر ئەو خەڵکەوە، پێغەمبەر بی، هێندەت بەسە کە خوا ئاگای لێت هەیە. ﴿۷۹﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



هەرکەسێ کە بە قسەی پێغەمبەر بکا، بەڕاستی بە قسەی خوای کردووە، هەرکەسیش ڕوو وەربگێڕێ، ئێمە تۆمان نەناردووە بۆ چاودێری لەسەر ئەوان ﴿۸۰﴾ (ئەوانە لە حوزووری تۆدا) ئەڵێن: بە قسەت دەکەین، بەڵام کاتێ لای تۆ دەردەکەون، تاقمێ لەوانە شەوانە بە دژی قسەکانی تۆ بیر دەکەنەوە، خوا هەر بیر و خەیاڵێ کە بە دڵیاندا دێ ئەینووسێ، جا کەوایە وازیان لی بێنە و خۆیان تێمەگەیێنە و پشت قایم بە خوا بە، بەسە کە خوا یار و پشتیوانی تۆ بێ ﴿۸۱﴾ بۆچ بیر لە (واتا و ئەنجامی) قورئان ناکەنەوە، ئەگەر قورئان لە لایەن غەیری خواوە بوایە، لەوا مەبەستی نارێک و دژ بە یەکتری، زۆریان تێدا ئەدی ﴿۸۲﴾ کاتێ هەواڵی سەرکەوتن یا تێشکان و ترس بەوان بگا، بلاوی دەکەنەوە، بەڵام ئەگەر ئەوەیان بە پێغەمبەر یا بە کاربەدەسانی خۆیان ڕابگەیاندبا، لە ڕیشەی مەبەستەکە ئەگەیشتن، ئەگەر چاکە و بەزەیی خوا نەبوایە، بێجگە لە ژمارەیەکی کەم هەموو بە دوای شەیتان دەکەوتن ﴿۸۳﴾ جا لە ڕێگای خوا بجەنگە، تۆ تەنیا بەرپرسی ئەرک و ئەسپاردەی خۆتی، بڕواداران (بۆ جەنگ) هان بدە، بەڵکوو خوا لە زەبروزەنگی سەختی خوانەناسان بتانپارێزێ و خوا لەوان پڕ هێزتر و لە بەڵا بەسەر هێنان بۆ ئەوان، سەختترە ﴿۸۴﴾ هەرکەس کە لە ڕێگای چاکدا ناوبژی بکا، بەشێکی لەوە بۆ هەیە و هەرکەسیش لە ڕێگای بەدفەڕیدا ناوبژی بکا، بەشێکی لەو (کارە گوناح و خراپە) بۆ دەبێ، خوا سەبارەت بە هەموو کاروبارێک بەوزە و پارێزەرە ﴿۸۵﴾ هەرکاتێ هەرکەسێکی چاکوخۆشیتان لەگەڵدا بکەن ئێوەش باشتر لەو یا هەروەکوو ئەو، پەرسف و وەڵامی چاکوخۆشییان بدەنەوە، خوا بە هەموو شت ڕادەگا ﴿۸۶﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



خوایەک کە لەو بەدەر چتێتر بۆ پەرستن نییە، خـوا لە ڕۆژی قیامەتـدا کە هەبـوونی ئەو ڕۆژە بـێشـکە، ئێـوە کـۆ دەکـاتەوە، کـێ لە خـوا قسـە ڕاسـتترە ﴿٨٧﴾ جـا چتـانە بـۆچ لەبـابەت دووڕووەکان بوونەتە دوو دەسە، کەچی خوا لەبەر کردەوە (و بیری خراپیـان) ئەوانـی بە تەواوی دەمەونخوون کردووە (و لە خوانەناسانی داناون)، ئایا ئێوە ئەتـانەوێ کەسـانێ کە خـوا لاڕێـی کردوون، بیانهێننەوە سەر ڕێگا؟ هەرکەسێ کە خوا لاڕێـی بکـا، ڕێگـایەک نـادۆزێتەوە ﴿٨٨﴾ ئەوان پێیان خۆشە کە ئێوەش وەکوو ئەوان خوانەناس بن تا بەرانبەر بن، کەوابوو لەوان دۆست مەگرن، مەگەر (تۆبە بکەن و) لە ڕێگای خوادا بار بکەن و خۆ بـکەنە دەربەدەر جا ئەگەر (لە بارکردن) ڕوویان وەرگێڕا، لە هەرکوێ دەستتان کەوتن، بیانگرن و ڕێگای هەڵاتیان پێ مەدەن و فراقی ڕەشیان لێ ببڕن و بیانکوژن، لەوان دۆست و یار و یـاوەر مەگـرن ﴿٨٩﴾ مەگەر ئەوانەی کە پێوەندییان بە تاقمێ هەیە کە لە نێوان ئێوە و ئەو تاقمەدا بەڵـێن و پەیمـان هەبـێ، یـا ئەو کەسانەی کە بە ناچاری بۆ لای ئێوە هـاتوون و هـاتوونەتە بـن داڵـدە و پەنـای ئێـوە و لە شـەڕ کردنیش دوودڵن چونکە ئەگەر جەنگ لەگەڵ ئێوە بکەن تووشی خزم و ناسیاو کوشتن دەبن کە لەگەڵ ئێوەدان، و ئەگەر خوا بیەوێ (وزەیان پـێ ئەدا و) دەسـەڵاتیان بەسـەر ئێـوەدا پـێ پەیـا ئەکا، جا بتانکوژن، جا ئەگەر خۆیان لە ئێوە لادا و لەگەڵتـان نەجەنگـان، بەڵکـوو پێشـنیاری ئاشتییان دا، (بزانن کە) خوا ڕێگـای دەسدرێـژی بـۆ مـاڵ و گیـانی ئەوانـی بە ئێـوەش نەداوە ﴿٩٠﴾ بە زوویی لەگەڵ تاقمێکی دیکەیشدا ڕووبەڕوو دەبن کە ئەیانەوێ لە لایەن ئێوە و هۆزی خۆیـانەوە ئـارخەیەن و خـاترجەم و لە ئەمانـدا بـن، (بەڵام) هەرکـاتێ لەلای خزمـانەوە لێیـان بگەڕێنـدرێنەوە بە سـەر ئەچـنە نێویـان، جـا ئەگەر لە (ئـاژاوە بە دژی ئێـوە) خۆیـان لانەدا و پێشـنیاری ئاشتییان نەدا و دەسیان لە کوشت و بڕینی ئێوە هەڵنەگـرت، لە هەرکـوێ تووشـیان بوون، بیانگرن و بیانکوژن، ئەوانە کەسانێکن کە دەسەڵاتی ئاشکرامان بۆ ئێوە بەسـەر ئەوانـا داوە ﴿٩١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بۆ هیچ ئیمانداریێ نییە کە بڕواداریێ بکوژێ، مەگەر بە هەڵە و خەتا، هەرکەسێک بە هەڵە بڕواداریێکی کوشت، ئەبێ کۆیلەیەکی بڕوادار ئازاد بکا و نرخی خوێنەکەی بە خێزانەکەی بدا، مەگەر بیبەخشن، جا ئەگەر کوژراوەکە لە هۆزێک بێ کە دوژمنی ئێوە بن، کوژراوەکە بڕواداریێ بێ، ئەبێ تەنیا عەبد و کۆیلەیەکی بڕوادار ئازاد بکا، بەڵام ئەگەر لە هۆزێک بوو کە لە نێوان ئێوە و ئەواندا بەڵێن و پەیمان هەبوو، جا ئەبێ نرخی خوێنەکەی بە خێزانەکەی بدا و کۆیلەیەکی بڕواداریش ئازاد بکا، جا ئەگەر کۆیلەی گیر نەهات، دوو مانگی ڕەبەق و تەواو لە پشت سەر یەک ڕۆژوو بگرێ، ئەمە جۆریێ بارسووکی و تۆبە کردنە لای خوا، خوا فرەزان و لەکارزانە ﴿۹۲﴾ هەرکەس بە ئانقەست بڕواداریێک بکوژێ، جەزا و سزای جەهەندەمە و لەوێدا بۆ هەمیشە قەتیس ئەمێنێتەوە و ئەکەوێتە بەر ڕق و غەزەبی خوا، لە ڕەحمەتی خوا بێ بەرییە، خوا ئازاریێ گەورەی بۆ ئامادە کردووە ﴿۹۳﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! کاتێ کە لە ڕێگای خوادا (بۆ جەنگ) هەنگاو هەڵدەگرن، (لەو کەسەی وا تووشتان دەبێ) بکۆڵنەوە (بزانن موسڵمانە یا نە)، (لە خۆتانەوە) بە کەسێ کە (داوای ئاشتی ئەکا و) ئیسلام بوونی خۆی دەرئەبڕێ، مەڵێن: تۆ بڕوادار نیت، بۆ ئەوەی سەرمایەی ناپایەداری ژیانی دنیایی بە دەس بێنن (بە ناوی غەنیمەت)، ماڵ و غەنیمەتی زۆر لای خوا هەیە، ئێوەش لە بەرا وا بوون، خوا منەتی لەسەر دانان، جا لەبەر ئەمە (لە تەرەفەکەتان) بکۆڵنەوە (و زوو مەیکوژن)، خوا بەوەی دەیکەن ئاگادارە ﴿۹۴﴾

کەسانێ لە بڕواداران جیا لە نوقسان و نەخۆش لە تێکۆشان دەسیان هەڵگرتووە و لە ماڵ خزاون و دانیشتون، یەکسان و بەرابەر نین لەگەڵ تێکۆشەرانی خەزاکەر کە بە ماڵ و گیانی خۆیان لە ڕێگای خوادا کۆشەرن، (بەڵکوو) خوا پایە و پلەی کەسانێ کە بە ماڵ و گیان کۆشەرن، بەسەر ئەوانەی وا لە ماڵ خزیون، بەرزتری کردۆتەوە، خوا بە هەموو بەڵێنی چاکەی داوە، بەڵام بە دانی پاداشی گەورە بە تێکۆشەران، ئەوانی بەسەر لە ماڵخزیوان بەرزتر کردۆتەوە ﴿۹۵﴾ پلە و پایە و لێخۆشبوون و چاکە لای خۆیەتی، خوا لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿۹۶﴾ کەسانێ کە بە هۆی خوانەناسی، زوڵمیان لە خۆ کردبوو، مەلائیکە کە گیانیان دەکێشان، پێیان وتن: لەسەر ڕچەی چ تاقمێ بوون؟ (لەوەلاما) وتیان: ئێمە بێچارەی سەر زەوی خوانەناسین (مەلائیکە پێیان وتن: مەگەر زەوی خوا بەرفراوان و هەراو و ئاواڵە نەبوو کە کۆچی تێیا بکەن، بچنە شۆینێ‌تر، جا جێگای ئەوان جەهەندەمە و سەرئەنجامێکی بەدفەڕانەیان بۆ هەیە ﴿۹۷﴾ مەگەر ئەو دەستە لە پیاوان و ژنان و منالانی کز و ناتەوان کە چارەیان بۆ نییە، ڕێگای دەرچوونیشیان (لەو ژینگە) بۆ نادۆزرێتەوە ﴿۹۸﴾ جا هیوایە خوا ئەم جۆرە کەسانە ببەخشێ، خوا خاوەن عەفو و لێبورە ﴿۹۹﴾ هەرکەس کە لە ڕێگای خوادا کۆچ بکا، نشیمەنگایەکی بەرفرە بۆ ژیان پەیا ئەکا، هەرکەس کە لە خانولانی بۆ لای خوا و پێغەمبەر کۆچ بکا و خۆ ئاوارەی دەشت و بیاوانی خوا بکا ئەوسا مەرگی بگاتێ، پاداشی ئەو لەسەر خوایە، خوا لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿۱۰۰﴾ هەروەختێ چوونە سەفەر و بوونە ڕێبوار، گوناحێکتان لەسەر نییە کە نوێژەکەتان کورت بکەنەوە، ئەگەر ترسان کە خوانەناسان تووشی شەڕ و ئاژاوەتان بکەن، خوانەناسان دوژمنی ئاشکرای ئێوەن ﴿۱۰۱﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



کاتێ کە لە نێو ئەوان (لە سەفەر)دا بووی و نوێژی (جەماعەتت بە ترسەوە) بۆ خوێندن، ئەبێ تاقمێ لەوان لەگەڵ تۆ (خەریکی نوێژ) بن و چەکەکانیشیان بە دەسەوە بێ، جا هەرکاتێ ئێوە چوونە سوژدە (و هەستانەوە)، ئەوان (لەڕاست دوژمن) بکەونە پشت سەری ئێوە و تاقمەکەیتر کە نوێژیان نەکردووە، بێن و لەگەڵ تۆدا نوێژ بکەن، ئەمانیش ئەبێ وریا بن و چەکی خۆیان بە دەسەوە بێ، (چون) ئەوانەی وا خوانەناسییان کرد، پێیان خۆشە ئێوە لە چەک و کاڵا و تۆشەی ڕێگای خۆتان غافڵ بن و ئەوانیش لەپڕ هێرشتان بۆ بێنن، گوناحتان لەسەر نییە ئەگەر باران بباری و تووشی ئازار ببن یا نەخۆش بن، چەکی خۆتان دابنێن، بەڵام ئەبێ (سپەری) وریا بوون لە بیر نەکەن (و ئامادە بن)، خوا بۆ خوانەناسان عەزابێکی پەست و ئابڕووبەری ئامادە کردووە ﴿۱۰۲﴾ جا کاتێ نوێژتان کرد چ بە ڕاوەستان و چ بە دانیشتن و چ بە درێژ بوون لەسەر تەنیشت، یادی خوا بکەن، جا هەرکاتێ لە دوژمن دڵنیا بوون، نوێژەکەتان بە ئاسایی بکەن، نوێژ لەسەر بڕواداران واجبێکی کاتدارە ﴿۱۰۳﴾ لە جەنگ کردن و دانەپەی و ڕاونانی دوژمن سست مەبنەوە، (چونکە) ئەگەر ئێوە تووشی زام و دەرد بن، ئەوانیش وەکوو ئێوە تووشی زام و دەرد ئەبن، بەڵام ئێوە هیواتان بە خوا هەیە کە ئەوان نییانە، خوا فرە زانا و لەکارزانە ﴿۱۰۴﴾ ئێمە ئەم کتێبەمان قورئان بە هەق بۆ تۆ ناردووە تا بەوەی خوا نیشانی داوی و فێری کردووی، لە نێوان خەڵک داوەری بکەی، لە گزیکار و حیلەساز و فێڵبازان پشتیوانی مەکە ﴿۱۰۵﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

لە خوا داوای لێخۆشبوون بکە، بەڕاستی خوا لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿۱۰۶﴾ جەنگ و کێشە لەسەر ئەوانە مەکەن کە بە خۆیان غەیانن، خوا ئەوانەی تاوانبار و خەیانن خۆشی ناوێن ﴿۱۰۷﴾ (ئەوانە خەیانەتی خۆیان) لە خەڵک دەشارنەوە بەڵام ناتوانن لە خوای بشارنەوە و خوا لەگەڵیاندا بوو لەو دەمەی کە شەوانە قسەگەلێکیان دەکرد کە خوا لە قسەکانیان ڕازی نەبوو، خوا بەوەی وا دەیکەن ئاگایە ﴿۱۰۸﴾ وریا بن کە وا ئێوەن لە ژیانی ئەم دنیایەدا لەوانتان پشتیوانی کرد، جا چ کەسێ لە ڕۆژی بەریێدا لە بەرانبەری خوادا لەسەر ئەوان بکاتەوە؟ یا چ کەسێ دەتوانێ کاری ئەوان وەئەستۆ بگرێ؟ ﴿۱۰۹﴾ هەرکەسێ بەدفەڕی بکا یا لە خۆی ستەم بکا، لە دواییدا داوای لێخۆشبوون لە خوابکا، تێدەگا. کە خوا لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿۱۱۰﴾ هەرکەسێ گوناح بکا، بە زیانی خۆی کردوویەتی، خوا فرە زانا و لەکارزانە ﴿۱۱۱﴾ هەرکەسێ هەڵە یا گوناحێ بکا و ئەوسا ئەوە بداتە پاڵ بێتاوانێک، باری بوختان و گوناحی بە ئاشکرا لە سەر شانە ﴿۱۱۲﴾ ئەگەر چاکە و بەزەیی خوا بۆ تۆ نەبوایە، تاقمێ لەوانە ئەکۆشان و بەتەما بوون کە تۆ لە ڕێ لادەن و ڕێگات لێ ون بکەن، بەڵام بێجگە لە خۆیان کەسێ تریان لە ڕێ پێ لانادرێ، هیچ جۆرە زیانێ بە تۆ ناگەیێنن، خوا قورئان و لەکارزانی بە تۆ داوە و ئەوەی نەتدەزانی فێری کردووی، چاکەی هێژا و گەورەی خوات لەگەڵدایە ﴿۱۱۳﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



زۆربەی سرتە و پچەکەیان لە (کۆڕ گرتنی بە نهێنی) ئەواندا خێروبیرێک لەگۆڕێدا نییە، مەگەر کەسێ (مرۆیانە) خەڵک بە بەخشین یا بۆ کاری چاک هان بدا یا بە ناوبژی کردن خەڵک ئاشت بکاتەوە؛ هەرکەسێ بۆ ڕەزای خوا کارێ وا بکا، لە دواییدا پاداشی گەورەی پێ ئەدەین ﴿۱۱۴﴾ هەرکەس دوای ئاشکرا بوونی ڕێگای ڕاست، لەگەڵ پێغەمبەر ئاگادارانە دژایەتی بکا و ڕێگای بێبڕوایان بگرێتە بەر، ئێمەیش ڕایدەکێشین بەو ڕێگایەی وا پێیدا ئەڕوا و بە دەردەوە ئەیکێشینە نێو دۆزەخ، و ڕێباز و دواڕۆژێ پڕ لە ئازاری بۆ هەیە ﴿۱۱۵﴾ بەڕاستی هەرکەس هاوبەش بۆ خوا دابنێ لێی نابوورێ و نایبەخشێ، (بەڵام) کەمتر لەوە، بۆ هەرکەس کە بیەوێ (بە شیاوی بزانێ) عافووی دەکا و ئەیبەخشێ، هەرکەسێ کە هاوبەش بۆ خوا دابنێ کەوتۆتە لاڕێییەکی دوور (لە بەختەوەری) ﴿۱۱۶﴾ ئەوانە (بتپەرستان) لەباتی خوا بە بەرد و کرک و شتی بێجووڵەی وا هانا دەبەن کە زۆربەیان ناوی بتگەلێکی مێیینە (و نەرم و بێ شوێن وەک: لات، عزا، منات، نائلە و اساف) هەیە و تەنیا شەیتانی یاغی و بێخێر و وێرانکەر بانگ ئەکەن و هاواری بۆ ئەبەن و ئەیپەرستن کە سەربزێوی کردووە و لە بارەگای خوا دەرکراوە ﴿۱۱۷﴾ خوا ئەو (شەیتانە)ی لە ڕەحمەتی خۆی بەری کردووە و ئەو(یش) وتی: لە بەندەکانی تۆ بەشێکی دیاریکراو ئەگرم (بە بەندەی خۆم) ﴿۱۱۸﴾ بە هەقیقەت لە ڕێگا لایان ئەدەم و دڵ و دەروونیان تەژی دەکەم لە ئاوات و ئارەزوو؛ سەرگەرمیان ئەکەم، فەرمانیان پێ ئەدەم (کاری بێجێ بکەن) گوێی ئاژەڵ و ماڵات هەڵدڕن یا بیبڕن، هەروا بیچمی ئەو شتانەی وا خوا ئافراندوویەتی بیگۆڕن و بیشێوێنن، هەرکەس کە لەباتی خوا شەیتان بکاتە دۆست و پشتی پێ ببەستێ، بە هەقیقەت زیانی ئاشکرای کردووە ﴿۱۱۹﴾ (شەیتان) بەڵێنییان پێ ئەدا و بە ئارەزوو دڵخۆشیان ئەکا، شەیتان بەڵێنییان پێ نادا، مەگەر بۆ فریودان ﴿۱۲۰﴾ ئەوانە (پەیڕەوانی شەیتان) جێگایان جەهەندەمە، هیچ ڕێگای دەرچوون لەوێ نادۆزنەوە ﴿۱۲۱﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، بە زوویی ئەیانبەینە ناو بەهەشتێ کە ئـاو بە ژێر دارەکانیدا بێ و بڕوا و بۆ هەمیشەیش لەوێدا ئەمێننەوە، بەڵێنی خوا هەقە و دێتە دی، کێ لە خوا ڕاستبێژترە ﴿۱۲۲﴾ (جەزا و سزا و بەرز و نزم بوون) بە ئارەزووی ئێوە و ئـارەزووی خاوەن کتێب نییە، هەرکەس خراپە بکا، بەو کارەی خۆی جزیا و سزای ئەدرێ، بـێجگە لە خـوا یار و دۆست و یاوەرێک بۆ خۆی گیر نـاهێنێ و بـۆی پەیـدا نـابێ تـا بە فریـای کەوێ ﴿۱۲۳﴾ هەرکەس کارگەلێ لە چاکە بکا، چ پیاو یا ژن کە بڕواشی بە خوا هەبێ، ئەوانە ئەچنە بەهەشت و تەنانەت بە ئەندازەی قلّیشی وردیلەی دەنکە خورمایان؛ ناحەقی لـێ نـاکرێ ﴿۱۲۴﴾ دیـن و بڕوای چ کەسێ باشترە لە دین و بڕوای ئەوکەسەی وا کە بە تەواوی خۆی داوە بە دەس خـواوە و خۆی بە خوا سپاردووە و لە ناڕەوا لادەرە و بەرەو حەق هاتووە و کارچاکیشە و لە ئایینی پـاکی ئیبراهیم(یش) پەیڕەوی کردبێ، خوا ئیبراهیمی بە دۆستی خۆی وەرگرتـووە ﴿۱۲۵﴾ ئەوەی لە ئاسمان و زەویدایە هی خوایە، خوا بە هەموو شت دانا و ئاگایە ﴿۱۲۶﴾ لە تۆ لەبابەت ژنانەوە دەپرسن داوای وەلام (و بەڕێـوە بردنـی ئەحکـام) ئەکەن، بلّـێ: خـوا لەو بـابەتەوە فتـوا و وەلاّم ئەداتەوە، ئەوەی لەم کتێبە: (قورئانەدا) بەسەر ئێوەدا دەخوێندرێتەوە، (وەلاّمێکـە) لەبـابەت ژنـان و کیژانـی هەتیـو کە مـافی ئەوان و ئەوەی بۆیـان نووسـراوە (لە میـرات و شـتی وا) کە دەیانکەوێ، پێیان نادەن، بەتەمان لە خۆتـان مارەیـان بـکەن، لەبـابەت کـوڕانی مێرمنـاڵ کە زەبوون و بێدەرەتانن و کراونەتە بنچەپۆکە، بۆتان بەیان ئەکا تـا بۆیـان چـاک بـن (هەروا خـوا فتـوا ئەدا) کە سـەبارەت بە هەمـوو هەتیـوان بە دادگەری و مرۆیـانە و پیـاوانە بجـووڵێنەوە، هەرکارێکی چاک بیکەن خوا بە هەقیقەت بەوە فرە زانایە ﴿۱۲۷﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەگەر ژنێ لە ملبادان ئەشقی و یاخیبوون و خۆ قەف کردن یا ڕوو وەرگەڕاندنی شووەکەی ترسا، قەیدی ناکا و تاوانیان بۆ نییە کە هەردووکیان لە ناو خۆیاندا بکۆشن پێکبێن و ئاشتی بکەن، دیارە ئاشتی کردن لە دڕۆنگی و دوودڵی چاترە، خۆشەویستی ماڵی دنیایش لە هەموو کەسدا هەیە، جا ئەگەر چاکە بکەن و خۆ لە هەڵە پارێز بن، خوا بەوەی دەیکەن ئاگایە ﴿۱۲۸﴾ هیچ کاتێ ناتوانن لە نێو ژناندا بێ جیاوازی دادگەری بەڕێوە بەرن، هەرچەن بتانەوێ بیکەن، سا بە تەواوی لێیان دووری مەکەن کە بیانکە هەڵپەسێردراوێ بێکارکراوی بەئەمانەتی و تەخسیریان بکەن و سەرجێیی ئەوان نەکەن و سەرجێیان نەدەن، ئەگەر ئاشتیان بکەنەوە و لە خوا بترسن خوا لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿۱۲۹﴾ ئەگەر لێک جیا بوونەوە خوا هەریەک لەوانە بە بەزەیی خۆی بێنیازیان ئەکا، خوا خاوەنی بەزەیی پەرەدار و لەکارزانە ﴿۱۳۰﴾ ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هی خوایە، ڕایشمان سپاردووە کەسانێ کە بەر لە ئێوە کتێبیان پێ درابوو هەروەها ئێوەش (ڕادەسپێرین) کە لە (نافەرمانی) خوا خۆ بپارێزن، ئەگەر لە خوا بەحاشا بن (زیانێ بە خوا ناگا، چونکە) بەڕاستی بۆ خوایە ئەوەی وا لە ئاسمانەکان و زەویدایە، خوا بێنیاز و شیاوی پەسەند و تاریفە ﴿۱۳۱﴾ بۆ خوایە ئەوەی وا لە ئاسمانەکان و زەویدایە، خوا خۆی بۆ ڕاگرتنی ئەوانە کارساز بێ بەسە ﴿۱۳۲﴾ ئەی خەڵکینە! ئەگەر خوا بیەوێ ئێوە لادەبا و تەرتوتووناتان دەکا و خەڵکێتر دێنێ، خوا ئەوەی لە دەس دێ و بەسەر ئەمەدا بەتوانایە ﴿۱۳۳﴾ هەرکەسێ خۆشی و پاداشی دنیای بوێ، لای خوا خێر و خۆشی و پاداشی دنیا و ئاخیرەت هەیە، خوا بیسەر و بینایە ﴿۱۳۴﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! دادگەر و بەئینساف بن، بە یەکسانی و بێ جیاوازی (بە کاری خەڵکی ڕابگەن) لەبەر خوا شایەدی بدەن، هەرچەن بە زیانی خۆتان یا دایک و باوک و نێزیکانتان بێ، جا چ ئەوانە (شایەدی بۆ دراوان) بێنیاز یا هەژار و بەنیاز بن، چونکە خوا بۆیان لەپێشتر و دڵسۆزتر و باشترە، جا لەبەر ئەمە بە دوای هەوا و ئارەزوو و هەوەسا مەڕۆن کە لە دادگەری (لە شایەدیدان لەسەر هەق) کلا ئەبن و لائەدەن، ئەگەر زمان بخەنە لا یا خۆتان لە شایەدیدان بدزنەوە (یا ڕوو لە دەربڕینی وەربگێڕن، خوا بەوەی دەیکەن بە ناخی ئاگایە ﴿۱۳۵﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! بڕوا (بەڕاستی) بێنن؛ بە خوا و پێغەمبەر (ڕەسوولی) خوا و بڕوا بە کتێبێ (قورئان) کە بۆ پێغەمبەری خۆی ("محەمەد"ی) ناردووە، کتێبێ کە بەر لەمە ناردوویەتی، هەرکەسێ بە خوا و مەلائیکە و کتێبەکانی و بە ڕەسوولانی، (پێغەمبەرانیتر) و بە ڕۆژی (پەسڵان) بەرێ کافر بێ (و حاشا و ئینکاریان بکا) بۆ لاڕێیەکی دوور (لە هەق) لای داوە ﴿۱۳۶﴾ کەسانێ کە بۆ هەوەڵ جار بڕوایان هێنا و ئەوسا کافر بوون (و لە دین حاشایان کرد)، لە دوای ئەوە بڕوایان هێناوە و ئەوسا کافر بوونەوە، لە پاشان کوفری خۆیان زیاد کرد، ئیتر خوا نایانبەخشێ، بۆ ڕێگای (ڕاست) ڕێنوێنییان ناکا ﴿۱۳۷﴾ بە دووڕووەکان مزگێنی بدە کە عەزابێکی دەردناکیان بۆ هەیە ﴿۱۳۸﴾ کەسانێ کە لەباتی بڕواداران، کافران بە دۆست (و پشتیوانی خۆیان) ئەگرن و لە کۆمەڵی بڕواداران دەتەکنەوە و واز دێنن ئایا ئەوانە شکۆ و قەدر و سەربەرزییان لەوان دەوێ و دەیانەوێ حورمەت و ڕێزیان لەوان دەسکەوێ؟ جا بەڕاستی شکۆ و قەدر و سەربەرزی بە تەواوی بۆ خوایە ﴿۱۳۹﴾ خوا لە قورئاندا (ئەم فەرمانەی) بۆ ئێوە ناردووە تا هەردەمێ کە پێتان زانی و بیستتان بە نیشانەکان و بە ئایاتی خوا گەپ و گاڵتە ئەکرێ و بە درۆیێ هەڵبەستەی دەزانن لەگەڵیان دامەنیشن، تا ئەچنە سەر قسەیەکی تر (و قسەکە ئەگۆڕن)، چونکە لەو دەمەیدا ئێوەش وەکوو ئەوانتان لێ دێ، خوا کۆکەرەوەی هەموو دووڕووەکان و خوانەناس و کافرەکانە لە جەهەندەم ﴿۱۴۰﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دووڕووەکان کەسانێکن کە دەخەفتێن خۆیان بۆ ئێوە لە تەماڵ داوە و چاوەڕوانن دەرفەتیان گیر بێ، جا ئەگەر لە لایەن خواوە سەرکەون، ئەڵێن: مەگەر ئێمە لەگەڵتان نەبووین بۆچ (بەشدارمان ناکەن؟) ئەگەر بە کافران بەشێ بگا، (خۆ لەوان دەسوون و) دەڵێن: مەگەر وا نەبوو کە ئێمە ئێوەمان پاراست و بەرگریمان لە زەرەر گەیاندنی بڕواداران بە ئێوە کرد (بەشی ئێمەش بدەن) خوا لە ڕۆژی قیامەت لە نێو ئێوەدا داوەری ئەکا، هەرگیز خوا ڕێگای نەداوە کە خوانەناسان بەسەر بڕواداران زاڵ بن ﴿۱۴۱﴾ بە هەقیقەت دووڕووەکان دەیانەوێ (بە خەیاڵ) خوا فریو بدەن، کەچی خوا فریودەری ئەوانە و (خۆیان فریو دەخۆن)، هەردەمێ بۆ نوێژ کردن ڕاست دەبنەوە، بە لەشگرانی هەڵدەستن، لە ڕاست خەڵکدا بۆ خۆنیشاندان نوێژ دەکەن، مەگەر کەم، ئەگینا یادی خوا ناکەن ﴿۱۴۲﴾ هەروەختەی لەسەر بیر و خەیاڵێکن و سەرسەری و وازوازین و لەم نێوانەدا دوودڵن، نە لەو لان و نە لەم لان (خوا ڕێی لێ ون کردوون) و هەرکەسیش خوا ڕێی لێ ون بکا، تۆ ناتوانی ڕێگای ڕزگاری نیشان بدەی ﴿۱۴۳﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لە باتی بڕواداران، کافران بە دۆست (و پشتیوانی خۆتان) مەگرن، ئایا ئەتانەوێ (بەم کارە) بەڵگەیەکی ئاشکرا بە زیانی خۆتان بدەنە دەست خوا ﴿۱۴۴﴾ بەڕاستی دووڕووەکان لە خوارترین قات و نهۆمی جێگەی هەرە بەرەژێری ئاگری جەهەندەمدان، هەرگیز یار و یاوەرێکیان بۆ دەست ناکەوێ ﴿۱۴۵﴾ مەگەر کەسانێ کە تۆبە بکەن و کردەوەیان چاک بکەن و دەس بە قاپی خوا بگرن و بە دڵی پاک بێنە سەر ڕێگای دینداری بەڕاستی، جا بەمجۆرە ئەوانە لەگەڵ بڕواداران ئەبن، لە دواییدا خوا پاداشی گەورە بە بڕواداران ئەدا ﴿۱۴۶﴾ خوا چ کاری بە ئازار دانی ئێوە هەیە، ئەگەر ئێوە سپاسی بکەن و بڕوای پێبێنن، چاکەی خواتان لە چاودا بێ، خوا سپاسی پێزانان قەبووڵ دەکا و زانایە ﴿۱۴۷﴾

دکتورسا لح ئیبرا هیمی



خوا خۆشی نایێ قسەی ناحەز بە دەنگی بەرز بگوترێ مەگەر کەسێ کە غەدری لێ کرابێ، خوا بیسەر و فرە زانایە ﴿۱۴۸﴾ (بەڵام) ئەگەر چاکە بکەن، ئەو چاکەیەتان ئاشکرا بکەن یا بیشارنەوە، یا لە کارێکی نالەبار و ناحەز چاوپۆشی بکەن، جا بەڕاستی خوا بەخشەرێکی بەوزەیە بۆ عافوو کردن (با وەکوو ئەتوانێ تۆڵەتان لێ وەربگرێ، بەڵام ئەتانبەخشێ) ﴿۱۴۹﴾ بەڕاستی کەسانێ کە خوا و پێغەمبەرانی ئەو ئینکار ئەکەن و ئەیانەوێ لە نێو خوا و پێغەمبەراندا جیایی بخەن و ئەڵێن: بڕوامان بە هەندێ هەیە و بڕوامان بە هەندێ نییە، ئەیانەوێ لە نێوان ئەم دووانەدا ڕێگایەک بۆ خۆیان بگرنە بەر ﴿۱۵۰﴾ ئەوانە خوانەناسی بەڕاستین، ئێمە بۆ خوانەناسان ئازارێکی ئابڕووبەر و پەستمان ئامادە کردووە ﴿۱۵۱﴾ کەسانێ کە بڕوایان بە خوا و پێغەمبەرانی ئەو هێناوە و لە نێوان هیچ یەک لەوانە (لە بڕوا بەوان) جیایی دانانێن، ئەوانەن کە لە دواییدا پاداش و مزەیان پێ ئەدەین، خوا لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿۱۵۲﴾ ئەهلی کتێب لە تۆ دەخوازن کە لە ئاسمانەوە کتێبێکیان بۆ بێنی، جا ئەوانە گەورەتر لەمەیان لە مووسا ویست، جا وتیان: بە ئاشکرا خوامان نیشان بدە (و بەم قسە ستەمیان لە خۆیان کرد)، جا لەبەر ئەم غەدر و ستەمەشیان، وەبەر هەورە تریشقە کەوتن، ئەوسا دوای ئەو هەموو بەڵگە ڕوونانە کە بۆیان هاتبوو گوێرەکەی (سامیری)یان کردبووە (خوا)، بەڵام هێمان ئەوانمان بەخشی، بەڵگەی دەسەڵاتداری ئاشکرامان بە مووسا دا ﴿۱۵۳﴾ بۆ پەیمان وەرگرتن لەوان کێوی توورمان بەسەرا بەرز کردنەوە و پێمان وتن: بە ناوی (تۆبە کردن) بە سوژدەوە لە درگای (بەیتولموقەددەسەوە) بچنە ناوەوە، (هەروەها) بەوانمان وت: کە لە ڕۆژی شەمەدا (دەسدرێژی نەکەن و نەڕۆنە ماسی گرتن و) پەیمانێکی پتەومان (لە ئاست هەموو ئەمانەدا) لێ وەرگرتن ﴿۱۵۴﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



جا لەبەر پەیمان شکێنیان و خۆ بواردنیان لە نیشانەکانی خوا، و کوشتنی پێغەمبەران بە ناهەق و قسەیان (کە بە گاڵتە دەیانوت:) دڵمان گیراوە، بەڵکوو خوا لەبەر خوانەناسی مۆری بە دڵی ئەوانەوە ناوە، جا بڕوا ناهێنن مەگەر دە بەشێ کەمیان ﴿١٥٥﴾ (هەروەها) لەبەر خوانەناسی و قسەکانیان کە بوختانی گەورەیان بۆ مەریەم هەڵبەست ﴿١٥٦﴾ (لەبەر) قسەکانیان کە وتیان ئێمە عیسای کوڕی مەریەم، پێغەمبەری خوامان کوشت، (کەچی) ئەویان نەکوشتبوو، لە قەنارە و داریشیان نەدابوو، بەڵکوو لێیان شێوابوو و نەیانناسی (و لە باتی عیسا یەهوودای ئەسخەر یوتییان لە دار دا)، و کەسانێ کە لەبابەت (کوشتنی عیساوە) تووشی جیایی بیروڕا بوون، لە دوودڵیدان و لەو بابەتەوە ئاگادار نەبوون، مەگەر بە گومانەوە، وە بە یەقین ئەو (عیسا)یان نەکوشت ﴿١٥٧﴾ بەڵکوو خوا ئەوی بڵیند کرد بۆ لای خۆی، و خوا فرە بە دەسەڵات و لەکارزانە ﴿١٥٨﴾ هیچ یەک لە ئەهلی کتێب نییە، مەگەر ئەوەی کە بەر لە مردنی بەو (عیسا) بڕوا دێنێ، و (عیسایش) لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر هەموویان شایەد ئەبێ ﴿١٥٩﴾ جا لەبەر ستەمێ کە جوولەکە (لە خۆیان کرد) و (هەروەها) لەبەر ئەوەی زۆریان لەمپەر و بەربەست لە ڕێگای خوا دانا، هەندێ لەو شتانەی وا بۆیان پاک و حەڵاڵ بوو لەسەرم حەرام کردن ﴿١٦٠﴾ (ئەوانەمان بۆیێ لێ حەرام کردن) لەبەر سووت وەرگرتن کە پێیان وترابوو سووت مەخۆن؛ سا لەبەر خواردنی ماڵی خەڵک بە فیڕۆ، وە بۆ خوانەناسەکانیان ئازارێ دەرداویمان ئامادە کردووە ﴿١٦١﴾ بەڵام زۆر زاناکانیان خاوەن بڕواکانیان، بەوەی وا بۆ تۆ هاتووە و بەوەی وا بەر لە تۆیش ناردراوە و نازڵ بووە، بڕوا دێنن و بە تایبەت بەجێهێنەرانی نوێژ و زەکاتدەران و بڕواهێنەران بە خوا و ڕۆژی بەرێ، بڕوا دێنن بەوانە، بەم زوانە مزە و پاداشێ گەورەیان پێ ئەدەین ﴿١٦٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بەڕاستی ئێمە فەرمانی خۆمان بە تۆ ڕاگەیاند، هەروەکوو بە نووح و پێغەمبەرانی دوای ئەویشمان ڕاگەیاند (هەروەها) بە ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و ئەسبات (بەرەی ئیسرائیل) و عیسا و ئەیووب و یوونس و هاروون و سولەیمانمان ڕاگەیاند، و زەبوورمان بە داود دا ﴿۱۶۳﴾ پێغەمبەرانێ کە بەڕاستی سەربهورد و ڕابوردووی بەسەرهاتی ئەوانمان لەبەرا بۆ تۆ گێڕاوەتەوە، وە پێغەمبەرانێ کە لەبابەت ئەوانەوە قسەمان بۆت نەکردووە، خوا ڕاستە و لەگەڵ مووسادا قسەی کرد ﴿۱۶۴﴾ پێغەمبەرانێ کە مزگێنیدەر و ترسێنەر بوون (بۆ سەر بەرەی مرۆی ناردبوون)، تا بۆ خەڵک دوای ناردنی ئەم پێغەمبەرانە بەڵگە و بیانوویەک نەمینێ، خوا فرە بەتوانا و لەکارزانە ﴿۱۶۵﴾ بەڵام خوا بە هەر کوتاوێ: کتێبێ کە بۆ تۆی ناردووە ئاگادارە و شایەدی ئەدا کە لە ڕووی زانستەوە ناردوویەتی و نازڵی کردووە، (هەروەها) مەلائیکەیش شایەدی ئەدەن و شایەدی خوایش بەسە ﴿۱۶۶﴾ بەڕاستی کەسانێ کە کافر بوون و (خەڵکیان) لە ڕێی خوا گێڕایەوە؛ لە لاڕێیەکی دوور و درێژدا سەرگەردانن ﴿۱۶۷﴾ بەڕاستی کەسانێ کە کافر بوون و ستەمیان (لە خۆیان و خەڵکی‌تر) کرد، خوا نایانبەخشێ و نایانخاتە سەر ڕێگای ڕاست ﴿۱۶۸﴾ مەگەر ڕێگای جەهەندەم کە لەوا بۆ هەمیشە قەتیس دەمێننەوە، و ئەم کارە بۆ خوا ئاسانە ﴿۱۶۹﴾ ئەی خەڵکینە! بەڕاستی ئەم پێغەمبەرە، بە ڕەحەقە و لە لایەن پەروەندەتانەوە هاتووە، جا بڕوای پێ بێنن کە بۆ ئێوە باشترە و بە قازانجیشتانە؛ ئەگەر قسەی خوداش ئینکار بکەن، (بە خوا زیان ناگەیێنن) جا بەڕاستی ئەوەی لە ئاسمان و زەویدایە بۆ خوایە، خوا پڕ زانا و لەکارزانە ﴿۱۷۰﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەی کەسانی ئەهلی کتێب! لە دینی خۆتانا هەڵەڕۆیی و زیادەڕەوی مەکەن و لەبابەت خواوە بێجگە لە هەق شتێ‌تر مەڵێن، بەڕاستی عیسای کوڕی مەریەم تەنیا ڕەسووڵی خوایە و واژەی (مەخلووقی) ئەوە کە خستی و هاویتیە نێو تۆڵی مەریەم و بە مەریەمی گەیاند، ڕوحێکە لە خواوە بوو، جا کەوابوو بڕوا بە خوا و پێغەمبەرانی ئەو بێنن و نەڵێن: (خوا) سێیانە، (بەم قسە) دوایی بێنن کە خێرە بۆتان، بەڕاستی خوا تەنیا مەعبوودێکی تاقانەیە، لەوە پاکترە کە مناڵی بۆ هەبێ، ئەوەی لە ئاسمان و زەویدایە بۆ ئەوە، بۆ تەگبیر و ڕاگەیشتن بەواندا خوا کافی و بەسە ﴿۱۷۱﴾ مەسیح هەرگیز لەوە حاشای نەکردووە کە کۆیلە و بەندەیەکی خودایە، هەروەها مەلائیکەی نێزیک بە خودایش، هەرکەس کە لە عیبادەت کردنی ئەو بادی‌هەوایی بنۆێنێ و خۆ بە زل بزانێ، جا هەربینا خوا هەموویان لە لای خۆی خڕ دەکاتەوە ﴿۱۷۲﴾ جا ئەو کەسانەی کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، بە تەواوی پاداشیان ئەداتێ و لە چاکە و فەزڵ و بەخششی خۆی بۆیان زیاد ئەکا، بەڵام کەسانێ کە خۆیان گرت و خۆیان بە زل زانی، خوا سەخت عەزابیان ئەدا، بێجگە لە خوا بۆ خۆیان دۆست و پشتیوانێک بەگیر ناهێنن ﴿۱۷۳﴾ ئەی خەڵکینە! بە هەقیقەت لە لایەن پەروەرندەتانەوە بەڵگەتان بۆ هاتووە، نوورێکی ئاشکرا (قوڕئان)مان بۆ ناردوون ﴿۱۷۴﴾ جا کەسانێ کە بڕوایان بە خوا هێناوە و دەسیان بەو گرتووە، لە پاشان (خوا) هەموویان ئەباتە بەر بەزەیی خۆی و دەشیانخاتە سەر ڕێگای ڕاستی بەرەو خۆی ﴿۱۷۵﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



لە تۆ لەبابەت (خوشکان و برایانی نادایکی واتە کەلالە) پرسیارت لێدەکەن بڵێ: خوا لەبابەت کەلالە (خوشک و برا)وە فتوا ئەدا و (وەڵام ئەداتەوە)، ئەگەر مرۆڤێک بمرێ و منالّی نەبێ و خوشکێکی لە پاش بەجێ مابێ، نیوەی میراتی برا مردووەکەی دەگاتێ، (ئەگەر خوشکێ بمرێ و تاقە برایەکی لە پاش بمێنێ) ئەو (برایە) مالّی خوشکە مردووەکە بە میرات ئەبا، بەو مەرجەی کە (خوشکە مردووەکە) منالّی نەبێ، جا ئەگەر دوو خوشک (لە پاش مردووەکە) بمێننەوە، دوو لە سێی میراتەکە بە میرات ئەبەن، ئەگەر میراتگرەکان چەن خوشک و برا بن، بۆ نێرینەکە دوو بەرابەری میراتی مێیینە (بەش ئەگرێ)، خوا (ئەحکامی خۆی) بۆ ئێوە بەیان ئەکا تا لێتان تێکنەچێ و لاڕێ نەڕۆن، خوا بەسەر هەموو شتێکدا فرە زانا و ئاگایە ﴿۱۷۶﴾

## سوورەی مائیدە: خوان ۱۲۰ ئایەتە

### سوورەی خوان لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۱۲۰ ئایەتە.

بە ناوی خوای بەخشەر و دلّلاوێن.

ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! بە بەڵێن و پەیمان (قەرارداد)ی خۆتان وەفا بکەن و پێکی بێنن خواردنی گۆشتی ولّسات مەڕ و مالّاتی گیاخۆر بۆ ئێوە ڕەوا و حەلّال کراوە، بێجگە لەوانەی (وا لە ئایاتی دواییدا) بۆتان دەخوێندرێتەوە (کە پێتان دەلّێن دەریهاوێن و فرێیدەن)، نێچیر و ڕاو لە کاتی ئیحرامدا بە ڕەوا و حەلّال مەزانن، بەڕاستی خوا هەرچۆنی بیەوێ (و بە شیاوی بزانێ) فەرمان دەدا ﴿۱﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە لە دروشمگەلی خوا و لەو داب و دەستوورەی بۆ ئێوەی داناوە لامەدەن؛ شەڕ لە حەرامە مانگەکاندا دروست نییە، هەرئاژەڵێ نیشان کرابێ بۆ قوربانی یا قەلّادەی لە ملدایە، دەسی بۆ مەبەن؛ هەروا ئەو کەسانەش ئازار مەدەن کە بەتەمان لە نێو (بەیتەلحەرامدا) ڕسق و ڕۆزی و ڕەزای خوا بە دەس بێنن، هەروەخت لە ئیحرام هاتنە دەرێ ڕاو بکەن بۆتان ڕەوا و حەلّالە، کۆنەقینیش واتان لێ نەکا، ئەوانەی وا لە (حودەیبیە) نەیانهێشت بە زیارەتی مالّی خوا (مسجدالحرام) بگەن، ئێوەش لە تۆلّەدا دەسدرێژییان بۆ بکەن، ئێوە لەسەر چاکە و مرۆڤانی یارمەتی یەکتر بدەن، لە خوا بترسن؛ چونکا ئازاردانی خوا سەخت و توندە، دوژمنی لەبابەت تاقمێکەوە کە لە چوونی ئێوە بۆ مەسجدولحەرام (لە سالّی حودەیبیە) بەرگرییان کرد، ئێوە تووشی دەسدرێژی و گوناح و تاوان نەکا، بۆ چاکە و چاکەکردن و تەقوا، یارمەتی یەکتر بدەن و بۆ گوناح و دەسدرێژی کردن یارمەتی یەکتر مەدەن، لە خوا پەرواتان هەبێ، بەڕاستی خوا خاوەنی سزادانی سەختە، فرە بە توندوتیژی تەمێ دەکا ﴿۲﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور ساڵح ئیبراهیمی



لەسەرتان حەرام کراوە گۆشتی مردار و خوێن و گۆشتی بەزار و ئەو ئاژەڵانەی وا بە ناوی غەیری خوا سەر دەبڕدرێن و ئاژەڵی خنکێندراو بە لێدان مردارەوەبوو کراو و ئاژەڵی هەڵدێراو بە شاخ لێدراو و بەرماوی دمی درندە و جانەوەری کێوی، مەگەر بەر لە گیاندان فریای کەوتبن و سەرتان بڕیبێ و ئاژەڵێ کە لە سەر بت یا لە بەرابەر ئەودا سەر براببێ و ئەوانەی وا لە سەر قوماری تیر بەش دەکرێن، ئەو کارانە تاوانن، ئەمڕۆ ئەوانەی وا حاشایان لە خوا و پێغەمبەر کردووە، لە زیان گەیاندن بە دینی ئێوە ناهومێد بوون؛ جا کەوایە لە من بترسن و لەوان مەترسن، هەر ئەمڕۆ دینی ئێوەم تەواو و کامڵ کرد و بێ کەموکووڕییە و چاکەیشم لەگەڵ کردن و بۆ ئێوە بە دینی ئیسلام ڕازی بووم، جا هەرکەسێ لە برسان، بێ ئەوەی مەیلی بە گوناح کردن بێ بە ناچاری (لەو گۆشتانە بخوا، قەیدی نییە)، جا بەڕاستی خوا لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿٣﴾ لە تۆ ئەپرسن کە (خواردنی) چ شتێ بۆ ئەوان ڕەوا و حەڵاڵ کراوە؟ بڵێ: هەر شتێکی خاوێن و پاک بۆ ئێوە حەڵاڵ کراوە، هەروەها بۆتان حەڵاڵە خواردنی نێچیری (دەمی) سەگ و تاجیگەلێ کە ئێوە شکار کردنتان بەوان فێر کردووە، ئەوەی خوا فێری کردوون، بەو تاجی و سەگانەتان فێر کردووە، جا لەو نێچیرەی بۆتان ئەگرن، بخۆن و (لەو کاتەی تاجییەکەی تێ بەرئەدەن) ناوی خوای لەسەر بێنن، لە خوا پەرواتان هەبێ، بەڕاستی بەپەلە بە کاران ڕادەگا ﴿٤﴾ ئەمڕۆ خواردەمەنی پاک بۆ ئێوە ڕەوا و حەڵاڵ کراوە و (هەروەها) خواردەمەنی ئەهلی کتێب (بەو مەرجەی پاک و حەڵاڵ بێ) بۆ ئێوە حەڵاڵە و خواردەمەنی ئێوەش بۆ ئەوان حەڵاڵە، (هەروەها) ژنانی داوێنپاک لە بڕواداران و ژنانی داوێنپاک لە کەسانێ کە بەر لە ئێوە کوتاو: کتێبیان پێدراوە (بەو مەرجەی) مارەییەکەیان بدەنێ و پاکداوێن بن، دۆستی نێرینەیشیان لە بنەوە بە نهێنی نەبێ، هەرکەس لە باتی بڕواهێنان، حاشا و ئینکار بکا، کار و کردەوەکەی بەفیڕۆ چووە، لەو دنیایش لە زیانکارانە ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! کـاتێ کە هەڵدەسـتن بـۆ نـوێژ کـردن، ڕوخسـار و دەموچـاو و دەسـتتان تـا ئانیشـکتان بشـۆرن و دەسـتان بە تەڕی بەسـەرتانا بمـاڵن و پێتـان تـا قـاپی و گوێزینگەکانتان بشۆن، و ئەگەر تووشی لەشپیسی ببوون و لەشـتان پـیس بـوو، خـۆ بشـۆن، و خۆتان خاوێن بکەنەوە؛ ئەگەر نەخۆش بوون یا لە ڕێبـواری و سـەفەرا بـوون یـا یەکـێ لە ئێـوە لەسەر دەساو هاتبۆوە یا لەگەڵ ژنان وێککەوتبـوون و ئاوتـان دەس نەدەکەوت بە تـۆزی پـاکی سەر زەوی دەس بە ڕوخسار و دەموچاو و دەستەکانتاندا بهێنن، خوا نایەوێ گیروگرفتێکتان بـۆ ساز بکا، بەڵکوو ئەیەوێ ئێوە پاک بکاتەوە و نیعمەتی خۆی بۆتان تەواو بکا، بەڵکوو شـوکری خوا بکەن ﴿٦﴾ بێننەوە بیر نیعمەتی خوا کە بە ئێوەی داوە و پەیمـانێ کە لەگەڵ ئێـوەی گـرێ داوە، لەوکاتەی کە وتتان: بیسـتمان و فەرمانمـان بـرد (ئیتاعەتمـان کـرد)، لە خـوا پەرواتـان هەبێ، بەڕاسـتی خـوا فـرە بە دەروونـی نێـو سـینگتان ئاگـایە ﴿٧﴾ ئەی کەسـانێ کە بڕواتـان هێناوە! هەمیشە بۆ خوا هەستن (و کارەکان بۆ ئەو بەجێ بێنن) و بە دادگەری شایەدی بـدەن، دوژمنی کردن لەگەڵ تاقمێک، ئێوە تووشی ناحەقی نەکـا، دادگەر بـن و لەگەڵ بەرەی مرۆڤـدا بـێجیـاوازی بە دادگەری ڕەفتـار بـکەن و هەسـتن و دانیشـن؛ ئەوە لە تەقـوای خۆپاراسـتن نێزیکترە و خۆتان لە نافەرمانی خوا بپارێزن، بەڕاسـتی خـوا بەوەی ئەیـکەن بە نـاخی ئاگـایە ﴿٨﴾ خـوا بە کەسـانێ کە بڕوایـان هێنـاوە و کـار و کـردەوەی چاکیـان ئەنجـام داوە، بەڵێنـی لێخوشبوون و پاداشی گەورەی پێداون ﴿٩﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



کەسانێ کە کافر بوون و نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ خستەوە، هەر ئەوانە جەهەندەمین ﴿١٠﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! بێننەوە بیر، ئەو نیعمەتەی وا خوا پێی داون، ئەو دەمەی کە هۆزێ ویستی دەسدرێژیتان بۆ بکا، جا خوا دەسی ئەوانی لەسەر ئێوە لابرد، خۆتان لە نافەرمانی خوا بپارێزن، وە بڕواداران ئەبێ تەنیا پشتبە خوا ببەستن و بەس ﴿١١﴾ بە هەقیقەت خوا لە بەرەی ئیسرائیل بەڵێن و پەیمانی وەرگرت و لەوان دوانزە پێشەوا و ڕابەری بۆ کوێخایەتی هەڵبژارد، خوا فەرمووی: من لەگەڵ ئێوەم، ئەگەر بەڕاستی نوێژ بەجێ بێنن و زەکات بدەن و بە پێغەمبەرانی من بڕوا بهێنن و یارمەتییان بدەن و بە دارایی و ماڵی خۆتان بە دەسقەرز و قەرزولحەسەنە بە خوا بدەن (واتا لە ڕێگای خوادا یارمەتی هەژاران بدەن)، بێگومان گوناحانی ئێوە دەپۆشم (دەبەخشم) و ئەتانبەمە ناو بەهەشتێ کە ئاو بە ژێر دارەکانیدا بەخوڕ بێ و بڕوا، جا هەرکەس دوای ئەمە کافر بێ، بە هەقیقەت لە ڕێگای ڕاست لای داوە ﴿١٢﴾ جا لەبەر پەیمان شکێنییان ئەوانم لە ڕەحمەتی خۆم بێبەری کردن و دوورم خستنەوە و ئەوانم ئەوەندە دڵڕەش و دڵڕەق کرد (تا ئەو شوێنەی) قسەی ناوەرۆکی پەیمانی خۆیان لەگەڵ (خوا) دەگۆڕن و جێگۆڕکێی پێ دەکەن و لە واتای خۆی لای ئەدەن و بەشێ لەوەی بەوە ئامۆژگاری کرابوون، لە بیر خۆیان بردەوە، تۆ هەمیشە بەسەر خەیانەتێکی (تازەی) ئەوان ئاگادار ئەبی، مەگەر هەندێ لەوان، جا ئەوان ببەخشە و چاوپۆشییان لێ بکە، بەڕاستی خوا کارچاکانی خۆش دەوێ ﴿١٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

لە کەسانێ کە وتیان: ئێمە مەسیحین، بەڵێن و پەیمانمان لێ وەرگرتن، جا بەشێ لەوەی بەوە ئامۆژگاری کرابوون، لە بیریان بردەوە، جا لەبەر ئەمە تا ڕۆژی قیامەت لە نێوان (ئەوان)دا دژ و دوژمنیمان ساز دا، لە پاشان خوا ئەوان لەوەی ئەنجامیان داوە ئاگادار ئەکا ﴿١٤﴾ ئەی ئەهلی کتێب! بە هەقیقەت پێغەمبەری ئێمە (موحەمەد) بۆ لای ئێوە هات تا زۆرێ لە ڕاستەقینەی ئاسمانی کە ئێوە ئەوانەتان حەشار داوە و شاردۆتەوە، ئاشکرای بکا و لە زۆرێ لەوانە چاوپۆشی ئەکا، بەڕاستی لە لایەن پەروەرێنەرتانەوە نوور (پێغەمبەر) و کتێبی ئاشکرا (قورئان)تان بۆ هاتووە ﴿١٥﴾ خوا بەوە، کەسانێ کە لە ڕازی بوونی خوا پەیڕەوی بکەن، بۆ ڕێگای سەلامەت و ئاشتی ڕێنوێنیتان دەکا و ئەوان لە تاریکییەوە بە فەرمانی خۆی بەرەو ڕووناکی ئەبا، و ئەوان بۆ ڕێی ڕاست ڕێنوێنی ئەکا ﴿١٦﴾ بە هەقیقەت کەسانێ کە وتیان: بەڕاستی هەر خوا خۆی مەسیحی کوڕی مەریەمە، کافر بوون و لە دین لایان داوە، بڵێ: ئەگەر خوا بیەوێ مەسیحی کوڕی مەریەم و دایکی و هەموو کەسانێ کە لە زەویدان لەناوبەرێ، چ کەسێ ئەتوانێ (لە ئەنجامدانی) ئەو کارە بەرگری بکا و دەس وەبەر خوا بێنێ؟ لە حاڵێکدا کە تەنیا بۆ خوایە موڵک (و حوکوومەتی) ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە، ئەوەی بیەوێ بەدی دێنێ، و خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانا و بەوزەیە ﴿١٧﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



جوولەکە و نەسارا وتیان: ئێمە منالّی خوا و دۆستی (تایبەتی) ئەوین، بلّێ: جا ئەی بۆچ (خوا) ئێوە لە بەرانبەر گوناح کردنتانا سزا و عەزابتان ئەدا؟ بەڵکوو ئێوە مرۆڤێکن بەدیهاتووی خوا، هەرکەس کە بیەوێ (و بە شیاوی بزانێ) دەیبەخشێ و هەرکەسیش کە بیەوێ سزای ئەدا، مولّک (و حوکوومەتی) ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە، تەنیا بۆ خوایە، و گەڕانەوەی (هەموو کەسێ) هەر بۆ لای ئەوە ﴿١٨﴾ ئەی ئەهلی کتێب! پاش ماوەیەک پێغەمبەران نەهاتوون ئەو پێغەمبەری ئێمە (محەمەد «د.خ») بۆ لای ئێوە هاتووەتە (لاتان) تا بۆ ئێوە بەیان بکا؛ تا (لە ڕۆژی بەریدا) نەڵێن کەسێ نەهات، موژدە بدا یا ترس(مان) لەبەر دابنێ، جا بە هەقیقەت مزگێنیدەر و ترسێنەرێکی وریاکەر هاتە لاتان، و خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانا و بەوزەیە ﴿١٩﴾ وە (بێننەوە بیر) ئەودەمەی کە مووسا بە قەومی خۆی وت: گەلۆ! ئەی هۆزی من! بێننەوە بیر نیعمەتێ کە خوا پێی دابوون، ئەودەمەی کە لە نێوتاندا پێغەمبەرانی دانابوو، (ئێوەی لە بن دەسی فیرعەون ئازاد کرد و) ئێوەی کردە پاتشای خۆتان، و شتانێکی بە ئێوە دا کە بە هیچ یەک لە جیهانیانی نەدابوو ﴿٢٠﴾ گەلۆ! ئەی هۆزی من! بڕۆنە ئەم سەر زەوییە پاکە کە خوا بۆ ئێوەی سازداوە و بۆتان بڕیار دراوە (و بۆی نووسیون)، بەرەو پاش مەگەڕێنەوە و پاشەکشە نەکەن، دیارە ئەگەر لە پەیمان خۆ ببوێرن تووشی زیان دەبن ﴿٢١﴾ وتیان: ئەی مووسا!لە وێدا هۆزێکی ملهوڕ و ستەمکار هەیە و ئێمە هەرگیز ناچینە ناوی تا ئەوانە لەوێ نەچنە دەرێ، جا ئەگەر ئەوان چوونەدەرێ ئێمە ئەچینە ناوی ﴿٢٢﴾ دوو کەس لەخواترسان کە وەبەر چاکەی خوا کەتبوون و (خوا نیعمەتی ئەقڵ و بڕوای) پێ دابوون، بەوانیان وت: لە دەروازەی شارەوە بچنە سەر ئەوان، کاتێ هێرشتان بۆ بردن و چوونە ئەوێ، جا بەڕاستی سەرکەوتن بەشی ئێوەیە، جا تەنیا پشت بە خوا ببەستن و خۆ بەو بسپێرن، ئەگەر ئێوە بڕوادارن ﴿٢٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

وتیان: ئەی مووسا! بە دڵنیاییەوە تا ئەوان لەوێ بن، ئێمە هەرگیز ناچینە ئەوێ، جا لەبەر ئەمە تۆ و پەروەرندەت برۆن و لەگەڵ ئەوانا بجەنگن کە ئێمە لێرە دانیشتووین! و چاوەڕوانین ﴿٢٤﴾ (مووسا) وتی: ئەی پەروەرندەم! بەڕاستی من تەنیا ئیختیاری خۆم و براکەم بە دەسە و بەس، (و ئەوانە بە قسەم ناکەن) سا لەبەر ئەمە لە نێوان ئێمە و ئەم هۆزە خراپ و نافەرمان و فاسقەی (مندا) جیایی ساز بدە (و لێکمان دوور بخەوە) ﴿٢٥﴾ (خوا) فەرمووی: ئەم سەرزەوییە (شام و فەلەستین) تا چل ساڵ بەشیان لەم ولاتە براوە و لەسەریان حەرامە، هەمیشە لەم سەرزەوییەدا وێلان و سەرگەردان ئەبن، جا بۆ ئەم هۆزە خراپ و فاسقە بەدفەڕ خەفەت مەخۆ ﴿٢٦﴾ دەنگ و باس و چیرۆکی دوو کوڕی ئادەمیان بە هەق بەسەرا بخوێنەوە، ئەودەمەی کە هەر یەکە لەو دووانە بۆ نێزیک بوونەوە (لە خوا) قوربانییەکیان دا، بەڵام هی یەکێکیان قەبووڵ کرا و هی ئەوی تریان قەبووڵ نەکرا، (ئەو برایەی وا قوربانییەکەی لای خوا قەبووڵ نەکرا، بە براکەی‌تری) وت: حەتمەن ئەتکوژم، (براکەی‌تر) وتی: (من بێ تاوانم) خوا تەنیا لە پارێزگاران (قوربانی) قەبووڵ ئەکا ﴿٢٧﴾ ئەگەر تۆ بۆ کوشتنی من دەست درێژ بکەی، من بۆ کوشتنی تۆ دەس‌درێژکەر و دەسەوەکەر نیم، دەس ناکەمەوە و بە گژتا ناچم تا بتکوژم، بەڕاستی من لە پەروەرێنەری جیهانیان دەترسم ﴿٢٨﴾ بەڕاستی ئەمەوێ گوناحی من و خۆت هەڵگری و ئەوسا دەچیە جەهەندەم، و ئەمە سزای تاوانی ستەمکارانە ﴿٢٩﴾ جا ئیتر خووی سەرکێشی (قابیل)ی وای لێ‌کرد تا بۆ کوشتنی برای خۆی (هابیل) لێ ببڕێ جا ئەوی کوشت، جا بوو بە یەکێ لە زیانباران ﴿٣٠﴾ جا خوا قەلەڕەشەیەکی نارد کە بە دەنووک و چنگ، زەوییەکەی ئەکۆڵی و لای ئەدا (لاشەی تیا شاردەوە) تا خوا بە (قابیل نیشان بدا کە چلۆن لاشەی برای خۆی (هابیل) بشارێتەوە، (قابیل) وتی: وای بۆ من! ئایا بۆچ نەمتوانی بزانم تاوەکوو ئەم قەلەڕەشەش بم و لاشەی (هابیلی) برام لە بن خاک بشارمەوە؟ جا بەو کارەی هاتە ڕیزی پەشیمانان ﴿٣١﴾

لەبەر ئەمە لەسەر بەرەی ئیسرائیلمان واجب کرد کە هەرکەسێ مرۆڤێک بکوژێ، بێ ئەوەی کەسێکی کوشتبێ یا خراپەی لەسەر گۆی زەویدا کردبێ، وەک ئەوەیە کە هەموو خەڵکی کوشتبێ، و هەرکەسێ مرۆڤێکی بێ تاوانی ڕزگار کردبێ، وەک ئەوە هەموو بەرەی مرۆڤی ڕزگار کردبێ، وایە، و بە هەقیقەت پێغەمبەرانی ئێمە بە بەڵگەی ڕوونەوە هاتنە لای ئەوان، بەڵام زۆر لەوان دوای ئەوە (بە خوێن ڕشتن و برا کوشتن) لە زەویدا، چوونە ڕیزی نابەجێکار و هەڵەڕۆ و دەسدرێژکەران و لادەر و سنووربەزێن و زیادەڕۆیانی لەڕادە بەدەر ﴿٣٢﴾ بەڕاستی تەنیا سزای کەسانێ کە لەگەڵ خوا و پێغەمبەری ئەودا دژایەتی ئەکەن و ئەکۆشن تا لە زەویدا خراپە ساز بدەن گۆڕی گیانیان بێ و سزای خراپەی کار و کردەوەیان ئەوەیە بکوژرێن یا لە دار بدرێن یا دەس و پێیان ڕاست و چەپ ببڕدرێ یا شاربەدەر بکرێن، ئەمە بۆ ئەوان ڕیسوایی و ڕووڕەشییە لە دنیادا و لەو دنیایش بەشیان ئازارێ سەخت گەورەیە ﴿٣٣﴾ مەگەر کەسانێ کە بەر لەوەی دەسەڵاتیان بەسەرا پەیا بکەن تۆبە بکەن، جا بزانن بەڕاستی خوا لێبور و فرە دڵ لاوێنە ﴿٣٤﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! خۆ لە (نافەرمانی) خوا بپارێزن و ڕێی نێزیک بوونەوە لە خوا پەیدا بکەن، و لە ڕێگای خوادا بکۆشن، و بچنە خەزا، بەڵکوو ڕزگار بن ﴿٣٥﴾ بەڕاستی کەسانێ کە حاشایان لە خوا و پێغەمبەر کرد، ئەگەر هەموو ئەوەی وا لە زەویدایە ماڵی ئەوان بێ و ئەوەندەی‌تریش نموونەی ئەو، هی ئەوان بێ، بۆ ڕزگار بوون لە جەزرەبەی ڕۆژی پەسڵان لە بارمتەدا بیدەن بۆ خۆ کڕینەوە، لێیان قەبووڵ ناکرێ، و بۆ ئەوانە عەزابێکی دەرداوی ﴿٣٦﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



(ئەوانە هەمیشە) ئەیانەوێ و ئەکۆشن تا لە ئاگری (ڕۆژی بەرێ) بێنەدەرێ، بەڵام ڕزگارییان بۆ نییە و ناتوانن لەوە بێنەدەرێ، و بۆ ئەوان عەزابی بەردەوام هەیە ﴿٣٧﴾ دەستی ژن و پیاوی دز (لە سزای دزیکردندا) ببڕن، ئەمە تەمێ کردنی خوایە لەڕاست ئەو کارە دزێوەی کردوویانە و خوا لێبور و فرە دڵلاوێنە ﴿٣٨﴾ جا هەرکەس دوای ناحەقی کردنەکەی پەشیمان بۆوە و تۆبەی کرد و خۆی چاک کرد، خوا تۆبەی لێ قەبووڵ دەکا، چۆنکە خوا فرە لێبور و دڵلاوێنە ﴿٣٩﴾ ئایا نازانی کە بە هەقیقەت موڵک (و حوکوومەت کردنی) ئاسمانان و زەوی بۆ خوایە، هەرکەس کە بیەوێ ئازاری ئەدا و هەرکەسیش کە بیەوێ لێی خۆش دەبێ، خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانا و بەوزەیە ﴿٤٠﴾ ئەی پێغەمبەر! کەسانێ کە بۆ لە دین دەرچوون پەلە دەکەن، تۆ خەفەتبار نەکەن، کە لای تۆ بە دەم و زوان دەڵێن: بڕوامان هێناوە و (کەچی) بە دڵ بڕوایان نەهێناوە، (هەروەها) لەو جوولەکانەیش خۆت تووشی خەفەت مەکە، کە زۆر گوێ بۆ درۆ ڕادێڵن و قسە لە خەڵکیتر دەبیەن و دەیقۆزنەوە و فێری دەبن، کە ئەوانەش قەت نەهاتوونەتە لای تۆ؛ جێگۆڕکێ بە قسە و بە واژە دەکەن و بە ئانقەست واتاکانی دەگۆڕن و دەڵێن: ئەگەر (وەک ئەوەی ئێمە وتوومانە) پێتان درا (محەمەد بە ویستی ئێوە داوەری کرد) وەریگرن، وەگەر نا؛ خۆی لێ بپارێزن، و هەرکەسیش کە خوا بیەوێ سزای بدا، هەرگیز تۆ لە لایەن خواوە کارێکت بۆ ئەو لە دەس نایێ، ئەوانە کەسانێکن کە خوا نەیویستووە دڵ و دەروونیان پاک بکاتەوە، بۆ ئەوان لە دنیادا پەستی و ڕوورەشی هەیە، و لە ئاخیرەتیشدا جەزرەبەیێ سەخت گەورەیان بۆ هەیە ﴿٤١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



بۆ بە درۆ گوێ ڕادێڵن، لە نارەوا و حەرام خواردنا خۆران، جا ئەگەر هاتنە لای تۆ، داوەرییان لە نێواندا بکە یا ڕوویان لێ وەربگێڕە (و داوەرییان مەکە)، ئەگەر ڕوویان لێ وەربگێڕی هەرگیز (ناتوانن) زیانێ بە تۆ بگەیێنن، و ئەگەر داوەری بکەی، جا ئەبێ بێلایەنانە داوەرییان لە نێواندا بکەی، بەڕاستی خوا داوەرانی دادگەری خۆشدەوێ ﴿٤٢﴾ ئەوانە چلۆن و بە چ ڕوویەک (ئەیانەوێ) تۆ بکەنە داوەر لە حاڵێکدا ئەو تەوراتەی کە فەرمانی خوا لەودا هەیە لایانە؟ لە پاشان لە داوەرییەکەی تۆ خۆ دەبوێرن و پشتی تێدەکەن، وە ئەوانە لە بڕواداران نین ﴿٤٣﴾ ئێمە تەوراتمان نارده خوارێ کە لەودا ڕێنوێنی (خەڵک بۆ لای خوا) و ڕووناکی هەیە، وە پێغەمبەرانێ کە خۆیان بە خوا سپاردبوو و (بڕوایشیان هەبوو) لە ڕووی تەوراتەوە بۆ جوولەکە داوەرییان دەکرد، وە (هەروەها) زانایانی خوایی و فرەزانایان بەم کتێبەی خوا کە بەوان سپێردرابوو لەبەریان کردبوو لەسەریشی شایەد بوون و داوەرییان پێ دەکرد، خودا لەوێدا پێی وتبوون لە خەڵک مەترسن و لە من بترسن، بە دراوێ کەم، ئایەت و نیشانەی من مەفرۆشن، وە هەرکەس بەوەی وا خوا ناردوویەتی و نازڵی کردووە داوەری نەکا، جا ئەوانە هەر خۆیان خوانەناسن و ستەمکارن ﴿٤٤﴾ هەر لەو کوتاوە (تەورات)دا لەسەر بەرەی ئیسرائیلمان نووسی و بڕیارمان دا کە گیان لەباتی گیان و چاو لەباتی چاو و لووت لەباتی لووت و گوێ لەباتی گوێ و ددان لەجیاتی ددان، وە هەر برینێ تۆڵەی وێنەی خۆی بۆ هەیە، جا هەرکەس بە خێری خۆی واز بێنێ و تۆڵە ببەخشێ، ئەبێتە بارمتە لای خوا و هۆی گوناح هەڵوەرین و بەخشینی، و هەرکەس بەوەی کە خوا ناردوویەتی، داوەری نەکا، ئەوانە خوانەناس و ناحەق و ستەمکارن ﴿٤٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بە دوای ئەوانا (پێغەمبەرانی بەر و) عیسای کوڕی مەریەممان نارد کە باوەڕی بوو بەو تەوراتە وا ڕووناکی بەر لەو هاتبوو هەروا ئینجیلیشمان بە عیسا دا کە ڕێنوێن و ڕووناکیدەر بوو، تەوراتیشی بە ڕاست دەزانی و ڕێنوێن و ئامۆژگاری بوو بۆ خۆپارێزان ﴿٤٦﴾ ئەهلی ئینجیل ئەبێ بەوەی وا خوا لەو (کوتاوە)دا بۆی ناردوون فەرمان بدەن و هەرکەس بەوەی وا خوا ناردوویەتی فەرمان نەدا ئەوانە خراپ و فاسق و خوانەناسن ﴿٤٧﴾ ئەم قورئانەیشمان لەبەر حەق بوونتان بۆ تۆ ناردە خوارێ کە کتێبە پێشووەکان بە ڕاست دەزانێ و پارێزەریانە، جا لە نێوانیاندا بەوەی وا خوا ناردوویەتی داوەری لە نێویاندا بکە و لە ڕووی ئەو حەقەی بۆت هاتووە لە هەوا و هەوەسی ئەوان پەیڕەوی مەکە، ئێمە بۆ هەریەک لە ئێوە (گەلان) شەریعەت و ڕێگایەکی ڕووناکمان داناوە، ئەگەر خوا بیویستبا هەمووتانی دەکردە یەک نەتەوە و ئۆمەت، بەڵام خوا دەیەوێ لەوەی کە پێی داون تاقیتان بکاتەوە، جا ئێوەیش بۆ ئەنجامدانی چاکە و کاری چاک لە یەکتر پێش کەون (کێبڕکێ بکەن)، گەڕانەوەی هەمووتان بۆ لای خوایە، جا ئاگادارتان دەکا لەوەی وا تێیدا تووشی جیاوازی بوون ﴿٤٨﴾ ئەبێ لە نێوان ئەوان (ئەهلی کتاو)دا بەوەی وا خوا ناردوویەتی داوەری بکەی، لە هەوا و ئارەزوو و هەوەسی ئەوان پەیڕەوی مەکە، وریا بە نەوەکوو لە هەندێ لەوەی وا خوا بۆی ناردووی فریوت بدەن و لاڕێت بکەن، جا ئەگەر ئەوانە (لە داوەریی تۆ) ڕوویان وەرگێڕا، جا بزانە کە بە هەقیقەت خوا ئەیەوێ ئەوانە بە سزای هەندێ لە گوناحانیان بگەینێ، دیارە زۆرێ لە خەڵک کردەوەیان ناحەزە (و خوانەناسن) ﴿٤٩﴾ ئایا ئەوانە داب و دەستووری زمانی نەزانی جاهیلیەتیان (لە تۆ) دەوێ، بۆ هۆزێ بڕوای بە یەقینی خۆی هەیە چ کەسێ لە داوەری کردندا لە خوا باشترە ﴿٥٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! جوولەکە و مەسیحیان مەگرن بە دۆست و پشتیوان، (چونکە) هەندێ لەوان یار و پشتیوانی یەکترن، هەرکەس دۆستی لەگەڵ ئەوان بکا، جا بەڕاستی لەوان دێتە ژمار، بە هەقیقەت خوا هۆزی ستەمکار ڕێنوێنی ناکا ﴿٥١﴾ جا کەسانێ کە لە دڵ و دەروونیاندا نەخۆشی هەیە، دەبینی (بۆ دۆست بوون لەگەڵ) ئەوان پەلە دەکەن، ئەڵێن: ئەترسین تووشی بەڵا و ڕووداوی زیاناوی ببین (و نیاز بەوان پەیا بکەین)، جا دوور نییە و هیوایە خوا سەرکەوتن یا ڕووداویتر، لە لایەن خۆیەوە (بۆ موسڵمانان) بەدی بێنێ، جا ئەم تاقمە (لە موناقین) لەوەی وا لە دڵ و دەروونیاندا ئەیانشاردەوە، لێی پەشیمان ببنەوە ﴿٥٢﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە، ئەڵێن: ئاخۆ ئەمانە (موناقین) هەر ئەو کەسانەن بە سوێند ڕەش دەبوونەوە و زۆر توند سوێندیان بە خوا دەخوارد کە تا سەر لەگەڵ ئێوەین؟ (کە ئاوا درۆزن بوون و) کردەوەیان بە فیڕۆ چوو و زیانکار بوون ﴿٥٣﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! هەرکەس لە ئێوە لە دینی خۆی وەرگەڕێ (زیانێ بە خوا ناگەینێ)، جا خوا لە دواییدا هۆزێ دێنێ کە ئەوانی خۆشدەوێ و ئەوانیش ئەویان خۆشدەوێ، لە بەرانبەر بڕواداراندا خۆ بەکەمزان و لە ئاست دین دوژمناندا توندوتیژن، لە ڕێی خوا دا خەزا دەکەن و لە تەشەری سەرکۆنەکەران ترس و باکیان نییە، ئەمە زیادە بەشی خوایە کە بە هەرکەس کە بیەوێ ئەیدا، خوا زانا و دەسەڵاتی پەرەداری هەیە ﴿٥٤﴾ دۆستی ئێوە تەنیا خوا و پێغەمبەری ئەو و کەسانێکن کە بڕوایان هێناوە، کە نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن، لە حاڵێکدا هەر ئەوان لە کڕنۆشدان ﴿٥٥﴾ وە هەرکەس کە دۆستی خوا و پێغەمبەری ئەو و ئەوانە بێ کە بڕوایان هێناوە ئەوانە سەر بە خوان، و تەنیا (ئەوانیش) سەرکەوتوون ﴿٥٦﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! کەسانێ کە دینی ئێوەیان بە گاڵتە و گەپجار گرتووە، لەو کەسانەی وا بەر لە ئێوە کتاوماەن پێداوە، هەروەها کافران مەگرن بە دۆست و یاوەری خۆتان، خۆ لە نافەرمانی خوا بپارێزن ئەگەر بڕواتان هەیە ﴿٥٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

لەو دەمەی وا ئێوە بۆ نوێژکردن بانگ ئەکەن (ئەو مونافیقانە) ئەوەیان بە گاڵتە و گەپجار وەرئەگرت، لەبەر ئەوەیە کە هۆزێکن ئاوەزیان نییە تا بیر لە دین بکەنەوە و ناکەنەوە ﴿٥٨﴾ بڵێ: ئەی ئەهلی کتێب! ئێوە رەخنە لە ئێمە ئەگرن و رقتان لێمانە لەبەر ئەوەی بە خوا و بەوەی بۆمان هاتووە (قورئان) و بەوەی بەر لە قورئان هاتووە بڕوامان هێناوە، بەڕاستی زۆربەی ئێوەیش خراپ و فاسقن (و لە ڕێی هەق لاتان داوە) ﴿٥٩﴾ بڵێ: ئایا ئێوە لە حاڵی کەسانێ کە جێگا و سزایان لای خوا خراپتر لەمەیە ئاگادار بکەم؟! کەسانێ کە خوا نەحلەتی لێ کردوون و غەزەبی لێ گرتوون و هەندێ لەوانی کردۆتە مەیموون و بەراز، وە (ئەوانەی کە) بت و تاغووتیان پەرستووە، ئەمانە جێگای خراپتریان بۆ هەیە، وە لە ڕێی ڕاست (دوورتر و) لاڕێترن ﴿٦٠﴾ کاتێ دێنە لای ئێوە، ئەڵێن: بڕوامان هێناوە، (بەڵام) دڵ بەحاشا هاتنە لات و بەبێ بڕواییش ڕۆیشتن، وە خوا بەوەی وا دەیشارنەوە زاناتر و ئاگاترە ﴿٦١﴾ زۆرێ لەوانە دەبینی کە بۆ گوناح و تاوان و دەس درێژ کردن و خواردنی ماڵی بە ناڕەوا و بە حەرام بەپەلە پێشبڕکێی یەکتر دەکەن، چەن خراپە ئەوەی وا دەیکەن ﴿٦٢﴾ بۆچ زانایانی خوایی (ڕەبانیوون) و شت زانانی چاک (ئەحبار) ئەوانە لە قسەی تێکەڵ بە گوناح و خواردنی بە حەرام بەرگیری و نەهی ناکەن و دەسیان وەبەر ناهێنن و نایانگێڕنەوە؟! چەن خراپە ئەوەی وا دەیکەن؟ ﴿٦٣﴾ یەهوودیان وتیان: دەستی خوا گرێ دراوە، دەستی ئەوان گرێ درێ، وە لەبەر ئەم قسە وا دەیکەن بەر نەحلەتی خوا کەون با بزانن هەر دوو دەستی خوا ئاواڵەیە، ئەو جۆرەی کە بیەوێ دەبەخشێ و ئەم نیشانانە کە لە لایەن پەروەرندەتەوە بۆ تۆ هاتووە نازڵ بووە، لە ملبادان و خوانەناسی و کوفری ئەوان زیاد دەکا و ئێمە تا ڕۆژی هەستانەوە دژ و دوژمنی و ڕکەبەرایەتی و بوغزمان لە نێو ئەوانا ساز داوە، هەرکاتێ ئاگری جەنگیان هەڵکردووە، ئەوەی لێ کوژاندوونەتەوە، ئەوانە بۆ خراپە کردن لە زەویدا تێئەکۆشن، وە خوا بەدفەران و خراپکارانی خۆشناوێ ﴿٦٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەگەر ئەهلی کیتاو بڕوایان هێنابا و خۆیان لە (نافەرمانی خـوا) پارازتبـا، گونـاحی ئەوانمـان دەپۆشی، دەمانبردنە نـاو بەهەشـتگەلێ پـر نـاز و نـیعمەتەوە ﴿٦٥﴾ ئەگەر ئەوانە تەوراتو ئینجیل و ئەوەی لە پەروەرندەیانەوە بۆیان هاتووە، ڕایانبگرتبا و بە کاریان بهاتبایێ بـێشـک لە بـان سـەریان و ژێـر پێیـان (ئاسـمان و زەوی) ڕسـق و ڕۆزی (خوا)یـان بـۆ دابـین دەکـرا و دەیـانخوارد، هەنـدێ لەوان (ئـۆمەتێ) کـۆمەڵێ مامنـاونجی و مـامناوەنـدن، زۆرێ لەوانەش بەدفەڕانە ئەجووڵێنەوە و کار ئەکەن ﴿٦٦﴾ ئەی پێغەمـبەرا! ئەوەی وا لە لایەن پەروەرنـدەتەوە بۆت هاتووە، بە (خەڵکی) ڕابگەیینە و ئەگەر وا نەکەی ڕاسپێردروی خۆت ڕانەگەیاندووە، خوا تۆ لە (ئازاری) خەڵک دەپارێزێ، بەڕاستی خوا هـۆزی خوانەناسـان ڕێنـوێنی ناکـا ﴿٦٧﴾ ئەی ئەهلی کتێب! ئێوە لەسەر هیچ ئایینێکی دروست نین، مەگەر (ناوەرۆکی دروسـتی) تەوراتو ئینجیل و ئەوەی وا لە لایەن پەروەرندەتانەوە بۆتان هاتووە بەجێی بێنن، و ئەم نیشـانانە کە لە لایەن پەروەرێنەرتەوە بۆ تۆ هاتووە، ملبادان و یاخیبـوون و خوانەناسـی زۆرێ لە ئەوان زیـاتر دەکا، جا تۆ لەبەر ئەم خوا نەناسانە بێ هیوا مەبە و خەم مەخـۆ ﴿٦٨﴾ بەڕاسـتی کەسـانێ کە بڕوایان هێنـاوە و کەسـانێ کە بـوونەتە جـوولەکە و هەروەهـا سـوبییان؛ سـابئان (پەیڕەوانـی یەحیا) هەسارەپەرستان و مەسیحیان، هەرکەس (لەوان) کە بڕوای بە خوا و ڕۆژی بەرێ هەبـێ و کار و کردەوەی چاک بێ، جا ترسێکیان بۆ نییە و خەفەتـیش نـاخۆن ﴿٦٩﴾ بە یەقـین ئـێمە بەڵێن و پەیمانمان لە بەرەی ئیسرائیل وەرگرت و پێغەمبەرێکمان بۆ ناردن، (بەڵام) هەرکـاتێ پێغەمبەرێک دەهاتە لایان (و قسـەکەیان) بە دڵ نەدەبـوو، هەنـدێ (لەو پێغەمبەرانەیـان) بە درۆ دەخستەوە و هەندێ تریشیان دەکوشت ﴿٧٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

لایان وابوو بەڵایان تووش نابێ و شتێ لەگۆڕێدا نییە، جا لەبەر ئەمە (لە دیتن و بیستنی هەق) کوێر و کەڕ بوون و خوا تۆبەی لێ قەبووڵ کردن، لە پاشانیش زۆرێ لەوانە کوێر و کەڕ بوون، خوا بەو ڕەوشت و ئاکارەی دەیکەن بینایە ﴿٧١﴾ کەسانێ کە وتیان: بەڕاستی خوا خۆی مەسیحی کوڕی مەریەمە، دیارە لە دین وەرگەڕاون (کەچی) مەسیح (خۆی) وتوویەتی: ئەی بەرەی ئیسرائیل! خوایەک بپەرستن کە پەروەرێنەری من و پەروەرێنەری ئێوەیشە، چونکە هەرکەس هاوبەش بۆ خوا دابنێ، جا بە هەقیقەت خوا بەهەشتی لێ حەرام کردووە، و دۆزەخ دەبێتە جێی، و بۆ ستەمکاران یار و یاوەرێک نییە ﴿٧٢﴾ ئەوانەی کە وتیان: خوا سێهەمینە لە سێ کەسان، بێشک ڕاستییان داپۆشاوە و لە دین لایان داوە، بێجگە لە خوای تاقانە هیچ چتێ بۆ پەرستن نابێ و ئەگەر دەس لەو قسانە هەڵنەگرن، ئەوانەیان وا خوایان بە سێ داناوە و لە ڕاستی لایان داوە بۆ ئەوانە ئازاری پڕ لە دەرد هەیە ﴿٧٣﴾ جا ئایا ئەوانە ناگەڕێنەوە بۆ لای خوا و تۆبە ناکەن (تا لە گوناح کردن پاک بنەوە) و داوای لێبووردن و لێخۆشبوون لە خوا ناکەن؟ وە خوا لێبوور و فرە دڵاوێنە ﴿٧٤﴾ مەسیح کوڕی مەریەم (کەسێ) نەبوو مەگەر ناردراوی (خوا) بەر لەویش ڕەوانەکراوی دیکە هەبوون، و دایکیشی زۆر ڕاستبێژ بوو، هەردوو خۆراکیان دەخوارد (و ئەمەش بەڵگەیێ ترە کە ئەوانە خوا نین)، بڕوانە کە چلۆن بۆ ئەوان نیشانەکان بەیان دەکەین، ئەدی سا تۆ لەوە بیر بکەوە و ڕامێنە کە ئەوانە چلۆن لە هەق دەگەڕێندرێنەوە؟! ﴿٧٥﴾ بڵێ ئایا بێجگە لە خوا شتێک دەپەرستن نە زیانێکی هەیە و نە قازانجێک، وە هەر خوایە بیسەر و فرە زانا و دانایە ﴿٧٦﴾

بڵێ: ئەی ئەهلی کیتاوا! لە دینی خۆتاندا بە ناهەق زیادەڕۆیی مەکەن و لە هەوا و ئارەزوو و هەوەسی هۆزێ کە لەبەرا لاڕێ بوون و خەڵکی زۆریشیان لە ڕێ لادا، وە (خۆیشیان) لە ڕاستەڕێگا گوم بوون پەیڕەوی مەکەن ﴿٧٧﴾ کەسانێ کە لە نێو بەرەی ئیسرائیلدا، حاشایان لە خوا و پێغەمبەر کردووە، لەسەر زمانی داود و عیسای کوڕی مەریەمەوە لەعنەت کراون، لەبەر ئەوەی ملیان بادا و نافەرمانی و دەسدرێژییان کرد ﴿٧٨﴾ یەکتریان لە کاری خراپ کە کردبوویان نەدەگێڕایەوە، بەڕاستی پیس و خراپ بوو ئەوەی دەیانکرد ﴿٧٩﴾ تۆ زۆرێ لەوانە دەبینی کە لەگەڵ بتپەرستان پەیوەندی دەگرن و دەبنە دۆستیان، چ کارهایەکی خراپ لە پێشدا بۆ (ڕۆژی پەسلانی) خۆیان ئەنێرن کە ئاکامەکەی تووڕەبوونی خوایە کە خوا غەزەبی لێگرتن، لە عەزابی خوادا بۆ هەمیشەیش دەمێننەوە ﴿٨٠﴾ ئەگەر بە خوا و پێغەمبەر و ئەوەی کە بۆ ئەو هاتووە و نازڵ بووە، بڕوایان بهێنابا، (هەرگیز) ئەوانەیان نەدەکردە دۆست بۆ خۆیان، بەڵام زۆرێ لەوانە خوانەناس و خراپ و فاسقن ﴿٨١﴾ بەڕاستی بۆت دەردەکەوێ دوژمنترینی خەڵک بۆ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە، جوولەکە و هاوبەشدانەران بۆ خوان، هەروەها بۆت دەردەکەوێ کە نێزیکترین خەڵک بۆ دۆستی کردن لەگەڵ ئەوانەی وا بڕوایان هێناوە، کەسانێکن کە وتیان: ئێمە نەسارا (و یارانی عیسا)ین، ئەمە لەبەر ئەوەیە لە نێو ئەواندا کەشیشانی (ئاخونی خاجدار-ی دروستکار) و ڕەبەن و سەڵتی تەرکەدنیا هەیە، ئەوان خۆ بە زل نازانن و داوای گەورەیی ناکەن ﴿٨٢﴾

هەرکـاتێ گوێیـان لەوانە دەبـێ کە لە خـوداوە بـۆ پێغەمـبەر نێـردراوە، دەبینـێ چاویـان لە فرمێسک پڕ دەبێ دەڕژێنە خوارێ چونکە حەق و ڕاستییان دەرک کردووە و ناسیویانە، ئەڵـێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە بڕوامان هێنا، جا ناوی ئـێمە لەگەڵ شـایەدان(ی هەق) بنووسـە ﴿٨٣﴾ بۆچ دەبێ ئێمە بە خوا و بەو ڕاستییە بۆمان هاتووە بڕوا نەهێنین؟ کەچی ئارەزوومـان وایە کە پەروەرێنەرمان لەگەڵ هۆزێ چاکان بمانباتە (بەهەشت) ﴿٨٤﴾ جـا خـوا لە بەرانـبەر ئەوەی وا وتیان، باغ و بێستانێکی لە بەهەشت پێدان کە بە بن دارەکانیدا چۆمەئـاو بەخـوڕ تێـدەپەڕێ، لەوێدا بۆ هەمیشەیش دەمێننەوە، و ئەمە پاداشی کارچاکـانە ﴿٨٥﴾ کەسـانێ کە دژ بە دیـن ڕاوەستان و نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ خستەوە، ئەوانە جەهەندەمین ﴿٨٦﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! ئەو شتانەی وا خوا بە ئێوەی ڕەوا دیوە و پاک و بەکەڵکن، خۆتانی لێ بـێبەش مەکەن و لە ڕادەیش تێمەپەڕن، بەڕاستی خوا زیادەڕۆیی خۆشناوێ ﴿٨٧﴾ لەو ڕسق و ڕۆزییە پاک و ڕەوایە کە خوا پێیداون بخۆن، لە نافەرمانی ئەو خوایەی وا پێی بڕوادارن بترسـن ﴿٨٨﴾ خوا لەبەر سوێندگەلی سەرزارەکی و دوور لە مەبەست بە تاوانبارتان دانانێ، بەڵام لە بەرانـبەر یادکردنی سوێند بە ئیرادەوە کە (بە دڵ) گرێی بدەن و نەیبەنە سەر دەتانگرێ، جا لە بارتەقـای ئەم جۆرە سوێندە، خۆراکدان بە دە هەژار و مسکێنە لە خواردنی ڕۆژانەی کە بە ماڵ و منـاڵی خۆتانی ئەدەن لە خواردەمەنی میانجین ومامناوەندی ئەو خواردنانەی بە ماڵ و منـاڵی خۆتانی دەدەن، یا جلکدان بە دە مسکێن و نەدار یا ئازاد کردنی کوێلەیەک، جا کەسێ کە ئەوانەی بۆ بوز نەخوا، سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بوونە، ئەمە باربوو و قەرەبووی سوێندەکانتانە، کە بە وێنەی پووڵ و بە ماڵ بە نەداران و هەژاران و پەککەوتـوانی دەن؛ هەرکـاتێ کە سـوێند ئەخـۆن و سـوێندی خۆتان کە بەئانقەست خواردبووتـان ڕایگـرن و خۆتـان بپـارێزن و سـویندەکەتان (نەشـکێنن) و بەجێبێنن، بەمجۆرە خوا نیشانە کانی خۆی بۆ ئێوە بەیان دەکـا تـا بەڵکـوو شـوکرانەی (خـوا) بەجێبهێنن ﴿٨٩﴾

ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! بەڕاستی شەڕابخۆری و قوماربازی و بت و کێلپەرستی و گرێو لەسەر تیران (جۆرێ بەخت تاقی کردنەوە) پیسن و لە کردەوەی شەیتانن، جا لەبەر ئەمە لەوانە دووری بکەن تا بەڵکوو ڕزگار بن ﴿٩٠﴾ شەیتان ئەیەوێ بە هۆی شەڕاب خواردن و قومارەوە، دوژمنی و ڕقەبەرایەتی لە نێوان ئێوەدا بەدیبهێنێ و ئێوە لە یادی خوا و لە نوێژ کردن بگێڕێتەوە، جا ئایا دەس لەم کارانە هەڵدەگرن؟ ﴿٩١﴾ فەرمانی خوا و پێغەمبەر بەرن بەڕێوە و (لە ملبادان و لە نافەرمانی ئەوان) بترسن، ئەگەر ڕوو وەربگێڕن، جا بزانن بەڕاستی لەسەر پێغەمبەری ئێمە تەنیا ڕاگەیاندنی پەیامی ئاشکرایە ﴿٩٢﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، لەوەی وا (لەبەرا) چەشتوویانە و خواردوویانە، گوناحیان نایەتە سەر، بەو مەرجەی خۆ بپارێزن و بڕوا بهێنن و کاری چاک بکەن و ئەوسا پارێزگار بن و بڕوا بێنن، لە دوارۆژیش خۆپارێز بن و چاکە بکەن، خوا کارچاکانی خۆشدەوێ ﴿٩٣﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! خوا ئێوە بە هەندێ لە ڕاو و نێچیر تاقی دەکاتەوە کە دەس و نێزەکانتان دەیانگەنێ تا خوا دەریبخا (و لەسەرتان سوور بکاتەوە) کە چ کەسێ لە نهێنیدا لە خوا ئەترسێ، جا هەرکەس لەو سنوورەی لە ڕاوکردندا بۆتان دیاریکراوە، دوای ئەوە (لە فەرمان لای‌دا، دەرد و ڕەنجی دەردهێنەری بۆ هەیە ﴿٩٤﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لە حاڵی ئیحرامدا نێچیر مەکوژن، هەرکەس لە ئێوە بەئەنقەست لە ئیحرامدا نێچیر بکوژێ، ئەبێ بە ئەندازەی نەچیرەکە لە مەڕ و ماڵات بدا، دوو کەسی عادڵ لە خۆتان بارتەقایی بسەلمێنێ و بگاتە کەعبە و لەوێ بیکاتە قوربانی یا بکرێتە خواردەمەنی خۆراکی مسکێنان یا بە ئەندازەی قورسایی نەچیرەکە بەرۆژوو بن تا سزای کاری خۆی بچێژن، خوا ئەوەی لە ڕابوردوودا کراوە لێی خۆشبووە و هەرکەس دووپاتی بکاتەوە، خوا تۆڵەی لێ دەکاتەوە، و خوا فرە بەتوانا و تۆڵەسێنە ﴿٩٥﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



نێچیری زەریا و خواردەمەنی ئەویٚ بۆ ئێوە ڕەوایە؛ و ڕێبواران دەتوانن بیانکەنە بژیوی خۆیان و لەوان کەڵک وەربگرن، بەڵام تا ئەوەدەمەی وا لە ئیحرامدان نێچیری کێوی بەژ: (وشکانی) بۆتان نارەوایە و خۆتان لەو خوایە بپارێزن کە لای ئەو کۆ دەکرێنەوە ﴿٩٦﴾ خوا کەعبە واتا (بیتالحرام)ی کردۆتە هۆی سەر و سامانْدان بە کاروباری خەڵک، هەروەها حەرامە مانگەکان و قوربانی بەبیٚ نیشان و قەڵادە لە ملەکانیش، ئەم جۆرە فەرمانە لەبەر ئەوەیە تا بزانن خوا ئەوەی لە ئاسمانەکان و ئەوەی وا لە زەویدایە پێی ئەزانیٚ، بەڕاستی خوا بە هەموو شتێک ئەزانیٚ ﴿٩٧﴾ بزانن کە خوا سەخت سزادەرە، بەڕاستی خوا لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿٩٨﴾ پێغەمبەر بێجگە لە بە گوێدا دانی مەبەست و ڕاگەیاندنی پەیامی خوا (و دەستوورەکانی خوا) شتیٚتری لەسەر نییە (و بەرپرسی کار و کردەوەی ئێوە نییە)، خوا ئەزانیٚ چ شتێک ئاشکرا دەکەن یا ئەیشارنەوە ﴿٩٩﴾ بڵێ: پیس و پاک (ڕەوا و نارەوا یا خوانەناس و خوناس) بەرانبەر نین، هەرچەند کە زۆر بوونی ناپاک تۆ بخاتە سەرسووڕمانەوە، جا لە (نافەرمانی) خوا پەرواتان هەبیٚ، ئەی خاوەنانی ئەقڵ بەو ئومێدە کە ڕزگار بن ﴿١٠٠﴾ ئەی کەسانیٚ کە بڕواتان هێناوە! لە شتگەلیٚ مەپرسن کە ئەگەر بۆتان دەرکەویٚ دڵمەندتان بکا، ئەگەر لە کاتی هاتنی قورئاندا پرسیار بکەن، بۆ ئێوە ئاشکرا ئەبیٚ کە خوا لەو پرسیارە نابەجێیانەی ئێوە خۆشبووە، خوا دەسەیێکیش بەر لە ئێوە ئەو جۆرە پرسیارانەیان کرد و هەر لەبەر ئەوە بوونە خوانەناس. ﴿١٠٢﴾ خوا کەڵک وەرگرتنی لەم چوار جۆرە ئاژەڵە بە نارەوا دانەناوە: بەحیرە (وشترێک کە پێنج جار زابیٚ و کەرەتی پێنجەم بێچووی نێری بووبیٚ، جا گوێیان دەقەڵاشتەوە و ئازادیان دەکرد)، سائیبە (وشترێک کە دە یا دوانزە جار بە میٚ زابیٚ)، وەصیلە (وشترێک کە دوو زگ میٚ زابیٚ)، حام (وشترە نێریٚ کە بۆ ئاوس کردنی ئاژاڵی میٚ دە جار کەڵکیان لیٚ وەرگرتبیٚ)، بەڵام خوانەناسەکان کە زۆربەیان بیٚئاوەزن بە دەم خواوە درۆ هەڵدەبەستن ﴿١٠٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



هەرکاتێ بەوانە بوترێ: وەرن بۆ لای ئەوەی وا خوا ناردوویەتی و (وەرنە) لای پێغەمبەری (خوا)، ئەڵێن: ئەو ئایینەی وا لە باوک و باپیرانمانەوە دەستمان کەوتووە، بەسمانە! کەچی باوک و باپیرانیشیان شتێکیان نەزانیوە و ڕێی ڕاستیشیان بەدی نەکردووە؟ ﴿١٠٤﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! ئاگاتان لە خۆتان بێ، کاتێ کە ئێوە ڕێنوێنی کران، ئەوانەی وا لارێن، زیانتان پێنەگەیێنن، گەڕانەوەی هەمووتان بۆ لای خوایە، جا لەوەی ئەنجامتان داوە ئاگادارتان ئەکا ﴿١٠٥﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! کاتێ مەرگی یەکێ لە ئێوە دەگا، لە سەردەمی وەسیەتدا ئەبێ دوو کەسی دادگەر لە خۆتان بگرن بە شایەد، جا ئەگەر لە سەفەرا بوون و بەڵای مەرگ بینی گرتن (و موسڵمانتان دەست نەکەوت)، دوو کەسی‌تر لە غەیری خۆتان (بکەنە شایەد)، ئەگەر لە کاتی شایەدیداندا لەوان کەوتنە شکەوە (کە ناڕاستن)، دوای نوێژ ڕایانبگرن تا بە خوا سوێند بخۆن کە ئێمە حازر نین هەق بە هیچ شتێک بفرۆشین، هەرچەن لەبابەت خزم و کەس‌وکاری خۆیشمانەوە بێ، شایەدی خوا ناپۆشین کە ئەوددەمە ببینە تاوانبار ﴿١٠٦﴾ جا ئەگەر زانرا کە ئەو دوو (شایەدە) شیاوی (عەزابن) بە تاوانی (شایەدیدانی نادروست) دوو کەسی دیکەی شیاو و نێزیکتر لەوان (لە میراتگرانی مردووەکە) لەباتی دوو شایەدە (تاوانبارەکان) شایەدی بدەن، جا سوێندیش بخۆن کە شایەدیدانی ئێمە دروستترە لە شایەدیدانی ئەوان و ئێمە (لە هەق) لامان نەداوە، دەنا بەڕاستی لە ستەمکاران دەبین ﴿١٠٧﴾ ئەم جۆرە (شایەدیدانە) نێزیکترە بۆ ئەوەی کە شایەدەکان شایەدی خۆیان بە دروستی بدەن یا بترسن کە سوێندگەلێک لە سوێندی ئەوان (بە درۆ بخرێتەوە و) ڕەد بکرێتەوە، لە خوا پەرواو هەبێ و گوێ بدەنە (فەرمانی) خوا و (بزانن کە) خوا تاقمی خوانەناسان: خراپکاران و فاسقان ڕێنوێنی ناکا ﴿١٠٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



لەو ڕۆژە (بترسن) کە خوا هەموو پێغەمبەرەکانی کۆ دەکاتەوە، جا بەوان دەڵێ: چلۆنتان بە دەنگەوە هاتن و وەڵامتانیان داوەتەوە؟ ئەڵێن: ئێمە نازانین، بەڕاستی تۆ خۆت لە هەموو نهێنی و نادیارییەک ئاگادارتری ﴿١٠٩﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ کە خوا بە عیسای کوڕی مەریەمی وت: نیعمەتێ کە من بە تۆ و بە دایکتم داوە بهێنەوە بیر، کاتێ کە بە ڕوحولقودوس پشتیوانیم لێ کردی کە لە بێشکە و لە کاتی گەورە بووندا قسەت لەگەڵ خەڵکدا ئەکرد، و کاتێ کە کتێب و لەکارزانی و تەورات و ئینجیلمان بە تۆ فێر کرد، و کاتێ کە بە ئیزنی من لە قوڕ شتێکت بە وێنەی پەلەوەر ساز دەکرد و فووت تێدا ئەکرد، جا بە ئیجازەی من ئەبووە باڵندەیەک و کوێری زگماکی و بەڵەکیت بە ئیزنی من چاک ئەکردەوە و مردوویشت بە ئیجازەی من زیندوو (لە قەبر)وە دەردەهێنا، و کاتێ بەرەی ئیسرائیلمان لە زیانگەیاندن بە تۆ مەنع کرد، لەو کاتەدا کە بەڵگە ڕوونەکانت بۆ ئەوان هێنایەوە، بەڵام دەستەیەک لەوانەی وا کافر بوون وتیان: بێجگە لە جادوویەکی ئاشکرا شتێ‌تر نییە ﴿١١٠﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ کە بۆ حەواریوون (یارانی عیسا) وەحی و ئیلهامم نارد بە هێما و ئیشارات تێمگەیاندن کە بە من و ناردراوی من بڕوا بێنن، ئەوان وتیان: بڕوامان هێناوە و شایەد بە کە ئێمە بەڕاستی لە خۆبەدەستەوەدەرانین ﴿١١١﴾ لەو کاتەدا کە حەواریوون وتیان: ئەی عیسای کوڕی مەریەم! ئایا پەروەرێنەری تۆ ئەتوانێ خوان (مائیدە) یەکمان لە ئاسمانەوە بۆ بنێرێ؟ ئەو (لە وەڵاما وتی: لە خوا پەرواو هەبێ، ئەگەر بڕواتان هەیە! ﴿١١٢﴾ ئەوانیش وتیان: (ئێمە بیر و باوەڕی خراپمان نییە) ئەمانەوێ لە خوانێ وا (کە لە خواوە بۆمان بێ) بخۆین و دڵمان (بە پێغەمبەر بوونی تۆ) دڵنیا بێ و بزانین ڕاستت پێ گوتووین، وە لەسەر ئەوە شایەد بین ﴿١١٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



عیسا وتی: بەڕاستی ئەی خوایە، ئەی پەروەریّنەری من! خوان (مائید)ەیەک لە ئاسمانەوە بۆ ئیّمە بنیّرە تا جەژنێ بۆ ئەوەڵ و ئاخری ئیّمە بێ و نیشانەیەکیش بێ لە تۆوە، وە بە ئیّمە ڕسق و ڕۆزی بدە و تۆ باشترین ڕۆزیدەری ﴿١١٤﴾ خوا فەرمووی: من ئەو خوان (مائیدە)تان بۆ دەنیّرم، جا هەرکەس لە دوای ئەوە لە تۆ بەحاشا بێ، ئازار و سزای ئەدەم کە هیچ کەسێک لە جیهانیان تووشی سزایەکی وا سەخت نەبووبێ ﴿١١٥﴾ (بیّنەوە بیر) ئەو زەمانەی کە خوا فەرمووی: ئەی عیسای کوڕی مەریەم! ئایا تۆ بە خەڵکت وتووە کە لەباتی خوا، من و دایکم بە ناوی دوو خوا (بپەرستن و) وەربگرن؟ (عیسا) ئەڵێ: (خوایە!) تۆ (لە هاوبەش بوون) پاک و بێخەوشی، بۆ من ناشێ، شتێ کە هەقی من نییە قسەی لێبکەم، ئەگەر قسەی وام کردبێ، بەڕاستی تۆ ئاگات لێیە، ئەوەی لە دڵمدایە دەیزانی، و من لەوەی لە ناخی زاتی تۆدایە نائاگام، بەڕاستی هەر تۆی فرە زانا بەسەر نادیار و نەهێنییەکاندا ﴿١١٦﴾ من بێجگە لەوەی تۆ فەرمانت پێداوم شتێکم بەوان نەوتووە، (ئەویش ئەوەیە) کە خوایەک بپەرستن کە پەروەریّنەری من و پەروەریّنەری ئێوەیە، وە من تا ئەوەدەمەی لە نێویان بووم شایەد و چاودێریان بووم، و کاتێ کە منت لە نێوان ئەوان لابرد، تۆ خۆت چاودێری ئەوان بووی، وە هەر تۆی شایەد بەسەر هەموو شت دا ﴿١١٧﴾ ئەگەر ئەوان عەزاب بدەی، بەندەی تۆن و ئەگەر لێشیان خۆش بی، بەڕاستی هەر تۆ بەدەسەڵات و لەکارزانی ﴿١١٨﴾ خوا فەرمووی: ئەمە ڕۆژێکە کە ڕاستیی ڕاستبێژان کەڵکی بۆیان هەیە، بۆ ئەوان باغ و بەهەشتێک هەیە کە ئاو بەخوڕ بە بن (دارەکانیدا) تێدەپەڕێ، بۆ هەمیشەش لەوێدا ئەمێننەوە، خوا لەوان ڕازییە و ئەوانیش لە خوا ڕازین، وە ئەمەش ڕزگاری و سەرکەوتێکی گەورەیە ﴿١١٩﴾ بۆ خوایە فەرمانڕەوایی ئاسمانگەل و زەوی و ئەوەی وا لە نێوانیاندایە، وە هەر ئەویشە بەسەر هەموو شتدا بەدەسەڵات و خاوەن وزەیە ﴿١٢٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



# سوورەی ئەنعام: ئاژەڵ ١٦٥ ئایەتە

**سوورەی ئاژەڵ لە مەککە هاتووەتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٦٥ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

گشت پەسن و سپاس بۆ خوایە کە ئاسمانگەل و گۆی زەوی بەدی هێنا و تاریکگەل و ڕووناکی لەنێو ئەوا دانا، ئەوسا ئەوانە وا بەحاشا بوون، بۆ پەروەرێنەری خۆیان هاوبەش و هاوسەنگ دائەنێن ﴿١﴾ هەر خوایە کە ئێوەی لە گڵ (و مادەیەکی بێ‌گیان) دروست کرد و بەدی‌هێناوە، لە دواییدا کاتێکی نادیاری بۆ مردن داناوە و کاتی دیاری‌کراو لای خۆیەتی، ئەوسا ئێوە هێمان هەر شک دەکەن ﴿٢﴾ هەر (الله) شیاوی پەرستنە لە ئاسمانگەل و زەویدا خوا (لە کردەوە)ی نهێنی و ئاشکرای ئێوە ئاگادارە، و دەزانێ ئەوەی وا بە دەستی دێنن ﴿٣﴾ هیچ نیشانە و ئایەتێک لە ئایەتەکانی خوایان بۆ نەهات، مەگەر ئەوە کە ڕوویان لێ وەرگێڕا، حاشای لێ دەکەن ﴿٤﴾ جا بە یەقین چون هەقیان بۆ هات، بە درۆیان خستەوە، جا لە پاشان بە زوویی هەواڵی ئەوەی گاڵتەیان پێ‌دەکرد پێیان دەگا و تۆڵەی ئەوەی کە (هەقیان بە درۆ ئەزانی) لێ ئەکرێتەوە ﴿٥﴾ ئایا نەیاندی و نەیانزانی چەندمان لە گەلانی بەرو لەناو برد، ئەوەندەی هێزمان بەوان دابوو، هەرگیز بە ئێوەمان نەداوە و (بە چاکەی خۆمان) بارانی پەیتا پەیتامان بەسەرا باراندن و چۆمەئاوی بەخوڕمان بە بن دار و باغەکانیاندا تێپەڕاند، لە پاشان لە سوێنگەی گوناح کردن لە ناومان بردن، دوای ئەوان بەرەیەکی ترمان لە جیاتی ئەوان دانا و دامەزراند ﴿٦﴾ ئەگەر نووسراوەیەکمان لەسەر بەرگێ بۆ تۆ نازڵ بکردبایە کە ئەویان بە دەس بیانفلیقاندبا، دیسان خوانەناسان هەر دەیانوت: ئەمە بێجگە لە جادووێکی ئاشکرا شتێ‌تر نییە ﴿٧﴾ (کافران) وتیان: دەی بۆچ فرشتەیەک لەگەڵ (محەمەد) نازڵ نەبوو (دیارە) ئەگەر فرشتەمان بناردبا کاری (تاقی کردنەوە) تەواو دەبوو، ئیتر مۆڵەت (ی زیندو بوون) بەوان نەدەدرا ﴿٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



ئەگەر ڕاسپاردەمان فریشتەش با، ئەبوو بە وێنەی مرۆڤ بوایە، لەو بچوایێ هەروەکوو خۆیان لە خۆیان بچن، یانی دەبوو جلکی مرۆی لە بەربکەم ﴿٩﴾ بەڕاستی پێغەمبەرانێ کە بەر لە تۆ بوون کەوتبوونە بەر گاڵتە، بەڵام سەرئەنجام ئەوەی گەپ و گاڵتەیان پێ دەکرد، خۆیانی گرتەوە (و غەزەبی خوایان بۆ نازڵ بوو) ﴿١٠﴾ بڵێ: بە زەویدا گەشتێ بکەن و بگەڕێن، لە پاشان بڕواننە سەرئەنجامی ئەوانەی کە نیشانە و ئایاتی خوایان بە درۆ دائەنا، چلۆن بوو بە کوێ گەییوە ﴿١١﴾ بڵێ (بپرسە): ئەوەی لە ئاسمانگەل و زەویدایە هی کێیە؟ خۆت بڵێ: هی خوایە، ڕەحمەت و بەخشینی لەسەر خۆی واجب کردووە، بەڕاستی لە ڕۆژی قیامەتدا کە هیچ شکێ لە هەبوونی ئەودا نییە، هەمووتان کۆ دەکاتەوە (تا لەگەڵ چاکان چاکە بکا و خراپەش لەگەڵ خراپاندا بکا، ئەوانە) کەسانێکن کە خۆیان تووشی زیان کردووە، جا بڕواش ناهێنن ﴿١٢﴾ هەر بۆ ئەویشە ئەوەی وا لە شەوگار و ڕۆژدا هەدا دەدا و دائەسەکنێ، هەر ئەویشە زۆر فرە بیسەر و زانا ﴿١٣﴾ بڵێ: ئایا لە خوا (بەدەر) کەسێتر بگرم بە دۆست و پشتیوان، (کە خوا بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە و هەرئەویشە ڕۆزی بە زیندەوەران ئەدا و ڕۆزی نادرێتێ، بڵێ: من ڕاسپاردراوم کە یەکەمین خۆبەدەسەوەدەر (موسڵمان) بم، (هەروا خوا) فەرمانی داوە لە هاوبەش پەیاکەران مەبن ﴿١٤﴾ بڵێ: بەڕاستی من ئەگەر نافەرمانی خوای خۆم بکەم، لە عەزابی ڕۆژی گەورە (ی قیامەت) ئەترسم ﴿١٥﴾ هەرکەسێ لەو ڕۆژەدا عەزابی لێ‌لادرێ، دیارە (بە یەقین خوا) بەزەیی پێیدا هاتووە، ئەوەیش خۆی ڕزگارییەکی دیار و ئاشکرایە ﴿١٦﴾ ئەگەر خوا بە تۆ زیانێک بگەیێنێ، هیچکەس بێجگە لەو ناتوانێ ئەوە لە تۆ دوور بخاتەوە و چارەی بکا، ئەگەر خێرێکیش بە تۆ بگەیێنێ، هەر ئەوە بەسەر هەموو شتدا بەتوانا و بەوزەیە ﴿١٧﴾ هەر ئەویشە بەسەر بەندەکانیدا دەس ڕۆیشتووە، و هەر ئەویشە لەکارزان و بە ناخی هەموو شتدا زۆر بەئاگایە ﴿١٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بێژە: چ شتێک گەورەترین شایەدە (لەسەر پێغەمبەریی من)، بڵێ: خوا لە نێوان من و ئێوەدا شایەدە و ئەو قورئانە بۆ من (هاتووە و هێما کراوە تا ئێوە و هەموو کەسانێک کە دەنگی ئەم قورئانەیان پێ‌دەگا، بە هەڕەشە وشیاری بکەمەوە، ئەیجا چلۆن ئێوە شایەدی ئەدەن کە لەگەڵ خوا مەعبووداني‌تر هەن؟ بڵێ: من (هەرگیز) شایەدییەکی وا نادەم، خوا بەتەنیا و یەکتایە، بە هەقیقەت من لەوەی وا ئەیکەنە هاوبەش بۆ خوا بەریم و بێزارم ﴿۱۹﴾ کەسانێ کە کتێبمان پێ‌داون، ئەو (پێغەمبەر) ئەناسن، هەروەکوو چلۆن کوڕانی خۆیان دەناسن، هەمان کەسانێ کە خۆیان تووشی زیان کردووە، جا ئەوانە بڕوا ناهێنن ﴿۲۰﴾ وەکێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ بە (بەزمان) خواوە هەڵدەبەستێ یا نیشانەکانی ئەو بە درۆ ئەخاتەوە، بەڕاستی ستەمکاران حاشاکاران لە پێغەمبەرایەتی) ڕزگار نابن ﴿۲۱﴾ ڕۆژێک کە هەموویان زیندوو (و کۆ) دەکەینەوە، ئەوسا بەوانەی هاوبەشیان بۆ خوا دانیابوو ئەڵێین: لە کوێن ئەوانەی کە بە گومان لاتان وا بوو هاوبەشی خوان؟ ﴿۲۲﴾ جا (لەمەولا) عوزر و بیانووی ئەوان بێجگە لەمە شتی‌تر نییە کە بڵێن: سوێند بە خوا کە پەروەرێنەرمانە، ئێمە هاوبەشمان بۆ خوا دانەناوە ﴿۲۳﴾ بڕوانە کە چلۆن درۆ لە سەر خۆشیان دەکەن! ئەو شتانەیش بە درۆ بە هاوبەشی خوایان دادەنا لە کیسیان چوو ﴿۲۴﴾ هەندێ لەوان کەسانێکن کاتێ (تۆ قورئان دەخوێنی) گوێت بۆ ڕادەگرن، لە حاڵێکدا پەردەمان داوە بەسەر دڵ و دەروونیاندا تا تێنەگەن و گوێی ئەوانمان کەڕ کردووە (ئاخنیوە)، ئەگەر تەواوی نیشانەکانی هەق ببینن، بڕوای پێ‌ناهێنن، تەنانەت کاتێکیش دێنە لات، دەکەونە شەڕەقسە کردن لەگەڵ تۆدا، ئەوانەی وا کافرن، ئەڵێن: ئەمە بێجگە لە چیرۆکی پێشینان شتی‌تر نییە ﴿۲۵﴾ ئەوانە خەڵکی‌تر لەو (قورئان) دەگێڕنەوە و خۆیشیان دووری لێ دەکەن، ئەوانە بێجگە لە خۆیان (شتی‌تر) لەناو نابەن، بەڵام تێناگەن و نازانن ﴿۲۶﴾ ئەگەر لەو کاتەدا وا لە بەرانبەر ئاگر ڕاگیراون بیانبینی کە ئەڵێن: خۆزگە (جاری تر) بگەڕابایینەوە (بۆ دنیا) و نیشانەکانی پەروەرێنەرمان بە درۆ نەدەخستەوە و لە بڕواداران ئەبووین ﴿۲۷﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

(نا لە ڕاستیدا ئەوانە پەشیمان نین) ڕاستیش ناکەن، بەڵکوو ئەوەی لە بەرا لە دڵدا حەشاریان دەدا و ئەیانشاردەوە (ئێستا ڕاستییان) بۆ دەرکەوتووە، ئەگەر دوای مردنیش بگەڕێندرێنەوە (دنیا) ئەچنەوە سەر هەر ئەوەی وا پێیان وترابوو مەیکەن و نەهی لێکرابوو، بەڕاستی ئەوانە لە درۆزنانن ﴿٢٨﴾ وتیان: بێجگە لە ژیانێ، دنیا، ژیانێ‌تر نییە، ئێمە زندوو نابینەوە ﴿٢٩﴾ وە ئەگەر ئەوانە لەوکاتەی وا لە پێشگای (دادگای دادی) پەروەرێنەریانەوە ڕاوەستێنراون بڕوانی و بیانبینی کە (خوا) دەڵێ: ئایا ئەمە هەق نیە؟ ئەڵێن: بەڵێ سوێند بە پەروەرێنەرمان (هەقە)، ئەڵێ: جا عەزاب بچێژن لە بەرانبەر ئەوەی وا ئینکارتان ئەکرد ﴿٣٠﴾ بەڕاستی ئەوانەی وا دیداری پەروەرێنەریان بە درۆ ئەزانی زیانیان دیوە (و ئەم ئینکار کردنە بەردەوامە) تا کاتێ لەناکاو ڕۆژی پەسلان و قیامەت دەگا، ئەڵێن: پەکوو! ئەی ئاخ و داخ لەو بابەتەوە سستیمان کرد، ئەوان (باری قورسی) تاوانیان ئەخەنە سەرپشت، ئای چ بارێکی بەدفەڕ هەڵدەگرن ﴿٣١﴾ ژیانی دنیا شتێ بێجگە لە گەمە و گەپجار نییە، بە هەقیقەت خانووی ئاخیرەت بۆ ئەوانەی کە پارێزگاری ئەکەن باشترە، ئایا بیر ناکەنەوە بۆ دەبێ تێنەگەن؟ ﴿٣٢﴾ بە هەقیقەت ئێمە ئەزانین ئەوەی کە (خوانەناسان و کافران) بە تۆ دەڵێن: (شاعیرە یا شێتە و تۆ خەفەتبار ئەکا، جا بەڕاستی ئەوان بە درۆت ناخەنەوە، بەڵکوو ستەمکاران ناحەقکارانێکن نیشانە و ئایاتی خوا ئینکار و حاشا ئەکەن ﴿٣٣﴾ بە هەقیقەت پێغەمبەرانێک بەر لە تۆ بە درۆ خرانەوە و لە بەرانبەر بە درۆ خستنەوەی ئەواندا تابشتیان هێنا و (لەو ڕێگایەدا) ئازاریان دی تا کاتێ کە یارمەتی ئێمەیان پێ‌گەیی، (تۆیش وا بە) و هیچ شتێک ناتوانێ پەیمان و سۆز و ڕەوشتی خوا بگۆڕێ، بە هەقیقەت هەندێک لە هەواڵی پێغەمبەران بە تۆ گەیشتووە ﴿٣٤﴾ ئەگەر ملبادانی ئەوان و ئەوەی بە دەنگتەوە نەهاتوون بۆ تۆ گران بوو، جا ئەگەر بتوانی زاغەیەک لە زەویدا بکۆڵە، یا پەیژە و نێردیوانێک بۆ ئاسمان دانێ (و ناو دڵ و دەروونی ئاسمان و زەوی بگەڕێ) تا ئایەتێک (و نیشانەیەکی‌تر) بۆ ئەوان بێنی، (بەڵام ئەو کافرانە بڕوات پێ‌ناهێنن)، ئەگەر خوا بیەوێ (بەزۆر) لەسەر ڕێنوێنی کۆیان دەکاتەوە، (بەڵام ڕێنوێنی بە زۆر چ کەڵکێکی هەیە؟) جا هەرگیز لە ڕیزی نەزانان مەبە ﴿٣٥﴾

بەڕاستی تەنیا ئەوانەی (بە گوێی دڵ) دەبیستن، وەڵام ئەدەنەوە (و قەبوول دەکەن)، خوا مردووەکان زیندوو ئەکاتەوە، لە پاشان (بۆ جەزا دان) هەموو بۆ لای ئەو دەگەڕێندرێنەوە ﴿٣٦﴾ وتیان: بۆچ نیشانەی کشگێری (و موعجیزە)یەک لە لایەن پەروەرێنەریەوە بۆی بەرێ نەکراوە، بلێ: خوا توانایە کە نیشانەیەک بنێرێ، بەڵام ئەوانە نازانن ﴿٣٧﴾ هیچ زیندەوەر و جووڵەندە و جفۆکێک لە زەویدا کە تەفگەریەتی نییە و هیچ باڵندەیەک نییە کە بە دوو باڵ بفرێ، مەگەر ئەوەی کە ئەوانیش کۆمەڵ و دەسەگەلێکن وەکوو ئێوە، ئێمە لە نێو ئەم قورئانەدا قسەمان لە هەموو چتێ کردووە جا لە دواییدا هەموو بەرەو لای پەروەرێنەریان کۆ دەکرێنەوە و حەشر دەکرێن ﴿٣٨﴾ ئەوانەی نیشانەکانی ئێمەیان ئینکار کرد و بە درۆیان خستەوە، کەڕ و لاڵ لە تاریکیدان، هەرکەس خوا بیەوێ لە ڕێگا لای ئەدا، هەرکەسیش بیەوێ (وشیاو بێ) ئەیخاتە سەر ڕێگای ڕاست ﴿٣٩﴾ بلێ: ئایا هیچ بیرتان کردۆتەوە کە ئەگەر بەڵا و عەزابی پەروەرندە بتانگاتێ یا ڕۆژی پەسڵان دابێ، ئایا بێجگە لە خوا زاتی‌تر هەیە تا هاواری بۆ بەرن؟ ئەگەر ڕاست ئەڵێن دەی هاواری بۆ ببەن ﴿٤٠﴾ (نەخێر) بەڵکوو تەنیا هاوار بۆ خوا ئەبەن و ئەو ئەگەر بیەوێ کەند و کۆسپێک کە لەبەر ئەو هاوارتان بۆ خوا بردووە لای‌ئەبا، ئەوەی (وا ئەمڕۆ) ئەیکەنە هاوبەش (بۆ خوا لەو ڕۆژەدا) لە بیری دەبەنەوە ﴿٤١﴾ ئێمە بۆ کۆمەڵ و نەتەوەگەلێ کە بەر لە تۆ بوون (پێغەمبەرانێکمان نارد، کاتێ بە دژی ئەوان وەستان) ئەوانمان بە سەختی تووشی ڕەنج و دەرد و مەینەت کرد، بەڵکوو (بێدار بنەوە و لە ڕاست هەقدا) بلالێنەوە و خۆ بدەن بە دەسەوە ﴿٤٢﴾ دەیسا بۆچ ئەوانە کاتێ سزا و ئازاری ئێمەیان پێ‌گەیی (کزیان نەکرد و) خۆیان نەدا بە دەسەوە، بەڵام دڵ و دەروونی ئەوانە سەخت ڕەش هەڵگەڕابوو، ئەوەی کردوویانە شەیتان بۆی ڕازاندوونەتەوە کە هەر لەسەر حاشا کردنمان ﴿٤٣﴾ جا کاتێ کە ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی کە کرابوون و ئەوەی خرابووە بیر و مێشکیان لە بیریان چوو، هەموو دەروازەی بەختەوەری (لە نیعمەتەکان)مان بۆ ئاواڵە کردنەوە تا (بە تەواوی) خۆشحاڵ بوون (و دڵیان بەوانە بەست)، لە ناکاو ئەوانمان گرت (و سەخت سزامان دان)، لەم کاتەدا هەموو بێ‌هیوا ببوون ﴿٤٤﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



جا (بەم جۆرە) ڕەگ و ڕیشەی ئەو هۆزە کە ستەمیان (لە خۆیان) کرد، بڕا و لەناو چوون، سپاس تایبەتی خوایە کە پەروەرێنەری جیهانیانە ﴿٤٥﴾ بڵێ: بە بیر و باوەڕی ئێوە ئەگەر خوا هەستی گوێ و سۆمای چاوی بیستن و دیتنی ئێوە بستێنی و مۆر لە دڵ و دەروونتان بدا، چ کەسێ بێجگە لە خوا ئەتوانێ ئەوانە (دووبارە) بە ئێوە بداتەوە؟ بڕوانە کە چلۆن ئێمە نیشانەکانی خۆمان بە وێنەی جۆربەجۆر (جارجارە بە هەڕەشە و جارجارەش بە مـوژدەدان) ئەنوێنین (و ئەیخەینە بەرچاو)، لە پاشان ئەوان (لە تەماشا کردن بە چاوی دڵ) هەرخۆی لێ دەبۆیرن و ڕوو وەردەگێڕن! ﴿٤٦﴾ بڵێ: ئایا بیرتان کردۆتەوە کە ئەگەر بەڵا و عەزابی خوا لەپڕێک لەناکاو بە نهێنی یا بە تەرزێکی بە ئاشکرا بە ئێوە بگا، ئایا بێجگە لەوانەی غەدریان کردووە و بێجگە لە هۆزی ستەمکار تیائەچن و قڕ دەکەن؟ ﴿٤٧﴾ ئێمە پێغەمبەران نانێرین مەگەر بۆ ئەوەی مزگێنیدەر و ترسێنەر (وشیاردەر) بن (بۆ خەڵک)، جا کەسێ کە بڕوا بێنێ و چاکە بکا، نە ترسیان لەسەرە و نە خەفەتیش ئەخۆن ﴿٤٨﴾ کەسانێ کە نیشانە و ئایاتی ئێمەیان بە درۆ خستۆتەوە، لەبەر ئەو فیسق و نافەرمانی کردنە تووشی بەڵا و عەزابی خوا ئەبن ﴿٤٩﴾ بڵێ: من بە ئێوە ناڵێم کە گەنجی خواوم لایە و بە نادیاریش نازانم، بە ئێوەش ناڵێم من فریشتەم، (و) بێجگە لەوەی بۆ من دێ و هێما کراوە پەیڕەوی ناکەم، بڵێ: ئایا نابینا و بینا وەک یەکن (بەرابەرن)؟ جا بۆچ بیر ناکەنەوە؟ ﴿٥٠﴾ بەوە (قورئان) ئەوانەی وا نیگەرانن کە لە قاپی و بارەگای خوادا کۆ بکرێنەوە، بیانترسێنە (و ئاگاداریان بکە تا تێبگەن)، بێجگە لە خوا هیچ پشتیوان و تکاکارێکیان بۆ نییە تا بەڵکوو خۆپارێز بن و پەروایان هەبێ ﴿٥١﴾ ئەوانە کە لە بەرەبەیانان و ئێوارانا هاواری پەروەرێنەری خۆیان دەکەن و بە دڵوداو خوا و ڕەزای ئەویان دەوێ، لە خۆت دووریان مەخەوە و مەیانتۆرێنە، نە شتێکی ئەوان لەسەر تۆ دەنووسن و نە شتێکی تۆ لەسەر ئەوان دەنووسن، جا لەم سۆنگەوە ئەگەر ئەوان لە خۆت دوور بخەیتەوە غەدرێکە لە خۆتی دەکەی و لە ستەمکاران دێیتە ئەژمار ﴿٥٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



بەم جورە هەندێ کەسمان لەوان بە هەندێتر تاقی کردەوە (داراکان بە نەدارەکان)، تا بڵێن: ئایا ئەمان کە خوا لە نێو ئێمەدا هەڵیبژاردون و منەتی لەسەر داناون؟ (نیعمەتی ئیمانی پێداون)، ئاخۆ خوا شوکرانەبژێران باشتر لە هەمووان ناناسی؟ ﴿٥٣﴾ هەرکاتێ ئەوانەی وا بڕوایان بە نیشانەکانی ئێمە هێناوە، بێنە لای تۆ پێیان بڵێ: سەلامتان لەسەر بێ، پەروەرێنەرتان بەزەیی و بەخشینی ئێوەی لەسەر خۆی واجب کردووە کە ئەگەر یەکێک لە ئێوە بە نەزانی کاری ناشیاو بکا و لە پاشان پەشیمان بێتەوە و تۆبە بکا و خۆی چاک بکا، جا بەڕاستی خوا لە تاوانی دەبووری و دڵاوێنە ﴿٥٤﴾ ئێمە ئاوەها نیشانەکانی خۆمانیان تەواو بۆ شی دەکەینەوە تا ڕێبازی تاوانباران بە ئاشکرا ڕوون ببێتەوە ﴿٥٥﴾ بڵێ: من لە پەرستینی ئەو شتانەی کە ئێوە لەباتی خوا ئەیپەرستن ڕێم پێنەدراوە و نەهیم لێ کراوە، بڵێ: من لە هەوا و ئارەزوو و هەوەسی ئێوە پەیڕەوی ناکەم، چونکە کاتێ وا بکەم، لاڕێ ئەبم و لە ڕێنوێنی کراوان نابم ﴿٥٦﴾ بڵێ: بەڕاستی من بەڵگەیەکی ڕوونم لە پەروەرندەمەوە هەیە و ئێوە ئەوەتان بە درۆ داناوە، ئەوەی کە ئێوە پەلە و تاڵووکەی بۆ دەکەن بە دەس من نییە، حوکم و فەرمان تایبەتی خوایە، هەق بەیان دەکا و هەر ئەوە باشترین جیاکەرەوەی (هەق لە ناحەقە) ﴿٥٧﴾ بڵێ: ئەگەر ئەوەی ئێوە لەز و تاڵووکەی بۆ دەکەن بە دەس من بوایە، کاری من و ئێوە یەکلا دەبۆوە، خوا سەبارەت بە ستەمکاران زاناتر و ئاگاترە ﴿٥٨﴾ گشت کلیلی (گەنجینەکانی) نادیار و بەرپێوار و داپۆشراو لای خوایە، هیچ کەس بێجگە لەو (خوا) بەوانە نازانێ، ئەوەی وا لە بەژ و زەریادایە، ئەیزانێ و هیچ گەڵایەک ناوەرێ مەگەر خوا پێی ئاگایە، هەردەنکەیەک لە تاریکی بن دەروونی زەویدایە و هەر تەڕ و ویشکێ هەن، گشتی لە نێو کتاوێکی ئاشکرا و بەیانکراودایە ﴿٥٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



خـوا هەر خـۆیەتی کە لە شــەودا (لە کـاتی خەو) دەتـانمرێنێ، بەوەی وا لە ڕۆژدا کردووتـانە ئاگادارە، ئەوسا کە ڕۆژ بۆوەوە (لە خەو) هەڵتاندەستێنێ (ئەم بارودۆخە هەروا دریژەی دەبـێ) تا کاتی دیاریکراوی خۆی تەواو بکرێ، لە پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای ئەوە، لە پاشـان بەوەی وا کردووتانە ئاگادارتان دەکاتەوە ﴿٦٠﴾ هەر ئەوە بەدەسەڵات و زاڵ بەسەر عەبد و بەندەکانیدا و پاسەوان و چاوەدێرانتـان لەسـەر دائەنـێ، تـا کـاتێ مەرگـی یەکـێ لە ئێـوە ئەگـا، فریشـتەی گیانکێشان و پێمێردی خوا (گیانی) دەستێنێ، ئەوانە (نێردراوانی خوا لە نووسـینی کـردەوەی بەندەکاندا) دریغ و کۆتایی ناکەن ﴿٦١﴾ ئەوسا (هەموو بەندەکان) بـۆ لای خـوا کە سـەروەری بەرحەقـی ئەوانە دەگەڕێنـدرێنەوە. ئاگـادار بـن! داوەری کـردن تـایبەتی ئەوە و هەر ئەویشـە بەپەلەترینی حیسابگەران و بە حیسابی هەموو ڕادەگا ﴿٦٢﴾ بڵێ: چ کەسێ ئێوە لە تاریکایی بەژ و زەریا ڕزگار دەکا؟ هاوار لە خوا دەکەن بە ئاشکرا و بە نهێنـی (دەڵـێن:) کە ئەگەر ئـێمە لەم مەترسییە ڕزگار بکەی لە شوکرانەبژێران دەبین ﴿٦٣﴾ بڵێ: خوا ئێوە لەوە و لە هەر غەم و خەفەتێک ڕزگار دەکا، (کەچی) لە دواییشدا هاوبەش بۆ خـوا دائەنـێن ﴿٦٤﴾ بڵـێ: هەر خـوا بەتوانایە کە بەڵا و عـەزابتان بۆ بنێـرێ لە ژوور سـەرتانەوە یـا لە بـن پێتانـدا یـا ئەوە جلکی جیـاوازیخوازیتـان پـێ لە بەر بکـا و تێکتـان بەربـدا و تـام و مەزەی جەنـگ و قرەقـڕ لەگەڵ یەکترتان پێ بچێژێ، بڕوانە کە چلۆن نیشانەکانی خۆمان بە وێنەی جۆراوجۆر بەیان دەکەین تا بەڵکوو تێبگەن (و لە خراپە بگەڕێنەوە) ﴿٦٥﴾ هۆزی تۆ ئەوە (قورئانیان بە درۆ خسـتەوە، لە حاڵێکدا کە ئەوە هەقە، (بەوان) بڵێ: من بەرپرسی ئێـوە نـیم ﴿٦٦﴾ زووبەزوو دەزانـن کە هەر باس و نووچەیەک جێگەی خۆی هەیە ﴿٦٧﴾ هەرکاتێ کەسانێکت دی کە لەبابەت نیشانەکانی ئێمە خراپ دەدوێن و گاڵتەی پـێ دەکەن، ڕوویـان لـێ وەربگێـڕە تـا قسـەکە بگۆڕن، ئەگەر وا ڕوویدا شەیتان لە بیرت بباتەوە، جا هەردەمێ کە هـاتەوە بیـرت لەگەڵ (ئەم) دەسـتە و هـۆزە ناحەق و ستەمکارە دامەنیشە ﴿٦٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



هیچ شتێ لە تاوان و ئۆباڵی ئەوان ناخرێتە ئەستۆی ئەوانەی خۆ دەپارێزن، و لە خوا ئەترسن بەڵام ئەبێ ئامۆژگاری (بۆ نالەبارەکان) بکەن تا بەڵکوو خۆ بپارێزن و تەقوا بکەنە خووی خۆیان ﴿۶۹﴾ کەسانێ کە دینی (فیتری) خۆیان بە گاڵتە و گەپ گرتووە و ژیانی دنیا تەواو لە خشتەی بردون و بادیهەوای کردوون وازیان لێبێنە و تەرکیان بکە، بە قورئان بخەوە بیریان کە هەرکەسێ بکەوێتە زیندانی بێدەرەتانی کار و کردەوەی خۆی، بێجگە لە خوا یار و یاوەر و تکاکارێکیان بۆ نییە، کە دەهانایان بێ، هەرچی ماڵی دنیایش هەیبێ و لەقەرەبوو و بارمتەی تاوانی خۆی بیدا، لەو قەبووڵ ناکرێ، ئەوانە کەسانێکن کە بە سزای کردەوەیان گرفتار کراون، بۆیان خواردنەوەی ئاوێکی کوڵیو و سووتێنەر و عەزابی دەرداوی هەیە، لەبەر ئەوەی خوانەناسییان دەکرد ﴿۷۰﴾ بڵێ: ئایا بێجگە لە خوا هاوار بۆ شتێ بەرین کە نە کەڵکی بۆمان هەیە و نە زیانمان پێدەگەینێ، (بەمجورە) بەرەو دوا بگەڕێینەوە، دوای ئەوەی ڕێی نیشان داین، هەروەکوو کەسێ کە شەیتانەکان ئەویان لە زەویدا لارێ و سەرلێشێواو کردبێ، لە حاڵێکدا یارانێکی هەیە بۆ ڕێنوێنی بانگی دەکەن کە بۆ لای ئێمە وەرە، بڵێ: تەنیا ڕێگای ڕاستینە هەر ڕێگای ڕوو بە خوایە و فەرمانمان پێدراوە خۆ بە پەروەرێنەری جیهانیان بسپێرین ﴿۷۱﴾ دەستووریشی داوە نوێژ بەجێبێنن و خۆتان لە (نافەرمانی) ئەو بپارێزن، هەر ئەوە کە لای ئەو کۆ دەکرێنەوە ﴿۷۲﴾ هەر ئەوە کە ئاسمانەکان و زەوی بە هەق بەدیهێناوە و ڕۆژێک بەوان بڵێ: ببن، دەبن، قسەی ئەو هەقە و لاری لێی نییە و موڵک و دەسەڵات تایبەتی ئەوە، لەو ڕۆژە کە فوو بە کەڵەشاخ و زوڕنا (صور)دا دەکرێ، زانای نهێنی و ئاشکرایە، هەر ئەوە لەکارزان و زانا بە ناخی کار ﴿۷۳﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



بیر لەو سەردەمەیش بکەوە کە ئیبراهیم (بلەی ئور، ئاور) بە ئازەری باوکی خۆی وت: ئاخۆ بت دەپەرستی و دەیکەتە خوا، من تۆ و گەلەکەیشت دەبینم کە لە ڕێگالاتان داوە و لە گومڕاییەکی ئاشکرادان (ئازەر باوک یا ئاپی ئیبراهیم وەزیری نمروودی کوردە، ئیبراهیم بن ئازەر (تاروخ) بن ناحور بن ساروغ بن ڕاغو بن فالیغ بن عامیر بن شالخ بن ئەفخشذ بن سام بن نووحە، زۆربەی تەفسیر نووسانی قورئان عامیر بە کورد دەزانن و هەروا ئەوکەسەی ئیبراهیمی بە مەنجەنیق فڕێداوەتە نێو ئاگر بە کوردی دەزانن و ئەو شوێنەیش بە کۆیێ ناو دەبەن (بڕواننە قیسەسی ئەنبیای ئیبنی کەسیر و بیروڕای تەفسیر نووسانی قورئان بە زمانی کوردی بە قەڵەمی «شەپۆل») ﴿٧٤﴾ ئاوەها داموودەزگا و مەلەکووتی ئاسمانەکان و زەویمان بە ئیبراهیم نیشان دا (تا بزانێ) سەر بە کێیە و لە جەرگەی یەقینداران بێ ﴿٧٥﴾ جا کاتێ کە تاریکی شەو داهات (و دنیا تاریک بوو)، ئەستێرەیەکی دی، وتی: ئەمە خوای منە، بەڵام کاتێ ئەو ئەستێرە ئاوابوو، وتی: من ئاوابووانم خۆشناوێ ﴿٧٦﴾ کاتێ دیتی مانگ هەڵات و سینگی ئاسۆی دادڕاند، وتی: ئەمە خوای منە، بەڵام کاتێ کە (ئەویش) بزر (و ئاوا) بوو، وتی: بەڕاستی ئەگەر پەروەرێنەرم ڕێگام نیشان نەدا، دیارە لە تاقمی لاڕێیان دەبم ﴿٧٧﴾ جا کاتێ کە دیتی وا (تەبەق: گۆی ڕۆژ لە دەم کەل سەردەکەوێ و ڕۆژ سینگی ئاسوی دادڕاند، وتی: ئەمە خوای منە؟ ئەمە (کە لە هەموان) گەورەترە، جا کاتێ کە ئاوا (و بزر) بوو، وتی: ئەی هۆزی من! بە هەقیقەت من لەوەی ئێوە ئەیکەنە هاوبەش بۆ (خوا) بێزار و دوورم ﴿٧٨﴾ بەڕاستی من بە دڵپاکی ڕووم کردە زاتی کەسێ کە ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە و لەوانەش نیم کە هاوبەشی بۆ دائەنێن ﴿٧٩﴾ هۆزی وی (ئیبراهیم) لەگەڵ ئەودا کەوتنە دەمەقرە و محاجێن، (ئیبراهیم) وتی: چلۆن لەبابەت خواوە قرەقرە لەگەڵ مندا ئەکەن، کەچی بە هەقیقەت خوا منی (بە بەڵگەی ڕوون) ڕێنوێنی کردووە و لەوەی ئێوە ئەیکەنە هاوبەش بۆ خوا ناترسم (و زیانێ لەوەوە بە من ناگا)، مەگەر ئەوەی کە پەروەرێنەرم شتێکی بوێ، ئاگاداری پەروەرێنەرم ئەوەندە پەرەدارە کە هەموو شتێک ئەگرێتەوە، جا ئاخۆ ئێوە ڕانامێنن و بیر ناکەنەوە ﴿٨٠﴾ چلۆن لەوەی وا ئێوە کردووتانەتە هاوبەش بۆ خوا بترسم؟ کەچی خۆتان لەوە ناترسن کە هاوبەشێکتان بۆ خوا داناوە کە هیچ بەڵگەیەکتان لەو بارەوە بۆ نەهاتووە جا ئەگەر ئێوە لە زانین هیچ بەشتان هەبا دەتانزانی لە من و لە ئێوە کام لامان زیاتر شیاوی نەترسانە ﴿٨١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

(بەڵێ) ئەوانەی وا بڕوایان هێنا و ئیمانی خۆیان ئاوێتەی ناحەقی نەکرد، ئەمنیەت بۆ ئەوانە، وە هەر ئەوانیشن ڕێنوێنی کراون ﴿٨٢﴾ ئەمە بەڵگەی ئێمە بوو کە بە ئیبراهیممان دابوو بۆ سەر هۆزەکەی، پلەوپایەی هەرکەس کە بمانەوێ (و شیاویش بێ) ئەبەینە سەرێ، بەڕاستی پەروەرندەت لەکارزان و پڕ زانا و ئاگایە﴿٨٣﴾ ئیسحاق و یەعقووبمان بەو (ئیبراهیم) بەخشی و ڕێگای ڕاستمان بە هەموویان نیشان دا، لەبەرا نووحیشمان بۆ لای خۆمان ڕینوێنی کردبوو، لە زارۆکانی ئەو (ئیبراهیم) داود و سلێمان و هاڕوونمان (ڕێنوینی کردبوو)، و ئاوەها بە چاکان و کارچاکان پاداشی چاکە ئەدەینەوە﴿٨٤﴾ زەکەریا و یەحیا و عیسا و ئیلیاس، هەموویان لە مێرچاکان بوون﴿٨٥﴾ ئیسماعیل و ئەلیەسەع و یوونس و لووت، هەموویانمان بەسەر خەڵکی دنیادا بەرز کردەوە و ڕێزێ زیاترمان بۆ دانان ﴿٨٦﴾ و لە باوکانی ئەوان و منالآنی ئەوان و برایانی ئەوان، کەسانێکمان هەڵبژارد، و بۆ ڕێگای ڕاستیش ڕێنوێنمان کردن﴿٨٧﴾ ئەمە ڕێنوێنی خوایە کە بە هۆی ئەوەوە هەرکەس لە بەندەکانی خۆی کە بیەوێ ڕێنوێنی ئەکا، و ئەگەر هاوبەشیان بۆ خوا دانابا، هەموو کردەوەیان بەفیڕۆ دەچوو و پامال ئەبوو ﴿٨٨﴾ ئەوانە کەسانێک بوون کە کتێبی خۆم پێدان و لە کارزانی شارەزام کردن و ئەوانم کردە پێغەمبەرجا ئەگەر (قورەیش) حاشایان لێ بکەن، جا ئێمە ئەو کارە دەدینە تاقمێ وا گەلیان بە حاشا نەبن﴿٨٩﴾ ئەوانە (پێغەمبەران) کەسانێکن کە خوا ڕێنوێنی کردوون، جا لە ڕێنوێنی ئەوان پەیڕەوی بکە (لە سفاتی کەماڵ و جەماڵ و خووی چاک و تابشت هێناندا)، بڵێ: لە بەرانبەر ئەمەدا هیچ پاداشێکم لە ئێوە ناوێ، ئەم ڕێنوێنی کردنە تەنیا ئامۆژگاری و وەبیر هێنانەوەیە بۆ خەڵکی لە دنیا ﴿٩٠﴾

ئەوانە بەو جۆرەی پێویستە خوایان نەناسی و ڕێزیان بۆ دانەنا، چونکە وتیان: هیچی بـۆ بەرەی مرۆڤ نەناردووە بڵێ: چ کەسێ ئەو کتێبەی وا مووسا هێنای، ناردووە (کوتـاوێ: کتێبـی) کە نوور و ڕێنوێنی بووە بۆ خەڵکی، کەچی ئێوە ئەوەتان کردە پەڕەپەڕ و لە کـاغەزی (جیاجیـا)دا نووسیوە، هەندێکی (کە بە قازانجی ئێوەیە) پێشانی ئەدەن و زۆریشی (کە بە زیـانی خۆتـانی ئەزانن) ئەیشارنەوە، بە مەبەستگەلێک (لە قورئان) فێرکران کە نە ئێوە و نە باب و نە کـاڵ و باپیرانتان بە شتی وا فێر نەببوون و ئاگاتان لێی نەبووە، بڵـێ: خـوایە نـاردوویەتی، جا ئەوسا لێیان بگەڕێ تا بە قسە بـێ واتاکانیـان خەریـک بـن و گەمە بـکەن ﴿۹۱﴾ کوتـاوێکە: ئەمە کتێبـێکە ناردوومـانە، پیـرۆز، کوتـاوە: کتێـبە ئاسـمانییەکانی وا بەر لەو نێـردراون: دەیانسەلمێنی و باوەڕی پێیانە، (بۆ ئەوەی) بۆ خەڵکی مەککە و ئـاوایی دەوروبەری (وشـیار بکەیتەوە و) بیانترسێنی، کەسانێ کە بە ئـاخیرەت بڕوایـان هەیە، بە قورئـانیش بـڕوا دێـنن، لەسەر نوێژەکانی خۆیـان چاوەدێری دەکەن ﴿۹۲﴾ چ کەسـێ ستەمکارترە لەو کەسـەی کە بە زمـانی خـواوە درۆ هەڵدەبەسـتێ یـا بڵـێ: فەرمـانم لە خـواوە بـۆ هـاتووە و (کەچـی) هـیچ فەرمانیشی بۆ نەکراوە، کەسێ کە بڵێ: بـۆ مـنیش وێـنەی ئەوەی وا خـوا نـاردوویەتی بۆتـان دەنێرم، خۆزگە ئەتبینی کـاتێ کە (ئەم) سـتەمکارانە کە لە پەلەقـاژێی مەرگ و گیـانداندان (چلۆن) گرفتار بوون و پێمێردەی گیانکێشان دەستیان بۆ درێژ کـردووە (و پێیـان دەڵـێن): دە خۆتان لە گیـان کێشـان ڕزگـار بـکەن، ئەمـڕۆ بە دەرد و سـووکایەتییەوە سـزا ئەدرێـن، لەبەر قسەگەلێ کە بە ناهەق لەبابەت خواوە دەتانوت و لە ڕاست ئایەت و نیشانەکانی خوادا خۆتـان بە زل دائەنـا ﴿۹۳﴾ بە هەقـیقەت هەمـوو ئێـوە بە تەنیـا بەرەو لای ئـێمە دەگەڕێنـدرێنەوە، هەروەکوو ڕۆژی ئەوەڵ کە ئێوەم (بێماڵ و ژن) بەدیهێنا، ئەوەی بە ئێـوەم بەخشـیبوو لەدوای خۆتان بەجێتان هێشت، تکاکارانێ کە بە شـەریکی خواتـان دەزانـی لە تکـا کـردن بـۆ خۆتـان لەگەڵتان نابینین، بە هەقیقەت پێوەندی نێوانتان بڕاوە و ئەوەی کە بە پشتیوانی خۆتان دائەنـا لە ئێوە دوور بوونەوە و بزر بوون ﴿۹۴﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



بە هەقیقەت خوا لەتکەری دەنک و ناوکەیە و دەنکی میوە دەقەڵشێنێ، زیندوو لە مردوو دەردێنێ و دەرهێنەری مردووە لە زیندوو، ئەمەیە خوا، جا چلۆن و لە کوێوە بە درۆ خۆتان (لە خوا) لائەدەن ﴿۹۵﴾ (خوا) دادڕی سپێدەی بەیانە (لە سینگی تاریکایی شەو)، شەوی کردۆتە هۆ بۆ ئۆقرە و ئارام گرتن، و ڕۆژ و هەیڤ و مانگی کردۆتە هۆی ژمارە و ئەندازە گرتن، ئەمە لە دەسەڵاتی خوای بەتوانا و فرە زانایە ﴿۹۶﴾ هەر ئەوە کە ئەستێرەکانی ئاسمانی بۆ ئێوە داناوە تا لە تاریکی بەژ (وشکانی) و زەریا بە هۆی ئەوانەوە ڕێنوێن بن و (ڕێگا بدۆزنەوە بۆ ڕزگار بوون)، بە هەقیقەت نیشانەکانی خۆمان بۆ کەسانێ کە ئەزانن (و خاوەن بیرکردنەوەن) بەیان کردووە ﴿۹۷﴾ هەر ئەوە کە ئێوەی لە تاقەکەسێک (ئادەم) خەلق کرد، جا (لە منداڵدانی دایک)، قەرار داندراوە (لە پشتی باوک) بە ئەمانەت داندراوە، ئێمە نیشانەکانی خۆمان بۆ کەسانێ کە تێدەگەن بەیان کردووە ﴿۹۸﴾ هەر ئەوەکە لە ئاسمان ئاوی نارد (باراند)، جا ئەوسا بە هۆی ئەو (بارانەوە هەموو ڕووەک و گژوگیای جۆربەجۆرمان ڕواند، لەویش لق و پەلی سەوزمان ڕواند و لەوانیش کەلوو، دەنکگەلێ سوار یەک و پێکەوە نووساومان ڕواند و بەری گیا کە چەند دەنکی دە پاڵ تێکسمڕاوی تێدابێ ڕواندمان و لە کوڵووک و دەنکی لەپاڵ یەک گوڵی دارخورما گوڵگەلێکمان لەگەڵ هێشووی پڕ و شۆڕەوە بۆمان ڕواند، باغگەلێکمان لە ترێ و زەیتوون و هەناری هاوڕەنگ و جیاوازمان (میوەدار و) بەردار کرد، کاتێ (دار و شتانە) کە میوە دەردەکەن جا ئەگەر بە میوەی ئەوە و گەیشتنیان بڕوانن، بەڕاستی لەواندا نیشانەگەلێک هەیە بۆ هۆزێک کە بڕوا دێنن ﴿۹۹﴾ بۆ خوا هاوبەشانێکیان لە جنۆکە دانا، لە حاڵێکدا خوا هەموو ئەوانەی خەلق کرد، بە درۆ کوڕان و کچانیان لە ڕووی نەزانییەوە بۆ خوا سازدا، پاک و بێخەوشە خوا، بەرزترە لەو قسە و باسانە، کە خوای پێی پەسن ئەدەن ﴿۱۰۰﴾ بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی خوایە، (بێ ئەوەی مادە و نەخشەیەک لە بەرا بووبێ)، چلۆن ئەگونجێ منداڵی هەبێ، لە حاڵێکدا هاودەم (ژن)ی نییە و هەر ئەویش هەموو شتی خەڵق کردووە، بە هەموو شتێکیش فرە زانا و ئاگایە ﴿۱۰۱﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



(بەڵێ) وایە، خوا پەروەرێنەری ئێوەیە، هیچ خوایەک بێجگە لەو نییە، بەدیهێنەری هەموو شتە، جا (کەوایە) ئەو بپەرستن، هەر ئەویشە پارێزەر و تەگبیرکەری هەموو بوونەوەران ﴿١٠٢﴾ چاوەکان ئەو نابینن و دەرکی ناکەن، هەر خوایشە کە هەموو دیدە و چاوێک دەرک ئەکا و هەر ئەویشە کار ناسک و بێگەرد و ئاگا بە ناخی هەموو شتێکە ﴿١٠٣﴾ بەڕاستی چاوی دڵتان لە لایەن پەروەرندەتانەوە پێتان دراوە و بۆتان هاتووە، جا هەرکەس بە چاوی دڵ شت ببینێ و بیر بکاتەوە بۆ خۆیەتی، هەرکەسیش خۆی لە چاوی دڵ نابینا بکا بە زیانی خۆیەتی و من پارێزەر و چاوەدێری (کار و کردەوەی) ئێوە نیم ﴿١٠٤﴾ ئاوا نیشانەکان لە شکڵ و بیچمی جۆربەجۆردا بەیان دەکەین تا نەڵێن تۆ دەرست خوێندووە (سازت داوە)، وە مەبەستی ئێمە ئەمەیە کە بۆ هەتا هۆزێ کە دەزانن و تێدەگەن بۆیانی بەیان بکەین و ڕوونیان بکەینەوە ﴿١٠٥﴾ هەر فەرمانێ لە پەروەرێنەرتەوە بۆت هاتووە، ببەی بەڕێوە؛ هیچ خوایەک، بێجگە لەو نییە و واز لەوانە بێنە کە هاوبەش بۆ خوا دادەنێن ﴿١٠٦﴾ ئەگەر خوا بیویستبا، نەئەبوونە موشریک، ئێمە تۆمان نەکردۆتە پارێزەری (کار و کردەوەی) ئەوان و تۆ بەرپرسی ئەوان نی ﴿١٠٧﴾ بە (بت و مەعبوودی) کەسانێ کە لە جیاتی خوا ئەوانە بانگئەکەن جوێن مەدەن، جا مەبادا ئەوانیش بە دوژمنی و بە نەزانی جوێن بە خوا بدەن، ئاوا بۆ هەر دەسەیێ کاری ئەوانمان بۆ ڕازاندۆتەوە (ئەوانمان گرفتاری نەتیجەی کردەوەی خراپی خۆیان کرد)، لە پاشان گەڕانەوەی هەموویان بۆ لای پەروەرێنەریانە، جا ئەوانە لەو کارانەی وا کردوویانە ئاگادار ئەکاتەوە (و جەزا و سزای چاکە و خراپەیان ئەداتەوە) ﴿١٠٨﴾ سوێندیان بە خوا خوارد، سوێندی زۆر سەخت کە ئەگەر نیشانە (کشگیری)یەک بۆ ئەوان بێت، بە هەقیقەت بڕوا بەوە دێنن، بڵێ:، نیشانە تەنیا لای خوایە، ئێوە (بڕواداران) نازانن کە ئەوانە دوای ئەوەیش کە (نیشانە) بێت (هێشتا) بڕوا ناهێنن ﴿١٠٩﴾ ئێمە دڵ و چاویان وەردەگێڕین و لە کاری دەخەین لەبەر ئەوەی لە یەکەم جاریشدا بڕوایان بەوە (بە قورئان) نەهێنا، ئەوانە لەناو گێژاوی خۆیان وێڵ دەکەین تا بێ(پشتیوان) هەر بسووڕێن و گێژ بخۆن ﴿١١٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئەگەر ئێمە مەلائیکەمان بناردبا و مردووەکان لەگەڵ ئەوان قسەیان بکردبا، هەموو شتێکمان لە بەرانبەر ئەواندا کۆ بکردایەتەوە، هێمان بڕوایان نەدەهێنا مەگەر کە خوا بیەوێ، بەڵام زۆربەی ئەوانە نازانن و بێئاگان ﴿١١١﴾ ئاوا لە ڕاست هەر پێغەمبەرێکدا دوژمنێکمان لە نێو شەیتانەکانی مرۆ و جنۆکە دانا کە قسەی ڕازاوەی فریودەر و بێبنەڕەت بە سرتە و نهێنی بە یەکتر دەگەیێنن، ئەگەر پەروەرێنەری تۆ بیویستبا، وایان نەدەکرد، جا لەبەر ئەوە بە خۆیان و بوختانیانەوە وازیان لێبێنە ﴿١١٢﴾ کەسانێ کە بە دڵ بڕوایان بە ڕۆژی بەرێ نییە، با گوێ لە قورئان ڕابگرێ تا بەڵکوو پێی ڕازی بێ و هەر کارێ کردوویانە با بیکەن ﴿١١٣﴾ جا ئایا بێجگە لە خوا داوەرێتر بخوازم، لە حاڵێکدا هەر ئەوە کە ئەم کوتاوە: کتێبە ئاسمانییەی بە جیاکەرەوەی ڕاست لە ناڕاست بۆ ئێوەی ناردووە، ئەوانەی وا کوتاوی: کتێبی ئاسمانیم بۆ ناردوون سوور ئەزانن کە ئەم کوتاوە کتێبە بەرهەق و لە لایەن پەروەرندەتەوە هاتووە، جا هیچ کاتێ لە دوو دڵان مەبە ﴿١١٤﴾ قسە و کەلامی پەروەرندەت بێ لایەنگرانە و ڕاستی و دادگەرانە بە ئەنجام گەیی، هیچکەسیش ناتوانێ واژەگەلی ئەو بگۆڕێ، ئەو زۆر بیسەر و فرە زانا و ئاگایە ﴿١١٥﴾ ئەگەر لە زۆربەی ئەوانەی کە لە سەر زەویدان پەیڕەوی بکەی، تۆ لە ڕێگای خوا لائەدەن، چونکا ئەوانە تەنیا لە گومانپووچی پەیڕەوی دەکەن ﴿١١٦﴾ بەڕاستی پەروەرێنەرت ئاگادارترە بە کەسانێ کە لە ڕێگای ئەو لائەدەن، هەروەها زانا و ئاگاترە بەوانەی وا ڕێگای دۆزیوەتەوە و ڕێنوێن بوون ﴿١١٧﴾ جا بخۆن لە گۆشتی ئەو ئاژەڵەی وا لە کاتی سەربڕیندا ناوی خوای لەسەر براوە، ئەگەر بە نیشانەکانی خوا بڕوادارن ﴿١١٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بۆچ ناخۆن لەو گۆشتەی وا ناوی خوای لەسەر بڕاوە؟ لە حاڵێکدا بە هەقیقەت خوا بە تەواوی باسی ئەوانەی بۆ کردوون کە خواردیان ناڕەوایە، مەگەر ناچار بن بیخۆن، بەڕاستی زۆرێ لە خەڵک بە ئارەزوو، بێ ئەوەی ئاگا بن، بە نەزانی خەڵکیتر لە ڕێ لادەدەن، بەڕاستی پەروەرێنەرت دەسدرێژکەران باشتر دەناسێ ﴿١١٩﴾ لە تاوان و گوناحانی بە ئاشکرا و بە نهێنی واز بێنن، بەدروستی کەسانێ گوناح دەکەن بە زوویی بەوەی دەیانکرد سزا ئەدرێن ﴿١٢٠﴾ لەوگۆشتەی وا ناوی خوای لەسەر نەبراوە مەخۆن، چونکە ئەوە گوناحە (و دەرچوونە لە فەرمانی خوا)، بەڕاستی شەیتانەکان بە دۆستانی خۆیان بە دزییەوە مەبەستی خۆیان ڕائەگەینن تا لەگەڵ ئێوە بکەونە شەڕەقسە و محانجێن، ئەگەر ئێوە لەوان پەیڕەوی بکەن، بەڕاستی ئێوەش لەوانە دەبن کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە ﴿١٢١﴾ ئایا کەسێ کە مردبێ (لارێ بێ) و لە پاشان ئەومان زێندوو کردبێتەوە و ڕووناکییەکمان خستبێتە پێشی کە بە هۆی ئەوەوە لە نێو خەڵکدا هاتوچۆ بکا وەکوو کەسێکە لە نێو تاریکیدایە و ناتوانێ لێیدەرچێ، ئاوا بۆ خوانەناسان کار و کردەوەێ (ناحەز) کە ئەنجامیان داوە، جوان و ڕازاوە کراوە و نوێندراوە ﴿١٢٢﴾ ئاوا لە هەر شار و گوندێکدا گەورەکانی تاوانکارانمان داناوە تا لەوێدا (خەڵک) فریو بدەن، (بەڵام) بێجگە لە خۆیان کەسێتر فریو نادەن (ئەگەرچی) هەستی پێ ناکەن ﴿١٢٣﴾ هەرکاتێ کە نیشانەییکیان بۆ بێ، دەڵێن: ئێمە هەرگیز بڕوا ناهێنین، مەگەر وێنەی شتێ کە بە پێغەمبەرانی خوا دراوە بە ئێمەش بدرێ، خوا خۆی باشتر دەزانێ چ کەسێ بۆ پێغەمبەری هەڵبژێرێ، لە پاشان کەسانێ کە تاوانیان کرد لە پێشگای خوا تووشی سووکی و بێئابڕوویی و عەزابی سەخت ئەبن، لە بەر ئەو دەغەڵی و فێڵ و بە فریو بردنەی وا کردبوویان ﴿١٢٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

جا هەرکەسێ کە خوا بیەوێ ڕێنوێنی بکا، سینگی بۆ وەرگرتنی ئیسلام گوشاد دەکاتەوە و هەرکەسیش کە بیەوێ گومرای بکا، سینگی زۆر تەنگ و نەفەستەنگی دەکا وەکوو ئەوەی بەرەو ژوور بڕوا و بە ئاسماندا هەڵگەڕێ، بەمجۆرە خوا کەسانێ کە بڕوا و ئیمان ناهێنن پیس و چەپەڵ و ڕیسوا دەکا ﴿١٢٥﴾ ئەمە ڕێگای ڕاستی پەروەریِنەری تۆیە، بە هەقیقەت ئێمە نیشانەی خۆمان بۆ کەسانێ کە ئامۆژگاری و پەند وەردەگرن بە وردی بەیان کردووە ﴿١٢٦﴾ بۆ ئەوانە خانووی ئەمن و هێمنایەتی و حەوانەوەیان لای خوای خۆیان هەیە، هەرخوا پشتیوان و یار و یاوەریانە، لەبەر کاری (چاکێ) کە ئەنجامیان داوە ﴿١٢٧﴾ لەو ڕۆژەدا کە هەموویان کۆ دەکاتەوە، پێیان دەڵێ: ئەی تاقمی جنۆکە! ئێوە کەسانێ زۆرتان لە ئینسان و مرۆ کردە داروودەسەی خۆتان و گومڕاتان کردن، دۆستان و پەیڕەوانی ئەوان لە ئینسانەکان ئەڵێن: ئەی پەروەرێنەرمان! هەر یەک لە ئێمە لە یەکتری کەڵکمان وەرگرت و بەو مۆڵەتەی کە بۆمانت دیاری کردبوو گەیشتین، (خوا) دەڵێ: ئاگر، جێتانە، بۆ هەمیشە لەویدا ئەمێننەوە، مەگەر خوا بیەوێ، بەڕاستی پەروەرێنەرت لەکارزان و پڕ زانا و ئاگایە ﴿١٢٨﴾ ئا بەمجۆرە هەندێ لە ستەمکاران ئەکەینە خاوەن دەسەڵات بەسەر هەندێ تردا، لەو سۆنگە و بە هۆ و لەبەر کارگەلێ (ناشیاو) کە ئەنجامیان ئەدا ﴿١٢٩﴾ (لەو ڕۆژەدا بەوان دەوترێ:) ئەی تاقمی جنۆکە و مرۆڤ! ئایا مەگەر پێغەمبەرانێ لە ئێوە نەهاتنە لاتان کە نیشانی منتان بۆ بڵێن و ئێوە لە (بەڵای) ئەم ڕۆژە بترسێنن؟ ئەوان دەڵێن: شایەدی ئەدەین بە دژی خۆمان (بووین و خراپمان کرد) و ژیانی دنیا ئەوانی فریودا، بە زیانی خۆیان شایەدییان دا کە بەڕاستی خوایان نەناسیوە ﴿١٣٠﴾ ئەم (ناردنی پێغەمبەرانە) لەبەر ئەوەیە تا بزانن پەروەرێنەرت بە زوڵم و ناحەقی خەڵکی هیچ شار و گوندێکی قڕ نەکردووە و خەڵکەکەی (لەبەر نەهاتنی پێغەمبەران) غافڵ و بێ ئاگا بووبن ﴿١٣١﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



بـۆ هەر یەکە (لەو دوو تاقمـە) لە کـار و کـردەوەیەک کە کردوویـانە پـایە و پـلەیەک هەیە، پەروەرێنەرت کارێ کە ئەیکەن لێی غافـڵ و بـێئاگـا نییـە ﴿۱۳۲﴾ پەروەرێـنـەرت بـێنیـاز و خاوەن بەخششـە، ئەگەر بیەوێ هەموو ئێوە لائەبـا و هەرکەس کە بـیەوێ دوای ئێـوە ئەیکـاتە جێنشین، هەروەکوو ئێـوەی لە تـۆرەمە و بـنەچەکە و زارۆڵەی هـۆزێتـر بەدی هێنـا ﴿۱۳۳﴾ بەڕاستی هەرچی بەڵێنتان (پێدراوە و) پـێئەدرێ دێـتە دی، ئێـوە نـاتوانن (خـوا) بـێ هێـز و ناتەوان بکەن (و لە دادگەری خۆ ڕزگار بکەن) ﴿۱۳۴﴾ بڵێ: ئەی هۆزی من! هەر کاریکتـان لە دەس دێ بیکەن، بەڕاستی کاری خۆم دەکەم، جا لە پاشان ئەزانن چ کەسـێ خـانووی ئەولای بە سەرکەوت و ڕزگاری گیر دێ، بە هەقیقەت ستەمکاران ڕزگار نـابن ﴿۱۳۵﴾ بەشـێکیان لەوەی وا خوا بەدیهێناوە؛ لە بەروبـووی کشـتوکاڵ و ئـاژەڵ (مەڕ و بـزن و گـا و وشـتر) بـۆ خوایـان دانـاوە، بە خەیـاڵ و گومـانی خۆیـان وتیـان: ئەمە بەشـی خـوایە و ئەمەش هـی هاوبەشـە (بتە)کانمانە، ئەوەی بەشی هاوبەشەکانیان بوو بە خوا نەدەگەیی، بەڵام ئەوەی هی خوا بـوو بە هاوبەشەکانیان دەگەیی، چ ناحەز و خراپ داوەرییان ئەکرد ﴿۱۳۶﴾ ئا بەمجۆرە شەریکدانەران بۆ خوا کارێ وایان کرد تا زۆربەی هاوبیرەکانیان کوشتنی منـاڵانی خۆیـان لا جـوان و ڕەوا بـێ (کە بۆ بتەکـان بیـانکەنە قوربـانی) تـا سـەرئەنجام ئەوان لەنـاو بـبەن و دینەکەشیان بگـۆڕن (باوەڕی خۆیان بەسەریانا داسەپاندووە)، ئەگەر خوا بیویستبا وایان نەدەکـرد، جـا لەبەر ئەمە بە خۆیان و درۆیانەوە وازیان لێبێنە (گوێ مەدە کار و ئاکاریان) ﴿۱۳۷﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



(بە خەیاڵ و گومانی خۆیان) وتیان: ئەمانە ئاژەڵ و کشتوکاڵێکن کە کەڵک لێ وەرگرتیان بقەیە و قەدەغە کراون (نابێ کەسێتر دەسیان لێبدا، چونکە بەشی بتەکانە)، کەس مافی خواردنی ئەوانەی بۆ نییە، مەگەر کەسێ کە ئێمە بمانەوێ، (ئەیانوت: ئەمانە) ئاژەڵێکن نابێ کەس سواری پشتیان بێ و ئاژەڵێکن (کە لە کاتی کوشتنەوە) ناوی خوایان لەسەر نابەن، بە دەم خواوە درۆیان دەکرد، بە زوویی خوا سزای درۆ هەڵبەستنی ئەوان ئەداتەوە ﴿١٣٨﴾ وتیان: ئەوە (بێچوولە) وا لە پزدان و زگی ئەم ئاژەڵانەدایە، تەنیا تایبەتی پیاوانی ئێمەیە و بۆ ژنانی ئێمە نابێ، بەڵام ئەگەر مردارەوەبوویش بێ هەموو لەوا بەشدارن، بە زوویی (خوا) سزای ئەم قسە بێ ئاوەزانەی ئەوان ئەداتەوە، بەڕاستی خوا لەکارزان و پڕ زانا و ئاگایە ﴿١٣٩﴾ بە هەقیقەت زیانیان دی ئەوانەی وا لەبەر گێلی و گەوجی و نەزانی منالانی خۆیان کوشت و ئەو ڕسق و ڕۆزییەی خوا بەوانی دابوو حەرامیان کرد، بە دەم خواوە درۆیان هەڵبەست، بە هەقیقەت ئەوانە لاڕێ بوون و (هیچ کاتێ) ڕێنوێنی نەبوون ﴿١٤٠﴾ هەر ئەوە کەسێ کە باغ و بێستانی لە دار و گیای ساق بەرز (خورما و هەنار کە داربەستی ناوێ) و ساق کورت (شووتی؛ کاڵەک؛ کالیار؛ ترۆزی؛ فاتەبۆر؛ خرچە؛ تەماتە؛ بۆتەیتری؛ هاروێ ئەکرێ بۆ کەڵکێ فرەتر داربەستی بۆ ساز بدەی)، وە دارە خورما و کێڵگە بە بەروبووی تامگەلی جۆربەجۆر و زەیتوون و هەناری بەدیهێنا کە لەبابەتێکەوە لە یەکتر دەچن و لە بارێکیشەوە لە ڕەنگ و تام و مەزەدا لە یەکتر ناچن، لەکاتی میوەداندا لە میوەی ئەوە بخۆن و لە کاتی میوە چنیندا بەشی خوایش جیا کەنەوە بۆ هەژاران، و زیادەڕەوی مەکەن، بەڕاستی خوا لە ئەندازە دەرچووانی (ئیسرافکارانی) خۆشناوێ ﴿١٤١﴾ (خوا زاتێکە) لە ئاژەڵ و وڵسات هەندێکیان بۆ بارلێنان و بڕێکیشیان بۆ خوری و موومەرەز و کوڵکە بەدیهێناوە، لەوەی خوا کردوویەتە ڕسق و ڕۆزی بۆ ئێوە بخۆن، لە ڕێ و ڕێبازی شەیتان پەیڕەوی مەکەن، بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئێوە ﴿١٤٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



لە ئاژەڵ هەشت سەر نێر و مێی بەمجۆرە خولّقاند: لە مەڕ دووان (مەڕ و بەران) لە بزن دووان (نێری و بزن)، بڵێ: ئایا خوا نێرینەکانی ناڕەوا و حەرام کردووە یا مێیەکانیان یا ئەوەی وا لە پز و منداڵدانی مێینەکاندان؟ بە زانست ئاگادارم بکەن، ئەگەر ئێوە ڕاستبێژن ﴿١٤٣﴾ لە وشتر دووان (لۆک و سایە)، لۆک نێرە و سایە وشتری مێیە) لە گایش دووان (چێڵ و گا) (مان بۆ ئێوە خولّقاند)، بڵێ: ئایا خوا نێرینەکانی حەرام کردووە یا مێیەکانیان یا ئەوەی وا لە پز و منداڵدانی مێینەکاندان؟ یا ئێوە حازر و شایەدی (ئەم حەرام کردنە) بوون، کاتێ کە خوا ئەم مەبەستەی ڕاسپارد؟ جا چ کەسێ ستەمکارترە لەوە کە بە دەمی خواوە درۆ هەڵدەبەستێ بۆ ئەوەی خەڵک بە بێزانستی لە ڕێگا لادەن، بەڕاستی خوا هۆزی ستەمکار ڕێنوێنی ناکا ﴿١٤٤﴾ بڵێ: لە نێو ئەوانەیدا وا پێم ڕاگەیێندراون شتێکی وا پەیدا ناکەم کە خواردنی لە کەسێک حەرام کرابێ مەگەر مردار بووبێتەوە یا خوێنی ڕژێندراو یا گۆشتی بەراز، پیسە یا بە گوناح لە کاتی سەربڕینی ئاژەڵێک، نێوی غەیری خوای لەسەر برابێ (بە ناوی بت سەر بڕابێ)، جا ئەگەر کەسێ ناچار بێ (ئەوانە لە برسا بخوا) بێ ئەوەی بۆ ملبادان یا دژایەتی بێ (گوناحی بۆ نییە)، جا بەڕاستی پەروەرێنەرت لێبور و دڵاوێنە ﴿١٤٥﴾ لەسەر یەهوودیان(ی زەمانی مووسا و خەڵکێ کە لە دینی مووسا لایان دابوو) هەر ئاژەڵێکی نینۆکدار (سمدار)مان حەرام کرد، لە گا و پەز، پیوو چەورییەکەیمان لەسەر ئەوان حەرام کرد، مەگەر ئەو (پیو و چەورییانە) کە لەسەر پشتی ئەو دووانە بێ، یا ئەو پیوەی کە بە ڕیخۆڵەکانیانەوەیە یا ئەوەی وا بە ئێسکەوە نووساون (چەوری قەبرغە و دووگ)، ئەم (حەرام کردنە) لە ڕاست ستەم و ملبادانیاندا بوو کە بەمجۆرە سزامان دان، بەڕاستی ئێمە ڕاستبێژین ﴿١٤٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

جا ئەگەر تۆیان بە درۆ خستەوە، بڵێ: پەروەرێنەرتان خێو و خاوەنی دڵۆوانییەکی بەربلاوە و تاوانبارانیش لە سزای لانادرێن (بەلام ڕێگای گەڕانەوەش بۆ ئێوە ئاوەڵەیە) ﴿۱۴۷﴾ ئەو کەسانەی شەریکیان بۆ خوا دانابوو، بە زوویی ئەڵێن: ئەگەر خوا بیویستبا نە ئێمە و باووباپیرانمان، هاوبەشمان بۆ خوا دانەدەنا و هیچ شتێکمان لە خۆمان حەرام نەدەکرد، هەروا ئەوان بەر لەمانیش بوون پێغەمبەرانیان بە درۆ ئەخستەوە تا سەرئەنجام تامی جەزرەبەی ئێمەیان چەشت، بڵێ: ئایا (بەڵگەیەکی) زانستانەتان لا هەیە تا دەری‌بخەن و بە ئێمەی بنوێنن؟ ئێوە تەنیا لە گومانی بێ‌بنەڕەت نەبێ پەیڕەوی ناکەن، ئێوە بێجگە لە درۆ شتی ترتان بە زاردا نایێ ﴿۱۴۸﴾ بڵێ: بەڵگەی بە قوەت هەر بۆ خوایە، جا ئەگەر ئەو (خوا) بیەوێ هەموو ئێوەی ڕێنوێنی دەکرد (بەلام زۆرێ لە کاردا نییە) ﴿۱۴۹﴾ بڵێ: شایەدەکانتان کە شایەدی ئەدەن بیانهێنن، خوا ئەمەی حەرام کردووە، جا ئەگەر (بە درۆ) شایەدییان دا، تۆ لەگەڵ ئەواندا شایەدی مەدە، لە ئارەزووی کەسانێ کە نیشانەکانی ئێمە بە درۆ ئەخەنەوە پەیڕەوی مەکە، هەروا لە کەسانێ کە بە دوارۆژ بڕوا ناهێنن، هەر ئەوانەشن کە بۆ پەروەرێنەریان هاوبەش و هاوتا دائەنێن ﴿۱۵۰﴾ بڵێ: وەرن تا ئەوەی کە پەروەرێنەرتان لەسەر ئێوەی نارەوا و حەرام کردووە بیخوێنمەوە: شتێک نەکەنە هاوبەشی ئەو (خوا)، لەگەڵ باوک و دایکتان چاکە بکەن و منداڵەکانتان لە ترسی برسیەتی مەکوژن، ئێمە ڕسق و ڕۆزی ئێوە و ئەوان ئەدەین و لە کاری ناحەز و ناشیاو نێزیک مەبنەوە، چ بە ئاشکرا و چ بە دزی و نهێنییەوە، کەسیش مەکوژن، مەگەر بە هەق (لە تۆڵەی ئەوەی کەسێکی کوشتبێ)، ئەمە شتێکە خوا بە ئێوەی ڕاسپاردووە تا بەڵکوو ئەقڵ و ئاوەزتان بخەنە کار (و تووشی هەڵە و گوناح نەبن) ﴿۱۵۱﴾

لە ماڵی هەتیو نێزیک مەبنەوە، مەگەر بە جۆرێک کە چاکتر (بپارێزرێ) تا پێدەگا و بە تەواوی خۆ دەناسێ، پێوان و کێشان دارماڵ و بەرامبەر بێ کەم و کورِی و دادگەرانە بێ، لە توانا بەدەر هیچ ئەرکێ ناخەینە سەر کەس، کاتی (بۆ ناوبژی یا شایەدیدان) قسە دەکەن دادگەر بن، تەنانەت ئەگەر لەبابەت نێزیکانی خۆتانەوە بێ، بە پەیمانی خوا وەفادار بن و بە تەواوی بەجێی بێنن، ئا بەمجۆرە خوا بە ئێوەی ڕاسپاردووە تا بەڵکوو پەند بگرن ﴿١٥٢﴾ بە هەقیقەت ئەمە ڕێگای منە کە ڕاست و دروستە، جا بەوەدا بڕۆن و بە ڕێبازێ ترا مەڕۆن نەوەکوو ئێوە لە ڕێگای خوا جیا بکاتەوە (و لاڕێ بن)، ئا بەمجۆرە خوا بە ئێوەی ڕاسپاردووە تا بەڵکوو بەتەقوا و خۆپارێز بن ﴿١٥٣﴾ لە پاشان بە مووسا کتێبمان دا بۆ تەواو کردنی چاکەمان؛ بێکەموکورِی بێ بۆ کەسێ کە چاکەی کرد، ئێمە هەموو شتێکمان ڕوونکردەوە، کوتاوێ: (کتێبێ) کە هۆی ڕێنوێنی و ڕەحمەت: و بەزەیی خوا بێ؛ تا بەڵکوو بە دیداری پەروەرێنەیان بڕوا بێنن ﴿١٥٤﴾ وە ئەم (قورئان) کتێبە پیرۆز و پڕ پیتەشمان ناردووە، جا هەمووتان پەیرەوی لێبکەن و ترستان لە خوا هەبێ تا بەڵکوو بەزەیی پێتاندا بێ و بەر ڕەحمەتی خوا بکەون ﴿١٥٥﴾ (نەچن بڵێن ئەم کتێبەمان بۆیێ هەنارد) کوتاوەمان: کتێبی ئاسمانی تەنیا بۆ دوو هۆزی بەر لە ئێمە هاتووە و ئێمە لە خوێندن و پێیاچوونەوەی کتێبی ئەوان غافڵ و بێئاگا بووین ﴿١٥٦﴾ یا نە وەکوو بڵێن: بەڕاستی ئەگەر کتێبی ئاسمانی بۆ ئێمە هاتبا لەوان پتر ڕێنوێنیتر ئەبووین، جا لەبەر ئەوە لە لایەن پەروەرێنەرتانەوە بەڵگەی بەرهەق و هۆی ڕێنوێنی و ڕەحمەت و ڕوونتان بۆ هاتووە، جا چ کەسێ ناحەقتر و ستەمکارترە لەوانەی وا نیشانەکانی خوایان بە درۆ خستەوە و خۆی لێبواردووە یا ڕووی لێ وەرگێڕا؟ ئەو کەسانەی کە لە نیشانەکانی ئێمە خۆ دەبوێرن و ڕوو وەردەگێڕن زۆری پێ ناچێ سەخت عەزابیان ئەدەین ﴿١٥٧﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئاخۆ ئەوان چاوەڕوانی چ شتێک دەکەن کە فریشتە و مەلائیکەی (گیانکێشان) بێتە لایان یا پەروەرێنەرت خۆی بێتە لایان یا هەندێ لە نیشانەکانی پەروەرێنەرت بۆیان بێت؟ ڕۆژێ کە هێندێ لە نیشانە و ئایاتی پەروەرێنەرت بێ ئیتر بڕواهێنان بۆ هیچ کەس کە لەبەرا بڕوایان نەهێناوە یا بە ئیمانی خۆیان کاری چاکیان نەکردووە، سوودێکیان پێناگا، بڵێ: چاوەڕێ بن کە ئێمەش چاوەڕێین ﴿١٥٨﴾ بەڕاستی کەسانێ کە دینی خۆیان پرژوبڵاو کردۆتەوە و بوونەتە تاقمی جیاجیا، لە هیچ شتێکدا پێوەندیت بەوانەوە نییە، دیارە تەنیا کاروباری ئەوان بە خوایە، ئەوسا خوا لەوەی وا ئەیانکرد ئاگاداریان ئەکاتەوە ﴿١٥٩﴾ (لە دنیا) هەرکەس چاکە بکا و چاکە بێنێ، دە بەرابەر (پاداش)ی بۆ هەیە و هەرکەسیش خراپە بکا و خراپە بێنێ، جا سزا نادرێ مەگەر بە وێنەی ئەوە، ستەمیان لێناکرێ ﴿١٦٠﴾ بڵێ: پەروەرێنەرم منی بۆ ڕێی ڕاست ڕێنوێنی کردووە، (بە) دینێکی پایەدار، (بە) دینی پاکی ئیبراهیم، کە هیچ شەریکێکی بۆ خوا دانەناوە ﴿١٦١﴾ بڵێ: بەڕاستی نوێژم و عیبادەتم و ژیانم و مەرگم بۆ خوایە کە بارهێنەر و پەروەرێنەری جیهانیانە ﴿١٦٢﴾ هاوبەشێ بۆ ئەو نییە، بەوە ئەمرم پێکراوە، بە هەقیقەت من یەکەم کەسێکم خۆم بەدەسەوە داوە و بڕوام هێناوە ﴿١٦٣﴾ بڵێ: ئایا بێجگە لە خوا پەروەرێنەری ترم بۆێ (کەچی) هەر ئەویش پەروەرێنەری هەموو شتێکە، هیچ مرۆڤێک (کردەوەی ناحەز) ناکا مەگەر بۆ خۆی نەبێ، هیچ کەس تاوان و گوناحی کەسێ‌تری بە ئەستۆ نابێ، لە دوا(ڕۆژا) گەڕانەوەی هەموومان بەرەو لای پەروەرێنەرتانە، جا لەوەی کە تێیدا جیاوازیتان دەکرد و پێکنەدەهاتن ئاگادارتان دەکاتەوە ﴿١٦٤﴾ هەر ئەوە کە ئێوەی کردۆتە جێنشینان (و نوێنەرانی خۆی) لە زەویدا و هێندێ لە ئێوەی بە پایە و پلە بەسەر هێندێ‌تردا بەرز کردۆتەوە تا بەوەی بە ئێوەی داوە تاقیتان بکاتەوە، بەڕاستی پەروەرێنەرت زوو بە عەزابی (تاقیکراوەکان) ڕادەگا، بەڕاستی هەر ئەو لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿١٦٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

# سوورەی ئەعراف ٢٠٦ ئایەتە

**سوورەی ئەعراف لە مەککە هاتۆتە خوارەوە و بە (بسم‌الله)وە ٢٠٦ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەلف، لام، میم، صاد (خوا بە واتایان زاناترە) ﴿١﴾ (قورئـان) کتێبـێکە بـۆ تـۆ نـاردراوە، جا (لەبەر قسەی دوژمنان) دڵتەنگ و دڵشکاو مەبە تا بەو (قورئان)ە بیانترسـێنی، وە (قورئـان) ئامۆژگاری و یاداوەرییە بۆ بـڕواداران ﴿٢﴾ لە (قورئـان) کە لە پەروەرێنەرتـانەوە بۆتـان نـازڵ کراوە، پەیڕەوی بکەن و بێجگە لە خوا لە سەرپەرستانی‌تر پەیڕەوی نەکەن، ئێـوە زۆر کەم پەنـد وەرگرن و دەکەونەوە بیر ﴿٣﴾ ئێمە چەندین شار و ئاوەدانیمان لەناو برد، (چونکە خاوەنەکانیان تاوانبار بوون)، جا عەزابی ئێمە لە دڵی شـەودا یـا بە ڕۆژا کە ئەوانە لە خەوی نیـوەڕۆدا بـوون بۆیان هات ﴿٤﴾ جا لەو دەمەی کە عـەزابی ئێمەیان هاتە سەر، قسەیەکیان نەبوو، مەگەر ئەوە کە وتیان: بەڕاستی ئێمە ستەمکار بووین و ناحەقیمـان لە خۆمـان کـرد ﴿٥﴾ جا بـێ‌شـک لە کەسـانێ کە پێغەمبەرانیـان بـۆ نـاردرا دەپرسـینەوە و لە پێغەمبەرانـیش دەپرسـین ﴿٦﴾ بە هەقیقەت ئاگایانە (کار و کردەوەیان موو بە موو) سەرلەبەر بە تەواوی بۆ دەگێـڕینەوە، ئـێمە قەت لیان بێ ئاگا نەبووین ﴿٧﴾ هەڵسەنگاندن و نرخاندنی کاری ئەوان لەو ڕۆژەدا حەقە و دێ، جا کەسانێ کە تای تەرازووی (کاریان) قورسە، هەر ئەوانـیش ڕزگـارن ﴿٨﴾ کەسـانێ کە تـای تەرازووی (کاریان) سووک بـێ، جا ئەوانە کەسـانێکن کە دەسـمایەی خۆیـان بە خەسـار داوە، لەبەر ئەوەی سـەبارەت بە نیشـانەکانی ئـێمە غەدر و سـتەمیان دەکـرد ﴿٩﴾ بە هەقـیقەت ئێوەمان لەسەر گۆی زەوی دامەزراند و هۆی ژیانی جۆربەجۆرمـان بۆ سـازدان، (بەڵام) زۆر کەم شـوکرانەبژێری دەکەن ﴿١٠﴾ بە هەقـیقەت ئێوەمـان بەدیهێنـا، لە دواییـدا شـکڵ و بیچمـی ئێوەمـان ڕێـکخسـت، لە پاشـان بە مەلائیکەمـان وت: سـوژدە بەرنە بەر ئـادەم، جـا ئەوان سوژدەیان بۆ برد، مەگەر ئیبلیس نەبێ کە لە سوژدەبەران نەبوو﴿١١﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



(خوا بەوی) وت: چ شتێک تۆی لە سوژدە بردن گێڕاوە، لەو دەمەی وا فەرمانم پێدای؟ وتی: من لەو چاترم، منت لە ئاگر خەڵق کردووە و ئەویشت لە قوڕ دروست کردووە ﴿١٢﴾ وتی: جا لەو (پلە) بڕۆ خوارێ: چونکە تۆ هەقت نییە لەو (پلەدا) خۆت بە زلتر دابنێی، بڕۆ دەرێ، بەڕاستی تۆ لە تاکەتاکی سووک و چرووکانی ﴿١٣﴾ (شەیتان) وتی: تا ڕۆژی زیندوو بوونەوە مۆڵەتم بدە (و زیندوو ڕامگرە) ﴿١٤﴾ (خوا) فەرمووی: تۆ لە ماوە دراوە کانی ﴿١٥﴾ وتی: جا بەوەی کە منت لە ڕێگا لادا، بە یەقین من لەسەر ڕێگای ڕاستی تۆ بۆ ئەوان خۆ لە تەماڵ ئەدەم ﴿١٦﴾ لە دواییدا بە هەقیقەت لە ڕووبەروویان و لە پشت سەریانەوە و لە لای ڕاست و لە لای چەپیانەوە ئەچمە جەستەیان، زۆربەی ئەوانەت بە شوکرانەبژێر گیر نایێ ﴿١٧﴾ (خوا) فەرمووی: لەو (پلە) بڕۆ دەرێ، ناو زڕاوی تڕۆ کراو نەنگت بێ، سوێند دەخۆم کە هەرکەس لەوانە بە دوای تۆ کەون، جەهەندەم لە ئێوە هەمووتان پڕ و تەژی دەکەم ﴿١٨﴾ ئەی ئادەم تۆ و خێزانت لە بەهەشت بسەکنن، لە هەرچی کە بتانەوێ بیخۆن، لەم دارە نێزیک مەکەون کە لە ستەمکاران ئەبن ﴿١٩﴾ جا شەیتان کەوتە کلێشەی دڵیانەوە تا شەرمینگایان کە پۆشرابوو بیهێنێتە بەرچاویان و دەریخا، وتی: پەروەرێنەرتان بۆیێ نەیهێشتبوو کە نابێ لەو دارە نێزیک ببنەوە؛ نەیویست ئێوە ببنە دوو فریشتە یا بۆ هەمیشە (لە بەهەشتدا) بمێننەوە ﴿٢٠﴾ بۆ ئەوانی سوێند خوارد کە من خێرخوازی ئێوەم بە دڵ ئامۆژگاریتان دەکەم ﴿٢١﴾ جا بەمجۆرە بە فڕوفێڵ ئەوانی بە ژێر هێنا، خستە تەما، جا کاتێ لەو دارە (میوە)یان چشت، عەیب و عار و شەرمینگایان دەرکەوت، ئەوانە دەسیان کرد بە داپۆشینی لەشیان بە بەرگی داری بەهەشت تا خۆیان داپۆشی، پەروەرێنەریان هەرای لێ کردن: ئاخر من بە ئێوەم نەوت توخنی ئەو دارە مەکەون، ئایا بە ئێوەم نەوت: بە هەقیقەت شەیتان بۆ ئێوە دوژمنێکی دیار و ئاشکرایە ﴿٢٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

وتیان: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! لە خۆمان ناحەقیمان کرد، ئەگەر نەمانبەخشی و ڕوحمان پێ نەکەی، بە هەقیقەت لە زیانکاران دەبین ﴿٢٣﴾ (خوا) فەرمووی: (لە پلەی خۆتان) بڕۆنە خوارێ، هەندێ دوژمنی هەندێ ترتانن، بۆ ئێوەش لە زەویدا تا ڕۆژی خۆی قەلە مندارە مایەی ژیان و کەڵک وەرگرتن هەیە ﴿٢٤﴾ فەرمووی: لەو (زەوییە)دا زیندوو ئەبنەوە و تێیدا ئەمرن و لەوێش دەتانهێننەوە دەرێ و وەدەر دەخرێن ﴿٢٥﴾ ئەی ڕۆڵەکانی ئادەم! جلکێکمان بۆ ئێوە نارد کە عەیب و عار و شەرمینگاتان بپۆشێ و جوانیشتان بکا، جلکی پارێزگاری لەویش باشترە، ئەمە لە نیشانەکانی خوایە، بەڵکوو پەند بگرن (و چاکەی خواتان بێتەوە بیر) ﴿٢٦﴾ ئەی ڕۆڵەکانی ئادەم! (وشیار بنەوە) شەیتان نەتانخەڵەتێنێ و بەفریوتان نەبا، هەروەکوو باوک و دایکتانی لە بەهەشت بە دەرکردن دا و جلکەکەشیانی لەبەر دەرهێنان تا عەورەتیان بەوان نیشان بدا، چونکە ئەو و هاودەستانی، ئێوە لە لایەکەوە دەبینن، کە ئێوە ئەوان نابینن، (بەڵام بزانن) ئێمە شەیتانەکانمان تەنیا کردۆتە دۆست و خۆشەویست بۆ کەسانێ کە بڕوا ناهێنن ﴿٢٧﴾ هەرکاتێ کە کارێکی کریت و ناحەز دەکەن، دەڵێن: باووباپیرانی خۆمان لەسەر ئەو کارە دیوە و خوا دەستووری پێداوین! بڵێ: خوا قەت دەستوور بە کاری ناحەز و ناشیاو نادا، ئایا بە دەم خواوە درۆیەک دەکەن کە پێی ئاگا نین و نایزانن ﴿٢٨﴾ بڵێ: پەروەرێنەرم بە دادگەری فەرمانی داوە، لە هەر مزگەوتێکدا ڕووتان (بۆ لای خوا) بسوورێنن و ئەو بانگ بکەن و دینداری پاک و بێخەوش بۆ خوا بکەن (و بزانن) هەروەکوو لە سەرەتاوە ئێوەی خەڵق کرد، (بەو جۆرەش بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە ﴿٢٩﴾ دەستەیەکی ڕێنوێنی کرد و دەستەیەکیش شیاوی لاڕێ بوون، ئەوانە لەباتی خوا شەیتانیان کردە سەرپەرست و پشتیوانی خۆیان، لایان وایە کە ئەوان ڕێنوێنی کراون ﴿٣٠﴾

ئەی ڕۆڵەکانی ئادەم! خۆتان بە جلکی جوان لە هەر مزگەوت و ڕووگەیەکدا برازێننەوە، بخۆن و بخۆنەوە و زیادەڕەوی مەکەن، بەڕاستی خوا زیادەڕۆیانی خۆشناوێ ﴿٣١﴾ بڵێ: چ کەسێ جلکی جوان و خشڵ و بژیوی پاک و خاوێنێ کە خوا بۆ بەندەکانی خۆی خەڵقی کردووە، بە نارەوای داناوە و حەرامی کردووە؟ بڵێ: ئەمانە لە ژیانی دنیا بۆ کەسانێکە کە بڕوایان هێناوە، لە ڕۆژی پەسڵانیش هەر تایبەتی بڕواداڕانە، ئا بەمجۆرە ئێمە نیشانەکانی خۆمان بۆ کەسانێ کە زانا و ئاگادارن شیدەکەینەوە ﴿٣٢﴾ بڵێ: خوا کار و کردەوەی ناحەز چ بە ئاشکرا، چ بە دزییەوە بە نارەوا داناوە، (هەروا) تاوانی بە ناهەق و هاوبەش دانان بۆ خوا بێهیچ بەڵگەیەک و شتێ کە نایزانن لەخۆڕا بە دەم خواوە مەیڵێن ﴿٣٣﴾ بۆ هەر نەتەوەیەک ماوەیەکی دیاریکراو هەیە، جا کاتێ ماوەیان هات، سەعاتێ پاش و پێشیان بۆ نییە ﴿٣٤﴾ ئەی ڕۆڵەکانی ئادەم! بەڕاستی کاتێ کە پێغەمبەرانێ لە خۆتان بێنە لاتان کە نیشانەی ئێمەتان بۆ بڵێن (بە قسەیان بکەن)، جا هەرکەس بەتەقوا بێ و کاری چاک بکا، نە ترسیان بۆ هەیە و نە غەمناک ئەبن ﴿٣٥﴾ کەسانێ کە نیشانەکانی ئێمە بە درۆ بخەنەوە و لە بەرانبەر ئەواندا خۆ بەزل بزانن، ئەوانە جەهەندەمین و بۆ هەمیشە لەوێدا قەتیس دەمێننەوە ﴿٣٦﴾ جا چ کەسێ لەوە ستەمکارترە کە بە دەم خواوە درۆ هەڵدەبەستێ یا نیشانەکانی خوا بە درۆ ئەخاتەوە؟ ئەوانە بەشیان لەوەی وا لە چاریان نووسراوە پێیدەگەن، تا ئەوکاتەی کە ناردراوانی ئێمە دەچنە لایان و گیانیان دەکێشن، لێیان دەپرسن: لە کوێن ئەوانەی وا بێجگە لە خوا هاوارتان لێدەکرن، ئەڵێن: لێمان ون بوون، بە دژی خۆیان شایەدی ئەدەن کە خوانەناس بوون ﴿٣٧﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



(خوا) وتی: وێڕای نەتەوەگەلێ وا بەر لە ئێوە تیاچوون ونەمان لەگەڵ (هاوبیرانی) خۆتان لە مرۆڤ و جنۆکە پێکەوە بڕۆنە ناو ئاگر، هەرکاتێ تاقمێ ئەچێ، لە تاقمی پێشووی هاوڕەوشتانی نەفرین دەکا، تا هەموو پێکەوە لەوێدا دەگەنە یەک (لەو دەمەدا تاقمی پەیرەو ڕوو دەکەنە) پێشەوایانی خۆیان و دەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! ئەمانەن کە ئێمەیان لاڕێ کرد، جا لە ئاگردا دوو بەرابەر جەزرەبەیان بدە، (خوا) ئەڵێ: بۆ هەر کامەتان جەزرەبە دوو چەندانە، بەڵام نازانن ﴿٣٨﴾ پێشەوایانی ئەوانیش بە پەیرەوەکانی خۆیان دەڵێن: ئێوەش لە ئێمە زیاتر نین، جا لە تۆڵەی ئەوەی دەتانکرد ئازاری خوا بچێژن ﴿٣٩﴾ ئەوانە کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا و ملیان لەوە بادا (خۆیان بە زل دانا)، دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە و ناچنە بەهەشت، تا وشتر بە کونی دەرزی دروومانددا نەچێ (واتا چوونیان بۆ بەهەشت ناگونجێ)، ئا بەمجۆرە تاوانباران سزا ئەدەین ﴿٤٠﴾ بۆ ئەوان لە جەهەندەمدا ڕایەخ و سەرپۆشیان (لە ئاگر) دەبێ هەر هاڵاویش دایپۆشیون، ئا بەمجۆرە ستەمکاران سزا ئەدەین ﴿٤١﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە، هیچ کەسیش لە قەوەت و توانایان بەدەر، ئەرکیان ناخەینە سەر، ئەوانە بەهەشتین و لەوێدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە ﴿٤٢﴾ ئەوەی لە کینە و ڕق لە دڵیاندا هەبوو دەرمان هێنا، لە بەهەشتا، بە ژێر (کوشک و دارەکانیانەوە) چۆمەئاو بەخوڕ دەڕوا و ئەڵێن: سپاس تایبەتی خوایە کە ئێمەی بۆ ئەمە ڕێنوێنی کرد، ئەگەر خوا ئێمەی ڕێنوێنی نەکردبا، ڕێمان نەدەدۆزییەوە، بە هەقیقەت نێردراوانی پەروەرێنەری ئێمە هەقیان هێنا (لەو دەمەدا) هاواریان لێ کرا کە ئەم بەهەشتە لە پاداشی کار و کردەوەتاندا بە میرات بە ئێوە گەییوە ﴿٤٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بەهەشتییان گازیان لە جەهەندەمییان کرد کە ئێمە بە هەقیقەت بەوەی وا پەروەرێنەرمان بەڵێنی پێدابووین پێی گەیشتین، ئاخۆ ئێوەیش، وەک هەرەشەتان لێکرابو، هەروا دەرچوو؟ ئەڵێن: بەڵێ، جا لەپڕدا لە نێو ئەواندا یەکێ بانگ ڕادێڵێ دەڵێ: دەک لەعنەتی خوا لە ستەمکاران بێ ﴿٤٤﴾ ئەوانەی کە (خەڵک) لە ڕێگای خوا دەگێڕنەوە و دەیانویست ئەو ڕێگایە خواروخێچ نیشان بدەن، ئەوان ئاخیرەت ئینکار ئەکەن خوانەناسن ﴿٤٥﴾ لە نێوان ئەو دووانە (بەهەشتییان و جەهەندەمییان)دا پەردەیەک هەیە و لەسەر ئەعراف پیاوانێک هەن کە هەر یەکە لەو دوو تاقمە بە ناوچاوان و دیمەنیانەوە دەیانناسن، و هەرا لە بەهەشتییان دەکەن کە هێشتا نەچوونەتە بەهەشت بەڵام بەتەمان بچن، سڵاوتان لەسەر بێ ﴿٤٦﴾ هەرکاتێ لە جەهەندەمییان ئاوڕ دەنەوە و چاویان پێیان دەکەوێ، دەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! ئێمە لەگەڵ هۆزی ستەمکاران مەخە ﴿٤٧﴾ ئەوانەی لەسەر ئەعرافن، لەو مرۆیانە وا بە دیمەنیانەوە دەیانناسن، هەرایان لێدەکەن و پێیان دەڵێن: گردەوکۆیی و فیز و خۆ بەزل زانینتان بێ نیازی نەکردن، کەڵکی بۆتان نەبوو ﴿٤٨﴾ هەر ئەو کەسانە نین کە ئێوە سوێندتان دەخوارد بەر بەزەیی خوا ناکەون، خوا پێیانی وت: بڕۆنە بەهەشت، نە ترستان بۆ هەیە و نە خەفەتیش بخۆن ﴿٤٩﴾ جەهەندەمییان هاوار لە بەهەشتییەکان دەکەن، هەندێ لەو ئاوە، یا ئەوەی وا خوا بە ڕسق و ڕۆزی پێ داون هێندێ بە ئێمە ببەخشن، ئەوانیش ئەڵێن: خوا ئەمانەی لەسەر خوانەناسان نارەوا و حەرام کردووە و بەشی نەداون ﴿٥٠﴾ ئەوانەی کە دینی خۆیان بە گاڵتە و کایە دائەنا و ژیانی دنیا ئەوانی بادیهەوا کرد و فریویدان، جا ئەمڕۆ ئێمە ئەوان لە بیر دەبەینەوە، هەروەکوو ئەوان دیداری ئەم ڕۆژەیان لە بیر خۆ بردبۆوە، نیشانەکانی ئێمەیان حاشا و ئینکار دەکرد و ملیان لێ بائەدا ﴿٥١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بە هەقیقەت کتێبێکمان بۆ هێناون کە لە ڕووی زانستەوە ئەومان شی‌کردەوە، (کتێبێ) کە هۆی ڕێنوێنی و ڕەحمەتە بۆ هۆزێک کە بڕوا دێنن ﴿٥٢﴾ ئاخۆ ئەوانە بێجگە لە سەرئەنجامی هەڕەشەکانی خوا چاوەڕوانی شتێکی ترن؟ ئەو ڕۆژەی کە ئەمە ئەنجام ئەگرێ (کار لە کار ترازاوە و)، ئەوانەی کە لەبەرا ئەمەیان لە بیر خۆ بردبوو، دەڵێن: دیارە هەرچی پێغەمبەرەکانی خوا هێنابوویان و گوتیان وەڕاست گەڕا، جا ئایا (ئەمڕۆ) تکاکارانێک بۆ ئێمە هەیە کە تکامان بۆ بکا؟ (یا (ئەگونجێ) بگەڕێندرێینەوە تا کار و ئاکار و کردەوەیەکی چاکتر لە غەیری ئەوەی کردوومانە بیکەین؟! (بەڵام) بە هەقیقەت ئەوانە زەرەریان بە خۆیان گەیاند، ئەو شتانەی بە درۆ سازیان دابوو هەموو لە بەرچاویان بزر (و گوم) بوون ﴿٥٣﴾ پەروەرێنەری ئێوە ئەو خوایە کە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش (دەورە:) ڕۆژدا دروست کرد، لە پاشان لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دانیشت، دەسی‌کرد بە تەگبیرکردنی دنیای هەبوون، بە (پەردەی تاریکی) شەو ڕۆژ دائەپۆشێ و شەو بە دوای ڕۆژدا بە لەز ئەڕوا، ڕوژ و مانگ و ئەستێرەکانی بەدی‌هێنا، لە حاڵێکدا دەسەمۆی فەرمانی خوان، ئاگادار بن کە ئافراندن و بەدی‌هێنان و ڕاگەیشتن و تەگبیری (جیهان) بۆ ئەو (خوا و بە ئەمری ئەو)ە — فرە و زۆر و پڕ بەرەکەت و بەودم و موبارەک و پیرۆز (و بێ زەوال)ە – خوایەک کە پەروەرێنەری جیهانیانە ﴿٥٤﴾ پەروەرێنەری خۆتان بە گریان و زاری و بە نهێنی بانگ بکەن، بەڕاستی خوا دەس‌درێژکارانی خۆش‌ناوێ ﴿٥٥﴾ لە زەویدا خراپە مەکەن، دوای چاک و ئیسلاح بوونی ئەو، خوا بە ترس و بە هیوا لەبەر خوا بپاڕێنەوە، ڕەحمەتی خوا لە کارچاکان نێزیکە ﴿٥٦﴾ هەر ئەوە پێش بارانە، کە بەزەیی‌یەکە لە خوداوە، باگەلێکتان بە مزگێنی بۆ هەڵدەکا تا کات و سەردەمێک ئەو بایانە هەورە بار قورسەکان (لەسەر شانی خۆیان) هەڵگرن، لەم دەمەدا ئەوانە بۆ سەر زەوی مردوو (ویشک و بێ ئاو) بەرێ دەکەین، جا بە هۆی ئەوە، ئاو (بارانی ژیانهێنەر) دەبارێنین و بەویش هەر جۆرە بەروبوو و میوەیەک (لە خاک) دەروێنین، ئا بەم‌جۆرە (کە زەویی مردوومان زیندوو کردەوە)، مردووەکانیش زیندوو دەکەینەوە، بەڵکوو بیر لەوانە بکەنەوە ﴿٥٧﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



زەوی پاک و بەپیت بە فەرمانی پەروەریێنەر گیای لێدەڕوێ، بەڵام لە زەوی پیس و قاقر بێجگە لە دڕکوداڵی (ی کەم بایەخ) لێی ناڕوێ، ئا بەم تەرزە نیشانەکان بۆ ئەوانەی کە شوکرانەبژێرن بەیان دەکەین ﴿٥٨﴾ بە هەقیقەت ئێمە نووحمان نارده لای هۆزەکەی خۆی، جا بەوانی وت: ئەی هۆزی من! تەنیا خوا بپەرستن کە بێجگە لەو خوایێ تر بۆ ئێوە نییە، (ئەگەر غەیری خوا بپەرستن) من بۆ ئێوە لە عەزابی ڕۆژی گەورە ئەترسم ﴿٥٩﴾ (بەڵام) گەورە مرۆیانی هۆزەکەی پێیان وت: ئێمە تۆ لە گومراییەکی ئاشکرادا دەبینین! ﴿٦٠﴾ وتی: ئەی هۆزی من! هیچ لاڕێیی و گومراییەک لە مندا نییە، بەڵام من ناردراوی پەروەریێنەری جیهانیانم ﴿٦١﴾ ڕاسپاردەی پەروەریێنەرم بە ئێوە ڕادەگەیێنم و ئامۆژگاری ئێوە دەکەم، لە خواوە شتانێک دەزانم کە ئێوە نایزانن ﴿٦٢﴾ ئایا سەرتان سووڕماوە کە فەرمانی ئامۆژگاری لە پەروەریێنەرتانەوە کە بە هۆی پیاوێک لە خۆتان بۆتان هاتووە تا (لە سەرئەنجامی کارەکانی خراپتان) بتانترسێنی، خۆپارێز بن، ڕەنگە بکەونە بەر ڕەحمەتی خوا ﴿٦٣﴾ بەڵام سەرئەنجام ئەویان بە درۆ خستەوە، ئێمە ئەو و کەسانێ کە لەگەڵ ئەودا لە گەمیدا بوون ڕزگارمان کردن، ئەوانەی کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دەخستەوە، لە نێو ئاودا بە خنکاندن دا، ئەوانە تاقمی کوێران (و دڵکوێر) بوون ﴿٦٤﴾ بۆ لای هۆزی عاد، برای خۆیان (هوود)مان نارد، وتی: ئەی هۆزی من! (تەنیا) خوا بپەرستن کە بێجگە لەو خوایێتر بۆ ئێوە نییە، جا ئایا لەخواترس و پارێزگار نابن؟ ﴿٦٥﴾ مرۆڤە مەزنە خوانەناسەکانی هۆزی ئەو، وتیان: تۆ لە بێمێشکیدا ئەبینین، بە هەقیقەت لامان وایە لە دەستەی درۆزنانی ﴿٦٦﴾ وتی: ئەی هۆزی من! هیچ نادانی و بێمێشکییەک لە مندا نییە، بەڵام لە لایەن پەروەریێنەری جیهانیانەوە ڕاسپێردراوم تا ئێوە ئامۆژگاری بکەم ﴿٦٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



پەیامەکانی پەروەرێنەرم بە ئێوە ڕادەگەیێنم، من ئامۆژگاریارێکی دروسکارم بۆ ئێوە ﴿٦٨﴾ ئایا سەرتان سووڕماوە کە فەرمانی ئامۆژگاری لە پەروەرێنەرتانەوە بۆ پیاوێک لە خۆتان بۆتان هاتووە تا (لە سزای خوا) بتانترسێنی، بێننەوە بیر، کاتێ کە ئێوەی لە دوای هۆزی نووح ئێوەی لە جێ دامەزراندن و قەڵافەت و قووەتی بەدەنی زێدەتریشی پێدان، چاکەکانی خوا بێننەوە بیر تا بەڵکوو ڕزگار بن ﴿٦٩﴾ وتیان: ئایا هاتوویە لای ئێمە کە (پێمان بڵێی) خوای تاقانە بپەرستین و ئەوەی کە باووباپیرانمان دەیانپەرست، تەرکی بکەین؟ جا کەوایە ئەوەی بەڵێنت پێداوین (لە هاتنی بەڵا) بیهێنە، ئەگەر لە ڕاستبێژانی ﴿٧٠﴾ (هوود) وتی: پیسی و چەپەڵی و غەزەبی پەروەرێنەرتان ئێوەی داگرتوە، ئایا لەگەڵ مندا لەبابەت نێوگەلێکەوە جوابەجەنگیم لەگەڵ دەکەن کە ئێوە و باووباپیرانتان (لەسەر بتەکان) داتاننــاوە، لە حاڵێکدا خوا هیچ فەرمانێکی لەبابەت ئەوانەوە نەناردووە، جا لەبەر ئەمە ئێوە چاوەڕوان بن و منیش لەگەل ئێوە چاوەڕوان ئەبم ﴿٧١﴾ جا سەرئەنجام ئەو (هوود) و کەسانێ کە لەگەڵ ئەوا بوون، بە ڕەحمەتی خۆمان ڕزگارمان کردن، ڕەگ و ڕیشەی کەسانێ کە ئایاتی ئێمەیان بە درۆ ئەخستەوە و بڕوادار نەبوون لە بنەوە بڕی و قرتاندمان ﴿٧٢﴾ بۆ لای (هۆزی) سەموود برای خۆیان «سالح»مان نارد، وتی: ئەی هۆزی من! خوا بپەرستن کە بێجگە لەو خوایێتر بۆ ئێوە نییە، بە هەقیقەت بەڵگەیەکی ڕوون لە لایەن پەروەرێنەرتانەوە بو ئێوە هاتووە، ئەمە وشتری خوایە کە بۆ ئێوە کشگێرییەکە، جا لێی بگەڕێن تا لە زەوی خوادا بلەوەڕێ، ئازاری پێ مەگەیێنن ئەگینا تووشی ئازاری دەردناک ئەبن! ﴿٧٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بێننەوە بیر کە ئێوەی دوای هۆزی عاد جێنشینی ئەوانی کردن و لەسەر زەوی جێگری کردن کە لە پێدەشتاییەکان کۆشکگەلێ بۆ خۆتان ساز بکەن و لە چیاکان خانووبەرەگەلێ بۆ خۆتان بتاشن، جا (لەبەر ئەمە) نیعمەتەکانی خوا بێننەوە بیر و لەسەر بەدفەڕی و خراپە کردن لە سەرزەویدا پێ دامەگرن ﴿٧٤﴾ مرۆڤە مەزنە خۆبەزلزانەکانی هۆزی ئەو، بە چەوساوەکان کە بڕوایان هێنابوو، وتیان: ئێوە باوەڕتان وایە کە سالّح لە لایەن پەروەرێنەریەوە نێردراوە؟ ئەوانیش وتیان: ئێمە بەوەی پێی ڕاسپێردراوە بڕوادارین ﴿٧٥﴾ کەسانێ کە خۆیان بە زل دەزانی، وتیان: بە هەقیقەت ئێمە بەوەی وا ئێوە بڕواتان پێیەتی حاشای لێدەکەین ﴿٧٦﴾ جا وشترەکەیان پەی کرد (کوشتەوە) و لە فەرمانی پەروەرێنەر ملیان بادا و وتیان: ئەی سالّح ئەگەر تۆ لە پێغەمبەرانی (خوای)، ئەوەی هەڕەشەی لە ئێمە پێ دەکەی بیهێنە! ﴿٧٧﴾ جا سەرئەنجام هەورەبریسکە و بوولەرزە و عەرز هەژێنێکی توند ئەوانی داگرت، هەموو قڕیان کرد، جا لە بەرەبەیاندا (تەنیا) لەشی بێ گیانیان لە ناو ماڵەکانیاندا مابوونەوە ﴿٧٨﴾ جا (سالّح) ڕووی لێ وەرگێڕان و وتی: ئەی هۆزی من! بە هەقیقەت من ڕاسپاردەی پەروەرێنەرم، بە ئێوە ڕاگەیاند و بە خێرخوازی ئامۆژگاریم کردن، بەڵام (چبکەم) ئێوە خێرخوازتان خۆشناوێ ﴿٧٩﴾ لووت (بێنەوە بیر) کاتێ کە بە هۆزی خۆی وت: ئایا کاری شوورەیی و ناشیرین و ناشیاو دەکەن کە هیچ کەسێ بەر لە ئێوە لە جیهاندا کاری (وا چەپەڵ و پیسیان) نەکردووە ﴿٨٠﴾ بەڕاستی ئێوە بە ئارەزووی ناشیاو لە جیاتی ژنان ئەچنە لای پیاوان، دیارە ئێوە لە بنەڕەتا هۆزێکی دەسدرێژکەرن ﴿٨١﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



وەڵامی هۆزەکەی تەنیا ئەوە بوو، وتیان: ئەمانە لە ئاوایی خۆتان دەربکەن، بەڕاستی ئەمانە مرۆگەلێکن کە دەیانەوێ بە پاکوخاوینی بژین ﴿٨٢﴾ جا ئێمە ئەو و (یارەکانی) و بنەماڵەی ئەومان ڕزگار کرد، هەرتەنیا ژنەکەی نەبێ کە لەگەڵ بەجێماوەکانی (شار) کەوتبوو ﴿٨٣﴾ بارانمان بەسەرا باراندن ئەمما باران (بەردبارانمان کردن)، جا بڕوانە سەرئەنجامی تاوانباران چلۆن بوو (و چییان بەسەر هات) ﴿٨٤﴾ بۆ (خەڵکی) مەدیەن برای خۆیان شوعەیبمان نارد، وتی: ئەی هۆزی من! خوا بپەرستن کە بێجگە لەو خوایێتر بۆ ئێوە نییە، بەڕاستی بەڵگەی ڕوونتان لە لای پەروەرێنەرتانەوە بۆ هاتووە، جا با تەرازووی کێشانە و پێوانەتان بەرامبەر و دارماڵ بێ و لە شتومەکی خەڵک مەدزنەوە و بە دزی لێیان کەم مەکەنەوە، لە زەویدا خراپە (ئیفساد) مەکەن، دوای ئاوەدانی و چاک بوون (ئیسلاح)ی زەوی، ئەمە بۆ ئێوە چاکترە، ئەگەر بڕوادار بن ﴿٨٥﴾ لەسەر هەر ڕێگایەک دامەنیشن کە هەڕەشە بکەن و خاوەن بڕواکان لە ڕێگای خوا بگێڕنەوە و (بە قسەی پووچ) ڕێگای ئەوان خوار و چەفت و لار نیشان بدەن، بیننەوە بیر ئەو دەمەی کە کەم بوون و ئەو (خوا) ئێوەی زۆر کرد، بڕوانن کە سەرئەنجامی تاوانباران (موفسیدان) چلۆن بووە، بە کوێ گەیشتووە ﴿٨٦﴾ ئەگەر هێندێک لە ئێوە بڕوای هێناوە بەوەی وا منی پێیڕاسپێردراوم، تایفەیەکیشتان بڕوایان پێ نەهێناوە (نابێ هۆی خۆ قەف کردنی خوانەناسان یا کز بوونی بڕواداران بێ)، تابشت بێنن تا خوا لە نێوانماندا داوەری بکا؛ هەر ئەویشە چاکترینی داوەران ﴿٨٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



مرۆڤە گرەگرەکانی هـۆزی (شـوعەیب)، ئەوانەی کە لە خۆیـان بـایی‌هەوا ببـوون، وتیـان: ئەی شوعەیب! بێ‌شک کە تۆ و ئەوانەی بڕوایان بە تۆ هێناوە لە شاری خۆمان دەردەکەین یا ئەبێ بگەڕێنەوە سەر ئایینی ئێمە، وتی: ئایا هەرچەنـد پێشـمان خـۆش‌نەبـێ؟! ﴿٨٨﴾ ئەگەر ئـێمە بگەڕێینەوە سەر ئایینی ئێوە، دوای ئەوەی خوا لەوە ڕزگاری کـردووین، بە هەقـیقەت درۆمـان بە دەم خـواوە کـردووە، شـیاو نـیـیە کە ئـێمە بگەڕێـنـنەوە سـەر ئەوە، مەگەر خـوایێ کە پەروەرێنەرمانە بیەوێ، زانایی و زانستی خوا هەموو شتێکی داگرتووە، تەنیـا پـاڵپشـتمان بە خوایە، ئەی پەروەرێنەری ئێمە! گرێپووچکەی نێوان ئێمە و ئەوان بە هەق بکەوە (و داوەریمان بکـە)، هەر تـۆ چـاکترین (داوەر و) گـرێ‌کـوێرەکەرەوەی ﴿٨٩﴾ سـەرزلەکانی هـۆزی وی، خوانەناسـەکانیان، وتیـان: ئەگەر ئێـوە بە دوای شـوعەیب کەون، بەڕاسـتی لە زیـان و زەرەرلێکەوتووانن ﴿٩٠﴾ جا عەرز هەژان و بوومەلەرزەی وا بە تەوژم دایگرتن کە گشـتیان لە ماڵی خۆیاندا تیاچوون و نەمان ﴿٩١﴾ ئەوانەی کە شوعەیبیان بە درۆ خستبۆوە، (وا تیاچوون) دەتوت لەو ماڵانەدا نەبـوون، کەسـانێ کە شـوعەیبیان بە درۆ دەخسـتەوە، هەر ئەوان لە زیـان لێکەوتووان و زیانبار بوون ﴿٩٢﴾ جا ڕووی لەوان وەرسووڕاند و وتی: ئەی هۆزی من! بەڕاسـتی من ڕاسپاردەی پەروەرێنەرم بە ئێوە ڕاگەیاند و پەندم دان (و چاکەم لەگەڵدا کـردن)، جـا چلـۆن بـۆ هـۆزی خوانەنـاس خەفەت بخـۆم؟ ﴿٩٣﴾ (خـوا دەڵـێ) ئـێمە بـۆ هـیچ ئـاواییەک پێغەمبەرێکمان نەناردووە، مەگەر ئەوە کە خەڵکەکەیمان بۆ تاقی‌کردنەوە تووشی نەخۆشـی و دەستەنگی و هەژاری و سەختی کردووە تا بەڵکوو بە خۆدا بێن و بە پاڕانەوە بگەڕێنەوە ﴿٩٤﴾ لە پاشان بۆ جاری دوایی ناخۆشیمان بۆ کردنە خۆشی، تا ئەونە ڕسق و ڕۆزی و شتیان زۆر و تێر و تەسەل بوون وتیان: باووباپیرانیشـمان تووشـی نـارەحەتی و سـەختی ژیـان ببـوون، جـا ئیتـر لەناکاو بێ ئەوەی هەست پێی‌بکەن ئەوانمان گرت ﴿٩٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەگەر خەڵکی ئاوایی (و شار) بڕوایان هێنابا و خۆیان بناسیبا و خۆپارێز بان، دەروازەی پیت و بەرەکەتمان لە ئاسمان و زەوییەوە بۆ دەکردنەوە، بەڵام ئەوانە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دائەنا، جا ئێمەش لە سزای ئەو کارانە کە کردبوویان، ئەوانمان گرت ﴿٩٦﴾ ئایا خەڵکی ئەم ئاوایی و شارانە لەمە دڵنیان کە بەڵای ئێمە بە شەوا بۆیان بێ، لە حاڵێکدا لە خەوا بن ﴿٩٧﴾ ئاخۆ خەڵکی شار و ئاواییەکان لەمە دڵنیان کە بەڵای ئێمە بە ڕۆژا بۆیان بێ، لە حاڵێکدا گەمە بکەن؟ ﴿٩٨﴾ ئایا لەوە دڵنیا بوون کە لە مەکر و بەڵای خوا ڕزگارن، لە حاڵێکدا بێجگە لە زیانکاران کەس لە مەکر (و سزا)ی خوا دڵنیا نابێ ﴿٩٩﴾ ئایا ئامۆژگاری و ڕێنوێنیمان بۆ کەسانێ نەکرد کە زەوی بە میرات دەگرن، دوای (نەمان و تیاچوونی) خاوەنە پێشووەکانی (ئاخۆ نەیانزانیوە) ئەگەر بمانەوێ ئەوانەش بە هۆی گوناح و تاوانیانەوە لەناو ئەبەین و مۆریش لە دڵ و دەروونیان ئەدەین تا (دەنگی هەق) نەبیسن ﴿١٠٠﴾ ئەمانە شار و ئاواییگەلێکن کە هەواڵی ئەوانە بۆ تۆ دەگێرینەوە، بە هەقیقەت پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگەوە هاتنە لایان، (بەڵام) بڕوایان نەدەهێنا بەوەی وا لە بەرا بە درۆیان خستبوونەوە، ئا بەمجۆرە خوا دڵ و دەروونی لەدینلادەران مۆر ئەکا ﴿١٠١﴾ زۆربەی ئەوانەمان لەسەر بەڵێنییان نەدی، زۆربەی ئەوانەمان بە فاسق و تاوانبار دی ﴿١٠٢﴾ لە دواییدا بە دوای ئەواندا (واتا: پێغەمبەرانی بەرز) مووسامان بە نیشانەکانی خۆمان نارده لای فیرعەون و مرۆ زلەکان و هۆز و داروودەستەکەی، جا بە دژی (نیشانەکانی) ئەو وێستان و ستەمیان کرد، جا بڕوانە کە سەرئەنجامی بەدفەڕان و خراپکاران و موفسیدان چلۆن بووو چییان بەسەر هات؟ ﴿١٠٣﴾ مووسا وتی: ئەی فیرعەون! من ڕاسپاردەی پەروەرێنەری جیهانیانم ﴿١٠٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ڕەوا و شیاوە کە بێجگە لە هەق شتێ تر لە خواوە نەڵێم، بەڵگەی ڕوونم لە لایەن پەروەرێنەرتانەوە بۆ هێناون، جا بەرەی ئیسرائیلم لەگەڵدا بنێرە ﴿١٠٥﴾ (فیرعەون) وتی: ئەگەر نیشانەیەکت هێناوە بینوێنە، ئەگەر لە ڕاستبێژانی ﴿١٠٦﴾ جا عەسا (دارەدەستە)کەی فڕێدا، لەناکاو بووە ئەژدیهایەکی گەورە و ئاشکرا! ﴿١٠٧﴾ دەستی خۆیشی لە (گیرفانی) دەرهێنا، جا لەناکاو لە بەرچاوی چاودێران ڕەنگی بووە سپییەکی بێ‌خەش ﴿١٠٨﴾ زلەکانی زۆردار لە هۆزی فیرعەون، وتیان: بە هەقیقەت ئەمە جادووگەرێکی زۆرزانە ﴿١٠٩﴾ ئەیەوێ لەسەر خاکی خۆتان دەرتان بکا، بیروڕای ئێوە چییە، فەرمان بە چی دەدەن ﴿١١٠﴾ بە (فیرعەونیان) وت: لە مووسا و براکەی گەڕێ و لای خۆت گلیان بدەوە، دەستەیەکی کۆکەرەوەیش بۆ هەموو شار و ئاوایی‌یەک بنێرە ﴿١١١﴾ تا هەموو جادووگەرانی زۆرزان بێن بۆ لات ﴿١١٢﴾ جادووگەرەکان هاتنە لای فیرعەون، وتیان: ئەگەر زاڵ بووین خەڵات و مزیەکی گرینگمان بۆ هەیە (و دەبێ بماندەیێ) ﴿١١٣﴾ وتی: بەڵێ ئێوە لە نێزیکانی خۆم دەبن ﴿١١٤﴾ وتیان: ئەی مووسا! یا تۆ دەیهاوێژی یا ئێمە هاوێژەر بین! ﴿١١٥﴾ وتی: ئێوە بیهاوێژن، بیخەن؛ کاتێ کە (کەرەستەی جادووی خۆیان) هاویشت و فڕێیاندا خەڵکیان چاوبەس کرد و ترساندیان، جادوویێکی گەورەیان نوواند! ﴿١١٦﴾ خستمانە دڵی مووسا کە عەسای خۆت بهاوێژە، لەناکاو (بووە مارێکی گەورە و) هەموو کەرەستەی جادووکاری ئەوانی بەلەز پێچاوە و هەڵیلووشین (و قووتی دان)! ﴿١١٧﴾ (لەو دەمەدا) هەق ئاشکرا بوو، ئەوەی سازیان دابوو پووچ بوونەوە ﴿١١٨﴾ لەوێدا تێکشکێندران و بە سووکی و چرووکی گەڕانەوە ﴿١١٩﴾ و جادووگەرەکان هەموو کەوتنە سوژدە و کڕنۆش بردن ﴿١٢٠﴾

وتیان: بە پەروەرێنەری جیهانیان بڕوامان هێنا ﴿١٢١﴾ پەروەرێنەری مووسا و هاڕوون ﴿١٢٢﴾ فیرعەون وتی: ئایا بەر لەوەی ئیجازەتان پێ بدەم بڕواتان بەو هێنا، ئەمە فێڵ و ئاژاوەیە کە لەم شار (و دیارەدا) سازتان داوە تا خەڵکەکەی لێ وەدەر بنێن، جا لە پاشان لێتان ڕوون دەبێتەوە! ﴿١٢٣﴾ (سوێند دەخۆم) کە دەس و پێتان ڕاست و چەپ ئەبڕم، لە پاشان هەمووتان لە دار ئەدەم ﴿١٢٤﴾ (جادووگەرەکان) وتیان: (گرینگ نییە) بەڕاستی ئێمە بەرەو لای پەروەرێنەرمان دەگەڕێینەوە ﴿١٢٥﴾ شتێ ناپەسەند لە ئێمە گیر ناهێنی بێجگە لەمە کە بە نیشانەکانی پەروەرێنەرمان، کاتێ بۆمان هات بڕوامان هێنا، ئەی پەروەرێنەری ئێمە! تابشت و سەبر (و خۆڕاگرتن)مان تا دوا هەناسە بەسەرا بڕێژە و بە موسڵمان بمانمرێنە ﴿١٢٦﴾ سەرگەورەکانی هۆزی فیرعەون (بەویان) وت: چلۆن تۆ لە مووسا و هۆزەکەی واز دێنی و دەس هەڵدەگری تا (ئازادانە) وڵاتت لێ بشێوێنن و خراپەی بکەن و لە خۆت و خوایانت دەس هەڵبگرن و بڕۆن، (فیرعەون) وتی: کوڕەکانیان ئەکوژم و ژن و مێیینەشیان زیندوو ڕادەگرم (تا ڕاژە و خزمەتمان بکەن)، ئێمە دەسەڵاتمان بەسەریاندا هەیە ﴿١٢٧﴾ مووسا بە هۆزی خۆی وت: لە خوا یاری بخوازن و خۆڕاگرن کە ئەم زەوییە تایبەتی خوایە، بە هەرکەس کە بیەوێ (وشیاویش بێ) پێی ئەدا، سەرئەنجامی چاک بۆ خۆپارێزانە ﴿١٢٨﴾ وتیان: بەر لەوەی بێیە لامان تووشی چەوسانەوە و زەحمەت کێشان بووین (و ئێستاش) دوای هاتنیشت دەنچەوسێنەوە دەی کەی ڕزگار ئەبین؟ مووسا وتی، هیوایە پەروەرێنەرتان دوژمنانتان لەناو ببا و لەم زەوییەدا (کە بە مووسا بەڵێن درابوو) ئێوە جێنشینی (ئەوان) بکا، جا ئەڕوانی چلۆن دەجووڵێنەوە؟ ﴿١٢٩﴾ ئێمە نێزیکانی فیرعەون (هۆزی ئەومان) تووشی ویشکەساڵی و کەم بوونی دانەوێڵە و کەمی میوە کرد تا بەڵکوو پەند بگرن و بیر بکەنەوە ﴿١٣٠﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



جا (ئەوانە نە تەنیا پەندیان نەگرت، بەڵکوو) کاتێ کە چاکە (و نیعمەتیان) پـێگەیـی، وتیـان: لەبەر خۆمانە! ئەگەر تووشی بەڵا و چۆرتمە و بەسەرهاتی خراپ دەبوون، دەیانوت: لە شوومی مووسا و داروودەستەکەیەتی! ئاگادار بن کە سەرچاوەی ئەو هەموو خراپانە تەنیـا لای خـوایە و بە دەس خۆیەتی، بەڵام زۆربەی ئەوانە نازانن ﴿١٣١﴾ وتیان: هەر نیشانێکمان بە نیازی جـادوو لێکردن بێنی، بڕوات پێ ناهێنین! ﴿١٣٢﴾ جا ئەوسـا (بەڵا لەسـەر بەڵامـان نـاردە سـەریان) لافاو، تۆفان و کوللە و ئەسپێ (گەنـە) و بـۆق و خـوێن کە نیشـانەگەلێکی لێـک جیـا بـوون، ناردمانە سەریان (هێمان بێدار نەبوونەوە)، بەڵام خۆیان بە زل زانی و هـۆزێکی تاوانبـار بـوون ﴿١٣٣﴾ کـاتێ بەڵایـان بەسـەردا هـات، وتیـان: ئەی مووسـا لە خـوات بـۆ ئـێمە بخـوازە بە پەیمانێـک کە لەگەڵ تـۆدا گرێـی داوە و ئەنجـامی داوە، ئەگەر ئەم بەڵایەمـان لەسـەر لابەی بڕوات پێ دێنین و تۆرەمە و بەرەی ئیسرائیلت لەگەڵـدا دەنێـرین ﴿١٣٤﴾ جا کـاتێ بەڵامـان لەسەر لادەبردن تا بەو ماوە دیاریکراوە گەیشتن و تێپەڕیـان کـرد و پەیمـان و بەڵێنـی خۆیـان دەشکاند و بەر پێیان دا ﴿١٣٥﴾ جا سەرئەنجام تۆڵەمان لێ ئەستاندن، جا خستماننە ژێر ئاو و لە دەریا نوقمان کردن و خنکان، چونکە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ ئەخستەوە و لەوە غافـڵ بوون و هەر بەلایشیەوە نەچوون ﴿١٣٦﴾ خۆرهەڵات و خۆرئاوای گۆی زەویمـان کە لەوا پیت و بەرەکەتمان دانابوو، بەو هۆزەی کە چەوسابوونەوە و کز و بەردەست کرابوون بە میـرات بەوانـم گەیاند، بێژە بەڵێنی هەرە پیرۆز و جوانی پەروەرێـنەرت بـێ کەموکـوڕی بـۆ ڕەچەڵەک و بەرەی ئیسـرائیل بە تەواوی هـاتە جـێ، لەبەر سـەبر و خـۆڕاگرتنێ کە نیشـانیان دا، ئەوەی کە فیرعەونیان و هۆزەکەی (لە کۆشکی ڕازاوە) دروستیان دەکرد و ئەوەی لە باغی داربەسـتدار سازیان دابوو، هەمومان کوتا بەسەر یەکدا (و لەناومان برد) ﴿١٣٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



تۆرەمە و بەرەبابی ئیسرائیلمان (ساخ و بێوەی) لە دەریا تێپەڕاند، جا لە ڕێگادا بە هۆزێک گەیین کە بە دەوری بتەکانیاندا کزۆڵکەیان کردبوو (لەو دەمەیدا تۆرەمەی ئیسرائیل) بە مووسایان وت: تۆیش خودایەکمان بۆ دابنێ بەو جۆرەی ئەوانە خواگەلیان هەیە! وتی: بەڕاستی ئێوە هۆزێکی نەزان و نەفامن ﴿١٣٨﴾ بەڕاستی ئەمان (کە دەیانبینن) کردەوەکەیان کەڵکی بۆیان نابێ و ئەوەی وا دەیکەن بە فیرۆ دەڕوا ﴿١٣٩﴾ وتی: ئایا بێجگە لە خوا خودایێتر بۆ ئێوە بخوازم، هەر ئەویش ئێوەی بەسەر جیهانیاندا بەرز و بەڕێزتر کردووە ﴿١٤٠﴾ بێننەوە بیر ڕۆژگارێ کە لە (چنگاڵی) کەسانی فیرعەون ڕزگارم کردن، ئەوانە کە شکەنجەی سەختیان ئەدان، کوڕانتانیان دەکوشت و ژن و مێیینەتانیان (بۆ خزمەتکاری) زیندوو ڕادەگرت، کە لەمەدا ئەزموونێکی گەورە لە لایەن خواوە بۆ ئێوە هەبوو ﴿١٤١﴾ ژوانی سی شەومان بە مووسا بەڵێن دا و دە شەوی دیکەشیمان خستە سەری، ماوەی ژوان (دیدارگە بۆ لای) پەروەرێنەری بووە چل (ڕۆژ و) شەوی تەواو، مووسا بە هاروونی برای وت: لە نێو هۆزمدا جێ نشینم بە و چاک بارهێنەر بە و بە ڕێبازی خراپاندا مەڕۆ ﴿١٤٢﴾ کاتێ مووسا بۆ دیدارگەی ئێمە هات و پەروەرێنەری قسەی لەگەڵدا کرد، وتی: ئەی پەروەرێنەری من! خۆت بە من نیشان بدە تا بتبینم! وتی: هەرگیز نامبینی، بەڵام بڕوانە ئەو کێوە، ئەگەر ئەو کەژە لە جێی خۆی ما، نەبزووت، پاشان من ئەبینی، جا کاتێ پەروەرێنەری خۆی بۆ کێفەکە دەرخست کەژەکەی لەتوپەت کرد و ئەوی لەگەڵ زەوی تەخت کرد و مووسا بێهۆش کەوت، جا کاتێ بە هۆش هاتەوە، عەرزی کرد: پاکی و بێخەوشی (لەوەی ببینرێی)، بۆ لای تۆ دەگەڕێمەوە و تۆبە دەکەم، من یەکەمین بڕوادارم ﴿١٤٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



(خوا) وتی: ئەی مووسا! تۆم بە پەیام و ئاخەفتنی خۆم لەگەڵ تۆ؛ تۆم بۆ سەر خەڵک هەڵبژارد، جا ئەوەی پێمداوی وەریبگرە و لە سپاسکەران بە ﴿١٤٤﴾ لەبارەی هەموو کار و کردەوەیەک و ئامۆژگاری بۆ گەلەکەی هەموو شتێکمان بێکەموکوڕی، بۆ نووسی و بۆمان خستە سەر تەتەڵان، پارچە تەختەی پانکەڵە، جا (بە مووسامان) وت: توند (تەتەڵان: تەورات) بگرە و بە هۆزت ڕابیگەیێنە تا بە زوویی خانووی خوانەناسان و فاسقانتان نیشانە ئەدەین ﴿١٤٥﴾ کەسانێ کە لە زەوی بە ناهەق خۆ بەزل ئەزانن لە نیشانەکانی خۆم لایانئەدەم، بە چەشتێک کە هەر جۆرە نیشانەیەک ببینن بڕوای پێ نەهێنن و ئەگەر ڕێگای ڕاست ببینن، پێیدا نەڕۆن و نەیکەنە ڕێگای خۆیان، ئەگەر ڕێگای خوار (و خراپ) ببینن پێیدا بڕۆن، (هەموو ئەمانە) لەبەر ئەوەیە کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دەخستەوە و سەرنجیان نەدەدا و لێیان غافڵ بوون ﴿١٤٦﴾ کەسانێ کە نیشانەکانی ئێمە و ڕۆژی پەسڵانیان بە درۆ دائەنا و ئینکاریان دەکرد، کاری (چاکی) ئەوان بە فیڕۆ لەناو چووە، ئاخۆ بێجگە لە هەمبەر و بارتەقای ئەوەی کردوویانە سزا دەدرێن ﴿١٤٧﴾ هۆزی مووسا دوای (ڕۆیشتنی) ئەو (بۆ دیدارگە) لە خشڵی خۆیان پەیکەر و کۆتەڵی گوێرەکەیەکیان سازدا، لەشێکی بێگیان و دەنگی گوێلکی هەبوو، ئایا نەیاندەدی کە قسەیان لەگەڵدا ناکا و بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنوێنییان ناکا، کەچی ئەوەیان کردە (خوای خۆیان) و لە ستەمکاران بوون ﴿١٤٨﴾ کاتێ پێیان زانی کە سەریان لێشێواوە و بە هەڵەکەیان وشیار کرانەوە و تێگەیشتن کە لاڕێن، وتیان: ئەگەر پەروەرێنەرمان ڕوحممان پێنەکا و لێمان خۆشنەبێ، بە هەقیقەت لە زیانباران و لە زیان لێکەوتووان دەبین ﴿١٤٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



وە کاتێ مووسا بە تووڕەیی و بە دڵپڕی هاتەوە نێو هۆزی خۆی، وتی: چەند جێنشینانێکی بەدفەڕ بوون لە دوای من، (ئایینی منتان شێواند)، ئایا لە فەرمانی پەروەرێنەرتان پەلەتان کرد؟ بۆچی ڕانەوەستان تامن دەگەڕێمەوە، تەختەکانی فڕێدا و (قژ و مووی) سەری براکەی گرت و بەرەو لای خۆی کێشا، بەرەو لای خۆی برد، ئەو (هاڕوون) وتی: کوڕی دایکم! ئەم هۆزە زۆریان بۆ هێنام و لەوانەبوو بمکوژن، جا کارێ مەکە دوژمنان پێم خۆش بن و لۆمەم بکەن و من لەگەڵ هۆزی ستەمکار دامەنێ ﴿١٥٠﴾ (موسا) وتی: ئەی پەروەرێنەری من! لە خۆم و براکەم خۆشبە و بمانخە بەر بەزەیی و ڕەحمەتی خۆت، تۆ دلاوا و دلۆڤانترینی دلۆڤانانی و بەخشەرانی ﴿١٥١﴾ کەسانێ کە گوێلیکان کردە خوای خۆیان؛ بەر غەزەبی خوا دەکەون و لە ژیانی سەر دنیا سووک و چرووک دەبن، ئا بەمجۆرە کەسانێ کە بوختان و درۆیان بە دەم خواوە کرد سزا ئەدەین ﴿١٥٢﴾ کەسانێ کە ئاکاریان خراپ و لە دواییدا تۆبەیان کرد و بڕوایان هێنا، پەروەرێنەرت دوای ئەوە (کە تۆبەیان کرد) خوا لە تاوانیان دەبوورێ و فرە دڵاوێنە (و لێیان خۆشدەبێ) ﴿١٥٣﴾ وە کاتێ تووڕەیی مووسا نیشتەوە، تەختەکان (تەورات)ی هەڵگرتەوە، لە نووسراوەکانی ئەو (تەورات)دا بۆ کەسانێ کە لە پەروەرێنەریان ئەترسن ڕێنوێنی و ڕەحمەت هەیە ﴿١٥٤﴾ مووسا لە هۆزی خۆی بۆ دیدارگەی ئێمە حەفتا مێری هەڵبژارد، کاتێ هەردهەژێن و بوولەرزەی بەتەوژم ئەوانی گرت (و لەناو چوون) وتی: ئەی پەروەرێنەری من! ئەگەر بتویستبا ئەتتوانی ئەوان و منیش بەر لەمە لەناو بەری، ئایا بەوەی کە مرۆڤە گێلەکانمان ئەنجامیان داوە (سزامان ئەدەی و) لەناومان دەبەی؟ ئەمەیش هەر ئەزموونی خۆتە کە هەرکەس بتەوێ بەوە گومڕای دەکەی و هەرکەسیش بتەوێ بۆ لای خۆت ڕێنوێنی دەکەی، تۆ سەرپەرستی ئێمەی، جا لێمان خۆشبە و ڕوحممان پێبکە، تۆ باشترینی لێبورانی ﴿١٥٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



بۆ ئێمە لەم دنیا و لەو دنیا چاکە بنووسە (و چاکەمان لەگەڵدا بکە)، بۆ لای تۆ گەڕاوینەتەوە، (خوا) فەرمووی: سزای خۆم بە هەرکەس کە بمەوێ دەگەیینم و ڕەحمەتیشم هەموو شتێکی داگرتووە، جا لە دواییدا ئەمە بۆ کەسانێ دەنووسین کە خۆ دەپارێزن و زەکات ئەدەن، کەسانێ کە بە نیشانەکانی ئێمە بڕوا دێنن ﴿١٥٦﴾ کەسانێ کە لەم ڕاسپاردەی (خوا): پێغەمبەری نەخوێندەوار پەیڕەوی دەکەن، کەسێ کە نیشانەکانی لە تەورات و ئینجیلدا نووسراوە و لای خۆیان پەیای دەکەن، و بە چاکە فەرمانیان پێ ئەدا و لە خراپە دەیانپرینگێنێتەوە، شتی پاک و پاکژ و خاوێنیان بۆ ڕەوا دەبینێ و شتی گەمار و چڵکن و پیسیان لێ بە ناڕەوا بۆ دادەنێ، ئەو بارە قورسە و زنجیرانەی وا پێوەی گرفتار بوون لە سەریان لادەبا، جا کەسانێ کە بەو بڕوایان هێنا و پشتیوانی و کۆمەگیان کرد، بە دوای ئەو ڕووناکییەدا دەچن کە وێڕای ئەو نێردراوە، هەر ئەمانەن ڕزگارن ﴿١٥٧﴾ بڵێ: ئەی خەڵکینە! ناردراوی خوام بۆ لای هەمووتان، ئەو خوایەی کە موڵکایەتی و دەسەڵاتی ئاسمانەکان و زەوی، تایبەتی ئەوە، خودایێ تر بێجگە لەو نییە، (هەر ئەوە) زیندوو دەکاتەوە و دەمرێنێ، جا بڕوا بە خوا و ڕاسپاردەی خوا بێنن، ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارە، کەسێ کە بڕوای بە خوا و بە واژەکانی خوا هەیە، پەیڕەوی لێبکەن تا ڕێنوێن ببن ﴿١٥٨﴾ لە هۆزی مووسا تاقمێ هەن کە خەڵک بۆ لای هەق ڕێنوێنی ئەکەن، بە هەق دادگەری ئەکەن ﴿١٥٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دكتورسالح ئيبراهيمی



ئەوانمان بە دوانزە دەستە، (دوازدە ئۆمەت) دابەش کرد، کاتێ هۆزەکەی ئـاوی خواردنەوەیـان لێ ویست، مووسامان تێگەیاند بە دارەدەستەکەی خۆت لە بەرد بدە، جا لە ناکـاو دوانزە چاوگە هەڵقـوڵی، بە جۆرێکی وا کە هەر دەسـتەیەک دەراو (جێگەی ئـاوخواردنەوە)ی خۆی دەناسی، هەورمان بۆ کـردنە کەپر و سـابات و سـەیوان بەسـەریانەوە و مەن (گەزۆ) و سـەلوا (هەوێردە؛ شێلاقە، سێروو؛ ڕیشۆڵە)مان بۆ نـاردن (و پێمـان وتـن) لەو ڕۆزیـیە پـاکەی وا بـۆم ناردوون بخۆن (و سپاسی خوا بکەن)، (ئەمانە) غەدریان لە ئێمە نەکرد، بەڵکـوو سـتەمیان لە خۆیان دەکرد ﴿١٦٠﴾ چۆن بەوان وترا کە لەم ئاواییەدا نیشتەجێ بن و لە هەرلایەک هەرچی ویستتان لەوێ بیخۆن و بڵێن: تاوانەکانمان بڕێـژە و لە دەروازەی (شـارەوە) بە سـوژدە بـردنەوە بڕۆنە ژورێ، ئێمە لە تاوانەکانتـان دەبـوورین و بە زوویـی (پاداشـی) کارچاکـان زیـاد دەکەیـن ﴿١٦١﴾ ناحەقیکارانیان ئەو قسەی پێیان وترابـوو، گۆڕییـانە بـارێکیتـر؛ ئـێمەیش لەبەر ئەو ستەمەی وا کردیان بەڵا و دەردێکمان لە ئاسمانەوە ناردە سەریان ﴿١٦٢﴾ لەوانە لەبـابەت ئەو شارەی (ئیلە) کە لە قەراخ دەریا (ی سوور) بوو بپرسە، چۆن ڕۆژی شەمە لە (فەرمـانی خـوا) چوونە دەرێ (و بە فێڵ ماسییان گرت، چون) لە ڕۆژی شەمەدا ماسیگەل وەسەر ئاو دەکەوتـن و ماسییان (زۆر) بۆ دەهاتە گرتن و ڕۆژێ کە شەمە نەبوو، دیاریـان نەبـوو و ماسـی(یـان بـۆ) نەدەهاتە گرتن، ئا بەمجۆرە تاقیم کردنەوە، بەوەی کە نافەرمانییان دەکرد ﴿١٦٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



کاتێ تاقمێ لەوان (بە تاقمی تریان) وت: بۆچ هۆزی (تاوانباران) پەند ئەدەن کە سەرئەنجام خوا لە ناوبەریانە یا جەزرەبەدەریانە بە عەزابێکی سەخت، وتیان: بۆ ئەوەی لای پەروەرندەتان عوزرێ بێ (بۆ ئێمە) ڕەنگە خۆ بپارێزین ﴿١٦٤﴾ جا کاتێ ئەو ئاموژگارییانەیان لە بیریان چووبۆوە کەڵکیان لێ وەرنەگرتبوون، کەسانێ کە نەیاندەهێشت خەڵکی کاری خراپ بکەن و نەهیان لە خراپە دەکرد ڕزگارمان کردن و ئەوانەش وا ستەمیان کرد تووشی ڕەنج و دەردی خراپمان کردن، لەبەر ئەوەی نافەرمانییان دەکرد ﴿١٦٥﴾ جا کاتێ لە (وازهێنانی) ئەوەی نەهیان لێ کرابوو ملیان بادا، پێمان وتن: ببنە مەیمونی دووروەخراوی ئابڕووبراوی ترۆکراو ﴿١٦٦﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ کە پەروەرێنەرت ڕایگەیاند تا ڕۆژی بەرێ کەسێکیان بەسەرا زاڵ دەکا کە هەمیشە سەخت عەزابیان بدا، پەروەرێنەرت زۆر بەپەلە سزا ئەدا، بە هەقەت خوا (سەبارەت بە تۆبەکاران) لێبور و فرە دڵلاوێنە ﴿١٦٧﴾ ئەوانمان لە زەویدا بە چەند نەتەوە دابڕدابڕ کرد، هەندێ لەوان چاک و دەستەیێتر وەک ئەوان چاک نەبوون، بە چاکە و خۆشی و خراپە و ناخۆشی تاقیمان کردنەوە تا بەڵکوو بگەڕێنەوە ﴿١٦٨﴾ جا دوای ئەوان، جێ نشینانێک بوونە جێنشینیان کە میراتگری کیتاو (تەورات) بوون، کالای ئەم دنیا پەستەیان هەڵبژارد (و گوتیان ئەگەر تاوانبار بین) لە دوایيدا (لە لایەن خواوە) دەبەخشرێین، ئەگەر کالایێتر وەک ئەوەیان گیر کەوێ وەریدەگرن و (گوێ نادەنە فەرمانی خوا)، ئایا پەیمانی کتێبی (خوایان) لێ وەرنەگیراوە کە بە دەم خواوە بێجگە لە هەق، شتێتر نەڵێن، ئەوان ئەوەی کە لە کتێبدا بوو خوێندوویانەتەوە، ئەو دنیا بۆ کەسانێ کە خۆپارێز بن باشترە، جا ئایا ئەقڵتان ناخەنە کار؟ ﴿١٦٩﴾ کەسانێ کە بەم کتێبە عەمەل بکەن و نوێژ بەجێبێنن (پیاوچاکن)، ئێمە پاداشی پیاوچاکان وندا و زایە و گوم ناکەین ﴿١٧٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

(بێنەوە بیر) کاتێ کێومان لەبان سەریان وەکوو سابات بەرز کردەوە، (بە جۆرێکی وا) کە گومانیان دەکرد بەسەریاندا دەکەوێ (و لەو حاڵەدا بەڵێنمان لێ وەرگرتن) ئەوەی بە ئێوەم داوە، بە توندی بیگرن و ئەوەی تێیدایە بیخەنە بیر (و عەمەلی پێبکەن)، بەڵکوو پارێزگار بن ﴿١٧١﴾ (بێنەوە بیر) زەمانی کە پەروەرێنەرت لە پشتی منداڵانی ئادەم، تیرە و بنەچەکە و زارۆڵەکانی ئەوانی بەرهەم هێنا و کردنیە شایەد لەسەر خۆیان (و فەرمووی:) ئایا من پەروەرێنەرتان نیم؟! وتیان: بەڵێ، شایەدی ئەدەین، (بۆچ وای کرد؟) بۆ ئەوەی نەوەکوو ئێوە لە رۆژی بەریدا بڵێن: ئێمە نەمانزانی و لەمە غافڵ بووین ﴿١٧٢﴾ یا (نەوەکوو) بڵێن: باووباپیرانمان بەر لە ئێمە هاوبەشیان بۆ خودا دانابوو و ئێمەش زارۆکی دوای ئەوان بووین (و بەڵگەی ترمان نەبوو) ئایا دەتەوێ ئێستا ئێمە لەسەر ئەوەی کارپووچان کردوویانە لەناویان بەری ﴿١٧٣﴾ ئا بەمجۆرە نیشانەکانی خۆمان بە جیاجیا بەیان دەکەین تا بەڵکوو بەرەو هەق بگەڕێنەوە ﴿١٧٤﴾ بۆ ئەوانە بەسەرهاتی ئەو کەسە بخوێنەوە کە نیشانەکانی خۆمان بەو (بەلعەم باعوورا زانای ناوداری جوولەکە) دا، لە دواییدا خۆی لە وان دابڕی و لە دەستووری ئەوان دەرکەوت، جا شەیتان دەسی پێگەیاند و چووە ناو جەرگەی گومڕایان ﴿١٧٥﴾ ئەگەر بمانویستبا (پلەی) ئەومان بەم نیشانانە دەبردە سەرێ، بەڵام ئەو هەر خۆی بە عەرزەوە نووساند و بە دوای ئارەزووی دڵی خۆیدا ڕۆیی، جا نەزیلەی ئەو هەروەک نەزیلەی سەگی (هارە)، ئەگەر بۆی بچی ددانەچیرەت لێدەکا و زمان دەردەکێشێ، ئەگەریش وازی لێبێنی زمان دەردێنێ، ئەمە نەزیلەی ئەو تاقمەیە کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دائەنا، جا ئەم چیرۆکەیان بۆ بگێڕەوە، بەڵکوو بیر بکەنەوە (و بێدارەوە بن) ﴿١٧٦﴾ چەند خراپە بەسەرهاتی ئەو هۆزەی کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دائەنا، بەڵام ستەمیان لە خۆیان کرد ﴿١٧٧﴾ هەرکەس خوا ڕێنوێنی بکا، هەر ئەو ڕێنوێنی کراوە، هەرکەسیش (لەبەر کردەوەیان) گومڕا بکا، جا زیان لێکەوتووانی بەراستی هەر ئەوانن ﴿١٧٨﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئێمە زۆرێ لە جنۆکە و مرۆمان بۆ دۆزەخ خوڵقاند، بۆ ئەوان دڵگەلێ هەیە کە پێی تێناگەن، چاویان بۆ هەیە کە پێی نابینن و گوێیان بۆ هەیە کە پێی نابیسن، ئەوانە هەروەکوو ئاژەڵن، بەڵکوو لەوانیش گومڕاترن، هەر ئەمانە بێئاگا و غافڵن ﴿١٧٩﴾ هەر بۆ خوایە ڕند و پێکەوتووترین و جوانترینی ناوەکان، جا بەوانە بانگی بکەن، ئەوانەی کە بە ئانقەست ناوی خوا دەگۆڕن (هاوبەشی بۆ دائەنێن) وازیان لێبێنن، بە زوویی بە سزای کردەوەی خۆیان دەگەن ﴿١٨٠﴾ لەوانەی کە خەڵقمان کردوون، دەستەیێ خەڵک بەرەو لای هەق ڕێنوێنی دەکەن و بە حەقیش داوەری دەکەن ﴿١٨١﴾ کەسانێ کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا وردەوردە لە ڕێگایەکەوە کە نایزانن تووشی سزادانیان دەکەین ﴿١٨٢﴾ بەوان ماوەیەک مۆڵەت ئەدەم، چونکە بەرنامە و نەخشەی من سەخت و پتەوە ﴿١٨٣﴾ ئایا بیر ناکەنەوە کە هاونشینەکەیان (پێغەمبەر) هیچ جۆرە شوێنەواری شێتی پێوە نییە، (جا چلۆن پێی دەڵێن شێتە؟) ئەو تەنیا ترس وەبەرهێنەر و ترسێنەرێکی ئاشکرایە ﴿١٨٤﴾ ئاخۆ ئەوان لە داموودەزگای پڕشکۆی ئاسمانەکان و زەوی و هەر شتێک کە خوا خەڵقی کردووە ناڕوانن؟ (تا پەند بگرن)، لەوانەیە بەم نیزیکانە بمرن، جا بە چ قسەیەک دوای ئەو (قورئان) بڕوا دێنن؟ ﴿١٨٥﴾ هەرکەس خوا ڕێی لێبگۆڕێ هیچ ڕێنیشاندەرێکی دەس ناکەوێ، خوا واز لەوانە دێنێ با هەر لە ملبادانی خۆیاندا گێژ بخۆن ﴿١٨٦﴾ لەبابەت ڕۆژی بەرێوە لێت دەپرسن کە کەی دێ؟ بڵێ: زانستی ئەوە لای پەروەرێنەرمە، هیچ کەس بێجگە لەو (نازانێ) کاتی ئەوە دیاری بکا، ڕۆژی پەسڵان لە وەختی دیاریکراوی خۆیدا دێ، هەڵێنانی بۆ ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویشدان قورسە، نایەتە سەرتان مەگەر لە ناکاو، لە تۆ دەپرسن وەک ئەوە تۆ لە هاتنی ئەو ڕۆژە ئاگاداری، بڵێ: زانستی تەنیا لای خوایە، بەڵام زۆربەی خەڵک نازانن ﴿١٨٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



بڵێ: من خاوەنی سوود و زیانی خۆم نیم، مەگەر ئەوەی وا خوا بیەوێ، ئەگەر نادیارم زانیبا سوودی (ماڵی) زۆرم بۆ خۆم بە دەس دێنا و هیچ خراپە (و زیان)ێکم پێ نەدەگەیی، من کەسێک نیم بێجگە لە ترسێنەر و مزگێنیدەر بۆ هۆزێ کە بڕوا دێنن ﴿١٨٨﴾ ئەو خوایە کە ئێوەی لە یەک کەس (پرۆتۆن) بەدیهێناوە و ژنەکەشی هەر لە ماکی ئەو سازی دا (ئەلەکترۆن، کە پاژی ئەرێ و نەرێی ئەتۆمن) تا لای ئەو بحەسێتەوە (ئارام بگرێ)، جا کاتێ ئادەم دەسی لەگەڵ (دایکەحەوا) تێکەڵ کرد بارێ سووکی هەڵگرت (دووگیان بوو)، پێوەی دەگەڕا و کاری ڕۆژانەی پێوە دەکرد، کە هەستی بە قورسبوون کرد هەردوو لە خوا، پەروەرێنەری خۆیان پاڕانەوە: ئەگەر منداڵی (نێرینەی) چاکمان پێ بدەن حەتمەن لە شوکرانەبژێران ئەبین ﴿١٨٩﴾ جا کاتێ منداڵی چاکی پێدان، لەوەی کە خودا پێی دابوون، هاوبەشگەلێکیان بۆ خوا دانا، جا خوا لەوە بانترە کە هاوبەشی بۆ دادەنێن ﴿١٩٠﴾ ئایا ئەو شتانە ئەکەنە هاوبەشی خوا کە شتێ بەدی ناهێنن و خۆیان بەدیهاتوون ﴿١٩١﴾ ناتوانن کۆمەکیان بکەن و ناشتوانن بە خۆشیان یارمەتی بگەیێنن ﴿١٩٢﴾ ئەگەر ئەوانە بتپەرستەکان بۆ ڕێگای ڕاست بانگ بکەن، بە دوای ئێوە ناکەون، بۆ ئێوە هەروەک یەکە چ بانگیان بکەن، چ بێدەنگ بن (و بانگیان نەکەن) ﴿١٩٣﴾ ئەوانەی لە جیاتی خوا بانگیان دەکەن (و دەیانپەرستن)، عەبدگەلێکن وەک خۆتان، جا ئەوانە بانگ بکەن، با ئەوانیش وەڵامتان بدەنەوە (و ویستەکەتان بەجێ بێنن)، ئەگەر ڕاستبێژن ﴿١٩٤﴾ ئایا ئەوان (لانیکەم وەکوو خۆتان) پێیان هەیە کە پێی بڕۆن؟ یا دەستیان هەیە کە بەرزی کەنەوە و شتی پێ بگرن (و بە قودرەت کاری پێ ئەنجام بدەن؟) یا چاویان هەیە کە پێی بینن؟ یا گوێیان هەیە کە پێی ببیسن! بڵێ: (ئێستا کەوایە) ئەم بتانە کە کردووتانەتە هاوبەش (بۆ خوا) بانگیان بکەن و ئەوسا داوی فێڵم بۆ بنێنەوە، جا دەمێک مۆڵەتم مەدەن (تا بزانن کە هیچیان لە دەس نایێ) ﴿١٩٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

گەورە و پشتیوانی مـن هەر خـوایە، ئەوەی کە ئەم کتێـبەی نـاردۆتە خـوارێ، هەر بۆخۆیشـی سەرپەرستی و پشتیوانی هەمـوو چاکـان دەکـا ﴿١٩٦﴾ ئەوانەی بـێجگە لە خـوا هاواریـان بـۆ دەبەن ناتوانن یارمەتییان بدەن، (تەنانەت) ناتوانن کۆمەگێ بە خۆشیان بـکەن ﴿١٩٧﴾ ئەگەر ئەوان بۆ ڕێنوێنی بخوازن (قسەکانتان) نابیسن، ئەوانە دەبینی کە بە تۆ دەڕوانن، بەڵام نـابینن ﴿١٩٨﴾ چاوپۆشی و لێبوردن بگرە پێش و بە چاکە و چاکەکردن فەرمان بـدە (و خەڵـک بانـگ بکە بۆ چاکە)، لە نەزانان و نەفامان واز بێنە ﴿١٩٩﴾ هەر وەختێکیش خەیاڵاتێکی خراپـت لە شەیتانەوە بە دڵدا هات، پەنا بەرە بەر خوا، ئەو بیسەر و پڕ زانایە ﴿٢٠٠﴾ ئەوانەی کە خۆیـان پاراستووە، کاتێ خەیاڵاتێک لە شەیتان پێیان بگا، ئەکەونە یادی (خوا و لە سـوێنکەی یـادی خـواوە ڕێگـای هەق ئەدۆزنەوە)، جـا لەو دەمەدا چاویـان دەکـرێتەوە و بینـا ئەبـن ﴿٢٠١﴾ براکانیان (شەیتانەکان) ئەوانە (خوانەناسان) بەرەو گومڕایی دەکێشن و لە دواییشـدا کۆتـایی ناکەن ﴿٢٠٢﴾ هەرکاتێ نیشانەیەکیان بۆ نەهێنی و نیشان نـادەی، دەڵـێن: بـۆچ خـۆت (لەبەر خـۆتەوە) ئەوەت هەڵنەبـژارد، بڵـێ: مــن تەنیــا پەیــڕەوی لە شــتێ ئەکەم کە لە لایەن پەروەرێـنەرمەوە بـۆم دێ، ئەمە هـۆی بینـاییـیە لە لای پەروەرێنەرتـانەوەو هـۆی ڕێنـوێنی و ڕەحمەتە بۆ هۆزێ کە بڕوا دێنن ﴿٢٠٣﴾ کاتێ قورئان دەخوێندرێ، گوێی بدەنێ و بێدەنگ بن، ڕەنگە بکەونە بەر ڕەحمەتی خوا ﴿٢٠٤﴾ لە دڵتدا بە گریان و زاری و تـرس (و بە نهێنـی و بـێ دەنگ بەرزکردنەوە، لە بەرەبەیانان و لە دەمادەمی شێواندا پەروەرێـنەری خـۆت یـاد بـکە، لە غافڵان مەبە ﴿٢٠٥﴾ کەسانێ کە لای پەروەرێنەرتن و لەو نێزیکن لە پەرسـتنی ئەو خـۆ بە زل نازانن و پاک و بێخەوشی خوا دەڵێن، هەر بۆ خوایش سوژدە و کڕنۆش دەبەن ﴿٢٠٦﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



# سوورەی ئەنفال تالآن ٧٥ ئایەتە

**سوورەی ئەنفال لە مەدینە هاتۆتە خوارەوە بە (بسم‌الله)وە ٧٥ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن

لە بابەت دەسکەوتی جەنگەوە (ئەنفال) لە تۆ دەپرسن، بڵێ: تالآنی دوژمنانی خوانەناس تایبەتی خوا و پێغەمبەرە، جا ئەگەر بڕواتان هێناوە لە خوا خۆ بپارێزن و ناوبژی خۆتان بکەن و یەکتر ئاشت بکەنەوە، لە خوا و پێغەمبەری ئیتاعەت بکەن ئەگەر بڕوادارن ﴿١﴾ بڕواداران تەنیا کەسانێکن کە هەر دەم ناوی خوا ببردرێ بە دڵ ترسیان لێ‌دەنیشێ، کاتێ نیشانەکانی خوایان بەسەردا دەخوێندرێتەوە بڕوایان زیاد ئەبێ و تەنیا بە خوا پاڵ ئەدەنەوە ﴿٢﴾ کەسانێ کە نوێژ بەجێ‌دێنن و لەوەی کە ڕۆزیمان پێ‌داون ئەیبەخشن ﴿٣﴾ بڕوادارانی هەقیقی هەر ئەوانەن، هەر بۆ ئەوان لای پەروەرێنەریان پلەگەلێ بەرز و لێبوورین و ڕسق و ڕۆزی چاکیان بۆ هەیە ﴿٤﴾ هەروەکوو خوا لە ماڵت بە هەقانەت تۆی هێنا دەرێ (بۆ جەنگی بەدر)، لە حاڵێکدا هەندێ لە بڕواداران پێیان ناخۆش بوو ﴿٥﴾ لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕاستی و هەقیان بۆ ڕوون بۆتەوە، (بەڵام) لەبابەت ئەوان لەگەڵ تۆ شەڕەقسە دەکەن (وەها ترس و وەحشەت دایگرتبوون) وەک ئەوە بەرەو مەرگ دەبران لێ‌دەخوڕان و (مردنیان) بە چاو ئەدی ﴿٦﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ کە خوا سۆز و بەڵێنی پێدان کە یەکێ لە دوو دەستە (کاروانی بازرگانی قورەیش یا سپای ئەوانە) ئەبێتە هی ئێوە، بەڵام ئێوە پێتان خۆش بوو ئەوەی کە بێ‌دەسەڵات و بێ‌چەکە (واتا: کاروانەکەتان) پێ بگا (و دەستی بەسەرا بگرن)، خوا دەیەوێ بە واژەی خۆی هەق بسەلمێنێ و ڕەگ و ڕیشەی خوانەناسان لە بنا ببڕێ (لەبەر ئەوە بوو ئێوەی لەگەڵ سپاکەیاندا تووشی جەنگ کرد) ﴿٧﴾ تا ڕاستی بە تەواوی دامەزرێنێ و سەقامگیر بکا و پووچ و چرووک لە ناو بەرێ و تێدا بچێ، هەرچەند تاوانبارەکان پێیان ناخۆش بێ ﴿٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



(بێنەوە بیر) زەمانێ (کە لە جەنگی بەدر) هانا و پەناتان بۆ پەروەرێنەرتان دەبرد و کۆمەگتان داوا دەکرد، جا وەلآمی ئێوەی داوە (و فەرمووی:) بەڕاستی من بە یەک هەزار کەس لە مەلائیکە کە بە دوای یەکدا دێنە خوارێ، پشتیوانیتان لێئەکەم ﴿٩﴾ خوا ئەمەی تەنیا بۆ شادی و دڵنیایی دڵ و دەروونی ئێوە لە بەرچاو گرتووە، دیارە سەرکەوتن تەنیا بە دەس خوایە، بەڕاستی خوا فرە بەتوانا و لەکارزانە ﴿١٠﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ خەوێک (وەنەوزدانێک) ئێوەی داگرت کە بووە هۆی ئاراوقارا گرتنی ئێوە لە لایەن خواوە، لە ئاسمانەوە ئاو (باران)ێکی بۆ ئێوە نارد (باراند) تا بەوە پاکتان بکاتەوە و پیسی شەیتان (دوودڵی) لە ئێوە دوور بخاتەوە و پەیوەندی دڵتان پتەو و شەقاو و هەنگاوتان مەحکەم بکا ﴿١١﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ کە پەروەرێنەرت فریشتەی تێگەیاند، بەڕاستی خۆیشم لەگەڵ ئێوەم، جا کەسانێ کە بڕوایان هێناوە غیرەتیان وەبەر بنێن، ئێمەیش ترس و وەحشەت ئەخەینە ناو دڵ و هەناوی بێبڕوایان، جا بە توندی بکوتن بە ناو تەوقی سەریاندا و هەموو پەنجەکانیان ورد بکەن (و دەس و پێیان لە کار بخەن) ﴿١٢﴾ ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە بەرهەڵستی خوا و پێغەمبەری خوا وەستان و دوژمنی و داژایەتیان کرد و هەرکەسیش لەگەڵ خوا و پێغەمبەری خوا دژایەتی بکا (سەخت سزا ئەدرێ)، جا بەڕاستی عەزابی خوا سەختە ﴿١٣﴾ ئەمە (سزای ئێوە)یە، جا بچێژن و بزانن بۆ خوانەناسان (لەو دنیا) سزای ئاگر هەیە ﴿١٤﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! کاتێ (لە مەیدانی جەنگدا) لەگەڵ تاقمێکی زۆری خوانەناسان ڕووبەڕوو دەبن، ڕامەکەن و هەڵمەیێن و پشتیان تێمەکەن ﴿١٥﴾ هەرکەس لەو ڕۆژەدا پشت لەوان بکا، مەگەر مەبەستی ئەوە بێ کە خۆی بۆ هێرش بگەڕێتەوە یا بۆ لکان بە دەستەیێتر (لە تێکۆشەران)، دەنا بە تووڕە بوونی خوا لە خۆی دەگەڕێتەوە و جێگای جەهەندەمە، چارەنووس و بەخت و جێگایان خراپە ﴿١٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



جا ئێوە ئەوانتان نەکوشت، بەڵکوو خوا ئەوانی کوشت، ئەمە تۆ نەبووی (ئەی پێغەمبەر کە خیز و خۆڵت بە دەموچاوی ئەوانا) پڕژاند، کاتێ هاویشتت و پڕژاندت، بەڵکوو خوا تووری هەڵدا و فرێیدا و پڕژاندی، خوا ئەیویست بەم هۆیەوە بڕواداران بە چاکی بئەزموونێ و بجەربێنێ و تاقی بکاتەوە، خوا بیسەرێکی زانایە ﴿١٧﴾ (بەخت و هات و چارەنووسی بڕواداران و خوانەناسان) ئەوە بوو (کە دیتتان)، ئاوەها خوا فێڵی دین دوژمنان پووچەڵ دەکاتەوە ﴿١٨﴾ ئەگەر دەتانویست سەرکەون، وا سەرکەوتن، ئەگەر شەڕبەسیش بکەن بە قازانجیانە، ئەگەریش تێ هەڵبچنەوە و لەسەررا دەس پێبکەنەوە، ئێمەیش تێ هەڵدەچینەوە، قەت بێنیازتان ناکا با دەسەوبەسەتان زۆریش بێ، دیارە خوا لەگەڵ بڕوادارانە ﴿١٩﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لە خوا و پێغەمبەری پەیڕەوی بکەن و پشتی تێنەکەن، لە حاڵێکدا ئێوە (قسەی ئەو) دەبیسن ﴿٢٠﴾ وەکوو کەسانێ مەبن کە وتیان: بیستمان (بەلآم لە هەقیقەتدا) ئەوان گوێیان لێنییە و نابیسن ﴿٢١﴾ بەدفەڕترینی زیندەوەران و جووڵندە و جفۆکان لای خوا، کەڕ و لالآنێکن کە بیر ناکەنەوە و تێناگەن ﴿٢٢﴾ ئەگەر خوا بیزانیبا خێرێکیان لە باراندایە بە هەقیقەت بە گوێی دەگەیاندن، ئەگەر ژنەواییشیانی بکردایێ هەر روویان لێ دەسووڕاند و لە رووسووڕێنەران دەبوون ﴿٢٣﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! هەروەخت خوا و پێغەمبەر بانگتان بکەن کەسێ کە زیندووتان دەکاتەوە، وەلآمیان بدەنەوە، کارێ وا بکەن پێی ببووژێنەوە و بە کەیف بێن بزانن خـــوا دەکەوێتە نێوان مرۆڤ و دڵی ئەو، بە هەقیقەت (لە رۆژی پەسلآندا) هەمووتان لای خوا کۆ ئەکرێنەوە ﴿٢٤﴾ لە بەلآ و ئاژاوەیەک خۆ بپارێزن کە تەنیا بە ستەمکارانی ئێوە ناگا، بزانن کە تۆڵە و ئازاری خوا توند و سەختە ﴿٢٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

(بێنەوە بیر) کاتێ کە ئێوە دەستەیێ کەمێکی چەوساوە و کزکراو بوون لە زەویدا ئەترسان خەڵک بتانفرێنن، بێ جێورێتان بکەن، جا (خوا) پەنای دان و بە یارمەتی خۆی پشتیوانی کردن و سەرکەوتن و رسق و رۆزی پاک و رەوای پێدان تا بەڵکوو شوکرانەبژێر بن ﴿٢٦﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! بە خوا و پێغەمبەر دەغەڵی و خەیانەت مەکەن، (هەروا) لە ئەمانەتی خۆتانیش خەیانەت مەکەن، لە حاڵێکدا کە ئەزانن ئەمانەتە ﴿٢٧﴾ بزانن ماڵ و مناڵتان هۆی ئەزموون و تاقیکردنەوەن، پاداشی گەورە و زۆر (بۆ ئەوانەی لە تاقیکردنەوە دەربێن) لای خوایە ﴿٢٨﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! ئەگەر لە خوا بترسن، ئامێری جیاکردنەوەی پاک و پیستان پێدەدا و گوناحتان دەپۆشێ و لێتان خۆشدەبێ، خوا خاوەن چاکە و بەخششێکی گەورەیە ﴿٢٩﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ خوانەناسەکان دەیانویست فێڵت لێ بکەن تا تۆ بخەنە بەند یا بتکوژن، یا (لە مەککە) دەرتبکەن، ئەوان نەخشەی خۆیان کێشا و فێڵی خۆیان کرد و خوایش نەخشەی خۆی کێشا و فێڵی کرد، خوا چاترینی نەخشەکێشان و فێڵبازانە ﴿٣٠﴾ کاتێ کە نیشانەکانی ئێمەیان بەسەرا بخوێندرێتەوە ئەڵێن: بیستمان (گرینگ نیە) ئەگەر ئێمەش بمانویستبا وێنەی ئەوەمان دەگوت، ئەمە (قورئان) بێجگە لە ئەفسانەی پێشینان شتێتر نییە ﴿٣١﴾ (بێنەوە بیر) زەمانێ کە وتیان: ئەی پەروەرێنەرا! ئەگەر ئەمە ڕاستە و لە لایەن تۆوەیە، بارانی بەرد لە ئاسمانەوە بەسەرماندا ببارێنە یا ئازارێکی پڕ دەردمان بۆ بنێرە ﴿٣٢﴾ هەتا تۆ لە نێویاندا بی، خوا جەزرەبەیان نادا، هەتا داوای لێبووردن لە تاوانیشیان بکەن، خوا ئازار و جەزرە بەیان نادا ﴿٣٣﴾

چلۆن خـوا ئازاریـان نەدا بـاوەکوو بەری (خەڵـک) دەگـرن (لە زیـارەت و عیبـادەت کـردن) لە مەسـجدولحەرامدا، لە حاڵێکـدا سەرپەرسـتی ئەوێ نـین، سەرپەرسـتی ئەوێ بـێجگە لە پارێزگاران کەسێ تر نییە، بەڵام زۆربەیان نازانن ﴿٣٤﴾ نوێژیان لە ماڵی خوادا هەر چەپڵەلێدان و فیتووکێشـانە، سـا لە سـزای ئەوەی بڕواتـان نەدەهێنـا، ئـازار بچێـژن ﴿٣٥﴾ کەسـانێ کە خوانەناس بوون سامانی خۆیان بۆ گێـڕانەوەی خەڵـک لە ڕێگـای خـوادا خەرج دەکەن، جا ئەم ماڵ بەخت کردنەیان (لەو ڕێگایەدا) لە دواییدا ئەبێتە هۆی پەژارە و خەفەتیان و لە پاشـانیش تێدەشکێن و ژێریش دەکەون، خڕوپڕی کەسانێ کە خوانەناس بوون (لەو دنیا) بۆ لای جەهەندەم کۆ ئەکرێنەوە ﴿٣٦﴾ بۆ ئەوەیە کە خوا ناپاک لە پاک هەڵاوێرێ و جیا بکـاتەوەو ناپاکەکـان لە سەریەک هەڵچنێ وکۆگایان بدا، جا بە تێکڕایـی پـێکەوە خڕیـان بکـاتەوە، لە جەهەنـدەمیان بهاوێ، هەر ئەمانە زیانکارن ﴿٣٧﴾ بە کەسانێ کە خوانەناسن، بڵـێ: ئەگەر دەس لە دژایەتـی کردن هەڵبگرن (و بڕوا بێنن) ڕابوردوویان دەبەخشرێ، بەڵام ئەگەر بگەڕێنەوە (سـەر کـردەوەی پێشوویان)، جا بە هەقیقەت ڕەوشتی خوا لەبابەت ڕابوردوواندا بەجێهاتووە (و بزانن لەبابەت ئەمانیشەوە دێتە جێ) ﴿٣٨﴾ لەگەڵیاندا جەنگ بکەن تا ئیتر ئاژاوە نەمێنێ و دیـن و بـڕوا و (پەرستن) بۆ خوا ببێ، جا ئەگەر ئەوانە (لە خراپە و کاری ناشیاو) دەسیان هەڵگرت، بەڕاستی خوا بەوەی دەیکەن بینـایە ﴿٣٩﴾ ئەگەر ملیـان بـادا، بـزانن (زیـانێ بە تـۆ نـاگەیێنن) و خـوا پشتیوانی ئێوەیە، ئەو باشترین پشتیوان و چاکترین یاوەرە ﴿٤٠﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



بزانن بەڕاستی هەر جۆرە تالآنێکتان دەس کەوت، یەک پێنجەمی ئەوە بۆ خوا و بۆ پێغەمبەر و خزمان و هەتیوان و مسکێنان و بۆ ڕێبواری لە ڕێگا ماوانە، ئەگەر ئێوە بڕواتان هێناوە بە خوا و بەوەی بۆ بەندەی خۆمان نارد ڕۆژی لە هەلآواردن، ڕۆژێک کە دوو دەستە تووشی یەکتر بوون (بۆ شەڕ واتا ڕۆژی بەدر)، خوا بەسەر هەر شتێکدا زاڵە ﴿٤١﴾ وەختێ کە ئێوە لە داوێنەی نێزیکتر و ئەوانیش لە داوێنەی دوورتر دامەزرابوون و کاروانیش (لە داوێنەی بەدر) لە خوار ئێوە بوو (و دەستتان پێی نەدەگەیی)، ئەگەر بەڵێنتان پێکەوە دانابا بۆ جەنگ کردن بێشک لەسەر ژوانگە دژایەتیتان لەگەڵ یەکتر دەکرد (و جەنگتان نەدەکرد) بەلآم خوا کارێ کە ئەبوو ئەنجام بدرێ، تەواوی دەکا تا ئەوانەی کە ئەبێ لەناو بچن لە ڕووی بەڵگەوە بێ، زیندوو بمێنن ئەوانەی کە ئەبێ بە بەڵگەوە زیندوو بمێنن، خوا بیسەرێکی زانایە ﴿٤٢﴾ بێنە بیر ئەوسا کە خوا ژمارەی ئەوانی لە خەودا بە کەم بە تۆ نیشان دا، ئەگەر بە تۆ فرەی نیشان بدایە، لە ترسان زراوتان دەچوو و دڵتان دەتۆقی و زاڵەترەک دەبوون لەم بابەتەوە لە نێو خۆتانا کێشەتان لێ پەیا ئەبوو، بەلآم خوا ئێوەی (لەوانە) سەلآمەت ڕاگرت، بەڕاستی خوا بەوەی لە ناو دڵ و دەرووندایە پڕ ئاگایە ﴿٤٣﴾ بێنەوە بیر کاتێ (لە مەیدانی جەنگدا) لەگەڵ یەکدا ڕووبەڕوو بوون، ئەوانی لە بەرچاوتان بە کەم نیشان دا و ئێوەیشی لە بەرچاوی ئەواندا بە کەم نیشان دا تا کارێ کە ئەبێ ئەنجام بدرێ، خوا تەواوی بکا، کارەکان هەر بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە ﴿٤٤﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! کاتێ کە (لە جەنگدا) لەگەڵ دەستەیێ ڕووبەڕوو بوون، پەیت و قایم ڕاوەستن و خۆ بگرن، زۆر یادی خوا بکەن، بەڵکوو ڕزگار بن ﴿٤٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبر اهیمی



پەیڕەوی لە خوا و پێغەمبەری (خوا) بکەن و لە نێو یەکدا قرەقرِ و کێشە مەکەن تا سست و کز نەبن و وزە و هێزتان تیا نەچێ؛ تابشت بێنن، بەڕاستی خوا لەگەڵ تابشتهێنەرانە ﴿٤٦﴾ وەکوو کەسانێ نەبن کە لە زێد و ماڵ و وڵاتی خۆیان لە ڕووی ئارەزوو؛ بۆ خۆبینی و بۆ ڕووبینی و بۆ خۆ قەف کردن و بە خۆ خەڵک نیشاندان (بەرەو مەیدانی بەدر) هاتنە دەرێ و بەری (خەڵکیان) لە ڕێگای خوا دەگرت، خوا بەوەی ئەنجامی ئەدەن چاودێر (و ئاگا)یە ﴿٤٧﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ کە شەیتان کردەوەی ئەوانی ڕازاندەوە و وتی: ئەمڕۆ هیچکەس بەسەرتانا زاڵ نییە و من پشتیوانی ئێوەم، جا کاتێ کە دوو دەستە ڕووبەڕووی یەکتر بوون، (شەیتان) پێدزەی کرد و خۆی باریک کردەوە و لەسەر پاژنەی خۆی گەڕاوە و بۆی دەرچوو و وتی: بەڕاستی من لە خوا دەترسم، عەزابی خوا سەختە ﴿٤٨﴾ بێنەوە بیر کاتێ کە مونافیقان (دووڕووەکان) و ئەوانەی کە لە دڵیاندا نەخۆشی هەبوو، دەیانوت: ئەم تاقمە (موسڵمانان) دینەکەیان فریوی داون، هەرکەس (پاڵدانەوەی بە خوا بێ)، خوا فرە بەدەسەڵات و لەکارزانە ﴿٤٩﴾ ئەگەر لە سەرەمەرگا چاوت بە خوانەناسان بکەوێ کە مەلائیکە دەیانمرێنن، (لەو حاڵەدا دەبینی کە) لە ڕوخسار و دەموچاو و پشتیان ئەدەن و (دەڵێن:) ئازاری سووتێنەر بچێژن ﴿٥٠﴾ ئەمە ئەوەیە کە دەستتان لە بەرا ناردوویانە، خوا سەبارەت بە بەندەکانی هیچ ستەمکار نییە ﴿٥١﴾ (ئاکاریان) هەروەکوو ئاکار و داب و دەستووری نێزیکانی فیرعەون و کەسانێ کە بەر لەمان نیشانەکانی خوایان ئینکار کرد وا بوو، خوایش ئەوانی بە گوناحەکانیانەوە گرت و ئازاری دان، خوا بەهێز و سەخت ئازاردەرە و تۆڵە و حەقسێنە ﴿٥٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەمە لەبەر ئەوەیە کە خوا دەرفەت و دەرووی چاکە و ڕێگای نیعمەتی ڕزگار بوونی بە هەر گەلێ دابێ هەتا ئەوان بیری خۆیان نەگۆڕیبێ قەت خوا لێی نەگۆڕیون، خوا زۆر بیسەر و زانایە ﴿٥٣﴾ ئەمە (دروست) لە عادەتی فیرعەونیان و کەسانێ دەچێ کە بەر لەوان بوون کە نیشانەکانی پەروەرێنەری خۆیان بە درۆ دائەنا، جا ئێمەیش بەرە و تۆرەمەی فیرعەونمان لەبەر تاوان و گوناحیان لەناو بردن و غەرقمان کردن، هەموو ئەوانە ستەمکار بوون ﴿٥٤﴾ بەدفەڕترینی (جفۆک و جوولندەکان) لای خوا کەسانێکن کە ڕێگای کوفریان گرتۆتە بەر و بڕوا ناهێنن ﴿٥٥﴾ کەسانێ کە پەیمانت لەگەڵ ئەواندا بەست، لە پاشان لە هەر کەرەتێکدا بەڵێنی خۆیان دەشکاند (و لە بەڵێن شکاندن و خەیانەت کردن) نەدەپرینگانەوە ﴿٥٦﴾ جا ئەگەر لە (مەیدانی) جەنگدا ئەوانەت وەگیر هێنا، وەهایان هێرش بۆ بەرە تا ئەو تاقمەی وا لە پشت سەریانەوەیە پرش و بلاو بن، بەڵکو تەمێ‌گرتوو ببن و پەند و ئامۆژگاری بگرن ﴿٥٧﴾ هەرکاتێ لە خەیانەتی تاقمێ ترست لێ‌نیشت (کە پەیمانی خۆیان دەشکێنن)، جا ئاگایان بکە و هەروەکوو ئەوان پەیمانیان هەڵوەشێنەوە تا بەرابەر بن، بەڕاستی خوا خەیانەتکارانی خۆش ناوێ ﴿٥٨﴾ ئەوانەی کافر بوون وا بیر نەکەنەوە کە (بەو کردەوانە) پێش‌کەوتوون و سەردەکەون، بەڕاستی ئەوانە ئێمە عاجز و ناتەوان ناکەن ﴿٥٩﴾ بۆ ئەوان (دوژمنان) ئەوەی لە وزەتاندایە لە هێز و ئەسپانی دابەستراو (بۆ جەنگ) ئامادەی بکەن بە هۆی ئەوە دوژمنی خوا و دوژمنی خۆتان بترسێنن و (هەروەها) تاقمێ‌تر بێجگە لەوانە کە ئێوە نایانناسن و خوا ئەیانناسێ، هەرچی لە ڕێگای خوا خەرجی بکەن، بۆتان دەگەڕێتەوە و ناحەقی و ستەمتان لێ ناکرێ ﴿٦٠﴾ ئەگەر مەیلی ئاشتییان کرد و داوای شەڕبەسیان کرد، تۆیش قەبوڵ و مەیلی بکە و پشت بە خوا ببەستە، هەر ئەویشە گۆیدێر و بیسەرێکی زانا ﴿٦١﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



ئەگەر بیانەوێ کە فریوت بدەن (و فێڵت لێبکەن)، خوا بۆ تۆ بەسە، هەر ئەوە کە تۆی بە کۆمەگی خۆی و بڕواداران بە هێز کرد ﴿٦٢﴾ دڵ و دەروونی ئەوانی لێک نێزیک کردەوە، ئەگەر ئەوە هەمووی وا لەسەر (گۆی) ئەرزە خەرجتان بکردبا، پێت نەدەکرا وا لێکیان نێزیک بکەیتەوە، بەڵام هۆگری یەکتر و لە یەکتر نیزیکی کردنەوە، هەر ئەوە (خوایە و) پڕ دەسەڵات و لەکارزان ﴿٦٣﴾ ئەی پێغەمبەرا! خوا بۆ تۆ و بۆ هەرکەس لە بڕواداران کە لە تۆ پەیڕەوی بکا بەسە ﴿٦٤﴾ ئەی پێغەمبەرا! بڕواداران دنە بدە بۆ جەنگکردن (لەگەڵ دوژمناندا)، ئەگەر بیست کەسی خۆڕاگر و بەتابشت لە ئێوە هەبن بە سەر دووسەت کەسدا زاڵ ئەبن و ئەگەر سەت کەس لە ئێوە هەبن بە سەر هەزار کەس لە خوانەناسان زاڵ دەبن، چونکە ئەوانە تاقمێکن بێ ئاوەز کە فام ناکەن ﴿٦٥﴾ هەر ئێستا خوا بارسووکی لەسەر کردن و زانی کە وزە و هێز و قەوەت و تواناتان کەم بووە، جا ئەگەر سەت کەس خۆڕاگر و بە تابشت لە ئێوە هەبن، بەسەر دووسەت کەسا زاڵ ئەبن و دەرەقەتیان دێن و ئەگەر هەزار کەس هەبن بە ئیزنی خوا بەسەر دووهەزار کەسا زاڵ ئەبن و دەرقەت و دەرەوەستیان دێن، خوا لەگەڵ خۆڕاگر و تابشتهێنەرانە ﴿٦٦﴾ بۆ هیچ پێغەمبەرێک شیاو نییە یەخسیر و دیلی هەبن مەگەر وەختێ کە لە سەرئەم زەوییە بووبێتە دەسەڵاتدار، ئێوە کاڵای دنیاتان دەوێ، خوا ئەو دنیای (بۆ ئێوە) دەوێ، خوا پڕ دەسەڵات و لەکارزانە ﴿٦٧﴾ ئەگەر خوا ئەم ڕووداوەی لە پێشدا نەینووسیبا لەم شتانە دەستان کەوتووە ئازارێ گەورەتان تووش دەبوو ﴿٦٨﴾ جا ئێستا ئەو تالاّنەی گرتووتانە؛ پاکە و زەلاڵە و بیخۆن و لە خوایش بترسن، خوا لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿٦٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەی پێغەمبەرا! بە دیل و یەخسیرانێ کە لە بەردەستاندایە بلێ: ئەگەر خوا بزانێ کە خێرێ لە دڵ و دەروونتاندا هەیە، باشتر لەوەی کە لە ئێوە وەرگیردراوە پێتان ئەداتەوە و دەشتانبەخشێ، خوا لێبور و دڵلاوێنە ﴿٧٠﴾ ئەگەر بیانەوێ ئەگەر درۆت لەگەڵ بکەن و خەیانەتت پێبکەن، بە هەقیقەت بزانە بەر لەمەش لەگەڵ خوا ناڕاست بوون و خوا (ئێوەی) بەسەر ئەوانا زاڵ کرد، خوا زانا و لەکارزانە ﴿٧١﴾ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و لە ڕێی خوا دەربەدەر بوون و کۆچیان کردووە و بە ماڵ و گیانی خۆیان لە ڕێگای خوا تێکۆشان و خەزایان کردووە، و ئەوانەی کە (موهاجرانیان) حەواندۆتەوە و پەنا داون و کۆمەگیان کردوون، ئەمانە هەندێ لەوانە دۆستی یەکترن، ئەوانە کە بڕوایان هێناوە و کۆچیان نەکردووە، هەتا کۆچ نەکەن نابێ دۆستایەتییان بکەن، ئەگەر لە ئێوە بۆ (پاراستنی) دین یارمەتییان ویست، لەسەرتانە کە یارمەتییان بدەن، مەگەر بە دژی تاقمێ (یارمەتی لە ئێوە بخوازن) کە لە نێوان ئێوە و ئەواندا پەیمانی (کۆتایی دوژمنی) هەبێ، خوا بەوەی دەیکەن بینایە ﴿٧٢﴾ ئەوانەی وا کافر بوون، هەندێ لەوانە دۆستانی هەندێترن، هەروەک من پێم وتن ئەگەر یارمەتی یەکتر نەدەن، بشێوە و ئاژاوە و خراپەی زۆر لەم سەر عەرزە ڕوو دەدا ﴿٧٣﴾ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کۆچیان کردووە و لە ڕێگای خوادا خەزایان کردووە، ئەوانەی کە (موهاجرانیان) پەنا داوە و یارمەتییان پێ کردوون، ئەوانە بڕواداری بەڕاستین، بۆ ئەوان لێخۆشبوون (و ڕەحمەتی خوا) و ڕسق و ڕۆزی چاک و شیاو هەیە ﴿٧٤﴾ ئەوانەی لە دواییدا بڕوایان هێناوە و کۆچیان کردووە و شان بە شانی ئێوە خەزایان کردووە، بەشێ، بە پێی کتێبی خوا خزم بۆ خزم لە نامۆ و غەوارە نێزیکترە، خوا بە هەموو شتێ زانا و ئاگایە ﴿٧٥﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



# سوورەی تەوبە: پەشیمانی ١٧٩ ئایەتە

**سوورەی تۆبە: پەشیمانی لە مەدینە هاتۆتە خوارەوە و ١٧٩ ئایەتە**

ئەمە بێزاری و دوورییە لە خوا و پێغەمبەریەوە؛ لەو شەریکدانەرانەی وا ئێوە، پەیمان و بەڵێنتان لەگەڵیان گرێ داوە ﴿١﴾ جا (بەم حاڵەوە) تا چوار مانگ ڕێتان هەیە کە لە (گۆی) زەویدا بڕۆن و بزانن ئێوە ناتوانن خوا ناتەوان بکەن و خۆ لە بن دەسەڵاتی خوا ڕزگار بکەن، خوا ڕیسواکەری خوانەناسانە ﴿٢﴾ ئەمە ئاگاداری‌نامەیەکە لە لایەن خوا و پێغەمبەریەوە بۆ (هەموو) خەڵک لە ڕۆژی حەجی (مەزن) ئەکبەر (ڕۆژی جێژنی قوربان)، خوا و پێغەمبەری ئەو لە بتپەرستان بێزارن، جا ئەگەر پەشیمان ببنەوە بە قازانجتانە و ئەگەر ملیش بادەن، لێتان ڕوون بێ لە دەس خوا دەرناچن و مژدە و مزگێنیش بە خوانەناسان بدە ئازاری پڕدەرد بەشیانە ﴿٣﴾ مەگەر کەسانێ لە بتپەرستان کە لەگەڵ ئەوان پەیمانتان گرێ دابێ، لە پاشان شتێکیان لێ کەم نەکردووە و پشتیوانیشیان لە هیچ کەس بە دژی ئێوە نەکردووە، جا پەیمانی ئەوانە تا کۆتایی ماوەی دیاری‌کراو ڕابگرن، خوا خۆپارێزانی خۆشدەوێ ﴿٤﴾ جا کاتێ کە مانگە (ئاگربەس:) حەرامەکان تەواو بوون، لە هەرکوێ بتپەرستانت دەستکەوت، بیانکوژن و ئەوان بە دیل بگرن و ئابلۆقەیان بدەن و لە هەر کەمینگایەکدا مردە و زیندە و ڕەبەت و بۆسەیان بۆ دابنێن و ڕێگایان پێ‌بگرن، جا ئەگەر تۆبە بکەن و نوێژ بەجێ‌بێنن و زەکات بدەن، ڕێگایان بۆ بکەنەوە، بە هەقیقەت خوا لێبور و فرە دڵلاوێنە ﴿٥﴾ ئەگەر یەکێ لە بتپەرستان پەنای بۆ تۆ هێنا و خۆی خستە بەر داڵدەی تۆ، پەنای بدە تا قسەی خوا ببیسێ (و بیری لێ بکاتەوە)، لە پاشان ئەو بە جێگای هێمن بگەینە، با نەترسێ چونکە ئەوان هۆزێکی نەزانن ﴿٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

چلۆنە کوا ئەوانەی بتپەرستن؛ ئەو بەڵێن و پەیمانەی بە خوا و پێغەمبەری دەیدەن بەجێی دێنن (کەچی ئەوانە هەمیشە بەڵێنشکێن بوون) مەگەر کەسانێ کە لەگەڵ ئەوان لە پەنای مەسجدولحەرام پێکەوە پەیمانتان بەست، هێمان پێی وەفادارن و لە سەری ماون، جا مادام کە لە بەرانبەر ئێوەدا وەفادار بن، ئێوەش بەڵێنشکێن مەبن و لە بەرانبەر ئەوان وەفادار بن، خوا خۆپارێزانی خۆشدەوێ ﴿٧﴾ چلۆن (پەیمانتان بایەخی هەیە) لە حاڵێکدا کە ئەگەر پێتان بوێرن و بەسەر ئێوەدا زاڵ بن، نە خزمی لەبەر چاو دەگرن و نە بەڵێنی خۆیان، هەر بە زمانی خۆیان دڵخۆش و ڕازیتان دەکەن، بەڵام دڵیان حاشا دەکا، زۆربەی ئەوان فاسقن (: خراپ و پەیمانشکێنن) ﴿٨﴾ نیشانەکانی خوایان بە نرخی کەم فرۆشت و (خەڵکیان) لە ڕێگای ئەو گێڕایەوە، ئەوان کردەوەیەکی بەدفەڕانە ئەنجام ئەدەن ﴿٩﴾ (نەک تەنیا لەبابەت تۆوە) لە بارەی هیچ بڕوادارێکەوە خزمایەتی و پەیمان لە بەرچاو ناگرن، هەر ئەوانەن دەسدرێژکەر ﴿١٠﴾ جا ئەگەر تۆبە بکەن و نوێژ بەجێبێنن و زەکات بدەن، برای دینی ئێوەن، ئێمە نیشانەی خۆمان بۆ دەستەیێ کە ئەزانن شی دەکەینەوە ﴿١١﴾ ئەگەر پەیمانەکانی خۆیان دوای بەڵێنی خۆیان بشکێنن و تەوس و توانج لە ئایینی ئێوە بدەن و قسەی بەتێکوڵ و بە تیز و تانە لەبابەت دینی ئێوە بدوێن، جا لەگەڵ پێشەوایانی خوانەناسان بجەنگن، هەر ئەوانەن بێپەیمانن، بەڵکوو دەستان لێ هەڵگرن ﴿١٢﴾ ئایا لەگەڵ هۆزێ کە لە سوێندەکانی خۆیان پاشگەز و پەشیمان بوونەوە و بۆ دەرکردنی پێغەمبەر لێبڕان، خەزاو جەنگ ناکەن؟ لە حاڵێکدا هەر ئەوانیش دەسپێشخەرییان کرد لە شەڕ لەگەڵ ئێوەدا، ئایا لەوان دەترسن؟ جا خوا بەرحەقترە کە لێی بترسن، ئەگە بڕوادارن ﴿١٣﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



لەگەڵیان بجەنگن، (ئەگەر بجەنگن) خواش بە دەس ئێوە ئازاریان ئەدا و ژێریان دەخا و یارمەتی ئێوە ئەدا (تا زاڵ بن) بەسەریاندا، کوڵی دڵ و دەروونی بڕواداران شەفا ئەدا و دایدەمرکێنێ ﴿١٤﴾ ڕق و قینی دڵیان ڕائەماڵێ و لە ناو ئەبا، پاکی دەکاتەوە، خوا تۆبەی هەرکەس کە بیەوێ (و شیاویش بێ) وەردەگرێ، خوا فرە زانا و لەکارزانە ﴿١٥﴾ ئایا لاتان وایە کەس خۆتان تێناگەیێنێ و هەروا ملی پێوەنێن، خوا کەسانێ لە ئێوە کە خەزایان کرد و غەیری خوا و پێغەمبەری ئەو و بڕوادارانیان نەکردۆتە ڕازداری خۆیان؛ بێ ئاگایە، خوا بەوەی دەیکەن بە ناخی ئاگایە ﴿١٦﴾ ناشێ ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، مزگەوتەکانی خوا ئاوەدان بکەنەوە، بە تایبەت کە لەسەر کوفری خۆیان شایەدن، ئەوانە کردەوەیان بەفیرۆ چووە (بێبایەخ بووە)، لە ئاگردا بۆ هەمیشە قەتیسن ﴿١٧﴾ تەنیا کەسێ بۆی هەیە مزگەوتەکانی خوا ئاوەدان بکاتەوە کە بڕوای بە خوا و بە ڕۆژی بەرێ هێنابێ و نوێژ بکا و زەکات بدا، بێجگە لە خوا لە هیچ شتێک نەترسێ، جا ئەشێ تاقمێ ئاوا لە ڕێنوێنیکراوەکان بن ﴿١٨﴾ ئایا (کەسێ کە) بە حاجییان ئاو ئەدا و سەرپەرستی مەسجدولحەرام ئەکا، وەکوو کەسێ دائەنێن کە بڕوای بە خوا و ڕۆژی بەرێ هێناوە و لە ڕێگای خوادا خەزای کردووە (ئەم دووانە) لای خوا بەرانبەر نین، خوا هۆز و تاقمی ناحەقیکاران ناخاتە سەر ڕاستەرێ ﴿١٩﴾ ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کۆچیان کردووە و بە ماڵ و گیانیان لە ڕێگای خوادا خەزایان کردووە، لای خوا پلەیان بەرزترە، ڕزگاران هەر ئەوانن ﴿٢٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

پەروەرێنەریان بە ڕەحمەتێ لە لایەن خۆیەوە و ڕەزای خۆی لەوان و بە باغ و بەهەشتێ پڕ نیعمەت و پایەدار مزگێنییان ئەداتێ ﴿٢١﴾ هەمیشە لەو (باغانە)دا دەمێننەوە، لای خوا پاداشی گەورە هەیە ﴿٢٢﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! ئەگەر باوک و براکانی ئێوە ناباوەڕییان لە بڕوا پێ باشتر بوو و خۆشتریان ویست، بەلایاندا مەچن و توخونیان مەکەون و مەیانکەنە دۆستی دینی خۆتان، هەرکەس لە ئێوە دۆستییان بکا ستەمکاران هەر ئەوانن ﴿٢٣﴾ بڵێ: ئەگەر باوکتان و منداڵەکانتان و براکانتان و ژنەکانتان و خێڵەکانتان، و ماڵ و داراییەک کە بە دەستتان هێناوە و کەلوپەلی بازرگانی کە دەترسن لە کەمی بدەن و لە برەو کەون و خانووبەرەی باش و دڵپەسەند و جێی حەوانەوە کە خۆشتان دەوێ و حەزی لێ دەکەن لە خوا و پێغەمبەری خوا و خەزا لە ڕێگای خودادا لاتان گرینگتر و خۆشەویستترە، جا چاوەڕوان بن کە تا خوا فەرمان (و جەزرەبەی) خۆی بۆ ئێوە بنێرێ، خوا خێڵ و تاقمی فاسق و نافەرمان ڕێنوێنی ناکا ﴿٢٤﴾ بە هەقیقەت خوا لە زۆر مەیداناندا یارمەتی ئێوەی دا (و بەسەر دوژمندا زاڵی کردن) و لە ڕۆژی حونەین (یشدا یارمەتی دان)، لەو کاتەی کە لە زۆربوونی خۆتان سەرتان سووڕما، بەڵام (زۆربوونتان) لە هیچ شتێک ئێوەی بێنیاز نەکرد (و کۆسپێکی لە ڕێتان لانەبرد) و (گۆی) زەوی بەو هەموو بەرینییەوە بۆتان تەنگەبەر بوو، لە پاشان پشتتان کردە دوژمن و ڕاتانکرد ﴿٢٥﴾ لە پاشان خوا دڵنیایی (سەکینە و) هێمنایەتی خۆی بۆ سەر پێغەمبەری خۆی و بۆ بڕواداران نارد و پێشمەرگە و گریلایشی دابەزاند و ناردی (تا یارمەتی ئێوە بدەن) کە ئێوە ئەوانتان نەدەدی، خوا خوانەناسانی جەزرەبە دا و سزای خوانەناسانیش هەرئەوەیە ﴿٢٦﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



پاشان لە دوای ئەوەیش هەرکەسێ خوا بیەوێ (و شیاویش بێ) پەشیمانی و تۆبەی لـێ قەبـووڵ دەکا، خوا فرە لێبـور و دڵلاوێنـە ﴿٢٧﴾ ئەی کەسـانێ کە بڕواتـان هێنـاوە! بە هەقـیقەت بـت پەرستان ناپاکن، جا نابێ دوای ئەمساڵ لە مەسجدولحەرام نێزیـک بـنەوە، ئەگەر لە هەژاری و ئاتاجیش ئەترسن، جا خوا لە خۆی بێنیازتان دەکـا، ئەگەر بـیەوێ، خـوا پـڕ زانـا و لەکـارزانە ﴿٢٨﴾ بجەنگن لەگەڵ ئەوانەی کە بڕوایـان بە خـوا و ڕۆژی بەری نیـیە، بە حەرام و بە نـاڕەوای نازانن ئەوەی وا خوا و پێغەمبەری ئەو بە ناڕەوایان داناوە، ئەو کەسانەی کیتاویشیان پێدراوە نایێنە سەر دینی ڕاستیش تا ئەو تا بە دەستی خۆیان بە زەلیلی و سەرشۆڕی سـەرانەی خۆیـان بە ئێوە بدەن ﴿٢٩﴾ جوولەکە وتیـان: عـوزەیر کـوڕی خوایـە! فەلەکـان وتیـان: مەسـیح کـوڕی خـوایە، ئەم قسـانە کە بە زاریانەوەیـە؛ وەک قسـەی کەسـانێکە لەبەرا حاشـایان لە خـوا و پێغەمبەر کردبوو، خوا بیانکوژێ چ درۆیەک دەڵێن؟ ﴿٣٠﴾ (ئەوانە:) لەجیاتی خـوا زانایـان و ڕەبەنەکانی خۆیان، مەسیحی کوڕی مەریەمیان کردە گەورە و خوا، لە حاڵێکـدا بـێجگە لەمە فەرمانیان پێ نەکرابوو کە نابێ بێجگە لە خوای تاق و تەنیا بپەرستن؛ خـوا پـاکە و لەوەیـش بەدوورە کە بە هاوتای خوای دادەنێن ﴿٣١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەوانە دەیانەوێ بە فووی دەمیان تیشکی ڕووناکایی خوا بکوژێننەوە، بەڵام خوایش خۆی لێ بڕاوە کە ئەم تیشکە (دینی ئیسلام) بە تەواوی سەربخا با خوانەناسانیش حەز نەکەن و پێیان ناخۆش بێ ﴿٣٢﴾ ئەو زاتێکە پێغەمبەری خۆی بۆ ڕێنیشاندان و ئایینی بەرهەقەوە نارد تا هەموو دینەکان وەبەر خۆی بدا و بەسەریاندا زاڵی بکا، هەرچەند ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خوا داناوە؛ حەز نەکەن و پێیان ناخۆش بێ ﴿٣٣﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! زۆرێ لە زانایان (ی ئەهلی کتێب) و ڕاهیبان، ماڵی خەڵک بە خوتوخۆڕایی دەخۆن و لە ڕێگای خوایش دەیانگێڕنەوە، ئەوانە کە زێڕ و زیو دەکەنە گەنجینە و لە ڕێگای خوادا نایبەخشنەوە، جا مزگێنییان بە عەزابی بەژان و پڕ دەرد بدەیێ ﴿٣٤﴾ ڕۆژێ کە (زێڕ و زیو) لە ئاگری جەهەندەمدا سوور ئەکرێتەوە، جا توێڵ و کەلەکە و پشتیانی پێ داغ ئەکرێ (بەوان دەڵێن:) ئەمە هەر شتە بوو کە کردتانە گەنج بۆ خۆتان، جا دەردی ئەو شتەی کە کردووتانەتە گەنجینە بۆ خۆتان بیچێژن ﴿٣٥﴾ لەو ڕۆژەوە کە خوا ئاسمان و گۆی زەوی داهێناوە لە کتێبی خۆیدا نووسیویەتی ژمارەی مانگەکان دوازدەن، کە لەوانە چوار مانگیان حەرامەمانگن (و جەنگ لەواندا قەدەغەیە)، ئەمە ئایینێکی بەردەوام و پتەوە (لای خوا)، جا لەبەر ئەمە لەم مانگانەدا ستەم لە خۆتان مەکەن (و لە هەر جۆرە خوێنڕێژی خۆ بپارێزن) هەمووتان بەتێکڕا لەگەڵ ئەم بتپەرستانە بجەنگن، هەروەکوو ئەوان هەموویان بە کەلەکۆمە لەگەڵ ئێوە جەنگ دەکەن، بزانن بەڕاستی خوا لەگەڵ خۆپارێزانە ﴿٣٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دكتور سا لح ئیبرا هیمی



گـوێزانەوە و جـێبەجـێ کـردن و دواخسـتنی حەرامەمانگەکـان دەبێـتە هـۆی زیـاد بـوونی خوانەناسی و خوانەناسەکانی پـێ لارێ و گـومڕا دەکـا لە سـاڵێکدا شـەڕ بە ڕەوا دەزانـن و لە ساڵێکدا بە ناڕەوا، تـا ژمـارەی مـانگە ڕەوا و ناڕەواکـان بـخەنەوە یەک و بەخەیـاڵ بەرامـبەر بێنەوە و لە ئاکامدا ئەوەی خوا بە نـاڕەوای دانـاوە، بە ڕەوای بـزانن، دیـارە شـەیتان کـردەوەی ناحەز و کرێت و ناڕەوای ئەوانی لە بەرچاویان بۆیانی بە باش و جوان ڕازانـدۆتەوە، خـوا هـۆزی دژە دین ڕێنوێنی ناکا ﴿٣٧﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! بۆچ کـاتێ کە بە ئێـوە وتـرا: لە ڕێگـای خـوادا بەرەو خەزا بـڕۆن، لە زەویـدا لەشگرانـی دەکەن؟ ئایـا بە ژیـانی دنیـا لەبـاتی ئاخیرەت ڕازی بوون! جا (بزانن) خۆشی ژیانی دنیا لەبەرانبەر ئاخیرەتدا شـتێک نییـە، مەگەر کەم و بێبـایەخ ﴿٣٨﴾ ئەگەر (بەرەو مەیـدانی خەزا) نەڕۆن، خـوا عەزابێکـی دەرداویتـان پـێ دەگەیێنێ و تاقمێتر لەبـاتی ئێـوە دائەنـێ، هـیچ زیـانێ بەو نـاگەیێنن، خـوا بەسـەر هەمـوو شتێکدا بەتوانـا و بەوزەیە ﴿٣٩﴾ ئەگەر یـارمەتی ئەو نەدەن، جـا بە هەقـیقەت خـوا بۆخـۆی دەهانای هات، ئەو دەمە کە خوانەناسان ئەویان (لە مەککە) دەرکردبـوو ئەو وەختـەیش کە لە ئەشـکەوتەکەدا بـوون، هەر یەکێـک بـوو لە دوو کەسـان، ئەو وەختـیش، بە هەواڵەکەی خـۆی (ئەبوبەکر)ی؛ دەوت: خەفەت مەخۆ، خوا لەگەڵمانە! لەو دەمەدا خوا سەکینە و ئۆقرەی خـۆی بۆ نـارد و بە سـپای پێشـمەرگە کە نەدەبینـدران یارمەتییـانی دا، وتـار و قسـە (و ئامـانجی) خوانەناسانی وەبنەدا و لە خوارێ ڕایگرت (و تێکی شـکاندن) و قسـەی خـوا (و ئـاییـنی ئەو)ی بەرز و سەر خست، خوا فرە بەدەسەڵات و لەکارزانە ﴿٤٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بەپەلە بەرەو جەنگ ڕاپەڕن، چ سووکبار و چ گرانبار بن و بە ماڵ و گیانی خۆتان لە ڕێگای خوا خەزا بکەن، ئەمە بۆ ئێوە باشترە ئەگەر بزانن ﴿٤١﴾ (تاقمێ لەوانە جۆرێکن کە) ئەگەر دەسکەوتێکی بێ ڕەنج و نێزیک و سەفەرێکی کورت و ئاسانیان لەبەر با (بۆ تەماعی دنیا) لە تۆ پەیڕەوی دەکەن، بەڵام ڕێگای سەخت و دژوار وەک: (جەنگی تەبووک) بۆ ئەوان (سەخت هات (لەبەر ئەوە لەشگرانییان کرد و ملیان بادا)، لە دواییدا بە خوا سوێند ئەخۆن کە ئەگەر بمانتوانیبا، لەگەڵتان دەهاتین، (بەم درۆیانە) خۆیان لەناو ئەبەن، خوا ئەزانێ کە ئەوانە درۆزنن ﴿٤٢﴾ خوا تۆ ببەخشێ، بۆچ ئیجازەت بەوان دا، کەمێ خۆت ڕابگرتبا تا بۆت دەرکەوتبا کێهە ڕاستن و درۆبێژانیش بناسی؟! ﴿٤٣﴾ ئەوانە کە بە خوا و ڕۆژی پەسلان بڕوایان هەیە، نایەن ئیجازەت لێ بخوازن کە ئایا بە گیان و بە ماڵ لە ڕێی خوا خەزا بکەین، دەڕۆن دەیکەن، خوا خۆپارێزان دەناسێ ﴿٤٤﴾ تەنیا کەسانێ لە تۆ ئیجازە(ی نەهاتن بۆ جەنگ) وەردەگرن کە بڕوایان بە خوا و ڕۆژی جەزا نییە و دڵ و دەروونیان لە شک و دوودڵیدایە، جا ئەوان لە دوودڵی خۆیان سەرگەردانن ﴿٤٥﴾ ئەگەر (ڕاست دەڵێن و بیانویستبایە (بۆ جەنگ) دەرکەون، کەرەستەی پێویستیان ئامادە ئەکرد، بەڵام خوا هاتنی ئەوانی پەسەند نەکرد، جا تین و تاوی دڵی ئەوانی لە ورە خست و (لەم کارەیش) ڕایگرتن، بەوان وترا: لەگەڵ پەککەوتوان و (منداڵ و پیر و نەخۆشان) دابنیشن ﴿٤٦﴾ ئەگەر لەگەڵ ئێوەیشدا بچووبایەنە (مەیدانی جەنگ)، بێجگە لە دوودڵی و پەرێشانی شتێکیان بە ئێوە زیاد نەدەکرد و بەلەز لە نێوان ئێوەدا دەسیان دەکرد بە ئاژاوەنانەوە، لە نێو ئێوەدا کەسانێ (سست و زەعیف) هەن کە قسەی ئەوانەیان دەبیست و وەریاندەگرت، خوا ئاگای لە ناحەقیکاران و ستەمکارانە ﴿٤٧﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەوانە بەر لەوەش دەسیان دابووە ئاژاوەنانەوە و پشێوی و کردەوەکانیان بۆ تۆ گۆڕی و بەراوەژوو نیشانیان دەدا، هەتا فەرمانی خوا ئاشکرا بوو و سەر کەوت، لە حاڵێکدا پێیان ناخۆش بوو ﴿٤٨﴾ هەندێ لەوانە دەڵێن: ئیجازەمان بدە (تا لە خەزا بەشدار نەبین) و تووشی گوناحمان مەکە (نەوەکوو لەوێدا ئەوینداری کچە ڕۆمییان ببین)، ئاگادار بن (ئێستا) کەوتوونەتە ناو گوناح، جەهەندەم دەوری خوانەناسانی داگرتووە! ﴿٤٩﴾ هەرکاتێ چاکەیەک بە تۆ بگا، نارەحەتیان دەکا، ئەگەر خراپەیەک (تەنگانە و زەرەرێک) بە تۆ بگا، دەڵێن: ئێمە لەبەرا تێبینیمان دەکرد و مشووری خۆمان خوارد و کارقایمی خۆمان کرد، بە دڵخۆشی لە تۆ دوورەپەرێزی دەکەن ﴿٥٠﴾ بڵێ: هیچ ڕووداوێک بۆ ئێمە ڕوو نادا، مەگەر ئەوەی وا خوا بۆ ئێمەی نووسیوە، ئەو دۆست (و پشتیوانی ئێمەیە)، جا بڕواداران گەرەک و پێوستە تەنیا پشت بە خوا ببەستن ﴿٥١﴾ بڵێ: ئایا لەبابەت ئێمەوە بێجگە لە یەکێ لەو دووانەی کە هەردووکیان باشن چتێ ترمان تووش ببێ؟ (یا بەسەرتانا زاڵ دەبین یا شەهید دەکرێین)، ئێمەیش بۆ ئێوە چاوەڕوانین کە خوا ئێوە تووشی عەزابێ لە لایەن خۆیەوە بکا یا بە دەستی ئێمە (لەم دنیایە لەناو بچن)، جا چاوەنۆڕ بن و ئێمەیش لەگەڵ ئێوە چاوەڕوانین ﴿٥٢﴾ بڵێ: بە دڵ بێ یا بە نابەدڵی، ماڵێ کە بەختی بکەن، خوا لێیان قەبووڵ ناکا، چونکا ئێوە کۆمەڵێ لە ڕێ لادەر بوون ﴿٥٣﴾ هەر بۆیێ هەرشتێ بەختی بکەن خوا لێیان قەبووڵ ناکا، چونکا ئەوانە لە خوا و پێغەمبەرەکەی حاشایان کرد و نوێژەکانیان بە تەمەڵی بەجێدێنن و ئەوەی دەیشیبەخشن بە نابەدڵییە ﴿٥٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



جا (زۆر بوونی) ماڵ و منداڵی ئەوان، سەرسووڕماوت نەکا، خوا ئەیەوێ بەو هۆیەوە ئەوانە لە ژیانی ئەم دنیایە بەوانە شکەنجە بدا و بە سەختی گیانی ئەوان دەربچێ، چونکا خوانەناسن ﴿٥٥﴾ بە خوا سوێند دەخۆن کە ئەوان لە ئێوەن و کەچی لە ئێوە نین، بەڵام ئەوانە تاقمێکن ئەترسن (زراویان چووە)، چونکە درۆ دەکەن ﴿٥٦﴾ ئەگەر پەنا و پەسیو یا جێی حەوانەوە، یا ڕەهۆڵێک یا ئەشکەوتانێک شک ببردبا و بدۆزنەوە، خۆی بۆ لوول دەکەن، بە هەڵەداوان بۆی دەچن ﴿٥٧﴾ لەوان کەسانێ هەن کە لە دابەش کردنی سەدەقە و دەسکەوت لە تۆ بە گازندەن و ڕەخنە لە تۆ دەگرن جا ئەگەر لەوانە بەوان بدرێ ڕازی دەبن، ئەگەر پێیان نەدرێ، تووڕە و قەڵس دەبن و دەبۆڵێنن (چ مافی ئەوان بێ یا مافیان نەبێ) ﴿٥٨﴾ ئەگەر ئەوان بەوەی کە خوا و پێغەمبەری ئەو پێیان ئەدا ڕازی دەبوون و دەیانگوت: خوا بەسە بۆ ئێمە، لە دواییدا خوا و پێغەمبەری خوا لە فەزڵی خۆی ئەماندا‌تێ، ئێمە تەنیا ڕەزای ئەومان دەوێ (ئەگەر وابن بەسوودیانە) ﴿٥٩﴾ زەکات تەنیا بۆ هەژاران و مسکێنان و کرێکارانێکە کە بۆ (کۆکردنەوەی) ئەو کار دەکەن و بەختیش بکرێ بۆ هۆگری نەیاران تا دڵیان بۆ لای خوا ڕابکێشێ، (ئەو زەکاتەیان پێ‌ئەدرێ)، بۆ ئازادکردنی کۆیلان و یەخسیر، بۆ (دانەوەی قەرزی) قەرزداران و هەروا زەکات بدرێ لە ڕێگای (پتەو کردنی) ئایینی خوا، بۆ ئەوانەیە کە لە ڕێگا بەجێ‌ماون، ئەمە بڕیار و ئەرکێکە لە خواوە، خوا زانا و لەکارزانە ﴿٦٠﴾ لەوانە کەسانێک هەن کە پێغەمبەر ئازار ئەدەن و دەڵێن: ئەو خۆش‌باوەڕ و گوێڕادێرە! بڵێ: گوێ لە چاکە دەگرێ کە بە قازانجی ئێوەیە، ئەو بڕوای بە خوایە و (هەروەها) بڕوای بە بڕواداران هەیە و ڕەحمەتە بۆ کەسانێ لە ئێوە کە بڕوایان هێناوە، ئەوانەش کە ڕاسپاردەی خوا، عەزیەت و ئازار ئەدەن، عەزابی دەردناکیان بۆ هەیە ﴿٦١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بۆ ئێوە سوێند بە خوا ئەخۆن تا ئێوە ڕازی بکەن، کەچی شیاوتر ئەوەیە کە خوا و پێغەمبەری خوا ڕازی بکەن، ئەگەر (ڕاستبێژن و) بڕوادارن ﴿٦٢﴾ بۆ دەبێ نەیانزانیبێ هەرکەسێکی لەگەڵ خوا و پێغەمبەری خوادا دوژمنی بکا، بۆ ئەو ئاگری جەهەندەم هەیە کە بۆ هەمیشە لەوێدا قەتیس دەمێنێتەوە، ئەمە بەدنێوی و ڕیسوایی و نەنگێکی گەورەیە ﴿٦٣﴾ دووڕووەکان مەترسی ئەوەیانە کە سوورەتێک بە دژی ئەوان بێتە خوارێ و خەبەریان پێبدا و ئەوەی وا لە دڵ و دەروونیاندایە ڕازەیان ئاشکرا بکا، بڵێ ئێوە گاڵتە و گەپجاڕ بکەن، ئەوەی وا لێی دەترسن و خۆی لێ دەپارێزن، خوا ئاشکرای دەکا! ﴿٦٤﴾ ئەگەر لەوانە پرسیار بکەی (بۆچ ئەم کارە ناشیاوانەتان ئەنجام داوە)، ڕاست دەڵێن: کایە و گاڵتەمان دەکرد، بڵێ: ئایا بە خوا و نیشانەی خوا و بە پێغەمبەری خوا گاڵتە دەکەن؟ ﴿٦٥﴾ (بڵێ:) عوزر نەهێننەوە (کە بێکەڵکە، چونکە) ئێوە دوای بڕواهێنان بوونە دژی ئیسلامەتی، ئەگەر تاقمێ لە ئێوە (لەبەر تۆبە کردن) خۆش ببین، دەبێ تاقمێ‌تر ئازار بدرێن، چونکە ئەوانە تاوانبار بوون ﴿٦٦﴾ پیاوانی دووڕوو و ژنانی دووڕوو وەکوو یەکن و هەموو لە یەکترن، ئەوانە بە خراپە فەرمان ئەدەن و ڕێ لە چاکە دەگرن و دەستیان (لە بەخشین) دەقووچێنن، خوایان لە بیر بردەوە و خوایش ئەوانی لەبیر بردووە (و ڕەحمەتی خۆی لێبڕیون)، هەر دووڕووەکان خوانەناسن و لە ڕێ لادەرن ﴿٦٧﴾ خوا بە پیاوان و ژنانی دووڕوو، وە بە خوانەناسان بەتێکڕا بەڵێنی ئاگری جەهەندەمی داوە کە بۆ هەمیشە سەرپاک گشتیان لەوێدا قەتیس ئەمێننەوە، ئەوە بۆ ئەوان بەسە، خوا ئەوانەی لە ڕەحمەتی خۆی دوور خستۆتەوە، عەزابی هەمیشەیی هەر بۆ ئەوانە ﴿٦٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

(ئێوە دووڕووەکان) هەروەک کەسانێکن کە بەر لە ئێوە بوون (و ڕێگای دووڕوویییان گرتە بەر)، ئەوانە لە ئێوە قەویتر و بەوزەتر و ماڵ و منداڵیشیان زۆرتر بوو، ئەوان لە بەشی خۆیان (لە دنیا لە ڕێگای هەوەس و تاواندا) کەڵکیان وەرگرت، ئێوەش لە بەشی خۆتان (لەم ڕێگایەدا) کەڵکتان وەرگرت، هەر بەو جۆرەی ئەوانەی بەر لە ئێوە کەڵکیان وەرگرت، ئێوە تووشی پڕوپووچ بوون هەروەک ئەوانە تووشی بوون؛ ئەوان لە دنیا و ئاخیرەتدا کار و کردەوەیان بەفیڕۆ چوو، هەر ئەوانەش زیان لێکەوتوون ﴿٦٩﴾ ئایا هەواڵی کەسانێ کە بەر لەوان بوون، بەوان نەگەیشتووە، هۆزی نووح و عاد (هۆزی هوود) و سەموود (هۆزی سالح) و هۆزی ئیبراهیم و یارانی مەدیەن (هۆزی شوعەیب) و شارە ژێر و ڕوو کراوەکانی (هۆزی لووت) کە پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگەی ڕوونەوە هاتنە لایان (بەڵام وەریان نەگرتن)، دیارە خوا ستەمی لەوان نەکردووە، بەڵکوو خۆیان ستەمیان لە خۆیان کردووە ﴿٧٠﴾ پیاوان و ژنانی بڕوادار دۆستی یەکترن، بە چاکە فەرمان ئەدەن و بەر لە خراپە و کاری پیس و دزێو و ناحەز و نالەبار دەگرن و نوێژ بەجێدێنن و زەکات دەدەن، و لە خوا و پێغەمبەری خوا ئیتاعەت دەکەن، لە دواییدا خوا ئەوانە دەخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی، خوا فرە بەدەسەڵات و لەکارزانە ﴿٧١﴾ خوا بە پیاوان و ژنانی بڕوادار بەڵێنی باغگەڵێکی لە بەهەشت داوە کە چۆمەئاو بەخوڕ بە بن دارەکانیاندا ئەڕوا، بۆ هەمیشە لەوێدا ئەمێننەوە و خانووبەرەگەلێ بە باغاتی بەهەشتی عەدەنی پێداون، وە ڕەزای خوا (لە هەموو ئەوانە) باشترە! دەسکەوتی گەورەش هەر ئەمەیە ﴿٧٢﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئەی پێغەمبەرا! لەگەڵ خوانەناسان و دووڕووەکاندا بە شەڕ وەرە و بەسەریاندا توند و تـووڕە بە، جێگایـان جەهەنـدەمە و چ چارەنووسـێکی خـراپە ﴿٧٣﴾ سـوێند بە خـوا دەخـۆن (کە قسـەی خراپیان لە پشت سەری پێغەمبەر) نەگوتووە، کەچی بە یەقین قسەی خوانەناسانەیان کردووە، دوای موسوڵمان بوون، لە دین پەشیمان بوونەتەوە و (بۆ کاری خراپ) لێبڕان کە بۆیان نەلـوا و نەڕەخسا، هەر لەبەر ئەوەی کە خوا و پێغەمبەری خوا ئەوانی بەو چاکەیە بێنیاز کردوون، جـا (بەم حاڵەشەوە) ئەگەر تۆبە بکەن، بۆیان چاکتر ئەبێ، ئەگەر ملبادەن لەم دنیا و ئەو دنیا خوا بە ئازارێکی دەردناک جەزرەبەیان ئەدا، لەسەر ئەم خاکە هـیچ یـار و پشـتیوانێکیان بـۆ نییـە ﴿٧٤﴾ لەوانە کەسانێک هەن کە پەیمانیان لەگەڵ خوا گرێ دا کە شەرتە، ئەگەر خوا لە چاکەی خۆی ماڵمان بداتێ، خێـر و خێـرات ئەکەیـن و لە پیاوچاکـان دەبـین ﴿٧٥﴾ جـا کـاتێ خـوا لە چاکەی خۆی بەشی پێ دان، ڕژدییان لەسەر کرد و ملیـان بـادا، ئەوان ڕوو وەرگێـڕن ﴿٧٦﴾ جـا لەبەر ئەوەی پەیمانی خوایان شکاند و درۆیشـیان لەگەڵ خـوا کـرد، دووڕوویـی هەر لە دڵیانـدا هێشتۆتەوە تـا ئەو ڕۆژەی دێـنەوە بەر بارەگـای خـودا ﴿٧٧﴾ ئایـا نەیانـدەزانی کە خـوا ڕاز و قسەی بە سرتەسرتی ئەوانی دەزانـی، خـوا لە هەمـوو نادیـار و نهێنییـەک زۆر ئاگـایە ﴿٧٨﴾ کەسانێ کە لەو بڕوادارانەی وا بە دڵ و گیان بێجگە لە زەکات، خێراتیش دەکـــــەن، تەوس و تەشـەر و تانەیـان لـێدەدەن (و دەڵـێن: ئەمە ڕووبینـی و ڕیایـە) و هەروا لەو کـــــەسانەی وا هـــەر ئەوەنـدەیان دەس دەڕوا کە دەیبەخشـن ئەوسـا گاڵتەیشـیان پـێدەکەن، خـوایش گـاڵتە بەمان دەکا ﴿٧٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

چ داوای لێبوردنیان بۆ بکەی یا نەکەی، (تەنانەت) ئەگەر حەفتا جاریش داوای لێبوردنیان بـۆ بـکەی، هێمـان خـوا نایانبەخشـێ، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە لە خـوا و پێغەمـبەرەکەی حاشایان کرد، خوا هۆزی خوانەناسان ڕێنوێنی ناکا ﴿٨٠﴾ فەرمانەبەران (لە جەنگی تەبووک) بەوە دڵخۆشن کە لە ماڵی خۆیانمان و لە هاوڕێ بوون لەگەڵ خوا و پێغەمبەری خـوا لایـان دا؛ دڵیان پێوە نەبوو بە ماڵ و گیان لە ڕێی خوادا خەزا بکەن و بکۆشن، دەیـانوت: لەم گەرمـایەدا (بۆ مەیدانی جەنگ) نەچن، بەوانە بڵێ: ئاگری جەهەندەم لەمەیـش گەرمتـرە، ئەگەر فامیـان دەکرد ﴿٨١﴾ جا با ئەوان کەم پێبکەنن و زۆر بگریێن، لە سـزای ئەم کـارانەی ئەنجامیـان داوە ﴿٨٢﴾ جا هەرکاتێ خوا تۆ بۆ لای ئەوان بگەڕێنێـتەوە، جـا لە تـۆ ئیجـازەی چـوونەدەرێ (بـۆ مەیدانی خەزا) بخوازن، بڵێ: هیچ کاتێ لەگەڵ من نایەنەدەرێ و هەرگیـز لەگەڵ منـدا، لەگەڵ دوژمنـدا ناجەنگن، چونکە ئێوە یەکەم جار بە دانیشتن ڕازی بوون، ئێستاش لەگەڵ ملبادەرانا بمێننەوە ﴿٨٣﴾ کاتێ یەکێ لەوان مرد، هیچکات لەسەری نوێژ مەخوێنن، ئەوانە حاشـایان لە خـوا و پێغەمـبەرەکەی کـرد، لە حاڵێکـدا بە ناموسـڵمانی مـردن ﴿٨٤﴾ مـاڵ و منـاڵی ئەوان نەبێتە هۆی سەرسووڕمانی تۆ (ئەوانە بۆ ئەوان نیعمەت نییە، بەڵکوو) بەڕاستی خـوا ئەیەوێ بە هۆی ئەوانەوە لە دنیادا جەزرەبەیان بدا، گیانیان دەربچـێ لە حاڵێکـدا کە خوانەنـاس بـوون ﴿٨٥﴾ کاتێ ســوورەیەک دێتە خوارێ کە بـڕوابە خـوا بێـنن و هـاوڕێ لەگەڵ پێغەمـبەرەکەی خەزا بـکەن؛ کەسـانێ لــەوان: (دووڕووەکـان) کە دەسـەڵات و وزەشـیان هەیە، لە تـۆ ئیجـازە دەخوازن و دەڵێــن: وازمان لــێ بێنێ و لێمان بگەڕێ با لەگەڵ دانیشتووەکان بین (کە لە خەزا تەرخان بن ﴿٨٦﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەوانە ڕازی بوون کە لەگەڵ دانیشتووان بن و مۆر لە دڵیان دراوە و هیچ تێناگەن ﴿٨٧﴾ بەڵام پێغەمبەر و ئەوانەی کە بڕوایان بەو هێناوە بە ماڵ و گیانیان کەوتنە خەزا، خۆشی و چاکە هەر بۆ ئەوانە و هەر ئەوانیشن ڕزگار ﴿٨٨﴾ خوا بۆ ئەوان باغگەلێکی ساز داوە کە چۆمەئاو بە بن دارەکانیدا بەخوڕ دەڕوا، بۆ هەمیشەش لەویدا ئەمێننەوە، ئەمە ڕزگارییەکی مەزنە ﴿٨٩﴾ بیانووگرانی عەرەبی دەشتەکی هاتنە (لای تۆ) کە ئیجازەی دانیشتنیان پێ بدرێ، کە نەچنە خەزا، بەڵام ئەوانەی وا بە خوا و پێغەمبەری خوا درۆیان وت (بێعوزر لە ماڵی خۆیان) دانیشتن، لە دواییدا کەسانێ لەوانە خوانەناس بوون (و عوزریان نەبوو) بەم زووانە ئازار و عەزابێکی دەردوییان دەگاتێ ﴿٩٠﴾ بۆ بێهێزان و نەخۆشان و لەشبەبار و ئەوانەی کە هیچیان بە دەستەوە نییە (کە بۆ خەزا) خەرجی بکەن، تاوانێک نییە (کە لە جەنگدا بەشدار نەبن)، کاتێ بۆ خوا و پێغەمبەری خوا خێرخوازی بکەن (و لەوەی وا لە وزەیاندایە درێغ نەکەن) هەروا تاوانێک لەسەر کارچاکان نییە، خوا لێبور و دڵاوێنە ﴿٩١﴾ (هەروا) تاوانێک بۆ ئەوانە نییە، کاتێ بێنە لای تۆ تا بۆ (جەنگ) سواریان بکەی، وتت: چارەوێیەکم نییە کە ئێوەی سوار بکەم، (لای تۆ) گەڕانەوە، کەچی لە خەفەتا فرمێسک تزابووە کالانەی چاویان، چونکە شتێکیان نەبوو (تا لە ڕێگای خوادا) خەرجی بکەن ﴿٩٢﴾ ڕێگای گازندە و تاوانبار کردن تەنیا بۆ کەسانێک ئاواڵەیە کە لە تۆ ئیجازە دەخوازن، کەچی بێنیازن، ئەوانە ڕازی بوون کە لەگەڵ دانیشتووان بمێننەوە، نەچنە خەزا و خوا مۆری لە دڵی ئەوان داوە، جا لەبەر ئەوە هیچ شتێک نازانن ﴿٩٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



کاتێ کە بۆ لای ئەوانە (کە لە خەزا کردن ملیان بادا) گەڕاینەوە، بۆ ئێوە عوزر دێننەوە، بڵێ: عوزر مەهێننەوە و هەرگیز باوەڕتان پێناکەین، بەڕاستی خوا ئێمەی لە هەواڵی ئێوە ئاگادار کردووە و خوا و ڕەسووڵی خوا کردەوەی ئێوە دەبینن، لە پاشان بۆ لای کەسێ کە لە بەرچاو و نادیار و نهێنی و دیار و خۆیا و ئاشکرای ئێوە ئاگایە، دەگێڕدرێنەوە، جا بەوەی ئەنجامتان داوە ئاگادارتان دەکاتەوە (و سزاتان دەدا) ﴿٩٤﴾ کاتێ بۆ لای ئەوان دەگەڕێیتەوە بۆ ئێوە سوێند بە خوا دەخۆن چاوپۆشییان لێبکەی، جا دوورییان لێبکە، ئەوانە چەپەڵ و پیسن و جێیان نێوەڕاستی دۆزەخە، بە سزای ئەوەی کردوویانە ﴿٩٥﴾ سوێندتان بۆ دەخۆن تا لێیان ڕازی بی، جا ئەگەر ئێوەش لێیان ڕازی بن، خوا لە تاقمی خوانەناسان و فاسقان ڕازی نابێ ﴿٩٦﴾ عەرەبی بیابانی لەبەر خوانەناسی و دووڕوویی سەخت و بێڕەزاترن و بۆ سنوور پێنەزانینی ئەوەی خوا بۆ پێغەمبەرەکەی ناردووە ناشی و لەکار نەزان و کۆڵێترن و خوا زۆر زانا و لەکارزانە ﴿٩٧﴾ تاقمێ لەم عەرەبی بیابانی شتێک کە (لە ڕێگای خوادا) ئەیبەخشن بە زیانی ئەزانن، لایان وایە باژ و پیتاکیان لێ سەندراوە و بۆ ئێوە چاوەڕوانی ڕووداوەکانی دڵتەزێنن، بە خەیاڵ دەڵێن کە هەربینا بەو زووانە موسوڵمانان تووشی ڕووداوی بەدفەڕ بن، هەر بۆ ئەوانە، خوا بیسەر و فرە زانایە ﴿٩٨﴾ تاقمێ (تر) لە عەرەبە بیابانییەکان بڕوایان بە خوا و ڕۆژی بەرێ هەیە، ئەوەی کە دەیبەخشن بۆ نێزیکی لە خوایە و بۆ ئەمەیە کە پێغەمبەر بە دوعا و نزا لە بیریان نەباتەوە با بزانن کە هەربینا ئەوە بێتە هۆی نیزیکی لە خوا و خوا دەیانباتە بەر بەزەیی خۆی، بەڕاستی خوا لێبور و دڵاوێنە ﴿٩٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



پێشـــەنگانی یەکەمـــین لە ئاوارەکـــان و ئەوانەی وا یـــارمەتی ئاوارەکـــانی یەکەمینیـــان دا، ئەوانەیـش کە بە چاکی پەیڕەوییـان لەوان کـرد، خـوا لێیـان ڕازییە و ئەوانـیش لەو ڕازیـن، و باغگەلێکی (لە بەهەشت) بۆ ئامادە کردوون کە چۆمەئاو بە بن دارەکانیدا ئەڕوا، هەمیشەیش لەوێدا دەمێننەوە و ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەیە ﴿١٠٠﴾ لە (نێو) عەرەبی (بیابانی) کە لە دەوری تۆن، دەستەیەکیان دە ڕوون و هەندێکیش لە خەڵکی مەدینە دووڕوون، سـەخت لەسـەر دووڕوویی پێدادەگرن و هەر بۆ دووڕوویی ڕاهاتوون و بە تەواوی بار هاتوون کە نایانناسـی (و) ئێمە دەیانناسین، ئێمە دوو جار ئازاریان دەدەین، ئەوسـا بـۆ لای جەزرەبەی گەورە (لەو دنیـا) بەڕێ دەکرێن ﴿١٠١﴾ هەندێ‌تر ددانیان بە تـاوانی خۆیـان دانـا و کـردەوەی چـاک و ناچاکیـان لێکدا، بەڵکوو خوا تۆبەی ئەوانە قەبووڵ بکا، بەڕاستی خوا لێبور و دڵلاوێنە ﴿١٠٢﴾ لە ماڵی ئەوان سەدەقە (زەکات) بگرە تا بە هـۆی ئەوە پاکیـان بکەیـتەوە و پەروەردەیـان بـکەی (و لە کاتی زەکات وەرگرتندا) دوعا و سزای خێریان بۆ بکە، بەڕاستی دوعای تۆ هۆی ئۆقرە و ئـارام بوونی ئەوانە، خوا زۆر بیسەر و زانایە ﴿١٠٣﴾ ئایا نـازانن کە هەر خـوایە تـۆبە لە بەنـدەکانی قەبووڵ دەکا و سەدەقەیان لـێ وەردەگـرێ، بەڕاسـتی هەر خـوایە تـۆبە قەبووڵکـار و دڵلاوێـنە ﴿١٠٤﴾ بڵێ: (هەر کردەوەیەک کە پێتان خۆشە) بیکەن، جا لە دواییدا خوا و ڕاسپاردەی خوا و بڕواداران کردەوەی ئێوە دەبینن (و دەیناسن و پێیدەزانن) و بە زوویی دەگەڕێـنەوە لای زانـا و ئاگای نادیار و نهێنـی و دیـار و ئاشـکرا، جا بەوەی دەتـانکرد ئاگادارتـان دەکـاتەوە ﴿١٠٥﴾ هەندێ‌تر چاوەڕێی فەرمانی خوادان، سا یا جەزرەیەیان ئەدا یا تۆبەیان لێ قەبـووڵ دەکـا، خـوا زانا و لەکارزانە ﴿١٠٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



(هەندێتر لەوانە) کەسانێکن مزگەوتێکیان بۆ زیان گەیاندن (بە موسڵمانان) (بۆ بە هێزکردنی خوانەناسی دژایەتی و پژگ و بڵاوی لە نێو بڕواداراندا سازدا و تا ڕوانگە و قەلە مندارەیەک بێ بۆ کەسێ کە لەبەرا لەگەڵ خوا و پێغەمبەری خوادا ملەبەملانێی کردبوو، بە هەقیقەت ئەوانە سوێند دەخۆن کە بێجگە لە چاکە نیاز و ویستێکمان نەبووە، بەڵام خوا شایەدی ئەدا کە درۆزنن ﴿١٠٧﴾ هیچ کاتێ لەوێدا ڕامەوەستە (نوێژ مەکە)، ئەو مزگەوتەی وا لە ڕۆژی یەکەمەوە لەسەر هەستی خواترسی دامەزرابێ شیاوترە کە لەوێدا ڕاوەستی (نوێژی تێدا بخوێنی)، لەوێدا پیاوانێک هەن کە پێیان خۆشە پاک و خاوێن بن، خوا پاکانی خۆشدەوێ ﴿١٠٨﴾ ئایا کەسێ کە هیم و بنەڕەتی ئەوەی لەسەر هەستی خوا پەرستی و ڕەزای خوا دارشتووە، چاترە یا کەسێ کە بنەڕەتی ئەوەی لەسەر لێوارەی کەنداڵی فشەڵۆک و ڕووخەک و هەڵدێرێکی بۆش داناوە، جا لەناکاو لەگەڵ ئەودا دەتەپێتە ناو ئاگری جەهەندەمەوە، خوا تاقمی ستەمکاران ڕێنوێنی ناکا ﴿١٠٩﴾ (بەڵام) ئەم بنایەی خانووە کە ئەوان دایاننا، هەمیشە دڵەخورپێ و دوودڵی لە دڵ و دەروونیاندا دێڵێتەوە، مەگەر دڵیان لەتلەت و کوتکوت بێ (و بمرن ئەنا لە دڵیان دەرنایێ)، خوا فرە زانا و لەکارزانە ﴿١١٠﴾ خوا گیان و ماڵی بڕوادارانی کڕیوە کە بەهەشتیان بداتێ (لەبەر ئەوەی) لە ڕێگای خوادا جەنگ دەکەن، جا دەکوژن و دەیشکوژرێن، ئەمە بەڵێنێکی هەقە لەسەر ئەو (کە) کە لە تەوڕات و ئینجیل و قورئاندا باسی کراوە، چ کەسێ لە خوا بە بەڵێنی خۆی وەفادارترە، مزگێنییان بێ بۆ ئەو کڕین و فرۆشتنەی لەگەڵ خوادا کردووتانە و هەر ئەمەیشە دەسکەوتێکی گەورە ﴿١١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دكتور سالح ئیبراهیمی



(بڕواداران ئەمانەن:) تۆبەکاران و خواپەرستان و عیبادەتکاران و ڕۆژووگران سپاسوێژان، سەیرانکەران (بۆ فێربوونی ئەزموون و عیلم و زانین)، کڕنۆش و سوژدەبەران، فەرماندەران بە چاکە و بەرگیریکەران لە خراپە، پارێزەرانی سنوور و کەوشەنی خوا، بە بڕوادارانێکی ئاوا مزگێنی بدە (کە بەهەشت هی ئەوانە)﴿١١٢﴾ بۆ پێغەمبەر و بڕواداران ناشێ کە بۆ بت پەرستان (لەبەر خوا بۆیان) بپاڕێنەوە، هەرچەندە خزمی نێزیکیشیان بن، دوای ئەوەی سوور بۆیان ڕوون بۆوە کە ئەوانە جەهەندەمین ﴿١١٣﴾ داواکردنی ئیبراهیم بۆ خۆشبوون لە باوکی (ئازەری مامی) لەبەر قەول و بەڵێنێک بوو کە بەوی دابوو، بەڵام کاتێ بۆی ڕوون بۆوە کە ئەو دوژمنی خوایە، بێزاری لێکرد و خۆی تێنەگەیاند (چونکە) بەڕاستی ئیبراهیم زۆر دەس بە دوعا و نزا و لەسەرخۆ بوو ﴿١١٤﴾ وا نەبووە کە خوا هۆزێک دوای ڕێنوێنی کردنیان لاڕێ بکا و سزایان بدا تا دیاری نەکا دەبێ لە چی خۆ بپارێزن، بۆیان ڕوون بکاتەوە، بەڕاستی خوا بە هەموو شتێک زانایە ﴿١١٥﴾ بەڕاستی موڵک و دەسەڵاتی ئاسمان و زەوی بۆ خوایە، دەژیێنێ و دەمرێنێ، بێجگە لە خوا پشتیوان و یاوەرێکتان بۆ نییە ﴿١١٦﴾ بە هەقیقەت خوا پێغەمبەر و ئەوانەی دەربەدەرن و ئەوانەی یارمەتیدەرن و ئەوانەی کە لە دەمەوساتی سەختی و تەنگانەدا (لە جەنگی تەبووک) پەیڕەوییان لە پێغەمبەر کرد، دوای ئەوەی کە نێزیک بوو دڵ و دەروونی هەندێ لەوانە (لە ڕێی هەق) لادا (و لە جەنگ بگەڕێنەوە) لە دواییدا خوا تۆبەی ئەوانی قەبووڵ کرد، بەڕاستی خوا سەبارەت بەوان دڵسۆز و دڵاوێنە ﴿١١٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورساڵح ئیبراهیمی



(هەروا) لەبارەی ئەو سێ کەسە (کعب بن مالک و هلال بن امیّة و مرارة بن الربیع) کە لە جەنگی تەبووک بەشدارییان نەکرد، موسڵمانانیش پێوەندی خۆیان لەگەڵ ئەواندا بڕیبوو؛ تا وایان بە سەر هات کە ئەم گۆی زەوییە هەراوەیان لێ وەتەنگ هات؛ خۆیشیان تەنگانەیان هاتێ و زانییان کە بێجگە لە خوا پەنایەک نییە، لە پاشان خوا ئەوانی بەخشی تا بگەڕێنەوە، خوا تۆبە قەبووڵ دەکا و فرە دڵاوێنە ﴿١١٨﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لە (نافەرمانی) خوا خۆبپارێزن و لەگەڵ ڕاستان بن (خۆپارێزان و ڕاستان لە ئایەتی ١٧٧ بەقەرە: چێڵەزەرد بەیان کراوە) ﴿١١٩﴾ ناگونجێ بۆ خەڵکی مەدینە و دەوروبەری لە عەرەبەکانی بیابانی کە ڕاسپادەی خوا بەجێبێڵن و گیانی خۆیان لە گیانی پێغەمبەر خۆشتر بوێ، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە تینوێتی، ماندوویەتی و برسێتی لە ڕێگای خوادا و هەر هەنگاوێ کە ببێتە هۆی تووڕەبوونی خوانەناسان، زەرەر لە دوژمندان، گشتی خوا بە چاکە بۆیان دەنووسێ، بەڕاستی خوا پاداشی کارچاکان زایە ناکا ﴿١٢٠﴾ هەر چەندە ماڵ و دراوێکی دەیبەخشن، کەم نە زۆر، و هەر دۆڵ و گەڵێ کە بۆ جەنگ لە ڕێی خوا دەیبڕن و پێیدا دەرباز دەبن و دەڕۆن خوا بۆیان دەنووسێ بۆ ئەوەی باشترین پاداشیان پێبدا ﴿١٢١﴾ ناگونجێ بڕواداران هەموو (بۆ خەزا) بڕۆن، جا با لە هەر دەستەیەک لەوان هەندێ بڕۆن تا لە دین (و زانستە کانی ئیسلامیدا) ئاگاداری پەیا بکەن و لە کاتی گەڕانەوە، بۆ لای خێڵی خۆیان ئەوان بترسێنن تا (لە نافەرمانی خوا) بترسن تا بەڵکوو (لە گوناح) خۆ ڕابگرن ﴿١٢٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لەگەڵ خوانەناسانێ کە لێتان نێزیکترن جەنگ بکەن (و دوژمنی دوورتر، ئێوە لە دوژمنانی نێزیک غافڵ نەکا) و ئەوانە ئەبێ لە ئێوەوە زەبروزەنگ و توندوتیژی هەست بکەن، بزانن کە بەڕاستی خوا لەگەڵ خۆپارێزانە ﴿١٢٣﴾ هەر دەمێ کە سوورەتێک دێتە خوارێ، هەندێ لە دووڕووەکان (بە یەکتر) دەڵێن: ئەم سوورەتە بڕوای کێهەتانی زیاد کرد؟ (بەوان بڵێ:) بەڵام کەسانێ کە بڕوایان هێناوە بڕوایان زیاد بووە و ئەوان بەکەیف و خۆشحاڵن ﴿١٢٤﴾ بەڵام ئەوانەی لە ناو دڵ و دەروونیاندا دەغەز و نەخۆشی هەیە، پیسی و ناپاکی لەسەر پیسی و ناپاکییان زیاد بووە و بەخوانەناسی مردیشن ﴿١٢٥﴾ ئایا ئەوانە نابینن کە لە هەر ساڵێکدا جارێک یا دوو جار تاقی دەکرێنەوە؟ هێمان پەشیمان نابنەوە و تۆبە ناکەن و ناخەنەوە بیر و تەمێ نابن ﴿١٢٦﴾ هەرکاتێ سوورەتێک بێتە خوارێ، هەندێ لەوان (دووڕووەکان) بۆ یەکتر دەڕوانن (و دەڵێن) ئایا کەسێ کە ئێوە دەبینێ (و ئەگەر لای پێغەمبەر بڕۆین، کەس پێمان نازانێ)، لە پاشان دەگەڕێنەوە (دەچنە دەرێ)، خوا دڵیان لە (هەق) دەگێڕێتەوە، بەڕاستی ئەوانە هۆزێکن نافامن (و بێ‌زانستن) ﴿١٢٧﴾ بە هەقیقەت پێغەمبەرێک لە خۆتان بۆ لاتان هات کە دەرد و بەڵا و ڕەنجی ئێوە لەسەر ئەو گران و سەختە و لەسەر ڕێنوێنی ئێوە سوورە و سەبارەت بە بڕواداران دڵسۆزێکی فرە دڵاوێنە ﴿١٢٨﴾ جا ئەگەر ئەوانە ڕوویان (لە هەق) وەرگێڕا (نیگەران مەبە) بڵێ: خوا بۆ من بەسە، هیچ خودایێ بێجگە لەو نییە و پشتم هەر بەو بەستووە و هەر ئەویشە خێوی تەختی بەختی گەورەیە ﴿١٢٩﴾

## سوورەی یوونس ١٠٩ ئایەتە

دکتورسالح ئیبراهیمی



**سوورەی یوونس لە مەککە هاتۆتە خوارەوە و بە (بسم‌الله)وە ۱۰۹ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەلف، لام، ڕا، ئەوانە نیشانانێکن لە کتێبی پڕ و تەژی لە کارزانی و دوور لە گۆڕان (وتوویشیانە: زانینی جەبر لەم پیتە موقەتەعانە (ئەلف، لام، ڕا) ساز دراوە.) ﴿۱﴾ ئایا ئەمە بۆ خەڵک هۆی سەرسوورمانە کە پیاوێکمان لە خۆیان ڕاسپاردووە کە خەڵک بترسێنە و بە کەسانێ کە بڕوایان هێناوە مزگێنی بدە کە بۆ ئەوان لای پەروەرێنەریان پاداش (و پێشینەی چاک) هەیە، (بەڵام) خوانەناسان وتیان: ئەمە جادووگەرێکی ئاشکرایە ﴿۲﴾ پەروەرێنەرتان ئەو خوایەیە کە ئاسمانگەل و زوی لە شەش ڕۆژ (شەش دەورە) خوڵقاند و سازی دان، پاشان لەسەر تەختی (قودرەت) قەراری گرت و کەوتە تەگبیری بەڕێوەبەری کاروباری (جیهان)، هیچ شەفیع و تکاکارێک نییە مەگەر ئەو ئیجازە بدا، ئەمەیە خوا پەروەرێنەرتانە، جا ئەو بپەرستن، ئایا بیر ناکەنەوە تا پەند و ئامۆژگاری بگرن؟ ﴿۳﴾ گەڕانەوەی هەمووتان بۆ لای ئەوە، خوا وەعدەی هەقی داوە، بەڕاستی ئەو خوڵقاندنی دەس پێ‌کرد و لە پاشان (تازەی دەکاتەوە و) دەیگێڕێتەوە تا کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە، دادگەرانە پاداشیان بداتێ و بە کەسانێ کە بە خوانەناسییان کرد تا مان، هەر خواردنەوەی داغ و سووتێنەر و ئازاری دەردناکیان بۆ هەیە، لەبەر ئەوەی کە کافر بوون ﴿۴﴾ ئەو زاتێکە تەبەق و گۆی ڕۆژی کردە تیشکدەر و مانگی تریفەدار کردووە و بۆ ئەو چەند قۆناغ و مەنزڵگەی دیار کردووە تا ژمارەی ساڵ و حیسابی (کارەکانتان) بزانن، خوا ئەمەی نەخوڵقاندووە، مەگەر بە هەق بەڵگەکان شی دەکاتەوە و بەیانیان دەکا بۆ قەومێ کە دەزانن ﴿۵﴾ بەڕاستی لە هاتوچۆی شەو و ڕۆژ، ئەوەی خوا لە ئاسمانەکان و زەویدا ئافراندوونی بەڵگە و نیشانەگەلێک هەیە بۆ هۆزێ کە لە خوا دەترسن و خۆ دەپارێزن (و گوناح و تاوان چاوی دڵیانی کوێر نەکردووە) ﴿۶﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بەڕاستی ئەوانەی کە هیوای دیداری ئێمە (و ڕۆژی بەریێ)یان نییە و بە ژیانی دنیا ڕازین و پێی دڵنیان، و ئەوانەی کە لە نیشانەکانی ئێمە بێخەبەر و غافڵن (جێی هەموویان ئاگرە) ﴿۷﴾ ئەوانە هەموویان جێگەیان ئاگرە، لەبەر ئەو کارانەی ئەنجامیان داوە ﴿۸﴾ بەڕاستی کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە، خوا بە هۆی بڕوایانەوە، ڕێنوێنییان دەکا، لە ژێر (کۆشکی بەهەشتی پڕ نیعمەتی) ئەوانەوە چۆمەئاو لەناو باغەکانیدا تێدەپەڕێ ﴿۹﴾ قسە ونزا (و پاڕانەوە)ی ئەوان لە بەهەشتدا، ئەمەیە کە ئەی خوایە تۆ پاک و بێخەوشی! و درودی ئەوان سەلامە و ئاخرین قسەیشیان ئەمەیە: حەمد و سپاس تایبەتە بۆ خوا کە پەروەرندەی عالەمیانە ﴿۱۰﴾ ئەگەر بەو جۆرەی کە خەڵک بۆ بەدەسهێنانی چاکە پەلە و تاڵووکەیانە، خوا (بە سزای کردەوەیان) تۆڵەیان لێبستێنێ، ژیانیان تەواو دەبێ (و هەموو تیا ئەچن)، بەڵام ئەوانە کە هیوای دیداری ئێمەیان نییە، وێڵیان دەکەین تا لە نێو (کەفوکوڵی) سەرکەشیی خۆیان بسووڕێنەوە ﴿۱۱﴾ کاتێ کە بەڵا و پیسێر و کۆسپێک یەخە و بەرۆکی مرۆ دەگرێ، لە حاڵێکدا کە بە تەنیشتەوە خەوتووە یا دانیشتووە یا ڕاوەستاوە، لە ئێمە دەپاڕێتەوە، جا کاتێ بەڵامان لەسەر لابرد، بە جۆرێکی وا دەڕوا وەک ئەوە کە (مێش نەیگەزتووە و) قەت (بۆ کردنەوەی گرێکوێرەی ژیانی) هاواری بۆ ئێمە نەهێنابێ، ئا بەمجۆرە بۆ ئەوانەی هەڵەڕۆن و زیادەڕۆن کردەوەیان ڕازاوەتەوە ﴿۱۲﴾ بە هەقیقەت خێڵ و هۆزگەلێ، بەر لە ئێوە لەو دەمەی وا ناحەقییان کرد، لە ناومان بردن، لە حاڵێکدا کە پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگەی ڕوونەوە بۆ (ڕێنوێنی)یان هاتن، ئەوان وا نەبوون کە ئیمان بێنن، ئا بەمجۆرە خێڵی تاوانبار سزا دەدەین ﴿۱۳﴾ لە پاشان ئێوەمان دوای ئەوان لە تەبەق و گۆی زەویدا کردە جێنشین تا بڕوانین (بزانین) کە چلۆن ڕەفتار دەکەن ﴿۱۴﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



کاتێ کە نیشانە ڕوونەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێندرێتەوە، کەسانێ کە هیوای دیداری ئێمە (و ڕۆژی بەری)یان نییە، ئەڵێن: قورئانێ بێجگە لەمە بێنە یا بیگۆڕە، بڵێ: من بۆم نییە کە خۆم ئەوە بگۆڕم، پەیڕەوی ناکام مەگەر لەوەی وا بۆم دێ، ئەگەر نافەرمانی پەروەرێنەرم بکەم، بەڕاستی لە سزادانی ڕۆژی گەورە (بەری) دەترسم ﴿١٥﴾ بڵێ: ئەگەر خوا بیویستبایە من ئەم (قورئانەم) بە سەرتاندا نەدەخوێندەوە و لەوە ئاگادارم نەدەکردن و فێریشم نەدەکرن (چونکە تەمەنێک لەمەو پێش لە نێوتاندا ژیاوم؛ دەسا چۆنە کە تێناگەن؟! ﴿١٦﴾ چ کەسێک ستەمکارترە لەو کەسەی کە بە دەم خواوە درۆ دەکا و نیشانەکانی ئەو بە درۆ دائەنێ، بەڕاستی تاوانباران ڕزگار نابن ﴿١٧﴾ بێجگە لە خوا شتگەلێتر ئەپەرستن کە نە زیانێکیان لێدەدەن و نە بەهرەیێکیان بۆ ئەوان هەیە و ئەڵێن: ئەمانە لای خوا تکاکارمانن، بڵێ: ئایا بە شتێک خەبەر بە خوا ئەدەن کە لە ئاسمانەکان و زەویدا سەروشوێنیان بۆ نییە؟ پاک و بێخەوشە ئەو، بەرزترە لەوەی کە هاوبەشی بۆ دابنێن ﴿١٨﴾ لە (سەرەتاوە) مرۆ هەموو یەک تیرە بوون، لە پاشان لێک جیا بوونەوە، ئەگەر لە پێشدا فەرمانی پەروەرندەت نەبوایێ (لە بابەت سزادانیان بە پەلە) ئەوەی کە مایەی کێشەیە، یەکلا کرابۆوە ﴿١٩﴾ دەڵێن: بۆچی پەرجۆ و گشگێری و بەڵگە و ئایەتێک لە لایەن پەروەرێنەریەوە بۆ نەهاتۆتە خوارێ؛ بڵێ زانستی نادیار بۆ خوایە (و بە فەرمانی ئەوە)، جا چاوەڕوان بن، منیش لەگەڵ ئێوە چاوەڕوان دەبم ﴿٢٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور ساڵح ئیبراهیمی



هەروەخت لە پاش زیان دیتن کە تووشی ئەو خەڵکە بووە، ئێمە تامی ڕەحمەت و بەزەیی‌یان پێ دەچێژین، بۆ ئەوان لەبارەی نیشانەکانی ئێمە گزی و فێڵ هەیە، بڵێ خوا لە چارە دۆزینەوە بۆ پووچەڵ کردنەوەی فرت و فێڵی ئێوە بەلەز و بەپەلەترە، هەر نەخشەیەک کە دەیکێشن و هەر گزی و فزییەکی کە ئێوە ئەیکەن ئەسپاردەکانی ئێمە دەینووسن ﴿٢١﴾ ئەو کەسێکە لە بەژ و دەریادا ئێوە دەگێڕێ تا لە نێو گەمیدان و بە بای لەبار تەڤگەڕیانە (و بەرەو ئامانج دەیانبا) پێی شاد و دڵخۆشن تا لەناکاو با و تۆفێکی توند و فرە قەوی و سەخت لە هەموو لایەکەوە دێ و پێل و شەپۆلیش لە هەر لایەکەوە بۆیان دێ و باش دەزانن کە هەموو دەوریان گیراوە و خەریکە کە تیا دەچن، لەو دەمەدا پڕبەدڵ لە رووی بڕوای پاکەوە هاوار بۆ خوا ئەبەن و دەپاڕێنەوە کە ئەگەر لەمە ڕزگارمان بکەی، بە هەقیقەت لە شوکرانەبژێران دەبین ﴿٢٢﴾ جا کاتێ ئەوانی ڕزگار کرد، (دووبارە) لە زەویدا بێ ئەوەی مافیان هەبێ، ستەم و غەدر ئەکەن، ئەی خەڵکینە! ستەم کردنی ئێوە کە بە زیانی خۆتانە، بەشێ لە ژیانی دنیا (دەبەن)، لە پاشان گەڕانەوەی هەمووتان بۆ لای ئێمەیە، بەوەی دەتانکرد ئاگادارتان دەکەین ﴿٢٣﴾ بەڕاستی ژیانی دنیا هەروەکوو بارانێکە کە لە ئاسمانەوە باراندوومانە کە بە هۆی ئەوە گیاوگژ و رووەکی جۆراوجۆر و تێکەڵاو دەڕوێ، لەوانەی کە خەڵک و ئاژەڵ لێی دەخۆن، هەتاکوو سەرزەوی (بە شیناوردی خۆی) جوان ڕەنگاورەنگ دەبێ و دەخەملێ و خۆ جوان و ڕازاوە دەکا و خاوەنەکانی گومان دەکەن لە بن دەسەڵاتی ئەواندایە و ئەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن، (لە ناکاو) شەو یا ڕۆژ (بۆ نابوودی ئەوە) فەرمانی ئێمە دەگا (شەختە یا برووسکە لێی ئەدا)، بە جۆرێکی وا ئەیدووروێتەوە کە (دەڵێی) هەروەکوو نەبووە، ئا بەمجۆرە نیشانەکانی خۆمان بۆ خێڵێ کە بیر دەکەنەوە بەیان دەکەین ﴿٢٤﴾ خوا بۆ خانووی ئاشتی و سەلامەت گازی و قاویان لێ دەکا، هەرکەس کە خوا بیەوێ دەیخاتە سەر ڕێگای ڕاست ﴿٢٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

که‌سانێ که چاکه‌یان کردووه، پاداشی چاک و زیاده به‌شانه‌یان بۆ هه‌یه و تۆزی ره‌شی سه‌رشۆڕی و سووکایه‌تی له‌سه‌ر ده‌موچاویان نانیشێ، ئه‌وانه خاوه‌نی به‌هه‌شتن و بۆ هه‌میشه‌ش له‌وێدا ده‌مێننه‌وه ﴿٢٦﴾ که‌سانێ که خراپه‌یان کردووه، سزای تاوانیان به‌و ئه‌ندازه بۆ هه‌یه و سووکایه‌تیش سه‌رباریانه و هیچ شتێک ناتوانێ ئه‌وانه له (سزادان)ی خوا بپارێزێ، ده‌ڵێی ده‌موچاویان به پاژ و برکه و به‌تاڵکه‌لێک له شه‌و داپۆشراوه، ئه‌وانه ئه‌هلی ئاگرن و بۆ هه‌میشه‌ش له نێو ئاگردا قه‌تیس ده‌مێننه‌وه ﴿٢٧﴾ (بێنه بیر) ئه‌و رۆژه‌ی که هه‌موویان کۆ ده‌که‌ینه‌وه، له پاشان به‌وانه که شه‌ریکیان بۆ خوا داناوه ده‌ڵێین: ئێوه و هاوبه‌شه‌کانتان له جێی خۆتان مه‌بزوون (تا به حیساوتان بگه‌ین)، جا ئه‌وانمان لێک جیا کردن، شه‌ریکه‌کانیان پێیان ده‌ڵێن: ئێوه هه‌رگیز به‌نده‌گیتان بۆ ئێمه نه‌ده‌کرد ﴿٢٨﴾ خوا له نێوان ئێمه و ئێوه‌دا شایه‌دی بێ به‌سه، که به‌ڕاستی ئێمه هیچ ئاگامان له‌وه نه‌بووه که ئێوه ئێمه‌تان په‌رستووه ﴿٢٩﴾ له‌وێدا هه‌رکه‌س کارێکی له به‌را کردبێ، تاقی ده‌کاته‌وه و هه‌موو به‌ره‌و لای خوا، سه‌رپه‌رستی هه‌قیقی خۆیان ئه‌گه‌ڕێنه‌وه، و ئه‌وانه‌ی به درۆ کردبوویانه هاوبه‌ش بۆ خوا گوم ده‌بن و تیاده‌چن ﴿٣٠﴾ بڵێ: چ که‌سێ له ئاسمان و زه‌وی ڕسق و ڕۆزیتان ئه‌دا، یا چ که‌سێ خاوه‌ن (خوڵقێنه‌ری) گوێ و چاوانه، و چ که‌سێ زیندوو له مردوو یا مردوو له زیندوو ده‌ردێنێ، و چ که‌سێ ته‌گبیری کارۆباری دنیا ده‌کا؟ جا ده‌ڵێ: ئه‌ی بۆچی خۆتان و ناپارێزن و ناترسن؟! ﴿٣١﴾ جا ئه‌مه‌یه خوا، په‌روه‌رێنه‌ری به‌رهه‌قی ئێوه‌یه، جا ئایا له دوای هه‌ق بێجگه له لاڕێیی شتێتر هه‌یه، ئه‌ی بۆچ له په‌رستنی خوا ڕوو وه‌رده‌سووڕێنن ﴿٣٢﴾ ئا به‌م‌جۆره فه‌رمانی په‌روه‌رێنه‌رت بۆ خوانه‌ناسان هاته‌دی، به‌ڕاستی ئه‌وانه بڕوا ناهێنن ﴿٣٣﴾

بڵێ: ئایا هیچ یەکە لە هاوبەشەکانی ئێوە هی وایان هەیە لە نوێ شتێک ساز بدا و لە پاشان زیندووی بکاتەوە، بڵێ: تەنیا خوا لە سەرەتاوە بوونەوەر بەدی دێنێ و لە دواییشدا زیندووی دەکاتەوە، جا دەی بۆچ لە ڕێی خوا لادەدرێن و دەسووڕێندرێن ﴿٣٤﴾ بڵێ: ئایا هیچ یەکە لە هاوشەکانی ئێوە بۆ لای ڕاستەڕێ ڕێنوێنی دەکەن؟ بڵێ: تەنیا خوایە کە ڕێنوێنی بۆ لای هەق دەکا، جا ئایا کەسێ کە بۆ لای ڕاستەڕێ ڕێنوێنی دەکا، بۆ پەیڕەوی کردن شیاوترە یا ئەو کەسەی کە خۆی ڕێنوێنی نابێ، مەگەر ڕێنوێنی بکەن، ئەوە چتانە؟ چلۆن داوەری دەکەن؟ ﴿٣٥﴾ زۆربەی ئەوانە بێجگە لە گومان (و بیری پووچ) پەیڕەوی ناکەن، (کەچی) گومان هەرگیز مرۆڤ لە هەق بێنیاز ناکا (و نایگەیێنێتە هەق)، بەڕاستی خوا بەوەی ئەیکەن ئاگا و زانایە ﴿٣٦﴾ ناگونجێ کە ئەم قورئانە هی خوا نەبێ، هەڵبەستراو بێ، بەڵام تەسدیقێکە بۆ ئەوەی بەر لە قورئان هەبووە و ڕۆشنیشی دەکاتەوە، شکێ لەوا نییە کە لە لایەن پەروەرێنەری جیهانیانەوەیە ﴿٣٧﴾ ئایا دەڵێن: کە ئەوە بە درۆ داوەتە پاڵ خوا، بڵێ: جا (ئەگەر ڕاست دەڵێن) یەک سوورە وەکوو ئەوە بێنن و هەرکەسیش بێجگە لە خوا کە ئەتوانن (یارمەتی) لێ بخوازن، با بێ، ئەگەر ئێوە ڕاستبێژن ﴿٣٨﴾ (ئەوانە قورئانیان لە ڕووی زانستەوە ئینکار نەکردووە) بەڵکوو ئەوان قورئانێکیان بە درۆ خستەوە کە عیلمیان پێی نەگەیشتبوو، هێمان ڕاستییان بۆ دەرنەکەوتووە، ئا بەمجۆرە پێشینانی ئەوانیش کتێب و پێغەمبەرانیان بە درۆ دائەنا، جا بڕوانە سەرەنجامی ستەمکاران چلۆن بووە، بە گوێ گەیشت ﴿٣٩﴾ هەندێ لەوانە بڕوای پێدێنن و هەندێکیش بڕوای پێناهێنن، و پەروەرێنەرت بە خراپکاران ئاگادارترە (و باشتریان دەناسێ) ﴿٤٠﴾ ئەگەر تۆیان بە درۆ خستەوە، بڵێ: کردەوەی خۆم بۆ خۆم و کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان، ئێوە بێزارن لەوەی من دەیکەم و منیش لەوەی ئێوە دەیکەن بێزارم ﴿٤١﴾ هەندێ لەوانە گوێ بۆ تۆ ڕادەگرن، (بەڵام وەکوو ئەوەی کەڕ بن وایە، هیچ نابیسن) ئایا تۆ ئەتوانی قسەی خۆت بە گوێی کەڕی ئەوان بگەیێنی، ئەگەرچی نافامن؟ ﴿٤٢﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



هەندێ لەوانە بۆ تۆ دەڕوانن (بەڵام وەک ئەوە هیچ نابینن)، ئایا تۆ دەتوانی دڵکوێران ڕێنوێنی بکەی، هەرچەندە نەشبینن (و تێشنەگەن) ﴿٤٣﴾ بەڕاستی خوا ستەم لە خەڵک ناکا، بەڵام ئەم خەڵکە خۆیان ستەم لە خۆیان دەکەن ﴿٤٤﴾ (بێنەوە بیر) ڕۆژێک کە ئەوانە کۆ دەکاتەوە (و حەشریان دەکا) و وەها هەست دەکەن کە دەڵێی (لە دنیا نەماونەتەوە، مەگەر ساتێ لە ڕۆژ کە یەکتر بناسن، ئەوانە کە دیدار و لیقای خوا (و ڕۆژی بەرێ)یان بە درۆ دائەنا، زیانیان دی و شارەزای ڕێگایش نین ﴿٤٥﴾ ئەگەر هەندێ لەو بەڵێنانەی کە بەوانمان داوە، (لە کاتی ژیاندا) بە تۆی نیشان بدەین یا (بەر لەوەی کە تووشی عەزاب بن) تۆ لە دنیا ببەینە دەر، جا (هەر جۆر بێ) گەڕانەوەیان بۆ لای ئێمەیە، لە پاشانیش خوا بەوەی کە ئەنجامیان داوە شایەدە ﴿٤٦﴾ بۆ هەر نەتەوەیەک پێغەمبەرێک هەیە، جا کاتێ کە پێغەمبەرەکەیان هاتە لایان، بە دادگەری داوەری لە نێویان ئەکرێ و ستەمیان لێناکرێ ﴿٤٧﴾ ئەڵێن: ئەم بەڵێنی (سزادانە) ئەگەر ڕاستبێژن کەی دێ؟ ﴿٤٨﴾ بڵێ من ـ مەگەر خوا حەزبکا ـ دەنا قازانج و زیانی خۆم بە دەس خۆم نییە؛ بۆ هەر نەتەوەیەک لە سەرکەوتن یا ژێرکەوتن مەودایەکی دیاریکراو هەیە، جا ئەگەر مەودا و دەرەتانیان تێپەڕی؛ کاتێکیش دوا یا پێش ناکەوێ ﴿٤٩﴾ بڵێ: ئایا دەزانن ئەگەر بەڵای خوا بە شەو (کاتی خەو) یا بە ڕۆژ بۆتان بێ (پەشیمان دەبن و ناتوانن پەرچی بدەنەوە)، ئەی تاوانباران بۆچی تاڵووکە دەکەن؟! ﴿٥٠﴾ ئەگەر دواجار کەوتنە نێو بەڵای خوا کە فرە پەلەتان بۆ دەکرد ئەوسا بڕوا دێنن (کە ئیتر کەڵکی بۆتان نییە) ﴿٥١﴾ لە پاشان بەوانەی کە ستەمیان کردووە، دەوترێ: عەزابێکی هەمیشەیی بچێژن! ئاخۆ جیا بۆ کارانێکی دەتانکرد سزا ئەدرێن! ﴿٥٢﴾ لە تۆ ئەپرسن: ئایا ئەو (بەڵێنی سزادان) ڕاستە؟ بڵێ: ئەرێ، سوێند بە خوا، بەڕاستی ئەوە ڕاستە و ئێوە ناتوانن بەری بگرن و لەبەری ڕابکەن (و لە وزەی بخەن و کەنەفتی بکەن) ﴿٥٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دكتورسا لح ئیبراهیمی



هەرکەسێ کە ستەمی کردووە ئەگەر هەموو ئەوەی لە زەویدایە، لە دەستیا بێ (لە ترسا هەمووی) بۆ ڕزگار بوونی خۆی (ئەبەخشێ)، کاتێ ئازار ببینن پەشیمان بوونەوەی خۆیان دەشارنەوە (نەوەکوو ڕووزەردتر بن)، لە نێوان ئەواندا بە دادگەری داوەری دەکرێ و ستەمیان لێناکرێ ﴿٥٤﴾ ئاگادار بن بەڕاستی ئەوەی لە گۆی ئاسمانەکان و زەویدایە بۆ خوایە، ئاگادار بن بەڕاستی بەڵێنی خوا ڕاستە، بەڵام زۆربەی ئەوانە نازانن ﴿٥٥﴾ هەر ئەوە زیندوو دەکاتەوە و دەمرێنێ، هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە ﴿٥٦﴾ ئەی خەڵکینە! بە هەقیقەت پەند و ئامۆژگاریتان لە لای پەروەرێنەرتانەوە بۆ هاتووە و دەرمان و شفایە بۆ ئەوەی لە ناو دڵ و دەروونتاندایە، ڕێنوێنی و ڕەحمەتە بۆ بڕواداران ﴿٥٧﴾ بڵێ: بە چاکە و ڕەحمەتی خوا ئەبێ شاد بن، چونکە (چاکە و ڕەحمەتی خوا) لەوەی کۆی دەکەنەوە باشترە ﴿٥٨﴾ بڵێ: ئایا چ دەبینن ڕسق و ڕۆزییەک کە خوا بۆی ناردن (لەخۆڕا) هەندێکیتان بە ڕەوا و هەندێکیشتان بە ناڕەوا دانا، بڵێ: ئایا خوا ئیجازەی بە ئێوە داوە بە دەم خواوە درۆ ئەکەن؟ (و لە خۆتانەوە شت بە ڕەوا یا بە ناڕەوا دەزانن) ﴿٥٩﴾ ئەوانە کە بە دەم خواوە درۆ دەکەن، لەبابەت (سزادانی) ڕۆژی بەرێ بیر و گومانیان چلۆنە؟ بەڕاستی خوا چاکە (و بەخشینی) بۆ هەموو کەسە، بەڵام زۆربەی ئەوانە شوکرانە ناکەن ﴿٦٠﴾ تۆ ئەی پێغەمبەر لە هەر بارێکدا بی و هەرچی لە قورئان بخوێنی و هەر کارێکی ئێوە بیکەن، با لە سەنگی تۆزقاڵە زەڕڕەیەکیشدا بێ یا وردتر یا درشتتر، لە خوای تۆ نادیار و بەرپێوار نابێ و هەموو ئەوانە لە کتێبی ئاشکراکەرەوەدا هەیە و نووسراوە ﴿٦١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



ئاگادار بن! دۆستانی خوا نە ترسیان بۆ هەیە و نە خەفەتیش دەخۆن ﴿٦٢﴾ ئەوانە کە بڕوایان هەیە و خۆیان پاراستووە ﴿٦٣﴾ لە ژیانی دنیا و ئاخیرەتدا مزگێنییان بۆ هەیە، بەڵێنی خوا گۆڕانی بۆ نییە و ئەوە ڕزگارییەکی گەورەیە ﴿٦٤﴾ قسەی ئەوان تۆ غەمگین نەکا، بەڕاستی وزە و عیزەت تایبەتی خوایە و هەر ئەویشە بیسەری زانا و ئاگا ﴿٦٥﴾ ئاگادار بن! بە هەقیقەت ئەوەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە بۆ خوان و شتێ کە ئەوانە ئەیکەنە هاوبەشی خوا و پەیڕەوی دەکەن (و هاواریان بۆ دەبەن) ئەوانە بێجگە لە گومانی بێبنەڕەت، لە شتێتر پەیڕەوی ناکەن، ئەوانە بە هەقیقەت درۆ دەکەن ﴿٦٦﴾ ئەو کەسێکە شەوی بۆتان داناوە کە لەوا ئارام بگرن و بحەسێنەوە و ڕووناکیشی بە تەبەقی ڕۆژ دا تا ڕوونکەرەوە بێ، بەڕاستی لەمەدا نیشانەگەلێک بۆ کەسانێ هەیە کە گوێڕادێر و بیسەرن ﴿٦٧﴾ وتیان: خوا زارۆکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە! دیارە کە خوا لەو تۆمەتانە بێخەوشە (و) بێنیازە، هەر بۆ ئەوە، ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، هیچ بەڵگەیەکتان بۆ ئەوە نییە، ئایا شتێ کە نایزانن و عیلمتان پێی نییە، ئەیدەنە پاڵ خوا؟! ﴿٦٨﴾ بڵێ: بەڕاستی ئەوانەی کە بە دەم خواوە درۆ دەکەن (هەرگیز ڕزگار نابن ﴿٦٩﴾ (ئەوپەڕی) دەسمایەیان لە دنیا بۆ هەیە، لە پاشان گەڕانەوەیان بۆ لای ئێمەیە، ئەوسا سزای سەختیان پێدەچێژین، لەبەر ئەمە کە حاشایان لە خوا و پێغەمبەر دەکرد ﴿٧٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بەسەرهاتی نووحیان بۆ بخوێنەوە، ئەوەدەمەی کە بە هۆزی خۆی وت: ئەی هۆزی من! ئەگەر مانەوەم و ئامۆژگارییەکانم بە نیشانەکانی خوا بۆتان گرانە (هەر کارێکتان لە دەس دێ بیکەن) من پاڵم بە خوا داوەتەوە، جا بیری خۆتان و هێزی بتەکانتان کۆ بکەنەوە و هیچ شتێکتان بۆ پۆشراو نەبێ، ئەوسا بە ژیانم دوایی بێنن و (هیچ) مۆڵەتم مەدەن (بەڵام ناتوانن) ﴿٧١﴾ جا ئەگەر لە بانگ کردنم ڕوو بسوورێنن (کاری ناشیاوتان کردووە، چونکە) هیچ پاداش و مزییەکم لێتان نەویستووە، مزەی من تەنیا بە خوایە، من ئەسپاردەمە کە خۆ لە بەدەسەوەدانان بم (لە ڕاست فەرمانی خوادا) ﴿٧٢﴾ بەڵام ئەوانە ئەویان بە درۆ خستەوە، ئێمە نووح و ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەودا لە کەمیدا بوون ڕزگارمان کردن، ئەوانەمان کردە جێ نشینی (خوانەناسان)، کەسانێ کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا خستماننە بنئاو تا بخنکێن، جا بڕوانە سەرەنجامی هەڕەشە لێکراوان چلۆن بوون؟! ﴿٧٣﴾ ئەوسا لە دوای نووح پێغەمبەرانێکمان ناردە لای هۆزەکانیان، جا بە بەڵگەگەلی ڕوونەوە چوونە لایان، بەڵام ئەوانیش هەروەکوو ڕابردووان بڕوایان نەهێنابوو، لەبەر ئەوەی کە لە بەرا بە درۆیان دانابوو، ئا بەمجۆرە مۆر لە دڵ و دەروونی دەسدرێژکەران ئەدەین (تا هیچ دەرک نەکەن) ﴿٧٤﴾ دوای ئەوانە، مووسا و هاروونمان بە نیشانەکانی خۆمانەوە ناردە لای فیرعەون و داروودەستەکەی، جا خۆیان بە گەورە زانی و هۆزێکی تاوانبار بوون ﴿٧٥﴾ کاتێ ڕاستییان لە لایەن ئێمەوە پێگەیشت، وتیان: بەڕاستی ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە؟ ﴿٧٦﴾ مووسا وتی: وەختێ ئەم ڕاستییەتان پێگەیی (بە جادووی دائەنێن) ئایا ئەمە جادووە؟ کەچی جادووکەران ڕزگار (و سەرکەوتوو) نابن! ﴿٧٧﴾ وتیان: ئایا هاتووی کە ئێمە لەوەی وا باووباپیرانمان لەسەری بوون بپرینگێنیتەوە (و لامانەدەی)، گەورەیی و (سەرۆکی) لە ئەرزا ببێتە هی ئێوە؟ ئێمە (هیچکات) بڕواتان پێناهێنین! ﴿٧٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

فیرعەون وتی: هەموو جادووگەر و جادووبازێکی زانا و ئاگام بۆ بێنن ﴿٧٩﴾ جا کاتێ جادووبازەکان هاتن، مووسا پێی وتن: (ئەوەی لە کەرەستەی جادوو پێویستە) بیهاوێژن، ئەگەر هاوێژەرن ﴿٨٠﴾ جا کاتێ هاویشتیانە مەیدان، مووسا وتی: ئەوەی هێناوتانە جادووە، بەڕاستی خوا بە زوویی پووچی دەکاتەوە، دیارە خوا کردەوەی خراپکاران چاک ناکا ﴿٨١﴾ خوا بە قسەکانی خۆی ڕاستی سەر دەخا، هەرچەندە تاوانباران پێیان ناخۆش بێ ﴿٨٢﴾ جا (لە سەرەتاوە) کەس بە مووسا بڕوای نەهێنا، مەگەر هەندێ لە هۆزەکەی نەبێ کە لە فیرعەون و پیاوەکانی دەترسان کە نەکا (بە زۆر) لە دینەکەیان وەریانبگێڕنەوە، بەڕاستی فیرعەون لە ئەرزا جێبەرز و دەسەڵاتدار و لە هەڵەکاران بوو ﴿٨٣﴾ مووسا وتی: ئەی هۆزی من! ئەگەر بڕواتان بە خوا هێناوە، جا تەنیا پاڵ بدەن بەو، ئەگەر ملکەچی خوان ﴿٨٤﴾ جا وتیان: تەنیا بە خوا پشتئەستوورین، ئەی پەروەرێنەری ئێمە، مەمانخە بن تەوژمی هۆزی ستەمگەران ﴿٨٥﴾ بە ڕەحمەتی خۆت لە (دەس) هۆزی خوانەناسان ڕزگارمان بکە ﴿٨٦﴾ بە مووسا و براکەیمان تێگەیاند کە بۆ هۆزی خۆتان چەن خانوویەک لە میسردا ئامادە بکەن و خانووەکانیشتان ڕووبەڕووی یەکتر سازە بدەن و نوێژیش بەجێبێنن، و بە بڕواداران مزگێنی بدە (کە سەردەکەون) ﴿٧٨﴾ مووسا وتی: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! بەڕاستی تۆ بە فیرعەون و داروودەستەکەی لە ژیانی ئەم دنیایەدا مایەی خەمڵ و زەنبەر و خشڵ و ماڵی (زۆرت) پێداون و ئەمەش بۆتە هۆی ئەمە کە (بەندەکانت) لە ڕێگای تۆ بترازێنن، ئەی پەروەرێنەری ئێمە! ماڵیان لە ناو بەرە و دڵ و دەروونیان پتر ڕەش و ڕەق (و قورس) بکە، چونکە تا تووشی دەردی پڕ ئازارو ڕەنج نەبن بڕوا ناهێنن ﴿٨٨﴾

فەرمووی: دوعا و نزاکەتان قەبووڵ کرا، لە مەیدان دەرمەچن و خۆڕاگر و بەتابشت بن، و بە ڕێگای کەسانێکدا مەڕۆن کە نازانن ﴿٨٩﴾ بەرە و ڕەچەڵەک و وەچەی ئیسرائیلمان لە دەریا (چەمی نیل) پەڕاندەوە و فیرعەون و لەشکرەکەشی بۆ ستەم و دەسدرێژی کردن بە دوویاندا ڕۆیشتن، تا خەریک بوو (فیرعەون) نوقم بێ، هات بخنکێ، ئەوسا وتی: بڕوام هێنا، هیچ کەس بۆ پەرستن نابێ مەگەر ئەوەی کە بەرەی ئیسرائیل باوەڕییان پێ هێناوە و من لە خۆبەدەسەوەدانانم! ﴿٩٠﴾ ئێستا بڕوات هێنا! کەچی لە بەرا ملت بادا و یاغی و لە ڕیزی خرابکاران بووی؟! ﴿٩١﴾ بەڵام ئەمڕۆ لەشت (لە ئاو) ڕزگار دەکەین تا بۆ داهاتووان ببێ بە پەند، بەڕاستی دیارە زۆرێ لە خەڵک لە نیشانەکانی ئێمە بێئاگا و غافڵن ﴿٩٢﴾ ئێمە بەرەی ئیسرائیلمان لە جێگای چاک و خۆش دانا و ڕسق و ڕۆزیی پاکمان پێدان و دوای ئەوەی عیلم و ئاگادارییان دەستکەوت لە نێو یەکدا دەسیان بە جیاوازی کرد، بەڕاستی پەروەرێنەری تۆ لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر ئەوەی جیاوازییان تێدا دەکرد، داوەری دەکا ﴿٩٣﴾ جا ئەگەر لەوەی کە بۆ تۆمان ناردووە دوودڵی، لەوانە کە بەر لە تۆ کتێبی ئاسمانی دەخوێننەوە، پرسیار بکە، (بزانە) بە هەقیقەت ڕاستی و هەق بۆ تۆ هاتووە، جا هیچ کاتێ لە دوودڵان مەبە ﴿٩٤﴾ لەوانە مەبە کە نیشانەکانی خوایان بە درۆ دانا کە تۆیش لە زیان لێکەوتوان ئەبی ﴿٩٥﴾ بەڕاستی ئەوانە کە فەرمانی پەروەرندەی تۆیان لێهاتەدی و بەڕاست گەڕا، ئیتر (لەبەر بە درۆدانان) بڕوا ناهێنن ﴿٩٦﴾ هەرچەند هەموو نیشانەکانی (خوا) بەوان بگا تا ڕۆژێ کە ئازاری دەردهێنەر دەبینن بڕوا ناهێنن، چونکە دڵیان تاریکە! ﴿٩٧﴾

جا بۆچ هیچ یەکە لە (خەڵکی) ئاوایی و شارەکان بڕوایان نەهێنا کە (بڕوا هێنانیان لە کاتی خۆیدا بێ و) سوودیان پێبگەیێنێ، مەگەر هۆزی یوونس (نەبێ)، کاتێ کە بڕوایان هێنا ئازاری ئابڕووبەرمان لە ژیانی (ئەم) دنیایەدا لەسەر لابردن و تا ماوەیەکی دیاریکراو (تا دەمی مردن لە ژیانی دنیا) قانزانج و خۆشیمان پێدان ﴿٩٨﴾ ئەگەر پەروەرێنەرت بیویستبا، هەموو ئەوانە کە لەسەر زەوین، هەموویان بە تێکڕایی بڕوایان دەهێنا، جا ئایا تۆ زۆری لە خەڵک دەکەی تا بڕوادار بن ﴿٩٩﴾ (بەڵام) هیچ کەس ناتوانێ بڕوا بێنێ، مەگەر بە ئیزن و ویستی خوا، خوا خراپی و پیسی وکرێتی (کوفر و ناپاکی) ئەخاتە سەر کەسانێ کە ئەقڵی خۆیان ناخەنە کار ﴿١٠٠﴾ بڵێ: بە لێکۆڵینەوە و بە وردی بەری خۆ بدەنێ و بڕواننە ئەوەی وا لە ئاسمانەکان و زەویدا چیها هەیە، بەڵام ئەم نیشانانە و ئەو ترسێنەرانە بۆ هۆزێ کە بڕوا ناهێنن بێسوودە و کار ناکاتە سەریان، و بێنیازیان ناکا (نُذُر: جەمی نذیرە و کینایە لە پێغەمبەرانە) ﴿١٠١﴾ جا ئایا بێجگە لەمەیە کە چاوەڕوانی ڕۆژێکن وەکوو (ئازاری) ڕۆژەکانی کەسانێ کە لە پێش ئەواندا ڕابوردن، بڵێ: ئێوە چاوەڕوان بن، بەڕاستی منیش لەگەڵ ئێوەدا لە چاوەڕوانانم ﴿١٠٢﴾ لە پاشان (لە کاتی بەڵادا) پێغەمبەرانی خۆمان و کەسانێ کە بڕوایان بەوان هێنا، ڕزگاریان دەکەین، چون ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە باوەڕداران ڕزگار بکەین ﴿١٠٣﴾ بڵێ: ئەی خەڵکینە! ئەگەر لە دینمدا دوودڵن، من ئەوانەی کە ئێوە بێجگە لە خوا دەیپەرستن ناپەرستم، تەنیا خوایەک دەپەرستم کە ئێوە دەمرێنێ، فەرمانم پێدراوە کە لە بڕواداران بم ﴿١٠٤﴾ (فەرمانم پێدراوە کە) خۆت ڕاست و دروست بکە بۆ دینێ کە ڕاست و پاکە، هەرگیز لەوانە مەبە کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە ﴿١٠٥﴾ بێجگە لە خوا هاوار بۆ شتێ وا مەبە کە نە سوودت پێ دەگەیێنێ و نە زیان، جا ئەگەر (هاوار بۆ غەیری خوا) ببەی، بە هەقیقەت لەو کاتەدا لە ستەمکارانی ﴿١٠٦﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئەگەر خوا (بۆ تاقیکردنەوە) زیانێ بە تـۆ بگەیێنـێ، جـا هـیچکەس بـێجگە لەو ئەوە لانابـا، ئەگەر بیەوێ خێرێکی بۆ تۆ هەبێ، هیچکەس ناتوانێ بەری چاکەی خوا بگـرێ، بە هەرکەس لە بەندەگانی خۆی کە بیەوێ خێر و بەرەکەت دەگەیێنێ، هەر ئەویشە لێبـور و دڵاویـن ﴿١٠٧﴾ بڵێ: ئەی خەڵکینە! لە لایەن خواوە ڕاستی و هەقتان بۆ هاتووە، هەرکەس ڕێنوێن بێ، بۆ خـۆی ڕێنوێن بووە و کەسێکش لاڕێ بـێ، بە هەقـیقەت بە زیـانی خـۆی لاڕێ بـووە، و مـن وەکیـل و بریکار و پارێزەری ئێوە نیم ﴿١٠٨﴾ و لەوەی بۆ تۆ دێ، پەیڕەوی بکە، و تابشتت هەبێ تا خـوا داوەری بکا و هەر ئەویشە باشترینی داوەران ﴿١٠٩﴾

## سوورەی هوود ١٢٣ ئایەتە

**سوورەی هوود لە مەککە هاتۆتە خوارەوە و بە (بسم‌الله)وە ١٢٣ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر وا دڵاوێن.

ئەلف، لام، ڕا، ئەمە کتێبێکە نیشانە و بەڵگەکانی پتەو کـراون و لە پاشـان لە لایەن کـارزانی زانا بە ناخی، ڕاڤە کراون ﴿١﴾ (بانگەوازی من ئەمەیە) کە بێجگە لە خوا شتێ‌تر مەپەرستن، من لە لایەن خواوە بـۆ ئێـوە ترسـێنەر و مزگێنیـدەرم ﴿٢﴾ لە پەروەرێـنەری خۆتـانیش داوای لێ‌خۆش‌بوون بکەن، لە پاشـان بگەڕێـنەوە بـۆ لای ئەو تـا بە شـێوەیەکی چـاک تـا مـاوەیەکی دیاری‌کراو سوودتان پێ‌بگەیێنێ و بە هەر خاوەن چاکەیەک چاکەی خـۆی پـێ‌بگەیێنـێ، ئەگەر (لەم فەرمانە) ڕوو بسووڕێنن، جا بە هەقیقەت ترسی ئازاری ڕۆژێکی گەورەم بۆتان هەیە ﴿٣﴾ (بزانن) تەنیا گەڕانەوەی ئێوە بۆ لای (خوا)یە و ئەو بە سەر هەموو شتێکدا زاڵە ﴿٤﴾ ئاگـادار بە! کاتێ کە ئەوانە (سەریان لێک نێزیک دەکەنەوە و) سینگیان خوار دەکەنەوە تـا خۆیـان (و قسەکانیان) لەو (پێغەمـبەرە) بشـارنەوە، ئاگـادار بـە! ئەو دەمەی کە ئەوانە جلکەکانیـان لە خۆیانەوە دەپێچن، خوا دەزانێ چییە و ئەوانەی دەیشـارنەوە یـا ئاشـکرای دەکەن خـوا لە ڕاز و نهێنی دڵ و ناو سنگ ئاگا و زانایە ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

هیچ جوولْندەیەک لە زەویدا نییە، مەگەر ئەوەی ڕۆزییەکەی لەسەر خوایە، و دەیشزانێ بنکەی لە کوێیە و لە کوێدا خۆی حەشار دەدا و خۆیان شاردەوە، هەموو ئەوانە لە کتێبی ئاشکرا (تەتەڵەی زانستی خوا)دایە ﴿٦﴾ ئەو زاتێکە ئاسمان و زەوی لە شەش ڕۆژدا ساز داوە و تەختی فەرمانڕەوایی ئەو لەسەر ئاو بوو (لەبەر ئەمە خولْقاندنی) تا ئێوە تاقی بکاتەوە، کامتان کردەوەتان باشترە، ئەگەر بڵێی: ئێوە دوای مردن زیندوو دەکرێنەوە، ئەوانەی خوانەناسن، دەڵێن: ئەمە هەر بە ئاشکرا جادووە ﴿٧﴾ ئەگەر سزادانیان تا سەردەمێکی بەرتەسک دوا بخەین، (بە گاڵتە) دەڵێن: چ شتێک ڕێی پێنەداوە؟ ئاگادار بن! ئەو ڕۆژەی بۆیان دێ، ئیتر ناگەڕێتەوە، و ئەوەی گاڵتەیان پێ دەکرد، داوێنیان دەگرێتەوە ﴿٨﴾ ئەگەر لە لایەن خۆمانەوە بە مرۆڤ تامی خۆشی بچێژین، لە پاشان لێی بگرینەوە، بەڕاستی زۆر بێهیوا و ناسپاس دەبێ ﴿٩﴾ ئەگەر چاکەگەلی دوای سەختی و ناڕەحەتی بەو بگەیێنین، بە یەقین ئەڵێ: قۆرت و ناخۆشیم لێ دوور کەوتەوە و ئیتر ناگەڕێتەوە، لە خۆشی و شادی و خۆ قەفکردندا نوقم دەبێ ﴿١٠﴾ مەگەر ئەوانەی کە (بە هۆی بڕواوە) تابشتیان هێنا و کردەوەی چاکیان ئەنجام دا کە بۆ ئەوان لێخۆشبوون و پاداشت و مزەیەکی گەورە هەیە ﴿١١﴾ ڕەنگە هەندێ نیشانە کە بۆ تۆ دێ، خۆی لێ ببوێری و ببێتە مایەی دڵتەنگیت کە دەڵێن: بۆچ گەنجێ بۆ تۆ نەهاتۆتە خوارێ؟ یا بۆچ فریشتەیەک لەگەڵی نەهاتووە؟ (ڕابگەیێنە و نیگەران مەبە، چونکە) تۆ تەنیا ترسێنەری، هەر خوا چاودێری هەموو شتێکە (و بە کاروباریان ڕادەگا) ﴿١٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



یا ئەوانە دەڵێن: ئەم (قورئانەی) بە درۆ ئەیداتە پاڵ (خوا)، بڵێ: ئەگەر ڕاستبێژن، جا ئێوەش دە سوورەتی وەکوو ئەو (سوورە) درۆینانە بێنن، و هەرکەسێ کە ئەتوانن بێجگە لە خوا (تا بۆ ئەم کارە) یارمەتیتان بدا بانگی بکەن ﴿١٣﴾ جا ئەگەر وەڵامی ئێوەیان نەداوە، بزانن کە تەنیا (قورئان) بە زانستی خوا هاتووە و هیچ خوایێ بێجگە لەو نییە، جا ئایا بەم حاڵەوە دەیسەلمێنن؟ ﴿١٤﴾ کەسانێ کە ژیانی دنیا و زەرق و بەرق و جوانی ئەویان دەوێ، پاداش و مزەی کردەوەیان لەم دنیایەدا (بە تەواوی) ئەدەینێ و هیچیشیان لێ ناکرێ ﴿١٥﴾ (بەڵام) ئەوانە لە ڕۆژی بەرێدا بێجگە لە ئاگر (بەشێکیان) بۆ نییە و ئەوەی لە دنیا (بۆ غەیری خوا) ئەنجامیان داوە بە فیرۆ دەڕوا ﴿١٦﴾ ئایا کەسێ بەڵگەیەکی ڕوونی لە لایەن خواوە هەبێ و شایەدێکی (وەکوو پێغەمبەر) لە لایەن خواوە (قورئان) بخوێنێتەوە و بەر لە قورئانیش کتێبی مووسا کە پێشەوا و جێی بەزەیی بوو شایەدی لەسەر ئەمە ئەدا، ئەوانە (هەقیقەت خوازان) بەو (بە پێغەمبەر) بڕوا دێنن، هەرکەس لە کۆمەڵانی دیکە حاشای لێ بکا، ئاگر جێیانە، جا کەوایە تۆ دووڵیت (لە هاتنی) قورئاندا نەبێ کە ئەوە ڕاست و هەقە و لە پەروەرێنەرتەوەیە، بەڵام زۆربەی خەڵک بڕوا ناهێنن ﴿١٧﴾ چ کەسێ لەوانە ستەمکارترن کە بە دەم خواوە درۆ دەکەن، ئەوانە (لە ڕۆژی بەرێدا) دەخرێنە حزووری پەروەرێنەریان و شایەدان (پێغەمبەران) دەڵێن: ئەمانە ئەو کەسانەن کە بە دەم خواوە درۆیان دەکرد، ئاگادار بن! لەعنەتی خوا لە ستەمکاران بێ ﴿١٨﴾ ئەو جۆرە کەسانەی وا (خەڵکیان) لە ڕێگای خوادا دەگێڕاوە و خەڵکیان بە لارێدا دەبرد و خۆیشیان بڕوایان بە ڕۆژی پەسڵان نەبوو ئەوانەن لەحنەتیان لێ کراوە ﴿١٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەوانە هیچ کاتێ هێزی هەڵاتنیان لە زەویدا (لەدەس خوا) نییە و بێجگە لە خوا دۆست و پشتیوانێکیشیان بۆ نییە، ئازاری خوایان لەسەر زیاد ئەبێ، ئەوانە هیچ دەمێ هێزی بیستن (ی هەق)یان نەبووە و هەقیقەت نابینن ﴿٢٠﴾ هەر ئەوانەن کە خۆیان دۆڕاند و هەر درۆ و دەلەسەیەکیش بە دەم خواوە هەڵیانبەست لە کیسیان چوو ﴿٢١﴾ (جا لەبەر ئەمە) بە هەقیقەت ئەوانە لەو دنیادا لە هەموو کەس دۆڕاوتر و زیان لێکەوتووترن ﴿٢٢﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە و لە ڕاستەوە خوادا خۆیان بە کەم داناوە و خۆیان بە خوا سپاردووە، ئەوانە بەهەشتین و هەمیشەش لەوێدا ئەمێننەوە ﴿٢٣﴾ حاڵ و نەزیلەی ئەم دوو تاقمە وەکوو کوێر و کەڕ و بینا و بیسەرە، ئایا ئەم دووانە حاڵیان وەکوو یەکە؟ ئایا بیر ناکەنەوە تا پەند بگرن؟ ﴿٢٤﴾ بە هەقیقەت ئێمە نووحمان ناردە لای هۆزەکەی، (پێی وتن:) من بۆ ئێوە ترسێنەرێکی ئاشکرام ﴿٢٥﴾ (بانگتان دەکەم) کە بێجگە لە خوا نەپەرستن، بەڕاستی من لە ئازاری ڕۆژی دەردناک بۆ ئێوە ترسم هەیە ﴿٢٦﴾ جا گرەگر و پیاوماقوڵان و پیاوەمەزنانی هۆزەکەی (لە وەڵاما) وتیان: ئێمە تۆ بێجگە لە مرۆڤێکی وەکوو خۆمان نابینین و ئەوانەی کە پەیڕەوییان لە تۆ کردووە، مشتێ ڕووتەڵە و بێسەروپان و مرۆڤی ڕواڵەتبینن و ئێوە لە خۆمان زیاتر نابینین، بەڵکوو بە درۆزنتان ئەزانین ﴿٢٧﴾ (نووح) وتی: ئەی هۆزی من! ئێوە چی ئەڵێن، ئەگەر بەڵگەیەکی ڕوونم لە پەروەرێنەرمەوە هەبێ و لە لای خۆیەوە منی خوێندبێتەوە و ئاگاتان لێی نییە و بۆ ئێوە نادیارە، ئایا ئەتوانم بە زۆر پێتانی قەبووڵ بکەم، لە حاڵێکدا حەز ناکەن و پێتان خۆش نییە ﴿٢٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئەی هۆزم! من لە بەرانبەر ئەم بانگ کردنەدا، مزە و پاداشێکم لە ئێوە ناوێ، چونکە مزەی من هەر لەسەر خوایە، ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە (لەبەر ئێوە) لە خۆم دووریان ناخەمەوە، چونکە بەڕاستی ئەوانە دەگەنە بارەگای خوا، بەڵام ئێوە بە هۆزێکی نەزان دەبینم ﴿٢٩﴾ ئەی هۆزی من! چ کەسێ لە بەرانبەر خوادا یارمەتیم ئەدا، ئەگەر ئەوانە دوور بخەمەوە، جا ئایا بیری لێناکەنەوە؟ ﴿٣٠﴾ من پێتان ناڵێم گەنجینەی خوام لایە و ناڵێم نادیار و غەیب دەزانم و ناڵێم فریشتەم و ناشڵێم ئەوانە کە ئێوە بە سووکی لێیان دەڕوانن، خوا چاکەیان لەگەڵدا ناکا، خوا باشتر دەزانێ چییان لە دڵ و دەروونەدایە، بەڕاستی (ئەگەر وا بڵێم) لەو کاتەدا لە ستەمکارانم ﴿٣١﴾ وتیان: ئەی نووح! شەڕەقسەت لەگەڵ کردین و زۆریش لەسەری ڕۆیشتی، ئێستا ئەگەر لە ڕاستبێژانی، ئەو (ئازارە)ی بەڵێنت پێداوین بیهێنە ﴿٣٢﴾ (نووح) وتی: ئەگەر خوا بیەوێ دەیهێنێ و ئێوەش ناتوانن خۆی لەبەر لادەن (و بەری بگرن) ﴿٣٣﴾ هەرکاتێ (لەبەر تاوانتان) خوا بیەوێ لاڕێتان بکا و منیش بمەوێ پەندتان بدەم، ئامۆژگاری و پەندی من کەڵکی بۆتان نییە، ئەو پەروەرێنەرتانە، بۆ لای ئەو دەگەڕێندرێنەوە ﴿٣٤﴾ یان دەڵێن: ئەو (محەممەد) ئەم قسانە بە درۆ ئەداتە پاڵ خوا، بڵێ: ئەگەر ئەمانە خۆم سازم دابێ و بیدەمە پاڵ خوا، تاوانەکەی بۆ منە، بەڵام من لە تاوانی ئێوە بێزارم ﴿٣٥﴾ بە نووح ڕاگەیێندرابوو بێجگە لەوانەی وا (تا ئێستا) بڕوایان هێناوە، ئیتر هیچکەس لە هۆزی تۆ بڕوا ناهێنن، کەوایە لە کارگەلێ کە دەیکەن هیوابڕ و غەمگین مەبە ﴿٣٦﴾ (ئێستا) لە بن چاودێری ئێمە و بە پێی فەرمانی ئێمە کەمی ساز بدە و لەبابەت ئەوانە کە ستەمیان کرد، لێم مەپاڕێوە کە بەڕاستی ئەوانە لە نوقم بووان لە بن ئاودا ﴿٣٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئه‌و خه‌ریکی دروست کردنی گه‌می بوو، هه‌رکاتێ هه‌ندێ خاوه‌ن پایه و مایه له هۆزی، به لایدا ئه‌رۆیشتن، حه‌نه‌ک و گاڵته‌یان پێ ده‌کرد (به‌ڵام نووح) وتی: ئه‌گه‌ر ئێوه گاڵته‌مان پێ ده‌که‌ن، ئێمه‌یش گاڵته‌تان پێ ده‌که‌ین به‌و جۆره‌ی ئێوه گاڵته‌مان پێ ده‌که‌ن ﴿۳۸﴾ له‌مه به‌ولاوه ده‌زانن چ که‌سێ تووشی ئازاری وا ده‌بێ که ئابرووی بچێ و جه‌زره‌به‌ی له بنه نه‌هاتووی به‌سه‌ردا دێ ﴿۳۹﴾ (ئه‌م بارودۆخه هه‌روا به‌رده‌وام بوو) تا کاتێ که فه‌رمانی ئێمه گه‌یی و ئاو ته‌نووره‌ی دا و به‌وپه‌ڕی نهێم و ته‌وژمه‌وه قه‌ڵپه‌زه‌ی ده‌کرد و شتی وه‌به‌ر خۆی ده‌دا (به نووحمان) وت: له هه‌ر نێر و مێیه‌ک دووان له‌وێدا (له گه‌میدا) هه‌ڵبگره و خاووخێزانت (سوار بکه)، مه‌گه‌ر ئه‌وانه‌ی له به‌را قسه له تیاچوونی ئه‌وان کرابێ (وه‌کوو ژنه‌که‌ی و که‌نعانی کوڕی) که‌سانێ که بڕوایان هێنا (سواری گه‌میه‌که‌یان بکه)، بێجگه له ژماره‌یه‌کی که‌م بڕوایان پێ نه‌هێنابوو ﴿۴۰﴾ نووح وتی: به ناوی خوا سواری گه‌میه‌که بن و له کاتی ڕۆیشتن و له‌نگه‌ر گرتن و ڕاوه‌ستانیدا یادی خوا بکه‌ن، چونکه به‌ڕاستی په‌روه‌رێنه‌رم لێبوور و دڵلاوێنه ﴿۴۱﴾ گه‌میه‌که ئه‌وانی به نێو پێل و شه‌پۆلی هه‌روه‌کوو چیادا ئه‌برد، (له‌م کاته‌دا) نووح هه‌رای له کوڕه‌که‌ی کرد، گازی و بانگی لێ کرد که له سووچێکی چه‌په‌ک دوور له ڕێبازی گشتی بوو، ئه‌ی کوڕم! وه‌ره له‌گه‌ڵ ئێمه سوار به و له‌گه‌ڵ خوانه‌ناسان مه‌به ﴿۴۲﴾ وتی: ئه‌چمه سه‌ر کێوێک که له ئاو بردن بمپارێزێ، وتی: ئه‌مرۆ هیچ پارێزه‌رێ له به‌رانبه‌ر فه‌رمانی خوادا نییه، مه‌گه‌ر که‌سێ که خوا ڕوحمی پێ‌بکا، له‌و ده‌مه‌دا شه‌پۆلی (زه‌ریا) که‌وته نێوان ئه‌م دووانه (باوک و کوڕ)، جا خرایه نێو جه‌رگه‌ی خنکاوانی نوقم‌کراوان ﴿۴۳﴾ وترا: ئه‌ی زه‌وی! ئاوه‌که‌ت هه‌ڵقووڕێنه و هه‌ڵمژه، ئه‌ی ئاسمان! باران مه‌بارێنه، ئاوه‌که داده‌ڵیه ناو زه‌وی به ناخی ئاخا ڕۆچوو و کار (ی تیاچوونی خوانه‌ناسان به سێلاو) ته‌واو کرا و (گه‌میه‌که) له‌سه‌ر (کێوی) جوودی له‌نگه‌ری گرت و ڕاوه‌ستا، وترا: دوور بێ هۆزی سته‌مکار (له ڕه‌حمه‌تی من)، (ئارارات: هه‌راوراد: به‌خشه‌نده، جودی ـ گودی، کوردی، کاردین، کێوێکه له کوردستانی باکووردایه، لای موسڵ و ئامێد و جزیره‌ی عه‌بدولعه‌زیز کوڕی عومه‌ری به‌رده‌قیتی کورد که به جزیره‌ی کوڕی عومه‌ر ناوداره) ﴿۴۴﴾ نووح له په‌روه‌رێنه‌ری خۆی پاڕاوه، جا وتی: ئه‌ی په‌روه‌رێنه‌ری من! کوڕه‌که‌م له خاووخێزانی منه و به‌ڵێنت (له‌بابه‌ت ڕزگاری ئه‌وانه‌وه) ڕاسته، تۆ له هه‌موو فه‌رمانڕه‌وایان به‌ده‌سه‌ڵات و دادگه‌رتری ﴿۴۵﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



فەرمووی: ئەی نووح! ئەو (کەنعان) کەسی تۆ نییە، ئەو کردەوەی ناچاکە، جا کەوایە ئەوەی کە نایزانی، لە منی مەخوازە، من ئامۆژگاریت بۆ دەکەم کە لە نەزانان نەبی ﴿۴۶﴾ وتی: ئەی پەروەرێنەری من! پەنات بۆ دێنم لەوەی شتێکت لێبخوازم کە نایزانم، ئەگەر نەمبەخشی و لێم نەبووری لە زیان لێکەتووان دەبم ﴿۴۷﴾ (بە نووح) وترا: ئەی نووح! بە سەلامەتی و بەو پیتەوە کە داومانە بە تۆ و هاورێگایانت دابەزە و چین و تیرە و بەرەکانی دواییش تا ماوەیەک خۆشی و ژیانیان ئەدەینێ، لە پاشان ئازارێکی دەرداوییان لە ئێمەوە پێدەگا ﴿۴۸﴾ ئەمانە لە هەواڵگەلی بەرپێوار و نادیارن کە بۆ تۆمان نارد کە بەر لەمە نە تۆ و نە هۆزەکەت ئەوەتان نەدەزانی، جا خۆ ڕابگرە و تابشت بێنە، سەرئەنجامی (چاک) بۆ خۆپارێزانە ﴿۴۹﴾ و (ئێمە بۆلای (هۆزی) عادیش «هوود»مان نارد، کە برایان بوو، (بەوانی) وت: ئەی هۆزی من! خوا بپەرستن کە بێجگە لەو خوایێ‌تر بۆ ئێوە نییە، ئێوە تەنیا هەر بوختان هەڵدەبەستن ﴿۵۰﴾ ئەی هۆزی من! پاداشم بۆ ئەم کارە لە ئێوە ناوێ، پاداشم لەسەر کەسێکە کە منی بەدی هێناوە، ئایا تێناگەن؟ ﴿۵۱﴾ ئەی هۆزی من! لە پەروەرێنەرتان داوای لێبوردن بکەن، لە پاشان بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، تا (بارانی) ئاسمان پەیتا پەیتا ببارێنێ بە سەرتانا و قەوەت و هێزێک بە سەر هێزتاندا زیاد بکا، ڕوو (لە هەق) وەرمەگێڕن تا تاوانبار بن ﴿۵۲﴾ وتیان: ئەی هوود! تۆ بەڵگەیەکت بۆ ئێمە نەهێناوە و ئێمە لە بەر قسەی تۆ دەس لە خوایانی خۆمان بەرنادەین، و ئێمە بڕوات پێناهێنین ﴿۵۳﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئێمە بە تۆ بێجگە لەمە ناڵێین: کە هەندێ لە خواکانمان زیانیان بە تۆ گەیاندووە (و دەستیان لێ وەشاندووی و ئەقڵیان بردووی)، هوود وتی: خوا بە شایەد ئەگرم، ئێوەش شایەد بن کە من لەوەی ئێوە دەیکەنە هاوبەش بۆ خوا بێزارم ﴿٥٤﴾ غەیری خوا، جا هەمووتان پیلانم بۆ بگێڕن، لە پاشان مۆڵەتیشم نەدەنێ، (بەڵام هیچیشتان پێ ناکرێ) ﴿٥٥﴾ بەڕاستی پاڵم بە خواوە داوە کە پەروەرێنەری من و ئێوەیە، هیچ جووڵندە و جفۆکێک نییە مەگەر ئەوەی کە خوا نێوچاوانی گرێ داوە، پەروەرێنەری من لەسەر ڕاستەڕێگایە ﴿٥٦﴾ جا ئەگەر ڕوو بسووڕێنن و نەیێنە ڕەدایێ و ڕازی نەبن، جا بە هەقیقەت ئەسپاردەی خۆم بە ئێوە ڕاگەیاندووە و پەروەرێنەرم هۆزی تر لە جیاتی ئێوە دائەنێ و ئێوە کەمترین زیانێک بە خوا ناگەیێنن، پەروەرێنەرم پارێزەری هەموو شتێکە ﴿٥٧﴾ کاتێ فەرمانی ئێمە گەیی، هوود و ئەوانەی بڕوایان بە هوود هێنابوو، بە ڕەحمەتی خۆمان ڕزگارمان کردن، ئەوانم لە ئازاری سەخت ڕزگار کرد ﴿٥٨﴾ ئەمە هۆزی عاد بوو کە لە نیشانەکانی پەروەرێنەری خۆیان حاشایان کرد و نافەرمانییان لە پێغەمبەرانی خۆیان کرد، لە فەرمانی هەر ستەمکارێکی بەلەوەز و لاسار و گوێنەبیس پەیڕەوییان دەکرد ﴿٥٩﴾ لەم دنیایە و لە ڕۆژی بەرێشدا لەعنەت (و بەدنێوییان) بۆ ما، ئاگادار بن کە بەڕاستی هۆزی عاد پەروەرێنەریان ئینکار کرد، یا خوا دوور بێ عادی هۆزی هوود (لە ڕەحمەتی خوا) ﴿٦٠﴾ بۆ لای (هۆزی) سەموود برای ئەوان، «سالح»مان نارد، وتی: ئەی هۆزی من! خوا بپەرستن کە بێجگە لەو، بۆ ئێوە خوایێتر نییە، ئەوە کە ئێوەی لە زەوی بەدیهێنا و ئاوەدان کردنەوەی ئەویێ لە ئێوە ویستووە، جا داوای لێخۆشبوون لەو بکەن و لە پاشان بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو (و تۆبە بکەن)، بەڕاستی پەروەرێنەرم (لە بەندەکانی خۆی) نێزیکە (و بە خواستی ئەوان) وەڵامدەرەوەیە ﴿٦١﴾ وتیان: ئەی سالح! بەر لەمە تۆ هۆی هیوای ئێمە بووی! ئایا بە ئێمە لە پەرستنی ئەوەی کە باووباپیرانمان دەیانپەرست ڕێ نادەی و دەمانگێڕیتەوە؟ بەڕاستی ئێمە لەوەی کە تۆ بانگمان دەکەی بۆ لای، دوودڵین و لە شکداین ﴿٦٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



وتی: ئەی هۆزی من! ئایا ئەگەر بەڵگەیەکی روونم لە لایەن پەروەرێنەرمەوە بۆ هەبێ و رەحمەتی خوام بۆ هاتبێ (ئەتوانم لە راگەیاندنی فەرمانی ئەو مل بادەم)، جا ئەگەر نافەرمانی خوا بکەم، چ کەسێ ئەتوانێ لە بەرانبەر خوادا یاریدەم بدا؟ جا کەوایە (قسەی) ئێوە شتێک بێجگە لە زیان بۆ من زیاد ناکا ﴿٦٣﴾ ئەی هۆزی من! ئەمە وشتری خوایە کە بۆ ئێوە نیشانەیەکە، جا لێی بگەرێن با لە ئەرزی خوادا بلەوەرێ و ئازاری مەدەن، جا (ئەگەر ئازاری بدەن) بە زوویی جەزرەبەی خوا ئەتانگرێ ﴿٦٤﴾ جا ئەوانە وشترەکەیان پەی کرد، جا ئەویش بەوانی وت: (مۆڵەتتان تەواو بووە) سێ رۆژ لەماڵی خۆتان بمێننەوە و رابوێرن و (دوای ئەوە ئازاری خوا دێ)، ئەمە بەڵێنی خوایە و درۆ نییە ﴿٦٥﴾ جا کاتێ فەرمانی ئێمە (بۆ سزادانی ئەم هۆزە) هات، ساڵح و کەسانێ کە بروایان پێ هێنابوو، بە بەزەی خۆمان (لەو ئازار) و ریسوایی و سەرشۆرییەی ئەو رۆژەمان رزگار کردن، بەراستی هەر پەروەرێنەرت بەهێز و خاوەن وزەیە ﴿٦٦﴾ ئەوانە کە ستەمیان کردبوو شریخە و برووسکەی بەتەوژمی (ئاسمانی) گرتنی و لە ماڵ و جێگای خۆیاندا دەمەورووە کەوتن و مردن ﴿٦٧﴾ بە جۆرێکی وا دەڵێی لەوێ نەبوون، ئاگادار بن بەراستی هۆزی سەموود لە پەروەرێنەری خۆیان حاشایان کرد، یاخوا هۆزی سەموود (لە رەحمەتی خوا) دوور بن ﴿٦٨﴾ بە هەقیقەت رەوانەکراوەکانی ئێمە بە مزگێنییەوە چوونە لای ئیبراهیم، وتیان: سەلام، (ئەویش) وتی: سەلام، جا زۆری پێنەچوو کە گوێلکێکی برژاویان (بۆ ئەوان) هێنا ﴿٦٩﴾ جا کاتێ کە دیتی دەسیان پێ ناگا (دەسیان بۆ درێژ ناکەن و لێی ناخۆن) کارەکەی ئەوانی ناحەز هاتە بەرچاو و لێیان ترسا، (بەڵام بە زوویی) پێیان وت: مەترسە، بەراستی بۆ لای هۆزی لووت رەوانەکراوین ﴿٧٠﴾ (سارا)ی ژنی کە راوەستابوو پێکەنی، جا مزگێنیمان بە ئیسحاق (لەو) و دوای ئەویش بە یەعقووب (لە ئیسحاق) پێدا ﴿٧١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

وتی: وەیرۆ، ئایا منالّم ئەبێ کەچی پیرێژنم و ئەمەش مێردەکەمە کە پیرە، بەڕاستی ئەمە شتێ عەجیبە ﴿٧٢﴾ وتیان: لە فەرمانی خوا سەرت سوور دەمێنێ؟ ئەمە ڕەحمەتی خوا و بەرەکاتی ئەوە ئەرژێ بەسەر ماڵی ئێوەدا، بەڕاستی پیاهەڵگوتن هەر بە خوا ئەکەوێ ولە خوا دەوەشێتەوە و هەر خوا شیاوی پەسەند و گەورەییە ﴿٧٣﴾ جا کاتێ کە ترس لەسەر ئیبراهیم لاچوو، مزگێنی پێدرا، لە بابەت هۆزی لووتەوە لەگەڵمان کەوتە شەڕەقسە و سکاڵا و پاڕانەوە و ڕاز و نیاز ﴿٧٤﴾ (چونکە) بەڕاستی ئیبراهیم لەسەرخۆ و دڵنەرم و بەرەو خوا بوو ﴿٧٥﴾ ئەی ئیبراهیم! واز لەم کارە بێنە، بەڕاستی فەرمانی پەروەرێنەرت گەییوە، چونکە بەلای بێگەڕانەوە دەیانگرێ و بەرپەرچی بۆ نییە ﴿٧٦﴾ کاتێ ڕەوانەکراوەکانی ئێمە هاتنە لای لووت، بە هاتنیان دڵتەنگ و پەرێشان بوو، وتی: ئەمڕۆ ڕۆژێکی سەختە ﴿٧٧﴾ هۆزەکەی بە هەڵەداوان و بەپەلە هاتنە لای (لووت، لە بەرا بێناموسی و کاری خراپیان دەکرد، وتی: ئەی هۆزی من! ئەمانە کیژی منن، بۆ ئێوە پاکترن (بڕوا بێنن و مارەیان بکەن و لەکاری ناشیاو خۆ بپارێزن)، لە خوا بترسن و لەبابەت میوانەکان ئابڕووم مەبەن (و ڕووزەردم مەکەن)، ئایا لە نێو ئێوەدا مێرێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو نییە؟ ﴿٧٨﴾ وتیان: بە هەقیقەت تۆ دەزانی ئێمە هیچ کارێکمان بە کچانی تۆ نییە، دیارە چاک دەزانی کە چمان دەوێ ﴿٧٩﴾ وتی: (پەکوو) ئەگەر لە بەرانبەر ئێوەدا هێزێکم بوایە یا پشتیوانێکی قەویم بوایە (جا دەتانزانی چم لێ دەکردن) ﴿٨٠﴾ (جا میوانەکان) وتیان: ئەی لووت! بە هەقیقەت ڕەوانەکراوانی پەروەرێنەرتین، ئەوان (خەڵکی خوانەناسی شار) هەرگیز دەسیان بە تۆ ناگا، جا تۆ لە بەتڵ و بەشێک لەم شەودا لەگەڵ خاووخێزانت (لەم شارە) بڕۆ، هیچ کەس بۆ پشتەوە ئاوڕ نەداتەوە، مەگەر ژنەکەت، ئەو بەو بەلایەی تووشی ئەوان بووە، تووش دەبێ، وەختی ئەوان دەم بەیانە، ئایا دەم بەیان نێزیک نییە؟! ﴿٨١﴾

جا کاتێ کە فەرمانی ئێمە هات ئەو شوێنە (شار و دێ)مان ژێرورووو کرد و بارانی گزمووڵە قوڕ و گڵمەتی وەک بەردی ڕەق بەسەر ئەواندا ڕژاند ﴿٨٢﴾ (گڵمەتگەلێ کە) لای پەروەرێنەرت نیشاندار کرابوون، بەڵای وا لە ستەمکاران دوور نییە ﴿٨٣﴾ بۆ (ئەهلی مەدیەن، شوعەیبی برای ئەوانمان نارد، وتی: ئەی هۆزی من! خوا بپەرستن، بێجگە لەو خودایێ‌تر بۆ ئێوە نییە، (لە فرۆشتندا) پێوانە و کێشانە کەم و سووک مەکەن، من خێرخوازی ئێوەم، بەڕاستی من لە ئازاری ڕۆژی هەموو لاگر بۆ سەر ئێوە ئەترسم ﴿٨٤﴾ ئەی هۆزی من! پێوانە و کێشانەتان دادگەرانە بێ و لە شتومەکی خەڵک کەم مەکەنەوە، لە ئەرزا خراپە مەکەن ﴿٨٥﴾ هەرچی خوا بۆی ڕاگرتوون و بۆتان بێڵێتەوە (لە کڕین و فرۆشتندا) بۆتان چاترە، ئەگەر بڕواتان هەبێ، من پارێزەری ئێوە نیم (و ناتوانم بە زۆر بڕواتان پێ‌بێنم) ﴿٨٦﴾ وتیان: ئەی شوعەیب! ئایا نوێژەکانت فەرمانت پێ‌ئەداکە ئەوەی وا باووباپیرانمان دەیانپەرست، وازی لێ بێنین یا وەک خۆمان دەمانەوێ لە دارایی و ماڵمان دەسکاری نەکەین، بەڕاستی تۆ مرۆڤێکی لەسەرەخۆ و بەسەلیقەی ﴿٨٧﴾ وتی: ئەی هۆزی من! هەر دەمێ لە پەروەرێنەرمەوە بەڵگەیەکی ئاشکرام هەبێ و ڕسق و ڕۆزییەکی چاکی لە لایەن خۆیەوە بە من دابێ (ئایا ئەتوانم نافەرمان بم؟)، من نامەوێ ئێوە لە کردەوەی شتێک بگێڕمەوە کە خۆم بیکەم، بێجگە لە چاک کردن و سەروسامان دان بە کاروباری ئێوە تا ئەو شوێنەی بتوانم شتێکم ناوێ و سەرکەوتنی منیش تەنیا بە خوایە، پاڵم هەر بەو داوە و هەر بۆ لای ئەویشە گەڕانەوەم ﴿٨٨﴾

ئەی هۆزی من! دژایەتی کردنتان لەگەڵ من نەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێوەیش بە چارەنووسێ کە هۆزی نووح یا هۆزی هوود یا هۆزی سالّح تووشی بوون، تووش ببن، هۆزی لووتیش ئەوەندە لە ئێوە دوور نین ﴿٨٩﴾ لە پەروەرێنەری خۆتان داوای لێخۆشبوون بکەن، لە پاشان بۆ لای ئەو بگەڕێنەوە، پەروەرێنەرم دلاوا و دۆستە (بۆ بەندەی خۆی) ﴿٩٠﴾ وتیان: ئەی شوعەیب! زۆری لەوەی دەیلێی ئێمە لێی حالّی نابین و بەڕاستی تۆ لە نێو خۆماندا بێدەسەلات دەزانین، ئەگەر لەبەر هۆزی گچکەت نەبێ بەردبارانمان دەکردی، تۆ لای ئێمە ڕێزێکت نییە و دەرۆستی ئێمە نایەی ﴿٩١ ﴾ وتی: ئەی هۆزی من! ئایا هۆزی چکۆلەی من لای ئێوە لە خوا گرینگترو ئازیزترە و فەرمانی ئەوتان خستۆتە پشت گوێ؟ بەڕاستی پەروەرێنەرم بەوەی دەیکەن ئاگادارە و دەورەی داون ﴿٩٢﴾ ئەی هۆزی من! هەر کارێ لە دەستتان دێ بیکەن، بەڕاستی منیش کاری خۆم دەکەم! لەوە بەولاوە دەزانن ئازاری ئابڕووبەر تووشی کێ دەبێ و چ کەسێ درۆزنە، ئێوە چاوەڕوان بن، منیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕوانم ﴿٩٣﴾ کاتێ کە فەرمانی ئێمە گەیی، شوعەیب و ئەوانەی کە بڕوایان هێنا و لەگەڵ ئەو، بە بەزەیی و ڕەحمەتی خۆمان ڕزگارمان کردن، ئەوانەی کە ستەمیان کرد نەعرەتە و شریخەی (ئاسمانی) گرتنی و وای تاساندن و گێژ و وری کردن کە لە شوێنەکانی خۆیاندا دەمەوروو کەوتن (و مردن) ﴿٩٤﴾ بە جۆرێکی وا وەک ئەوەی لێی نیشتەجێ نەبوون، ئاگادار بە خەڵکی مەدیەن (لە ڕەحمەتی خوا) دوورن، هەروەکوو هۆزی سەموود دوور بوون ﴿٩٥﴾ بە هەقیقەت ئێمە مووسامان بە نیشانەکانی خۆمان و بەڵگەی ئاشکراوە نارد ﴿٩٦﴾ بۆ لای فیرعەون و دەوروبەری لە مرۆڤی دیوەخانی، جا ئەوانە لە فەرمانی فیرعەون پەیڕەوییان دەکرد، کەچی فەرمانی فیرعەون هۆی پێگەیشتن و ڕزگار بوون نەبوو ﴿٩٧﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئەو لە ڕۆژی بەریێدا لە پێش هۆزەکەیەوە دەبێ، جا ئەوان (لەباتی ئاوی بەهەشت) ئەباتە ناو ئاگر، چەن خراپە ئاگر جێی ئاو خواردنەوەی مرۆڤ بێ (وەرد: ئاوێک کە مرۆڤ دەچێتە سەری) ﴿٩٨﴾ ئەوانە لەم دنیا و لە ڕۆژی بەرێشدا نەحلەنیان بە شوێنەوەیە، چ بەخششێکی کرێت و دزێو و ناشیرین و خراپیان پێ دراوە ﴿٩٩﴾ ئەمە لە هەواڵەکانی شار و دێن کە بۆ تۆی دەگێرینەوە کە هەندێ (هێمان) لە سەر پێن (و ماون)، هەندێکیش درویێنە کراون (و لە ناو چوون) ﴿١٠٠﴾ ئێمە ستەممان لێ نەکردن، بەڵکوو خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد، کاتێ فەرمانی سزادانی خوا گەیی، خودایانێ غەیری خوا لەوانەی کە هاواریان لێ دەکردن، یارمەتی ئەوانیان نەدا (و لە هیچ بار و بابەتێکەوە ئەوانی بێنیاز نەکرد)، غەیری تیاچوون شتێکی بۆ زیاد نەکردن ﴿١٠١﴾ ئا بەمجۆرەیە سزادانی پەروەرێنەرت (خەڵکی) شار و ئاواییەکانی گرت، کاتێ کە ناحەق بوون، سزادانی ئەو فرە سەخت و دەردناکە ﴿١٠٢﴾ بەڕاستی لەمەدا پەند و نیشانەیەکە؛ بۆ کەسانێ کە لە ئازاری ڕۆژی بەرێ دەترسن، ئەمە ڕۆژێکە خەڵک لەودا کۆ دەکرێنەوە، ئەوە ڕۆژێکە بۆ هەمووان دیار و بەرچاو ﴿١٠٣﴾ ئێمە ئەوە دوا ناخەین، مەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ﴿١٠٤﴾ ڕۆژێ کە (قیامەت) دێ بەبێ ئیزنی خوا هیچ کەس قسە ناکا، مەگەر بە ئیجازەی ئەو نەبێ، جا تاقمێ لەوانە بێبەخت و بەختەوەش و تاقمێ بەختەوەرن ﴿١٠٥﴾ جا ئەوانەی بێبەخت بوون، بە ئاخ و ئۆخ و بە هەنیسکدان (نزگەرەی بەدەم گریانەوە) لە ئاگردان و ئەوانە لەوێدا ناڵەناڵ و هاوارهاواریانە ﴿١٠٦﴾ بۆ هەمیشەیش لەوێدا ئەمێننەوە تا ئاسمان و زەوی هەبن، مەگەر پەروەرێنەرت بیەوێ، بەڕاستی پەروەرێنەرت هەرچی بیەوێ دەیکا ﴿١٠٧﴾ ئەوانەی کە بەختەوەر بوون، بۆ هەمیشە لە بەهەشتدا دەمێننەوە؛ تا ئاسمان و زەوی هەبن، مەگەر پەروەرێنەرت بیەوێ، بەخششێکە نابڕێ ﴿١٠٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



جا تۆ سەبارەت بەوەی کە ئەوانە دەیپەرستن، دردۆنگ و بەگومان مەبە، ئەمانە هەر ئەوانە دەپەرستن کە باووباپیرانیان دەیانپەرست، ئێمە بێ‌کەموکۆڕی بەشیان (لە ئازار) ئەدەین ﴿١٠٩﴾ کتێبی ئاسمانیمان بە مووسا دا، جا لە دواییدا جیاوازی تێ‌خرا و کێشەی لەسەر ساز بوو، ئەگەر گفتی بەرێی خوا نەبوایە (لە بابەت تاقی کردنەوە و تەواو کردنی بەڵگەوە) کێشەیان دەبڕایەوە، ئەوانە (هێمان) لە دوودڵیدان، دوودڵی تێکەڵ بە گومان و بەدبینی ﴿١١٠﴾ پەروەرێنەرت بێ‌کەموکووڕی قەرەبووی کردەوەی هەر یەکیان ئەداتەوە، خوا بەوەی دەیکەن بە ناخی ئاگا و زانایە ﴿١١١﴾ جا بەو جۆرەی فەرمانت پێ‌دراوە خۆ ڕاگرە، هەروا کەسانێ کە بەرەو خوا گەڕاونەتەوە و لەگەڵ تۆن (با خۆ ڕاگرن) و مل بانەدەن، ئەوەی دەیکەن، خوا بینایە و دەیبینێ (جا کەوایە کردەوەتان تەنیا بۆ خوا بێ) ﴿١١٢﴾ مەچن بۆ لای غەدرکەران و ڕموودە و هۆگریان مەبن و پاڵ مەدەن بە زاڵمانەوە، جا (ئەگەر مەیلتان بۆ لای ستەمکاران بێ) ئاگر ئەتانگرێ (و بە ئاگری ئەوانەوە دەسووتێن)، بێجگە لە خوا هیچ پشتیوانتان بۆ نییە و پاشان یارمەتیش نادرێن ﴿١١٣﴾ نوێژ لە ئالی و لە ڕەخ و لە دوو لای ڕۆژ و سەرەتا و چەن بەتلی شەو بەجێبێنن، (چونکە) بەڕاستی چاکە؛ خراپە دەشواتەوە و (شوێنەکەیان لادەبا)، ئەمە ئامۆژگاری و پەندێکە بۆ ئەوانەی پەند وەرگرن ﴿١١۴﴾ تابشت بێنە، خوا پاداشی کارچاکان زایە ناکا ﴿١١۵﴾ جا بۆچ لە سەدەکانی بەر لە ئێوە، لە زانایانی ئاوەزدار کەسانێ نەبوون تا لەم زەوییەدا بەر لە خراپە بگرن مەگەر کەمێ لەوانە کە ڕزگارمان کردن، ئەوانەی کە ستەمیان کرد لە خۆشی و ناز و نیعمەت پەیڕەوییان کرد و تاوانبار بوون (و لە ناو چوون) ﴿١١۶﴾ وا نەبوو کە پەروەرێنەرت شار و ئاوایی‌یەکان بە ناحەقی لە ناو ببا، خوا چ جار و هیچ وەختێ کارێ ناحەقی نەکردووە؛ لە حاڵێکدا خەڵکەکەی خەریکی خۆ چاک کردن بووبن ﴿١١٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەگەر پەروەرێنەرت بیویستبا (بێ جیاوازی) هەموو خەڵکی دەکردە پەیرەوی یەک دین و ئایین، بەڵام ناتەبایی و جیاوازی لە نێو ناچێ و هەر دەمێننەوە ﴿١١٨﴾ مەگەر ئەو کەسەی کە پەروەرێنەرت ڕوحمیان پێ بکا و لەبەر ئەمەشە ئەوانەی بەدیهێناوە و بڕیار و فەرمانی پەروەرێنەرت تەواو بووە هەر دێتەجێ و جەهەندەم لە (ملبادەرانی) جنۆکە و مرۆ بەتێکرا پڕ و تەژی دەکەم ﴿١١٩﴾ لە هەواڵی پێغەمبەران هەمووت بۆ دەگێڕینەوە، ئەوەی دڵ و دەروونت پێی ئارام بگرێ و لەم (بەسەرهاتەدا) دیارە: ڕاستی و ئامۆژگاری بۆ بڕواداران و پەند و بیرەوەری تێدایە ﴿١٢٠﴾ بەوانە کە بڕوا ناهێنن، بڵێ: هەرچیتان لە دەس دێ ئەنجامی بدەن، ئێمەیش ئەنجامدەرین ﴿١٢١﴾ چاوەڕوان بن، ئێمەیش چاوەڕوانین ﴿١٢٢﴾ بۆ خوایە (زانینی نادیار و) غەیبی ئاسمانەکان و زەوی (و ڕاز و نهێنییەکانیان)، هەموو کارێک بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە، جا هەر خوا بپەرستە و پاڵ بەو بدە، پەروەرێنەرت لەو کارانەی دەیکەن بێئاگا و غافڵ نییە ﴿١٢٣﴾

## سوورەی یوسف ١١١ ئایەتە

**سوورەی یوسف لە مەککە هاتۆتە خوارەوە و بە (بسم‌الله)وە ١١١ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەلف، لام، ڕا ـ ئەم پیتانە نیشانەکانی کتێبی ئاشکران ﴿١﴾ بەڕاستی قورئانێکە بە عەرەبی ناردوومانەتە خوارێ تا ئێوە بیری لێبکەنەوە و ئاوەزی خۆتان بخەنە کار ﴿٢﴾ ئێمە باشترین و شیرینترین چریکە و چیرۆک بۆ تۆ دەگێڕینەوە، لە ڕێگای ناردنی ئەم قورئانەوە بۆ تۆ، هەرچەند بەر لەمە لە بێئاگایان بووی ﴿٣﴾ (بێنەوە بیر) وەختێ یوسف بە باوکی وت: ئەی بابە! من لە خەوا دیتم یازدە ئەستێرە و تەبەقی ڕۆژ و مانگ بە سەرچەماندن سوژدەیان بۆ دەبردم! ﴿٤﴾

وتی: کورم! خەونەکەی خۆت بۆ براکانت مەگێڕەوە، نەبادا نەخشەی فێڵاویت بۆ بکێشن، گەرت لێ بکەن؛ چونکا شەیتان دوژمنی ئاشکرای مرۆڤە! ﴿٥﴾ ئا بەمجۆرە پەروەرێنەرت تۆ هەڵدەبژێری و واتای خەولێکدانەوە بە تۆ فێر دەکا و ناز و چاکە و نیعمەتی خۆی بۆ تۆ و بۆ هەموو خانەدانی یەعقووب تەواو دەکا، هەروەکوو لە بەرا بۆ باووباپیرانت ئیبراهیم و ئیسحاق ئەوەی تەواو کرد، پەروەرێنەت پڕ زانا و لەکارزانە ﴿٦﴾ بە هەقیقەت لە (چریکەی) ڕابوردووی یوسف و براکانی نیشانەی (ڕێنوێنی) بۆ پرسیارکەران هەیە ﴿٧﴾ کاتێ کە (براکان) وتیان: یوسف و براکەی (بنیامین) لای باوکمان لە ئێمە خۆشەویستترن، کەچی ئێمە دەسەپیاوین، وزەیشمان زۆرترە، باوکمان لە هەڵەیەکی ئاشکرادایە ﴿٨﴾ (براکان کۆ بوونەوە و وتیان:) یوسف بکوژن یا بیخەنە سەرزەوییەکی دوور تا سەرنجی باوکتان تەنیا بۆ لای ئێوە بێ، دوای ئەو (لەو تاوانە تۆبە دەکەن و) دەبنە مرۆڤگەلێکی چاک و بەرکەتی و هەڵکەوتە ﴿٩﴾ یەکێک (ڕووبین یا لاوی یا یەهوودا) لەوان هەڵیدایێ وتی: یوسف مەکوژن، ئەگەر دەتانەوێ کارێ بکەن، بیخەنە ناو نهێنگە (و تاقچە)ی چاڵاوێک، (سەرئەنجام) هەندێ کاروانچی هەڵیدەگرنەوە (و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەنە جێگایەکی دوور) ﴿١٠﴾ (براکانی یوسف هاتنە لای باوکیان و) وتیان: بابە بۆچ لەبابەت یوسفی براوان لە ئێمە ئارخەیان و دڵنیا نیت، کەچی بەڕاستی ئێمە خۆشماندەوێ و خێرخوازی ئەویین ﴿١١﴾ سبەینێ ئەومان لەگەڵدا بنێرە (بچینە دەرەوەی شار) تا گەشتێ خۆش و گەمە و سەیران بکا، ئێمە بۆ ئەو پارێزەرین ﴿١٢﴾ (یەعقووب) وتی: بەڕاستی ئەگەر یوسف ببەنە دەرەوە کوڵ و کەسەر دەمگرێ و خەفەتبارم دەکا، دەترسم گورگ بیخوا و ئێوە لێی بێ ئاگا بن و نەپەرژێنە سەری! ﴿١٣﴾ وتیان: ئەگەر گورگ خواردی و ئێمەیش دەستەپیاوێکی بەهێزین و دە خورتین و پێکەوەین. هەموو جەحێڵ و لاوین، (مەگەر ئەوە بقەومێ) بە هەقیقەت ئێمە لەو کاتەدا لە زیان لێکەوتووان دەبین ﴿١٤﴾

جا کاتێ ئەویان لەگەڵ خۆیاندا برد و هەموویان لێبڕان کە لە نهێنەگەی چاڵاوێک دایبنێن، (ئەم کارەیان کرد) بەو (یوسف)مان ڕاگەیاند کە لە داهاتوودا ئەوان لەم کارەیان ئاگادار دەکەی، کەچی ئەوانە هەستی پێناکەن (و شعووریان پێی ناشکێ) ﴿١٥﴾ ئێوارە درەنگان لە حاڵێکدا کە دەگریان هاتنەوە لای باوکیان ﴿١٦﴾ وتیان: بابە! بەڕاستی ئێمە ڕۆیشتین و خەریکی غارغارێن و کێبرکێ بووین و یوسفمان لای کەلوپەل و شتومەکەکان بەجێهێشتبوو، جا گورگ ئەوی خوارد، تۆ قەت بڕوات بە ئێمە نییە، هەر چەند ڕاستبێژیش بین؟ ﴿١٧﴾ کراسەکەی ئەویان بە خوێنی بە درۆ هێنابە (لای باوکیان)، وتی: ئارەزووی خۆتان ئەوەی بۆ ڕازاندنەوە و لە چاوتان جوانی کرد و خەمڵاندی و فریوی دان و ئەم کارە دزێوەی پێ کردوون، جا تابشتم جوانە و (خۆڕاگری بێ ناشکوری چاری منە) لەڕاست ئەوەی ئێوە دەیڵێن؛ لە خوا یارمەتی دەخوازم و بەفریام دێ ﴿١٨﴾ کاروانێک هات، جا ئاوهێنەریان (بۆ ئاو) نارد، ئەویش دۆڵچەی خۆی ڕاداشتە ناو چاڵاوەکە، هاواری کرد، مزگێنی بێ! ئەمە تازەلاوێکە ئێسکسووک و خوێنشیرین، ئەویان وەکوو کاڵایەک تاقەت کرد و حەشاریان دا و لە (خەڵکیان) شاردەوە، خوا بەوەی ئەوان ئەنجامیان دا زانا و ئاگایە ﴿١٩﴾ ئەویان بە نرخێ کەم (تەنیا) چەن درەم فرۆشت، لە (فرۆشی) ئەوا لە خۆپارێزان بوون (چونکە دەترسان ڕازیان دەرکەوێ) ﴿٢٠﴾ ئەو کەسەی (عەزیزی میسر) کە ئەو (یوسف)ی لە سەرزەوی میسردا کڕی، بە ژنەکەی خۆی وت: ڕێزی لێبگرە، بەڵکوو کەڵکی بۆمان هەبێ، یا بیکەینە منداڵی خۆمان، ئا بەمجۆرە یوسفمان لەو سەرزەوییەدا دامەزراند و خستمانە ناو ناز و نیعمەت (و قودرت)، (ئەم کارەمان کرد) تا ئەو فێری واتای خەون لێکدانەوە بکەین، خوا بە سەر کاری خۆیدا زاڵە، بەڵام زۆربەی خەڵک (بەمە) نازانن ﴿٢١﴾ وەختێ تەواو پێگەیی (خۆی ناسی و هێزی گرت) سەلیقە و دەسەڵات و زانست و ئاگاداریمان پێدا، ئا بەمجۆرە بە کارچاکان پاداشی (چاک) ئەدەینەوە ﴿٢٢﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئەو ژنە (زلێخا) کە یوسف لە ماڵیدا بوو، تەمای تێکرد و دەستێکەلاوی لەو (یوسف) ویست و درگاکانی هەموو داخست و بەست و گاڵەی دا و وتی: بەپەلە و بەلەز وەرە بۆ ئەوەی بۆت ئامادەیە! (یوسف) وتی: پەنا بە خوا! بەڕاستی ئەو (عەزیزی میسر) خاوەنی چاکە و نیعمەتی منە، ڕێزی لە من گرتووە (ئایا ئەتوانم خەیانەت و ستەمی لێ بکەم! بێ ئەمەگانی داوێن پیس (بەڕاستی ناحەقیکارن) قەت ڕزگار نابن و ناخەلەسێن ﴿٢٣﴾ ئەو ژنە (زلێخا) پەلاماری ئەوی دا و ئەمیش ئەگەر بەڵگەی پەروەرندەی (بڕوا و ترس لە خوا) نەدیبا ئاوقەی دەبوو (زلێخای دەگرتە باوەش) ئاوا بەمجۆرە و لەبەر ئەوەی خراپە و کاری شوورەیی و داوێن ناپاکی لەو (یوسف) دوور بکەینەوە، چونکە بەڕاستی ئەو لە بەندە پاک و هەڵبژاردەکانی ئێمەیە ﴿٢٤﴾ هەردووکیان بۆ لای درگا ڕایانکرد (لە حاڵێکدا کە ژنی عەزیزی میسر، بە دوای یوسف کەوتبوو) و کراسی یوسفی لە پشتەوە دادڕی و هەردووکیان لە دەم درگا مێردی ئەو ژنەیان بینی، ژنە وتی: سزای کەسێ کە سەبارەت بە خێزانت بیەوێ خراپە و کاری شوورەیی بکا، بێجگە (لە) زیندان یا ئازاری دەردەوی چی ترە؟! ﴿٢٥﴾ (یوسف) وتی: ئەو بە زۆر منی بۆ لای خۆی بانگ کرد، لەو دەمەدا شایەدێک لە بنەماڵەی ئەو ژنە شایەدی دا کە ئەگەر کراسەکەی ئەو (یوسف) لە بەرەوە دڕابێ، ئەو ژنە ڕاست دەڵێ و ئەو (یوسف) لە درۆزنانە ﴿٢٦﴾ ئەگەر کراسەکەیشی لە پشتەوە دڕابێ، ئەو ژنە درۆ دەکا و ئەو (یوسف) لە ڕاستبێژانە ﴿٢٧﴾ کاتێ کە (عەزیزی میسر) دیتی کراسی ئەو (یوسف) لە دواوە دڕاوە، وتی: بە هەقیقەت ئەمە مەکر و فێڵی ئێوەیە، فروفێڵی ئێوە ژنان فرە گەورە و زلە ﴿٢٨﴾ (عەزیزی میسر وتی:) یوسف! لەمە واز بێنە و ژنە! چورمێ! تۆیش داوای لێخۆشبوون لە تاوانت بکە، بەڕاستی تۆ لە خەتاکەرانی ﴿٢٩﴾ دەستەیەک لە ژنانی شار قاویان داخست و وتیان: کە ژنی عەزیز (ی میسر) لاوەکەی (یوسفی) بانگ کردۆتە لای خۆی، بە هەقیقەت ئەوینی ئەو لاوە دەڵیوەتە ناو جەرگ و هەناوی و لە دڵداریدا سووتاوە، ئەو (زلێخا) لە ڕێ دەرچووە و لە لاڕێییەکی ئاشکرایدا ئەبینین ﴿٣٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



کاتێ کە (ژنی عەزیز) قسە پڕ لە تیز و تانە و تەشەر و فڕوفێڵەکانی ئەوانی بیست، ناردیە دوویان (و بانگی کردن) و کەلێ باڵگە و باڵشت و پاڵەوپشتی بەنرخی بۆ ئەوان ئامادە کرد، (میوەی بۆ دانان و بۆ لەت کردنی میوە) بۆ هەر یەکە لەوان چەقۆیەکی بۆ هێنان و (بە یوسفی) وت: دەرکەوە ناویان (و خۆیان نیشان بدە)، جا کاتێ چاویان بەو (یوسف) کەوت، (سەریان لە جوانی یوسف سووڕما و حەبەسان و واقیان وڕما) و بە گەورە (و بێ وێنەیان) دانا و هەموو دەسی خۆیان (بە میوە لەت کردن و میوە پاک کردن) بڕی! و وتیان: ئەی دوور لە خوا بێ، ئەمە بەشەر نییە، ئەمە فریشتەیەکی بەڕێز (و بێ‌خەوش)ە ﴿٣١﴾ (ژنی عەزیز) وتی: ئەمە ئەو کەسەیە کە منتان لەسەر (ئەوین)ی ئەو لۆمە و سەرزەنشت دەکرد، بە هەقیقەت من ویستم دەسم لەگەڵ تێکەڵ بکا، ئەو خۆی گرت و لە خشتە نەبرا و فریو نەدرا، ئەگەر بە قسەم نەکا، بێ‌گومان زیندانی دەکرێ، تا وەک یەخسیرانی ڕیسوا کراوی بەسەر بێ ﴿٣٢﴾ (یوسف) وتی: ئەی پەروەرێنەرم! زیندانم پێ خۆشترە لەوەی کە ئەوانە بانگم دەکەن بۆ لای و لێم دەخوازن، ئەگەر گەڕ و فڕوفێڵی ئەوانم لێ لانەدەی و دووری نەخەیتەوە، دڵم بۆ لایان دەڕوا و لە نەزانان دەبم ﴿٣٣﴾ جا پەروەرێنەری، دوعا و پاڕانەوەی ئەوی قەبووڵ کرد و فڕوفێڵی ئەوانی لێ‌لادا، بەڕاستی هەر ئەوە بیسەر و زانا ﴿٣٤﴾ دوای ئەوەی نیشانەکانی (پاکی یوسفیان) دی، (هێمان وایان بە باش زانی) لێ‌بڕان بۆ ماوەیەک زیندانی بکەن ﴿٣٥﴾ دوو گەنج لەگەڵ ئەودا چوونە زیندان، یەکێک لەو دووانە وتی: لە خەومدا دیتم کە (ترێم بۆ) شەراب دەگوشی، ئەوی تریش وتی: منیش لە خەونمدا دیتم نان (و پێخۆر) لەسەر سەرم هەڵدەگرم مەل و باڵندە لێی دەخۆن، خەونەکەمان بۆ لێکدەوە و واتاکەیمان پێ بڵێ، بەڕاستی ئێمە لە تۆ ڕادەبینین و تۆ بە خێرەومەند و لە کارچاکان ئەزانین ﴿٣٦﴾ (یوسف) وتی: بەر لەوەی ژەمەنانێ کە بۆتان دێ و پێش خواردنی، واتای خەونەکەتان پێ دەڵێم، ئەمە زانستێکە خوا بە منی فێر کردووە، من لە ئایینی تاقمێ کە بڕوایان بە خوا نییە و بە ڕۆژی بەرێش بێ‌بڕوان وازم هێناوە (شیاوی چاکەیەکی وایشم) ﴿٣٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دكتورسا لح ئيبراهيمى



من لە ئایینی باووباپیرانم ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووب پەیڕەویم کردووە، بۆمان شیاو نییە شتێک بکەینە هاوبەش بۆ خوا، ئەمەیش لە چاکەی خوایە لەسەر ئێمە و لەسەر خەڵک، بەڵام زۆربەی خەڵک شوکرانەی خوا ناکەن ﴿۳۸﴾ ئەی دوو هاوزیندانی من! ئایا خوایانی جیاجیا و بڵاو باشترن یا خوای تاقانەی بەدەسەڵات ﴿۳۹﴾ ئەوانەی بێجگە لە خوا کە ئەیپەرستن، شتێ بێجگە لە ناوگەلێ (بێ ناوەڕۆک) نین کە ئێوە و باووباپیرانتان ناوتان ناون، خوا هیچ بەڵگەیەکی بۆ ئەوە نەناردووە، حوکم و دەستوور نییە مەگەر بۆ خوا، فەرمانی داوە بێجگە لەو کەسێتر نەپەرستین، ئەمەیە ئایینی پایەدار، بەڵام زۆربەی خەڵک (بەمە) نازانن ﴿۴۰﴾ ئەی دوو هاوزیندانی من! یەکێ لە ئێوە (ئازاد ئەبێ و) ئەبێتە مەیگێڕ بۆ خاوەنی خۆی، بەڵام ئەویتر هەڵدەواسرێ (و لە دار ئەدرێ) و باڵندە لە (مێشکی) سەری دەخۆن، ئەم کارەی کە لەبابەت ئەوە لە منتان پرسی دێتەدی ﴿۴۱﴾ بە یەکێ لەو دووانە کە دەیزانی ڕزگار دەبێ، وتی: لای خاوەنەکەت (پاشای میسر) یادم بکە (و بێژە واتای خەون چاک دەزانێ)، بەڵام شەیتان باسکردنی ئەوی (یوسفی) لای خاوەنەکەی لە بیر بردەوە، جا ئەوە بوو (یوسف) چەن ساڵ لە زیندان قەتیس مایەوە ﴿۴۲﴾ شا وتی: من لە خەونما دیتم کە حەوت چێڵی لەڕ، حەوت گای قەڵەو دەخۆن، حەوت گوڵە دەخلی سەوزیش حەوت گوڵی ویشک (کە گوڵە ویشکەکان لە گوڵە سەوزەکان ئاڵان و لە ناویان بردن)، ئەی تاقمی گەورە و مەزنە سەلیقە بە کار شکاوەکان! لەبابەت خەونی منەوە نەزەر بدەن، ئەگەر واتای لێکدانەوەی خەوان دەزانن ﴿۴۳﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



وتیان: خەونی پەرێشان و هاتەران پاتەرانە، ئێمە واتای ئەم جۆرە خەونانە نازانین ﴿٤٤﴾ یەکێ لەو دوو کەسەی کە (لە بەند) ڕزگار ببوو، دوای ماوەیەک هاتبووەوە بیری، وتی: من لە واتاکەی ئاگادارتان دەکەم، جا بمنێرن (بە دوای ئەو لاوەی وا لە زینداندایە کە واتای خەون دەزانێ ﴿٤٥﴾ یوسفا! ئەی مرۆی هەمیشە ڕاستبێژ! ئەم خەونەمان بۆ لێکدەوە کە حەوت چێڵی لەڕ و لاواز و داڵگۆشت و لەجەر، حەوت گای قەڵەو دەخۆن، حەوت گوڵە دەخڵی سەوزیش حەوت گوڵی ویشک، (کە گوڵە ویشکەکان لە گوڵە سەوزەکان ئالابوون و لە ناویان بردن) تا من بچمەوە لای خەڵکەکە، بەڵکوو ئاگادار بن و بزانن ﴿٤٦﴾ وتی: حەوت ساڵ بێوچان، بە لێبڕانەوە کشتوکاڵ بکەن (جووتیاری بکەن)، جا ئەوەی دەیدروونەوە، بێجگە لەو ئەندازە کەمەی کە دەیخۆن، بە گوڵەکەوە ڕایگرن (و عەنبار و ئازووخەی بکەن) ﴿٤٧﴾ پاشان دوای ئەوە حەوت ساڵ ویشکەساڵ و قاتوقڕی دەبێ، ئەوەی ئێوە بۆ ئەوانتان عەنبار و ئازووخە کردبوو دەیخۆن، مەگەر کەمێ کە (بۆ تۆ وەشاندن) ئازووخەی دەکەن ﴿٤٨﴾ لە پاشان دوای ئەوە ساڵێک دێ کە بارانی زۆر دەبارێ، (ڕوەک مشە و فرە و زۆر دەبێ) لەو ساڵەدا خەڵک دۆشاو و ڕۆنی (میوە و دانە) دەگرن ﴿٤٩﴾ پاشا وتی: ئەو (یوسف) بێننە لای من، جا کاتێ کە پیاوی شا هاتە لای ئەو، (یوسف) وتی: بگەڕێوە لای خاوەنەکەت و لێی بپرسە، هۆی چ بوو ئەو ژنانە کەوا دەستی خۆیان بڕی؟ بەڕاستی خوا بە دەهۆ و گزی و فێڵی ئەوان ئاگا و زانایە ﴿٥٠﴾ (پاشا ژنانی بانگ کرد و) وتی: ئەوە چ بوو کە ئێوە یوسفتان بانگ کردە لای خۆتان؟ وتیان: دوور لە خوا، هیچ خەوش و خراپییەکمان لەوا نەدی، (لەو دەمەیدا) ژنی عەزیزی میسر (زلێخا) وتی: ئێستا هەق دەرکەوت! من بووم کە تەماحم لە (یوسف) کرد! و بە هەقیقەت ئەو لە ڕاستبێژانە ﴿٥١﴾ (یوسف) وتی: لەبەر ئەوە (ئەم قسانە دەکەم) تا (عەزیز) بزانێ لە پاشەملە و لە پشتسەریشی خەیانەتم پێنەکردووە (و هەقیقەتم ڕاگەیاندووە)، بەڕاستی خوا دهۆ و فێڵی فێڵبازان و دەغەڵبازان ڕێنوێنی ناکا و گزی و فێڵیان دەردەخا ﴿٥٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



منیش پاکانە بۆ خۆم ناکەم، نەوس و ئاز و فەرمان بە هەموو خراپەیەک دەدا مەگەر پەروەرندەم بەزەیی بە مندا بێ، پەروەرندەم لێبور و دڵاوێنە ﴿٥٣﴾ پاشای (میسر) وتی: ئەو (یوسف)م بێننە لام تا بیکەمە (نوێنەری) تایبەتی خۆم، کاتێ کە (یوسف هاتە لای) قسەی لەگەڵدا کرد، (پاشا پەی بە ژیری و بە کارایی و لەکارزانی ئەو برد و) وتی: تۆ لەمرۆکەوە لای ئێمە پلە و ڕیزێکی بەرزت بۆ هەیە و جێی دڵنیایی ئێمەی ﴿٥٤﴾ (یوسف) وتی: من لەسەر نەغدینە و بەروبوو و خەزینەی وڵاتی میسر دانێ، بەڕاستی ڕاگر و پارێزەر و زانا و ئاگام ﴿٥٥﴾ ئا بەمجۆرە لە وڵاتی (میسر)دا یوسفمان بە قەدر و حورمەتەوە جێ کردەوە، لە هەرشۆێنێ خۆی بیویستبایێ دەژیا و دادەنیشت (و ئاڵوگۆڕی تێدا دەکرد)، ئێمەوە بەر بەزەیی و ڕەحمەتی خۆمان هەرکەس کە بمانەوێ (و شیاویش بێ) دەخەین و پاداشی چاکەی کارچاکان زایە ناکەین ﴿٥٦﴾ بە هەقیقەت پاداشی ئاخیرەت بۆ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و خۆپارێزیشن باشترە ﴿٥٧﴾ براکانی یوسف هاتن و چوونە لای ئەو، جا ئەو (یوسف) ئەوانی ناسی، بەڵام ئەوان، ئەویان نەناسییەوە ﴿٥٨﴾ کاتێ کە (یوسف) بارەکانی ئەوانی ئامادە کرد، وتی: (جارێکی‌تر کە هاتنەوە) ئەو برا باوکییەتان لەگەڵ خۆتان بێننە لای من، ئایا نابینن کە بەڕاستی پێوانەکە پڕ ئەکەم (و چاکی دەپێوم) و من باشترینی میواندارانم ﴿٥٩﴾ جا ئەگەر نەیهێننە لای من، نە پێوانەی دانەوێڵەتان لای من بۆ هەیە (دانەوێڵەتان پێنادەم) و نە لێشم نێزیک بنەوە ﴿٦٠﴾ وتیان: ئێمە لەگەڵ باوکی، بە فێڵ قسە دەکەین و بە یەقین ئەم کارە ئەنجام ئەدەین ﴿٦١﴾ (لە پاشان) بە خولامەکانی خۆی وت: ئەوەی بە ناوی پووڵ و پارە و دراو یا نرخ داویانە (بە دزییەوە) بیخەنە ناو بارەکانیان، بەڵکوو دوای گەڕانەوە بۆ نێو ماڵ و منداڵی خۆیان بیناسنەوە (و بێتە هۆی ئەوە) بگەڕێنەوە (بۆ میسر) ﴿٦٢﴾ جا کاتێ کە ئەوان گەڕانەوە بۆ لای باوکیان، وتیان: بابە! لە پێوانە (ی دانەوێڵە) بێبەش کراوین، جا کەوایە براکەمان (بنیامین) لەگەڵدا بنێرە (جا ئیجازەی پیوانەمان دەدرێ و) دەپێوین، ئێمە پارێزگاری لێ دەکەین ﴿٦٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



وتی: ئایا سەبارەت بەو بە ئێوە بڕوا بکەم و پێتان بسپێرم، هەروەکوو لە پێشدا سەبارەت بە (یوسفی) برای بڕوام پێکردن (و دیتان چی بەسەر هات؟) خوا باشترین پارێزەرە و دڵۆڤانترینی دڵۆڤانانە ﴿٦٤﴾ کاتێ باروبنەی خۆیان کردەوە، دیتیان دراو و دەسمایەکەیان بۆ گەڕاوەتەوە (و خراوەتە ناو بارەکانیان!) وتیان: بابە! ئیتر ئێمە چمان دەوێ؟ ئەمە دەسمایەکەمانە کە بۆمانیان گێڕاوەتەوە (و پێیان داوینەتەوە، جا باش وایە بنیامینی برامان لەگەڵدا بنێری) و ئێمە بۆ خاووخێزانی خۆمان پێ‌بژیو و خواردەمەنی دێنین و برایەکەشمان دەپارێزین و پێوانەی باری وشترێک بار زیاد ئەکەین، ئەمە پێوانەیەکی کەمە ﴿٦٥﴾ وتی: هەرگیز ئەو لەگەڵ ئێوەدا نانێرم! مەگەر بەڵێنێکی پتەوی خواییم پێ بدەن کە (بێوەی) بیهێننەوە لای خۆم، مەگەر ئەوەی (بە هۆی مردن یا شتێ‌تر) هیچ لە دەس ئێوە نەیێ، جا کاتێ کە ئەوان بەڵێنێکی قایمیان بەو (باوکیان) دا، وتی: خوا سەبارەت بەوەی کە دەیڵێین ئاگا و پارێزەرە ﴿٦٦﴾ (یەعقووب) وتی: کوڕەکانم! لە درگایەکەوە مەچنە ژووری، بەڵکوو لە درگای جیاجیاوە بڕۆن، (بەم دەستوورە) ناتوانم بەری ئەو شتانە بگرم کە لە لایەن خواوە بۆ ئێوە ڕوودەدا، فەرمان نییە، مەگەر بۆ خوا، جا پاڵەوەدەران دەبێ تەنیا پاڵ بە خواوە بدەن ﴿٦٧﴾ کاتێ لەو ڕێگایەوە کە باوکی بەوانی دەستوور دابوو، چوونە ژورێ، ئەو نەیتوانی لەو شتانەی کە خوا بۆ ئەوانی دیاری کردبوو بەرگری بکا، بێجگە لەو نیازەی کە لە دڵی یەعقووبدا بوو (کە لەم ڕێگایەوە) ئەنجامی دا، ئەو لەبەر (بەرەکەتی) فێرکردنێ کە بەومان فێر کردبوو، خاوەن زانست و ئاگا بوو، بەڵام زۆربەی زۆری خەڵک (بەوە) نازانن ﴿٦٨﴾ کاتێ کە چوونە هوندور (ژووری ماڵێ) لای یوسف، براکەی خۆی (بنیامین) لای خۆی داینا و وتی: من برای تۆم، لەوەی ئەوانە دەیکەن غەمگین مەبە ﴿٦٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



جا کاتێ بارەکانی ئەوانی ئامادە کرد و بەستی، زەرکا و لیوان و ئاوخۆری مەلیکی لە ناو باری براکەی (بنیامین) دانا، پاشان جارچی جاڕی دا: ئەی خاوەنی کاروان! بەڕاستی ئێوە دزن! ﴿٧٠﴾ ئەوانیش ڕوویان کردە جارچی و پێیان وت: چیتان گوم کردووە؟ ﴿٧١﴾ وتیان: بە دوای پێوانە (پیاڵە)ی گومبووی پاتشاین و هەرکەس بیهێنێتەوە باری وشترێک (دانەوێڵەی) پێ ئەدرێ، من دەسەبەر و زامنی ئەو پاداشەم ﴿٧٢﴾ وتیان: سوێندەکە بە خوا، ئێوە دەزانن کە ئێمە نەهاتووین لەم سەرزەوییە بەدفەڕی و دزی بکەین، ئێمە دز نەبووین و تا ئێستا دزی لە ئێمە ڕووی نەداوە ﴿٧٣﴾ وتیان: ئەگەر درۆ لەسەر ئێوە ڕوون ببێتەوە، سزای دز چییە؟ ﴿٧٤﴾ وتیان: هەرکەس (ئەو پێوانە و لیوانەی) لە باری ئەودا پەیا بێ، خۆی سزای ئەوە (و لە بارمتەیدایە و ڕایگرن)، ئا بەمجۆرە ستەمکاران سزا ئەدەین ﴿٧٥﴾ جا باری ئەوانی بەر لە باری (بنیامین) برای (یوسف) پشکنی، لە پاشان ئەوی لە باری براکەیدا دەرهێنا، ئا بەمجۆرە فێڵمان بۆ یوسف کرد و ڕێگاچارەمان بۆ دۆزییەوە، ئەو نەیدەتوانی براکەی بە پێی ئایینی پاتشا (ی میسر) بگرێ، مەگەر ئەوە خوا بیەوێ، هەرکەس بمانەوێ پلە پلە ئەیبەینە سەرێ، بانتر لە هەر خاوەن زانستێ زانایەک هەیە ﴿٧٦﴾ (براکان) وتیان: ئەگەر ئەو (بنیامین) دزی کردووە (سەمەرە نییە، یوسفی) برایشی لەبەرا دزی کردبوو، جا یوسف (زۆر تیکچوو) ئەم (تێکچوونە)ی لە دڵ و دەروونی خۆیدا ڕاگرت و نەیهێشت پێی بزانن، (هەر ئەوەندەی) وت: ئێوە جێگایەکی بەدفەڕترتان (لای خوا) هەیە، خوا بەوەی کە دەیڵێن زاناترە ﴿٧٧﴾ وتیان: ئەی عەزیزا ئەو باوکێکی پیری گەورەی هەیە (زۆر دڵتەنگ ئەبێ)، جا یەکێ لە ئێمە لەباتی ئەو ڕابگرە، بەڕاستی ئێمە تۆ لە کارچاکان دەبینین ﴿٧٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



وتـی: پەنـا بەر خـوا کە ئـێمە غەیـری ئەو کەسـەی کە کـاڵای (ئـاوخۆری) خۆمـان لای ئەو دۆزیوەتەوە بە بارمەتە بگـرین و گلـی بـدەینەوە، بەڕاسـتی ئەو کـاتە لە ناحەقیکـاران دەبـین ﴿٧٩﴾ جا کاتێ کە (براکان) لەوە (ئازاد کردنی بنیامین) بێ هیوا بـوون، چـوونە گۆشـەیەک و پێکەوە دەسیان کرد بە سرتەسرت، برا گەورەکەیان وتی: ئایا نازانن باوکتان بەڵێنی خوایی لـێ وەرگرتون و بەر لەمەیش لەبابەت یوسفەوە کۆتاییتان کردووە، جا من لەم سەرزەوییە ناڕۆم تـا باوکم ئیجازەم نەدا یا خوا بڕیارم لەبارەوە بۆ دەدا، هەر ئەویشـە باشـترینی بڕیـاردەران ﴿٨٠﴾ ئێوە بگەڕێنەوە لای باوکتان و پێی بێـژن بـابە (گیـان)! بەڕاسـتی کـوڕەکەت (بنیـامین) دزی کردووە، ئێمەیش بێجگە لەوەی کە دەمانزانی شایەدیمان نەداوە و ئاگایشمان لە نادیار نەبـووا! ﴿٨١﴾ (بابە!) (بۆ دڵنیایی زیـاتر) لەو شـارە (میسـر) کە لێـی بـووین بپرسـە و هەروەهـا لەو کاروانەی وا پێی هاتین بپرسە، ئێمە (لە قسەی خۆماندا) ڕاستبێژین ﴿٨٢﴾ (یەعقووب) وتی: هەوای دڵتان وای لە بەرچاوتان نواندووە و ڕازاندوویەتەوە، مـن تابشـت دێـنم، تابشـتێ جـوان، (بێناشکوری کردن) هیوادارم خـوا هەموویـان بگەڕێنێـتەوە لام، بەڕاسـتی هەر ئەوە پڕزانـا و لەکارزان ﴿٨٣﴾ لەوانە ڕووی وەرگێڕا و وتی: ئۆف ئەی داخم بۆ یوسف! هەردوو چاوی لە سـوێ و داخ و عەزرەتـی یوسـف و لەبەر خەفەت سـپی هەڵـگەرا (و کـوێر) بـوون، بەڵام ڕقـی خـۆی دەخواردەوە (و ناسپاسی نەکرد) ﴿٨٤﴾ وتیان، سوێند بە خوا تۆ ئەوەنـدە یـادی یوسـف دەکەی نەخۆشت خا و لەسەر جێ بکەوی یا بتکوژێ! ﴿٨٥﴾ وتی: گازندە و شکایەت و خەم و کەسەر و دڵمەندی خۆم تەنیا بە خوا دەڵێم و (لای ئەو شکایەت دەکەم)، شـتگەلێ لە خـواوە دەزانـم کە ئێوە نایزانن ﴿٨٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەی کورەکانم! برۆن و لە یوسف و براکەی بگەڕێن و لە ڕەحمەتی خوا بێهیوا مەبن، بەڕاستی بێجگە لە هۆزی خوانەناسان کەس لە ڕەحمەتی خوا هیوابڕ نابێ ﴿٨٧﴾ جا کاتێ کە ئەوان چوونەوە لای ئەو (یوسف) وتیان: ئەی عەزیزا! نارەحەتی کەمبژیوی ئێمە و بنەماڵەی ئێمەی داگر تووە و دەسمایەیەکی کەممان لەگەڵ خۆ هێناوە، جا پەیمانەکەمان بۆ پڕ بکە و بە سەدەقەسەری خۆت بماندەیێ، چونکە خوا بە سەدەقەدەران پاداش ئەداتەوە ﴿٨٨﴾ وتی: ئایا زانیتان چتان بەسەر یوسف و براکەیدا هێنا، ئەوکاتەی لەخۆبایی و نەزان بوون ﴿٨٩﴾ وتیان: ئایا تۆ هەمان یوسفی؟! وتی (ئەرێ) من یوسفم و ئەمە برامە، بە هەقیقەت خوا منەتی لەسەرمان داناوە، (چونکە) بەڕاستی هەرکەسێ خۆ بپارێزێ و تابشت بێنێ (سەرئەنجام سەر دەکەوێ)، جا بەڕاستی خوا پاداشی کارچاکان زایە ناکا ﴿٩٠﴾ وتیان: سوێندەکە بە خوا بە یەقین خوا تۆی بەسەر ئێمەدا پێش خستووە و سەری خستووی، ئێمە لە هەڵەکاران و تاوانباران بووین ﴿٩١﴾ وتی: ئەمڕۆ سەرزەنشت و لۆمەتان لەسەر نییە، خوا دەتانبەخشێ و هەر ئەویشە لە هەموو دڵۆڤانان دلاواترە ﴿٩٢﴾ ئەم کراسەی من ببەن و بەسەر دیم و ڕوخسار و دەموچاوی باوکمیدا بێنن، چاوی دەکرێتەوە و هەمووتان بە خاووخێزانەوە بێنە لای من ﴿٩٣﴾ کاتێ کاروان (لە میسر) دوور کەوتەوە، (بەرەو سەنعا دەهات) (یەعقووبی) باوکیان وتی: من بۆنی یوسف هەست دەکەم، ئەگەر بە نەزان و کەم ئەقڵم نەزانن و نەڵێن: قسە دەپەرێنێ و ڕاوە و هەڵیتوپلێتیەتی وهاتەران و قسەی بێ واتا و پووچ دەڵێ ﴿٩٤﴾ وتیان: سوێند بە خوا، بە هەقیقەت هێمان لە نەزانی و گومڕایی بەروو دای! ﴿٩٥﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



جا کاتێ مزگێنیدەر هات، ئەو (کراسە)ی خستیە سەر دەموچاوی پێیدا هێنا، لە ناکاو بینایی چاوەکانی کرایەوە، و چاک بوونەوە، وتی: ئایا بە ئێوەم نەوت من لە خوا شتگەلێ ئەزانم کە ئێوە نایزانن؟! ﴿٩٦﴾ وتیان: بابە! لای خوا داوای لێخۆشبوونمان بۆ بکە، چونکە ئێمە خەتاکارین ﴿٩٧﴾ وتی: لە دوایی لە پەروەریێنەرم داوای لێخۆشبوونتان بۆ دەکەم، بەڕاستی هەر ئەویش لێبور و دلآوێنە ﴿٩٨﴾ جا کاتێ هاتنە لای یوسف، باوک و دایکی خۆی لە باوەش گرت و وتی: هەموو بچنە میسر کە خوا یار بێ هیچ نارەحەتیتان تووش نابێ و لە ئەمن و ئەمانا دەبن ﴿٩٩﴾ باوک و دایکی لەسەر تەخت دانا و هەموو لە بەرانبەر ئەودا کڕنۆشیان برد و چوونە سوژدە و وتی: بابە! ئەمە لێکدانەوەی خەونێکە کە لە بەرا دیبوم، خوا بە ڕاستی گێڕا، چاکەی لەگەڵ کردم، کاتێ لە زیندان ڕزگاری کردم و ئێوەیشی لەو بیابانەوە هێناوەتە (ئێرە)، دوای ئەوە کە شەیتان لە نێوان من و براکانم ناکۆکی سازدا، بەڕاستی پەروەریێنەرم سەبارەت بەوکەسەی دەیەوێ (و شیاوی بزانێ) ڕایدەگرێ و چاکەی لەگەڵ دەکا، بەڕاستیش هەر ئەوە پڕزانا و لەکارزانە ﴿١٠٠﴾ ئەی پەروەریێنەرم! بە هەقیقەت تۆ لەم ولآتە دەسەلآتت، بە من دا و زانستی خەو لێکدانەوەت بە من فێرکرد، هەر تۆی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، تۆی پشتیوانم لە دنیا و ڕۆژی بەرێدا، بە موسڵمانیم بمرێنە و بە چاکانەوە بملکێنە! ﴿١٠١﴾ ئەمە لە هەواڵەکانی نادیارو غەیبییە کە بۆ تۆی دەنێرین، تۆ (هیچ کاتێ) لای ئەوان نەبووی، کاتێ کۆ دەبوونەوە و کاکە و براڵە و ڕاوێژی خۆیان دەکرد، فێڵ و گزییان دەکرد و لێ دەبڕان و نەخشەیان دەکێشا بۆ شتی خراپ و ناپەسەند و تۆ لەوێ نەبووی و ئاگایشت لێی نەبووە ﴿١٠٢﴾ زۆربەی خەڵک هەر چەند پاپا بی و فرە بە تاسەوە داواکار بی و تێبکۆشی، بڕوا ناهێنن! ﴿١٠٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

تۆ هیچ پاداشتێک له‌وان ناخوازی، ئه‌م (بانگ کردنه) ته‌نیا وه‌بیر خستنه‌وه و په‌ندێکه بۆ جیهانیان ﴿١٠٤﴾ چه‌ن زۆرن نیشانه‌کان (ی خوا) له ئاسمانه‌کان و زه‌ویدا که ئه‌وانه به لایدا ئه‌ڕۆن و ڕووی لێ وه‌رده‌گێڕن! ﴿١٠٥﴾ زۆربه‌ی ئه‌وان به خوا بڕوا ناهێنن، ده‌یانه‌وێ هاوبه‌ش (بۆ خوا) دابنێن ﴿١٠٦﴾ ئاخۆ ئه‌وان ئارخه‌یان و خاترجه‌من و بێ‌ترس و بێ‌دوودڵین که جه‌زربه‌ی داپۆشراوی خوایان بۆ نایێ؟ یا گوزوگومه‌ت و له‌پڕا ڕۆژی په‌سڵان نایێ له حاڵێکدا که ئه‌وانه په‌ی پێ نابه‌ن و تێی ناگه‌ن ﴿١٠٧﴾ بڵێ: ئه‌مه ڕێگای منه که من و په‌یڕه‌وانم به زانسته‌وه خه‌ڵک گازی و بانگ ده‌که‌ینه لای خوا، بێ‌خه‌وشه خوا، من له‌وانه نیم که هاوبه‌ش بۆ خوا دائه‌نێن ﴿١٠٨﴾ ئێمه به‌ر له تۆ (پێغه‌مبه‌رانمان) نه‌ناردووه، مه‌گه‌ر پیاوگه‌لێ که خه‌ڵکی ئاواییه‌کان بوون و تێشمانگه‌یاندوون، ئایا (ئه‌وانه‌ی دژی تۆن) به زه‌ویدا نه‌گه‌ڕاون تا سه‌رئه‌نجامی ئه‌و که‌سانه‌ی وا به‌ر له‌وان بوون ببینن که چییان به‌سه‌ر هاتووه، به حه‌قیقه‌ت ئه‌و دنیا بۆ خۆپارێزان باشتره، جا ئایا بیر ناکه‌نه‌وه (ئه‌مه وه‌ڵامه بۆ ئایه‌تی ٢٤ سووره‌ی موئمینون په‌ڕه‌ی ٣٤٣ ته‌فسیری که‌شاف) ﴿١٠٩﴾ (پێغه‌مبه‌ران له‌سه‌ر بانگ کردنی خۆیان و خوانه‌ناسانیش له‌سه‌ر دژایه‌تی خۆیان سوور بوون) تا ڕاده‌یه‌ک که پێغه‌مبه‌ران له ئیمان هێنانی خه‌ڵک هیوابڕ بوون و (هۆزی ئه‌وان) وایان زانی که (پێغه‌مبه‌ران) درۆیان له‌گه‌ڵدا کردوون، له‌و ده‌مه‌دا یارمه‌تی ئێمه به فریایان گه‌یی، هه‌رکه‌س بمانویستبا ڕزگارمان ده‌کردن، سزادان و ئازاری ئێمه له‌سه‌ر هۆزی تاوانبار ناگه‌ڕێندرێته‌وه ﴿١١٠﴾ به ته‌حقیق له به‌سه‌رهاتی ئه‌وانه‌دا ده‌رس و ئامۆژگاری و په‌ند وه‌رگرتنێک هه‌یه بۆ خاوه‌ن بیران، ئه‌مه چریکه و چیروکێک نه‌بوو که به درۆ بخرێته‌وه، به‌ڵکوو ڕاست و هاوده‌نگیشه له‌گه‌ڵ ئه‌و (کتێبه ئاسمانییانه‌ی پێشین) که له پێش ئه‌ودایه و ڕاڤه و شه‌رحی هه‌ر شتێکه (که بنچینه‌ی به‌خته‌وه‌ری مرۆیه)، وه ڕێنیشانده‌ر و ڕێنوێنی و به‌زه‌یی و ڕه‌حمه‌ته بۆ هۆزێ که بڕوا دێنن ﴿١١١﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



# سوورەی ڕەعد: هەورەتریشقە ٤٣ ئایەتە

**سوورەی ڕەعد: هەورەتریشقە لە مەککە هاتۆتە خوارەوەو بە (بسم‌الله)وە ۴۳ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن

ئەلف، لام، را ـ خوا بە واتایان زاناترە، ئەمانە نیشانەی کتێب (ی ئاسمانی)ن، ئەوەی لە لایەن پەروەرێنەرتەوە بۆ تۆ هاتووە، هەقە و بەڵام زۆربەی خەڵک بڕوا ناهێنن ﴿١﴾ خوایە ئەوەی کە ئاسمانەکانی بێ کۆڵەکەیێ کە ببینن بەرز کردۆتەوە، لە پاشان لەسەر تەخت دانیشت و بەسەر عەرشا دەسەڵاتی پەیا کرد (و کاروباری گرت بە دەسەوە) و مانگ و تەبەقی ڕۆژی خستە کار، هەرکامیان تا ڕۆژگاری دیاریکراو دەگەڕێن، ئەو تەگبیری کارەکان دەکا، نیشانەکان (بۆ ئێوە) شیدەکاتەوە تا بەڵکوو بە دیداری خوا یەقین پەیا بکەن ﴿٢﴾ هەر ئەوە کە زەوی ڕاکێشاوە و پانی کردۆتەوە و لەوێدا چیا و زەریای داناوە و لە هەموو بەر و میوەیەک جووتێ (نێر و مێی) خوڵقاندووە، (پەردەی ڕەش)ی شەو دەکاتە بەر ڕۆژ، بەڕاستی لەمانەدا نیشانەگەلێک هەیە بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن و بیری لێدەکەنەوە ﴿٣﴾ لە زەویدا پارچە و کەرت (پاژ)گەلێ لە کەناری یەکتر هەن کە لێک جیان، باخگەلێک لە ترێی جۆربەجۆر و کشتوکاڵ و بێستان و خورما کە لقی یەکتر و لێک جودا کە لکەکانی لەسەر یەکن، هەموو ئەوانە بە یەک ئاو، ئاو ئەدرێن، لەگەڵ ئەوەش هەندێ لەوانە لەبابەت میوە و تام و مەزەوە بەسەر هەندێ تریاندا سەر دەخەین، بەڕاستی لەمەدا نیشانەگەلێک هەیە بۆ ئەوانەی ئەقڵی خۆیان دەخەنە کار ﴿۴﴾ ئەگەر سەیر دەمێنی و تەعەجوب دەکەی (و واقت وڕ دەبێ)، سەیر و عەجیب وا لە قسەی ئەواندا کە دەڵێن: ئایا ئەو دەمەی کە ببینەوە خاک و خۆڵ (جارێتر زیندوو دەبینەوە و دەگەڕێینەوە سەر خیلقەتی تازە و نوێ؟! ئەوانە کەسانێکن کە پەروەرێنەری خۆیان ماندەل و ئینکار کردووە و ئەوانە کۆت و زنجیر لە ئەستۆیاندایە و ئەوانە ئەهلی ئاگرن، لەوێدا بۆ هەمیشەیش قەتیس دەبن ﴿۵﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەوانە بەر لەوەی چاکە و پاداشت لێ بخوازن بەهەڵپە و بەلەز داوای ئازارت لێدەکەن، باوەکوو بەر لەوانیش زۆری وا هەبون تووشی جەزرەبە و بەڵای پەندهێنەر کراون، بەڕاستی پەروەرێنەرت بۆ خەڵک باوەکوو ستەمکاریشن لێبوردووە، بە هەقیقەت پەروەرێنەرت لە تۆڵەسەندندا توند و سەختە ﴿٦﴾ ئەوانەی وا خوانەناسن، دەڵێن: بۆچ نیشانەیەک لە پەروەرێنەریەوە بۆ ئەو نەهاتووە؟ تۆ تەنیا ترسێنەری و بۆ هەر هۆزێ ڕێنیشاندەرێک هەیە (ئەمانە گشتی بیانوون، نەک بۆ دۆزینەوەی ڕاستی) ﴿٧﴾ لە تۆل و پزدانی هەر مێچەکە مێوینەیەکدا هەرچی هەیە خوا دەیزانێ، هەروەهایش لەوەی کەمی دەکەن (بەر لە کاتی خۆی دەزێن) یا زیادی دەکەن (ئاگایە)، هەر شتێک لای ئەو ئەندازەیەکی (دیاریکراوی) بۆ هەیە ﴿٨﴾ (خوا) لە دیار و نادیار ئاگایە، گەورە و جێ بەرزە ﴿٩﴾ کەسانێ لە ئێوە کە بە نهێنی و پەنامەکی و بە دزییەوە (بە سرتە) یا بە ئاشکرا (بە دەنگی بەرز) قسە بکا و دەنگ هەڵبڕێ ئەوانەی بە شەوا خۆ پەنا دا یا بە ڕووناکی بە ڕۆژا بێ و بچێ، لای خوا وەکوو یەکە و پێی دەزانێ - تەفسیری (ئەبووسعود عیمادی کورد) ﴿١٠﴾ بۆ ئەو فریشتەی وا هەیە کە لە بەر و لە پشت سەریەوە بە فەرمانی خوا لە ڕووداوی (غەیرە حەتمی) دەیپارێزێ، خوا چارەنووسی هیچ هۆز (و نەتەوە)یەک ناگۆڕێ تاکوو لە دەروونی خۆیاندا خۆ بگۆڕن، کاتێ خوا بیەوێ بەڵایەک بەسەر هۆزێکدا (لەبەر کردەوەی بەدفەریان) بێنێ، لەمپەر و بەرگیر و گەڕانەوەی بۆ نییە، بێجگە لە خوا پشتیوانێکیان بۆ نییە ﴿١١﴾ ئەو (خوا) زاتێکی وایە بەرقتان نیشان ئەدا کە هۆی ترسان و هۆی هیوایە، هەوری بارقورسی گەڕۆک (ی پڕ باران) بەدی دێنێ ﴿١٢﴾ هەورە برووسکە لە سام و ترسی ئەو حەمد و پەسنی خوا دەکەن، هەورە تریشقەیش دەنێرێ و هەرکەس کە بیەوێ بەوە دەیگرێ، لە حاڵێکدا کە ئەوانە (بە دیتنی ئەو هەموو نیشانانەی خوا هێمان) لەبابەت خواوە کێشەنانەوە و مشتومڕ دەکەن، هەر ئەویشە هێزی بێبڕانی (سزادانی دەردناکی گەلێ توندوتیژە) فێڵزانیشی هەیە ﴿١٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



نزاو بانگێشتنی هەق هەر بۆ ئەوە (و تەنیا هاوار لە خوا بکەن) و کەسانێ کە بانگ لە غەیری خوا دەکەن، وەڵام نادەنەوە، وەک ئەوە دەمێنێ کە کەسێ لە دوور؛ دوو مستی خۆی بۆ لای ئاو درێژ کردبێ تا (ئاو) بگاتە دەمی، کەچی ناگاتە دەمی، (چونکە زۆر لە ئاوەکە دوورن)، نزا و پارانەوەی خوانەناسەکان پووچە و لە لاڕێیی و گومڕاییدایە ﴿١٤﴾ هەموو ئەوانە کە لە ئاسمانەکان و زەویدان، بیانەوێ و نەیانەوێ، بۆ خوایە هەروەها سێبەرەکانیان لە ئێواران و بەیانان‌دا بۆ خوا سوژدە ئەبەن ﴿١٥﴾ بڵێ: چ کەسێ پەروەرێنەری ئاسمانەکان و زەوییە؟ بڵێ: خوا، (لە پاشان) بڵێ: ئایا بێجگە لە خوا پشیوانتان بۆ خۆتان هەڵبژاردووە؟ کە (تەنانەت) خاوەنی سوود و زیانی خۆشیان نین نەخوازە بۆ ئێوە، بڵێ: ئایا بینا و نابینا یەکسانە؟ یا ئایا تاریکی و ڕووناکی وەک یەکن، یا هاوبەشانێکیان بۆ خوا داناوە کە بە گومانی ئەوان خوڵقاندوویانە، وەک خوڵقاندنی خوا، جا سەریان لێشێواوە؟ بڵێ: خوا خالقی هەموو شتێکە و هەر ئەویشە تاک و تەنیا و زاڵ و بەدەسەڵات! ﴿١٦﴾ خوا لە ئاسمانەوە بارانێکی نارد، جا لە هەر شیو و دۆڵ و ڕووبارێکەوە بە ئەندازەی خۆی سێلاوێک هەستا، کە پڕواپڕی بارستایی نەوالان دێ، لەهی و لافاو، کەفێکی بڵیندی هاتە سەر، جا هەروەک ئەو کەفەوی بە هۆی ئاگر دەماندنێ دێتە سەر کەرەستەی خشڵ و شتی لەو جۆرانە، بەمجۆرە خوا بۆ ڕاست و ناڕاست نەزیلە دێنێتەوە، جا کەفەکە دەڕوا بە زەویدا، بەڵام ئەوەی قازانج و سوودی بۆ خەڵک هەیە (ئاو یا فلزی بێخەوش) لە زەویدا دەمێنێتەوە، ئا بەمجۆرە خوا نەزیلە دێنێتەوە (تەفسیری ئەبوسعود عیمادی کورد) ﴿١٧﴾ بۆ ئەوانەی کە وەڵامی پەروەرێنەریان داوە تەوە (سەرئەنجام و پاداش و) ئاکامیان چاکە، ئەوانەی بە پەروەرێنەریان وەڵامیان نەدایەوە، ئەگەر ئەوەی لە زەویدایە و بە ئەندازەی ئەوەش (و زیاتریش) هی ئەوان بێ، بۆ ڕزگار بوون لە ئازار و بەڵای خوا هەمووی بدەن (دیسان لێیان قەبووڵ ناکرێ)، پرسینەوەی خراپیان بۆ هەیە و جێگایان جەهەندەمە و فرە خراپە جێگایان ﴿١٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

جا ئایا کەسێ کە ئەزانێ ئەوەی لە لایەن پەروەرێنەرتەوە بۆ تۆ هاتووە هەمووی ڕاستە، وەکوو کەسێکە کوتوکۆپر کە نابینایە؟! تەنیا خاوەنبیران تێدەگەن ﴿١٩﴾ ئەوانەی کە پەیمانی خوا بەجێدێنن و بەڵێن ناشکێنن ﴿٢٠﴾ ئەوانەی کە ئەو شتەی خوا ئەمری پێ کردووە بە جێی دێنن، لە پەروەرێنەریان ئەترسن و لە حیساب لێکێشانی دژواری (ڕۆژی بەرێ) ئەترسن ﴿٢١﴾ ئەوانەی کە لەبەر ویستی زاتی (پاکی) پەروەرێنەریان تابشتیان هێنا و نوێژیان بەجێهێنا و لەو ڕسق و ڕۆزییەی وا پێمانداون بە نهێنی و بە ئاشکرا بەخشیویانە، بە چاکە، خراپە دەشۆنەوە و لە ناوی دەبەن، سەرئەنجامی چاکی ئەو دنیا هەر بۆ ئەوانە ﴿٢٢﴾ بەهەشت گەلێکی هەمیشەیی کە دەچنە ناوی، (هەروا) باووباپیران و ژنان و زارۆکانی چاکی ئەوان، لە هەر درگایەکەوە پەرییەکان دێنە لایان ﴿٢٣﴾ (بەوان دەڵێن:) سەلامتان لەسەر بێ بەوەی کە خۆتان ڕاگرت و تابشتتان هێنا، جا چەند چاک و جوانە سەرئەنجامی چاکی ئەو دنیا ﴿٢٤﴾ ئەوانە کە پەیمانی خوا دوای بەستن دەشکێنن، ئەوەی کە خوا دەستووری پێ داوە کە بەجێی بێنن، دەیپسێنن، لە زەویدا خراپە ئەکەن، هەر بۆ ئەوانە لەعنەت و بەدفەڕی (و سزادانی) ئاخیرەت ﴿٢٥﴾ خوا ڕسق و ڕۆزی بۆ هەرکەس کە بیەوێ (و بە شیاوی بزانێ) زۆری (ئەداتێ) و بە هەرکەسیش کە بیەوێ بۆی کەم دەکاتەوە، ئەوانە بە ژیانی دنیا شاد (و خۆشحاڵ) بوون، کەچی ژیانی دنیا لە بەرانبەر ئاخیرەتدا بێجگە لە کالایەکی بێدەوام نییە ﴿٢٦﴾ خوانەناسەکان، دەڵێن: ئەگەر دروستە بۆچ نیشانە (کشگێری)یەک لە پەروەرێنەریەوە بۆ ئەو نەهاتووە؟ بڵێ: خوا هەرکەس کە بیەوێ لاڕێی دەکا و هەرکەسیش کە بگەڕێتەوە بۆ لای ئەو، ڕێنوێنی دەکا ﴿٢٧﴾ ئەوانە کەسانێکن کە بڕوایان هێناوە و بە یادی خوا دڵنیا ئەبن، ئاگادار بە: بە یادی خوا دڵ و دەروون ئارام دەگرێ و دڵنیا دەبێ ﴿٢٨﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەوانەی وا بڕوایان هێنا و کردەوەی چاکیان ئەنجام دا، خۆشترین ژیان و باشترین سەرئەنجامیان بۆ هەیە ﴿٢٩﴾ هەر بەمجۆرەی (پێغەمبەرانی بەرووومان نارد) تۆمان ناردە ناو گەلێ کە بەر لەوانە گەلێ‌تر هاتن و ڕۆیشتن کە ئەوەی بۆ تۆ هاتووە، بۆیان بخوێنیەوە، لە حالێکدا کە ئەوانە لە خوای ڕسق و ڕۆزیدەری خۆیان حاشا دەکەن، بڵێ: ئەو پەروەرێنەرمە، بێجگە لەو خودایێ‌تر نییە، پشتم هەر بەو بەستووە و هەر بۆ لای ئەویش ئەگەڕێمەوە ﴿٣٠﴾ ئەگەر قورئانێ وا هەبا کەژ و کێوەکان بکەونە جموجۆڵ یا زەوی بەو بڕگەبڕگە بێ یا بە هۆی ئەوەوە مردووەکانی بە قسە هێنابا (هێمان بڕوا ناهێنن)، بەڵام هەموو کار و کردەوە بۆ خوان، جا ئایا ئەوانە کە بڕوایان هێناوە، بێ هیوا بوون و نازانن کە ئەگەر خوا بیویستبا هەموو خەڵکی (بەزۆر) ڕێنوێنی ئەکرد، کەسانێ کە خوانەناس بوون لەبەر کردەویان هەمیشە بەڵای سەختیان پێ دەگا یا هەر لە نیزیک بە ماڵی خۆیان ئەو بەڵایە دێنە سەریان تا ئەو کاتەی بەڵێنی (ئاخری) خوا دێ، خوا لە بەڵێنی خۆی لانادا ﴿٣١﴾ بە هەقیقەت (تەنیا گەپجاڕیان بە تۆ نەکردووە) بە پێغەمبەرانی بەر لە تۆیش گەپجاڕیان پێ کردوون، جا مۆڵەتم بە کەسانێ داوە، لە پاشان ئەوانم گرت، جا دیتت سزادانی (من) چلۆن بوو؟! ﴿٣٢﴾ جا ئایا کەسێ کە لەبان سەر هەموو کەسە و بەوەی کردوویەتی ڕاوەستاوە (و پارێزەری و چاودێری هەموو) دەکا (وەکوو کەسێکە کە هیچ یەکە لەم شتانەی نییە) و ئەوانە هاوبەشیان بۆ خوا دانا، بڵێ: ئەوانە ناو ببەن! یا بەو شتەی هەواڵی پێ ئەدەن کە لە ڕووی زەوی هەواڵی لێ نییە (و نایزانێ)؟ یا قسەی بە ڕواڵەت (بەڵام بێ واتا) دەکەن، (نا، هاوبەشێ بۆ خوا نییە) بەڵکوو کەسانێ کە کافر بوون گزی و درۆیان بۆ ڕازاوەتەوە و بۆیان خەملاوە (و لەبەر ناپاکی دڵ و دەروون لایان وایە کە وایە) و لە ڕێگای (خوا) گێڕدراونەتەوە، و لادراون، هەرکەس خوا لە ڕێگا لایدا ڕێنوێنێکی بۆ نییە ﴿٣٣﴾ بۆ ئەوان هەتا لە دنیادا دەژین تووشی ئازاری سەخت دەبن، بەڕاستی جەزرەبەی دوارۆژیش دژوار و سەختترە، لە بەرانبەری خوادا هیچ کەس ناتوانێ لە خوا بیانپارێزێ ﴿٣٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئەو بەهەشـتەی بە خۆپـارێزان بەڵـێن دراوە (ئەمەیە کـە) چۆمەئـاو بەخـوڕ بە ژێـر دار و باغەکانیدا تێدەپەڕن، میوە و سێبەری ئەو بـاغ و دارانە هەمیشـەیی‌یە، ئەمە سـەرئەنجامی کەسـانێکە کە پارێزکـار بـوون، سـەرئەنجامی خوانەناسـانیش ئـاگرە ﴿٣٥﴾ ئەو کەسـانەی وا کتێبی ئاسمانیمان پێ‌داون، لەوەی بۆ تۆ هاتووە شاد ئەبـن، هەندێکیشـیان بـڕوا بە بەعزێکـی ناکەن؛ بێژە فەرمانم پێ‌دراوە کە تەنیا خوا بپەرستم و هاوبەشی بۆ دانەنێم، تەنیا (خەڵک) بـۆ لای ئەو بانگ دەکەم و گەڕانەوەی (هەمووـمـان) هەر بـۆ لای ئەوە ﴿٣٦﴾ هەروەهـا ئـێمە ئەو فەمانەی خۆمان بە عەرەبی بۆ تۆ هەنارد (قرانا عربیـا)، بەڕاسـتی ئەگەر لە هەوا و هەوەسـی ئـارەزووی ئەوان پەیـڕەوی بـکەی، دوای ئەوەی زانسـت و ئاگاداریـت بـۆ هـات، هـیچ‌کەس لە بەرانبەر خوادا پشتیوانی و بەرگریت لێ‌ناکا ﴿٣٧﴾ بە هەقیقەت ئێمە بەر لە تۆ پێغەمبەرێک نەبووە کە (بەر لە تۆ) نیشانەیەک بێنێ، مەگەر بە ئیجازەی خوا، بـۆ هەر کارێـک وەختێکـی تایبەت هەیە کە نووسـراوە ﴿٣٨﴾ هەرچـی خـوا بـیەوێ لە نـاوی ئەبـا و هەرچـیش کە بـیەوێ دەیهێڵێتەوە، کۆلکە و بنچینە و ماکی هەموو کتێبانیش (امّ‌الکتـاب) لای ئەوە ﴿٣٩﴾ ئەگەر هەندێ لەو سزایانە کە بەوان بەڵـێن ئەدەیـن، نیشـانی تـۆی بـدەین، یـا (بەر لە گەیشـتنی ئەم سزایانە) تۆ بمرێنین، جا بەڕاستی لەسەر تۆ ڕاگەیانـدنە و حیسـابی (ئەوانـە) لەسـەر ئـێمەیە ﴿٤٠﴾ ئایـا نەیانـدی و نەیـانزانی کە ئـێمە هەمیشـە لە دەوروبەری زەوی (خوانەناسـان) کەم دەکەینەوە (کوڕ و کۆمەڵ و ژیار و هۆزگەل بەرە بەرە لە ناو دەچن)، خـوا حوکـوومەت دەکـا و هیچ‌کەس توانای بەرگری کردنی فەرمانی خوای بـۆ نییە و هەر ئەویشـە کە بەپەلە و بەلەز بە حیسابی خەڵک ڕادەگا ﴿٤١﴾ کەسانێ بەر لەوان نەخشەیان کێشـا، بەڵام هەمـوو نەخشـەیەک تایبەتی خوایە، لە کردەوەی هەرکەسێک ئاگایە، خوانەناسـان ئەزانـن سـەرئەنجامی (چـاک و خراپ) لەو دنیا بۆ کێیە! ﴿٤٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

وە ئەوانەی کە خوانەناسن پێت دەڵێن: تۆ پێغەمبەر نی، بڵێ: (بۆ من) بەسە کە خوا و کەسانێ کە زانستی کتێب (و قورئان)یان لایە، لە نێوان من و ئێوەدا شایەد بن ﴿٤٣﴾ .

## سوورەی ئیبراهیم ٥٢ ئایەتە

**سوورەی ئیبراهیم لە مەککە هاتۆتە خوارەوە بە (بسم‌الله)وە ٥٢ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن

ئەلف، لام، را ـ ئەمە کتێبێکە بۆ تۆمان هەناردووە تا خەڵک لە تاریکایی‌یەوە بە ئیجازەی پەروەرێنەریان بەرەو ڕووناکی (بڕوا و دادگەری و ئاشتی) ببەی، بۆ ڕێگای خوای بەدەسەڵاتی شیاوی هەموو پەسنێک ﴿١﴾ ئەو خوایەی کە ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، تایبەتی ئەوە، واوەیلا بۆ خوانەناسان لە جەزرەبەی توند و سەخت ﴿٢﴾ ئەوانەی کە ژیانی دنیایان لە ئاخیرەت پێ خۆشترە و (خەڵک) لە ڕێگای خوا دەگێڕنەوەو دەبنە لەمپەر و دەیانەوێ ڕێی خوا لار و گێڕ و خواروخێچ بێ، ئەوانە لە گومڕاییدا زۆر پێوە چون لە خوا دوورن! ﴿٣﴾ ئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە، مەگەر بە زمانی هۆزەکەی تا (بە ئاسانی ڕاستەقینەیان) بۆ بەیان بکا و تێیان بگەیێنێ، جا خوا هەرکەس کە بیەوێ (و بە شیاویشی بزانێ) ڕێنوینی دەکا هەرکەسیش کە بیەوێ گومڕای دەکا هەر ئەویش بەتوانا و لەکارزانە ﴿٤﴾ ئێمە مووسامان بە نیشانەکانی خۆمانەوە نارد (و فەرمانمان پێدا) کە هۆزی خۆت لە تاریکایی ڕزگار بکە و بەرەو نوور و ڕووناکایی بیانبە، ڕۆژەکانی خوا (ڕۆژەکانی سەرکەوت ـ ایام الله)یان بخەوە بیر، لەمەدا نیشانەگەلێک هەیە بۆ هەر خۆڕاگر و تابشتهێنەرێکی زۆر شوکرانەبژێر ﴿٥﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



بێنەوە بیر کاتێ کە مووسا بە هۆزی خۆی وت: بخەنەوە بیر نیعمەتێ کە خوا پێی داون، رۆژگارێ کە ئێوەی لە (بنچنگی) بنەماڵەی فیرعەون رزگار کرد کە ئێوەیان بە جۆرێ خراپ عەزاب ئەدا و کوڕانتانی سەردەبڕی و کچەکانتانی (بۆ خزمەتکاری) زیندوو رادەگرت، لەمەدا ئەزموونێکی گەورە لە لایەن پەروەرێنەرتانەوە بوو ﴿٦﴾ (بێننەوە بیر) کاتێ کە پەروەرێنەرتان رایگەیاند کە ئەگەر شوکرانەبژێر بن، (نیعمەتی خۆی) بۆ ئێوە زیاد ئەکا، ئەگەر سەرپێچی بکەن، سزادانم سەختە! ﴿٧﴾ مووسا وتی: ئەگەر ئێوە (بەرەی ئیسرائیل) و هەموو خەڵکی رووی زەوی خوانەناس و ناسپاس بن (زیانێ بە خوا ناگا)، خوا بێنیازێکی شیاوی تاریف کردنە ﴿٨﴾ ئایا هەواڵی ئەوانە کە بەر لە تۆ بوون، پێت نەگەییوە؟ هۆزی نووح و عاد و سەموود و ئەوانەی کە دوای ئەوان بوون، ئەوانە کە بێجگە لە خوا کەس پێیان ئاگا نییە، پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگەی روونەوە هاتنە لایان، جا ئەوانە (لە رووی خۆقەف کردنەوە) دەسیان بە دەم خۆیانەوە گرت و وتیان: ئێمە بەوەی پێی راسپێردراون باوەڕ ناکەین، سەبارەت بەوەی ئێمەی بۆ لای بانگ دەکەن دوودڵین ﴿٩﴾ پێغەمبەرانی ئەوان وتیان: ئایا لەسەر خوایەک کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە گومانتان هەیە؟ ئێوە بانگ دەکا تا گوناحەکانتان ببەخشێ، تا دەمی دیاریکراوی خۆی دەتانهێڵێتەوە، ئەوانە (لە وەڵامیاندا) وتیان: ئێوە نین مەگەر مرۆڤگەلێک هەروەکوو ئێمە، ئەتانەوێ لەوەی کە باووباپیرانمان دەیانپەرست، بمانگێڕنەوە، جا بەڵگەیێ روونمان لە جانتا و خورجێندا بۆ دەربێنن ﴿١٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



پێغەمبەرە کانیان بە وانیان وت: ئێمە مرۆڤێکین هەروەکوو ئێوە، بەڵام خوا بە هەرکەس لە بەندەکانی کە بیەوێ (و شیاویش بێ) نیعمەتی پێ ئەدا (و دەیکاتە پێغەمبەر) ئێمە هیچ دەمێ ناتوانین بێفەرمانی خوا کشگێرییەک بێنین، مەگەر بە فەرمانی خوا (و لە هەڕەشەی ئێوەش ناترسین)، مرۆڤگەلی خاوەن بڕوا ئەبێ بە خوا پشت ببەستن ﴿١١﴾ بۆچی پەنامان بە خوا نەبێ، باوەکوو ئێمەیان بۆ ڕێگای (بەختەوەری) ڕێنوێنی کردووە، دیارە ئێمە لە بەرانبەری ئازاردانی ئێوەدا تابشت دێنین (و دەس لە کاری خۆمان هەڵناگرین)، بڕواداران ئەبێ پشت بە خوا قایم بکەن! ﴿١٢﴾ خوانەناسان بە پێغەمبەرانی خۆیان وت: ئێمە، ئێوە لەسەر زەوی خۆمان دەردەکەین، مەگەر بگەڕێنەوە سەر دینی ئێمە، جا پەروەرێنەریان پێی ڕاگەیاندن کە ستەمگەران لەناو ئەبەین ﴿١٣﴾ ئێوە لەسەر زەوی دوای ئەوان نیشتەجێ ئەکەین، ئەم (سەرکەوتە) بۆ کەسێکە لە پلەی (دادگەرانەی) من و لە هەڕەشەی (من) ترسابێ ﴿١۴﴾ ئەوانە (لە خوا) داوای دەرۆی ڕزگار بوون و دەرفەت و سەرکەوتنیان کرد، هەر لاسار و ملبادەرێکی لاڕێ بێهیوا بوو ﴿١۵﴾ بەدوایشیدا جەهەندەمە و لە زووخاو: کێماو ئاو ئەدرێ ﴿١۶﴾ بە زەحمەت قومەقوم دەیخواتەوە و بەڕاحەتی ناتوانێ فڕی بکا و هەڵیقورێنێ، مەرگ لەهەر لایەکەوە بۆی دێ، بەڵام کەچی ناشمرێ! بە دوایدا عەزابێکی سەختە ﴿١٧﴾ کردەوەی کەسانێ کە لە پەروەرێنەریان حاشایان کرد، هەروەکوو خۆڵەمێشێکە لە بەرانبەر گژەبایەکی توند، لە ڕۆژێکی تۆف و باهۆز و باگژەدا بێ، ئەوانە توانایی کەمترین شتێکیان لەوەی ئەنجامیان داوە بۆیان نییە کە بە دەستی بێنن، ئەمە لاڕێییەکی دوور و درێژە ﴿١٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئایا نەتاندی کە بەڕاستی خوا ئاسمان و زەوی بە هەق بەدیهێنا، ئەگەر بیەوێ ئێوە ئەبا و خەڵکی تازە دێنێ ﴿١٩﴾ ئەم کارەیش بۆ خوا گران نییە ﴿٢٠﴾ (لە ڕۆژی بەرێدا) هەموو ئەوانە لە بەرانبەری خوادا ئاشکرا دەبن، جا لەو دەمەدا کز و کەساسان بە باغر و لەخۆ دەرچووان و بەفیز و بە خۆبەزلزانان دەڵێن: ئێمە پەیڕەوتان بووین، جا (ئێستاکە تووشی سزای خوا بووین) ئایا ئێوە بەشێ لە عەزابی خوا لەسەر ئێمە لائەبەن؟ ئەوانە دەڵێن: ئەگەر خوا ئێمەی ڕێنوێنی کردبا، ئێمەیش ئێوەمان ڕێنوێنی دەکرد، چ داد و بێداد و ئاهـ و ناڵە بکەین یا خۆڕاگر و تابشت بێنین، بۆ ئێمە ڕزگار بوون نییە ﴿٢١﴾ کاتێ کە کار تەواو دەبێ، شەیتان دەڵێ: خوا بەڵێنی هەقی بە ئێوە دا و منیش بەڵێنی (باتڵم) پێدان و لامدا، من دەسەڵاتم بەسەرتانا نەبوو، تەنیا ئەوە بوو ئێوەم بانگ کرد، جا ئێوەش بە دەنگمەوە هاتن، کەوابوو لۆمە و سەرکۆنەم مەکەن و خۆتان سەرزەنشت بکەن، نە من بە دادی ئێوە دەگەم و نە ئێوەش بە دادی من دەگەن، سەبارەت بەوەی لە پێشوودا منتان بە شەریکی خوا زانی حاشام هەیە و بێزارم، بۆ ستەمکاران عەزابی پڕ دەرد هەیە ﴿٢٢﴾ ئەوانە کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، دەبردرێنە ناو باغگەلی بەهەشت کە چۆمەئاو بەخوڕ بە ژێر دارەکانیدا دەڕوا، بۆ هەمیشەیش بە ئیجازەی پەروەرێنەریان لەوێدا دەمێننەوە، هەر بە سەلام چاکوخۆشی لە یەکتر دەکەن ﴿٢٣﴾ ئایا نەتاندی خوا چلۆن نەزیلەی واژەیەکی پاک و بەرێوجێی هێناوەتەوە و بە دارێکی پاکی شوبهاندووە و وێنەی بۆ گرتووە کە ڕیشەکەی (لە زەویدا) پتەو ڕاگیراوە و لقوپۆپەکانیشی لە ئاسمان (هەوا)دایە ﴿٢٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



هەردەمێک بە ئیجازەی پەروەرێنەری خۆی لەهەر چوار کەژ و فەسڵدا، بەر دێنێ و میوەکانی خۆی ئەدا، خوا نەزیلان بۆ خەڵک دەهێنێتەوە تا بەڵکوو بکەونە بیر (و پەند بگرن) ﴿٢٥﴾ نەزیلەی بێژەی نابەجێ و پیس، وەکوو بنجەدارێکی ناجنس و داری ناپاکە کە لە زەوی هەڵکەندرابێ، نەتوانێ لە هیچ شوێنێ خۆی ڕابگرێ ﴿٢٦﴾ خوا کەسانێ کە بڕوایان هێناوە، لەبەر وتار و باوەڕی پتەویان، پتەو لەم دنیا و لەو دنیا ڕایاندەگرێ و ستەمکارانیش لاڕێ ئەکا (چاکەی خۆی لەوان دەبڕێ)، خوا هەر کارێ کە بیەوێ (و بە باشی بزانێ) ئەنجامی ئەدا ﴿٢٧﴾ ئایا نەتدی کەسانێ کە ناشوکریان لە بەرانبەری چاکەی خوا کردووە و نەتەوەی خۆیان بەرەو هەڵدێری فرە سەخت بردووە ﴿٢٨﴾ بەرەو جەهەندەم ڕایاندەکێشن؛ چەندە جێگا مانەوەیەکی خراپیان هەیە ﴿٢٩﴾ ئەوانە وێنەیشیان بۆ خوا دانا تا (خەڵک) لە ڕێگای ئەو (لاڕێ و) گومڕا بکەن، بڵێ: (چەن ڕۆژێ لە ژیانی دنیا) کەڵک وەربگرن، جا سەرئەنجامی کارتان بەرەو لای ئاگرە ﴿٣٠﴾ بە بەندەکانم، ئەو کەسانەی کە بڕوایان هێناوە، بڵێ: با نوێژ بکەن و لەوەی بەوان ڕۆزیم داوە بە نهێنی و ئاشکرا ببەخشن، بەر لەوەی ڕۆژێک بێ کە لەوا نە کڕین و فرۆتن هەبێ و نە دۆستایەتی ﴿٣١﴾ خوا زاتێکە ئاسمانەکان و زەوی ساز داوە و لە ئاسمانەوە ئاوی (بارانی) باراندووە، جا بەو (بارانە) میوەی (جیاجیای) دەرهێناوە و کردوویەتە ڕسق و ڕۆزی ئێوە، گەمی بۆ ئێوەی داناوە تا لەسەر دەریا بە فەرمانی ئەو بڕوا و زەریاکانیشی بۆ ئێوە ڕام و دەسەبەر کردووە ﴿٣٢﴾ تەبەقی ڕۆژ و مانگی بۆ ئێوە خستۆتە بەر کار، لە حاڵێکدا کە بەردەوام لە کاردان و شەو و ڕۆژیشی دەسەبەری ئێوە کردووە ﴿٣٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



لە هەر شتێک کە داواتان لـێ کـردووە بە ئێـوەی داوە، ئەگەر چاکەی خـوا بژمێـرن، ئەوانە لە ئەژمار نایەن، مرۆڤ زۆر ستەمکار و سپڵەیە ﴿٣٤﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ کە ئیبراهیم وتی: ئەی پەروەرێنەرم! ئەم شارە (مەککە) بیکە جێی ئەمن و ئەمان و من و کوڕەکانم لە بـتپەرەسـتی دوور بخەوە ﴿٣٥﴾ ئەی پەروەرێنەرم! ئەوانە (بتەکان) زۆرێ لە خەڵکیـان لە ڕێگـا لاداوە، جـا هەرکەس پەیـڕەویم لـێبکـا لە مـنە و هەرکەسـیش نافەرمـانیم بکـا، جـا هەر تـۆی لێبـور و دڵلاوێنی ﴿٣٦﴾ ئەی پەروەرێنەری ئێمە! مـن هەنـدێ لە زارۆکەکـانم لە دۆڵێکـی قـاقڕی بـێ کشتوکاڵ لای خانووی هێژای تۆ نیشتەجێم کردن، ئەی پەروەرێنەری ئێمە! تا نوێژ بەجێ بێنن، جا تۆ دڵ و دەروونی خەڵکیـان بـۆ لا ڕابکێشـە و میـوەو خـواردەمەنی بـکە ڕسـق و ڕۆزییـان، بەڵکـوو شـوکرانەبژێر بـن ﴿٣٧﴾ ئەی پەروەرێـنەری ئێمـە! بەڕاسـتی تـۆ دەزانـی ئەوەی دەیشارینەوە و ئەوەی دەریدەخەین، و لە ئاسمان و زەویدا شتێ لە خوا بزر نابێ ﴿٣٨﴾ سپاس بۆ خوایەک کە لە پیریدا ئیسماعیل و ئیسحاقی پـێبەخشـیم، پەروەرێـنەرم بیسـەری دوعـا و پـاڕانەوەیە ﴿٣٩﴾ ئەی پەروەردگـارم! مـن و زارۆکەکـانم لە نـوێژ بەجـێهێـنەران بـکە، ئەی پەروەرێنەری ئێمە! دوعا و پاڕانەوەشمان قەبووڵ بفەرموو ﴿٤٠﴾ ئەی پەروەردگـاری ئێمـە! لە مـن و بـاوک و دایکـم و لە بـڕواداران خـۆش بـە؛ لە ڕۆژی حیسـاب و بەرێـدا ﴿٤١﴾ وا مەزانە (گومان مەکە) کە خوا لە کاروباری ستەمکاران غافڵە، تەنیا (سـزای) ئەوانە دوا ئەخـات بـۆ ڕۆژێ کە چاو دەرپەڕیوی زەق و بـێجـووڵە و مـۆلەق دەبـێ لەو ڕۆژەدا (لە ترسـان) لە بـزووتن دەکەوێ ﴿٤٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ملیان ڕاکشاوە لە ترسا و سەریان ڕوو بە هەوایە، تەنانەت پێلووی چاویان ناگەڕێتەوە بۆ لایان (چاویان بە مۆلەق وێستاوە)، دڵیان بە تاڵە و تێناگەن ﴿٤٣﴾ خەڵک لە ڕۆژێ کە عەزابیان دەگاتێ بترسێنە، جا (لەو ڕۆژەدا) ئەوانەی کە ستەمیان کردووە دەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! بۆ ماوەیەکی کەم لێمان گەڕێ تا بە بانگەوازیت وەڵام بدەینەوە و لە پێغەمبەرانت پەیڕەوی بکەین، (پێیان دەوترێ) مەگەر لە بەرا سوێندتان نەخواردبوو کە فەنا و زەواڵتان بۆ نییە؟! ﴿٤٤﴾ (ئێوە نەبوون کە) لە خانوو (و کۆشکی) کەسانێ کە ستەمیان لە خۆیان کرد، نیشتەجێ بوون؟ بۆ ئێوە دەرکەوت چلۆن لەگەڵ ئەوانەدا ڕەفتارمان کرد، بۆ ئێوە مەسەلگەلێکمان (لەسەر بە سەرهاتی پێشینان) هێنایەوە (کەچی هێمان بێدار نەبوونەتەوە ﴿٤٥﴾ ئەوانە بۆ چارەسەری کاری خۆیان کەوتنە چارەدۆزینەوە، هەموو چارەیەک بە خوایە، هەرچەند کێوەکان بۆ چارەدۆزینەوەی ئەوان لە جێی خۆیان بترازێن ﴿٤٦﴾ جا (لەبەر ئەمە) وا مەزانە کە خوا لە بەڵێنێ کە بە پێغەمبەرانی خۆی داوە بکشێتە دواوە، بەڕاستی خوا دەسەڵاتدار و تۆڵەسێنە ﴿٤٧﴾ ڕۆژێ کە ئەم زەوییە بە زەوییەکیتر بگۆڕدرێ و ئاسمانگەلیش (ببنە ئاسمانگەلیتر)، ئەوانە دێنە پێشگای خوای تەنیا و زۆر بە وزە و زاڵ بەسەر هەموو شتێکدا ﴿٤٨﴾ لەو ڕۆژی بەرێدا تاوانباران پێکەوە لە کۆت و زنجیردا ئەبینی پێکەوە بەستراون و جەلە کراون (ئەصفاد، لە "صفدە" و بە واتای زنجیرە) ﴿٤٩﴾ کراس و جلکەکانیان لە قەیتەران (واتا مادەیەکی چەسپناکی بۆگەنیوی گڕگڕ)ە، و ئاگر دەموچاویشیان دائەپۆشێ ﴿٥٠﴾ تا هەر مرۆڤێک هەرچی ئەنجامی داوە، خوا بە گوێرە و بەرانبەر بە کارێ کە کردوویەتی سزا و پاداشی بداتەوە، بەڕاستی خوا بەپەلە بە حیسابان ڕادەگا ﴿٥١﴾ ئەم (قورئانە) ڕاگەیاندنێکە بۆ (هەموو) خەڵک، تا هەموو پێی بێدار بکرێنەوە و بترسێندرێن و تا بزانن هەر ئەویشە خوای تەنیا (و بێهاوبەش و بێهاولف)، تا ژیران و خاوەن مێشکان بکەونە بیر و ئامۆژگاری و پەند بگرن ﴿٥٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



# سوورەی حیجر: ئاوایی حیجر ٩٩ ئایەتە

**سوورەی حیجر لە مەککە هاتۆتە خوارەوە و (بسم‌الله)وە ٩٩ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن

ئەلف، لام، ڕا ـ ئەم پیتانە، نیشانەی ئەم کتێبەن و قورئانێکە چاک و خراپ ڕوون دەکاتەوە ﴿١﴾ ئەوانەی خوانەناسن (کاتێ شوێنەواری وەیشوومە ببینن) زۆر جار ئارەزوو دەکەن موسڵمان بووایەن ﴿٢﴾ لێیان بگەرێ با بخۆن و لەزەت ببەن و ئارەزوو بیانغافڵێنێ، جا لە دواییدا تێدەگەن و دەزانن ﴿٣﴾ ئێمە (خەڵکی هیچ شار و ئاواییەکمان لەناو نەبرد، مەگەر ئەوەی کە ئەجەل (ماوەیەک)ی دیاریکراویان بۆ هەبووبێ ﴿٤﴾ هیچ تاقمێ نە لە ئەجەل (ڕۆژی دیاریکراوی) خۆی پێش دەکەوێ و نە لێشی وەدوا دەکەوێ ﴿٥﴾ گوتیان: ئەی کەسێ کە زیکر (قورئان)ت بۆ هاتووە بە هەقیقەت تۆ دێوانە و شێتی ﴿٦﴾ ئەگەر ڕاستبێژی، ئەی بۆچ مەلائیکەمان بۆ ناهێنی؟! ﴿٧﴾ (ئەبێ بزانن) ئێمە مەلائیکەکان (فریشتەکان) نانێرین مەگەر بە هەق (بۆ سەلماندنی بە هەق سزادان)، هەردەمێ مەلائیکەکان (فریشتەکان) بێن، ئیتر بەوانە قان و مۆڵەت نادرێ ﴿٨﴾ بەراستی ئێمە قورئانمان نارد و بەراستی پارێزەری ئەویشین ﴿٩﴾ بە هەقیقەت ئێمە بەر لە تۆ(یش) پێغەمبەرانێکمان ناردووەتە نێو تاقم و دەستەکانی سەرەتا (پێشوو) ﴿١٠﴾ هیچ پێغەمبەرێک نەدەهاتە لایان، مەگەر ئەوەی کە گەپجاڕ و گاڵتەیان پێ دەکردن ﴿١١﴾ ئا بەمجۆرە، ڕێگای قورئان بۆ ناو دڵ و دەروونی تاوانباران دەکەینەوە ﴿١٢﴾ (بەم حاڵەشەوە) ئەوانە بڕوا بەو (قورئان) ناهێنن، بە هەقیقەت ڕەوشتی هۆزەکانی بەروویش هەروا بووە ﴿١٣﴾ ئەگەر درگایەک لە ئاسمانەوە بۆ ئەوان بکەینەوە و ئەوانە بەوێدا بڕۆنە سەرێ ﴿١٤﴾ هێمان دەڵێن: بەرچاومان گیرابوو! بەڵکوو ئێمە (سەرتاپێ) جادوومان لێ کرابوو!! ﴿١٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بە هەقیقەت ئێمە لە ئاسمان بورجگەلێکمان داناوە و ئەومان بۆ بینەران ڕازاندۆتەوە ﴿١٦﴾ ئەومان لە هەر شەیتانێکی دەرکراو پاراستووە ﴿١٧﴾ مەگەر ئەوانە کە کوڵ دەگرن و لە پەناوە گوێ بۆ قسەی خەڵکی ڕادەگرن، جا (برووسکەی دیار) بە دزییەوە ڕەپێیان دەنێ (و دایاندەگرێ) ﴿١٨﴾ زەویمان ڕاکێشا و کردە ڕایەخ و پان و بەرینمان کردەوە و کێوی زەقمان تیا سازدا، هەر شتێکی ڕووەک بابەتیشمان بە تەکووزی و ڕێکوپێک تیا ڕوواند ﴿١٩﴾ بۆ ئێوە هەر جۆرە هۆی ژیانمان لەودا پێک هێناوە، هەروا بۆ کەسانێ کە ئێوە ڕۆزیدەری ئەوان نین ﴿٢٠﴾ هیچ شتێک نییە مەگەر سەرچاوە و خەزێنەکەی لای ئێمەیە، بەڵام بە ئەندازەی دیاریکراو نەبێ، نایبنێرین و نایدەین ﴿٢١﴾ وە "با"مان بۆ پیتوە لکان و ئاوس بوون و بەردار کردنی گژوگیا نارد و لە ئاسمانەوە بارانمان نارد و بەو بارانە ئێوەمان تێراو کرد، کەچی ئێوە ڕاگرتن و پاراستنی ئەوەتان لە وزەدا نەبوو ﴿٢٢﴾ بە هەقیقەت ئێمەین ژیان ئەدەین و دەمرێنین، و میراتگیری (هەموو دنیا) ئێمەین ﴿٢٣﴾ بەڕاستی هەم بە پێشینانی ئێوەمان زانی و هەم ئەوانەی وا لە دواوەن ﴿٢٤﴾ پەروەرێنەرت، هەر ئەوە (لە قیامەتدا) کۆیان دەکاتەوە و حەشریان دەکا، چونکە هەر ئەوە لەکارزان و زانا و ئاگا ﴿٢٥﴾ بە تەحقیق ئێمە مرۆمان لە قوڕێکی ڕەشی بۆگەنیوی ڕەقهەڵاتوو بەدیهێناوە ﴿٢٦﴾ هۆزی جنمان بەر لەوە لە ئاگری گەرم و سووتێنەر بەدیهێناوە ﴿٢٧﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ کە پەروەرێنەرت بە فریشتە و مەلائیکەی وت: من مرۆڤم لە قوڕێکی ڕەشی بۆگەنیو بەدیهێناوە ﴿٢٨﴾ جا کاتێ کارەکەییم تەواو کرد و لە گیانی خۆم فووم پێداکرد، جا هەموو بۆ بۆکڕنۆش بردن دانەونەوە و دەمەوڕوو ببن ﴿٢٩﴾ جا مەلائیکە هەموویان بە تێکڕایی سوژدەیان بۆ برد ﴿٣٠﴾ بێجگە لە ئیبلیس کە نافەرمانی کرد لەگەڵ سوژدەبەران بێ ﴿٣١﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



(خوا) فەرمووی: ئەی ئیبلیس بۆچ لەگەڵ سوژدەبەران نی ﴿٣٢﴾ وتی: من هیچ کاتێ بۆ مرۆڤێک کە لە قوڕێکی ڕەشی بۆگەنیو بەدیهاتووە؛ سوژدە نابم ﴿٣٣﴾ فەرمووی: جا لەوێ بڕۆ دەرێ، (چونکە) بەڕاستی تۆ دەرکراوی ﴿٣٤﴾ بەڕاستی تا ڕۆژی بەرێ لەعنەت (و بەری بوون لە ڕەحمەت) بۆ تۆ ئەبێ ﴿٣٥﴾ وتی: ئەی پەروەرێنەرم! تا ڕۆژی زیندوو بوونەوە مۆڵەتم بدە (و زیندووم ڕابگرە) ﴿٣٦﴾ فەرمووی: جا بەڕاستی تۆ لە مۆڵەت دراوانی ﴿٣٧﴾ (بەڵام نەک تا ڕۆژی زیندوو بوونەوە، بەڵکو) تا ڕۆژێ کە کاتی دیاریکراوە ﴿٣٨﴾ وتی: ئەی پەروەرێنەرم! لەبەر ئەوەی گومڕات کردم، بە هەقیقەت نیعمەتی دنیا لە زەویدا لە بەرچاویان دەڕازێنمەوە و هەموویان لە ڕێگا لائەدەم! ﴿٣٩﴾ مەگەر بەندەکانی پاک و هەڵبژاردراوت نەبێ ﴿٤٠﴾ فەرمووی: ئەمە ڕێگای ڕاستە بۆ لای من ﴿٤١﴾ بەڕاستی دەسەڵاتت بەسەر بەندەکانمدا بۆ نابێ، مەگەر لاڕێیانێک کە بە دوای تۆ کەوتبن ﴿٤٢﴾ بەڕاستی جەهەندەم جێگای هەموویانە ﴿٤٣﴾ بۆ جەهەندەم حەوت درگا هەیە و هەر درگایەکیش بۆ تاقمێک لەوانە دابەش کراون ﴿٤٤﴾ بەڕاستی پارێزگاران لە باغ(ی سەر سەوز) و لەکن کانیاوەکاندان ﴿٤٥﴾ (پێیان دەوترێ) بچنە ناو ئەو باغانەوە بە سلامەت و بێوەی ﴿٤٦﴾ هەر جۆرە ڕک و کینە و دوژمنی لە سینگی ئەوان لادەبەین (و ڕۆحیان پاک دەکەینەوە)، هەموو بە برایانە لە بەرامبەری یەکدا لەسەر تەختن ﴿٤٧﴾ هیچ کاتێ ماندوو بوون و ڕەنج بەوان ناگا و هیچ کاتێ دەرناکرێن ﴿٤٨﴾ بەندەکانم ئاگادار بکە، (چونکە) بەڕاستی من لێبور و دڵاوێنم ﴿٤٩﴾ بەڕاستی هەر عەزابی من، عەزابێکی دەردناکە ﴿٥٠﴾ هەواڵی میوانی ئیبراهیمیان پێ بدە ﴿٥١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



کاتێ چوونە لای، جا سڵاویان (لێ) کرد، (ئیبراهیم) وتی: بەڕاستی ئێمە لێتان دەترسین ﴿٥٢﴾ وتیان: مەترسە، بە منداڵێکی زانا مزگێنیت پێئەدەین (مەبەست ئیسحاقە) ﴿٥٣﴾ وتی: ئایا مزگێنی بە من ئەدەن، کەچی پیر بووم؟ بەچی مزگێنیم ئەدەنێ؟ ﴿٥٤﴾ وتیان: مزگێنیمان بە هەق پێداوی، جا لە بێهیوایان مەبە ﴿٥٥﴾ وتی: چکەسێ بێجگە لە لاڕێیان لە ڕەحمەتی پەروەرێنەری بێهیوا ئەبێ؟ ﴿٥٦﴾ (لە پاشان) وتی: ئەسپاردەتان چییە، ئەی ڕەوانەکراوان(ی خوا)؟ ﴿٥٧﴾ وتیان: بەڕاستی بۆ لای هۆزێکی تاوانبار ڕاسپێردراوین (تا لە ناویان ببەین) ﴿٥٨﴾ مەگەر خاووخێزانی لووت کە هەموویان ڕزگار دەکەین ﴿٥٩﴾ تەنیا ژنەکەی نەبێ کە دامانناوە (لە شاردا) بمێنێتەوەو لە ناو بچێ ﴿٦٠﴾ جا کاتێ کە ڕەوانەکراوەکانی (خوا) هاتنە لای بنەماڵەی لووت ﴿٦١﴾ (لووت) وتی: بەڕاستی ئێوە قەومێکی نەناسراون ﴿٦٢﴾ وتیان: ئێمە هەر ئەوەمان بۆ هێناوی کە ئەوانە (خوانەناسان) لەوا دوودڵ بوون (کە هاتنی عەزابە) ﴿٦٣﴾ ئێمە هەقمان بۆ تۆ هێناوە، بەڕاستی ئێمە ڕاستبێژین ﴿٦٤﴾ جا کەوایە خاووخێزانت لە ئاخری شەودا لەگەڵ خۆت هەڵگرە و بیانبە و تۆیش بە دوایاندا بە و با هیچ یەکێ لە ئێوە بۆ دواوە ئاوڕ نەداتەوە، بڕۆنە ئەو شوێنەی پێتان وتراوە ﴿٦٥﴾ ئەمەمان بە لووت ڕاگەیاند کە بەڕاستی بەرەبەیان ڕەگ و ڕیشەی هەموویان لە بن دەردێن ﴿٦٦﴾ (لە لایێ ترەوە) خەڵکی شار زانییان کە لووت میوانی هەیە) هاتنە لای ماڵی لووت، لە حاڵێکدا کە مزگێنییان بە یەکتر ئەدا ﴿٦٧﴾ (لووت) فەرمووی: ئەمانە میوانی منن، جا ئابڕووم نەبەن! ﴿٦٨﴾ لە خوا پەرواتان هەبێ و شەرمەندەم مەکەن ﴿٦٩﴾ وتیان: مەگەر ئێمە تۆمان لە (تێکەڵی لەگەڵ) جیهانییان نەهی نەکرد (و نەمانوت: کەس بە میوانی ڕامەگرە!) ﴿٧٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

وتی: ئەوانە کچانی منن، ئەگەر ئەتانەوێ دروست کـار بـکەن (و ئەوانە مـارە بـکەن و خـۆ لە داوێنپیسی لادەن) ﴿٧١﴾ بە گیانت قەسەم، بەڕاستی ئەوانە لە مەستی خۆیانـدا سـەرگەردانن (و ئاوەزیان لە دەس داوە) ﴿٧٣﴾ سەرئەنجام لە کاتی ڕۆژهەڵاتدا دەنگی مەرگـهێنەر ئەوانـی داگرت ﴿٧٣﴾ جا (شـار و دێـی ئەوانمـان ژێـروڕوو کـرد) سـەرووومان هێنـا خـوارێ و سـندە و کەسـتەک و کلـۆ و گڵـمەتە بەردمـان بەسـەرا بارانـدن ﴿٧٤﴾ بەڕاسـتی لەم (چارەنووسـە پەندهێنەر)ەدا نیشانەگەلێک بۆ وشیاران هەیە ﴿٧٥﴾ (وێرانەی خانووەکانیان) لە سەر ڕێگای (کاروانەکاندا) هەروا ماوەتەوە ﴿٧٦﴾ لەمەدا نیشـانەیەک بـۆ بـڕواداران هەیە ﴿٧٧﴾ یـارانی ئەیکە (خاوەنی سەرزەوی پڕ دار واتا هۆزی شـوعەیب) هـۆزێکی سـتەمکار بـوون ﴿٧٨﴾ جا تۆڵەمـان لـێسـەندن و ئەم دووانە (مەدیەن و سـەدووم کە شـاری هـۆزی لـووت بـوون) شـارە وێـرانکراوەکانیـان لە سـەر ڕێگاوبـانەوە دیـارە! ﴿٧٩﴾ بە هەقـیقەت خـاوەن: یـارانی حیجـر پێغەمبەرانیان بە درۆزن دائەنا ﴿٨٠﴾ نیشانەکانی خۆمان بۆ نـاردن، جا ڕوویـان لـێ وەرگێـڕا ﴿٨١﴾ ئەوانە خانووی جێی دڵنیا و ئەمنیان لە دڵی کاوان، شاخان، چیایانی بەردیـن و بسـتوو، شانەشاخی چیادا ئەتراشی ﴿٨٢﴾ جا سەرئەنجام دەنگـی (ئاسـمانی و عـەزاب) لە بەرەبەیانـدا ئەوانی گرت ﴿٨٣﴾ ئەوەی وا بە دەسیان هێنابوو، ئەوانی لە عـەزابی خوا ڕزگـار نەکـرد ﴿٨٤﴾ ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی وا لە نێو ئەو دووانەدایە بەدیمان نەهێناوە، مەگەر بە هەق، سات و کاتی (ڕۆژی بەرێ) دێ، لەوانە (دوژمنـان) بە جـوانی چاوپۆشـی بـکە ﴿٨٥﴾ پەروەرێـنەرت بەدیهێنەرێکـی ئاگـایە ﴿٨٦﴾ هەقـیقەت حەوت ئـایەتی (سـوورەی حەمـد) کە دووپـات دەکرێتەوە و قورئانی گەورەمان بە تۆ داوە ﴿٨٧﴾ (جا کەوایە) هەرگیز چاوت مەبڕە نیعمەتـی (دنیا) کە بە دەستەیێ لەوان (خوانەناس)مان داوە، بۆ ئەوان غەم مەخۆ و باڵ و باسکی خـۆت بۆ بڕواداران دابنوێنە ﴿٨٨﴾ بڵێ: من ترسـێنەرێکی ئاشـکرام ﴿٨٩﴾ (عەزابیـان بـۆ دەنێـرین) هەر بەو جۆرەی کە بۆ دابەشکەران(ی نیشانەکانی خوایی)مان ناردووە ﴿٩٠﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەوانەی کە قورئانیان بەش کرد (ئەوەی بە سوودیان بوو، وەریانگرت و ئەوەی بە زیانیان بوو دایانە دواوە) ﴿٩١﴾ جا بە پەروەرێنەرت سوێند! لە هەموو ئەوانە پرسیار دەکەین ﴿٩٢﴾ لەو کارانەی کردوویانە ﴿٩٣﴾ جا بە ئاشکرا ئەوەی پێت ئەسپێردراوە، ڕاییگەیێنە و لەوانە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە ڕوو وەربگێڕە ﴿٩٤﴾ ئێمە بۆ تۆ بەسین لە بەرامبەر گەپجارکەراندا کە لە یەخە و کۆڵ تۆمان کردنەوە ﴿٩٥﴾ ئەوانە کە لەگەڵ خوا خودایێ تریان دانا، جا لە دواییدا دەزانن ﴿٩٦﴾ بە هەقیقەت ئێمە دەزانین دڵ و دەروونت لەوەی کە دەیڵێن دەگیردرێ (و سەخت نارەحەتت دەکەن) ﴿٩٧﴾ جا (بۆ لابردنی نارەحەتی ئەوانە) پەسن و شوکری پەروەرێنەرت بکە و لە سوژدەبەران بە ﴿٩٨﴾ پەروەرێنەرت بپەرستە تا یەقین (مەرگ)ت پێ دەگا ﴿٩٩﴾

## سوورەی نەحل: هەنگ ١٢٨ ئایەتە

### سوورەی نەحل: هەنگ لە مەککە هاتۆتە خوارەوە بە (بسم‌الله)وە ١٢٨ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر ودڵاوێن

فەرمانی خوا گەیشتووە، جا بۆ ئەوە (فەرمان و عەزابی خوا) پەلە مەکەن، خوا لەوەی کە هاوبەشی بۆ دائەنێن بێخەوش و بەرزترە ﴿١﴾ مەلائیکە بە ڕۆح (قورئان و پێغەمبەرایەتی ئیلاهییەوە بە فەرمانی خۆی بۆ لای هەرکەسێ لە بەندەکانی خۆی کە بیەوێ دەینێرێ گەفان و هەڕەشە لە مرۆ بکەن (و دەستووریان دەداتێ) کە خەڵک بپرینگێننەوە (و بڵێن:) بێجگە لە من خودایێتر نییە، جا کەوایە لە من خۆ بپارێزن ﴿٢﴾ ئاسمانەکان و زەوی بە هەق بەدی هێناوە، خوا لەوە بانترە کە هاوبەشی بۆ دابنێن ﴿٣﴾ مرۆڤی لە دڵۆپ و تنۆکێک بەدی‌هێنا، کەچی بووەتە دۆژمنێکی ئاشکرا ﴿٤﴾ ئاژەڵ (بزن و مەڕ و گا و و شتر)ی بەدی‌هێنا، لە حاڵێکدا بۆ ئێوە لەواندا جلک؛ هۆی (گەرمایی) پۆشش و سودی‌تر هەیە، لە گۆشتی ئەوانە دەخۆن ﴿٥﴾ لەواندا بۆ ئێوە زینەت و شکۆ هەیە، لە کاتێکدا کە دەیانگێڕنەوە بۆ جێی حەوانەوەیان، کاتێ کە (بەرەبەیانان) دەیانبەنە دەرودەشت بۆ لەوەڕ ﴿٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەوانە باری قورسی ئێوە بۆ شارێ هەڵدەگرن کە بە ڕەنجێ زۆر نەبێ ناگەنە ئەوێ، تا ئەو گرانبارانە ڕاگوێزن و بیانگوێزنەوە؛ پەروەرێنەرتان دڵسوز و دلاوایە ﴿٧﴾ (هەروەها) ئەسپ و هێستر و کەری بەدیهێنا تا سواریان بن و هۆی زینەت بن بۆ ئێوە، و شتی دیکەیش (هۆی هاتوچۆی‌تر) بەدی‌دێنێ کە ئێوە نازانن! ﴿٨﴾ لەسەر خوایە کە ڕێی ڕاست بە بەندەکانی نیشان بدا، بەڵام هەندێ لە ڕێگاکان چەفت و لار و گێڕ و خێچ و لاڕێن، ئەگەر خوا بیەوێ هەمووتان (بە زۆر) ڕێنوێنی دەکا ﴿٩﴾ ئەو کەسێکە لە ئاسمانەوە ئاوێکی نارد کە خواردنەوەتان لەو ئاوەیە و هۆی شینبوونی ڕووەک و گژوگیایە کە ئاژەڵی خۆتانی لێ دەلەوەڕێنن ﴿١٠﴾ خوا بە هۆی ئەو (بارانەوە) زەرحات و زەیتوون و خورما و ترێ و هەر جۆرە داهاتی زەوی و بەروبوو و میوەیەک دەڕوێنێ، لە هەر جۆرە میوەیەک، لەمەدا نیشانەیەکی ڕوون هەیە بۆ هۆزێ کە بیر دەکەنەوە ﴿١١﴾ خوا شەو و ڕۆژ و تەبەقی خۆر و مانگی بۆ ئێوە ڕام کرد و هەروەها ئەستێرەکانیش بە فەرمانی ئەو ڕامی ئێوەن، بەڕاستی لەمەدا نیشانەگەلێک هەیە (لە گەورەیی خوا) بۆ تاقمێ کە ئەقڵی خۆیان دەخەنە کار ﴿١٢﴾ (سەرەڕای ئەمە) بوونەوەرانێک کە لە زەویدا بەدیهاتوون؛ ڕامی (فەرمانی ئێوەی) کرد، لە حاڵێکدا کە ڕەنگیان جۆراوجۆرە، لەمەدا نیشانەیەکی ڕوون هەیە بۆ تاقمێ کە بیر دەکەنەوە و ئامۆژگاری وەردەگرن ﴿١٣﴾ هەر ئەویشە کە زەریای ڕامی (ئێوە) کرد تا لەوە گۆشتی تازە بخۆن و شتی زینەتی کە بە خۆتانەوە هەڵیواسن و بۆ لەبەر کردن و (کەڵک وەرگرتن) لەوە بهێننەدەرێ، کەشتییەکان دەبینی کە ئاوی دەریا لەت دەکەن تا ئێوە (خەریکی بازرگانی بن) و لە چاکەی خوا کەڵک وەربگرن، بەڵکوو شوکری نیعمەتەکانی بکەن ﴿١٤﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



لە زەویدا کێوگەلی فرەبەرز و هەڵەمووت و هەزار بە هەزاری پتەوی دانا تا ئێوە نەهاژێنێ و ئارامش بە ئێوە بدا و ڕووبار و چۆمی (بەدی هێناوە)، ڕێگاگەلی سازدا تا بەڵکوو ڕێگاتان نیشان بدرێن و ڕێنوێن بن ﴿١٥﴾ (هەروا) نیشانەگەلێکی دانا و (بە شەودا) ئەوانە بە هۆی ئەستێرەکانەوە ڕێنوێن ئەبن ﴿١٦﴾ جا ئایا کەسێ کە بەدیدێنێ وەکوو کەسێ وایە کە بەدیناهێنی؟ جا ئایا بیر ناکەنەوە؟ ﴿١٧﴾ ئەگەر نیعمەتی خوا بژێرن، بۆتان نابژێردرێ، دیارە خوا لە تاوانکار دەبووری و فرە دڵلاوێنە ﴿١٨﴾ خوا ئەوەی وا دەیشارنەوە و ئەوەی وا دەری دەخەن پێی ئەزانێ ﴿١٩﴾ کەسانێ کە بێجگە لە خوا هاواری بۆ دەبەن، شتێ خەڵق ناکەن و بەڵکوو خۆشیان خولقێندراون ﴿٢٠﴾ ئەوانە مردوون و زیندوو نین و (ئەو بتانە) نازانن کەی کۆ دەکرێنەوە و حەشر دەکرێن ﴿٢١﴾ خوای ئێوە خوایەکی تاقانەیە، بەڵام ئەوانەی کە بە ئاخیرەت بڕوایان نییە، دڵ و دەروونیان ئینکاری هەق دەکەن و خۆ بەزل زانن ﴿٢٢﴾ ڕاستە کە خوا دەزانێ ئەوەی دەیشارنەوە و ئەوەی دەریدەخەن، بەڕاستی ئەو خۆبەزلزانانی خۆشناوێ ﴿٢٣﴾ کاتێ بەوانە بوترێ: پەروەرێنەرتان چی ناردووە! دەڵێن: ئەوانە (وەحی خوا نییە) ئەفسانەی درۆیینی پێشینانە ﴿٢٤﴾ تا ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتدا باری تاوان و گوناحی خۆیان بە تەواوی هەڵبگرن و بەشێ لە گوناحی کەسانێ کە لەبەر نەزانی لاڕێییان کردن (هەڵبگرن)، بزانن ئەوان بارێکی خراپ هەڵدەگرن ﴿٢٥﴾ بە هەقیقەت کەسانێ کە بەر لەوانیش بوون، لەم جۆرە فێڵبازی و دەهۆبازی و گزیانەیان کرد، جا خوا چوو بەدوای هێم و بنچینەی (ژیانی) ئەواندا و ئەوی لە بناغەوە ڕووخاند و میچەکەی لەسەرەوە بە سەریاندا ڕما و ڕژا، عەزابی لەو جێگایەوەکە نەیاندەزانی ناردیە سەریان ﴿٢٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



لە پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا خوا ئەوانە ڕیسوا دەکا، دەڵێ: هاوبەشانێ کە بۆ منتان دانابوو لەبەر ئەوانە دوژمنیان لەگەڵ خەڵکی ترا دەکرد لە کوێن؟ (لەو کاتەدا) زانایان دەڵێن: بەڕاستی ڕیسوایی و بەدبەختی ئەمڕۆ بۆ خوانەناسانە ﴿٢٧﴾ کەسانێ کە پێ‌مێرد (ی گیان کێشان) گیانیان دەکێشێ، لە حاڵێکدا کە خۆیان ستەمیان لە خۆیان دەکرد، جا لەو دەمەدا ئەوانە خۆ ئەدەن بە دەسەوە (و دەڵێن:) ئێمە کاری خراپمان ئەنجام نەئەدا، بەڵێ خوا بەوەی کە ئەنجامتان ئەدا زانا و ئاگایە ﴿٢٨﴾ جا بچنە دەرگاکانی جەهەندەمەوە و بچنە دۆزخ، لەوێ بۆ هەمیشەیش بمێننەوە، جا جێگەی بادیهەوا و بەدعیە و خۆبەزلزانان چەن خراپە؟ ﴿٢٩﴾ کاتێ کە بەوانەی پارێزگارییان کردووە بوترێ: پەروەرێنەرتان چی ناردۆتە خوارێ؟ دەڵێن: هەرچی باشە (و بەختەوەری) بۆ کەسانێ کە لەم دنیایەدا خاوەن چاکە بوون و، چاکە هەیە، بە هەقیقەت خانووی ئاخیرەت لەوە چاترە، جا چەن چاکە جێ‌وڕێی پارێزگاران! ﴿٣٠﴾ باغگەلێ لە بەهەشتی هەتا هەتاییدا کە دەچنە نێوی و چۆمەئاو بە ژێر دارەکانیدا دەڕوا و هەرچییان بوێ لەوێدا هەیە! ئا بەمجۆرە؛ خوا پاداشی خۆپارێزان ئەداتەوە ﴿٣١﴾ کەسانێ کە مەلائیکەی (گیانکێشان) گیانیان دەکێشن، لە حاڵێکدا کە پاک و خاوێنن، بەوانە دەڵێن: سەلامتان لەسەر بێ، بچنە ناو بەهەشت لەبەر کارێ کە ئەنجامتان ئەدا ﴿٣٢﴾ ئایا ئەوانە بێجگە لەمە چاوەڕوانییەکیان هەیە (مەلائیکە) بێتە لایان (بۆ گیانکێشان) یا فەرمانی پەروەرێنەرت (بۆ سزایان) بێت، کەسانێ کە بەر لەوان بوون، هەر وایان کرد، خوا ناحەقی لەوان نەکرد بەڵکوو خۆیان ناحەقی و ستەمیان لە خۆیان کرد ﴿٣٣﴾ جا سەرئەنجام بەدفەری کردەوەیان بەوان گەیشت (سزای) ئەوەی پێیان گاڵتە بوو (لە بەڵێنی عەزاب) چووە سەریان و ئەوانی ئابلۆقە دا و چوار دەوری گرتن ﴿٣٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەوکەسانەی شەریکیان بۆ خوا دانا وتیان: ئەگەر خوا بیویستبا، نەک ئێمە و نە باووباپیرانمان بۆ غەیری ئەویان عیبادەت نەدەکرد و شتێکمان بێئیجازەی ئەو بە ناڕەوا نەدەکرد، (بەڵێ) ئەوانە بەر لەوانیش هەر ئەم کارەیان دەکرد، جا ئایا پێغەمبەران ئەرک و ئەسپاردەیەکیان بێجگە لە ڕاگەیاندنی ئاشکرا بۆ هەیە؟! ﴿٣٥﴾ بە هەقیقەت ئێمە لە ناو هەر نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە تا خوای تاقانە بپەرستن و لە تاغووت و ستەمکار دووری بکەن، جا خوا تاقمێکی ڕێنوێنی کرد و تاقمێکیش لاڕێیی و گومڕایی داوێنیانی گرت، جا بە سەر زەویدا بگەڕێن، جا بڕوانن کە سەرئەنجامی بەدرۆخەران چلۆن بووە؟ ﴿٣٦﴾ هەرچەند لەسەر ڕێنوێنی ئەوان سوور بێ (سوودی نیە)، چونکە خوا کەسێکە مرۆی لاڕێ ڕێنوێنی ناکا، یار و پشتیوانێکیان بۆ نابێ ﴿٣٧﴾ ئەوانە بە توندی سوێندیان خوارد کە خوا ئەوانەی کە دەمرن قەت زیندوو ناکاتەوە، بەڵێ ئەمە بەڵێنێکی بڕاوەی خوایە (کە هەموو مردووەکان زیندوو دەکرێنەوە)، بەڵام زۆربەی خەڵک نازانن ﴿٣٨﴾ تا ئەوەی جیاوازییان تێیدا هەیە بۆیان ڕوون بکاتەوە، تا کەسانێ مونکیر بوون بزانن کە درۆزنن ﴿٣٩﴾ تەنیا گوتنی ئێمە بۆ شتێک؛ کاتێ بخوازین (ئەمەیە) کە پێی بڵێین ببە، جا ئەویش دێتەدی و دەبێ ﴿٤٠﴾ ئەو کەسانەی کە ستەمیان لێکرا و لە پاشان لە ڕێی خوادا کۆچیان کرد، لەم دنیا جێ و پاداشی چاکیان پێ ئەدەین و پاداشی ئەو دنیا گەورەترە ئەگەر بزانن ﴿٤١﴾ ئەوانە کەسانێکن کە تابشتیان هێنا و تەنیا بە پەروەرێنەری خۆیان پشت ئەبەستن ﴿٤٢﴾

ئێمە بەر لە تۆ بێجگە لە پیاوانێ کە پێمان ڕاگەیاندوون، نەماننناردوون، جا ئەگەر نازانن لەوانەی کە ئاگادار و زانان بپرسن ﴿٤٣﴾ بە بەڵگەی ڕوون و بە پەڕە نووسراوانەوە (زەبوور (ئەوانمان) نارد، وا بۆ تۆیش ئەم کتێبە (قورئان)مان نارد تا ئەوەی بۆ خەڵک هاتووە بۆیان بەیان و ئاشکرا بکەی تا بەڵکوو بیر بکەنەوە ﴿٤٤﴾ ئایا گزیکاران لەم عەزابی خوا ئارخەیانن کە خوا نوقمی زەوییان نەکا و قووتیان نەدا یا سزادانی (هەق) لەو شوێنەوە کە چاوەڕوانیان نەبوون بگاتە سەریان ﴿٤٥﴾ یا لە کاتێ کە (بۆ بە دەس هێنانی ماڵ و دارایی زیاتر) لە تەقالادا بوون بیانگرێ، جا هێزی هەڵاتن و دەرباز بوونیان بۆ ڕزگار بوون بۆ نییە ﴿٤٦﴾ یا ئەوانە بەرەبەرە تووشی مەترسی دەکا، پەروەرێنەرتان دڵسوز و و دڵۆڤانە ﴿٤٧﴾ ئایا ئەوانە بەدیهاتووانی خوایان نەدی کە چلۆن سێبەرەکانیان لە ڕاست و چەپەوە دەجوولێن و بە خۆشکاندنەوە سوژدە بۆ خوا دەبەن ﴿٤٨﴾ (نەک تەنیا سێبەریان، بەڵکوو) هەموو ئەو خزۆک و جووڵندانەی وا جووڵە و بزاوی هەیە لە ئاسمانەکان و زەویدان و هەروا مەلائیکەکانیش بۆ خوا سوژدە دەبەن و هیچ خۆ بە باغر و بە زل نازانن ولە خۆ دەر نەچوون و بادیهەوایش نین ﴿٤٩﴾ ئەوانە لە پەروەرێنەریان کە بە سەریاندا حاکمە ئەترسن و ئەسپاردەی خۆیان ئەنجام ئەدەن ﴿٥٠﴾ خوا فەرمانی داوە کە دوو خوا نەکەنە خوای خۆیان. خوای (ئێوە) تەنیا یەکێکە، جا تەنیا لە من بترسن ﴿٥١﴾ ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هی ئەوە، دین هەمیشە بۆ ئەوە، جا ئایا لە غەیری خوا دەترسن؟! ﴿٥٢﴾ ئەوەی لە ناز و نیعمەت هەتانە لە خواوەیە، لە پاشان هەرکاتێ تووشی دەرد و ڕەنجێک بوون، هاوار بۆ ئەو دەبەن ﴿٥٣﴾ لە پاشان هەرکاتێ دەرد و ڕەنجتان لێ دوور دەکاتەوە، تاقمێ لە ئێوە بۆ پەروەرێنەریان هاوبەش دائەنێن ﴿٥٤﴾

دکتورساڵح ئیبراهیمی



با بەوەی کە بەوانمان داوە حاشای لێ بکەن، جا (چەن ڕۆژێ لەم ماڵی دنیایە) کەڵک وەربگرن، بەڵام لە دواییدا دەزانن (چتان لێ‌دێ) ﴿٥٥﴾ ئەوانە بۆ بتگەلێ کە هیچ نازانن، لەوەی کە ئێمە کردوومانەتە ڕۆزییان بەشێک دائەنێن، سوێند بە خوا (کە) بە یەقین (لە دادگای قیامەتدا) لەو درۆ و بوختانانەتان دەپرسرێتەوە ﴿٥٦﴾ ئەوانە (بە گومانی خۆیان) کچەکان بۆ خوا دائەنێن، خوا (لەوەی کە منالێکی هەبێ) پاکە، ئەوەی ئارەزوویان لێی بێ بۆ خۆیان دەبێ ﴿٥٧﴾ هەرکاتێ بە یەکێ لەوانە بە کچ مزگێنی بدرێ، دەموچاوی (لەبەر نارەحەتی) ڕەش هەڵدەگەرێ و هەر پێش دەخواتەوە ﴿٥٨﴾ لە هۆزی خۆی دەتۆرێ لەبەر ئەو مزگێنییە خراپە کە پێی درابوو (و نازانێ) کە ئایا بە نەنگەوە ئەو (کچە) ڕابگرێ یا بیخاتە بن‌گڵ؟ وشیار بن بەدفەڕانە حوکم دەکەن؟! ﴿٥٩﴾ بۆ ئەوانە کە بڕوایان بە ڕۆژی بەرێ نییە، مەسەلێکی خراپ هەیە و بۆ خوا مەسەلێکی بەرز هەیە و هەر ئەویشە بەدەسەڵات و لەکارزان ﴿٦٠﴾ ئەگەر خوا خەڵکی لەبەر ستەم کردنیان سزا بدایا، جووقەوار و و زیندەوەر و جووڵندەیەکی لەسەر زەوی نەدەهێشت! بەڵام ئەو تا کاتی دیاری‌کراو بە دوا دەخا، جا کاتێ دەمی مەرگیان بگا، ساتێک پاش و پێش ناکەوێ ﴿٦١﴾ ئەوانە بۆ خوا شتگەلێ دائەنێن کە بۆ خۆیان پەسەندی ناکەن (واتا هەبوونی کچ)، زمانی فێرە درۆیشیان چاکەی دەدەنە پاڵ خۆیان و پاداشی چاک بە هی خۆیان دەزانن، بێ‌شک ئاگر (جەهەندەم) هەر بۆ ئەوانە و پێشەنگانی (ناو ئاگرن) ﴿٦٢﴾ سوێند بە خوا، بە هەقیقەت پێغەمبەرانێکمان بۆ گەلانی بەر لە تۆ نارد، جا شەیتان کردەوەکانیانی بۆ ڕازاندەوە، جا ئەمڕۆ هەر ئەو (شەیتان) دۆستیانە، هەر بۆ ئەوانیشە عەزابی پڕ دەرد ﴿٥٣﴾ ئێمە قورئانمان ئەڕای تۆ نەناردووە، مەگەر بۆ ئەوەی کە بۆیان بەیان بکەی ئەوەی کە تێیدا جیاوازییان کرد و مایەی ڕێنوێنی و ڕەحمەت بێ بۆ تاقمێ کە بڕوایان هەیە ﴿٦٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



خوا لە ئاسمانەوە ئاوی نارد و زەوی دوای ئەوەی کە مردبوو، بەو ئاوە بارانە زیندووی کردەوە، لەمەدا نیشانەیەکی ڕوون هەیە بۆ ئەوانەی کە گوێی ژنەوایان هەیە! ﴿٦٥﴾ لە هەبوونی ئاژەڵ (مەڕ و بزن و چێڵ و وشتر)دا بۆ ئێوە پەند وەرگرتن هەیە، لەناو زگی ئەوانەدا لە نێو ڕیخ و شیاکە و خوێن، شیرێکی پاک بۆ ئێوە دەنۆشێنین کە خۆشمەزەیە بۆ ئەوانەی دەینۆشن (نۆشێنەران) ﴿٦٦﴾ لە میوەی داری خورما و ترێ، خواردنەوەی سەرخۆشکەرە و بژیو و ڕسق و ڕۆزی چاک و پاک و خاوێن ڕەنێو دێنن و دەیگرن، لەمەدا نیشانەیەک بۆ هۆزێ هەیە کە بیر و هزر دەکەنەوە ﴿٦٧﴾ پەروەرێنەری تۆ هەنگی ڕاسپارد کە لە نێو کاوان، تاشەبەردی چیا و لە کونەدار و لە نێو داربەستگەلێ کە خەڵک سازی ئەدەن، پلوورەگەلێ بۆ خۆیان سازبدەن ﴿٦٨﴾ لە پاشان لە هەر شیرەی میوەیەک بمژە و بخۆ و ئەو ڕێگایانەی پەروەرێنەرت بۆی دیاری کردووی بە ملکەچی پێیدا برۆ، لە ناو دەروونی هەنگدا خواردنەوەی تایبەت دێتە دەرێ کە ڕەنگی جۆراوجۆری هەیە کە تێیدا مفا و چابونەوە لە نەخۆشی و شفا بۆ خەڵک هەیە، دیارە لەمەدا نیشانەیەکی ڕوون بۆ هۆزێ هەیە کە ئەقڵیان دەخەنە کار و بیر دەکەنەوە! ﴿٦٩﴾ خوا ئێوەی خوڵقاند، لە پاشان دەتانمرێنێ، هەندێ لە ئێوە دەگەڕێندرێنەوە بۆ تەمەنی پیری پەککەوتە تا لە دوای زانست و ئاگاداری شتێک نەزانن (و هەموویان لە بیر بچێتەوە)، بەڕاستی خوا زانا و بەتوانایە ﴿٧٠﴾ خوا هەندێ لە ئێوەی لە ڕسق و ڕۆزیدا بە سەر هەندێترتاندا سەر خستووە، جا کەسانێ کە سەر خراون حازر نین لە ڕۆزی خۆیان بە بەندەوانیان بدەن تا هەموو بەرابەر بن، ئایا ئەوانە نیعمەتی خوا لە بەرچاو ناگرن ﴿٧١﴾ خوا لە جنسی خۆتان هاولفی بۆ داناون و لە هاولف و ژنەکانتان بە ئێوە منداڵ و نەوەی دا، و ڕسق و ڕۆزی پاکی پێدان، جا ئایا بروا بە هیچوپووچان دێنن و لە چاکەی خوا حاشا دەکەن؟ ﴿٧٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئه‌وانه جیا له خوا شتگه‌لێکیان ده‌په‌رست که له ئاسمانه‌کان و زه‌ویدا خاوه‌نی ڕسق و ڕۆزی ئه‌وان نین و ده‌سه‌ڵات و وزه‌ی ئه‌و کاره‌شیان نییه ﴿٧٣﴾ جا له‌به‌ر ئه‌وه بۆ خوا نه‌زیله (وێنه) مه‌هێننه‌وه، خوا ده‌زانێ و ئێوه نازانن ﴿٧۴﴾ خوا وێنه و نه‌زیله‌ی به به‌نی عه‌بدێک که ده‌سه‌ڵاتی به‌سه‌ر هیچدا نییه هێناوه‌ته‌وه، که‌سێکی (خاوه‌ن بڕوا) که ڕسق و ڕۆزی چاکی پێ دابوو و ئه‌ویش به نهێنی و به ئاشکرا له‌وه‌ی که خوا پێی دابوو ده‌به‌خشێ، ئایا ئه‌م دوو که‌سه وه‌کوو یه‌کن؟ سپاس تایبه‌تی خوایه، به‌ڵام زۆربه‌یان نازانن ﴿٧۵﴾ خوا به دوو پیاو وێنه و نه‌زیله و مه‌سه‌لی هێناوه‌ته‌وه که یه‌کێکیان لاڵی زگماکه، هیچی له ده‌س نایێ و سه‌رباری خاوه‌نیه‌تی، ئه‌و به دوای هه‌ر کارێکدا بنێرێ خێرێک به ده‌س ناهێنێ، ئایا که‌سێکی وا له‌گه‌ڵ یه‌کێکدا که فه‌رمان به دادگه‌ری ئه‌دا و له‌سه‌ر ڕێگای ڕاسته وه‌کوو یه‌کن؟ ﴿٧۶﴾ نادیاری و غه‌یبی ئاسمانه‌کان و زه‌وی تایبه‌ت به خوایه (و ته‌نیا خوا ده‌زانێ)، کاری ڕۆژی به‌رێ (بۆ خوا هێند ئاسانه) وه‌کوو چاوترووکانه یا له‌وه‌ش نێزیکتر (و ئاسانتره)، خوا به‌سه‌ر هه‌موو شتێکدا ده‌سه‌ڵاتدار و به‌هێزه ﴿٧٧﴾ خوا ئێوه‌ی له زگی دایکتان ده‌رهێنا، له حاڵێکدا هیچتان نه‌ده‌زانی، به‌ڵام (خوا) گوێ و چاو و ئه‌قڵی به ئێوه دا، به‌ڵکوو شوکری نیعمه‌تی (خوا) به‌جێبێنن ﴿٧٨﴾ ئایا ئه‌وانه ته‌ماشای باڵنده ناکه‌ن که له هه‌وا: ئاسماندا فه‌رمانبه‌رن، بێجگه له خوا که‌س ناتوانێ ئه‌وان (له هه‌وا) ڕابگرێ، به‌ڕاستی له‌مه‌دا نیشانه‌گه‌لێک بۆ تاقمێ - بڕواداران هه‌یه ﴿٧٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



خوا لە ماڵەکانتاندا جێی دانیشتن (و حەسانەوەی) بۆ داناون، هەروەها لە پێستی ئاژەڵیش (زۆم و چادر و) خانووگەلێکی بۆ داناون کە لە بارکردن و لە دانیشتندا بە ئاسانی دەتوانن جێ بەجێیان بکەن، لە خوری و کورک (و بەرگن) و موو (و مەرەز)ی ئەوانە خرتوپرت و کاڵای بۆ داناون تا ماوەیەکی درێژ ﴿٨٠﴾ خوا لەوەی بەدیهێناوە، نسێ و سێبەری بۆ ئێوە سازداوە و لە نێو کێوەکاندا ئەشکەوت و پەناگا (ی بەدی هێناوە) و بۆ ئێوە کراس (جلک)ی ساز داوە تا ئێوە لە گەرما (و سەرما) بپارێزێ، هەروەها جلکگەلێکی بۆ سازداون تا لە کاتی جەنگدا بتانپارێزێ، ئا بەمجۆرە نیعمەتەکانی خۆی بۆ ئێوە تەواو دەکا تا تەسلیمی فەرمانی ئەو بن ﴿٨١﴾ جا ئەگە ڕوویان وەرگێرا (نیگەران مەبە) تەنیا لەسەرتە بە ئاشکرا ڕاگەیاندن و هیچی تر ﴿٨٢﴾ ئەوانە نیعمەتی خوا دەناسن، کەچی لە پاشان ئینکاری دەکەن، زۆربەیان بێئەمەک و خوانەناسن ﴿٨٣﴾ ڕۆژێ کە لە هەر ئۆمەتێ شایەدێک (پێغەمبەرێک)یان بۆ دەنێرین، ئیتر لە پاشان بە خوانەناسان ئیجازەی (ئاخافتن) داواکردنی ڕەزایەت خوازی (و پاڕانەوەی) لێبوردنیان بۆ نامێنێ (تەفسیری ارشاد العقل السلیم الی مزایا الکتاب الکریم. ئەبوسعود عیمادی کورد، کە پڕ و تەژییە لە نوکتەی ورد و جوان.) ﴿٨٤﴾ کاتێ ستەمکاران تووشی عەزاب دەبن، جا نە بۆیان سووک و کەم دەکرێتەوە و نە مۆڵەتیش ئەدرێن ﴿٨٥﴾ کاتێ ئەوانەی شەریکگەلێ کە کردبوویانە هاوبەش بۆ خوا ئەبینن، دەڵێن: ئەی پەروەردگاری ئێمە! ئەمانە شەریکانێ بوون کە لەباتی تۆ هاوارمان بۆ ئەوان دەبرد، جا لەو دەمەدا خواکانیان پێیان دەڵێن، ئێوە درۆزنن ﴿٨٦﴾ لەو ڕۆژەدا هەموو لە پێشگای خوا تەسلیم دەبن و تەواوی درۆ و دەلەسەکانیان بزر و وندا دەبێ و لەناو دەچێ ﴿٨٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەوانەی خوایان نەناسی رێگایان بەربەست دەکرد و دەبوونە لەمپەر و (خەڵکیان) لە رێی خوا دەگێڕایەوە، لەبەر خراپەیێ کە دەیانکرد، قات لەسەر قات لە ئەندازەی تاوانیان ئازار و جەزرەبەیان لەسەر زیاد دەکەین ﴿٨٨﴾ رۆژێ کە لە نێو هەر گەل و ئۆمەتێکدا شایەدێک (پێغەمبەرێک)یان لە خۆیان بۆ دەنێرین، تۆمان هێنا بۆ شایەدیدان لەسەر ئەمانە و ئەم کتێبە (قورئانە)مان بۆ ناردی کە بەیانکەری هەموو شتێکە و هۆی رێنوێنی و رەحمەت و مزگێنییە بۆ موسڵمانان ﴿٨٩﴾ خوا فەرمان بە دادگەری و چاکە و بەخشش بە نێزیکان ئەدا، و رێ بە خراپە و شتی ناحەز و دەسدرێژی نادا، خوا ئامۆژگاریتان دەکا، بەڵکوو پەند بگرن و بیر بکەنەوە ﴿٩٠﴾ کاتێ کە بەڵێنتان بە خوا دا، وەفای پێبکەن و سوێندەکانتان دوای پتەوکردنی مەشکێنن، لە حاڵێکدا خواتان بە چاودێر بۆ (سوێندی) خۆتان داناوە، خوا بەوەی کە ئەنجامی ئەدەن ئاگادارە ﴿٩١﴾ هەروەکوو ئەو ژنە (بێمێشکە) مەبن کە خوریە رێسراوەکەی خۆی دوای کرژ بوون، خاوی کردەوە و پسپس و کوتکوتی کرد، لە حاڵێکدا سوێند خواردن (و بەڵێن) دەکەنە هۆی خراپە لە نێو خۆتاندا، لەبەر ئەوەی تاقمێ لە تاقمێتر باوخۆشتر و زیاترە، خوا تەنیا ئێوە بەم هۆیەوە تاقی دەکاتەوە، و لە رۆژی بەریدا ئەوەی جیاوازیتان تێیدا هەیە، بۆتان روون دەکاتەوە ﴿٩٢﴾ ئەگەر خوا بیویستبا ئێوەی تێکرا دەکردە یەک گەل و یەک ئایین، بەڵام خوا هەرکەس کە بیەوێ لارێی دەکا و هەرکەسیش کە بیەوێ (و شیاویش بێ) رێنوێنی دەکا، لەوەی وا ئەنجامتان داوە لێتان دەپرسرێتەوە ﴿٩٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



بە سوێند خواردنتان یەکتری لە خشتە مەبەن و فریویان مەدەن و مەیکەنە هۆی دەغەڵی و فێڵ و خراپە کردن لە نێو خۆتاندا نەکا پێتان پاش پتەو بوون (لەسەر بڕوا) بخلیسکێ و بشەمتێ و هەڵخزێ، لەبەر بەرایی گرتنی ڕێگای خوا (لە خەڵک) مەزەی بەڵا و خراپەی خوا بچێژن، بۆ ئێوە عەزابی گەورە و سەخت هەبێ ﴿٩۴﴾ بەڵێنی خوا بە نرخی کەم مەگۆڕنەوە، ئەوەی لای خوایە بۆ ئێوە باشترە، ئەگەر بزانن ﴿٩۵﴾ (چونکە) ئەوەی لای ئێوەیە لەناو دەچێ، بەڵام ئەوەی لای خوایە دەمێنێتەوە، وە کەسانێ کە تابشت دێنن بە زیادەوە پاداشی چاکەیان ئەدەینەوە ﴿٩۶﴾ هەرکەس کاری چاک بکا و بڕواداریش بێ، چ ژن بێ و چ پیاو، ژیانی پاکی پێئەدەین، باشترین پاداشتیان ئەدەینێ لە باتی ئەوەی کە ئەنجامیان داوە ﴿٩٧﴾ جا کاتێ قورئان دەخوێنی، لە پیلانی شەیتانی دەرکراو پەنا بەرە بەر خوا ﴿٩٨﴾ ئەو (شەیتان) بەسەر کەسانێکدا کە بڕوادارن و پشت بە خوا دەبەستن، بێدەسەڵاتە ﴿٩٩﴾ شەیتان هەر بەسەر کەسانێکدا کە ئەو دەکەنە دۆستی خۆیان و ئەوانەیش وا بۆ خوا هاوبەش دائەنێن دەسی بەسەریانا دەڕوا ﴿١٠٠﴾ کاتێ نیشانەیەک لە جێی نیشانێ‌تر دابنێین (حوکمێ نەسخ بکەینەوە)، خوا باشتر دەزانێ کە چی دەنێرێ، ئەوانە دەڵێن: تۆ لە زاری خواوە درۆ دەڵێی، بەڵام زۆربەیان (هەقیقەت) نازانن ﴿١٠١﴾ بڵێ: ڕوحولقودوس ئەوەی لە لایەن پەروەرێنەرتەوە بە هەق هێناوە تا ئەوانەی بڕوایان هێناوە پتەو ڕابگرێ و هەروا ڕێنوێنی و مزگێنییە بۆ موسڵمانان ﴿١٠٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



بە تەحقیق ئێمە باش دەزانین کە ئەوانە دەڵێن: مرۆڤێک بەوی فێر دەکا، زمانی کەسێ کە ئەوانە شکیان لێیەتی و نیازیان عەجەمی زمانە (سەلمانی ماد ـ ی ماردینی بن شاخانی کورد) و ئەم (قورئانە)ش بە زمانی عەرەبییەکی ئاشکرایە ﴿١٠٣﴾ کەسانێ کە بە نیشانەکانی خوا بڕوا ناهێنن، خوا ڕێنوێنییان ناکا و بۆ ئەوان عەزابی پڕ دەرد هەیە ﴿١٠٤﴾ تەنیا کەسانێ درۆ ئەکەن کە بڕوا بە نیشاکانی خوا ناهێنن، لە ڕاستیشدا هەر ئەوان درۆزنن ﴿١٠٥﴾ هەرکەس بڕوای بە خوا بووبێ و لە پاشان حاشای لێ کردبێ (سزادەدرێ) مەگەر ناچار کرابێ و لە بڕوای خۆی دڵنیا بێ. بەڵام کەسێ بە حاشاکەی دڵی خۆش بێ غەزەبی خوایان لەسەر بێ و ئازاری گەورە و سەختیان بۆ هەیە ﴿١٠٦﴾ لەبەر ئەوەیە کە ژیانی دنیایان لە دوارۆژ پێ خۆشتر (و باشتر) بوو، خوا تاقمی خوانەناسان و بێبڕوا ڕێنوێنی ناکا ﴿١٠٧﴾ ئەوانە کەسانێکن کە خوا دڵ و گوێ و چاویانی مۆر کردووە؛ هەر ئەوانەش غافڵ و بێئاگان ﴿١٠٨﴾ بێشک ئەوانە لەو دنیایش لە زیاندان ﴿١٠٩﴾ لە پاشان پەروەرێنەرت سەبارەت بە کەسانێ کە دوای ڕەنج و ئازاردران کۆچیان کرد و زێد و زاگە و نیشتمانی خۆیان بەجێهێشت و لە پاشان تێکۆشان و لە ڕێی خوا تابشتیان هێنا، بەڕاستی پەروەرێنەرت دوای ئەنجام دانی ئەو کارانە لێبور و فرە دڵلاوێنە (و لێیان خۆش دەبێ) ﴿١١٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ڕۆژی دێ کە هەرکەس (لە بیری خۆیدایە و) لە خۆی بەرگری دەکا و ئاکامی کار و کردەوەی هەرکەسێ بێ کەموکوڕی بەو ئەدرێ و ستەمیان لێناکرێ ﴿١١١﴾ خوا بە گوندێک نەزیلەی هێناوەتەوە، مەڵبەندێکی ئەمن و جێی دڵنیا بوونی خەڵکەکەی بووە و هەمیشە ڕسق و ڕۆزییەکی زۆری لە هەر ئاقار و ناوچە و لایەکەوە بۆ دەهات، کەچی لەو هەمووە چاکەی خوا، حاشایان کرد و خوایش لە بارتەقا و هەمبەر ئەو کار و کردەوە کە ئەنجامیان ئەدا جلکی قاتوقڕی و برسیەتی و ترسی لە بەر کردن ﴿١١٢﴾ پێغەمبەرێکیان لە خۆیان بۆ هات، بەڵام بە درۆیان خستەوە، جا ئازاری خوا ئەوانی گرت و تووشی سەخڵەت و تووشی هاتن، لە حاڵێکدا کە ستەمکار بوون ﴿١١٣﴾ جا ئێستا لەوەی خوا کردویەتە ڕسق و ڕۆزیتان، ڕەوایە، حەڵاڵ و پاک و زەلاڵە، بیخۆن و شوکرانەی خوا بەجێبێنن، ئەگەر ئەو دەپەرستن ﴿١١٤﴾ (خوا) تەنیا مرداربوو و خوێن و گۆشتی بەراز و ئەوەی بە نێوی غەیری خوا سەر بڕاون لەسەر ئێوەی بە ناڕەوا، داناوە بەڵام کەسانێ کە مەجبوور بن، هەر ئەوەندەی تێر بخۆن و ئیتر دەسدرێژی نەکەن خوا لێبور و دڵلاینە ﴿١١٥﴾ لەبەر درۆیەک کە (بە) زبانتاندا دێ، مەڵێن: ئەوە ڕەوایە و ئەمەش ناڕەوایە، تا بە دەم خواوە درۆ بکەن، کەسانێ کە بە دەم خواوە درۆ دەکەن ڕزگار نابن ﴿١١٦﴾ لەم دنیا کاڵای کەمیان گیر دێ و لەو دنیاش تووشی عەزابی دەردناک دەبن ﴿١١٧﴾ شتگەلێ کە لە بەرا بۆ تۆم گێڕاوە، لەسەر کەسانێ کە بوون بە جولەکە، حەرامم کردووە، ئێمە ستەممان لەوان نەکرد، بەڵکوو خۆیان ناحەقییان لە خۆیان کرد ﴿١١٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بەڕاستی پەروەریّنەرت سەبارەت بەوانە کە لە ڕووی نەزانییەوە کردەوەی بەدفەڕانەیان ئەنجام داوە و لە پاشان دوای ئەوە تۆبەیان کردووە بە ترسەوە سڵەمیونەتەوە و پرینگاونەتەوە و کشاونەتە دواوە و بوونەتە مرۆڤێ چاک) و خۆیان چاک کردۆتەوە (خوا دەیانبەخشێ)، بەڕاستی پەروەریّنەرت دوای ئەوە لێبور و فرە دلۆڤانە ﴿١١٩﴾ بە هەقیقەت ئیبراهیم یەک گەل و ئۆمەت (بە بیروڕای زۆربەی موفەسیران) بوو، فەرمانبەر بۆ خوا بوو، پاک و ڕاست بوو، لەوانە نەبوو کە هاوبەشیان بۆ خوا دادەنا ﴿١٢٠﴾ شوکرانەبژێری چاکە و نیعمەتەکانی خوا بوو، خوا ئەوی هەڵبژارد و بۆ لای ڕێگای ڕاست ڕێنوێنی کرد ﴿١٢١﴾ ئێمە لە دنیا چاکەمان لەگەڵدا کرد و ئەو لەو دنیاش (هەڵکەوتە و شیاوی ڕێز لێگرتن) و لە چاکانە ﴿١٢٢﴾ لە پاشان بە تۆمان ڕاگەیاند کە لە ئایینی ئیبراهیم کە پاک و ڕاستە و لەوانەیش نەبوو شەریک بۆ خوا دابنێ، پەیڕەوی بکە ﴿١٢٣﴾ ڕۆژی شەممە (دەس لە کارکێشان و و چان بۆ جوولەکەیە) تەنیا لەسەر کەسانێ دانرا کە جیاوازییان تێدا کردووە، پەروەریّنەرت لە ڕۆژی بەریّدا لە نێو ئەواندا لەوەی کە جیاوازییان تێیدا سازکردووە، داوەری دەکا ﴿١٢٤﴾ بە لەکارزانی و ئامۆژگاری چاک، (خەڵک) بۆ ڕێگای پەروەریّنەرت بانگ بکە و لەگەڵ ئەواندا بە شێوەیەکی جوان وتوویژیان لەگەڵدا بکە، بەڕاستی پەروەریّنەری تۆ لە هەموو کەس باشتر دەزانێ کە چ کەسانێ لە ڕێی ئەو لایان داوە و هەر ئەوە زاناتر بە ڕێنوێن بووان ﴿١٢٥﴾ هەرکاتێ ویستتان تۆڵە بستێننەوە دار بە دار بێ، زیاتر نەبێ، تەنیا بە ئەندازەیێ کە بۆتان دانراوە تۆڵە بستێنن، ئەگەر تابشتبێنن، ئەوە بۆ تابشتهێنان باشتر و چاکترە ﴿١٢٦﴾ تابشتبێنە، خۆڕاگر بە، دیارە خۆڕاگری تۆیش هەر بە خودایە، لەبەر (کاری) ئەوان غەمگین مەبە و لە بەرامبەر گزیوفزی ئەوان کە دەیکەن دڵتەنگ و تەنگەتاو مەبە ﴿١٢٧﴾ خوا دویر (ویرا، پیرا، وەڵ) لەگەڵ کەسانێکدایە کە خۆ دەپارێزن و بە تەقوان و (هەروەها) لەگەڵ کارچاکانە ﴿١٢٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



# سوورەی ئیسرا: بەشەو ڕۆیشتن ١١١ ئایەتە

## سوورەی ئیسرا لە مەککە هاتۆخوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١١١ ئایەتە.

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

پاک و بێخەوشە ئەو زاتەی لە شەوێکدا شەوڕۆیی بە عەبدی خۆی کرد لە (مسجدالحرام)ەوە تا (مسجدالاقصی) (مزگەوتی ئەولاتر) ئەو مزگەوتەی ئێمە پیت و پیرۆزیمان داوە بە دەوروبەرەکەی، بەو نیازەی هێندێ نیشانەی خۆمانی نیشان بدەین، هەر خوایە بیسەر و بینا ﴿١﴾ ئێمە کتێبی ئاسمانیمان بە مووسا دا و ئەومان کردە هۆی ڕێنوێنی بەرەی ئیسرائیل کە غەیری من کەس مەکەنە پشتیوانی خۆتان ﴿٢﴾ (ئەی) تۆرەمە و زارۆکانی کەسانێ کە لەگەڵ نووح سواری (کەشتیمان) کردن، بەڕاستی ئەو (نووح) بەندەیەکی شوکرانەبژێر بوو ﴿٣﴾ ئێمە لە کتێب (کوتاوی تەورات)دا بە بەرەی ئیسرائیلمان ڕاگەیاند کە بەڕاستی دوو جار لە زەویدا خراپە ئەکەن (بادیهەوا ئەبن)، (لە خراپەی خۆتاندا) سەردەکەون، سەرکەوتنێکی گەورە ﴿٤﴾ جا کاتێ یەکەمین بەڵێن (لەو دووانە) هات، بەندەکانمان کە جەنگی و خاوەن وزەنە، ناردە سەریان (تا توند بیانکوتن و کشت وڵاتیان لێ ئاژنین و بۆ گرتنی تاوانباران ماڵ بە ماڵ بە دوایاندا دەگەڕێن) و ئەمە بەڵێنێکە هاتۆتەدێ ﴿٥﴾ لە پاشان دیسان ئێوە بە سەریاندا زاڵ دەکەین و ماڵ و مناڵتان زیاد ئەکەین و هێز و هەژماری ئێوە (لە کەرەتی پێشوو) زیاتر دەکەین ﴿٦﴾ ئەگەر چاکە بکەن بۆ خۆتان چاکە دەکەن و ئەگەر خراپەش بکەن، جا لەگەڵ خۆتانی دەکەن، جا کاتێ بەڵێنی دووەم هات، بەندەکانی خوا دەنێرین تا نیشانەی پەژارە و خەم و کەنەفتی لە ڕوخسار و سەروچاوتان بپارێنن و بچنە نێو مزگەوتی (ئەقسا) هەروەکوو جاری یەکەم چووبوونە نێوی تا هەرچی بیگرن، بیکوتن بەسەر یەکدا و تەفروتوونا و وێرانی بکەن ﴿٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



هیـوایە پەروەریـنەرتـان بەزەیـی پێتانـدا بـێ، ئەگەر بگەڕێـنەوە، (ئـێمەیش) دەگەڕێیـنەوە و جەهەندەممان کردە زیندانێ سەخت (و ناخۆش) بۆ خوانەناسان ﴿٨﴾ بەڕاستی ئەم قورئـانە بـۆ ڕێگایەک ڕێنوێنی دەکا کە بەڕاستی بـۆ ئەوان پاداشـێکی گەورە هەیە ﴿٩﴾ بەڕاسـتی (هەواڵ ئەدا) کە ئەو کەسانەی وا بە ڕۆژی بەرێ باوەڕ ناهێنن، عـەزابی دەردناکمان بۆ ئامادە کـردوون ﴿١٠﴾ مرۆ دوعا دەکا بە خراپە (وەکوو) دوعاکردنی بۆ چـاکە، ئینسـان لەزکـارە (بەهەڵەیـە) ﴿١١﴾ شەو و ڕۆژمان کردە دوو نیشانە، جا نیشانەی شـەومان داکـوژان و سـڕیەوە و نیشـانەی ڕۆژمان ڕووناک کرد تا تیا بگەڕێن بە دوای ڕسق و ڕۆزیدا و زیاترتان لە پەروەرێنەرتان بوێ، تا ژمارەی ساڵەکان و حیساب و ژماردنی بزانن، هەر شتێکمان پەرەدارانە شـی کـردۆتەوە ﴿١٢﴾ کردەوەی هەر مرۆڤێکمان وەک تۆق کردۆتە ملی (چاکە و خـراپەی هەرکەس بە ئەسـتۆیەتی)، ڕۆژی سەڵا: قیـامەت، کتێبێکـی بـۆ دەردێنـین کە بە سـەر ئـاواڵەیی دەیبینـێ ﴿١٣﴾ (ئەمە نامەی کردەوەیەتی کە پێـی دەڵـێن:) کتێبەکەت بخـوێنەوە، بـۆ تـۆ بەسـە کە ئەمـڕۆ خـۆت حەسێوگەری خۆتی و حیساب لە خۆت بکێشی! ﴿١٤﴾ هەرکەس ڕێنوێنی بووبێ، جا تەنیا بـۆ خۆیەتی و هەرکەسیش لاڕێ بێ، جا تەنیا بە زیـانی خـۆیەتی، تـاوانی هـیچ کەس بە ئەسـتۆی کەسێتر نییە: کەس گرانایی کەسێتر ناگرێتە مل؛ ئێمە هیچ (تـاک و تـاقمێ) سزا و عـەزاب نادەین تا (لە بەرا) پێغەمبەرێکیان بۆ نەنێرین ﴿١٥﴾ هەرکاتێ بمانەوێ شار و دێـیەک لەنـاو بەرین دەوڵەمەندە لە خوا بێخەبەرەکانمان دنە داوە بۆ قۆشمەیی و خـراپە کـردن، جـا شـیاوی سزادانیان پەیا کردوە، جا بە توندی ئەوانەمان توند کوتاوە و هاریوە ﴿١٦﴾ خەڵکێ زۆریشمان لە سەدەکانی دوای نووح (هەر بەم شێوە) لە نێومان بردن، بەسـە کە پەروەرێـنەرت لە تـاوان و گوناحی بەندەکانی بە ناخی ئاگادار و بینایە ﴿١٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەو کەسەی کە (تەنیا ) ژیانی (دنیای) بوێ، ئەو ئەندازەی کە بمانەوێ و بۆ هەرکەس کە بمانەوێ زوو پێی ئەدەین، لە پاشان بە ئابڕوو نەماو بە دەرکراوی، جەهەندەمێکمان بۆ ئامادە کردووە و بۆ دۆزەخ ڕادەکێشرێ ﴿١٨﴾ هەرکەس ئاخیرەتی بوێ و بۆی بکۆشێ و بڕواداریش بێ، جا ئەوانە پاداشی تێکۆشانیان ئەدرێتەوە ﴿١٩﴾ بە هەر یەک لەو دوو تاقمە (دونیا و ئاخیرەتخواز) لە خەڵاتی پەروەرێنەرت یارمەتی ئەدەین و بەخششی پەروەرێنەرت (لە هیچ کەس) بەرگیری لێ نەکراوە ﴿٢٠﴾ بڕوانە چلۆن هەندێ (کەسمان ـ لە دنیادا لەبەر تێکۆشان بەسەر هەندێ ترا سەر خستووە و بەڕاستی زیاترمان پێ‌داون، پلەی دوارۆژیش (لەمەیش گەورەتر و چاکە و فەزیلەتی بەرزترە ﴿٢١﴾ هاوبەش بۆ خوا دامەنێ، جا کز و سەرزەنشتکراو و (بێ یار و یاوەر) دەبی ﴿٢٢﴾ پەروەرێنەرت فەرمانی داوە کە بێجگە لەو نەپەرستن و لەگەڵ باوک و دایکتان چاکە بکەن، ئەگەر یەکێ لەوان یا هەردووکیان لای تۆ پیر بوون، و تەنانەت لای ئەوان ئۆفیش مەڵێ و بەسەریاندا مەنەڕێنە و بە قسەی جوان و پیاوانە لەگەڵیان بدوێ ﴿٢٣﴾ بە بێ فیزی بە ڕەحمەت و دلۆڤانی باڵی خۆ بەکەمزانینیان بۆ بێنە خوارێ و بڵێ: ئەی پەروەرێنەرم! هەروەکوو ڕوحمیان لەگەڵ مندا کرد و بە شلکی و منداڵی پەروەردەیان کردم، تۆیش ڕوحمیان پێ‌بکە ﴿٢٤﴾ پەروەردگاری ئێوە بەوەی کە لە دەروونی دڵی ئێوەدایە زاناترە، ئەگەر باش بن (و لە تاوان بپەرێنگێنەوە دەتانبەخشێ، چونکە ) ئەو بۆ تۆبەکاران بەخشەرە ﴿٢٥﴾ بە خزمت بەش خۆی بدەرێ، هەژار و لەرێ بەجێ‌ماویش بێ‌بەش مەکە، هەڵەخەرجیش مەکە: زیادەڕەویش مەکە؛ ﴿٢٦﴾ بەڕاستی هەڵەخەرجان برای شەیتانن و شەیتانیش بۆ پەروەرندەی بێ ئەمەگ و سپلە دەرچوو ﴿٢٧﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئەگەر (لە بەر نەداری) لەوانە ڕوو بسوورێنی چاوەڕوان و بەهیوا بووی خوا لە بەزەیی خۆی دەرووییێکت لێ بکاتەوە، بە قسەی خۆش و نەرم لەگەڵیاندا بدوێ ﴿٢٨﴾ دەستت لە ملت گرێ مەدە (دەس لە بەخشش هەڵمەگرە) و دەستیش بە تەواوی مەکەرەوە (زیاد لە ڕادەبەدەر) تا بە لۆمەکراوی لە کار دوا کەوی ﴿٢٩﴾ بەڕاستی پەروەرێنەرت بە پانەوە (بە تەواوی و ڕاشکاوی) بە دەسەندە: (شتپێدان) کەم کەم و بە ئەژمار، بۆ هەرکەس کە بیەوێ ڕۆزی زیاد یا کەم دەکا، بە هەقیقەت ئەو سەبارەت بە بەندەکانی ئاگا و بینایە ﴿٣٠﴾ منداڵانی خۆتان لە ترسی نەداری مەکوژن، هەر ئێمە ڕسق و ڕۆزی ئێوە و ئەوان ئەدەین، بەڕاستی کوشتنی ئەوانە تاوانێکی گەورەیە ﴿٣١﴾ لە زینا کردن (داوێنپیسی) نێزیک مەبن، بەڕاستی کارێکی زۆر ناحەز و ڕێگایەکی پیسە ﴿٣٢﴾ کەسێ کە خوا خوێنی بە ناڕەوا و حەرام داناوە، مەیکوژن، مەگەر لەسەر هەق بێ، هەرکەسیش بە ناحەق کوژرابێ، دەسەڵاتمان داوەتە دەس خوێنگرەکەی لە کوشتندا زیادەڕەوی نەکا، یارمەتیدراو ئەوە ﴿٣٣﴾ لە ماڵی هەتیو نێزیک مەبنەوە، مەگەر بە ڕێگایەک کە باشترین ڕێگا بێ تا باڵغ و عاقڵ ئەبێ (تێدەگا و پێدەگا)، بە پەیمانی خۆتان وەفا بکەن، بەڕاستی (خاوەن) پەیمان بەرپرسە ﴿٣٤﴾ لە کاتی پێواندا وەفا بە پێوانە بکەن (پڕ و دارماڵی بکەن) و بە تەرازووی ڕاست بیکێشن (با سەر نەکا)، ئەمە بۆ ئێوە باشترە و ئەنجامیشی چاکترە ﴿٣٥﴾ لەوەی نایزانی پەیڕەوی مەکە، بە هەقیقەت گوێ و چاو و دڵی هەموویان لەو (کردەوانە) بەرپرسن ﴿٣٦﴾ بە فیز و خۆ بە زلزانین هەنگاو بەسەر هەردا مەنێ و بە سەر عەرزدا مەڕۆ، بەڕاستی تۆ ناتوانی زەوی لەت بکەی و قەد و باڵات ناگاتە درێژی و هەوزار و بڵندی و بەرزایی کێوەکان ﴿٣٧﴾ تاوانی هەموو ئەوانە لای پەروەرێنەرت ناپەسەند و کەرهێندراوە ﴿٣٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



سەرجەمی ئەمانەیش بەشێکن لەو کارزانیانە کە پەروەرێنەرت بە تۆی ڕاگەیاندووە، لەگەڵ خوا خوایێتر دامەنێ، دەنا دەهاویشترێیە نێوەڕاستی جەهەندەم، لە حاڵێکدا سەرزەنشت کراوی خەڵک و دەرکراوی (درگای خوا بی) ﴿٣٩﴾ جا ئایا خوا کوڕانی تایبەت بە ئێوە کرد و لە مەلائیکە کچانی بۆ خۆی گرتووە! ئێوە قسەیەکی زل (و زۆر ناحەز) دەڵێن ﴿٤٠﴾ لەم قورئانەدا ئێمە هەر جۆرە قسەیەکمان هێنایە گۆڕێ تا بیر بکەنەوە، بەڵام (تاقمێ لە کوێردڵان) بێجگە لە بێزاری (لە هەق) شتێک زیاد ناکەن ﴿٤١﴾ بڵێ: ئەگەر لەگەڵ ئەو خودایانێتر هەبوایە، هەروەکوو ئەوان دەڵێن، دەکۆشان ڕێگایەک بۆ لای (خوای) خاوەن عەرش پەیا بکەن (و بەسەر خوادا زاڵ بن) ﴿٤٢﴾ خوا پاک و بەرزترە لەوەی دەیڵێن، زۆر بەرزتر ﴿٤٣﴾ حەوت ئاسمانەکان و زەوی و کەسانێ کە لەواندان هەموو پاک و بێخەوشی خوا دەڵێن، هیچ شتێ نییە مەگەر بە حەمدی ئەو تەسبیح دەکا (بێخەوشی ئەو پەسن دەکا)، بەڵام ئێوە بێخەوش وتنی ئەوانە نافامن، بەڕاستی خوا لەسەرەخۆ و لێبوورە ﴿٤٤﴾ هەرکاتێ کە تۆ قورئان دەخوێنی لە نێوان تۆ و ئەوانەی کە بڕوایان بە ڕۆژی بەرێ نییە پەردەیەکی نادیار دائەنێین ﴿٤٥﴾ پەردەمان لەسەر دڵیان داناوە تا لە قورئان نەگەن و لە گوێیاندا گرانی هەیە و کپە، هەرکاتێ لە قورئاندا ناوی پەروەرێنەرت بە تاق یاد ئەکەی بە هەڵاتن پشتت تێدەکەن ﴿٤٦﴾ کاتێ ئەوان گوێ لە قسەکانت دەگرن، ئێمە باشتر دەزانین کە بۆچی گوێ دەگرن و (هەروەها) کاتێ پێکەوە سرتە دەکەن، کاتێ کە ستەمگەران دەڵێن: ئێوە بێجگە لە مێر و مرۆڤێ کە جادووی لێ کراوە پەیڕەوی ناکەن ﴿٤٧﴾ بڕوانە چلۆن مەزمۆدە: نەزیلان بە (جادووگەر، شاعیر، شێت) بۆ تۆ دێننەوە، لاڕێ بوون، تازە ڕێگا دەرناکەن ﴿٤٨﴾ وتیان: ئایا کە بووینە ئێسک و پرووسکێکی پواو و بڵاو، جارێتر لە سەرڕا و سەرلەنۆی زیندوو ئەکرێینەوە کە ببینە مەخلووقێ تازە ﴿٤٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



بڵێ: ئێوە ببنە بەرد یا ئاسن ﴿٥٠﴾ یا هەر دروس‌کراو: مەخلووقێ کە بەلای ئێوەوە ڕەقترە، جا ئەوانە لە دواییدا دەڵێن: چ کەسێ دەمانگێڕێتەوە؟ بڵێ: ئەو کەسەی کە لە سەرەتاوە ئێوەی بەدی‌هێنا، ئەوانە سەری خۆیان (بە ئینکار) بۆ لای تۆ خوار دەکەنەوە و دەڵێن: کەی ئەمە دەبێ؟! بڵێ: بەڵکوو نێزیک بێ ﴿٥١﴾ ڕۆژێ کە بانگتان دەکەن (تا بۆ حیساب لە گۆڕ بێنە دەرێ)، جا ئێوەش بە پەسن وەڵام ئەدەنەوە و گومان دەکەن بێجگە لە ماوەیەکی کەم لەوێدا (دنیا) نەمانەوە ﴿٥٢﴾ بە بەندەکانم بڵێ: قسەیەک بکەن کە باشترینی قسە بێ، بە هەقیقەت شەیتان (لە ڕێگای قسەی ناشیرین) فیتنە و ئاژاوە لە نێو ئەواندا ساز ئەدا، بەڕاستی شەیتان بۆ مرۆڤ دوژمنێکی ئاشکرایە ﴿٥٣﴾ پەروەرێنەری ئێوە بە (کردەوەی) ئێوە ئاگادارترە، ئەگەر بیەوێ ڕوحمتان لەگەڵدا ئەکا یا ئەگەر بیەوێ سزاتان ئەدا، تۆمان نەناردووە تا وەکیل و بەرپرسیان بی ﴿٥٤﴾ پەروەرێنەری تۆ بەو شتانەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدان ئاگادارترە، هەندێ لە پێغەمبەرانمان بەسەر هەندێ ترا بەرز کردۆتەوە، بە داود زەبوورمان داوە ﴿٥٥﴾ بڵێ: بانگی ئەو کەسانە بکەن کە لاتان وایە لە جێی خوا بەلاتان لەسەر لادەبا کەچی ئەوانە نە کۆسپێکیان پێ لادەچێ و نە گۆڕانیان لە دەس دێ ﴿٥٦﴾ ئەوانەی وا دەیانپەرستن خۆیان لە هۆیەک دەگەڕێن کە خۆیانی لە پەروەرێنەر پێ نێزیک بکەنەوە، جا هەرکامێکیان نێزیکترە و ئارەزووی ڕەحمەتی ئەو (پەروەرێنەر)یانە و لە عەزابیشی دەترسن، بەڕاستی عەزابی پەروەرێنەرت وەها سەختە کە هەموو لێی دەترسن و خۆی لێ دەپارێزن ﴿٥٧﴾ هیچ شار و گوندێک نییە، مەگەر بەر لە ڕۆژی قیامەت لەناوی ئەبەین یا (ئەگەر خەڵکەکەی تاوانبارن تووشی دەرد و ڕەنجی سەختیان دەکەین، ئەمە لە کتێبدا (لوح المحفوظ) نووسراوە ﴿٥٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دكتور سا لح ئيبراهيمى



هیچ شتێک بەرگری لە ئێمە ناکا کە ئەم نیشـانانە (کشـگێڕیانە) (کە بیـانووگران دەیـانەوێ) بنێرین، مەگەر لەبەر ئەوە کە پێشینان ئەوەیان بە درۆ دانا، (بۆ وێنە) ئێمە بە ئاشکرا وشـتر: ئـاروان (کشـگێڕییەک)مان بە سـەموود دا، کەچـی ئەوانە نـاحەقی و سـتەمیان لەو کـرد (و وشترەکەیان کوشت)، ئێمە نیشانەکانمان نانێرین مەگەر بۆ ترساندن نەبێ ﴿٥٩﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ کە بە تۆمان وت: پەروەرێنەرت دەورەی تەواوی خەڵکی داوە و خەونێکیش کە (لە شەوی میعراجدا) بە تۆمان نیشان دا ئەو دارە نەحلەتیە، (زقوم ـ شجرةالزقوم) کە لە قورئاندا باسی کراوە تەنیا بـۆ تـاقی کـردنەوەی خەڵکمـان بـوون، ئـێمە ئەوانە دەترسـێنین، کەچـی سـتەم و ملهوڕییان زیاد دەبوو زیاد ﴿٦٠﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ کە بە مەلائیکەمان وت: بۆ ئادەم سوژدە بەرن، جا سوژدەیان برد، مەگەر ئیبلیس (کە) وتی: ئایا بۆ کەسێ سوژدە بەرم کە ئەوت لە گڵ: قوڕ و هەڕگ) ساز داوە ﴿٦١﴾ ئایا دیتت ئەوەی کە لەبـاتی مـن هەڵتبـژاردووە، بە هەقـیقەت ئەگەر تا ڕۆژی قیامەت زیندووم ڕاگری، هەمـوو زارۆکـانی بـێجگە لە ژمـارەیەکی کەم لاڕێ دەکەم و ڕەگ و ڕیشەی چاکیان لە بـن دەردێـنم (تەفسـیری کەشـاف ج ١ پەڕەی ٣٦٦) ﴿٦٢﴾ فەرمـووی: بـڕۆ (بە قسـەی خـۆت بکـە)! جـا هەرکەس لەوانە بە دوات بـکەون، جـا بەڕاسـتی جەهەندەم سزاتانە، سزایەکە زۆر و تەواو ﴿٦٣﴾ هەرکەس لەوانە کە پێی دەوێـری و دەرەقەتـی دێی و ئەتوانی، بە دەنگی خۆت دنە بدە و بەرگرییان لێبکە و لەشکری سوارە و پیادەت بنێـرە سەریان و لە ماڵ و منـاڵیان بەشدار بە و بە بەڵێن سەرگەرمیان بکە، دیارە کـاری شـەیتان هەر فریو و درۆ و گزی و خەڵەتاندنە ـ أَجْلِبْ: هاواری توند ـ اِسْتَفْزِزْ: دنەی بدە ﴿٦٤﴾ بەڕاسـتی تـۆ ناتوانی بەسەر بەندەکانی مندا دەسەڵات پەیا بکەی، بەسە بۆ ئەوان کە پەروەرێـنەرت لەسـەر ئەوانە پارێزەر و پشتیوانیانە ﴿٦٥﴾ پەروەرێنەرتان زاتێکە گەمی لە زەریا بۆ ئێوە دەخاتە گەڕ تا لە بژیوی خۆداتان دەس کەوێ، بەڕاستی خوا سەبارەت بە ئێوە دلۆڤانە ﴿٦٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



هەرکاتێ لە دەریادا تووشی فەرتەنە و (وەیشوومە و تۆفان و ئاژاوە) و کەند و کۆسپ بێن بێجگە لە خوا هەموو ئەوانەی کە هاواری بۆ دەبەن لە بیرتان دەچێتەوە، جا کاتێ ڕزگارتان دەکا و دەتانباتە بەژ، مل دەسوورێنن، مرۆڤ (هەمیشە) ئەمەگنەناس و ناسپاس بووە ﴿٦٧﴾ جا ئایا لەوە ئارخەیان و دڵنیان کە لە بەژ (وشکایی بە بوولەرزە و عەزرەژێن) ئێوە لەسەر ئەرزا تیا نابا یا باهۆز و تۆفێ لە زیخ بە سەرتاندا ناباریێنێ (و نوقمتان بکا)، لە پاشان پارێزەر و یاوەرێکتان دەست نەکەوێ ﴿٦٨﴾ یا دڵنیان کە جارێتر بتانگێڕنەوە نێو زەریا، جا بایەکی تێکشکێنەر بنێرێتە سەرتان، جا لەبەر ناسپاسی نوقمتان بکا، تەنانەت لە پاشان کەسێ پەیدا نەکەن کە داوای تۆڵە و خوێنتان لە ئێمە بۆ بکا و یارمەتیتان بدا ﴿٦٩﴾ بە هەقیقەت ئێمە ڕێزمان لە بەنیئادەم گرت (ئەقڵمان پێدا) و ئەوانمان لە بەژ و زەریا هەڵگرت (بە سواری و گێڕامان) و ڕسق و ڕۆزی پاکمان پێدان، فەزیلەتمان دان بەسەر زۆرێ لە ئافەریدەکانم ﴿٧٠﴾ (بێنەوە بیر) ڕۆژێ کە هەر تاقمێ (مرۆڤێ) لە خەڵک لەگەڵ پێشەوا و ئیمامیان بانگ دەکەین، جا ئەوانەی نامەی کردەوەیان بە دەستی ڕاستیان بدرێ، ئەوانە (بە شادی) نامەی کار و کردەوەی خۆیان دەخوێننەوە و بە ئەندازەی داوی زراوی نێو ناوکە خورمایش و کەمترین ناحەقیان لێناکرێ ﴿٧١﴾ کەسێ کە لەم دنیایەدا (لە دیتنی هەق) کوێر بێ، لەو دنیاش کوێرن و لاڕێترن ﴿٧٢﴾ نێزیک بوو لەوەی وەحیمان بۆ ناردی لات بدەن تا ئفتیرامان پێ بکەی بە غەیری ئەوەی پێمان ڕاگەیاندوی، شتێ تریان (پێ ڕابگەیینی)، لەو کاتەدا ئێوەیان بە دۆستی خۆیان دادەنا ﴿٧٣﴾ ئەگەر تۆمان پتەو ڕانەگرتبا، نێزیک بوو کەمێ بچی بە لایاندا ﴿٧٤﴾ کاتێ (وات بکردبا) دوو چەندانی (سزادانی خوانەناسان) لە ژیان و لە دوای مردندا جەزرەبەمان دووسەرە بە تۆم دەچشت، لە پاشان لە لای ئێمەوە یار و پشتیوانێکت گیر نەدەهات ﴿٧٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



نێزیک بوو کە بە دنەدان و گزی لەم سەرزەوییە دەرتبکەن، کاتێ ئەمەیان بکردایە دوای تۆ نەدەمانەوە، مەگەر بۆ ماوەیێ کەم (کە تووشی سزادانی خوا دەبوون) ﴿٧٦﴾ (ئەمە ڕێوشۆین و پێودانێ کەسانێکە لە پێغەمبەران کە بەر لە تۆ ڕەوانەمان کردوون و قەت گۆڕان بۆ ڕێوشوینی ئێمە نابینی ﴿٧٧﴾ لە لادانی ڕۆژ (لە نێوەڕاستی ئاسمان) تا تاریکی شەو، نوێژ بەجێبێنن و هەروەها نوێژی سپێدەی بەیانان (بخوێنە)، چونکە لە سپێدەی نوێژی بەیانان بینراوە کە مەلائیکە لەودا حازر ئەبن و نوێژ خۆیندنی سپیدەی بەیانان بە هەرەمە و پراییە. ﴿٧٨﴾ لە شەودا، لە خەو هەستە و قورئان و نوێژ بخوێنە، ئەمە زیادەنوێژی تۆ بێ (تایبەت بۆ تۆیە) تا پەروەرێنەرت بتگەینێتە پلەیەکی بەرزی پەسەندکراو ﴿٧٩﴾ بڵێ: ئەی پەروەرێنەرا! (لە هەرکارێکدا) ڕێگەم بەرەو ڕاستی ببە و بەرەو ڕاستیم بەرێ بکە، لە لایەن خۆتەوە دەسەڵاتێکی یارمەتی دراوانەم بۆ دابین بکە ﴿٨٠﴾ بڵێ: هەق هات و باتڵ و چرووک تیاچوو، بەڕاستی چرووک و باتڵ لە تیاچوونە ﴿٨١﴾ وە قورئان نازڵ دەکەین کە هۆی چابوونەوە لە نەخۆشی و شەفا و ڕەحمەتە بۆ بڕواداران، بۆ ستەمکاران بێجگە لە خەسارەت و زیان زیاد ناکا ﴿٨٢﴾ هەرکاتێ کە بە مرۆڤ ناز و نیعمەت ئەدەین، ڕوو (لە هەق) دەسووڕێنێ و خۆ بە زلّ ئەزانێ و دوور دەکەوێتەوە، کاتێ کەمترین بەڵای پێدەگا، (زۆر) بێهیوا دەبێ ﴿٨٣﴾ بڵێ: هەرکەسێ بە پێی ڕەوشت (و خولق و خوو و ئاکار و ڕێباز)ی خۆی کار دەکا، جا پەروەرێنەری ئێوە باشتر دەزانێ کێ باش ڕێنوێن بووە ﴿٨٤﴾ لەبابەت ڕۆحەوە لە تۆ دەپرسن، بڵێ: ڕۆح شتێکە تەنیا پەروەرێنەرم لێی ئاگایە، لە زانست مەگەر کەمێک نەبێ (لە بابەت ڕۆحەوە) بە ئێوە نەدراوە ﴿٨٥﴾ ئەگەر بمانەوێ، بە هەقیقەت ئەوەی بە تۆمان وەحی کردووە، لێت وەردەگرینەوە، لە پاشان کەست دەست ناکەوێ کە پشتیوانی و بەرگریت لێ بکا ﴿٨٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



مەگەر ڕەحمەتی پەروەرندەت (داگرت بێ)، بەڕاستی فەزڵی پەروەرێنەرت بۆ تۆ گەورەیە ﴿٨٧﴾ بڵێ: ئەگەر ئینسان و جن هەموو کۆ ببنەوە کە وێنەی ئەم قورئانە بێنن، وێنەی و لە ڕەنگی ئەوە ناتوانن بێنن، هەر چەند لەم کارەدا بە یەکتر یارمەتی بدەن ﴿٨٨﴾ بە هەقیقەت لەم قورئانەدا لە هەرشتێ نموونەیەکمان بۆ خەڵک هێناوە (و هەموو زانستێ لەوا (جەمە)، جا زۆربەی خەڵک بێجگە لە ئینکاری هەق شتێ تریان نەکرد ﴿٨٩﴾ وتیان: هەرگیز بڕوات پێ ناهێنین تاکوو ئەوەی کانییەک لەم سەرزەوییە (ویشک و بێئاوەدا) بۆ ئێمە هەڵقوڵێنی ﴿٩٠﴾ یا باغێ لە دار خورما و ترێت هەبێ، جا چۆمئاو لە نێویا هەڵقوڵێنی و بە بن دارەکاندا تێپەڕێنی ﴿٩١﴾ یا بەردی ئاسمانی هەروەکوو خۆت بیر دەکەیەوە بە سەرماندا بیبارێنی یا (بۆ سەلماندنی قسەی خۆت) خوا و مەلائیکە بێنیتە بەرچاومان ﴿٩٢﴾ یاماڵێکی پڕ نەخش و نیگارت هەبێ یا بە ئاسماندا هەڵبچی و بڕۆیتە سەرێ، تەنانەت بە ئاسمان سەرکەوتنیشتدا بڕوا ناهێنین، مەگەر ئەوە کتێبێکمان بۆ نازڵ بکەی کە بیخوێنینەوە، بڵێ: پەروەرێنەرم پاک و بێخەوشە، من بێجگە لە بەشەرێکی ڕەوانەکراو (ی خوا) نیم ﴿٩٣﴾ هیچ شتێک دوای هاتنی ڕێنوێنی بەرگری لە بڕوا هێنانی خەڵک نەکرد، بێجگە لەوە کە (بە نەزانی) وتیان: ئایا خوا مرۆڤێکی بە ناوی ڕەسووڵ ناودێر کردووە و ناردوویەتی؟! ﴿٩٤﴾ بڵێ: ئەگەر لە سەرزەوی مەلائیکە بوایێن بە دڵنیایی و بە ئارخایەنی و بە ئارامی هاتوچۆیان کردبا، ئێمەیش فرشتەیەکمان بە ناوی ڕەسووڵ بۆ دەناردن ﴿٩٥﴾ بڵێ: ئەمە بەسە کە خوا لە نێوان من و ئێوەدا شایەدە، بەڕاستی خوا سەبارەت بە بەندەکانی ئاگا و بینایە ﴿٩٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

هەرکەس خوا ڕێنوێنی بکا، هەر ئەو ڕێنوێنکراوی بەڕاستییە و هەرکەسیش ئەو گومڕای بکا، بێجگە لە خوا ڕێنوێنگەل و پشتیوانێ بۆ ئەوان گیر ناهێنێ و لە ڕۆژی سەڵا و قیامەتدا ئەوانە بە دەمەوڕوو کە کوێر و لاڵ و کەڕن حەشریان دەکەین و جێگایان جەهەندەمە و هەردەمێ ئاگرەکەی کز بێ، تێلّی ئەدەین و گڕی ئاگرەکەی زیاد ئەکەین ﴿٩٧﴾ ئەمە سزای ئەوانەیە کە لەبەر ئەوە بە نیشانەکانی ئێمە کافر بوون و وتیان: ئایا کاتێ دەبینە ئێسکی پواو و تۆزی بڵاو، جارێتر زیندوو دەبینەوە، بە بەدیهاتوویەکی تازە؟ ﴿٩٨﴾ ئایا نەیاندیوە ئەو خوایەی کە ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە و بەتوانایە کە وێنەی ئەوانە بخوڵقێنێ (و بیانباتە سەر ژیانی تازە) و بۆ ئەوان ئەجەلێک کە شکی تیا نییە، داینـاوە، جا ستەمکاران بێجگە لە کوفر و ئینکار شتێتر قەبووڵ ناکەن ﴿٩٩﴾ بڵێ: ئەگەر ئێوە خاوەنی خەزێنەی ڕەحمەتی پەروەرێنەری من بوایەن، لەو کاتەش لەبەر چاوچنۆکی لەچەریتان دەکرد، مرۆ؛ قرنیس و چاوچنۆک و ڕژدە، نەوەکوو ئینقاق و بەخشین ببێتە هۆی دەستەنگیتان، مرۆڤ هەمیشە بەرچاوتەنگ بووە ﴿١٠٠﴾ بەڕاستی ئێمە نۆ نیشانە (کشگێر)ی ڕوونمان بە مووسادا، جا لە بەرەی ئیسرائیل پرسیار بکە، ئەو کاتەی هاتە لایان، فیرعەون پێی وت: ئەی مووسا! لام وایە تۆ شێتی (یا جادووگەری) ﴿١٠١﴾ (مووسا) وتی: تۆ دەزانی کە ئەم نیشانەی ڕوونکەرەوە بێجگە لە لای پەروەرێنەری ئاسمانەکان و زەوی نەنادراوە، من لام وایە ئەی فیرعەون! تۆ لە ناو دەچی ﴿١٠٢﴾ (فیرعەون) لێبڕا گەریان تێئاڵێنێ و هەموویان لە سەرزەوی (میسر) دەربکا، جا ئێمەیش ئەو و هەموو ئەوانەی وا لەگەڵ ئەوا بوون هەموویان خڕ نوقم و غەرقمان کردن ﴿١٠٣﴾ دوای ئەوە بە بەرەی ئیسرائیلمان وت: لەم سەرزەوییە (میسر و شام نیشتەجێ بن و دانیشن)، بەڵام کاتێ بەڵێنی دواڕۆژ هات: هەمووتان پێکەوە (بۆ دادگای خوا) دێنین ﴿١٠٤﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئەمەمان: (قورئان)مان بە هەق و بە ڕاستی ناردووە و بە ڕاستیش هاتۆتە خوارێ، و تۆمان نەناردووە مەگەر مزگێنیدەر و ترسێنەر بی ﴿١٠٥﴾ قورئانێکمان بۆ تۆ نارد کە نیشانەکانی جیاجیان تا بەرەبەرە و بە ئارامی بۆ خەڵکی بخوێنییەوە، بەڕاستی ئێمە ئەم قورئانەمان بڕگەبڕگە بە پێودانی ڕۆژ بۆ ناردی ﴿١٠٦﴾ بڵێ: چ بڕوا بێنن یا بڕوا نەهێنن، ئەوانە کە بەر لەمە زانست و زانینیان پێدراوە، کاتێ کە (ئەم نیشانانەیان) بۆ دەخوێندرێتەوە ئەرزینگ و چەناگە دەخەنە سەر زەوی و بە دەمەوە) سوژدە دەبەن ﴿١٠٧﴾ ئەڵێن: پەروەرێنەری ئێمە پاکە، بێگومان بەڵێنەکانیشی ئەنجام دراون و ئەدرێن ﴿١٠٨﴾ ئەوانە بە چەناگە (و بە دەمەوە) ئەکەونە زەوی بە دەمەوروو خۆ تخێڵ دەکەن (سوژدە ئەبەن) و ئەسرین دەرێژن، هەموو دەمێ خۆشکێنی و لە خوا ترسییان زیاتر ئەبێ ﴿١٠٩﴾ بڵێ: خوا یا ڕەحمان بانگ بکەن، هەرکامیان لەو ناوانە بانگ بکەن بۆ ئەو ناوگەلی چاک و پیرۆز هەیە، نوێژەکەت زۆر (بە دەنگی) بەرز یا نزم و نەوی مەخوێنە و ڕێگایەکی مامناوەندی هەڵبژێرە یانی بە ورتەورت لە بن لێوەوە مەیخوێنە ﴿١١٠﴾ بڵێ: سپاس بۆ ئەو خوایەیە کە منداڵی بۆ خۆی دانەناوە برابەش و شەریک و هاوبەشیشی لە موڵک و حوکوومەت بۆ خۆی دانەناوە (یار و پشتیوانێکی) لەبەر بێ دەسەڵاتی و لەبەر کزی لە بەرچاو نەگرتووە، بە ناچاری هانای بۆکەس نەبردووە؛ خوا زۆر بە گەورە و گران بزانە ﴿١١١﴾

## سوورەی کەهف: کێف ١١٠ ئایەتە

**سوورەی کەهف: کێف لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١١٠ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سپاس تایبەتی خوایەکە کە ئەم کتێبە (ئاسمانییە)ی بۆ بەندەی (هەڵبژاردەی) خۆی ناردووە و نارەوانی و نالێکی و نالەباری تێ نەخستووە و تیا دانەناوە ﴿١﴾ کتێبێکە پایەدار و ڕاست و بەلیغ و پتەو و پارێزەری کتێبەکانی ترە، تا (بەدکاران) لە عەزابی سەختی ئەو بترسێنێ و بە بڕواداران کە کاری چاک دەکەن مزگێنی بدا کە بەڕاستی پاداشێکی چاکیان بۆ هەیە ﴿٢﴾ بۆ هەمیشەیش لەوێ (بەهەشت) دەمێننەوە ﴿٣﴾ (هەروا) ئەوانەی کە وتوویانە خوا منداڵی (بۆ خۆی) داناوە، بیانترسێنێ ﴿٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەوان و باووباپیرانیان (هەرگیز) ئەم قسەیان (لە ڕووی ڕاستییەوە نەگوتووە و) نەزانیوە، چ قسەیەکی زل لە دەمیان دەردەچێ، ئەوانە بێجگە لە درۆ ناڵێن ﴿٥﴾ جا ڕەنگە لەبەر کردەوەی ئەوان خۆت بە غەم و خەفەت لە ناو بەری، ئەگەر بڕوا بەم قسە نەکەن؟ ﴿٦﴾ بەڕاستی ئێمە ئەوەی لەسەر ئەرزە، کردمانە نەخش و نیگار بۆ (خەڵک) و زەوی تا تاقییان بکەینەوە، کامەیان کار چاکترن؟ ﴿٧﴾ (ئەم زەرق و بەرقە پایەدار نییە) ئێمە ئەوی لەسەر ئەرزە دەکەینە خاکێکی وشکاڕۆی قاقڕ و بێ گژوگیا کە هیچی لێ سەوز نەبێ ﴿٨﴾ ئایا وات زانی یارانی کەهف و ڕەقیم (غار و تەتەڵەی نووسراو) لە ناو نیشانەکانی ئێمە شتێکی سەرسووڕهێنەر بوو؟! ﴿٩﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ کە ئەم کوڕە گەنجانە (حەوت گەنج) چوونە غارێک، جا وتیان: ئەی پەروەریێنەری ئێمە! ڕەحمەتی خۆتمان بۆ بنێرە و ڕێگای ڕزگار بوونمان بۆ مەیسەر (و شیاوی دەسکەوتن بە ئاسانی) و ئامادە بکە ﴿١٠﴾ جا چەندین ساڵ لەو غارەدا (پەردەی خەومان) بەسەر گوێیاندا کێشا ﴿١١﴾ لە پاشان ئەوانەمان لە خەو هەستاند تا دەرکەوێ کامیان لەو دوو دەستە هەر بە هەژمار باشتر ماوەی خەوی خۆیان ژماردووە (ئەم مانەوەیان لە بیر ماوە (حزبین ئیشارە بە ئیختیلافی ئەو سێ کەسەیە لەبابەت ماوەی خەوەکەیان نەک دوو تاقم بووبن) تەفسیری ئەبوسعود عیمادی کورد ﴿١٢﴾ ئێمە چیرۆکی ئەوان بە هەق بۆ تۆ دەگێڕینەوە، ئەوانە گەنجانێک بوون خورت و جەحێڵ و لاو و بەهێز کە بڕوایان بە پەروەریێنەریان هێنابوو، ئێمەیش ڕێنوێنمان بۆ زیاد کردن ﴿١٣﴾ دڵی ئەوانمان پتەو کرد، لەو دەمەی وا هەستان و تیان: پەروەریێنەری ئێمە، بەدیهێنەرو پەروەریێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، بێجگە لەو خودایێتر بانگ ناکەین، ئەگەر (بانگ بکەین) درۆمان وتووە (شطط دوور لە سنوور، زیادەڕەوی ـ تەفسیری ئەبوسعود عیمادی کورد) ﴿١٤﴾ ئەم قەومەی ئێمە خودایانێتر بێجگە لە خوایان گرتووە بە خودا، بۆچ لەسەر (خوایی) ئەوانە بەڵگەیەکی ئاشکرا ناهێنن؟ چ کەسێ لەو مرۆڤە ستەمکارترە کە بە دەم خواوە درۆ دەکا ﴿١٥﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



کاتێ لەوانە و لەوەی وا بێجگە لە خوا ئەیپەرستن دووریتان کرد، پەنا بە غار (ئەشکەوت) بەرن کە پەروەرێنەرتان (سێبەری) ڕەحمەتی خۆی لە سەرتان ڕائەگرێ و ڕێگای ئاسوودەیی و ڕزگار بوونتان بۆ دەکاتەوە و هۆیەکی وایشتان بۆ دەڕەخسێنێ تا بە ئارەزووتان بگەیێنێ ﴿١٦﴾ خۆر ئەبینی کە لە کاتی ڕۆژهەڵاتا بە لای ڕاستی ئەشکەوت و غاری ئەواندا کلا دەبوو و لە کاتی ڕۆژئاوابوونیشدا بە لای چەپدا (کلا ئەبوو)، ئەوان لە تەختی گۆڕایی و جێگایەکی هەراوی ئەشکەوتەکەدا بۆ خەوتن ڕاکشابوون و ڕازابوون، ئەمە لە نیشانەکانی خوایە، هەرکەس خوا ڕێی نیشان بدا، جا ڕێنوێنی بووە، هەرکەسیش گومڕای بکا، جا هەرگیز پشتیوان و ڕێنوێنی بۆ پەیا ناکەی ﴿١٧﴾ (ئەگەر سەرنجتان بدایێن) واتان دەزانی بەخەبەرن، کەچی لە خەودا بوون و ئێمە بە لای ڕاست و چەپ ئەم شانە و شانمان دەکردن و سەگەکەیان هەردوو زەندی بە لای ڕێسمەی درگای غارەکەدا درێژ و لێی وەرکەوتبوو، ئەگەر ئاگاداریت بە سەریاندا پەیا دەکرد، بە قاچاندن پشتت لەوان دەکرد و بەپەلە ڕاتدەکرد و هەڵدەهاتی و سەرتاپێ ترس دایدەگرتی ﴿١٨﴾ ئا بەمجۆرە ئەوانمان لە (خەو) هەستان تا پرسیار لە یەکتر بکەن، یەکێ لەوان وتی: چەندە نوستووین؟ ئەوانیتر وتیان: ڕۆژێ یا بەشێ لە یەک ڕۆژ (چون نەیانتوانی ماوەی نوستنیان بزانن) وتیان: پەروەرێنەرتان لە ماوەی خەوتنتان ئاگادارترە، جا ئێستا یەکێکتان بە دراوێ کە هەتانە بنێرنە شار تا بنواڕێ کە کێ (لە ئەهلی شار) خۆراکی پاکترە، جا هەندێ خواردەمەنیتان لەوە بۆ بێنێ، بەڵام ئەبێ زۆر سەرنج بدا و هیچ کەس لە ئێوە ئاگادار نەکا کە لە چ شوێنێکن ﴿١٩﴾ بەڕاستی ئەگەر ئەوانە بەسەر ئێوەدا ئاگاداری پەیا بکەن، سەنگسارتان دەکەن یا دەتانگێڕنەوە سەر ئاییینی خۆیان و ئیتر هەرگیز ڕزگار نابن ﴿٢٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئا بەمجۆرە خەڵکمان بەسەر ئەواندا ئاگادار کرد تا بزانن بەڕاستی بەڵێن(ی ڕۆژی بەریٚ)ی خوا هەقە و ڕۆژی پەسلاٚن: قیامەت شکی تیا نییە، لەو کاتەدا لە نێو خۆیاندا کێشەکێشیان بوو، جا وتیان: چاوەخانوو یا گومەزێکیان لەسەر ساز بکەن، پەروەرێنەریان بەوان زاناترە، کەسانیٚ کە لە ڕازیان ئاگادار بوون، وتیان پەرستگەیەک لە زارکی درگای ئەشکەوتەکە دروست دەکەین ﴿٢١﴾ لە پاشان (دەستەییٚ) دەڵێن: ئەوانە سیٚکەسن کە چوارەمیان سەگەکەیانە، دەستەییٚ (تر) دەڵێن: پێنج کەسن کە شەشەمیان سەگەکەیانە، ئەمانە قسەی بیٚبەڵگەن، چێو لە تاریکی و نادیار و غەیب ئەکوتن، دەستەییٚ ئێژن: حەوت کەسن و هەشتەمینیان بەشدار: سەگەکەیانە، بڵیٚ: پەروەرێنەری من لە ژمارەی ئەوانە ئاگادارترە چ قاس و چ ئەندازەن، بێجگە لە تاقمیٚ کەم بۆی نەچوون و ژمارەی ئەوانە نازانن، جا تۆ دەمەقاڵەی ئەوانە (ببیسە) فرە لەسەر باسەکە مەرۆ؛ و لەبابەت ئەوانەوە لە هیچکەس مەپرسە ﴿٢٢﴾ لەبارەی هیچ شتێکەوە مەڵیٚ سۆزی ئەنجامی ئەدەم ﴿٢٣﴾ مەگەر خوا بیەویٚ، هەرکاتیٚ لە بیرت چۆوە یادی پەروەرێنەرت بکە و بڵیٚ: هیوادارم کە پەروەرێنەرم بۆ ڕێیەک ڕووناکتر لەمە ڕێنوێنیم بکا ﴿٢٤﴾ ئەوانە لە غاری خۆیاندا سێسەت ساڵ مانەوە و نۆ ساڵی تریان پیٚزیاد کرد ﴿٢٥﴾ بڵیٚ: خوا بە ماوەی مانەوەیان ئاگادارترە، بەرپێوار و غەیبی ئاسمانەکان و زەوی تایبەتی ئەوە، پەکوو! چەند بینا و چەند ژنەوایە و بێجگە لەو (لە خوا) هیچ یار و پشتیوانێکیان بۆ نییە، (خوا) هیچ کەس ناکا بە شەریک لە فەرمانی خۆیدا ﴿٢٦﴾ ئەوەی لە کتێبی پەروەرێنەرت بۆت ڕەوانە کراوە بیخوێنەوە، هیچ کەس نییە بتوانیٚ قسەکانی ئەو (خودا) بگۆڕیٚ؛ پەنا و پەناگایەک بێجگە لەو گیر ناهێنی ﴿٢٧﴾

دکتور سا لح ئیبر اهیمی



خۆراگر بە لەگەڵ کەسانێکدا بە کە پەروەرێنەری خۆیان بەیانان و ئێواران بانگ دەکەن، ڕەزای ئەویان دەوێ و دوو چاوی خۆت لەسەریان هەڵمەگرە، لە حاڵێکدا جوانی ژیانی پڕزەرق و بەرقی دونیات بوێ، فەرمانی کەسێ مەبە بەرێوە کە دڵی ئەومان لە خۆمان غافڵ کردووە، چونکە ئەو لە هەوای ئارەزووی خۆی پەیڕەوی کردووە و کاری ئەو خراپ و زیادەڕەوییە ﴿٢٨﴾ بڵێ: هەق (هەر ئەوەیە کە) لە پەروەرێنەرتانەوە هاتووە، جا هەرکەس دەیەوێ با بڕوا بێنێ و هەرکەسیش دەیەوێ با کافر بێ، بەڕاستی ئێمە بە ستەمکاران کلێکمان نێل داوە و ئاگرێکمان ئامادە کردووە کە گڕەکەی لە هەر لایەکەوە هەروەکوو کۆن: چادر و زۆم و ڕەشماڵ دەوری ئەوانی داوە و ئەگەر داوای یارمەتی بکەن، بە ئاوێک یارمەتی ئەدرێن وەکوو مسی تواوە و قورقوشمی سووربۆوە وایە کە دەموچاویان دەبرژێنێ، چ خواردنەوەیەکی کرێت و خراپە و چ نشینگەیێ خراپە کە هاواڵی دێو و خوانەناسانن؟! ﴿٢٩﴾ بەڕاستی کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، ئێمە پاداشی کارچاکان زایە ناکەین ﴿٣٠﴾ ئەوانە کەسانێکن کە بەهەشتی هەمیشەیی تایبەتی ئەوانە؛ باغگەلێ کە چۆمەئاو بە ژێر دارەکان و کۆشکەکانیدا تێدەپەڕێ، لەوێدا بە دەسبەندی زێر دەڕازێندرێنەوە و جلکی (بەنرخ) بە ڕەنگی سەوز لە حەریری نازک و ئەستوور لە بەر دەکەن، لە حاڵێکدا پاڵیان داوە بە تەختگەلێکەوە، چ پاداشێ چاک و نشینگەیەکی چاکە ﴿٣١﴾ بۆ ئەوانە مەسەل و چیرۆکی ئەو دوو پیاوە بگێڕەوە کە بۆ یەکێ لەو دووانە، دوو باغی پڕ لە هەموو ترێیەکم پێدابوو و دەور تا دەوری ئەو دوو باغەمان پڕ و تەژی کردبوو لە دارەخورما (و بە دارەخورما دەورم تەنیبوون) و لە نێو ئەو باغەشدا بێستانێکی پڕ بەرەکەتم بۆ ساز دابوو ﴿٣٢﴾ هەر دوو باغەکە بەریان گرتبوو (و میوەیەکی زۆریان پێوە بوو)، کەموکووڕییان تێدا نەبوو (تەواو بەر بوون) و لە نێوان ئەو دوو باغەدا کانیاوێکمان هەڵقوڵاند (تا باغەکانی پێ ئاو بدرێ) ﴿٣٣﴾ خاوەنی ئەو دوو باغە دارایی و بەر و میوەیەکی زۆری هەبوو، جا لە حاڵێکدا کە قسەی لەگەڵ هەواڵەکەی دەکرد، پێی وت: من ماڵ و سامان و پوول و دراو و خزمەتکار و دەس و پێوەند و کوڕ و کاژم لە تۆ زیاترە! ﴿٣٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

لە حاڵێکدا سەبارەت بە خۆی ستەمکار بوو، چووە ناو باغەکەی، وتی: بـاوەڕ نـاکەم ئەم بـاغە هـیچ کاتێـک لەنـاو بچـێ ﴿۳۵﴾ بـاوەڕ نـاکەم ڕۆژی پەسـڵان دابـێ و بگەڕێنـدرێمەوە لای پەروەرێنەرم (و قیامەتیش هەبێ، ئایا) بەڕاستی جێگەیەکی چاکترم لەمە بۆ دەبـێ! ﴿۳۶﴾ لە حاڵێکدا دۆستە (خاوەن بڕوا) کەی قسەی لەگەڵدا دەکرد، پێی وت: ئایا لە خوایەک کە تۆی لە خاک و لە پاشان لە تنۆکە ئاوێک ئافەریدە کرد و لە پاشان تـۆی کـردە پیـاوێکی تەواو، حاشـا دەکەی ﴿۳۷﴾ بەڵام من کەسێکم کە خـوا پەروەرێـنەرمە و هـیچ کەس نـاکەمە هـاوبەش بـۆ پەروەرێنەرم ﴿۳۸﴾ دەبا کاتێ چوویە ناو باغەکەت بتگوتبا: ئەمە نیعمەتێکە خـوا داویەتـی، هێز و بەرەکەت تەنیا بە خوایە، بەڵام ئەگەر دەبینی کە من لە ڕوانگای ماڵ و منـاڵەوە لە تـۆ کەمترم (گرینگ نیە) ﴿۳۹﴾ جا بەڵکـوو پەروەرێـنەرم چـاکتر لە بـاغەکەی تـۆ بە مـن بـدا و بەڵایەکی لە بەرچاوگیراو لە ئاسمانەوە بڕژێنێتە سەر باغەکەت، جا بیکاتە دەشـتێکی چـۆڵ و قاقڕ و بوورە و ویشک و بـێ‌گیـاوگژ ﴿۴۰﴾ یـا ئـاوەکەی بە دڵـی زەویـدا ڕۆچـێ، جا هەرگیـز نەتـوانی گیـری بێنـێ و کەڵکـی لـێ وەربگـری ﴿۴۱﴾ (بەڵای خـوا هـات) هەمـوو میـوەی (باغەکەی) هەڵوەری و لەناو بردرا، جا ئەویش (خاوەن باغەکە) هەی (بە داخەوە) دەسی خۆی دەشکاندەوە و دەسی لێکئەدا کە ئەو هەمووە ماڵ و دراوەی لێـی (بە بەلاش) خەرج کـردووە، لە حاڵێکدا (داری) باغەکەی هەمـوو کەوتبـوون بەسـەر یەکـدا (و کـرووش ببـوون) و دەیـوت: خۆزیا کەسم نەدەکردە هاوبەش بۆ خوام ﴿۴۲﴾ بێجگە لە زاتی خوا تاقمێ نەبوو کە بە هاوار و بـانگیەوە بـێ و یـارمەتی بـدا، خۆیشـی هیچـی لە دەس نەدەهـات ﴿۴۳﴾ لێـرەدا دەرکەوت پشتیوانی کردن تایبەتی خوای هەقە، هەر ئەویشە کە چاکترین خێر و بەرزترین سـەرئەنجامی بۆ (فەرمانبەران) هەیە ﴿۴۴﴾ بۆ ئەوان نەزیلەی ژیانی دنیا بگێڕەوە کە هەروەکوو ئـاوێکە کە لە ئاسمانەوە بیبارێنین و لە سوێنگەی ئەو (بارانەوە) زەوی ڕووەکی تێکەڵ پێکەڵ و لێکـدراو لە گژوگیا و دار و دەوەن پڕ ببێ و سەر لێک بدەن، جا دوای ماوەیەک ویشک ببن و هەڵبوەرێن و با بەمڵا و ئەولادا پرش‌وبڵاویان بکا، خوا بەسەر هەمـوو شتێکدا خاوەن دەسەڵاتە ﴿۴۵﴾

ماڵ و کوڕ و کاژ، زێڕ و زەنبەر و خشڵ و زینەت و جوانی ژیانی دنیان و ئەو کارەچاکانەش دەمێننەوە (شتی پایەدار و پڕ بایەخ و شیاو) خێری بۆ ئێوە لای پەروەرێنەرت باشتر و پڕ هیواترە ﴿٤٦﴾ (بێنەوە بیر) ڕۆژێ کە کێوەکان دەخەینە بزووتن و ڕۆیشتن و زەوی ئاشکرا (و دیار) تەختی بنیان دەبینی و ئەوان (مرۆڤگەل) کۆ دەکەینەوە و واز لە هیچ یەک لەوانە ناهێنین ﴿٤٧﴾ ئەوان لە یەک ڕیز دەهێنرێنە دیداری خوا، (پێیان دەوترێ:) هەمووتان هاتنە لامان هەر بەو جۆرەی کە لە سەرەتاوە ئێوەم بەدیهێنا، بەڵام ئێوە لاتان وابوو کە ئێمە هەرگیز وادەیەکتان بۆ دانانێین ﴿٤٨﴾ کتێب (نامەی کردەوەی هەموو مرۆڤێک) دابنرێ، جا تاوانباران دەبینی کە بە ترس و لەرزن، لەوەی کە تێیدان و ئەڵێن: وای بۆ ئێمە، ئەمە چ کتێبێکە کە هەموو کردەوەیەکی گەورە و چکۆڵەی ئەژماردووە (و بە ژماردە لە نێو خۆیدا جێی کردۆتەوە) و هەموو (جەزای) کار و کردەوەی خۆیان بە حازری (دەبینن و پەروەرێنەرت لە کەسێ ستەم ناکا ﴿٤٩﴾ (بێنەوە بیر) ڕۆژگارێ کە بە مەلائیکەم وت: بۆ ئادەم سوژدە بەرن، جا ئەوانیش سوژدەیان برد، بێجگە لە ئیبلیس، ئەو لە بنەجنۆکە و لە تیرە و تۆرمەی جنۆکە بوو، لە فەرمانی پەروەرێنەری دەرچوو، جا ئایا (بەم حاڵەش) ئێوە توخمی شەیتان و تۆرەمەی ئەو لە باتی من ئەکەنە دۆست و پشتیوانی خۆتان کەچی دوژمنی ئێوەن؟ چ گۆڕینەوەیەکی خراپە بۆ ستەمکاران ﴿٥٠﴾ لە کاتی بەدیهاتنی ئاسمانەکان و زەویدا حازرم نەکردن و هەروەها لە کاتی بەدیهاتنی خۆیان (حازرم نەکردن)، من لاڕێیان ناکەمە دەستیاری خۆم ﴿٥١﴾ (بێنەوە بیر) ڕۆژێ کە خوا ئەڵێ: دەسا بانگ لەوانە بکەن کە بە خەیاڵ لاتان وابوو هاوبەشی منن، بانگیان دەکەن، کەنداڵێکی هەراومان خستە نێوانیان هەر وەڵامیشیان نادەنەوە ـ تەفسیری ئەبوسعود عیمادی کورد ﴿٥٢﴾ تاوانباران ئاگر دەبینن و تێدەگەن کە دەکەونە ناوی و ڕێی گەڕانەوە لەوا پەیا ناکەن و دەرەتانێکیان بۆ نییە ﴿٥٣﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



بە تەحقیق ئێمە لەم قورئانەدا هەموو جۆرە نەزیلە و وێنەیەکمان بۆ خەڵک هێناوەتەوە، بەڵام مرۆڤ زیاتر لە هەموو شتێک وازی لە قرەقرِ و چەقەچەق و چەنەلێدانە ﴿٥٤﴾ تەنیا شتێ کە بەرایی خەڵکی دەگرت و نەیدەهێشت بروا بێنن و لە پەروەرێنەریان داوای لێخۆشبوون بکەن، لەو سەردەمەی وا رێنوێنی رووی تێ کردبوون، ئەمە بوو کە تووشی چارەنووسی پێشینان ببن، یا عەزابدانی خوایان بکاتێ ﴿٥٥﴾ ئێمە پێغەمبەران نانێرین مەگەر مزگێنیدەر و ترسێنەر (بن)، ئەوانە (خوانەناسەکان) بە ناحەق چەقە دەکەن تا (بە گومانی خۆیان) بەوە هەق نیشانەکانم لە ناوبەرن، و ئەوان نیشانەکانی ئێمە و ئەو کتێبەی کەوا ترسی وەبەر ناون هەر بە گاڵتە و گەپی دەزانن ﴿٥٦﴾ چ کەسێ لەوە ستەمکارترە کە بە نیشانەکانی پەروەرێنەری ئامۆژگاری بکرێ، جا رووی لێ وەرگێرِێ و گوناحێ کە بە دەسی خۆی ئەنجامی داوە لە بیر بباتەوە، ئێمە پەردەمان بەسەر دڵیاندا کێشاوە تا تێنەگەن و گوێشمان گران کردوون (تا هەق نەبیسن)، ئەگەر بۆ لای رێی راست بانگیان بکەی، ئیتر هەرگیز رێنوێنی نابن ﴿٥٧﴾ پەروەرێنەرت لێبور و خاوەن رەحمەتە، ئەگەر ئەوانەی لەبەر ئەو کارە خراپەی کردوویانە بۆ لێپرسینەوە بیگرتبان دەبوو هەر گزو گومەت لەپرا و لەناکاو سزای دابان، بەڵام بۆ ئەوان دەم و ساتێک هەیە کە (بە گەیشتنی) پەنا و رێگای هەڵاتنێکیان بۆ نامێنێ ﴿٥٨﴾ ئەمانە ئەو شارو دێیانەن کە لە ناومان بردوون، ئەو دەمەی کە ستەمیان کرد، بۆ تیا بردنیشیان بەڵێن بۆ کاتی دیاری کردن و قەیران و دەم و ساتێکمان بۆ دانابوون ﴿٥٩﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ مووسا (ی کورِی عیمران) بە (یووشەع - ی کورِی نوون) دۆستە جوامێرەکەی خۆی وت (لەم سەفەرە) ناگەرێمەوە تا دەگەمە جەمسەر و جێی تێکەڵاو بوونی دوو دەریا یا لەویش بەولاوترەیش بچێ ﴿٦٠﴾ وەختێ کە گەیشتە جەمسەری دەم تێکەڵبوونی ئەو ئاوە، ماسی خۆیان لە بیر چوو، جا ماسی (ش بە هەڵبلۆقان و هەڵتەکوداتەک بەرەو خوار) بۆ نێو دەریا خزی و رێی خۆی گرتە بەر ﴿٦١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



جا کاتێ (لە جەمسەر و دەم تێکەڵ بوونی دوو ئاوەکە) تێپەڕ بوون، (مووسا) بە دۆستە جوامێرە (هاوسەفەرە)کەی خۆی (یا بە بەردەستەکەی خۆی) وت: خۆراکەکەمان بێنە، بە هەقیقەت لەم سەفەرەی خۆماندا ڕەنجی زۆرمان دیوە، کاتی ناشتامانە؛ وەرێنە؛ یانی بەرقلیانەکەمان لە کوێیە بیهێنە ﴿٦٢﴾ ئەو (هاورێکەی مووسا) وتی: لە بیرتە کاتێ کە چووینە پەنای ئەو گابەردە (و هەندێ پشوومان دا)، لەوێ ماسییەکەم لە بیر چوو، ئەوە شەیتان بوو ئەوەی لە بیر بردمەوە و ماسییەکە(یش) زۆر سەرنجڕاکێشانە هەڵبەزییەوە و خۆی خزاندە نێو دەریاکەوە! ﴿٦٣﴾ مووسا وتی: ئەمە، ئەوەیە کە دەمانویست (و بە دوای دەگەڕاین)، جا بە شۆپ و شوێنەکەی خۆیاندا بە سەرنجدان گەڕانەوە ﴿٦٤﴾ جا (لە نێزیک گابەردەکە) بەندەیێ لە بەندەکانی ئێمەیان دیبەوە کە ڕەحمەتی خۆمان پێدابوو و لە لای خۆمانەوە زانست و زانیاریمان فێر کردبوو ﴿٦٥﴾ مووسا بەو (عەبدە)ی وت: ئایا بە دوات بکەوم تا لەوەی فێرکراوی، فێرم بکەی کە هۆی بە ئامانج گەیشتنە ﴿٦٦﴾ وتی: بەڕاستی تۆ ناتوانی لەگەڵ من تابشت بێنی! ﴿٦٧﴾ چۆن لە ڕاست شتێکدا کە نەمازە و نەخوازە بە ناخی ڕاز و نهێنی ئەوە ئاگادار نیت، خۆ ڕادەگری و تابشت دێنی ﴿٦٨﴾ (موسا) وتی: ئەگەر خوا بیەوێ بە خۆڕاگر و تابشتم دەبینییەوە و لە هیچ کارێکدا نافەرمانی تۆ ناکەم ﴿٦٩﴾ (خدر) وتی: جا ئەگەر بە دوامدا بێی، لەبابەت هیچ شتێکەوە پرسیارم لێمەکە تا خۆم (لە کاتی خۆیدا) لەو بارەیەوە قسەت بۆ دەکەم ﴿٧٠﴾ جا هەردووکیان ڕۆیشتن تا سواری گەمی و کەشتی بوون، (خدر) کەشتییەکەی کون کرد، (موسا) وتی: ئایا کەشتییەکەت کون کرد تا خەڵکەکەی نوقوم بکەی، بەڕاستی کارێ بەدفەڕانەت کرد! ﴿٧١﴾ پێی وت: مەگەر پێم نەوتی قەت ناتوانی لەگەڵ من تابشت بێنی ﴿٧٢﴾ (موسا) وتی: لەبەر ئەوەی لە بیرم چوو لێم مەگرە و سەختم لێمەگرە ﴿٧٣﴾ جا ڕۆیشتن تا تووشی کوریژگە و تازەلاوێ بوون، (خدر) ئەوی کوشت، (موسا) وتی: ئایا کەسێکی پاکت کوشت بێ ئەوەی قەتڵێکی کردبێ؟! بەڕاستی کارێکی ناحەز و ناپەسەندت کرد ﴿٧٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

(خدر) وتی: پێم نه‌وتی قه‌ت ناتوانی تابشت له‌گه‌ڵ من بێنی؟! ﴿٧٥﴾ (مووسا) وتی: ئه‌گه‌ر دوای ئه‌مه له‌بابه‌ت شتێکه‌وه پرسیارت لێ‌بکه‌م، جا ئیتر هاورێیم مه‌که، هیچ گله‌ییشت لێ‌ناکم ﴿٧٦﴾ جا هه‌ردوو ڕۆیشتن تا گه‌یشتنه گوندێک (ئه‌نتاکیه که له سووریه‌دایه) له خه‌ڵکه‌که‌ی داوای زه‌واد و خوارده‌مه‌نییان لێ‌کردن به‌ڵام ڕازی نه‌بوون ڕایانگرن و نانیان نه‌دانێ، جا له‌وێ دیوارێکیان دی که (نێزیک بوو) بڕووخێ، (خدر) ڕاستی کرده‌وه، (موسا) وتی: ئه‌گه‌ر بتویستبا کرێ و مزه‌یه‌کت (بۆ چاککردنه‌وه‌ی ئه‌و دیواره) وه‌رده‌گرت ﴿٧٧﴾ (خدر) وتی: ئێستا کاتی جیابوونه‌وه‌ی من و تۆیه له یه‌کتر، له دواییدا له‌وه‌ی تابشتت له‌سه‌ری نه‌بوو ئاگادارت ده‌که‌م ﴿٧٨﴾ به‌ڵام ئه‌و که‌میه هی هێندێ له هه‌ژار و بێنه‌وایان بوو که له ده‌ریادا کاریان پێ‌ده‌کرد، من ویستم عه‌یبداری بکه‌م (چونکه) له پشت سه‌ریان پاشایه‌کی سته‌مکار بوو، هه‌ر که‌میه‌کی (ساغی) داگیر ده‌کرد ﴿٧٩﴾ به‌ڵام کوڕه بچووک و تازه‌لاوه‌که باوک و دایکێکی خاوه‌ن بڕوای هه‌بوو، جا ترسان که تووشی هه‌ڵه و هه‌رزه‌یی و ملبادانی کوڕه‌که‌یان بن ﴿٨٠﴾ جا ویستمان که په‌روه‌رێنه‌ریان له باتی ئه‌و، منداڵی پاکتر و دڵۆڤانتریان بداتێ و بۆیان تێهه‌ڵێنێته‌وه و قه‌ره‌بوویان بۆ بکاته‌وه ﴿٨١﴾ به‌ڵام دیواره‌که هی دوو تازه‌لاوی سێوی و هه‌تیو له شاره‌که‌دا بوو له ژێر ئه‌ودا گه‌نجێ بۆ ئه‌وان هه‌بوو، باوکیشیان پیاوچاک بوو، جا په‌روه‌رێنه‌رت ویستی بگه‌نه ته‌مه‌نی بلووغ و گه‌نجه‌که‌یان بێننه ده‌رێ، ئه‌وه ڕه‌حمه‌تێ بوو له په‌روه‌رێنه‌رته‌وه (بۆ ئه‌وان) من له خۆمه‌وه ئه‌و کاره‌م نه‌کرد. ئه‌مه ڕازی ئه‌و کارانه بوو که تۆ تابشتت له‌سه‌ر ئه‌وان نه‌هێنا ﴿٨٢﴾ له‌بابه‌ت (زولقه‌رنه‌ین)ه‌وه له تۆ ده‌پرسن، بڵێ: من هه‌ندێ له‌و بابه‌ته‌وه قسه‌تان بۆ ده‌که‌م ﴿٨٣﴾

وامان کرد لەم زەوییەدا دەسی بڕوا و هەموو هۆیەکیشمان بۆ ڕەخساند ﴿٨٤﴾ جا ئەویش لەو سەبەب و هۆیانە پەیڕەوی کرد (و کەڵکی وەرگرت) ﴿٨٥﴾ تا گەیشتە جێی خۆرئاوانشین: تەبەقی ڕۆژ (و لەوێ) هەستی کرد کە ڕۆژ لە چاوە ئاوێک (یا لە دەریا)ی لیخن و ڕەش و قوڕاویدا ڕۆدەچێ و لەوێ لەولایە لەوئالی تووشی هۆزێک بوو، ئێمە وتمان: ئەی زولقەرنەین! ئایا ئەتەوێ جەزرەبەیان بدەی یا شێوەیەکی چاک لە نێویاندا بگریتە پێش؟! ﴿٨٦﴾ وتی: بەڵام کەسێ کە ناحەقی کردووە (و هاوبەشی بۆ خوا داناوە)، لە دوارۆژدا سزای ئەدەین، لە پاشان دەگێڕدرێتەوە لای پەروەرێنەری، جا خوا (لە قیامەتدا) سەخت عەزابی ئەدا ﴿٨٧﴾ بەڵام هەرکەس کە بڕوا بێنێ و کاری چاک بکا، جا (لە قیامەت) پاداشی چاکی بۆ ئەبێ و ئێمەیش (لە دونیا) کاری لە سەر ئاسان دەکەین ﴿٨٨﴾ لە پاشان لەو کەرەستەی کە هەیبوو کەڵکی وەرگرت ﴿٨٩﴾ تا گەیشتە جێی ڕۆژهەڵات، (لەوێدا) دیتی گۆی ڕۆژ بەسەر هۆزێکدا هەڵدێ کە جیا لە ڕۆژ هیچ پۆشێکمان بۆ دانەناون (کە بەر لە نووری تەبەقی ڕۆژ بگرێ) ﴿٩٠﴾ تا بەمجۆرە بوو (کاری زولقەرنەین)، بە هەقیقەت بەوەی هەیبوو و بەوەی دەیکرد ئاگادار بووین ﴿٩١﴾ لە پاشان لەو کەرەستەی کە هەیبوو کەڵکی وەرگرت و ڕێگەی گرتە بەر ﴿٩٢﴾ (هەروەها ڕۆیی) تا گەیشتە نێوان دوو چیا و لە پەنا دوو کێفەکەدا هۆزێکی دی کە لە هیچ زمان و قسەیەک حاڵی نەدەبوون! ﴿٩٣﴾ (ئەو هۆزە) وتیان: ئەی زولقەرنەین! بەڕاستی (یەئجووج و مەئجووج) لەم سەرزەوییە خراپ و بەدفەڕن، جا ئایا ئەکرێ ئێمە خەرجەکەی بدەین، تۆ سەدێک لە نێوان ئێمە و ئەواندا ساز بدەی؟ ﴿٩٤﴾ (زولقەرنەین) وتی: ئەوەی خوا پێی داوم باشترە (لەوەی پێشنیاری دەکەن)، جا بە هێزێک یارمەتیم بدەن تا لە نێوان ئێوە و ئەواندا بەربەند و سەدێکی پتەو ساز بدەم ﴿٩٥﴾ لەتە ئاسنی گەورەم بۆ بێنن (و لەسەر یەکیان کەڵەکە کرد) تا بە تەواوی لاشانی نێوانی هەر دوو چیاو کێوەکەی داگرت و پڕی کردەوە، وتی: (بە دەوریدا ئاگر هەڵبکەن و) بیدەمێنن و ئاگرەکەی خۆش بکەن (ئەوانیش ئاگریان خۆش کرد تا ئاسنەکان سوور بوونەوە)، وتی: (ئێستا): پاقر و مسی قاڵم بۆ بێنن تا بیرێژم بە سەریدا ﴿٩٦﴾ جا (سەرئەنجام سەدێکی پتەوی سازدا) کە ئەوانە توانایان نەبوو (لەبەر بەرزی) بپەڕنە سەری و (ئەوەندەش قایم بوو) نەیاندەتوانی کونی بکەن ﴿٩٧﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



وتی: ئەمە لە ڕەحمەتی پەروەرێنەرمەوەیە، بەڵام کاتێ بەڵێنی پەروەرێنەرم بێ، ئەیکوتێ بەسەر یەکدا و ئەیکاتە گۆڕایی و تەختی دەکا، وەعدەی پەروەرێنەرم هەقە ﴿٩٨﴾ لەو ڕۆژەدا (کە دنیا دوایی دێ) ئەوانە وەها تەرک دەکەین کە لەنێو یەکدا شەپۆل ئەدەن و جمەیان دێ و فوو ئەکرێ بە کەڵەشاخ و شەیپووردا، جا هەموویان کۆ دەکەینەوە ﴿٩٩﴾ لەو ڕۆژەدا جەهەندەم بۆ خوانەناسان دەرئەخەین (و نیشانیان دەدەین) ﴿١٠٠﴾ کەسانێ کە چاویان لە پەردەدا بووە و یادی منیان نەکردووە و هێزی بیستنیان نەبووە ﴿١٠١﴾ ئایا خوانەناسان لایان وا بوو ئەتوانن بەندەکانی من لەباتی من بکەنە پشتیوانی خۆیان؟ بەڕاستی ئێمە جەهەندەممان کردۆتە مەنزڵگەی کافران ﴿١٠٢﴾ ئایا لە زیانکارترین (خەڵک) ئاگادارتان بکەم کە کێن؟ ﴿١٠٣﴾ کەسانێکن کە تێکۆشانیان لە دنیادا لەناو چووە، بەو حاڵەشەوە لایان وایە کاری چاک دەکەن ﴿١٠٤﴾ ئەوانە کەسانێکن کە بە نیشانەکان و لیقای خوا کافر بوون، جا هەر لەبەر ئەوە کار و کردەوەیان بێ سەروشوێن و وندا بووە، جا لەبەر ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدا تەرازوو و میزانێکیان بۆ دانانێین ﴿١٠٥﴾ ئا بەمجۆرە سزایان جەهەندەمە، لەبەر ئەوەی کافر بوون و نیشانەکانی من و پێغەمبەرانی منیان مەسخەرە دەکرد ﴿١٠٦﴾ بەڕاستی کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان ئەنجام داوە، باغەکانی فیردەوس جێگەیانە ﴿١٠٨﴾ بڵێ: ئەگەر دەریاکان بۆ (نووسین)ی واژەی پەروەرێنەرم ببنە مەرەکەف، دەریاکان تەواو دەبن و هەڵدەچۆڕێن بەر لەوەی کەلام و واژەکانی پەروەرێنەرم تەواو بن، هەرچەند وێنەی ئەو (دەریایانەش) بێننە کۆمەکیان و فریایان بخەن ﴿١٠٩﴾ بڵێ: منیش مرۆیەکم وەکوو ئێوە (ئەوەندە هەیە کە) لە خوداوە فەرمانم بۆ دێ کە خوای ئێوە هەریەکە، جا هەرکەس هیوای بە دیدار و لیقای پەروەرێنەری هەیە، جا با کار و کردەوەی چاک ئەنجام بدا و لە عیبادەت کردن بۆ پەروەرێنەری خۆی کەسێ نەکاتە هاوبەشی ﴿١١٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

# سوورەی مەریەم ٩٨ ئایەتە

**سوورەی مەریەم لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٩٨ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

کاف، ها، یا، عەین، صاد، (وتوویانە زانستی جەبر لەم پیتە لەتلەتانە سازدراوە.) ﴿١﴾ باسی چاکەی پەورێنەرتە سەبارەت بە زەکەریای عەبدی خۆی ﴿٢﴾ لەو دەمەی وا بە دەنگێکی نزم و نەوی هاواری لە پەروەرێنەری خۆی کرد (قورطبی ج ۶ شەپۆل) ﴿٣﴾ وتی: ئەی پەروەرێنەرم! ئێسکم سیس بووە و لەبەر (دەردی) پیری، مووی سەرم بەرق ئەداتەوە، ئەی پەروەرێنەرم! لە پاڕانەوەی خۆم لە تۆ بێ هیوا نەگەڕاومەتەوە ﴿٤﴾ من سەبارەت بە کەس‌وکارم دوای مردنم ترسم هەیە (کە دینی تۆ ڕانەگرن) و خێزانم نەزۆکە، جا بە قودرەتی خۆت منداڵێکی چاکم پێ بدە ﴿٥﴾ کە میراتگری من و بنەماڵەی یەعقووب با ئەو بێ، جێی ڕازی بوونی تۆیش بێ ﴿٦﴾ ئەی زەکەریا! ئێمە بە منداڵێک مزگێنیت پێدەدەین کە ناوی یەحیایە، کوڕێک کە بەر لەمە ناوی وا نەبووە ﴿٧﴾ وتی: ئەی پەروەرێنەرم! چلۆن کوڕم دەبێ، لە حاڵێکدا ژنەکەم نەزۆکە و خۆیشم لەبەر پیری بێ‌هێز کەوتووم ﴿٨﴾ وتی: پەروەرێنەرت وای فەرمووە (و ئیرادەی کردووە)، ئەمە بۆ من ئاسانە، من لە پێشدا تۆم خەڵق کرد و شتێ نە بووی ﴿٩﴾ وتی: ئەی پەروەرێنەرم! نیشانەیەکم بۆ دابنێ، فەرمووی: نیشانەی تۆ ئەمەیە کە سێ شەو و ڕۆژ زمانت بۆ قسە کردن (لەگەڵ خەڵک) ناگەڕێ، بێ‌وەی هیچ وەییک و ئازارێکت هەبێ؛ یا کەچی زمانیشت ساغە ﴿١٠﴾ جا ئەو لە میحرابی عیبادەتەوە هاتە دەرێ بۆ لای هۆزەکەی بە هێمایە ئەوانی تێگەیاند کە بەیانان و ئێواران هەر بێ‌خەوشی و پاکی خوا بڵێن (و بڵێن: خوا بێ‌خەوش و پاکە) ﴿١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەی یەحیا! ئەم کتێبە (تەورات) پڕ بە هێز بگرە، ئێمە لەکارزانیمان لە منداڵییەوە پێدا ﴿١٢﴾ لەگەڵ دڵسۆزی و بێگەردی لە لایەن خۆمانەوە (ڕۆح و کردەوەمان پاک کرد؛ چونکا) خۆپارێز و لەخواترس بوو ﴿١٣﴾ سەبارەت بە باوک و دایکی چاک بوو، لاساری و سەربزێوی نەببووە پیشەی (خۆ بە زل زان) و ملبادەر و خۆنەگر و تاوانبار نەبوو ﴿١٤﴾ سەلامی لێبێ ڕۆژێ کە لە دایک بوو و ڕۆژێ کە ئەمرێ و ڕۆژێ کە زێندوو دەکرێتەوە (و حەشر دەکرێ) ﴿١٥﴾ لەم کتێب (قورئان)ەدا یادی مەریەم بکە، ئەو دەمەی کە لە خانەوادەی جیا بۆوە و لە لای خۆرهەڵاتی (بەیتولموقەدەس) جێگیر بوو ﴿١٦﴾ پەردەیەکی لە نێوان خۆی و ئەواندا ڕایەڵ کرد، لەو دەمەدا ڕۆحی خۆمان ناردە لا، جا بۆ ئەو خۆی کرد بە وێنەی مرۆڤێکی تەواو ﴿١٧﴾ (ئەو ترساو) وتی: لە (ترسی) تۆ پەنا دەبەمە بەر خوای بەخشەر، ئەگەر خۆپارێزی (نیزیکم مەکەوە) ﴿١٨﴾ وتی: من تەنیا ڕاسپاردەی پەروەرێنەرتم، (هاتووم) تا کوڕێکی پاکت پێ ببەخشم ﴿١٩﴾ وتی: جا چلۆن کوڕم دەبێ، کەچی تا ئێستا کەس دەسی لێ نەداوم و ژنێکی داوێنپیس و داوێنتەڕ نەبووم؟! ﴿٢٠﴾ وتی: قسە ئەمەیە کە پەروەرێنەرت فەرموویەتی: ئەم کارە بۆ من ئاسانە، ئێمە دەمانەوێ بیکەینە نیشانەیەک بۆ خەڵک و ڕەحمەتێک بێ لە لایەن ئێمەوە؛ ئەمە کارێکە کراوە (جێی قسە لێکردنی بۆ نەماوە) ﴿٢١﴾ جا (سەرئەنجام مەریەم) دووگیان (زگی پڕ) بوو بێچوو لە نێو تۆمدانیدا گوورا و بەو زگەوە خۆی گەیاندە جێگایەکی دوور (لە شاری ناسرە) ﴿٢٢﴾ جا ژانی زان ئەوی بۆ لای بنە دارێکی براو ڕاکێش کرد، (لەبەر پەرێشانی) وتی: خۆزگە بەر لەمە مردبام و لە بیر بچووبامەوە! ﴿٢٣﴾ جا لە خوار پێیەوە (جوبرەئیل) یا عیسا) هەرای لێکرد: خەفەت مەخۆ، پەروەرێنەرت زنە و جۆگە ئاوێکی پێکهێناوە ﴿٢٤﴾ کۆتەرەی ئەو دار خورمایە بۆ لای خۆت ڕاوەشێنە و بیتەکێنە، تا خورمای پێگەیشتووی تەڕ و تازەت بۆ بوەرێنێ ﴿٢٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



جا (لەو خورمایە) بخۆ و (لەو ئاوە) بخۆوە و چاوت (بەو منداڵە: عیسا) ڕوون بکەوە، جا هەرکاتێ کەسێکت دی (بە ئیشارە) پێی بڵێ: بۆ (خوای) بەخشەر ڕۆژووم لە خۆم گرتووە (نەزرم کردووە) و بەڕۆژووم، لە ئاخەفتن بتکەمەوە، جا ئەمڕۆ لەگەڵ کەس قسە ناکەم ﴿٢٦﴾ جا (مەریەم) ئەوی گرتبووە باوەش و بەرەو لای هۆزەکەی هێنای، وتیان: ئەی مەریەم! کارێکی سەمەرە و دزێوت کردووە ﴿٢٧﴾ ئەی خوشکی هارۆون! نە باوکت خراپ (و داوێنپیس) بوو، نە دایکیشت بەدکارە بوو ﴿٢٨﴾ جا (مەریەم) هێما و ئیشارەی بەو (عیسا) کرد، وتیان: چلۆن لەگەڵ ساوا و منداڵێکی نێو لانک و بێشکە بئاخێوین و قسە بکەین؟! ﴿٢٩﴾ (لەناکاو عیسا بە زمان هات) وتی: من بەندەی خوام، کتێب (ئینجیل)ی بە خەڵات پێداوم و منی کردۆتە پێغەمبەر ﴿٣٠﴾ لە هەرکوێش بم پێوقەدەمی پیرۆز کردووە و ڕاسپاردوم هەتا زیندووم نوێژ بکەم و زەکات بدەم ﴿٣١﴾ بۆ دایکم چاک بم و نەیشیکردووم بە سەربزێو و یاخی و زۆردار و بێئاکاری نەکردووم ﴿٣٢﴾ سەلام (ی خوا)م لێ بێ ڕۆژێ لە دایک بووم و ڕۆژێ کە دەمرم و ڕۆژێ کە زیندوو دەبمەوە ﴿٣٣﴾ قسەی ڕاست و دروست لەبابەت عیسای کوڕی مەریەم هەر ئەوەیە کە ئەوان تیا دوودڵن ﴿٣٤﴾ نەبووە و ناشبێ خوا منداڵی هەبێ، خوا پاکە، هەرکاتێ (بیەوێ) کارێ بکا، دەفەرمێ: ببە و ئەویش دەبێ ﴿٣٥﴾ بەڕاستی خوا پەروەرێنەری من و ئێوەیە، جا بیپەرستن، ئەمەیە ڕێگای ڕاست ﴿٣٦﴾ بەڵام (دوای عیسا) هەندێ لەو دەستە و تاقمانە لە نێو خۆیاندا جیاوازییان سازدا، جا واوەیلا بۆ ئەو خوانەناسانە لە وەختی دیتنی ڕۆژی گەورە (حەشر) ﴿٣٧﴾ (لەو ڕۆژەدا) کە دێنە لامان چەند چاک دەبیسن و چەن چاک دەبینن، بەڵام ئەمڕۆ ناحەقەکان لە لاڕێیەکی دیاردان ﴿٣٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەوانە لە ڕۆژی داخ و کەسەر (ڕۆژی بەریێ کە هەموو کەس خەفەتبارە) بترسێنە، کاتێ کە کار لە کار ترازاوە، لە حاڵێکدا هێشتا ئەوانە لە غەفلەت و بێئاگاییدان و بڕوا ناهێنن ﴿٣٩﴾ بەڕاستی ئێمە زەوی و تەواوی ئەوانە وا لەسەر زەوین، بە میرات ئەیبەین و هەموو بەرەو لای ئێمە دەگەڕێندرێنەوە ﴿٤٠﴾ لەم کتێبەدا یادی ئیبراهیم بکە کە زۆر ڕاستبێژ و پێغەمبەری خوا بوو ﴿٤١﴾ وەختێ بە باوکی خۆی وت: ئەی بابە! بۆچ شتێک دەپەرستی کە نابیسێ و نابینێ و ناتوانێ بێنیازت بکا ﴿٤٢﴾ ئەی بابە! زانست و زانیارییێکم بۆ هاتووە کە بۆ تۆ نەهاتووە، جا بە دوام کەوە تا بتخەمە سەر ڕێگای ڕاست و دروست! ﴿٤٣﴾ بابە! شەیتان مەپەرستە، شەیتان لە فەرمانی (خوای) بەخشەر نافەرمانی و سەرپێچی کرد ﴿٤٤﴾ بابە! بەڕاستی من لەمە دەترسم کە عەزابێ لە لایەن خوای بەخشەرەوە بگاتە تۆ، جا لە ئاکامدا ببیتە دۆستی شەیتان ﴿٤٥﴾ وتی: ئایا ئیبراهیم تۆ لە خوایانی من وەڕەز و جاڕز و بێزاری؟ ئەگەر (لەم کارە) دەس هەڵنەگری بەردبارانت دەکەم، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لێم دوور بە ﴿٤٦﴾ (ئیبراهیم) وتی: سەلام لە سەر تۆ بێ، من لە پەروەرێنەرم داوای لێبوردنت بۆ دەکەم، بەڕاستی خوا سەبارەت بە من فرە دڵلاوێنە ﴿٤٧﴾ لە ئێوە و ئەوەی لە غەیری خوا هاواری لێ دەکەن دووری دەکەم و هاوار بۆ پەروەرێنەرم دەبەم و هیوادارم هاوار و بانگم بێوەڵام نەمێنێ ﴿٤٨﴾ جا کاتێ لەوان و لە غەیری خوا کە دەیپەرستن، خۆی لادا، ئیسحاق و یەعقووبمان پێ بەخشی و هەموومان کردنە پێغەمبەر ﴿٤٩﴾ بەر بەزەیی خۆمان خستن و ناونیشانمان بە چاکە بەرز کردەوە ﴿٥٠﴾ لەم پەڕاوە (ئاسمانییەدا) یادی مووسا بکە، بەڕاستی ئەو هەڵبژاردە و ڕەوانەکراو و پێغەمبەر بوو ﴿٥١﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئێمە ئەومان لە لای ڕاستی (کێو)ی توورەوە بانگ کرد و نێزیکمان کردەوە و تا بە نهێنی حاڵی بکەین ﴿٥٢﴾ بە ڕەحمەتی خۆمان هاروونی برایمان کە پێغەمبەر بوو پێ بەخشی ﴿٥٣﴾ لە کتێبدا یادی ئیسماعیل بکە، بەڕاستی ئەو لە بەڵێنەکانیدا ڕاستبێژ و پێغەمبەر بوو ﴿٥٤﴾ ئەو هەمیشە فەرمانی بە بنەماڵەی خۆی بۆ نوێژ کردن و زەکاتدان ئەدا، ئەو هەمیشەش لای پەروەرێنەری جێی ڕەزامەندی بوو ﴿٥٥﴾ لەم کتێبەدا لە ئیدریس(یش) یاد بکە، بەڕاستی ئەو زۆر ڕاستبێژێکی پێغەمبەر بوو ﴿٥٦﴾ ئێمە ئەومان گەیاندە پلەیەکی بەرز ﴿٥٧﴾ ئەوانە کەسانێک بوون کە خوا ناز و نیعمەتی پێدابوون، لە پێغەمبەران، لە منداڵانی ئادەم و لە کەسانێ کە لەگەڵ نووح سواری گەمیمان کردن و لە زارۆکی ئیبراهیم و ئیسرائیل (یەعقووب)، لەوان کە ڕێنوێنیمان کردن و هەڵمانبژاردن، کاتێ نیشانەی خوای ڕەحمانیان بەسەردا دەخوێندراوە دەکەوتنە کورنۆش، لە حاڵێکدا کە سوژدەیان دەبرد و دەم بە گریان بوون ﴿٥٨﴾ جا دوای ئەوان منداڵانی ناچاک و ناشیاو بوونە جێگیریان کە نوێژیان زایە کرد، لە نوێژیان نەدەپرسی و بە دوای ئارەزوودا ڕۆیشتن، بەم زووانە تووشی ئازار و خەسار دەبن ﴿٥٩﴾ مەگەر ئەوانەی کە لە تاوان بپرینگێنەوە و پاشگەز ببنەوە و بڕوا بێنن و کردەوەی چاک بکەن، جا ئەمانە ئەچنە بەهەشت و هیچ جۆرە ستەمێکیان لێناکرێ ﴿٦٠﴾ باغگەلێکە خۆش لە نەدیدە، کە خوای دلۆڤان بەڵێنی ئەویی بە بەندەکانی خۆی داوە،، بەڕاستی بەڵێنی خوا هەر دێتە دی ﴿٦١﴾ ئەوانە قەت بێجگە لە سەلام قسەی قۆڕ و بێجێ و چەڵتەی لابەلا لە بەهەشتدا نابیسن، هەموو بەیانان و ئێواران ژەمیان لەوێدا بۆ هەیە ﴿٦٢﴾ ئەمە بەهەشتێکە کە بە میرات بە بەندەکانی خۆپارێزی خۆمانی ئەدەین ﴿٦٣﴾ ئێمە (مەلائیکە) نانێرینە خوارێ مەگەر بە فەرمانی پەروەرێنەرت، ئەوەی کە لە پێشمانەوە دێ و ئەوەی کە لە پاشمانە و ڕابردووە و ئەوەی کە لە نێوان ئەم دووانەدایە، تەنیا بۆ خوایە، پەروەرێنەرت قەت هیچ شتێکی لە بیر نەچووە ﴿٦٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



(هەر ئەوە) ڕاهێنەری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەم دووانەدایە، جا ئەو بپەرستە و بۆ پەرستنی خوا خۆڕاگر بە، ئایا ئاگات لێیە هاوناوێکی هەبێ ﴿٦٥﴾ مرۆ دەڵێ: ئایا دوای مردن لە داهاتوودا (لە قەبر) زیندوو دێمە دەرێ ﴿٦٦﴾ ئایا ئینسان بیر ناکاتەوە کە ئێمە ئەومان بەر لەمە خەڵق کرد، لە حاڵێکدا کە شتێک نەبوو ﴿٦٧﴾ جا سوێند بە پەروەرێنەرت هەموو ئەوانە لەگەڵ شەیتانەکان پێکەوە کۆیان دەکەینەوە لە پاشان دەوراندەور لە جەهەندەمدا حازر بکرێن بە چۆکدادراوی ﴿٦٨﴾ لە پاشان لە هەر دەستەیێ کەسانێ کە لە هەموان لە بەرانبەر خوای بەخشەردا یاغیتر بوون، جیا دە کەینەوە ﴿٦٩﴾ (بزانە) ئێمە بەو کەسانەی کە (بۆ سووتان) لە نێو ئاگری جەهەندەمدا شیاوترن هەر خۆمان ئاگا و زاناترین ﴿٧٠﴾ هیچ کەس لە ئێوە نییە مەگەر تووشی ئەو (جەهەندەم) ئەبێ، ئەمە فەرمانێکە لە پەروەرندەتەوە!! هەر دەبێ جێبەجێ بکرێ ﴿٧١﴾ لە پاشان لەخواترسەکان ڕزگاریان دەکەین، ستەمکاران بە دەسەوئەژنۆ لەوێدا دێڵینەوە ﴿٧٢﴾ هەرکاتێ کە نیشانانی دیاریدەری ڕوونی ئێمەیان بۆ بخوێندرێتەوە کافران بە بڕواداران دەڵێن: کامە لا لەو دوو تاقمە (ئێمە و ئێوە) جێگەی باشتر و دیوەخانی لەبانترە؟! ﴿٧٣﴾ ئای چەن بەرەمان پێش ئەوان لە ناو بردووە کە لەوانە کەلوپەلی ناومال ڕێکتر و بەدیمەنیش لەوان ڕازاوەتر بوون! ﴿٧٤﴾ بڵێ: کەسێ کە لاڕێیە، تا بەڵێنی خوا بە چاو دەبینێ، خوا قەیرانی بۆیان داناون و مۆڵەتی پێ ئەدا، جا یا عەزابی ئەم دنیا یا هی ئەو دنیا (دەبینێ)، جا ئەو ڕۆژەیە کە دەزانێ چکەسێ جێگای خراپترە و چ کەسێ سپای بێهێزترە؟ ﴿٧٥﴾ ئەو کەسانەی خودا شارەزای کردوون پتر شارەزایان دەکا پەروەرندەت بۆ خێرێ کە دەمێنێتەوە، پاداشی باشتر هەیە و سەرەنجامیشی باشترە ﴿٧٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئەو مرۆیەت دی لە نیشانەکانی ئێمە حاشای کرد و گوتی لێم ڕوونە ماڵ و منداڵێکی زۆرم پێ ئەدرێ ﴿٧٧﴾ ئایا ئەو لە ڕازی نادیار و نهێنـی ئاگـادار بـووە، یـا لای خـوا پەیمـان و بەڵێنـی وەرگرتووە؟ ﴿٧٨﴾ قەت وا نییـە، ئـێمە لە دواییـدا ئەوەی ئەو دەیلـێ، دەینووسـین و عـەزابـی لەسەر بەردەوام دەکەین! ﴿٧٩﴾ ئەوەی ئەو دەیلێ (لە ماڵ و منـاڵ) بە میـرات لێـی وەردەگرین و تاک و تەنیا دێتە لای ئێمە ﴿٨٠﴾ ئەوانە بێجگە لە خوا بتگەلێکیان (بۆ خۆیان) هەڵبژارد تـا بۆ ئەوان ببنە هێز و پشتیوان ﴿٨١﴾ قەت وا نییە، (لە قیامەتـدا) بتەکـان حاشـا لە پەرسـتنی ئەوان دەکەن، بە دژی ئەوان ڕادەوەستن ﴿٨٢﴾ ئایا نەتزانی کە ئێمە شەیتانەکانمان ناردە سـەر خوانەناسان تا بیانتاوێننەوە و ڕایانتلەکێنن؟ (ازا: هزاّ کولان، کۆڕان، ژێـر و ڕوو بـوون) ﴿٨٣﴾ جا (لەبەر ئەمە) تالووکەیان لـێمەکە، تەنیـا ئـێمە ئەوان (و کردەوەیـان) بە وردی دەژمێـرین ﴿٨٤﴾ لەو ڕۆژەدا خۆپارێزان بە تێکڕا کۆ دەکەینەوە و دەیـانبەینە لای خـوای بەخشـەر ﴿٨٥﴾ تاوانباران بە تینوویەتی بۆ جەهەندەم خڕ دەکرێنەوە و ڕەپێچەک دەدرێن و لێدەخـورێن ﴿٨٦﴾ ئەوانە قەت دەسەڵاتی تکایـان نییـە مەگەر لای ڕەحمـان (خـوا) پەیمـانی هەبـێ (و پـڕ بە دڵ شایەدی بە تاقانە بوونی خوای دابێ) ﴿٨٧﴾ ئەوانە وتووشیانە: ڕەحمان (خوا) منداڵی بۆ خۆی داناوە! ﴿٨٨﴾ بە هەقیقەت قسەیەکی ڕەق و دزێـو (و قۆڕ)تـان بە زارا هێنـاوە ﴿٨٩﴾ لەوانەیە ئاسمانەکان لەبەر ئەم قسەیە پارچە پارچە بێ و زەوی لەت بێ و کێوەکان (لە بەریەک بچن (بە هاڕەهاڕ بڕووخێنە خوارێ) ﴿٩٠﴾ لەبەر ئەوەی وتیان خـوا منـاڵی هەیە ﴿٩١﴾ بـۆ خـوا شـیاو نییە کە منداڵ بۆ خۆی دابنێ ﴿٩٢﴾ هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدایە وەکـوو عـەبـد دێـنە لای خوای دلۆڤان ﴿٩٣﴾ سەرحیساب بە ئاگاداری ئەوانەی بە وردی ژمـاردووە ﴿٩٤﴾ لە ڕۆژی قیامەتدا هەموو تاک و تەنیا لای خوا حازر دەکرین ﴿٩٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە، خوای دڵۆڤان خۆشەویستیان دەکا ﴿٩٦﴾ جا ئێمە قورئانمان لەسەر زمانی تۆ ئاسان کرد، تەنیا لەبەر ئەمە کە مزگێنی بە خۆپارێزان بدەی و هۆزی دوژمن و سەرسەخت بترسێنی ﴿٩٧﴾ چەندین بەرەمان لەمانەیش قڕ تێخستووە، ئایا بە هیچ یەک لەوانە هەست دەکەی، نووزەی ئەوان دەبیسی (ڕکزا: نووزە، دەنگی نزم، سرتەسرت) ﴿٩٨﴾

## سوورەی تاها ١٣٥ ئایەتە

**سوورەی تەها لە مەککە هاتۆتە خوارێ بە (بسم‌الله)وە ١٣٥ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

تاها ﴿١﴾ ئێمە قورئانمان بو نەناردی کە خۆت بخەیتە بێبەختی و دەردەسەری ﴿٢﴾ تەنیا بۆ وەبیر هێنانەویە بۆ کەسانێ کە (لە خوا) ئەترسن ﴿٣﴾ (قورئان) لە لایەن بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانە بەرزەکان، ئەم قورئانە هاتۆتە خواری ﴿٤﴾ ئەو خوای بەخشەرە کە لەسەر تەختی دەسەڵاتی خۆی دامەزراوە ﴿٥﴾ هەرچی لە نێو ئاسمانەکان و زەوی و لە نێوان ئەم دووانەدایە و ئەوی لە ڕیژ خاک و نێو دڵ و دەروونی زەویدایە هەمووی هی‌خوایە ﴿٦﴾ ئەگەر دەنگت هەڵبڕی یا نا، (یا بە سرتە)، ئەو (خوا) بە ڕاز و نهێنی و پچە و تەنانەت نهێنتر لەوەیش (کە لێویش نەبزێوی) دەزانێ! ﴿٧﴾ (خوا)یەک کە بێجگە لەو خودای‌تر نییە، هەر بۆ ئەوە ناوگەلێ پیرۆز و جوان و چاک ﴿٨﴾ ئایا هەواڵی مووسات پێگەییوە؟ ﴿٩﴾ کاتێ کە ئاگری (لە دوورەوە) دی، بە خێزانی خۆی وت: ڕاوەستن و لێرە مەبزوون، ئاگرێکم دی، بەڵکوو من چڵۆسک و پۆلوویەکتان لەوە بۆ بێنم، یا لە کن ئەو ئاگرەوە ڕێنوێنێک بدۆزمەوە ﴿١٠﴾ جا کاتێ هاتە لای ئاگرە کە، هەرا کرا کە ئەی مووسا! ﴿١١﴾ منم من پەروەرێنەری تۆم! پێڵاوەکانت دەربێنە، تۆ لە (زەوی و) دۆڵی پیرۆزی «طوا»دای ﴿١٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

من تۆم (بۆ پێغەمبەری) هەڵبژاردووە، جا گوێدێری ڕاسپێری بە ﴿١٣﴾ بەڕاستی مـن (اللـه)م، بێجگە لە من خوایێ تر نییە، جا عیبادەتم بکە و بە یادی من نوێژ بەجێ بێنە ﴿١٤﴾ بەڕاستی قیـامەت دێ، مـن دەمەوێ ئەوە بشـارمەوە تـا هەمـوو کەسێ لە بەرانـبەر کـار و کـردەوە و کۆششی خـۆی سـزای بـدرێ ﴿١٥﴾ ئەوەی بـڕوای بە قیـامەت نییـە و شـوێن ئـارەزووی خـۆی کەوتووە نەکا تۆی لێ بگێـڕێتەوە و بەڵات تـووش ببـێ ﴿١٦﴾ ئەوەی بە دەسـتی ڕاسـتی تـۆیە چییـە، ئەی مووسـا؟! ﴿١٧﴾ وتـی: ئەوە گۆچـانی مـنە، تەکـیە دەدەمە سـەری و خـۆمی پـێ ڕادەگرم، بۆ مەڕەکانم گەڵای دارانی پێ دادەوەرێنم و چەن کارێ دیکەیشـی پـێ ئەنجـام ئەدەم ﴿١٨﴾ وتی: ئەی مووسا! ئەوە فرێدە (بیهاوێژە)! ﴿١٩﴾ جا (مووسا) هاویشتی، لە ناوکاو بووە مارێکی زل و دەستی بە جووڵەجووڵ و ڕۆیشتن کرد! ﴿٢٠﴾ (خوا) وتی: بیگرە و مەترسە، ئێمە ئەیبەینەوە سەر دۆخ و بیچمەکەی خۆی ﴿٢١﴾ دەستت بکە بە باغەڵتدا، تا سپی و جوان و بـێ عەیب بێتە دەرێ، ئەمەیش نیشانە (کشـگێر)یەکی تـرە ﴿٢٢﴾ تـا ئـێمە لە نیشـانە و ئایـاتی گەورەی خۆمـان بە تـۆ نیشـان بـدەین ﴿٢٣﴾ بچـۆ بـۆ لای فیـرعەون، چـونکە فـرە شـووی لـێ هەڵکیشـاوە و ملـیبـاداوە (و نـاحەقی کـردووە) ﴿٢٤﴾ عەرزی کـرد: ئەی پەروەرێـنەرم! پشوودرێژم بـکە تـا بە باشـی ئەرکەکـانم بەجـێبێـنم ﴿٢٥﴾ کاروبـارم بـۆ ئاسـان بـکە ﴿٢٦﴾ پسکییەک لە زمانمدایە بۆم لابە ﴿٢٧﴾ تا لە قسەکانم بگەن ﴿٢٨﴾ ئاریکار (پشتیوان)ێکم لە خاندانم بۆ دابنێ ﴿٢٩﴾ هاڕوونی برام ﴿٣٠﴾ بەوی پشتم قایم و پتەو بکە ﴿٣١﴾ ئەو (هاڕوون) بکە شەریک و هاوکارم ﴿٣٢﴾ تا زۆر پەسنی پاکی تۆ بـدەین ﴿٣٣﴾ زۆر یـادت بکەیـن ﴿٣٤﴾ بەڕاستی تۆ هەمیشە ئاگادار و چاودێرمان بووی ﴿٣٥﴾ فەرمووی: ئەوەی وەیستت بە تـۆ درا، ئەی مووسا! ﴿٣٦﴾ ئێمە جارێکی دیکەش تۆمان خستە بەر ناز و نیعمەتی خۆمان ﴿٣٧﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئەو دەمەی ئەوەی کە پێویست بوو، خستمانە نێو دڵی دایکت ﴿٣٨﴾ کە ئەو بنێ نێو داربەست و سندووقێ و بیدە بە دەم زێ و زەریاوە تا زەریا ئەو بخاتە بەستێن و کەنارێ دژێکی من و دوژمنێکی ئەویشە، بیگرێتەوە، خۆشەویستی خۆم بە تۆ دا تا لەبەر چاوەدێری من باش پەروەردە بی ﴿٣٩﴾ لەو دەمەدا خوشکت (لە نێزیک کۆشکی فیرعەون) بە رێدا دەڕۆیی و دەیوت: ئایا خاندانێکتان نیشان بدەم کە ئەم منداڵە ساوایە بگرێتە ئەستۆ، جا بە دوای ئەوە تۆمان گێڕایەوە بۆ لای دایکت، تا چاوی بە تۆ روون بێتەوە و خەفەتبار نەبێ، تۆ (لە فیرعەونییان) یەکێکت کوشت، بەڵام ئێمە تۆمان لەو خەمەیش ڕزگار کرد، دوای ئەوە ساڵەها لە نێو خەڵکی مەدیەندا مایتەوە و چەندین جار تۆمان تاقی کردەوە، لە پاشان لەسەر بڕیاری دیاریکراوی خۆم (بۆ پێغەمبەر بوون) هاتیە ئێرە، ئەی مووسا! ﴿٤٠﴾ من تۆم بۆ خۆم پەروەردە کرد ﴿٤١﴾ تۆ و (هاروونی) برات بە نیشانەکانی منەوە بچنە سەر فیرعەون و لە یاد کردنی من سستی نەکەن ﴿٤٢﴾ هەردوو هەڕن بچنە لای فیرعەون، بەڕاستی لە ڕادەی دەرکردووە ﴿٤٣﴾ جا بە نەرمونیانی قسەی لەگەڵدا بکەن، بەڵکوو بیر بکاتەوە (و پەند بگرێ) یا (لە خوا) بترسێ ﴿٤٤﴾ (مووسا و هاروون) وتیان: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! لەمە دەترسێین کە لێمان دەرهەڵبێ و لەپڕێکا تووڕە بێ و مۆڵەتمان پێنەدا یا سەرپێچی بکا ﴿٤٥﴾ فەرمووی: مەترسن، من لەگەڵتانم، (هەموو شتێک) دەبیسم و دەبینم ﴿٤٦﴾ جا بڕۆن بچنە لای و پێی بڵێن: بەڕاستی ئێمە ڕەوانەکراوی پەروەرێنەری تۆین، بەرەی ئیسرائیلمان لەگەڵدا بنێرە، ئەوان شکەنجە و ئازار مەدە، بە هەقیقەت ئێمە لە لای پەروەرێنەرتەوە نیشانەی روونمان بۆت هێناوە، سەلام و درووود لەسەر کەسێ بێ کە لە ڕێنوێنی پەیڕەوی بکا ﴿٤٧﴾ بە ئێمە ڕاگەیێنراوە کە هەرکەسێ بە درۆی بخاتەوە و پشتی تێ بکا و گوێی نەداتێ ئازار دەدرێ ﴿٤٨﴾ (فیرعەون) وتی: پەروەرێنەری ئێوە، کێیە ئەی مووسا؟! ﴿٤٩﴾ وتی: پەروەرێنەری ئێمە کەسێکە بە هەر بوونەوەرێک ئەوەی پێداویستی پێی بووبێ، پێی داوە، ئەوسا ڕێنوێنیشی کردووە ﴿٥٠﴾ وتی: جا ئەی بارودۆخی پێشینانمان چلۆن دەبێ؟! ﴿٥١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



وتی: زانینی ئەوە لای پەروەردێنەرم لە پەڕاوێکدا نووسراوە، پەروەردێنەرم قەت بزری ناکا و لە بیری ناباتەوە ﴿٥٢﴾ ئەو (خوایەی) کە زەوی بۆ ئێوە کردە ڕایەخ و جێی حەسانەوە (لانک) و ڕێگاگەلێکی لەودا سازدا، لە ئاسمانەوە بارانی باراند کە لە سوێنگەی ئەوەوە هەموو جۆرە ڕووەک و هەرچی لە زەوی دەڕوێ و فرە گژوگیایەکی هاولفمان ڕواند و شین کرد ﴿٥٣﴾ هەم خۆتان لێی بخۆن و هەم ئاژەڵ و پاتاڵەکانتانی تێدا بلەوەڕێنن، نیشانەگەلێکی ڕوونمان بۆ خاوەنانی ئەقڵ و ئاوەز لەوەدا هەیە ﴿٥٤﴾ ئێوەمان لەو (خاکە) خەڵق کرد و هەر لەوێشدا دەتانگێڕینەوە و هەر لەوێش جارێکی دیکە دەرتان دێنینەوە ﴿٥٥﴾ ئێمە هەموو نیشانەکانی خۆمان بەو نیشان دا، بەڵام ئەو بە درۆی خستنەوە و نافەرمانی کرد ﴿٥٦﴾ وتی: ئەی مووسا! ئایا هاتووی ئێمە لە خاکمان بەم جادووەت دەربکەی؟! ﴿٥٧﴾ جا لەبەر ئەوە، ئێمەیش سیحرێک وەکوو هی تۆ بۆ تۆ دێنین، هەرئێستا (مێژووی ئەو دیاری بکە) جێگایەک لە نێوان ئێمە و خۆت دیاری بکە، نە ئێمە و نە تۆ تەنەخی لێ نەکەین و خۆی لێ نەبوێرین، جێگایەک بێ بۆ هەموومان یەکسان بێ ﴿٥٨﴾ وتی: جێگای (دیداری) من و تۆ ڕۆژی زینەت (ڕۆژی جێژن) بێ، لە وەختی چێشتەنگاودا بەر لە نیوەڕۆ: قاوەڵتوون بێ. بەو مەرجەی خەڵک هەموو لەو ڕۆژەدا کۆ بنەوە ﴿٥٩﴾ جا فیرعەون (کۆبوونەوە و جڤاتی) بەجێ‌هێشت و بە گرژی لەوێ ڕۆیی، جا هەموو فڕوفێڵ و گزیکاری خۆی کۆ کردەوە و ئەوسا هەموویانی (لە ڕۆژی جێژندا) هێنا ﴿٦٠﴾ مووسا بەوانی وت: وەی بۆ ئێوە! درۆ بە دەم خواوە مەکەن، کە بە عەزابی خۆی لە ناوتان ببا، و ڕەنجبەبایی (و تێشکان) بۆ کەسێکە درۆ بە دەم خواوە بکا و دەم بەپووشە و ڕەنج بەخەسارە ﴿٦١﴾ جا جادووگەران لەمەڕ کارەکەیان لە نێوانیاندا ناکۆکی ساز بوو دەستیان کرد بە سرتەسرت ﴿٦٢﴾ وتیان: ئەم دووانە جادووگەرن، ئەیانەوێ بە جادووی خۆیان ئێوە لەسەر خاکتان دەرکەن و نەریت و ئاکار و ڕێوشوێن و ئایینی بەرزی ئێوە لەناو ببەن ﴿٦٣﴾ جا کەوایە هەموو هێز و نەخشەی خۆتان کۆ بکەنەوە و لە یەک ڕیزدا بڕۆنە (مەیدانی خەبات)، ڕزگاری ئەمڕۆ بۆ کەسێکە (دەسەڵات و) بەرزی خۆی بنوێنێ ﴿٦٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



(جادووگەران) وتیان: ئەی مووسا! یا تۆ ئەوەڵ (عەسای خۆت) بیهاوێژە یا ئەوەڵ ئێمە تووری هەڵدەین؟ ﴿٦٥﴾ وتی: ئەوەڵ ئێوە فڕێی‌بدەن، (مووسا) وای بە خەیاڵدا دەهات شریت و عەساکانیان لەبەر جادوویان وای نیشان ئەدا کە دەجووڵێن و دەڕۆن! ﴿٦٦﴾ جامووسا ترسێکی سووکی لە دڵیدا هەست کرد ﴿٦٧﴾ وتمان: مەترسە! تۆ (زاڵ و) بەرزتری! ﴿٦٨﴾ و ئەوەی کە لە دەستی ڕاستتدایە فڕێی بدە، هەموو ئەوانەی وا ئەوان سازیان داوە قووتی دەدا، چونکە ئەوە تەنیا گزی و تەڵەکەی جادووگەرانە و جادووکەریش لەهەر شوێنێ بێ سەرناکەوێ ﴿٦٩﴾ جا (مووسا) عەسای خۆی فڕێدا، ئەوەی سازیان دابوو هەمووی (هەڵلووشی) ساحیران هەموو کەوتنە سوژدە و وتیان: ئێمە بڕوامان بە پەروەردێنەری مووسا و هاروون هێنا!! ﴿٧٠﴾ (فیرعەون) وتی: ئایا بەر لەوەی ئیجازەتان بدەمێ، بڕواتان پێ‌هێناوە؟ دیارە ئەو سەرگەورەی ئێوەیە کە سیحر و جادووی فێر کردوون، جا حەتمەن لەبەر ئەوە دەست و پێتان ڕاست و چەپ ئەبڕم و بە لقی دار خورماوە هەڵتاندەواسم (لە دارتان دەدەم)، تێدەگەن جەزرەبەی کاممان دەردناکتر و پایەدارترە! ﴿٧١﴾ وتیان: ئێمە هیچ کاتێ لە جیاتی بەڵگەگەلێ ڕوون کە بۆمان هاتووە و لە جیاتی خوایەک کە ئێمەی بەدی‌هێناوە، تۆ هەڵنابژێرین، (دەسمان لەو بەرنادەین بۆ تۆ)، هەر کارێ لە دەستت دێ بیکە، چونکە تەنیا لەم دنیایە کارێکت لە دەس دێ و ئەتوانی داوەری بکەی ﴿٧٢﴾ بەڕاستی ئێمە بە پەروەردێنەرمان بڕوامان هێناوە تا گوناهەکانمان و ئەوەی لە جادوو کە بە زۆر پێت کردین، ببەخشێ وە خوا باشتر و پایەدارترە ﴿٧٣﴾ بەڕاستی ئەمەیە کە هەرکەس بە تاوانباری بێتە لای پەروەردێنەری، جا جەهەندەم بۆ ئەوە کە نەمرێ و نەژی تێیا دەبێ! ﴿٧٤﴾ هەرکەس بە ئیمانەوە بێتە لای پەروەردێنەری و کردەوەی چاکیشی ئەنجام دابێ، جا هەربۆ ئەوان جێی حەوانەوەی باش و پلەی بەرز هەیە ﴿٧٥﴾ بەهەشتی خۆش کە چۆمەئاو بە ژێر دارەکانیدا تێدەپەڕێ (بۆ ئەوانە)، هەمیشە لەوێدا دەمێننەوە، ئەمەیە پاداشی کەسێ کە خۆی پاک و خاوێن ڕابگرێ ﴿٧٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئێمە بە مووسامان ڕاگەیاند کە شەوانە بەندەکانم (لە میسر) لەگەڵ خۆیا ببە، وە بۆ ئەوان ڕێگایەکی ویشک لە زەریادا بکەوە، نە لە گەیشتنی (فیرعەونیان) بترسێ و نە لە غەرق بوون (لە زەریادا) ﴿٧٧﴾ جا (بەمجۆرە) فیرعەون بە لەشکرەکانیەوە بە دوویان کەوت، جا زەریا ئەوانی (لە نێو شەپۆلی خۆی) داپۆشی و نوقمی کردن! ﴿٧٨﴾ و فیرعەون هۆزی خۆی گومڕا کرد و ڕێنوێنی نەکردن! ﴿٧٩﴾ ئەی بەرەی ئیسرائیل! بە هەقیقەت ئێوەمان لە (چنگی) دوژمنتان ڕزگار کرد، و بۆیشمان دانان لە لای ڕاستی کێوی توور بکەنە لام، مەن (گەزۆ یا هەنگوینی شەمەتریلکە) و سەلوا (مەلی شێلاقە و هەوێردە)مان بۆ ئێوە نارد ﴿٨٠﴾ لەو ڕسق و ڕۆزییە پاکەم بە ئێوەم داوە بیخۆن، بەڵام لەودا لە ڕادە تێمەپەڕن، دەنا غەزەبی من دێتە سەرتان و هەرکەسیش غەزەبی من بیگرێ ورد ئەبێ و تیا دەچێ ﴿٨١﴾ بەڕاستی من بۆ کەسانێ پەشیمان بنەوە و تۆبە بکەن و بڕوا بێنن و کردەوەی چاک ئەنجام بدەن و لە پاشان ڕێنوێن بن، زۆر لێبور و بەخشەرم ﴿٨٢﴾ ئەی مووسا! چ شتێک بووە هۆی ئەوە لە هۆزت پێش کەوی و (بۆ گەیشتن بە کێوی توور) تالووکە بکەی؟! ﴿٨٣﴾ عەرزی کرد: ئەوانیش بە دوامەوەن، و من لەزم کرد، بۆ لات هاتم تا تۆم لێ ڕازی بی ﴿٨٤﴾ فەرمووی: هۆزی تۆمان دوای تۆ تاقی کردەوە، سامری ئەوانی گومڕا کرد! ﴿٨٥﴾ جا مووسا بە دڵپڕی و تووڕەیی بەرەو لای هۆزەکەی گەڕاوە و وتی: مەگەر پەروەرێنەرتان بەڵێنی چاکەی پێ نەدان؟ ئایا ماوەی جیایی من لە ئێوە زیاد بوو؟ یا دەتانویست غەزەبی خواتان بۆ بێ کە لەگەڵ بەڵێنی من دژایەتیتان کرد؟! ﴿٨٦﴾ وتیان: بە مەیل و ویستی خۆمان لە بەڵێنی تۆ لامان نەدا، بەڵام هێندێ لە خشڵ و زێڕ و زیوی هۆزەکە، فرێمان دا نێو بۆتەی سەر ئاگر، هەروا سامیریش تێی هاویشت و بەمجۆرە پیلانی خۆی گێڕا (دوای قاڵبوون لە نێو ئاگردا بە وێنەی گوێرەکە دەریهێنا) ﴿٨٧﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



جا بۆ ئەوان کۆتەڵ: پەیکەرەی گوێلکێکی سازدا کە دەنگی وەکوو دەنگی گوێرەکە بوو (دەیبۆڕان)، جا گوتیان: ئەمە خوای ئێوە و خوای مووسایە! جا ئەو (سامری) لە بیری چوو (کە لەگەڵ خوا و مووسا پەیمانی گرێداوە) ﴿٨٨﴾ جا ئایا ئەوانە نابینن (نازانن) کە (ئەم گوێلکە) وەڵامیان ناداتەوە؟ خاوەنی هیچ جۆرە سوود و زیانێ بۆ ئەوان نییە ﴿٨٩﴾ هاروون بەر لەوە بەوانی گوتبوو کە ئەی هۆزی من! ئێوە بەو (گوێلکە) خاپێنراون و هەڵخەڵەتاون و کەوتنە بەر ئەزموون و تاقیکاری، بەراستی پەروەرێنەری ئێوە بەخشەرەکەی ڕۆزیتانە، جا پەیڕەوی لە من بکەن و فەرمانی من بەجێبێنن ﴿٩٠﴾ ئەوان وتیان: ئێمە هەروا بە دەوری ئەوەدا دەگەڕێین (و لەسەر پەرستنی گوێلکەکە) بەردەوامین تا مووسا بگەڕێتەوە لامان ﴿٩١﴾ (مووسا) وتی: ئەی هاروون! چ شتێک بەرایی گرتی، کاتێ کە دیتت ئەوانە گومڕا بوون ﴿٩٢﴾ ئایا لە من پەیڕەویت نەکرد؟ (وەکوو من بە توندی لەگەڵ بتپەرستان نەجووڵایتەوە)، جا ئایا لە فەرمانی من خۆت لادا؟! ﴿٩٣﴾ وتی: ئەی ڕۆڵەی دایکم! ڕیش و قژی سەرم مەگرە! بەراستی من ترسام بڵێی تۆ لە نێو بەرەی ئیسرائیلدا ناکۆکیت سازدا و گوێت لە قسەی من ڕانەگرت ﴿٩٤﴾ (مووسا ڕووی کردە سامری و) وتی: جا تۆ بۆچ ئەم کارەت کرد، ئەی سامری؟! ﴿٩٥﴾ وتی: من شتێکم دی کە ئەوانی دی نەیاندی، جا من چنگێ خۆڵی جێ پێی پێغەمبەرەکەم هەڵگرت، جا ئەوم فڕێدا (نێو ئاگر)، بەمجۆرە نەفسی من مەبەستەکەی بۆ نواندم! ﴿٩٦﴾ (مووسا) وتی: بڕۆ، ون بە، هەتا لە ژیانی دنیادای بەشی تۆ هەر ئەمەیە کە بێژی توخنم مەکەون، بۆ تۆ بەڵێنێک (لە عەزابی خوا) هەیە کە ئەو ئازارە هەرگیز لێت جیا ناکرێتەوە (ئێستا) بڕوانە خوای خۆت (گوێلکەکەت) کە کردبووتە خوا و ئەتپەرست دەتوت قەت بەجێی ناهێڵم، ببینە و چاوی لێ بکە کە ئێمە گوێلکەکە دەسووتێنین، لە پاشان خۆڵەکەی ئەپرژێنینە نێو زەریا ﴿٩٧﴾ خودای ئێوە تەنیا ئەڵلایە، کەسێ بێجگە لەو زاتێ تر نییە کە شیاوی پەرستن بێ، زانستی ئەو هەموو شتێکی داگرتووە ﴿٩٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئا بەمجۆرە لە بەسەرهات و هەواڵەکانی ڕابوردوو بۆ تۆ دەگێڕینەوە، هەروەها لە لایەن خۆمانەوە زیکر (قورئان)مان بە تۆ داوە ﴿٩٩﴾ هەرکەس لەوە، خۆ نەبان بکا و گوێ نەدا و ڕوو بسووڕێنێ، ڕۆژی قیامەت بارێکی قورس (لە تاوان و بەرپرس‌بوون) هەڵدەگرێ! ﴿١٠٠﴾ بۆ هەمیشە لەوە (تاوان)دا دەمێننەوە و ناتوانن لە ژێری دەربچن، وای چ بارێکی نالەبار و بێ فەرە بۆ ئەوان لە ڕۆژی بەرێدا! ﴿١٠١﴾ ڕۆژێ کە فوو دەکرێ بە (کەڵەشاخ) شەیپووردا، تاوانباران بە چاوی شین هەڵگەراو (و کوتراو)دا لەو ڕۆژە کۆر دەکەینەوە ﴿١٠٢﴾ ئەوانە بە پچەپچ و سرتەسرت لە نێو خۆیاندا قسە دەکەن، (هەندێ دەڵێن:) ئێوە بێجگە لە دە (شەو و ڕۆژ لە جیهانی بەرزەخدا) نەوەستاون ﴿١٠٣﴾ ئێمە بەوەی ئەوان دەیڵێن ئاگادارترین، کاتێ ئەو کەسە کە زیاد لە هەموویان ئەقڵ و ڕێ و ڕەوشتی باشتری هەبوو، دەڵێ: ئێوە بێجگە لە یەک ڕۆژتان پێ نەچووە ﴿١٠٤﴾ لە بارەی کێوەکانەوە لە تۆ پرسیار دەکەن، بڵێ: پەروەرێنەرم ئەوان هەر بە هاڕین دەیانهاڕێ و بە بای دەکا ﴿١٠٥﴾ جا دەیانکاتە دەشتێکی کاکی‌بەکاکی و ڕاست و تەخت و بێ‌ئاو و بێ‌گژوگیا و ڕووک ﴿١٠٦﴾ (بە جۆرێکی وا) نزمی و کەند و بەرزی و کۆسپێ نەبینی، تەختی تەخت بێ ﴿١٠٧﴾ لەو ڕۆژەدا هەموو بە دەنگی بانگەوازچییەکەوە دەچن کە دەنگی بە هیچ لایەکدا خوار نییە (و مردووەکانیش زیندوو دەبنەوە) و لە بەر خوای بەخشەر هەموو دەنگێک نەوی دەبێ و چپەچپ نەبێ نابیسی (همس: دەنگی بزاوتنی لێو، بێ ئەوەی دەنگێ ببیسی) ﴿١٠٨﴾ لەو ڕۆژەدا تکا و دڵسۆزی (بۆ هیچ‌کەس) سوودی نییە، مەگەر کەسێ کە خوای بەخشەر ئیجازەی تکای پێ دابێ و لە قسە و تکا و وتاری ڕازی بێ ﴿١٠٩﴾ ئەوەی ئەوان (تاوانباران) لە پێشیانە و ئەوەی (لە دنیا) خستوویانەتە پشت سەریان و ئەوەی بەسەریان هاتووە و بەسەریان دێ (خوا) دەیزانێ، بەڵام ئەوان ئەوانە نازانن و توانایان بەسەر (زانستی) ئەودا نییە ﴿١١٠﴾ خەڵک هەمووی (لەو ڕۆژەدا) لە ڕاست خوداییێ کە نامرێ و پایەدارە سەرنەوی و بێ‌هیوان، زیانکار ناهومێد بووە کەسێ کە (باری) ستەمی هەڵگرتووە! ﴿١١١﴾ کەسێ کە کاری چاک بکا و بڕواداریش بێ، نە لە ستەم ئەترسێ و نە لە کەم‌بوونی ماف و هەق ﴿١١٢﴾ هەر بەو جۆرەیش قورئانێ بە عەرەبیمان بۆ تۆ نارد؛ هەموو جۆرە هەڕەشە (و ترس وەبەرنان)مان تیا بەیان کردووە، ڕەنگە خۆپارێز بن، یا بۆ ئەوان پەندێ یا بێدارییەک بەدی بێنێ! ﴿١١٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

جا پایەبەرزە ئەو خوایە کە پاتشای ڕاستەقینەیە، تۆیش (ئەی محەمەد) بەر لەوەی پێتی ڕابگەیێنین بۆ (خوێندنی) ئەم قورئانە پەلە مەکە و بڵێ ئەی پەوەردەم زانیاریم زیاد بکە و گەشە بە زانستم بدە. ﴿١١٤﴾ بە تەحقیق ئێمە لەبەرا پەیمانمان لە ئادەم وەرگرت، جا ئەو لە بیری چوو، لێ نەوینێکی وامان لێ نەدی ﴿١١٥﴾ ئەوەدەمەی کە بە مەلائیکەکانمان وت: کڕنۆش و سوژدە بۆ ئادەم بەرن، جا هەموو سوژدەیان برد بێجگە لە ئیبلیس کە ملی بادا (و سوژدەی نەبرد) ﴿١١٦﴾ جا وتمان: ئەی ئادەم! بەڕاستی ئەمە نەیار و دوژمنی تۆ و خێزانتە، جا نەکا ئێوە لە بەهەشت وەدەر بنێ، چونکە بەختت ڕەش دەبێ و دەکەویە نێو دەرد و ڕەنج ﴿١١٧﴾ بزانە بەڕاستی تا لە بەهەشت بی نە ڕووتوقووتی رووت تێدەکا نە برسی بوون ﴿١١٨﴾ لەوێدا تینووت نابێ و گەرمای ڕۆژیش ناتبا و تاوبردووت ناکا و ئازارت نادا و تاوانگاز نابی ﴿١١٩﴾ جا شەیتان ختییە دوودڵی، وتی ئەی ئادەم! ئایا دەتەوێ بۆ لای داری هەرمان و ماڵ و موڵکی بێبڕانەوە ڕێنوێنیت بکەم و پێت بڵێم؟! ﴿١٢٠﴾ جا (سەرئەنجام) هەردووکیان لە بەری ئەوەیان خوارد (و جلکی بەهەشتیان لەبەر دارنـدرا) شەرمی خۆیان بۆ دەرکەوت، خەریک بوون بە گەڵای (داران)ی بەهەشت خۆ داپۆشن (بەم شێوە) ئادەم لە قسەی خوا لایدا و لە ڕێ دەرچوو، لە پاداشی ئەو بێبەش بوو ﴿١٢١﴾ ئەوسا پەروەرێنەری ئەوی هەڵبژارد و تۆبەی قەبوول کرد و هیدایەت و ڕێنوێنیشی کرد ﴿١٢٢﴾ (خوا) فەرمووی: هەردووکتان لەوێ (بەهەشت) بڕۆنە خوارێ، لە حاڵێکدا دەبنە دوژمنی یەکتر، جا هەرکاتێ ڕێنوێنی منتان بۆ بێ، کەسێ کە لە ڕێ نیشاندانی من پەیڕەوی بکا نە گومڕا دەبێ و نە تووشی دەرد و ڕەنج و نەگبەتی دەبێ ﴿١٢٣﴾ هەرکەسیش لە یادی من ڕوو بسووڕێنێ، بە ئامۆژگاری و بە فەرمانم نەکا ژینێکی پڕ و تەژی لە تەنگانە و دژوار و سەختی بۆ ئەبێ و لە ڕۆژی قیامەت حەشری دەکەین لە کاتێکا کوێرە لەگۆڕێ دەریدەخەین ﴿١٢٤﴾ ئەڵێ: ئەی پەروەرێنەرم! بۆچ بە کوێری زیندووت کردمەوە، خۆ من بینا بووم! ﴿١٢٥﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



دەفەرمێ: هەروەک نیشانگەلی ئێمەت بۆ هات لە بیر خۆت بردەوە، بەمجۆرە ئەمڕۆ تۆیش لە بیر دەچیەوە ﴿١٢٦﴾ بەمجۆرە جەزای کەسێک ئەدەینەوە کە زیادەڕەوی کردووە و بڕوای بە نیشانەکانی پەروەرێنەری نەهێناوە، جەزرەبەی دواڕۆژیش سەختتر و بەردەوامترە! ﴿١٢٧﴾ جا ئایا بۆ ڕێنوێنی ئەوانە بەس نییە کە زۆرێ لە پێشینانمان لە ناو برد، ئەوانە کە ئێستا هەر لەو شوێنە و لە خانووبەرەی (وێرانی) ئەواندا هاتوچۆ دەکەن، هەر لەماندەدا بەڵگەی ڕوون بۆ ژیران و خاوەن ئاوەزان هەیە ﴿١٢٨﴾ ئەگەر قسەی پەروەرێنەرت لە پێش ئێستا نەبوایە؛ وەختێکیش دیاری نەکرابا، جەزرەبەیان بە سەردەهات ﴿١٢٩﴾ جا (کەوایە) لەسەر ئەوەی دەیڵێن خۆ ڕاگرە و تابشت بێنە و شوکر و پەسنی پەروەرێنەرت بکە و بەر لە ڕۆژهەڵاتن (نوێژی بەیان) و بەر لە خۆرنشین و ڕۆژئاوابوون (نوێژی عەسر) و هەندێ لە کاتژمێرگەلی شەو (بەتڵ و بەشێک لە شەو) (نوێژی شێوان و عیشا) و لە هەردوو ئالی ڕۆژدا (نیوەڕاست)ی ڕۆژدا (نوێژی نیوەڕۆ بکە) بەڵکوو بە ئارەزووت بگەی و ڕازی بی ﴿١٣٠﴾ چاوی خۆت مەبڕە ئەو شتانەی وا بە تاقم و دەستەیەکمان لەوانە داوە، چونکە ئەمە شکۆفەی خۆشی ژیانی دنیایە و بۆ ئەوەیە کە ئەوانی (دنیا خوازان)ی پێ تاقی بکەینەوە، ڕسق و ڕۆزی پەروەرێنەرت چاتر و بەردەوامترە ﴿١٣١﴾ بە خاووخێزانی خۆت دەستوور بدە تا نوێژ بخوێنن و لەسەر ئەنجامدانی نوێژ بەتابشت بە (لەسەر نوێژکردن بەردەوام بە)، ئێمە ڕسق و ڕۆزی لە تۆ ناخوازین، (بەڵکوو) ئێمە ڕسق و ڕۆزی بە تۆ دەدەین، سەرئەنجامی باش و بەختەوەرانە بۆ خۆپارێزانە ﴿١٣٢﴾ ئەوانە (خوانەناسان و دنیاخوازان) وتیان: بۆچ (پێغەمبەر) کشگێری و نیشانەیەک لە لای پەروەرێنەریەوە بۆ ئێمە ناهێنێ؟ (پێیان بێژە) ئایا بەڵگەیان لە کتێبەکانی ئەوەڵدا بۆ نەهاتووە ﴿١٣٣﴾ ئەگەر ئێمە بەر لەوە (ناردنی قورئان) بە ئازارێک ئەوانمان لەناو ببردایە، دەیانوت: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! بۆچ بۆ ئێمە پێغەمبەرێکت نەنارد تا لە نیشانە (و دەستوورەکان)ی تۆ پەیرەوی بکەین، بەر لەوەی بێچارە و زەلیل بین ﴿١٣٤﴾ بڵێ: هەموو (ئێمە و ئێوە) چاوەڕوانین (ئێمە چاوەڕوانی سەرکەوتن و ئێوەش چاوەڕوانی تێشکانی ئێمە بن)، جا کەوایە چاوەڕوان بن، بەڵام بە زوویی دەزانن و تێدەگەن ڕێرەوانی ڕێگای ڕاست، کامانەن و کێ لە ڕێ شارەزا بووگە و چ کەسێ خاوەنی ڕێگای ڕاستە و چ کەسێ ڕێنوێنی بووە ﴿١٣٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



# سوورەی ئەنبیا ١١٢ ئایەتە

**سوورەی ئەنبیا لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١١٢ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

زەمانی لێ‌پرسینەوە نێزیک بۆتەوە، بەڵام ئەوان لە غەفڵەتدان و رووسوورێنەرن ﴿١﴾ هەر ئامۆژگارییێکی تازەیان لە پەروەرێنەریانەوە بۆ بێ، گوێی بۆ رادەگرن (بە خەیاڵ) دەیبیسن و گاڵتەی پێ‌دەکەن ﴿٢﴾ دڵبەتاڵ و خافڵن، ئەوانەیش وا ناهەقییان کرد، بە سرتەسرت وتیان ئاخۆ ئەمیشە مرۆیەک وەکوو خۆتان نییە؟ دەی چۆن ئێوە بە جادوو دەسخەڕۆ دەبن و فریو دەخۆن لە حاڵێکدا بە چاوی خۆتان زەق دەیبینن ﴿٣﴾ (بەڵام پێغەمبەر) فەرمووی: پەروەرێنەری من هەموو قسەیەک چ لە ئاسمان و چ لە زەوی بێ، ئەیزانێ، هەر ئەویشە زۆر ژنەوا و زانا ﴿٤﴾ ئەوانە وتیان: نا (ئەوەی محەمەد هێناویەتی لە خواوە نییە) بەڵکوو خەوی هاشەوپاشەیە، بەڵکوو بە درۆ ئەوانەی بە دەم خواوە هەڵبەستووە؛ بەڵکوو ئەو هەستیارێکە! (ئەگەر راست دەڵێ) جا با نیشانە (کشگێری)یەک بۆ ئێمە بێنێ، هەروەکوو پێغەمبەرانی پێشین کە (بە کشگێرییەوە) نێردراون ﴿٥﴾ هەموو (خەڵکی) ئاوەدانی‌گەلێ کە بەر لەمانیش لە ناومان بردن، بڕوایان (بە نیشانەکانمان) نەهێنا، جا ئایا ئەمانە بڕوا دێنن؟! ﴿٦﴾ ئەو مێرانەی وا بەر لە تۆیش رامانسپاردوون هەروەکوو تۆ تێمان گەیاندوون و وەلام و پەیام و راسپێریمان بۆ ناردوون، جا ئەگەر نازانن لەوانەی وا خێوی کتێبن بپرسن ﴿٧﴾ هیچ لەشی وامان پێ‌نەدان کە هیچ نەخۆن و نەخۆنەوە و نەمرن و تەمەنیان نەبڕێتەوە ﴿٨﴾ لە پاشان بە بەڵێنێک کە بەوانمان دابوو، راست بردمانە سەر، جا ئەوانە و هەرکەس کە ویستمان (لە دوژمنانیان) رزگارمان کردن، زۆرخوازانیشمان تیا برد ﴿٩﴾ بە هەقیقەت کتێبێکمان بۆ ئێوە ناردۆتە خوارێ باسی ئێوەیشی تێدایە (پێیان بڵێ) ئاخۆ ئەقڵ و ئاوەزتان دەخەنە کار و ئایا بیر ناکەنەوە چیتانە کەوا تێناگەن ﴿١٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دكتورسا لح ئيبراهيمى



شار و ئاوەدانیمان کە (خەڵکەکەی) ستەمکار بوون تێکشکاندن و وێرانمان کردن و دوای ئەوان هۆزی دیکەمان ئافراند و لە جێی ئەوانمان دامەزراند (قَصَمْ: توند شکاندن و وردکردن) ﴿١١﴾ جا کاتێ کە مەترسی عەزابی ئێمەیان هەست کرد لە ناکاو لە دەسی هەڵاتن! ﴿١٢﴾ هەڵمەیەن و بگەڕێنەوە سەر گوزەرانتان بۆ نێو خانوو وماڵوحاڵتان، بەڵکوو پرسیارتان لێ بکرێ ﴿١٣﴾ وتیان: وای بۆ ئێمە، بەڕاستی ئێمە ستەمکار بووین ﴿١٤﴾ جا ویردی زمانیان هەر ئەمە بوو (ماڵوێران خۆین) تا وەک ساقەتەی دروێنە کراو ویشک و بێدەنگمان کردن ﴿١٥﴾ ئاسمان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەواندایە بۆ گەمە و بەفیڕۆ خەڵقمان نەکردوون ﴿١٦﴾ (بە فەرزی مەحاڵ) ئەگەر بمانویستبا لەیستۆک و ئامرازی گەمە و گەمەییک بۆ خۆمان هەڵبژێرین، هەرلای خۆمان شتێکی وامان هەڵدەبژارد کە شیاوی ئێمە بێ، ئەگەر ئەنجامدەری ئەوە بواین هەر دەمانکرد ﴿١٧﴾ بەڵکوو ئێمە هەق ئەکوتین بە سەر باتڵ (پڕوپووچ)دا تا (باتڵ) لەناو دەبا، (یا نەخێر؛ ڕاستی بەرەو ناحەق دەهاوێژن هەتا تێکی بشکێنێت و لە بەین بچێ جا لەناکاو باتڵ لەناو دەچێ، وای بۆ ئێوە لە پەسنێ کە بۆ خوا و لە تاریفێ کە (بۆ بێ ئامانجی جیهان) دەیکەن ﴿١٨﴾ بۆ ئەوە، ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، ئەوانەیش کە لای خوان، هیچ کاتێ لە عیبادەت کردنی ئەودا خۆ بە زڵ دانانێن و قەتیش ماندوو و فلیش نابن ﴿١٩﴾ شەو و ڕۆژ پەسنی پاکی و بێخەوشی خوا دەکەن و سست و ماندووش نابن ﴿٢٠﴾ ئایا ئەوانە خوایانێکیان لە زەوی (بۆ خۆیان) دەس کەوتووە کە ئەوانە (مردوو) دەژێیننەوە و زیندوو دەکەنەوە؟ ﴿٢١﴾ ئەگەر لە ئاسمان و زەوی خوایانێ غەیری (الله) هەبووانە، سروشتی جیهان و ئاسمان و زەوی هەردووکیان تێکدەچوون، جا پاک و بێخەوشە خوای پەروەرێنەری (عەرش) تەخت لە پەسنێ کە ئەوانە دەیکەن ﴿٢٢﴾ لە کارێ کە دەیکا ناپرسرێ (و ڕەخنەی لێ ناگیردرێ)، لە کاری ئەوان دەپرسرێ (و ڕەخنە) دەگیردرێ ﴿٢٣﴾ ئایا ئەوانە بێجگە لە خوا شتگەلیان هەڵبژاردووە؟ بڵێ: بەڵگەتان بێننەوە، ئەمە قسەی ئەو کەسانەیە کە لەگەڵ منن (و لە من فێر بوون) و قسەی کەسانێکە (پێغەمبەرانێکە) کە بەر لە من هەبوون، بەڵام زۆربەی ئەوانە هەق نازانن، جا لەبەر ئەمە (لە هەق) ڕووسوورێنەرن ﴿٢٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئێمە بەر لە تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە، مەگەر ئەوە کە پێمان ڕاگەیاندوون کە بێجگە لە من خوایێ دیکە نییە، جا کەوایە تەنیا من بپەرەستن ﴿٢٥﴾ ئەوانە وتیان: خوای بەخشەر منداڵی بۆ خۆی هەڵبژاردووە (کە مەلائیکەن)! (خوا) پاک و بێخەوشە (لەم عەیب و کەموکووڕییانە)، بەڵکوو ئەوانە (مەلائیکە) بەندەی شیاو (ی خوا)ن ﴿٢٦﴾ لە پێش قسەی خوا ناکەون، بە فەرمانی خوا عەمەل دەکەن ﴿٢٧﴾ (خوا) کردەوەی ئەمڕۆ و داهاتووی ئەوانە دەزانێ، هەرکەسێ خوا خۆی لێی ڕازی نەبێ، کەس ناتوانێ تکای بۆ بکا، ئەوان (مەلائیکە) لە ترسی ئەو لە ترسدان ﴿٢٨﴾ هەرکەس لەوانە بڵێ: منیش خوادایەکم (خودایێترم) بێجگە لە خوا، بە جەهەندەم سزای ئەدەین، ئا بەمجۆرە سزای (خوانەناسان) ستەمکاران ئەدەین ﴿٢٩﴾ ئاخۆ خوانەناسان ئەمەیان نەزانی؟ کە ئاسمانەکان و زەوی پێکەوە لکابوون، جا ئێمە ئەوانمان لە یەکتر جیا کردەوە؟ زێندەوەرێکمان لە ئاو گووڕاندووە و وایشمان کردووە تا بە ئاو بژین، جا ئایا (ئێستاش) بڕوا ناهێنن ﴿٣٠﴾ لە زەویدا کێوگەلی مەحکەم و پتەومان دانا تا بەوان ئۆقرە بگرێ (و نەلەرزێ)، لەو (زەوی)دا دۆڵ و دەرە و ڕێگاگەلمان سازدا تا شارەزا بن ﴿٣١﴾ ئاسمان (کەشوهەوای زەوی)مان کردە میچێکی پارێزەراوی پتەو، بەڵام ئەوان ڕووسووڕێنەر بوون لە نیشانەکانی ئێمە ﴿٣٢﴾ ئەو (خوا) زاتێکە کە شەو و ڕۆژ و تەبەق و گۆی خۆر و مانگی ئافراندووە کە هەریەکە لەوان لە مەدارێکدا (بە دەوری خۆیان) دەخولێنەوە ﴿٣٣﴾ ئێمە بۆ هیچ ئینسانێک بەر لە تۆ ژیانی هەمیشەییمان دانەناوە (بەڵام ئەوان کە چاوەڕوانی مردنی تۆن)، جا ئایا ئەگەر تۆ بمری، بۆ ئەوان ژیانی هەمیشەیی دەبێ؟ ﴿٣٤﴾ هەر ئینسانێک تامی مەرگ دەچێژێ، ئێمە بە ڕاگەیاندنی خراپە و چاکە ئێوە تاقی دەکەینەوە و سەرئەنجام دەگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە ﴿٣٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



هەر وەختێ خوانەناسەکان تۆ دەبینن، گەپ و گاڵتەی خۆیان دەخەنە سەر تـۆ (و دەڵـێن) ئایا ئەمە ئەو کەسەیە کە قسە لە (بت و) خوایـانی ئێـوە دەکـا؟ کەچی خۆشـیان لە یـادی خـوای بەخشەر حاشا دەکەن ﴿٣٦﴾ (بەڵێ) ئینسان لە تاڵووکە و لە پەلە دروس بـووە و بەدیهـاتووە، هەربینا بەم زووانە نیشانەکانی خۆمتان لەناکاو نیشان دا، جا (کەوابوو) تـاڵووکەم لـێمەکەن ﴿٣٧﴾ ئەگەر ئەو خوانەناسانە، بیانزانبیا کاتێ کە ناتوانن بڵێسەی ئاگر لە ڕوخسار و دەموچاو و لە پشتی خۆیان دوور بکەنەوە و لەلایەن هیچ کەسێکەوە یارمەتیش نادرێن (نە وایان دەکـرد و نە ئەوەندە لەبابەت ڕۆژی بەرێدا تاڵووکەیان دەکرد) ﴿٣٩﴾ بەڵکـوو ئەم سـزادانی ئیلاهیـیە، لەناکاو دەیانگـاتێ و تووشـی واقوڕمـان و گێـژ و مەنـگ و مـات و داماویـان دەکـا، جـا (بە جـۆرێکی وا) نـاتوانن بەرپەچـی بـدەنەوە و مۆڵەتیشـیان نـادرێتێ ﴿٤٠﴾ وە بە هەقـیقەت پێغەمبەرانی بەر لە تۆیش گاڵتەیان پێکراوە جا سـەرئەنجام ئەوەی (لە عـەزابی ئیلاهـی) بە گاڵتەیان دائەنا، داوێنی گاڵتەکەرەکانی گرت ﴿٤١﴾ بڵێ: چ کەسێ ئێـوەی لە جەرگەی شـەو و ڕۆژدا (لە سـزادانی) خـوای دڵاوا ڕادەگـرێ و دەیپـارێزێ؟ بەڵام ئەو خوانەناسـانە لە یـادی پەروەرێنەریان ڕووسوورێنەرن ﴿٤٢﴾ ئایا بۆ ئەوانە خوایانێـک هەیە کە ئەتـوانن لە بەرامـبەر ئێمەدا بەرگرییان لێبکەن؟ (ئەم خوا دەسکردانە) ناتوانن یارمەتی خۆیـان بـدەن و نە لە لایەن ئێمەوە یـارمەتی ئەدرێـن ﴿٤٣﴾ بەڵکـوو ئـێمە نیعمەتمـان بە ئەوان و باووباپیرانیـان داوە تـا تەمەنی زۆریان پەیا کرد (و لەخـۆ دەرچـوون و بـاغر بـوون و ملیـان بـادا)، جـا ئایـا نـابینن و تێناگەن کە ئێمە لە هەموو شوێنی زەوی (خەڵکەکەی) کەم دەکەینەوە، جا ئایا ئەوان زاڵن (یا ئێمە)؟ ﴿٤٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



بڵێ: من تەنیا بەو فەرمانەی بۆم هاتووە ئێوە بێدار و وشیار دەکەمەوە و دەتانترسێنم، بەڵام بانگ بە گوێی کەڕاندا و ترساندنیان کەڵکی نییە و نابێ ﴿٤٥﴾ ئەگەر کەمترین ئازاری پەروەرێنەرت بەوانە بگا و وە لەشیان کەوێ دەڵێن: وای بەڕاستی ئێمە هەموومان ستەمکار بووین ﴿٤٦﴾ ئێمە تەرازووی هەڵسەنگاندنی عەدڵ و داد بۆ ڕۆژی قیامەت دادەنێین، جا لە هیچکەس کەمترین ستەمێ ناکرێ، تەنانەت ئەگەر بە ئەندازەی سەنگی دانەیەک لە خەردەل (ئاڵەت) (کاری چاک یا خراپ) هەبێ، ئێمە ئەوە حازر دەکەین و بۆمان بەسە کە هەر خۆمان پێی ڕابگەین؛ حیسابگەر بین ﴿٤٧﴾ بە مووسا و هاروون فورقانمان دا (کە جیاکەرەوەی هەق لە باتڵە) و ڕوونکەرەوە و پەندە و هۆی وەبیرهێنانەوەیە بۆ خۆپارێزەران ﴿٤٨﴾ ئەو کەسانەی کە لە نهێنیدا لە پەروەرێنەریان دەترسن و ترسیان لە ڕۆژی بەرێش هەیە ﴿٤٩﴾ ئەمە (قورئان) ئامۆژگارێکی پڕ خێر و بەرەکەتە کە ناردوومە، جا ئایا ئێوە مونکیری ئەوەن؟! ﴿٥٠﴾ ئێمە لەبەرا هۆی پێگەیشتن و ڕێنوێنمان بە ئیبراهیم دابوو و لە (شیاوی) ئەو ئاگادار بووین ﴿٥١﴾ ئەو دەمە کە بە (ئازەری) باوکی و بە هۆزی خۆی وت: ئەم (کوتەڵ و پەیکەر و هەیکەل و بوکلە (بێگیانانە) کە دەیانپەرستن چن؟! ﴿٥٢﴾ وتیان: باووباپیرانی خۆمانمان دی کە عیبادەتیان بۆ دەکردن؟! ﴿٥٣﴾ وتی: بە هەقیقەت ئێوە و باووباپیرانتان لە گومڕاییەکی ئاشکرادان ﴿٥٤﴾ وتیان: ئایا تۆ هەقت بۆ هێناوین یا گاڵتەمان پێ دەکەی؟! ﴿٥٥﴾ وتی: (هەقم هێناوە) پەروەرێنەری ئێوە هەمان پەروەرێنەری ئاسمانەکان و زەوییە کە ئەوانەی بەدی هێناوە، من لەسەر ئەوانە لە ڕیزی شایەدانم ﴿٥٦﴾ سوێند بە خوا دوای پشت تێکردنتان، بۆ لە نێو بردنی بتەکانتان دەبێ گەریان تێئاڵێنم و چارەیان بکەم، خۆ ئێوە هەر خەریکی تەشقەڵە و توشقەڵەن ﴿٥٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



سەرئەنجام هەموو ئەوانەی ـ بتە زلەکەیان نەبێ ـ ورد کرد بەسەر یەکدا تا بەڵکوو بگەڕێنەوە لای ئەو (ئیبراهیم و ئەویش هەقیقەتیان پێ بڵێ یا لە دینی خۆیان بگەڕێنەوە سەر دینی ئیبراهیم) ﴿٥٨﴾ وتیان: چ‌کەسێ وای لە خوایانی (بتەکانی) ئێمە کردووە، بەڕاستی ئەو لە ستەمکارانە (و ئەبێ سزا بدرێ) ﴿٥٩﴾ (تاقمێ) وتیان: بیستمان لاوێک لە (خراپی) بتەکاندا قسەی دەکرد کە ئیبراهیمیان پێ‌دەوت ﴿٦٠﴾ (دەستەیێ) وتیان: بیهێننەوە بەرچاوی خەڵک، بەڵکوو (ئەوانەی دەیناسن) شایەدی لەسەر بدەن! ﴿٦١﴾ (کاتێ ئیبراهیمیان هێنا) وتیان: ئایا تۆ ئەم کارەت لە تەک خوایانی ئێمەدا کردووە ئەی ئیبراهیم؟! ﴿٦٢﴾ وتی: (نا) بەڵکوو زلەکەیان ئەم کارەی کردووە! جا لەوان (لە بتە شکاوەکان) بپرسن، ئەگەر قسە دەکەن!! ﴿٦٣﴾ جا ئەوانە (بتپەرستان) گەڕانەوە لای ویژدانی خۆیان و (خۆ بە خۆ) وتیان: بەڕاستی ئێوە ستەمکارن ﴿٦٤﴾ ئەوسا سەریان شۆڕ کردەوە (و وتیان:) تۆ کە دەزانی ئەوانە قسە ناکەن! ﴿٦٥﴾ (ئیبراهیم) وتی: جا ئایا بێجگە لە خوا شتێ دەپەرستن کە نە کەمترین سوودێکتان پێ دەگەیینێ و نە زیانێکیشتان لێ‌ئەدا (کە چاوتان لە سوودی بێ یا لە زیانی بترسن) ﴿٦٦﴾ وای و ئۆف بۆ ئێوە، بێزار بوم و بێزم هەستا لەوەی کە بێجگە لە خوا عیبادەتی بۆ دەکەن، ئایا ئاوەزتان ناخەنە کار ﴿٦٧﴾ (هاواریان کرد و) وتیان: بیسووتێنن و یارمەتی خوایانی خۆتان بدەن، ئەگەر کارێکتان لە دەس دێ؟! ﴿٦٨﴾ (سەرئەنجام خستیانە نێو ئاگر، بەڵام ئێمە) وتمان: ئەی ئاگرا لەبەر ئیبراهیم سارد و بێوەی بە ﴿٦٩﴾ ئەوانە دەیانویست تەشقەڵەیەک بە ئیبراهیم بکەن و لە نێویبەرن، بەڵام ئێمە ئەوانمان کردە زیانلێکەوتووترینی خەڵک ﴿٧٠﴾ ئەو (ئیبراهیم) و لووتمان ڕزگار کرد (و ناردمانە) سەرزەوییەکی وەها (واتا شام) بۆ هەموو جیهانیانمان پڕ پیت کرد و بەرەکەتمان تێخست ﴿٧١﴾ ئیسحاقمان پێدا و یەعقووب (یشمان) بە زیادەبەش یا (بە ناوی نەوە) پێ بەخشی و هەموویانم کردە مێرخاس و پیاو چاک، (خوا بە ئیبراهیم لە هاجەر، ئیسماعیل و لە سارا ئیسحاق و پیاوچاک و یەعقووبی بە بێ دوعا کردن بە زیادەبەش یا بە (نەوە) پێ‌داوە تەفسیری ئەبوسعود عیمادی کورد: العقل السلیم الی مزایا الکتاب الکریم (شەپۆل) ﴿٧٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەوانمان کردە پێشەوا کە بە فەرمانی ئێمە (خەڵکیان) ڕێنوێنی دەکرد و ئەنجامی کاری چاک و نوێژ کردن و زەکاتدانمان پێ ڕاگەیاندن، تەنیا بۆ ئێمەیان عیبادەت دەکرد ﴿٧٣﴾ بە لووتیش فەرمان (پێغەمبەری) و زانستمان پێدا و لە شارێکی وا (بابل) کە بێناموسی دەکرا ڕزگارمان کرد، (چونکە خەڵکی بابل کۆمەڵێکی بەدفەڕ و خراپ بوون ﴿٧٤﴾ ئەومان خستە بەر بەزەی خۆمان، (چونکە) بەڕاستی ئەو لە مێرچاکان بوو ﴿٧٥﴾ (بێنەوە بیر) نووح کاتێ کە لەبەرا (بەر لە ئیبراهیم و لووت) هاواری (لە خوای خۆی) کرد، جا ئێمەش وەڵاممان دایەوە و ئەو و خاووخێزانی ئەومان لە غەم و خەفەتی گەورە ڕزگار کرد ﴿٧٦﴾ ئەومان لە (بەرامبەر) هۆزێ کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ خستبۆوە یارمەتی دا، چونکە ئەوانە هۆزێکی بەدفەڕ بوون، جا هەموویانمان نوقم کرد تا لە نێو ئاو خنکان ﴿٧٧﴾ داود و سولەیمان (بێنەوە بیر و باسێکیان بکە) کاتێ کە لەبابەت کشتکاڵێکەوە کە پەزی هۆزێک بە شەوا پێی وەرببوون و بەکۆمەڵ تێیدا لەوەڕابوون (و زیانیان پێ گەیاندبوو) داوەرییان دەکرد (داود وتی: ئەبێ پەزەکان لە باتی زیانی کشتوکاڵەکە بدرێ بە خاوەن زەراعەتەکە)، ئێمە شایەدی داوەری کردنی ئەوان بووین ﴿٧٨﴾ جا ئێمە ئەوە (داوەری باشتر)مان بە سولەیمان فێر کرد (سولەیمان وتی: ئەبێ پەزەکان بدرێ بە خاوەن کشتوکاڵەکان تا لە بەروبوو و شیر و خورییەکانیان کەڵک وەربگرێ و بەروبووی کشتوکاڵەکەش بدرێ بە خاوەنپەزەکان)، بە هەریەکە لەو دووانە داوەری و زانستمان پێدان، کێوەکان و باڵندەمان بۆ داود ڕام کرد کە لەگەڵ ئەودا پەسنی پاکی خوا بکەن و ئێمە توانامان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە هەیە ﴿٧٩﴾ داودمان بۆ ئێوە فێری دروست کردنی زرێ کرد تا ئێوە لە جەنگدا بپارێزێ، جا ئایا شوکری (ئەم نیعمەتانەی خوا) بەجێدێنن؟! ﴿٨٠﴾ بای توندمان کردە فەرمانبەری سولەیمان کە بە فەرمانی ئەو بڕواتە ئەرزێ کە ئەوێمان پڕ پیت و بەرەکەت کردبوو، ئێمە ئاگامان لە هەموو شتێک هەبوو ﴿٨١﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



(دەستەیێ) لە شەیتانەکانیشمان ڕامی ئەو (سولەیمان) کرد کە بۆ سولەیمان (لە زەریاکاندا) مەلەوانییان دەکرد و بێجگە لەوە کاری دیکەشیان بۆ ئەو ئەنجام ئەدا، ئێمەیش پارێزەری ئەوانین ﴿٨٢﴾ ئەیووب (بێنەوە بیر) کاتێ کە هاواری بۆ خوای خۆی برد (و عەرزی کرد:) نەخۆشی و چارەڕەشی ڕووی تێکردووم و تۆ دلۆڤانترینی دلۆڤانانی ﴿٨٣﴾ نزا و پاڕانەوەی ئەومان وەڵام دایەوە و ئازارمان لەسەر لابرد و خێزانەکەیمان پێداوە و هێندەی تریش وێڕای ئەوان. بەزەییێ بێ لە ئێمەوە و پەند و وەبیر هێنەوەیش بێ بۆ عیبادەتکەران ﴿٨٤﴾ ئیسماعیل و ئیدریس و زەلکیفل (بیشر) بێنەوە بیر، هەموویان لە خۆڕاگران و تابشتهێنەران بوون ﴿٨٥﴾ ئەوانمان خستە بەر بەزەیی خۆمان (چونکە) بەڕاستی ئەوان لە چاکان بوون ﴿٨٦﴾ زەننوون (یوونس بێنەوە بیر) لەو دەمەی کە بە تووڕەیی (لە نێو هۆزەکەی) ڕۆیی، وای دەزانی کە تەنگەتاوی ناکەین (بەڵام کەوتە نێو دەمی نەهەنگ)، لە نێو ئەو تاریکاییەدا هاواری کرد ئەی خوا! بێجگە لە تۆ خوایێ دیکە نییە، پاکی و بێخەوشی بۆ تۆیە، بەڕاستی من لە ستەمکارانم ﴿٨٧﴾ جا ئێمە نزا و دوعای ئەومان وەڵام دایەوە و لەو غەمە ڕزگارمان کرد، هەرواش بڕواداران ڕزگار دەکەین ﴿٨٨﴾ زەکەریا (بێنەوە بیر) لەو دەمەیدا کە هاواری لە خوای خۆی کرد (و عەرزی کرد:) ئەی پەروەریێنەرم! بە تەنیا بەجێم مەهێڵە (و ڕۆڵەیەکم بدەرێ)، تۆ باشترینی میراتگرانی ﴿٨٩﴾ جا ئێمە نزا و دوعای ئەومان وەڵام دایەوە و یەحیامان پێ بەخشی و ژنەکەیشیمان بۆ چاک کردەوە، (چونکە) بەڕاستی ئەوان لە چاکە (و چاکە کردنا) بەپەلە بوون و تاڵووکەیان دەکرد و بە هەویا و بە ترسەوە هاواریان لە ئێمە دەکرد و بۆ ئێمە مل کەچ و خۆ بەکەم زان بوون ﴿٩٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



(بێنەوە بیر) ئەو پیرەک و ژنە (مەریەمی کچی عیمران) کە داوێنی خۆی پاک ڕاگرت و پاراستی، جا ئێمە لە ڕۆحی خۆمانەوە فوومان پێداکرد و ئەو و کورەکە (مەسیح)ی ئەومان بە نیشانەیەکی گەورە بو جیهانیان دانا ﴿٩١﴾ ئەمە ئایینی ئێوەیە و یەک ئایینە (پێغەمبەرانێ کە باسمان کردن هەموو خوایان بە یەک زانیوە) و دیارە من پەروەرێنەرتانم، ئەبێ بمپەرستن ﴿٩٢﴾ (دەستەیێ لە پەیڕەوانی بێ ئاگا) کاری خۆیان لە نێو خۆیاندا پچڕ پچڕ کرد و جیاوازییان سازدا، (بەڵام سەرئەنجام) هەموو بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە ﴿٩٣﴾ جا هەرکەس کارێکی چاک بکا و بڕوایشی هەبێ، تێکۆشانی ئەو ون نابێ، ئێمە (کردەوەی) بۆ دەنووسین (تا موو بە موو پاداش بدرێتەوە) ﴿٩٤﴾ گەڕانەوە بۆ خەڵکی گوندێک کە لەناومان بردوون نارەوایە و جارێکیتر ناگەڕێنەوە ﴿٩٥﴾ تا ئەو دەمەی کە (ڕێگا بۆ) یەئجووج و مەئجووج بکرێتەوە، ئەوانە لە هەر بەرزاییەکەوە بەتاڵووکە و بەلەز بێنە دەرێ (حدب: بەرزایی) ﴿٩٦﴾ بەڵێنی هەق (هاتنی قیامەت) نێزیک بۆتەوە، جا لەو کاتەدا چاوی خوانەناسان لە ترسا (مۆلەق دەبن و) لە گەڕان دەکەون (و ئەڵێن:) وای بۆ ئێمە کە بە هەقیقەت ئێمە لەمە بێئاگا و غافڵ بووین، بەڵکوو ئێمە ستەمکار بووین ﴿٩٧﴾ بەڕاستی ئێوە و ئەوەی بێجگە لە خوا کە دەتانپەرست، دەبنە دەوەن؛ دەستەچیلە، ئێزنگ و داری سووتەمەنی دۆژەهـ، و ئێوە دەچنە نێوی (حصب: دەوەنێ کە فڕێ ئەدرێتە ناو تەنوور) ﴿٩٨﴾ ئەگەر ئەوانە (بتەکان) خوا بووایەن قەت نەدەچوونە نێو ئاگر(ی دۆژەهـ)، هەموو بت و بتپەرەستان لەوێدا قەتیسن ﴿٩٩﴾ لەوێدا هەنسکان دەدەن و ئەوانە لەوێدا (شتێ کلەکلێ دۆژەهـ نابیسن)، نابیسن (دەردیان ئەوەندە زۆرە، گوێیان لە هیچ نابێ) ﴿١٠٠﴾ بەڕاستی کەسانێ کە بەڵێنی چاکمان لەبەرا پێ دابوون، ئەوانە لەوە (جەحەندەم) دوور ڕادەگیردرێن ﴿١٠١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئەوانە (بڕوادارانی) چاک گوێیان لە کلّپە و قرچەقرچی کلّی نێلّدراوی دۆژەهـ نـابێ و هەرچی ئارەزووی‌انە بـۆ هەتاهەتـا هەر هەیـانە (حسـیس: قرچەقرچـی دەسـتەچیلە سـووتان) ﴿١٠٢﴾ مەترسی گەورە ئەوان غەمگـین ناکـا، فریشـتە دەچـنە پێشـوازیان (و دەڵـێن:) ئەمە هەر ئەو ڕۆژەیە کە بەڵێنتان پێ درابوو ﴿١٠٣﴾ ڕۆژێ ئاسمان هەڵـدەپێچین، هەروەکـوو هەڵپێچانـدنی تۆماری قاقەز بۆ نووسین، (لە پاشان) هەروەکـوو ئافەرینشـمان دەس پـێ کـرد، دەیگێـڕینەوە، ئەمە بەڵێنێکە کە ئەنجامدانی لەسەر ئێمەیە، بەڕاستی بە ئەنجامیشی دەگەیێنین (و جیهانی هەستی دەپێچینەوە) (وعدا مفعول مطلقه بۆ وَعَدَ، چەن تەئکید لەم ڕستەدا هەیە: ١ـ وعدا ٢ـ عَلَینا ٣ـ اَنّا ٤ـ کنّا ٥ـ فاعلین) تەفسیری ئەبوسعود عیمادی کورد (شـەپۆل) ﴿١٠٤﴾ ئـێمە لە زەبـووردا کە لە پـاش تەورات بوو، نووسیمان بەندەکانی چاکی من خێروبێـری گـۆی زەوی بە مـیرات دەبەن ﴿١٠٥﴾ دیارە لەماندا (هێمایە بۆ ئەو پەند و ئامۆژگاری و فەرمانەی کە لەم سوورەیەدان) بانگەوازێ هەیە بۆ گەلی خواپەرستان ﴿١٠٦﴾ تۆمان هەربۆیێ نارد تا دڵسۆز و چاکەیەک بی بـۆ هەمـوو جیهانیان ﴿١٠٧﴾ بڵێ: تەنیا شتێک کە بۆ من دەبێ، ئەمەیە کە (ئەو پەند و فەرمانـانەی لەم سوورەیەدان) خوای ئێوە تاقانەیە، ئایا ئێوە دەیسەلمێنن) ﴿١٠٨﴾ ئەگەر ڕوو بسـووڕێنن، جـا بڵێ: بە هەمووتانم یەکسان ڕاگەیاند و نایشزانم ئایا ئەوەی بەڵـێنتان پێی دراوە: (ئازاری خوا) لێتان نێزیکە یا دوورە؟! ﴿١٠٩﴾ هەرقسێکی بە ئاشکرا بیدرکێنن یا بیشارنەوە خـوا دەیزانـی (و هیچ شتێکی لێ ون نییە) ﴿١١٠﴾ من نازانم، ڕەنگە ئەمە بـۆ ئێـوە ئەزمـوونێ بـێ و خـوا بیەوێ بۆ ماوەیەک لە ناز و نیعمەتدا بن ﴿١١١﴾ (پێغەمبەر) فەرمووی: ئەی پەروەرێنەرم! بە هەق داوەری بکە (و ئەم خۆ قەفکەرانە سزا بدە)، پەروەرێنەری ئێمە (دلۆڤان)ە، لە بەرامـبەر ئەم قسە ناشیاوانەی ئێوەدا یارمەتی لەو دەخوازم ﴿١١٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



# سوورەی حەج ٧٨ ئایەتە

## لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٧٨ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن

ئەی خەڵکینە لە پەروەرێنەرتان پەرواتان هەبێ کە عەرزهەژان و بوومەلەرزەی ڕۆژی بەرێ شتێکی (مەترسیدار و) گەورەیە ﴿١﴾ ڕۆژێ کە ئێوە ئەو دەبینن (ئەوندە سامدارە) هەر شیردەرێک لە ترسان ساوای شیرخۆرەی خۆی لەبیر دەچێ و بەجێی دێڵێ، هەر ئاوس و دووگیانێک کە تۆڵ و بێچووی لە ناو پزدان بێ بەر داوێ، خەڵک بە مەست و سەرخۆش دەبینی، کەچی مەست نین، بەڵام ئازاری خوا سەختە (مرضعة ژنێکە مەمکی لە زاری منداڵەکەیدا بێ و خەریکی شیردانی بێ) ﴿٢﴾ هەندێ خەڵک هەن (نضربن حارث و موشریکان) بێ هیچ زانست و زانێنیک لەبابەت خواوە (تاقانە بوونی خوا یا مردوو و زیندوو کردنەوە و...) قرەقر دەکەن و بە دوای هەر شەیتانێکی سەرکێش دەکەون ﴿٣﴾ لەسەر ئەو (شەیتان) نووسراوە و بڕیار دراوە کە هەرکەس ئەو (شەیتان)ی خۆش بوێ و بە دووی بکەوێ، بە هەقیقەت لاڕێی دەکا، بۆ ئاگری سووتێنەر ڕێنوێنی و بەرێی دەکا (سعیر: سعر: قووڵایی ئاگری دۆژەهی سووتێنەر) ﴿٤﴾ ئەی خەڵکینە! ئەگەر لە زیندوو بوونەوە دردۆنگن، جا (سەرنجی ئەمە بدەن) ئێمە ئێوەمان لە خاک بەدی هێنا، لە پاشان لە تنۆکێ ئاوی خەست و دوای ئەوە لە جەڵتە خوێنێ، لە پاشان لە گۆشتی جەویو بیچم پێدراو یا پێنەدراو (مەبەست ئەمەیە): تا بۆتان ڕوون بکەینەوە (کە بەسەر هەر شتێکدا توانایین)، هەر پزێک (کچ یا کوڕ) کە بمانەوێ لە پزداندا تا ماوەیەکی دیاریکراو ڕایدەگرین (و ئەگەر بشمانەوێ بەری پێ دەخەین)، لە دواییدا بە وێنەی زارۆک دەتانهێنینە دەرێ، جا (ماوەتان ئەدرێ) تا پێبگەن و بلووغتان ببێ، (لەم نێوەدا) هەندێکتان دەمرن و هەندێکیشتان ئەوەندە عومر دەکەن تا دەگەنە ئەوپەڕی پیری، بە جۆرێکی وا کە لە زانست و زانینی خۆتان شتێکتان وەبیر نایەتەوە، (لە لایەکی دیکەوە لە زستاناندا) ئەم زەوییە بێ هەست و خوست و بێدەنگ و بزووتن و ویشک و بێ‌گیان و بێڕەنگوروو دەبینی، جا کاتێ بارانی بەسەردا دەبارێنین، دەبزوێ و بە جووڵە دەکەوێ و بەخۆدا دێ و هەڵدەدا، گەشە دەکا، لە هەموو هاولفەکان ڕوەک و گیایەکی جوان دەڕوێنێ و شین و سەوز دەبێ ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئەمە خۆی بەڵگەیە تا بزانن خوا هەقە و مردووەکان زیندوو دەکاتەوە، وە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ﴿٦﴾ بە هەقیقەت ڕۆژی بەریێ دێ و شکی تێدا نییە و بەڕاستی خوا هەموو ئەو کەسانەی کە لە گڵکۆ و قەبردان زیندوویان دەکاتەوە ﴿٧﴾ لە نێو خەڵک کەسانێک هەن کە لەبابەت خواوە بێ هیچ زانست و ڕێنوێنی و کتێبێکی ڕووناک موجادەلە و قڕە دەکەن ﴿٨﴾ ئەوانە بە خۆبادان و خۆبەزاڵزانی (سەبارەت بە قسەی ئیلاهی) دەیانەوێ خەڵک لە ڕێی خوا لادەن، لە دنیادا تووشی سووکی و چرووکی و سستی دەبن و لە قیامەتیش ئازاری سووتێنەریان پێدەچێژین ("ثانی" لە "ثنی" بە واتای پێچان و خۆبادانە، عِطْف کەلاکە و قەبرغەیە و کینایە لە خۆبادانە) ﴿٩﴾ ئەمە سزای ئاکار و کردەوەی دەسەکانی خۆتە؛ خوایش سەبارەت بە بەندەکانی ستەمکار نییە ﴿١٠﴾ هەندێ لە خەڵک بە دوودڵی و سەرزارەکی خوا ئەپەرستن (بڕوا نەدەڵیوەتە دڵ و دەروونیان)، جا ئەگەر خێرێکی پێبگا بەوە لە خوا دڵنیایە بەڵام ئەگەر بەڵا و موسیبەتێک بە ناوی ئەزموون بەو بگا، دەگۆڕدرێ و بەرەو پاش دەگەڕێتەوە (بەمجۆرە هەم) دنیا و (هەم) قیامەت لە دەس دەدا، ئەمەیش زیانێکی گەورەیەی دووسەرەیە ﴿١١﴾ ئەو بێجگە لە خوا هاواری بۆ کەسێ دیکەش دەبرد کە نە زیانێکی پێ دەگەیاند و نە سوودێ، ئەمە لاڕێیی و لە ڕێ هەتڵە بوون و لە ڕێ کلابوون و گومراییەکی دوورە (لە ڕاستەڕێگا) ﴿١٢﴾ ئەو هاوار بۆ کەسێ دەبا کە زیانی لە سوودی نێزیکترە، چ پشتیوانێکی بەدفەڕ و چ هاودەم و هاونشینێکی بەدفەڕا! ﴿١٣﴾ خوا کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە، دەیانباتە نێو باغ و بەهەشتێک کە چۆمەئاو بە بن دارەکانیدا تێدەپەڕێ، (بەڵێ) خوا هەرچی بیەوێ ئەنجامی ئەدا ﴿١٤﴾ هەرکەس گومان بکا کە خوا لە دنیا و ئاخیرەتدا یارمەتی (پێغەمبەری خۆی) نادا، جا بە پەتێک خۆی هەڵواسێ تا دەخنکێ دەبا بڕوانێ کە ئایا ڕق و تووڕەیی ئەو دادەمرکێنێ؟! ﴿١٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئا بەمجۆرە ئێمە قورئانمان ناردە خوارەوە کە نیشانەگەلێکی ڕوونکەرەوەن هەرکەسیش خوا بیەوێ ڕێنوێنی دەکا ﴿۱۶﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کەسانێ کە بوونەتە جوولەکە و سائبین و مەسیحی و زەردەشتی (مەجووس ۱۱ سەدە بەر لە زاینی سەری هەڵداوە) و ئەوانەی کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، خوا لە ڕۆژی بەرێ لە نێوان ئەواندا داوەری دەکا و هەق لە باتڵ جیا دەکاتەوە، خوا لەسەر هەموو شتێک حازر و ئاگایە ﴿۱۷﴾ ئایا نەتدی کە ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدان بۆ خوا کڕنۆش و سوژدە ئەبەن، هەروا ڕۆژ و هەیڤ و مانگ و ئەستێرەکان و چیا و دار و جڤۆک و خزۆک و زۆرێ لە خەڵک، بەڵام زۆرێکیش مل بائەدەن لە فەرمانی خوا، و ئازاریان بۆ بڕیار دراوە، هەرکەس خوا سووک و خواری بکا، کەس ڕێزی لێ ناگرێ، هەر کارێ کە خوا بیەوێ (و بە شیاوی بزانێ) ئەنجامی ئەدا ﴿۱۸﴾ ئەمانە دوو تاقمن دژ بە یەک کە لەبابەت پەروەرێنەریانەوە کەوتنە دژایەتی و قرەقڕ کردن، جا کەسانێ کە کافر بوون، کراسێکی ئاگریان بە بەژنی بڕا و ئاوی کوڵاوی سووتێنەر لەسەرڕا بەسەریاندا دەکرێ ﴿۱۹﴾ بە جۆرێکی وا هەم دڵ و دەروونیان و هەم پێست و ڕواڵەتیان بە ئاوی قژکوڵاو؛ دادەپلۆخێ و دەسووتێ و لادەچێ و دادەتولێ و دەبێتە ئاو ﴿۲۰﴾ ئەوانە بەر گورزی ئاسنیش دەکەون ﴿۲۱﴾ هەرکاتێ بیانەوێ لە مەینەت و خەفەتی دۆژەهـ بڕۆنە دەرێ، دووبارە هەس دەدرێن و دەگێڕدرێنەوە نێوی (دۆژەهـ) و (پێیان دەگوترێ) عەزابی سووتێنەر بچێژن ﴿۲۲﴾ خوا کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە، دەیانباتە نێو باغگەلێ کە بە ژێر دارەکانیاندا ئاو بەخوڕ دەڕوا، خشڵیان زێڕ و تەلا و مروارییە، جلکیان و بەرگی بەریان لەوێدا هەورێشم و حەریرە ﴿۲۳﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەوانە بۆ لای قسەی پاک ڕێنوێنی بوون و بۆ لای ڕێگای خوای شیاوی ستایش ڕێنوێنی کراون ﴿٢٤﴾ ئەوانەی حاشایان لە خوا کردووە و دەبنە لەمپەر و بڕواداران لە ڕێگای خوا و لە مەسجدولحەرام دەگێڕنەوە کە ئەوێمان کردۆتە (پەرسگە) بۆ هەموو خەڵک چ نیشتەجێ و چ غەوارە (شیاوی عەزابی دەرداوین)، هەرکەس بیەوێ لەوێ دەسدرێژی بکا و لە ڕێ لابدا ئێمە لە عەزابی دەرداوی پێدەچێژین ﴿٢٥﴾ بێنەوە بیر ڕۆژگارێ کە ئیبراهیممان لە جێی ئەم ماڵە پەنامان دا و جێمان کردەوە (و پێمان وت) کە شتێک مەکە هاوبەشمان و ماڵەکەم بۆ تەواف کاران (دەوروەدەران) و کڕنۆش و ڕوکووع و سوژدەبەران (لە ناپاکی) پاک بکەوە ﴿٢٦﴾ خەڵک بۆ حەج بانگ بکە تا بە پیادە و بە سواری چارەوێی داڵگۆشت و لەجەر و لەڕ لە هەر ڕێگایەکی دوورەوە (بەرەو ماڵی خوا) بێن و بە تۆ بگەن ﴿٢٧﴾ تا شایەدی قانزانجی جۆربەجۆری خۆیان بن، لە ڕۆژانێکی دیاریکراویشدا لەسەر ولْسات: ئاژەڵگەلێ کە کردوویەتە ڕسقیان، (لە کاتی قوربانی کردندا) نێوی خوا ببەن، (جا کاتێ قوربانیتان کرد) لە گۆشتی ئەوانە بخۆن و بەشی فەقیری تامەزرۆی هەژار و دەستەنگ بدەن ﴿٢٨﴾ دوای ئەوە ئەبێ چڵک و پیسی لە خۆیان لابەن و نەزری خۆیان جێبەجێ بکەن و بە دەوری ماڵی کەونارا و بەبایەخ (کابە) خول بخۆن و تەواف بکەن (عەتیق: قەدیمی، بەقیمەت) ﴿٢٩﴾ (مەناسکی حەج وایە) و هەرکەس بەرنامە و فەرمانەکانی خوا بە گەورە دابنێ، لای پەروەرێنەری ئەوەی بۆ چاکترە، (پاتاڵ و ماڵات) ئاژەڵ (بزن، مەڕ، گا و وشتر) بۆ ئێوە ڕەوا و حەڵاڵ کراوە، مەگەر ئەوەی کە دەستووری مەنعی بەسەر ئێوەدا بخوێندرێتەوە، جا لە چڵک و پیسی واتا لە بتپەرەستی دووری بکەن و لە قسەی پووچ و بوختان و ناحەقی و درۆ خۆ لادەن ﴿٣٠﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



بە دڵی پاک و خاوێن بۆ خودا بن و هاوبەشی بۆ دامەنێن، هەرکەسێکیش شەریک بۆ خوا دابنێ، وەک ئەوەیە لە ئاسمان کەوتۆتە خوارێ و باڵندە (لە هەوا) تێی ڕۆبێ و بیرفێنێ یا گژەبا فرێی بداتە شوێنێکی چەپەک و دوور ﴿٣١﴾ داب و دەستووری حەج وایە و هەرکەس دروشمەکانی خوا بە ڕێزدار و بە گەورە ڕابگرێ، ئەو کارە نیشانەی ترس و تەقوای دڵ و دەروون گەلە ﴿٣٢﴾ لەوان (وشتران)دا قازانجگەلێ هەیە تا وەختی دیاریکراو پێتان دەگا لە پاشان جێگای قوربانی و سەر بڕینیان کابەیە (ماڵی قەدیمە) ﴿٣٣﴾ بۆ هەمو خاوەن ئایینان جێ قوربانی کردن و دەستووری سەربڕینمان دیاری کرد، تا لەسەر ئاژەڵ و وڵساتێ کە بۆ ڕۆزی پێمان داون ئەو خاوەن ئایینانە ناوی خوا لەسەر قوربانییەکەیان بێنن خوای ئێوە تاک و تەنیایە، خۆتان بدەن بە دەسیەوە و مزگێنی بەو کەسانە بدەن کە خۆیان بە کەم دەزانن ("مخبتین" لە "اخبات"، لە "خبت": ئەرزی ڕێک و بەرفرە) ﴿٣٤﴾ کەسانێ کە هەرکاتێ ناوی خوا دەبردرێ، دڵیان مەترسی لێ دەنیشێ و تابشتهێنەرانێ کە لە ڕاست بەڵا و موسیبەتێ کە پێیان دەگا تابشت دێنن و کەسانێ کە نوێژ دەکەن و لەوەی کە کردوومانەتە ڕسق و ڕۆزییان دەبەخشن و ئینفاق دەکەن ﴿٣٥﴾ بۆمان دانان کە وشتری قوربانی لەوانەیە بەر قانوونی خوا دەکەوێ ئێوەیش خێری لێ دەبەن، تا بە پێوەن ناوی خوایان لەسەر بێنن جا کاتێ لەسەر تەنیشت کەوتن و سەریان لێ کراوە، لێیان بخۆن و بەشی فەقیری بەکەمڕازی و دەورێشی لێ بدەن، ئێمە ئەوانەمان بۆ ئێوە دەسەمۆ کرد بەڵکوو شوکرانەبژێر بن. ﴿٣٦﴾ هەرگیز نە گۆشتی ئەوانە و نە خوێنی ئەوانە بۆ خوا ناچێ، بەڵام ئەوەی بەو (خوا) دەگا تەقوا و پارێزگاری ئێوەیە! ئا بەمجۆرە خوا ئەوانەی فەرمانبەری ئێوە کردووە تا (خوا) بە گەورە بزانن (و یادی بکەن) کە ڕێنوێنی کردوون، بە کارچاکان مزگێنی بدە ﴿٣٧﴾ خوا بەرگری و پشتیوانی لە کەسانێ دەکا کە بڕوایان هێناوە، خوا خەیانی کافر و پێنەزان و سپڵەی خۆشناوێ ﴿٣٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بەوانەی کە جەنگیان بەسەر داسەپاوە، ئیجازە (ی جەنگ و جیهاد)یان پێدراوە، تا تۆڵەی خۆیان بکەنەوە چونکە ستەمیان لێکراوە، خوا لەسەر یارمەتی دانیان بە هێزە ﴿٣٩﴾ ئەوانە کە بە ناهەق لە ماڵ و لانیان دەرکران، (تەنیا گوناحیان ئەوە بوو) دەیانوت: پەروەرێنەرمان ئەڵلایە، ئەگەر خوا هەندێ لەوانە بە هۆی هەندێ دیکەوە بەرایی نەگرێ، (دێر) کلیسا (کەنیسە)، کەنیشت و مزگەوتی موسڵمانان کە نێوی خوا زۆر لەواندا دەبردرێ، وێران دەکران؛ خوا کەسانێ کە یارمەتی ئەو بدەن (و لە دینی بەرگری بکەن) یارمەتی ئەدا، خوا قەوی و بەدەسەڵات و زاڵە ﴿٤٠﴾ (یارانی خوا) کەسانێکن کە ئەگەر لە زەویدا بەهێزیان بکەین، نوێژ بەجێدێنن و زەکات ئەدەن و بە چاکە فەرمان ئەدەن و نەهی لە خراپە ئەکەن، ئاکامی هەموو کاروبارێک بە دەس خوایە ﴿٤١﴾ ئەگەر تۆ بە درۆ بخەنەوە (شتێکی تازە نییە)، بەر لە تۆش هۆزی نووح و عاد و سەموود، پێغەمبەرەکانی خۆیان بە درۆ خستەوە ﴿٤٢﴾ (هەروا) هۆزی ئیبراهیم و هۆزی لووت ﴿٤٣﴾ یارانی مەدیەن (هۆزی شوعەیب، پێغەمبەرانی خۆیان بە درۆزن دانا)، مووساش (لە لایەن فیرعەونیانەوە) بە درۆ ختراوە، جا مۆڵەتم بە کافران دا، لە پاشان غەزەبم لێگرتن جا چلۆن غەرەبێ پڕئازار. ﴿٤٤﴾ جا چیها شار و ئاواییم لە ناو برد، لە حالێکدا (خەڵکەکەی) ستەمکار بوون، بە جۆرێ کە بە میچەوە ڕووخان و چیها چالاوی پڕ ئاو بێخاوەن ما و چیها کۆشکی بەرز و پتەو (بێخاوەن کەوتن) ﴿٤٥﴾ ئایا ئەوانە بە زەویدا نەگەڕاون، جا دڵیان هەبێ تا هەقیقەتی پێدەرک بکەن یا گوێی ژنەوا کە بانگی هەقی پێ ببیسن، چونکە چاوی (زاهیریان) نابینا نابێ، بەڵکوو دڵ و دەروونێ کە لە سینگیاندایە بینایی لە دەس ئەدا ﴿٤٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئەوانە بە تاڵووکە لە تۆ داوای عەزاب دەکەن، لە حاڵێکدا خوا قەت لە بەڵێنی خۆی پاشگەز نابێ و لانادا، تاقە ڕۆژێک لای پەروەرێنەرت بەقەد هەزار ساڵ لەو ساڵانەیە کە ئێوە دەیژمێرن ﴿٤٧﴾ چیها شار و ئاوایی کە مۆڵەتم دان، لە حاڵێکدا ستەمکار بوون (بەڵام بۆ چاککردنی خۆیان کەڵکیان لێ وەرنەگرت) لە پاشان ئەوانم بە غەزەبی خۆم گرت، هەموو بۆ لای من دەگەڕێنەوە ﴿٤٨﴾ بڵێ: ئەی خەڵکینە من بۆ ئێوە ترسێنەرێکی ئاشکرام ﴿٤٩﴾ ئەوانە کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، لێبوردن و ڕسق و ڕۆزییێکی بێخەوش و چاکیان بۆ هەیە ﴿٥٠﴾ ئەوانە کە (بۆ لەناو بردنی) نیشانەکانی ئێمە کۆشان و لایان وا بوو دەتوانن زاڵ بن، (ئەوانە) دۆژەهین ﴿٥١﴾ بەر لە تۆیش هەر چەند پێغەمبەر و ڕاسپاردەمان ناردووە و نیشانەکانی ئێمەی بە خەڵک ڕاگەیاندووە، شەیتان لە جۆری مرۆڤ (بە دەرفەت و هەلی زانیوە) شتێکی لە پاڵ ئاخنیوە ئەوسا خودایش فەند و فێڵەکەی شەیتانی پووچ کردۆتەوە، خوا فرە زانا و لەکارزانە ﴿٥٢﴾ هەتا وا بکا ئەوەی شەیتان دەیخاتە ناویەوە بێتە بەڵا و مێمل بۆ ئەوانەی دڵی دەغەزداریان هەیە و دڵیان ڕەق و ڕەشە، زاڵمان و ستەمکاران لە دوژمنایەتییێکی سەخت و زۆر دوور لە هەقدان (کاتێ پێغەمبەر خەریکی تیلاوەتی سوورەی نەجم بوو گەیشتە ئایەتی: افرایتم اللات والعزی و منات الثالثه الاخری ـ هەندێ لە موشریکانی شەیتان سیفەت بە دەنگێکی وەکوو دەنگی پێغەمبەر ڕستەی «تلک الغرانیق العلی و ان شفاعتهن لترتجی: ئەو بتانە باڵندە گەلێکی تیژ فڕن و تکایان جێی هیوایە، تیێ توراند»، بەڵام تەفسیری ئیمان فەخری ڕازی و قورطوبی و روح‌المعانی و فی ظلال و کشف‌الاسرار و تەفسیری زانایانی دیکە ڕەدیان کردۆتەوە و بوخاریش نەفی غەرانیق دەکا) (شەپۆل) ﴿٥٣﴾ تا کەسانێ کە خوا زانین و ئاگاداری پێدا بوون، بزانن ئەمە هەقێکە لە لایەن پەروەرێنەرتەوە، جا با بڕوای پێبێنن و دڵیان لە بەرانبەر ئەواندا ئارام بگرێ، بێگومان خوا ڕێنوێنیدەری کەسانێکە کە بڕوایان بە ڕێگای ڕاستهێناوە ﴿٥٤﴾ خوانەناسان تا ئێستایش لەبابەت قورئانەوە لە دردۆنگیدان تا لەناکاو ڕۆژی بەرێ دەیانگاتێ، یا لە ڕۆژێکی نەزۆک و هیوابڕدا جەزرەبەی خوایان بۆ دەچێ ﴿٥٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



حوکوومەت و فەرمانڕەوایی لەو ڕۆژەدا تایبەت بە خوایە و لە نێوان ئەواندا داوەری دەکا، جا کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە لە باغەکانی پڕ ناز و نیعمەتی بەهەشتیدان ﴿٥٦﴾ کەسانێ کە کافر بوون و نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ خستەوە، جەزرەبەیەکی ئابڕووبەر بۆ ئەوان هەیە ﴿٥٧﴾ کەسانێ کە لە ڕێگای خوا کۆچیان کرد، پاشان کوژران (شەهید بوون) یا مردن، خوا بەوان ڕسق و ڕۆزییێکی گەلەک ڕند و فرە باش و چاکیان ئەداتێ، بەڕاستی هەر ئەو باشترینی ڕۆزیدەرانە ﴿٥٨﴾ خوا ئەوان دەباتە جێگایەک کە حەزی لێ بکەن و لێی ڕازی بن، بێگومان خوا پڕزانا و لەسەرەخۆیە ﴿٥٩﴾ مەبەست وایە هەرکەس بەو ئەندازەی کە ناحەقی لێکراوە دەس بکاتەوە و دیسانیش ناحەقی لێ بکرێ بێ گۆمان خوا یارمەتی ئەدا، خوا لێبور و تاوان بەخشە ﴿٦٠﴾ ئەمە لەبەر ئەوەیە کە خوا شەو لە ڕۆژ هەڵدەکێشێ و ڕۆژیش دەخاتە نێو شەو، بێگومان خوا ژنەوا و بینایە ﴿٦١﴾ ئەمە لەبەر ئەوەیە کە هەر خوا هەقە و بە هەقیقەت ئەوە بێجگە لەو هاواری بۆ دەبەن پووچ و باتڵە، بێگومان هەر خوا پایەبەرز و گەورەیە ﴿٦٢﴾ ئایا نابینی کە لە ئاسمانەوە ئاوی (بارانی) باراند و زەوی (لەو سوێنگەوە) کەسک و سەرسەوز و جوان دەبێ، خوا کارچاکێ وایە بە ناخی شتەکان ئاگایە ﴿٦٣﴾ هەر بۆ خوایە ئەوەی لە ئاسمانەکان و ئەوەی لە زەویدایە، بێگومان خوا بێ نیاز و شیاوی پەسنە ﴿٦٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



ئەی نەتدیوە خوا ئەوی لە زەویدا کەوی و دەسەمۆی ئێوەی کرد؟ گەمییەکان بە فەرمـانی ئەو بە نێـو زەریـادا دەڕۆن و ئاسـمان ڕادەگـرێ تـا مەگەر بە فەرمـانی ئەو نەکەونە سـەر ئەرز؟ بەڕاستی خوا سـەبارەت بە خەڵـک دڵسـۆز و دڵلاوێـنە ﴿٦٥﴾ وە ئەو (خـوا) کەسێکە ژیـانی پێداون، لە پاشان دەتان مرێنێ، جارێتر زیندووتان دەکاتەوە، بەڵام بە هەقیقەت مرۆڤ سـپڵە و ناسپاسە ﴿٦٦﴾ بۆ هەر کۆمەڵێک ڕێوشوێنێکمان داناوە تا هەر بەو پێودانە بڕوا جا کەوایە نابێ لەمەدا لەگەڵ تۆ بکەونە کێشەکێش، خەڵک بۆ لای پەروەرێنەرت بانگ بکە، تـۆ لەسـەر ڕێـی ڕاسـتی (و ڕێگـای ڕاسـت ڕێگـای تۆیـە) ﴿٦٧﴾ ئەگەر لەگەڵ تـۆدا کەوتـنە کێشـە و موجادەلە، جا بڵێ خوا بەوەی دەیکەن زاناتر و ئاگادارترە ﴿٦٨﴾ خـوا لە نێـوان ئێـوەدا لەوەی کە لەسەریان کێشەتان هەیە؛ لاتان تـێکلاو بـووە؛ لە ڕۆژی قیامەتـدا بۆتـان یەکـلا دەکـاتەوە ﴿٦٩﴾ ئایا نازانی کە خوا ئەوەی وا لە ئاسمان و زەویدایە ئەیزانـێ؟ چـونکە هەمـوو ئەوانە لە کتێبێکدایە (کتێبی زانستی بێبڕوانەوەی خوا)، ئەمە بۆ خوا ئاسـانە ﴿٧٠﴾ ئەوان بـێجگە لە خوا شتگەلێک دەپەرستن کە خوا هیچ جۆرە بەڵگەیەکی بـۆ ئەوان نەنـاردۆتە خـوارێ و هـیچ زانست و ئاگاداریشیان بەوان نییە (کە هەقە یا ناهەق)، بۆ ستەمکاران یاوەرێک نییـە ﴿٧١﴾ کاتێ کە نیشانە ڕوونەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێندرێتەوە لە دیمەنی ڕوخسـار و چرچـاوی کافرەکاندا نیشانەی حاشا و ئینکـار کـردن دەبینـی، بە جـۆرێکی وا کە نێـزیکە هەسـتن و بە مستەکۆڵە هێرش بەرنە سەر ئەو کەسانەی کە نیشانەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێننەوە! بڵێ: ئایا خرابتر لەوە هەواڵتان پێبدەم؟ هەر ئەو ئاگری سووتێنەرە (دۆژەهــ)یە کە خـوا بەڵێنـی بە خوانەناسان داوە و خرابترینی جێگەیە ﴿٧٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەی خەڵکینە مەسەلێک هەیە گوێی بدەنێ، کەسانێ کە هاواری بۆ دەبەن، بێجگە لە خوا قەت ناتوانن مێشێک بەدی بێنن، هەر چەند بۆ ئەو کارە دەس بدەنە دەستی یەکتر، هەرکاتێکیش مێشێک شتێکیان لێ بڕفێنێ ناتوانن لێی بستێننەوە، داواکار و داواکراو هەردوو کز و زەبونن ﴿٧٣﴾ ئەوانە بەو جۆرەی کە پێویستە خوا بناسن، نەیانناسیوە، خوا قەوی و بەوزەیە ﴿٧٤﴾ خوا لە مەلائیکەکان ناردراوانێکی (وەکو جوبرەئیل) هەڵدەبژێرێ و هەروا لە خەڵکیش، خوا ژنەوای بینایە ﴿٧٥﴾ ئەوەی وا لە پێش دەمیانە یا لە پشت سەریانە (ئەوەی حازرە یا ناحازرە)، خوا پێی ئاگادارە و دەیزانێ، هەموو کاروبارێک (سەرئەنجام) دەگەڕێتەوە لای خوا ﴿٧٦﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! کڕنۆش و ڕوکووع و سوژدە بەرن و بۆ پەروەرێنەرتان عیبادەت بکەن، کاری چاک بکەن، بەڵکوو ڕزگار بن ﴿٧٧﴾ لە ڕێگای خوا جیهاد و خەزا) و کۆشش بکەن و هەق و مافی جیهاد ئەدا بکەن، ئەو ئێوەی هەڵبژارد و لە دیندا کاری سەخت و قورستان لەسەر دانانێ، ئەمە دینی ئیبراهیمی باوکتانە، ئەو (خوا ئێوەی لە کتێبی پێشیندا و لەم کتێبە ئاسمانییەدا بە موسڵمان ناو نا، تا پێغەمبەر لەسەر ئێوە شایەد بێ و ئێوەش لەسەر خەڵک شایەد و نازر بن، جا لەبەر ئەمە نوێژ بکەن و زەکات بدەن، خوو بە ڕێنوێنی) خوا بگرن کە ئەو یار و پشتیوانتانە، چەندە پشتیوانێکی چاک و یار و یاوەرێکی شیاوە ﴿٧٨﴾

## سوورەی موئمینوون



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



**سوورەی موئمینوون لە مەککە هاتۆتە خواریّ و (بسم‌الله)وە ١١٨ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

بە هەقیقەت بڕواداران ڕزگارانن ﴿١﴾ کەسانیّ کە لە نوێژکردندا خۆشکێن و خۆبەکەم زانن (حوزووری قەلبیان بۆ هەیە) ﴿٢﴾ کەسانیّ کە لە کردەوەی بیّ کەڵک و قسەی پووچ ڕووسووڕێنەرن ﴿٣﴾ ئەوانەی زەکات دەرن ﴿٤﴾ کەسانیّ کە پارێزەری شەرمی داوێن و پاکی خۆیانن ﴿٥﴾ مەگەر لەگەڵ ژنانی خۆیان یا کەنیزەکانیان، جا بیّگومان (لەمە) لۆمە ناکرێن ﴿٦﴾ جا هەرکەس بێجگە لەمانە (لەو دوو تاقمانە) دەس تێکەڵی بکا، ئەمانە دەسدرێژکەرن ﴿٧﴾ کەسانیّ کە ڕاگری ئەمانەت و عەهد (پەیمان)ی خۆیانن ﴿٨﴾ کەسانیّ کە لەسەر نوێژەکانیان سوورن و دەیانپارێزن (لە کاتی خۆیدا بەجێی دێنن) ﴿٩﴾ هەر ئەوانە میراتگرانن ﴿١٠﴾ کەسانیّ کە بەهەشت بە میرات بەدەست دێنن و بۆ هەمیشە لەوێدان (فردەوس: ڕۆمییە و بە واتای باغی بەهەشتە) ﴿١١﴾ بە هەقیقەت مرۆڤمان لە قوری خۆشکراو بەدیهێنا ﴿١٢﴾ لە پاشان ئەومان کردە تنۆکێک لە بنکەیەکی پتەودا: لە منداڵدانی دایکدا ڕامانگرت ﴿١٣﴾ لە پاشان هەر لەو تنۆکەوە خوێنی توندەوەبووی شلّمان پێکهێنا و لەو خوێنەوە پلەگۆشتێکمان سازکرد، جا ئەویشمان کردە کرۆک و ئێسک و پێشە، جا گۆشتمان کرد بە بەر پێشە و ئێسکەکەدا و خستمانە نێو پۆشەنیّ لە گۆشت و لە دواییدا کردمانە دروسکراوێکی دیکە. مومبارەکی بۆ خوایە کە جوانترین و باشترینی بەدیهێنەرانە ﴿١٤﴾ بەڕاستی ئێوە دوای ئەمە دەمرن ﴿١٥﴾ لە پاشان ئێوە لە ڕۆژی بەریّدا زیندوو دەکرێنەوە ﴿١٦﴾ بە هەقیقەت بەسەر ئێوەدا حەوت نوهۆم ئاسمانمان بەدیهێناوە، لە مەخلوقی خۆمان بیّ ئاگا و غافڵ نین ﴿١٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



لە ئاسمانەوە بە ئەندازە(ی دیاریکراو) بارانمان باراند، جا ئەومان لە زەوی ڕاگرت (ئازووخەمان کرد)، ئێمە بەسەر لە نێو بردنی ئەودا بەهێز و بەتواناین ﴿١٨﴾ جا بە هۆی ئەو (بارانەوە) باغگەلێکمان لە خورما و ترێ بۆ ئێوە بەدیهێنا، بۆ ئێوە لەوێدا میوەی زۆر هەیە و لەوانە دەخۆن ﴿١٩﴾ هەروا جۆرە دارێک لە تووری سینا دەڕوێ کە بەرهەم و دەسهاتەکەی ڕۆنە و پێخۆرێکە بۆ ئەوانەی دەیخۆن ﴿٢٠﴾ بۆ ئێوە لە ئاژەڵدا پەندێک هەیە، لەوەی لە نێو دەروونی ئەواندا هەیە (لە شیر و ڕسق) کە پێتان دەنۆشێنین و لێیان دەخۆن و قازانجی فرەیشی هەیە ﴿٢١﴾ سواری ئەوانە و سواری گەمی ئەکرێن ﴿٢٢﴾ بە هەقیقەت نووحمان بۆ لای هۆزەکەی نارد، جا پێیانی وت: ئەی هۆزی من! خوای تاقانە بپەرستن، چونکە بێجگە لەو خوایێ دیکە بۆ ئێوە نییە، جا ئایا (هێمان لە پەرستینی غەیری ئەو) خۆناپارێزن ﴿٢٣﴾ گرەگرە و پیاوماقوولانی هۆزەکەی کە حاشایان لە خوا دەکرد وتیان: ئەمە (نووح) مرۆیێکە وەکوو ئێوە، ئەیەوێ خۆ لەسەر ئێوە زل بکا (و خۆ بنوێنێ)، ئەگەر خوا بیویستبا (پێغەمبەرێک بنێرێ)، مەلائیکەکانی دەنارد، ئێمە لە باووباپیرانمان شتی وامان نەبیستووە ﴿٢٤﴾ ئەو (نووح) دیارە تووشی جۆرێ نەخۆشی شێتی بووە، جا تا ماوەیەک چاوەنواڕ بن ﴿٢٥﴾ (نووح) وتی: ئەی پەروەرێنەرم! (لەڕاست ئەوان) بەوەی بە درۆم دەخەنەوە یارمەتیم بدە ﴿٢٦﴾ ئێمە وەحیمان بە نووح کرد و ئاگادارمان کرد تا بە چاوەدێری ئێمە و بە پێی دەستووری ئێمە گەمییەک دروست بکە، جا کاتێ کە فەرمانی ئێمە (بۆ نوقم کردنی ئەوان) هات و ئاو تەنوورەی کرد (و زنەی کرد و زایەوە و هەڵقولا)، لە هەموو جۆرە ئاژەڵێک دوو دانە (نێر و مێ) سواری (گەمییەکەت) بکە و هەروەها خێزانت، مەگەر ئەوەی لەوان کە لە پێشدا بەڵێنی لەناوچوونیان درابوو، ئیتر لەبابەت ئەو ستەمکارانەوە لەگەڵ مندا قسە مەکە، ئەوانە لە خنکاوەکانن و تیادەچن ﴿٢٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



جا کاتێ کە تۆ و هەموو ئەوانەی کە لەگەڵتدان سواری گەمی بوون بڵێ: پەسن و حەمد بۆ خوایەکە ئێمەی لە دەس هۆزی ستەمکار ڕزگار کرد ﴿٢٨﴾ بڵێ: ئەی پەروەرێنەرم! ئێمە لە جێگایەکی پڕپیت و بەرەکەت (و چاک) دابەزێنە، تۆ باشترینی دابەزێنەرانی و لە هەموو خانەخوێیەک باشتر میوانان بەخێو دەکەی ﴿٢٩﴾ بە هەقیقەت لەمەدا پەند و نیشانەگەلێک هەیە (بۆ ژیران)، ئێمە هەموو کەس ئەزموون و تاقی دەکەینەوە ﴿٣٠﴾ ئەوسا دوای ئەوان بەرە و خەڵکێکی ترمان بەدی هێنا ﴿٣١﴾ جا لە نێو ئەواندا پێغەمبەرێکمان لە خۆیان نارد کە پەروەرێنەری یەکتا و تاقانە بپەرستن، بێجگە لە (خوا) مەعبوودێ بۆ ئێوە نییە، جا ئایا خۆ ناپارێزن ﴿٣٢﴾ گرەگری خۆبەزالزانی هۆزی ئەو (هوود)، کەسانێ کە کافر بوون و دیداری ئاخیرەتیان بە درۆ خستبۆوە و ناز و نیعمەتمان لە ژیانی دنیا پێدابوون، وتیان ئەمەیش مرۆڤێکی وەکوو ئێوەیە! لەوەی ئێوە دەیخۆن دەخوا و لەوەی دەیخۆنەوە دەخواتەوە! ﴿٣٣﴾ ئەگەر لە مرۆڤێکی وەکوو خۆتان پەیڕەوی بکەن، بەڕاستی ئەوکاتە زیانکار دەبن ﴿٣٤﴾ ئایا ئەو (هوود) بەڵێنی بە ئێوە ئەدا کە ئێوە کاتێ مردن و بوونە خاک و پێشە و ئێسک، جارێکی دیکە (لە قەبر) دەردەهێندرێن ﴿٣٥﴾ هەیهوو، هەیهوو لەو بەڵێنانەی کە بە ئێوە ئەدرێ چیها دوورە و بە ئاوەزیشەوە نالکێ ﴿٣٦﴾ بێجگە لە ژیانی ئەم دنیایە شتێکی دیکە لە گۆڕێدا نییە، هەمیشە دەستەیێ لە ئێمە دەمرن و بەرەیەکی دیکە جێگای ئەوان دەگرنەوە، دوای مردنیش، ئێمە زیندوو نابینەوە ﴿٣٧﴾ ئەو پیاوێکی درۆزنە کە بە دەم خواوە درۆ دەکا و ئێمەیش بڕوای پێ ناهێنین ﴿٣٨﴾ وتی: ئەی پەروەرێنەرم! لە ڕاست ئەوان کە بە درۆم دەخەنەوە، یارمەتیم بدە ﴿٣٩﴾ (خوا) فەرمووی: بە زوویی ئەوان لە کاری خۆیان پەشیمان دەبنەوە ﴿٤٠﴾ جا گرمەگرم و شریخەشریخی ئاسمان بە هەق (کە شیاویان بوو) ئەوانی گرت، جا ئێمە ئەوانمان کردە ئاومالک (وردەچیلکەی دەم سێلاو و لافاو)، جا دووری (لە ڕەحمەتی خوا) بۆ هۆزی ستەمکار بێ ﴿٤١﴾ لە پاشان دوای ئەوان دەستەیەکی ترمان بەدی هێنا ﴿٤٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



هەرگەلێ لە مرۆ کەدێتە وەختی مردنیا، نە وەپێش دەخرێن نە وەپاش ﴿٤٣﴾ لە پاشان پێغەمبەرانی خۆمان یەک لە دوای یەک نارد، هەرکاتێ ڕەسوولێک بۆ (هیدایەتی) هۆزێ دەهات، بە درۆیان دەخستەوە، جا ئێمە ئەم گەلە سەرکێشەمان یەک بە دوای یەکدا لە نێو برد و ئەوانمان کردە چیرۆک و قسەی سەرزار، جا دوور بێ (لە ڕەحمەتی خوا) هۆزێ کە بڕوا نەهێنن ﴿٤٤﴾ لە پاشان مووسا و هاروونی برایمان بە نیشانە و بەڵگەی ڕوونەوە نارد ﴿٤٥﴾ بۆ لای فیرعەون و تاقمەکەی، جا ئەوانە خۆیان بە گەورە دانا و هۆزێکی خۆ بە زلزان بوون ﴿٤٦﴾ جا وتیان: ئایا ئێمە بە دوو مرۆڤی وەکوو خۆمان بڕوا بێنین، لە حاڵێکدا هۆزی ئەوان (بەرەی ئیسرائیل) ئێمەیان دەپەرست (بەندەی ئێمە بوون) ﴿٤٧﴾ جا ئەو دووانەیان بە درۆ خستنەوە و سەرئەنجام لە تیاچوان بوون ﴿٤٨﴾ بە مووسا پەڕاوی ئاسمانیمان دا، بەڵکوو ئەوانە (بەرەی ئیسرائیل) ڕێنوێن بن ﴿٤٩﴾ ئێمە کوڕی مەریەم (عیسا) و (مەریەمی) دایکی ئەومان کردە نیشانە و ئەو دووانەمان لە لای گردێک (بیت‌المقدس) پەنا دا کە جێی حەسانەوەکەی: کانیاوێکیشی لێ بوو ﴿٥٠﴾ ئەی پێغەمبەران خۆراکی پاک بخۆن و کردەوەی چاک بکەن، بەوەی دەیکەن ئاگادارم ﴿٥١﴾ دیارە ئەمە دینی ئێوەیە و دینێکی یەکپارچەیشە و منیش پەروەرێنەرتانم جا لە من بترسن و خۆ بپارێزن ﴿٥٢﴾ جا ئەوانە دینی خۆیان لێک هەڵپچڕی، بوونە دەستە دەستە و هەر دەستەیێ بە شوێنێکدا ڕۆیی و هەر دەستەیێ بەو پشکەی لای خۆی هەیبوو خوشحاڵ بوو ﴿٥٣﴾ لێیان گەڕێ تا ماوەیەک لە نێو زەلکاوی نەزانی خۆدا ڕۆبچن تا دەمی مردنیان (کە تووشی ئازار و عەزاب دەبن) ﴿٥٤﴾ ئایا ئەوانە وا دەزانن بەو ماڵ و منداڵانەیان یارمەتییان ئەدەین هەر بۆ ئەوەیە کە: ﴿٥٥﴾ پەلەمانە لە چاکە لەگەڵ کردنیان، نەخێر، بەڵکوو ئەوانە نەفام و نەزانن ﴿٥٦﴾ کەسانێکن کە لە خۆفی خودای خۆیان لێوە لەرزێ و ترسیان هەیە ﴿٥٧﴾ کەسانێ کە هەر ئەوان بە نیشانەکانی خوا ئێمان دێنن ﴿٥٨﴾ ئەوانە کە هاوبەش بۆ پەروەرێنەریان دانانێن ﴿٥٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەو کەسانە کە ئەوەی (ئەبێ لە زەکات و خێر) بیدەن، دەیدەن، لە حاڵێکدا لە ترسا دڵەکوتە و دڵەلەرزەیانە لەبەر ئەوەی کە سەرئەنجام بۆ لای پەروەرێنەریان دەگەڕێنەوە ﴿٦٠﴾ ئەمانەن لە چاکە کردندا تاڵووکە دەکەن، ئەوان بۆ چاکە پێش خەڵک دەکەون ﴿٦١﴾ ئێمە ئەر کی پتر لە توانا ناخەینە سەرکەس، لای ئێمە کتێبێک هەیە (کە هەموو کردەوەی بەندەکانی تێدایە) و بە هەق قسە دەکا و لەوان هیچ ستەمێک ناکرێ ﴿٦٢﴾ بەڵکوو دڵی ئەوان لەمە (نامەی کردەوە) لە بێئاگاییدایە و بۆ ئەوان کردەوەیەکی (ناحەز) بێجگە لەمە هەیە کە هەمیشە ئەنجامدەری ئەون ﴿٦٣﴾ تا زەمانێ کە خۆش گوزەرانەکانی ئەوان تووشی عەزاب دەکەین، لەناکاو دەس دەکەن بە ناڵەناڵ و هاوارهاوار ﴿٦٤﴾ (بەڵام بەوانە دەوترێ:) هاوار مەکەن، ئەمڕۆ لە لایەن ئێمەوە یارمەتی نادرێن ﴿٦٥﴾ (ئایا لە بیرتان چووە کە) لە ڕابوردوودا بەردەوام نیشانەکانی منتان بەسەردا دەخوێندرایەوە، بەڵام خۆتان کلا دەکرد و پێدزەتان بوو و بەرەو دوا دەگەڕانەوە ﴿٦٦﴾ لە حاڵێکدا لە ڕاست ئەو نیشانانەدا خۆیان بە زل دائەنا و شەوانە لە کۆڕی خۆیاندا قسەی پووچ (و هاتەرانپاتەران و بێواتا و هیچوپووچ) و هەڵیت و پلێتیان دەوت (لەبابەت پێغەمبەرەوە) ﴿٦٧﴾ ئایا ئەوانە بیریان لەم قسە نەکردۆتەوە؟ یا شتێکیان بۆ هاتووە کە بۆ باووباپیرانیان نەهاتووە؟ ﴿٦٨﴾ یا پێغەمبەری خۆیان نەناسیوە کە حاشایان لێدەکرد؟! ﴿٦٩﴾ یا دەڵێن: ئەو (پێغەمبەر) شێتە؟ بەڵام بەڕاستی ئەو هەقی بۆ هێناون، و زۆربەیان خۆشیان لە ڕاستی نایێ ﴿٧٠﴾ ئەگەر هەق لە ئارەزووی هەوای نەفسیان پەیڕەوی بکا، ئاسمانەکان و زەوی و هەموو ئەوانەی وا لەواندان؛ خراپ و فاسید ئەبوون، بەڵام ئێمە قورئانێکمان پێدان کە هۆی ئامۆژگاری (و هۆی ئابڕووی) ئەوانە، جا ئەوان لە ئامۆژگاری ڕووسووڕێنەرن ﴿٧١﴾ یا تۆ لەوان داوای مزە و خەرجیان لێدەکەی (لەڕاست بانگ کردنتدا)، لە حاڵێکدا مزەی پەروەرێنەرت باشترە و ئەو باشترین ڕسق و ڕۆزیدەرانە ﴿٧٢﴾ تۆ ئەوان بۆ ڕێی ڕاست بانگ دەکەی ﴿٧٣﴾ کەسانێ کە بڕوایان بە ئاخیرەت نییە لەم ڕێگایە لادەرن ﴿٧٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



ئەگەر بەوان ڕوحم بکەین و بەلاّ و کەندوکۆسپیان لابەین (نەک وەخەبەر نایەنەوە) بێگومان زیاتر لەسەر ملبادان سوور دەبن و (لێرەدا) سەرگەردان دەمێننەوە ﴿٧٥﴾ ئێمە ئەوانمان تووشی ئازار و بەلاّ کرد (تا وەخەبەر بێنەوە)، جا ئەوان لە ڕاست پەروەرێنەریانداننە خۆیان بە کەم زانی و نە خۆیان بە کەم ئەزانن ﴿٧٦﴾ (ئەم حاڵەیان بەردەوام بوو) تا ڕۆژگارێ کە درگایەک لە عەزابی سەختمان بۆ کردنەوە، بە جۆرێک کە بە تەواوی ورەیان لە دەست دا و هیوابڕ بوون ﴿٧٧﴾ ئەو زاتێکە، گوێ و چاو و دڵ (ئەقڵ)ی بۆ ئێوە ساز داوە، بەلاّم زۆرکەم سپاسی ئەو بەجێ دێنن ﴿٧٨﴾ زاتێکە ئێوەی لە ئاخ و خاکی زەوی بەدی هێنا و لای ئەو حەشر دەکرێن ﴿٧٩﴾ ئەو زاتێکە زیندوو دەکاتەوە و دەمرێنێ و هاتوچوی شەو و ڕۆژ بەوە، ئایا بیر ناکەنەوە؟! ﴿٨٠﴾ ئەوانە هەر ئەوەیان وت کە پێشینانیان دەیانوت ﴿٨١﴾ وتیان: ئایا کاتێ کە مردین و بووینە خاک و ئێسک و پرووسک و پێشە و پەلاّن، ئایا جارێ‌تر زیندوو دەکرێینەوە؟! ﴿٨٢﴾ ئەم بەڵێنە لەبەرا بە ئێمە و باووباپیرانمان درابوو، ئەمە نییە مەگەر ئەفسانەی پێشینان ﴿٨٣﴾ بڵێ: زەوی و کەسانێ کە لە زەویدان هی کێیە، ئەگەر دەزانن ﴿٨٤﴾ (لە وەلاّمدا) دەڵێن: هەمووی هی خوایە، بڵێ: ئایا ناهێننەوە بیر ﴿٨٥﴾ بڵێ: چ کەسێ پەروەرێنەری حەوت ئاسمان و عەرشی گەورەیە ﴿٨٦﴾ لە دواییدا دەڵێن: هەمووی هی خوایە، بڵێ: جا ئایا خۆپارێزی ناکەن (و لە خوا ناترسن) ﴿٨٧﴾ بڵێ: چ‌کەسێ فەرمانڕەوایی و حوکوومەتی هەموو شتێکی بە دەستە؟ بە بێ‌پەنایان پەنا ئەدا و نیازیشی بە پەنادان نییە، ئەگەر بزانن ﴿٨٨﴾ ئەڵێن: (هەموو ئەوانە) هی خوان، بڵێ: ئەی جا چلۆن ئێوە دەخڵەتێن و سیحر و جادوو لێ کراون ﴿٨٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دكتور سا لح ئيبر اهيمی



بەڵام ئێمە هەقمان بۆ ئەوان هێناو ئەوان درۆزنن ﴿٩٠﴾ خوا منداڵی بۆ خۆی هەڵنەبژاردووە و خوا و مەعبوودێتر لەگەڵ ئەودا نییە (کە ئەگەر وا بووایە و خوایێتر لەگەڵی هەبوایە، لەو کاتە هەر یەکە لە خواکان خەریکی کاری مەخلووقی خۆی دەبوون و هەندێ بەسەر هەندێکدا بەرز دەبوونەوە، خوا لەو پەسنانەی کە دەیکەن پاک و بێخەوشە ﴿٩١﴾ کە بە دیار و نادیار ئاگادارە، جا ئەو لەوە بەرزترە کە هاوبەشی بۆ دابنێن ﴿٩٢﴾ بڵێ: ئەی پەروەرێنەرا! بە هیوام بەشێ لەو عەزابە کە بەوان بەڵێن دراوە بە منی نیشان بدەی ﴿٩٣﴾ ئەی پەروەرێنەرم! جا من لەگەڵ هۆزی ستەمکار مەخە ﴿٩٤﴾ ئێمە بەتوانایین ئەوەی بەوانمان بەڵێن داوە بە تۆی نیشان بدەین ﴿٩٥﴾ بەدفەڕی لابە، بەوەی کە چاترە (وەڵامی خراپە بە چاکە بدەوە) ئێمە بەوەی وا ئەوان پەسنی دەکەن ئاگادارترین ﴿٩٦﴾ بڵێ: ئەی پەروەرێنەرم! من خۆم بە تۆ دەسپێرم لە وەسوەسەکان و دوودڵی شەیتانەکان ﴿٩٧﴾ من خۆم بە تۆ دەسپێرم لە حازربوونی ئەوان، ئەی پەروەرێنەرم ﴿٩٨﴾ (هەروا لەسەر هەڵەن) تا کاتی مەرگی یەکێکیان دێ، (ئەو کاتە) دەڵێ: ئەی پەروەرێنەرم بمگێڕەوە! ﴿٩٩﴾ بەڵکوو ئەوەی نەمکردووە بە کاری چاکە تۆڵەی بکەمەوە، (پێی دەڵێن) وا نابن، ئەمە قسەیەکی سەرزارەکییە (بشگەرێتەوە هەروەکوو جارانە) تا ڕۆژێ کە زیندوو دەکرێنەوە لەمپەرێکی فرە زلیان لە پێشدایە تا نەتوانن بگەڕێنەوە ﴿١٠٠﴾ جا کاتێ فوو بە کەڵەشاخ (شەیپوور)دا دەکرێ، هیچ جۆرە نیسبەتێک (ئەسڵ و نەسەبێک)یان لە نێودا نامێنێ و لە یەکتر ناپرسن (چونکە کەس کاری لە دەس نایێ) ﴿١٠١﴾ جا کەسانێ کە تەرازوو (ی هەڵسەنگاندنی کردەوە)یان قورس بێ، ئەوانە ڕزگارن ﴿١٠٢﴾ کەسانێ کە تەرازووی کرەوەیان سووک بێ، جا ئەمانە کەسانێکن کە زیانیان لە خۆ داوە و لە جەهەندەمدا قەتیس دەمێننەوە ﴿١٠٣﴾ ڕوخسار و دەموچاویان بە گڕی ئاگر هەڵدەپرووزێ و لێوەکانیان هەڵدەقرچێ و چرچ و لۆچ و سیس دەبێ ﴿١٠٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



(بەوان دەوترێ:) ئایا نیشانەکانی منتان بەسەر نەخوێندرایەوە، جا ئەوتان بە درۆ دەخستەوە ﴿١٠٥﴾ دەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! بێبەختی دایگرتبووین و ئێمە هۆزێکی لارێ بووی ﴿١٠٦﴾ ئەی پەروەرێنەری ئێمە! لەمە بمانبە دەرێ، جا ئەگەر جارێکی دیکە، دووپاتمان کردەوە، جا بەڕاستی ستەمکارین (و شیاوی عەزابین) ﴿١٠٧﴾ (خوا) دەفەرمێ: (چغە) دوور کەونەوە، لە جەحەندەمدا بمێننەوە و لەگەڵ من قسە مەکەن (اخسئوا بۆ دەرکردنی سەگە، ئەگەر بۆ ئینسان بێ بە واتای پەستی و شیاو بوونی عەزابە) ﴿١٠٨﴾ (لە بیرتان چۆتەوە) بەڕاستی تاقمێ لە بەندەکانی من دەیانوت: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! بمانبەخشە و ڕوحممان پێبکە، وە تۆ باشترینی بەخشەرانی ﴿١٠٩﴾ جا ئێوە ئەوەتان بە پووچ و مەسخەرە زانی تا منتان لەبیر بردەوە و بەوان پێدەکەنین ﴿١١٠﴾ ئەمڕۆ من لەبەر تابشتهێنانیان پاداشیان ئەدەمێ کە بەڕاستی ڕزگاران و بە مراد گەیوان هەر ئەوانن ﴿١١١﴾ (خوا) دەفەرمێ: چەن ساڵ لەسەر زەوی ماونەتەوە؟ ﴿١١٢﴾ (لە وەلاما) دەڵێن: ڕۆژێک یا نیوە ڕۆژێک! جا لەوانەی کە دەتوانن بژمێرن بپرسە ﴿١١٣﴾ وتی: (بەڵێ) کەم ماونەتەوە، ئەگەر زانینتان هەبێ ﴿١١٤﴾ جا ئایا واتان زانێ کە بێهوودە ئێوەم بەدیهێناوە، ئێوە بۆ لای ئێمە ناگەڕێنەوە! ﴿١١٥﴾ جا بەرز و بڵێند و گەورەتر خوایەکە کە فەرمانڕەوای بەرهەقە، مەعبوودێ بێجگە لەو زیاتر نیە و ئەو پەروەرێنەری عەرشی کەریم و (پڕفایدە)یە ﴿١١٦﴾ هەرکەس مەعبوودێتر لەگەڵ خوا بانگ بکا، هیچ بەڵگەیەکی بە دەسەوە نییە، بە هەقیقەت تەنیا حیسابی ئەو لای پەروەرێنەریەتی، بەڕاستی کافران ڕزگار نابن ﴿١١٧﴾ وە بڵێ: ئەی پەروەرێنەرم! بمبەخشە و دڵاوای و ڕوحم پێ بکە، وە تۆ باشترین دڵۆڤانی ﴿١١٨﴾

## سوورەی نوور ٦٤ ئایەتە



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



**سوورەی نوور لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٦٤ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دلّلاوێن.

ئەمە سوورەتێکە ئێمە ئەومان ناردۆتە خوارەوە (مەبەستەکانمان) کردۆتە ئەرکی پێویست چەن نیشانەی ئاشکرایشمان تێدا ناردۆتە خوارێ تا بەڵکوو بیر بکەنەوە ﴿١﴾ لە هەر یەکە لە ژن و پیاوی داوێن‌پیسی زیناکەر سەت داریان لێ‌بدەن، لە (بەرێوە بردنی) دینی خوا دڵسۆزی نەتانگرێ! ئەگەر بە خوا و رۆژی بەرێ بڕواتان هەبێ، ئەبێ دەستەیێ لە بڕواداران لە سزادانی ئەوانە ئاگادار بن و ببینن ﴿٢﴾ پیاوی پیسی زیناکەر تەنیا ژنی داوێن‌تەری زیناکەر و ژنی بت پەرست ئەتوانێ بۆ خۆی مارە بکا و ژنی زیناکەریش تەنیا ئەتوانێ شوو بە پیاوی زیناکەر یا پیاوی بتپەرست بکا، ئەم کارە بۆ بڕواداران نارەوا و حەرامە ﴿٣﴾ کەسانێ کە لە ژنانی پاک داوێن تۆمەت (ی زینا) ئەدەن و لە پاشان چوار شایەد (بۆ قسەی خۆیان) ناهێنن، هەشتا دار شەلاقیان لێ بدەن و ئیتر قەت شایەدییان لێ‌قەبووڵ مەکەن و ئەوانە لە رێی خوا لایان داوە و فاسقن ﴿٤﴾ مەگەر کەسانێ کە دوای ئەوە تۆبە بکەن و خۆیان چاک بکەن، جا بەڕاستی خوا لێبور و فرە دڵلاوێنە ﴿٥﴾ کەسانێ کە خێزانی خۆیان تاوانبار دەکەن (بە ناپاکی داوێن) و بێجگە لە خۆیان شایەدێکیان نییە، جا شایەدی هەر یەک لەوانە ئەمەیە کە ئەبێ چوار جار بە ناوی خوا شایەدی بدا (خوا بە شایەد بگرێ) کە لە ڕاستبێژانە ﴿٦﴾ لە پێنجەمین جاردا بڵێ: لەعنەتی خوای لەسەر ئەگەر درۆزن بێ ﴿٧﴾ ئەو ژنەش (کە تاوانبار کراوە) سزا(ی زینا) لە خۆی دوور دەکاتەوە، بەمجۆرە کە چوار جار خوا بە شایەد بگرێ کە ئەو پیاوە (کە تۆمەتی زینای لێ داوە) لە درۆزنانە ﴿٨﴾ لە جاری پێنجەمدا بڵێ: غەزەبی خوای لەسەر بێ ئەگەر پیاوەکە ڕاستبێژ بێ (لەعنەت: دووری لە ڕەحمەتی خوایە، بەڵام غەزەب شتێکە دوورتر لە لەعنەتە) ﴿٩﴾ ئەگەر چاکە و فەزڵ و ڕەحمەتی خواتان لەسەر نەبوایە (بێ‌گومان تیا دەچوون)، خوا تۆبەوەرگرێکی لەکارزانە ﴿١٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

کەسانێ کە ئەو بوختان و درۆیەیان (سەبارەت بە خێزانی پێغەمبەر) هێنایە گۆڕ دەستەیێ لە ئێوەن، بەڵام وا نەزانن ئەوە (ئیفک) بۆ ئێوە خراپە، بەڵکوو خێرە بۆتان، بۆ هەر یەکە لەوان لەو تاوان و گوناحەی کردوویەتی بەشێکی بۆ هەیە، کەسێ کە بەشی گەورەی ئەو گوناحەی گرتە ئەستۆ عەزابێکی گەورە و سەختی تووش دێ ﴿١١﴾ بۆچی هەروەخت دەنگۆیە (شایعە: درۆزلە)یان بەر گوێ گەوت بە چاکیان لێک نەدایەوە و نەیانوت کە دیارە ئەمە بوختان و درۆیەکی هەڵبەستراوە (بۆچ بەرپەرچیان نەداوەتەوە؟!) ﴿١٢﴾ بۆچ چوار شایەدیان بۆ ئەوە نەهێنا؟ جا چون نەیانتوانی چوار شایەد بێنن لای خوا هەر ئەوان درۆزنن ﴿١٣﴾ ئەگەر فەزڵ و ڕەحمەتی خواتان لە دنیا و ئاخیرەتدا لەسەر نەبوایە لەبەر ئەو بوختانە (کە بە عایشە)تان کرد تووشی ئازار و عەزابێکی زل و سەخت دەبوون ﴿١٤﴾ کاتێ کە (بەپیر ئەم درۆ زەلامەوە چوون و) ئەم درۆیەتان لە زاری یەکتر دەقۆستەوە و بە زاری خۆتان قسەیەکتان دەوت کە هیچتان لێ نەدەزانی و زانست و یەقینتان پێی نەبوو، واتان دەزانی کە ئەمە مەبەستێکی چکۆڵە و کەمە و ئاسانە، لە حاڵێکدا لای خوا گەورە و زەلامە ﴿١٥﴾ بۆچ کاتێ ئەمەتان بیست نەتانوت: بۆ ئێمە نابێ قسە (و بوختان)ی وا بکەین؟ پاک و بێخەوشی تایبەتی تۆیە خوایە، ئەمە تۆمەت و بوختانێکی نارەوا و زەلامە ﴿١٦﴾ خوا ئامۆژگاریتان دەکا بۆ هەتا هەتایە نەکا دووپاتی بکەنەوە، ئەگەر بڕوادارن (بوختانی واتان بە زارا نەیێ) ﴿١٧﴾ خوا نیشانە کانی خۆی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە، خوا فرە زانا و لەکارزانە ﴿١٨﴾ ئەوانەی پیان خۆشە لە نێو ئەوانەی بڕوادارن، باسی بێناموسی و شتی ناحەز و ناشیاو بڵاو بێتەوە لە دنیا و ئاخیرەتدا عەزابێ دەردناکیان بۆ هەیە و خوا دەزانێ، ئێوە نازانن ﴿١٩﴾ ئەگەر فەزڵ و ڕەحمەتی خواتان لەسەر نەبوایە و ئەوە کە خوا دڵسۆز و دلاوایە (سزادانی سەختان تووش دەبوو) ﴿٢٠﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە بە دوای شۆپ و شۆین و هەنگاوی شەیتاندا مەڕۆن، هەرکەس پێی بنێتە جێ پێی شەیتان (لاڕێی دەکا)، چونکە ئەو فەرمان بە تاوانی پیس و ناشیرین و کرێت و خراپ دەدا، ئەگەر فەزڵ و ڕەحمەتی خواتان لەسەر نەبوایە، قەت یەکێ لە ئێوە پاک نەدەبۆوە، بەڵام هەرکەس کە خوا بیەوێ (و شیاویش بێ) پاکی دەکاتەوە، خوا ژنەوا و زانایە ﴿٢١﴾ ئەوانەی کە ماڵ و دراویان زۆرترە نابێ لەوە سوێند بخۆن کە بە نزیکان و خزم و کەس‌وکار و نەداران و ئاوارە و موهاجیرانی ڕێگای خوا یارمەتی نەدەن (و نەیاندەنێ) دەبێ لە هەڵەکانیان ببوورن و چاوپۆشی بکەن، ئایا پێتان خۆش نییە خوا بتانبەخشێ؟ خوا لێبور و دڵاوایە ﴿٢٢﴾ کەسانێ کە بۆ ژنانی داوێن پاک و بێ‌ئاگا (لە هەر جۆرە ناپاکییەک) و بڕوادار درۆ هەڵدەبەستن لە دنیا و ئاخیرەت لە ڕەحمەتی خوا دوور و بەرین، عەزابێکی گەورە و سەختیان بۆ هەیە ﴿٢٣﴾ لەو ڕۆژەدا زمان و دەست و قاچیان بە دژیان لەسەر ئەوەی کردوویانە شایەدییان لێ ئەدا ﴿٢٤﴾ لەو ڕۆژەدا چییان لێ‌دەوەشێتەوە، خوا لەگەڵیان دەکا و سزای بێ کەم‌وکووڕی ئەوانە دەداتەوە، باش دەزانن کە خوا بەرهەقی ئاشکرایە (بەرهەق و دیارە) ﴿٢٥﴾ ژنانی پیس بۆ پیاوانی پیس و پیاوانی پیس بۆ ژنانی پیس، و ژنانی پاک بۆ پیاوانی پاک و پیاوانی پاک بۆ ژنانی پاک، ئەمانە لەو قسانە بۆیان هەڵبەستوون پاک و بەرین، بۆ ئەوان لێ‌خۆش‌بوون و ڕسق و ڕۆزی بایەخدار و بژیوی باشیان هەیە ﴿٢٦﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! نەچنە ماڵێ کە هی خۆتان نییە تا ئیجازە دەگرن و سەلام لە خاوەن‌ماڵەکە دەکەن، ئەمە بۆ ئێوە چاکترە بەڵکوو ئامۆژگاری و پەند بگرن ﴿٢٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



جا ئەگەر کەسی تیا نەبوو، مەچنە ژووریٚ تا ئیجازەتـان پـیٚ ئەدریٚ، ئەگەر وتـرا: بگەڕێـنەوە، بگەڕێنەوە کە ئەوەتان بۆ پاکترە، وە خوا بەوەی دەیکەن زانا و ئاگایە ﴿۲۸﴾ سەرکۆنە و لۆمە و تاوانیان بۆ نییە کە بچنە خانووی چۆڵ کە کەلوپەل و شتومەکی نێومالّی ئێوەی تیا بـیٚ (کە مافی کەڵـک وەرگرتنتـان لێیـان هەیـە)، خـوا ئەوەی خۆیـا و دیـاری و ئاشـکرای دەکەن و یـا دەیشارنەوە پێی دەزانیٚ ﴿۲۹﴾ بە بـڕواداران بلّـیٚ: چـاوی خۆیـان داخەن و (لە تەماشـا کردنـی نامەحرەم) بچووقێنن و شوورەیی و داوێنی خۆیان بپارێزن، ئەمە بـۆ ئەوان پـاکترە، بیٚگومـان خوا بەوەی دەیکەن ئاگایە ﴿۳۰﴾ بە ژنانی بڕوادار بلّیٚ: چاوی خۆیان (لە تەماشای بە حەرامـی بگرن) و داوێنی خۆیان بپارێزن و جوانی خۆیان بێجگە لەو ئەندازەی وادیـارە (وەک ڕوخسـار و دەموچاو و دەسیان تا مووچیان) دەرنەخەن و (گۆشەی) لەچکەکانیان بـدەن بەسـەر سـینگیاندا (تا گەردەن و یەخە و پێسیر و بەرۆک و سینگیان داپۆشریٚ) و جوانی خۆیـان دەرنەخەن مەگەر بـۆ مێردەکانیـان یـا باوکەکانیـان یـا باوکـانی شـووەکانیان یـا کوڕەکانیـان یـا کوڕەکـانی مێردەکانیـان یـا براکانیـان یـا کوڕەکـانی براکانیـان یـا کوڕەکـانی خوشـکەکانیان یـا ژنـانی هاوبڕوایان یا ژنە بەندەکانیان (کەنیزەکانیان) یا ئەو پیاوەی سەر بەوانن و بـیٚنیـاز لە ژنـن یـا منداڵیٚ کە ئاگایان لە بەدەن (جێی شەرم)ی ژنان نەبیٚ، (ژنان لەکاتی ڕۆیینـدا) پێیـان لە زەوی نەدەن تا (خرخاڵ و پاوانەی) جوانی پێیان کە شاردوویانەتەوە (خـرینگەی) بـیٚ و بزانـریٚ، ئەی بڕواداران هەمووتان بەرەو لای خوا بگەڕێنەوە (تۆبە بکەن)، بەڵکوو ڕزگار بن ﴿۳۱﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



بۆ پیاوانی بێژن، ژن بخوازن و ژنانی بێمێرد، بە مێرد بدەن و هەروا بـۆ غولاّمـان و کەنیزانـی خووچاک(یش ژن بێنن و بیانـدەن بە شـوو، بیـر لە دەسـتەنگی مەکەنەوە، بیـانزەوجێنن ئەگەر فەقیر و دەستەنگ بن خوا لە فەزڵی خۆی بێنیازیان دەکـا، خـوا بەخشـینی پەرەدار و هەراو و ئاگایە ﴿٣٢﴾ ئەوانەی کە وزەی ژنهێنانیان نییە، ئەبێ بە پاکی خۆیان ڕاگرن تا خوا بە فەزڵـی خۆی دەروویێکیان لێ دەکاتەوە (کارەکەیان مەیسەر دەکا) بێنیازیان دەکا، ئەو بەندەگەلە کە داوای کڕینەوەی خۆیـان دەکەن، ئەم کڕینەوەیـان لـێ وەربگـرن (پسـوولە و نـامە و کاغەزیـان بدەنێ) و مەرجیان لەگەڵدا گرێ بدەن، ئەگەر توانایی کارکردن و جیابوونەوەتان لـێ دیـتن (کە دوای ئازادبوون وزەی ژیانی سەربەخۆیان هەبوو) و لەو مـاڵەی کە خـوا بە ئێـوەی داوە، بەشـی ئەوانی لێ بدەن، کەنیزانی خۆتـان بـۆ بەدەسـتهێنـانی مـاڵی دنیـا ناچار بە داوێـن پیسـی و خۆفرۆشی مەکەن، ئەگەر ویستیان پاک بمێنن، خـوا بـۆ ئەو کەنیـزانە کە بە زۆر بە زینـاکردن دراون، لێبور و دڵاوێنە ﴿٣٣﴾ نیشـانەکانی ڕوون و بەسـەرهاتێک لە کەسـانێکەوە کە بەر لە ئێـوە بـوون بۆتانمـان نـارد، هەروا پەنـدگەلێکمان بـۆ خۆپـارێزان نـارد ﴿٣٤﴾ خـوا ڕووناکی ئاسمانەکان و زەوییە، وێنەی ڕووناکی خوا وەکـوو چـرادانێکە کە لەودا چـرایەک(ی پـڕ نـوور) هەبێ، ئەو چرایەش لە نێو جامێکدا بێ، جـامەکە وەکـوو ئەسـتێرەیەک تڕووسـکەی بـێ، ئەو چرایە بە ڕۆنێک ڕووناک ئەبێ و گڕ ئەگرێ کە لە دارە زەیتوونێکی پڕ پیت و بەرەکەت گیرابێ، کە نە خۆرهەڵاتی بێ و نە خۆراوایی بێ (ڕۆنەکەی ئەونە بـێخەوش و پـاڵاوتە و پـاک بـێ) بـێ ئەوەی ئاگری بگاتێ، گڕ بگرێ و بایبسێ، نوور لەسەر نووره (تیرێژ و تیشک بەسەر تیشـک و تیرێژ و نوور دەهاوێژێ) هەرکەسێک خوا بیەوێ، بەرەو نووری خۆی ڕێنوێنی و هیدایەتی دەکا و بۆ خەڵک مەسەل دێنێتەوە، خـوا بەسـەر هەمـوو شـتێکدا ئاگـایە ﴿٣٥﴾ (ئەم نـوور و چـرا پڕتیشکە) لە نێو خانووبەرەگەلێکدایە کە خوا ئیجـازەی داوە، دیوارەکانیـان بەرز بکـرێتەوە و ناوی خوا لە نێویدا ببردرێ، لە بەرەبەیان و ئێوارەاندا ناوی خوا بە پاکی ببەن ﴿٣٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



پیاوانێک (جوامێرانێک) کە هیچ بازرگانی و مامەڵەیەک ئەوانە لە یادی خوا و لە نوێژکردن و لە زەکاتدان غافڵیان ناکا و نایانگیرێتەوە، ئەوانە لە ڕۆژێک ئەترسن کە دڵ و چاو لەودا دەچەرخن و (دەگۆڕێن و) ئاوەژوو دەبنەوە ﴿٣٧﴾ تا خوا بە چاکتر لەوەی کردوویانە پاداشیان بداتەوە و لە فەزڵی خۆی لە پاداشەکەیان زیاد بکا، خوا بە هەرکەس کە بیەوێ پاداشی بێ ژماری ئەداتێ ﴿٣٨﴾ کەسانێک کە کافرن، کردەوەیان هەروەکوو تراویلکەی زەوییەکی ویشک و داغە کە مرۆڤی تینوو لە دوورەوە بە ئاوی بزانێ، بەڵام کاتێ گەیشتە لای، شتێکی دەس ناکەوێ! لای ئەوە خوا گیر دێنێ دەیبینێ جا بە حیسابی ڕادەگا (حیسابی پاک دەکا)، خوا بەپەلە بە حیساب ڕادەگا ﴿٣٩﴾ یا هەروەکوو تاریکییەکە لە نێو زەریایەکی قووڵ کە پێل و شەپۆل داپۆشابێ و لەسەر ئەویشەوە شەپۆلی ئاوی تر بێ، لەسەر ئەویشەوە هەورێکی ڕەشی بارانزا بێ، تاریکی لەسەر تاریکایی، بە جۆرێکی وا کە هەرکاتێ دەسی خۆی بێنێتە دەرێ، نەشیبینێ! کەسێ کە خوا نووری (بروا و ئیمانی) بۆ دانەنابێ، هیچ نوورێکی بۆ نییە ﴿٤٠﴾ ئایا نەتدی (و نەتزانی) کە هەموو ئەوانەی وا لە زەویدان پاکی و بێخەوشی خوا دەڵێن و تەسبیحی خوا دەکەن و هەروەها باڵندەکان هەموویان لە کاتێ کە (لە هەوادان) باڵیان کردۆتەوە و تەسبیحی خوا دەکەن، هەموو نوێژ (دوعا) و تەسبیحی خۆی دەزانێ، خوا بەوەی ئەنجامی ئەدەن زانا و ئاگایە ﴿٤١﴾ تایبەتی خوایە دەسەڵات و موڵکی ئاسمانەکان و زەوی، گەڕانەوە بۆ لای خوایە ﴿٤٢﴾ ئایا نەتدی کە خوا بە ئارامی پەڵەهەورەکان لێ دەخورێ، لە پاشان لە نێو ئەواندا پێوەند ساز ئەدا و لە پاشان لەسەر یەک کەڵەکەیان دەکا، لەم حاڵەدا دڵۆپە بارانەکان دەبینی کە لە لابەلای ئەوە دێنە دەرێ و لە ئاسمانەوە لە کێوە هەورەکان تەیرۆک: تەرزە دەبارێنێ، جا هەرکەس کە خوا بیەوێ بەمە زیانی پێ دەگەیێنێ و هەرکەسیش کە بیەوێ ئەم زیانەی لەسەر لادەبا، نێزیکە گرشەگرشی بەرقی ئەوە (پەڵەهەورەکان) چاویان ببا (و لە کاریان بخا) ﴿٤٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



خوا شەو و ڕۆژ دەگۆڕێ (یەکیان کورت و ئەوی تریان درێژ دەکاتەوە یا گەرما و سەرما و شتی تر لە شەو و ڕۆژدا بەدی دێنێ)، لەمەدا پەندێک بۆ ژیران و خاوەن ئەقڵان هەیە ﴿٤٤﴾ خوا هەر خزۆک و جووڵندەیەکی لە ئاو بەدیهێناوە، جا هەندێ بە زگ دەخشێن، هەندێ لەسەر دوو پێ دەڕۆن و هەندێ لەسەر چوار پێ دەڕۆن، خوا هەرچی بیەوێ خەڵقی دەکا خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ﴿٤٥﴾ ئێمە نیشانە ڕوونەکانمان ناردووە، هەرکەس کە خوا بیەوێ دەیخاتە سەر ڕێگای ڕاست (و ڕێنوێنی دەکا) ﴿٤٦﴾ ئەوانە دەڵێن: بڕوامان بە خوا و پێغەمەر هێناوە و ئیتاعەتمان کردووە، بەڵام دوای ئەم قسەیە، تاقمێ لەوان ڕوو وەردەسووڕێنن، ئەوانە (لە ڕاستیدا) بڕوادار نین ﴿٤٧﴾ هەرکاتێ بۆ لای خوا و پێغەمبەر بانگ بکرێن تا (پێغەمبەر) لە نێوانیاندا داوەری بکا، لە ناکاو دەستەیێ لەوانە ڕوو وەردەسووڕێنن ﴿٤٨﴾ (بەڵام) ئەگەر (داوەری بە سوودی ئەوان بووبێ و) مافیان بووبێ، لەوپەڕی خۆ بەدەسەوە دانەوە دێنە لای ﴿٤٩﴾ ئایا نەخۆشی دڵ و دەروونیان هەیە؟ یا بەشک و دوودڵن؟ یا دەترسن خوا و پێغەمبەر ناحەقییان لێبکا؟ بەڵام ئەوانە خۆیان ستەمکارن ﴿٥٠﴾ کاتێ بڕواداران بۆ لای خوا و پێغەمبەر بانگ بکرێن تا داوەرییان لە نێودا بکا، تەنیا قسەیان ئەمەیە کە دەڵێن: بیستمان و ئیتاعەتمان کرد، هەر ئەمانەش ڕزگارن ﴿٥١﴾ کەسانێ کە ئیتاعەتی خوا و پێغەمبەر بکەن و لە خوا بترسن و و خۆ لە خوا بپارێزن، جا ئەوانە ڕزگارن ﴿٥٢﴾ سوێندیان بە خوا خوارد، سوێندی سەخت کە ئەگەر فەرمانیان پێبدا ماڵ و منداڵیان بەجێ دێڵن و دەچنە دەرێ، بڵێ: سوێند مەخۆن تاعەتی چاکتان هەبێ، بەڕاستی خوا بەو کارانەی دەیکەن ئاگایە ﴿٥٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



بڵێ: بەرفەرمانی خـوا و بەرفەرمـانی پێغەمـبەرین، جـا ئەگەر سـەرپێچی بـکەن، پێغەمـبەر بەرپرسی کردەوەی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر ئیتـاعەت بـکەن ڕێنـوێنی ئەبـن، تەنیـا ڕاگەیانـدنی ئاشکرا لەسەر پێغەمبەرە ﴿٥٤﴾ خوا بە کەسانێ لە ئێوە کە بڕوایان هێناوە و کـاری شـیاویان کـردووە، بەڵێنـی داوە کە بیانکـاتە جـێنشـینی خەڵکـیتـر لە ڕووی زەویـدا، هەروەکـوو ئەو کەسانەی پێشوو کە کردیە جـێنشـینی خەڵکـیتـر، دیـن و ئـایینێ کە بـۆی پەسـەند کـردوون ڕیشەدار بۆیان ڕادەگرێ و خۆف و مەترسییان بۆ ئەکاتە ئارامش و هێمنی بە جـۆرێ کە تەنیـا مـن بپەرسـتن و شـتێک نەکەنە هاوبەشـم، هەرکەس دوای ئەمە کـافر بـێ، خـراپ و فاسـق و ناسپاسە ﴿٥٥﴾ نوێژ بەجێبێنن و زەکات بدەن و لە پێغەمبەری خوا پەیڕەوی بکەن تا بـکەونە بەر بەزەیی و ڕەحمەتی (خوا) ﴿٥٦﴾ وا مەزانە کە کافران لە زەویدا ئەتوانن خوا ناتەوان بکەن و لە بن دەسەڵاتی ئەو دەرچن و پەنا بەرنە شوێنێتر (و لە بن دەسەڵاتی خوا دەرچن)، جێگایان ئـاگرە و جێگـایەکی بەدفەرە ﴿٥٧﴾ ئەی کەسـانێ کە بڕواتـان هێنـاوە! بەنـدەکانتان و هەروا منداڵەکانتان کە هێمـان بلـووغ نەبـوون، ئەبـێ لە سـێ کاتـدا بـۆ هـاتنە لاتـان (نێـو هـۆدەی تایبەتیتان) ئیجازەتان لێ وەربگرن. ١ـ بەر لە نوێژی بەرەبەیانان ٢ ـ لە نیوەڕۆیاندا کە جلکـی خۆتان دادەنێن (بۆ حەسانەوە) ٣ ـ دوای نوێژی خەوتنان، ئەم سێ کاتە تایبەتە بـۆ ئێـوە، بەڵام دوای ئەو سێ کاتە تاوان و گوناحێ لەسەر ئێوە و ئەوان نییە (کە بێ ئیجازە بـێن و) بە دەوری یەکتردا بگەڕێن (و بێن و بچن)، ئا بەمجۆرە خوا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێـوە بەیـان دەکـا، خـوا زانا و لەکارزانە ﴿٥٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



کاتێ کە منداڵی ئێوە بلووغیان بوو، جا پێویستە و ئەبێ ئیجازە بگرن، هەروەکوو کەسانێ کە بەر لەوان بوون و ئیجازەیان وەردەگرت، ئا بەمجۆرە خوا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە بەیان دەکا، خوا زانا و دانایە ﴿٥٩﴾ ژنانێ لەکار کەوتوو کە هیوایان بە شوو کردن نەماوە، تاوانیان بۆ نییە کە سەرپۆش و ڕووپۆش، جلکی (سەرەوەی) خۆیان دابنێن، بە مەرجێ کە لە ڕاست خەڵکدا ڕازانەوەی خۆیان نیشان نەدەن، ئەگەر خۆیان داپۆشن بۆیان چاکترە، خوا ژنەوا و زانایە ﴿٦٠﴾ لەسەر کوێر و شەل و نەخۆش و دەغەزدار تاوانێک نییە (کە لەگەڵ ئێوە نان بخۆن) و لەسەر ئێوەیش تاوان و گوناحێک نییە لە ماڵی خۆتاندا (ماڵی منداڵ یا ژنەکانتان کە بە ماڵی خۆتان دەژمێردرێ بێ ئیجازەیەکی تایبەت) نان بخۆن، هەروا لە ماڵی باوکانتان یا ماڵی دایکانتان یا ماڵی براکانتان یا ماڵی خوشکانتان یا ماڵی ئاپ و مامەکانتان یا ماڵی پلک: خوشکی باوک: پوورەکانتان یا ماڵی خاڵەکانتان یا ماڵی میمکتان: خوشکی دایکتان یا ماڵێ کە کلیلەکەی بە دەست ئێوەیە یا ماڵی دۆست و ناسیاوتان، گوناحێکتان لەسەر نییە کە بە کۆڕ یا بە تەنیا نان بخۆن، جا هەرکاتێ، چوونە ماڵێک سەلام لە یەکتر بکەن، سەلامێک لە لایەن خواوە، سەلامێکی پڕ پیت و بەرەکەت و پاک، ئابەمجۆرە خوا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە بەیان دەکا تا بەڵکوو بیر بکەنەوە و ژیری و ئەقڵتان بخەنە کار ﴿٦١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



بڕواداڕانی بەڕاستی کەسانێکن کە بڕوایان بە خوا و پێغەمبەری خوا هێنابێ و هەرکاتێ لە کارێکی گرینگدا لەگەڵ ئەو کۆ بنەوە، بێئیجازەی ئەو (پێغەمبەر) ناڕۆن(ە دەرێ)، کەسانێ کە ئیجازەت لێ وەردەگرن نیشانەی ئەوەیە کە بڕوایان بە خوا و پێغەمبەر هێناوە، جا هەرکاتێ بۆ ئەنجامدانی هەندێ کاری خۆیان ئیجازەیان لێ ویستی، هەرکەس لەوانە کە بتەوێ ئیجازەی بدە و لەبەر خوا بۆیشیان بپاڕێوە (بەناوی سپاس کە ئیجازەیان لێ ویستووی، خوا لێبور و دڵاوایە ﴿٦٢﴾ بانگکردنی پێغەمبەر لە ئێوە، وەکوو بانگ کردنی یەکتر لە نێو خۆتان دامەنێن، خوا ئاگای لەو کەسانە هەیە کە (لە پشت یەکتر) خۆ دەشارنەوە و یەکەیەکە پێ دزەی خۆ دەرباز کردن دەکەن (کە کەم کەم خۆ بشارنەوە و خۆدەرباز و ڕزگار بکەن)، جا ئەوانەی کە سەرپێچی لە فەرمانی ئەو دەکەن، ئەبێ لەوە بترسن کە تووشی بەڵا و فیتنەیەک (کوشتن) یا عەزابێکی دەرداوی ببن ﴿٦٣﴾ ئاگادار بن! ئەوەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە بۆ خوایە، ئەو دەزانێ کە لەسەر چین، ڕۆژێ کە دەگەڕێنەوە لای ئەو، جا لە کردەوەیەک کە ئەنجامیان داوە ئاگاداریان دەکا، خوا بە هەموو شتێک زانا و ئاگایە ﴿٦٤﴾

## سوورەی فورقان ٧٧ ئایەتە

**سوورەی فورقان لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٧٧ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

گەورە و پیرۆزە ئەو زاتەی کە ئەم فورقان (قورئان)ەی بۆ بەندەی خۆی نازڵ کردووە تا بۆ جیهانیان ترسێنەر بێ ﴿١﴾ ئەو کەسەی کە دەسەڵات و موڵکی ئاسمانەکان و زەوی هی ئەوە، منداڵی بۆ خۆی نەگرتووە و لە موڵکداریدا هاوبەشی بۆ نییە، بەدیهێنەری هەموو شتێکە، هەموو شتی لە ڕادەی خۆی دروست کرد و ئەندازەی گرت ﴿٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بێجگە لەو خوایانێکی دیکەیان بۆ خۆیان گرتووە کە هیچ شتێک ناخولقێنن و خۆیان بەدی هاتوون و زیان و سودی خۆیان و مەرگ و ژیان و زیندوو بوونەوەی خۆیان بە دەس نییە ﴿٣﴾ کافران وتیان: ئەمە (قورئان) درۆیە خۆی سازیداوە و دەستەیێتر لەمەدا یارمەتییان داوە (و هیچ نییە)، ئەوانە (بەو قسەیە) ستەم و بوختانێکی گەورەیان کرد ﴿٤﴾ وتیان: ئەمە چریکە و چیرۆکی پێشینانە کە داوای کردووە بۆی بنووسن کە هەر بەرەبەیانان و هەر ئێوارانێک بۆی دەخوێندرێ ﴿٥﴾ بڵێ: ئەم قورئانە کەسێک نازڵی کردووە کە ڕاز ونهێنی ئاسمانەکان و زەوی دەزانێ، بەڕاستی خوا لێبور و دلآوایە ﴿٦﴾ وتیان: ئەمە چلۆن پێغەمبەرێکە خۆراک دەخوا و بە بازاڕدا دەڕوا؟ ئەی بۆچ مەلائیکەتێک نایەتە لای تا لەگەڵ ئەودا ترسێنەر بێ ﴿٧﴾ یا بۆچ (لە ئاسمانەوە) گەنجێکی بۆ ناخرێ؟ یا بۆچ باغێکی نییە کە لێی بخوا؟ ستەمکاران وتیان: ئێوە لە مرۆڤێکی جادوو لێکراو پەیڕەوی دەکەن ﴿٨﴾ بڕوانە کە چلۆن بۆ تۆ نەزیلە و مەزمووده و مەسەل (ی پووچ) و چیرۆکی کورت، بۆ گاڵتە دێننەوە، جا لاڕێی دەبن، جا ناتوانن ڕێگای هەق بدۆزنەوە ﴿٩﴾ گەورە و پیرۆزە ئەو کەسە کە ئەگەر بیەوێ چاتر لەوە بە تۆ دەدا، باغگەلێ کە بە بن دارەکانیدا چۆمەئاو بڕوا و کۆشکگەلێ بۆ تۆ ساز بدا ﴿١٠﴾ بەڵکوو ئەوانە ڕۆژی بەرییان بە درۆ خستەوە و ئێمەیش بۆ کەسانێ کە ڕۆژی بەرییان بە درۆ دانا، ئاگری سووتێنەرمان ئامادە کردووە ﴿١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



کاتێ (کە ئەم ئاگرە) لە دوورەوە ئەوان دەبینێ، دەنگی لرفە لـرف و دەنگـی گڕەگـڕی تەنـور و ئاگری فرە بەتەوژم و نیـلەی کلّی مەترسیداری ئاگریان دیتەگـوێ ﴿١٢﴾ کـاتێ کە دەس و پـێ بەسـراو دەخـرێنە جێگـایەکی تەنگی جەهەنـنەم، داوای مردنـی بەپەلە و مـنە دەکەن ﴿١٣﴾ ئەمرۆ نە جارێک مەرگی خۆتان بیەوێ، بەڵکوو زۆر مەرگی خۆتان بوێ ﴿١٤﴾ بڵێ: ئایا ئەمە باشترە یا ئەو بەهەشتە جاویدانەی کە بە خۆپارێزان بەڵێن دراوە کە سەرئەنجام ئەبێتە پـاداش و جێگایان ﴿١٥﴾ تا ئەبەد هەرچیان بوێ لەوێدا هەیە و بەڵێنێکە ئەنجامدانی ئەوە بە ئەستۆی پەروەرێنەرتە ﴿١٦﴾ بێـنەوە بیـر رۆژێ کە هەمـوو ئەوانە و مەعبـوودانێ کە بـێجگە لە خـوا ئەیانپەرست کۆیان دەکاتەوە، جا پیاندەڵـێ: ئایا ئێـوە بەنـدەکانی ئێمەتـان گـومڕا کـرد؟ یـا خۆیان لارێی و گومڕا بوون؟ ﴿١٧﴾ ئەوانە (لە وەڵامـدا) دەڵـێن: بـێخەوش تـۆی بۆمـان شـیاو نەبوو کە بێجگە لە تۆ دۆست و مەعبوودێ بگرین، بەڵام ئەوان و باووبـاپیرانی ئەوانـت خسـتە نێو ناز و نیعمەتی خۆت تا ئەو شوێنەی (لەباتی شوکر کردنی تۆ) یـادی تۆیـان لە بیـر چـوو و تیاچوون ﴿١٨﴾ (خوا بەوان دەفەرمێ:) جا ئەم مەعبوودانە ئێوەیان لەوەی کە وتتان بە درۆیان خستەوە، جائێستا دەسەڵاتی ئەوەتان نییـە کە عەزابـی خـوا لە خۆتـان لادەن یـا یـارمەتی لە کەسێ بخوازن، هەرکەس لە ئێوە ستەم بکا (و هاوبەش بۆ خوا دابنێ) عەزابێکی سەختی پـێ دەچێژین ﴿١٩﴾ ئێمە بەر لە تۆ هیچ پێغەمبەریکمان نەناردووە مەگەر ئەوە کە نانیان دەخوارد و دەچوونە بازار، هەندێ لە ئێوەم کردە هۆی ئەزموون و تاقی کـردنەوەی هەنـدێکی دیکەتـان، ئایا تابشت دێنن و خوراڕدەگرن؟ پەروەرێنەری تۆ بەناخ بەسیر و بینایە ﴿٢٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەوانە کە هیوایان بە دیداری ئێمە نییە (و ڕۆژی بەرێ ئینکار ئەکەن) دەڵێن: بۆچی فریشتەمان نەهاتە لا؟ یا پەروەرێنەرمان بە چاو نابینین؟ ئەوانە لە پاڵ خۆیاندا خۆیان بە زل و گەورە دائەنا و سەربزێوی و فیزێکیان لێ پەیدا بوو کە ئەوسەری دیار نەبێ و نافەرمانییان کرد نافەرمانییەکی گەورە ﴿۲۱﴾ ئەو ڕۆژەی تاوانباران فریشتان بە چاوی خۆیان دەبینن کە فریشتە دەنگیان دەدەن لاچن گوم بن، هیچ مزگێنییەکان لا نییە بیدەن بە تاوانباران پێشیان دەڵێن مزگێنی بۆ ئێوە ناڕەوایە ﴿۲۲﴾ بە کار و کردەوەیان ڕادەگەین، جا هەروەکوو تۆزی بابردەڵەیان پێدەکەین ﴿۲۳﴾ بەهەشتییان لەو ڕۆژەدا لە باشترین جێگەدان و باشترین جێی حەسانەوەی نیوەڕۆیانەیان بۆ هەیە ﴿۲۴﴾ ڕۆژێ کە ئاسمان لەگەڵ هەور لەت ئەبێ و مەلائیکەتەکان بۆ زەوی دەنێردرێن ﴿۲۵﴾ موڵک و فەرمانڕەوایی لەو ڕۆژەدا بەڕاستی تایبەتی خوای ڕەحمانە و کافران ڕۆژێ زەخت و سەختیان لەبەرە ﴿۲۶﴾ ڕۆژێ کە ناحەقیکار بە دەسی خۆیدا دەنووسێ و بە ددان دەیگەزێ و فرە پەشیمانە و دەڵێ: خۆزگە لەگەڵ پێغەمبەر ڕێگام دەگرتە بەر ﴿۲۷﴾ وەی بۆ من بە داخەوە حەیف و مخابن! خۆزگە فلانیم (لادەر لە ڕێی حەق) نەدەکردە دۆست ﴿۲۸﴾ هەر ئەو (شەیتان) منی لە یادی حەق کلا کرد، دوای ئەوەی قورئانم بۆ هاتبوو، شەیتان هەمیشە لە ڕێ لادەری مرۆیە ﴿۲۹﴾ پێغەمبەر وتی: پەروەرێنەرم! هۆزەکەم ئەم قورئانەیان وە پشتگوێ خست ﴿۳۰﴾ ئا بەمجۆرە بۆ هەر پێغەمبەرێ دوژمنێکمان لە تاوانباران دانا، ئەمە بەسە کە پەروەرێنەرت ڕێنوێن و کۆمەگ و هاریکار و یارمەتیدەر و یاوەری تۆیە ﴿۳۱﴾ کافران دەڵێن: بۆچ یەک جێ قورئانی بۆ نایێ؟ بۆ ئەوەیە تا دڵی تۆی پێ بەهێز و پتەو بکەین و ئەومان بە تەکووزی و بە ڕێکوپێکی و بەرەبەرە بۆ تۆ نارد (و بە ئارامی بۆ تۆ خوێندەوە) ﴿۳۲﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور ساڵح ئیبراهیمی



ئەگەر ئەوان نەزیلەت بۆ دێننەوە، ئێمەیش ڕاستیت بۆ دێنین و (نەزیلەیەکی) پڕواتاتر لە هی ئەوانت بۆ دێنین ﴿٣٣﴾ کەسانێ کە بەسەر ڕووەوە بۆ لای جەهەندەم ڕادەکێشرێن و کۆ دەکرێنەوە، ئەوانە خراپترین جێگایان بۆ هەیە و لاڕێترینن ﴿٣٤﴾ کتێبمان بە مووسا دا و هاڕوونی برایشمان کردە وەزیری یاریدەر ﴿٣٥﴾ وتمان: بڕۆنە سەر هۆزێ کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا، ئەوجا ڕوفێکافێ ئەو هۆزەمان بە توندی پێ‌شکاند و لەناوبرد ﴿٣٦﴾ هۆزی نووح چون پێغەمبەرانیان بە درۆ خستەوە (لە ئاودا) نوقممان کردن و ئەوانمان کردە پەند بۆ خەڵک، بۆ ستەمکاران عەزابی دەرداویمان ئامادە کردووە ﴿٣٧﴾ عاد و سەموود و خاوەنی چاڵاوەکان (ڕەس) و گەلێ بەرە و چینی نێوانیان هەر بەو دەردە چوون (لەناومان بردن) ﴿٣٨﴾ بۆ هەموویان نەزیلەگەلێکمان هێناوە (بەڵام بە خۆ نەهاتنەوە) لە ئاکامدا ونجڕ ونجڕ و شڕوشیتاڵ و تەواو دڕاو و دادڕمان کردن و هەموویانمان لەناو بردن ﴿٣٩﴾ خۆ ئەوانە بەسەر شارێ کە بارانی بەڵا و شەڕمان (لە بەرد) بەسەردا باراندوون تێپەڕیون، مەگەر ئەوەیان بە چاوی خۆیان نەدیوە؟ بەڵام ئەوانە هیوایان بە ڕۆژی زیندوو بوونەوە نەبوو (القریە: «سەدوم» گەورەترین شاری هۆزی لووتە) ﴿٤٠﴾ هەر کە تۆ دەبینن دەتکەنە گەپجاڕی خۆیان بەلاژکی ئێژن ئائەمەیە ئەو پێغەمبەرە کە خوا کردوویەتە ڕەسووڵ و ڕایسپاردگە؟ ﴿٤١﴾ ئەگەر ئێمە لەسەر پەرستنی خواکانمان خۆمان ڕانەگرتبا نێزیک بوو لە خواکانمان لامانبدا (لاڕێمان بکا) دواجار کە عەزابی خوا دەبینن بە زوویی دەزانن چ کەسێک پتر لاڕێ بووە؟! ﴿٤٢﴾ پێمبڵێ: تۆ ئەوکەسەت دی کە هەرچی خۆی حەزبکا دەیکاتە خوا و مەعبوودی خۆی، ئاخۆ تۆ بۆ ئەمیش زامن و دەسەبەری؟ ﴿٤٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

یان وا دەزانی زۆربەی ئەوانە گوێ شل دەکەن و دەبیسن یا ئاوەزیان دەخەنە کار و تێدەگەن؟ ئەوانە وێنەی وڵساتن، وەکوو ئاژەڵ (ئەنعام: بزن، مەڕ، وشتر و گا) وان، بەڵکوو لاڕێ و گومڕاترن ﴿٤٤﴾ ئایا نابینی چلۆن پەروەرێنەرت درێژە بە سێبەر دەدا و ئەگەر بیویستبا وای دەکرد لە جێ نەبزوێ (هەمیشە سێبەر و تاری بێ)، لە پاشان ڕۆژیان کردە بەڵگە لەسەر ئەو (ئەگەر ڕۆژ نەبووایە سێبەر و تاریکی نەدەناسرا) ﴿٤٥﴾ لە پاشان کەم کەم ئەومان بۆلای خۆمان کۆ کردەوە، کۆ کردنەوەیەکی ئاسان ﴿٤٦﴾ ئەو کەسێکە شەوی بۆ ئێوە کردە جلک و خەوی کردە هۆی حەسانەوە و ڕۆژی بۆ هەستانەوە (تان) (کار ئەنجامدان) داناوە ﴿٤٧﴾ ئەو کەسێکە بای بە مزگێنیدەر بۆ ڕەحمەتی خۆی نارد، لە ئاسمان ئاوی پاک و پاککەرەوەمان نارد ﴿٤٨﴾ تا لە سۆێنگەی ئەوەوە زەوی مردوو (کراڵ) ببووژێنینەوەو ئاژاڵ (بزن و مەڕ و گا و وشتر) زۆری لەو مرۆیانەی ئافراندوومن تێراویان بکەین ﴿٤٩﴾ ئێمە ئەوەیشمان (قورئان (تەفسیریکەشاف) یا باران) بە وێنەی جۆربەجۆر لە نێوانیاندا دانا تا بیر بکەنەوە، بەڵام زۆربەی خەڵک بێجگە لە حاشا کردن لە خوا و ناشکوری نایێ بە زاریاندا ﴿٥٠﴾ ئەگەر بمانویستبا بۆ هەر شار و گوندێک ترسێنەرێکمان دەنارد ﴿٥١﴾ جا لەبەر ئەمە سا بە قسەی خوانەناسان مەکە و بە قورئان ملەبەملانێیەکی گەورەیان لەگەڵدا بکە ﴿٥٢﴾ ئەوە (خوایە) کە دوو دەریای لە کەناری یەک (وەک نیوە تێکەڵاو) داناوە، یەکێکیان زۆر شیرین و لە تام خۆشەو ئەوی دیکەیان سوێر و تاڵ و داغ و تفتە و لە نێوان ئەواندا پەردەیەکی داناوە (تا تێکەڵ یەک نەبن، دەڵێی بە یەک دەڵێن:) بە دوور بە و توخنم مەبە ﴿٥٣﴾ ئەوە (خوایە) کە لە ئاو (ی مرۆڤ) ئینسانی بەدیهێناوە و ئەوی کردۆتە دوو بەرە (پیاو و ژن) تۆرەمە و خزم، پەروەرێنەرت بەتوانایە ﴿٥٤﴾ ئەوانە بێجگە لە خوا شتانێک دەپەرستن کە نە سوود و نە زیان بەوان ناگەیێنن، کافران خۆ دەکەنە پشتیوانی دژ بە خوای پەروەرندەی خۆیان ﴿٥٥﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئێمە تەنیا تۆمان بۆ ئەوە ناردووە مزگێنیدەر و ترسێنەر بی ﴿٥٦﴾ بڵێ: من لە بەرامبەری ئەم ڕاگەیاندنە پاداشێکم لە ئێوە ناوێ، تەنیا پاداشی من ئەمەیە تا کەسانێ پەیدا بن و بیانەوێ ڕێگایەک بۆ لای خوا هەڵبژێرن و بگەن بە خوا ﴿٥٧﴾ پشتت بە خوایەک بدەوە کە هەمیشە زێندووە و قەت نامرێ و پاکی و بێخەوشی و حەمدی ئەو بەجێ بێنە و ئەمە بەسە کە ئەو لە ناخی تاوان و گوناحی بەندەکانی ئاگایە ﴿٥٨﴾ ئەو خوایەی کە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی وا لە نێوان ئەو دوانەدایە لە شەش ڕۆژ (شەش دەور)دا بەدیهێناوە، ئەوسا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی خۆی دامەزراوە، ئەوە خوای ڕەحمان و دلاوا، جا لەو بخوازە کە بە ناخی هەموو شت ئاگایە ﴿٥٩﴾ کاتێ کە بەوان وترا: بۆ ڕەحمان کرنۆش و سوژدە بەرن، دەڵێن: ڕەحمان کێیە؟ (ڕەحمان ناناسین) ئایا بۆ شتێ سوژدە بەرین کە تۆ فەرمانمان پێ‌ئەدەی؟ (ئەم قسەیە دەکەن) و سڵ بوون و قوشقی بوونیشیان (لە حەق) زیادتر ئەبێ ﴿٦٠﴾ پیرۆز و پڕ بەرەکەتە ئەو خوایەی کە لە ئاسماندا چەن قۆناغ و بورجگەلی داناوە و لە نێو ئەودا چرا (ڕۆژ) و مانگی تریفەداری داناوە (بروج: ئیشارەیە بە ١٢ وێنەی فەلەکی: تەبەق و گۆی ڕۆژ کە هەر مانگێ لە بورجێکدایە، وەکوو جەمەل، ثور، جوزا) ﴿٦١﴾ ئەوە کە شەو و ڕۆژی جێنشینی یەک کردووە، تا ئەوانەی کە بیانەوێ بێننەوە بیر یا شوکرانەبژێری بکەن، بیکەن ﴿٦٢﴾ بەندە ڕاستەکانی خوای ڕەحمان کەسانێکن کە بێدەعیە بە نەرمی بەسەر ئەرزا ئەڕۆن و کاتێ نەزانان ئەوانە بدوێنن بەر قسەی خراپ (جوێنیان بدەن) وەڵامی نەرمونیانیان دەدەنەوە و (بەجێیان دێڵن) ﴿٦٣﴾ هەر ئەوانەن کە بە کرنۆش و سوژدە بردن و ڕاوەستان لە قاپی خوادا شەو دەکەنەوە ﴿٦٤﴾ ئەوانە دەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە جەزرەبە و عەزابی جەهەندەممان لێ‌لادە، چونکە عەزابەکەی سەخت و بەردەوامە ﴿٦٥﴾ بەڕاستی جەهەندەم جێگە و شوێنێکی خراپە ﴿٦٦﴾ هەر ئەوانەش کە لە وەختی ماڵ بەخشینا نە بە تەواوی دەسبڵاون و نە تەواویش دەسقووچاون، بەڵکوو لە نێوان ئەم دووانەدا ڕێگای مامناوەندیان گرتۆتەبەر ﴿٦٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئەوانە لەگەڵ خوا کەسی دیکە بانگ ناکەن، مرۆییکیش ناکوژن کە خوا کوژتنی ئەوی بە ناڕەوا زانیوە مەگەر بە حەق، و داوێن پیسیش ناکا، هەرکەس ئەو کارانە بکا تاوانی خۆی دێتە ڕێی﴿٦٨﴾ عەزابی کەسێکی وا لە ڕۆژی پەسلاّندا دوو چەندان ئەبێ و تا ئەبەد بە زەلیلی و سووکایەتی لەوێدا دەمێنێتەوە ﴿٦٩﴾ مەگەر کەسانێ کە تۆبە بکەن و بڕوا بێنن و کردەوەی چاک بکەن، جا خوا تاوان و گوناحی ئەمانە ئەکاتە چاکە، خوا لێبور و تاوان بەخش و فرە دڵلاوێنە ﴿٧٠﴾ هەرکەس تۆبە بکا و کاری چاک بکا بە تەواوی بۆلای خوا دەگەرێتەوە (و پاداشی خۆی لە خوا وەردەگرێ) ﴿٧١﴾ ئەوانە بە درۆ شایەدی نادەن و کاتێ بەسەر ناپەسندێکا ڕابورن بەپەلە و بەلەز لێی دوور دەکەونەوە ﴿٧٢﴾ ئەوانە هەرکاتێ نیشانەکانی پەروەرێنەریان بخرێتە بیر، بە کوێری و کەڕی ناکەون بەسەریدا (بەڵکوو بیری لێ دەکەنەوە) ﴿٧٣﴾ ئەوانە دەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە ژن و خێزان و منداڵانی وامان پێمان ببەخشە کە چاومان ڕوون بکەنەوە، بمانکە پێشەوای پارێزکاران ﴿٧٤﴾ ئەوانەن لە بەرانبەر خۆڕاگری و تابشتیان هۆدە (کانی بەهەشتیان) پێ ئەدرێ و ڕێزیان لێ دەگیردرێ و لەوێدا دروود و سەلامیان لێدەکرێ ﴿٧٥﴾ لەوێدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە، چەن جێگە و شوێنێکی چاک و شیاوە ﴿٧٦﴾ بڵێ: پەروەرێنەری من لێتان ناپرسێ و بایەخێکتان بۆ دانانێ، ئەگەر لەبەری نەپاڕێنەوەو نزا و پارانەوە و دوعا و لالانەوەتان نەبێ، بەتایبەت ئێوە نیشانەی خوا و پێغەمبەرانتان) بە درۆ ختسۆتەوە، جا بە زوویی سزای خراپ داوێنتان دەگرێ و لێتان جیا نابێتەوە ﴿٧٧﴾

## سوورەی شوعەرا ٢٢٧ ئایەتە



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



**سوورەی شوعەرا لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٢٧ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

طا، سین، میم: (خوای) پاک (و) بیسەر (و) مەجید ﴿١﴾ ئەمانە نیشانەکانی ئەم کتێبی دیاریدەرەن ﴿٢﴾ لەوانەیە بەو خەمە خۆت لەناو بەری کە ئەوانە نایانەوێ بڕوا بێنن ﴿٣﴾ ئەگەر بمانەوێ لە ئاسمانەوە نیشانەیەکیان بۆ دەنێرین، جا ملیان لە ڕاست ئەوە دانەوێ ﴿٤﴾ هەر ئامۆژگارییەکی تازە بابەتی بەدیهاتوو لە لایەن بەخشەرەوە بۆیان دێ ڕووی لێ وەردەگێرن و خۆی لێ‌لائەدەن ﴿٥﴾ جا ئەوانە (نیشانەکانی قورئان)یان بە درۆ خستەوە، جا بە زوویی هەواڵی (سزای) ئەوەی کە گاڵتە و گەپیان پێ‌دەکرد، پێیان دەگا ﴿٦﴾ ئایا بۆ زەوی نانوارن کە چەندمان لە هەموو جووت و (هاولف و) ڕوەک و جۆرە گیایەکی بایەخدارمان لەودا ڕواند ﴿٧﴾ بێ‌گومان لەمەدا نشانەیەکی ڕوون هەیە (بۆ هەبونی خوا)، بەڵام زۆربەی ئەوانە بڕوا ناهێنن ﴿٨﴾ بێ‌گومان پەروەرێنەرت هەر خۆیەتی بەدەسەڵات و دڵۆڤان ﴿٩﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ کە پەروەرێنەرت هەرای لە مووسا کرد کە بڕۆ سەر ئەو هۆزە ستەمکارە ﴿١٠﴾ هۆزی فیرعەون، ئایا ئەوانە (لە دژایەتی کردن لە فەرمانی خوا) ناپرینگێنەوە و ناترسن؟ ﴿١١﴾ (مووسا) وتی: ئەی پەروەرێنەرم لەوە دەترسم بە درۆم بخەنەوە بە فریێژ و درۆزنم بزانن ﴿١٢﴾ دڵم تەنگ دەبێ و زمانم گۆ ناکا و ناگەڕێ (پسکم) و چاک ناسووڕێ، جا (بە براکەم) هاروون(یش) پێغەمبەری بدە (تا یارمەتیم بدا) ﴿١٣﴾ بۆ ئەوانە لەسەر من تاوانێک هەیە، دەترسم بمکوژن (و ئەم ڕیساڵەتە تەواو نەبێ (ئیشارەبەوەیە کە مووسا بە مست میسریەکی قبتی کوشت) ﴿١٤﴾ فەرمووی وا نییە (کارێکیان لە دەس نایێ)، جا ئێوە هەردووکتان بە نیشانەی ئێمەوە (بۆ ڕێنوێنی ئەوان) بڕۆن، ئێمە لەگەڵتانین و (قسەکانتان) دەبیسین ﴿١٥﴾ بڕۆنە لای فیرعەون، جا بڵێن: ئێمە ڕەوانەکراوی پەروەرێنەری جیهانیانین ﴿١٦﴾ بەرەی ئیسرائیلمان لەگەڵدا بنێرە ﴿١٧﴾ (فیرعەون) وتی: ئایا ئێمە تۆمان بە منداڵی لە نێو خۆماندا پەروەردە نەکردووە؟ چەندین ساڵی تەمەنت لە نێو ئێمەدا ڕانەبواردووە؟ ﴿١٨﴾ (سەرەنجام) ئەو کارەی (کە نەدەبوو ئەنجامی بدەی) ئەنجامت دا (و یەکێکت لە ئێمە کوشت)، تۆ لە ناسپاسانی ﴿١٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



(مووسا) وتی: ئەو سەردەمە کە وام کرد لە بێخەبەران و گومڕایان بووم ﴿٢٠﴾ جا چون لە ئێوە ترسام بازم دا و هەڵاتم (و خۆم شاردەوە)، جا خوای من زانست و لەکارزانی پێدام و منی لە پێغەمبەران دانا ﴿٢١﴾ تۆ منەتی ئەو چاکەیەم لەسەر دادەنێی کە بەرەی ئیسرائیلت کردۆتە بەندە و خزمەتکاری خۆت؟! ﴿٢٢﴾ فیرعەون وتی: پەروەرێنەری جیهان کێیە؟! ﴿٢٣﴾ (مووسا) وتی: پەروەرێنەری ئاسمانەکان و زەوییە و ئەوەی لە نێوان ئەم دووانەدایە، ئەگەر بیسەلمێنن و لە یەقینداران بن ﴿٢٤﴾ (فیرعەون) بە دەوروبەرییەکانی خۆی وت: ئایا دەبیسن ئەم (پیاوە چ دەڵێ) ﴿٢٥﴾ (مووسا) وتی: پەروەرێنەری ئێوە و پەروەرێنەری باووباپیرانی پێشووتانە ﴿٢٦﴾ (فیرعەون) وتی: پێغەمبەرێ کە بۆ لاتان ناردراوە جنۆکە دەسی لێوەشاندووە و شێتە ﴿٢٧﴾ (مووسا) وتی: ئەو پەروەرێنەری خۆرهەڵات و خۆرئاوایە و هەرچی وا لە نێوان ئەو دووانەدایە، ئەگەر ئەقڵی خۆتان بخەنە کار ﴿٢٨﴾ (فیرعەون بە قەڵسییەوە) وتی: ئەگەر بێجگە لە من خوایێتر بگری، بە خوا ئەتخەمە بەند و نێو بەندییان ﴿٢٩﴾ (مووسا) وتی: تەنانەت ئەگەر نیشانەیەکی دیاریش لەسەر پێغەمبەریم بۆ تۆ بێنم؟ ﴿٣٠﴾ وتی: ئەگەر لە ڕاستبێژانی بیهێنە ﴿٣١﴾ لەو دەمەدا مووسا دارەدەسەکەی خۆی فڕێدا، جا لەناکاو بووە ئەژدەهایەکی حەفی زەق و دیار (و لەبەرچاو) ﴿٣٢﴾ دەستی خۆی لە بنهەنگڵی خۆی هێنایە دەرێ، جا لە بەرچاوی بینەران سپی و جوانی دەنواند ﴿٣٣﴾ (فیرعەون) بەسەر گەورەکانی دەوروبەری خۆی وت: ئەمە (مووسا) جادووگەر و ساحیرێکی ئاگا و شارەزایە ﴿٣٤﴾ ئەیەوێ بە سیحر و جادووی خۆی ئێوە لەسەر زێدی خۆتان دەرپەڕێنێ، جا بیروڕاتان چییە؟! ﴿٣٥﴾ وتیان: بەو و براکەی مۆڵەت بدە، با لێرە بمێنن، پیاو بۆ هەموو شارەکان بنێرە تا خەڵکی کۆ بکەنەوە ﴿٣٦﴾ تا هەر جادووگەر و ساحیرێکی زانا بهێننە لات ﴿٣٧﴾ جادووگەران لە ڕۆژی دیاریکراودا (لە قەلە مندارە) کۆکرانەوە ﴿٣٨﴾ بە خەڵکیش وترا: ئایا ئێوەش (لەم شانۆیە) کۆ دەبنەوە؟! ﴿٣٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئەگەر ئەم جادووگەرانە بێنینەوە و زاڵ بن، لەوانەیە ئێمەیش پەیڕەوییان لێبکەین (بیکەینە هەڵاوهوریا تا دژ و دوژمن سەریان لێبشێوێ) ﴿٤٠﴾ جا کاتێ ساحیرەکان هاتن، بە فیرعەونیان وت: ئەگەر زاڵ بین ئایا پاداشمان بۆ هەیە؟ ﴿٤١﴾ وتی: بەڵێ، بێگومان لەو کاتە لە نێزیکان دەبن ﴿٤٢﴾ (ڕۆژی دیاریکراو گەیی و خەڵک کۆ بوونەوە) مووسا بە جادووگەرانی وت: ئەوەی وا دەبوو بهاوێژرێ، بیهاوێژن ﴿٤٣﴾ جا پەت و تەناف و دارەدەستەکانیان تووڕ هەڵدا و وتیان: سوێند بە عێزەتی فیرعەون، بێگومان ئێمە زاڵین ﴿٤٤﴾ جا مووسا داردەستی خۆی تووڕ هەڵدا، لە ناکاو هەموو کەرەستەی فێڵی درۆیینی ئەوانی چنیەوە و هەڵلووشی ﴿٤٥﴾ جادووگەران (بەپانەوە) چوونە کڕنۆش و سوژدە بردن ﴿٤٦﴾ وتیان: بڕوامان بە پەروەرێنەری جیهانیان هێنا ﴿٤٧﴾ پەروەرێنەری مووسا و هاڕوون ﴿٤٨﴾ (فیرعەون) وتی: ئایا (سەرتان بۆ دانەواند و) بڕواتان پێهێنا بەرلەوەی کە ئیجازەتان پێبدەم؟! بێگومان ئەو سەردەستەی ئێوەیە کە سیحر و جادووی فێر کردوون! جا بە زوویی دەزانن کە دەست و پێتان ڕاست و چەپ دەبڕم و هەمووتان لە دار ئەدەم ﴿٤٩﴾ وتیان: منەتت بە پووشێک، و بێزیانە هەر کارێ لە دەستت دێ بیکە، بێگومان ئێمە گەڕانەوەمان بۆ لای پەروەرێنەرمانە ﴿٥٠﴾ بێگومان هیواداریین کە پەروەرێنەرمان لە خەتا و هەڵەمان ببوورێ کە یەکەمین بڕواهێنەران بووین ﴿٥١﴾ بە مووسامان ڕاگەیاند کە بەندەکانم بە شەودا لە میسر کۆچ بدا، بێگومان ئەوانە بە دواتان دەکەون ﴿٥٢﴾ جا فیرعەون (لەمە ئاگادار بوو) پیاوی بە شارەکاندا نارد تا هێز کۆ بکاتەوە ﴿٥٣﴾ (وتی:) بێگومان ئەمانە تاقمێ کەمن ﴿٥٤﴾ بێگومان ئەوانە ئێمەیان قەڵس و تووڕە کرد ﴿٥٥﴾ بێگومان ئێمە هەموو وریایانین و ئامادەی جەنگین ﴿٥٦﴾ جا ئێمە ئەوانمان (فیرعەونیان) لە باغ و لەسەر کانی و ئاوەکانیان دەرپەڕاند ﴿٥٧﴾ لەسەر گەنج و لە نێو کۆشکە پڕ بایەخ و چاکەکانیان (وەدەرنا) ﴿٥٨﴾ بەڵێ ئاوامان کرد و بەرەی ئیسرائیلمان کردە میراتگری فیرعەونیان ﴿٥٩﴾ فیرعەونیەکان لە کاتی گزینگدانی خۆرهەڵاتدا بە شوێنیان کەوتن ﴿٦٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



جا چون ئەو دوو تاقمە یەکتریان دی، یارانی مووسا وتیان: پیس پێوە بووین (و کەوتینە بن چنگاڵی فیرعەونیان) ﴿٦١﴾ (مووسا) وتی: وا نییە، بێگومان پەروەرێنەرم لەگەڵ منە، بە زوویی ڕێنوێنیم دەکا ﴿٦٢﴾ جا وەحیمان بە مووسا کرد کە دارەکەت لە زەریا بدە، زەریا لەت بوو کە هەر لەتەی وەکوو کێوێکی گەورەی لێهات ﴿٦٣﴾ لەوێدا تاقمەکەی دیکەیشمان گەیاندە دەریا ﴿٦٤﴾ مووسا و هەموو هاوڕێکانی ئەومان ڕزگار کرد ﴿٦٥﴾ لە پاشان ئەوانی دیکەمان نوقم کرد تا بخنکێن ﴿٦٦﴾ بێگومان لەمەدا نیشانەیەک هەیە، زۆربەیان بڕوایان نەهێنا ﴿٦٧﴾ بێگومان پەروەرێنەرت فرە بەدەسەڵات و دڵۆڤانە ﴿٦٨﴾ هەواڵی ئیبراهیمیان بۆ بگێڕەوە ﴿٦٩﴾ کاتێ کە بە باوک و هۆزی خۆی وت: چ دەپەرستن ﴿٧٠﴾ وتیان: بتانێک دەپەرستین، جا هەموومان بەردەوام بەندەی ئەوانین ﴿٧١﴾ وتی: ئایا کاتێ هاواریان لێ دەکەن، دەنگتان دەبیسن ﴿٧٢﴾ یا بۆ ئێوە سوود و زیانێکیان هەیە؟! ﴿٧٣﴾ وتیان: بەڵام باووباپیرانمان دی کە وایان دەکرد ﴿٧٤﴾ ئایا دەزانن کە چ دەپەرستن ﴿٧٥﴾ ئێوە و باووباپیرانی پێشووتان ﴿٧٦﴾ جا هەموو ئەوانە دوژمنی منن، مەگەر پەروەرێنەری جیهانیان ﴿٧٧﴾ ئەوە کە منی بەدیهێنا، جا لە پاشان ڕێنوێنیم دەکا ﴿٧٨﴾ ئەو کەسەی کە ئەوە نانم ئەدا و تێراوم دەکا ﴿٧٩﴾ هەرکاتێ نەخۆش کەوم، جا هەر ئەوە شفام ئەدا ﴿٨٠﴾ ئەوە کە دەم مرێنێ و لە پاشان زیندووم دەکاتەوە ﴿٨١﴾ ئەوە کە هیوادارم لە ڕۆژی پەسڵاندا لە هەڵە و تاوان و خەتاکانم ببورێ ﴿٨٢﴾ ئەی پەروەرێنەرم (زانین و هەقبینی و) لەکارزانیم فێربکە و بملکێنە بە چاکانەوە ﴿٨٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



بۆ من ناوی چاک بخە نێو زاری داهاتووان (تا بە چاکە یادم بکەن) ﴿٨٤﴾ لە میراتگرانی بەهەشتی پڕ ناز و نیعمەتم دابنێ ﴿٨٥﴾ لە باوکم (مامم) خۆشبە، ئەو لە لاڕێیانە ﴿٨٦﴾ لە رۆژێکدا کە خەڵک زیندوو دەکرێنەوە، ریسوا و شەرمەسارم مەکە ﴿٨٧﴾ رۆژێ کە نە ماڵ سوود و قازانج دەدا و نە منداڵ ﴿٨٨﴾ مەگەر کەسێ بە دڵ و دەروونێکی پاک و بێخەوش و سەلیمەوە بێتە لای خوا ﴿٨٩﴾ بەهەشت بۆ خۆپارێزان نێزیک بکرێتەوە ﴿٩٠﴾ جەهەندەم بۆ لاڕێیان دەردەخرێ (و ئاشکرا دەکرێ) ﴿٩١﴾ پێیان دەوترێ لە کوێن ئەوانەی وا دەتانپەرست؟! ﴿٩٢﴾ (مەعبوودگەلێ) بێجگە لە خوا ئایا یارمەتی خۆیان ئەدەن؟ یا خۆیان یارمەتیدانیان دەوێ؟ ﴿٩٣﴾ جا هەموو ئەوانە و کافران سەرەونخوون دەخرێنە جەهەندەم ﴿٩٤﴾ هەموو لەشکریانی ئیبلیس (یش دەخرێنە دۆژەهـ) ﴿٩٥﴾ لە دۆژەهدا هەر بە کێشە دێن و دەڵێن: ﴿٩٦﴾ سوێند بە خوا کە ئێمە لە لاڕێییەکی ئاشکرادا بووین ﴿٩٧﴾ ئەودەمەی کە ئێوەمان لەگەڵ پەروەرێنەری جیهانیان بە بەرانبەر دائەنا ﴿٩٨﴾ بێجگە لە تاوانباران کەسێکی دیکە ئێمەی گومڕا نەکرد ﴿٩٩﴾ جا ئێستا دڵسۆز و تکاکارمان بۆ نییە ﴿١٠٠﴾ دۆستی دڵاوا و خوێنگەرممان بۆ نییە ﴿١٠١﴾ خۆزگە جارێتر بگەڕێینەوە (دنیا)، جا لە بڕواداران ئەبووین ﴿١٠٢﴾ لەمە پەندێک و نیشانەیەک هەیە، بەڵام زۆربەیان بڕوادار نەبوون ﴿١٠٣﴾ بێگومان پەروەرێنەرت هەر ئەوە زاڵ و دڵاوێنە ﴿١٠٤﴾ هۆزی نووح پێغەمبەرانیان بە درۆ خستەوە ﴿١٠٥﴾ ئەودەمە کە نووحی برایان پێی وتن: ئایا پەروا ناکەن؟ ﴿١٠٦﴾ بێگومان من پێغەمبەرێکی جێی باوەڕ و ئەمینم بۆ ئێوە ﴿١٠٧﴾ جا لە خوا بترسن و ئیتاعەتی من بکەن ﴿١٠٨﴾ من لە راست ڕێنوێنی خۆم (بۆ ئێوە) مزەیەکم ناوێ، مزەی من تەنیا لەسەر پەروەرێنەری جیهانیانە ﴿١٠٩﴾ جا لە خوا بترسن و ئیتاعەتی من بکەن ﴿١١٠﴾ وتیان: ئایا بڕوا بە تۆ بێنین، لە حاڵێکدا پیروپاتاڵ و رووتەڵە و پووتەڵە و هەژار و نەدار پەیڕەوی تۆن (لە تۆ پەیڕەوی دەکەن) ﴿١١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



(نووح) وتی: مـن چـووزانم ئەوانە لەبەرا چییـان دەکـرد ﴿١١٢﴾ حیسـابی ئەوانە نییـە مەگەر لەسەر پەروەریٚنەرم، ئەگەر بزانن ﴿١١٣﴾ من (قەت) بـڕواداران دوور نـاخەمەوە ﴿١١٤﴾ مـن هەر تەنیا ترسێنەرێکی (بەیـان و) ڕوونکەرەوەی ئاشـکرام ﴿١١٥﴾ وتیـان: ئەی نـووح! ئەگەر دەس هەڵنەگری، لە بەردبارانکراوان دەبـی ﴿١١٦﴾ (نـووح) وتـی: ئەی پەروەریٚـنەرم! هـۆزم بە درۆیان خستمەوە ﴿١١٧﴾ جا ئێستا لە نێوان من و ئەواندا ڕێگایەک بکەوە و من و بڕوادارانێ کە لەگەڵ مندان ڕزگار بکە ﴿١١٨﴾ جا ئێمە ئەو و کەسانێ کە لەگەڵ ئەودا بوون لە گەمی پڕ و تەژی (لیپاولیپ لە مـرۆڤ و هەمـوو جـۆرە ئاژەڵێـک) ڕزگارمـان کـردن ﴿١١٩﴾ لە پاشـان ئەوانەی مانەوە نوقممان کردن تا بخنکێن ﴿١٢٠﴾ بێگومان لەمەدا نیشـانەیەکی ڕوون هەیە، بەڵام زۆربەیـان بـڕوادار نـین ﴿١٢١﴾ بێگومـان پەروەریٚـنەرت هەر ئەوە بەدەسـەڵات و دڵاوا ﴿١٢٢﴾ هۆزی عاد پێغەمبەرانی (خوا)یان بە درۆ خستەوە ﴿١٢٣﴾ کاتێ هوودی برایان وتـی: ئایا خۆ ناپارێزن؟! ﴿١٢٤﴾ من بۆ ئێوە ڕەوانەکراوێکی جێ باوەڕ و ئەمینم ﴿١٢٥﴾ جا لە خوا خۆ بپارێزن و ئیتاعەتی من بکەن ﴿١٢٦﴾ من هـیچ مـزە و پاداشـێکم لە بەرانـبەر ئەم بانـگ کردنەدا لە ئێوە ناوێ، مزەو پاداشم هەر لەسەر پەروەریٚنەری جیهانیـانە ﴿١٢٧﴾ ئایـا لەسـەر هەر بەرزاییەک کۆشک و قەڵایەک ساز ئەدەن کە هەر خەریکی کـاری پڕوپـووچ بـن ﴿١٢٨﴾ بەم گومانە کە هەمیشە زیندوون، کۆشک و تەلار سازئەدەن ﴿١٢٩﴾ هەرکاتێ پەلامار بەرن و تـۆڵە بسـتێنن، وەکـوو سـتەمکاران پەلامـار دەبەن و تـۆڵە دەسـتێنن (و لە ڕادە تێـدەپەڕن) ﴿١٣٠﴾ جا لە خوا بترسن و ئیتاعەتی مـن بـکەن ﴿١٣١﴾ لەو خـوایەک بترسـن کە ئەوەی کە دەیزانن یاریکردوون و پێیداون ﴿١٣٢﴾ ئاژاڵ: ئەنعام: (بزن، مەڕ، وشتر و گـا) و منـداڵی پـێ داون ﴿١٣٣﴾ باغ و کانیاو (ی پێداون) ﴿١٣٤﴾ بێگومـان مـن لە عەزابـی ڕۆژی گەورە ترسـی ئێوەم هەیە ﴿١٣٥﴾ وتیان: بۆ ئێمە یەکسانە ئامۆژگـاری و پەنـدمان بـدەی یـا ئامۆژگاریمـان نەدەی ﴿١٣٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەمە بێجگە لە درۆ و دەلەسەی پێشینان شتێتر نییە ﴿١٣٧﴾ ئێمە عەزاب نادرێین ﴿١٣٨﴾ ئەویان بە درۆ خستەوە، جا ئێمەیش ئەوانمان لە نێو برد، بێگومان لەمەدا نیشانە و پەندێک هەیە پرایی و زۆربەیان بڕوادار نەبوون ﴿١٣٩﴾ بێگومان پەروەرێنەرت هەر ئەوە بەدەسەڵات و دڵلاوێنە ﴿١٤٠﴾ (هۆزی) سەموود پێغەمبەرانیان بە درۆ خستەوە ﴿١٤١﴾ کاتێ کە سالْحی برایان وتی: ئایا پەروا ناکەن؟ ﴿١٤٢﴾ بەڕاستی من بۆ ئێوە پێغەمبەرێکی جێی دڵنیایی و ئەمینم ﴿١٤٣﴾ جا لە خوا بترسن و ئیتاعەتی من بکەن ﴿١٤٤﴾ من لە بەرامبەر ڕێنوێنیم بۆ ئێوە مزە و پاداشێ ناخوازم، پاداشی من نییە مەگەر لەسەر پەروەرێنەری جیهانیان ﴿١٤٥﴾ ئایا وا بیر دەکەنەوە کە ئێوە لەم ناز و نیعمەتانەدا هەروا بەرەڵڵا دەکرێن (و بێ بەرپرسن) ﴿١٤٦﴾ لە نێو باغ و لەسەر کانیاو ﴿١٤٧﴾ لە نێو ئەم بێستان (زەرعات) و باغە خورمایانەدا کە میوەیان شیرین و گەییوە (و شکۆفەی نەرم و ناسکیان دەرکردوە) ﴿١٤٨﴾ هەر بەخۆشی و شادمانی ئێوە لە چیا (لە کاوان لە نێو تاشەبەرد) خانوو دادەتاشن و لەوێ خەریکی عەیش و نۆش دەبن ﴿١٤٩﴾ لە خوا بترسن و ئیتاعەتی من بکەن ﴿١٥٠﴾ ئیتاعەتی فەرمانی زیادەڕەوان مەکەن ﴿١٥١﴾ ئەوانە کە لە ئەرزدا ئیفساد دەکەن و چاکە ناکەن (ئیسلاح ناکەن) ﴿١٥٢﴾ وتیان: (ئەی سالْح) تۆ ئەقڵت لە دەس داوە ﴿١٥٣﴾ تۆ نیت مەگەر مرۆڤێکی وەکوو ئێمە، ئەگەر لە ڕاستبێژانی ئایەت و نیشانەیەکمان بۆ بێنە ﴿١٥٤﴾ وتی: ئەمە وشترە مێیەی منە، یەک ڕۆژ ئاو خواردنەوە نۆرە و مافی ئەوە و ڕۆژێکیش نۆرە و مافی ئێوەیە ﴿١٥٥﴾ وەزەن و و زیانی پێمەگەیێنن، دەنا عەزابی ڕۆژی گەورە دەتانگرێ ﴿١٥٦﴾ جا ئەو وشترەیان پەی کرد و سەریان بڕی، ئەوسا لە کردەی خۆیان پەشیمان بوونەوە ﴿١٥٧﴾ جا عەزاب (ی خوا) ئەوانی گرت، بێگومان لەمەدا نیشانەیەک هەیە و زۆربەی ئەوانە بڕوادار نین (بە قورئان) ﴿١٥٨﴾ بێگومان پەروەرێنەرت هەر ئەوە بەدەسەڵات و زاڵ و دلاوێن ﴿١٥٩﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



هۆزی لووت ڕەوانەکراوەکانی (خوا)یان بە درۆ خستەوە ﴿١٦٠﴾ کاتێ کە لوتی برایان بەوانی وت: ئایا لە خوا ناترسن ﴿١٦١﴾ بێگومان من ڕەوانەکراوێکی جێیدڵنیایی و ئەمینم بۆ ئێوە ﴿١٦٢﴾ جا لە خوا بترسن و ئیتاعەتی من بکەن ﴿١٦٣﴾ من لە بەرانبەر ئەمەدا مزە و پاداشێکم لە ئێوە ناوێ، پاداشی من نییە مەگەر لەسەر پەروەرێنەری جیهانیان ﴿١٦٤﴾ بۆچ زیاد لە خەڵکی جیهان لەگەڵ نێرینە دەس تێکەڵاوی دەکەن؟! ﴿١٦٥﴾ خێزانی (هاولفی مێ) کە خوا بۆی بەدیهێناون، وەلای دەنێن (نێربازی دەکەن، بەڵام) ئێوە هۆزێکی دەسدرێژکەرن ﴿١٦٦﴾ وتیان: ئەی لووت! ئەگەر دەس هەڵنەگری لە دەرکراوان دەبێ (و دەردەکرێی) ﴿١٦٧﴾ وتی: (هەر جۆر بێ) من دژ و دوژمنی کردەوەی ئێوەم ﴿١٦٨﴾ ئەی پەروەرێنەرم! من و خێزانم (خاووخێزانم) لەسەرئەنجامی کردەوەی ئەمانە ڕزگار بکە ﴿١٦٩﴾ جا ئەو و خاووخێزانی ئەومان بەگشتی ڕزگار کرد ﴿١٧٠﴾ بێجگە لە پیرێژنێک نەبێ کە لە نێو ئەو تاقمە بەجێما ﴿١٧١﴾ لە پاشان ئەوانی دیکەمان لەناو برد ﴿١٧٢﴾ بارانێکمان (لە بەڵا) بەسەردا باراندن، جا بارانێکی بەدفەڕ بوو، ئەم بارانەی کە هەڕەشە لێکراوانی داگرت ﴿١٧٣﴾ بێگومان لەمەدا (چارەنووسی هۆزی لووت) نیشانەیەکە، بەڵام زۆربەی ئەوانە بڕوادار نین (بە قورئان ﴿١٧٤﴾ بێگومان پەروەرێنەرت هەر ئەوە بەدەسەڵات و دڵاوێنە ﴿١٧٥﴾ خاوەن بێشەڵان: ئەیکە (لێرەوار، دەحلان: بێشەڵان و دارسان نێزیکی مەدیەن) پێغەمبەرانیان بە درۆ خستنەوە ﴿١٧٦﴾ کاتێ کە شوعەیب بەوان (خەڵکی ئەیکە)ی وت: ئایا لە خوا ناترسن ﴿١٧٧﴾ من بۆ ئێوە ڕەسووڵێکی ئەمینم ﴿١٧٨﴾ جا لە خوا بترسن و ئیتاعەتی من بکەن ﴿١٧٩﴾ من لە ڕاست ئەم بانگ کردنە پاداشێکم لە ئێوە ناوێ، پاداشی من تەنیا لەسەر پەروەرێنەری جیهانیانە ﴿١٨٠﴾ لە پێوانە پێوان ڕاست بن (و کەم فرۆشی مەکەن)و لە کەمدەران مەبن ﴿١٨١﴾ بە تەرازووی ڕاست شت بکێشن ﴿١٨٢﴾ شتی خەڵک لەوان کەم مەکەن، بێباکانە لە زەویدا خراپە و ئیفساد مەکەن ﴿١٨٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



لە کەسێ کە ئێوە و هۆزگەلی بەر لە ئێوەی بەدیهێناوە بترسن ﴿١٨٤﴾ وتیان: ببێ و نەبێ تۆ جادوو لێکراوی ﴿١٨٥﴾ تو نیت مەگەر مرۆڤێکی وەکوو ئێمە و پێمان وایە هەر لە درۆزنەکانی؛ درۆزن و فرێیژی ﴿١٨٦﴾ تۆ نیت مەگەر مرۆڤێکی وەکوو ئێمە، چەن لەتێک (بەرد)مان لە ئاسمانەوە بەسەردا ببارێنە ﴿١٨٧﴾ (شوعەیب) وتی: پەروەرێنەری من بە کارێ کە دەیکەن ئاگاتر و زاناترە ﴿١٨٨﴾ جا ئەو (شوعەیب)یان بە درۆ خستەوە، جا دوای ئەوە عەزابی گرەبای ڕۆژی هەوری بە سێبەر ئەوانی گرت، بێگومان ئەوە بەلا و عەزابی ڕۆژی گەورە بوو ﴿١٨٩﴾ بێگومان لەمەدا نیشانە و پەندێک هەیە، بەلام زۆربەیان (بە قورئان) بڕوادار نین ﴿١٩٠﴾ بێگومان پەروەرێنەرت هەر ئەوە بەدەسەلات و دلاوێن ﴿١٩١﴾ بێگومان ئەم (قورئانە) لە لایەن پەروەرێنەری جیهانیانەوە هاتووە و نازل کراوە ﴿١٩٢﴾ ڕوحولئەمین نازلی کردووە ﴿١٩٣﴾ بۆ سەر دڵ (گیان) و دەروونی (پاکی) تۆ تا لە ترسێنەران بێ ﴿١٩٤﴾ بە زمانی عەرەبی ئاشکرا (بە خەلات بۆ تۆمان نارد و نازلمان کرد) ﴿١٩٥﴾ بێگومان لە نووسراوەکانی پێشینانیشدا هاتووە ﴿١٩٦﴾ ئایا ئەم نیشانەیان بۆ بەس نییە کە زانایانی بەرەی ئیسرائیل بە چاکی ئاگایان لێیەتی ﴿١٩٧﴾ ئەگەر ئەوە (قورئان)مان بۆ سەر هەندێ لە عەجەم (ناعەرەب) نازل بکردبا ﴿١٩٨﴾ جا بەسەر ئەواندا بیخوێندبایەوە، بڕوایان نەدەهێنا (لە بڕواداران نەدەبوون) ﴿١٩٩﴾ ئا بەمجۆرە قورئان دەخەینە نێو دڵ و دەروونی تاوانباران ﴿٢٠٠﴾ ئەوانە بڕوای پێناهێنن تا عەزابی دەرداوی بە چاوی خۆیان نەبینن ﴿٢٠١﴾ جا لەناکاو عەزابی خوایان دێتە سەر، لە حالێکدا بێئاگان ﴿٢٠٢﴾ جا لەم کاتەدا دەڵێن: ئایا مۆڵەتمان پێئەدرێ ﴿٢٠٣﴾ ئایا بۆ عەزابی ئێمە تالووکە و پەلە دەکەن ﴿٢٠٤﴾ ئایا دەزانی (کە پێم بلێی) تا چەند سالی دیکەیش بیانژێینین ﴿٢٠٥﴾ لە پاشان هەر تووشی عەزابێ ئەبن کە بەلێنمان پێدابوون ﴿٢٠٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەم بەشدار بوونانە لە ژیان بێنیازی نەکردن و سوودی بۆیان نەبوو ﴿٢٠٧﴾ ئێمە هیچ شار و ئاواییەکمان تیا نەبردووە، مەگەر ئەوە کە ترسێنەرانێکمان بۆ ئەوان ناردبێ ﴿٢٠٨﴾ تا ئامۆژگاری و پەند بگرن، ئێمە ستەمکار نین ﴿٢٠٩﴾ شەیتان ئەم قورئانەی نازڵ نەکردووە ﴿٢١٠﴾ نە لێیان دەوەشێتەوە و نە شیاوی ئەوەیشن، دیارە توانا هێزی ئەم کارەشیان نییە ﴿٢١١﴾ شەیتانەکان لە گوێ گرتن و بیستنی (هەواڵی ئاسمانی) دوور خراونەتەوە ﴿٢١٢﴾ جا هیچ مەعبوودێ لەگەڵ خودا بانگ مەکە کە لە ڕیزی عەزابدراوان دەبی ﴿٢١٣﴾ خزم و کەس‌وکاری نێزیکی خۆت بترسێنە ﴿٢١٤﴾ باڵ و باسکی خۆت بۆ بڕواداران‌ێ کە پەیڕەویت لێ دەکەن شۆڕ بکە و دایبنێ ﴿٢١٥﴾ جا ئەگەر نافەرمانی تۆیان کرد، بڵێ: من لە کردەوەی ئێوە بێزارم ﴿٢١٦﴾ هەر خۆیشت بە خاوەن دەسەڵاتی دڵاوێن بسپێرە ﴿٢١٧﴾ ئەو زاتەی کە تۆ ئەبینێ ئەو دەمەی کە (بۆ عیبادەت) هەڵدەستی ﴿٢١٨﴾ (ڕوکووع و کرنۆش و سوژدە) هاتوچۆ و بزووتنەوەت لەگەڵ سوژدەبەرانی دیکە دەبینێ ﴿٢١٩﴾ هەر ئەوە خوای ژنەوا و بینا ﴿٢٢٠﴾ ئایا بە ئێوە خەبەر بدەم کە شەیتان دێتە سەر کێ ﴿٢٢١﴾ بۆ سەر هەر درۆزنێکی تاوانبار نازڵ دەبێ ﴿٢٢٢﴾ گوێ ڕادەگرن (ئەوەی بیستوویانە بۆ خەڵکی‌تری دەگێڕنەوە)، زۆربەیان درۆزنن ﴿٢٢٣﴾ (پێغەمبەر شاعیر نیە) شاعیران کەسانێکن کە لارێیان پەیڕەوییان لێدەکەن (لارێ بە دووی هەستیار دەکەوێ) ﴿٢٢٤﴾ ئایا نەتدیوە کە ئەوانە (هەستیاران) لە هەر شیو و دولێکدا سەرلێشێواون ﴿٢٢٥﴾ ئەوانە شتگەلێ دەڵێن کە خۆیان عەمەلی پێ ناکەن ﴿٢٢٦﴾ مەگەر کەسانێ (لە شاعیران) کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە و یادی خوایان زۆر کردووە، هەرکاتێ ستەمیان لێکرابێ تۆڵەیان کردۆتەوە (و لە چێژەی هۆنەی خۆیان یارمەتییان وەرگرتووە)، ئەوانەی وا ناحەقییان کرد لە دواییدا بە زوویی تێدەگەن کە گەڕانەوەیان بۆ کوێ و چارەنووسیان چلۆنە؟ ﴿٢٢٧﴾

## سوورەی نەمل: مێروولە ٩٣ ئایەتە

**سوورەی نەمل لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٩٣ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن

طا، سین، ئەمانە نیشانەکانی قورئان و کتێبێکی دیاریدەرەن ﴿١﴾ ڕێنیشاندەر و مزگێنیدەرە بۆ بڕواداران ﴿٢﴾ کەسانێ کە نوێژ بەجێ دێنن و زەکات دەدەن، ئەوانە بە تەواوی بە قیامەت یەقینیان هەیە ﴿٣﴾ ئەوانەی کە بڕوایان بە ئاخیرەت نییە، کردەوە(ی خراپ)یان بۆ جوان کراوە، جا ئەوان سەرلێشێواون ﴿٤﴾ ئەوانە کەسانێکن کە عەزابی خراپ (و دەرداوی)یان بۆ هەیە، ئەوانە لە ئاخیرەتدا لە زیان لێکەوتووترینی خەڵکن ﴿٥﴾ ئەم قورئانە لە لایەن (خوای) لەکارزان و پڕ ئاگا وە بە تۆ دراوە ﴿٦﴾ کاتێ کە مووسا بە خێزانی خۆی وت: ئاگرێک لە دوورەوە دەبینم، بە زوویی هەواڵێکتان بۆ دێنم یا چلۆسک و پۆلووە ئاگرێکتان بۆ دێنم تا گەرم ببنەوە ﴿٧﴾ جا کاتێ کە هاتە نێزیک ئاگرەکە؛ بانگ کرا پیت و پیرۆزە ئەوکەسەی کە لە نێو ئاگرەکەدایە و کەسێ کە لە دەوروبەریدایە (واتا مووسا)، پاک و بێخەوشە خوایەک کە پەروەرێنەری جیهانیانە ﴿٨﴾ ئەی مووسا! بەڕاستی منم (ئەوەی قسەت لەگەڵدا دەکا) خوای فرە بەدەسەڵات و لەکارزان ﴿٩﴾ دارەدەستەکەت فڕێدە، کاتێ ئەوی دی کە وەکوو مارێک دەخزێ بەلەز گەڕایەوە بۆ دواوە و ئاوڕی نەدایەوە، ئەی مووسا! مەترسە، پێغەمبەران لای من ناترسن ﴿١٠﴾ مەگەر کەسێ کە ستەمی کردبێ، لە پاشان گۆڕیبێتی بە چاکە و چاک بووبێ، من لێبور و فرە دڵاوێنم ﴿١١﴾ دەستت بکە بە بن هەنگڵتدا تا بێ هیچ عەیبێک سپی و جوان بێتە دەرێ، بە نۆ نیشانان بۆ سەر فیرعەون و هۆزەکەی (بڕۆ، بزانە) ئەوان خەڵکێکی سەرکێش و یاغی و خراپ: فاسقن (نۆ نیشانەکە: دەستی سپی، تۆف و تۆفان، بۆق، خوێن، قاتوقڕی، ئەسپێ، کوللە و کەم بوونی بەرهەم) ﴿١٢﴾ جا کاتێ نیشانە ئاشکراکانیی بۆ هات، وتیان: ئەمە سیحر و جادوویەکی دیارە ﴿١٣﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



باوەکوو لە دڵەوە یەقینیان بەوە (بە نیشانەکان) بوو، بەڵام لە ڕووی ستەمکاری و خۆبە زلزانی حاشایان دەکرد، جا بڕوانە سەرەنجامی خراپکار بەکوێ گەیشت ﴿١٤﴾ زانستمان بە داود و سولەیمان دا، وتیان: سپاس تایبەتی خوایە کە بەسەر زۆربەی بەندەکانی بڕوادار ڕێز و فەزیلەتی دان ﴿١٥﴾ سولەیمان بووە میراتگری داود و وتی: ئەی خەڵکینە زمانی باڵندەیان فێر کردووین (یا زانستی فڕۆکەوانی) و لە هەموو شت و لە هەموو زانینێکمان پێدراوە، ئەمە فەزیلەتێکی ئاشکرایە ﴿١٦﴾ سپای سولەیمان لە جن: جنۆکە؛ مرۆ، پەلەور بۆی کۆ کرابوونەوە، جا ئەوانە لە بڵاوبوونەوە مەنع دەکران و بەڕیز دەڕۆیشتن ﴿١٧﴾ تا گەیشتنە بوهل: دۆڵ و دەرەو دەشتی مێروولە، مرۆچەیەک وتی: ئەی مێروولەکان بڕۆنە نێو هێلانەکانی خۆتان تا سولەیمان و لەشکرەکەی ئێوە بێ ئاگایانە لە بن پێدا لە نێو نەبەن ﴿١٨﴾ جا سولەیمان بە قسەکەی پێکەنی و وتی: ئەی پەروەرینەرم کاریێ بکە تا هەموو کات بتوانم سپاسی ناز و نیعمەتی تۆ کە بە من و باوک و دایکمت داوە، بەجێ بێنم و کاری چاک بکەم کە تۆ لەو کارە ڕازی بێ، وە بە ڕەحمەتی خۆت لە بەندەکانی چاکت دامبنێ ﴿١٩﴾ سولەیمان چاوی بە مەلاندا گێڕا جا وتی: هۆی چییە پەپووسلێمانە نابینم؟ ئاخۆ خۆی دزیوەتەوە (خۆی شاردبێتەوە)؟ ﴿٢٠﴾ سزایەکی سەختی پێئەدەم یا سەری دەبڕم، (مەگەر) ئەوە کە بەڵگەیەکی ڕوونم (بۆ دیار نەبوونەکەی) بۆ بێنێتەوە ﴿٢١﴾ جا زۆری پێنەچوو (پەپووسلێمانە هاتەوە و وتی: شتێکم پەیا کردووە تا ئێستا ئاگات لێنەبووە، من لە شاری سەباوە (کە لای شنۆیە) هەواڵێکی ڕاستەقینەم بۆت هێناوە ﴿٢٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



ژنێکم (بە ناوی بەلْقیس) لەوێ دیوە کە پاتشایە بە سەریانەوە و لە هەموو شتێکی پێدراوە و هەیەتی و تەختێکی گەورەی هەیە (خاوەن شکۆیە) ﴿٢٣﴾ دیتم لەباتی خوا، ئەو و هۆزەکەی سوژدە بۆ تەبەق و گۆی ڕۆژ دەبەن، شەیتان کردەوەیانی لە بەرچاو جوان کردوون، جا ڕێگای خوای لێگرتوون، بەجۆرێ کە ڕێ دەرناکەن ﴿٢٤﴾ بۆچ بۆ خوایەک کڕنۆش و سوژدە نابەن کە پێواری نێو ئاسمانەکان و زەوی خۆیا و ئاشکرای دەکا و دەریدەخا و ئەوەی دەیشارنەوە و دەریدەخەن دەیزانێ ﴿٢٥﴾ خوایەک کە مەعبوودێ بێجگە لەو نییە، پەروەرێنەر و خاوەنی (تەخت) عەرشی عەزیمە ﴿٢٦﴾ (سولەیمان) وتی: سەرنج ئەدەین تا بزانین ئایا ڕاستت وت یا لە درۆزنانی ﴿٢٧﴾ ئەم نامەی منیان بۆ بەرە و بۆیان بهاوێژە و لە پاشان بگەڕێوە بۆ دواوە (لە شوێنێک خۆ بگرە)، جا بڕوانە چ پەرسڤ و وەلاّمێک ئەدەنەوە ﴿٢٨﴾ (مەلەکەی سەبا) وتی: ئەی گەورەکان! نامەیەکی پڕ بایەخم بۆ هاوێژراوە ﴿٢٩﴾ ئەمە لە لایەن سولەیمانەوە هاتووە و بەمجۆرەیە: بە ناوی خوای بەخشەر و دلاّوا ﴿٣٠﴾ خۆ لە من بەرزتر مەگرن و وەرنە لام و خۆتان بدەن بە دەسەوە ﴿٣١﴾ (بەلْقیس) وتی: ئەی گرەگری ولاّت و مرۆ ماقوولاّن! بیروڕای خۆتان لەم بابەتەوە دەربڕن، بێ حوزوور و یارمەتی ئێوە بڕیار لەسەر هیچ شتێک نادەم ﴿٣٢﴾ وتیان: ئێمە خاوەنی هێز و دەسەلاّتین و خاوەنی هێزی سەختی جەنگین، بەلاّم فەرمان بە دەستی تۆیە، بزانە چلۆن دەستوور دەدەی ﴿٣٣﴾ (بەلْقیس) وتی: پاشاکان هەر دەمێ بچنە ئاوایی‌یەک خراپ و وێرانی دەکەن، خەلْکەکەی هەرکام بە گەورە ناوی بێ و بەرێزانی ئەوێ سووکایەتی بەسەر دێنن، و ئەو تەرزە کارانە دەکەن و کاریان هەروایە ﴿٣٤﴾ دیارییەکیان بۆ دەنێرم (چون جەنگم لاباش نییە)، جا چاوەنوارِ دەبم تا بزانم ڕەوانەکراوەکانم چلۆن دەگەڕێنەوە ﴿٣٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



کاتێ کە نوێنەری مەلەکەی سەبا هاتە لای سولەیمان، (سولەیمان) وتی: ئەتانەوێ بە ماڵ یارمەتیم بدەن (و فریوم بدەن)، ئەوەی خوا پێیداوم لەوەی بە ئێوەی داوە باشترە، بەڵکوو ئێوەن بە دیاریتان خۆشحاڵ دەبن ﴿٣٦﴾ بگەڕێوە بۆ لایان (و رابگەیێنە)، بە لەشکرێکەوە دێمە سەریان کە نەتوانن لە بەرانبەریدا خۆ رابگرن و لەوێ بە زەلیلی و سووکایەتی دەریاندەپەڕێنین ﴿٣٧﴾ (سولەیمان) وتی: ئەی گەلی دیوانێ! کامتان تەختی ئەوم بۆ دێنێ، بەرلەوەی بە خۆ بەدەسەوەدان بێتە لام؟ ﴿٣٨﴾ زلحۆرتێ زەبەلاحی تەژە و لۆزەندرێک لە جنۆکە وتی: من دەیهێنمە لات بەرلەوە لە جێی خۆت هەڵستی، بێگومان سەبارەت بەوە قەوی و دڵپاک و ئەمینم ﴿٣٩﴾ ئەو کەسەی کە زانستی کتێبی (ئاسمانی) لابوو، هەڵیدایێ و گوتی: بەرلەوەی چاو بترووکێنی دەیهێنمە لات! جا کاتێ کە (سولەیمان) دیتی تەختەکەی وا لایەتی، وتی: ئەمە لە فەزڵی پەروەرێنەرمە تا تاقیم بکاتەوە ئایا (بۆ نیعمەتی خوا) شوکر یا ناسپاسی دەکەم؟ هەرکەس شوکری بکا شوکری بۆ خۆی کردووە و هەرکەسیش ناسپاسی بکا، پەروەرێنەرم بێنیاز و کەریمە ﴿٤٠﴾ (سولەیمان) وتی: تەختەکەی رەنگ و رووی لێبگۆڕن (کە نەیناسێ) تا بزانین ئایا پێی دەحەسێ (کە تەختەکەی خۆیەتی) یا لەو کەسانەیە کە پێی ناحەسێن (رێنوێن دەبێت یا نابێت) ﴿٤١﴾ جا کاتێ هات، پێی وترا: ئایا تەختی تۆ وابوو؟ (لە وەڵامدا) وتی: وەکوو ئەوە خۆیەتی! بەر لەمە ئاگادارکرابووین و لە خۆبە دەسەوەدەران بووین ﴿٤٢﴾ (سولەیمان) ئەوی (بەلقیسی) لە هەموو ئەوانەی بێجگە لە خوا کە دەیپەرست گێڕایەوە، ئەو (بەلقیس) لە هۆزی خوانەناسان بوو ﴿٤٣﴾ پێی وترا: بچۆ نێو کۆشک، کاتێ دیتی وای زانی گۆلاوێکی قووڵە و ئاوێکی فرە و زۆر و زەبەندە، راوەستا و لنگ و قولی لاقی هەڵکرد (پاوپووزی رووت کرد تا لە ئاوەکە بپەڕێتەوە)، بەلام سولەیمان پێی وت: ئەمە کۆشکێکی بلوورینە، بێگری و ساف دارێژراوە وتی: ئەی پەروەرێنەرم! من بەراستی ستەمم لە خۆم کردووە، ئێستا لەگەڵ سولەیمان خۆ ئەدەم بە دەس پەروەرێنەری جیهانیانەوە ﴿٤٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بۆ لای هۆزی سەموود سالّح برای ئەوانمان بۆ ناردن کە (فێریان بکا) عیبادەتی خوا بکەن، جا ئەوان بوونە دوو دەستەی دژ بە یەکتر ﴿٤٥﴾ (سالّح) وتی: ئەی هۆزم (بۆچ بۆ خراپە بەر لە چاکە پەلە و تالّووکە دەکەن؟ بۆچ لە خوا داوای لێخۆشبوون لە تاوان (گوناحان) ناکەن، بەلّکوو بەر ڕەحمەتی خوا بکەون ﴿٤٦﴾ وتیان: ئێمە تۆ و ئەوانەی وا لەگەلّ تۆدان بە شووم دەزانین، (سالّح) وتی: چارەنووسی چاک و خراپی ئێوە بە دەس خوایە (هەموو شتبەوە)، بەلّکوو ئێوە کەوتوونەتە بەر ئەزموونی خوا ﴿٤٧﴾ لەو شارە (حیجر)دا نۆ دەستە هەبوو کە خراپە و ئیفسادیان دەکرد و نە چاک بوون و نە خۆشیان چاک دەکرد ﴿٤٨﴾ وتیان: ئێوە سوێند بە خوا بخۆن کە بە شەو بەسەر ئەو و خێزانی و کەس‌وکار و یارانیدا بدەین (و لە نێویان بەرین) و لە پاشان بە خاوەن خوێن دەلّێین: لەکاتی تیاچوونی کەس‌وکاری ئەو ئێمە لەوێ نەبووین، بێ‌گومان ئێمە ڕاستبێژین ﴿٤٩﴾ نەخشەیان کێشا و گزی و فزییانکردو خەریک بوون کەتنێ بگێڕن و ئاژاوە بنێنەوە و ئێمەیش نەخشەمان کێشا (و بەری ئاژاوە نانەوەی ئەوانمان گرت)، لە حالّێکدا ئەوان نەزان بوون ﴿٥٠﴾ جا بڕوانە سەرەنجامی پیلانی ئەوان چی بەسەر هات کە ئێمە ئەوان و هۆزەکەمان پێکەوە لەناو بردن ﴿٥١﴾ جا ئەمە مالّ و خانو بەرەی ئەوانە کە لەبەر ستەم کردنی ئەوان چۆلّ و خالّی ماوە، لەمەدا نیشانەیەکی ڕوون هەیە بۆ ئەوانەی ئاگادارن (تا پەند بگرن) ﴿٥٢﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێنابوو پارێزگار بوون ڕزگارمان کردن ﴿٥٣﴾ لووت بێنەوە بیر کاتێ کە بە هۆزی خۆی وت: ئایا کاری بێ نامووسی و ناحەز و ناشیاو دەکەن، کەچی دەزانن خراپە؟ ﴿٥٤﴾ ئایا بۆچ لە ڕووی شەهوەتەوە لەباتی ژنان دەچنە لای پیاوان؟ دیارە هۆزێکی نەزانن ﴿٥٥﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



جا وەڵامی هۆزی ئەو بێجگە لەمە شتێ‌تر نەبوو کە وتیان: خانەدان و یارانی لـووت لە ئـاوایی خۆتان دەربکەن، چونکە ئەوانە لافی پاکی لێ‌دەدەن و خەڵکێکی پاکن و خۆپـارێزن ﴿٥٦﴾ جا ئـێمە ئەو و کەس‌وکـاری ئەومـان بـێجگە لە ژنەکەی ڕزگـار کـردو بڕیارمـان دا ژنەکەی بەجێ‌بمێنێ (تا لە نێو بچێ) ﴿٥٧﴾ بارانێکمان (لە بەڵا: بەرد) بەسەردا باراندن ئەمـما بـاران (کە هەموو لە ژێریدا قڕ بوون)، جا چەند نالەبار و خراپەبارانی ترسێنراون ﴿٥٨﴾ بڵێ: شوکرانە تایبەتی خوایە و سەلام (دروود) لەسەر بەندە هەڵبژاردەکانی، ئایا خوا باشترە یا بـتەکـانێ کە ئەیـکەنە هاوبەشـی ﴿٥٩﴾ یـا ئەو زاتەی کە ئاسـمانەکان و زەوی بەدی‌هێنـا و لە ئاسـمانەوە بارانی بۆ باراندن، جا بە هۆی ئەو بارانەوە باغ و بێستانی بە دیمەن و جوانمان بـۆ شـین کـردن، لە حاڵێکدا کە ئێوە توانای شین‌کردنی دارەکەشتان نییە، ئایـا مەعـبـوودێ دیـکە لەگەڵ خـوا هەیە؟ نا نییە، بەڵام ئەوانە هـۆزێکن لە هەق لایـان داوە و لائەدەن ﴿٦٠﴾ یـا کەسـێ کە زەوی کردۆتە جێی ئاراوقارا گرتن و لە نێو ئەودا چۆمی داناوە و کێوی پتەوی بۆ سازداوە و لە نێـوان دوو دەریای (سوێر و شیرین) (بڵیندایی نێوان تەختایی): بەرزەکی خۆڕسکی (وەزنی تـایبەتی) داناوە (تا تێکەڵاو نەبن، بەم حاڵە) ئایا مەعبوودێ لەگەڵ خوا هەیە (هاوبەشی بێ)؟ نا نییە، بەڵکوو زۆربەی ئەوانە نەزان و (جاهیلن) ﴿٦١﴾ یا کەسێ کە وەڵامی هەژاران ئەداتەوە، کـاتێ هاواری بۆ بەری کەند و کۆسپی بۆ لادەبا، ئێوە دەکـاتە جـێ‌نشـینی پێشـینان لە ئەرزدا، ئایا مەعبوودێ لەگەڵ خوا هەیە، (نا نیـە) زۆر کەم پەنـد وەردەگـرن ﴿٦٢﴾ یـا کەسـێ کە ئێـوە لە تـاریکی دەشـت و بەژ و (وشـکانی) زەریـا ڕێنـوێنی دەکـا، بەر لە بـارانی ڕەحمەتـی بـای مزگێنیـدەر دەنێـرێ، ئایـا مەعـبـوودێ لەگەڵ خـوا هەیە، (نـا نییـە) خـوا بەرزتـر لەوەیە کە هاوبەشی بۆ دابنێن ﴿٦٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



یا کەسێ چاترە کە ئافراند دەس‌پێ‌دەکا و لە پاشان دەیانگێڕێتەوە، ئەدی کێیە کە لە ئاسمان و زەوی ڕسق و ڕۆزیتان ئەدا؟ ئایا مەعبوودێ لەگەڵ خوا هەیە؟ (نا نییە) بڵێ: بەڵگەتان بێنن ئەگەر ڕاستبێژن؟ ﴿٦٤﴾ بڵێ: کەسانێ کە لە ئاسمانەکان و زەویدان بێجگە لە خوا ئاگایان لە بەرپێوار و نادیار نییە و نازانن کەی زیندوو دەکرێنەوە ﴿٦٥﴾ نا بەڵکوو زانستی ئەوانە لەمەڕ ئاخیرەتەوە کورتە و نایگاتێ (و ئاگادارییەکی ئەوتۆیان نیە) بەڵکوو لەبارەیەوە لە شک و گوماندان، بەڵکوو لەوەدا کوێر و نابینان ﴿٦٦﴾ خوانەناسان وتیان: ئایا کاتێ کە ئێمە و باووباپیرانمان بووینە خۆڵێک (بە زیندوویی لە گۆڕ) دەمانهێننە دەرێ؟ ﴿٦٧﴾ ئەمە بەڵێن‌گەلێکە کە لە بەرا بە ئێمە و باووباپیرانمان درابوو، ئەمانە هەر ئەو ئەفسانە پووچەی پێشینانە ﴿٦٨﴾ بڵێ: بە زەویدا بگەڕێن، جا بنوارن سەرەنجامی کاری تاوانباران چلۆنە (تا بزانن چییان بەسەر هاتووە) ﴿٦٩﴾ (لەوە کە بە درۆت دەخەنەوە) خەفەت مەخۆ و غەمی ئەوان داتنەگرێ و دڵ و سینگ و دەروونت لە گزی و فزی ئەوان تەنگ نەبێ (ئێمە پشتیوانی تۆین) ﴿٧٠﴾ دەڵێن: ئەو بەڵێنە(ی کە لەبابەت عەزابەوە بە ئێمەی ئەدەی) ئەگەر ڕاستبێژن کەی دێ؟ ﴿٧١﴾ بڵێ: ڕەنگە هەندێ لەوەی بۆی بەپەلەن نێزیکی ئێوە بێ ﴿٧٢﴾ پەروەرێنەرت سەبارەت بە خەڵک خاوەن فەزڵ و ڕەحمەتە، بەڵام زۆربەی ئەوانە شوکرانەبرێژی ناکەن ﴿٧٣﴾ پەروەرێنەرت دەزانێ کە چ شتێک لە دڵ و دەروونیاندا دەشارنەوە یا چ شتێک خۆیا و ئاشکرا دەکەن ﴿٧٤﴾ لە ئاسمان و زەویدا هیچ بوونەوەرێکی نهێنی و هیچ ڕازێک نییە، مەگەر ئەوە کە لە کتێبی موبیندا (تەتەڵەی پارێزراو و زانستی بێ‌دواپڕانی خوا) هەیە (و نووسراوە) ﴿٧٥﴾ ئەم قورئانە زۆربەی ئەو شتانەی کە بەرەی ئیسرائیل جیاوازییان تێیدا هەیە بۆیان دەگێڕێتەوە و بۆیانی بەیان دەکا ﴿٧٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەوە (قورئان) بۆ بڕواداران هۆی ڕێنوێنی و ڕەحمەتە ﴿٧٧﴾ پەروەردگارت لە نێوان ئەواندا بە حوکمی خۆی داوەری دەکا و هەر ئەویشە پڕ زانا و ئاگا ﴿٧٨﴾ خۆ هەر بە خوا بسپێرە، بەڕاستی تۆ لەسەر هەقێکی خۆیا و ئاشکرای ﴿٧٩﴾ تۆ ناتوانی قسەی خۆت بە مردووەکانی (بە لەش زیندوو) بژنەوێنی و بانگکردنی خۆت بە گوێی مرۆڤی کەڕ ببیسێنی، کاتێ کە پشت دەکەنەوە ﴿٨٠﴾ هەروا تۆ ناتوانی کوێرەکان لە لاڕێ ڕزگار بکەی (ڕێنوێنییان بکەی)، تۆ تەنیا دەتوانی دەنگی خۆت بە کەسێ ببیسێنی کە بڕوا بە نیشاکانی ئێمە دێنن، جا هەر ئەوانیشن لە ڕاست هەقدا خۆ بە دەسەوەدەرن ﴿٨١﴾ هەرکاتێ فەرمانی عەزابی ئەوانە بگا (و قیامەت دابێ) جوولندەیەک لە زەوی بۆ ئەوان دێنینە دەرێ کە قسەیان لەگەڵا دەکا (بڵێ:) ئەم خەڵکە بە نیشانەکانی ئێمە بڕوایان نەهێنا و یەقینیان نەبوو ﴿٨٢﴾ ڕۆژێ کە لە هەر گەلێ تاقمێک (دەستەیێ لە سەرۆکەکان) لەوانەی کە نشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دەخستەوە کۆ دەکەینەوە، جا ڕیز دەکرێن و بەرێ دەکرێن ﴿٨٣﴾ تا دەگەن بە جێگای (حیساب) پیان دەڵێ: ئایا نیشانەکانی منتان بە درۆ دەخستەوە (و بە درۆتان دەزانی) و لە باری زانستییەوە لێتان نەکۆڵیبۆوە و عیلمتان بەوە نەگەیبوو، چ کارێک بوو دەتانکرد ﴿٨٤﴾ لە سزای ئەو غەدر و ناحەقی و ستەم و کردەوە ناحەزانە فەرمانی عەزابیان بەسەرا دێ، جا هەر متەق و فزەشیان نایێ ﴿٨٥﴾ ئایا نەیاندەدی کە شەومان داهێنا تا تێیدا بحەسێنەوە و پشوو بدەن و ڕۆژیشمان ڕووناک کرد، تا هەموو شت ببینن، لەمەدا نیشانە و پەند بۆ هۆزی بڕوادار هەیە ﴿٨٦﴾ ڕۆژێ کە فوو بە کەڵەشاخدا دەکرێ، جا هەموو ئەوانەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدان ئەترسن، مەگەر ئەوانەی خوا بیەوێ، هەموو بە کزی و بە زەلیلی دێنە لای ئەو ﴿٨٧﴾ کێوەکان دەبینی وا دەزانی نابزوون و بێتەکانن، لە حاڵێکدا هەروەکوو هەور دەڕەونەوە و دەڕۆن، کر و دەسکار و کاری خوایە کە هەر شتێکی فرە بە چاکی و پتەو بەدیهێناوە، بەڕاستی بە ناخی ئەوەی ئەنجامی ئەدەن ئاگا و زانایە ﴿٨٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



هەرکەسێ کار و کردەوەیەکی چاک بکا پاداشی چاکتری لەوە بۆ هەیە، ئەوانە لە مەترسی ئەو ڕۆژە لە ئەماندان ﴿٨٩﴾ هەرکەسێ کە کاری خراپ و ناحەز بکا، لەپەڕوو؛ بە دەمەوڕوو دەخرێتە نێو ئاگر، ئاخۆ زیاتر لە تۆڵەی کارەکەتان ئازارتان بۆ دەبڕێتەوە؟ ﴿٩٠﴾ (بڵێ:) بە من فەرمان دراوە کە تەنیا خێوی ئەم باژێر و شارە (مەککە) بپەرستم، شارێ کە خوا ڕێزی گرتووە، هەموو شتێک تایبەت بەوە، فەرمانم پێدراوە کە لە خۆ بەدەسەوەدەران بم ﴿٩١﴾ قورئان بخوێنم، هەرکەس ڕێنوێن ببێت، جا تەنیا بۆ خۆی ڕێنوێن ئەبێ و هەرکەسیش لاڕێ بێ (بە ئەستۆی خۆیەتی)، جا بڵێ: من تەنیا لە ترسێنەرانم ﴿٩٢﴾ بڵێ: سپاس تایبەتی خوایە، ئەو بە زوویی نیشانەکانی خۆی بە ئێوە نیشان ئەدا، جا دەیاننناسن و پەروەرێنەری تۆ لەوەی دەیکەن غافڵ و بێئاگا نییە ﴿٩٣﴾

## سوورەی قەسەس ٨٨ ئایەتە

**سوورەی قەسەس لە مەککە هاتۆتە خوارێ بە (بسم‌الله)وە ٨٨ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

طا، سین، میم ﴿١﴾ ئەمانە نیشانەکانی کتێبی ڕووناککەرەوەن ﴿٢﴾ ئێمە بۆ تۆ و بۆ (ئاگاداری) ئەوانەی کە بڕوا دێنن، چریکە و هەواڵی مووسا و فیرعەونتان بە دروستی بۆ دەخوێنینەوە ﴿٣﴾ فیرعەون لەو عەرزەدا بالادەس بوو، خەڵکەکەی کردە دەستە دەستەی جیاواز؛ دەستەیەکی بێهێز و کز و کەنەفت کرد (لەباری هزری، فەرهەنگی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕامیاری) کوڕی ئەوانی سەردەبڕی و ژنان (و کچان)ی ئەوانیشی بە زیندوویی دەهێشتەوە بۆ کارەکەری، بەڕاستی ئەو (فیرعەون) لە خراپان و موفسیدان بەزەرەر بوو ﴿٤﴾ ئێمە دەمانەوێ بە زەبوون کراوان و (کزکراوان)ی سەر زەوی ناز و نیعمەت بدەین و بیانکەینە پێشەوای (خەڵک) و لە دواییشدا بۆ خۆیان بمێنمێتەوە و ببنە میراتگرانی ڕووی زەوی ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



جێگای ئەوانە لەو سەرزەوییەدا خۆش و پتەو بکەین و بە فیرعەون و هامان و لەشکرەکەیان ئەوەی کە لێی دەترسان نیشان بدەین ﴿٦﴾ ئێمە بە دایکی مووسامان ڕاگەیاند کە شیر بدە بەو، جا هەرکاتێ لەبابەت ئەو ترست لێ‌نیشت بیهاوێژە نێو زەریا (ی نیل)، ترس و غەمت نەبێ کە ئێمە ئەو دەگێڕینەوە بۆ لای تۆ و لە پێغەمبەرانی دادەنێین ﴿٧﴾ (لە ترسا ئەو منداڵەیان خستە نێو زەریا)، جا خانەدانی فیرعەون گرتیانەوە (و دەریانهێنا) تا ببێتە دوژمن و هۆی خەفەتیان، بەڕاستی فیرعەون و هامان و لە شکرەکەیان خەتاکار بوون ﴿٨﴾ (ئاسیە پێرەکاو ژنی فیرعەون (کاتێ دیتی دەیانەوێ ئەو منداڵە بکوژن) وتی: مەیکوژن، نووری چاوی من و تۆیە، بەڵکوو سوودی بۆمان هەبێ یا بیکەینە کوڕی خۆمان، نەیاندەزانی چ دەکەن (کە دوژمنی خۆیان ڕادەگرن و پەروەردەی دەکەن ﴿٩﴾ دایکی مووسا هیچ هۆشی کوڕەکەی لە دڵ و دەروونی نەمابوو، ئەگەر دڵی ئەومان قەوی و پتەو نەکردبایە کە لە بڕواداران بێ، نێزیک بوو ڕازی ئەو (منداڵ)ە ئاشکرا بکا ﴿١٠﴾ بە خوشکی ئەو (مووسا)ی وت: بە دوایدا بڕۆ، جا ژنەکە بێ ئەوەی ئەوان (فیرعەونیان) بزانن لە دوورەوە بۆی دەڕوانی ﴿١١﴾ هەر لە پێشدا وام بۆ دانا مەمکی هیچ دایەنێک نەمژێ تا (مەمکی دایکی بمژێ)، جا (خوشکی مووسا کە زانی فیرعەونیان بە دوای داین دەگەڕێن) وی‌گۆ: ئایا ئێوە دەتانەوێ بۆ خانەدانێک ڕێنوێنیتان بکەم کە ئەوتان بۆ پەروەردە بکەن و چاکەی ئەویان بوێ (چاک ویستی ئەو بن)؟ ﴿١٢﴾ جا ئەومان گەڕاندەوە لای دایکی تا چاوی ئەو (دایکی مووسا) ڕوون بێتەوە و غەم نەخوا و بزانێ کە بەڕاستی بەڵێنی خوا هەقە، بەڵام زۆربەیان نازانن ﴿١٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



وەختێ گەیشتە تافی جوانی و مرۆیێ تەواوی لێدەرچوو، زانست و لەکارزانینمان پێدا، ئا بەمجۆرە بە چاکان پاداش ئەدەین ﴿١٤﴾ (جارێ) بێئەوەی خەڵکی شار ئاگایان لێی بێ چووە نێو شار، دوو پیاوی دی کە پێکەوە جەنگیانە، ئەمەیان لە هۆزی ئەو (بەرەی ئیسرائیل) بوو و ئەوی تریشیان لە دوژمنانی (لە فیرعەونیان) بوو، ئەوەی لە هۆزی (مووسا) بوو بە دژی ئەوەی لە دوژمنان بوو یارمەتی لەو (مووسا) ویست، جا مووسا کوڵەمستێکی لێدا، جا مرخەی لێ بڕی و نەفەسی چنی و کوشتی. مووسا وتی: بەڕاستی کاری شەیتانە، بەڕاستی ئەو بە ئاشکرا دوژمنێکی لە ڕێ لادەرە ﴿١٥﴾ (مووسا) وتی: ئەی پەروەرێنەرم! ستەمم لە خۆم کرد، بمبوورە، جا خوا لێی بووری و بەخشی، چونکە هەر ئەوە لێبور و دڵلاوێنە ﴿١٦﴾ وتی: ئەی پەروەرێنەرم لەبەر ئەو ناز و نیعمەتەی کە بە منت داوە، قەت پشتیوانی لە تاوانباران ناکەم ﴿١٧﴾ جا بۆ ڕۆژی دوایی بە ترسەوە لە شاردا مابوو و چاوەڕوانی ڕووداوێک (و هەواڵێک) بوو، لە ناکاو ئەوکەسەی کە دوێنێ یارمەتی لەو (لە مووسا) ویستبوو (دووبارە) یارمەتی لەو ویست، مووسا پێی وت: بێگومان تۆ بە ئاشکرا لاڕێی! ﴿١٨﴾ جا کاتێ ویستی بۆ پیاوێ کە دوژمنی هەر دووکیان بوو هێرش بەرێ و بەری بگرێ، وتی: ئەی مووسا ئایا دەتەوێ هەروەکوو دوێنێ یەکێکت کوشت، منیش بکوژی؟ تۆ ناتەوێ، مەگەر ئەوە لە ستەمکاران بی و ناتەوێ لە چاکان و چاکەکەران بی ﴿١٩﴾ پیاوێک لەوپەڕی شارەوە بە هەڵاتن هات و وتی: ئەی مووسا! بەڕاستی سەرگەورەکانی شار لە بارەی تۆوە قسە دەکەن کە بتکوژن، جا لە شار بڕۆ دەرێ، بەڕاستی من چاکەویستی تۆم ﴿٢٠﴾ جا مووسا بە ترسەوە لە شار دەرچوو نیگەران و چاوەڕوان بوو (شتێ بقەومێ) وتی: ئەی پەروەرێنەرم لەم هۆزە ستەمکارانە ڕزگارم بکە ﴿٢١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



کاتێ چووە دەرێ ڕووی کردە لای مەدیەن، وتی: بەڵکوو پەروەرێنەرم بۆ ڕێی ڕاست ڕێنوێنیم بکا ﴿٢٢﴾ کاتێ گەیشتە سەر ئاوی مەدیەن، کۆڕێ لە خەڵکی لەسەر ئەو ئاوە دی کە ئاو هەڵدێنجن (کە ئاژەڵ و پاتاڵی خۆیان) ئاو ئەدەن و لە پشت ئەوانەوە دوو ئافرەتی دی کە مێگەلە پەزەکەی خۆیان ڕاگرتووە و (چاوەدێریانن کە بڵاو نەبنەوە و نەیێنە سەر ئاوەکە، مووسا بەو دوو ئافرەتەی) وت: ئێوە کارتان چییە؟ وتیان: (ئێمە پەزەکانمان) ئاو نادەین تا شوانەکان نەگەڕێنەوە، باوکمان (ئیختیار و پیر و کۆنەساڵ و زورهان و لەکارکەوتە و) پیرێکی گەورەیە ﴿٢٣﴾ جا (مووسا) ئاوی بۆ هەڵێنجان و مەڕەکانی بۆ ئاو دان، لە پاشان چووە بن سێبەر، جا وتی: ئەی پەروەرێنەرم! بەڕاستی بە نیعمەتێ کە بۆم دەنێری نیازم هەیە ﴿٢٤﴾ جا یەکێ لەو دوو ئافرەتە کە بە شەرمەوە بە ڕێدا دەڕۆیی هاتە لای ئەو (مووسا) و وتی: باوکم بانگت دەکا تا مزەی (پاداشی) ئەوەت پێ بدا کە ئاوت هەڵێنجاوە و مەڕەکانی ئێمەت ئاو داوە، جا کاتێ هاتە لای و ڕابوردووی خۆی بۆ ئەو (شوعەیب) گێڕاوە، بە (مووسای) وت: مەترسە تۆ لە هۆزی ستەمکاران ڕزگارت بووە ﴿٢٥﴾ یەکێ لەو دوو (کچە بە باوکی) وت: ئەی بابە بە کرێی بگرە، چونکە چاکترین ڕەنجبەر ئەوەیە (بەتوانا و خاوەن هێز و) بەتاقەت و جێی باوەڕ و ئەمین بێ﴿٢٦﴾ (شوعەیب) وتی: دەمەوێ یەکێ لەم دوو کچەم لە تۆ مارە بکەم، بەو مەرجەی کە هەشت ساڵ کارم بۆ بکەی، جا ئەگەر دە ساڵت کار بۆ کردم، ئەوە پیاوەتی خۆتە و من نامەوێ تۆ بخەمە زەحمەت، ئەگەر خودا بیەوێ لە پیاوچاکانم دەزانی ﴿٢٧﴾ (مووسا) وتی: (باشە) ئەمە (قەراردادێک) شتێک بێ لە نێوان من و تۆدا، جا هەر کامە لەم دووانە (٨ ساڵ تا ١٠ ساڵ) بەجێ بگەیێنم تاوانێکم لەسەر نابێ (و ستەمم نابێ لێبکرێ)، خوا بەسەر ئەوەی کە دەیڵێین بریکار و چاوەدێرە ﴿٢٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



جا کاتێ مووسا ماوەی (مەرجی) خۆی بردە سەر و لەگەڵ خێزانی (لە مەدیەنەوە بۆ میسر) کەوتە رێ، لە ئالی و لە لای (کێوی) توور ئاگرێکی (نوورێکی) دی، بە خێزانی وت: ڕاوەستن (خۆڕاگرن)، ئاگرێکم دیوە تا بەڵکوو هەواڵێ یا چلۆسک (داری نیوەسووتاوی بەگڕ) و پۆلووە ئاگرێکتان بۆ بێنم تا خۆتانی پێ گەرم بکەنەوە ﴿٢٩﴾ جا کاتێ هاتە نێزیک ئاگرەکە لە کەناری ڕاستی دۆڵ و گەڵیەکە لەو زەویە پیرۆزە لە دارەکەوە هەرا کرا کە ئەی مووسا! بەڕاستی من ئەڵڵا پەروەرێنەری جیهانیانم ﴿٣٠﴾ عەساکەت فرێدە، جا کاتێ دیتی وەک ئەوە تووڵەمارە دەبزوێ و بەلەز دەڕوا، ترسا گەڕاوە دواوە و ئاوڕیشی نەداوە (بەو وترا:) ئەی مووسا! وەرە پێش و مەترسە، تۆ لەوانەی کە لە ئەماندان ﴿٣١﴾ دەستت بکە بە بنهەنگڵتدا تا سپی و جوان بێ هیچ عەیبێک بێتە دەرێ و دەستی خۆت بۆ لای (سینگی) خۆت بێنە بۆ لەناوچوونی ترس و لەرزت، جا ئەم دووانە دوو بەڵگەن لە لایەن پەروەرێنەرتەوە بۆ لای فیرعەون و دەسەودایرەکەی، چونکە ئەوانە هۆزێکی خراپ و نافەرمانن ﴿٣٢﴾ (مووسا) وتی: ئەی پەروەرێنەرم یەکێکم لەوان کوشتووە، جا دەترسم (لە تۆڵەدا) بمکوژنەوە ﴿٣٣﴾ هاڕوونی برام کە لە من زمان تەڕ و پاراوترە، جا ئەوم لەگەڵدا کل بکە و بینێرە تا کۆمەگ و یاوەرم بێ و قسەکانم بسەلمێنێ، بەڕاستی ئەترسم کە بە درۆم بخەنەوە ﴿٣٤﴾ فەرمووی: باسکت بە هۆی هاڕوونی برات بەهێز دەکەم و دەسەڵاتدارتان دەکەم و بە هۆی بەرەکەتی نیشاکانی ئێمەوە دەسیشیان بە ئێوە ناگا و ئێوە دووان و ئەوانی لە دووی ئێوە بن زاڵ و سەرکەوتون ﴿٣٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

جا کاتێ مووسا بە بەڵگە ئاشکراکانمان هاتە لایان وتیان: بێجگە لە جادوو شتێ تر نییە و لەخۆوە ڕێکی ختسووە، کە لە نێو باوانی پێشینانی ئەوەڵمان، ئەمەمان نەبیستووە ﴿٣٦﴾ مووسا وتی پەروەرندەم لە هەرکەس چاتر دەزانێ لەلای خواوە ڕێنوێنی هێناوە و کێ دوارۆژی چاکی بۆ دەبێ، بێشک ناحەقیکاران ڕزگار نابن ﴿٣٧﴾ فیرعەون وتی: ئەی مەزنەکان (دەرباریان)! بێجگە لە خۆم خوایەک بۆ ئێوە شک نابەم، جا ئەی هامان! تۆ خشتی کاڵم لە کلّدا بۆ بخارێنە (و خشتم بۆ سوور بکەوە) و کۆشکێکم بۆ ساز بدە تا بەڵکوو لەوێوە لە خوای مووسا هەواڵێکم دەس بکەوێ، لام وایە ئەو لە درۆزنانە ﴿٣٨﴾ ئەو و لەشکرەکانی بە ناهەق لەسەر زەوی خۆیان بە زل زانی و ملیان بادا و گومانیان وا بوو کە ناگەڕێندرێنەوە بۆ لای ئێمە ﴿٣٩﴾ جا ئێمەیش ئەو و سپاکانی ئەومان گرت و توورمان هەڵدانە نێو زەریا، جا ئێستا بنوارە کە سەرەنجامی کاری ستەمکاران چلۆن بوو؟ ﴿٤٠﴾ ئەوانمان کردە پێشەوایانێک کە (خەڵک) بۆ نێو ئاگر بانگ دەکەن و لە ڕۆژی بەرێدا یارمەتی نادرێن ﴿٤١﴾ لەم دنیایەدا لەعنەتمان بە دوادا ناردن و لە قیامەتیشدا لە ڕووڕەشان و کرێت و بێبەش لە جوانی و لە ناحەزانن ﴿٤٢﴾ دوای ئەوەی خەڵکی ڕۆژگاری پێشوو و پێشینمان لەناو برد، بە مووسا کتێبمان دا تا بۆ خەڵک ڕووناکی و ڕێنوێنی و ڕەحمەت بێ، بەڵکوو پەند بگرن ﴿٤٣﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئەودەمەی کە فەرمانی پێغەمبەرایەتیمان بە مووسا دا، تۆ نە لە لای خۆرئاوای کێوی توور بووی، نە هیچ ئاگایشت لێ بووە ﴿٤٤﴾ بەڵام لەوە بەدوا ئێمە چەندین بەرەمان بەدیهێنا، جا رۆژگارێکی درێژیان بەسەردا چوو، تۆ لە نێوان خەڵکی مەدیەن نەبووی کە نیشانەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنیتەوە، بەڵام ئەوە ئێمەین کە تۆ دەنێرین (بەو نیشانانەوە) ﴿٤٥﴾ تۆ لای کێوی توور نەبووی ئەودەمەی کە هەرامان لە مووسا کرد، بەڵام ئەمە رەحمەتێک بوو لە لایەن پەروەرێنەرتەوە (کە داویە بە تۆ) تا بە هۆی ئەوە خەڵکێک کە بەر لە تۆ ترسێنەرێکیان نەبوو، بیانترسێنی، تا بەڵکوو بیر بکەنەوە و پەند بگرن ﴿٤٦﴾ تا ئەگەر بە هۆی کردەوەیەک کە کردوویانە تووشی دەرد (و بەڵا)یێک ئەبوون، جا دەیانوت: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! بۆچ پێغەمبەرێکت بۆ نەناردین تا لە نیشانەکانت پەیرەوی بکەین و لە بڕواداران بین و (تووشی عەزاب نەبین) ﴿٤٧﴾ جا کاتێ هەقیان لە لایەن ئێمەوە بۆ هات، و تیان: بۆچ ئەوەی بە مووسا درابوو بەو (محەمەد) نەدراوە، ئایا ئەمانە بەر لەمە ئەوەی کە بە مووسا درابوو ئینکاریان نەکرد؟ وتیان: ئەم دووانە دوو جادووگەرن و پشتیوانی یەکتر دەکەن تا لارێمان کەن و وتیان: ئێمە لە هەردووکیان حاشامانە ﴿٤٨﴾ بڵێ: ئەگەر ڕاستبێژن کتێبێک لە لایەن خواوە بێنن کە لەم دووانە (تەورات و قورئان) باشتر ڕێنوێنی بکا تا من پەیرەوی لێ بکەم ﴿٤٩﴾ جا ئەگەر ئەم پێشنیارەی تۆیان وەرنەگرت پەرسڤ (و وەڵامیان نەدایتەوە)، جا بزانە کە تەنیا لە هەوا و ئەلها و کەڵکەڵە و هانا و ئارەزووی خۆیان پەیرەوی دەکەن، کێ لەو کەسە لارێتر کە بێئەوەی ڕێنوێنیێکی لە خواوە هەبێ (هەروا ڕەمەکی) بە دوای هەوای خۆی بکەوێ، خوا هۆزی ستەمکاران ڕێنوێنی ناکا ﴿٥٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبر اهیمی



لە پەستا یەک لەدوای یەک، ئەو وتارەمـان بـۆ هەنـاردن، بەڵکـوو بیـر بـکەنەوە و پەنـد بگـرن ﴿٥١﴾ کەسانێ کە لە بەرا کتێبـی ئاسـمانیمان پـێدابـوون، ئەوانە بەو (قورئـان)ە بـڕوا دێـنن ﴿٥٢﴾ هەرکـاتێ کە (قورئـان) بەسـەریاندا دەخوێنـدرێتەوە، دەڵـێن: بڕوامـان بەوە هێنـاوە، بەڕاستی ئەوە (قورئان) هەقە و لە لایەن پەروەرێنەرمانەوەیە، بەرلەوەیـش خـۆ بە دەسـەوەدەر بووین (موسڵمان بووین) ﴿٥٣﴾ ئەوانە لەبەر ئەوەی تابشتیان هێنابوو، دوو جار پاداشـیان پـێ ئەدرێ و ئەوانە بە هـۆی چاکەوە خـراپە لەنـاو ئەبەن، لەوەی ئـێمە پێمـان داون ڕسـق و ڕۆزی خەڵکی دیکەی لێدەدەن ﴿٥٤﴾ هەرکاتێ قسەی هیچوپووچ ببیسن، لە گوێی خۆیان دەرداوێـن و فرێیدەدەن و ڕووی لێدەسووڕێنن و دەڵێن: (ئاکـامی) کـاری ئـێمە بـۆ ئـێمەیە و (ئاکـامی) کاری ئێوەیش بۆ خۆتانە، سلاوتان لێ بێ و لە ئێمەوە بێ وەزەن و بێ ئازارن، ئـێمە نەزانانمـان ناوێ! ﴿٥٥﴾ ڕێنۆیینی دەکا خوا ڕێنوێنبووان باشتر دەناسـێ ﴿٥٦﴾ وتیـان: ئەگەر لە ڕێنـوێنی ناتوانی هەرکەس کە تـۆ پێـت خـۆش بـێ ڕێنـوێنی بـکەی، بەڵام هەرکەس کە خـوا بـیەوێ (و شیاویش بێ) (و دینێ) کە بە تۆیە پەیڕەوی بکەین، ئێمە لە زاگە و جێی لەدایکبوون و لە زێد و سەر ئەرز دەرفێندرێن، قەرە دەکرێن و دەردەکرێن ئایا ئەوانمان لە شۆینێکی ئەمـن و هـێمن جێندا کە میوە و بەروبوو (نیعمەت)ی هەموو جۆرێکت (لە هەموو شار و دێیەکەوە) بۆ دێ، بەڵام زۆربەی ئەوانە نازانن ﴿٥٧﴾ زورێ لە شـارەکان و ئاوایەکانمـان لە نـاوبرد کە لەبەر زۆری نیعمەت مەست و مەغروور ببوون، ئەمە ماڵەکانیـانە (کە وێـران بـووە) و دوای ئەوان مەگەر زەمانێکی کەم، دەنا کەسێ لەوێ نەما، ئێمە خۆمان بووینە میراتگریان ﴿٥٨﴾ پەروەرێـنەرت لەناوبەری هیچ شار و ئاوایییەک نەبـووە تـا پێغەمبەرێـک نەنێـرێتە نێویـان کە نیشـانەکانی ئێمەیان بەسـەردا بخـوێنێتەوە، ئـێمە لەنـاوبەری هـیچ ئـاوایییەک نەبـووین، مەگەر ئەوە کە خەڵکەکەی ستەمکار بووبن ﴿٥٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەوەی کە بە ئێوە دراوە کاڵای دنیا و زەمبەر و خشڵ و زینەتی ئەوە، ئەوەی لای خوایە باشتر و پایەدارترە، جا ئایا ئەقڵتان ناخەنە کار؟ ﴿٦٠﴾ ئایا کەسێ کە بەڵێنی چاکمان پێداوە جا پێشی دەگا، وەکوو کەسێکە کە کاڵای دنیامان پێداوە، لە پاشان ڕۆژی قیامەت بۆ سزا و جەزادان لە حازران دەبێ ﴿٦١﴾ ڕۆژێ کە (خوا) هەرایان لێدەکا، جا دەڵێ: لە کوێن هاوبەشانێ کە بە گومان بۆ منتان دائەنا؟! ﴿٦٢﴾ کەسانێ (لە سەرۆکانی لاڕێ) کە فەرمانی عەزاب لە بارەی ئەواندا هاتۆتە دی، دەڵێن: ئەی پەروەرێنەرمان! ئەمانەن ئەو کەسانەی وا لاڕێمان کردوون، (بەڵێ) ئێمە ئەوانمان لە ڕێ لادا، هەروەکوو خۆمان گومرا بووین، ئێمە لەوان بێزارین، ئەوان لە ڕاستیدا عیبادەتی ئێمەیان نەدەکرد (بەڵکوو بە دوای هەوا و ئارەزووی خۆیان کەوتبوون) ﴿٦٣﴾ بەوان (عابیدان) دەوترێ: شەریکەکانتان؛ ئەو بتگەلە کە بەخەیاڵ بە هاوبەشی خواتان دانابوو، بانگیان بکەن، بەڵام وەڵامیان نادەنەوە، لەو دەمەدا عەزابی خوا دەبینن و ئارەزوو دەکەن خۆزگە ڕێنوێن بوایەن ﴿٦٤﴾ ڕۆژێ کە خوا بانگیان دەکا، جا (پیان دەفەرمێ) چلۆن وەڵامی پێغەمبەرانتان دایەوە؟! ﴿٦٥﴾ لەو ڕۆژەدا هەموو هەواڵێکیان لە بیر دەچێتەوە، جا ناتوانن لە یەکتریش بپرسن ﴿٦٦﴾ بەڵام کەسێ کە تۆبەی کردووە و بڕوای هێناوە و کردەوەی چاکی کردووە، هیوای وایە کە لە ڕزگاران بێ ﴿٦٧﴾ پەروەرێنەرت هەرچی بیەوێ خەڵقی دەکا و هەڵیدەبژێرێ، (بەڵام) بۆ ئەوان (لە ڕاست ویستی خوا) حەقی بژاردن و ئیختیارێک نییە، بێخەوشە خوا و بەرزە (و بە دوور)ە لەوەی کە دەیکەنە هاوبەشی ﴿٦٨﴾ پەروەرێنەرت دەزانێ ئەوەی لە نێو دڵیان دەیشارنەوە و ئەوەی دەریدەخەن ﴿٦٩﴾ ئەوە خوای تاک، هیچ خوایەک بێجگە لەو نییە، پەسن و سپاس تایبەت بەوە چ لەم دنیا و چ لەو دنیاوە فەرمان و حوکوومەت هەر هی ئەوە و هەموو بۆ لای ئەو دەگەڕێندرێنەوە ﴿٧٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بڵێ: ئایا دەزانن (کە بە من بڵێن:) ئەگەر خوا شەوتان تا ڕۆژی قیامەت بۆ درێژ بکاتەوە چ خوایەک بێجگە لە خوا هەیە ڕووناکیتان بۆ بێنێ؟ جا ئایا نابیسن؟! ﴿٧١﴾ بڵێ: ئایا دەزانن (کە بە من خەبەر بدەن) ئەگەر خوا ڕۆژتان تا ڕۆژی قیامەت لێ درێژ بکاتەوە، چ خوایەک بێجگە لە خوا هەیە شەوتان بۆ بێنێ کە لەودا بحەسێنەوە و هەدای تێدا بدەن و ئۆقرە و ئارامی تێدا بگرن؟ جا ئایا نابینن؟! ﴿٧٢﴾ لە ڕەحمەتی ئەوە کە شەو و ڕۆژی بۆ داهێناون تا لەو (شەوە)دا بحەسێنەوەو (لە ڕۆژیش) بۆ بە دەستهێنانی ڕسق و فەزیلەتی خوا بکەونە کار، بەڵکوو سپاسی خوا بکەن ﴿٧٣﴾ ڕۆژێ کە خوا هەرایان لێدەکا، جا دەڵێ: هاوبەشانێ کە بە گومان بۆ منتان دائەنا لەکوێن؟! ﴿٧٤﴾ (لەو ڕۆژەدا) لە هەر گەلێ شایەدێ دێنین و (بە موشریکان) دەڵێین: بەڵگەی خۆتان بێنن، جا ئەوان دەزانن کە بەڕاستی هەق تایبەتی خوایە و هەموو ئەوانەی بە درۆ سازیان دابوو، لێیان گوم و بزر دەبن ﴿٧٥﴾ بەڕاستی قارون لە هۆزی مووسا بوو، جا ستەمی لەوان کرد، ئەوەندەمان گەنج پێدابوو کە هەڵگرتنی کلیلەکانی بۆ دەستەیەکی بەهێز سەخت بوو، کاتێ کە هۆزەکەی بەو (قاروون)یان وت: ئەوەندە شاد و بەفیز و غللوور و بادیهەوا مەبە، چونکە خوا مرۆی لە خۆ دەرچووی خۆشناوێ ﴿٧٦﴾ لەوەی کە خوا پێی داوی، ئەو دنیای پێ بە دەس بێنە و بەشی خۆیشت لەم دنیایە لە بیر مەبەوە، هەر بەو جۆرەی خوا چاکەی لەگەڵت کردووە، (لەگەڵ خەڵکدا) چاکە بکە و لەسەر زەوی بە دوای کاری خراپا مەڕۆ، بەڕاستی خوا خراپان و ئیفسادکەرانی خۆشناوێ ﴿٧٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



(قارِوون) وتی: ئەم سامانە تەنیا لە ڕووی زانستێکەوە کە هەمە بە من دراوە، ئایا نەیزانیبوو کە بەڕاستی خوا بەر لەویش بەرەگەلێکی لە نێو بردبوو کە هێزیشیان لەو (قارِوون) زیاتر بوو و ژماریشان زۆرتر بوو، (کاتێ عەزابی خوا هات) لە تاوانی ئەم تاوانبارانە پرسیار ناکرێ (و چون خوا ئاگای لە تاوانیان هەیە و نیازی بە پرسینەوە لەوان نییە دەرەتانی عوزر هێنانەوەیان پێ نادرێ) ﴿٧٨﴾ جا (قارِوون) بە تەنتەنە و سەنتەنەوە و بە جەلال و شکۆ (ڕۆژێ) هاتە دەرێ بە جوانی و ڕازاوەیی بۆ نێو هۆزەکەی، ئەوانەی کە ژیانی دنیایان دەویست، وتیان: خۆزگە ئەوەندەی بە قارِوون دراوە، ئێمەیش بمانبوایە، ئەو (قارِوون) خاوەنی بەشی زۆرە ﴿٧٩﴾ بەڵام ئەوانە کە زانستیان پێدرابوو (زانایان) وتیان: وای بۆ ئێوە! خێری خوا چاکترە بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە، بەڵام بێجگە لە خۆڕاگران و تابشتهێنەران کەسێ بەوە ناگا ﴿٨٠﴾ جا ئێمە ئەو و ماڵ (و سامانەکە)ی ئەومان بە زەویدا بردە خوارێ، جا هیچ دەستەیەک نەبوو تا لە بەرامبەری خوا یارمەتی ئەو بدا، خۆیشی نەیدەتوانی یارمەتی خۆی بدا ﴿٨١﴾ ڕۆژێ دیکە ئەو کەسانەی کە دوێنێ ئارەزوویان دەکرد کە لە جێی ئەو (قارِوون) بن، دەیانوت: وای بۆ ئێمە، وەک ئەمە خوا بۆ هەرکەس لە بەندەکانی کە بیەوێ بە ڕسق و ڕۆژی ئەو پەرە دەدا یا کەمی دەکاتەوە، ئەگەر خوا منەتی لەسەر دانەنابایەن ئێمەیش بە زەویدا ڕۆدەچووین، وای وەک ئەمە خوا کافران ڕزگار ناکا ﴿٨٢﴾ ئەو دنیا تەنیا بۆ کەسانێکە کە لەم دنیایەدا خۆ بە زل نەزانن و خراپەیش ناکەن، سەرەنجامی چاک بۆ خۆپارێزانە ﴿٨٣﴾ هەرکەس کاری چاک بکا، جا باشتر لەوە پاداشی پێئەدرێتەوە و هەرکەسانێک کە خراپە دەکەن سزا نادرێن مەگەر بە ڕادەی خراپەکەیان ﴿٨٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



بێگومان کەسێ ئەم قورئانەی کردە ئەرکی سەرشانی تۆ و بۆ تۆی ناردووە خاترجەم بە تۆ دەگێڕێتەوە بۆ جێی لە دایک بوونت، بڵێ: پەروەرێنەرم لە هەموو زاناتر و ئاگاترە و ئەزانێ چ کەسێ (بەرنامەی) ڕێنوێنی هێناوە و چکەسێکێش لە لاڕێیی ئاشکرادایە ﴿٨٥﴾ تۆ هەرگیز بە هیوا نەبووی ئەم کتێبەت بۆ بنێردرێ، ئەگەر ڕەحمەتی خوا نەبوایە، جا پشتیوانی کافران مەبە ﴿٨٦﴾ دوای ئەوەی نیشانەکانی خوات بۆ هات، تۆ لەوە نەگێڕنەوە، خەڵک بۆ لای پەروەرێنەرت بانگ بکە، (هەرگیز) تۆ لە موشریکان مەبە ﴿٨٧﴾ لەگەڵ خوا کەسێتر بانگ مەکە، هیچ مەعبوودێ بێجگە لە خوا نییە، هەموو شتێک تیادەچێ، مەگەر زاتی پاکی ئەو نەبێ، فەرمان و حوکوومەت تایبەت بەوە و تەنیا بۆ لای ئەو دەگێڕدرێنەوە ﴿٨٨﴾

## سوورەی عەنکەبووت: داپیرۆشك ٦٩ ئایەتە

**سوورەی عەنکەبووت لە مەککە هاتۆتەخواری و بە (بسم‌الله)وە ٦٩ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن

ئەلف، لام، میم، خوا خۆی بە واتای ئەمانە باشتر دەزانێ ﴿١﴾ ئایا خەڵک گومانیان کردووە کە ئەگەر بڵێن: بڕوامان هێنا، وازیان لێ دەهێندرێ و ئیتر ئەزموون ناکرێن ﴿٢﴾ کەسانێک کە بەر لەمانە بوون تاقیمان کردنەوە، (ئەمانەش ئەزموون دەکەین) تا خوا کەسانێ کە ڕاستیان وتووە بیانناسێ و کەسانێ کە درۆزن بوون لێیان ئاگادار بێ ﴿٣﴾ یا ئایا ئەوانەی کە کردەوەی خراپ دەکەن گومانیان کردووە کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێمە دەردەچن؟ چەن خراپ داوەری دەکەن ﴿٤﴾ کەسێ کە بە دیداری خوا هیوای هەیە، (جا با تاعەتی خوا بکا) چونکە ماوەیەک کە خوا دیاری کردووە، هەربینا بەم زووانە و لەناکاو هات و هەر دێ و هەر ئەوە ژنەوای زانا و ئاگا ﴿٥﴾ هەرکەس کە تێبکۆشێ (خەزا بکا) تەنیا بۆ خۆی تێدەکۆشێ، بەڕاستی خوا لە هەموو جیهانیان بێنیازە ﴿٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



وه که‌سانێ که بڕوایان هێناوه و کرده‌ی چاکیان کردووه، به‌ڕاستی تـاوان و گوناحیـان ده‌پۆشـین (و ده‌یانبه‌خشین)، به هه‌قیقه‌ت به چـاکتر له‌وه‌ی که کردوویـانه پاداشـیان ئه‌ده‌یـنه‌وه ﴿٧﴾ به مرۆڤمان ڕاگه‌یاندووه که چاکه له‌گه‌ڵ دایک و باوکیان بکه‌ن، ئه‌گه‌ر ئه‌وان بکۆشـن که بـۆ مـن هاوبه‌شێ دابنێن که عیلمت پێی نییه، ئیتاعه‌تیان مه‌که، گه‌ڕانه‌وه‌تان بۆ لای منه، جا له‌وه‌ی که کردووتانه ئاگادارتـان ده‌که‌م ﴿٨﴾ که‌سـانێ که بڕوایـان هێنـاوه و کـاری چاکیـان کـردووه، ده‌یانخه‌ینه نێو کۆڕی پیاوچاکانه‌وه ﴿٩﴾ هه‌ندێ له خه‌ڵک ده‌ڵێن: بڕوامـان به خـوا هێنـا، جا هه‌رکاتێ له ڕێگای خوا ئازار بدرێن (له لایه‌ن کافرانه‌وه)، ئازاری خه‌ڵـک وه‌کـوو ئـازاری خـوا دائه‌نێن (و لێیان ئه‌ترسن)، به‌ڵام کاتێ سه‌رکه‌وت له لایه‌ن خواوه بێ ئه‌ڵێن: ئێمه‌یش له‌گه‌ڵتان بووین (له‌مه‌دا هاوبه‌شین)، ئایـا خـوا به‌وه‌ی له دڵ و ده‌روونـی جیهانیانـدایه ئاگـادارتر نییـه ﴿١٠﴾ به‌ڕاستی خوا باش ده‌زانێ بـڕواداران کـێن و دووڕووه‌کـان (مونافیقـانیش) کـێن ﴿١١﴾ کافران به بڕواداارانیان وت: وه‌رنه سه‌ر ڕێبازی ئێمه و گوناحتـان به ئه‌سـتۆ بگـرین، شـتێک له گوناحی خۆیان بۆ هه‌ڵناگیردرێ، به‌ڕاستی ئه‌وانه درۆزنـن ﴿١٢﴾ به‌ڵکـوو ئه‌وانه بـاری تـاوانی خۆیـان و بـارگه‌لێ له‌گه‌ڵ بـاری خۆیـان هه‌ڵـده‌گرن، له ڕۆژی قیـامه‌ت له درۆگه‌لـێ که هه‌ڵیانبه‌ستبوو، پرسیاریان لێ‌ده‌کرێ ﴿١٣﴾ به هه‌قیقه‌ت ئێمه نووحمان به پێغه‌مبه‌ری نـارده لای هـــــۆزه‌که‌ی، ئه‌و نۆسه‌ت و په‌نجا سـاڵ له نێویانـدا مـا (و ژیـا)، جا تۆفان (بـاهۆز و سێڵاو) ئه‌وانی گرت و ڕایماڵین و ڕاسته‌وڕاست به‌ره‌و خۆ دان و ماشته‌وه، له کاتێدا سـته‌مکار بوون ﴿١٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

جا ئەو و کەسانێ کە لەگەمییەکەدا بوون ڕزگارمان کردن، ئەوەمان کردە نیشانە و پەندێ بۆ جیهانیان ﴿١٥﴾ ئیبراهیممان بە پێغەمبەری نارد، کاتێ بە هۆزەکەی خۆی وت: خوا بپەرستن و خۆی لێبپارێزن (لێی بترسن)، ئەوەتان بۆ چاکترە ئەگەر بزانن (و خەڵکێکی دانا بن) ﴿١٦﴾ بەڕاستی ئێوە بێجگە لە خوا بوتگەلێ دەپەرستن و درۆی زل ساز دەکەن، بەڕاستی کەسانێ کە بێجگە لە خوا دەیانپەرستن ڕسق و ڕۆزی ئێوەیان بە دەس نییە، جا لە خوا ڕسق و ڕۆزی و پێبژیو بخوازن و عیبادەتی بۆ بکەن و شوکری بکەن کە بۆ لای ئەو دەگەڕێندرێنەوە ﴿١٧﴾ ئەگەر ئێوە (من) بە درۆ دەخەنەوە، ئۆمەتگەلێ بەر لە ئێوەیش (پێغەمبەرەکانیان) بە درۆ دەخستەوە، بێجگە لە ڕاگەیاندنێکی ئاشکرا چی دیکە لەسەر پێغەمبەر نییە ﴿١٨﴾ ئایا ئەوانە نەیانزانیوە کە خوا چلۆن ئافراندن دەس پێدەکا و لە پاشان دەیانگێڕێتەوە (زیندوویان دەکاتەوە)، ئەم کارە بۆ خوا ئاسانە ﴿١٩﴾ بڵێ: بە زەویدا بگەڕێن و بنوارن کە چلۆن خوا دروس کردن و سازدان و ئافراندن و بەدیهێنانی دەس پێکردووە، لە پاشان خوا (هەر بەو جۆرەش) جیهانی ئاخیرەتیش دەخولقێنێ و بەدیدێنێ، خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەدەسەڵاتە ﴿٢٠﴾ هەرکەس کە بیەوێ (و شیاو بێ) سزای ئەدا و هەرکەسیش کە بیەوێ ڕوحمی پێدەکا، بۆ لای ئەو دەگەڕێندرێنەوە ﴿٢١﴾ ئێوە ناتوانن خوا ناتەوان بکەن و لە بن دەسەڵاتی ئەو لە زەوی و ئاسماندا خۆ دەرباز بکەن، بۆ ئێوە بێجگە لە خوا کارساز و یاوەرێک نییە ﴿٢٢﴾ ئەوانەی کە بە نیشانەکانی خوا و دیداری ئەو بڕوایان نییە، ئەوانە لە ڕەحمەتی من بێ هیوا دەبن، بۆ ئەوانە ئازار و عەزابێکی دەرداوی هەیە ﴿٢٣﴾

جا وەڵامی هۆزی ئەو (ئیبراهیم) بێجگە لەمە نەبوو کە وتیان: بیکوژن یا بیسووتێنن، جا خوا ئەوی لە ئاگر ڕزگار کرد، بەڕاستی لەمەدا نیشانەگەلێک بۆ بڕواداران هەیە ﴿٢٤﴾ (ئیبراهیم) وتی: ئێوە لەبری و لەجیاتی و لەباتی خوا، بتگەلێکتان هەڵبژاردووە تا لە ژیانی ئەم جیهانەدا دۆستی و خۆشەویستیتان لە نێواندا بێ، لە پاشان لە ڕۆژی قیامەت هەندێ لە ئێوە حاشا لە هەندێتر و لەعنەتیان لێدەکەن، جێگاتان ئاگرە و هیچ یاوەرێکتان بۆ نابێ ﴿٢٥﴾ جا لووت بڕوای بەو (ئیبراهیم) هێنا و (ئیبراهیم) وتی: بۆ لای پەروەرێنەرم کۆچ دەکەم (لە بابلەوە بۆ شام)، بەڕاستی هەر ئەوە فرە بەدەسەڵات و لەکارزانە ﴿٢٦﴾ ئێمە ئیسحاقمان (لە سارا) و یەعقووبمان (بە نافلە و نەوە ـ چون یەعقووب کوری ئیسحاقە) بەو (بە ئیبراهیم) بەخشی و لە نێو زارۆکانی ئەودا پێغەمبەری و کتێبمان دانا و لە دنیایش پاداشمان داوە، ئەو لە ئاخیرەتدا لە پیاوچاکانە ﴿٢٧﴾ لووتمان بە پێغەمبەری نارد، کاتێ بە هۆزی خۆی وت: بەڕاستی ئێوە کاری زۆر شوورەیی و ناشیاو ئەنجام ئەدەن کە هیچ یەک لە خەڵکی جیهان بەر لە ئێوە کاری وا ناشیرین و کرێت و ناحەزی نەکردووە ﴿٢٨﴾ ئایا دەچنە لای نێرینە و ڕێگای دەوامی بەرەی مرۆ دەبڕن و لە کۆڕ و کۆبوونەوەی خۆتان داوێن پیسی دەکەن؟! جا هۆزەکەی هیچ وەڵامیان نەبوو مەگەر ئەمە کە وتیان: ئەگەر ڕاستبێژی ئازار و عەزابی خودامان بۆ بێنە! ﴿٢٩﴾ (لووت) وتی: ئەی پەروەرێنەرم! لە ڕاست ئەم هۆزە خراپەدا یارمەتیم بدە (تا بەسەریاندا زاڵ بم) ﴿٣٠﴾

کاتێ نێردراوەکانی ئێمە (لە مەلائیکەتەکان) مزگێنی (منداڵ بوون) یان بـۆ ئیبـراهیم هێنـا، وتیان: ئێمە لەنێوبەری خەڵکی ئەم ئـاوایی و شـارە (سـەدووم–ی نێزیکـی بابـل)ین، بەڕاسـتی خەڵکەکەی ستەمکار بوون ﴿٣١﴾ (ئیبراهیم) وتی: لووت لەوێیە، وتیان: ئێمە بە کەسـانێ کە لەوێدان ئاگادارترین، بەڕاستی ئەو و خێزانی جیـا لە ژنەکەی کە لەوێ دەمێنێـتەوە ڕزگاریـان دەکەین ﴿٣٢﴾ چون ڕاسپاردەکانی ئێمە چوونە لای لووت شـڵەژا و پێیـان تێکچـوو تەنگـانەی هاتێ و و دڵی لێیان گیرا، هەستی بە بێدەرەتانی کرد؛ وتیان مەترسە و دڵتەنـگ مەبە، ئـێمە ڕزگـارکەری تـۆ و خـانەدانتین، جیـا لە ژنەکەت کە لەوێ دەمێنێـتەوە (و تیـادەچێ) ﴿٣٣﴾ بەڕاستی ئـێمە بەڵا و عەزاب لە ئاسـمانەوە دەڕژێنـین بەسـەر خەڵکـی ئەم ئـاوایی‌یەدا، لەبەر ئەوەی خراپەیان دەکرد ﴿٣٤﴾ لەو ئـاوایی‌یەدا نیشـانە و پەنـدێکی دیارمـان بـۆ ژیـران بەجـێ هێشت ﴿٣٥﴾ شوعەیبی برای ئەوانمان نارد، وتی: ئەی هۆزم خوا بپەرستن و بە ڕۆژی پەسـڵان هیوادار بن و لە زەویدا خراپە و ئیفساد مەکەن ﴿٣٦﴾ جا ئەویـان بە درۆ خسـتەوە، جا لەبەر ئەمە بوولەرزە ئەوانی گرت، جا دەستەوئەژنۆ لە ماڵەوە مـردن ﴿٣٧﴾ عـاد و سـەموودمان لە نێو بـرد، تیـاچوونی ئەوان لە ماڵەکانیـان بۆتـان دەرکەوتـووە و دیـارە، شـەیتان کارەکـانی بـۆ ڕازاندنەوە، جا ئەوانی لە ڕێگای ڕاست و خوایی گێڕایەوە، لە حاڵێکدا خەڵکێ باریکبین بوون (ئاسان حەقیان لە ناحەق جیا دەکردەوە) ﴿٣٨﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



قاروون و فیرعەون و هامانیشمان لە نێو برد، بە هەقیقەت مووسا بە بەڵگەی ڕوونەوە هاتە سەریان، جا لە زەویدا خۆیان بە زل زانی، بەڵام نەیانتوانی لە دەسەڵاتی خوا دەرچن ﴿۳۹﴾ جا هەموویان بە تاوانیانەوە گرت، جا کزەبای فرە توندمان پڕ لە چەو؛ زیخ؛ وردە بەرد و لمم بەسەر هێندێکیاندا ڕژاند و هەندێکیشمان بە هەورەبریسکە و بوولەرزە گرت و هەندێکیشمان بە زەویدا بردە خواریێ و هەندێکیشمان لە ئاودا نوقم کردن وخنکان، خوا ستەمی لێنەکردون، بەڵکوو خۆیان ستەمیان لە خۆیان کردووە ﴿۴۰﴾ نەزیلە و مەسەلی کەسانێ کە بێجگە لە خوا دۆستانێک بۆ خۆیان دەگرن، هەروەکوو نەزیلەی جۆڵاتەنە و جاڵجاڵۆوکەیە کە خانوویەکی سازداوە، بەڕاستی سستترین خانوو، خانووی کاکڵەمێشان و داپیرۆشک و جاڵجاڵۆوکەیە ئەگەر بزانن ﴿۴۱﴾ خوا دەزانێ کە چ شتگەلێک جیا لە خوا بانگ دەکەن، هەر ئەویشە فرە بەدەسەڵات و لەکارزان ﴿۴۲﴾ ئەم نەزیلانە بۆ خەڵک دێنینەوە، تەنیا زانایان لەوانە دەگەن ﴿۴۳﴾ خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق بەدیهێناوە، لەمەدا نیشانە و ئامۆژگاری و پەندێک بۆ بڕواداران هەیە ﴿۴۴﴾ هەرچی لەم کتێبە کە بۆ تۆ هاتووە بیخوێنەوە و نوێژ بکە، بەڕاستی نوێژ مرۆ لە ناحەزی و (ناپەسەند) دەگێڕێتەوە و یادی خوا گەورەترە، خوا بە کارگەلێ کە ئەیکەن ئەزانێ ﴿۴۵﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

لەگەڵ خاوەن کتێب مشتومڕ مەکەن، مەگەر بە چاکترین شێوە، مەگەر لەگەڵ کەسانێ کە ستەمیان کردووە، بەوانە بڵێن: بڕوامان هێناوە بەوەی بۆ ئێمە هاتووە و نازڵ بووە و بەوەی بۆ ئێوە نازڵ بووە و خوای ئێمە و خوای ئێوە یەکێکە، ئێمە بۆ ئەو خۆ بەدەسەوەدەرین ﴿٤٦﴾ هەروا ئەم کتێبەمان بۆ تۆ نارد، جا ئەوانەی کە خێوی کتێبن بڕوای پێ‌دێنن و لەمانەش (موشریکینی عەرەب) کەسانێ بڕوای پێ‌دێنن، تەنیا خوانەناسان نیشانەکانی ئێمە ئینکار دەکەن ﴿٤٧﴾ تۆ بەر لە قورئان هیچ کتێبێکت نەدەخوێند و ب دەستی ڕاستت شتێکت نەدەنووسی، ئەگەر وا بوایە دڵپیسان دەکەوتنە شکەوە ﴿٤٨﴾ بەڵکوو قورئان نیشانەکانی ڕوونە کە لە نێو دڵ و دەروونی زانایاندایە، تەنیا ستەمکاران نیشانەکانی ئێمە ئینکار دەکەن ﴿٤٩﴾ وتیان: چ دەبوو نیشانەکان لە پەروەریەنەریەوە بۆ هاتبا؟ بڵێ: بە هەقیقەت نیشانەکان تەنیا لای خوان و بەڕاستی من تەنیا ترسێنەریکی ئاشکرام ﴿٥٠﴾ ئایا بۆ ئەوان بەس نییە کە کتێبمان بۆ ناردووی و بەسەریاندا دەخوێندرێتەوە، بەڕاستی لەم کتێبەدا ڕەحمەت و بەزەیی و دڵۆڤانی و ئامۆژگاری و پەند و وەبیر خستنەوە بۆ بڕواداران هەیە ﴿٥١﴾ بڵێ: خوا بۆ شایەدی دان لە نێوان من و ئێوەدا بەسە، ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە دەیزانێ، کەسانێ کە بڕوایان بە شتێ پووچ هێناوە و ئینکاری خوایان کردووە، هەر ئەوان زیانکاران ﴿٥٢﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



لە تۆ بە پەلە عەزاب دەخوازن، ئەگەر ماوەی دیاری نەکرابا لەناکاو دەهاتە سەریان، لە حاڵێکدا نازانن ﴿۵۳﴾ لە تۆ بەلەز عەزابی خوا دەخوازن و جەهەندەم داگیری کافرانە ﴿۵۴﴾ رۆژێ کە عەزاب لە بانسەریانەوە و لە ژێر پێیانەوە ئەوان دەگرێتە بەر، خوا دەفەرمێ: بچێژن ئاکامی ئەوەی دەتانکرد ﴿۵۵﴾ ئەی بەندەکانم کە بڕواتان بە من هێناوە، زەوی من گرد و پان و بەرفرە و گوشاد و هەراو و بەرینە، جا تەنیا من بپەرستن ﴿۵۶﴾ هەموو کەسێک چێژەری تامی مەرگە و لە پاشان بۆ لای ئێمە دەگەڕێندرێنەوە ﴿۵۷﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە، لە کۆشکە بەرزەکانی بەهەشتدا جێیان پێ دەدەین کە بە بن دارەکانی (بەهەشتدا) ئاو دێ و دەڕوا، بێبڕانەوە لەوێ دەمێننەوە، چەن چاکە پاداشی کردەوەکەران و خەزا و خەباتکاران ﴿۵۸﴾ ئەوانە کە تابشتیان هێنا و تەوەکولیان بە پەروەرێنەریانە و خۆیان بە خوا سپاردووە ﴿۵۹﴾ زۆرێ لە خزۆک و جووڵندەکان ناتوانن ڕسق و رۆزی خۆیان بە دەس بێنن، خوا ڕسقی ئەوان و ئێوە ئەدا و هەر ئەویشە ژنەوا و زانا ﴿۶۰﴾ هەرکاتێ لەوانە بپرسی: چ کەسێ ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە و تەبەقی ڕۆژ و مانگی دەسەمۆ و ڕام و کەوی کردووە، دەڵێن: بەڕاستی ئەڵلا، جا چلۆن لە عیبادەتی خوا لائەدەن ﴿۶۱﴾ خوا ڕۆزی هەر یەک لە بەندەکانی خۆی کە بیەوێ پەرەی پێئەدا و زیادی ئەکا یا کەمی دەکا، بەڕاستی خوا بە هەموو شتێک زانایە ﴿۶۲﴾ ئەگەر لەوانە بپرسی کێ لە ئاسمانەوە بارانی ناردووە و زەوی مردووی بەوە زیندوو کردەوە؟ دەڵێن: ئەڵلا، بڵێ: سپاس تایبەتی خوایە، بەڵام زۆربەیان ئەقڵیان ناخەنە کار ﴿۶۳﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



ژیانی ئەم دنیایە بێجگە لە سەرگەرمی و کایە و گەپ و یاری شتێ‌تر نییە، بەڕاستی خانووی ئاخیرەت جێی ژیانە، ئەگەر بیانزانیبا ﴿٦٤﴾ جا کاتێ کە سواری کەشتی و گەمییەک بوون، خوا بانگ دەکەن لە کاتێکدا دینی خۆیان بۆ ئەو پاک کردووە، جا کاتێ ئەوانی بردە بەژ و ویشکایی و ڕزگاری کردن هێمان هاوبەش بۆ خوا دادەنێن ﴿٦٥﴾ با ئەو نیشانانەی کە بەوانمان داوە حاشا و ئینکاری بکەن و لەژیان لەزەت ببەن و ڕاببوێرن، جا لە پاشان دەزانن ﴿٦٦﴾ ئایا نەیانزانیوە مەککەمان کردۆتە جێگایەکی هێمن و ئەمن، لە حاڵێکدا لە دەوروبەری ئەوێ (لە دەرەوەی مەککە) خەڵک دەرفێندرێ، ئایا دیسان بڕوا بە بووچ دێنن و نیعمەتی خوا ئینکار دەکەن؟ ﴿٦٧﴾ چکەسێ لەوە ستەمکارترە کە درۆ بە دەم خواوە هەڵدەبەستێ یا کاتێ هەقی بۆ هات بە درۆی دائەنێ؟ ئایا جێگای خوانەناسان جەهەندەم نییە (و نابێ بخرێنە دۆژەهـ) ﴿٦٨﴾ کەسانێ کە لە ڕێگای ڕەزای خوا خەباتیان کردووە، بەڕاستی خۆمان ڕێنوێنییان دەکەین، خوا لەگەڵ چاکانە ﴿٦٩﴾

## سوورەی ڕۆم ٦٠ ئایەتە

**سوورەی ڕۆم لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٦٠ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن

ئەلف – لام – میم ﴿١﴾ ڕۆمییان تێشکان (ئیشارە بە تێشکانی ڕۆمیان بە دەس ئێرانیان لە ساڵەکانی ٦١٣ و ٦١۴ زایینیدا) ﴿٢﴾ (ئەم تێشکانە) لە نێزیکترینی کەوشەنی ئەم سەرزەوییە (سووریە و فەلەستین ڕووی داوە) و دوای ئەم ژێرکەوتنەیان بە زوویی جارێکی دیکە سەر دەکەون ﴿٣﴾ لە ماوەی چەند ساڵ، (کەمتر لە دەساڵ) پێش ئەو تێشکانە و لە دوایەشدا هەموو کار کاری خودایە لەو ڕۆژەدا بڕواداران خۆشحاڵ دەبن ﴿۴﴾ بە هۆی یارمەتی بە یاریدە لە خوداوە، هەرکەس کە خوا بیەوێ یارمەتی ئەدا، هەر ئەویشە فرە بەدەسەڵات و دڵاوێن ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دكتورسالح ئيبراهيمى



ئەمە شتێکە خوا بەڵێنی داوە، لێی پەشیمان نابێتەوە، بەڵام زۆربەی خەڵک نازانن ﴿٦﴾ ئەوانە تەنیا ڕواڵەتێ لە ژیانی دنیا دەزانن و هیچ ئاگایشیان لە پاشەرۆژەکە نییە - (لە ساڵی ٦١٤ زایینی تا ٦٢٨ بۆ ماوەی ١٤ ساڵ جەنگی ئێران و ڕۆمی شەرقی دەوامی بووە، لە ٦١٦ شەهربەراز و شاهینی ئێرانی بۆ ڕۆمی شەرقی هێرشیان برد و بەردەسیان کرد، بەڵام هێرقلی ڕۆمی دوای خۆگرتنەوە لە ٦٢٢ هێرشی هێنایە سەر ئێران و لە ساڵی ٦٢٨ خوسرەو پەرۆیزی کوردی ساسانی شکاند و خەڵک خوسرەو پەرویزیان لابرد و شیرۆیەیان لەجێێ دانا و پێغەمبەریش لە ٥٧١ی زایینی لە دایک بووە و لە ٦٠١ بۆتە پێغەمبەر) ﴿٧﴾ ئایا ئەوانە لە دڵی خۆیاندا بیریان نەکردۆتەوە کە خوا ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەو دووانەدایە، تەنیا بە هەق و نەزم و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خەڵقی کردوون و ئافراندوونی زۆرێ لە خەڵک پیان وا نییە کە لە ڕۆژی بەرێدا لەگەڵ خوا ڕووبەڕوو دەبن و حاشا لەوە دەکەن ﴿٨﴾ ئایا بەسەر زەویدا نەڕۆیشتوون (جیهانگەڕییان نەکردووە)، تا ببینن کە سەرەنجامی ئەوانەی بەر لەوان بوون چلۆنە؟ ئەوانە هێزێکی پتر لەمانیان هەبوو زەوییان کێڵا و ئاوەدانتریشیان کردەوە، پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگەکانی ڕوونەوە هاتنەلایان (بەڵام ئەوانە ئینکاریان کرد و سزای خۆیان دی)، جا خوا قەت غەدر لەوانە ناکا، بەڵام ئەوان خۆیان غەدریان لە خۆیان کردووە ﴿٩﴾ لە پاشان سەرەنجامی کەسانێ کە کاری بەدفەڕییان دەکرد، گەیشتە شوێنێ کە ئایاتی خوایان بە درۆ خستەوە و حەنەک و گەپ و گاڵتەیان پێکرد ﴿١٠﴾ خوا بەدی هێنانی (مرۆڤ) دەسپێ ئەکا و لە پاشان دەیانگێڕێتەوە (دەیانمرێنێ)، لە پاشان ئێوە بۆ لای ئەو دەگەڕێندێنەوە ﴿١١﴾ ئەو ڕۆژە مرۆ زیندوو دەکرێنەوە تاوانباران کز و ماتن و دژ دادەمێنن و متەقیان دەرنایێ و کڕوکپن ﴿١٢﴾ ئەوشتانەی کردبوویانە هاوبەش بۆ خوا تکایان بۆ ناکەن و لەو شەریکانەش دەکەونە حاشا ﴿١٣﴾ ڕۆژێ کە ڕۆژی پەسڵان و قیامەت دادێ (خەڵک) لە یەکتر جیا دەبنەوە ﴿١٤﴾ جا ئەوانەی کە بڕوایان هێنابوو کاری چاکیان کردووە، لە باغچەی بەهەشتدا شاد و خۆشحاڵن ﴿١٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئەوانەی خودایشیان نەناسیوە و بە نیشاکانی ئێمە (خوا) و ڕووبەڕوو بوونی ڕۆژی بەرێ بێ باوەڕ بوون، دەیانهێنینە پێش بۆ ئازاردان ﴿١٦﴾ جا پەسنی خوا بڵێن، لە کاتێکدا کە دەچنە نێو شەو و لەو دەمە کە ڕۆژ دەکەنەوە ﴿١٧﴾ سپاس تایبەتی ئەوە لە ئاسمانەکان و لە زەویدا و پەسن بۆ ئەوە لە کاتی شەودا و لە دەم و کاتی نێوەڕودا ﴿١٨﴾ (خوا) زیندوو لە مردوو دەردێنێ و مردوو لە زیندوو، زەویش دوای مەرگ گیانی وەبەر دێنێتەوە: بەمجۆرەش لە گۆڕ دەهێندرێنە دەرێ ﴿١٩﴾ لە نیشانەکانی ئەو ئەمەیە کە ئێوەی لە خاک ئافراندووە و دروسی کردووە، لە پاشان بوونە مرۆ و لەسەر زەوی بڵاو بوونەوە ﴿٢٠﴾ لە نیشانەکانی ئەو ئەمەیە کە لە جنسی خۆتان بۆ ئێوە خێزانی خەڵق کرد (ئاوجووت) تا لە پاڵ ئەواندا بحەسێنەوە و ئارام بگرن، خۆشەویستی و ئەوینی خستە نێوانتان، لەمەدا نیشانەگەلێک بۆ تاقمێ کە بیر دەکەنەوە هەیە ﴿٢١﴾ هەر لە نیشانەکانی ئەوە بەدیهێنانی ئەم ئاسمانان و زەوییە و وێکنەچوون و لە یەک نەچوون و جیاوازی زمانەکانی پێ ئاخافتنتان و ڕەنگ و ڕووتان، لەمەدا نیشانەگەلێک بۆ زانایان هەیە ﴿٢٢﴾ لە نیشانەکانی ئەوە خەوتنی ئێوە بە شەو و ڕۆژ و گەڕانتان بۆ دەسخستنی ڕسق و ڕۆزی کە هەر لە سایەی خوایە، لەمەدا نیشانەگەلێک هەیە بۆ تاقمێ کە گوێیان ژنەوایە ﴿٢٣﴾ لە نیشانەنەکانی ئەوە کە بەرق (و بریسکە)تان نیشان ئەدا کە هەم هۆی ترسە و هەم هۆی هیوایە (ترس لە هەورەبریسکە و هیوا بە بارینی باران) و لە ئاسمانەوە ئاوی (باران) دەنێرێ و دەبارێنێ کە زەوی دوای مردن بە هۆی ئەو بارانەوە دەبووژێنێتەوە، لەمەدا نیشانەگەلێک هەیە بۆ ئەوانەی کە ئەقڵی خۆیان دەخەنە کار ﴿٢٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

لە نیشانەکانی ئەوە کە ئاسمان و زەوی بە فەرمانی ئەو ڕاوەستاون، لە پاشان کاتێ (لە ڕۆژی بەرێدا) لەم زەوییەوە هەرگا تەنیا یەکجار، بانگتان دەکەن، لە ناکاو هەمووتان لە گۆڕ دێنە دەرێ (لە دەشتی مەحشەر حازر دەبن) ﴿٢٥﴾ هەر تایبەتی ئەوە کر و سازدراوی خوایە؛ هەموو ئەوانەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدان، هەموو بۆ ئەو خۆ بەکەمزان و فەرمانبەرن ﴿٢٦﴾ هەر خۆی ئەو خەڵکە وەدیدێنێ، لە پاشان دەیگرێتەوە و ئەم کارە بۆ ئەو ئاسانترە، لە ئاسمانان و زەویدا نموونەی باشترین ئاکار لای خوایە، هەر ئەویشە فرە زانا و لەکارزان ﴿٢٧﴾ خوا مەسەلێکی لە خۆتان بۆ ئێوە هێناوەتەوە: ئایا (ئەگەر بەندەیەکتان بووبێ) ئەم مەملووکانەتان قەت هاوبەشی ئێوە بوون لەو بژیو و ڕسق و ڕۆزییانەی کە بە ئێوەم دابوو، بە جۆرێ کە لەوەدا بەرانبەر بن؛ لەوان دەترسن کە بێئیجازە بە وێنەی سەربەخۆ خەرجی بکەن، هەروەکوو ترستان لە یەکتر هەیە، ئا بەمجۆرە خوا نیشانەکانی خۆی پوخت و پاراو بۆ کەسانێ کە ئەقڵی خۆیان دەخەنە کار بەیان و شی دەکاتەوە ﴿٢٨﴾ (نا) بەڵکوو خۆیان ئەوانەی ناحەقیان کردووە، بەدوای ئارەزووی بێزانست و بێ ئاگاداری کەوتوون، جاچ کەسێ ئەتوانێ ئەوانە کە خوا لاڕێی کردوون، ڕێنوێنی بکا، بۆ ئەوان یار و یاوەرێک نییە! ﴿٢٩﴾ تۆ هەر ڕوو لەم دینە پاکە بکە ئایینێکی بنەڕەتییە و لە سروشتا خوا مرۆی هەر بۆ یەکتاپەرستی بەدیهێناوە، ئافراندن و کاری خوایش گۆڕانی بەسەردا نایێ، هەر ئەمەیە دینی ڕاست و پتەو، بەڵام زۆربەی ئاپۆرەی خەڵک نازانن ﴿٣٠﴾ تۆبەکارانە بۆ لای خوا بگەڕێنەوە و لەو بترسن و نوێژ بکەن و لەوانە مەبن کە شەریکیان بۆ داناوە ﴿٣١﴾ (واتا:) لەوانە مەبن کە دینی خۆیان لەتلەت کرد و بوونە دەسە دەسە و هەر دەسەیێ بە بیر و باوەڕی خۆیان دڵیان خۆشە ﴿٣٢﴾

دکتور ساڵح ئیبراهیمی



هەردەمێ ئازارێ بگاتە مرۆڤ، هاوار بۆ پەروەرێنەریان دەبەن و دەگەڕێنەوە لای ئەو (تۆبە دەکەن)، لە پاشان هەردەمێ ڕەحمەتێ لە خۆی بەوان بچێژێ، لەناکاو تاقمێ لەوانە هاوبەش بۆ پەروەرێنەریان دائەنێن ﴿٣٣﴾ جا با نیعمەتگەلێ کە ئێمە بەوانمان داوە، ئینکاری بکەن و داپۆشن و (لە نیعمەتی دنیا هەرچی دەتوانن) لەزەت ببەن و باش ڕابیوێرن، جا بە زوویی دەزانن (کە ئاکامی ئەم حاشا لێکردنە چلۆن دەبێ) ﴿٣٤﴾ یا ئەوەی بەڵگەیەکمان بۆ ناردوون کە لەبارەی ئەوشتانەی ئەوان دەیکەنە شەریکم، قسە دەکا؟ ﴿٣٥﴾ هەرکاتێ ڕەحمەتێ بە مرۆڤ بچێژین شاد ئەبن و هەردەمێ دەرد و ئازارێکیان لەبەر کردەوەی خراپیان پێ بگا، لەناکاو بێهیوا و هیوابڕ دەبن ﴿٣٦﴾ ئایا نەیانزانی کە خوا ڕسق و ڕۆزی بۆ هەرکەس کە بیەوێ زیاد یا کەم دەکا، لەمەدا نیشانەگەلێ هەیە بۆ هۆزێ کە بڕوا دێنن ﴿٣٧﴾ جا کەوایە ماف و بەشی نێزیکان و هەژاران و لەڕێگا ماوان بدە، ئەمە بۆ ئەوانەی کە ڕەزای خوایان دەوێ باشترە، ئەم جۆرە کەسانە ڕزگارن ﴿٣٨﴾ ئەوەی بە ناوی ڕیبا (سوود) دەیدەن تا لە ماڵی خەڵک زیاد بێ، لای خوا هیچ زیاد ناکا (و بێبەرەکەتە)، (بەڵام) ئەوەی بە ناوی زەکات لە ڕێگای خوا ئەیدەن و دەتانەوێ خودا لە خۆتان ڕازی بکەن، فرەترتان پێ دەگاتەوە؛ (هەروەکوو دیارە پاچڤەی ئەم پاژە تۆزێ ئازادە و دوور لە لەفزە: هۆی ئەمەیش ئیلتیفاتێکە، لە ئایەتەکەدا هەیە و ئیلتیفاتیش، هەروەکوو لە زمانی عەرەبیدا هەیە لە زمانی کوردیدا نییە.) ﴿٣٩﴾ خوا زاتێکە ئێوەی دروس کرد و جا ڕسق و ڕۆزی پێداون، لە پاشان دەتانمرێنێ و ئەوسا زیندووتان دەکاتەوە، ئایا هیچ یەک لەو هاوبەشانە کە بۆ خواتان دائەنا، شتێ لەم جۆرە کارانەیان لە دەسدێ، خوا پاک و بەرز و بەرییە لەوەی دەیکەنە هاوبەشی ﴿٤٠﴾ خراپە و گەندەکاری لە وشکانی و بەژ و زەریادا لەبەر کارگەلێ کە خەڵک ئەنجامیان داوە ئاشکرا بووە، خوا دەیەوێ سزای هەندێ لە کردەوەی ئەوانە بەوان بچێژێنێ، بەڵکوو (بۆ لای هەق) بگەڕێنەوە ﴿٤١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



بڵێ: بە زەویدا بگەڕێن، جا بنوارن کە سەرەنجامی کەسانێ کە لەبەرا بوون چییان بەسەر هات کە زۆربەیان شەریکیان بۆ خوا دانابوو ﴿٤٢﴾ دەسا ڕوو بکە ئەو دینە پایەدارە، بەر لەو ڕۆژەی کە خوا بڕیاری داوە و هەر وەدیدێ، لەو ڕۆژەدا بڵاوەی دەکەن ﴿٤٣﴾ هەرکەس حاشای لە خوا کردبێ بە زیانی خۆیەتی، ئەوانەی کاری چاکیان کردووە (پاداشی خوا) بۆ خۆیان ئامادە دەکەن ﴿٤٤﴾ تا کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە لە چاکەی خۆی پاداشیان بداتێ، خوا ناشکوریکارانی خۆشناوێ ﴿٤٥﴾ لە نیشانەکانی ئەو ئەمەیە کە بای مزگێنیدەر دەنێرێ تا بەزەیی و ڕەحمەتی خۆی بە ئێوە بچێژێنێ تا گەمییەکان بە فەرمانی ئەو بڕۆن و ڕسق و ڕۆزی لەو بخوازن تا بەڵکوو شوکرانەبژێر بن ﴿٤٦﴾ بەر لە تۆیش پێغەمبەرانێکمان بۆ لای هۆزەکانیان ناردووە، جا بەڵگەی ڕوونیان بۆ هێنان (بەڵام پەندی ئەوان سوودی بۆیان نەبووە، جا لەوانەی تاوانیان کردبوو تۆڵەمان لێسەندنەوە (و یارمەتی بڕوادارانیشمان دا)، یارمەتیدانی بڕواداران مافێکە لەسەرمان ﴿٤٧﴾ خوا زاتێکە با دەنێرێ تا هەورگەلێ بێنێتە بزواندن، جا لە هەوادا هەر جۆر کە بیەوێ پان و بڵاویان دەکاتەوە گەواڵ گەواڵیشیان دەکا، جا لەودەمەیدا دەنکەدەنکەی باران دەبینی کە لە لابەلای ئەو (هەور)ە دێتە دەرێ، جا هەرکاتێ بۆ هەرکەسێ لە بەندەکانی (یا بۆ هەر شوێنێ) کە بیەوێ ئەو (بارانە ژیان هێنەرەی) پێ دەگەیێنێ، جا شاد ئەبن ﴿٤٨﴾ ئەگەرچی بەر لەوەی بارانیان بەسەردا بباری، بێهیوا بوون ﴿٤٩﴾ جا بنوارە شوێنەوارانی ڕەحمەتی خوا کە چلۆن زەوی دوای مردن و شیاوی لە دەسدانی ڕووەک زیندوو دەکاتەوە، ئەو خوایە زیندووکەرەوەی مردووانیشە و هەر ئەویشە دەسەڵاتدار بەسەر هەموو شتێکدا ﴿٥٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

خۆ ئەگەر بایەک بنێرین (داغ و سووتێنەر) و لە سوێنگەی ئەو بایە باغ و کشتوکاڵیان سیس و زەرد هەڵگەڕێ بە شوێنیدا گازندە و ناشکوری دەکەن ﴿۵۱﴾ تۆ ناتوانی بە مردوو بژنەوێنی و دەنگی خۆت بە کەڕ ببیسێنی، کاتێ کە روودەسووڕێتن و پشت دەکەنەوە ﴿۵۲﴾ تۆ ڕێنیشاندەری نابینایانی تا لە گومرایی بیانگێڕیەوە، تۆ ناتوانی بژنەوێنی مەگەر بە کەسانێ کە بە نیشانەکانی ئێمە بڕوا بێنن، جا لە ڕاست هەقدا خۆ بە دەسەوەدەر بن ﴿۵۳﴾ خوا کە ئێوەی دروس کرد لە سەرەتادا بێهێز بوون، جا پاش بێهێزی بەگوڕ و بەهێزی خستن، لە پاشانا هێز و گوڕی لێ‌ساندن و پیری کردن، ئەو هەرچی بیەوێ خەڵقی دەکا و دەیئافرێنێ و هەر ئەویشە زانا و بەهێز ﴿۵۴﴾ ڕۆژێ کە قیامەت و ڕۆژی بەرێ بەرێ دادێ تاوانباران سوێند دەخۆن (لە دنیا و بەرزەخدا) زیاد لە (کاوینگ) سەعاتێکیان پێ‌نەچووە، ئابەم‌جۆرە لە پێشدا درۆیان دەکرد ﴿۵۵﴾ کەسانێ کە زانست و بڕوایان پێ‌دراوە، وتیان: ئێوە بەوجۆرەی کە لە کتێبی خوادا نووسراوە تا ڕۆژی قیامەت لە بەرزەخدا مانەوە، جا ئەمە ڕۆژی بەرێیە، بەڵام ئێوە نەتاندەزانی ﴿۵۶﴾ جا لەو ڕۆژەدا بیانوو هێنانەوەی ستەمکاران سوودیان پێ‌ناگەیێنێ و ڕەزای خوایان بۆ ناخوازرێ (تۆبەشیان لێ‌قەبووڵ ناکرێ) ﴿۵۷﴾ ئێمە لەم قورئانەدا هەموو جۆرە نەزیلە و مەسەلێکمان بۆ بەرەی مرۆڤ هێناوە، ئەگەر نیشانەیەکیان بۆ بێنی، خوانەناسەکان دەڵێن، ئێوە لە قسەی پووچ بەولاوە چی‌ترتان نییە (و جادووە) ﴿۵۸﴾ ئابەم‌جۆرە خوا مۆر لە دڵ و دەروونی کەسانێ ئەدا کە بێ‌ئاگان و نایانەوێ بزانن ﴿۵۹﴾ خۆ ڕاگرە و تابشت بێنە، بەڵێنی خوا هەقە و دێتە جێ، نەکا کەسانێ کە بە پلەی بڕوای یەقینی نەگەیشتوون و بەگومان و دوودڵ و دردۆنگن، تۆ قەڵس بکەن و بە سووکت بزانن (و لە جێی خۆت بتبزوێنن) ﴿۶۰﴾

# سوورەی لوقمان ٣٤ ئایەتە

**سوورەی لوقمان لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣۴ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئەلف، لام، میم ﴿١﴾ ئەمە نیشانەکانی کتێبی لەکارزانن (پڕ ناوەروک و پتەوە) ﴿٢﴾ هۆی ڕێنوێنی و ڕەحمەتە بۆ کارچاکان ﴿٣﴾ ئەوانەی کە نوێژ بەجێ‌دێنن و زەکات ئەدەن و بە ڕۆژی پەسلانیش بڕوا و یەقینیان هەیە ﴿۴﴾ ئەمانە لەسەر ڕێگای ڕێنوێنی پەروەرێنەریانن، هەر ئەمانەشن کە ڕزگارن ﴿۵﴾ لە نێو مرۆدا هی وا هەیە کڕیاری قسەی عەیش و نۆش و سەرگەرمکەرە، بە بێ‌زانست دەیەوێ خەڵک لە ڕێگای خوا لاڕێ و کلا بکا و (قورئان) بە قسەی بێ‌تام دادەنێ و دەیکاتە گاڵتە و گەپجاڕی خۆی، ئەوانەی ئەو کارە دەکەن ئازارێکی تەڵزی لە سووکایەتی بۆ ئەوانە (لە تەفسیری قورتوبیدا نووسراوە گۆرانی وتنێک کە بە بەژن و باڵای ژناندا بوترێ یا بە شتی حەرامدا، حەرامە، بەڵام کەمێ گۆرانی وتن لە جەژن و ژنهێناندا جایزە، چون (ابخشه) لە (حجةالوداع)دا شیعری غەنایی خوێندۆتەوە و ئیمامی شافیعیش شایەدیدانی گۆرانی‌بێژی قەبووڵ نییە؛ ئیمامی ئەعزەمیش بە حەرامی داناوە؛ ئیمام ئەحمەد لای وایە گۆرانی وتن دووڕوویی لە دڵی مرۆڤدا دەروێنێ، ئیمام مالیکیش فەرموویەتی فاسق گۆرانی دەڵێ، بەڵام دەبێ بزانین کام گۆرانی و کام غەنا حەرامە، دیارە دەنگی خۆش حەڵاڵە) ﴿۶﴾ هەرکاتێ نیشانەکانی ئێمەی بەسەردا بخوێندرێتەوە بە فیزەوە بە خۆ قەف کردن پشتی ئەکاتە ئەولاوە و ڕوودەسووڕێنێ، هەروەکوو لە گوێن کەسێ هەردوو گوێی گران بوبێ، هەروەک ئەمە نەیبیستووە، دەڵێی کەڕە! جا بە ئازارێکی ژاناوی مزگێنی، بەو کەسە بدە ﴿٧﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، بۆ ئەوانە باغاتی پڕ خێروبێر هەیە ﴿٨﴾ بەردەوام لەوێ دەمێننەوە، ئەمە بەڵێنێکی هەقە لە لایەن خواوە، هەر ئەویشە بەدەسەڵات و لەکارزان ﴿٩﴾ (خوا) ئاسمانەکانی بێ هیچ کۆڵەکەیەک کە بیبینن خەڵقی کردوون و لەسەر زەوی کێوگەلێکی داڕشتووە تا ئێوە نەلەرێنێ، لەهەر جۆرە جووڵندە و خزۆک و جفۆکێکی لەودا بڵاو کردەوە، لە ئاسمانەوە بارانێکمان باراند، جا بە هۆی ئەوە لە زەویدا هەموو جۆرە جووت و هاولفێکمان لە ڕوەک و گژوگیای بەنرخ ڕواند ﴿١٠﴾ ئەمە ئافراندنی خوایە، جا بە من نیشان بدەن ئەوانەی کە غەیری خوا چییان کردووە؟ بەڵکوو ناحەقیکاران لە گومراییەکی ئاشکرادان ﴿١١﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



لوقمانیشمان لە کارزانی ڕاهێنا (و پێمان وت) شوکری خوا بکە و هەرکەس شوکری خوا بکا، شوکرەکەی هەر بۆ خۆی دەکا هەرکەسیش پێنەزان بێ (با بزانێ) خوا بێنیاز و پەسەندە ﴿١٢﴾ بێنەوە بیر کاتێ کە لوقمان بە کوڕی خۆی وت: ـ لە حاڵێکدا کە پەندی ئەدا ـ (وتی:) کوڕم! هاوبەش بۆ خوا دامەنێ، چونکە شەریک بۆ خوا دانان غەدرێکی گەورەیە ﴿١٣﴾ ئامۆژگاری مرۆمان کرد، لەبابەت دایک و باوکەوە، بە تایبەت دایکی کە بەو دووگیان بووە چەندی کوێرەوەری دیوە و تەق و چەف چێشتووە و دوو ساڵی ڕەبەق شیری پێداوە و ئەوسا ئەوی لە مەمکی بڕیوەتەوە، پێویستە شوکری من (خوا) و دایک و باوکت بکەی، گەڕانەوەی هەمووتان بۆ لای منە ﴿١۴﴾ ئەگەر باب و دایک تۆیان دنە دا تا هاوبەش بۆ من دابنێی کە تۆ عیلمت پێ نییە پەیڕەوییان لێ مەکە (و بە قسەیان مەکە)، لە ژیانی دنیادا بە شیاوی و مرۆیانە و پیاوانە لەگەڵیان بجووڵێوە و ڕێگای کەسانێ بگرە بەر کە ڕوویان لە منە، لە پاشەڕۆژدا گەڕانەوەی هەمووتان بۆ لای منە، جا لە کارگەلێ کە کردووتانە ئاگادارتان دەکەم ﴿١۵﴾ ئەی کوریژگە و کوڕە چکۆلەکەم! ئەگەر بە قاس و بە ئەندازەی دەنکە ئالەتێک (کردەوەی چاک یا خراپ لەسەر زەوی لە نێو دڵی بەردا یا لە تەشقی ئاسمانەکان هەبێ، خوا (لە ڕۆژی بەرێدا) دەیهێنێتە ژمار، خوا وردبین و ئاگادارە ﴿١۶﴾ ئەی کوڕە بچکۆلەی من! نوێژ بەجێبێنە و فەرمان بە چاکە بدە و بەر لە خراپە بگرە و هەر بەڵایەکت بەسەر هات خۆڕاگر بە، ئەمە کارگەلی گرینگ و بنەڕەتییە کە لێنەوینی گەرەکە ﴿١٧﴾ بە فیزەوە ڕوو لە خەڵک وەرمەگێڕە، بە لووتبەرزی و بە خۆ قەف کردن و خۆبادان و بە لارولەنجە بە ڕێدا مەڕۆ، خوا ئەوانەی خۆشناوێ لە ڕێگا خۆیان بادەدەن، شایی بەخۆن و بە حاڵی خۆکەیف سازن ﴿١٨﴾ شێنەیی و لەسەرەخۆ بەرێدا بڕۆ و بەدەنگی نزم بپەیوە قسەبکە، چونکا ناخۆشترین دەنگ دەنگی گوێدرێژ و کەرە ﴿١٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئایا نەتاندیوە کە خوا ئەوەی لە ئاسمانەکان و ئەوەی لە زەویدایە بۆ ئێوەی کەوی و دەسەمۆ کردووە و بەهرە و نیعمەتەکانی خۆی چ بە ئاشکرا و بە نهێنی (زاهیری و باتنی) بۆ ئێوەی بەسەرتانیدا ڕژاندووە و پێی داون، بەڵام هەندێ کەس بێ‌هیچ زانینێ یا ڕێنوێنییەک یا کتێبێک بۆیان ڕوون بکاتەوە لەبابەت خواوە دەکەونە شەڕەقسە ﴿٢٠﴾ کاتێ کە پێیان بوترێ کە لەوەی کە خوا نازڵی کردووە پەیڕەوی بکەن، دەڵێن: نا، ئێمە لە ئایینێ کە باووباپیرانمان لەسەری بوون پەیڕەوی دەکەین، ئەگەرچی شەیتان ئەوانی بۆ عەزابی ئاگراوی بانگ کردبێ ﴿٢١﴾ هەرکەس کە پاکانە ڕووی لە خوا کردبێ و کارچاک بێ، جا ئاڵقە و دەسگیرەیەکی پتەوی بە دەستەوە گرتووە، سەرەنجامی هەموو کارێک بۆ لای خوایە ﴿٢٢﴾ ئەو کەسانەی حاشا دەکەن، حاشایان تۆ غەمگین نەکا، گەڕانەوەی هەموویان بۆ لای ئێمەیە، جا لە (ئاکامی) کردەوەیان ئاگاداریان دەکەین، خوا بەوەی لە نێو دڵ و دەروونەدایە ئاگایە ﴿٢٣﴾ وا دەکەین کەمێ لە دنیا ڕایبوێرن، پاشان بە ناچاری بەرەو ئازاری سەخت ڕایاندەکێشین ﴿٢٤﴾ ئەگەر لەوانە بپرسی: چ کەسێ ئاسمانەکان و زەوی بەدی‌هێناوە؟ دەڵێن: خوا، بڵێ: سپاس بۆ خوا (کە دیانی پێدا دەنێن)، بەڵام زۆربەیان نازانن ﴿٢٥﴾ تایبەتی خوایە ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، خوا بێ‌نیاز و شیاوی تاریفە ﴿٢٦﴾ ئەگەر هەموو دار و چێوی ڕووی زەوی ببنە قەڵەم (نووسینگ) و زەریاش بۆی ببێتە مورەکەف و حەوت زەریای دیکەیش بێ بە کۆمەگیەوە، قسەی خوا (یان پێ‌نانووسرێ و) دوایی نایێ، بەڕاستی خوا فرە بەدەسەڵات و لەکارزانە ﴿٢٧﴾ بەدی‌هێنانی هەمووتان (لە سەرەتاوە) و زیندوو کردنەوەتان لە ڕۆژی بەرێدا بۆ خوا هەروەکوو بەدی‌هێنانی تاکێک وایە، خوا ژنەوای بینایە ﴿٢٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بۆ نەتدیوە کە خـوا لە شـەو کەم دەکـاتەوە و دەیخـاتە سـەر ڕۆژ و لە ڕۆژیـش کەم دەکـاتەوە و دەیخاتە سەر شەو، تەبەق و گۆی ڕۆژ و مانگی (بـۆ ئیـوە) کەوی و ڕام کـرد کە هەر یەکە (لەو دووانە) تا سـەردەمێکی دیـاریکراو لە تەفـگەڕدان و دەگەڕێـن؟ خـوا بەوەی دەیـکەن ئاگـایە ﴿۲۹﴾ ئەمە لەبەر ئەوەیە کە خوا هەقە و ئەوەی بێجگە لەو هاواری بۆ دەبەن پووچە، خوا هەر ئەو بەرز و گەورەیە ﴿۳۰﴾ ئایا نەتدیوە کە گەمییەکـان بە نـیعمەت (فەرمـان)ی خـوا لە نێـو زەریادا دەڕۆن تا خوا هەندێ لە نیشانەکانی وزەی خۆی بە ئێوە نیشان بدا؟ لەمەدا بـۆ تابشـت هێنەر و شوکرانەبژێر پەند و نیشانەگەلێ هەیە ﴿۳۱﴾ هەرکاتێ هەروەختێکیش شەپۆلێ زلـی وەک هەوری پڕ، خۆیان بەسەر هەڵدەکێشن بە دڵپاکی بە بڕوای بێ غەش هاوار لە خـوا ئەکەن، جا کاتێ خوا ڕزگاریـان بکـا و بیـانگەیێنێتە وشـکانی و بەژ، جـا هەنـدێ لەوانە ڕێگـای مـام ناوەنـدی؛ بەینـی زۆر و کەم و مـام نـاونجی دەگـرنە بەر (و لەسـەر بـڕوای خۆیـان بەردەوام دەمێننەوە، هەندێکیش ڕێگای کوفر دەگرنە بەر) هیچ کەس لە نیشانەکانی ئێمە حاشای نییە مەگەر گەلـی فریوبـازانی پـێنەزان ﴿۳۲﴾ ئەی خەڵکینـە! خـۆ لە نافەرمـانی پەروەرێنەرتـان بپارێزن و لە ڕۆژێ بترسن کە ئۆباڵی باوک و منداڵ لەسەر یەکتر نییە یانی باوک لە باتی کـوڕی سزا نادرێ و منداڵیش لە باتی بـاوک سزا نـادرێ، بەڵێنـی خـوا هەقە، جـا نەکـا ژیـانی دنیـا فریوتان بدا، هەروەها شەیتانی گزیکار بە کەرەم و بەخشەری خـوا فریوتـان نەدا و دەسـخەرە و دەسخورۆتان نەکـا ﴿۳۳﴾ زانینـی سـەردەمی داهـاتنی قیـامەت لای خـوایە و هەر ئەو بـاران دەبارێنێ و دەیشزانێ ئەوەی لە منداڵدانی دایکاندایە و هیچ کەس نـازانێ کە بـۆ سـبەی چ بە دەس دێنێ و کەس نازانێ لە کام تیکە زەوی دەمرێ، خوا پرزانـا بە نـاخی هەمـووان و ئاگـایە ﴿۳۴﴾

## سوورەی کرنۆش : سوژدە ۳۰ ئایەتە



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



## سوورەی سوژدە لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣٠ ئایەتە.

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەلف، لام، میم ﴿١﴾ ئەم کتێبە (قورئان) لە ڕاهێنەری جیهانیانەوە هاتۆتە خوارێ و بێ‌گومانە ﴿٢﴾ یا دەڵێن: خۆی (محەمەد) بە دەم خواوە (بە درۆ) هەڵیبەستووە (بەڵام ئەبێ بزانن) ئەوە (قورئان) ڕاست و بەر هەقە و لە لایەن پەروەرێنەرتەوەیە تا خەڵکێ کە بەر لە تۆ ترسێنەرێکیان بۆ نەهاتووە بیانترسێنی، بەڵکوو ئامۆژگاری و پەند بگرن و ڕێنوێن بن ﴿٣﴾ خوا زاتێکە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەو دووانەدایە لە شەش ڕۆژ (دەوران)دا بەدی‌هێناوە، لە پاشان لەسەر (تەخت) عەرشی دەسەڵاتداری ڕاوەستا، بێجگە لەو پشتیوان و تکاکارێکتان بۆ نییە، ئایا بیر ناکەنەوە و پەند ناگرن؟ ﴿٤﴾ لە ئاسمانەوە تا زەوی سامان بەکار ئەدا، لە پاشان لە ڕۆژێک (ڕۆژی قیامەت)دا کە ئەندازەکەی بەو جۆرەی ئێوە ژماردووتانە هەزار ساڵە بۆ لای ئەو دەڕواتە سەرێ هەڵدەگەڕێ و دنیا دوایی دێ) ﴿٥﴾ هەر ئەوە کە زانا بە نادیار و بە دیار و ئاشکرایە، بەدەسەڵات و دڵاوایە ﴿٦﴾ خوا زاتێکە هەموو شتی بەوپەڕی خوشیکی و ڕیکوپێکی دروس کرد و مرۆیشی لە سەرەتادا لە هەر ڕەگەز و بنچینەیێ کە شتی لێ پێکبێ لە ماکی قوڕ بەدی‌هێنا ﴿٧﴾ لە پاشان نەتەوە و بەرەی ئەمی لە پاڵاوتەی چۆرە ئاوێکی کەم بایەخ بەدی‌هێنا ﴿٨﴾ لە پاشان بەژن و باڵای ڕاست و ڕێکوپێک کرد و لە ڕۆحی خۆی فووی تێ‌کرد و بۆ ئێوە گوێ و چاو و دڵی دانا، بەڵام زۆر کەم شوکرانەی خوا دەکەن ﴿٩﴾ ئەوانە وتیان: ئایا کاتێ کە مردین و لە ناخی زەویدا گوم بووین، ئایا بەدی‌هێنانێکی تازەمان دەبێ و دەژیینەوە؟! بەڵێ ئەوانە دیداری پەروەرێنەری خۆیان حاشا و ئینکار دەکەن ﴿١٠﴾ بڵێ: پێمێرد و مەلکەمووتی گیانکێشان (ئیزرائیل) کە بۆ ئێوە ڕاسپێردراوە (گیان)تان دەکێشێ، لە پاشان بۆ لای پەروەرێنەرتان دەگەڕێندرێنەوە ﴿١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

هەروەختــی تاوانبــاران لە پێشــگای پەروەرێنەریــان بە سەرشــۆڕی ببینــی (دەڵــێن:) ئەی پەروەرێنەری ئێمە، ئەوەی بەڵێنت دابوو، دیمان و بیستمان، جا بمانگێڕەوە (دنیا) تا کردەوەی چــاک ئەنجــام بــدەین، ئــێمە (بە ڕۆژی بەرێ) بــڕوادارین! ﴿١٢﴾ ئەگەر بمانویســتبا (بەزۆر) ڕێنوێنی پێویستمان بە هەر مرۆڤێک ئەدا، بەڵام بەڵێنی من (بەرهەقــە) کە لە جنیــان و مــرۆ (ی بێبڕوا و تاوانبار) دۆژەهـ پـڕ و تەژی دەکەم، هەر جـمەی بـێ ﴿١٣﴾ جا بچێـژن (عـەزابـی دۆژەهـ) لەبەر ئەوەی دیداری ئەمڕۆژەتان لە بیـر خـۆ بردبـووە، ئـێمەیش ئێوەمـان لە بیـر خـۆ بــردەوە و عـەزابــی بەردەوام بچێــژن (بە ســزای) ئەوەی ئەنجامتــان ئەدا ﴿١٤﴾ کەســانێ بە نیشانەکانی ئێمە بڕوا دێنن کە هەردەمــێ ئەم نیشــانانەیان بخــرێتەوە بیــر دەکەونە کڕنــۆش و سوژدە بردن و بە سپاسەوە پەسنی پاکی پەروەرێنەریــان دەکەن و خۆیــان بە زل دانــانێن ﴿١٥﴾ بڕگ خاڵیگە و کەلەکەیان لە پێخەفەکانیان بێزار و جــارز دەبــێ و بەری ئەدەن (و دەرەپەڕن و ڕوو دەکەنە درگای خوا و شەونوێژ دەکەن (بە تــرس و ئومێـد هــاوار لە پەروەرێنەریــان دەکەن، لەوەی کە کردوومانەتە ڕسق و ڕۆزییان ئەبەخشن ﴿١٦﴾ کەس نازانێ لە بارتەقای ئەو کارانەی کردوویانە چ پاداشێکی چاوڕوونکەرەوەیــان بــۆ تــاقەت کــراوە ﴿١٧﴾ چلـۆن کەســێ کە بــڕوای بووبێ هەروەکوو کەسێکە کە خراپ و فاسق بــووبێ؟ نــا ئەم دووانە بەرانــبەر نــین ﴿١٨﴾ بەڵام کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە بە پاداشی کارێ کە کردوویانە شوێنێکیان: ناوەڕاست و دوڕ لە بــاغی بەهەشــت بــۆ هەیە ﴿١٩﴾ بەڵام کەســانێ کە فاسـق و خــراپ بــوون، جێیان بڵیسەی ئاگرە هەر دەمێ بیانەوێ لەوە بچــنەدەرێ، جــارێکی دیــکە دەیــانگێڕنەوە نێــو ئاگر و پێیان دەڵێن: عـەزابی ئەو ئاگرە بچێژن کە بە درۆتان دەزانی ﴿٢٠﴾

بێ‌گومان ئێمە بێجگە لە ئازارە هەرەگەورەکە، ئازاری ئەم دنیاشیان پێ‌دەچێژین، بەڵکوو بگەڕێنەوە ﴿٢١﴾ کێ ستەمکارترە لەو کەسەیە کە نیشانەکانی پەروەرێنەری خۆی وەبیر بێنێتەوە، لە پاشان بە فیزەوە پشت بکاتەوە و مل بسووڕێنی و وازیان لێ بهێنێ؟ ئێمە تۆڵە لە تاوانباران دەستێنینەوە ﴿٢٢﴾ ئێمە کتێبی ئاسمانیمان بە مووسا دا، جا شکت نەبێ کە مووسا ئەوی (تەوراتی) پێ گەیشت، ئێمە ئەوەمان کردە هۆی ڕێنوێنی بەرەی ئیسرائیل ﴿٢٣﴾ لە نێو ئەواندا پێشەوایانێکمان دانا کە بە فەرمانی ئێمە (خەڵکیان) ڕێنوێنی دەکرد، چون خۆیان ڕاگرت و تابشتیان هێنا و یەقینیان بە نیشانەکانی ئێمە هەبوو ﴿٢٤﴾ پەروەرێنەرت لە ڕۆژی پەسلاندا لەوەی کە جیاوازییان تێدا ئەکرد، داوەرییان لە نێودا دەکا (هەرکەس بە سزا و جەزای خۆی دەگا) ﴿٢٥﴾ ئایا ئەو هەموو خەڵکە بەر لەمە لە ماڵی خۆیاندا دەهاتن و دەچوون و لە نێومان بردن، نەبووە هۆی ڕێنوێنییان؟ لەمەدا نیشانە و پەندگەلێ هەیە، جا ئایا نابیسن؟ ﴿٢٦﴾ ئایا نابینن کە بۆ زەوی قاقڕ و کراڵ کە گیای لێ سەوز و شین نابێ؛ ویشک و بێ‌گیا؛ ئاو دەنێرین، جا بە هۆی ئەو ئاوە هەرچی لە زەوی دەڕوێ و شین دەبێ و ڕوەکی وای لە کشتوکاڵ و گژوگیا پێ‌شین دەکەین و پێی دەڕوێنین کە هەم ئاژەڵ (بزن و مەڕ و گا و وشتر) لێی بلەوەڕێن و هەم خۆیشیان لێی بخۆن، جا ئایا نابینن ﴿٢٧﴾ ئەوانە وتیان: ئەگەر ڕاستبێژن ئەم سەرکەوتەی ئێوە کەی دەبێ ﴿٢٨﴾ بڵێ: لە ڕۆژی سەرکەوتندا بڕوا هێنانی خوانەناسان بۆیان سوود نادا و موڵەتیشیان پێ‌نادرێ ﴿٢٩﴾ جا خۆیان لێ‌لادە و چاوەنواڕی سەرکەوتن و یارمەتی خوا بە، ئەوانیش چاوەنواڕن ﴿٣٠﴾

## سوورەی ئەحزاب ٧٣ ئایەتە

دکتورسالح ئیبراهیمی



**سوورەی ئەحزاب لە مەدینە هاتۆتەخواری و بە (بسم‌الله)وە ٧٣ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئەی پێغەمبەر لە خوا بترسە و مەچۆ سەر قسەی خوانەناسان و دووڕووەکان، خوا پڕ زانا و و لەکارزانە ﴿١﴾ لە هەرچی کە لە پەروەرێنەرتەوە بۆت دێ پەیڕەوی بکە، خوا بە ئەوەی دەیکەن بە ناخی ئاگادارە ﴿٢﴾ هەرئەو فەرمانە پێکبێنە کە لە پەروەرێنەرتەوە بۆت دێتە خوار، خوا لە هەرکارێ دەیکەن بە ناخی ئاگادارە ﴿٣﴾ خوا لە نێو دەروونی هیچ مرۆڤێکدا جووتێ دڵی دانەناوە، ژنانیشتان کە بانگ دەکەن: (ئەتۆ وەکوو دایکی خۆمی) خوا نەیکردوونەتە دایکی ئێوە و ئەو زرکوڕەکانیشتانی نەکردۆتە کوڕی ئێوە و ئەمە هەر قسەی خۆتانە و هەر لە زاری خۆتانەوە داکەوتووە. خودا ئەوی ڕاستە دەیلێ و هەر ئەویشە ڕێگای ڕاست نیشان ئەدا ﴿٤﴾ ئەوانە بە نێوی باوکەکانیان نێو بەرن کە ئەمە لای خوا دادگەرانەترە، جا ئەگەر باوکیان ناناسن، ئەوانە برای دینی و دۆستی ئێوەن، جا تاوانێکتان لەسەر نییە (بەر لە نزوولی ئەم ئایەتە) ئەگەر هەڵەیەکتان کردبێ تاوانبار نین، بەڵام ئەگەر بە دڵ و بە ئەنقەس بێ (بەرپرس ئەبن)، خوا لێبور و فرە دڵلاوێنە ﴿٥﴾ پێغەمبەر لە خودی بڕواداران بۆ ئەوان لە پێشترە و ژنانی ئەو (پێغەمبەر) دایکن بۆ ئەوان (بڕواداران)، وەک لە کتێبی خوادایە خزمی پشتی (نەسەبی) لە بڕواداران و موهاجیران بۆ یەکتر شیاوترن (لەبابەت میراتگرتنەوە)، مەگەر بتانەوێ بە دۆستانتان چاکە بکەن (و بەشە میراتێکیان بۆ دابنێن)، ئەم حوکمە لە کتێبی خوادا نووسراوە ﴿٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



(بێنەوە بیر) ئەودەمەی کە لە پێغەمبەران پەیمانمان وەرگرت و هەروەها لە تۆ و لە نووح و ئیبراهیم و مووسا و عیسای کوڕی مریەم و لە هەموو ئەوانە پەیمانی پتەومان وەرگرت ﴿٧﴾ تا خوا لە ڕاستی ڕاستبێژان سەبارەت بە ڕاستییەکەیان بپرسێ و بۆ خوانەناسەکانیش ئازارێکی دەرداویمان ئامادە کردووە ﴿٨﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، بێننەوە بیر نیعمەتێ کە خوا بە ئێوەی داوە، لەودەمەی وا لەشکرێکی زۆر هێرشی کردە سەرتان، جا ئێمە با و تۆف و باهۆز و لەشکرێ زۆر کە نەتاندەدی ناردمانە سەریان، خوا بەوەی دەیکەن بینایە ﴿٩﴾ ئەو دەمەی کە لە سەرەوە و لە خوارەوەی شاری هێرشیان بۆ هێنان (و مەدینەیان ئابلۆقە دا)، چاوتان ڕێشکە و پێشکەی دەکرد و تەم و ڕەشایی لە ترسا هاتە بەرچاوتان و بە مۆڵەق وەستا و دڵ و گیانتان وەتەپەتەپ کەوت) و لە ترسا هاتبووە قورقوڕاگەتان (نووکی لووت) گومانی جۆربەجۆرتان بە خوا دەبرد ﴿١٠﴾ لەوێدا بڕواداران ئەزموون کران و تەکانی توندیان پێدرا و دڵیان توند وەخورپە و لەرزە کەوت ﴿١١﴾ بێنەوە بیر کاتێ کە دووڕووەکان و ئەوانەی کە دڵیان ساغ نەبوو، دەیانوت: خوا و پێغەمبەرەکەی بێجگە لە فریو بەڵێنێکیان بە ئێمە نەداوە ﴿١٢﴾ دەستەیێ لەوانە وتیان: ئەی خەڵکی مەدینە ئێرە جێی مانەوەتان نییە، بگەڕێنەوە و تاقمێتر لەوانە لە پێغەمبەر ئیجازەی گەڕانەوەیان ویست، ئەیانوت: خانووەکانمان بێپارێزەر و ڕووت و کەلێناوییە، کەوایش نەبوو، هەرنیازیان ڕاکردن بوو ﴿١٣﴾ ئەوانە جۆرێ بوون ئەگەر دەوری ماڵەکانیان لێ گیرابا و بیانگوتایێ: لە دین پەشیمان ببنەوە؛ هێندە زۆری نەدەخایاند لە دین پاشگەز دەبوونەوە ﴿١٤﴾ ئەمانە بەر لەمە لەگەڵ خوا پەیمانیان بەستبوو کە (لە جەنگدا) پشت نەکەنە دوژمن، دیارە پەیمان بە خوا دان لێ پرسینەوەی هەیە ﴿١٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



بڵێ: ئەگەر لە مردن یا کوشتن ڕابکەن سوودی بۆتان نییە و ئەوساکەیش خۆشی ژیان بە ئێوە نادرێ مەگەر ماوەیەکی کەم ﴿۱۶﴾ بڵێ: چ‌کەسێ ئەتوانێ لە ڕاست ئیرادەی خوا ئێوە بپارێزێ، ئەگەر خوا خراپە یا ڕەحمەتێ بۆ ئێوە بخوازێ، بێجگە لە خوا هیچ پشتیوان و یاوەرێکتان بۆ نییە ﴿۱۷﴾ خوا بە چاکی دەناسێ چ کەسانێ لەنگۆ خەڵکیان (لە جەنگ) دەگەڕاندەوە و دەبوونە لەمپەر و بەرگر و کۆسپ و کێ و کێش بوون کە بە براکانی خۆیان دەوت: وەرنە لای ئێمە (و خۆیان لە جەنگ دەکێشا دواوە)، ئەوانە نایەن بۆ جەنگ مەگەر کەمێکیان ﴿۱۸﴾ ئەوانە لەحاند ئێوە چاوچنۆکن، هەروەختێ ترسێ دێتە پێشێ، دەیانبینی هەر زەق لە تۆ دەڕوانن و چاویان سپی هەڵدەگەڕێ، وەک یەکێ لە ترسی مردن بێ‌هۆش بووبێ، جا کاتێ ترس لاچێت، زمانی توند و درێژی خۆیان بە تورەیی‌یەوە لە ئێوە دەردەکێشن و دەس بە زمانشڕی دەکەن و چاونەزێری و تەماحکاری تالان دەکەن (و داوای بەشە تالانتان لێ دەکەن)، لە حاڵێکدا لەسەر غەنیمەت بەخیل و چاوچنۆکن، ئەوانە بڕوایان نەهێنابوو، هەموکاریان لای خوا بەفیڕۆ چووە ئەمەیش لەسەر خوا ئاسانە ﴿۱۹﴾ ئەمانە وا دەزانن کە سپای ئەحزاب نەڕۆیشتووە و ئەگەر ئەو سپایانە بگەڕێنەوە، ئەمان پێیان خۆش‌بوو کە لە نێو عەرەبی چۆڵنشین و دەشتەکی بووایەن (تا ئازاریان پێ‌نەگەیشتبا) و هەواڵی ئێوە لە دوورەوە بپرسن، ئەگەر لە نێو ئێوەشدا بن مەگەر کەم، دەنا ناجەنگن ﴿۲۰﴾ بێ‌شک بۆ ئێوە لە پێغەمبەری خوادا سەرمەشقی چاک هەیە، بۆ ئەوانە کە هیوایان بە ڕەحمەتی خوا و ڕۆژی بەرێ هەیە، یادی خوا زۆر دەکەن ﴿۲۱﴾ کاتێ بڕواداران، ئەحزاب: (لەشکری کافران بە ناوی ئەحزاب کە هاتبوونە سەریان لە مەدینە)یان دی، وتیان: ئەمە هەر ئەوەیە کە خوا و پێغەمبەرەکەی ئەو بەڵێنیان پێدابووین و هەر بەڵێنێ کە خوا و پێغەمبەری بیدەن ڕاست دەردەچێ و ئیتر بڕوا و هەستی خۆ بەدەسەوە دانیان زیاد و زیاتر کرد ﴿۲۲﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

لە بڕواداران پیاوانێک هەن ڕاستیان کرد، ئەو پەیمانی بە خوایان دا، پێکیان هێنا، جا لەوانە هەیانە گیانی بەخشیوە و هەندێکیشیان چاوەڕوانن و تۆزقاڵێکیش سۆز و بەڵێنی خۆیان نەگۆڕیوە ﴿٢٣﴾ بۆ ئەوەی کە خوا ڕاستبێژان لەبەر ڕاستبوونیان پاداش بداتەوە و ئەو کەسانەیش کە دووڕوو بوون گەر حەز بکا ئازاریان بدا یا تۆبەیان لێقەبووڵ بکا، خوا لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿٢٤﴾ خوا دین دوژمنەکانی ویڕای ئەو ڕقەی کە بوویان کشاندەوە و هیچ خێریشیان دەس نەکەوت و خوا لە جەنگدا بۆ بڕواداران بەسە، خوا پڕ هێز و فرە بەدەسەڵاتە ﴿٢٥﴾ خوا لە ئەهلی کتێب ئەو تاقمە (جوولەکەی بەنی قورەیزە) کە چووبوونە یارمەتی ئەوان (کافرانی مەککە) لە قەڵاکانیان هێنایە خوارێ و ترس و لەرزی خستە نێو دڵ و هەناویان، دەستەیەکیان لێ کوشتن و تاقمێکیشتان لێ بە دیل گرتن ﴿٢٦﴾ زەوی و خانوو و ماڵ و سامانی ئەوان و ئەو زەوییەیش کە پێتان تێ نەنابوو؛ خوا گشتی بە ئێوەی گەیاند، خوا بەسەر هەر کارێکدا بەدەسەڵاتە ﴿٢٧﴾ ئەی پێغەمبەر بە ژنانت بڵێ: ئەگەر ئێوە ژیان و خشڵ و زێڕ و زێوەر و زەمبەری دنیا و جوانی ئەوتان دەوێ، وەرن مارەییتان بدەمێ و بە باشترین شێوە بێ گازندە دەستتان لێبەردەم و تەڵاقتان بدەم ﴿٢٨﴾ ئەگەر ئێوە خوا و پێغەمبەری خوا و ڕۆژی بەرێتان دەوێ، خوا بە کارچاکانتان پاداشی گەورە ئەدا (٢٩) ئەی ژنانی پێغەمبەر هەرکەس لە ئێوە بە ئاشکرا کاری ناحەز و ناشیاوی لێڕووبدا، دوو بەرابەر جەزرەبە و ئازار ئەدرێ، ئەمە بۆ خوا ئاسانە﴿٣٠﴾

هەرکەس لە ئێوە لەسەر بەڕێوە بردنی فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا بەردەوام بێ و کاری چاک بکا، دوو جار پاداش بەو ئەدەین و ڕسق و ڕۆزییەکی باشمان بۆ ئامادە کردووە ﴿٣١﴾ ئەی ژنانی پێغەمبەر ئێوە وەکوو هیچ یەک لە ژنانی دیکە نین، خۆ بپارێزن جا بە خاوی و بە نەرمی (و ناز) قسە مەکەن تا ئەو مرۆڤەی کە لە دڵدا نەخۆشە، قرم خۆش نەکا و ئارەزوو نەکا و تەما نەیگرێ، قسەی چاک و شیاو بڵێن، بپەیڤن ﴿٣٢﴾ لە ماڵی خۆتاندا دەرمەکەون و بمێننەوە و هەروەکوو دەورانی نەزانی پێشوو، خەمڵ و زەنبەری خۆتان نیشان مەدەن و خۆتان مەرازێننەوە (لە نێو خەڵکدا) جوانی خۆتان دەرمەخەن و نوێژ بەجێبێنن و زەکات بدەن و ئیتاعەتی خوا و پێغەمبەری خوا بکەن، ئێوە کە خەڵکی ئەم ماڵەن خوا دەیەوێ هەر جۆرە پیسی و تاوانێک لە ئێوە دوور بخاتەوە و بەوجۆرەی شیاوە، پاکی پاکتان بکاتەوە و بە پاکی ڕاتانبگرێ ﴿٣٣﴾ هەرچی لە نیشانەکانی خوا و لە کارزانی لە نێو ماڵتاندا بۆ ئێوە دەخوێندرێتەوە، فێری بن و بیڵێنەوە، خوا هەموو شتی لێ دیارە و بە ناخی شت ئاگادارە ﴿٣٤﴾ بۆ پیاوانی موسڵمان و ژنانی موسڵمان و پیاوانی بڕوادار و ژنانی بڕوادار و پیاوانی فەرمانبەر و ژنانی فەرمانبەر و پیاوانی ڕاستبێژ و ژنانی ڕاستبێژ و مێرانی خۆڕاگر و پیرەک و ژنانی خۆڕاگر و مێرانی بێفیز و لەخواترس و ژنانی بێفیز و لە خوا ترس و پیاوانی سەدەقەدەر و ژنانی سەدەقەدەر و پیاوانی بە ڕۆژووەوان و ژنانی بەڕۆژوو و پیاوانێ کە داوێنی خۆیان بە پاکی دەپارێزن و ژنانێ کە داوێنپاکن، پیاوانێ کە زیاد یادی خوا دەکەن و ژنانێ کە زۆر زیکری خوا دەکەن، خوا لێخۆشبوون و پاداشی گەورەی بۆ گشتیان ئامادە کردووە ﴿٣٥﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



بۆ هیچ پیاو و ژنێکی بڕوادار (ئەو مافە) نییە کە هەرکاتێ خوا و پێغەمبەرەکەی خوا لە کارێکدا حوکمێکیان؛ بۆ ئەوانیش لە کاری خۆیان دا ئیختیارێک هەبێ (لە بەرامبەر فەرمانی خوادا)، هەرکەس نافەرمانی خوا و پێغەمبەری ئەو بکا لارێ بووە، لارێییەکی ئاشکرا ﴿٣٦﴾ بێنەوە بیر سەردەمێ کە بە کەسێ (زەید) کە خوا چاکەی لەگەڵ کردبوو و تۆیش چاکەت لەگەڵدا کردبوو، دەتوت: خێزانت بۆ خۆت ڕاگرە و لە خوا بترسە (و هەمیشە ئەمەت دووپات دەکردەوە) و تۆ لە دڵی خۆتدا شتێکت دەشاردەوە کە خوا دیاریدەری ئەوە بوو لە خەڵک دەترسای کەچی خوا شیاوترە کە لێی بترسی، جا کاتێ زەید (کوڕی حارس) نیازی خۆی لە خێزانی بڕی و جیا بۆوە، ئێمە ئەو (زەینەب)مان لە تۆ مارە کرد هەتا خاوەن باوەڕەکان لە خواستنی ژنی زڕکوڕانی خۆیان (مارەکردنی ژنانی بە کوڕ گرتووەکانیان) کاتێ کە نیازی خۆیان لەوان بڕیبێ؛ تەڵاقیان دابێ لۆمە نەکرێن و ئیدی فەرمانی خوا ئەنجام دراوە (قسەی لەسەر نەماوە) ﴿٣٧﴾ بۆ پێغەمبەر قەیدی نییە کارێ بکا کە خوا بۆی بڕیار داوە. ڕەفتاری خوا لەگەڵ پێغەمبەرانی ڕابوردوویشدا هەروا بووە، خوا بە هەرچی فەرمان بدا بێ زیاد و کەم دەبێ بکرێ ﴿٣٨﴾ کەسانێ کە پەیامی خوا ڕادەگەیێنن و لەو دەترسن و بێجگە لەو لە هیچ کەسێتر ناترسن، خوا بۆ ژماردنی کردەوەیان بەسە ﴿٣٩﴾ محەمەد باوکی هیچیەک لە پیاوانی ئێوە نییە، بەڵام ئەو ڕاسپاردەی خوا و ئاخر و مۆری (ئاخرین) پێغەمبەرانە، خوا بە هەموو شتێک فرە زانایە ﴿٤٠﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە زۆر یادی خوا بکەن ﴿٤١﴾ هەر بەرەبەیانان و ئێوارانێک پاکی و بێخەوشی ئەو بڵێین ﴿٤٢﴾ ئەو زاتێکە خۆی و مەلائیکەکان دروود و ڕەحمەت بۆ ئێوە دەنێرن تا ئێوە لە تاریکییەوە دەربێنێ بەرەو نوور(ی بڕوا و تەقوا و زانست) ڕێنوێنیتان بکا، لەمەر بڕواداران دڵاوایە ﴿٤٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



ڕۆژێ کە بە دیداری ئەو دەگەن بە درووود و سەلام بەخێریان دێنێ و بەخێرهاتنیان پێ دەڵێ و خوا پاداشی بە چاکی بۆ ئامادە کردوون ﴿٤٤﴾ ئەی پێغەمبەر تۆمان نارد تا شایەد و مزگێنیدەر و ترسێنەر بی ﴿٤٥﴾ بە فەرمانی ئەو خەڵک بۆ لای خوا بانگ بکەی و چرایەکی تیشکدەر (و ڕووناکدەر)بی ﴿٤٦﴾ بە بڕواداران مزگێنی بدە کە بۆ ئەوان لە لایەن خواوە چاکە و فەزیلەتێکی گەورە هەیە ﴿٤٧﴾ ئەوی خودانەناسەکان و دووڕووەکان گەرەکیانە بیکەن مەیکە و گوێ مەدە ئازاردانی ئەوان و و خۆ بە خوا بسپێرە، ئەمە بەسە کە خوا پشتیوان بێ ﴿٤٨﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، کاتێ کە ژنانی بڕوادارتان بۆ خۆتان مارەکرد و لە پاشان بەر لەوەی دەسیان لەگەڵ تێکەڵاو بکەن تەڵاقتان دان، عیدەیان بۆ ئێوە لەسەر نییە کە بیژمێرن، بەشە مارەییەکەیان بدەن و دڵخۆشیان بکەن و بە جوانی و مرۆیانە دەسیان لێ بەربدەن ﴿٤٩﴾ ئەی پێغەمبەرا! ئێمە ئەو ژنانەی تۆ کە مارەیی ئەوانت داوە، بۆتمان ڕەوا دی و ئەوانەیش کە لە تاڵان و لە ڕێگای غەنیمەتەوە دەس کەوتوون و خوا کردوونیە پشکی تۆ، هەروەها کچانی مامت و کچانی پوورت و کچانی خاڵت و کچانی خوشکی خاڵت کە لەگەڵ تۆدا کۆچیان کرد بە تۆ دەشێن، هەر ژنێکی بڕواداریش بەو مەرجەی خۆی بە پێغەمبەر ببەخشێ، ئەگەر پێغەمبەریش بیەوێ مارەی بکا بۆ خۆی، بەڵام مارە کردنێکی وا تەنیا بۆ تۆ دروستە نەک بۆ بڕوادارانیتر، ئێمە دەزانین بۆ ئەوان لەبابەت ژنانیانەوە و کەنیزانیانەوە چ بڕیارێکمان داوە تا هیچ گیروگرفتێ بۆ تۆ ڕوو نەدا. خوا لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿٥٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



(نۆبەی سەرجێیی) هەر یەکە لە ژنەکانت بتەوێ، ئەتوانی بخەیتە دواوە و هەر یەکەش لەوان بتەوێ لای خۆت ڕایبگرە، کەیفی خۆتە، ژنی یەخسیر کراویشت (کە سەر جێیی ناکەی) ئاشت کەیەوە، تاوانت نایەتە سەر، ئەم کارە باشتر دەبێتە هۆی ئەوە کە دڵخۆش بن و خەم نەخۆن و هەموویان ڕازی بن بەوەی کە پێت داون، خوا دەزانێ ئێوە چیتان بە دڵدا دێ، خوا پڕزانا و لەسەرخۆیە ﴿٥١﴾ دوای ئەمانە (کە خوا پێی ڕەوا دیوی)، ژنانی ترت پێ ناشێن بۆیشت نییە ئەو ژنانەت بە ژنی تر بگۆڕیەوە، با دەلالی و دڵرفێنی و جوانییەکەیشیان دڵی تۆی بۆ لای خۆی ڕاکێشابێ مەگین ئەوانەی لە تالان بەر تۆ کەوتوون، خوا بەسەر هەموو شتێکدا چاوەدێرە ﴿٥٢﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! مەچنە ژوورەوەی خانووەکانی پێغەمبەر، مەگەر ئیجازەتان پێبدرێ بۆ (خواردنی) جەمە خۆراکێ، بێ ئەوەی چاوەڕوان بن تا خۆراک ئامادە بێ، بەڵام ئەگەر بانگکران جا بڕۆنە ژووری، جا ئەگەر نانتان خوارد بڵاوببنەوە و بۆ قسەکردن دامەنیشن، ئەم (کارەتان) پێغەمبەر دەڕەنجێنێ، جا ئەو شەرمی لێدەکردن، بەڵام خوا لە (بەیانی) هەق شەرم ناکا، هەردەمێ شتێکتان لە ژنانی پێغەمبەر ویست، لە پشتی پەردەوە بیخوازن، ئەمە بۆ دڵی ئێوە و ئەوان پاکتر و چاکترە، بۆ ئێوە ناشێ ئازاری پێغەمبەر بدەن و هەرگیز ناشێ دوای ئەو، ژنانی ئەو مارە بکەن، لای خوا ئەم کارە (تاوانێکی زۆر گەورەیە) ﴿٥٣﴾ ئەگەر شتێ ئاشکرا بکەن یا بیشارنەوە، خوا بە هەموو شتێک زانایە ﴿٥٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دكتور سا لح ئیبر اهیمی



بۆ ئەوان (ژنانی پێغەمبەر) تاوانێک نییە ئەگەر لای باوکیان و کوڕیان و برایان و برازایان و خوشکەزایان و لای ژنانی هاودین و لای کەنیزانی خۆیان ڕوو نەپۆشن (قەیدی نییە بێحیجاب بن)، لە خوا بترسن، خوا بەسەر هەموو شتێکدا ئاگا و چاوەدێرە ﴿٥٥﴾ خوا و فریشتەکانی بۆ پێغەمبەر درووود ئەنێرن، ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، ئێوەش پەسنی بۆ بنێرن و بە دڵ و گیان سەلات و سەلامی خوای لێ بکەن ﴿٥٦﴾ هەرکەس خوا و پێغەمبەری خوا ئازار بدا، خوا لە دنیا و ئاخیرەتدا لەعنەتیان لێدەکا، عەزابی پڕ لە سووکایەتی بۆ ئامادە کردوون ﴿٥٧﴾ بێگومان کەسانێ کە پیاوانی بڕوادار و ژنانی خاوەن بڕوا بێهیچ تاوانێک ئازار ئەدەن، تۆمەت و گوناحی دیار و ئاشکرایان گرتووە بە کۆڵەوە ﴿٥٨﴾ ئەی پێغەمبەر بە ژنان و کچانی خۆت و ژنانی بڕواداران بڵێ: جلک و چارشێوی خۆیان لە خۆیان بپێچن خۆیان داپۆشن، ئەم کارە باشتر دەبێتە هۆی ئەوە کە (ژنانی ئازاد لە کوێلە) بناسرێن و ئازار نەدرێن، خوا لێبوور و دڵلاوێنە ﴿٥٩﴾ ئەگەر دووڕووان و کەسانێ کە لە دڵیاندا نەخۆشی هەیە و ئەوانەی وا لە مەدینەدا (دەنگۆ و شایعە): چاوڕا دائەخەن و درۆ (بە دژی دین) بڵاو دەکەنەوە، دەس هەڵنەگرن، تۆ بە دژیان هەڵدەخرێنین، (دەیانخەینە بندەسی تۆ) لە پاشان مەگەر بۆ ماوەیەکی کەم، دەنا ناتوانن لەم شارەدا جیرانت بن ﴿٦٠﴾ (ئەمانە) بە نەحلەت کراون لە هەر کوێ دەسکەون، ئەبێ بگیردرێن و بە سەختی بکوژرێن ﴿٦٠﴾ ئەمە ڕێبازی خوایە کە لە نێو پێشینانیشدا هەبووە، گۆڕانکارییەک لە ڕێبازی خوادا نییە ﴿٦٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



خەڵک لەبابەت قیامەتەوە لێت دەپرسن، بڵێ: تەنیا زانینی ئەوە لای خوایە، تۆچ دەزانی؟ بەڵکوو ڕۆژی بەری نێزیک بێ ﴿٦٣﴾ خوا خوانەناسانی لەعنەت کردووە و ئاگرێکی سووتێنەری بۆ ئامادە کردوون ﴿٦٤﴾ لەوێدا قەتیس دەبن و پشتیوان و یاوەرێکیان دەست ناکەوێ ﴿٦٥﴾ ڕۆژێ کە دەموچاویان لە ئاگردا دەگەرێندرێ، دەڵێن: خۆزگە ئیتاعەتی خوامان بکردایە و بە فەرمانی پێغەمبەرمان بکردایە ﴿٦٦﴾ دەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! لە سەرووەران و گەورەکانی خۆمان پەیڕەویمان کرد، جا ڕێگایان لێ بزر کردین ﴿٦٧﴾ ئەی پەروەرێنەری ئێمە! دوو بەرابەر ئازاریان بدە و بە لەعنەتێکی گەورە گیرۆدەیان بکە ﴿٦٨﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! هەروەکوو ئەوانە مەبن کە مووسایان ئازار دا و خوا مووسای لەوە پاک کردەوە، لای خوا بەرێز و بەقەدر لەروو بوو ﴿٦٩﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لە خوا بترسن و قسەی هەق و پتەو بێژن ﴿٧٠﴾ خواکارتان چاک دەکا و لە تاوانتان دەبوورێ و هەرکەسیش ئیتاعەتی خوا و پێغەمبەری خوا بکا، ئێمە ئەم ئەمانەتییەمان لە بەرانبەر ئاسمانەکان و زەوی و ئەو هەمموو کێفانە ڕانا؛ هیچیان لە خۆیان ڕانەدی بچنە ژێری و لێی دەترسان بەڵام مرۆ (ئەو ئەمانەتییە کە پێگەیشتن بەوێنەی بێسنوور و جێ نشیی خوا و بەرپرس بوونی) وەستۆی خۆی گرت کە نەیزانی و سەبارەت بە خۆی غەدری کرد ﴿٧٢﴾ تا خوا پیاوان و ژنانی دووڕوو (موونافیق) و پیاوان و ژنانی موشریک (ڕیزیان لە بڕواداران جیابێتەوە و ئەوانە) ئازار بدا، خوا ڕەحمەتی خۆی بۆ پیاوان و ژنانی بڕوادار بنێرێ (و تۆبەیان قەبووڵ بکا)، خوا لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿٧٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

## سوورەی سەبا ٥٤ ئایەتە

**سوورەی سەبا لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٥۴ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

پەسن و سپاس بۆ خوایێ کە هەرچی لە ئاسمایەکان و زەویدان تایبەتی ئەوە، و لەو دنیاش سپاس و پەسن تایبەت بەوە و هەر لە خۆی دەوەشێتەوە و هەر بە خوا دەکەوێ و هەر ئەویشە لەکارزان و ئاگادار بە ناخی هەموو شتێ ﴿١﴾ هەرچێ بە زەویدا ڕۆچێ و هەرچی لە زەوی بێتە دەرێ و هەرچێ کە لە ئاسمان بێتە خوارێ و هەرچی بە ئاسماندا هەڵگەڕێ دەیزانێ، ئەو دڵاوا و خەتابەخش و لێبوورە ﴿٢﴾ کافران و تیان: قیامەت بۆ ئێمە نابێ، بڵێ: بەڵێ بە پەروەرێنەرم کە زانا بە نادیار و بە غەیبە سوێند کە بۆتان دێ، هەرشتێکی بە ئەندازەی تۆزقاڵە زەڕە (کەمووسکە)یەک لە ئاسمانەکان و زەویدا هەبێ لە خوا ون نابێ، چکۆلەتر و گەورەتر لەوەیش هەموو لە کتێبی ڕوونکەرەوە (لەوحەلمەحفووز)دا هەیە ﴿٣﴾ تا کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری شیاویان کردووە، پاداشیان بداتێ، بۆ ئەوان لێبووردن و ڕسق و ڕۆزی پاکژ و جێی تەرخانکراو و باش هەیە ﴿۴﴾ ئەوانەی کە هێرش دەکەنە سەر نیشانەکانی ئێمە وا دەزانن کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێمە دەرئەچن، بۆ ئەوان ئازارێکی سەخت و دەردهێنەر هەیە ﴿٥﴾ ئەوانەی کە زانستیان هەیە ئەزانن ئەوەی کە لە لایەن پەروەرێنەرتەوە بۆ تۆ هاتووە ئەوە هەقە و بۆ ڕێی خوای دەسەڵاتداری پەسن دراو ڕێنوێنی دەکا ﴿۶﴾ ئایا دەتانەوێ ڕێنوێنیتان بکەین بۆ لای پیاوێ کە هەواڵتان پێ‌ئەدا و ئەڵێ: (مردن و) بە تەواوی ئێسک و پرووسکیشتان پووا، سەرلەنوێ زیندوو دەبنەوە ﴿٧﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئایا بە دەم خواوە درۆ دەکا یا شێتە؟ نا (هیچیان نییە) ئەوان کە بڕوایان بە ئاخیرەت نییە لە عەزابدان و سەخت لەرێگا دوورن ﴿٨﴾ ئایا بۆ بەردەم یا پشت سەری خۆیان لە ئاسمان و زەویدا ناڕوانن، (تا وزەی خوایان بۆ دەربکەوێ)، ئەگەر بمانەوێ ئەوان (بە بوولەرزەیەک) لە زەویدا نوقم دەکەین یا تاتەبەردێ لە ئاسمانەوە بەسەریاندا دەڕێژین، لەمەدا بۆ هەر بەندەیەک کە بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە نیشانە و ئامۆژگاری و پەندێک هەیە ﴿٩﴾ ئێمە لە خۆمانەوە زێدە بەشێکمان دابوو بە داود، ئەی کێوەکان و ئەی باڵندەکان لەگەڵ ئەودا (لە پەسن وتنی خوا هاودەنگ بن، ئاسنمان بۆ نەرم کرد ﴿١٠﴾ کە تۆ باڵاپۆش لە زرێ و ئاسن دروس بکە، گەوچن (بە ئاڵقەچندرابێ) لە ئەندازەدا بن، با کارەکانتان باش و پوختە بێ، بە ناخی کاری ئێوە بینام ﴿١١﴾ بۆ سولەیمان «با»مان کەوی و ڕامکرد، بەیانیان ڕێگای مانگێکی دەبڕی و ئێوارانیش مانگە ڕێیەک دەڕۆیی، کانیێکی مسی تواوەمان بۆ جاری کرد و دەستەیێ لە جنۆکە بە فەرمانی پەروەرێنەری کاریان بۆ دەکرد و ئەگەر یەکێ لەوانە لە فەرمانی ئێمە لای بدابا عەزابی ئاگری سووتێنەرمان پێدەچێژان ﴿١٢﴾ هەرچی دەیویست ئەوەیان بۆ دەکرد هەر لە کۆشک و تەلارەوە تا کۆتەڵ (هەیکەل) و دەفر و کاسەی زلی وێنەی حەوزی گەورە و چەندین مەنجەڵ و تیانەی گەورە و گوشادی دابەسراوی پتەومان بۆ سلێمان سازدا. ئەی ماڵ و خێزانی داوود! شوکری خوا بکەن، لە عەبدەکانم کەمتر شوکرێ دەکەن ﴿١٣﴾ لەو وەختەیشدا مراندمان ئەگەر مۆریانە و بوونەوەری دارخۆر نەبوایێ و دارعەساکەی نەخواردایێ کەس بە مردنی نەدەزانی؛ وەختێ ڕەتی برد و لەپڕ تەکانی خوارد و کەوت بۆ جنۆکەکان دەرکەوت، ئەگەر نادیار و پێواریان بزانیبا ئەونە لە نێو ئەو ئازارە پڕ لە سووکایەتییەدا نەدەمان ﴿١٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



بۆ خەڵکی سەبا لە جێی ژیانیاندا نیشانەیەک (لە هێزی خوا) هەبوو، دوو ڕیزە باغی (گەورە هەبوو) یەک لە لای ڕاست و ئەوی دیکە لای چەپ (بە میوەی زۆرەوە بەوانم دابو و پێم وتن:) لە ڕسق و ڕۆزی پەروەرێنەرتان بخۆن و شوکری ئەو بکەن، شارێکی پاک و خاوێن و (خوا:) پەروەرێنەری لێبور ﴿١٥﴾ ئەوان ڕوویان لە خوا وەرگێرا، ئێمەیش سێلاوی ئاوی (بەربەند و سەد و) داری گەزووبەندی وێرانکەرمان بەسەرا ڕشتن و دوو باغی (پڕ بەرەکەتی) ئەوانمان کردە دوو باغی (بێبایەخ) میوەی داری سیواک و تفتوتاڵ و مازوو داری گەزۆ (گزیچار) و کەمێ لە داری سیدر (کنار: داری نەبگ)مان بۆ هێشتنەوە ﴿١٦﴾ ئابەمجۆرە سزامان دان لەبەر ئەوەی سپڵە و ناسپاس بون؛ ئایا بێجگە لە ناسپاسان کەسانێتر سزا و ئازار ئەدەین؟ ﴿١٧﴾ لە نێوان ئەوان و گوندی و شارگەلێ کە پیت و بەرەکەتمان تێ خستبوو چەند شارۆچکە و ئاوایی‌گەلێکمان لە پاڵ یەکترا ئاوەدان کردنەوە و مەودای نێوا نیانمان بە ئەندازە دانا (پێمان وتن) شەوانە و ڕۆژانە لەواندا بەبێ وەی بگەڕێن ﴿١٨﴾ (ئەم خەڵکە ناسپاسەی سەبا) وتیان: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! شارە زنجیرەکانی ئێمە ماوەی سەفەری لە یەکتر دوور بخەنەوە (تا هەژاران شان بە شانی ئێمە بەمجۆرە هاتوچۆ نەکەن) ئەوانە غەدریان لە خۆیان کرد و ئێمەیش ئەوانمان کردە پەند و چیرۆک (بۆ خەڵکیتر) و کۆڕ و کۆمەڵگای ئەوانمان لێک پرش‌وبڵاو کرد، لەمەدا نیشانەکانی پەند و ئامۆژگاری وەرگرتن بۆ هەر خۆڕاگری شوکرانەبژێرێک هەیە ﴿١٩﴾ شەیتان لەبابەت ئەوانەوە گومانی خۆی جێبەجێ کرد، جا بێجگە لە دەستەیێ لە بروادارا ن ئەوانی دیکە هەموو پەیڕەوییان لەو (شەیتان) کرد ﴿٢٠﴾ شەیتان دەسەڵاتێکی بەسەر ئەواندا نەبوو (کە بەزۆر وەدووی خۆیان بدا) مەگەر (هەرئەونە بوو شک و دڕدۆنگی خستە دڵیان) تا بزانین چ کەسێ باوەڕی بە ئاخیرەت هەیە و چ کەسێ لەوانە لە شکدایە پەروەرندەت بەسەر هەموو شتا چاوەدێرە ﴿٢١﴾ بڵێ: هاوار لەو شتانەی غەیری خوا بکەن کە بە خەیاڵ بە شەریکی خوای دەزانن (ئەوانە ناتوانن یارمەتیتان بدەن چونکە) بە ئەندازەی زەڕڕەیەک (سەنگی مێروولە وردەیەک)یان لە ئاسمانەکان و زەویدا بە دەس نییە، ئەوان لەو دووانەدا (ئاسمانەکان و زەوی) هاوبەشی خوا نین و (یارمەتی خوایان نەداوە) ﴿٢٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



تکا و پاڕانەوە لای خوا بێسوودە، مەگەر لەبابەت پاڕانەوەی کەسێ کە خوا ئیجازەی پـێبدا، تا هەردەمێ ترس و لەرز لە دڵیان لاچێ پێیان دەڵێن: پەروەرندەتان چی وت؟ ئەڵێن: قسەی هەقی وت، هەر ئەو پلە و پایەی بەرز و گەورەیە ﴿٢٣﴾ بڵێ: لە ئاسمانەکان و زەوی چ کەسێ ڕسق و ڕۆزیتان ئەدا، بڵێ: خوا (ی تاقانە)، بەڕاستی ئێمە یا ئێوە لەسەر ڕێگای شارەزاین یا لە نێو لاڕێییەکی دیار و ئاشکراداین ﴿٢٤﴾ بڵێ: ئەگەر ئێمە تاوانێک بکەین لە ئێوە ناپرسنەوە و ئەگەر ئێوەش کاری کرێت و ناڕەوا و ناحەز بکەن لە ئێمە ناپرسنەوە ﴿٢٥﴾ بڵێ: پەروەرێنەرمان ئێمە و ئێوە کۆ دەکاتەوە، لە پاشان بە هەق داوریمان لە نێواندا دەکا، هەر ئەوە داوەری زانا ﴿٢٦﴾ بڵێ: بە من نیشان بدەن ئەوانەی کە بە شەریک و هاوبەشی خواتان ئەزانی، وا نییە هەر خوایە فرە بەدەسەلات و لەکارزان ﴿٢٧﴾ ئێمە تۆمان نەنارد مەگەر بۆ هەموو کەسێ مزگێنیدەر و ترسێنەر بی، بەڵام زۆربەی خەڵک نازانن ﴿٢٨﴾ دەڵێن: ئەگەر ڕاستبێژن ئەم بەڵێن و وەعدەی (ڕۆژی بەرپیە) کەی دێ ﴿٢٩﴾ بڵێ: بەڵێنی ئێوە ڕۆژێکە، ساتێکیش پاش و پێشی بۆ نییە ﴿٣٠﴾ ئەوانەی کافرن وتیان: ئێمە قەت بەم قورئانە و بە کتێبەکانی دیکەی بەر لەمە بڕوا ناهێنین، خۆزگە ئەم ستەمکارانەت دەدی کە لە پێشگای پەروەرێنەریاندا (بۆ سزا و جەزا) ڕاگیردراون هەندێ ئاوڕ بۆ لای هێندیکیان دەدەنەوە لەگەڵ یەک دەئاخێون و قسە دەکەن و یەکتر تاوانبار دەکەن، (چەوساوەکان) بە خۆبە زلزان و ملهوڕەکان دەڵێن: ئەگەر ئێوە نەبوایێن بەڕاستی ئێمە بڕوادار بووین ﴿٣١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەوانەی کە خۆیـان بە زل ئەزانـی بە چەوسـاوەکانیان وت: ئایـا ئـێمە ئێوەمـان لە ڕێنـوێنی گێڕایەوە دوایی کە بۆتان هات؟! بەڵکوو خۆتـان تاوانبـارن (بێخـود مەیـخەنە سـوکری ئێمـە) ﴿٣٢﴾ چەوساوەکان بە خۆبە زلزانانە کانیان وت: هەر گەڕتـان تێدەهاڵانـدین و تێـدەپێچاین و فێڵ و پیلانەکانی ئێوە لە شەو و ڕۆژدا (بووە هـۆی لاڕێیـی ئێمـە) کـاتێ کە دەسـتووردتان پـێ ئەدایـن کە خوا ئینکـار بکەیـن و هاوبەشـی بـۆ دابنێیـن، ئەوانە کـاتێ کە ئـازاری (ئیلاهـی) دەبینن پەشیمانی خۆیان دەشارنەوە (نەوەکوو زۆرتر ڕیسوا بن)، ئێمە کۆت و زنجیـر دەخەیـنە ملی کافران، ئایا بـێجگە لەوەی دەیـانکرد سـزایێ تریـان پـێ ئەدرێ ﴿٣٣﴾ هەتـا ئێسـتا هەر پێغەمبەرێکمان ناردۆتە هەر ئاوەدانییەک لە ئێمەیان بترسێنێ هەر ئەوانەی لەوپەڕی خۆشیدا ژیاون گوتوویانە بەو شتانەی ئێوە پێی ڕاسپێردراون باوەڕ ناکەین ﴿٣٤﴾ وتیان: ماڵ و منـداڵی ئێمە (لە هەمووتان) زیاترە (و ئەمە نیشانەی ئەوەیە خوا ئـێمەی خـۆشدەوێ)، ئـێمە (قەت) سزا نادرێین ﴿٣٥﴾ بڵێ: پەروەرێنەرم بۆ هەرکەس کە بیەوێ ڕسـق و ڕۆزی زیـاد یـا کەم دەکـا، (ئەمە پێوەندی بە نێزیکی درگـای خـوا نییـە)، بەڵام ئـاپۆر و کۆمـای زۆربەی خەڵـک نـازانن ﴿٣٦﴾ ماڵ و منداڵی ئێوە قەت نـابێتە هـۆی ئەوە کە ئێـوە لە مـن نێزیـک بکـاتەوە، مەگەر ئەوانەی بڕوا بێـنن و کـاری چـاک ئەنجـام بـدەن، بـۆ ئەوانە پاداشـی دووچەنـدان لە بەرامـبەر کارگەلێکەوە کە کردوویانە هەیە، ئەونە لە هۆدەگەلێ (بەهەشـتدا) لە ئەمـن و حەسـانەوەدان ﴿٣٧﴾ کەسانێ کە بۆ بێ بایەخ کردنی نیشانەکانی ئێمە دەکۆشن، لایان وایە لەبـن دەسـەڵاتی ئێمە دەرئەچن، ئەوانە لە عەزابی خوا حازر دەکرێن و دەتلێنەوە ﴿٣٨﴾ بڵێ: پەروەرێنەرم ڕسـق و ڕۆزی بۆ هەرکەس کە بیەوێ پەرەی پێی ئەدا و بۆ هەرکەسیش کە بـیەوێ کەمـی دەکـاتەوە، هەر شتێک کە ببەخشن خوا تێیهەڵدێنیتەوە و تـۆڵەی دەداتەوە و جـێگەی پـڕ دەکـاتەوە، ئەو باشترینی ڕۆزیدەرانە ﴿٣٩﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



ڕۆژێ هەموویان خڕ دەکاتەوە و لە پاشان بە مەلائیکە دەڵێ: ئایا ئەمانە ئێوەیان دەپەرست؟ ﴿٤٠﴾ (ئەوانە) وتیان: تۆ بێخەوشی، تەنیا تۆ پشتیوانی ئێمەی نەک ئەوان، بەڵکوو جنۆکەیان دەپەرست، زۆربەیان بەوانە بڕوادار بوون ﴿٤١﴾ ئەمڕۆ هیچیەک لە ئێوە سەبارەت بە یەکێتر خاوەنی سوود و زیانێ نییە و بە ستەمکاران دەڵێین: عەزابی ئاگرێک بچێژن کە بە درۆتان دەخستەوە ﴿٤٢﴾ هەرکاتێ نیشانە ڕوونەکانی ئێمەیان بە سەردا بخوێندرێتەوە دەڵێن: ئەمە (محەمەد) نییە مەگەر پیاوێک کە دەیەوێ ئێوە لەوەی باووباپیرانتان دەیانپەرست بتانگێڕێتەوە، دەڵێن: ئەمە (قورئان) بێجگە لە درۆیێ گەورە کە بە دەم خواوە ڕاتانگەیاندووە شتێ تر نییە، کافران کاتێ هەقیان بۆ هات وتیان: ئەمە نییە مەگەر جادوو و سیحرێکی دیار و ئاشکرا ﴿٤٣﴾ بەر لەمە کتێبێ کە بیخوێننەوە بەوانمان نەدابوو و بەر لە تۆیش ترسێنەرێکمان بۆیان نەناردبوو ﴿٤٤﴾ کەسانێ کە بەر لەوان (قوڕەیشیەکان) پێغەمبەرانیان بە درۆ خستەوە و ئەوان بە یەک دەیەم لەوەی بەوانمان (ئۆمەتەکانی پێشوو) دابوو نەگەیشتوون، جا بەم حاڵەشەوە پێغەمبەرانی ئێمەیان بە درۆ خستەوە، جا ئازاری ئێمە چەن سەختە ﴿٤٥﴾ بڵێ: تەنیا یەک ئامۆژگارییەکتان دەکەم و ئەویش ئەمەیە یەک یەک و دوو دوو بۆ خوا ڕاپەڕن و ڕاوەستن و لە پاشان بیر بکەنەوە تا بزانن دۆست و هاونشینی ئێوە (محەمەد) شێت نییە، ئەو هەر تەنیا دەیەوێ لە هاتنی ئازارێکی سەختی خوا بتانترسێنێ ﴿٤٦﴾ بڵێ: هەر مزەیەکم لە ئێوە ویستووە بۆ خۆتان، مزەی من (لەسەر هیچ کەس نییە) مەگەر لەسەر خوا، هەر ئەویشە کە بەسەر هەموو شتێکدا شایەد و ئازرە ﴿٤٧﴾ بڵێ: بەڕاستی پەروەرێنەرم قسەی هەق دەخاتە (نێو دەروونی پێغەمبەری خۆی)، (هەر بۆ خۆیشی) فرەزانی نادیار و پێوەرەکانە ﴿٤٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



بڵێ: ڕاستی جێی پڕوپووچی گرتەوە و چرووک هیچ باوێکی نەماوە و تازە قەت دووبارە ناگەڕێتەوە ﴿٤٩﴾ بڵێ: ئەگەر لاڕێ بم زیانەکەی تەنیا بۆ منە، ئەگەر ڕێنوێن بم لەبەر ئەوەیە کە پەروەرێنەرم فەرمانم بۆ دەنێرێ، ئەو ژنەوایەکی نێزیکە ﴿٥٠﴾ ئەگەر ببینی کاتێ کە سەخت ئەترسن و هاواریان لێبەرز دەبێتەوە، جا هیچ ڕزگار بوون و دەرەتانیان نییە، لە پەناوە لە گیر کەوتوون ﴿٥١﴾ (لەو حاڵەدا) دەڵێن: بڕوامان بەو (قورئان) هێنا، بەڵام چلۆن لەو شۆێنە دوورەوە دەسیان پێی دەگا ﴿٥٢﴾ کە لە پێشدا حاشایان لێ کردبوو لە دوورەوە و لە نەدیتە هەر بوختانیان بۆ دەهاویشت (و پێغەمبەر و قیامەتیان بە گاڵتە دائەنا) ﴿٥٣﴾ لە نێوان ئەوان و ئارەزوویێ کە دەیانکرد جیایی ساز درا، هەروەکوو سەبارەت بە پەیرەوان (و هاوبیرانیان) لە بەرا ئەمە کرا، بەو دەرچوون ئەوانە لە شک و دوودڵێدا سەختا بوون ﴿٥٤﴾

## سوورەی فاتیر ٤٥ ئایەتە

**سوورەی فاتیر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٤٥ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

هەموو پەسنێ بۆ خوایە کە خوڵقێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، فریشتانی دوو باڵی و سێ باڵی و چوار باڵی کردۆتە ڕاسپاردە، ئەو هەرچی لە بەدیهێنان بیەوێ زیادی ئەکا، بەڕاستی خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەدەسەڵاتە ﴿١﴾ هەر (درگایەکی) خێر و ڕەحمەت کە خوا بۆ خەڵکی بکاتەوە، کەس ناتوانێ بیبەستێ و گاڵەی بدا ئەگەر ئەویش گاڵەی بدا و بیبەستێ، جا بێجگە لەو کەس ناتوانێ بیکاتەوە، هەر ئەویشە فرە بەدەسەڵات و لەکارزان ﴿٢﴾ ئەی خەڵکینە! نیعمەتێ کە خوا بە ئێوەی داوە بیهێننەوە بیر، ئایا بێجگە لە خوا بەدیهێنەرێتر هەیە کەلە ئاسمان و زەوی ڕۆزیتان بدا؟ بێجگە لەو خوایێ تر نییە، جا چلۆن درۆ دەکەن و لە هەق لائەدەن ﴿٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئەگەر تۆیان بە درۆزن دانا (خەفەت مەخۆ، چونکـە) پێغەمبەرانـی بەر لە تۆیشـیان بە درۆزن دانا و هەموو کارێک دەگەڕێندرێتەوە لای خوا ﴿٤﴾ ئەی خەڵکینە! بەڵێنی خوا هەقە، ژیـانی دنیا فریوتان نەدا، فریوکار (شەیتان) فریوتـان نەدا و (بە کەرەمـی) خـوا بـاغر و بـادیهەوا و مەغروورتـان نەکـا ﴿٥﴾ شـەیتان دوژمنـی ئێـوەیە، سـا ئێـوەیش ببـنە دوژمنـی ئەو تەنیـا دارودەسەکەی خۆی بو ئەمە بانگ دەکا تا لە یارانی ئاگری سووتێنەری (جەهەندەم) بـن ﴿٦﴾ کەسانێ کە کافر بوون بۆ ئەوان عەزابی سەخت هەیە و ئەوانەش کە بڕوایـان هێنـا و کـردەوەی چاکیان ئەنجام دا، لێبوردن و پاداشی گەورەیان بۆ هەیە ﴿٧﴾ ئایا کەسێ کە کـردەوەی خراپـی بـۆ جـوان کـراوە، ئەوە بە چـاک و جـوان دەبینـێ، خـوا هەرکەس کە بـیەوێ لاڕێـی دەکـا و هەرکەسیش کە بیەوێ ڕێنوێنی دەکا، نەکا لەبەر خەفەتی ئەوان تێدابچێ (خەمیان بۆ مەخـۆ) خوا لە کردەوەیان زۆر ئاگادارە ﴿٨﴾ خوا زاتێکە بای نـارد تـا هەورەکـان ببزوێنـێ (و بڵاویـان بکاتەوە و بەملا و ئەولادا بەڕێیان بکا و بیاننێرێ)، جا ئـێمە ئەوانە بـۆ سـەرزەوی مـردوو لـێ دەخـوڕین، جـا ئەو زەویـیە پـاش مردنـی زینـدوو دەکەیـنەوە، هەروایە (ژیانـدەوە و زینـدوو کردنەوەی مردووان) لە ڕۆژی بەرێدا ﴿٩﴾ هەرکەس قەدر و ڕێـزی بـوێ (ئەبـێ لە خـوای بـوێ چونکە) هەمـوو ڕێـز و عێـزەت بە دەس خـوایە، قسـەی چـاک و خـۆش و پـاک بەرەو لای ئەو سەردەکەوێ و کردەوەی چاک مرۆ ئەباتە سەرێ و ئەوانەی کە بە گزی و فـزی نەخشـەی خـراپ دەکێشن بۆ ئەوانە عەزابی سەخت هەیە و گزی کردنی ئەوانە لە نێودەچێ ﴿١٠﴾ خوا ئێوەی لە خاک و لە پاشان لە نوتفە: تنۆکەیەک خولّقاند، ئەوسا ئێوەی کردە هاولف (ژن و مێـرد)، هـیچ ژنێک دووگیان نابێ و نازێ مەگەر بە زانستی ئەو، تەمەنی هیچ کەس (زیـاد نـابێ و) ناکـاتە پیـری و لە تەمەنـی کەسـێ کەم نـابێ مەگەر ئەوەی کە هەمـوو لە کتێبـدا (زانسـتی خـوا) نووسراوە، و ئەم کارانە بۆ خوا ئاسانە ﴿١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئەم دوو دەریایە یەک جۆر نین، دەریا شیرینەکە خواردنەوەی خۆشە و ئەوی‌تر سوێر و تاڵ و تفتە و لە هەردووکیان گۆشتی تەڕ و تازە دەخۆن و شتگەلێ بۆ جوانی و زەمبەر و خشڵ و زینەتی لەشتان (وەکوو مرواری، سەدەف، دوڕ و مەرجان)ی لێ دەردەکێشن و دەیکەنە بەر خۆتان و دەبینی ئەر گەمییەکان بۆ بە دەس هێنانی ڕسق و ڕۆزی و پێ‌بژیو ئاوەکە لەت لەت دەکەن (و بە هەر لایەکدا دەڕۆن) تا لە چاکە و فەزڵی خواکەڵک وەربگرن، ڕەنگە ئێوە سپاسی نیعمەتی بکەن ﴿١٢﴾ لە شەو کەم دەکا و دەیخاتە سەر ڕۆژ و لە ڕۆژیش کەم دەکاو دەیخاتە سەر شەو، تەبەقی ڕۆژ و مانگی کەوی و ڕام کرد، هەر کامیان تا سەردەمی دیاردە، دێن و دەچن، ئەمەیە خوا پەروەرێنەری ئێوە، فەرمانڕەوایی تایبەت بەوە و شتگەلێ کە بێجگە لەو بانگی لێ‌دەکەن، تەنانەتی تۆکڵ و تۆخڵی تەنکی دەنکی خورمایێ شک نابەن ﴿١٣﴾ ئەگەر ئەوانە بانگ بکەن دەنگی ئێوە نابیسن و ئەگەر بشبیسن وەڵامتان نادەنەوە و لە ڕۆژی بەرێشدا حاشا دەکەن کە ئێوە کردووتاننە شەریک، هیچ کەس وەک خوایێ کە بە ناخی هەموو شتێ ئاگایە، ناتوانێ ئاگادارت بکا ﴿١٤﴾ ئەی خەڵکینە هەمووتان نیازتان بە خوایە، هەر خوایە بێ‌نیاز و شیاوی حەمد و پەسەند ﴿١٥﴾ ئەگەر بیەوێ هەمووتان لە نێو دەبا و خەڵکی تازە دێنێ ﴿١٦﴾ ئەم کارە بۆ خوا سەخت نییە ﴿١٧﴾ هیچ کەس باری تاوانی کەسێ‌تر هەڵناگرێ، ئەگەر گرانبارێ کەسێ‌تر بۆ هەڵگرتنی بارەکەی بانگ بکا، شتێکی لەوە بۆ هەڵناگرێ هەرچەن خزمیشی بێ، تۆ تەنیا ئەتوانی کەسانێ بترسێنی کە خۆیان بە نهێنی لە پەروەرێنەریان بترسن و نوێژ بەجێ‌بێنن، هەرکەس پاک بێ (و تەقوای هەبێ) بۆ خۆی پاک بووە و سەرەنجامی هەموو بەرەو لای خوایە ﴿١٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

نابینا و بینا بەرامبەر نین ﴿١٩﴾ (هەروا) تاریکی و ڕووناکی (یش بەرامبەر) نین ﴿٢٠﴾ (هەروا) سێبەر و گەرمای داغ و سووتێنەری ڕۆژ (یش بەرامبەر) نین ﴿٢١﴾ زیندووەکان و مردووەکان بەرامبەر نین، خوا پەیامی خۆی بە گوێی هەرکەس کە بیەوێ دەگەیینێ (و دەبیسێنێ) و تۆ ناتوانی قسەی خۆت بەوانەی لە گۆڕدا خەوتوون ببیسێنی ﴿٢٢﴾ تۆ نیت مەگەر ترسێنەر ﴿٢٣﴾ بەڕاستی ئێمە تۆمان بە هەق بە مزگێنیدەر و ترسێنەر ناردووە، هیچ گەلێ نییە مەگەر ترسێنەرێکیان لە نێودا بووە ﴿٢٤﴾ ئەگەر بە درۆت بخەنەوە، کەسانێ بەر لەوانە بوون (پێغەمبەرانی خۆیان) بە درۆزن دائەنا، کە ڕەوانەکراوەکانیان بە بەڵگەی ڕوون و بە سیپارە و نامیلکەی گچکە و نووسراوەی چکۆڵە و بە زەبوور و بە کتێبی نوورانی هاتە لایان (بەڵام بڕوایان نەهێنا) ﴿٢٥﴾ لە پاشان خوانەناسانم بە غەزەب گرت، سزادانی من چلۆن بوو؟ ﴿٢٦﴾ ئایا نەتدی خوا لە ئاسمانەوە بارانی نارد و بە هۆی ئەوەوە میوەی جۆراوجۆرمان (لە زەوی) ڕواند بە ڕەنگی جۆراوجۆر و لە کێوەکانیش جادەگەلێکمان سازدا بە ڕەنگی سپی و سوور و ڕەنگی جیاجیا، جارجارەش بە ڕەنگی ڕەشی پڕ ڕەنگ ﴿٢٧﴾ لە مرۆڤ و جووڵندەکان و ئاژەڵ (وشتر و بزن و مەڕ و گایش) بە ڕەنگی جیاجیاوە (بەدیمان هێنان)، لە نێو بەندەکانی خوادا تەنیا زانایان لەو ئەترسن، بەڕاستی خوا فرە بەدەسەڵاتی لێبورە ﴿٢٨﴾ ئەوانە کە کتێبی خوا دەخوێننەوە و نوێژ بەجێدێنن و لەوەی کە پێمان داون بە نهێنی و ئاشکرا دەبەخشن، هیوایان بە بازرگانییەک هەیە کە قەت لەنێو ناچێ ﴿٢٩﴾ تا خوا بە تەواوی پاداشیان ئەداتەوە و لە چاکە و فەزڵی خۆی شتێکیشیان بۆ زیاد دەکا، ئەو زۆر لێبور و وەرگری شوکرانەیە ﴿٣٠﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەوەی لەم کتێبە بۆ تۆمان ناردووە ڕاست و هەقە کە تەسدیقکەری کتێبەکانی بەر لە خۆیەتی، خوا سەبارەت بە بەندەکانی زۆر ئاگا و بینایە ﴿٣١﴾ لە پاشان ئەم کتێبە ئاسمانییەمان بە کەسانێ لە بەندە هەڵبژاردەکانی خۆم بە میرات دا، جا لەوانەدا دەستەیێ ستەمیان لە خۆیان کرد و دەستەیێ مامناوەندین و هەندێکیش لەوان بە ئیجازەی خوا لە چاکیدا لە هەمووان پێش کەوتن، ئەمە خۆی زیادەبەشێکی گەورەیە ﴿٣٢﴾ (پاداشی ئەوانە) باغە ڕازاوەکانی بەهەشتە کە دەچنە نێوی، کە نافەوتێن لەوێ دەیانڕازێننەوە بە بازووبەند و بە دەسەوانەی زێڕ و مرواری، جلکیشیان لەوێدا هاورێشم و حەریرە ﴿٣٣﴾ ئەوانە دەڵێن: پەسەن و حەمد تایبەتی خوایە کە؛ خەم و کەسەر و خەفەتی لەسەر لابردین، پەروەرێنەرمان زۆر لێبور و وەرگری شوکرانەیە ﴿٣٤﴾ خوایەک کە بە چاکە و فەزڵی خۆی ئێمەی لە ماڵی هەرمان و هەمیشەبوون و نەفەوتاندا جێ کردەوە کە لەوێدا نە ڕەنج و نە ماندوو بوون تووشمان دەبێ ﴿٣٥﴾ کەسانێ کە کافر بوون ئاگری دۆژەهـ بۆ ئەوانە، قەت فەرمان بۆ مەرگیان دەرناچێ تا بمرن و شتێکیش لە عەزابیان کەم ناکرێتەوە، ئابەمجۆرە هەر ئینکارکەرێ سزا ئەدەینەوە ﴿٣٦﴾ ئەوانە لە دۆژەهدا بە زۆرەزۆر هاوار دەکەن و دەپاڕێنەوە ئەی پەروەرێنەرمان! بمانهێنە دەرێ تا کاری چاک بکەین، غەیری ئەوەی دەمانکرد، (لە وڵامدا پێیان دەوترێ) ئایا بە ئێوە بە ئەندازەیێ کە مرۆڤ لەوا بیر بکاتەوە تەمەنمان نەدان، ترسێنەری خوا نەهاتە لاتان؟ جا بچێژن، کە بۆ ستەمکاران یاوەرێک نییە ﴿٣٧﴾ بەڕاستی خوا بە نهێنی ئاسمانەکان و زەوی زانایە، بەڕاستی ئەو بەوەی لە دڵ و دەرووندایە زانا و ئاگایە ﴿٣٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئەو زاتێکە ئێوەی کردە جێنشین لە زەوی، جا هەرکەس کە ناسپاس بێ زیانی سپلەییەکەی لەسەر خۆیەتی و حاشای لە خوا حاشاکەران بێجگە لە تووڕەیی خوا شتێکیان بۆ زیاد ناکا، هەروا بێئەمەگیی بێئەمەگان شتێک بۆ ئەوان زیاد ناکا مەگەر زیان ﴿٣٩﴾ بڵێ: ئەو هاوبەشانەی لە باتی خوا بانگتان دەکردن، دیتان (سەرنجتان دان) کە بە منی نیشان بدەن کە لەم زەوییەدا شتێکیان بەدیهێناوە؟ یا ئایا لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان بەشدارییەکیان کردووە یا کتێبێکمان پێداون کە بیکەنە بەڵگە بۆ خۆیان؟ نەخێر ستەمکاران بێجگە لە فریو شتێ بە یەکتر بەڵێن نادەن ﴿٤٠﴾ خوا ئاسمانەکان و زەوی ڕادەگرێ تا تێکنەچن (لە ڕێرەوی خۆیان لانەدەن) ئەگەر لە سەرەتای تێکچووندا بن هیچ کەس دوای ئەو (خوا) ناتوانێ ئەوانە ڕابگرێ، بەڕاستی ئەو بە شێنەیی و لەسەرەخۆ و لێبورە ﴿٤١﴾ سوێندی توندیان بە خوا خوارد کە ئەگەر ترسێنەرێک بێتە لایان، لە هەر یەک لە ئۆمەتەکانی دیکە ڕێنوێنتر ئەبن، بەڵام کاتێ ترسێنەریان بۆ هات بێجگە لە دوور بوون لە هەق شتێ دیکەیان بۆ زیاد نەبوو ﴿٤٢﴾ (هۆی دوور بوونی ئەوانە لە هەق) لەبەر ئەمە بوو کە لە ئەرزدا خۆ بەزلزان بوون و بۆ گزیوفزی و فڕوفێڵیش زیان ناگەیێنێ مەگەر بە خاوەنەکەی، جا ئایا ئەوانە بێجگە لە چارەنووسی پێشێنان چاوەڕوانی شتێ دیکەن؟ ڕێ و ڕەوشتی خوا وایە قەت ناگۆڕدرێ و جێبەجێ نابێ ﴿٤٣﴾ ئایا بە زەویدا ناگەڕێن تا بنوارن و ببینن کە سەرەنجامی کەسانێ کە بەر لەوان بوون چلۆن بووە؟ کە لەمانەیش هێزێ زۆرتریان هەبوو هیچ شتێک لە ئاسمانەکان و زەویدا نییە کە خوا ناتەوان بکا و بتوانێ لەژێر دەسەڵاتی خوا دەرچێ، خوا زۆر زانا و توانایە ﴿٤٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەگەر خوا بیەوێ خەڵک لەبەر ئەوەی کردوویانە بیانگرێ (تۆڵەیان لێبستێنێتەوە) لەسەر پشتی کورەی ئەم زەوییە هیچ جووقەوار و زیندەوەر و گیانلەبەر و جووڵندەیەک نامێنێ، بەڵام (خوا بە لوتفی خۆی) ئەوانە تا سەردەمی دیاریکراو مۆڵەتیان ئەدا، جا کاتێ ئەجەلیان هات (گیانیان دەکێشێ)، جا بەڕاستی خوا سەبارەت بە بەندەکانی بینایە (و دەزانێ کەی سەردەمی مەرگیانە) ﴿٤٥﴾

## سوورەی یاسین ٨٣ ئایەتە

**سوورەی یاسین لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨٣ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دلّاوێن

یاسین (هۆی ئینسان) ﴿١﴾ سوێند بە قورئانێ کە سەرلەبەر کارزانییە ﴿٢﴾ بەڕاستی تۆ یەک لە پێغەمبەرانی (خوای) ﴿٣﴾ لەسەر ڕێگای ڕاستی ﴿٤﴾ قورئان خاوەن دەسەڵاتی فرە پرهێزی دلّاوێن ناردوویەتە خوارێ ﴿٥﴾ تا خەڵکی بترسێنێ کە باووباپیرانیان نەترسێنرابوون، جا لە بێهەواڵیدا بوون ﴿٦﴾ بەڵێنی خوا (عەزابی دۆژەهـ) زۆربەیان دەگرێتەوە، جا بڕوا ناهێنن ﴿٧﴾ ئاڵقەمان خستە ملیان، جا ئەو (ئاڵقەیە) تا چەناکەیان دەهات (پڕ بە گەردەنیان بوو)، جا سەریان بەرەو ژوور ڕادەگیردرا (ئیتر سەریان نەدەسووڕا و ڕێگای ئایاتی ئەنفوس و ئافاقیان لێبەسرا، چونکە هێزی ناسیاوییان لە کار کەوت) ﴿٨﴾ لە بەرامبەریاندا لەمپەرێکمان داناوە و لە پشت سەریشیان بەرهەڵستێکمان داناوە، پەردەیشمان دا بە بەرچاویاندا، ئیتر ناتوانن ببینن ﴿٩﴾ بۆیان یەکسانە چ بیانترسێنی یا نەیانترسێنی، بڕوا ناهێنن ﴿١٠﴾ تۆ تەنیا کەسێ ئەترسێنی (و بە دڵەخورپەی دەخەی) کە لەم قورئانە پەیڕەوی بکا و لە نهێنیدا لە خوای ڕەحمان بترسی، جا بە کەسێکی وا مزگێنی لێبوردن و پاداشی چاکە بدە ﴿١١﴾ ئێمە مردووەکان زیندوو دەکەینەوە و ئەوەی لە بەرا ناردوویانە و تەواوی شوێنەواری ئەوانە دەنووسین، هەموو شتێکمان لە کتێبی دیاریدەر (لەوحەلمەحفوز)دا ژماردووە (و بە ژمارە نووسیوە) ﴿١٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



بۆ ئەوان بەسەرهاتی خەڵکی ئەو ئاواییەیان (ئەنتاکیەی شام کە ئێستا کەوتۆتە بەر تورکیا) بۆ بگێڕەوە، کاتێ کە پێغەمبەران چوونە لایان ﴿١٣﴾ کاتێ دوو کەسمان ناردە لایان، بە درۆیان خستنەوە، بە (ناردنی) سێوەمی بەهێزمان کردن، هەموویان وتیان: بەڕاستی بۆ (ڕێنوێنی) لای ئێوە ڕەوانە کراوین ﴿١٤﴾ (خەڵکی ئەنتاکیە) وتیان: ئێوە نین مەگەر مرۆڤێکی وەکوو ئێمە و خوای ڕەحمان هیچ شتێکی نەناردووە و ئێوە بێجگە لە درۆ نالێن (کە خۆتان بە پێغەمبەر دەزانن) ﴿١٥﴾ وتیان: پەروەرێنەرمان دەزانێ کە ئێمە ڕەوانە کراوین بۆ لای ئێوە ﴿١٦﴾ لەسەر ئێمە نییە مەگەر ڕاگەیاندنی ئاشکرا ﴿١٧﴾ وتیان: ئێوەمان بە وەیشوومە داناوە و ئەگەر دوایی بەم قسانە نەهێنن، بەردەبارانتان دەکەین و ئازارێکی پڕ دەردتان لە ئێمەوە دەگاتێ ﴿١٨﴾ (پێغەمبەران) وتیان: شوومیتان بە خۆتانەوەیە ئەگەر ئامۆژگاری بکرێن (ئا بەمجۆرە وەڵام ئەدەنەوە، بەڵکوو ئێوە تاقمێکن لە ئەندازەی خۆ دەرکەوتوون و زیادەڕەوون ﴿١٩﴾ لەوپەڕی شارەوە مرۆڤێک (حەبیبی نەجار) بەپەلە هات و وتی: ئەی هۆزم! لەم نارداوانە پەیڕەوی بکەن ﴿٢٠﴾ لە کەسانێ کە هیچیان لە ئێوە ناوێ و خۆیشیان خەڵکێکی ڕێنوێنکراون پەیڕەوی بکەن ﴿٢١﴾ من بۆچ زاتێ نەپەرستم کە منی بەدیهێناوە، هەمووتان بەرەو لای ئەو دەگەڕێندرێنەوە ﴿٢٢﴾ ئایا بێجگە لەو خوایانێک بۆ خۆم هەڵبژێرم کە ئەگەر خوای ڕەحمان زیانم پێبگەیێنێ، تکای ئەوان کەمترین سوود بەمن ناگەیێنێ و من (لە سزادانی خوا) ڕزگار ناکەن ﴿٢٣﴾ بەڕاستی (ئەگەر کارێکی وا بکەم) لەو کاتەدا لە لاڕێیانی ئاشکرادا ئەبم ﴿٢٤﴾ بەڕاستی بە پەروەرێنەرتان بڕوام هێنا، جا لێمببیستن ﴿٢٥﴾ (ئەم پیاوەیان شەهید کرد، جا پێی) وترا: بڕۆ نێو بەهەشت، وتی: خۆزگە هۆزەکەم دەیانزانی ﴿٢٦﴾ کە پەروەرێنەرم منی بەخشی و منی هێنایە نێو ڕێزلێگیراوان ﴿٢٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



لەوەودوا هیچ لەشکرێکمان لە ئاسمانەوە بۆ سەر هۆزی ئەو نەنارد و ئێمە دابەزێنەر نەبووین (و ڕەوشتمان وا نەبوو) ﴿٢٨﴾ نەبوو مەگەر بانگێکی بەسامی ئاسمانی، جا لەناکاو هەموو لە جێی خۆیان سارد و سلار بوونەوە ﴿٢٨﴾ ئەی داخ و حەیف و مخابن بۆ ئەم بەندانە، هیچ پێغەمبەرێکیان بۆ نەهات، مەگەر ئەوەی کە گەمەیان پێکردن ﴿٣٠﴾ ئایا نەیاندی کە چ خەڵکێکمان بەر لەوان لەنێو برد کە ئیتر ناگەڕێنەوە لایان ﴿٣١﴾ هەموویان لای ئێمە (لە قیامەتدا) حازر ئەکرێن ﴿٣٢﴾ زەوی مردوو بۆ ئەوان نیشانە و ئامۆژگاری و پەندە، ئەوەمان زیندوو کردەوە و دانەوێڵەمان لەو دەرهێنا، جا لێی دەخۆن ﴿٣٣﴾ لەودا باغی خۆرما و ترێمان لێ بەدیهێنا و کانیاو و ئاومان لێهەڵقوڵاند و تاقگەیان کرد ﴿٣٤﴾ تا لە میوەکەی و دەسڕەنجی خۆیان بخۆن، ئایا سپاس ناکەن ﴿٣٥﴾ پاکە زاتێک کە هەموو جووتێکی (نێر و مێ، چ مرۆڤ چ گوڵ و گیا، چ زەراتی ئەرێ و نەرێ: موسبەت و مەنفی و ئەتۆم و هەستەی ئەتۆم و ئەلەکترۆنەکانی) خوڵقاندووە، چ لەوەی لە زوی دەیڕوێنێ و چ لە خۆیان و چ شتگەلێ کە نایزانن و نایناسن ﴿٣٦﴾ شەویش بۆ ئەوان نیشانە و پەندێ ترە کە ڕۆژی لێدەردەکێشن، جا لەناکاو تاریکی داگری هەموویانە ﴿٣٧﴾ تەبەق و گۆی ڕۆژیش بەرەو مەقەڕ و بنکەی خۆی لە گەڕاندایە (یانی تەبەقی ڕۆژ دارای حەرەکەتی ئینتیقالیە: واقیعییە، دیارە تەواوی مەنزوومەی شەمسی و تەنانەت کاکەشانی ڕێی شیری لە بزاودان. ئەریک ئۆبلاکێر؛ فیزیکی نەوین ٤٥ ـ ٤٨ «شەپۆل»)، ئەمە لە خاوەن دەسەڵاتی فرە زاناوە فەرمانی پێدراوە بۆ لای ئەستێرەی (وگا) لە گەڕاندا بێ و زەوی ساڵێ جارێک بە دەوری ڕۆژدا ئەگەڕێ) ﴿٣٨﴾ بۆ هەیڤ و مانگیش قۆناغگەلمان داناوە (دوای بڕینی ئەو قۆناغانە)، سەرەنجام بە وێنەی شاخەی ویشکی کۆنی خورما (کەوانی شکڵ و زەرد) دەگەڕێتەوە و دەبێتە دمەداس ﴿٣٩﴾ بۆ ڕۆژ ناشێ کە بگاتە مانگ و بۆ شەویش ناشێ لە ڕۆژ پێش کەوێ، هەموویان لە مەداری خۆیاندا مەلە دەکەن ﴿٤٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەمەیش بۆ ئەوان نیشانە و ئامۆژگاری و پەندە کە ئێمە هاوڕەگەزانی ئەوانمان لە گەمی تەژی
تەژی و پڕکراو (لەوان و بارەکانیان) هەڵمانگرتن ﴿٤١﴾ بە وێنەی کەشتی شتانی تریشمان بۆ
سازدان کە سواری بن ﴿٤٢﴾ ئەگەر بمانەوێ نوقمیان دەکەین، نە کەس بە دەنگیانەوە بێ و نە
لە نوقم بوونیش ڕزگاریان ببێ ﴿٤٣﴾ مەگەر چاکە و ڕەحمەتی ئێمە بیانگرێتە بەر، تا
زەمانێکی دیاریکراو لە ژیان کەڵک وەربگرن ﴿٤٤﴾ کاتێ پێیان بوترێ: لەوەی (عەزابێ کە
ڕووبەڕووتانە و لەوەی پشت سەرتانە خۆ بپارێزن، بەڵکوو بکەونە بەر ڕەحمەتی خوا (گوێ
نادەنێ ﴿٤٥﴾ هیچ نیشانەیێ لە نیشانەکانی پەروەرێنەریان بۆ نایێ مەگەر ئەوەی پشتی
تێدەکەن و ڕووی لێدەسووڕێنن ﴿٤٦﴾ هەردەمێ پێیان بوترێ: لەوەی خوا پێیداون بیبەخشن،
کافرەکان بە بڕوادارەکان دەڵێن: ئایا خۆراک بە کەسێ بدەین کە ئەگەر خوا بیویستبا، خۆراکی
پێئەدا (ویستی خوا ئەوەیە برسی بێ)، ئێوە نین مەگەر لە لاڕێییەکی ئاشکرادا ﴿٤٧﴾ دەڵێن:
ئەگەر ڕاستبێژن ئەم بەڵێنە کەی دێ ﴿٤٨﴾ ئەمانە چاوەنواڕ نین مەگەر نەعرەتە و
شریخەیەکی بەسام لەودەمانەی سەرگەرمی کێشەی نێوخۆیانن دەیانگرێ و لە نێویان دەبا
﴿٤٩﴾ (وەها کوتوپڕ بێ کە) نەتوانن وەسیەتیش بکەن یا بگەڕێنەوە لای خاووخێزانیان
﴿٥٠﴾ فوو بە کەڵەشاخ (شەیپوور)دا دەکرێ، لەناکاو ئەوانە لە گۆڕەکان دێنەدەرێ و بەرەو لای
پەروەرێنەریان بەتاڵووکە و بەلەز دەڕۆن ﴿٥١﴾ وتیان: وای بۆ ئێمە چ کەسێ ئێمەی لە
جێخەومان هەستان، ئەمە هەمان بەڵێنی خوای ڕەحمانە و پێغەمبەران ڕاستیان وتووە ﴿٥٢﴾
(ئەمە) نییە مەگەر نەعرەتە و بانگێکی بەسامی ئاسمانی، لەناکاو هەموو لای ئێمە (لە
ڕۆژی بەرێدا) حازر کراون ﴿٥٣﴾ لەو ڕۆژەدا غەدر و ناحەقی و ستەم لە هیچ کەس ناکرێ،
بێجگە لەوەی کە کردووتانە پاداش و سزا نادرێنەوە ﴿٥٤﴾

بەهەشتییەکان لە ڕۆژێکی وا بە نیعمەتی خواوە سەرگەرم و خۆش و شادن ﴿٥٥﴾ ئەوانە خێزانیان لەبەر سێبەردا لەسەر تەخت پاڵیان داوەتەوە ﴿٥٦﴾ بۆ ئەوان لە بەهەشتدا میوەی بەتام هەیە، هەرچی بیانەوێ و داوای بکەن بۆیان ئامادەیە ﴿٥٧﴾ پەروەرندەی دڵاوێنیش بە لەبز و فەرمایشتی خۆی سڵاویان بۆ دەنێرێ ﴿٥٨﴾ ئەی تاوانباران ئەمڕۆ جیا بنەوە و دوور بن ﴿٥٩﴾ ئەی ڕۆڵەکانی ئادەم مەگەر ئێوەم ڕانەسپاردبوو کە پەیڕەوی لە شەیتان نەکەن، شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئێوەیە ﴿٦٠﴾ من بپەرستن، ئەمەیە ڕێگای ڕاست ﴿٦١﴾ بە هەقیقەت (شەیتان) ژمارێ زۆری لە ئێوە لاڕێ کرد، جا ئایا نەتانزانی ﴿٦٢﴾ ئەمە هەر ئەو دۆژەهەیە کە بەڵێنتان پێدرابوو ﴿٦٣﴾ بە هۆی حاشا کردنتان ئەمڕۆ بڕۆنە نێو ئاگر (ی سووتێنەر) ﴿٦٤﴾ ئەمڕۆ مۆر لە زاریان ئەدەین و دەستیان قسەمان لەگەڵدا دەکەن و دەپەیون و پێیان شایەدی ئەدەن کە کردەوەیان چی بووە ﴿٦٥﴾ ئەگەر بمانەوێ نووری چاویان لە نێو دەبەین، بۆ ڕێگا دەیانەوێ لە یەکتر پێشکەون، جا کوێ دەبینن؟ ﴿٦٦﴾ ئەگەر بمانەوێ لە جێی خۆیان مەسخیان دەکەین (هەروەکوو بووکەڵەی بێگیان) تا نەتوانن بڕۆن بە ڕێدا و بگەڕێنەوە بۆ دواوە ﴿٦٧﴾ بە هەرکەس تەمەنی درێژ بدەین تەرح و بیچمیشی دەگۆڕین (وەکو منداڵ کەمدەسەڵاتیان دەکەین)، ئایا ئەقڵیان ناخنە کار ﴿٦٨﴾ هۆنە و شیعرمان بەو (محەمەد) فێر نەکردووە و هیچ پێویستیشی پێ نییە، ئەمە تەنیا بۆ یاد لە خوا کردنە و قورئانێکە شێوەی ژیان نیشان دەدا ﴿٦٩﴾ تا ئەوانەی (دڵ) زیندوون بیانترسێنی و بەڵێنی (عەزابی) هەق لە بارەی خوانەناسانەوە تەواو بێ ﴿٧٠﴾

ئایا ئەوانە نەیاندی کە بە دەسی پڕ هێزی خۆمان (پاتاڵ و مەڕومالآت) ئاژەڵ (وشتر و مەڕ و بزن و گا)مان بۆ خوڵقاندن، جا ئەوان خاوەنیانن ﴿۷۱﴾ ئەوانەمان بۆ کەوی و ڕام کردن، جا سواری هەندێکیان دەبن و لە گۆشتی هەندێکیشیان دەخۆن ﴿۷۲﴾ بۆ ئەوان لەوانەدا سوود و خواردنەوەگەلی (وەکوو شیر) هەیە، جا ئایا شوکری خوا ناکەن ﴿۷۳﴾ بێجگە لە خوا شتانێتریان پەرست، بەو هیوایە کە یارمەتی بدرێن ﴿۷۴﴾ ئەوانە ناتوانن یارمەتییان بدەن بەڵام ئەمان لە خزمەتیان بۆ پێشمەرگەیی ئامادەن ﴿۷۵﴾ جا قسەکانیان تۆ غەمگین نەکا، ئەوەی دەیشارنەوە و ئاشکرای دەکەن ئەیزانین ﴿۷۶﴾ ئایا مرۆڤ نەیدی (نەیزانی) کە ئەومان لە تۆم خوڵقاند، جا ئەو (وا بەهێز بووە کە) ئێستا بۆتە دوژمنێکی دیار ﴿۷۷﴾ بۆ ئێمە مەسەلێکی هێناوە و بەدیهێنانی خۆی لە بیر بردەوە و وتی: کێ ئەم ئێسکە پوواوانە زیندوو دەکاتەوە ﴿۷۸﴾ بڵێ: کەسێ ئەوانە زیندوو دەکاتەوە کە لە سەرەتاوە بەدیهێناوە و ئەو بە هەموو بەدیهاتوویەک زانا و ئاگایە ﴿۷۹﴾ زاتێ کە لە داری سەوز و شین ئاگری بۆ سازدان، جا ئێوە بەوە (بەو دەسەچیلە) ئاور دەکەنەوە ﴿۸۰﴾ ئایا زاتێ کە ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە، ناتوانێ وێنەیان بخوڵقێنێ، بەڵێ دەتوانێ و هەر ئەویشە بەدیهێنەری زانا و ئاگا ﴿۸۱﴾ فەرمانی ئەو ئەمەیە کە هەرکاتێ بیەوێ شتێ بەدیبێنێ پێی دەڵێ: ببە، جا بێدرەنگ دێتە دی ﴿۸۲﴾ پاک و بێخەوشە خوایێ کە هەموو شتێ بە دەس ئەوە، بۆ لای ئەویش دەگەڕێندرێنەوە ﴿۸۳﴾

## سوورەی سافات ۱۸۲ ئایەتە

دکتور ساڵح ئیبراهیمی



**سوورەی سافات لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٨٢ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بەوانەی ڕیز دەبەستن لەلای یەکتر ڕادەوەستن (و ڕیزی خۆیان تەکووز و لەبار کردووە) ﴿١﴾ سوێند بەوانەی لە نارەوا پێشی دەگرن (لە تاوان و خراپە) بە دەنگدان ﴿٢﴾ سوێند بە خوێنەرانی قورئان (یا کتێبە ئاسمانییەکان) ﴿٣﴾ خودای ئێوە هەر یەکێکە و تاکە (ئەمە وەڵامی سوێندەکانە) ﴿٤﴾ (ئەو خوا تاقانە) پەروەرێنەری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەوانەدایە، پەروەرێنەری خۆرهەڵاتەکانە ﴿٥﴾ ئێمە ئاسمانی نێزیکمان بە ئەستێرە ڕازاندەوە ﴿٦﴾ لە گشت شەیتانێکی بەدفەڕ و نافەرمان پاراستووە ﴿٧﴾ (ئیتر) کوڵ و گوێ لە قسەی باڵانشینان نەگرن (ئەگەر گوێ ڕابگرن) لە هەر لایەکەوە تیرباران دەکرێن ﴿٨﴾ تا دوور بنەوە، بۆ ئەوانە ئازاردانی بەردەوام هەیە ﴿٩﴾ مەگەر کەسێ (شەیتانێ) کە لە ناکاو شتێ بڕفێنێ، ئەویش بڵێسەی ئاگرێکی شوێن کەوێ ﴿١٠﴾ لەوان بپرسە: ئایا بەدیهێنانی (دووبارەی) ئەوان سەختترە یا ئەوانەی ئێمە خوڵقاندوومانە، ئێمە ماکی ئەوانمان لە قوڕێکی کزر و نیوەوشکی پێکەوە نووساو خوڵقاندووە ﴿١١﴾ تۆ سەیر ماوی و ئەوان جەفەنگ و گاڵتەوگەپیان پێدەکردن ﴿١٢﴾ هەرکاتێ پەند بدرێن، پەند ناگرن ﴿١٣﴾ هەرکاتێ نیشانەیەک ببینن، لە یەکتر دەخوازن گەمە و گەپجاڕی پێبکەن ﴿١٤﴾ دەڵێن: ئەمە جادوویەکی دیارە و هیچی‌تر ﴿١٥﴾ (ئەوانە دەڵێن: ئایا کاتێ مردین و بووینە خۆڵ و خاک و ئێسک ئایا جارێکی دیکە ئێمە زیندوو دەکرێینەوە ﴿١٦﴾ وێڕای باووباپیرانی پێشوومان (دەگەڕێینەوە)؟ ﴿١٧﴾ بڵێ: بەڵێ (هەمووتان زیندوو دەبنەوە) لە حاڵێکدا ملکەچ و زەبوونن ﴿١٨﴾ تەنیا تێراخوڕینێکە و ئەوسا هەر خۆیان دەڕوانن ﴿١٩﴾ دەڵێن: وەی وەی بۆ ئێمە، خۆ ئەمە ڕۆژی جەزا و سزایە؟ ﴿٢٠﴾ (بەڵێ:) ئەمە ڕۆژی لێک جیابوونەوەی هەق لە پووچ و باتڵ و پاک لە ناپاک و پیسە و لەم ڕۆژەدا لێک هەڵداوێرن کە بە درۆتان دەخستەوە ﴿٢١﴾ ئەوانەی کە ستەمیان کرد و لفی ئەوان و ئەوانەیش کە دەیانپەرست، کۆ بکەنەوە ﴿٢٢﴾ بێجگە لە خوا، هەموویان بۆ ڕێگای جەهەندەم ڕێنوێنی بکەن (و لێیان بخوڕن) ﴿٢٣﴾ ئەوانە ڕابگرن، بەڕاستی ئەوانە بەرپرسن و دەبێ پرسیاریان لێ بکرێ ﴿٢٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بۆچ یارمەتی یەکتر نادەن ﴿٢٥﴾ بەڵام ئەوانە لەم ڕۆژەدا هەموو بێدەنگ و ملکەچ (بۆ خوا) وێستاون ﴿٢٦﴾ (لەو حاڵەدا) هێندێ لەوان ڕوویان لە هێندێ تریان کرد و لە یەکتر پرسیار دەکەن ﴿٢٧﴾ دەڵێن: ئێوە (لە لاڕێیان) بوون کە لە ڕێگای خێرخوازییەوە هاتنە لامان (بەڵام گزیتان لێکردین) ئێمەتان لە ڕێگە لادا ﴿٢٨﴾ (لە وەڵاما) وتیان: بەڵکوو ئێوە خۆتان بڕواتان نەبوو ﴿٢٩﴾ ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان بەسەر ئێوەدا نەبوو، بەڵکوو خۆتان هۆزێکی یاخی و سەربزێو بوون و ملبادەرن ﴿٣٠﴾ وا گفتی (عەزاب)ی پەروەرێنەرمان لەسەر ئێمە وەڕاست گەڕا، ئێستا هەموومان چێژەرین ﴿٣١﴾ بەڵێ ئێمە ئێوەمان لاڕێکرد، خۆیشمان لاڕێ بووین ﴿٣٢﴾ هەموویان (پێشەوایان و پەیڕەوانی لاڕێ) لەو ڕۆژەدا لە عەزابی ئیلاهیدا هاوبەشن ﴿٣٣﴾ ئێمە بەمجۆرە لەگەڵ تاوانباران دەجووڵێینەوە ﴿٣٤﴾ هەرکاتێ بەوانە دەوترا: خودایێ بێجگە لە ئەڵلا نییە، خۆیان بە زل دەزانی و تەکەبوریان دەکرد ﴿٣٥﴾ دەیانوت: ئایا بەڕاستی ئێمە لەبەر شاعیرێکی شێت، دەس لە خواکانی خۆمان هەڵبگرین؟ ﴿٣٦﴾ وا نییە، بەڵکوو ئەو (پێغەمبەر) هەقی هێناوە و پێغەمبەرانی پێشوویشی سەلماندووە ﴿٣٧﴾ ئێوە (خۆبەزلزانانی دڵ کوێر) عەزابی دەرداوی دەچێژن ﴿٣٨﴾ ئێوە جەزا نادرێن مەگەر لە بەرامبەر کردووەیەکدا کە ئەنجامتان داوە ﴿٣٩﴾ مەگەر بەندە پاک و خالیسەکانی خوا (کە ئازار نادرێن) ﴿٤٠﴾ ئەمانە (بەندەکانی پاک) ڕسق و ڕۆزی دیاریکراویان بۆ هەیە ﴿٤١﴾ میوەی جۆراوجۆری پڕ بایەخ، ئەوانە ڕێز لێگیراون ﴿٤٢﴾ لە باغاتی پڕ و تەژی لە هەموو خێر و بێری ﴿٤٣﴾ لەسەر تەختگەلێ لە هەمبەر یەک پاڵیان داوەتەوە ﴿٤٤﴾ جامێ لەو بادەیەی کە لە چاوەی ڕەوانڕا دێ، خواردنەوەی پاکیشە) بە نێویاندا دەگەڕێندرێ ﴿٤٥﴾ سپی بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە خۆش و بە لەززەتە ﴿٤٦﴾ هیچ سەرێشەی تێدا نییە و ئاوەزیشان لەبەر مەستی لە دەس نادەن ﴿٤٧﴾ ژنانی چاوکەژاڵ و چاودرشت و جوانیان لایە کە تەنیا ئەوینداری مێردەکانی خۆیانن و لە حاند نامۆ چاو دادەخەن ﴿٤٨﴾ لووس و پاکژ وەک ئەمە (لە ناسکی و سپی بووندا) هەروەکوو هێلکەی پەلەوەرگەلێکن (کە لە ژێر باڵ و پەڕی پەلەوەردا) شاردرابێتەوە (و دەستی مرۆڤیان لێنەکەوتبێ) ﴿٤٩﴾ جا ڕوو دەکەنە یەکتر و لە یەک پرسیار دەکەن ﴿٥٠﴾ یەکێ لەوانە دەڵێ: من هاونشین (و دۆستێکم) هەبوو ﴿٥١﴾

دەیوت: ئایا بەڕاستی تۆیش لەوانەی بڕوایان هەیە بە خوا و ڕۆژی پەسڵان: (قیامەت)؟ ﴿٥٢﴾ ئایا کاتێ مردین و بووینە خاک و ئێسک و پێشەی پوواو، ئایا (جارێ دیکە) زیندوو ئەبینەوە و سزا ئەدرێین ﴿٥٣﴾ (خوا) وتی: ئاخۆ هیچ ئاگادارییەکتان لێی هەیە ﴿٥٤﴾ جا سەرنجی دا و ڕوانی، لەناکاو لە نێوەڕاستی دۆژەهدا دیتی ﴿٥٥﴾ پێی وت: سوێند بە خوا کە نێزیک بوو تۆ منیش تیابەری (تێهاوێژی) ﴿٥٦﴾ ئەگەر چاکە و ڕەحمەتی پەروەرێنەرم نەبووایە، منیش لە حازرکراوانی نێو دۆژەهـ دەبووم! ﴿٥٧﴾ جا ئایا ئێمە تازە نامرین؟ لە بەهەشتا دەمێنینەوە ﴿٥٨﴾ جیا لە مردنی پێشوومان ئیتر سزا نادرێین؟ ﴿٥٩﴾ هەر ئەمەیش بەختەوەری و دەسکەوتێ گەورەیە ﴿٦٠﴾ بۆ پاداش و ڕزگارییەکی وا، با خەباتکاران بکۆشن ﴿٦١﴾ ئاخۆ ئەم میوانداری و پەزیراییە باشترە یا داری ژەقنەمووت: (مەلعوونە) ﴿٦٢﴾ ئێمە ئەو دارەمان کردۆتە بەڵا و دەرد و ڕەنجێ بۆ ستەمکاران ﴿٦٣﴾ ئەوە دارێکە لە قووڵایی تەختی دۆژەهـ دەڕۆی ﴿٦٤﴾ بەر و میوە و خونچەی سەر لقەکانی دەڵێی سەروسەکوتی شەیتانەکانە ﴿٦٥﴾ دۆژەهییان لەوە دەخۆن و ڕەگ و غور و ورگی خۆیانی پێ دەماسێنن ﴿٦٦﴾ پاشان ئاوی لێڵ و شلوێ و لیخناوی بۆگەنی داخ داخی بەسەرا دەخۆنەوە ﴿٦٧﴾ پاشان گەڕانەوەیشیان بۆ دۆژەهـ ﴿٦٨﴾ باووباپیرانی خۆیانیان بە لاڕێیی دیتووە ﴿٦٩﴾ جا ئەوانە بەپەلە و بەتاڵووکە بە دوویاندا هەڵدێن ﴿٧١﴾ ئێمە ترسێنەرانێکمان ناردە نێویان ﴿٧٢﴾ دە بڕوانە سەرەنجامی ترسێنراوەکان چلۆن بووە؟ ﴿٧٣﴾ جیا لە بەندە پاکەکانی خوا ﴿٧٤﴾ نووح هاواری بۆ هێنناین فرە باش بە فریای کەوتین ﴿٧٥﴾ خۆی و خێزانەکەیمان لە غەم و پەژارەی گەورە ڕزگار کرد ﴿٧٦﴾

دكتورسا لح ئيبراهيمی



ئێمە تەنیا زارۆکانی ئەومان (لەسەر زەوی) هێشتەوە ﴿٧٧﴾ نێوچاکی ئەومان لە نێو بەرەکانی دواییدا هێشتەوە ﴿٧٨﴾ سەلام و درووود بۆ نووح لە نێو جیهانیاندا ﴿٧٩﴾ ئا بەمجۆرە پاداشی کارچاکان ئەدەینەوە ﴿٨٠﴾ ئەو لە بەندە خاوەن بڕواکانی ئێمە بوو ﴿٨١﴾ لە پاشان ئەوانیتر (دوژمنان)مان نوقم کرد ﴿٨٢﴾ ئیبراهیم لە پەیڕەوانی ئەو (نووح) بوو ﴿٨٣﴾ ئەودەمەی کە بە دڵ و دەروونێکی ساغ و پاک هاتە پێشگای خوا ﴿٨٤﴾ ئەو سەردەمەی کە بە باوک و هۆزی خۆی وت: چ دەپەرستن؟ ﴿٨٥﴾ ئایا بێجگە لە خوا بە درۆ خوایانی ترتان دەوێ ﴿٨٦﴾ جا چ گومانێکتان سەبارەت بە پەروەرێنەری جیهانیان هەیە ﴿٨٧﴾ تەماشایەکی ئەستێرەکانی کرد ﴿٨٨﴾ سا وتی: من نەخۆشم (لەگەڵتان بۆ دەرەوە بۆ جێژنگرتن نایەم) ﴿٨٩﴾ ڕوویان لێ وەرگێڕا و پشتیان تێکرد (و بۆ جێژن گرتن چوونە دەرەوەی شار) ﴿٩٠﴾ (ئیبراهیم) پەنامەکی چووە لای خواکانیان، جا (بە مەسخەرەوە) وتی: ئایا ئێوە شتێ ناخۆن؟ ﴿٩١﴾ چیتانە، بۆچ دەمتان هەڵناپچڕن و قسە ناکەن؟ ﴿٩٢﴾ لە پاشان پەنامەکی بە دەستی ڕاست تیانی سرەواند (هەمووی ورد کردن مەگەر بتی گەورە نەبێ) ﴿٩٣﴾ (هۆزەکەی) بە هەڵەداوان لە (ئیبراهیم) کۆ بوونەوە ﴿٩٤﴾ (ئیبراهیم) وتی: ئایا شتێ دەپەرستن کە بە دەستی خۆتان دەیتاشن و سازی ئەدەن ﴿٩٥﴾ (کەچی) خوا هەم ئێوە و هەم بتەکانی دەسکردی ئێوەی خوڵقاندووە ﴿٩٦﴾ وتیان: شوورە دیوارێکی بۆ هەڵچنن، (هەروەکوو دیواری دەوری ماڵ و حەسار و شار) جا (لەو سەرەوە) بیهاوێن و بیخەن و فڕێیدەنە نێو ئاگری سووتێنەر ﴿٩٧﴾ ویستیان گزی لێبکەن، ئێمەیش پتر ژێرمان خستن ﴿٩٨﴾ (ئیبراهیم لەوە ڕزگاری بوو) وتی: من دەچمە لای پەروەرێنەرم، ئەو بەم زووانە بۆ لای خۆی ڕێنوێنیم دەکا ﴿٩٩﴾ (ئیبراهیم پاڕاوە و) وتی: ئەی پەروەرێنەرم منداڵێکی ئاکارچاکم پێ بدە ﴿١٠٠﴾ جا مزگێنیمان بە کوڕێکی تازەلاوی لەسەرەخۆ و پڕ تابشت پێدا ﴿١٠١﴾ چون لەگەڵ باوکیدا گەیشتە تەمەنی کار و تێکۆشان، (ئیبراهیم) وتی: کوڕم لە خەودا دیتم کە سەرت ئەبڕم، بنواڕە تا بزانم بیروڕات (لەم بابەتەوە) چییە، وتی: بابە هەرچیت پێسپێردراوە بیکە، ئەگەر خوا بیەوێ لە خۆڕاگر و لە تابشتهێنەرانم گیر دێنی ﴿١٠٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

وەختێ هەردوو بڕیاری خۆیان سەلماند و (ئیبراهیم) ئیسماعیلی لەسەر توێڵ و هەنیە: ئەنی بەسەر ئەرزا درێژ و تخێڵ کرد ﴿۱۰۳﴾ گازین کردێ و هەرامان لێکرد ئەی ئیبراهیم ﴿۱۰۴﴾ ئەوەی لە خەودا پێتسپێردرابوو بەدیتهێنا، ئا بەمجۆرە پاداشی کارچاکان ئەدەینەوە ﴿۱۰۵﴾ ئەمە ئەزموونێکی دیار بوو ﴿۱۰۶﴾ ئەومان بە قوربانییەکی (پەزێکی) گەورە (بذبح عظیم) کڕیەوە و بەوە لە چۆرتمە ڕزگارم کرد ﴿۱۰۷﴾ نێوچاکی ئەومان لەبەرەکانی داهاتوودا هێشتەوە ﴿۱۰۸﴾ سەلام و درود لەسەر ئیبراهیم ﴿۱۰۹﴾ ئا بەمجۆرە پاداشی کارچاکان ئەدەینەوە ﴿۱۱۰﴾ بەڕاستی ئەو (ئیبراهیم) لە بەندە بڕوادارەکانی ئێمەیە ﴿۱۱۱﴾ بە ئیسحاق پێغەمبەرێکی لەچاکان مزگێنیمان پێدا ﴿۱۱۲﴾ ئێمە بەو و بە ئیسحاق بەرەکەتمان دا و لە زارۆکی ژێهاتی و هێژا و لایق و شیاو؛ ئەو دووانە هەندێ کارچاک بوون، هەندێ بە ئاشکرا غەدریان لە خۆیان دەکرد ﴿۱۱۳﴾ ئێمە نیعمەتمان بە مووسا و هارۆون دا ﴿۱۱۴﴾ ئەو دووانە و هۆزەکەیانمان لە خەم و ڕەنجی گەورە ڕزگار کرد ﴿۱۱۵﴾ ئەوانمان یارمەتیدا، جا سەرکەوتن ﴿۱۱۶﴾ کتێبی ڕوونکەرەوەی ئاسمانیمان پێدان ﴿۱۱۷﴾ ئەوانمان بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنوێنی کرد ﴿۱۱۸﴾ نێوی چاکمان لە نێو بەرەی دوارۆژا بۆ هێشتنەوە ﴿۱۱۹﴾ سەلام و درود بۆ مووسا و هارۆون ﴿۱۲۰﴾ ئا بەمجۆرە پاداشی کارچاکان ئەدەینەوە ﴿۱۲۱﴾ ئەو دووانە لە بەندە خاوەن بڕواکانی ئێمەن ﴿۱۲۲﴾ ئیلیاس لە پێغەمبەران بوو ﴿۱۲۳﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ بە هۆزەکەی خۆی وت: ئایا تەقوا ناکەن و پەرواتان نییە ﴿۱۲۴﴾ ئایا (بەعل: بت لە جیاتی خوا) بانگ دەکەن و باشترینی بەدیهێنەران بەجێدێڵن ﴿۱۲۵﴾ خوا پەروەرێنەری ئێوە و پەروەرێنەری باووباپیرانی پێشووتانە ﴿۱۲۶﴾

دکتورسا لح ئیبرا هیمی



(بتپەرستەکان) ئەو (ئیلیاس)یان بە درۆ خستەوە، لە دادگای ئیلاهیدا بۆ لێپرسینەوە حازر دەکرێن ﴿١٢٧﴾ مەگەر بەندە پاکەکانی خوا ﴿١٢٨﴾ ئێمە نێوی چاکی ئەو (ئیلیاس)مان لە نێو بەرەی دوارۆژا هێشتەوە ﴿١٢٩﴾ سەلام و درووود بۆ ئیلیاس (الیاسین هەمان ئیلیاسە) ﴿١٣٠﴾ ئا بەمجۆرە پاداشی کارچاکان ئەدەینەوە ﴿١٣١﴾ ئەو (ئیلیاس) لە بەندە خاوەن بڕواکانی ئێمەیە ﴿١٣٢﴾ لووت لە پێغەمبەرانە ﴿١٣٣﴾ کاتێ کە ئەو و هەموو کەسەکانی ئەومان ڕزگار کرد ﴿١٣٤﴾ مەگەر پیرێژنێک نەبێ کە لەگەڵ خەڵکی شاردا مایەوە ﴿١٣٥﴾ پاشان ئەوانی دیکەمان لە نێو برد ﴿١٣٦﴾ ئێوە بەرەبەیانان بەسەریاندا ڕادەبوورن ﴿١٣٧﴾ ئێواران و دەمی خۆرئاوا، ئایا ئەقڵتان ناخەنە کار؟ ﴿١٣٨﴾ یونس لە پێغەمبەران بوو ﴿١٣٩﴾ کاتێ کە چو بۆ لای ئەو گەمییە (پڕ لە بار و خەڵک) ڕایکرد ﴿١٤٠﴾ لەگەڵیاندا کەوتە نێو پشکهاویشتن و (یونس) دۆڕاندی ﴿١٤١﴾ ماسییەکی زەلام هەڵیلووشی و بۆ خۆی سەر کۆنەی خۆی دەکرد ﴿١٤٢﴾ جا ئەگەر ئەو (یونس) پاکی خوای نەگوتبایێ ﴿١٤٣﴾ تا ڕۆژی بەرێ لە زگی ماسیدا دەمایەوە ﴿١٤٤﴾ جا ئەومان فڕێدا سەر زەوییەکی چۆڵ و قاقڕ و ڕووت (بەژ) نەخۆشیش بوو ﴿١٤٥﴾ برکەی کوولەکە و کوندرێکمان بەسەریدا ڕواند و شینکرد ﴿١٤٦﴾ ئەومان نارد بۆ لای کۆرێکی سەدهەزار کەسی یا زیاتر ﴿١٤٧﴾ ئەوانە (هۆزی یونس) بڕوایان هێنا، جا ئێمە تا دەمی دیاریکراو (دەمی مەرگ) ژیانێکی خۆشمان پێدان ﴿١٤٨﴾ جا لەوانە بپرسە: ئایا کچ هی پەروەرێنەرتە و کوڕیش هی ئەوانە ﴿١٤٩﴾ یا ئێمە مەلائیکەتمان مێیینە بەدیهێنا و ئەوان شایەد بوون؟ ﴿١٥٠﴾ ئاگادار بن، ئەوانە هەرچی دەیڵێن لە درۆزنی خۆیانە هەڵیدەبەستن ﴿١٥١﴾ (دەڵێن) خوا منداڵی بووە، ئەوانە درۆزنن ﴿١٥٢﴾ ئاخۆ (خوا) کچانی لە جیاتی کوڕان هەڵبژاردووە ﴿١٥٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

چتانە چلۆن داوەری دەکەن ﴿١٥٤﴾ ئایا بیر ناکەنەوە ﴿١٥٥﴾ یا بەڵگەیەکی ڕوونتان لەم بارەوە هەیە ﴿١٥٦﴾ جا کتێبەکەتان بێنن ئەگەر ڕاستبێژن ﴿١٥٧﴾ ئەوانە لە نێوان خوا و جنۆکەدا (خزمایەتی و) نیسبەتیان داناوە، جنۆکەکان بە چاکی دەیانزانی کە ئەوان (بتپەرستان و جنۆکەکان) لە دادگای ئیلاهی حازر کراون ﴿١٥٨﴾ خوا لەو باسانەی ئەوان دەیکەن پاک و بێخەوشە ﴿١٥٩﴾ مەگەر بەندە پاکەکانی خوا ﴿١٦٠﴾ ئێوە و بتانێ کە دەیپەرستن ﴿١٦١﴾ کەستان بۆ بت بە فریو ناچێ ﴿١٦٢﴾ مەگەر ئەوانەی بۆ سووتان دەکێشرێنە دۆژەهـ ﴿١٦٣﴾ هیچ کەس لە ئێمە نییە مەگەر جێ (پایەوپلەیەکی) دیاری هەیە ﴿١٦٤﴾ ئێمە هەموومان (بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانی خوا) بەریز وەستاوین ﴿١٦٥﴾ ئێمە تەسبیحبێژانین (بێخەوشی خوا دەڵێین) ﴿١٦٦﴾ هەرچەند ئەوانە دەیانوت: (پاکی خوا دووپاتە دەکەنەوە) ﴿١٦٧﴾ ئەگەر بەڕاستی کتێبێک (وەکوو کتێبی ئاسمان)ی پێشینانمان هەبوایە ﴿١٦٨﴾ ئێمە لە بەندە خالیس و پاکەکانی خوا دەبووین ﴿١٦٩﴾ لەو کتێب (قورئان)ە حاشایان کرد و زوو دەزانن (چییان بەسەر دێ؟) ﴿١٧٠﴾ لەبابەت بەندەکانمانەوە کە بە پێغەمبەری نێردراون لە بەرا لێبڕاوین (و بەرنامەمان بۆ دیاری کردوون) ﴿١٧١﴾ هەر ئەوان سەرکەوتووانن ﴿١٧٢﴾ سپای ئێمە، هەر ئەوانن زاڵ ﴿١٧٣﴾ تا ماوەیەک ڕوویان لێ وەربگێڕە و وازیان لێبێنە ﴿١٧٤﴾ بڕوانە بارودۆخیان (چەن بێناوەڕۆکە)، ئەوانیش لە پاشان (بەرهەمی کاری خۆیان) دەبینن ﴿١٧٥﴾ ئایا ئازاردانی ئێمە بەتاڵووکە دەخوازن ﴿١٧٦﴾ هەردەمێ عەزابی ئێمە لە نێوماڵیان هاتەخوارێ، بەری درگایان لێ بگرێ ترسێنراوان بەرەبەیانێکی خراپ و شوومیان دەبێ ﴿١٧٧﴾ تا ماوەیەک وازیان لێبێنە ﴿١٧٨﴾ بڕوانە بارودۆخیان، جا ئەوانیش لە پاشان (نەتیجەی کاریان) دەبینن ﴿١٧٩﴾ پاکە پەروەرێنەرت، پەروەرێنەری خاوەن هێز لەو قسانەی کە لەبابەت ئەووەوە دەریدەبڕن ﴿١٨٠﴾ سەلام و درود بۆ پێغەمبەرانە ﴿١٨١﴾ هەموو حەمد و پەسنێ بۆ خوایە کە پەروەرێنەری جیهانیانە ﴿١٨٢﴾

## سوورەی صاد ٨٨ ئایەتە

دكتورسالح ئیبراهیمی



**سوورەی صاد لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨٨ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

صاد، سوێند بەم قورئانە کە خاوەن بیرهێنەرە (دەبێ ئامۆژگاری و پەندی لێ وەربگیردرێ) ﴿١﴾ بەڵام کافران گرفتاری غوللوور و جیاوازین ﴿٢﴾ چەن هۆزگەلێکمان کە بەر لەوان بوون تیابرد، جا هاواریان دەکرد، بەڵام دەرفەت (بۆ ڕزگار بوون) لە دەس چبوو ﴿٣﴾ ئەوانە سەریان سووڕما کە ترسێنەرێک لە خۆیان (ڕاپەڕیوە و) هاتۆتە لایان: کافران وتیان: ئەمە جادووگەرێکی زۆر درۆزنە ﴿٤﴾ چلۆن دەیەوێ لە جێی ئەو هەموو بتانەی دەتانپەرست، هەر خودایەک بپەرستن! ئەمە شتێکی سەیرە ﴿٥﴾ گەورەکانیان کەوتنە ڕێ و وتیان: بڕۆن و لەسەر پەرستنی خوایانی خۆتان سوور بن، ئەمە شتێکە لە ئێوە داوا کراوە ﴿٦﴾ ئێمە لە دینەکەی‌تردا شتێ وامان نەبیستووە، ئەمە درۆی سازداراوە ﴿٧﴾ چۆنە؟ لە نێو هەمووماندا قورئان تەنیا بۆ ئەو (محەمەد) هاتووە؟ دوودڵیشن کە قورئان من ناردبێتم، هێمان ئازاری ئێمەیان نەچێشتووە؟ (کە ئاوا بێپەروا قسە دەکەن) ﴿٨﴾ یا گەنجینەکانی چاکە و ڕەحمەتی پەروەرێنەرت، کە بەدەسەڵاتی بەخشەرە لای ئەوانە ﴿٩﴾ یا فەرمانڕەوایی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەم دووانەدایە تایبەتی ئەوانە؟ (ئەگەر وایە) بە نەردیواندا بە ئاسماندا هەڵگەڕێن و بێنە سەرێ (بەری وەحی بۆ پێغەمبەر بگرن) ﴿١٠﴾ لەوێدا سپایەکی شپرزە و تێشکاو لە چەن دەستە و تاقم هەن ﴿١١﴾ بەر لەوانە هۆزی نووح و عاد و (هەروا) فیرعەون کە خاوەنی هێز و کۆشکگەلی بڵێند بوون (پێغەمبەرانیان) بە درۆزن دانا و خەڵکیان چوارمێخە دەکرد ﴿١٢﴾ هۆزی سەموود و هۆزی لووت و یارانی ئەیکە (خاوەنانی لێرەوار: دارستان و جەنگەڵ: هۆزی شوعەیب) ئەوانیش دەستەگەلێ بەمجۆرە بوون کە پێغەمبەرانیان بە درۆزن دائەنا ﴿١٣﴾ هیچیەک (لەوانە) نەبوو مەگەر ئەوە کە پێغەمبەرانیان بە درۆزن دانا، جا ئازاردانی منیان لەسەر پێویست کرا ﴿١٤﴾ ئەمانە بێجگە لەمە چاوەنواڕ نین کە نەعرەتە و دەنگێکی ئاسمانی بەسام بێت، دەنگێک کە پێویستی بە دووپات بوونەوە نییە ﴿١٥﴾ وتیان: ئەی پەروەرێنەرمان بەر لە گەیشتنی ڕۆژی حیساب پسوولە و بەش و نامەی کردەوەمان بدەرێ ﴿١٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

لەڕاست ئەوەی دەیڵێن خۆڕاگر و بەتابشت بە و بێنەوە بیر بەندەی ئێمە، داودی بەدەسەڵات و خاوەن هێز لە هەر کاری پەشیمانی ڕووی تێدەکرد هەرپەنای بە ئێمە دێنا ﴿١٧﴾ کێفەکانیشمان کەوی فێر کردبوون، هەر ئێواران و بەیانیان لەگەڵ ئەو (داود)دا بێخەوشی و پەسنی خوا بڵێن ﴿١٨﴾ باڵندەکان کە لە دەوری ئەو (داود) کۆ دەکرانەوە هەموو (بۆ تەسبیح) بێخەوش و پاکی وتنی خوا بۆ لای ئەو دەگەڕانەوە (تا لەگەڵ داود یادی خوا بکەن) ﴿١٩﴾ فەرمانڕەواییەکەی ئەومان پتەو کرد و لەکارزانیمان پێدا بە قسەی ئەو هەموو کێشەیێ دوای پێدەهات ﴿٢٠﴾ ئایا هەواڵی شکایەتکەران بە تۆ گەیشتووە کاتێ کە لە دیواری کۆشک (ی میحراب)ی داود چوونە سەرێ ﴿٢١﴾ وەختێ لە داود وەژوور کەوتن داود لێیان ترسا، وتیان: مەترسە (ئێمە) دوو دادپەروەر و مافخواین (شکایەتکەر دژ بە یەک) کە یەکێکمان غەدری لەوی‌تر کردووە، لە نێوانماندا بە هەق داوەری بکە و ستەممان لێمەکە و لەسەر هەق و بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنوێنیمان بکە ﴿٢٢﴾ ئەمە برامە کە نەوەد و نۆ پەزی هەیە، منیش یەک مەڕم هەیە، جا ئەڵێ: ئەوەش بە من بسپێرە و لە قسە ڕەوانیدا بەسەرمدا زاڵە ﴿٢٣﴾ (داود) وتی: ئەو کە مەڕی تۆ دەخوازێ تا لەگەڵ مەڕەکانی خۆی بخا ستەمت لێدەکا، زۆرێ لە هاوبەشان لە یەکتر ستەم دەکەن، مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە و ئەمانەش زۆر کەمن، داود وای زانی کە ئەزموونە و تەنیا تاقیمان کردۆتەوە، جا لە پەروەردگاری خۆی داوای لێبوردنی کرد و کەوتە کڕنۆش و سوژدەی برد و پەنای بە خوا برد تا بیبەخشێ ﴿٢٤﴾ لەو هەڵەی ئەو خۆش بووین و لای ئێمە پلەی بەرزە، دوارۆژی چاکی بۆ هەیە ﴿٢٥﴾ ئەی داود! ئێمە تۆمان کردە خەلیفە (و نوێنەری) خۆمان لە زەویدا، جا لە نێوان خەڵکدا بە هەق داوەری بکە و مەچۆ بە دوی هەوا و ئارەزوودا کە تۆ لە ڕێگای خوا لابدا، کەسانێ کە لە ڕێگای خوا لابدەن و گومڕا بن، عەزاب و ئازاری سەختیان بۆ هەیە، لەبەر ئەوەی لە بیریان چوو کە ڕۆژی حیسابیان هەیە و حیسابیان لێدەکێشرێ ﴿٢٦﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەوەی لە نێو ئەو دووانەدایە بە خۆڕایی بەدی‌نەهێناوە، (ئەوانەی لایان وایە بە خۆڕایی بەدی هاتوون) ئەمە گومانی کافرانە، جا وای بۆ کافرانێ کە تووشی ئاگر دەبن ﴿٢٧﴾ ئایا کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە، هەروەکوو ئەمانە دادەنێین کە خراپکار و بێ‌فەڕن یا خۆپارێزان وەکوو تاوانباران بژمێرین ﴿٢٨﴾ کتێبێکی پیرۆزە کە بۆم ناردووی تا لە نیشانەکانی بیر بکەنەوە، خاوەن مێشک و ژیران پەندی لێ وەربگرن ﴿٢٩﴾ سولەیمانمان بە داود بەخشی، ئەو بەندەیەکی چاک بوو، بێ‌گومان ئەو ڕووی لە خوا بوو ﴿٣٠﴾ سەرلەنگۆڕێ و سەرلە ئێوارە وەختێ ئەسپانی ڕەسەنیان لەبەر چاوانی بە سولەیمان نیشانی دران ﴿٣١﴾ (سولەیمان) وتی: من ئەم کۆمەڵی مایین و ئەم ڕەوە ئەسپانەم بۆیێ خۆشدەوێ کە پەروەرێنەرم دەخەنەوە بیرم (و بۆ خەزام دەوێن، هەروا بۆیان دەنواڕی) تا لە بەرچاوی ئاوا بوون ﴿٣٢﴾ ئەو ئەسپانە ئەوندە سەرنجڕاکێش بوون کە سولەیمان وتی جارێکی دیکە ئەو ئەسپانە بگێڕنەوە بۆ لام، جا دەستی بەسەر یاڵ و گەردن و دەست و پێی ئەو ئەسپانەدا هێنا (و خۆشەویستی خۆی سەبارەت بەوان دەربڕی ـ تەفسیری ئیمام فەخری ڕازی و تەنتاوی) ﴿٣٣﴾ سولەیمانمان تاقی کردەوە و لاشەیەکمان بۆ فڕێدا، بان کورسیەکەی دیسان گەڕاوە لای خوا ﴿٣٤﴾ سولەیمان وتی پەروەرندەکەم بمبوورە و دەسەڵات و سامانی وام بدەیێ کە لە داوای من گیر هیچ کەسێ‌تر نەکەوێ دیارە بەختەوەر و دارا و بەدەسەڵات هەر تۆی ﴿٣٥﴾ ئێمە بامان بۆ ڕام و کەوی کرد تا بە فەرمانی ئەو بە نەرمی بۆ هەر شوێنێک ئەو بیویستبا دەکەوتە ڕێ ﴿٣٦﴾ هەموو ئەو شەیتانانەی وا پاڵە و کرێکاری قورەکاری و مەلەوانە بینەکێشەکانیش ئەو مەلەوانانەی کە بتوانن بچنە بن ئاو ﴿٣٧﴾ دەستەیێ‌تر (لە شەیتانەکان) کە پێکەوە بەستراو بە کۆت و زنجیر تۆق لە مل هاتبوونە بن فەرمانی ئەو ﴿٣٨﴾ ئەمە بەخششی بێ‌ژماری ئێمەیە، دەتەوێ ببەخشە یا ڕایبگرە ﴿٣٩﴾ سولەیمانیش لە نێزیکانی ئێمەیە و گەڕانەوەی چاکی هەیە ﴿٤٠﴾ یادی بەندەی ئێمە ئەیووب بکە، ئەوەدەمەی کە هاواری لە پەروەرێنەری خۆی کرد و گوتی: بەڕاستی شەیتان تووشی بەڵا و ڕەنج و ئازاری کردوم ﴿٤١﴾ پێی خۆت بکوتە بە زەویدا، ئەمە کانییە ئاوێکی فێنکە، بۆ شۆردن و مەلێ کردن و خواردنەوە ﴿٤٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



لە بەزەیی خۆمانەوە خاووخێزان (ژن و منداڵەکانی) و وێنەی ئەوانیشمان پێبەخشی تا ببێتە بیرەوەری بۆ هەموو خاوەن ئاوەزان ﴿٤٣﴾ (بە ئەیووبمان وت:) چەپکێ ساقەتی گیای تەڕ و ویشک (: قولێ توولی ورد و زراو. لقی تازە لک دەرکراو) بگرە بە دەستەوە و (خێزانتی (لیای کچی یەعقووبی) پێ لێدە و سوێندی خۆت مەشکێنە (کە درەنگ هاتبوو بە قسەیەوە)، ئێمە ئەو (ئەیووب)مان بەتابشت بینی (زانیمان کە خۆڕاگرە)، چ بەندەیەکی چاک بوو، ئەو هەمیشە تۆبەکار و ڕووی لە خوا ئەکرد ﴿٤٤﴾ بەندەکانی ئێمە: ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووب کە خاوەن هێز و بینا بوون یاد بکە ﴿٤٥﴾ ئێمە ئەوانمان وا پاکەوە کرد کە هەمیشە لە یادیماڵی ئاخیرەتدا بوون ﴿٤٦﴾ ئەوانە لای ئێمە لە هەڵبژاردراوانی چاکن ﴿٤٧﴾ ئیسماعیل و ئەلیەسەع و زولکیفل یاد بکە، هەموویان لە چاکانن ﴿٤٨﴾ ئەمە (بەسەرهاتی پێغەمبەران) یاداوەری و پەندێکە، بێگومان بۆ خۆپارێزان سەرەنجامێکی چاک هەیە ﴿٤٩﴾ باغەکانی بەهەشتی بەرین کە نەمانی بەسەردا نایێ و دەروازەکانی بۆ ئەوان کراوەیە ﴿٥٠﴾ لە حاڵێکدا کە لەوێ (لە بەهەشت)دا پاڵیان داوەتەوە و داوای هەر جۆرە میوە و (خواردن و خواردنەوەی زۆر دەکەن (کە خیرا بۆیان ئامادە ئەبێ) ﴿٥١﴾ لە کنیانە ژنانی هاوتەمەن کە تەنیا چاویان لە مێردەکەی خۆیانە لە ڕووی نامۆ چاو دادەخەن ﴿٥٢﴾ ئەمە ئەوەیە کە بۆ ڕۆژی (بەرێ و) ڕۆژی حیساب بەڵێنتان پێدراوە ﴿٥٣﴾ ئەمە ڕسق و ڕۆزی ئێمەیە کە دوابڕانی بۆ نییە ﴿٥٤﴾ ئەمە (جەزای خۆپارێزانە) بۆ مل‌بادەران بەدفەرترین جێی گەڕانەوە هەیە ﴿٥٥﴾ دۆژەهە کە (بۆ سووتان) دەکێشرێنە نێوی، جا چ جێگایەکی بەدفەڕە؟! ﴿٥٦﴾ ئەمە خواردنەوەیەکی داغ و کێم و زووخاوە، جا ئەبێ بیچێژن و بیخۆنەوە ﴿٥٧﴾ بێجگە لەمە هەموو جۆرە شکەنجەی دیکەیان بۆ هەیە ﴿٥٨﴾ (بەوان دەوترێ:) ئەم دەسەیش کە لەگەڵ ئێوە بەزۆر دەخرێنە دۆژەهـ بەخێر نەیێن، ئەوانە (بۆ سووتان) دەکەونە نێو ئاگر(ی دۆژەهـ) ﴿٥٩﴾ ئەوانە (بە سەرکردەکانی) خۆیان دەڵێن: بەڵکوو ئێوە (بەخێر نەیێن)، ئێوە ئەم شوێنە خراپەتان پێشەکی بۆ ئێمە ڕەچاو کردبوو، جا چ جێگە مانەوەیەکی خراپە ﴿٦٠﴾ (لەپاشان) دەڵێن: ئەی پەروەرێنەرمان! هەرکەس کە ئەم دەردەی پێشەکی بۆ ئێمە سازداوە ئازار و عەزابی ئەو لە ئاگرا دوو چەندان بکە ﴿٦١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



دەڵێن: بۆچ پیاوانێ کە لە خراپکارانمان ئەژماردن، ئێستا نایانبینین ﴿٦٢﴾ ئایا ئەوانەمان بە گاڵتە دەگرت (و ئێستا لە بەهەشتدان) یا چاو (لە نێو ئەو ئاگر و دووکەڵە) ئەونە (بە تەم و دووکەڵ کە نایانبینێ؟! ﴿٦٣﴾ ئەم کێشەی دۆژەهیانە ڕاستە و ئەبێ هەر بێتەدی ﴿٦٤﴾ بڵێ: من فەقەت ترسێنەرێکم، بێجگە لە خوای تاقانەی زۆر بەدەسەڵات هیچ خودایێ‌تر نییە ﴿٦٥﴾ پەروەرێنەری ئاسمانەکان و زەوییە و هەرچی لە نێوان ئەو دووانەدایە، پەروەرێنەری فرە بەدەسەڵات و تاوان بەخش و لێبوردەیە ﴿٦٦﴾ بڵێ: ئەوە هەواڵێکی گەورەیە! ﴿٦٧﴾ کە ئێوە لەوە خۆ دەبوێرن ﴿٦٨﴾ کاتێ باڵانشینەکان کێشە و دەمەقاڵە و گلە و بناشتیان لە نێودا پەیدا ببوو من عیلمم پێی نەبووە ﴿٦٩﴾ بۆیێ پێم ڕادەگەیێنرێ چونکا دەبێ ترس وەبەرنێرێ دیار بم ﴿٧٠﴾ ئەودەمەی کە پەروەرێنەرت بە مەلائیکەکانی فەرموو: خوڵقێنەری بەشەرێکم لە قوڕی کزر (مرۆڤێک لە قوڕ دروست ئەکەم) ﴿٧١﴾ جا هەرکاتێ تەواوم کرد و لەگیانی خۆم فووم پێدا کرد هەمووتان کوڕنوش و سوژدەی بۆ بەرن ﴿٧٢﴾ جا هەموو مەلائیکەکان بەتێکرا سوژدەیان بۆ برد ﴿٧٣﴾ مەگەر ئیبلیس (نەبێ) کە خۆی بە زل دانا و سپڵەیی‌کرد ﴿٧٤﴾ (خوا) فەرمووی: ئەی ئیبلیس چ شتێک بەرایی تۆی گرت کە سوژدە نەبەی بۆ شتێک کە من (بە قودرەتی خۆم بەدیم هێناوە؟! ئایا خۆت لا گەورەیە یا خۆت لە عال و بڵیندەکانی (بەرزتر لەوەی فەرمانی سوژدەت پێ‌بدرێ) ﴿٧٥﴾ (ئیبلیس خۆی بە زل دانا و) وتی: من لەو چاکترم! منت لە ئاگر خوڵقاندووە و ئەوت (ئادەمت) لەگڵ و خاک خوڵقاندووە ﴿٧٦﴾ (خوا) فەرمووی: لەو (لە بەینی مەلائیکە) بڕۆ دەرێ، بێ‌گومان تۆ دەرکراوی ﴿٧٧﴾ تا ڕۆژی بەرێ لەعنەتی منت لەسەر دەبێ ﴿٧٨﴾ (ئیبلیس) عەرزی خوای کرد: ئەی پەروەرێنەرم! تا ڕۆژێ (ئینسانەکان) زیندوو دەکرێنەوە، قان و دەرفەتم بدە ﴿٧٩﴾ (خوا) فەرمووی: تۆ لە مۆڵەتدراوانی ﴿٨٠﴾ تا ڕۆژ و کاتی دیاری‌کراو ﴿٨١﴾ (ئیبلیس) وتی: جا سوێند بە عیزەتی تۆ هەموویان لارێ دەکەم ﴿٨٢﴾ مەگەر ئەوانە کە لە بەندە پاک و خالیسەکانی تۆ بن ﴿٨٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



(خوا) فەرمووی: سا ڕاست هەر ئەمەیە و هەرچی من دەیڵێم ڕاستە ﴿٨٤﴾ بە تۆ و بەوانە کە پەیڕەویت لێدەکەن دۆژەهـ بە هەمووتـان تەژی و پـڕ دەکەم ﴿٨٥﴾ (ئەی پێغەمـبەر) بڵـێ: لە بەرابەر ڕاگەیاندنی قورئان و دینی خوا شتێک لە ئێوە ناخوازم و لەو کەسانەش نـیم کە بە درۆ شتێ بە خۆیانەوە دەنێن (قسەکانم بەڵگەدار و ڕوونن) ﴿٨٦﴾ ئەم قورئانە پەند و یادوادرییە بۆ جیهانیان ﴿٨٧﴾ بە هەقیقەت دوای ماوە و زەمانێک لە هەواڵی ئەوە ئاگادار ئەبن ﴿٨٨﴾

## سوورەی زومەر ٧٥ ئایەتە

**سوورەی زومەر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٧٥ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەم کتێبە (قورئان) لە خوای فرە بەدەسەڵات و لەکارزانەوە، هاتۆتە خوارێ ﴿١﴾ ئـێمە بە هەق قورئانمان بۆ تۆ بە خەڵات ناردووە، خوا بپەرستە و دینی خۆت بۆ ئەو پاک و بێخەوش ڕابگرە ﴿٢﴾ ئاگادار بە، دینی پاک تایبەت بە خوایە، ئەوکەسانەی کە بەجێی خوا گەورەگەلێکیان بـۆ خۆیان گرتووە بە دۆست دەڵێن: هەر بۆیێ عیبادەتیان بۆ دەکەین لە خـوا نێزێکمـان بـکەنەوە، خـوا بەو دووبەرەکـایەتیە ڕادەگـا کە لە نێـو ئەوانـدا هەیە، دیـارە خـوا مـرۆی درۆزنـی سـپڵە ڕێنوێنی ناکا ﴿٣﴾ ئەگەر خوا بیویستبا کە بۆ خۆی منداڵی بگرتبایە لە نێـو بەدیهاتووەکـانی خۆیدا هەرچی کە بیویستبا هەڵیدەبژارد، خوا پاک و بێخەوشە، هەر ئەوە خـوای تاقـانەی زۆر بەدەسـەڵات ﴿٤﴾ (خـوا) ئاسـمانەکان و زەوی بەڕاسـت و بەرهەق خوڵقانـدووە، شـەو لە ڕۆژ دەپێچێ و ڕۆژ لە شـەو (دەپێچـێ) و تەبەق و گـۆی ڕۆژ و هەیڤیشـی کەوی و ڕام (ی فەرمـانی خۆی) کردووە، هەر یەکە لەوانە تا ماوەی دیاریکراوی خۆیـان دەگەڕێـن، ئاگـادار بە هەر ئەوە فرە بەدەسەڵات و زۆر لێبوردوو ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



خوا ئێوەی لە تاکە کەسێ هێنایە دی و ژنەکەیشی هەر لە ماکی ئەو دروس کرد هەشت جووتی لە ئاژاڵ (وشتر و مەڕ و بزن و گا لە نێر و مێ) بەدیهێنا، ئێوەیش ئاوا دروس دەکا کە لە زگی دایکتاندا جار لە دوا جار لە سێ قوناغی تاریکدا (تاریکی زگ، پز، مەشیمە) هەڵگێڕ وەرگێڕتان پێدەکا، ئەمەیە خوا پەروەرێنەری ئێوە، کە فەرمان و دەسەڵات (لە دنیای بووندا) تایبەت بەوە، هیچ خوایێ بێجگە لە زاتی ئەو نییە، جا کەوایە بەرەو کوێتان وەردەگێڕن ﴿٦﴾ ئەگەر ناسپاسی بکەن، خوا لە عیبادەتی ئێوە بێنیازە و بە ناسپاسی پێنەزانی عەبدانی ڕازی نابێ و ئەگەر شوکری بکەن بەوە لێتان ڕازییە، هیچ کەسیش باری گوناحی کەسێتر وەستۆ ناگرێ، ئەوسا گەڕانەوەی هەمووتان بۆ لای پەروەرێنەرتانە، جا لەوەی دەتانکرد ئاگادارتان دەکا، خوا بەوەی لە نێو دڵ و سینگتاندایە ئاگا و زانایە ﴿٧﴾ هەردەمێ زیانێ بە مرۆڤ بگا ڕوو دەکاتە پەروەرێنەری و هاواری بۆ دەبا، لە پاشان هەرکاتێ نیعمەتێکی لە لایەن خۆیەوە پێبدا ئەوەی لەبەر ئەو هاواری بۆ خوا دەبرد لە بیر ئەکاتەوە و بۆ خوا دژ و وێنەگەلێ دائەنێ تا خەڵک لە ڕێگای ئەو لابدا، بڵێ: کەمێ بە حاشا کردنت لە خوا کەمێکی تر ڕاببوێرە، تۆ خەڵکی نێو ئاگری ﴿٨﴾ ئاخۆ ئەمە لەگەڵ کەسێکا کە شەوگاران ڕوو بە خودا ڕاوەستاوە و سوژدە دەبا و بەرفەرمانە و لە ڕۆژی بەرێ دەترسێ و بەهیوایە بەر بەزەیی و ڕەحمەتی پەروەرندەی خۆی بکەوێ وەکوو یەکە؟ بڵێ ئاخۆ زانا (کەسێ کە ئەرکی خۆی دەزانێ) و نەزان (کەسێ کە ئەرکی خۆی نازانێ) بەرانبەرن؟ تەنیا بە دڵ زیندووان ئامۆژگاری وەردەگرن ﴿٩﴾ بڵێ: ئەی بەندەکانی من کە بڕواتان هێناوە! لە (عەزابی) پەروەرێنەرتان خۆ بپارێزن، بۆ کەسانێ کە لەم دنیایەدا چاکەیان کردووە پاداشی چاکیان بۆ هەیە و زەوی خوا بەرفراوان و بەربلاوە، مزە و پاداشی خۆڕاگران بەبێئەژمار ئەدرێ ﴿١٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بڵێ: فەرمانم پێدراوە تا عیبادەتی خوا بکەم، بە پاکی و خالیسانە هەر لەسەر دینەکەی ئەو بم ﴿١١﴾ پێم‌سپێردراوە کە یەکەم موسوڵمان و خۆ بەدەسەوەدەر بم ﴿١٢﴾ بڵێ: ئەگەر نافەرمانی پەروەرێنەرم بکەم لە ئازاری ڕۆژی گەورە ئەترسم ﴿١٣﴾ بڵێ: تەنیا خوا دەپەرستم و بۆ ئەو دینم پاک و بێ‌خەوش دەکەم ﴿١٤﴾ بپەرستن هەرچی دەتانەوێ بێجگە لەو (خوا)، تۆ بڵێ: زیانکاران کەسانێکن کە لە ڕۆژی قیامەتدا خۆیان و خانەدانیان دەدۆڕێنن، ئاگادار بن! هەر ئەوەیە زیانێکی دیار و ئاشکرا ﴿١٥﴾ سێبەرەکانی ئاگر تۆی لەسەر تۆی لەبان سەریان وێستاوە و لە ژێریانیش هەر بەو جۆرە، ئەمە شتێکە خوا بەندەکانی خۆی پێ‌ئەترسێنێ، ئەی بەندەکانی من! خۆتان لە (عەزابی) من بپارێزن ﴿١٦﴾ کەسانێ کە لە پەرستنی بتەکان تەکیونەوە و ڕوویان کردۆتە خوا، خۆشی لەوان! سا تۆیش مزگێنی بە بەندەکانم بدە ﴿١٧﴾ کەسانێ کە گوێ ئەدەنە قسە و بە شوێن چاکتریاندا دەچن، ئەوانە کەسانێکن کە خوا ڕێنوێنی کردوون و هەر ئەوانیش خاوەن مەغز و مێشکن ﴿١٨﴾ جا ئایا کەسێ ئازاری بۆ بڕیار درابێ ئایا تۆ دەتوانی کەسێ کە لە نێو ئاگردایە بیگری و ڕایبکێشیتە دەرێ ﴿١٩﴾ بەڵام کەسانێ کە خۆیان لە نافەرمانی پەروەرێنەریان پاراستووە، باڵەخانە و غورفەگەلێ لە بەهەشتدا بۆ ئەوان هەیە، لەسەر ئەوانەشەوە نهۆمگەلێکی دیکە سازدراوە و لە ژێر ئەوانە چۆمە ئاو بەخوڕ دێ و دەڕوا، بەڵێنی خوایە، خوا لە بەڵێنی خۆی کل و لا نابێ ﴿٢٠﴾ ئایا نابینی کە خوا لە ئاسمانەوە بارانی نارد، جا ئەو بارانەی لە زەویدا بە شێوەی کانیاو دەریهێنا، لە پاشان کشتوکاڵ (گژوگیا و گوڵ)ی ڕەنگاوڕەنگی پێ‌دەڕوێنێ، لە دوای ماوەیێ هەموو ویشک دەبن، جا دەبینی کە زەرد و (و بێ‌گیان) بوون، ئەوسا وردی دەکا و (بە دەم باوە) دەیخاتە جموجۆڵ و بزووتن؟ لەمەدا پەندێک بۆ خاوەن مێشک هەیە ﴿٢١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



ئایا کەسێ کە خوا دڵ و دەروونی ئەوی بۆ ئیسلام گوشاد و ئاواڵە کردووە، دیارە کە لەبەر تیشک و تیرێژ و بەزەیی پەروەرێنەریدایە، (وەکوو کەسێکە کە دڵی ڕەق بێ؟) وای بۆ دڵڕەقان ئەوانە لە لاڕێیەکی دیاردان ﴿٢٢﴾ خوا چاکترین قسەی ناردووە، کتێبێ کە (قسەکانی لە جوانیا) وەکوو یەکن و هەر دووپاتەیش دەکرێنەوە، ئەو کەسانەی ترسی پەروەرندەی خۆیان لە دڵدایە، بە بیستنی، مچوڕکیان بە لەشدا دێ و پاشان دڵ و کەلەخ و لەشیان هیچ شارەزاکەرێکی بۆ نابێ، بە یادی خوا نەرم دەبێ و ئۆقرە دەگرێ، ئەمە ڕێنوێنی خوایە، کێ پێی خۆش بێ ڕێنوێنی دەکا و هەرکەسیش خوا لاڕێی بکا ﴿٢٣﴾ ئاخۆ کەسێ ناچار دەبێ سزای دەرد و ژانی ڕۆژی پەسلانی خۆی بە دەموچاوی خۆی لە خۆ لابدا، دەبێ چۆن بێ؟ بە ستەمکاران دەوترێ بچێژن سزای کارگەلێ کە دەتانکرد ﴿٢٤﴾ کەسانێ کە پێش ئەوان بوون (نیشانەکانی ئێمەیان) بە درۆ دانا، عەزابی خوا لە لایەکەوە بۆیان هات کە نەیانزانی (چلۆن بەسەریان هات ﴿٢٥﴾ خوا لەم جیهانەدا دەردی سووکایەتی پێچێشتن، ئازاری ئاخیرەت زلتر و سەختترە ئەگەر بزانن ﴿٢٦﴾ ئێمە لەم قورئانەدا هەر جۆرە نەزیلە و مەسەلێکمان بۆ خەڵک هێناوە تا بەڵکوو پەند بگرن ﴿٢٧﴾ قورئانێکە بە عەرەبی و خێچ و خواری و کەموکوڕی تیا نییە (ناردوویەتی) تا بەڵکوو لە خوا بترسن ﴿٢٨﴾ خوا دوو مرۆ بە نموونە دێنێتەوە: یەک خوڵامی چەند کەسێ دژ بە یەکترن ئەوی دیکەیان خوڵامی تاقە کەسێکە، ئاخۆ ئەم دووانە لە نەزیلەدا وەک یەکن و بەرانبەن؟ سپاس هەر بۆ خوایە، بەڵام زۆربەی خەڵک بەوە نازانن ﴿٢٩﴾ بەڕاستی تۆ دەمری و ئەوانیش دەمرن! ﴿٣٠﴾ لە پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا لەکن پەروەرێنەرتان دژایەتی و شەڕەقسە لەگەڵ یەکتر دەکەن ﴿٣١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



سا کێ لەوە نـاحەقترە کە درۆ بە دەم خـواوە دەکـا و قسـەی ڕاسـت کە بـۆی هـاتووە بە درۆی دەخاتەوە، ئایا خوانەناسان جێگایان لە جەهەندەمدا نییە؟ ﴿٣٢﴾ کەسێ کە ڕاستی (قورئانی) هێناوە و سـەلماندوویەتی، هەر ئەوانـن خۆپـارێزان ﴿٣٣﴾ ئەوەی بیـانەوێ لای پەروەرێنەریـان بۆیان هەیە، ئەوەیە پاداشی کارچاکان ﴿٣٤﴾ هەتا خوا خراپتـرین کـردەوەیەک کە ئەنجامیـان داوە لێیان بسڕێتەوە و بە باشترین لەوەی دەیانکرد پاداشیان پێ بـداتەوە ﴿٣٥﴾ ئایا خـوا بـۆ بەندەی خۆی بەس نییە؟ (کە ئاگـای لێـی بـێ) تـۆ بە کەسـانێ بـێجگە لە (خـوا) دەترسـێنن، هەرکەس کە خوا لاڕێی بکا هێچ ڕێنوێنێکی بۆ نابێ ﴿٣٦﴾ هەرکەس کە خوا ڕێنوێنی بکا، لە ڕێ بەدەر ناچێ و لاڕێ نابێ، ئایا خوا دەسەڵاتداری خاوەن تۆڵە وەرگرتنەوە نییـە ﴿٣٧﴾ ئەگەر لەوانە بپرسی چکەسێ ئاسـمانەکان و زەوی بەدیهێنـاوە؟ دەڵـێن: خـوا، بڵـێ: جـا ئەوانەی کە غەیری خوا دەپەرستن چلۆنیان دەبینی؟ ئەگەر خوای یەکتا بیەوێ بەڵا و زیانێکم پێبگەیێنێ، ئایا ئەوانە دەتوانن ئازار و بەڵای ئەوم لـێلادەن؟ یـا ئەگەر بەر بەزەیـی خـۆییم بخـا و بـیەوێ ڕەحمەتـێکم پـێبگەیێنـێ ئایـا ئەوانە دەتـوانن بەری ئەوە بگـرن، بڵـێ: خـوا بـۆ مـن بەسـە، خۆسپێران هەر خۆ بەو دەسپێرن و هەر بەو تەوەکول دەکەن ﴿٣٨﴾ بڵێ: ئەی هۆزم! ئێـوە کـاری خۆتان بکەن، منیش کاری خۆم دەکەم، کە بەمزووانەش ئەزانن ﴿٣٩﴾ چ کەسێ تووشی عەزابی ئابڕووبەر دەبێ و جەزرەبەی بێدوابڕان دێتە سەری ﴿٤٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئـێمە ئەم کتێـبە ئاسـمانییەمان بە هەق بـۆ تـۆ نـارد کە بە خەڵـک ڕایبگەیێنیـت، هەرکەس ڕێنوێن بێ، بۆخۆیەتی و هەرکەسیش لاڕێ بێ، بە زیانی خۆی لاڕێ دەبێ، تۆ بریکار و وەکیلـی ئەوان نی ﴿٤١﴾ ئەوانەی کە دێنە مردن، ئەوانەیـش کە لە خەو ڕاچـوون و نەمـردوون، خـودایە گیانیان ڕادەگرێ، جا ئەو گیانانە وا مردنـی بـۆ بڕیـار داون، هەر ڕادەگـرێ ئەوی دیکەیـش تـا وەختی دیاریکراو دێڵێتەوە، لەمەدا زۆر نیشانە هەن بۆ ئەوانە ڕادەمێـنن و تێـدەفکرن ﴿٤٢﴾ ئایا بێجگە لە خوا تکاکارانێکتان بۆ خۆتان پەیـدا کـردوە؟ بڵـێ: ئەگەرچی ئەو تکاکـارانەش هیچ شتێکیان بە دەسەوە نییە و شتێکیش دەرک ناکەن؟ ﴿٤٣﴾ بڵێ: تکا هەمووی تـایبەت بە خوایە، هەر بۆ ئەوە ئاسمانەکان و زەوی، لە پاشانیش هەر بـۆ لای ئەو دەگەڕێنـدرێنەوە ﴿٤٤﴾ هەرکاتێ خوا بە تاقانە بوون یاد دەکـرێ دڵ و دەروونـی کەسـانێ کە بڕوایـان بە ڕۆژی پەسـڵان نییە دەگیردرێ، بەڵام کاتێ کە غەیری خوایان بۆ دەکرێ ئەو کاتە شاد دەبـن ﴿٤٥﴾ بڵـێ: ئەی خوا! ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، زانا بە نهێن و ئاشکرا (دیار و نادیـار)، هەر تـۆ لە نێـوان بەندەکانتـدا لەوەی وا جیاوازییـان تێـدا هەیە داوەری دەکەی ﴿٤٦﴾ هەرچـی لە ڕووی زەویدایە و هێندەی تریش هی ستەمکاران بێ ئەیکەنە هەمبەر و بەرامبەر و بارتەقای خۆیـان تا خۆیان بەوە بکڕنەوە لە جەزرەبەی ڕۆژی پەسڵان ڕزگاریان بکا و ئازار نەدرێن (لێیان قەبووڵ نـاکرێ)، هێمـان لە لایەن خـواوە شـتگەلێکیـان بـۆ ڕوو ئەدا کە بیریـان لـێنەکردبـۆوە و نەیانهێنابووە ژمار ﴿٤٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئەمەیشیان بۆ ئاشکرا بوو کە چەند خراپەیان کردووە، ئەوشتانەی ئەوانە گاڵتەیان پێ دەکرد دەوراندەوری ئەوانی گرتووە ﴿٤٨﴾ جا هەرکاتێ بەڵا و زیانێ بگاتە مرۆ هاوار بۆ ئێمە دێنێ و لە پاشان هەرکاتێ نیعمەتێکیان بدەمێ دەڵێ: ئەم نیعمەتەم بە لێزانی پێدراوە، بەڵکوو ئەمە هۆی ئەزموونە، بەڵام زۆربەیان نازانن ﴿٤٩﴾ ئەوانەی پێش ئەمانیش بوون هەر ئەو قسانەیان کردووە، بەڵام هەرچی کردیان و کۆیان کردبۆوە سوودێکیان بۆ نەبوو ﴿٥٠﴾ جا سزای کاری خراپی خۆیان بەوان گەیی، کەسانێ کە لەمانە (خەڵکی مەککە)ش کە ستەمیان کردووە، تووشی سزای کردەوەی خراپی خۆیان دەبن و ناتوانن لە ژێر دەسەڵاتی خوا هەڵێن ﴿٥١﴾ ئایا هێمان نەیانزانیوە کە خوا بۆ هەرکەس کە بیەوێ، بژیو: ڕسق و ڕۆزی بۆ زیاد دەکا یا کەمی دەکاتەوە؟ لەمەدا نیشانەگەلێ بۆ هۆزێ کە بڕوا دێنن هەیە ﴿٥٢﴾ بڵێ: ئەی بەندەکانی من کە بە لادان لە ئەندازە ناحەقیتان لە خۆتان کردووە، لە بەزەیی و ڕەحمەتی خوا بێهیوا مەبن، خوا لە هەموو گوناحێ خۆش دەبێ، هەر ئەوە لێبووردە و بەخشەر و دڵاوێن ﴿٥٣﴾ بۆ لای پەروەرێنەرتان بگەڕێنەوە و خۆتان هەر بەو بسپێرن، بەر لەوەی عەزابتان بگاتێ کە لە دواییدا یارمەتی نادرێن ﴿٥٤﴾ باشترین دەستوورێ کە لە لایەن پەروەرێنەرتانەوە نازڵ بووە، پەیڕەوی لێ بکەن، بەر لەوەی عەزابی (خوا) لەناکاو بتانگاتێ، ئێوە لەوە بێئاگا بن ﴿٥٥﴾ (ئەم دەستوورانە بۆ ئەوەیە) تا کەسێ (لە ڕۆژی بەرێدا) نەڵێ: بەداخەوە هاوار و مخابن و حەیف بۆ من لە فەرمانبەری خودا درێخی و کەمتەرخەمیم کردووە، بەڕاستی لە گاڵتە و گەمەکەران بووم ﴿٥٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



یا بڵێ: ئەگەر خوا ڕێنوێنی بکردبام بە یەقین لە خۆپارێزان دەبووم ﴿٥٧﴾ یا وەختێ کە ئازار دەبینێ بڵێ: ئەگەر جارێتر بگەڕابامەوە سەر دنیا لە کارچاکان دەبووم ﴿٥٨﴾ بەڵێ نیشانەکانی منت بۆ هات، بە درۆت دانا و خۆت بە زل زانی و لە پێنەزانان بوی ﴿٥٩﴾ لە ڕۆژی بەرێدا کەسانێ کە درۆیان بە دەم خواوە کردووە، دەبینی کە ڕوویان ڕەش‌بووە، ئایا خۆ بەزلزانان جێگایان دۆژەهـ نییە؟ ﴿٦٠﴾ کەسانێ کە خۆیان پاراستووە، خوا بە هۆی کاری چاکیانەوە ڕزگاریان دەکا، خراپەیان وێناکەوێ و خەفەتیش ناخۆن ﴿٦١﴾ خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە و هەر ئەویش پارێزەری هەموو شتێکە ﴿٦٢﴾ کلیلەکانی ئاسمانەکان و زەوی هی ئەون و ئەوانەی کە لە نیشانەکانی خوا حاشایان کردووە، هەر ئەوانن زیاندیتوو ﴿٦٣﴾ بلی: (ئەی نەزانان) جا ئایا دەستوورم پێ ئەدەن کە بێجگە لە خوا بپەرستم؟! ﴿٦٤﴾ بە تۆ و بە پێغەمبەرانی بەر لە تۆیش ڕامانگەیاندووە کە ئەگەر هاوبەش بۆ خوا دابنێی کردەوەت پووچەڵ ئەبێ و لە زیانلێکەوتووان دەبی ﴿٦٥﴾ بەڵکوو تەنیا خوا بپەرستە و لە سپاسکاران بە ﴿٦٦﴾ ئەو جۆرەی شیاوە خوایان نەناسیوە، لە حاڵێکدا هەموو زەوی لە ڕۆژی بەرێدا بە دەس ئەوە و لە مشتی خوادایە و ئاسمانەکانیش بە دەسی خوا پێچراونەتەوە، خوا پاک و بەرز و بەرییە لەوەی دەیکەنە هاوبەشی ﴿٦٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

فوو دەکرێ بە کەڵەشاخ (شەیپوور)دا، جا هەمـوو ئەوانەی لە ئاسـمانەکان و زەویـدان دەمـرن، مەگەر کەسانێ کە خوا بیەوێ، لە پاشان جارێکی دیکە فوو دەکرێ بە کەڵەشاخدا، جا لەناکاو هەموو ڕاسـت دەبـنەوە و چـاوەڕوانی (جەزا و سـزا) دەبـن ﴿٦٨﴾ ئەم زەویـیە (لەو ڕۆژەدا) بە تیشـکی پەروەرێـنەری خـۆی ڕووناک دەبێـتەوە و نـامەی کـردەوە لە بەردەمیـان دائەنـرێ و پێغەمبەران و شایەدان حازر دەکرێن و لە نێوانیاندا بە هەق داوەری دەکرێ، لەوانە ستەم ناکرێ ﴿٦٩﴾ پاداشی هەرکەس بەرامبەر کردەوەی بە تەواوی ئەدرێ، لە حاڵێکدا خوا بە کارگەلێ کە دەیانکرد ئاگاترە ﴿٧٠﴾ ئەو کەسانەی حاشایان لە خوا کردووە، بـۆ جەهەنـدەم بە کـۆمەڵ خڕ دەکـرێنەوە و بە خۆشـی و ناخۆشـی ڕەپـێچەک دەدرێـن تـا کـاتێ دەگەنە دۆزەهـ درگاکـانی دەکرێتەوە گزیر و نیگاوانەکانی دۆزەهـ بەوان دەڵێن ئایا پێغەمبەرانێ لە ئێـوە بۆتـان نەهـاتن کە نیشانەکانی پەروەرێنەرتان بە سەردا بخوێنێتەوە و لە دیداری ئەم ڕۆژە بتانپرینگێنێتەوە؟! دەڵێن: بەڵێ (پێغەمبەران هـاتن)، بەڵام بڕیـاری عەزاب بـۆ کـافران هەقیقەتـی پەیـدا کردبـوو ﴿٧١﴾ بەوانە دەوترێ: لە درگاکانی دۆزەهەوە بڕۆنە ژوورێ، بۆ هەمیشە لەوێدا قەتیس بن، جا چەند خراپە جێی خۆبەزلزانان؟! ﴿٧٢﴾ کەسانێ کە لە پەروەرێنەریان ترسان پـۆلپـۆل ئەبـرێنە بەهەشـت، تـا کـاتێ دەگەنە ئەوێ و درگاکـانی بەهەشـتیان بـۆ دەکـرێتەوە و درگاوانـان و کاربەدەسانی بەهەشت بەوان دەڵێن: سەلامتان لەسەر بـێ، پـاک بـوون، جـا بـڕۆنە نێـوی و بـۆ هەمیشە لەوێدا بمێننەوە ﴿٧٣﴾ ئەڵـێن: سـپاس بـۆ خـوایێ کە هەر بەڵێنـی کە بە ئـێمەی دا ڕاسـت بـوو، ئەو زەویـیەی (بەهەشـت) بە میـرات بە ئـێمەی دا و ئێسـتا لە هەر شـوێنێکی بەهەشت کە بمانەوێ جێ دەگرین، جا پاداشی خەباتکاران چەند باشە ﴿٧٤﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



فریشتەکان دەبینی کە بە دەوری (تەخت) عەرشدا ئاڵقەیان داوە و خول دەخۆن و پەسنی پاکی خوا دەدەن هەرچۆنی ڕاستە، وا بە ناویان ڕاگەیشتوون و ئەڵێن: سوپاس بۆ پەروەرندەی هەموو دنیا ﴿٧٥﴾

## سوورەی غافیر ٨٥ ئایەتە

**سوورەی غافیر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨٥ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

حا، میم ﴿١﴾ ئەم کتێبە لە لایەن خوای فرە بەدەسەڵاتی فرە زانا ناردراوەتە خوارێ ﴿٢﴾ (خوای) بەخشەری تاوان وەرگری تۆبە و پەشیمانیە و سەخت ئازار و خاوەنی چاکە و نیعمەتە، بێجگە لەو هیچ خودایێتر نییە و گەڕانەوەی هەموو بۆ لای ئەوە ﴿٣﴾ بێجگە لە خوانەناسەکان کەسێتر لەسەر لە نیشانەکانی خوا کێشە ناکا، جا کەوابێ هاتوچۆ و گەڕ و خولەخولیان بە شاراندا تۆ بە فریو نەبا ﴿٤﴾ هۆزی نووحیشن پێش ئەمانە و چەند کۆمەڵیش لەدوای ئەوان، (خوا و پێغەمبەرەکەی خۆیان) بە درۆ خستەوە، هەر کۆمەڵێ لێبڕا کە پێغەمبەری خۆی بگرێ (و ئازاری بدا)، بە قسەی پووچیش ویستبوویان جێ بۆ حەق و ڕاستی نەهێڵنەوە، جا ئەوانم گرت و (سازمدان)، جا بزانە ئازاری من چلۆن بوو ﴿٥﴾ ئا بەمجۆرە فەرمانی پەروەرێنەرت لەبابەت کەسانێکەوە حاشایان لە خوا و پێغەمبەر کرد هاتەدی، دیارە ئەوانە جەهەندەمیشن ﴿٦﴾ ئەوانە کە عەرش (تەختی خوا) هەڵدەگرن و ئەوانەی بە دەورییەوەن پەسن و حەمدی پەروەرێنەریان دەڵێن و بڕوایان بەو هەیە و بۆ کەسانێ کە بڕوایان هەیەو داوای لێبووردن بۆ بڕواداران دەکەن و (دەڵێن:) ئەی پەروەرێنەری ئێمە! بەزەیی و ڕەحمەت و زانین و عیلمی تۆ هەموو شتی داگرتووە، جا ئەوانەی لە کردەی خۆیان پەشیمان بوونەتەوە و تۆبەیان کردووە و هاتونە سەر ڕێگای تۆ بیانبوورە و بیانبەخشە و لە ئاگری دۆژەهـ بیانپارێزە ﴿٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



(دەڵێن:) ئەی پەروەرێنەری ئێمە! ئەوانە بەرە نێو باغگەلێ هەمیشەیی کە بەڵێنت پێدابوون و هەروا چاکان لە باووباپیرانی ئەوان و خێزانیان و زارۆکەکانیان، (بەرە ناو بەهەشتی دائیمی خۆت) هەر تۆ فرە بەدەسەڵات و لەکارزانی ﴿٨﴾ ئەوانە لە بەڵای خراپ بپارێزە، لەو ڕۆژەدا هەرکەس لە بەڵای خراپ بپارێزی، ڕوحمت پێکردووە، هەر ئەمەیە کامڕانی و ڕزگاری گەورە ﴿٩﴾ کەسانێ کە کافربوون (لە قیامەتدا) هاواریان لێدەکرێ کە دوژمنی و ڕقی خوا سەبارەت بە ئێوە لە دوژمنی خۆتان لەبابەت خۆتانەوە زیاترە، کاتێ کە بۆ لای بڕواهێنان بە خوا و بە پێغەمبەر) بانگکران، حاشاتان کرد و بڕواتان نەهێنا ﴿١٠﴾ دەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! دوو جار ئێمەت مراند و دوو جار ئێمەت زیندوو کردەوە، جا ئێمە پێی لە تاوانی خۆمان دەنێین، جا ئایا ڕێگایەک بۆ دەرچوون هەیە؟! ﴿١١﴾ ئەمەتان بۆیێ بەسەر دێ لەبەر ئەوەیە کە هەرکاتێ بە تاقانە بوونی خوا بانگ بکرابان، ئینکارتان دەکرد و ئەگەر بۆ خوا هاوبەشیان دابنایە بڕواتان دێنا، جا فەرماندان هەر تایبەتی خوای بەرز و گەورەیە ﴿١٢﴾ کە نیشانانی خۆی بە ئێوە نیشان ئەدا و لە ئاسمانەوە ڕسقتان بۆ دەنێرێ، تەنیا کەسێ لەو ئامۆژگارییە تێدەگا کە ڕوو بکاتە خوا (و بۆ لای ئەو بگەڕێتەوە) ﴿١٣﴾ جا بە دڵپاکی هاوار لە خوا بکەن و دینی خۆتان بۆ ئەو خالیس و پاک بکەن، هەرچەند کافران پێیان ناخۆش بێ ﴿١٤﴾ ئەو بەرزکەرەوەی پلەی بەندەکانی (چاک)ە، خاوەن تەختی دەسەڵاتە، بە فریشتەی تایبەتیدا وەڵامی خۆی بۆ هەرکەسێ لە عەبدانی خۆی حەز بکا بەرێ دەکا، تا خەڵک لە ڕۆژی بەرێ کە تووشیان دێ بیانترسێنێ ﴿١٥﴾ ڕۆژێ کە هەموو ئاشکرا دەبن، هیچ شتێ لەوانە لە خوا نهێن و ناشاردراوە نابن، لەو ڕۆژەدا موڵک و دەسەڵات تایبەت بە کێیە؟ تایبەت بە خوای تاقانەی پڕ دەسەڵاتە ﴿١٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



لەو ڕۆژەدا هەموو کەس بە ئەندازەی کردەوەی خۆی پاداش ئەدرێ، ستەمکردن لەو ڕۆژەدا نییە (و نامێنێ)، خوا زوو بەپەلە بە ژماردن ڕادەگا ﴿١٧﴾ ئەوانە لە ڕۆژی نێزیک (قیامەت) بترسێنە کە (لە ترسا) گیانیان (دڵیان) دەگاتە گەروویان (نووکی لوتیان) لە خەم تەژین، بۆ ستەمکاران دۆستێ نییە و تکاکارێکیش نییە کە قسەی ببیسرێ و (تکای بۆ بکا) ﴿١٨﴾ خوا باش دەزانێ کێ چاوی خەیانی هەیە و چییان لە دڵ و دەروونـدا شاردوونەوە ﴿١٩﴾ خوا بەڕاستی و بە هەق داوەری دەکا، کەسانێ لەباتی خوا بانگی بت دەکەن، بت هیچی لە دەس نایێ و ناتوانن هیچ داوەری بکەن، هەر خوا بیسەر و بینایە ﴿٢٠﴾ ئایا بە زەویدا نەگەڕاون تا بنوارن کە سەرەنجامی ئەوانەی کە بەر لەوان بوون چلۆن بووە؟ هێزی ئەوان و شوێنەوارێ کە لە ڕووی زەوی بەدییان هێنابوو لە هی ئەمانە زیاتر بوو، جا خوا ئەوانی بە سزای تاوانیان گرت و لە ڕاست عەزابی خوادا بۆ ئەوان پارێزەرێ نەبوو ﴿٢١﴾ ئەمە لەبەر ئەوە بوو کە پێغەمبەرەکانیان بەڵگەی ڕوونیان بۆ هێنان، جا حاشایان کرد، خوایش ئەوانی گرت (و سزای دان)، بەڕاستی خوا زاڵی سەخت ئازارە ﴿٢٢﴾ بە هەقیقەت ئێمە مووسامان بە نیشانەکانی خۆمان و بەڵگەی ڕوونەوە نارد ﴿٢٣﴾ بۆ لای فیرعەون و هامان و قاروونمان نارد، وتیان: (مووسا) جادووگەرێکی زۆر درۆزنە ﴿٢٤﴾ جا کاتێ (مووسا) لە لایەن ئێمە بە دینی هەق هاتە لایان وتیان: کوڕانی کەسانێ کە بڕوایان بەو (بە مووسا) هێناوە بکوژن و ژنەکانیشیان (بۆ خزمەت) زیندوو ڕابگرن، گزی و فزی خوانەناسان سەری نەگرتووە و لە لاڕێی بێکەڵک گیری خواردووە ﴿٢٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



فیرعەون وتی: لێمگەرێن تا مووسا بکوژم و با ئەویش خوای خۆی بانگ بکا (تا رزگاری بکا) من ئەترسم کە دینی ئێوە بگۆڕێ یا لەم زەوییەدا ئاژاوەیەک بنێتەوە ﴿٢٦﴾ مووسا وتی: هانا دەبەمە بەر زاتێ کە منیش و ئێوەیشی پەروەراندووە تا من بپارێزێ لە هەموو خۆ بەزلزانێ کە باوەڕی بە ڕۆژی حیساب و بەرێ نییە ﴿٢٧﴾ مرۆڤێکی بڕوادار لە بنەماڵەی فیرعەون کە بڕوای خۆی دەشاردەوە، وتی: ئایا دەتانەوێ مرۆڤێک بکوژن. لەبەر ئەوەی دەڵێ: پەروەرێنەرم ئەڵڵایە، لە کاتێکا بە هەقیقەت بەڵگەگەلێکی ڕوونی لە لایەن خواتانەوە بۆ هێناون، ئەگەر درۆزن بێ درۆکەی بە ئەستۆی خۆیەتی و ئەگەر ڕاستبێژیش بێ، هەندێ لەو بەڵێنانەی بە ئێوەی داوە پێتان دەگا، خوا کەسێ کە زیادەڕەو و زۆر درۆزن بێ ڕێنوێنی ناکا ﴿٢٨﴾ گەلۆ! ئەی هۆزی من ئەمڕۆ فەرمانڕەوایی هی ئێوەیە و لەم سەرزەوییە زاڵن، جا ئەگەر عەزابی خوامان بۆ بێ چ کەسێ یارمەتیمان دەدا؟! فیرعەون وتی: من بێجگە لەو شتێکتان نیشان نادەم کە بڕوام پێیەتی، من بێجگە بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنوێنیتان ناکەم ﴿٢٩﴾ کەسێ کە بڕوای هێنابوو، وتی: ئەی هۆزم! من بۆ ئێوە ترسم لەوەیە و دڵنیگەرانم ئەو بەڵایەی بەسەر کۆمەڵانی خوانەناساندا هاتووە بەسەر ئێوەیشدا بێ ﴿٣٠﴾ وەک ڕووداوی هۆزی نووح و عاد و سەموود و کەسانێ کە دوای ئەوان بوون (لە ملبادان ئەترسم)، خوا گەرەکی نییە ناحەقی لە عەبدانی خۆی بکا ﴿٣١﴾ ئەی هۆزم! لەو ڕۆژەی کە بانگ لە یەکتر دەکەن (و دەنگتان بە کەس ناگا) ترسم بۆتان هەیە کە دەبێتە هاوار هاوار؛ لێتان بقەومێ ﴿٣٢﴾ ئەورۆژە کە هەموو پشت تێدەکەن و هەڵدێن و هیچ پەناگایەک بۆ ئێوە لە بەرامبەر خوادا نییە، هەرکەس کە خوا لاڕێی بکا، هیچ ڕێنوێنێکی بۆ نابێ ﴿٣٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



یوسف بەر لەمە بە بەڵگە ڕوونەکانەوە هاتە لاتان، جا ئێوە لەوەی ئەو بۆتانی هێنابوو هەروا لە شکا بوون، جا کاتێ یوسف مرد، وتتان: خوا دوای ئەو ئیتر هەرگیز پێغەمبەرێک نانێرێ، ئا بەمجۆرە هەرکەسێک دوودڵی بکا و لە ئەندازەی خۆی دەربچێ خوا ڕێگەی لێ دەگۆرێ ﴿۳۴﴾ ئەوانەی کە لە نیشانەکانی خوا بێئەوەی بەڵگەیەکیان بۆ هاتبێ دەمەقرە دەکەن؛ ئەو مشتومڕەیان دەبێتە هۆی تووڕەیی خوا و بڕواداران، ئاوا خوا بەسەر دڵ و دەروونی هەر خۆبەزلزانێکی ستەمکارا مۆر دائەنێ ﴿۳۵﴾ فیرعەون بە هامانی وت: کۆشکێکی بەرزم بۆ ساز بدە، بەڵکوو بگەمە ئاسۆ دوورە دەسەکان ﴿۳۶﴾ ئاسۆکانی ئاسمانەکان تا لە خوای مووسا ئاگادار بم و گومان ئەبەم کە درۆزنە، ئا بەمجۆرە کردەوەی گەند و خراپی فیرعەون لە بەرچاوی ڕازابۆوە و ئەوی لە ڕێگای هەق گێڕایەوە، گزی و فێڵی فیرعەون و (فیرعەونیان) بەفیرۆ چوو ﴿۳۷﴾ ئەو کەسەی (وا لە هۆزی فیرعەون) بڕوای هێنابوو وتی: ئەی هۆزم! لە من پەیرەوی بکەن تا بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنوێنیتان بکەم! ﴿۳۸﴾ ئەی هۆزم! ژیانی ئەم دنیایە هەر سەرێکە و تێدەپەڕێ و دەبڕێتەوە، هەر ماڵی ئەولا جێی یەکجاری و جێی حەسانەوەی هەمیشەییە ﴿۳۹﴾ هەرکەس کاری خراپ بکا، جا سزا نادرێ مەگەر بە ئەندازەی ئەوە و هەرکەسیش لە نێر و لە مێ (لە ژن و پیاو) کاری چاک بکا و بڕواداریش بێ، جا ئەوانە دەچنە بەهەشت و بێئەژمار ڕسق و ڕۆزییان لەوێدا پێ ئەدرێ ﴿۴۰﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



گەلۆ! ئەی هۆزا! چیمە کە من بۆ ڕزگار بوون بانگتان دەکەم و ئێوە من بۆ لای ئاگر بانگ دەکەن؟ ﴿۴۱﴾ من بانگ دەکەن تا لە خوا حاشا بکەم و هاوبەشی بۆ دابنێم کە نایناسم و عیلمم پێی نییە، من ئێوە بۆ لای خوای فرە بەدەسەڵات و زۆر لێبور بانگ دەکەم ﴿۴۲﴾ هیچ شکی تیا نییە کە ئەوەی ئێوە منی بۆ لای بانگ دەکەن، توانای ئەوەی بۆ نییە کە لە دنیا و ئاخیرەتدا کەسێ بۆ لای خۆی بانگ بکا، گەڕانەوەی هەموومان بۆ لای خوایە و زیادەڕۆیان و ئەوانەی لە قاس و ئەندازە دەردەچن لە جەهەنددەمدان ﴿۴۳﴾ جا بە زوویی ئەوەی کە پێتانی دەڵێم، دەیهێننەوە بیر و من کاری خۆم بە خوا دەسپێرم، بەڕاستی خوا بە بەندەکانی بینایە ﴿۴۴﴾ خوا ئەوی لە گزی و نەخشەی خراپی ئەوان پاراست و ئەو عەزابە خراپ و شوومە بەدفەڕە خانەدانی فیرعەونی داگرت ﴿۴۵﴾ بەیانان و ئێواران ئاگریان بۆ تێنئەدرێ و لە ڕۆژی پەسلانیشدا دەستوور دەدرێ بنەماڵەی فیرعەون بە دژوارترین عەزاب ئازار بدرێن ﴿۴۶﴾ ئەو کاتەی کە لە نێوئاگردا پێکەوە دەمەقرە دەکەن، جا چەوساوەکان بە ملهوڕان دەڵێن: کە ئێمە پەیڕەوانی ئێوە بووین، جا ئایا بەشێک لەم ئاگرە لە جیاتی ئێمە بەئەستۆ دەگرن ﴿۴۷﴾ ئەوانەی کە خۆیان بەزل دانابوو، دەڵێن: هەموومان لە ئاگرداین، خوا لە نێوان بەندەکانیدا داوەری کردووە ﴿۴۸﴾ ئەوانەی وا لە ئاگردان بە نیگەوانی دۆژەهـ دەڵێن: لە پەروەرێنەرتان بخوازن تا ڕۆژێک لە عەزابمان کەم بکاتەوە ﴿۴۹﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



(لە وەڵامدا پێیان) دەڵێن: ئایا پێغەمبەرانتان بەڵگە روونەکانی بۆ نەهێنابوون، ئەڵێن: بەڵێ (هێنابوویان)، ئەڵێن: جا بپارێنەوە، دیارە پاڕانەوەی کافرانیش بێجگە لە ناوچوون و بەفیرۆ چوون شتێ‌تر نییە ﴿٥٠﴾ بێ‌گومان ئێمە پێغەمبەرانی خۆمان و ئەوانەی بڕوایان هێناوە لە ژیانی ئەم دنیایەدا و لە ڕۆژی قیامەت کە شایەدان هەڵدەستن یارمەتییان ئەدەین ﴿٥١﴾ لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی پەسڵان) زاڵمان پاکانە و عوزر هێنانەوەیان سوودیان پێ‌ناگەیێنێ و بۆ ئەوانەیە لەعنەت و ماڵ و جێگەی خراپ ﴿٥٢﴾ بە مووسا هۆی ڕێنوێنیمان دا و بەرەی ئیسرائیلمان کردە میراتگری کتێب ﴿٥٣﴾ کە ڕێنوێنی و بیرەوەری و پەندە بۆ خاوەنانی مێشک و بیر ﴿٥٤﴾ (ئەی محەمەد لە ڕاست ئازاردا) خۆ ڕابگرە و تابشت بێنە، بەڵێنی خوا هەقە و دێتە جێ، بۆ تاوانت داوای لێبوردن بکە، لە هەر دەمەو ئێواران و بەیاناندا حەمد و ستایشی پەروەرێنەرت بکە ﴿٥٥﴾ کەسانێ کە بێ‌ئەوەی بەڵگەیەکیان بۆ هاتبێ لەبابەت نیشانەکانی خواوە کێشە دەکەن، بێجگە لە فیز و حەسوودی شتێکیان لە دڵدا نییە و قەتیش بە ئارەزوو ناگەن، (نابنە نەبی)، جا (کەوایە) تۆ پەنا بەرە بەر خوا (و مەترسە)، بەڕاستی هەر ئەو ژنەوا و بینایە ﴿٥٦﴾ بە هەقیقەت بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی لە بەدیهێنانی مرۆ سەختتر و گەورەترە، بەڵام زۆربەی خەڵک بەوە نازانن ﴿٥٧﴾ نابینا و بینا بەرامبەر نین، ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە لەگەڵ خراپکاران بەرانبەر نین، زۆر کەم بیر دەکەنەوە و پەند دەگرن، (واژەی بینا لە (بینین)ە کوردی ڕەسەنە) ﴿٥٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ڕۆژی بەرێ دێ و هیچ شکی بۆ نییە، بەڵام زۆربەی خەڵک بڕوا ناهێنن ﴿٥٩﴾ پەروەرێنەرتان وتی: لەبەرم بپاڕێنەوە و گازیم بکەن تا وەڵامتان بدەمەوە، ئەوانەی کە خۆ بە گەورەتر لەوە دەزانن کە عیبادەتم بکەن بە زوویی بە سووکایەتی دەچنە دۆژەهـ ﴿٦٠﴾ خوا زاتێکە شەوی بۆتان بەدیهێنا تا لەوا ئارام بگرن و ڕووناکی بە تەبەق و گۆی ڕۆژ دا، بۆ بینین، خوا سەبارەت بە مرۆ خاوەن فەزڵ و کەرەمە، بەڵام زۆربەی خەڵک شوکرانەبژێر نین ﴿٦١﴾ ئەمەیە خوای پەروەرێنەری ئێوە، خوڵقێنەری هەموو شتێکە، خوایێ کە بێجگە لەو خوایێتر نییە، دەی چلۆن لە ڕێگای هەق لائەدرێن ﴿٦٢﴾ ئا بەمجۆرە کەسانێک کە نیشانەکانی خوایان ئینکار کرد لە بڕواهێنان لائەدرێن ﴿٦٣﴾ خوا زاتێکە زەوی بۆتان کردۆتە جێی ئارام گرتن و ئاسمانیشی (وەکوو میچێ) لە بان سەرتانەوە ڕاگرتوە، ئەو بیچمی پێداون و وێنەی کێشاون، و لە هەموو بیچمێ جوانترە و جوانتریشی کێشاوە، لە شتی پاک و خاوین ڕسق و ڕۆزیشی پێداون، ئەمەیە خوا پەروەرێنەرتان، جا پاک و بێخەوشە پەروەرێنەری جیهانیان ﴿٦٤﴾ هەر ئەوە زیندوو، خودایێ بێجگە لەو نییە، جا هانا بۆ خوا بەرن و ئەو بانگ بکەن لە حاڵێکدا کە بە دڵ و خالیسانە دینی پاکژتان بۆ زاتی ئەو بێ و عیبادەتی خوا بکەن، پەسن و حەمد هەموو تایبەتی خوایە کە پەروەرێنەری جیهانیانە ﴿٦٥﴾ بڵێ: من پاش ئەو بەڵگانەی لە لایەن پەروەرندەمەوە بۆم هاتوون ڕێم نەدراوە ئەو شتانە بپەرستم کە (خوا نین و) ئێوە هاواریان بۆ دەبەن، فەرمانم پێدراوە خۆم بە ڕاهێنەری جیهان بسپێرم و بەو موسوڵمان بم ﴿٦٦﴾

ئە و زاتێکە ئێوەی لە قوڕیکزر خولّقاند، لە پاشان لە تنۆکێ دلّۆپێ تۆم، لە پاشان لە خوێنێ جەلّتە مەبیو، لە پاشان ئێوەی بە وێنەی منداڵێ لە پزدانی دایک دێنێتە دەرێ، لە پاشان بەخۆدا دێن تا دەگەنە تەمەنی خورتی و لاوی و جەحێلّی و جوانی و بەقەوت و خورت و بەهێزبوون و لەپاشان تا پیر دەبن و هەندێ لە ئێوە بەر لە پیری دەمرن، تا بە ڕۆژگاری دیاریکراو بگەن، بەڵکوو لە خۆتان ڕامێنن ئەقلّتان بخنە کار ﴿٦٧﴾ ئەو زاتێکە زیندوو دەکاتەوە و دەمرێنێ، جا هەرکاتێ ئیرادەی شتێ بکا، جا تەنیا پێی دەڵێ ببە، جا ئەویش دەبێ ﴿٦٨﴾ ئایا نانواڕی ئەوانەی کە لە نیشانەکانی خوادا کێشە دەکەن چلۆن ڕێ لە خۆ دەگۆڕن و لە ڕێ لائەدرێن ﴿٦٩﴾ کەسانێ کە ئەم کتێبە بە درۆ دائەنێن و ئەوەی کە بە هۆی پێغەمبەران ناردوومانە بە درۆی دەخەنەوە، بە زوویی دەزانن (بێبەخت بوون) ﴿٧٠﴾ ئەودەمەی کە زنجیرەکان لە ملیان دەخرێ و بە زنجیرەوە (بۆ دۆژەهـ) ڕاکێش دەکرێن ﴿٧١﴾ لە نێو ئاوی کولاّو، لە پاشان لە ئاگردا دەسووتێندرێن ﴿٧٢﴾ لە پاشان پێیان دەوترێ: ئەو هاوبەشانەی بۆ خواتان دائەنا لە کوێن ﴿٧٣﴾ بێجگە لە خوا؛ دەڵێن: هەموو لە ئێمە بزر بوون، نە بەڵکوو لە پێشدا شتێک نەبوون کە ئێمە هاوارمان بۆ دەبردن، ئابەمجۆرە خوا خوانەناسان لە ڕێگا لائەدا ﴿٧٤﴾ دەی گۆڕی گیانتان بێ، چونکە ئێوە لەسەر ئەم زەوییە بە ناڕەوا و بە ناهەق، کەیف و شادیتان دەکرد و بە ناز بادیهەواییتان دەنواند ﴿٧٥﴾ لە درگاکانی دۆژەهـ بڕۆنە ژووری و لەوێدا قەتیس بن، جا جێی خۆبەزلزانان چەن خراپە ﴿٧٦﴾ جا بوێستە و تابشت بێنە، بەڕاستی بەڵێنی خوا ڕاست و هەقە، جا یا هەندێ لەو بەڵێنانەی کە بەوانمان بەڵێن دابوو نیشانی تۆی ئەدەین یا تۆ دەمرێنین (هەر چۆنێک بێ)، هەموو لایەک دەگەڕێندرێنەوە لای ئێمە ﴿٧٧﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



بەر لە تــۆ پێغەمبەرانێکمــان نــاردووە کە بەســەرهاتی هەنــدێکمان بــۆت گێــڕاوەتەوە و هەندێکیشمان بۆ باس نەکردووی، بـۆ هـیچ پێغەمـبەرێ نییە کە نیشـانێک بێنـێ مەگەر بە ئیزنی خوا، جا کاتێ فەرمانی خوا بێ بە هەق داوەری لە نێو بەرەی مرۆدا دەکـرێ، لەو دەمەدا ئەوانەی لەسەر بیری پووچ و باتڵ بوون زەرەر و زیان دەبینن ﴿٧٨﴾ خوا ئەنعام: ئـاژەڵ (وشـتر، پەز، بزن و گا)ی بۆ ئێوە خەڵق کرد تا سواری هەندێکیان بن و لە هەندێکیش بۆ خواردن کەڵک وەربگرن ﴿٧٩﴾ بۆ ئێوە لەوانەدا سوودگەلێ هەیە، تا بە هۆی ئەوانەوە بگەنە نیازێ کە لە دڵ و دەروونتاندا هەیە لەمانە و لە کەشتی (گەمی) کەڵکـی سـواری وەربگـرن ﴿٨٠﴾ نیشـانەکانی خۆی بە ئێوە نیشان ئەدا، جا لە کـام نیشـانانی خـوا حاشـا دەکەن؟ ﴿٨١﴾ جـا ئایـا بە زەویـدا نەگەڕان تا بنوارن کە سەرەنجامی کەسانێ کە بەر لەوان دەژیان چلۆن بووە و بە کوێ گەیشت؟ کە لەمانە زۆرتر و قەویتر و پڕ هێزتریش بوون شوێنەواریشیان لە زەویدا فرەتـر مـاوە، جـا ئەو شــتانە کە بە دەســیان دێنــا بــێ‌نیــازی نەکــردن و ســوودی بۆیــان نەبــوو ﴿٨٢﴾ کــاتێ پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگە ڕوونەکانەوە دەهاتنە لایان، بە زانینی (گزی و جادووی) خۆیـان دڵ خۆش بون، کەچی ئەوەی کە بە گاڵتە و گەپیان دائەنا دەورەی ئەوانی داگرت ﴿٨٣﴾ جا کـاتێ کە ئازاری سەختی ئێمەیان دی، وتیان: بڕوامان بە خوای تاقانە هێنا، (ئێستا) حاشا لەو شتانە دەکەین کە دەمانکردە هاوبەشی خوا ﴿٨٤﴾ جا کاتێ ئازاری ئێمەیـان دی، ئیتـر بـڕوا هێنـانی ئەوان سوودی بۆیان نەبوو، ئەمە ڕێوشوێنی خوایە کە لە بابەت هەموو بەندەکانی هەروا بووە، لەو دەمەدا هەر خوانەناسان زەرەر و زیانیان دی ﴿٨٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



# سوورەی فوسسیلەت ٥٣ ئایەتە

## سوورەی فوسسیلەت لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٥٣ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن

حا، میم ﴿۱﴾ ئەمە کتێبێکە لە لایەن خوای بەخشەر و دلاوا و دڵلاوێنەوە هاتۆتە خوارێ ﴿۲﴾ کتێبێکە نیشانەکانی بە ئاشکرا بەیان کراوە و مەبەستەکانی لێک جیا کراونەتەوە، قورئانێکە بە زمانی عەرەبی بۆ هۆزێ کە دەزانن ﴿۳﴾ مزگێنیدەر و ترسێنەرە، جا زۆربەیان روویان وەرسووڕاند، ئەوانە گوێ نادەن و نابیسن ﴿۴﴾ وتیان: دڵ و دەروونمان لەوەی بانگمان دەکەی بۆ لای لە نێو پەردەگەلێ خۆڕسکیدایە (مانیعی حاڵی‌بوونمانە) و لە گوێمان کەڕی هەیە و لە نێوان ئێمە و تۆدا پەردەیەک هەیە، جا کەوایە تۆ کاری خۆت بکە و ئێمەیش کاری خۆمان دەکەین ﴿۵﴾ بڵێ: بەڕاستی منیش مرۆڤێکم وەکوو ئێوە، خوا فەرمانم پێدەدا تا پێتان بڵێم، تەنیا خوایەکی تاقانەتان هەیە، جا لەسەر عیبادەتی ئەو پایەدار بن و داوای لێبووردنی لێ بکەن، واوەیلا بۆ ئەو کەسانەی هاوبەش بۆ خوا دائەنێن ﴿۶﴾ ئەوانەی کە زەکات نادەن و حاشا لە ڕۆژی پەسڵان دەکەن ﴿۷﴾ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، پاداشی بێ لێبڕین و بێ لێ کەم‌بوون و بێ‌منەتیان بۆ هەیە ﴿۸﴾ بڵێ: ئایا بەوەی کە زەوی لە دوو ڕۆژ (دوو دەورە)دا خەڵق کردووە کافر دەبن و بۆ ئەو هاوبەشانێ دائەنێن؟ هەر ئەوە پەروەرێنەری جیهانیان ﴿۹﴾ کەژ و کێفیشی لەسەر ڕووی زەوی بەرز و بڵێند کردۆتەوە و پیت و بەرکەتیشی تێ‌خستووە و لە ماوەی چوار ڕۆژ (چوار دەورە)دا قووتی پێ‌بژیوی هەمووی دیاری کرد، بەرامبەر نیازی داخوازان ﴿۱۰﴾ لە پاشان ڕووی نا لە بەرزایی و خەریکی بەدی‌هێنانی ئاسمان بوو، لە حاڵێکدا بە وێنەی دووکەڵێ بوو، جا بە ئاسمان و زەوی وت: چار ناچار شکڵ بگرن بێنە بەرفەرمانم، وتیان: بە خۆشی بە فەرمانبەری هاتین ﴿۱۱﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

جا حەوت ئاسمانی لە دوو ڕۆژ (دوو دەورە) دا بەدیهێنا و لە هەر ئاسمانەی ئەرکی کاری خۆی پێی‌سپارد و ئاسمانی نێزیک (بە گۆی زەوی) بە چرایان (ستێران) ڕازاندەوە و پاراستمان! ئەمە بڕیاریّ فرە بەدەسەلاتی پڕ زانایە (کە خوایە) ﴿۱۲﴾ جا ئەگەر هەر قەبوولّیان نەکرد و ڕوویان سوڕاند، بلّێ: بە هەورە تریشقەیەک هەروەکوو شریخەیّ کە هۆزی عاد و سەموودی وەبەردا، دەتانترسێنم ﴿۱۳﴾ کاتیّ کە پێغەمبەران لە بەردەم و پشت سەریانەوە هاتە لایان و (پێیان وتن:) بێجگە لە خوا نەپەرستن، وتیان: ئەگەر پەروەرێنەرمان مەیلی لیّ‌با فریشتەی دادەبەزاندن ئێمە بەوەی پێی ڕەوانەکراون (بڕوا ناهێنین و) حاشاکەرین ﴿۱۴﴾ جا هۆزی عاد بە ناهەق لەسەر زەوی خۆیان بە زل زانی و وتیان: کوا؟ کیّ لە ئێمە بەهێزترە؟ ئایا نەیانزانیبوو نەیاندیبوو کە خوایەک کە ئەوانی بەدیهێناوە؛ فرە لەوان بەهێزترە، (ئەوانە بەو گومانە) حاشایان لە نیشانەکانی ئێمە دەکرد باوەڕیان پێی نەبوو ﴿۱۵﴾ جا ئێمەیش ڕەشەبا و گژبایەکی توندمان لە ڕۆژانی تووش و شووم داناردە سەریان تا عەزاب و ئازاری ئابڕووبەریان لە ژیانی ئەم دنیایەدا پیّ‌بچێژین بیّ گومانە سووکایەتی ئازاری ڕۆژ پەسلان زۆرترە و یارمەتیش نادرێن ﴿۱۶﴾ هۆزی سەموودمان ڕێنوێنی کرد بەلاّم پێیان خۆش بوو کوێر بن نەک شارەزا بن، جا هەورەبرووسکەی ئازاردەری ئابڕووبەر لە بەر کاریّ کە دەیانکرد ئەوانی گرت ﴿۱۷﴾ کەسانیّ کە بڕوایان هێنا و خۆیان پاراست ڕزگارمان کردن ﴿۱۸﴾ ڕۆژیّ کە دوژمنانی خوا بەرەو ئاگر کۆ دەکرێنەوە جا بە ڕیز ڕادەگیردرێن تا ڕیزەکانی دوایش بیانگەنیّ ﴿۱۹﴾ تا کاتیّ کە دێنە کن ئاگر گویّ و چاو و پێستی لەشیان لەسەر کاریّ کە کردوویانە لە دژیان شایەدی ئەدەن ﴿۲۰﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



(بە گلەییەوە) بە پێستی لەشیان دەڵێن: بۆچ بە دژی ئێمە شایەدیتان لەسەر داین، ئەوانیش دەڵێن: ئەو خوایەی کە هەر شتێک دێنێتە قسە ئێمەی بە قسە کردن هێنا و هەر ئەویش یەکەم جار ئێوەی خەڵق کرد و دەشگەڕێندرێنەوە بۆ لای ئەو ﴿٢١﴾ ئێوە لەو بارەوە کە گوێ و چاو و پێستی لەشتان بە دژتان، شایەدیتان لەسەر بدەن هیچ خۆتان حەشار نەددا و خۆتان نەدەشاردەوە؛ بەڵکوو گومانتان وا بوو زۆرێ لەوەی کە دەیکەن خوا پێی نازانێ و ئاگای لێی نییە ﴿٢٢﴾ ئەمە گومانێک بوو کە بە پەروەرێنەرتان هەبوو، کە تەرتوتوونای کردن بۆ بەیانی چوونە ڕیزی زیانباران ئەگەر ئەوان خۆ ڕابگرن، ئەوە ئاگر جێگەیانە و ئەگەر داوای لێبوردنیش بکەن، لێیان قەبووڵ ناکرێ ﴿٢٤﴾ بۆ ئەوانە جۆرە هاودەمێکمان بۆ دانان، کاری ئێستا و دوارۆژمان بۆ ڕازاندنەوە بۆ ئەمان و ئەو جنۆکە و مرۆڤانەی بەر لەوان بوون بەڵێنی خوا هاتەجێ لەبەر ئەوەی زیانبار بوون ﴿٢٥﴾ خوانەناسەکان وتیان: گوێ بۆ ئەم قورئانە مەگرن و قسەی بێتامی خۆتانی تێکەڵ بکەن بەڵکوو بەسەریدا سەرکەون ﴿٢٦﴾ بە هەقیقەت بە کافران جەزرەبەی سەخت دەچێژین و خراپتر لەوەی کە دەیانکرد سزایان ئەدەین ﴿٢٧﴾ سزای دوژمنانی خوا هەر ئاگرە، لەبەر ئەوەی حاشا لە نیشانەکانی ئێمە دەکەن، ئاگری خانووی هەمیشەیی جێگایانە ﴿٢٨﴾ کافران دەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! ئەو دوو کەسە لە جنۆکە و مرۆ کە ئێمەیان لاڕێ کرد نیشانمان بدە تا بیانخەینە ژێر پێمان تا لە ژێر ژێرەوە بن ﴿٢٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



کەسانێ کە وتیان: پەروەرێنەری ئێمە خوایە و لە پاشان سەرقسەی خۆیان سوور بوون و لایان نەدا؛ فریشتە دێنە لایان (و پێیان دەڵێن:) مەترسن و خەفەت مەخۆن، مزگێنی بێ لێتان بەو بەهەشتەی بەڵێنتان پێدرابوو ﴿٣٠﴾ ئێمە یار و پشتیوانی ئێوەین لە دنیا و لە ئاخیرەتدا، هەرچی دڵتان بیەوێ لە بەهەشت بۆتان هەیە و هەرچی بخوازن تێیدا بۆتان هەیە ﴿٣١﴾ میوانداری و ڕێز لێ گرتن لە لایەن لێبور و فرە دڵلاوێنەوە ﴿٣٢﴾ قسەی چ کەسێ چاکتر لە قسەی ئەو کەسەیە کە خەڵک بۆ لای خوا بانگ دەکا و کاری چاکیش دەکا و دەیشڵێ، من لە خۆ بەدەسەوەدەران و موسوڵمانم؟ ﴿٣٣﴾ چاکە و یەکسان نین، (خراپە) بەوەی چاکترە وەڵامی (خراپە) بدەوە، ئەوەدەمە کەسێ کە لە نێوان تۆ و ئەودا دوژمنی هەیە وەکوو دۆستێکی نێزیکی لێدێ ﴿٣٤﴾ بەڵام ناگەنە ئەم پلە، مەگەر کەسانێ نەبێ کە تابشتیان هێنا و خۆڕاگر بوون، تەنیا کەسانێ بەوە دەگەن کە بەشێکی گەورەیان لە بڕوا و ئاکاری چاک هەبێ ﴿٣٥﴾ هەر وەختێ لە شەیتانەوە تووشی دڵەڕاوکێ و خەیالاتێک بووی، پەنا بەرە بەر خوا، بەڕاستی هەر ئەوە بیسەری زانا ﴿٣٦﴾ لە نیشانەکانی خوایە شەو و ڕۆژ و تەبەق و گۆی ڕۆژ و مانگ، بۆ خۆر و بۆ مانگ سوژدە مەبەن (کڕنۆش مەکەن)، بۆ خوایێ کە ئەوانەی بەدیهێناوە سوژدە بەرن، ئەگەر ئەتانەوێ ئەو بپەرستن ﴿٣٧﴾ ئەگەر ئەوانە فیزیان نواند و خۆیان لەوە گەورەتر زانی (کە عیبادەتی بکەن)، ئەوانەی کە لای پەروەرێنەرتن (مەلائیکە) بێ ئەوەی وەڕەز و ماندوو و بێزار و جاڕز بن، شەو و ڕۆژ پەسنی پاکی و بێخەوشی خوا دەڵێن ﴿٣٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



لە نیشانەکانی ئەوە کە زەوی بە مات و بێ تین و ویشک ئەبینی، جا کاتێ کە ئاوی بەسەرا بڕێژین، ڕادەژێ وکێشی دێ و دەکەوێتە بزووتن و گیا ڕواندن و هەڵدان و دەبووژێتەوە، کەسێ کە ئەو (زەوییە ویشکە) زیندوو دەکاتەوە، هەر ئەویش مردووەکان دەبووژێنێتەوە، ئەو بەسەر هەموو شتێکدا بەوزە و بەتوانایە ﴿٣٩﴾ کەسانێ کە لە نیشانەکانی ئێمە لەوەی ڕاستە کلا دەبن خۆ لە ئێمە ناشارنەوە، جا ئایا کەسێ کە دەخرێتە نێو ئاگر باشترە یا کەسێ کە لە ڕۆژی بەرێدا بەبێترس دێ، هەرچی دەتانەوێ بیکەن، خوا بەوەی دەیکەن بینایە ﴿٤٠﴾ ئەوانەی ئەو وەختە قورئانیان بۆ هات، دژی وەستان و بڕوایان پێ نەهێنا، کە کتێبێکی فرە بەڕێزە ﴿٤١﴾ نە ئێستا و نە لە پشتملە و نە لە دوارۆژدا بە هیچ شێوەیەک باتڵ و پووچی ڕووی تێناکا، (چونکە) لە لایەن خوای لەکارزانی پەسن کراوی حەمیدەوە هاتۆتە خوارێ ﴿٤٢﴾ هیچ شتێ بە تۆ ناوترێ مەگەر ئەوەی کە بە پێغەمبەرانی بەر لە تۆیش وتراوە، پەروەرێنەرت خاوەن لێبوردنە (بۆ بڕواداران) و خاوەنی ئازاردانی دەرداوییە (بۆ بێبڕوایان) ﴿٤٣﴾ ئەگەر ئێمە ئەم قورئانەمان بە عەجەمی بناردایێ دەیانوت: بۆچ نیشانەکانی بە ڕوونی شی نەکراونەتەوە؟ قورئانی عەجەمی و پێغەمبەری عەرەبی (چلۆن دەبێ؟) بڵێ: ئەم قورئانە بۆ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە ڕێنوێن و ڕابەر و چارەی دەردانە، ئەوانەی کە بڕوای پێی ناهێنن کەڕن لە بیستنی و کوێرن لە دیتنی، هەر دەڵێی لە جێگای دوورەوە گازی و هەرایان لێدەکرێ ﴿٤٤﴾ کتێبمان بە مووسا دا، کێشەو جیاوازییان تێدا کرد، ئەگەر لە پەروەرێنەرتەوە لەبابەتیانەوە لە بەرا فەرمان نەدرابا (کە عەزابیان دوا بخرێ) لە نێوانیاندا داوەری دەکرا (بە عەزابدان لە دنیادا)، ئەونە لە قورئان دوودڵ و بەگومانن ﴿٤٥﴾ هەرکەسێ کاری چاک بکا بۆ خۆیەتی و هەرکەسیش خراپە بکا، زیانی بۆ خۆیەتی، پەروەرێنەرت سەبارەت بە بەندەکانی غەدر ناکا و هیچ ستەمکار نییە ﴿٤٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



زانستی ڕۆژی بەرێ چ وەخت دێ تەنیا بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە و دەیزانێ بەروبووی هەموو ڕوەکێک کە لە شکۆفە دێنە دەرێ و هەر مێوینەیەک ئاوسە و چی لە پزدانداية و چی لێ دەبێ و دەزێ خوا دەیزانێ، ئەو ڕۆژەی کە گازی و هەرایان لێدەکرێ: هاوبەشانێ کە بۆ منتان دائەنا لە کوێن؟ دەڵێن: ڕادەگەیێنین کە هیچ یەک لە ئێمە شایەد نین و کەسمان ئاگامان لێنییە (هیچ شایەد یێکمان لەنێودا نییە کە شایەدی بدا کە تۆ هاوبەشت هەبێ) ﴿۴۷﴾ ئەوەی بەر لەمە بە ناوی خوا بانگیان دەکردن لێیان گوم بوون و زانییان کە هیچ پەناگا و ڕێی هەڵاتنیان بۆ نییە ﴿۴۸﴾ مرۆ هەرگیز لە داواکردنی شتی باش و خێر (و نیعمەت) وەڕەز و ماندوو نابێ، (بەڵام) ئەگەر خراپەی پێبگا بێهیوا و نائومید ئەبێ ﴿۴۹﴾ ئەگەر دوای ڕەنج و زیانێ کە بەومان گەیاندووە، ڕەحمەتێکی پێبچێژین، دەڵێ: ئەمە هی خۆمە (و شیاوی خۆمە)و گومان ناکەم قیامەت ڕابێ، ئەگەر بگێڕدرێمەوە لای پەروەرێنەرم، بۆ من لای ئەو پاداشی چاک هەیە، ئەو کەسانەی کە کوفریان کرد و بەوەی کردوویانە جەزرەبەی فرە سەختیان پێدەچێژین ﴿۵۰﴾ هەرکاتێ نیعمەتێکمان بە مرۆ دا، پێینازانێ و فیز دەنوێنێ و منمنیەتی و ڕوو وەردەگێڕێ و بە خۆبەزلزانین دوور دەکەونەوە، هەرکاتێ خراپەی پێبگا بە پانەوە مل دەنێ لە پاڕانەوەو فرە زۆر هاوار و ناڵەناڵ دەکا ﴿۵۱﴾ بڵێ: چ دەبێنی (و چ دەڵێن)؟ ئەگەر ئەم کتێبە لە لایەن خواوە بێ، لە پاشان پێی کافر بن و بڕوای پێنەهێنن چ کەسێ لاڕێتر لەو کەسەیە کە ڕێگای جیاوازی گرتۆتە بەر و لاسارە ﴿۵۲﴾ بە زوویی نیشانەکانی خۆمان لە ئاسۆی دنیا (وەکو ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە)وە لە نێو دەروونی گیانیاندا (وەکوو مێشک، دڵ، خوێن، ئێسک) بەوانە نیشان ئەدەین تا بۆیان دەرکەوێ کە ئەو هەقە، ئایا ئەوە بەس نییە کە پەروەرێنەرت بەسەر هەموو شتێکدا شایەد و حازرە و ئاگادارە ﴿۵۳﴾ باش بزانە و ئاگادار بە! کە ئەوانە لە دیداری پەروەرێنەریان لە دوودڵیدان، ئاگادار بە! کە خوا بەسەر هەموو شتێکدا دەوری داوە و زاڵ و بە دەسەڵاتە ﴿۵۴﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



# سوورەی شوورا ٥٣ ئایەتە

## سوورەی شوورا لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٥٣ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن

حا ـ میم ﴿١﴾ عەین، سین، قاف ﴿٢﴾ ئا بەمجۆرە خوای فرە بەدەسەڵات و لەکارزان بە تۆ و بە پێغەمبەرانێ کە بەر لە تۆیش بوون، رادەسپێرێ ﴿٣﴾ ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە تایبەت بە خوایە، هەر ئەویشە بەرز و گەورە ﴿٤﴾ نێزیکە ئاسمانەکان لە بەرابەر گەورەیی خوا لە بانەوە پرش و بڵاو بنەوە؛ فریشتەکان هەمیشە بێخەوشی و حەمدی پەروەرێنەری خۆیان بەجێدێنن، بۆ کەسانێ کە لە زەویدان داوای لێبوردن دەکەن، ئاگادار بن خوا هەر ئەوە لێبور و فرە دڵلاوێن ﴿٥﴾ کەسانێ کە غەیری خوایان بە پشتیوان داناوە، خوا راگری حیسابی ئەوانە و تۆ بریکار و بەرپرس نیت کە هەق بەوان قەبووڵ بکەیت ﴿٦﴾ ئا بەمجۆرە قورئانی عەرەبیمان بۆ تۆ نارد تا (خەڵکی) مەککە (ام‌القری) و کەسانی دەوروبەری بترسێنن، ئەوانە لە رۆژێ بترسێنە کە هەموو خەڵک لەو رۆژەدا کۆ دەبنەوە و شک و دوودڵیش لە بوونی ئەو رۆژەدا نییە (ئەو رۆژەی) کە تاقمێ لە بەهەشتدان و تاقمێکیش لە ئاگری سووتێنەردان ﴿٧﴾ ئەگەر خوا بیویستبا هەموو ئەوانەی دەکردە بەرەیەک لە ئاییندا (بە زۆر رێنوێنی دەکردن، بەڵام رێنوێنی زۆرەملی بێکەڵکە)، بەڵام خوا هەرکەس کە بیەوێ دەیباتە نێو بەزەیی و رەحمەتی خۆی، بۆ ستەمکاران دۆست و پشتیوانێک نییە ﴿٨﴾ ئایا غەیری خوایان بە دۆست گرتووە؟ جا دۆستی بەراستی هەر خوایە، هەر ئەوە کە مردوو زیندوو دەکاتەوە و هەر ئەویشە کە بەسەر هەموو شتێکدا بەدەسەڵاتە ﴿٩﴾ لە هەر شتێکدا کە جیاوازیتان تێدا هەیە داوەرییەکەی بە خوایە، ئەم خوا تاقانەیە؛ پەروەرێنەری منە، خۆم بەو سپاردووە و تەوەکولم بەوە و بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە ﴿١٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



(خوا) بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، بۆ ئێوە هەر لە خۆتان هاولفانێکی داناوە و هەروا بۆ ئاژەڵیش ولَف و لفی یەکتری بەدیهێناوە؛ لە ڕێگای هاولفانتانەوە ژمارەتان زیاد دەکا، شتێک بە وێنەی خوا نییە، هەر ئەویشە ژنەوا و فرە بینا ﴿١١﴾ کلیلەکانی ئاسمانەکان و زەوی تایبەتی خوایە، بۆ هەرکەس کە بیەوێ پێبژیو ڕسق و ڕۆزی بۆ زیاد دەکا و بۆ هەرکەسیش کە بیەوێ کەمی دەکاتەوە، خوا بە هەموو شتێک ئاگایە ﴿١٢﴾ بۆ ئێوە ئاینێکی دانا کە بە نووحی ڕاگەیاندبوو، وە ئەوەی کە بە تۆمان ڕاگەیاند و ئەوەی کە بە ئیبراهیم و مووسا و عیسامان ڕاگەیاندبوو ئەوەیە ئەو دینە بە دروستی بەجێبێنن و جیاوازی تێدا نەکەن، ئەوەی ئێوە بە خەڵکی ڕادەگەیێنن بۆ ئەوانەی شەریک بۆ خوا دادەنێن، فرە دژوارە، هەرکەس کە خوا بیەوێ بۆ ئەم دینە هەڵیدەبژێرێ، هەرکەسیش بۆ لای خوا بگەڕێتەوە ڕێنوێنی دەکا ﴿١٣﴾ ئەوان لە یەکتر بلاو نەبوونەوە، مەگەر دوای ئەوەی کە زانست و ئاگادارییان بۆ هات، ئەم لە یەکترازانەشیان لەبەر ستەم و لادان لە ڕاستەڕێگا (دوژمنی و حەسادەت) بوو ئەگەر لە بەرا لە پەروەرێنەرتەوە فەرمان درابا کە ئەوانە تا دەمی دیاریکراو زیندوو و ئازاد بن، (بە عەزاب دان) داوەرییان لە نێودا دەکرا، بەڕاستی کەسانێ کە دوای ئەوان بوونە میراتگری کتێب، لە بارەی ئەودا سەخت لە دوودڵیدان (ئەگەر بەڕاستی باوەریان بە کتێبەکانیان بووایە دەیانزانی کە تۆ ناردراوی خوای) ﴿١٤﴾ جا لەبەر ئەمە تۆیش خەڵک (بۆ ئەم دینی ئیسلامە) بانگ بکە و بەو جۆرەی فەرمانت پێدراوە، پایەدار بەو بە دوای هەوا و ئارەزووی ئەوانە مەکەوە و بڵێ: بڕوام هەیە بەوەی بە هەر کتێبێک کە خوا ناردوویەتی و فەرمانم پێدراوە تا بە دادگەرانە لە نێو ئێوەدا ڕەفتار بکەم، خوا پەروەرێنەری ئێمە و ئێوەیە، ئاکامی کردەوەی ئێمە بۆ خۆمانە و هیٚ ئێوەش بۆ خۆتانە و لە نێوان ئێمە و ئێوەدا هیچ بەڵگەیەک (کە نەوترابێ) نەماوە، خوا ئێمە لە قیامەتدا کۆ دەکاتەوە و گەڕانەوەشمان بۆ لای خوایە ﴿١٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



کەسانێ کە لەبابەت (دینی) خواوە شەڕەقسە دەکەن، دوای ئەوەی بانگ هێشتنی ئەویان قەبووڵ کردووە، بەڵگەیان لای پەروەرێنەریان پووچ و بێکەڵکە، غەزەبی (خوا)یان لەسەرە و بۆ ئەوانە، عەزابی دەردناک ﴿١٦﴾ خوا زاتێکە ئەم کتێبەی بە هەق نازڵ کردووە و تەرازووی بۆ جیا کردنەوەی ڕاست لە ناڕاست سازداوە، تو چ دەزانی بەڵکوو سات (ڕۆژی بەرێ) نێزیک بێ ﴿١٧﴾ ئەوانەی کە بڕوایان بە قیامەت نییە پەلە و تاڵووکەی بۆ دەکەن و ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە لەوە ترسیان هەیە و ئەزانن کە ئەوە ڕاست و بەرهەقە، ئاگادار بە! کەسانێ کە لەبابەت ڕۆژی بەرێدا شەڕەقسەیانە و دڕدۆنگ و دوودڵن لە لاڕێیەکی سەخت و دوور لە هەقن ﴿١٨﴾ خوا سەبارەت بە بەندەکانی خۆی بەفیانە و لوتفی هەیە، بە هەرکەس کە بیەوێ ڕسق و ڕۆزی پێئەدا، هەر ئەویشە بەهێز و دەسەڵاتدار ﴿١٩﴾ هەرکەسێ کیشت و دەسهات و داهاتی دوارۆژی بوێ، بۆی زیاد دەکەین، کێش داهاتی دنیای گەرەک بێ لەم دنیا بەشی دەدەین و لەو دنیا بەشێکی نییە ﴿٢٠﴾ ئایا بۆ ئەوان هاوبەشانێک هەیە کە ئایینێکی بۆ کردوونەتە قانوونێ کە خوا ئیجازەی ئەوەی پێنەداون؟ ئەگەر (خوا) قەستی بە دوا خستنی (عەزابیان) نەبوایە، کاریان دوایی پێدەهات، بۆ ستەمکاران عەزابێکی دەرداوی هەیە ﴿٢١﴾ ستەمکاران بە ترس و لەرزەوە دەبینی لەبەر ئەو کارەی کردوویانە، لە کاتێکدا بە سزای کردەوەی خۆیان دەگەن، کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان ئەنجامداوە لە باغی بەهەشتدان، هەرچی بیانەوێ لای پەروێنەریان هەیە، ئەمەیە فەزڵ و بەخشینی گەورە ﴿٢٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بەمە خودا مـوژدە بەو عەبـدانەی دەدا کە بڕوایـان هێنـا و کـاری چاکیـان کـردووە. بڵـێ مـن مزەیەکم لە ئێوە ناوێ مەگەر خۆش ویستنی خزمە نێریکەکـان، هەرکەسـیش چـاکەیەک بکـا زیاتر چاکەی لەگەڵ دەکەین، خودا لە تـاوان دەبـوورێ و بە چـاکەی عەبـدان دەزانـێ ﴿٢٣﴾ یـا دەڵێن ئەو بە دەم خواوە درۆ هەڵدەبەستێ، جا ئەگەر خوا بیەوێ مۆر لەسـەر دڵـت ئەدا و خـوا هەر بە فەرمانی خۆی پووچ لە ئارادا ناهێڵێ و ڕاستی بە واژەکانی خۆی لە جێ جێدار دەکـا؛ و هەقیش بە قسە دەسەلمێنێ، ئەو بەوەی لە نێو دڵ و دەرووندایە و دەبوورێ ئاگـایە ﴿٢٤﴾ خـوا زاتێکە پەشیمانی و تۆبە لە بەندەکانی قەبووڵ دەکـا و لە تاوانیـان دەبـوورێ و ئەوەی دەیکەن دەیزانێ ﴿٢٥﴾ دوعاو پارانەوەی کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیـان ئەنجـام داوە، وەڵام ئەداتەوە و لە چاکە و فەزڵی خۆی بۆیان زیاد ئەکا، بـۆ کـافرانیش عەزابـی سـەخت هەیە ﴿٢٦﴾ ئەگەر خوا ڕسق و ڕۆزی بۆ بەندەکانی زیاد بکا لە زەویـدا مـلـبـائەدەن و سـتەم دەکەن، بەڵام (لەبەر ئەوە) بە ئەندازەیەک بیەوێ ڕۆزی دەنێرێ، لە ناخی بەندەکانی خۆی ئاگا و بینایە ﴿٢٧﴾ ئەو زاتێکە دوای بـێهیـوا بوونیـان لە بـاران بـارانەدا: بـاران دەبـارێنێ و بەخشـەری و دڵاوێنـی خۆشـی بـڵاو دەکـاتەوە، هەر ئەوە بـۆ گەورەیـی و مەزنـایەتی ئەشـێ هەر حەمـد و پەسـەندی بـدرێ ﴿٢٨﴾ لە نیشـانەکانی ئەون بەدیهێنـانی ئاسـمانەکان و زەوی و ئەوەی لە جووڵندە و خزۆک کە لە نێو ئەو دووانەدا بڵاوبوونەتەوە و بڵاویان دەکاتەوە، هەرکاتێ بیەوێ بە کۆکردنەوەشیان توانـایە ﴿٢٩﴾ هەر بەڵا و موسـیبەتێک بە ئێـوە بگـا لەبەر ئەو کـارانەیە کە کردووتانە، خـوا زۆر تاوانیشـتان دەبەخشـێ ﴿٣٠﴾ ئێـوە نـاتوانن لە ڕووی ئەرزدا خـۆ لە خـوا بدزنەوە و لە بندەسەڵاتی خوا ڕابکەن و بێجگە لە خـوا پشـتیوان و کارسـاز و یاوەرێکتـان بـۆ نییە ﴿٣١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



لە نیشانەکانی (دەسەڵاتی) خودایە ئەو گەمیانەی چیائاسا لە نێو زەریادا دێن و دەچن ﴿٣٢﴾ ئەگەر خوا بیەوێ با ڕادەگرێ جا کەشتییەکان لەسەر ئاوی زەریا لە بزووتن بکەون و بوەستن، بە قەستی دەمێننەوە کە لەمەدا بۆ خۆڕاگرانی تابشتهێنەرانی شوکرانەبژێر نیشانەگەلێک هەیە ﴿٣٣﴾ یا (ئەگەر بیەوێ) ئەوانە لەبەر کارێ کە دانیشتوانی کەشتییەکان کردوویانە نوقم و نابوودیان دەکا، زۆرێکیشیان دەبەخشێ ﴿٣٤﴾ تا کەسانێ لە نیشانەکانی ئێمەدا شەڕەقسە دەکەن بزانن بۆ ئەوان دەرەتان و پەناگایەک نییە ﴿٣٥﴾ جا ئەوەی پێتان دراوە هۆی ژیانی ئەم جیهانەیە و ئەوەی لای خوایە بۆ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و هەر بە پەروەرندەی خۆیان پشت ئەستوورن و تەوەکولیان بە خوایە، باشتر و پایەدار و بەردەوامترە ﴿٣٦﴾ ئەوانەشن ئەو کەسانەی کە لە تاوانە گەورەکان و کاری شوورەیی و ناحەز و دزێو دەپرینگێنەوە و دووری دەکەن و هەرکاتێ تووڕە و قەڵس دەبن دەبوورن ﴿٣٧﴾ ئەوانە کە بانگکردنی پەروەرێنەری خۆیان وەڵام داوەتەوە و نوێژیان بەجێهێناوە و کاروباریان بە تەگبیر و مەشوەرەت کردن لە نێو خۆیاندا جێبەجێ دەبێ و لەو ڕسق و ڕۆزییەی پێمانداون دەبەخشن ﴿٣٨﴾ ئەوانەی کە هەرکاتێ ستەمێکیان پێدەگا یارمەتی لە یەکتر دەخوازن (دیفاعدەکەن) ﴿٣٩﴾ سزای خراپە خراپەیەکی وەکوو ئەوە، جا هەرکەس عەفو بکا و ئاشتی و چاکی بکا، جەزا و پاداشی لەسەر خوایە، خوا ناحەقیکارانی خۆشناوێ ﴿٤٠﴾ بۆ کەسانێ کە دوای ستەمێ کە لێیانکراوە (دیفاع بکەن و) تۆڵە بستێننەوە، جا ئەمانە ڕەخنەیان لەسەر نییە و خەتابار نین ﴿٤١﴾ تەنیا ڕەخنە و خەتا و سزادان لەسەر کەسانێکە کە ستەم لە خەڵک دەکەن و بە ناهەق لە زەویدا مل با ئەدەن و ستەم ئەکەن و خۆ بە زل دەزانن، بۆ ئەوانە عەزابی دەرداوی هەیە ﴿٤٢﴾ کەسێ کە تابشت دێنێ و لە تاوانی خەڵک خۆش دەبێ، بەڕاستی ئەمە لە کارە پڕ بایەخ و پەسەندەکانە ﴿٤٣﴾ هەرکەس کە خوا لاڕێی بکا لەوە بە دوا هیچ یار و یاوەرێکی بۆ نابێ، تۆ (لە قیامەتدا) ستەمکاران دەبینی کە هەرکاتێ عەزابی خوا ئەبینن، دەڵێن: ئایا ڕێگای (قەرەبوو) گەڕانەوەمان بۆ هەیە ﴿٤٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



ئەوانە دەبینی کە بەرەو دۆژەهـ بـۆ نێـو ئـاگر دەبـردرێن بە سـەرکزی و دامـاوی، بە تـرس و بە لەرزەوە بە سیلە و گۆشەی چاو چاوەچاویانە و بە دزییەوە بـۆی دەڕوانـن، کەسـانێ کە بڕوایـان هێنـابوو دەیـانوت: زیانکـاران کەسـانێکن کە خۆیـان و کەس‌وکـاری خۆیـان لە ڕۆژی پەسـڵان دۆڕاندووە و لە دەس‌داوە، ئاگادار بە کە ناحەقیکاران (ئەمڕۆ) لە ئازاری هەمیشەییدان ﴿۴۵﴾ بۆ ئەوانە بێجگە لە خوا یاوەرانێک نییە کە یارمەتییان بدا و هەرکەسیش کە خوا لاڕێی بکـا، جا ڕێگای ڕزگاری بۆ نییە ﴿۴۶﴾ بانگ‌کردنی پەروەرێنەرتان وەڵام بدەنەوە بەر لەوەی ڕۆژێـک بێ کە لە لایەن خواوە گەڕانەوەی بۆ نەبێ، لەو ڕۆژەدا نە پەناگایەکتـان بـۆ هەیە و نە دەتـوانن تاوانتان حاشا و ئینکار بکەن ﴿۴۷﴾ جا ئەگەر ئەوانە ڕووبسووڕێنن (غەمگین مەبە، چونکە ئێمە تۆمان نەناردووە کە پارێزەریان بێ، لەسەر تۆ نییە مەگەر ڕاگەیاندن، ئـێمە هەرکـاتێ لە ڕەحمەتی خۆمان بە مرۆ بچێژین بەوە شاد (و غافڵ) ئەبـێ، ئەگەر لە کـارگەلێ کە کردوویـانە خراپەیان بگاتێ، ناسپاسی دەکەن، بەڕاستی مرۆ ناسپاسە ﴿۴۸﴾ فەرمانەڕەوایی ئاسمانەکان و زەوی تایبەتی خوایە، هەرچی بیەوێ خەڵقی دەکـا، بە هەرکەس کە بـیەوێ کچـی ئەداتـێ و بە هەرکەسیش کە بیەوێ کـوڕی پـێ‌ئەدا ﴿۴۹﴾ یـا ئەگەر خـوا بـیەوێ کـچ و کـوڕ هەردووکیـان ئەداتێ بە وێنەی جفیک و لفەودووانە؛ هەرکەسیش کە بیەوێ نەزۆکی دەکا، بەڕاستی ئەو زانا و توانایە ﴿۵۰﴾ بۆ هیچ مرۆڤێک ناشێ کە خوا قسەی لەگەڵدا بکا، مەگەر لە ڕێی دڵەوە یا لە پشت پەردەوە بووە یا قاسیدێکی ناردووە و ئیزنی داوە؛ چی دەخوازێ بە دڵی ڕابگەیێنێ، هەر جێی بەرز و کارزانە بنێرێ، تا بە فەرمانی ئەو هەرچـی بـیەوێ وەحـی پـێ‌بکـا، بەڕاسـتی ئەو پایەبەرز و لەکارزانە: حەکیمە ﴿۵۱﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



هەر بەمجۆرەیش ئێمە لە فەرمانی خۆمان، گیانێکمان ناردە لای دڵت تۆ لە پێشدا نەتدەزانی کتێب کامە و بڕوا چییە؟ بەڵام ئێمە ئەوەمان کردە مەشخەڵێک کە عەبدانمان ئەوانەی خۆمان بخوازین بەوە دەیخەینە سەر ڕێگا، تۆیش لە ڕاستەڕێی ڕێبەری ﴿٥٢﴾ ڕێگای خوایەک کە ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدان هی ئەوە، ئاگادار بە! گەڕانەوەی هەموو شتێک بۆ لای خوایە ﴿٥٣﴾

## سوورەی زوخروف ٨٩ ئایەتە

**سوورەی زوخروف لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨٩ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن

حا، میم ﴿١﴾ سوێند بەم کتێبە ڕوونکەرەوەیە ﴿٢﴾ ئێمە ئەم قورئانەمان بە عەرەبی دانا تا بەڵکوو تێبگەن ﴿٣﴾ ئەمەیش لە ماکی کتێبدا (لەوحەلمەحفووز کە سەرچاوەی هەموو زانینە) لەلای ئێمە فرە پایەبەرزە و پڕ و تەژییە لە کارزانی ﴿٤﴾ هەر چەندە ئێوە کۆمەڵێ بلەوەز و لاسار گوێنەبیس بن ئاخۆ ئێمە لەم بیرەوەرییە واز دێنین ﴿٥﴾ چەندە پێغەمبەرانێکی زۆرمان ناردە نێو کۆمەڵانی بەر لە ئێوە ﴿٦﴾ هیچ پێغەمبەرێکیان بۆ نەچوو مەگەر ئەوەی گاڵتەیان پێ‌ئەکرد ﴿٧﴾ ئەوانەی کە بە هێزتر بوون لە نێومان بردن، چیرکە و چیرۆکی پێشینان لە بەرا تێپەڕی ﴿٨﴾ ئەگەر لەوانە بپرسی کێ ئاسمانەکان و زەوی خەڵق کردووە، دەڵێن: خوای فرە بەدەسەڵات و لەکارزان ئەوانەی خەڵق کردووە ﴿٩﴾ ئەو زاتەی کە زەوی بۆتان کردۆتە لاندک و جێگای پشوودان، ڕێگەی بۆ پێدا کێشاون تا ڕێنوێن بن (و بگەنە مەقسەد) ﴿١٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



خوایەک کە لە ئاسمانەوە بە ئەندازە ئاوی (بارانی) بۆ ناردوون، جا بە هۆی ئەوە سەرزەوی مردوومان زیندوو کردەوە، ئێوەش هەر بەو جۆرە لە گۆڕدا دەهێندرێنە دەرێ (و زیندوو دەکرێنەوە) ﴿١١﴾ ئەو خوایەی کە هەموو جووتەکانی بەدیهێنا و لە کەشتی و ولّسات و پاتالّ و ئاژەلّ (وشتر، بزن، مەڕ و گا) شتانێکی لەوەی سواریان دەبن بۆ ئێوەی دانا ﴿١٢﴾ تا سواری پشتیان بن، لە پاشان نیعمەتی پەروەرێنەرتان بێننەوە بیر، ئەوددەمەی سواریان دەبن، بلّێن: پاک و بێخەوشە ئەو زاتەی کە ئەمانەی بۆ ئێمە کەوی و ڕام کرد و ئێمە توانای ئەمەمان نەبوو ﴿١٣﴾ بەڕاستی بۆ لای پەروەرێنەرمان دەگەڕێینەوە ﴿١٤﴾ بۆ خوا لە نێو بەندەکانیدا منداڵیان دانا، مرۆڤ ناسپاسێکی ئاشکرایە ﴿١٥﴾ ئاخۆ لەنێو ئەوانەدا کە هەر خۆی دروستیان دەکا، کچانی بۆخۆی وەرگرتووە و کوڕانیشی کردۆتە تایبەتی ئێوە ﴿١٦﴾ کەچی هەروەخت یەکێ لەوان موژدەی ئەوەی (مێوینەی) پێ بدرێ وا خۆی پێوایە بۆ خودایە، ڕوخساری ڕەش دادەگەڕێ و لە ڕقاندا پیش دەخواتەوە ﴿١٧﴾ ئاخۆ کەسێ لە نێو خشلا بەخێو کرابێ و لە شەڕیشا نە خۆیا و نادیار بێ بۆ خودا دەبێ ﴿١٨﴾ ئەو فریشتانەی عەبدی خودان بە مێوینەیان داناون ئاخۆ لەوێ بوون کە ئێمە وەدیمانهێنان؛ شایەدییەکەیان دەنووسرێ و لیان دەپرسرێتەوە ﴿١٩﴾ وتیان ئەگەر خواهەزی کربا ئێمە نەماندەپەرستن و زانستیان بەوەیش نەبوو هەر درۆیان هەڵدەبەستن ﴿٢٠﴾ یا ئایا بەر لە قورئان کتێبێکمان بۆ ناردوون کە ئێستا ئەیکەنە بەڵگە؟ ﴿٢١﴾ نا؛ بەڵکوو ئەڵێن: بابوکالّمان ئایینێکیان بووە و ئێمەیش بە شوێن ئەوانا ڕێنوێن ئەبین (کالّ یا کالّ: باپیر؛ واژەی 'کهل'ی عەرەبی لەم کوردیەوەر گیردراوە) ﴿٢٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بەمجۆرە بەر لە تۆ بۆ هیچ ئاواییەک ترسێنەرێکمان نەناردووە، کە لە ئێمەوە ترسیان وەبەرنێ مەگەر ئەوە کە (دەوڵەمەندە) خۆشگوزەرانەکانیان وتوویانە: باووباپیرانمان ئایینێکیان هەبووە و ئێمەیش بە شوێنیاندا ئەڕۆین و پەیڕەوییان لێدەکەین ﴿٢٣﴾ وتوویەتی: ئایا ئەگەر من ئایینێ ڕێنوێنیتر لەوەی باووباپیرانتان نیشان بدەم (هێمان ئینکار دەکەن؟!) وتوویانە: (بەڵێ) ئێمە بەوەی ئێوە بۆی بەرێ کراون باوەڕمان نییە ﴿٢٤﴾ تۆڵەمان لێ ساندن، جا بڕوانن سەرەنجامی بە درۆخەرەوان چلۆن بوو (و چییان بەسەرهات)؟ ﴿٢٥﴾ کاتێ کە ئیبراهیم بە باوک و هۆزی خۆی وت: لەوەی دەیپەرستن بێزارم ﴿٢٦﴾ مەگەر ئەوەی کە منی خوڵقاندووە، هەر ئەو دوایی ڕێنوێنیم دەکا ﴿٢٧﴾ (ئیبراهیم) کارێکی کرد ئەم وتارەی لە پاشەخۆی بۆ گەل و نەتەوەکەی هەر بمێنێ، بەڵکوو بیرینگێنەوە و بۆ لای خوا بگەڕێنەوە ﴿٢٨﴾ ئەوانیش و باب‌وکاڵی ئەوانیشم لە ژیان هەر بەهرەوەر کرد تا ئەم ڕاستە و پێغەمبەری ڕێگا نیشاندەریان هاتە لا ﴿٢٩﴾ جا کاتێ ڕاستی و هەقیان بۆ هات وتیان: ئەمە جادووە و بڕوای پێناهێنین و ئینکاری دەکەین ﴿٣٠﴾ وتیان: بۆ چ ئەم قورئانە بۆ مرۆڤێکی بەوەج و گەورە و بەنرخ و بەقەدر (و دارا)ی ئەم دوو باژێر و ئاواییە (مەککە و تایف) نەهاتووە؟! ﴿٣١﴾ ئایا ئەوانە بەزەیی و ڕەحمەتی پەروەرێنەرت دابەش دەکەن؟ لە حاڵێکدا ئێمە بژیو و ڕسق و ڕۆزی ئەوانمان لە ژیانی ئەم دنیایەدا لە نێوانیان بۆ بەش کردوون و پلەی هەندێکمان بردە سەر هەندێ تریان، تا هێندێکیان ڕاژە و خزمەت بە هێندێکیان بکەن (تا لە کارزانی و ئەزموونی یەکتر کەڵک وەرگرن)، بەزەیی و ڕەحمەتی پەروەرێنەرت لەوەی ئەوان کۆی دەکەنەوە باشترە ﴿٣٢﴾ خۆ ئەگەر بڕیار وا نەبا، کە نابێ خەڵکی یەک تیرە بن، وامان دەکرد میچ و بان و پلەکانی ماڵەکانی ئەوانەی خوانەناسن لە زێو بوایێ بە ڕیزەپلەکاناندا سەریان کەون (وَلَو لا أن یکونَ النّاسُ أُمّةً واحِدَةً دەکرێ ئاوای واتا بکەی:) ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایێ کە خەڵکی هەموو بەرەو خوانەناسی بچن و ببنە کۆمەڵێکی یەکپارچە وامان دەکرد ﴿٣٣﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



هەموو درگای ماڵەکانیشمان (لە زێو و زێڕ بۆ ساز دەدان) و تەختی (زێوین و زێرینم) دەدانێ کە لەسەریان پاڵ دەدەنەوە (و لەسەریان بنوون) ﴿٣٤﴾ شتیتری هەمەڕەنگیش؛ گشت ئەمانە هەر بۆ خۆشگوزەرانی ژیانی ئەم دنیان، ماڵی ئەولایش پەروەرندەت هەر بۆ ئەو کەسانەی داناوە کە لە خوای خۆیان دەترسن ﴿٣٥﴾ هەرکەس لە راست یادی خوا حەز دەکا کوێرایی دابێ (روو بسوورپێنێ) هاودەمێکی شەیتانی لێ پەیدا دەکەین ﴿٣٦﴾ ئیتر هەر ئەو هاودەمانە لە رێگە هەڵەمان دەکەن، لە حاڵێکدا لایان وایە کە هەر ئەوان راستەرێیان دیوەتەوە ﴿٣٧﴾ تا ئەو کاتەی دێتە لای ئێمە، دەڵێ: خۆزگە دووری من و تۆ (ئەی شەیتان) بە ئەندازەی دووری خۆرهەڵات و خۆرئاوا بوایە، جا تۆ چەن هاونشینێکی خراپی ﴿٣٨﴾ هەرگیز (ئەم خۆزگە و پەشیمانییە) لەم رۆژەدا سوودی بۆتان نییە، چونکە ستەمتان لە خۆ کردووە ئێوە هەموو پێکەوە لە عەزابدا هاوبەشن ئەبێ هەموو پێکەوە جەزرەبە بدرێن ﴿٣٩﴾ ئایا تۆ دەتوانی بە کەڕ و گوێکپ بژنەوێنی یا کوێر و ئەوانەی لە لارێیی ئاشکرادان رێنوێنی بکەی ﴿٤٠﴾ ئەگەر تۆ لەم نێوە لابەین، لەوانە تۆڵە دەستێنین ﴿٤١﴾ یا ئەو عەزابەی بەڵێنمان بەوان دابوو، بە تۆی نیشان دەدەین، ئێمە بەسەر ئەواندا بەدەسەڵاتین ﴿٤٢﴾ لەسەر ئەوەی بە تۆ راگەیێندراوە پێ دابگرە، کە بەراستی تۆ لەسەر رێگای راستی ﴿٤٣﴾ بەراستی قورئان هۆی بیرەوەری و بێداری تۆ و هۆزەکەتە و بە زوویی پرسیارت لێدەکرێ (کە چلۆن لەگەڵ قورئاندا جووڵاونەتەوە ﴿٤٤﴾ لە پێغەمبەرانی ئێمە کە بەر لە تۆ ناردوومانن بپرسە: ئاخۆ بڕیارمان داوە بێجگە لە خوا هیچ شتێتر بپەرستن! ﴿٤٥﴾ بە هەقیقەت ئێمە مووسامان بە نیشانەکانی خۆمانەوە نارد بۆ لای فیرعەون و داروودەستەکەی، جا وتی: من رەوانەکراوی پەروەرێنەری جیهانیانم ﴿٤٦﴾ جا کاتێ نیشانەکانی ئێمەی هێنایە لایان، لەناکاو هەموو دەستیان کرد بە تریقەی پێکەنین ﴿٤٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



هیچ نیشانە (و کشگێری)یەکمان بەوان نیشان نەدا، مەگەر ئەوە کە لە هاوتاکەی گەورەتر (و گرینگتر) بوو، ئەوانەمان بە جەزرەبەوە گرت تا بەڵکوو (لە تاوان) بگەڕێنەوە ﴿٤٨﴾ (کاتێ تووشی بەڵا بوون) وتیان: ئەی جادووگەرا! پەروەرێنەرت بەو بەڵێن و عەهدەی کە بە تۆی داوە بۆ ئێمەی بانگ بکە، ئێمە لە ڕێنوێن بووان دەبین ﴿٤٩﴾ کاتێ کە ئازارمان لەسەر لابردن، بەڵێنی خۆیان دەشکاند ﴿٥٠﴾ فیرعەون لە نێو هۆزەکەی هەرای کرد (نەراندی) و وتی: ئەی هۆزم! ئایا حوکوومەتی میسر هی من نییە؟ و ئاوی ئەم ڕووبارانە کە لە ژێر (کۆشکی) من دەڕۆن، ئایا نابینن ﴿٥١﴾ من چاکتر نیم لەم کابرایە کە هیچ نموودێکی نییە و باش ناتوانێ قسەکەی بە ڕەوانی بەیان بکا ﴿٥٢﴾ جا ئەگەر ڕاست دەڵێ ئەی بۆچ گەوی زێڕی: بازنە و مووچەوانە و دەسبەندی زێڕی لە حەواوە بەسەردا فڕێ نەدراوە؟ یا بۆچ مەلائیکە بە گەل لەگەڵی نەهاتوون (تا قسەکانی بسەلمێنن) ﴿٥٣﴾ جا ئەو (فیرعەون) هۆزی خۆی سووک و لاڕێ کرد، (چونکە) ئیتاعەتی ئەویان کرد، ئەوانە هۆزێکی فاسق و لاڕێ بوون ﴿٥٤﴾ جا کاتێ ئێمەیان قەڵس کرد، تۆڵەمان لێ وەرگرتن، جا هەموویانمان نوقم کردن (و لە نێومان بردن) ﴿٥٥﴾ ئەوانەمان لە ژماری ڕابوردووان دانا و کردمانە پەند و نەزیلە بۆ بەرەی دوایی ﴿٥٦﴾ کاتێ چریکەی کوڕی مریەمیان بۆ گێڕدرایەوە هۆزی تۆ بە شادی و گاڵتەوە لە قاقایان دا و کردیان بە هەرا ﴿٥٧﴾ وتیان: ئایا خوایانی ئێمە باشترە یا ئەو (مەسیح)، ئەم باسەیان بۆ تۆ نەهێنایە پێش مەگەر بۆ شەڕەقسە، بەڵکوو ئەوانە شەڕفرۆش و قین لە دڵن ﴿٥٨﴾ ئەو (مەسیح) نەبوو مەگەر بەندەیەک کە ئێمە نیعمەتمان پێدا و کردمانە نموونە و هۆی ئامۆژگاری و پەند بۆ بەرەی ئیسرائیل ﴿٥٩﴾ ئەگەر بمانویستبا لەباتی ئێوە لە زەویدا مەلائیکەمان دائەنا تا ببنە جێنشینی ئێوە ﴿٦٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



بەڕاستی ئەو (لەدایکبوونی عیسا بەبێ باوک) یەکێکە لە نیشانەکانی ڕۆژی پەسڵان، جا لە بوونی قیامەت دوودڵ مەبن و لە من پەیڕەوی بکەن، ئەمە ڕێگای ڕاستی منە ﴿٦١﴾ شەیتان ئێوە لە ڕێگای خوا نەگێڕێتەوە، ئەو بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرایە ﴿٦٢﴾ کاتێ عیسا بەڵگە ڕوونەکانی هێنا، وتی: بە هەقیقەت من بۆ ئێوە لەکارزانیم هێناوە و (هاتووم) تا هەندێ لەو شتەی جیاوازیتان تێیدا هەیە بۆتان بەیان بکەم، جا خۆتان لە (نافەرمانی) خوا بپارێزن و لە من ئیتاعەت بکەن ﴿٦٣﴾ هەر خوا پەروەرێنەری من و پەروەرێنەری ئێوەیە، جا ئەو بپەرستن، ڕێگای ڕاست هەر ئەمەیە ﴿٦٤﴾ جا تاقمەکان لە بەینی خۆیان (لەبابەت مەسیحەوە) جیاوازییان کرد (هەندێ ئەویان بە خوا دانا)، بۆ کەسانێ کە ستەمیان کرد واوەیلایە لە ئازاری ڕۆژی تووش و دەردناک ﴿٦٥﴾ ئایا چاوەنواری شتێ بێجگە لە قیامەتن کە لەناکاو بگاتە سەریان، لە حاڵێکدا ئەوان پێی ناحەسێن و پێی نازانن و هەستی پێناکەن ﴿٦٦﴾ دۆستان لەو ڕۆژەوە دوژمنی یەکترن، مەگەر خۆپارێزان نەبێ ﴿٦٧﴾ ئەی بەندەکانی من! ئەمڕۆ نەترستان لەسەرە و نە غەمگینیش دەبن ﴿٦٨﴾ کەسانێ کە بە نیشانەکانی ئێمە بڕوایان هێنا و موسڵمان و فەرمانبەر (ی پەروەرێنەر) بوون ﴿٦٩﴾ ئێوە و هاوڵفەکانتان بڕۆنە بەهەشت لە کاتیکا ڕێز دەگیرێن و شاد دەکرێن ﴿٧٠﴾ کاسە(ی خواردەمەنی) و جامی (شەرابی پاک) لە تەڵا و زێڕ بە دەوریاندا دەگەڕێنن، لە بەهەشتدایە ئەوەی دڵەکان دەیانەوێ و چاوەکان لەزەتی لێئەبەن و ئێوە لەوێدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە ﴿٧١﴾ ئەمە بەهەشتێکە بە هۆی کردەوەیەک کە ئەنجامتان داوە بە میرات پێتان گەیشتووە ﴿٧٢﴾ لەوێدا بۆ ئێوە میوەگەلی زۆر هەیە کە لێی دەخۆن ﴿٧٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



تاوانباران لە عەزابی جەهەندەمدا قەتیس دەبن ﴿٧٤﴾ سزایان سووک نابێتەوەو ئەوان لەوەدا بێهیوا دەمێننەوە ﴿٧٥﴾ ستەممان لەوان نەکردووە، بەڵام خۆیان ستەمکار بوون ﴿٧٦﴾ هاوار دەکەن: ئەی مالیک (ی دۆژەهـ) بڵێ بە پەروەرێنەرت تا بمانکوژێ (تا ئاسوودە) بین، دەڵێ: بەڕاستی ئێوە قەتیسن ﴿٧٧﴾ بە هەقیقەت هەقمان بۆ ئێوە هێنا، بەڵام زۆربەی ئێوە هەقتان پەسەند نەکرد ﴿٧٨﴾ بەڵکوو ئەوانە بۆ گزیکردن لێبران، جا بەڕاستی ئێمەیش توند (لەبابەت ئەوانەوە) لێدەبڕین ﴿٧٩﴾ ئایا ئەوانە وا دەزانن کە ئێمە ڕاز و نهێنی و قسەی بە سرتەی ئەوان نابیسین؟ بەڵێ ڕەوانەکراوان (و مەلائیکە)ی ئێمە لای ئەوانن و دەینووسن ﴿٨٠﴾ بڵێ: ئەگەر بۆ خوای ڕەحمان منداڵێک هەبوایە، جا من یەکەم پەیڕەوی ئەو ئەبووم ﴿٨١﴾ پاک و بێخەوشە پەروەرێنەری ئاسمانەکان و زەوی، پەروەرێنەری عەرش لەو پەسنانەی (لەبارەی خوا) دەیکەن ﴿٨٢﴾ جا وێڵیان بکە تا (لە باتڵدا) بتلێنەوە و گەمە بکەن تا ڕۆژێ کە بەڵێنیان پێدراوە پێی بگەن (و ئاکامی کاریان ببینن) ﴿٨٣﴾ ئەو زاتێکە هەم لە ئاسماندا خودایە و هەم لە ئەرزادا خودایە هەر ئەویشە لەکارزان و فرە زانا ﴿٨٤﴾ موبارەک و پیرۆزە کەسێ کە بۆ ئەوە موڵک و حوکوومەتی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەو دووانەدایە، ئاگاداری بە ڕۆژی بەرێ تەنیا لای ئەوە و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێندرێنەوە ﴿٨٥﴾ کەسانێ بێجگە لەو کە (بە خوایی هاواری) لێدەکەن نکارن ببنە تکاکار و خاوەنی تکا نین، مەگەر کەسانێ کە بە هەق شایەدیان دابێ، ئەوانە دەشزانن ﴿٨٦﴾ ئەگەر لەوانە بپرسی ئایا چ کەسێ ئەوانەی خەڵق کردووە، بێگومان دەڵێن: خوا، جا ئەی چلۆن لە پەرستنی ئەو لائەدەن و بوختان دەکەن ﴿٨٧﴾ فەرموودەی پێغەمبەر (بۆ شکایەت لە کافران) کە وتی: ئەی پەروەرێنەری من ئەمانە هۆزێکن بڕوا ناهێنن ﴿٨٨﴾ جا (ئێستا کەوایە) چاویان لێبپۆشە و بڵێ: سەلامتان لەسەر بێ، جا بە زوویی دەزانن و ئاگادار دەبنەوە ﴿٨٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

## سوورەی دوخان: دووکەڵ ٥٩ ئایەتە

**سوورەی دوخان لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٥٩ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

حا، میم ﴿١﴾ سوێند بەم کتێبە روونکەرەوە ﴿٢﴾ بەڕاستی ئێمە ئەم قورئانەمان لە شەوێکی پیرۆز (شەوی قەدر)دا ئێمە ناردوومانەتە خوارێ، بەڕاستی ئێمە ترسێنەر بووین ﴿٣﴾ لەو شەوەدا هەر فەرمانێ بە پێی لەکارزانی خوا لێک هاوێر و جیا دەکرێتەوە و بەیان ئەبێ ﴿٤﴾ فەرمانێکە لە لایەن ئێمەوە، بەڕاستی ئێمە نێنەری (محەمەد و هەموو پێغەمبەران و کتێبی ئایینین) ﴿٥﴾ ئەم کارە بەزەیی و ڕەحمەتێکە لە ئاڵی و لە لایەن پەروەرێنەرتەوە، بەڕاستی هەر ئەویشە بیسەر و ئاگا ﴿٦﴾ پەروەرێنەری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەم دووانەدایە، ئەگەر یەقیندار بن ﴿٧﴾ هیچ خوایێ بێجگە لەو نییە، زیندوو دەکا و دەمرێنێ، پەروەرێنەری ئێوە و پەروەرێنەری باووباپیرانتانە ﴿٨﴾ بەڵکوو ئەوانە لە دوودڵیدا گەمە دەکەن ﴿٩﴾ جا چاوەڕوانی ڕۆژێ بە کە ئاسمان بە ئاشکرا دووکەڵ دێنێ ﴿١٠﴾ هەموو خەڵک دادەگرێ، ئەمە عەزابێکی دەرداوییە ﴿١١﴾ ئەی پەروەرێنەری ئێمە! ئەم پەتا و ئازار و عەزابە لە ئێمە دوور بکەوە کە بەڕاستی بڕواهێنەرین ﴿١٢﴾ چلۆن و لە کوێ پەند ئەگرن، لە حاڵێکدا بە هەقیقەت پێغەمبەرێکی روونکەرەوە و دیاریدەریان بۆ هاتووە ﴿١٣﴾ لە پاشان ڕوویان لێ‌سووڕاند و وتیان: شێتێکە (ئەم شتانەی) فێرکراوە ﴿١٤﴾ کەمێ ئازار لادەبەین، بەڕاستی ئێوە دەگەڕێنەوە سەر ئایینی خۆتان ﴿١٥﴾ ڕۆژێ ئەوانە بە عەزابی سەخت دەگرین، بەڕاستی ئێمە تۆڵەئەستێنین ﴿١٦﴾ بە هەقیقەت بەر لەوانە هۆزی فیرعەونمان تاقی کردەوە، پێغەمبەرێکی کەریمیان هاتە لا ﴿١٧﴾ کە بەندەکانی خوا (بەرەی ئیسرائیل) بە من بسپێرن، من بۆ ئێوە پێغەمبەرێکی ئەمینم ﴿١٨﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



لە ڕاست خوادا خۆتان زل مەکەن، کە بەڕاستی من بۆ ئێوە بەڵگەیەکی ڕوونم هێناوە ﴿١٩﴾ بەڕاستی بە پەروەرێنەری خۆم و پەروەرێنەری ئێوە پەنام بردووە لەوە کە (تاوانم لێبدەن و بەردبارانم بکەن و بمکوژن ﴿٢٠﴾ ئەگەر بڕوام پێناهێنن، جا کارتان بە من نەبێ ﴿٢١﴾ جا (مووسا) هاواری لە پەروەرێنەری خۆی کرد، ئەوانە هۆزێکی تاوانبارن ﴿٢٢﴾ (دەستووری پێ درا) بەندەکانی من بە شەو بەرە، ئەوانە بە دووکەوتووانی ئێوەن ﴿٢٣﴾ بە ئارامی لە زەریا کە بپەڕەوە، ئەوانە سپایەکی نوقمکراون ﴿٢٤﴾ چیها باغ و کانیاویان لە باش بەجێما ﴿٢٥﴾ کشتوکاڵ و سەرسەرای بەنرخ خانووی چاک (یان بەجێهێشت) ﴿٢٦﴾ ناز و نیعمەتی زۆر کە لەودا نوقمی شادی بوون و لەوپەڕی خۆشیدا دەژیان ﴿٢٧﴾ بەمجۆرە بوون و ئێمە ئەو ناز و نیعمەتانەمان بە میرات بە خەڵکی تردا ﴿٢٩﴾ بە هەقیقەت ئێمە بەرەی ئیسرائیلمان لەو ئازاری پڕلە سووکایەتییە ڕزگار کرد ﴿٣٠﴾ لە (دەس) فیرعەون، ئەو لەو کەسانە بوو کە خۆبەزلزانینی لە ڕادە تێپەڕاندبوو ﴿٣١﴾ لە ڕووی زانستەوە ئەوانمان لە نێو خەڵکدا هەڵبژارد ﴿٣٢﴾ نیشانەگەلێکمان بەوان دا ئەوەی لەواندا ئەزموونی ئاشکرا هەبوو (بەڵام ئەوان کوفرانیان کرد و سزا دران) ﴿٣٣﴾ خوانەناسان ئێستا دەڵێن: ﴿٣٤﴾ مەرگی ئێمە تەنیا مەرگی یەکەمە، قەت زیندوو ناکرێینەوە ﴿٣٥﴾ ئەگەر ڕاستبێژن باووباپیرانمان (زیندوو بکەنەوە و بیانهێننە لای ئێمە ﴿٣٦﴾ ئاخۆ ئەوانە باشترن یا هۆزی تووبەع و پێشینەکانیان (تووبەع سەرناوی هەندێ لە پاتشاکانی باشووری عەرەبستان بووە و ئەبوکەرەمی حومەیری شای یەمەن کە دەیویست مەدینە وێران بکا) و کەسانێ کە بەر لەوان بوون، ئەوانمان لە نێو برد، و قڕیان تێخستوون چونکا ئەوانە تاوانبار بوون ﴿٣٧﴾ ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەم دووانەدایە بێئامانج بەدیماننەهێناوە ﴿٣٨﴾ ئەو دوانەمان بەدینەهێناوە مەگەر بەڕاستی و بەرهەق، بەڵام زۆربەی ئەوانە نازانن ﴿٣٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ڕۆژی هەڵاواردن و جیایی (ڕاست لە ناڕاست و حەق لە ناحەق) ژوانگە و بەڵێنگەی هەموویانە ﴿٤٠﴾ ڕۆژێ کە هیچ دۆستێ بۆ دۆستێ خۆی سوودی نابێ و (لە هیچ لایەکەوە) یارمەتی نادرێن ﴿٤١﴾ مەگەر کەسێ کە خوا بەزەیی پێبکا، خوا فرە بەدەسەڵات و دڵاوێنە ﴿٤٢﴾ بەری داری ژەقنەمووت: زەقووم (تاڵ و تفتە) ﴿٤٣﴾ خواردن و خۆراکی تاوانبارانە ﴿٤٤﴾ هەروەکوو ئاسنەواڵەی تواوە یا خلتەی ڕۆن زەیتوون یا قەتران لە زگیاندا ئەکوڵێ ﴿٤٥﴾ هەروەکوو کوڵانی ئاوی داغ ﴿٤٦﴾ ئەم تاوانبارە بگرن و ڕایکێشن تووڕی هەڵدەنە نێو دۆژەهـ ﴿٤٧﴾ لە پاشان ئاوی سووتێنەر و داغی بەسەرا برێژن ﴿٤٨﴾ بچێژە تۆ کە لە دنیادا فرە بەدەسەڵات و هێژا بووی! (بە گومانی خۆت) ﴿٤٩﴾ ئەم (ئازارە) ئەو شتەیە کە هەمیشە لێ دوودڵ بوون ﴿٥٠﴾ خۆپارێزان لە شوێنێکی ئەمندان ﴿٥١﴾ لە نێو باغەکان و کانیاوەکاندا ﴿٥٢﴾ ئەوانە جلکی لە هەورێشم و حەریری ناسک و ئەستوور لەبەر دەکەن و لە ڕاست یەکتر دادەنیشن ﴿٥٣﴾ بەهەشتیان ئا بەمجۆرەن و کیژی چاوکەژاڵی سپیوسۆڵمان بۆ زەوجاندن و کردمانە هاولفیان ﴿٥٤﴾ هەر جۆرە میوەیەک کە بیانەوێ بە ئارخایەنی و ئاسوودەیی و خاترجەمی دەخوازن و لەوپەڕی ئارامی و بێوەییدان ﴿٥٥﴾ بێجگە لە مردنی یەکەم (لە دنیا چەشتوویانە)، مەرگێتر ناچێژن و خوا لە عەزابی دۆژەهـ دەیانپارێزێ ﴿٥٦﴾ (ئەمە) بەخشش و فەزڵێکە لە پەروەرێنەرتەوە، ئەمە سەرکەوتێکی گەورەیە ﴿٥٧﴾ ئێمە ئەم قورئانەمان بە زمانی تۆ ئاسان کرد تا بەڵکوو ئەوانە بیر بکەنەوە و ئامۆژگاری و پەندبگرن ﴿٥٨﴾ جا تۆ چاوەنواڕ بە و ئەوانیش چاوەڕوانن ﴿٥٩﴾

## سوورەی جاسیە ٣٧ ئایەتە



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



**سوورەی جاسیە لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۳۷ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

حا، میم ﴿۱﴾ ئەم کتێبە (قورئان) لە لایەن خودای فرە بەدەسەڵات و لەکارزان، هاتۆتە خوارێ ﴿۲﴾ لە ئاسمانەکان و زەویدا نیشانەکانی پەند وەرگرتن بۆ بڕواداران هەیە ﴿۳﴾ لە بەدیهێنانی ئێوەو ئەوەی لە جووڵندە و خزۆک بڵاو دەبنەوە نیشانەگەلێک هەن بۆ هۆزێ کە لە بڕوادا یەقین دەکەن ﴿۴﴾ هاتوچۆی شەو و ڕۆژ لەوەی خوا لە ئاسمانەوە ناردوویەتی (هۆکاری) ڕسق و ڕۆزییە، جا بە هۆی ئەوە (باران) زەوی دوای مردنی دەبووژێنێتەوە و هەروا لە هاتنی بادا نیشانەی ئاشکرا بۆ هۆزێک کە ئەقڵیان دەخەنە کار هەیە ﴿۵﴾ ئەمانە نیشانەکانی خوان کە ڕاستن و بە هەق بەسەر تۆیدا دەخوێنینەوە، دەیسا لە پاش باسی خوا و باسی نیشانەکانی خوا بە کێهە قسە بڕوا دەکەن؟! ﴿۶﴾ های لەو کەسەی بوختانکەر و تاوانبارە ﴿۷﴾ نیشانەکانی خوای کە بەسەردا دەخوێندرێتەوە، دەیبیسێ، لە پاشان بە خۆبەزلزانی پێ دائەگرێ، وەکوو ئەمە نەیبیستبێ، جا بە کەسێ وا مزگێنی بە عەزابی دەرداوی بدە ﴿۸﴾ هەرکاتێ بە شتێ لە نیشانەکانی ئێمە ئاگادار ببێ، بە گاڵتەی دەگرێ، بۆ ئەوانە ئازاری ئابڕووبەر هەیە ﴿۹﴾ لە بەردەم و پشت سەریان دۆژەهە و نە ئەوەی بە دەسیان هێناوە هیچ سوودێکیان پێ‌ئەدا و نە ئەوانەی هەڵیانبژاردبوو یارمەتییان ئەدا و عەزابی سەختیان بۆ هەیە ﴿۱۰﴾ ئەم قورئانە هۆی ڕێنوێنییە و کەسانێ کە بە نیشانەکانی پەروەرێنەریان کافر بوون عەزابێکی سەخت و دەرداوییان بۆ هەیە ﴿۱۱﴾ خوا هەر ئەو زاتەیە کە دەریای بۆ ڕام کردون تا بە فەرمانی ئەو کەشتی تیا بگەڕێ و لە فەزیڵەتی خوا هۆی ژیان بخوازن، بەڵکوو شوکرانەبژێر بن ﴿۱۲﴾ ئەوەی وا لە ئاسمانەکان و زەویدایە هەمووی هی خوان و لە لایەن خۆیەوە کەوی و ڕامی ئێوەی کردووە، لەمەدا بۆ هۆزێ کە ڕادەمێنن و بیر دەکەنەوە و تێدەفکرن، نیشانەگەلێکی گرینگ هەیە ﴿۱۳﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



تۆ بە کەسانێ کە بڕوایان هێناوە، بلێ: (با ئەو کەسانە) ببەخشن کە بۆ ڕۆژەکانی خودا (ایام الله) بەهیوا نین، تا خوا خۆی لەو ڕۆژەدا هەر گروویەک بەپێی کردەوەیان پاداش بدا ﴿١٤﴾ هەرکەس چاکە بکا، بۆ خۆیەتی و هەرکەسیش خراپە بکا زیانی بۆ خۆیەتی، لە پاشان هەمووتان بۆ لای پەروەرێنەرتان دەگەڕێندرێنەوە ﴿١٥﴾ بە هەقیقەت کتێب و کارزانی و پلەی پێغەمبەرایەتیمان بە بەرەی ئیسرائیل دا و لە شتی پاک ڕۆزیمان پێدان، لە چاو هەموو خەڵکی دنیایش سەرمان خستن ﴿١٦﴾ لەبارەی دینەکەیشیان نیشانەی دیاریدەرمان پێدان لە نێو خۆیشدا تووشی کێشە نەبوون مەگەر وەختێ کە لەم دینە ئاگادار بوون و زانییان، ئەم کێشەیش لەبەر ئێرەیی نێوان خۆیان بوو، پەروەرندەت ڕۆژی پەسلان بەو کارانەیان ڕادەگا کە لەسەری پێک نەهاتوون ﴿١٧﴾ لە پاشان تۆمان خستە سەر ڕێی دین، جا بەو ڕێیەدا بڕۆ، لە هەوا و ئارەزووی کەسانێ کە نازانن پەیڕەوی مەکە ﴿١٨﴾ ئەوانە هەرگیز تۆ لە خوا بێنیاز ناکەن، ستەمکاران دۆست و پشتیوانی یەکترن، خوا پشتیوان و دۆستی خۆپارێزانە ﴿١٩﴾ ئەم قورئانە سۆمای چاوە بۆ خەڵک و ڕێنوێنی و ڕەحمەتە بۆ هۆزێ کە لە بڕوادا یەقین دەکەن ﴿٢٠﴾ ئایا کەسانێ کە کاری خراپیان کردووە، گومان دەکەن کە ئێمە ئەوانە وەکوو کەسانێ دائەنێین کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان ئەنجام داوە، کە مەرگ و ژیانیان یەکسان بێ؟ چەند خراپ داوەری دەکەن ﴿٢١﴾ خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق خوڵقاندووە تا هەرکەس کە بەرامبەر کاری کە کردوویەتی جەزا و سزا بدرێ، ئەوانە ناحەقییان لێنەکرێ ﴿٢٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئاخۆ تۆ ئەوکەسەت دیوە کە ئارەزووی خۆی کردبووە خوای خۆی؟ خودا کە ئاگای لێی هەبوو، ڕێی لێ‌گۆڕی و گوێچکەو دڵیشی مۆر کرد و لیلایی خستە سەر چاوی، سا کێ هەیە لە پاش خوا ڕێی نیشان‌بدا؟ دەی بۆچی بیر ناکەنەوە ﴿٢٣﴾ ئەوانە وتیان: بێجگە لە ژیانی ئەم دنیایەمان، شتی‌تر لە کاردا نییە، دەستەیەک لە ئێمە دەمرن و دەستەیی‌تر جێگای ئەوان دەگرنەوە، بێجگە لە ڕۆژگار شتی‌تر ئێمە لە نێو نابا، ئەوانە بەو قسە کە دەیڵێن بڕوا و یەقینیان نییە، بەڵکوو تەنیا گومانی بێ‌بنەڕەتیان هەیە ﴿٢٤﴾ کاتێ نیشانە ڕوونەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێندرێتەوە، بەڵگەیەکیان نییە، مەگەر ئەوە کە دەڵێن: ئەگەر ڕاستبێژن باووباپیرانمان زیندوو بکەنەوە و بیانهێنن (تا شایەدی بدەن) ﴿٢٥﴾ بڵێ: خوا زیندووتان دەکاتەوە، لە پاشان دەتانمرێنێ، لە پاشان هەمووتان لە ڕۆژی قیامەتدا کە شکی تیا نییە کۆ دەکاتەوە، بەڵام زۆربەی خەڵک نازانن ﴿٢٦﴾ دەسەڵاتی ئەم ئاسمانان و زەوییە هەر بە خوایە ڕۆژی پەسڵان ڕادەبێ، ئەم تەرزە هەرزەوێژانە زەرەر و زیان دەکەن ﴿٢٧﴾ لەو ڕۆژەدا هەر تیرەیەک ئەبینی کە (لە ترسا) بە چۆکدا هاتووە، هەر تیرەیێ بۆ وەرگرتنی نامەی کردەوەیان بانگ دەکرێن، لەو ڕۆژەدا لە ڕاست کارێ کە کردووتانە جەزا و سزا ئەدرێن ﴿٢٨﴾ ئەمە کتێبی ئێمەیە کە بە هەق قسە (لەسەر)تان بۆ دەکا، ئەوەی دەتانکرد، دەماننووسی ﴿٢٩﴾ بەڵام کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، جا پەروەرێنەر دەیانباتە نێو بەزەیی و ڕەحمەتی خۆی، هەر ئەمەیشە سەرکەوتی دیار و ئاشکرا ﴿٣٠﴾ بەڵام کەسانێ کە کافر بوون (بەوان دەوترێ) مەگەر نیشانەکانی ئێمەتان بەسەردا نەدەخوێندرایەوە؟ جا خۆتان بە زل زانی و هۆزی تاوانبار بوون ﴿٣١﴾ هەرکاتێ دەوترا کە بەڵێنی خوا هەقە و بێ‌شک قیامەت هەیە، دەیانوت: نازانین قیامەت چییە؟ تەنیا گومان دەبەین و بە یەقین نەگەیشتووین ﴿٣٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



هەر کـارێکی خراپیـان لە دەس هـاتبوو، بە ئاشـکرا نیشـان درا و ئەو شـتانەیش جەفەنـگ و گاڵتەیان پـێ دەکـرد، دەوری لـێدابـوون ﴿٣٣﴾ پێیـان دەوتـرێ: ئەمـڕۆ لە بیرتـان دەبەیـنەوە، هەروەکوو ئێوە دیداری ڕۆژێکی ئاواتان لە بیر خۆ بردبۆوە، و جێتان ئاگرە و هـیچ یاوەرێکتـان بـۆ نییـە ﴿٣٤﴾ ئەمە سزای ئەوەیە کە نیشـانەکانی خواتـان بە جەفەنـگ و حەنەک و گەپ و گاڵتە دەگرت و ژیانی دنیا ئێوەی فریـودا، ئەمـڕۆ لە دۆژەهــ نـاچنە دەرێ، عـوزر و بیانوویـان قەبووڵ ناکرێ ﴿٣٥﴾ جا هەر بـۆ خـوایە پەسـن و حەمـد کە ڕاهێـنەری ئاسـمانەکان و زەوی و هەموو جیهانیانە ﴿٣٦﴾ تەنیا گەورەیی لە ئاسمانەکان و زەوی تایبەتی ئەوە، هەر ئەویشە فرە بەدەسەڵات و لەکارزان ﴿٣٧﴾

## سوورەی ئەحقاف ٣٥ ئایەتە

**سوورەی ئەحقاف لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسمالله)وە ٣٥ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

حا، میم ﴿١﴾ ئەم کتێبە (قورئان) لە خودای فرە بەدەسەڵاتی لەکارزانەوە هاتۆتە خـوارێ ﴿٢﴾ ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە بەدیماننەهێناوە، مەگەر بە ڕاست و بە هەق و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، ئەوانەی کە خوانەناس بوون لەوەی لێی ترسێندراون ڕووسوورێنەرن ﴿٣﴾ بڵێ: ئایا دیوتانە ئەوانەی کە بێجگە لە ئەڵڵا بانگی دەکەن بە منی نیشـان بـدەن چییـان ئافراندووە لەم زەوییەدا؟ یا لە بەدیهێنانی ئاسمانەکاندا چ بەشدارییێکیان هەبووە؟ کتێبێ کە بەر لە قورئـان هـاتووە یـا شـوێنەواری زانسـتی و عیلمـی لە کەونـارا و مێـژینەی کـۆن، لە ڕابوردووان بۆ من بێنن، ئەگەر ڕاستبێژن (تا بەڵگەی ڕاستبێژیتان بێ) ﴿٤﴾ کێ لەوە لاڕێترە کە هاوار لە غەیری خوا دەکا، ئەو کەسەی کە تا ڕۆژی قیامەت وەڵامێکی پێنادەتەوە، یا (بـۆ کەسگەلێ کە تا ڕۆژی پەسڵان پەرسقی پێ نادەنەوە) ئەوان (بتەکان) لە پاڕانەوەی ئەوان غافڵ و بێئاگان ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور ساڵح ئیبراهیمی



کاتێ کە خەڵک لە قیامەت کۆ دەکرێنەوە خوداکانیان دەبنە دژیان و تەنانەت عیبادەتکردنی ئەوانەش ئینکار دەکەن ﴿٦﴾ کاتێ نیشانەکانی ئێمە بە ڕوونی بەسەریاندا بخوێندرێتەوە، کافران کاتێ کە هەق (یان بۆ دێ) دەڵێن: ئەمە جادوویەکی دیارە ﴿٧﴾ یا دەڵێن: خۆی بە دەم خواوە دایناوە، بڵێ: ئەگەر من بە دەم خواوە دامنابێ خۆ ئێوە لە ڕاست خوا بۆ من هیچتان لە دەس نایێ، خوا بەو توانج و تانە و تەشەر و بەو کارانەی کە خۆ دەکێشنە نێوی ئاگادارترە، هەر ئەمە بەسە کە خوا لە نێوان من و ئێوەدا شایەد بێ هەر ئەویشە لێبوور و فرە دڵاوێن ﴿٨﴾ بڵێ: من تاقانەی پێغەمبەران نیم (تا پێغەمبەریم سەرسووڕهێنەر بێ) و نایشزانم چ بەسەر من یا بەسەر ئێوە دێ، من لە شتێ بێجگە لەوەی بۆم دێ پەیڕەوی ناکەم و من نیم مەگەر ترسێنەرێکی ئاشکرا ﴿٩﴾ بڵێ: چ دەبینن (و چۆن بیر دەکەنەوە) ئەگەر قورئان لە لایەن خواوە بێ و ئێوە حاشا و ئینکاری بکەن؟ لە حاڵێکدا یەک لە بەرەی ئیسرائیل لەسەر وێنەکەی: وێنەی قورئان (کە مەبەست تەوراتە)، بڕوا بێنێ و شایەدی بدا، ئێوە هەر خۆتان بە زل دابنێن (چ کەسێ لە ئێوە لارێتر دەبێ)، خوا خێڵی غەدرکاران ڕێنوێنی ناکا ﴿١٠﴾ ئەوانەی کە کافر بوون لە بارەی بڕواداراندا و تیان: ئەگەر (ئیسلام) چاک بووایە، ئەوانە لە ئێمە پێش نەدەکەوتن (ئێمە بەر لەوان بڕوامان بە قورئان و ئیسلام دێنا)، چون خۆیان بە هۆی ئەوە ڕێنوێنی نەبوون، جا لە دواییدا دەڵێن: ئەمە درۆیەکی کەونارا و لەمێژینە و فرە کۆنە ﴿١١﴾ بەر لە قورئان کتێبی مووسا پێشەوا و ڕەحمەت بوو، (ئێستا) ئەم کتێبە (قورئان) تەسدیقکەری ئەوە کە بە زمانی عەرەبییە تا ناحەقیکاران بترسێنێ و بۆ کارچاکان مزگێنی بێ ﴿١٢﴾ ئەوانە وتیان: پەروەرێنەری ئێمە ئەڵڵایە و لە پاشان هەر لەسەر قسەی خۆیان مان، جا ترسیان بۆ نییە و خەفەتباریش نابن ﴿١٣﴾ ئەوانە بە پاداشی کارێ کە ئەنجامی دەدەن بەهەشتین و بۆ هەمیشەیش لەوێدا ئەمێننەوە ﴿١٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



ئێمە ڕامانسپاردە مرۆڤ کە لەگەڵ باوک و دایکیدا چاکە بکا، دایک (بە تۆلی و بێچوویی لە منالْدانیدا) بە سەختی ئەوی هەڵگرت (دووگیان بوو) و بە دژواریش دایناوە، دەورانی دووگیانی تا لە مەمک بڕینەوە و لە شیر گرتنەوەی سێ هەیڤی برد هەتا گەیشتە لاوی و گەنجی و تەمەنی گەیشتە چل ساڵی، وتی: ئەی پەروەرێنەرم! خۆت ڕامهێنە و فێرم بکە تا شوکری ئەو چاکەت بکەم کە لەگەڵ من و بە باوک و دایکمت کرد هەتا کاری چاک بکەم کە پێی ڕازی بی و زارۆکانی منیش چاک بکە، من بۆ لای تۆ گەڕاومەتەوە و لە خۆبەدەسەوەدەرانم ﴿۱۵﴾ ئەوانە کەسانێکن کە کارە چاکەکانیان قەبوول دەکەین و لە تاوانیشیان دەبوورین، جێگایان لە نێو بەهەشتدایە، بەڵێنێکی ڕاستە کە هەمیشە پێیان ئەدرێ ﴿۱۶﴾ کەسێ کە بە باوک و دایکی خۆی وت: ئۆف بۆ ئێوە (لێتان جاڕزم خۆم لێ لادەن) ئایا بەڵێنم پێئەدەن کە لە گۆڕ دەهێندرێمە دەرەوە (و زیندوو دەکرێمەوە)، لە حاڵێکدا بەر لە من خەڵکی زۆر بوون (کە زیندوو نەبوونەتەوە)، ئەو دووانە (باب و دایک) هاوار لە خوا دەکەن تا یارمەتییان بدا (و دەڵێن: ڕۆڵە) وەی بۆ تۆ، بڕوا بێنە، بەڵێنی خوا هەقە، ڕۆڵەکەیان دەڵێ: ئەمە بێجگە لە ئەفسانەی پێشینان شتێ‌تر نییە ﴿۱۷﴾ ئەو کەسانەیش هەر بە دەردی کۆمەڵانێک لە جنۆکە و مرۆیان چوون کە بەر لەوان فەوتان و تووشی جەزرەبەی ئێمە هاتن و زیانبار بون ﴿۱۸﴾ بۆ هەر یەکە لەوانە سەبارەت بە کارێ کە کردوویانە پلەگەلێ هەیە تا خوا جەزا و سزای کارەکانیان بە تەواوی بداتەوە، ستەمیان لێناکرێ ﴿۱۹﴾ ڕۆژی بەرەی خوانەناسان بەرانبەر ئاگر دادەنێن (پێیان دەڵێن) خۆش ژیانی دنیاتان دەرباز کرد و بە باشی کەڵکتان لێوەرگرت ئەمڕۆیش بە سووکایەتی ئازار دەدرێن، چونکە ئێوە لەسەر زەوی بە خۆڕایی و بە ناحەق خۆتان بە زل دەزانی و لە ڕێگەی ڕاستتان لادابوو و کاری خراپتان دەکرد ﴿۲۰﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



بێنەوە بیر (بەسەرهاتی هوود) بـرای هـۆزی عـاد ئەوەدەمەی کە ترسـی وەبەر هـۆزەکەی نـا لە سەرزەوی ئەحقاف (لە نێوان عمان و مهرة-دایە) ئێوە نابێ بێجگە لە خودا کەسێتر بپەرستن، من دڵنیگەرانی ئێوەم کە لە ڕۆژی گەورەدا تووشی ئازار بێن، بەر لەو لە پاش ئەویش ترسـێنەران هاتن و چوون ﴿۲۱﴾ ئەوان وتیان: ئایا تۆ هەر بۆیێ هاتوویە لامان تـا ئـێمە (بە درۆکانـت) لە خواکانمـان بگێـڕیتەوە، جەزرەبەیـێ کە بەڵێنتـان پـێدابـووین بەسـەرمان بێـنە ئەگەر لە ڕاستبێژانی ﴿۲۲﴾ وتی: زانست تەنیا لای خـوایە و ئەوەی پێـی نێـردراوم پێتـان ڕادەگەیێـنم، بەڵام دەبینم کە ئێوە هۆزێکی نەزانن ﴿۲۳﴾ جا کاتێ کە ئەوەیان بە وێنەی هەورێکـی پەرەدار دی کە بـۆ لای سـەرزەوییەکەیان لە بزووتنـدایە (خۆشـحاڵ بـوون)، وتیـان ئەمە هەورێکـی بارانهێنەرە بۆ ئێمە (بەڵام هوود پیانی وت:) ئەمە هەر ئەو شتەیە کە پەلەتان بوو بۆ هـاتنی، هەوری با و کزەبایەکە (پڕ مەترسی) کە ئازاری بەژان و دەرداوی تێدایە ﴿۲۴﴾ هەموو شتێک بە فەرمانی پەروەرێنەری خۆی لە نێو دەبردرێ، جا بۆ بەیانیدا بـێجگە لە خانووەکانیـان شـتی دیکە نەدەبیندرا، ئا بەمجۆرە هۆزی تاوانباران سزا ئەدەین ﴿۲۵﴾ بەوانە (هۆزی عـاد) گوزەران و هێزێکمان دابوو کە بە ئێوەمان نەداوە، بۆ ئەوان گـوێ و چـاو و دڵمـان داوە، بەڵام (لە کـاتی هاتنی عـەزابدا) گوێ و چاو و ئەقڵ بۆ ئەوان هیچ کەڵکی نەبووە، چونکە نیشـانەکانی خوایـان حاشا دەکرد و ئەوەی جەفەنگ و گاڵتەیان پێدەکـرد دەوراندەوری ئەوانـی داگرتبـوو ﴿۲۶﴾ بە هەقیقەت ئاواییەکانی دەوروبەری ئێوەمان بە خەڵکەکەیەوە لە نێـو بـرد و نیشـانەکانمان بە شێوەیەکی جۆراوجۆریان بەیان کرد تا بەڵکوو بگەڕێنەوە ﴿۲۷﴾ جا بۆچ ئەوانەی کە بێجگە لە خوا بۆ نێزیکبوونەوە لە خوا کە کردبوویانە خودا یارمەتی نەدان، بەڵکوو گوم بـوون و ئەمەیە ئاکامی درۆ و بوختانیان کە هەڵیانبەستبوون ﴿۲۸﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبر اهیمی



کاتێ کە تاقمێ لە جنۆکەمان نـاردە لای تـۆ تـا قورئـان ببیسـن، جـا کـاتێ گەیشـتن، وتیـان: بێدەنگ بن (گوێ ڕاگرن)، جا کاتێ تەواو بـوو هەروەکـوو ترسـێنەران گەڕانەوە بـۆ لای هـۆزی خۆیان ﴿٢٩﴾ وتیان: ئەی هۆزی ئێمە، گوێمان لە کتێبێ بوو کە دوای مووسا هـاتۆتە خـوارێ لەگەڵ کتێبە پێشووەکاندا هاودەنگە، بۆ هەق و ڕێگای ڕاست ڕێنوێنی دەکا ﴿٣٠﴾ ئەی هۆزی ئێمە، وەرن بە دەنگ ئەم کەسەوە بچن کە گازی و بانگەواز بۆ خوا دەکا و بـڕوای پـێ بـکەن لە تاوانتان خـۆش دەبـێ و لە ئـازار دانـی بەژانتـان دەپـارێزێ ﴿٣١﴾ هەرکەسـیش بە دەنـگ ئەو کەسەوە نەچێ کە بەرەو خـوا بانـگ دەکـا لەم سـەرزەوییە دەرەتـانی دەس نـاکەوێ، نـاتوانێ، لەسەر ئەرز بێجگە لە خوا پشـتیوانێکی بـۆ نیـیە، ئەوانە لە لاڕێییەکـی دیـاردان ﴿٣٢﴾ ئایـا ئەوانە نازانن کە ئەو خـوایەی وا ئاسـمانەکان و زەوی خەڵـق کـردووە و لە بەدیهێنـانی ئەوانە بێهێز نەبووە، توانای ئەوەیشی هەیە مردووەکان زینـدوو بکـاتەوە، بەڵـێ ئەو بەسـەر هەمـوو کارێکدا بەدەسەڵاتە ﴿٣٣﴾ ڕۆژێ ئەوانەی ئاگریان نیشـان ئەدرێ (پێیـاندەوترێ:) ئایـا ئەمە هەق نییە؟ دەڵێن: بەڵێ بە پەروەرێنەرمان سوێند (هەقە، خوا پێیـان) دەڵـێ: لەبەر ئەوەی هەر حاشاتان لێدەکرد؛ ئازار بچێژن ﴿٣٤﴾ خۆ ڕابگرە هەروەکـوو پێغەمـبەرە لێبـڕاو و نەبەزەکـان لەسەر کاری خۆیان سوور بوون و تابشتیان هێنا و بۆ (عـەزابی) ئەوان پەلە مەکە، ئەو ڕۆژە کە بەڵێنیان پێدراوە دەیبینن و وەک ئەوە دەڕوانن کە بێجگە لە سـاتێ لە ڕۆژ لە ژیانـدا نەبـوون، ئەمە (قورئان) ڕاگەیاندنێکە، ئایا بێجگە لە هۆزی فاسقان و کارخراپان لە نێودەچن؟ ﴿٣٥﴾

# سوورەی محەمەد ٣٨ ئایەتە



Dr. Saleh Ebrahimi

دكتور سا لح ئيبرا هيمى



**سوورەی محەمەد لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣٨ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەو کەسانەی دژی خوا بوون و ڕێگای خوایان لە خەڵکی گرتبوو (خوا) کردەوەکەیانی پــووچەڵ کرد و لە نێوی بردن ﴿١﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە و بەم قورئـانەیش کە ڕاستە و حەق و لە پەروەرندەیانەوە بۆ محەمەد بە خەلات هاتۆتە خـوارێ بڕوایـان هێنـاوە: خوا کارە خراپەکانیانی بۆ پۆشین و کاروباری ژیانیانی بۆ سـامان دان ﴿٢﴾ ئەمـە لەبەر ئەوەیە ئەو کەســانەی کە خوانەنـاس بــوون، بە دوای پــووچ و باتــڵ کەوتبــوون و ئەوانەش کە بڕوایـان هێنابوو پەیڕەوییان لە ڕاسـتی و هەق کـرد کە لە پەروەرێنەریـانەوە هـاتووە، خـوا بـۆ خەڵـک بەمجۆرە نەزیلە دێنێتەوە ﴿٣﴾ جا کاتێ لەگەڵ خوانەناساندا (لە شەڕدا) ڕووبەڕوو بن لە ملیان بدەن تا بە تەواوی تێکیان دەشکێنی، و پچرپچڕ دەبن (دیلەکـان) تونـد ببەسـتن، لە پاشـان یـا منەتیان لەسەر دابنێن (و ئازادیان بکەن) یا بەرخۆین و بارمتەیان لێ‌بستێنن تا جەنگ دوایی دێ، هەرکاتێ خوا بیویستبا خۆی تۆڵەی لێ‌دەستاندن، بەڵام ویسـتی تـا ئێـوە بە یەکتـر تـاقی بکـاتەوە و کەسـانێ کە لە ڕێگـای خـوادا کـوژراون، کردەوەیـان بە فیـڕۆ نابـا ﴿٤﴾ بە زوویـی ڕێنوێنییان دەکا و کاروباری ژیانیان بۆ تەکووز دەکا و بۆیان سامان دەدا ﴿٥﴾ ئەوانە ئەبـاتە بەهەشت کە بۆتان ناسـێندراوە و تاریفتـان بـۆ کـراوە ﴿٦﴾ ئەی کەسـانێ کە بڕواتـان هێنـاوە! ئەگەر یارمەتی خوا بدەن خوایش یارمەتیتان دەدا و خۆڕاگرتان ئەکا تـا نەبەزن ﴿٧﴾ کەسـانێ کە خوانەناس بوون، بە دەمەوە بکەون و تووشی نەگبەتی بن و لە نێو بچـن و خـوا کردەوەیـانی لێ پووچ و پووچەڵ کردوون ﴿٨﴾ ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە شتێ کە خوا ناردوویەتی پێیـان ناخۆش بووە، خودایش کارەکانی ئەوانی لە نێو بردووە ﴿٩﴾ ئایا بە زەویدا نەگەڕاون تا بنـوارن کە سەرەنجامی کەسانێ کە بەر لەوانە بوون چلۆن بـووە، خـوا لە نێـوی بـردن و بـۆ کـافرانیش سەرەنجامێکی وا هەیە ﴿١٠﴾ ئەمە لەبەر ئەوەیە خـوا پشـتیوان و یارمەتیـدەری کەسـانێکە بڕوایان هێناوە، بەڕاستی یار و پشتیوانێ بۆ خوانەناسان نییە ﴿١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە دەیانباتە نێو بەهەشتێ کە چۆمە ئاو بە بن دارەکانیدا دێ و دەڕوا، ئەوانەی کە خوانەناس بوون لە دنیا لەزەت ئەبەن و هەروەکوو چوارپێ و ئـاژەڵ دەخـۆن و دەلەوەڕن، سـەرەنجام جێیـان نێـو ئـاگرە ﴿١٢﴾ فـرە بـاژێڕی وا هەبـووە خەڵکەکەی لە خەڵکی باژێڕەکەی تۆ (شاری مەککە) ئەوەی تۆیان لێ وەدەرنا گەلێک بەگوڕ و پڕهێزتـر بـوون، قڕمـان کـردوون، هـیچ یارمەتیـدەرێکیان نەبـوو ﴿١٣﴾ ئـاخۆ کەسـێ کە لە پەروەرێنەریەوە بەڵگەی ڕوونی هەیە، وەکوو کەسێکە کردەوەی خراپی بـۆ ڕازێنـدرابێتەوە و بە دووی هەوا و ئارەزووی خۆیان کەوتوون ﴿١٤﴾ نەزیلە و پەسنی ئەو بەهەشـتەی کە بەڵێنـی بە خۆپارێزان دراوە چۆنچۆنییە؟ چەندین چۆمە ئاوی وای تێدایە ئاوەکەیان لێـل و شـلوێ نـابێ و چەند ڕووباری شیری (پێدا دەڕوا) تامیان ناگۆڕدرێ و هەروا چەند چۆمی شەرابی پیا دەڕوا کە بۆ نۆشێنەران بەلەزەتە و چەن ڕووباریش هەنگوینی پاڵاوتە هەن و بـۆ بەهەشـتییان هەر جۆرە میـوەییێکیش بخـوازن لەوێ هەیە و لـێخـۆشبـوونیش لە لایـان پەروەرنـدەیانەوە (ئـاخۆ ئەم خۆپـارێزانە وا لەم بەشـەدان) لـنگەی ئەو کەسـانەن کە بـۆ هەمیشـە لە نێـو ئـاگردان و ئـاوی کوڵیویـان پـێ دەخورێنـدرێتەوە و هەمـوو جەرگ و ڕیخـۆڵە و سـیپەلاکیانی لەت و هەڵوپەل کردبێ ﴿١٥﴾ هەندێ لەوانە گوێت بۆ ڕادەگرن، بەڵام کاتێ لای تۆ دەڕۆنە دەرێ، لە کەسانێ کە خوا زانستی پێداون (بەگاڵتە دەپرسن و دەڵێن:) ئایا ئەمە چی بـوو کە ئێسـتا (ئەو پیـاوە) دەیوت؟ ئەوانە کەسانێکن کە خوا دڵ و دەروونـی ئەوانـی مـۆر کـردووە و لە هەوا و ئـارەزووی خۆیان پەیڕەوی دەکەن (جا لەبەر ئەوە لە هیچ تێناگەن) ﴿١٦﴾ کەسانێ کە ڕێنوێن بـوون خـوا ڕێنوێنییان زیاد دەکا و دەیانخـاتە سـەر ڕاسـتەڕێی خۆپـارێزی ﴿١٧﴾ ئـاخۆ ئەوان چـاوەڕوانن کوتوپڕ و لەناکاو و هەرئێستا ڕۆژی پەسڵان ڕابێ، خۆ ئێستا نیشانەکانی دەرکەوتوون، وەختێ سەڵایشیان لێ ڕابـێ ئامۆژگـاری بوونیـان کەڵکـی بۆیـان چییـە ﴿١٨﴾ بـزانە بـێجگە لە خـوا خودایێتر نییە، بۆ تاوانی خۆت و بۆ (تاوانی) پیاوان و ژنانی بڕوادار داوای لێبوردن بکە، خـوا خۆی چاک بە هەڵگێر وەرگێڕتان و بە جێوڕێی هەمیشەیی ئێوە دەزانێ ﴿١٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



کەسانێ کە بڕوایان هێناوە دەڵێن: بۆچ لە لایەن خواوە سوورەیەک نایێتە خوارەوە جا هەرکاتێ سوورەتێکی پتەو هاتووە کە باسی خەزا و جەنگی کردووە، ئەوانەی لە دڵیاندا نەخۆشی هەیە دەبینی هەروەکوو کەسێ لە ترسی مردن تووشی فێداری هاتبێ تەماشای تۆ دەکەن، مەرگ بۆ ئەوان باشترە ﴿٢٠﴾ (بۆ ئەوانە) بەرفەرمانی و قسەی چاک وتن (یان بۆ باشترە) هەروەختیش خەزا بڕیار درا جا ئەگەر بەرانبەر بە خوا ڕاست بن هەر بۆ خۆیان باشترە و خێری فرەترە ﴿٢١﴾ ئاخۆ ئێوە ئەگەر بوونە فەرمانڕەوای کاری خەڵک لە زەویدا خراپە و ئیفساد دەکەن و پێوەندی خزمایەتیتان دەبڕن ﴿٢٢﴾ ئەمانە کەسانێکن خوا لەعنەتی لێ‌کردوون (و لە ڕەحمەتی خۆی بەری کردوون)، جا کەڕ و کوێری کردوون ﴿٢٣﴾ ئاخۆ بیر لەم قورئانە ناکەنەوە و بۆی ڕانامێنن یا دڵ و دەروونیان بەسراوە و گاڵە دراوە ﴿٢٤﴾ ئەوانەی کە دوای ڕوون بوونەوەی هەق بۆیان، گەڕانەوە سەر ناحەقی و لاڕێیی خۆیان، شەیتان کردەوەیانی لەبەر شیرین کردوون و ئەوانی بە ئارەزووی درێژ هێشتۆتەوە ﴿٢٥﴾ ئەمە لەبەر ئەوەیە چونکا ئەوانە، بەو کەسانەی کە حەزیان لەو شتە نەبووە کە خوا ناردوویەتە خوارێ، وتوویانە: ئێمە لە هەندێ لە کارەکاندا فەرمانبەری ئێوە دەکەین، خوایش بە ڕازیان دەزانێ و ئاگادارە ﴿٢٦﴾ جا دەبێ چلۆن بن کاتێ مەلائیکەتەکان بیانمرێنن لە ڕوخسار و پشتەوەیان دەسرەوێنن ﴿٢٧﴾ ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئەوان وەشوێن شتێکی وا کەوتبوون خوای تووڕە کردبوو و بە ڕەزای خوا ڕازی نەبوون جا خودایش کاری ئەوانی بوچ و بێ ئاکام کردووە و تیابردووە ﴿٢٨﴾ ئایا کەسانێ کە غەرەز و نەخۆشی لە دڵیاندایە گومانیان وایە، خۆارک و کینەیان ئاشکرا ناکا ﴿٢٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەگەر بمانەوێ ئەوانە بە تۆ نیشان ئەدەین تا بە سەروردیمەنیان ئەوانە بناسی بێگومان بە راوێژ و دراوی دەم و شێوەی ئاخاوتنیان ئەوان دەناسی، خوا بە کردەوەتان دەزانێ ﴿۳۰﴾ ئێوە تاقی دەکەینەوە تا تێکۆشەران (خەزاکەران) و تابشتهێنەرانتان بناسین (و ئاشکرایان بکەین) و دەنگ و باستان تاقی بکەینەوە (نووچەتان بەراورد بکەین) ﴿۳۱﴾ ئەو کەسانەی خوانەناس بوون و خەڵکیان لە ڕێگای خوا گێڕایەوە؛ دوای ڕوون بوونەوەی ڕێگای هەق و ڕزگار بوونیش بۆیان، (هێشتا) دژایەتییان لەگەڵ پێغەمبەردا کردبوو؛ دیارە هیچ کاتێ ناتوانن کەمترین زیانێ بە خوا بگەیێنن، بەم زووانەیش کارەکانیان پووچەڵ دەکەین و ئاکامەکەی تیا ئەبەین ﴿۳۲﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لە خوا ئیتاعەت بکەن و لە پێغەمبەری پەیڕەوی بکەن، کارەکانتان بە تاوان کردن پووچەڵ و باتڵ مەکەنەوە ﴿۳۳﴾ کەسانێ کە لە خوا بەحاشا بوون و ڕێگای خوایان بەستووە، لە پاشان بە بێدینی مردن خوا لێیان خۆشنابێ ﴿۳۴﴾ سستی مەکەن و دوژمن بۆ ئاشتی بانگ مەکەن لە حاڵێکدا ئێوە بەرزتر (و بەهێزتر)ن، خوا لەگەڵتانە و لە پاداشی کارتان کەم ناکاتەوە (و بە تەنیا بەجێتان نایەڵێ) ﴿۳۵﴾ ژیانی ئەم دنیایە تەنیا کایە و خۆ خەریک کردنە ئەگەر بڕوا بێنن و خۆپارێز بن، پاداشی خۆتان ئەداتێ، و (لە ڕاستی ئەوە) ماڵ و دراو لە ئێوە ناخوازێ ﴿۳۶﴾ هەر چەند زۆر بە قیرسیچمەیی و بە چەقیش داوای ماڵێکتان لێبکا، ڕژدی دەکەن و ڕق و قینتان دەردەخا ﴿۳۷﴾ ئاگادار بن بانگ دەکرێن تا لە ڕێگای خوادا بەخشش بکەن، جا هەندێ لە ئێوە ڕژدی و بەخێلی دەکەن و هەرکەسیش ڕژدی دەکا ڕژدی و بەخێلی لەگەڵ خۆی دەکا (و زیانی لە خۆی داوە) و خوا بێنیازە و هەر ئێوەن ژار و بەلەنگاز و بێچارە و نیازتان هەیە و ئەگەر پشتیشی تێبکەن چینێکی تر بە ئێوە دەگۆڕێتەوە کە لە ئێوە نەچن ﴿۳۸﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



# سوورەی فەتح ٢٩ ئایەتە

## سوورەی فەتح لە مەدینە هاتۆخوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٩ ئایەتە.

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئێمەین کە وەسەرمان ختی بەو سەرخستنە بەرچاوە دیار و ئاشکرایە ﴿١﴾ هەتا خودا لە هەڵەکانی پێشووت و لەو هەلانەی لەمە بەولاوە تووشیان دەبی عافووت بکا و چاکەی دوور لە کەمایەسیت لەگەڵ بکا و بتخاتە سەر ڕاستەڕێگا ﴿٢﴾ خودا یارمەتیت دەدا یارمەتی‌دانی وا فرە بەدەسەلات بی ﴿٣﴾ خوا زاتێکە ئۆقرە و هەدای خستە نێو دڵ و دەروونی بڕواداران، تا بڕوا لەسەر بڕوایان زیاد بێ، و سپای ئاسمانەکان و زەوی تایبەتی خوایە و خوا فرە زانا و لەکارزانە ﴿٤﴾ (مەبەستێ‌تر لەو سەرخستنە) تا پیاوان و ژنانی بڕوادار بباتە نێو بەهەشتگەلێ کە ئاو بە ژێر دارەکانیدا بەهاژە دێ و دەڕوا، بۆ هەمیشە لەوێدان و تا هەڵە و کارە خراپە کانیان ببەخشرێ، ئەمە لای خوا سەرکەوتن و ڕزگارییەکی گەورەیە ﴿٥﴾ تا پیاوان و ژنانی دووڕوو و شەریکدانەرانی پیاوان و ژنانێ کە لە گومانی خراپدان سەبارەت بە خوا (ئەوانە) لە نێو بازنەی ئازاری دەردی خراپ گیریان خواردووە و خوا غەزەبی لێ گرتوون و پیسیان لێقەماوە و نەحلەتی لە هەموان کردووە، و جەهەندەمی بۆ ئامادە کردوون و چ دوارۆژێکی خراپ و ڕۆژەڕەشیان بۆ هەیە ﴿٦﴾ تایبەت بە خوایە سپای ئاسمانەکان و زەوی، بەرفەرمانی خودان و خودا فرە بەدەسەلات و لەکارزانە ﴿٧﴾ ئێمە تۆمان (محەمەد) بە شایەد و مزگێنیدەر و ترسێنەر کل کردووە و ناردووە ﴿٨﴾ تا بە خوا و پێغەمبەری خوا بڕوا بێنن و یارمەتی بدەن و ڕێزی بۆ دابنێن و بە گەورەی بزانن، بەیانان و ئێواران پاکی و بێ‌خەوشی خوا بێژن ﴿٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئەوانەی کە بەیعەت بە تۆ دەکەن لە ڕاستیدا لەگەڵ خوا بەیعەت دەکەن و پەیمان دەبەستن و دەست و هێزی خوا لەبان هێزی ئەوانەوەیە، جا هەرکەس پەیمانشکێنی بکا تەنیا بە زیانی خۆی دەیشکێنی و هەرکەسیش بەو پەیمانە وەفادار بێ و بەجێی بێنێ، لە دوارۆژێکی زوودا خوا پاداشی گەورەی پێ‌ئەدا ﴿١٠﴾ ئەو عەرەبە کۆچەرانەی دوا کەوتبوون و ملیان بادا و لە جەنگ بەشدار نەببوون، بە تۆ دەڵێن: پاراستنی ماڵ و خاووخێزان، نەیانهێشت بگەینە ئێوە (و نەمانتوانی لەگەڵت بێینە خەزای حودەیبیە)، جا داوای لێ‌خۆشبوونمان بۆ بکە، ئەوانە بە زمانی خۆیان ئەوە دەڵێن کە لە دڵ و دەروونیاندا نییە، بڵێ: جا چ کەسێ دەتوانێ لە بەرانبەر خوادا لە ئێوە دیفاع بکا، هەرکاتێ زیانێکی بۆ ئێوە بوێ و یا سوودێکی (بۆتان) بوێ، بەڵکوو خوا بەوەی دەیکەن لە ناخی ئاگایە ﴿١١﴾ نەخێر؛ بەڵکوو ئێوە واتان دەزانی پێغەمبەر و بڕواداران ئیتر هەرگیز ناگەڕێنەوە نێو ماڵ و خاووخێزانیان و جێتان بۆ ئەو خەیاڵە لە دڵتاندا خۆش کرابوو و دڵتان پێی خۆش بوو، گومانی بێجا و خراپتان دەکرد و ئێوە کۆمەڵێکی بێ‌خێر بوون و سەرەنجام تیاچوون ﴿١٢﴾ هەرکەس بە خوا و پێغەمبەری خوا بڕوای نەبێ (جێی دۆزەخە)، ئێمە بۆ کافران ئاگری سووتێنەرمان ئامادە کردووە و کڵپە ئاگرمان تێڵ داوە ﴿١٣﴾ موڵک و دەسەڵاتی ئاسمانەکان و زەوی تایبەتی خوایە، هەرکەس کە بیەوێ (و شیاویش بێ) لێی خۆش دەبێ و هەرکەسیش کە بیەوێ ئازاری ئەدا، و لێبور و فرە دڵاوینە ﴿١٤﴾ هەر ئەوانەی لە (خەزای حودەیبیە دوا کەوتبوون ئێستا دەڵێن: هەروەختێ بەرەو گرتنی تالانێک چون لێمان گەڕێن ئێمەیش بەشوێن ئێوەدا دێین، گەرەکیانە قسەی خوا بگۆڕن، بڵێ قەت ئێوە بەشوێن ئێمەدا نایەن، خوا لە پێشدا ئەمەی ڕاگەیاندووە؛ ئەوسا دەڵێن نەخێر؛ بەڵکوو ئێوە لە حاند ئێمە بەخێڵ و چاوچنۆکن نەخێر ئەوان تێناگەن ﴿١٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



بەو عەرەبە کۆچەرانەی لە (خەزای حودەیبییە) خۆیان دزیبۆوە بڵێ هەر بەم زووانە بانگتان دەکەن (بۆ شەڕ بچنە سەر گەلێکی (کوردی کاڵەمووییین) بوێر و نەترس و شەڕوان و سەخت بەوزە کە لە جەنگیشدا گەڕناسن، جایا شەڕیان لەگەڵ دەکەن یان خۆ بە دەسەوە دەدەن؟ جا ئەگەر (بانگەوازەکە بە دڵ) ببەن بەڕێوە، خوا پاداشی باشتان پێ‌دەدا؛ ئەگەر هەروەکوو لە پێشدا (بۆ حودەیبییە) پشتتان هەڵکرد خۆتان بدزنەوە بە ئازار و عەزابێکی دەرداوی ئازارتان ئەدا (تەفسیری کوڕی کەسیرو...) ﴿١٦﴾ گازندە لە کوێر ناکرێ، گلەییش لەسەر شەل نییە، لەشبەباریش قەیدی ناکا (کە لە جەنگدا بەشدار نەبن: هەرکەسیش بە فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا بکا، ئەیباتە نێو باغ و بەهەشتگەلێ کە ئاو بەخوڕ بە بن دارەکانیدا تێدەپەڕێ، هەرکەسیش سەرپێچی بکا بە جەزرەبەی عەزابی دەرداوی ئازار ئەدرێ ﴿١٧﴾ خوا لە بڕواداران‌ێ کە لە ژێر ئەو دارەدا (لە غەدیر الاشطاط لە حودەیبییە) لەگەڵ تۆ بەیعەتیان کرد و پەیمانیان بەست ڕازی و خۆشنود بووە، خوا بەوەی لە دڵ و دەروونی ئەواندایە ئاگا و زانایە، جا ئۆقرە و دڵنیایی (سەکینەی) خستە نێو دڵ و دەروونی ئەوانەوە و سەرکەوتێکی نێزیکی بە پاداش پێ‌دان ﴿١٨﴾ ماڵی تاڵانی فرەیشیان دەس کەوێ، خوا فرە بەدەسەڵاتی لەکارزانە ﴿١٩﴾ خوا دەسکەوت: تاڵانی زۆری بەڵێن پێ‌داون کە بە دەسی دێنن، جا (ئەمە غەنیمەتی خەیبەرە کە) زۆرتر بۆ ئێوەمان ساز داوە و دەستی مرۆڤی (دەسدرێژکەری) لە ئێوە گێڕاوەتەوە تا نیشانەیەک بۆ بڕواداران بێ و بتانخاتە سەر ڕێگای ڕاست ﴿٢٠﴾ تاڵان و سەرکەوتنانی تریش هەن کە هێمان بە دەستتان نەهێناوە، بە هەقیقەت خوا دەسی بەسەریاندا ئەڕوا، خوا بەسەر هەموو شتێکدا خاوەن دەسەڵاتە ﴿٢١﴾ ئەگەر کافران (لە حودەیبییە) لەگەڵ ئێوەدا جەنگیشیان بکردبا پشتیان دەکردەوە و ڕایاندەکرد، ئیتر دۆست و پشتیوانێکیان بۆ نەدەبوو ﴿٢٢﴾ ئەمە شێوە و ڕێباز (قانوون)ی خوایە کە لە بەرا داڕێژراوە و هەرگیز بۆ ڕێبازی خوا گۆڕانێ نابینی و گیری ناهێنی ﴿٢٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



خوا زاتێکە ئێوەی لە دەستی ئەوان پاراست و ئەوانیشی لە دەس ئێوە وەختێ لە ئاقار و نێو دڵی مەککە خودا کردی و ئێوەی بەسەر ئەواندا زاڵ کرد، خوا بەوەی دەیکەن بینایە ﴿۲۴﴾ ئەوانە کەسانێکن کافر بوون و بەری ئێوەیان لە (زیارەتی) مەسجدولحەرام گرتبوو نەیانهێشت بچنە مەککە، ڕێشیان نەدا قوربانی ئامادە کراوەکەی ئێوە (لە حودەیبیە) کە گلیان دابۆوە بگاتە جێی قوربانی کردنەکەی خۆی، ئەگەر پیاوان و ژنانی بڕوادار کە هێشتا نەتانناسیون و لە نێو خەڵکی خوانەناسانی مەککەدان (ئەگەر خوا بیهێشتبا شەڕ لەگەڵ خەڵکی مەککە بکەن، ئەو موسوڵمانانە بێ ئەوەی ئێوە پێی بزانن بە دەسی ئێوە بکوژرێن و ئێوەیش مشکولۆزمەیان ببن، مەبەست ئەمە بوو کە خوا هەرکەس کە بیەوێ بیباتە نێو بەزەیی و ڕەحمەتی خۆی، ئەگەر بڕواداران (لە مەککە) لاچووبان و جیا کرابانەوە، کافرەکانیانمان بە جەزرەبە و عەزابی دەرداوی ئازار ئەدا ﴿۲۵﴾ وەختێ خوانەناسەکان لە دڵ و دەروونەوە بادیهەوایی نەزانانەیان نواند (نەیانهێشت لە حودەیبیەوە بچنە مەککە) خودایش ئۆقرەی خستە نێو دڵ و دەروونی پێغەمبەری خۆی و بڕوادارانەوە (یارانی پێغەمبەر) و خوا ئەوانی لەسەر بڕوا و خۆپارێزی ڕاگرت کە ئەوانە بۆ ئەمە شیاوتر بوون، خوا بەسەر هەموو شتێکدا فرە ئاگایە ﴿۲۶﴾ خوا خەوندیتنی پێغەمبەری خۆی بە ڕاست گێڕا کە (وتبووی:) خوا حەز بکا، بێوەی دەچنە نێو ماڵی کابە و سەرتاشین و قرتاندنی پۆڕ و مووی سەر (یا قرتانی نینۆک) ئەنجام دەدەن، ناشترسن و خوا شتانێکی زانیوە کە ئێوە نەتانزانیوە (و لەم دوا خستنەدا حیکمەتێ هەیە)، بێجگە لەوە سەرکەوتێکی نێزیکی (بۆ ئێوەی بڕواداران) داناوە ﴿۲۷﴾ ئەو زاتێکە پێغەمبەری خۆی بە قورئان و دینی هەقەوە ناردووە تا ئەو بەسەر هەموو دینێکدا سەر بخا و زاڵی بکا، بەسە کە خوا شایەدی ئەمە بێ ﴿۲۸﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



محەمەد پێغەمبەری خوایە و کەسانێ کە لەگەڵ ئەودان لە راست کافراندا سەخت و توندن و لە نێو خۆیان پێکەوە دڵلاوێن و بەبەزەن، ئەوانە لە کڕنۆش و سوژدەدا ئەبینی، ئەوانە چاکە و فەزڵی خوا و ڕەزای ئەو دەخوازن، دروشمی سوژدەبردنیان بە نێوچاوانەوە هەیە و دیارە وێنەیشیان لە تەوراتدا و نموونەیشیان لە ئینجیلدا شوبهێنراوە بە چناو و تۆمێکی چەقاو، ڕەگ و ڕیشەی بەرەو ژوور هەڵچووبێ هێزی زۆری دابێ و وەچەیێ فرەی دەرکردبێ و ئەستوور و قەوی بووبێ و لەسەر ساقەت و لاسک خۆی گرتبێ و جووتیار و وەرزێران سەیری بمێنن تا خوانەناسان لە دەروونەوە خۆیان بخۆنەوە؛ ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان ئەنجامداوە خوا بەڵێنی لێبوردن و پاداشی گەورەی پێ داون ﴿٢٩﴾

## سوورەی حوجورات: هۆدەکان ١٨ ئایەتە

**سوورەی حوجورات لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٨ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، لە خوا و پێغەمبەری ئەو پێش مەکەون، لە خوا بترسن، خوا فرە ژنەوا و زانایە ﴿١﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، دەنگی خۆتان مەخەنە بان دەنگی پێغەمبەر، لەگەڵ ئەو بە دەنگی بەرز قسە مەکەن هەروەکوو و لەگەڵ یەکتر داخێون و بە دەنگی بەرز قسە دەکەن، نەوەکوو ئاکامی کارتان پووچەڵ ببێ و تیابچێ و ئاگادار نەبن، بە خۆتان نەزانن ﴿٢﴾ کەسانێ کە لای پێغەمبەری خوا دەنگیان نزم دەکەن، ئەوانە کەسانێکن کە خوا دڵیانی بۆ پارێزگاری، ئەزموون و تاقی کردۆتەوە، هەر بۆ ئەوانە لێ‌خۆشبوون و پاداشی گەورە ﴿٣﴾ بەراستێ کەسانێ کە لەودیوی هۆدەکانەوە بانگت دەکەن زۆربەیان ئاوەزیان نییە ﴿٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئەگەر ئەوانە تابشتیان بێنایە تا تۆ بێیە لایان، بۆیان چاکتر بوو، خوا لێبور و فرە دڵلاوێنە ﴿٥﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، ئەگەر فاسقێ تاوانبار هەواڵێکی بۆتان هێنا، بە وردی لێی بکۆڵنەوە، نەکا لە ڕووی نەزانییەوە بە خەڵکێ زیان بگەیێنن، جا لە کارێ کە کردووتانە پەشیمان ببنەوە ﴿٦﴾ پێویستە ئەمەیش بزانن کە پێغەمبەری خوا لە نێوتاندایە، ئەگەر لە زۆرێ لە کار و کردەوەدا بە قسەی ئێوە بکا تووشی نارەحەتی و ڕەنج دەبن، بەڵام خوا بڕوای کردە خۆشەویستی ئێوە و لە نێو دڵ و دەروونتاندا ڕازاندییەوە بێ باوەری و لەرێ لادان و سەرپێچی لە بەرچاوتان ناحەز و دزێو کرد، هەر ئەمانەن لە ڕێ شارەزا و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو ﴿٧﴾ ئەمەیش بەخشش و نیعمەتێکە لە لایەن خواوە، خوا فرە زانا و لەکارزانە ﴿٨﴾ ئەگەر دوو دەستە لە بڕواداران پێکەوە بجەنگن ئێوە ئاشتیان بکەنەوە، جا ئەگەر دەستەیێ بیەوێ ناحەقی و دەسدرێژی بۆ دەستەکەی دیکە بکا، لەگەڵ ئەو دەستەیان کە ستەم دەکا بجەنگن تا دەگەرێتەوە بەرەو لای فەرمانی خوا، هەرکاتێ گەڕاوە، دادگەرانە بەبێ لایەنگیری ئاشتیان بکەنەوە و پێکیان بێنن بە یەکسانی، خوا دادگەرانێ کە بە یەکسانی بە کێشەی خەڵک ڕابگەن خۆشی دەوێن ﴿٩﴾ هەر تەنیا بڕواداران بران، جا ئاشتی بخەنە نێو براکانتان و لە خوا بترسن تا بەڵکوو بەزەیی و ڕوحمتان پێبکرێ ﴿١٠﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، هێندێکتان گاڵتە بە هێندێکتان مەکەن چونکا لەوانەیە، ئەوانەی گەپیان پێدراوە لە گەپدەرەکان باشتر بن، ژنیش هەر وا، لەوانەیە ژنە گاڵتە پێکراوەکان لەوان چاکتر بن، سیلەی چاو لە یەکتر دامەگرن و توانج و تەشەر بۆ یەکتر مەخەن و نێونیتکە و ناو و ناتۆرە لە یەکتر هەڵمەدەن چونکا نێونیتکە لە یەکترنان دوای بڕواهێنان و ناوی خەڵک بە لارێ و فاسق و درۆزن و بێدین بردن لای خوا پیس و ناپەسندە، هەرکەسیش لەو قسانە پەشیمان نەبێتەوە لە ڕیزی ناحەقیکارانە ﴿١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! خۆتان لە زۆرێ لە گومانەکان لادەن، چونکا هەندێ لە گومانەکان تاوانن، لە کاروباری یەکتریش مەکۆڵنەوە، پاش ملەش خراپەی یەکتر مەبێژن، ئاخۆ کەستان وازی لێیە و پێی خۆشە گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوا، دیارە قیز و بێزتان لێی دەبێتەوە؛ لە خوا بترسن، خوا پەشیمانیوەرگر و فرەیش دڵلاوێنە ﴿١٢﴾ ئەی خەڵکینە! ئێمە ئێوەمان لە پیاو و ژنێک خوڵقاندووە، ئێوەمان کردە نەتەوە، نەتەوە و هۆز هۆز تا یەکتر بناسن، بەرێزترینتان لای خوا خۆپارێزترینتانە، خوا بە ناخی هەمووشت زانا و ئاگایە ﴿١٣﴾ عەرەبە دەشتەکییەکان وتیان: بڕوامان هێناوە، بڵێ: بڕواتان نەهێناوە، بەڵکوو بڵێن: خۆمان بە دەسەوە داوە هێمان بڕوای ئیسلامەتی نەدەڵیوەتە نێو دڵ و هەناوتان، ئەگەر بە قسەی خوا و پێغەمبەری خوا بکەن، شتێ لە پاداشی ئاکامی کارتان کەم ناکاتەوە، خوا لێبور و فرە دڵلاوێنە ﴿١٤﴾ بڕواداران تەنیا کەسانێکن بە خوا و پێغەمبەری ئەو بڕوایان هێناوە و لە دوایشدا نەکەوتوونەتە دوودڵی و شکەوە، بە ماڵ و گیانیان لە ڕێگای خوادا تەلاشیان کردووە و تێکۆشاون، هەر ئەمانیشن ڕاستبێژان ﴿١٥﴾ بڵێ ئاخۆ دەتانەوێ خوا بەو دینەی هەتانە زیاتر زانا و فێرتان بکا خوا بە هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە ئاگایە، خوا بەسەر هەموو شتێکدا فرە ئاگا و زانایە ﴿١٦﴾ ئەوانە لەبەر ئەوەی بوونەتە موسوڵمان، منەتت لەسەر دائەنێن، بڵێ: بە موسوڵمان بوونی خۆتان منەت لەسەر من دامەنێن، بەڵکوو خوا منەت لەسەر ئێوە دائەنێ کە ئێوەی بۆ لای بڕواهێنان ڕێنوێنی کردووە، ئەگەر (لە بڕواهێناندا) ڕاستبێژن ﴿١٧﴾ خوا نادیار (و نهێن)ی ئاسمانەکان و زەوی دەزانێ، خوا بەوەی کە دەیکەن بینایە ﴿١٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



## سوورەی قاف ٤٥ ئایەتە

**سوورەی قاف لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۴۵ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

قاف، سوێند بەم قورئانە چاک و بەرێزە ﴿۱﴾ (خەڵکی مەککە نە تەنیا بڕوایان نەهێنا) بەڵکوو سەریان سوڕما لەوەی کە لە خۆیان پێغەمبەرێکی ترسێنەریان بۆ هاتووە، ئەوانەی خوانەناس بوون وتیان ئەمە شتێ سەیر و عەجیبە ﴿۲﴾ ئایا وەختێ مردین و بووینە خۆڵ دووبارە زیندوو دەکرێینەوە، ئەمە گەڕانەوەیەکی دوورە (لە عەقڵ) ﴿۳﴾ ئێمە زوو زانیومانە کە زەوی تا چ ڕادەیەک لە لەشیان کەم دەکاتەوە و (دەیکاتە خۆڵ)، کتێبی کە هەموو شتەکانی لە نێو خۆیدا کۆ کردوونەتەوە و پاراستوونی لای ئێمەیە ﴿۴﴾ بەڵێ ئەوانە قسەی هەقیان کە بۆ هاتووە بە درۆیان خستەوە، جا هەمیشە لە کاری ئاڵۆز و پرش‌وبڵاوی خۆیاندا پەرێشانن ﴿۵﴾ ئایا بە ئاسمانێ کە لە بان سەریانەوەیە بە بیرکردنەوە بۆی نانوارن کە چلۆنمان ساز داوە و ڕازاندوومانەتەوە و هیچ کون و کەلێنێکی تێدا نییە ﴿۶﴾ زەویمان پان و بەرین ڕاخستووە و لەودا کێوگەلێ پتەومان داناوە و هەر جۆرە جووتە ڕوەکێکی بەردڵمان لە نێودا ڕواند و شینمان کردن ﴿۷﴾ تا چاوی دڵ ڕۆشن بکا و ببێتە هۆی بیرەوەری و پەند بۆ هەر عەبدێکی حەز بکا بگەڕێتەوە ﴿۸﴾ لە ئاسمانەوە ئاوێکی پڕ پیت و بەرەکەتمان باراند، بە هۆی ئەو بارانەوە باغی مێوە و دانەوێڵەیش بۆ دروێنە کردنمان ڕواند ﴿۹﴾ دارە خورمای بەرزەبالاًیش بە هێشووی تێکسمراو و بزمار کوتەوە ﴿۱۰﴾ تا ببێتە ڕسق و ڕۆزی بۆ بەندەکان، و بەو بارانە زەوی مردوویشمان زیندوو کردەوە، زیندوو کردنەوەی مردوویش و دەرکەوتنیان هەروایە ﴿۱۱﴾ بەر لەوان هۆزی نووح و خەڵکی ڕەس (چەمی ئاراز) و سەموود (پێغەمبەرەکانیان) بە درۆ خستنەوە ﴿۱۲﴾ هۆزی عاد و فیرعەون و هۆزی لووتیش ﴿۱۳﴾ خەڵکی ئەیکە (خاوەنانی لێڕەوار) و هۆزی توببەع هەموو پێغەمبەرەکانیان بە درۆزن دانا، جا بوونە شیاوی هەڕەشەی بەڵێن (ی خوا) ﴿۱۴﴾ ئایا لە بەدیهێنانی یەکەم ناتەوان ماین (کە وزەمان بەسەر زیندووکردنەوەی ڕۆژی بەرێدا نەبێ)، نا؛ بەڵکوو ئەوانە لە ئافراندنی تازەی خوا لە شکدان ﴿۱۵﴾

نوکتە: لە بەشی مەجوس دوکتور فەریدوە جدی لە دایرةالمعارفی خۆیدا وبستانیش بابی زەردەشت بە خەڵکی ئازربایجان لای چۆمی ئەرەس دەزانن و بروس مێژو نوس و پێشەوای کلدانی کە لە سەدەی سێهەمی بەر لەزایین ژیاوە زەردەشتی بە هەوەڵین ئاڵقەی زنجیرەیرە گەزی ماد زانیوە تور و دانگین لەروی بەردی ئاستانەی دەورەی سومێری کە دەگەڕێتەوەبو ٣٠٠٠ ساڵ بەر لە دایک بوونی عیسا لەسەر ئەو بەردانە ناوی (کوردکا)ی خوێندوتەوە و ئەو ۲ بەردەیشی لە ئوروسەر زەوی ئیبراهیم‌ـی کوری ئازەر وەزیری نمرود (ئەبو حەفس عومەربن عەلی بن عادل حەنبەلی دیمەشقی لە ٨٨ مانگی بەدوا مردوە تەفسیری ١٨ بەرگی و بەرگی ١١ پەڕەی ٥٠١ تەفسیری قور توبی جامیعی بۆئە حکامی قوڕئان ٢٠ بەرگی (شەپۆل)



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



دیارە ئێمە مرۆڤمان بەدیهێناوە و دەیشزانین چۆن خەیالاتی بە دڵدا دێ، ئێمە بۆ ئەو لە شادەماری لاملی نێزیکترین ﴿١٦﴾ بێنەوە بیرکاتێ کە دوو مەلائیکە لە لای ڕاست و لای چەپی مرۆڤ دانیشتوون و کردەوەی دەنووسن ﴿١٧﴾ مرۆڤ هیچ قسەیەک ناکا مەگەر مەلائیکەیەک چاوەدێری ئەم قسەیە ﴿١٨﴾ بووراونەوە و لەسەرخۆ چوونی ئاویلکەدانی گیانەڵلاّدان هات و وا دیاری دا کە هەر ئەمەیشە کە تۆ نەتدەویست تووشی بی ﴿١٩﴾ فوو بە کەڵەشاخ و شەیپووردا دەکرێ، ئەو ڕۆژە، ڕۆژی بەڵێنی هەڕەشە وەدیهاتنی خودایە ﴿٢٠﴾ هەر مرۆڤێک دێتە (مەحشەر)، لە حاڵێکدا لێخوڕ و شایەدی لەگەڵە ﴿٢١﴾ (بەو دەوترێ:) تۆ لەمە (شانۆی ڕۆژی حەشر) غافڵ و بێئاگا بووی، جا ئێمە پەردەمان لە پێش چاوی تۆ لادا، جا ئەمڕۆ چاوت تیژبینە! ﴿٢٢﴾ پەری هاونشینی ئەو دەڵێ: ئەمەیە ئەوەی لای من ئامادەیە ﴿٢٣﴾ (خوا فەرمان ئەدا) بە هەردووکتان تووری هەڵدەنە نێو دۆزەهـ، هەر ناسپاسێکی ڕقلەدڵ و خۆبەزلزان ﴿٢٤﴾ (ئەوە) کە بەرگری خێرە، دەسدرێژکەرە و لە دوودڵیدایە (و تەنانەت خەڵکی تریش دەخاتە دوودڵی) ﴿٢٥﴾ کەسێ بوو کە وێڕای خودا شتی دیکەیشی دەپەرست، بیخەنە نێو ئازاری سەختەوە ﴿٢٦﴾ هاونشینەکەی دەڵێ: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! من ئەوم نەکردە سەرکێش و ملبادەر، بەڵکوو خۆی سەخت لارێ بوو ﴿٢٧﴾ خوا دەڵێ: لای من شەڕەقسە مەکەن، بەر لەمە هەڕەشەم لێکردوون (جێی قسەم بۆ نەهێشتوونەتەوە) ﴿٢٨﴾ قسە لە کن من ناگۆڕدرێ و هیچ جۆرە ستەمێ لە بەندەکانم ناکەم ﴿٢٩﴾ ڕۆژێ کە بە دۆزەهـ دەڵێین: ئایا تەژی بووی؟ دەڵێ: ئایا زیاتر لەوە هەیە؟ ﴿٣٠﴾ (لەو ڕۆژەدا) بەهەشت بۆ خۆپارێزان نێزیک دەکرێتەوە، لێیان دوور نییە ﴿٣١﴾ کە ئەمە بۆ ئەو کەسانەی بەرەو خوا گەڕاونەوە و خۆپارێز بوون سۆز دراوە ﴿٣٢﴾ ئەمە ئەوەیە کە بەڵێنتان پێدرابوو، بۆ هەر تۆبەکارێکی خۆپارێز ﴿٣٣﴾ (بەوانە دەوترێ:) بە سەلامەت بڕۆنە بەهەشت، ئەمڕۆ ڕۆژێکی هەمیشەیی و هەرمانە ﴿٣٤﴾ هەرچی بیانەوێ بۆیان ئامادەیە، زیاد لەوەش لای ئێمە هەیە ﴿٣٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئێمە فرە چین و بەرەن کە لە پێش ئەوانەدا بوون قڕ تێخستوون، لەمانەیش بەهێزتر بوون فرە وڵاتیان پشکنیون، ئاخۆ ئەوان هیچ دەرەتانیان بۆ رەخسا، تا خۆ رزگار بکەن؟ ﴿٣٦﴾ لەم قسەدا بۆ کەسانێ کە دڵزیندوو و ژیرە یا باشی گوێ لێدەگرێ و بیریشی هەر لە لایەتی دەبێتە هۆی بیرکردنەوە و پەند وەرگرتن ﴿٣٧﴾ ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەواندایە لە شەش رۆژ (دەوران)دا خوڵقاندمان و رەنج و شەکەتی و ماندوو بوونێکیشمان پێ نەگەیی ﴿٣٨﴾ جا لە راست ئەوەی ئەوانە دەیڵێن خۆڕاگر بە و پاکی و بێخەوشی پەروەرێنەرت بەر لە گزینگی تاوهەڵات و بەر لە خۆرئاوا بڵێ ﴿٣٩﴾ لە بەشێ لە شەو دوای هەر سوژدەیەک پەسنی پاکی خوا بڵێ ﴿٤٠﴾ گوێ رابگرە (و چاوەنوار بە) رۆژێک کە جارچی لە شوێنێکی نێزیکەوە هاوار دەکا و جار دەکێشێ ﴿٤١﴾ رۆژێ کە ئەو هاوارە بە هەق دەبیسن، ئەو رۆژە رۆژی هاتنە دەرەوەیە (لە گۆڕ) ﴿٤٢﴾ هەر ئێمەین کە زیندوو دەکەینەوە و دەمرێنین و گەڕانەوەیش تەنیا بۆ لای ئێمەیە ﴿٤٣﴾ رۆژێ کە زەوی لەوان دەم ئەکاتەوە و بە تالووکە دێنە دەرێ، ئەم کۆ کردنەوە بۆ ئێمە ئاسانە ﴿٤٤﴾ ئێمە بەوەی کە دەیڵێن ئاگاترین و تۆ بەسەر ئەواندا زاڵ نیت، جا هەرکەس لە بەڵێنی ئازاردانی من دەترسێ بە قورئان پەندی بدە ﴿٤٥﴾

## سوورەی زاریات ٦٠ ئایەتە

**سوورەی زاریات لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٦٠ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سوێند بەو بایانەی دەتوانن بڵاو بکەنەوە کە هەور (و خۆڵ و خاک و تۆی گژوگیا) دێنێ و دەبا ﴿١﴾ سوێند بەو هەورانەی گرانبارن کە باری قورس (ی باران) هەڵدەگرن ﴿٢﴾ سوێند بەوانەی (کەشتی‌گەلێ) کە بە ئاسانی دەڕۆن ﴿٣﴾ سوێند بە پەری‌گەلێ کە کار دابەش دەکەن ﴿٤﴾ (سوێند بە هەموو ئەوانە) ئەوەی بەڵێنتان پێدراوە راستە ﴿٥﴾ رۆژی جەزا (و سزای کردەوە) هاتنییە (و هەر دێ) ﴿٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



سوێند بە و ئاسمانەی ڕێڕێیە (و شەپۆلان دەدا) کە ڕێگە (ی ستێران)ە ﴿٧﴾ قسەتان یەکتر ناگرێتەوە ﴿٨﴾ لەوە (قورئان) کلا دەبێ ئەو کەسەی کە کلا کرابێ ﴿٩﴾ دەک بەکوشت چن ئەوانەی درۆ نەخشێنن ﴿١٠﴾ ئەوانەی کە لە نەزانی و بێئاگاییدا ڕۆچوون ﴿١١﴾ (بە گاڵتە) دەپرسن ڕۆژی دین (جەزا و سزا) کەی دێ؟ ﴿١٢﴾ ڕۆژێکە، ئەوان لەسەر ئاگر دەسووتێنرێن ﴿١٣﴾ (پێیان دەوترێ:) عەزاب و ئازاری خۆتان بچێژن، ئەمەیە ئەوەی تاڵووکەتان بۆ دەکرد ﴿١٤﴾ خۆپارێزان لە نێو بەهەشت و لەسەر کانیاون ﴿١٥﴾ وەردەگرن ئەوەی کە پەروەرێنەریان پێیان ئەدا، چونکە بەر لەمە (لە دنیا) لە چاکان بوون ﴿١٦﴾ شەوانە کەمتر دەخەوتن ﴿١٧﴾ لە بەرەبەیانانلدا داوای لێخۆشبوونیان لە خوا دەکرد ﴿١٨﴾ لە ماڵ و سامانیان بەشێ بۆ هەژاران و (: خوازەلۆک و گەدا) و بێبەشان هەیە ﴿١٩﴾ بۆ یەقینداران لە زەویدا نیشانە و پەندگەلێ هەیە ﴿٢٠﴾ هەروەها لە نێو وجوودی خۆیشتاندا (نیشانە هەیە)، ئایا نابینن (و بیر ناکەنەوە) ﴿٢١﴾ ڕسق و ڕۆزی ئێوە و ئەوەی بەڵێنتان پێدراوە لە ئاسماندایە ﴿٢٢﴾ سوێند بە پەروەرێنەری ئاسمان و زەوی کە ئەم قسە ڕاستە، هەروەکوو بۆ خۆتان داخێون ﴿٢٣﴾ ئایا باسی میوانە بەڕێزەکانی ئیبراهیمت بۆ هاتووە؟ ﴿٢٤﴾ ئەودەمەی کە چوونە لای، جا وتیان: سەلام، ئەویش وتی: سەلام، (بۆ من) کەسانێ نەناسراون ﴿٢٥﴾ بە پەنامەکی و نهێنی چووە لای خاووخێزانی و گوێرەکەیەکی قەڵەوی (بە برژاوی و کوڵیوی بۆ ئەوان) هێنا ﴿٢٦﴾ لە نێزیک ئەوان داینا (بەڵام لێیان نەخوارد)و تی: لەبەرچی ناخۆن؟ ﴿٢٧﴾ لە دڵدا ترسا، وتیان: مەترسە (ئێمە ڕەوانەکراوی خوای تۆین) و بە کوڕێکی زانا مزگێنییان پێدا (کە خوا کوڕی زانات پێ ئەدا) ﴿٢٨﴾ لەو دەمەدا ژنەکەی بە هاوار هاتە پێشێ و پوکاوڵ و چەمۆڵەیەکی لە خۆی نا و وتی: (ئەیەرۆ کوڕم دەبێ خۆ) من پیرێژنێکی نەزۆکم، بێزگوزام ﴿٢٩﴾ وتیان: وایە، پەروەرێنەرت وای فەرمووە، ئەو خۆی کارزانی فرە زانایە ﴿٣٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



(ئیبراهیم) وتی: ڕاسپاردەی ئێوە (کارتان) چییە ئەی ڕەوانەکراوان (ی خوا)؟ ﴿٣١﴾ وتیان: بەڕاستی بۆ سەر هۆزێکی تاوانباران نێردراوین ﴿٣٢﴾ تا گزمووڵە (کلۆگڵی) خڕی لە قوڕی ڕەق و حوشکی وەک بەردیان بەسەردا ببارێنین ﴿٣٣﴾ کە لە لایەن پەروەرندەت هەموو نیشانە لێدراون و دیاریکراون، ئەمە بۆ زیادەڕۆیان و لە ئەندازە لادەرانە ﴿٣٤﴾ ئێمە بڕوادارانێ کە لەوێ (شاری هۆزی لووت)دا بوون (بەر لە هاتنی بەڵا) بردمانە دەرێ ﴿٣٥﴾ تەنیا ماڵێک نەبێ، لەوێ خواناسمان دەس نەکەوت ﴿٣٦﴾ لەو (شارە بەڵا لێدراوە) دا نیشانەیەکی ڕوونمان بۆ کەسانێ کە لە عەزابی دەرداوی ئەترسان بەجێهێشت ﴿٣٧﴾ لە (ژیانی) مووسادا (نیشانە و پەند هەیە)، ئەودەمەی کە بە بەڵگەی ئاشکراوە ناردمان بۆ لای فیرعەون ﴿٣٨﴾ ئەو (فیرعەون) بە تەواوی بوون و لەشیەوە ڕووی لەو (مووسا) وەرگێڕا و وتی: (مووسا) جادووگەرە یا شێتە، لێوەیە ﴿٣٩﴾ جا ئێمە ئەو (فیرعەون) و لەشکرکەی ئەومان گرت و تووڕمان هەڵدانە نێو زەریاوە، هەر ئەو شیاوی گلەیی و لۆمە کردن بوو ﴿٤٠﴾ هەروا لە چارەنووسی هۆزی عادیشدا (نیشانە و پەند هەیە) لەودەمەی وا گڕەبا و گژەبایەکی نەزۆک (بێبەر)مان نارده سەریان ﴿٤١﴾ ئەو بایە بەسەر هیچ شتێکدا تێنەدەپەڕی مەگەر ئەوەی کە وەک پێشە و ئێسکی وشکی پوواوی لێدەکرد و بەجێی دەهێشت ﴿٤٢﴾ هەروا لە چارەنووسی هۆزی سەموودیشدا (نیشانە و پەند هەیە) لەو سەردەمەی کە پێیان وترا: بۆ ماوەکی کەم (لە ژینی دنیا) لەزەت ببەن تا کاتی خۆی ﴿٤٣﴾ ئەوانە لە فەرمانی پەروەرێنەریان ملیان بادا، جا برووسکە ئەوانی گرت، لە کاتێکدا (زەق زەق) دەیانڕوانی ﴿٤٤﴾ ئەوانە وەها کەوتن کە وزەی ڕاستبوونەوەیان بۆ نەما و نەیانتوانی یارمەتیش بخوازن ﴿٤٥﴾ هەروا هۆزی نووحیشمان بەر لەوان تیا برد، چونکە هۆزێکی نافەرمان و خراپ بوون ﴿٤٦﴾ ئاسمانمان بە هێزەوە بینا نا و پەرە پێدەری ئەویشین ﴿٤٧﴾ زەویمان ڕاخست، چەن ڕاخەری چاکین ﴿٤٨﴾ لە هەر شتێ دوو لفمان خوڵقاند تا بەڵکوو بیر بکەنەوەو پەند بگرن ﴿٤٩﴾ بەرەو لای خوا ڕابکەن، لە لایەن ئەوە و بۆ ئێوە ترسێنەرێکی ئاشکرام ﴿٥٠﴾ بێجگە لە زاتی خوا شتێتر بە خوا مەزانن من بۆ ئێوە لە لایەن خواوە ترسێنەرێکی ئاشکرام ﴿٥١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



بەر لەمانەیش هەروا بووە؛ هەرکاتێ پێغەمبەریکیان بۆ هاتووە وتوویانە: جادووگەرە یا شێتە و لێوەیە ﴿٥٢﴾ ئایا بۆ ئەم کارە بە یەکتریان ڕاسپاردووە؟ نا، بەڵکوو خۆیان هۆزێکی یاغی و ملبادەرن ﴿٥٣﴾ جا کەوایە وازیان لێ بێنە و ڕوویان لێ وەربگێڕە، تۆ بۆ لۆمە و سەرکۆنە کردن نابی ﴿٥٤﴾ بخەرەوە بیر و ئامۆژگاری بکە، ئامۆژگاری سوود بە بڕواداران دەگەیێنێ ﴿٥٥﴾ من جنۆکە و بەرەی مرۆم بۆیێ دروس کرد تا بمپەرستن ﴿٥٦﴾ ڕۆزیم لەوان ناوێ و نایشمەوێ خۆراکم بدەنێ ﴿٥٧﴾ هەر خوایە ڕسق و ڕۆزیدەر و خاوەن هێز و قودرەت ﴿٥٨﴾ بۆ ئەو کەسانە بە تاوان کردن غەدریان لە خۆیان کردووە، هەروەک تاوانی یار و هاوباوەڕانیان بەشێ لە جەزرەبەی گەورەیان لە ڕۆژی بەرێدا بۆ هەیە جا ئیتر پەلەم لێ مەکەن ﴿٥٩﴾ واوەیلا بۆ خوانەناسان بۆ ئەو ڕۆژەیان کە بەڵێنیان پێدراوە ﴿٦٠﴾

## سوورەی توور ٢٩ ئایەتە

**سوورەی توور لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٩ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بە کێوی توور ﴿١﴾ سوێند بە کتێبێ کە نووسراوە ﴿٢﴾ لە پێستێدا بڵاو بۆتەوە ﴿٣﴾ سوێند بە ماڵە ئاوەدانەکە (مەککە یا خانوویەک لە ئاسمان کە پەری شوکر و یادی خوا لەوێدا دەکەن) ﴿٤﴾ سوێند بەم بان و میچە بەرزکراوەیە (ئاسمان) ﴿٥﴾ سوێند بە زەریای لێواولێو لە ئاگر کە لە کوڵین و بڵقداندایە ﴿٦﴾ کە جەزرەبە و عەزابی پەروەرێنەرت لە ڕوودانـدایە و دێ ﴿٧﴾ بۆ ئەو (عەزابە) بەرگریکەرێک نییە ﴿٨﴾ (ئەم عەزابی خوایە) لە ڕۆژێکدایە کە ئاسمان توند تێکەوە داوێ ﴿٩﴾ کێوەکان لە ڕۆیینداندا چ ڕۆیینێ ﴿١٠﴾ لەو ڕۆژەدا وای بۆ بە درۆخەرەوان (ی هەق و ڕۆژی پەسڵان) ﴿١١﴾ ئەوانەی کە لە قسەی پووچ و باتڵدا خەریکی کایە و گەمەن ﴿١٢﴾ ڕۆژێ کە ئەوانە بە زۆر و پاڵ پێوەنان و دەڵەکدان بۆ دۆژەهـ ڕادەکێشرێن ﴿١٣﴾ ئەوەتانێ ئەو ئاگرەی وا بە درۆتان دائەنا ﴿١٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور ساڵح ئیبراهیمی



ئایا ئەمە جادووە یا ئێوە نابینن؟ ﴿١٥﴾ بچنە نێوی و بسووتێن، تابشتبێنن یا تابشتنەهێنن بۆ ئێوە وەکوو یەکە و هەر بە هۆی ئەو کارانەی کە کردووتانە سزا دەدرێن ﴿١٦﴾ خۆپارێزان لە بەهەشت و لە ناز و خۆشیدان ﴿١٧﴾ لەوەی کە خوا پێی‌داون دڵشادن و پەروەرێنەرتان ئەوانەی لە ئازاری دۆژەهـ پاراستووە ﴿١٨﴾ (پێیان دەوترێ:) بخۆن و بخۆنەوە، نۆشتان بێ لەبەر کارگەلێ کە کردووتانە ﴿١٩﴾ لەسەر تەختی لە پەنای یەک بەریز دانراو پاڵ ئەدەنەوە و کیژی سپی چاو بەڵەکمان بۆ مارە کردوون ﴿٢٠﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە زارۆک و تۆرەمەیشیان بە پەیڕەوی لەوان بڕوایان هێنا، زارۆک و تۆرەمەیشیان لە بەهەشتدا بەوان دەگەیێنین و لە کردەوەیان شتێ کەم ناکەینەوە و هەرکەس لە گرەوی کردەوەی خۆیەتی ﴿٢١﴾ هەمیشە لە هەموو جۆرە میوە و گۆشتێک کە بۆ خۆیان ئارەزووی دەکەن پێمان داون ﴿٢٢﴾ پیاڵە (و جامی تەژی لە شەرابی پاک و بێ‌خەوش) پێکتر دەگۆڕنەوە، نە هەرزەوێژی تێدایە و نە هۆی تووشی تاوان بوونێ ﴿٢٣﴾ تازەلاوانی خولامیان بە دەوریاندا دێن و دەچن هەر دەڵێی دانەی مرواریێن لە قاپۆڕێکدان ﴿٢٤﴾ ڕوو دەکەنە یەکتر (و لە ڕابوردوو) پرسیار لە یەکتر دەکەن ﴿٢٥﴾ دەڵێن: بەر لەمە لە نێو خاووخێزانی خۆماندا دڵنیگەران و ترسمان (لە خوا) بوو ﴿٢٦﴾ خوا منەتی لەسەر دانایین و لە عەزابی گڕە ئاگر و هاڵاوی بڵێسەدار ئێمەی پاراست ﴿٢٧﴾ ئێمە بەر لەمە هەر هاوارمان لە خوا دەکرد (لەبەری دەپاڕاینەوە)، هەر ئەویشە خاوەن چاکە و فرە دڵاوێن ﴿٢٨﴾ سا وەبیرمان بێنەوە لە سایەی چاکە و بەزەیی پەروەرندەت، تۆ نە فاڵبین و نە کاهین و نە دین و نە شێتی ﴿٢٩﴾ یا ئەوان دەڵێن: ئەو شاعیرە، کە چاوەنوارین هاکا شتێکی بەسەر هات ﴿٣٠﴾ بڵێ: چاوەنوارِ بن، جا منیش لەگەڵ ئێوە لە چاوەنواران دەبم ﴿٣١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئاخۆ خەونەکانیان فەرمانیان پێ‌دەدا یا هەر خۆیان کۆمەڵێکی لاسار و بلەوەز و یاغین ﴿٣٢﴾ یا ئەوانە دەڵێن: بە دەم خواوە قورئانی داناوە، نەخێر بەڵکوو ئەوانە بڕوا نـاهێنن ﴿٣٣﴾ ئەگەر ڕاستبێژن با وتارێ وەکوو ئەم قورئانە بێنن ﴿٣٤﴾ ئایا ئەوانە بێ‌هۆ لە نەبوو بەدی هاتوون؟ یا خۆیان خولقێنەری خۆیانن ﴿٣٥﴾ یا ئەوان ئاسمانەکان و زەوییـان خەڵـق کـردووە، نـا؛ بەڵـکوو ئەوانە هێشتا بە یەقین نەگەیون ﴿٣٦﴾ یا گەنجینەی پەروەرێنەرت لای ئەوانە؟ یا دەسەڵاتیان بەسەر هەموو شتی دنیادا هەیە؟ ﴿٣٧﴾ یا پەیژە و نەردیوانیان هەیە (پێیدا ئەرۆنە سـەرێ، بە هۆی ئەوە نهێنییەکان دەبیسن، (ئەگەر وابێ) بیسەری ئەوان با بەڵگەی ڕوون بێنێـتەوە ﴿٣٨﴾ ئاخۆ کچان هی خوایە و کوڕان بەشـی ئێـوەن (کە پەریش بە کـیژ ئەزانـن) ﴿٣٩﴾ یـا بـۆ مـزە شتێکی وایان لێ دەخوازی کە دانی ئەوەیان بۆ قورس و گرانە ﴿٤٠﴾ یـا نهێنـی وا لای خۆیـان دەنووسن (لە ڕووی ئەوە) دەنووسنەوە ﴿٤١﴾ یا دەیانەوێ گزی و فێڵێـک بـکەن؟ خوانەناسان خۆیان فێڵیان لێ‌کراوە ﴿٤٢﴾ یا خوایێ تریان بێجگە لە خوا هەیە (کە یارمەتییان ئەدا)، خـوا لەوەی هاوبەشـی بـۆ دابنـێن دوور و پـاکە ﴿٤٣﴾ ئەگەر ببینـن لەتـێ گەورە لە ئاسـمانەوە دەکەوێتە خوارێ، دەڵێن: ئەوە پەڵەهەورێکی کەڵەکەیە ﴿٤٤﴾ جا لێیانبگەڕێ تا تووشی ڕۆژێ دەبن کە تیا لە نێو ئەچن ﴿٤٥﴾ ڕۆژێ کە گزی‌کردنیان بێ‌نیازیان ناکـا و سـوودی بۆیـان نـابێ، ئەوانە (لە هیچ لایەکەوە) یارمەتی نادرێن ﴿٤٦﴾ بۆ کەسـانێ کە سـتەمیان کـردووە عەزابـێ بێجگە لەمە هەیە، بەڵام زۆربەیان نازانن ﴿٤٧﴾ لە ڕاست فەرمانی پەروەرێـنەرت خـۆڕاگر بە، تۆ لە بەرچاومانی، کاتێ کە هەڵدەستی بێ‌خەوشی پەروەرێنەرت بڵێ ﴿٤٨﴾ لە بڕێ لە شـەودا و لە کاتی بزر بوونی ئەستێرەکاندا بێ‌خەوشی خوا بڵێ ﴿٤٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



## سوورەی نەجم: ئەستێرە ٦٢ ئایەتە

**سوورەی نەجم: ئەستێرە لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٦٢ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دلّلاوێن.

سوێند بە ئەستێرە کاتێ بەرەو ئاسۆ بخزێ و ئاوا ببێ ﴿١﴾ یارەکەتان (محەمەد) نە گوم بووە، نە رێشی هەڵە کردووە ﴿٢﴾ بە ئارەزووی خۆی ناخێوێ و قسە ناکا ﴿٣﴾ هەرچی دەیڵێ لە خواوە تێگەیەنراوە ﴿٤﴾ ئەو کەسەی کە هێزی زۆری هەیە ئەوی فێر کردووە ﴿٥﴾ خاوەنی هێزێکە دەسەڵاتی (بەسەر هەموو شتێکدا) پەیا کردووە ﴿٦﴾ ئەو لە ئاسۆی بەرزی ئاسمان بوو ﴿٧﴾ لە پاشان نێزیک کەوتەوە جا سەرەو نشێو بۆوە ﴿٨﴾ جا بە ئەندازەی ماڵی دوو کەوانان یا کەمتر (نێزیک) بۆوە ﴿٩﴾ جا خوا هەر مەبەستێ کە وا ویستی بە عەبدی خۆی رابگەیێنێ پێی راگەیاند ﴿١٠﴾ دڵ و دەروونی ئەو هەرچی دیتوویە درۆ نەبووە ﴿١١﴾ ئایا لەبابەت ئەوەی دیتوویەتی شەرەقسەی لەگەڵدا دەکەن؟ ﴿١٢﴾ بێ‌گومان جارێ تریش ئەوی دیتبوو کە داپەڕیوە ﴿١٣﴾ و لە لای سدرةالمنتهی: دارە کەنارەکەی ئەوپەڕەوە (جێ خاسانی خوا) ﴿١٤﴾ کە جنتالماوی لەوێیە (بەهەشتی جێی دانیشتن و حەسانەوە) ﴿١٥﴾ لەودەمەی کە شتێ (نووری پڕ تیشکی) سدرةالمنتهی دایئەپۆشا کە دەبوو دایپوشێ ﴿١٦﴾ سۆمای لێ نەگوێزتۆتەوە و چاوی ئەو (پێغەمبەر) ڕێشکەوپێشکەیشی نەکردووە و لە ڕادە لای نەدا ﴿١٧﴾ بە هەقیقەت (پێغەمبەر) بەشێ لە نیشانە گەورەکانی پەروەرێنەری خۆی دی ﴿١٨﴾ ئایا ئێوە هەر (بتی) لات و عوزاتان دیوە؟ ﴿١٩﴾ (مەنات) کە سێوەمینیانە، یەکێ دیکەیە لە بوتەکان ﴿٢٠﴾ ئایا بەشی ئێوە کوڕە و بەشی ئەو (خوا) کچە (کە بە گومانی ئێوە کچ لە کوڕ کەمترە) ﴿٢١﴾ ئەمە بەش کردنێکی بێ‌دادگەرانەیە ﴿٢٢﴾ ئەمانە نین مەگەر ناوگەلێ کە ئێوە و باوانتان لەسەرتان داناون (نێوی بێ‌کاکڵە و پووچن) و خوا لەو بابەتەوە بەڵگەیەکی نەناردووە، ئەوانە پەیڕەوی ناکەن مەگەر لە گومانی بێ‌پایە و ئارەزووی خۆیان، بە هەقیقەت لە لایەن پەروەرێنەریانەوە رێنوێنییان بۆ هاتبوو ﴿٢٣﴾ ئایا هەرچی مرۆڤ ئارەزووی بکا بۆی دەس ئەدا ﴿٢٤﴾ هەر بۆ خوایە دنیا و ئاخیرەت ﴿٢٥﴾ پەرییەکی زۆر کە لە ئاسمانەکاندان و تکایان هیچ سوودێکی نادا، مەگەر دوای ئەوەی کە خوا بۆ هەرکەسێ کە بیەوێ و ڕازی بێ ئیجازەی (تکا) بدا ﴿٢٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



کەسانێ کە بڕوایـان بە دوارۆژ نییـە فریشـتـەکان بە کچـی (خـوا) نـاو ئەبەن ﴿٢٧﴾ ئەوانە لەو بارەوە زانستیان نییە، ئەوانە پەیڕەوی ناکەن مەگەر لە گومان، گومان (مرۆڤ) لە هەق بێنیاز ناکا و جێی ئەو ناگرێ ﴿٢٨﴾ تۆ لەو مـرۆیە کە لە یـادی ئـێمە مـل دەسـوورێنن و بـێجگە لە ژیانی دنیا شتێـتـری نـاوێ واز بێـنـە و خـۆ لادە ﴿٢٩﴾ هەر ئەوەنـدە لـێدەزانـن، پەروەرنـدەت زاناترە کە کێ ڕێگای لێ تێکچووە و چ کەسێ لەسەر ڕێگای چووە شازەرا بووە ﴿٣٠﴾ هەر بـۆ خوایە ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە تا بەوانەی کە خراپەیان کردووە سزای کردەوەیان پێبدا و ئەوانەی کە کاری چاکیان ئەنجام داوە پاداشی چاکیان پێبدا ﴿٣١﴾ (کارچاکـان) ئەوانەن کە لە تـاوان و گونـاحی گەورە و کـردەوەی خـراپ و دزێـو خـۆ دەپـارێزن مەگەر تـاوانی وردیـلە و بچووک بێ، لێبوردنی پەروەرێنەرت بەرین پەرەدار و هەراوە، ئەو (خوا) ئێوە لە خۆتـان باشـتر دەناسێ، وەختێ، کە ئێوەی لە زەوی بەدیهێنا و لەودەمەیـدا کە بە وێـنەی پـز: بێچـووی نێـو منـاڵدان لە زگی دایکتاندا بوون، جا پاکانە بۆ خۆتان مەکەن و خۆتان هەڵمەکێشن، خوا باشـتر دەزانێ کێ لە خوا ترساوە ﴿٣٢﴾ ئایا ئەو کەسەی کە ڕووی وەرگێڕا دیتت ﴿٣٣﴾ کەمێکـی دا و ئیتر دەسـتی خـۆی قووچـاند ﴿٣٤﴾ ئـاخۆ بە نادیـار دەزانـێ و خـۆی دەبینـێ ﴿٣٥﴾ یـا لەوەوە ئاگادار نەکراوە کە لە پەڕاوی مووسادایە ﴿٣٦﴾ (بەوەی کە لە پەڕاوی ئیبراهیمدایە) ئیبراهیم کەسێکە (کە ئەسپاردەی خۆی بە تەواوی) بەجێهێنا ﴿٣٧﴾ (لە سەحیفەکاندا ئەمە بـوو) کە هـیچ کەس بـاری گونـاحی یەکـێتـر هەڵنـاگرێ ﴿٣٨﴾ دیـارە بـۆ هـیچ کەس بـێجگە لەوەی کردوویەتی و بۆی تێکۆشاوە پاداشێ نییە (مرۆ دەسڕەنجی خۆی دەخوا) ﴿٣٩﴾ مرۆ دەسهاتی تێکۆشانی خۆی هەر دەبینێ ﴿٤٠﴾ لە پاشان پاداشی تەواوی پێئەدرێـتەوە ﴿٤١﴾ گەڕانەوەی هەموو کاروبارێک لە دواییدا بۆ لای پەروەرێنەرتە ﴿٤٢﴾ هەر خوایە (خەڵک) دێنێتە گریان و پێکەنین ﴿٤٣﴾ هەر ئەویشە دەمرێنێ و دەژیێنێ ﴿٤٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



هەر ئەویشە کە جووت و لفی نێر و مێی خوڵقاندووە ﴿٤٥﴾ لە تۆم تنۆکە ئاوێ خەست کە رژاوە ﴿٤٦﴾ بێگومان لەسەر خوایە بەدیهێنانی جیهانی ئاخیرەت (تا دادگەری بەرێوە ببرێ) ﴿٤٧﴾ بێگومان هەر ئەوە دەوڵەمەند دەکا و فەقیر دەکا و سەرمایەشتان پێ دەبەخشێ ﴿٤٨﴾ بێگومان هەر ئەویشە پەروەرێنەری ئەستێرەی گەلاوێژە ﴿٤٩﴾ هەر خوایە کە هۆزی عادی یەکەمی قڕ کرد و تیا برد ﴿٥٠﴾ هۆزی سەموودیش، هیچ جووقەواری لێ نەهێشتەوە ﴿٥١﴾ بەر لەوان هۆزی نووحی (تیا برد)، چونکە لەوان ناحەقتر ولاسار و بلەوەزتر بوون ﴿٥٢﴾ هەروا موتەفیکەی شاری هۆزی لووتی سەرەوژێر کرد و لەناو برد ﴿٥٣﴾ هەرچی دەبوو بەرخۆ بدرێ و داپۆشرێ، وەبن خۆ درا (زاڵمان لە بن قوڕاودا چاڵ کران) ﴿٥٤﴾ (بلێ:) لە کێهە چاکە و نیعمەتی پەروەرێنەرت لە دوودڵیدای ﴿٥٥﴾ ئەمە (پێغەمبەر) ترسێنەرێکە لە وێنەی ترسێنەرەکانی پێشوو ﴿٥٦﴾ ڕۆژی پەسلان و قیامەت نێزیک بووە ﴿٥٧﴾ بێجگە لە خوا کەس ناتوانێ پەردەی لەسەر لادا ﴿٥٨﴾ ئایا لەم قسە سەرتان سوور دەمێنێ ﴿٥٩﴾ پێدەکەنن و ناگریێن ﴿٦٠﴾ ئێوە لە جەفەنگ و سەرگەرمی و غەفلەتدان ﴿٦١﴾ بۆ خوا بڕۆنە سوژدە و عیبادەتی بۆ بکەن ﴿٦١﴾

## سوورەی قەمەر: هەیف ٥٥ ئایەتە

**سوورەی قەمەر: هەیف لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٥٥ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

وا پەسلان نێزیک بۆتەوە و هەیف لەت بووە و بۆتە دوو کەرت ﴿١﴾ ئەگەر نیشانە (و کشگێڕ:)یەک ببینن ڕوو دەسوورێنن و دەڵێن: جادوویەکی هەمیشەییە ﴿٢﴾ ئەوانە (نیشانەی خوایان) بە درۆ خستەوە و بە دوای ئارەزووی خۆیان کەوتن، هەر کارێکیش قەلە مندارە (شوێن)ی خۆی هەیە ﴿٣﴾ ئەوەندەیان نووچەی بەرێ بیستووە کە دەبوو بە ترسەوە بگەڕێنەوە ﴿٤﴾ (ئەم نیشانانە) لەکارزانیی تەواوە، بەڵام ترسێنەران بێنیاز ناکەن و کەڵک نادەن ﴿٥﴾ سا تۆ وازیان لێبێنە و ڕوویان لێبسوورێنە و ڕۆژێ جارچی ئەوانە بۆ ڕووداو و شتێکی ناخۆش بانگ دەکا ﴿٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



چاوشـۆڕ و کـز کە لە قەبـر دێـنە دەرێ و (بـێ ئامـانج) دەلێـی کـوللەن بـلاو بـوونەتەوە ﴿٧﴾ هەڵەداوان بەرەو لای جارچی دەچن، خوانەناسەکان دەڵێن: ئەمە ڕۆژێکی زۆر چەتوون و سەخت و ناخۆشە ﴿٨﴾ بەر لەوان هۆزی نووح بە درۆیان دائەنا، جا بەندەی ئێمە نووحیان بە درۆزن دانا و کەفیان لێکرد و وتیان: دێوانەیە و ئازار درا ﴿٩﴾ جا (نووح) هاواری لە پەروەرێنەری کرد کە بێگومان تێشکاوم (بە دەس ئەم هۆزە ستەمکارە)، یارمەتیم بدە و تـۆڵەم بسـتێنە ﴿١٠﴾ جا ئێمە درگاکانی ئاسمانمان بە ئاو (ی بـارانی بەلـووزەو و بەخـوڕ و گۆپـاڵبـارانی وەک سـێلاو) کردەوە ﴿١١﴾ زەویمان تەقاند و چاوە کانی زۆرمان لـێهەڵقولانـد، جا ئەم دوو ئـاوە (بـاران و ئاوی کانی) بە ئەندازەیەک کە بڕیار درابوو و موقەدەر کرابوو تێکەڵاو بـوون (و نیشـتنە سـەر یەک) ﴿١٢﴾ ئەو (نووح)مان سواری ئەو گەمی کرد کە بە تەختە و بزمار ساز درابوو ﴿١٣﴾ لە ژێر چاوەدێری ئـێمەدا دەڕۆیـی، بـۆ پـاداشدان بە کەسـێ کە بڕوایـان پـێنەهێنـابوو ﴿١٤﴾ بە حەقیقەت بەجێمان هێشت کە ببێتە نیشانەیەک، ئاخۆ وەبیرهێنەرەوەیەک هەیە ﴿١٥﴾ دەسا جەزرەبە و هەڕەشەکانم چلۆن بوون؟ ﴿١٦﴾ بە هەقیقەت قورئانمـان بـۆ پەنـد وەرگـرتن ئاسـان کرد، جا ئایا پەندگرێ هەیە ﴿١٧﴾ هۆزی عاد (پێغەمبەری خۆیان) بە درۆزن دانا، جـا عەزاب و هەڕەشەکانی ئێمە چلۆن بوون؟ ﴿١٨﴾ گژەبـایەکی تونـدمان لە ڕۆژێکـی تـووش کە درێـژەی هەبوو ناردمانە سەریان (تا هەموویان تیاچوون) ﴿١٩﴾ خەڵکەکەی لەجـێ دەردێنـان دەتـوت: کۆتەرە دارخورمان بە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشراون (و تووڕیان هەڵـدەدان ﴿٢٠﴾ جـا عـەزاب و هەڕەشەکانی من چلۆن بوون؟ ﴿٢١﴾ بە هەقیقەت قورئانمان بۆ پەندە وەرگرتن ئاسان کرد، جا ئایـا پەنـدگرێ هەیە ﴿٢٢﴾ هـۆزی سـەموود (یـش سـاڵح پێغەمـبەری) ترسـێنەریان بە درۆ خستەوە ﴿٢٣﴾ جا وتیان: ئایا لە مرۆڤێک لە خۆمان کە تەنیا بێ، پەیڕەوی بکەین، (ئەگەر وا بکەین) لاڕێ و بەنگ و گێل و شێتین ﴿٢٤﴾ ئایا لە نێو هەمووماندا هەر تەنیا بۆ ئەو (ساڵح) فەرمان بەو کراوە؟ نا بەڵکوو ئەو مرۆڤێکی درۆزنی خـۆ پەسـەندی هەوەسـبازە ﴿٢٥﴾ سـۆزی دەزانـن درۆزنـی خـۆ پەسـەندی هەوسـباز کێـیە؟ ﴿٢٦﴾ ئـێمە سـایە وشـتریکمان (وشـترە مێیەکەمان) بۆ ئەزموونی ئەوان نارد، جا چاوەدێری سەرەنجامیان بە و خۆ ڕابگرە ﴿٢٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بەوان بڵێ: کە ئاو (ی دێ) لە نێوانیاندا بەش کراوە (ڕۆژێ ئاو بۆ وشترەکە و ڕۆژێکیش بۆ ئەوان)، هەر یەک لە نۆبەی خۆیدا ئامادە بێ ﴿٢٨﴾ جا ئەوانە (قەدارەی کوڕی سەلەف) سەرکردەی خۆیان بانگ کرد، جا ئەویش دەستی دا شیر و (وشترەکەی) پەیکرد ﴿٢٩﴾ جا عەزاب و هەڕەشەکانی من چلۆن بوون؟ ﴿٣٠﴾ ئێمە نەعرەتەیەکی سامناکمان بۆ ناردن، هەروەکوو گزرەی وشک و ورد کراوی نێو ئاخوڕ و پووش و پاشاخوڕی بۆڕۆیان لێ بەسەرهات کە لە نێو ئاخوڕی پاتاڵ و وڵساتدا دەمێننەوە ﴿٣١﴾ بە هەقیقەت قورئانمان بۆ پەند وەرگرتن ئاسان کرد، جا ئایا پەندگرێ هەیە ﴿٣٢﴾ هۆزی لووت ترسێنەرەکانیان بە درۆ خستەوە ﴿٣٣﴾ گژەبایەکی توندمان ناردە سەریان، وردە بەرد و لمی بە دەم خۆیەوە دەهێنا (و هەمووی لە نێو بردن)، مەگەر خاندانی لووت نەبێ کە لە بەرەبەیاندا ئەوانمان ڕزگار کرد ﴿٣٤﴾ ئەمە چاکە و نیعمەتێ بوو لە لایەن ئێمەوە، ئابەمجۆرە بە شوکرانەبژێران پاداش ئەدەین ﴿٣٥﴾ ئەو (لووت) بێگومان لە زەبری هەڵمەتی ئێمە ترساندنی (بەڵام ئەوان) لەو هەڕەشە و گەفانەی ئێمە بە گومان بوون ﴿٣٦﴾ لە میوانی ئەو (لووت) کاری خراپ و دزێویان ویست، سۆمای چاوانم لێ ساندن و نابینام کردنۆ دەی جەزرەبە بچێژن و هەڕەشەکانم ﴿٣٧﴾ بە دروستی لە بەرەبەیاندا عەزابی هەمیشەیی ئەوانی گرت ﴿٣٨﴾ جا لە ئاکامی هەڕەشەکانمدا عەزابم بچێژن ﴿٣٩﴾ ئەم قورئانەمان ئاسان کرد تا بیری لێ بکرێتەوە، ئاخۆ پەندگرێ هەیە ﴿٤٠﴾ بە هەقیقەت ترسێنەرەکانمان هاتنە سەر خاندانی فیرعەون ﴿٤١﴾ هەموو نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا، جا ئێمەیش ئەوانمان گرت و سزامان دان، گرتنێکی بەهێز و توانا ﴿٤٢﴾ ئاخۆ خوانەناسی ئێوە لەوانی دیکە چاترن یا لە زەبوور (کتێبەکان)دا پاکانەیان بۆ هاتووە کە لە ئەماندان ﴿٤٣﴾ یا دەڵێن: کە ئێمە هەموو یەکگرتووی سەرکەوتووین ﴿٤٤﴾ بە زوویی هەموویان ڕادەکەن و پشت دەکەنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ دواوە ﴿٤٥﴾ بەڵکوو (سەرەرای ئەوە) ڕۆژی بەرێ بەڵێنیانە کۆ بینەوە و باری ئەوێ سەخڵەتتر و پڕ بەڵاتر و تاڵترە ﴿٤٦﴾ تاوانباران لە لارێی بەنگی و بێئاوەزی و شێتیدان ﴿٤٧﴾ ڕۆژێ کە ئەوانە دەمەوروو ڕادەکێشرێنە دۆژەهـ (و پێیان دەوترێ:) کڵپەی گڕەگری ئاگری دۆژەهـ بچێژن ﴿٤٨﴾ هەموو شتێکمان بە ئەندازە خەڵق کردووە ﴿٤٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



فەرمانی ئێمە لە شتێ زیاتر نییە هەروەکوو چاو تروکاندنێکە (تەواوی دەکا) ﴿٥٠﴾ پێشووش فرەیێ وەکوو ئێوەمان لە نێو بردووە ئاخۆ بیرکەرەوەیەک هەیە تا بە بیر خۆی بێنێتەوە و پەندی لێ وەربگرێ ﴿٥١﴾ هەرچییان کردووە لە پەڕاوێکدایە ﴿٥٢﴾ هەموو کارێکی گەورە و چکۆلە نووسراوە ﴿٥٣﴾ خۆپارێزان لە بەهەشت و لە دەم چۆمە ئاون ﴿٥٤﴾ لە نشیمەنی ڕاست و دڵگیر و لای خوونکار و فەرمانڕەوایەکی بەدەسەڵاتن ﴿٥٥﴾

## سوورەی ڕەحمان ٧٨ ئایەتە

**سوورەی ڕەحمان لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٧٨ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

(خوای دەهندە) بەخشەر ﴿١﴾ ئەم قورئانەی فێر کردووە و دەرسی داوە ﴿٢﴾ مرۆی ئافراند و دروسی کرد ﴿٣﴾ لە ئاخەفتنی تێگەیاند و زمان و قسەی فێر کردووە ﴿٤﴾ تەبەقی ڕۆژ و هەیڤیش بە ئەندازەیەکی حیسابێکی ڕێکوپێک دەگەڕێن، دێن و دەچن ﴿٥﴾ گژوگیای بێساقەت و ساقەتدار و دار (بۆ خوا) کڕنۆش و سوژدە دەبەن ﴿٦﴾ ئاسمانی بەرز کردووە و تەرازوو (هۆی هەڵسە نگاندن) و قانوونی داناوە ﴿٧﴾ تا لە کێشانی سەرڕاست دەرنەچن (و لە دادگەری لانەدەن) ﴿٨﴾ کێشانەتان بەرانبەر بێ و تەرازووتان سەر نەکا ﴿٩﴾ ئەم زەوییەمان بۆ خەڵک داناوە ﴿١٠﴾ لەو (زەوی)دا میوە و خۆرمای خونچەدار و خاوەن شکۆفە هەیە ﴿١١﴾ دەنکی لە نێو بە ڕگ و کولوودا کە بە گوڵ و ساقەتەوە ئەبنە کا و گوڵ و گژوگیا و شینکەی بۆنخۆش (کولووبەرگی دەنکە نۆک) ﴿١٢﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿١٣﴾ مرۆڤی لە قوڕی کزری لە چەشنی سواڵەت ئافراندووە ﴿١٤﴾ جنۆکەی لە گڕی ئاگری بێ دووکەڵ بەدیهێناوە ﴿١٥﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا و ئینکار دەکەن ﴿١٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



(خوا) پەروەرێنەری دوو خۆرهەڵات و پەروەرێنەری دوو خۆرئاوایە ﴿١٧﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿١٨﴾ جەمسەری دوو زەریای پێکەوە لکاندووە لە بزووتنیشدان ﴿١٩﴾ لە نێوانیاندا بلّنیدایی و بەرزەکێک هەیە کە بەسەر یەکتردا نایەن و تێکەلاّو نابن ﴿٢٠﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٢١﴾ لەو دووانە مرواری و مەرجان دێنە دەرێ ﴿٢٢﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٢٣﴾ گەرۆکانی بادەوە و بایەوانی کەشتی چیائاسا لە زەریا کاری ئەوە ﴿٢٤﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٢٥﴾ هەرچی لەسەر ڕووی زەویدایە، تیا ئەچێ ﴿٢٦﴾ تەنیا زاتی خاوەن شکۆ و بەرز و بەڕێزی پەروەرێنەرت دەمێنێتەوە ﴿٢٧﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٢٨﴾ هەرکەس کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە لەو (لە خوا نیازی خۆی) دەخوازێ، خوا هەموو ڕۆژێ لە کارێکدایە و بە کارێکەوە خەریکە ﴿٢٩﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٣٠﴾ لە دواییدا بە کاری ئێوە ڕادەگەین ئەی دوو دەستەی مرۆ و جنۆکان ﴿٣١﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٣٢﴾ ئەی بەرەی جنۆکە و مرۆ ئەگەر توانیتان لە هەموو ئاسمانەکان و زەویدا ڕەخنە بکەن و بگەڕێن دەرباز ببن، دەسا ئەو کارە بکەن بەلاّم ناشتوانن ئەو کارە بکەن مەگەر دەسەلاّتێکی ئەو ڕەخنەوە و دەرباز بوونەتان دەس کەوێ ﴿٣٣﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٣٤﴾ گڕو بلّێسەگەلێ لە ئاگری بێدووکەڵ و دووکەڵی بە کۆمەڵ دەنێرێتە سەرتان، جا ئێوە ناتوانن یەکتر یارمەتی بدەن ﴿٣٥﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٣٦﴾ جا لەودەمەی کە ئاسمان لەت بوو قەڵەشتی برد جا بە ڕەنگی گوڵ و چەرم و کەوڵ و ڕۆنی قاڵکراو سوور هەڵگەڕێ و بێتە بەرچاو ﴿٣٧﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٣٨﴾ جا لە ورۆژەدا پرسیار لە تاوانی مرۆ و جنۆکە ناکرێ ﴿٣٩﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٤٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



تاوانباران بە دیمەن و ڕەزا و چڕوچاویاندا دەناسرێن، جا بە قژی سەریان و مووی نێوچاوان و بە لاق و قاچیان دەگیرێن (و بۆ دۆژەهـ ڕادەکێشرێن ﴿٤١﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٤٢﴾ ئەمە هەر ئەو دۆژەهەیە کە تاوانباران بە درۆیان دائەنا ﴿٤٣﴾ ئێستا لە نێو ئەوە و لە نێو ئاوی کوڵیو و تەواو داغ دەخولێنەوە و دەگیرێن ﴿٤٤﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٤٥﴾ بۆ هەرکەس لە گەورەیی پەروەرێنەری ترساوە باغ (بەشی لە بەهەشتدا) بۆ هەیە ﴿٤٦﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٤٧﴾ ئەو دوو باغە خاوەنی داری پڕ بە پەلک و پۆپن ﴿٤٨﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٤٩﴾ لە نێو ئەو دوو باغەدا دوو کانیاوی ڕەوان هەیە ﴿٥٠﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٥١﴾ لە نێو ئەو دوو باغەدا لە هەر جۆرە میوەیەک دوو جۆر و لفی یەکتر هەیە ﴿٥٢﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٥٣﴾ لەسەر فەرشگەلێ پاڵیان داوەتەوە کە ئاستەرەکانیان لە حەریر و پارچەی هاوریشم و ئەستوورە، و بەرە میوەی گەیشتووی هەردو باغ لەوان نێزیک کەوتۆتەوە ﴿٥٤﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٥٥﴾ کیژۆڵەی هێندە داوێنپاکیان لە نێو بەهەشتدایە کە بەر لەوان کەسێ مرۆ یا جنۆکە دەسی بۆ نەبردوون ﴿٥٦﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٥٧﴾ ئافرەتانی بەهەشت ئەوەندە جوانن دەڵێی یاقووت و مەرجانن ﴿٥٨﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٥٩﴾ ئایا پاداشی چاکە بێجگە لە چاکە (شتێ ترە؟) ﴿٦٠﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٦١﴾ بێجگە لەو دوو باغە، دوو باغی بەهەشتی دیکەش هەیە ﴿٦٢﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٦٣﴾ کەسکی تۆخن فرە سەوزن بە ڕواڵەت ڕەش دەنوێنن ﴿٦٤﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٦٥﴾ لە نێو ئەو دوو باغەدا، دوو کانی هەن فیچقە دەکەن و هەڵدەقوڵێن ﴿٦٦﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٦٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



لە نێـو ئەو دوو بـاغـەدا میـوە، خورمـا و هەنـار هەیە ﴿٦٨﴾ دەیسـا ئێـوە لە کـێهە چـاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٦٩﴾ لە نێو ئەو بەهەشتەدا فرەکیژی بەئاکار و ژنـانی خووچـاک و بەدیمەن و جـوانچـاک هەن ﴿٧٠﴾ دەیسـا ئێـوە لە کـێهە چـاکەی پەروەرنـدەتان حاشا دەکەن ﴿٧١﴾ زەری جوانی سپی پێستی ئامالْ زەردی چاوڕەش لە نێو زۆم و خێوەتاندان ﴿٧٢﴾ دەیسـا ئێوە لە کـێهە چاکەی پەروەرنـدەتان حاشـا دەکەن ﴿٧٣﴾ کە بەر لەوان (مێردەکانیـان)، هـیچ کەسێ مرۆ یا جنۆکە دەسی بۆ نەبـردوون ﴿٧٤﴾ دەیسـا ئێـوە لە کـێهە چاکەی پەروەرنـدەتان حاشا دەکەن ﴿٧٥﴾ لە حالێکدا کە ئەم بەهەشتیانە لەسەر ڕایەخی ناسـک و کەسـک و جـوان دانیشتوون و پاڵیان بە سەرینگەلێکەوە داوە کە بە باشترین و جوانترین پارچەی نازک و زەرد و سەوز و ڕەنگین پۆشراون ﴿٧٦﴾ دەیسا ئێوە لە کێهە چاکەی پەروەرندەتان حاشا دەکەن ﴿٧٧﴾ مومبارەک بێ و پڕپیت و بەرەکەتە نێوی پەروەرێنەرت کە خاوەن شکۆ و شایانی ڕێزلێگـرتنە ﴿٧٨﴾

## سوورەی واقیعە: ڕووداو ٩٦ ئایەتە

**سوورەی واقیعە لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە ﴿بسم‌الله﴾ وە ٩٦ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن

هەر وەختـێ ڕووداوەکە (ڕۆژی پەسـڵان) ڕووی دا ﴿١﴾ لە هـاتنی ئەو ڕووداوەدا هـیچ درۆیەک نییە ﴿٢﴾ بەرزکەرەوەی دەستەیەکە و نزمکەرەوەی دەسـتەیێ تـرە ﴿٣﴾ هەردەمـێ کە زەوی بە توندی ڕاتڵەکی بە ڕاتڵەکانێ بلەرزێنرێتەوە ﴿٤﴾ کێوەکان بکـوترێن و بهـاڕدرێن بە هـاڕین کە ورد و خاش بن ﴿٥﴾ جا دەبنە تۆز و خۆڵی بڵاو ﴿٦﴾ ئێوە ئەبنە سێ دەسە ﴿٧﴾ جا دەسـتەیێ دەسەڕاستی بەختەوەرن، چ دەسە بەختەوەرانێ؟ ﴿٨﴾ دەسـەیێـتر دەسـەچەپی و بـێبەخـتن، چ دەسـە بـێبەختـانێ نەگبەتـبارن؟ ﴿٩﴾ دەسـەی سـێیەم پێشـەوەبرەدەری پێشـەوەبڕەدرانن لە پێشەوەن و پێش کەوتوون ﴿١٠﴾ ئەوانە نێزیکانن (لە درگـای خـوا) ﴿١١﴾ (نێزیکـان) لە نێـو بەهەشتی پڕ و تەژی لە ناز و خۆشیدان ﴿١٢﴾ دەسەی سێوەم لە پێشـینانن ﴿١٣﴾ کەمێکـیش لە دوایینن ﴿١٤﴾ (نێزیکانی خوا لە بەهەشت) لە سەرتەختی جەواهێربەندن ﴿١٥﴾ ڕووبەرووی یەکتر لەسەر ئەوانە (ئەو تەختانە) پاڵیان داوەتەوە ﴿١٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



گەنجانی هەمیشە جەوان: لاو بە دەوری (نێزیکانی خوا) دێن و دەچن (دەگەڕێن) ﴿١٧﴾ زەرک و بە تونگە و پیاڵە بادەی ڕەوان لەسەر چاوەیان دەدەنێ ﴿١٨﴾ نە لە خوماری خواردنەوەی سەرئێشە دەگرن نە ئاوەزیش لە دەس ئەدەن تا بێهۆش بن ﴿١٩﴾ میوەگەلێ هەر کامەی کە خۆیان هەڵیدەبژێرن ﴿٢٠﴾ گۆشتی پەلەوەر لەوانەی هەرچی ئارەزوویان لێی‌بێ ﴿٢١﴾ بۆ ئەوانە کیژی زەری سپی‌پێستی ئاماڵ بە زەردی چاوبەڵەکیش هەیە ﴿٢٢﴾ کە وەکوو مرواری نێو قاپۆر و سەدەف وان ﴿٢٣﴾ بە پاداشی کارێ کە کردوویانە ﴿٢٤﴾ لەوێدا نە قسەی هەرزە دەبیسن و نە تاوان کردن هەیە ﴿٢٥﴾ مەگەر قسەی سەلام! سەلام! لە یەکتر کردن ﴿٢٦﴾ ئەوی تیرەی دەسەڕاستن بەختەوەرانن چ بەختەوەرانێ ﴿٢٧﴾ لە بن سێبەری دار کنار: داری نەبەگ یا لە لای (سِدْرَةُ الْمُنْتَهَى) و سدری بێ چقڵ و بێ دڕکن ﴿٢٨﴾ لە بن سێبەری داری مۆزی پاڵ پێکەوە دراو و پڕ کەڵا ﴿٢٩﴾ سێبەری بەردەوام و بەرفراوان ﴿٣٠﴾ لە کن تاڤگە و ئاوی ڕەوان ﴿٣١﴾ میوەگەلێ زۆر ﴿٣٢﴾ کە هەرگیز تەواو نابێ و خواردنیشی قەدەغە و پاوان نییە و بەرگیری لە خواردنی ناکرێ ﴿٣٣﴾ ژنانی بالابەرز بە نوێن و بانی بەرز و نەرمەوە ﴿٣٤﴾ ئێمە کیژەکانمان بە تایبەت بەرهەم هێنان ﴿٣٥﴾ بڕیارمان بۆ دان و هەر کچ بن ﴿٣٦﴾ کچانی ئەویندار و شیرین و هاوتەمەن ﴿٣٧﴾ ئەمانە هەموو بەشی دەسەڕاستییەکانن ﴿٣٨﴾ کە دەسەیێ لە پێشینانن ﴿٣٩﴾ دەسەیێ لە دواییین ﴿٤٠﴾ ئەوانەیش کە دەسەی چەپن تووشی چ نەکبەتییەک هاتوون؟ ﴿٤١﴾ لە نێو گڕەبا و بڵێسەی ئاگر و ئاوی کوڵیودان ﴿٤٢﴾ لە ژێر سێبەرێ لە ڕەشەدووکەڵی داغدان ﴿٤٣﴾ سێبەرێکە نە فێنک و نە بەکەڵکە ﴿٤٤﴾ ئەمانە بەر لەمە (لە دنیادا) لە ناز و خۆشیدا بوون ﴿٤٥﴾ لە تاوان کردن و گوناحکردنی گەورەدا سوور بوون ﴿٤٦﴾ دەیانوت: ئایا کاتێ کە مردین و بووینە ئێسک و خۆڵ ئایا هێمان زیندوو دەکرێینەوە؟ ﴿٤٧﴾ یا باووباپیرانمان ﴿٤٨﴾ بڵێ: بەڕاستی پێشینان و دواییین ﴿٤٩﴾ بێ‌شک هەموویان لە بەڵێنگەی ئەو ڕۆژە دیاریکراوەدا کۆ دەکرێنەوە ﴿٥٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

لە پاشان ئێوە ئەی لاڕێیانی ئینکارکەر ﴿٥١﴾ بێشک لە داری زەقنەمووت دەخۆن ﴿٥٢﴾ گەدەتانی لەوە پڕ دەکەن ﴿٥٣﴾ لە سەریشی ئاوی کوڵیو دەخۆنەوە ﴿٥٤﴾ هەروەکوو وشترانی توونی بێتە سەر ئاو کە ئاو دەخۆنەوە ﴿٥٥﴾ ئەمەیە خۆراکیان لە میوانداری لە ڕۆژی دین (جەزا و سزا)دا ﴿٥٦﴾ ئێمە ئێوەمان خەڵق کردووە، ئەی بۆچ بڕوا ناهێنن و ناڵێن: بەڵێ وایە ﴿٥٧﴾ ئایا لە بارەی ئەو ئاوی (شەهوەتە) تۆمەی دەیپڕژێنن بیر دەکەنەوە و دیوتانە ﴿٥٨﴾ ئایا ئێوە بەری دێنن یا ئێمە بەدیهێنەرین ﴿٥٩﴾ ئێمە لە نێو ئێوەدا مردنمان دانا و کەس لە ئێمە وەپێش ناکەوێ (و بێهێزیش نین) ﴿٦٠﴾ لەباتی ئێوە هۆزێ‌تر وەکوو ئێوە بێنین و بە وێنەیەک کە ئاگاتان لێی نییە، سەرلەنوێ دروستتان بکەینەوە ﴿٦١﴾ ئاخۆ ئێوە لە دروس بوونی یەکەم جارتان ئاگادار بوون، دەی، بۆچ نایهێننەوە بیر و بیر ناکەنەوە ﴿٦٢﴾ ئایا شتێ کە دایدەچێنن دیوتانە؟ ﴿٦٣﴾ ئایا ئێوە دەیڕوێنن یا ئێمە؟ ﴿٦٤﴾ ئەگەر بمانویستبا دەمانکردە پووش و کا و تۆزی بەر با، جا سەیرتان دەکرد و سەرتان سووڕ بمێنێ ﴿٦٥﴾ بەڕاستی (دەڵێن:) ئێمە زیان لێدراوین و دۆڕاوین ﴿٦٦﴾ بەڵکوو بێبەشین ﴿٦٧﴾ جا ئایا ئاوێ کە دەیخۆنەوە دیوتانە و بیری لێ دەکەنەوە ﴿٦٨﴾ ئایا ئێوە لە هەور (باران) دەبارێنن یا ئێمە دەینێرین ﴿٦٩﴾ ئەگەر بمانویستبا سوێر و تاڵمان دەکرد، جا ئەی بۆچ سپاس ناکەن ﴿٧٠﴾ ئایا ئاگرێ کە هەڵیدەکەن دیوتانە ﴿٧١﴾ ئاخۆ ئێوە داری ئەم ئاگرەتان دروستکردووە یا ئێمە پێکهێنەری ئەوین ﴿٧٢﴾ ئێمە ئەوەمان کردە هۆی بیرەوەری و بەڕێوەچوونی ژانی هەردەگەڕان و چوڵگەڕان ﴿٧٣﴾ جا کەوایە نێوی پەروەرێنەری گەورەت بە بێخەوشی بڵێ (و خوا بە پاک بزانە) ﴿٧٤﴾ سوێند بە جێی ئەستێرەکان و جێی دەرکەوتن و ئاوابوونیان ﴿٧٥﴾ ئەمە سوێندێکە زۆر گەورە، ئەگەر بزانن ﴿٧٦﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



بێ‌گومــان ئەمە قورئــانی بەرێــز و کەریــمە ﴿٧٧﴾ لە کتێبێکــی پۆشــراوادایە (بە نــاوی لەوحولمەحفوز) ﴿٧٨﴾ بێجگە لە پاکـان کەس دەسـی لـێ‌نـادا ﴿٧٩﴾ لە لایەن پەروەرێـنەری جیهانیانەوە هاتووە ﴿٨٠﴾ ئاخۆ ئێوە بەم قسە گەمەتان دێتێ ﴿٨١﴾ لە باتی شوکرانە کردنـی ئەو رسق و رۆزییانەی پێتان دراوە ئەوە بە درۆ دائەنێن ﴿٨٢﴾ ئەدی ساتێ مـردن قورقـوڕاگەی گرتوون (ئەی بۆچ ناتوانن بیگێڕنەوە) ﴿٨٣﴾ ئێوەیش چاوەڕوانی مەرگن (و هیچتان پێ‌ناکرێ) ﴿٨٤﴾ ئێمە بەو (مرۆڤی لە حاڵی مردندا) نێزیکترین، بەڵام ئێوە نابینن ﴿٨٥﴾ جا ئەگەر ئێوە بە رۆژی جەزا بڕواتـان نییـە و نـاکەونە بەرپرسـینەوە ﴿٨٦﴾ ئەگەر ڕاسـتبێـژن ئەو لە مەرگ بگێڕنەوە ﴿٨٧﴾ بەڵام ئەوەی لە ئێمەیشەوە نێزیکە دەمرێ ﴿٨٨﴾ لە پاداشا حەسانەوە و بۆنی گوڵەڕێحان و بەهەشتی پڕ لە ناز و خۆشییە ﴿٨٩﴾ ئەگەر لە دەسەی دەسەڕاسانی بەختەوەران بێ ﴿٩٠﴾ لە دەسەڕاسانی بەختەوەرانەوە، سـەلام بـۆ تـۆ ﴿٩١﴾ بەڵام ئەگەر لە ئینکـارکەرانی لاڕێ بێ ﴿٩٢﴾ بە ئاوی کوڵیـو میوانـداری لـێ‌دەکەن ﴿٩٣﴾ ڕایدەکێشـنە نێـو دۆژەهــ ﴿٩٤﴾ بەڕاستی ئەمە (قورئـان) قسـەیەکی ڕاسـت و یەقیـنە ﴿٩٥﴾ جا کەوایە نێـوی پەروەرێـنەری گەورەت بە پاک و بێ‌خەوشی ببە ﴿٩٦﴾

## سوورەی حەدید: ئاسن ٢٩ ئایەتە

**سوورەی حەدید: ئاسن لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٩ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، پاک و بێ‌خەوشی خوا دەڵـێن، هەر خوایشـە پـڕ دەسـەڵات و لەکارزان ﴿١﴾ هەر بۆ ئەوە دەسەڵاتی ئاسمانەکان و زەوی، زێندوو دەکـاتەوە و دەمرێنـێ، هەر ئەوە کە بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانا و زاڵە ﴿٢﴾ هەر خـوایە ئەوەڵ و ئـاخر و دیـار و نادیـار هەر ئەوە بە هەموو شتێک پڕ زانا و ئاگایە ﴿٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



خوا زاتێکە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژ (شەش دەور) بەدیهێنا لە پاشان چووە بان تەختی دەسەڵات (و کەوتە تەگبیری جیهان)، دەزانێ ئەوەی بە زەویدا ڕۆدەچێ و ئەوەی لێی دەردێ و ئەوەی لە ئاسمان دێتە خوارێ و دەچێتە سەرێ، لە هەر کوێ بن لەگەڵتانە، خوا بەوەی دەیکەن بینا و ئاگایە ﴿٤﴾ هەر بۆ خوایە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئاسمانەکان و زەوی، هەموو شتێک بۆ لای ئەو دەگەڕێندرێتەوە ﴿٥﴾ لە شەو کەم ئەکا و ئەیخانە سەر ڕۆژ، لە ڕۆژ کەم ئەکا و ئەیخاتە سەر شەو، بەوەی لە نێو دڵ و دەروون و سینەدایە ئاگا و زانایە ﴿٦﴾ بە خوا و پێغەمبەری ئەو بڕوا بێنن و لەو ماڵەی کە خوا ئێوەی کردۆتە نوێنەر(ی خۆی) ببەخشن، جا ئەوانەی کە لە ئێوە بڕوایان هێناوە و بەخشش دەکەن مزەی زۆریان بۆ هەیە ﴿٧﴾ چتانە کە بە خوا بڕوا ناهێنن، لە حاڵێکدا پێغەمبەر ئێوە بانگ دەکا کە بڕوا بە پەروەرێنەرتان بێنن، ئەگەر بە دوای بڕوان، خوا لە ئێوە پەیمان و بەڵێنی وەرگرتووە ﴿٨﴾ ئەو زاتێکە نیشانەکانی ڕوونی بۆ بەندەی خۆی دەنێرێ تا ئێوە لە تاریکییەوە بێنیتە بەر ڕووناکی و نوور، خوا سەبارەت بە ئێوە دڵسۆزێکی دڵاوێنە ﴿٩﴾ چتانە (بۆچ) لە ڕێگای خوا نابەخشن، لە حاڵێکدا میراتی ئاسمانەکان و زەوی هی خوایە، لە نێو ئێوەدا ئەوانەی کە بەرلە گرتنی مەککە بەخششیان کردووە (لە ماڵ و دارایی خۆیان یارمەتی سپای ئیسلامیان داوە) و چوونەتە جەنگ (لەگەڵ ئەوانی دیکە) بەرامبەر نین، پلەی ئەمانە لەوانەی لە دواییدا بەخشینیان کردووە و جەنگیان کردووە بەرزترە، خوا بەڵێنی چاکەی بە هەموان داوە و بە هەر کارێ کە دەیکەن زانا و ئاگایە ﴿١٠﴾ کێیە وا هەیە وامێ چاک بە خوا بدا، تا خوایش چەن قات و چەن بەرامبەر قەرەبووی بۆ بکاتەوە، وە مزەیەکی چاکی بۆ هەیە ﴿١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



ڕۆژێ کە پیاوان و ژنانی بڕوادار ئەبینی کە تیشکدانەوەی کردەیان لە پێشەوە و لە لای ڕاستیانەوە دەڕوا (و پێیان دەڵێن:) ئەو ڕۆژەتان مزگێنی بێ بە باغ و بەهەشتگەلێ (دەچنە نێوی) کە بە ژێریدا چۆمە ئاو تێدەپەڕێ، بۆ هەمیشەیش لەوێدان و ئەمە سەرکەوتێکی گەورەیە ﴿١٢﴾ ڕۆژێ کە پیاوانی دووڕوو و ژنانی دووڕوو بە کەسانێ کە بڕوایان هێناوە دەڵێن: ئێوە لامان لێ بکەنەوە و بۆمان بڕوانن تا ترووسکێک لە ئێوەوە ڕووناکیمان پێبگا، پێیان دەوترێ: بگەڕێنەوە پشت سەری خۆتان (بۆ دنیا) و لەوێ ڕووناکی بخوازن، شوورە و دیوارێک لە نێوانیاندا ساز ئەدرێ دەبێتە لەمپەر کە درگایەکی هەیە، لە ناوەوەی بەزەیی و ڕەحمەتە و لە دەرەوەیشی جەزرەبە و عەزابە ﴿١٣﴾ هاواریان لێدەکەن، مەگەر ئێمە لەگەڵتان نەبووین؟ دەڵێن: بەڵێ، بەڵام ئێوە خۆتان خستە نێو بەڵا و چاوەنواڕی (بە خەیاڵ بڕواداران تووشی بەڵا و چۆرتمە ببن) و دوودڵیتان کرد و ئارەزوو ئێوەی فریودا تا فەرمانی خوا هات و شەیتان بە خوا بادیهەوا و مەغرووری کردن ﴿١٤﴾ جا ئەمڕۆ نە لە ئێوە و نە لەوانەی وا کافر بوون سەرانە و فیدیە وەرناگیردرێ، جێتان ئاگرە، ئاگر شیاوتانە، سەرەنجامێکی خراپە (ئەو ئاگرە بۆ ئێوە) ﴿١٥﴾ ئایا کاتی ئەوە بۆ بڕواداران نەگەییوە کە دڵ و دەروونیان بۆ یادی خوا و بۆ ئەو ڕاستەی ناردوویەتی (قورئان) بلەرزێ وەکوو ئەوانە نەبن کە بەر لەمە کتێبیان پێدرابوون جا کە ماوەیەکی زۆریان بە سەرا تێپەڕی، دڵیان وشک و ڕەق بوو، زۆربەیان بوونە خراپکار ﴿١٦﴾ بزانن کە خوا زەوی دوای مردنی زیندوو دەکاتەوە، ئێمە زۆر نیشانمان بۆ ئێوە ڕوون کردۆتەوە بەڵکوو ئەقڵتان بخەنە کار ﴿١٧﴾ پیاوان و ژنانی خێرومەند و ئەوانەی کە (لەم ڕێگایەوە) وامی چاک بە خوا ئەدەن، بۆیان چەن قات و بەرابەر دەکرێ و پاداشی پڕ بایەخ و چاکیان بۆ هەیە ﴿١٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



کەسانێ کە بە خوا و بە پێغەمبەرانی ئەو بڕوا بێنن، ڕاستبێژن و ئەوانەیش کە لە ڕای خوا کوژراون لای پەروەرێنەریانن، و پاداشی خۆیان بۆ هەیە و ڕووناکی خوشیان بۆ هەیە و ئەوانەیش حاشایان کرد و نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ خستەوە جەهەندەمین ﴿١٩﴾ بزانن کە بەڕاستی ژیانی ئەم دنیایە تەنیا گاڵتە و گەمە و خۆ جوان نیشاندان و خۆ لەسەر یەک ڕانان و بادیهەوایی بوون بە زیاد بوونی ماڵ و مناڵ، وێنەی بارانێکە شیناوەردییەکەی کشتیاران و وەرزێرانی پێ خەنی بووبێ و خەملاندبێتی و کەوتبنە سەرسوورمانەوە، لە پاشان سیس و وشک ئەبێ، جا بە زەردی ئەیبینی، لە پاشان ئەبێتە تۆز و کاوکۆتی بەربا لە ئاخیرەتدا یا عەزابی سەختە یا لێخۆشبوون و ڕەزای خوا؛ ژیانی دنیا تەنیا کالایەکی فریودەرە ﴿٢٠﴾ پێشبرکێی یەکتر بدەنەوە (لە یەکتر پێش کەون) بۆ گەیشتن بە لێخۆشبوونی پەروەرێنەرتان بۆ گەیشتن بە بەهەشتێ کە پانی و بەرینییەکەی وەکوو پان و بەرینی ئاسمان و زەوییە کە بۆ ئەوانەی وا بڕوایان بە خوا و پێغەمبەرانی خوا هێناوە ئامادە کراوە، ئەمە بەخششێکە لە خواوە، بە هەرکەس کە بیەوێ ئەیدا، خوا خاوەن بەخششێکی گەورەیە ﴿٢١﴾ هەر بەڵایەک ڕوودەدا لەم سەرزەوییە و هەر بەڵایەک بەسەر خۆتان دێ، بەر لەوەی بەدیبهێنین لە دەفتەرێکدا نووسراوە و ئەمە بۆ خوا ئاسانە ﴿٢٢﴾ تا بۆ ئەوەی لە کیستان چووە خەفەت نەخۆن و بەوەی کە پێتان ئەدا فیز و شانازی نەکەن، خوا هیچ خۆبەزلزانێکی بەفیزی خۆقەفکەری خۆشناوێ ﴿٢٣﴾ ئەوانە کە ڕژدی دەکەن و بۆ بەخیل بوون و ڕژدی فەرمان بە خەڵک ئەدەن، هەرکەس لاساری بکا و مل بادا (با بزانێ کە) هەر خوا بێنیازی شیاوی پەسن و حەمیدە ﴿٢٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئێمە پێغەمبەرانی خۆمان بە بەڵگەگەلی ڕوونەوە ناردووە و لەگەڵ ئەوان کتێب (ی ئاسمانی) و تەرازوومان ناردووە تا خەڵک دادگەری بگرنە بەرچاو، ئاسنیشمان بەدیهێنا کە لەوا بڕشتی زۆرە و هێزێ توند هەیە و سوودیشی بۆ خەڵک هەیە تا خوا بزانێ و ڕوونی بکاتەوە چکەسێ بە نهێنی یارمەتی خوا و پێغەمبەرانی ئەو ئەدا، خوا بەوزە و دەسەڵاتە ﴿٢٥﴾ نووح و ئیبراهیممان نارد و لە نێو زارۆکی ئەواندا پێغەمبەرایەتی و کتێبمان دانا، جا هەندێ لەوانە ڕێنوێن بوون و زۆرێکیشیان فاسق و خراپ دەرچوون ﴿٢٦﴾ لە پاشان بە دوای ئەواندا لە پشت سەریەک پێغەمبەرانی خۆمان نارد و عیسای کوڕی مریەممان دوای ئەوان نارد و ئینجیلمان پێدا و لە نێو دڵی ئەوانەی پەیڕەوییان لەو کردووە و دڵسۆزی و بەزەییمان داناوە و ئەو ڕەبەنییەیش کە خۆیان سازیان داوە ئێمە لەسەرمان واجب نەکردبوون (کە ڕەبەن و بێژن و سەڵت و بن تەرکی دنیا بکەن)، هەرچەن مەبەستیان ڕەزای خوا بووە بۆیشیان نەکراوە، وەک پێویست ئەنجامی بدەن جا بەوانەی کە بڕوایان هێنابوو پاداشم دانەوە، زۆربەیان فاسق و خراپ بوون ﴿٢٧﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە لە خوا بترسن و بڕوا بە پێغەمبەری خوا بێنن تا خوا دوو پاداشتان لە ڕەحمەتی خۆی بداتێ، تیرێژێکتان بداتێ کە لەبەر ڕووناکی ئەودا بتوانن بڕۆن و لێتان خۆشبێ، خوا لێبور و فرە دڵلاوێنە ﴿٢٨﴾ تا ئەهلی کتێب وا نەزانن لەو چاکەی وا لای خوا هەیە ئەوان هیچ شتیان بە دەسە، و چاکە هەمووی بە دەس خوایە و هەرکەس خۆی بیەوێ چاکەی لەگەڵ دەکا و خوا خۆی خێوی چاکەی گەورەیە ﴿٢٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



## سوورەی موجادەلە ٢٢ ئایەتە

**سوورەی موجادەلە لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٢ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

بە هەقیقەت خوا قسەی ئەو ژنەی بیست کە لەبارەی مێردەکەیەوە کێشە و دەمەقاڵەی لەگەڵ تۆ دەکرد و لای خوا گازندە و شکایەتی ئەکرد (و خوا دادخوازی ئەوی وەرگرت)، خوا وتوویژتان دەبیسێ، بەڕاستی خوا بیسەر و بینایە (ئەم ئایەتە لەبابەت (خولە) لە هۆزی (خدرە): خەزرەج خێزانی (وەیسە ـ ئەوس ـ ی کوڕی صامت. هاتووە. ئەم دوو هۆزە لە کوردانی کۆچەر بوون مێژووی مەدینە سەیید عەلی سەهموودی) ئیمام فەخری ڕازی؛ ڕوح‌المعانی؛ فی ظلال و تەفسیری ئەبوسعود عیمادی کوردی ﴿١﴾ کەسانێ کە لە ئێوە سەبارەت بە ژنەکانیان (ظهار) دەکەن (و دەڵێن: تۆ بۆ من وەکوو دایکی)، ئەوانە (ژنەکانیان) نابنە دایکیان، دایکیان تەنیا ژنانێکن کە ئەوانیان بە دنیا هێناوە، قسەیێ خراپ و ناحەز دەکەن و درۆیەکە بە زمانیاندا دێ، خوا لێبووری فرە لێبووره ﴿٢﴾ کەسانێ کە بە ژنانی خۆیان دەڵێن تۆ دایکمی، لە پاشان پەشیمان دەبنەوە، بەر لەوەی دەس لەگەڵ یەکتر تێکەڵ بکەن، ئەبێ کۆیلەیەک ئازاد بکەن، ئەمە ئامۆژگاری و پەندێکە بە ئێوە ئەدرێ، خوا بەو کارانەی کە دەیکەن بە ناخی ئاگایە ﴿٣﴾ جا کەسانێ کە کۆیلەیان دەست نەکەوت بەر لەوەی لەگەڵ یەکتردا دەس تێکەڵ بکەن، ئەبێ دوو مانگی پشت سەر یەک ڕۆژوو بگرن، جا کەسێ کە نەتوانێ (دوو مانگ بەڕۆژوو بێ)، با شەست مسکێن نان بدا، ئەمە بۆ ئەوەیە کە بە خوا و پێغەمبەری خوا بڕوا بێنن، ئەمانە سنووری خوان، بۆ کافران عەزابی دەرداوی هەیە ﴿٤﴾ ئەوانەی دژایەتی خوا و پێغەمبەری ئەکەن، دوچاری ناچاری و بێبەختی ئەکرێن هەروەکوو پێشینانیان کە قەرەبەخت کران، ئێمە نیشانەگەلی ئاشکرامان نارد، بۆ خوانەناسان جەزرەبە دانێکی ئابڕووبەریان بۆ هەیە ﴿٥﴾ ڕۆژێ کە خوا هەمووان زیندوو دەکاتەوە، ئەوانە لە کارێ کە کردوویانە ئاگادار ئەکاتەوە، خوا ڕادەی کردەوەی ئەوانی نووسیوە، خۆیان لە بیریان چۆتەوە، خوا بەسەر هەموو شتێکدا شایەد و چاوەدێر و نازره ﴿٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



ئایا نەتزانیوە کە خوا ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە ئەیزانێ، هیچ کاتێ سێ کەس پێکەوە چپە و سرتە ناکەن مەگەر ئەوەی کە خوا چوارەمینیانە و هیچ دەمێ پێنج کەس پێکەوە بە چپە قسە ناکەن مەگەر ئەوەی کە خوا شەشەمیانە، نە کەمتر و نە زیاتر لەوە، مەگەر ئەوەی کە خوا لەگەڵیانە، لە هەر کوێ بن، لە پاشان ئەوان لەو کارانەی کە کردوویانە لە ڕۆژی پەسڵان و قیامەت ئاگاداریان دەکا، خوا بە هەموو شتێ زانایە ﴿٧﴾ ئایا نەتدیوە ئەوانەی کە لە چپە و سرتە بەرگیری و نەهی کرابوون، لە پاشان دەگەڕێنەوە سەر ئەوەی لێی نەهی‌کرابوون، و لە ناڕەوا چپە دەکەن و تاوان و سەرپێچی دەکەن و لە قسەی پێغەمبەر دەردەچن هەرکاتێ دێنە لای تۆ بە جۆرێ سەلامت لێدەکەن کە خوا بەو جۆرە سەلامی لە تۆ نەکردووە، لە دڵی خۆیاندا دەڵێن: ئەی بۆچ خوا بەوەی دەیلێین ئازارمان نادا، دۆژەهیان بۆ بەسە کە ڕادەکێشرێنە نێوی، جا چەن سەرەنجامێکی خراپە ﴿٨﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! هەرکاتێ پێکەوە چپەی بکەن، لە بابەت تاوان و دوژمنی و نافەرمانی لە پێغەمبەری خوا چپەی مەکەن، لە بابەت کارێ چاک و خۆپارێزی سرتە و قسە بکەن، لە خوایێ کە هەمووتان بۆ لای ئەو کۆ دەکرێنەوە بترسن ﴿٩﴾ چپە و سرتە کردن لە شەیتانە بۆ ئەوەی بڕواداران غەمگین بکا، لە حاڵێکدا هیچ زیانێ بەوان ناگا مەگەر بە فەرمانی خوا نەبێ و بڕواداران ئەبێ تەنیا خۆ بە خوا بسپێرن و تەوەکولیان بە خوا بێ ﴿١٠﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! هەرکاتێ پێتان وترا: لە کۆڕ و دانیشتندا جێگە بکەنەوە، جێگە بکەنەوە، خوایش لە کارتاندا جێگاتان دەکاتەوە، هەرکاتێ پێتان وترا: هەستن، جا لە جێی خۆتان هەستن، خوا ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و هەروا کەسانێ کە زانستیان پێدراوە پلەیان دەباتە سەرێ، خوا بەو کارانەی کە دەیکەن ئاگا و بە ناخی زانایە ﴿١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! هەرکاتێ ویستتان لەگەڵ پێغەمبەری خوا سرتەی بکەن بەر لە سرتە کردن (لە ڕێگای خوادا) سەدەقەیەک بدەن و خێرێک بکەن، ئەمە بۆ ئێوە باشتر و پاکترە، جا ئەگەر بۆ سەدەقە شتێکتان گیر نەهات، جا بەڕاستی خوا لێبورو فرە دڵاوێنە ﴿١٢﴾ ئایا ترسان و لەبەرتان گران بوو کە بەر لە سرتە کردن سەدەقە بدەن؟ ئێستا کە ئەم کارەتان نەکرد و خوا تۆبەی ئێوەی قەبووڵ کرد، نوێژ بەجێ بێنن و زەکات بدەن و بە قسەی خوا و پێغەمبەری ئەو بکەن، خوا بەوەی دەیکەن باخەبەرە ﴿١٣﴾ ئایا بۆ ئەو کەسانەت نەنواڕیوە کە لەگەڵ هۆزێ کە خوا غەزەبی لێ گرتبوون بوونە دۆست و دۆستایەتیان گرت، ئەوانە نە لە ئێوە بوون و نە لەوان، سوێند بە درۆ بە خوا دەخۆن و دەیشزانن کە بە درۆ سوێند دەخۆن ﴿١٤﴾ خوا ئازاری سەختی بۆ ئامادە کردوون، چەند خراپە (هەیە) بۆ کاری کە دەیانکرد ﴿١٥﴾ سوێندی خۆیان کردۆتە مەتاڵ: قەڵخان و بوونەتە لەمپەر و ڕێگای خوایان لە خەڵک گرتووە، (لەبەر ئەمە) بۆ ئەوان عەزابی ئابڕووبەر هەیە ﴿١٦﴾ نە ماڵ و نە منداڵیان لە ڕاست خوا هیچ بێنیازیان ناکا، ئەوانە دۆزەهین و بۆ هەمیشە لەوێدا قەتیسن ﴿١٧﴾ ڕۆژێ کە خوا هەموویان زیندوو دەکاتەوە، هەروەکوو سوێندیان بۆ ئێوە دەخوارد بۆ خوایش سوێند دەخۆن، لایان وایە شتێکیان لەباراندایە ئاگادار بە، هەر ئەوانەن درۆزن ﴿١٨﴾ شەیتان بە سەریاندا زاڵ بووە، جا خوایان لە بیر بردووەتەوە، ئەوانە دەسەی شەیتانن، ئاگادار بە، هەر دەسەی شەیتان زیانکارە ﴿١٩﴾ بەڕاستی کەسانێ کە لەگەڵ خوا و پێغەمبەری ئەو دژایەتی دەکەن، ئەوانە زەبوون و زەلیلترین خەڵکن ﴿٢٠﴾ خوا وای داناوە کە بەقینەن من و پێغەمبەرانم سەرکەوین، (چونکە) خوا قەوی و بێتیشکانە و فرەیش بەدەسەلاتە ﴿٢١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



هیچ هۆزێ گیر ناهێنی کە بڕوای بە خوا و ڕۆژی بەرێ هێنابێ، کە هەر لەو کاتە لەگەڵ دوژمنانی خوا و پێغەمبەری ئەو دۆستی بکەن، هەرچەند باووباپیر یا کوڕ یا برا یا خزمی ئەوانیش بن، ئەمانە کەسانێکن کە خوا بڕوای لە نێو دڵ و دەروونیاندا نووسیوە و (جێگر کردووە) بە هێزێ لە لایەن خۆیەوە پشتیوانی کردوون و ئەیانباتە نێو بەهەشتگەلێ کە ئاو بە بن دارەکانیدا تێدەپەڕێ، بۆ هەمیشەیش لەوێدا دەمێننەوە و خوا لێیان ڕازییە و ئەوانیش لە خوا ڕازین، هەر ئەمانن (دەسەی خوا) حیزبوڵلا، ئاگادار بە، حیزبوڵلا (دەسەی خوا) هەر ئەوانن ڕزگار ﴿٢٢﴾

## سوورەی حەشر ٢٤ ئایەتە

**سوورەی حەشر لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢۴ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە پەسنی بێخەوشی خوا دەڵێن، هەر ئەویشە فرە بەدەسەڵات و فرە دڵاوێن ﴿١﴾ خوا زاتێکە کافرانی لە یەکەمین کۆبوونەوە لەسەر ماڵوحاڵیان وەدەرنا، لاتان وا نەبوو کە بڕۆنە دەرێ و ئەوانیش لایان وا بوو کە قەڵا و سەنگەرە پتەوەکانیان ئەوان لە خوا دەپارێزێ، لەوێوە کە گومانیان نەدەکرد خوا هاتە سەریان و ترسی خستە نێو دڵ و دەروونیان، بە جۆرێکی وا کە ماڵەکانی خۆیان بە دەستی خۆیان و بە دەستی بڕواداران وێران دەکرد، جا پەند بگرن ئەی خاوەنانی بەئاوەز و چاو (ژیران) ﴿٢﴾ ئەگەر خوا تەنیا ئاوارەیی و درچوونی لە سەریان نەنووسیبا، لە دنیا تووشی ئازاری دەکردن و لە ڕۆژی پەسڵانیشدا بۆ ئەوانە ئاگری بەئازاری هەیە ﴿٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئەمە بە سزای ئەوە بـوو کە لەگەڵ خـوا و پێغەمـبەری ئەودا دژایەتییـان کـرد و هەرکەسـیش لەگەڵ خوادا دژایەتی بکا، جا عـەزابی خوا سەبارەت بەو سەختە ﴿٤﴾ هەر دارە خورمایەکتـان بڕی یا کە گەڕان لەسەر ڕەگی خۆ بمێنن هەموو بە ئیزنی خوا بوون تا ئەو خراپکـار و فاسـقانە تووشی سووکایەتی بن ﴿٥﴾ ئەوەی لە دارایی ئەوان کە خوا بە تـالأن بە پێغەمـبەری خـۆی دا، (لەبەر) ئەوە نەبوو کە ئێوە بە سواری ئەسب یـا بە وشـترەوە بـۆی نەچـوون (و زەحمەتتـان بـۆ نەکێشاوە)، بەڵکوو خوا بەسەر هەرکەسێ کە بیەوێ پێغەمبەرانی خۆی زاڵ دەکا، خوا بەسـەر هەمـوو شتێکدا بەدەسەڵاتە ﴿٦﴾ ئەو دارایییەی کە خوا لە خەڵکی ئـاواییەکـانەوە بە تـالأن کردوویەتە هی پێغەمبەر، بۆ خوا و پێغەمبەر و خزمان و هەتیوان و مسکێنان و دەسـتەنگ و ڕێبـوارانە (کە لە ڕێ بەجـێمـاون) تـا لە نێـو دەوڵەمەنـدەکانی ئێـوەدا نەبێـتە دەسـمایە و دەساودەس نەکا و هەرچی پێغەمبەر پێیدان وەریبگرن و هەرچـی نەهـی لـێکـردن، خـۆی لـێ لادەن، لە خوا بترسن کە خوا سەخت عـەزابە ﴿٧﴾ (ئەم تالأنە) بۆ ئاوارە و موهـاجرانی نەدارە، کەسانێ کە لە سـەر مـاڵ و زێـد و لانـی خۆیـان دەرکـراون، ئەوانەی کە چاکە و فەزڵ و ڕەزای خوایان دەوێ و یـارمەتی خـوا و پێغەمـبەری ئەویـان ئەدەن، هەر ئەمانەشـن ڕاسـتبێـژ ﴿٨﴾ کەسانێ کە بەر لە هاتنی موهاجران بۆ مەدینە لەسەر ماڵوحـاڵی خۆیـان بـوون و بـڕواداریش بوون، ئەوانەی ئەوانە کۆچبار بوون و پەنایـان بۆلایـان هێنـاوە خۆشـیان دەوێـن و لەوەی کە بە موهاجرانی کۆچبار ئەدرێ بە دڵ ئێرەیی و حەسـوودی نـاکەن و لەهەر شـتێکدا ئەوان وەپـێش خۆیان دەخەن، هەر چەند دەدەنگ بن و خۆیشیان نیازیان هەیە، ئەوانەی کە لە ڕژدی و بەخێلی خۆیان پاراستووە (لە ئەماندان) جا هەر ئەمانەشن ڕزگارن ﴿٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



کەسانێ کە دوای ئەوان هاتوون، دەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! لە ئێمە و لە براکانمان کە بەر لە ئێمە بڕوایان هێنابوو خۆش بە و ڕق و قینی کەسانێ کە بڕوایان هێناوە لە دڵ و دەروونماندا رامەگرە، ئەی پەروەرێنەری ئێمە! تۆ دڵسۆز و فرە دڵاوێنیِ ﴿١٠﴾ ئایا دووڕووەکانتان نەدیوە کە بە برا کافرەکانی خۆیان لەوانەی کە ئەهلی کتێبن پێیان دەڵێن: هەرکاتێ ئێوە دەربکرێن ئێمەیش لەگەڵتان دێین و هیچ کات بە زیانی ئێوە لە هیچ کەس پەیڕەوی ناکەین، ئەگەر لەگەڵ ئێوە بجەنگین، یارمەتیتان ئەدەین، لە حاڵێکدا خوا شایەدی ئەدا کە ئەوانە درۆزنن ﴿١١﴾ ئەگەر دەرکرێن لەگەڵیاندا نارۆنە دەرێ و ئەگەر جەنگیشیان لەگەڵدا بکرێ یارمەتیان نادەن، ئەگەر بێنە یارمەتیشیان پشت ئەکەنەوە و ڕائەکەن، جا یارمەتی نادرێن ﴿١٢﴾ یەقینەن ترسی ئێوەیان زیاتر لە خوا لە دڵدایە، (چونکە) هۆزێکی تێنەگەیشتوون ﴿١٣﴾ ئەوانە هەموویان پێکەوە جەنگتان لەگەڵدا ناکەن، مەگەر لە قەڵای پتەو یا لە پشت دیواری دێیەکانەوە نەبێ، ئەوانە لە نێو خۆیاندا سەخت دوژمنی یەکترن، تۆ بە یەکدڵیان دەزانی، لە حاڵێکدا دڵیان لێک جیایە، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە هۆزێکی بێ ئەقڵن ﴿١٤﴾ ئەم تاقمە (لە جوولەکە) هەروەکوو کەسانێکن کە کەمێ بەر لەوانە بوون کە تامی تاڵی کاری خراپی خۆیان چێشت، هەر بۆ ئەوانە عەزابی دەرداوی ﴿١٥﴾ هەروەکوو شەیتان کە بە مرۆڤی وت: حاشا لە خوا بکەن، جا وەختێ لە خوا تەکیەوە و حاشای کرد، شەیتان، وتی: من لە تۆ بێزارم، من لە خوا کە پەروەرێنەری جیهانیانە دەترسم ﴿١٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



سه‌ره‌نجامی کاریان بووه ئه‌مه که هه‌ر دوو له ئاگردان، بۆ هه‌میشه‌یش له‌وێ ده‌مێننه‌وه، ئه‌مه‌یه سزای سته‌مکاران ﴿١٧﴾ ئه‌ی که‌سانێ که بڕواتان هێناوه! له خوا بترسن و هه‌رکه‌س ئه‌بێ چاوه‌نواڕ بێ که بۆ دوارۆژی چی له پێشا ناردووه، له خوا بترسن، خوا به‌وه‌ی ده‌یکه‌ن ئاگایه ﴿١٨﴾ له‌و که‌سانه مه‌بن که خوایان له بیر برده‌وه، خوایش وای کرد تا خۆیشیان له بیر برده‌وه، هه‌ر ئه‌مانه‌ن خراپ: فاسق و نافه‌رمان ﴿١٩﴾ دۆزه‌هییان و به‌هه‌شتییان به‌رامبه‌ر نین، به‌هه‌شتییه‌کان هه‌ر ئه‌وانن ڕزگار و کامه‌ران ﴿٢٠﴾ ئه‌گه‌ر ئه‌م قورئانه‌مان بناردایه‌ته سه‌ر کێوێک ئه‌تدی که له ترسی خوا له‌ت ئه‌بوو، ئه‌م نموونانه بۆ خه‌ڵکی دێنینه‌وه، به‌ڵکوو بیر بکه‌نه‌وه ﴿٢١﴾ ئه و خوایه که خوایێتر بێجگه له‌و نییه، هه‌ر ئه‌وه دانا به نهێن و ئاشکرا، هه‌ر ئه‌ویشه به‌خشه‌ر و فره دڵلاوێن ﴿٢٢﴾ ئه‌و خوایه، که له‌و به‌ده‌ر شیاوی په‌رستنێک نییه، فرمانڕه‌وا و پاتشایه، له که‌مایه‌سی دووره، سه‌رچاوه‌ی هێمنایه‌تی: هێمنیده‌ره و به‌سه‌ر هه‌موو شتێکدا ڕاده‌گا، ده‌سه‌ڵات به ده‌س ئه‌وه، به‌سه‌ر هه‌مووشتێکدا زاڵه و هیچ شتی ده‌رۆستی نایێ، پاکه خوا له‌و شتانه‌ی ده‌یکه‌نه شه‌ریک و هاوبه‌شی ﴿٢٣﴾ هه‌ر ئه‌وه خوای خولقێنه‌ری وه‌دیهێنی بێوێنه، دیمه‌نده‌ره؛ وێنه‌گری هه‌ر بۆ ئه‌وه ناوی چاک و شیاو، هه‌رچی له ئاسمانه‌کان و زه‌ویدان په‌سنی بێخه‌وشی ئه‌و ده‌ڵێن، هه‌ر ئه‌ویشه به‌ده‌سه‌ڵاتی له‌کارزان ﴿٢٤﴾

## سووره‌ی مومته‌حینه ١٣ ئایه‌ته



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



## سوورەی موتەحینە لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله) وە ١٣ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دلّاوێن.

ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! دوژمنی من و دوژمنی خۆتان بە دۆست مەگرن، ئێوە دۆستایەتییان بەوان ڕادەگەیێنن لە حالێکدا ئەوان بەو قسە هەقەی بۆتان هاتووە باوەڕیان نییە، لەبەر ئەوەی بە خوا کە پەروەرێنەرتانە بڕواتان هێنابوو، پێغەمبەرو ئێوە دەردەکەن، ئەگەر بۆ خەزا لە ڕێگای من و بۆ ڕەزای من چوونەتە دەرێ، بە نهێنی دۆستایەتییان مەکەن و من بە هەرچی دەیشارنەوەو بەوەی ئاشکرای دەکەن ئاگاترم، هەرکەس لە ئێوە وا بکا، لە ڕێگای ڕاست لای داوە ﴿١﴾ ئەگەر ئێوەیان گیر بێ و دەسیان بڕوا، دوژمنیتان دەکەن و دەس و زمانیان بۆ ئازاردانتان دەکەنەوە، پێیان خۆشە کە ئێوەش لەڕێ لادەر بن ﴿٢﴾ هەرگیز خزم و منداڵەکانتان سوود بە ئێوە ناگەیێنن، خوا لە ڕۆژی قیامەت لێکتان جیا دەکاتەوە، خوا بەوەی دەیکەن بینایە ﴿٣﴾ بۆ ئێوە شێوەیەکی چاک هەیە بۆ پەیڕەوی لە ئیبراهیم و ئەوانەی کە (بە بڕوا) لەگەڵ ئەوا بوون، کاتێ کە بە هۆزی خۆیان وت: لە ئێوە و لەوەی لە غەیری خوا کە دەیپەرستن بێزار و بەرین و ئێوە بە خوانەناس دەزانین و لە نێوان ئێمە و ئێوەدا بۆ هەمیشە ڕق و دوژمنی دەرکەوتووە، تا (کاتێ) بە خوای تەنیا بڕوا بێنن، بێجگە لەو قسەی ئیبراهیم کە بە باو (ئاپۆ)ی بەڵێنی دا کە داوای لێخۆشبوونت لای خوا بۆ دەکەم، لە هەمان کاتدا لە بەرامبەر خوادا بۆ تۆ شتێکم بە دەس نییە، ئەی پەروەرێنەری ئێمە! خۆمان بە خوا سپاردووە و تەوەکولمان بە تۆیە و ڕوومان کردۆتە تۆ و گەڕانەوەش هەر بۆ لای تۆیە ﴿٤﴾ ئەی پەروەرێنەری ئێمە! مەمانکە هۆی تاقیکردنەوەی کافران و لێمان خۆشبە، ئەی پەروەرێنەری ئێمە! بەڕاستی هەر تۆی پڕ دەسەڵاتی لەکارزان ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



بە هەقیقەت ئەوانە بۆ ئێوە شێوەیێ چاکن، بـۆ کەسـانێ کە هیوایـان بە خـوا و بە رۆژی بەرێ هەیە، هەرکەس مل بادا (زیانی لە خۆی داوە)، بەراستی هەر خوایە بێنیـاز و شـیاوی پەسـنە ﴿٦﴾ هیوایە کە خوا لە نێوان ئێوە و دوژمنانتاندا (لە ڕێی ئیسلامەوە) پێوەندی خۆشەویستی دابنێ، خوا بەوزە و لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿٧﴾ خوا ئێوە لە چاکەکردن لەگەڵ ئەوانەی کە لەگەڵ ئێـوەدا لەسـەر دیـن نەجەنگـاون و لە شـار و ئاواییتـان دەریـاننەکـردون بەرتـان نـاگرێ، خـوا دادگەرانی خۆشدەوێ ﴿٨﴾ بێگومان خوا تەنیا ئێوە لە دۆستی کەسانێ بەرنـاگرێ کە لەسـەر دین جەنگیان لەگەڵ ئێوەدا کرد و ئێوەیان لە شار و ئاوایی خۆتان وەدەرنا و بۆ دەرکردنی ئێـوە کۆمەگیان کردووە، ئەگەر دوستایەتی ئەوان بـکەن، هەرکەسـێک دۆسـتایەتی ئەوان بکـا، جـا هەر ئەمانن ستەمکار ﴿٩﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! کاتێ ژنـانی بـڕوادار کە کۆچیـان کردووە، هاتنە لای ئێوە، تاقییان بکەنەوە، خوا بە بڕوایان زاناترە، جا ئەگەر زانیتان کە بڕوایان هێناوە، مەیانگێڕنەوە لای کافران (چونکە) نە ئەمانە بۆ پیاوانی کافر ناشێن و ڕەوا و حەڵاڵـن و نە پیاوانی کافریش بۆ ئەوان دەشێن و ڕەوا و حەڵاڵـن و هەرچی کافرەکـان بـۆ ئەم ژنانەیـان خەرج کردووە بیاندەنەوە و ئەگەر ئەوانە مارە ببڕن مارەییان بدەنێ گوناحتان بۆ نییـە و ژنـانی کافر بە ژنی بۆ خۆتان ڕامەگرن، هەرچی بۆتان خەرج کردووە لە پیـاوانی کـافر (کە ئەمانەیـان هێنا) وەربگرنەوە و ئەوانیش هەرچییان خەرج کردبێ (کە ژنەکانیان موسڵمان بووبێ و شـووی بە ئێوە کردبێ) لە ئێوەی بوێ، ئەمە فەرمانی خوایە، خـوا لە نێوانتانـدا داوەری دەکـا و خـوا پڕزانـای لەکـارزانە ﴿١٠﴾ ئەگەر یەکـێ لە ژنـانی ئێـوە کە لە کیسـتان بچـێ (و بچێـتە لای کافران)، ئێـوە بـــۆ تـۆڵە ڕاپەڕیـن و زاڵبـوون و تالانتـان لـێ گـرتن ئێـوەیش بە کەسـانێ کە ژنەکانیان ڕۆیشتوون بە ئەندازەیێ کە خەرجیان بووە بیاندەنەوە، لە خوایێ کە بڕواتان پێیەتـی بترسن ﴿١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئەی پێغەمبەرا هەرکاتێ ژنانی بڕوادار هاتنە لات تا بەیعەتت پێبکەن کە هاوبەش بۆ خوا دانەنێن و دزی نەکەن و زینا نەکەن و منداڵانی خۆیان نەکوژن و تۆمەت و بوختان نەهێننە نێو دەس و پێیانەوە و لە کاری چاکدا نافەرمانی تۆ نەکەن، جا بەیعەتیان لێ وەربگرە و لە خوا داوای لێبوردنیان بۆ بکە، بەڕاستی خوا لێبوری فرە دڵاوێنە ﴿١٢﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لەگەڵ هۆزێ کە خوا غەزەبی لێگرتوون دۆستایەتی مەکەن، ئەمانە لە ئاخیرەت بێهیوان، هەروەکوو خوانەناسەکان لە مردووەکانی نێو قەبر بێهیوان ﴿١٣﴾

## سوورەی سەف ١٤ ئایەتە

**سوورەی سەف لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١۴ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە پەسنی بێخەوشی خوا دەڵێن، هەر خوایشە فرە بەدەسەڵاتی لەکارزان ﴿١﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! بۆچ قسەیێ دەکەن کە عەمەلی پێناکەن ﴿٢﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە بۆ داخێون و کار و کردەوەی پێناکەن؟ ﴿٣﴾ خوا کەسانێکی خۆشدەوێ کە لە ڕێگای ئەودا ڕیز ببەستن هەروەکوو دیوارێ کە بە قوڕقوشم پێکەوە لکابن خەزا و بجەنگن ﴿۴﴾ بێنەوە بیر کاتێ کە مووسا بە هۆزی خۆی وت: ئەی هۆزم! بۆچ ئازارم ئەدەن باوەکوو دەزانن من ڕەوانەکراوی خوا بۆ لای ئێوەم؟ جا کاتێ ئەوانە لە هەق لایاندا، خوا دڵ و دەروونی ئەوانی لە هەق کلا کرد، خوا خەڵکی خراپ و فاسق و نافەرمان ڕێنوێنی ناکا ﴿۵﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



بێنەوە بیر کاتێ کە عیسای کوڕی مریەم وتی: ئەی بەرەی ئیسرائیل! من ڕەوانەکراوی خوا بـۆ لای ئێوەم، تەوراتێ کە بەر لە من بـووە دەیسـەلمێنم و تەسـدیقی دەکەم و بە پێغەمـبەرێ کە دوای من دێ و ناوی ئەحمەدە مزگێنیتان پێدەدەم، جا کاتێ ئەو پێغەمبەرە بە نیشانەی ڕوون هاتە سەریان، وتیان: ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە ﴿٦﴾ چ کەسێ سـتەمکارتر لەو کەسـەیە کە درۆ بە دەم خواوە هەڵدەبەستێ (و بە درۆ دەخاتەوە)، لە حاڵێکدا کە بۆ ئیسلام گـازی و بانـگ دەکرێ، خوا هۆزی سـتەمکار ڕێنـوێنی ناکـا ﴿٧﴾ ئەوانە دەیـانەوێ تیشـک و نـووری خـوا بە (فـووی) دەمیـان بکـوژێننەوە، بەڵام خـوا نـووری خـۆی (سـەردەخا و) تەواو دەکـا، هەرچەن خوانەناسان و کافران پێشیان خۆشنەبێ ﴿٨﴾ خوا زاتێکە ڕەسووڵی خۆی بە ڕێنـوێنی و دینـی بەر هەق نـاردووە تـا ئەوە بەسـەر هەمـوو دینەکانـدا سـەربخا و زاڵـی بکـا، هەرچەن ئەوانەی شەریکیان بـۆ خـوا دانـاوە پێشـیان نـاخۆشبـێ ﴿٩﴾ ئەی کەسـانێ کە بڕواتـان هێنـاوە! ئایـا ڕێنوێنیتـان بـکەم بـۆ بازرگـانییەک کە لە عەزابـی دەرداوی ڕزگارتـان بکـا ﴿١٠﴾ بە خـوا و پێغەمبەری خوا بڕوا بێنن و لە ڕێگای خوادا بە ماڵ و گیانی خۆتان خەزا و جیهاد بکەن، ئەمە بۆ ئێوە باشترە، ئەگەر بزانن ﴿١١﴾ ئەگەر وا بکەن گوناهانی ئێوە دەبەخشـێ و ئەتانبـاتە نێـو بەهەشتگەلێ کە چۆمە ئاو بە بن دارەکانیدا تێدەپەڕێ و دەتانباتە نێو خانووبەرەگەلێ پاک و خـۆش لە بەهەشـتگەلێ عەدن، ئەمە سـەکەوتێکی گەورەیە ﴿١٢﴾ (نیعمەتێ)تـر کە پێتـان خۆشـە خـوا بتانـداتێ، یـارمەتیدانـێکە لە لایەن خـواوە و سـەرکەوت و فەتحـێ نێـزیکە، بە بـڕواداران مزگێنـی بـدە ﴿١٣﴾ ئەی کەسـانێ کە بڕواتـان هێنـاوە! یارمەتیـدەرانی خـوا بـن هەروەکوو عیسای کوڕی مـریەم بە حەوارییەکـانی وت: کێـیە یاریـدەری مـن لە (ڕێـی) خـوا، حەوارییەکان کوتیان: ئێمە یاریانی خواین. جا دەسـتەیێ لە بەرەی ئیسـرائیل بڕوایـان هێنـا و دەستەیەکیش هەر بێبڕوا مان، جا ئێمە ئەوانەی کە بڕوایان هێنابوو لە ڕاست دوژمنەکانیاندا پێشتیوانیمان لێکردن، جا سەرەنجام سەرکەوتن و زاڵ بوون ﴿١٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

# سوورەی جومعە: هەینی ١١ ئایەتە

## سوورەی جومعە: هەینی لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١١ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە پەسنی پاک و بێخەوشی خوا دەڵێن خوایێ کە فەرمانڕەوا و پاتشای پاک و دوور ل هەمموو کەموکوورییە و فرە بەدەسەڵاتی لەکارزانە ﴿١﴾ کەسێ کە لە نێو خەڵکی نەخوێندەوار پێغەمبەرێکی لە خۆیانی بۆ ناردن تا نیشانەکانی خوایان بەسەرا بخوێنێتەوە و پاکیان بکاتەوە و کتێب و لەکارزانییان فێر بکا، هەرچەند بەرلەوە لە لاڕێییەکی دیار و ئاشکرادا بوون ﴿٢﴾ بۆ سەر دەستەیێتر کە هێشتا پیان نەگەیشتوون و نەلکاون بەوانەوە، هەر خودایشە فرە بەدەسەڵاتی لەکارزان ﴿٣﴾ ئەمە چاکە و نیعمەتی خوایە کە بە هەرکەس کە بیەوێ ئەیدا، خوا خاوەن بەخششێکی گەورەیە ﴿٤﴾ بە سەرهات و مەسەلی کەسانێ کە تەوراتیان پێ هەڵگرتوون (و پێیان سپێردراوە) لە پاشان لە بنی دەرچوون و عەمەلیان پێ نەکرد هەروەکوو نەقڵی ئەو کەرەیە کە چەن کتێبێ هەڵدەگرێ (گوێدرێژێکن کە کتێبگەلێ هەڵدەگرن)، چەن خراپە نەقڵی هۆزێ کە نیشانەکانی خوایان بە درۆ خستۆتەوە، خوا هۆزی ستەمکار ڕێنوێنی ناکا ﴿٥﴾ بڵێ: ئەی کەسانێ کە بوونەتە جوولەکە ئەگەر پێتان وایە کە ئێوە دۆستی خوان نەک خەڵکیتر، ئارەزووی مردن بکەن ئەگەر ڕاستبێژن ﴿٦﴾ ئەوانە لەبەر کارێ کە بەر لەمە کردوویانە هەرگیز ئارەزووی مردن ناکەن، خوا ئاگایە بە ستەمکاران ﴿٧﴾ بڵێ: مردنێ کە لە بەری هەڵدێن، دەتانگاتێ و لە پاشان دەتانگێڕێتەوە لای ئەو کە زانای نادیار و نهێن و ئاشکرایە تا بەو کارانەی کە کردووتانە ئاگادارتان بکا ﴿٨﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، هەرکاتێ بۆ نوێژی ڕۆژی هەینی بانگ بکرێن، بەپەلە بۆ یادی خوا (و نوێژی هەینی) بڕۆن و کڕین و فرۆتن بنێنە لاوە کە ئەمە بۆ ئێوە باشترە، ئەگەر پێی بزانن ﴿٩﴾ جا هەرکاتێ نوێژ تەواو بوو، بڵاوەی بکەن ڕسق و ڕۆزی لە چاکە و فەزڵی خوا بخوازن و زۆر یادی خوا بکەن تا بەڵکوو ڕزگار بن ﴿١٠﴾ هەرکاتێ بازرگانی یا کایە و گەمەیەک دەبینن بڵاوەی دەکەن و دەچن بۆ لای ئەوەو تۆ هەروا بە ڕاوەستاوی لە (حاڵی نوێژ) بەجێدێڵن و تەرک ئەکەن، بڵێ: ئەوەی لای خوایە لە کایە و بازرگانی باشترە، خوا باشترینی ڕسق و ڕۆزیدەرانە ﴿١١﴾

## سوورەی مونافیقون ١١ ئایەتە

**سوورەی مونافیقون لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١١ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

هەر کاتێ مونافقان (دوڕو) دێنە لای تۆ، دەڵێن: شایەدی ئەدەین کە بە هەقیقەت تۆ پێغەمبەری خوای، خوا دەزانێ کە تۆ بە هەقیقەت ڕەسووڵی ئەوی و خوا شایەدی ئەدا کە مونافقان درۆزنن ﴿١﴾ ئەوانە سوێندەکانی خۆیان کردۆتە قەڵخان و سپەر، جا ڕێگای خوایان لە خەڵک گرتووە و خۆیان کردۆتە لەمپەر، ئەوانە کارگەلێ زۆر خراپ ئەنجام ئەدەن ﴿٢﴾ ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە بڕوایان هێناوە، لە پاشان (بەدڵ) کافر بوون و دڵ و دەروونیان مۆر کراوە و دەرک ناکەن ﴿٣﴾ هەر ئەگەر چاویشت پێ‌کەوتن لە قەڵافەتیان سەیرت دێ کە دەشێپەیڤن و تۆ قسەکانیان دەبیسی، دەڵێی چێون بە دیوارەوە هەڵپەسێردراون، هەر هەرایەک لە دژی خۆیان ئەزانن، ئەوانە دوژمنن، خۆیان لێ‌بپارێزە، خوا بیانکوژێ چلۆن (لە هەق دەگەڕێندرێنەوە و لادەدرێن ﴿٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

هەر کاتێ پێیان بوترێ کە وەرن تا پێغەمبەری خوا داوای لێبوردنتان بۆ بکا (بە خۆبەزلزانی) سەریان با ئەدەن و تۆ ئەبینی خۆ لائەدەن، هەر ئەوانیش خۆبەزلزانن ﴿٥﴾ بۆیان یەکسانە چ داوای لێبوردنیان بۆ بکەی یا داوای لێبوردنیان بۆ نەکەی هەرگیز خوا لێیان خۆش نابێ، خوا هۆزی فاسق و خراپ ڕێنوێنی ناکا ﴿٦﴾ ئەوانە کەسانێکن کە دەڵێن: بەوانەی لای پێغەمبەرن شتێ مەدەن تا لە دەوری بڵاوەی دەکەن، لە حاڵێکدا گەنجینەی ئاسمانەکان و زەوی تایبەت بە خوایە، بەڵام دووڕووان نافامن ﴿٧﴾ دەڵێن: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەدینە، بەڕێزان (و بەهێزان) بێڕێزان (و بێهێزان) لەوێ وەدەرئەنێن، ڕێز و دەسەڵاتیش هەر بۆ خوا و بۆ پێغەمبەری ئەو و بۆ بڕوادارانە، بەڵام دووڕووان نازانن ﴿٨﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! ماڵ و منداڵتان ئێوە لە یادی خوا بێئاگا و غافڵ نەکا و هەرکەس وا بکا، جا ئەوانە لە زیانکارانن ﴿٩﴾ لەوەی کردوومانەتە ڕسق و ڕۆزی ئێوە، ببەخشن، بەر لەوەی مردن بێتە سەر یەکێ لە ئێوە، دەڵێ: ئەی پەروەرێنەرم، ئەگەر مردنی منت کەمێ دوا بخستبا، سەدەقەم ئەدا و لە چاکان ئەبووم ﴿١٠﴾ ئەگەر کەسێ کاتی مردنی بێ، خوا هەرگیز دوای ناخا، خوا بەوەی دەیکەن ئاگایە ﴿١١﴾

## سوورەی تەغابون ١٨ ئایەتە

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



**سوورەی تەغابون لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٨ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

بۆ خوا بێخەوشی دەڵێن ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، موڵک و فەرمانڕەوایی هەر بۆ خوایە؛ پەسن و حەمد تایبەت بەوە، ئەو بەسەر هەر شتێکدا بەدەسەڵاتە ﴿١﴾ ئەو زاتێکە ئێوەی خوڵقاندووە، هەندێ لە ئێوە کافر و هەندێکیش بڕوادارن خوا بە کارگەلێ کە دەیکەن بینایە ﴿٢﴾ ئاسمانەکان و زەوی بە هەق بەدیهێناوە و وێنەی بۆ ئێوە کێشا و شکڵێ فرەی پێ داون گەڕانەوەی هەمووان بۆ لای ئەوە ﴿٣﴾ هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە خوا دەیزانێ، بەوەی دەیشارنەوەو ئاشکرای دەکەن ئاگایە، خوا ئەوەی لە نێو دڵ و دەروونندایە پڕزانایە ﴿٤﴾ ئاخۆ دەنگ و باسی کەسانێ کە بەر لەمە کافر بوون پێتان نەگەیوە کە ئازاری گوناح و تاوانی خۆیان چەشت؟ هەر بۆ ئەوانیە عەزابی دەردداوی ﴿٥﴾ ئەم سزادانە لەبەر ئەوە بوو کە پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگەی ڕوونەوە دەهاتنە لایان، دەیانوت: ئایا مرۆڤ ئێمە ڕێنوێنی دەکا؟ حاشایان کرد و ڕوویان وەرسووڕاند، خوا بێنیازە (لە تاعەتی ئەوان)و خوا (هەمیشەش) بێنیاز و شیاوی پەسن و حەمیدە ﴿٦﴾ خوانەناسان وایان دەزانی کە هەرگیز زیندوو ناکرێنەوە، بڵێ: بەڵکوو بە پەروەرێنەرم سوێند بە هەقیقەت زیندوو دەکرێنەوە، لە پاشان بەو کارانەی کە کردووتانە ئاگادار دەکرێن، ئەمە بۆ خوا ئاسانە ﴿٧﴾ بە خوا و ڕەسووڵی خوا و بە نورێ کە نازڵمان کردووە (کە قورئان ناویەتی) بڕوا بێنن، خوا بەوەی دەیکەن ئاگایە ﴿٨﴾ ڕۆژێکە کە هەمووتان لە ڕۆژی حەشر (ڕۆژی کۆبوونەوە) کۆ ئەکاتەوە، ئەو ڕۆژە ڕۆژی زیانە (لەو ڕۆژەدا دەرئەکەوێ کە کێ زیانی دیوە)، هەرکەس بە خوا بڕوا بێنی و کاری چاک بکا، (خوا) گوناحی دەوەرێنێ و ئەیباتە ناو بەهەشتگەلێ کە ئاو بە بن دارەکانیدا ئەڕوا، بۆ هەمیشەیش لەوێدا ئەبن، ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە ﴿٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دكتور سا لح ئيبرا هيمى



کەسانێ کە کافر بـوون و نیشـانەکانی ئێمەیـان بە درۆ دانـا، ئەوانە دۆژەهـین و بـۆ هەمیشـە لەوێدا ئەبن، (دۆژەه) چەند جێگەیەکی خراپە ﴿١٠﴾ هیچ بەڵایەک وەکەس ناکەوێ، مەگەر بە ئیجازەی خوا، هەرکەس کە بڕوا بە خوا بینێ، خوا دڵ و دەروونی ڕێنوێنی ئەکا، خوا بە هەموو شتێک ئاگایە ﴿١١﴾ پەیڕەوی لە خوا و پێغەمبەر بـکەن، جا ئەگەر پشـتتان تـێکـرد، تەنیـا ڕاگەیاندنی خۆیا و ئاشکرا لەسەر ڕەوانەکراوی ئێمەیە ﴿١٢﴾ خوا زاتێکە بێجگە لەو شـتێتـر نییە کە بۆ پەرستن ببێ، بڕواداران تەنیا ئەبێ خو بە خوا بسپێرن و تەوەکولیـان بەو بـێ ﴿١٣﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! هەندێ لە ژنان و منداڵانتان دوژمنـی ئێـوەن، جا خۆیـان لـێ بپارێزن، ئەگەر بیانبەخشن و چاوپۆشییان لێبکەن و لە تاوانیان ببوورن، خـوایش لێبـوری فـرە دڵاوێنە ﴿١٤﴾ ماڵ و منداڵتان تەنیا هۆی ئەزموونی ئێوەن، لە حاڵێکـدا پاداشـی گەورە لای خوایە ﴿١٥﴾ جا تا ئەتوانن لە خوا بترسن و (ئامۆژگارییە ئاسـمانییەکان) گـوێ بـدەنێ و (لە فەرمانەکانی خوا) ئیتاعەت بکەن و بەخشش بکەن کە سـوودی بـۆ خۆتـانە، لە مـاڵی خۆتـان ببەخشن، ئەوانەی کە لە ڕژدی خۆیان دەپارێزن هەر ئەوانن ڕزگـار ﴿١٦﴾ ئەگەر بە خـوا وامـێ چاک بدەن، چەند بەرابەر بۆتان زیـاد ئەکـاو ئەتانبەخشـێ، خـوا شـوکر وەرگـر و لەسـەرەخۆیە ﴿١٧﴾ زانا بە نادیار و دیار و خۆیا و ئاشکرای پڕ دەسەڵاتی لەکارزانە ﴿١٨﴾

## سوورەی تەلاق ١٢ ئایەتە



Dr. Saleh Ebrahimi

## سوورەی تەڵاق لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٢ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەی پێغەمبەرا هەرکاتێ ویستتان ژنانتان تەڵاق بدەن ماوەکیان بۆ دیاری بکەن و بیبژێرن (ئەودەمەی لە حەیز پاک بوونە تەوەو لەگەڵ میردەکەیان دەسیان تێکەڵ نەکردبێ) لە خوا کە پەروەرێنەرتانە بترسن و ژنان لە ماڵی خۆیان دەرمەکەن و ئەوانیش (لە دەورانی عیددە) نەچنە دەرێ، مەگەر کاری شوورەیی و خراپی ئاشکرا بکەن، ئەمانە ئەحکام و کەوشەن و سنووری خوان و هەرکەس لە کەوشەن خوا تێپەرێ ستەمی لە خۆی کردووە، تۆ چوزانی رەنگە خوا دوای ئەمە شتێ تازە بەدیبێنێ ﴿١﴾ سا هەرکاتێ ژنان ماوەکەی خۆیان بەسەربرد یا بە باشی رایانبگرن یا بە چاکی لێیان جیا بنەوە، (بە شێوەیێ کە لە نێو خۆتاندا باوە) دوو کەسی دادگەر لە خۆتان بگرن بە شایەد، بۆ خوا (بە دروستی) شایەدی بدەن، هەرکەسێ بە خوا و رۆژی بەرێ بڕوای هەبێ، بەمە ئامۆژگاری دەکرێن هەرکەس لە خوا بترسێ، خوا رێگای رزگاری بۆ دائەنێ ﴿٢﴾ لە شوێنێکەوە کە شکی نەدەبرد رۆزی ئەدا، هەرکەس خۆی بە خوا بسپێرێ، خوا بۆ ئەو بەسە، خوا فەرمانی خۆی ئەبا بەرێوە، خوا بۆ هەر کارێ ئەندازەیەکی داناوە ﴿٣﴾ لە ژنانی ئێوە ئەوانەی کە لە عوزر (حەیز) پێدا هاتن بێ‌هیوا ببن و ئەوانەی کە عوزر ناشۆن ئەگەر (لەبارەی عیددەیان) لە دوودڵیدا بوون، ئەبێ سێ مانگ چاوەڕوان بن، ئەوانەیش کە زگیان هەیە (دووگیان بوون) ماوەی چاوەڕوانەکەیان دانانی زگەکەیانە، هەرکەسیش خۆی لە خوا بپارێزێ خوا کاری ئاسان دەکا ﴿٤﴾ ئەمە فەرمانی خوایە کە بۆی ناردوون و هەرکەس خۆی لە بێ‌ئەمری خوا بپارێزێ لە گوناهـ و تاوان پاکی ئەکاتەوە و پاداشی گەورەی ئەداتێ ﴿٥﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



بەوانە (ژنانی تەڵاقدراو) لە هەر کوێ خۆتان ئەژین بەرانبەر بە دەس ڕۆیینتان جێ و ژیانیان بدەنێ، بە زۆر بۆ هێنان زیانیان پێمەگەیێنن کە بکەونە تەنگانە و ئەگەر دووگیان بوون نەفەقەیان بدەنێ (ژیانیان بۆ دابین بکەن) تا گیانەکەیان دائەنێن، جا ئەگەر شیریان بە منداڵەکانتان دا، مزەیان بدەنێ و (لە بابەت منداڵەکانتانەوە) بە جوانی پێکەوە تەگبیر بکەن، ئەگەر یەکترتان خستە تەنگانە با ژنێتر شیر بەو منداڵە بدا (و دایەنی بۆ بگرن) ﴿٦﴾ با دەوڵەمەندی بە شێوەی دەوڵەمەندی خۆی نەفەقە بدا و کەسێ کە دەسکورت بێ، لەوەی کە خوا پێی داوە، نەفەقە بدا، خوا ئەرک ناخاتە سەرکەس، مەگەر بە ئەندازەی ئەوەی خوا بۆی داناوە، لە پاشان خوا دوای سەختی و تەنگانە فەرعانە دێنێ ﴿٧﴾ چیها خەڵکی ئاوایی کە لە فەرمانی پەروەرێنەر و پێغەمبەرانی خوا ملیان بادابوو، ئێمە بە توندی حیساومان لێکێشان و بە ئازارێکی ناسراو عەزابمان دان ﴿٨﴾ سزای تاوانی خۆیان چەشت، سەرەنجامی کاریان زەرەر و زیان بوو ﴿٩﴾ خوا عەزابی سەختی بۆیان ئامادە کردووە، ئەی خاوەنانی مێشک خوتان لە بێئەمری خوا بپارێزن، ئەوانە کە بڕوایان هێناوە، خوا قورئانی بۆ ناردوون ﴿١٠﴾ پێغەمبەرێک کە نیشانەگەلی ڕوونی خواتان بەسەردا دەخوێنێتەوە تا کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە لە تاریکییەوە بباتە ڕووناکی و هەرکەس کە بڕوا بە خوا بێنێ و کاری چاک بکا، ئەیباتە بەهەشتگەلێ کە ئاو بە بن دارەکانیدا دەڕوا و بۆ هەمیشەیش لەوێدا ئەبن، خوا ڕسق و ڕۆزییەکی چاکی بۆ ساز داوە ﴿١١﴾ خوا زاتێکە کە حەوت ئاسمان و بە وێنەی ئەوانەش زەوی خەڵق کردووە، فەرمانی خوا هەمیشە لە نێو ئەوانەدا دێتە خوارێ، تا بزانن کە خوا بەسەر هەموو شتێکدا توانایە، خوا بە زانست داگری هەموو شتێکە ﴿١٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



# سوورەی تەحریم ١٢ ئایەتە

## سوورەی تەحریم لە مەدینە هاتۆتە خواریّ و بە (بسم‌الله)وە ١٢ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەی پێغەمبەرا! بۆچ شتێ کە خوا بۆ تۆی ڕەوا و حەڵاڵ کردووە لە بەر پێ‌خۆش‌بوونی ژنەکانت لە خۆتی ناڕەوا دەکەی، خوا لێبووری فرە دڵاوێنە ﴿١﴾ بێ‌گومان خوا بڕیاریدا بە هەڵوەشانەوەی سوێندەکانتان بە دانی کەفارە، خوا یاوەری ئێوەیە و هەر ئەویشە پڕ زانای لەکارزان ﴿٢﴾ ئەودەمەی کە پێغەمبەر لەگەڵ یەکێ لە ژنەکانی قسەیەکی بە سرتە درکاند، جا کاتێ ئەویّ ژنە ئەو نهێنییەی بە (هەویّکەی) وت، خوا پێغەمبەری لەوە ئاگادار کرد و (پێغەمبەر) هەندێ لەو نهێنییەی ئاشکرا کرد و لە گێڕانەوەی هەندێکی خۆی ڕاگرت، جا کاتێ ژنەکەی لەوە تێگەیاند، (ئەو ژنە) وتی: کێ تۆی لەم نهێنییە ئاگادار کردووە؟ فەرمووی: خوای زانای ئاگا، هەواڵی پێدام ﴿٣﴾ باش وایە هەردووکتان لە کاری خۆتان پەشیمان ببنەوە و (بۆ لای خوا بگەڕێنەوە)، چونکە دڵتان لە هەق لای داوە، ئەگەر بۆ ئازاری ئەو پشت یەکتر بگرن (هیچتان پێ‌ناکریّ)، چونکە خوا پشتیوانیەتی، جوبرەئیل و بڕوادارانی چاک و فریشتەکان لەمەولا پشتیوانی ئەوون ﴿٤﴾ هیوایە ئەگەر ئێوە تەلاق بدا، پەروەرێنەری ئەو لەباتی ئێوە ژنانی باشتر بەو (پێغەمبەر) بدا، ژنانی موسڵمان، بڕوادار، فەرمانبەر، لە خراپە پەشیمان (تۆبەکار)، عیبادەتکار خواپەرست و ڕۆژووەوان (و خۆپاریز بە تەواوی وجوودەوە)، جا بێوەژن بن یا کچ ﴿٥﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! خۆتان و خاوخێزانتان بپارێزن لە ئاگرێ کە دەستەچیلەکەی مرۆ و تەوەن و بەردە، فریشتەگەلێ ئەسپێردراوە زۆر تووڕە و بەهێزن، هەرچی خوا پێیان بسپێرێ نافەرمانی ناکەن و هەر ئەوەی دەکەن کە ڕاسپێردەیانە ﴿٦﴾ ئەی کەسانێ کە کافر بوون! ئەمرۆ تەوازی و عوزر مەهێننەوە، چون بەڕاستی تەنیا بەوەی کردووتانە سزا ئەدرێن ﴿٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، بگەڕێنەوە لای خوا و نەسووحئاسا و بەڕاستی پەشیمان بن و تۆبە بکەن، بەڵکوو پەروەرێنەرتان گوناحانتان بشواتەوە و بتانباتە بەهەشتگەلێ کە چۆمەئاو بەخوڕ بە بن دارەکانیدا دێ و ئەڕوا، لەو ڕۆژەدا خوا پێغەمبەر و ئەوانەی کە بەو بڕوایان هێناوە، سووک و هەناسەساردیان ناکا و تیشکی ئەوان (نووری بڕوایان) لە پێشیان و لە ئالی ڕاستیانەوە تەفگەڕ یەتی و دەڕوا و دەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! تیشکی ئێمە تەواو بکە و لێمان خۆش‌بە! تۆ دەسەڵاتت بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ﴿٨﴾ ئەی پێغەمبەر لەگەڵ کافران و دووڕوواندا بجەنگە و سەختیان لێ بگرە، جێیان دۆژەهە، چەند جێگایەکی خراپە ﴿٩﴾ خوا بۆ خوانەناسان بە ژنی نووح و ژنی لووت نموونەی هێناوەتەوە کە هەردووکیان مارەبڕی دوو کەس لە بەندە چاکەکانی ئێمە (خوا) بوون، جا خەیانەتیان بەو دووانە کرد، جا ئەو دوو پێغەمبەرەش نەیانتوانی بە ژنانی خۆیان لە پێشگای خوا سوودێ بگەیێنن، پێیان وترا: بڕۆنە ناو ئاگر لەگەڵ ڕۆیشتووەکان ﴿١٠﴾ خوا بۆ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە نموونە و نەزیلە و میسالی بە ژنی فیرعەون هێناوەتەوە، ئەودەمەی کە وتی: ئەی پەروەرێنەرم! لە بەهەشتا خانوویەکم لای خۆت بۆ چا بکە و لە فیرعەون و کردەوەی ئەو ڕزگارم بکە، لە هۆزی ستەمکار ڕزگارم بکە ﴿١١﴾ بە مریەم کچی عیمران (میسالی هێناوەتەوە) کە شەرمی خۆی لە کاری شوورەیی و زینا پاراست، جا ئێمە لە فووی خۆمانەوە تێماندەماند، ئەو قسەکانی پەروەرێنەری و کتێبەکانی ئەوی سەلماند و تەسدیق کرد و بڕوای پێ‌هێنان و لە ڕیزی فەرمانبەران بوو ﴿١٢﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



# سوورەی موڵك ٣٠ ئایەتە

## سوورەی موڵک لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣٠ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

پڕ پیت و بێ‌زەواڵە ئەوەی کە موڵک و فەرمانڕەوایی بە دەس ئەوە، هەر ئە ویشە بەسەر هەموو شتێکدا بە دەسەڵات ﴿١﴾ ئەوە کە مردن و ژینی داهێناوە تا ئەزموونتان بکا کە کامە لە ئێوە بە کردەوە چاکترە، هەر ئەویشە فرە بەدەسەڵات و لێبوردە و تاوان بەخش ﴿٢﴾ ئەو کەسەی کە حەوت ئاسمانی نهۆم نهۆم و چین لەسەر چین ساز داوە، لە دەسکاری ئەو خوایەدا هیچ نارێکییەک نابینی، جارێ‌تر پیا بچۆوە و بۆی بڕوانە بزانە ئایا لەتبوون و کەموکوڕی دەبینی؟ ﴿٣﴾ دیسانەوە چاوی پێدا بگێڕەوە سۆمای چاوت بە داماوی و بە ڕاماو، بەرەو خۆت دەگەڕێتەوە ﴿٤﴾ ئاسمانی خواروومان (دنیامان) بە چرای پرشنگدار ڕازاندەوە و ئەو چرایانەشمان کردە هۆی دوورخستنەوەی شەیتانەکان، جەزرەبە و عەزابی سووتێنەری دۆزەهمان بۆیان ئامادە کردووە ﴿٥﴾ بۆ ئەوانەی کە بە پەروەرێنەری خۆیان کافر بوون عەزابی دۆزەهـ هەیە، چەند جێگایەکی خراپیشە ﴿٦﴾ هەردەمێ بخرێنە دۆزەهـ دەنگی پڕ مەترسی لێ دەبیسن، دەنگی ناخۆشی لێ‌دەبیسن ﴿٧﴾ (دۆزەهـ) وەختە لە داخا شەق بەرێ و لە تووڕەییدا لەتوپەت بێ، تا جوون و تاقمێکی بهاوێژینە نێوی، کێشکچییانی دۆزەهـ پرسیاریان لێ دەکەن: ئایا ترسێنەرێک نەهاتە نێوتان؟ ﴿٨﴾ دەڵێن: بۆچی ترسێنەر هاتە نێومان، ئێمە بە درۆمان خستەوە و وتمان: خوا هیچی نەناردووە، ئێوە لە لارێییەکی گەورەدان ﴿٩﴾ دەڵێن: ئەگەر گوێمان دابانێ، یا ئەقڵمان بخستبا کار، لە ڕیزی دۆزەهییان نەدەبووین ﴿١٠﴾ دانیان بە تاوانی خۆیاندا نا، بە پانەوە پێیان لە تاوانی خۆیان نا، جا دۆزەهییان لە بەزەیی و (ڕەحمەتی) خوا دوور بن ﴿١١﴾ بۆ کەسانێ کە بە نهێنی لە پەروەرێنەری خۆیان ئەترسن، لێبوردن و پاداشی زۆر گەورەیان بۆ هەیە ﴿١٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



چ بە سرتە قسە بکەن یا بە ئاشکرا، خوا زانا بە دڵ و ڕازی دەروون و نێو سینەیە ﴿۱۳﴾ ئایا ئەوەی کە ئافراندوویەتی نازانێ، لە حاڵێکدا هەر ئەوە باریکبین و ئاگا ﴿۱۴﴾ خوا زاتێکە زەوی بۆ ئێوە کەوی و ڕامکردووە، شانەوشان تێیدا بگەڕێن و بەسەر شانەکانیدا بڕۆن و لە ڕسق و ڕۆزی خوا بخۆن، گەڕانەوەی هەموو بۆ لای ئەوە ﴿۱۵﴾ ئاخۆ ئێوە لەو کەسەی لە ئاسمانە ترستان نییە بە زەویدا بتانباتە خوارێ، و لە پڕ زەوی بێتە لەرین و هەژین ﴿۱۶﴾ ئاخۆ لە زاتێ کە لە ئاسماندایە ترستان نییە کە (لەناکاو) گژەبا و بارانێکی پڕ لە زیخ و چەو و وردەبەردتان لێهەڵبکا و برژێنێ بەسەرتانا، جا لە دواییدا تێدەگەن کە هەڕەشەی ئێمە چلۆنە ﴿۱۷﴾ کەسانێ کە بەر لەوان بوون (پێغەمبەرانیان) بە درۆ خستەوە، سا چلۆنیان بەگژدا هاتم و عەزابی من چلۆن بوو ﴿۱۸﴾ ئایا نەیانڕوانیوەتە باڵندەی (ئاسمان) لە بان سەریانەوە لەنگەریانە و باڵ لێکدەدەن، باڵ (ڕادەکێشن) و (یا) باڵ لوول دەکەن، بێجگە لە خوا کەس ئەوانە ڕاناگرێ، خوا بینا و چاوەدێرە بەسەر هەموو شتێکەوە ﴿۱۹﴾ ئاخۆ بێجگە لە خوا کێیە سوپا و یاریدەرتان بێ؛ نەخێر خوانەناسەکان (بە خۆبینی) خەڵەتاون ﴿۲۰﴾ ئایا کێیە ئەو زاتەی وا ڕسق و ڕۆزی ئەدا ئەگەر خوا لە ئێوەی بگرێتەوە؟ (نەخێر) بەڵکوو کافران لە سەرپێچی و خۆبەزلزانین و ڕەوینەوە پێ دائەگرن ﴿۲۱﴾ ئایا ئەو کەسەی کە بە دەمەوە کەوتووە و دەمەوڕوو بە زەویدا دەخشێ، ڕێنوێنترە یا ئەو کەسەی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە و ڕاست بە پێی خۆی بە ڕێدا ئەڕوا ﴿۲۲﴾ بڵێ: ئەو زاتێکە ئێوەی بەدیهێناوە؛ بۆ ئێوە گوێ و چاو و دڵی داوە، بەڵام کەمتر شوکرانەبژێری دەکەن ﴿۲۳﴾ بڵێ: ئەو زاتێکە ئێوەی لە زەویدا بەدیهێناوە و لە ڕۆژی بەرێشدا بۆ لای ئەو کۆ دەکرێنەوە ﴿۲۴﴾ دەڵێن: ئەو بەڵێنەکەی دەکا ئەگەر ڕاستبێژن ﴿۲۵﴾ بڵێ: زانستی ئەوە لای خوایە، من تەنیا ترسێنەرێکی ئاشکرام ﴿۲۶﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



جا کاتێ ئەو بەڵێنە (عەزابی ڕۆژی بەرێ) لە نێزیکەوە ئەبینن، چرۆچاوی خوانەناسان وەردەگێردرێ (خوار دەبێ) و ناحەز و ڕەش هەڵدەگەرێ و پێیان دەوترێ: ئەمە هەر ئەو شتەیە کە داواتان دەکرد ﴿٢٧﴾ بڵێ: چ دەبینن و چ دەبێ کە ئەگەر خوا من (پێغەمبەر) و هەموو ئەو کەسانەی کە لەگەڵ منن لە نێو بەرێ یا بەزەیی و ڕوحممان پێبکا، جا چ کەسێ خوانەناسان لە عەزابی دەرداوی پەنا ئەدا؟ ﴿٢٨﴾ بڵێ: ئەو خوای ڕەحمانە و بڕوامان پێیهێناوە و خۆمان بەو سپاردووە و تەوەکولمان بەو کردووە، جا لە دواییدا تێدەگەن چ کەسێ لە لاڕێیی ئاشکرادایە ﴿٢٩﴾ بڵێ: (چ دەبینن و) و هەواڵم بدەنێ ئەگەر ئاوی (سەرزەوی) ئێوە داچۆرێ و زەوی ئاوەکەی هەڵمژێ، چ کەسێ ئاوی ڕەوانتان پێئەدا؟ ﴿٣٠﴾

## سوورەی قەڵەم: نوسینگ ٥٢ ئایەتە

### سوورەی قەڵەم: نوسینگ لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٥٢ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

نوون، سوێند بە نووسینگ و بەوەیش دێتە نووسین ﴿١﴾ بە بەرەکەتی چاکە و نیعمەتی پەروەرێنەرت تۆ شێت و لێوە نیت ﴿٢﴾ بۆ تۆیە پاداشی گەورە و بێبڕانەوە ﴿٣﴾ تۆ خوو و ئاکاری بەرز و گەورە و شیاوت هەیە ﴿٤﴾ جا لە دواییدا تۆ دەبینی و ئەوانیش دەبینن ﴿٥﴾ کە کامیەک لە ئێوە شێتە ﴿٦﴾ پەروەرێنەری تۆ باشتر ئەزانێ چ کەسێ لە ڕێگای خوا لایداوە، هەر ئەویشە زاناتر بە ڕێنوێن بووان ﴿٧﴾ بەقسەی بە درۆخەرەوان مەکە ﴿٨﴾ پێیان خۆشە کە نەرم بی، ئەوانیش نەرمی بکەن ﴿٩﴾ گوێ بەو کەسە مەدە کە زۆر سوێندخۆر و خوێرییە ﴿١٠﴾ (کەسێ) کە زۆر عەیبگر و قسە بێنە و بەرە ﴿١١﴾ لەکاری چاکە لەمپەرە، شەڕفرۆشە، تاوانکەرە ﴿١٢﴾ ڕق لە دڵ و زۆرخۆر و ڕەزاقورس و لەپاش ئەمەیش زۆڵێکە خۆی سەپاندووە ﴿١٣﴾ لەبەر ئەوەی دەوڵەمەن و زەنگینە و دارای کوڕانە ﴿١٤﴾ هەرکاتێ نیشانەکانی ئێمەی بەسەرا بخوێندرێتەوە، دەڵێ: ئەمانە ئەفسانەکانی پێشینانە ﴿١٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



لە دواییدا نیشانەی داغی نەنگ ئەنێین بەسەر کەپۆ و بێقل و لووتیەوە ﴿١٦﴾ ئێمە ئەوانمان تاقی کردەوە، هەروەکوو خاوەنی باغەکانمان ئەزموون کرد، کاتێ کە سوێندیان خوارد کە لە بەرەبەیاندا بەر و میوەکانیان لێدەکەنەوە ﴿١٧﴾ هیچی پێوە نەیەڵن ﴿١٨﴾ شەو کە لە خەوا بوون، ئافەتێ لە ئاسمانەوە هات ﴿١٩﴾ ئەو باغە سەوز و ڕەنگینە وەکوو باغێکی لێهات کە بەرەکەی لێ کرابێتەوە بووبێتە زەوییەکی سووتاوی قاقڕ ﴿٢٠﴾ جا لە بەرەبەیاندا هەرایان لە یەکتر کرد ﴿٢١﴾ ئەگەر میوەڕنن و دەتانەوێ میوە بچنن بەیانی بەرەو باغەکانتان بڕۆن ﴿٢٢﴾ (بەرەو باغەکانیان) ڕۆیشتن و بە ئەسپایی بە یەکتریان دەوت: ﴿٢٣﴾ ئەمڕۆ نابێ هەژارێک بێتە نێو باغەکەتانەوە ﴿٢٤﴾ بەرەبەیان بەو نیەتە کە توانایی بەرگری هەژارانیان هەیە چوونە دەرێ ﴿٢٥﴾ کاتێ باغەکەیان دی، وتیان: ڕێگامان گوم کردووە ﴿٢٦﴾ (نەخێر) بەڵکوو ئێمە لە باغی خۆمان بێبەش کراوین ﴿٢٧﴾ ناونجیەکەیان کە بەئاوەزترینیان بوو وتی: مەگەر پێم نەوتن بۆچی پاک و بێخەوشی خوا ناڵێن؟ ﴿٢٨﴾ وتیان: پەروەرێنەری ئێمە بێخەوشە، ئێمە ستەمکارین ﴿٢٩﴾ ڕوویان کردە یەک و دەسیان کرد بە لۆمە کردنی یەکتر ﴿٣٠﴾ وتیان: وای ماڵ وێران خۆمان! ئێمە نافەرمان و هەڵەڕۆ و سەرەڕۆ بووین ﴿٣١﴾ هیوادارین پەروەرێنەرمان لەباتی ئەوە هی چاترمان بداتێ، ئێمە ڕوومان کردۆتە پەروەرێنەرمان و دڵمان بەو قایمە ﴿٣٢﴾ عەزابی خوا (لەدنیا) بەمجۆرەیە و عەزابی ئاخیرەت لەوە گەورەتر و سەختترە، ئەگەر بزانن ﴿٣٣﴾ بۆ خۆپارێزان لای پەروەرێنەریان باغگەلێکی تەژی لە خۆشی و نیعمەتی بەهەشت هەیە ﴿٣٤﴾ ئایا موسڵمانان وەکوو تاوانباران دابنێین ﴿٣٥﴾ چتانە، چلۆن داوەری دەکەن ﴿٣٦﴾ ئایا کتێبێکتان هەیە کە لەوا دەرس دەخوێنن ﴿٣٧﴾ بۆ ئێوەیە، هەرچی هەڵیبژێرن ﴿٣٨﴾ یا سوێندێکتان لەسەرمانە کە هەتا ڕۆژی پەسڵان هەرچیتان دەوێ ئەوە بێ ﴿٣٩﴾ لێیان بپرسە کامیان ئەمە بە ئەستۆ دەگرن دەسەبەر و زامنی دەبێ ﴿٤٠﴾ یا چەن شەریکیان هەیە (کردوویانەتە هاوبەشی خوا کە تکایان بۆ بکا)، جا ئەگەر ڕاستبێژن شەریکەکانیان بێنن ﴿٤١﴾ (بێنەوە بیر) ڕۆژی لەتاوان دەرپێی دەلینگان دەکەون و پەلوپووز لە ترسان هەڵئەکرێ (کاری هەموو کەس دەرئەکەوێ) و بۆ سوژدە بردن بانگ دەکرێن، جا ناتوانن ﴿٤٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



لەم حاڵەدایە کە چاویان (لەبەر پەشیمانی) داهێشتووەتە خوارێ و زەبوونی ئەوانی گرتووە، بەر لەمەش (لە دنیا) بۆ سوژدەبردن بانگ کرابوون، لە حاڵێکدا ساغ و سالم بوون ﴿٤٣﴾ تۆ لێم گەڕێ، هەرکەسێ کە ئەم قسەیە (قورئانە) بە درۆ بخا، لە دواییدا لەو شوێنەوە کە پێی نازانن بەرە بەرە، زەبوونی بۆیان لە دوو دەدەم و بۆیان شل دەکەم کە هەر خۆشیان هەستی پێ‌نەکەن بۆ نێو ئاگریان ڕاکێشم ﴿٤٤﴾ مەودا و ماوەیشیان پێ‌دەدەم فێڵم فرە بەڕێوجێیە و پتەو ﴿٤٥﴾ یا مزەیەکت لەوانە دەوێ کە دانی ئەوەیان بۆ سەنگین و قورسە ﴿٤٦﴾ یا تەتەڵەی نادیار و نهێنییەکانیان لە لایە و بۆ خۆیان دەینووسن و خەتی لێ‌دەدەن ﴿٤٧﴾ جا ئێستا تابشت بێنە و چاوەنواڕی فەرمانی پەروەرێنەرت بە، هەروەکوو خاوەن ماسی (یونس) مەبە (کە داخوازی عەزابی هۆزی خۆی بەپەلە کرد)، کاتێ کە هاواری لە خوا کرد، لە حاڵێکدا کە پیشی دەخواردەوە و دڵی پڕ بوو ﴿٤٨﴾ ئەگەر ڕەحمەتی خوا بە هانایەوە نەهاتبا (لە زگی ماسیدا) بێ‌گومان بە سەرکۆنەکراوی فڕێ دەدرایە نێو زەوییەکی بێ گژوگیا و رووتەنێک ﴿٤٩﴾ جا پەروەرێنەری، ئەوی هەڵبژارد و لە چاکانی دانا ﴿٥٠﴾ وەختێ خوانەناسەکان قورئانیان بیست هەر وەختابوو بە چاویان هەڵتدێرن دەیشیانگوت بێ‌گومان لێوە و دینە ﴿٥١﴾ کە هەر بیرەوەرییەکیشە بۆ هەموو خەڵکی دنیا ﴿٥٢﴾

## سوورەی حاقە ٥٢ ئایەتە

### سوورەی حاقە لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٥٢ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.
کارەساتە کە ڕوودەدا (ڕۆژی پەسلان) ﴿١﴾ چییە ئەو ڕۆژە کێهە کارەسات؟ ﴿٢﴾ تۆ چوزانی ئەو ڕۆژە چلۆن کارەساتێکە؟ ﴿٣﴾ هۆزی سەموود و عاد ڕووداوە دڵکوتەکەیان بە درۆ خستەوە ﴿٤﴾ هۆزی سەموود لەبەر سەرکێشی بە نەعرەتێکی سەخت قڕیان کرد و تیاچوون ﴿٥﴾ بەڵام هۆزی عاد بە گژەبای سارد و وێرانکەر و کەفەکەف لە نێو چوون ﴿٦﴾ خوا ئەم گژەبایەی حەوت شەو و هەشت ڕۆژی پەیتا پەیتا ناردە سەریان، جا (ئەگەر لەوێ بوایەیت) ئەتدی کە ئەو هۆزە هەروەکوو کۆتەرە و کۆلکەداری پوواو و نێو هولۆڵی دارەخورما، لە نێوان ئەم گژەبایە لاشەیان لێ تخێل ببوون و لەسەر زەوی کەوتوون و مردوون ﴿٧﴾ ئاخۆ تۆ پاشماوەیەک لەوانە بە جێماو دەبینی؟ ﴿٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



فیرعەون و خەڵکێ کە بەر لەو بوون (هـۆزی شـوعەیب) و هەروا خەڵکـی مـوئتەفیکە (شـارە وێرانەکانی هۆزی لووت) دوچاری پەتا و تاوان بـوون ﴿٩﴾ نافەرمـانی نـاردراوی پەروەرێـنەری خۆیان کرد، خوایش ئەوانی بە عەزابی زۆر سـەخت گـرت ﴿١٠﴾ کـاتێ ئـاو هەسـتا، ئێوەمـان سواری کەشتی کرد ﴿١١﴾ تا بیکەینە بیرهێنەرەوە بۆ ئێـوە و ئەو گوێیـانەی لەسـەر هەسـتن، وەریبگـرن ﴿١٢﴾ ئەوسا هەروەخـت تەنیـا جارێـک بە کەڵەشـاخدا دەمێنـدرا ﴿١٣﴾ زەوی و کێوەکان لە جێ‌هەڵگیران، جا بە یەک جار بکـوترێن بەسـەر یەکدا و هوردوخـاش بـن بەسـەر یەکدا ﴿١٤﴾ لەو رۆژەدا رووداوێک روو ئەدا ﴿١٥﴾ ئاسمان لەت ئەبێ و قەڵەش دەبـا، جـا لەو رۆژەدا (ئاسمان قەڵەشەیە) ﴿١٦﴾ فریشتە لە دەوری ئاسمانن، لەو رۆژەدا هەشـت کەس لەوان عەرشی پەروەرێنەرت بە بان سەریانەوە هەڵدەگرن ﴿١٧﴾ ئەو رۆژە ئێوە رادەنێن و هەرچـی بـۆ شاردنەوەیە لە ئێوە حەشار نادرێ ﴿١٨﴾ جا کەسێ کە نامەی کردەوە درابێتە دەسـی راسـتی، (هاوار دەکا) دەڵێ: کە (ئەی خەڵکـی مەحشـەر) نـامەی کـردەوەی مـن بگـرن و بیخـوێننەوە ﴿١٩﴾ من گومانم لەوەدا نەبوو، دەمزانی کە تووشی لێ پرسێنەوە هەر دەبم ﴿٢٠﴾ ئەو لە نێو ژیانێکی پەسەند و خۆشا ئەبێ ﴿٢١﴾ لە بەهەشتێکی بەرز و چاکدا ئەبێ ﴿٢٢﴾ میوەکانی لە بەردەسدان ﴿٢٣﴾ (پێیان دەوترێ:) بخۆن و بخۆنەوە، نۆشـتان بـێ لە بەرامـبەری ئەوەی کە لە رۆژگاری رابوردوودا ئەنجامتـان داوە ﴿٢٤﴾ بەڵام ئەو کەسـەی کە نـامەی کـردەوەی ئەدرێـتە دەسی چەپی، دەڵێ: خۆزگە هەرگیز ئەم نامەم پێ‌نەئەدرا ﴿٢٥﴾ نەمزانیبـا لەبـابەت خـۆمەوە چی تێدایە؟ ﴿٢٦﴾ خۆزگە ئەوسا مردنم یەکجاری بوایێ (تا ئەم رۆژەم نەدیبایە) ﴿٢٧﴾ ماڵ و سامانم سوودی پێ‌نەدام و بێ‌نیازی نەکردم ﴿٢٨﴾ هێز و دەسـەڵاتم لە دەس چـوو ﴿٢٩﴾ (خـوا دەفەرمێ:) بیگرن، جا زنجیری بکەن ﴿٣٠﴾ لە پاشان بەرەو دۆژەهـ رایبکێشن ﴿٣١﴾ لە پاشان لە نێـو زنجیـرێ کە حەفتـا گەزە، شـەتەک و جەرەبـابەی بـدەن ﴿٣٢﴾ بە خـوای گەورە بـرِوای نەدەهێنا ﴿٣٣﴾ خەڵکی بۆ نان و خۆراکدان بە هەژاران دنە نەدەدا ﴿٣٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئەمڕۆ لێرەدا دۆست و کەسێکی پارێزەری بۆ نییە ﴿٣٥﴾ خواردن و خواردنەوەی نییە مەگەر چڵک و خوێناوی دۆژەهییان ﴿٣٦﴾ نایخۆن مەگەر تاوانباران ﴿٣٧﴾ سوێند ئەخۆم بەوەی دەیبینن ﴿٣٨﴾ بەوەی کە نایبینن ﴿٣٩﴾ کە ئەم قورئانە (لە لایەن خوا وەیە) کە لە (زاری) پێغەمبەری گەورە (ڕادەگەیێندرێت) ﴿٤٠﴾ ئەوە قسەی هەستیار و شاعیر نییە، (بەڵام) کەمتر بڕوا دێنن ﴿٤١﴾ قسەی فاڵگرەوە و کاهین نییە، (هەر چەند) کەمتر پەند وەردەگرن ﴿٤٢﴾ لە لایەن پەروەرێنەری جیهانیانەوە ناردراوەتە خوارێ ﴿٤٣﴾ ئەگەر (پێغەمبەر) هەندێ قسەکانی بە دەم ئێمەوە کردبا ﴿٤٤﴾ بە تەواوی وزەوە دەمانگرت ﴿٤٥﴾ لە پاشان ڕەگی لاملیشیمان هەڵدەبری ﴿٤٦﴾ کەسیش لەنگۆ نەیدەتوانی لەمپەر بێ ﴿٤٧﴾ ئەو (قورئان) بۆ خۆپارێزان بیرەوەری و پەندە ﴿٤٨﴾ دەزانین کە لە نێو ئێوەدا کەسانێ هەن کە بە درۆخەرەوەن ﴿٤٩﴾ ئەو (قورئان) بۆ کافران هۆی حەسرەت و پەژارەیە ﴿٥٠﴾ ئەو (قورئان) هەق و یەقینە ﴿٥١﴾ جا بە نێوی پەروەرێنەری گەورەت پەسنی بێخەوشی (خوا) بڵێ ﴿٥٢﴾

## سوورەی مەعاریج ٤٤ ئایەتە

**سوورەی مەعاریج لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٤٤ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

یەک داوای کرد عەزابێ کە ڕوو ئەدا، بێ ﴿١﴾ ئەم عەزابە تایبەتی کافرانە کە بەرگرێکی بۆ نییە ﴿٢﴾ لە لایەن خوای خێوی چەن پلە بەرزەوەیە ﴿٣﴾ لە ڕۆژێک کە بە ئەندازەی پەنجا هەزار ساڵە، فریشتەکان و (جوبرەئیل) بۆ لای خوا سەردەکەون ﴿٤﴾ جا تابشت بێنە تابشتێکی جوان و شیاو ﴿٥﴾ ئەوانە ئەو ڕوژە (ڕۆژی بەرێ) بە دووری دەبینن ﴿٦﴾ ئێمە ئەوە بە نێزیکی دەبینین ﴿٧﴾ ڕۆژێ کە ئاسمان وەکوو حەلاندنی کانزا و ئاسنەواڵەی تووانەوەی لێ‌دێ ﴿٨﴾ کێوەکان هەروەکوو خوری کوڵکەی شیکراوەیان لێ‌دێ ﴿٩﴾ هیچ دۆست و خزمێکی دڵسۆز لە دۆست و خزمی ناپرسێ ﴿١٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



لەبەر یەکتریان ڕادەنێن تاوانبار (بۆ ڕزگاری خۆی) پێی خۆشە بە زارۆکی خۆی، خۆ بکڕێتەوە لە عەزابی ئەو ڕۆژە ﴿١١﴾ بە خێزان و براکەی ﴿١٢﴾ بە هۆزەکەی کە هەمیشە پشتیوانی لەو کردووە ﴿١٣﴾ بە هەموو ئەوانەی کە لەسەر ڕووی زەوین لە پاشان (بەو فیدیانە) ڕزگاری بکەن ﴿١٤﴾ بەڵام قەت وا نییە، ئەوە بڵێسەی ئاگرە ﴿١٥﴾ پێستی سەر ئەندام و ئازای ئەنامی دادەتڵۆخێ و دایدەڕنێ ﴿١٦﴾ هاوار لە کەسێ دەکا کە پشتی کردە دینەوە و ئاوڕی وێ نەدایەوە ﴿١٧﴾ ماڵێ کۆی کردۆتەوە، بە ئازووخە ڕایگرتووە ﴿١٨﴾ مرۆڤ بێتابشت و فرە چاوچنۆک دروس کراوە ﴿١٩﴾ هەرکاتێ خراپە و شەڕی بگاتێ زیرە و هاوار دەکا ﴿٢٠﴾ هەرکاتێ بکەوێتە خۆشیش و سامانێکی پێ بگا ڕژدی دەکا و لە خەڵکی دەگرێتەوە ﴿٢١﴾ مەگەر نوێژکەران ﴿٢٢﴾ ئەوانەی کە لەسەر نوێژەکانیان سوورن ﴿٢٣﴾ کەسانێ کە لە ماڵیاندا هەقێکی دیاریکراو هەیە ﴿٢٤﴾ بۆ سواڵکەران و بێبەشان ﴿٢٥﴾ کەسانێ کە بڕوایان بە ڕۆژی قیامەت هەیە ﴿٢٦﴾ کەسانێ کە لە عەزابی پەروەرێنەریان ترسیان هەیە ﴿٢٧﴾ لە عەزابی پەروەرێنەریان دڵنیگەران ﴿٢٨﴾ کەسانێک کە پارێزەری جێشەرمی خۆیانن ﴿٢٩﴾ مەگەر بۆ خێزانیان یا کەنیزانیان، ئەوان لۆمە ناکرێن ﴿٣٠﴾ هەرکەس بێجگە لەمانە بیەوێ، جا ئەوانە لە قاس و ئەندازە لادەر و دەسدرێژکەرن ﴿٣١﴾ کەسانێ کە ئەمانەت و بەڵێنی خۆ ڕادەگرن ﴿٣٢﴾ کەسانێ کە ڕاگری شایەدی بەرهەقی خۆیانن ﴿٣٣﴾ کەسانێ کە نوێژەکانیان دەپارێزن ﴿٣٤﴾ ئەمانە لە بەهەشت ڕێز لێگیراون ﴿٣٥﴾ ئەوانەی کافر بوون چییانە کە دێنە لات و بە ڕووکرژی و بە مۆنێکەوە دەڕوانن بەتاڵووکە و بەلەزن ﴿٣٦﴾ لە ئالی ڕاست و چەپەوە دەستە دەستە (بە تەمای بەهەشتن) ﴿٣٧﴾ ئایا هەر یەکە لەوان بە تەمایە کە بخرێنە بەهەشتی پڕ ناز و خێروبێرەوە؟ ﴿٣٨﴾ قەت وا نییە، ئەوان بۆخۆیان دەزانن کە لە چیمان دروس کردوون ﴿٣٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



سوێند ئەخۆم بە پەروەرێنەری خۆرهەڵاتەکان و خۆرئاواکان، ئێمە بەهێزین ﴿٤٠﴾ لەسەر ئەوەی کە بیانگۆڕین و چاتریان بێنینە جێ، لەم کارەدا کەسمان لێپێش نەکەوتووە ﴿٤١﴾ سا تۆ لەوانە واز بێنە با هەر چەنەچەن بکەن و گەپێ بدەن تا بگەنە ئەو ڕۆژەی کە بەڵێنمان پێداون ﴿٤٢﴾ ڕۆژێ کە بەلەز لە گۆڕ دێنە دەرێ، وەک ئەوە بۆ لای بتەکانیان ڕادەکەن ﴿٤٣﴾ لە ترسا چاوشۆڕن و سووکایەتی دەوری داون (و پێیان دەوترێ:) ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە بەڵێنتان پێدرابوو ﴿٤٤﴾

## سوورەی نووح ٢٨ ئایەتە

### سوورەی نووح لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٨ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

نوحمان ناردە لای هۆزەکەی کە هۆزی خۆت بترسێنە بەر لەوەی ئازار و عەزابی دەرداوییان بگاتێ، ﴿١﴾ وتی: ئەی هۆزم! من بۆ ئێوە ترسێنەرێکی ئاشکرام ﴿٢﴾ کە خوا بپەرستن و لە نافەرمانی ئەو خۆ بپارێزن، بە قسەی منیش بکەن ﴿٣﴾ تا لە تاوانتان دەبووری و تا ڕۆژی دیاریکراو مردنتان دوا دەخا، هەرکاتێ ئاکام و ئەجەلی خوا هات، دوا ناخرێ، بریا ئێوە ئەوەتان زانیبا ﴿٤﴾ (نووح) وتی: ئەی پەروەرێنەرم! من شەو و ڕۆژ هۆزی خۆم بانگکرد (بۆ بڕوا هێنان بە تۆ) ﴿٥﴾ بەڵام بانگکردنم بێجگە لە ڕاکردن (لە هەق) شتێکی بۆ زیاد نەکردن ﴿٦﴾ هەرکاتێ بانگم کردن تا تۆ لێیان خۆش‌بی، قامک و تیلیان دەخنیە گوێیان و جلکەکانیان لە خۆیانەوە دەپێچا و پێیان دائەگرت و زیاتر خۆیان قەف ئەکرد و خۆیان بە زل دائەنا ﴿٧﴾ لە پاشان بە دەنگی بەرز بانگم کردن ﴿٨﴾ لە پاشان بە ئاشکرا و بە نهێنی و پەنامەکی پێم وتن ﴿٩﴾ جا پێم وتن لە پەروەرێنەرتان داوای لێبوردن بکەن، چونکە ئەو زۆر لێبوورە ﴿١٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



تا بارانی ئاسمانتان پەیتا پەیتا پەڵدەرتان بۆ بنێرێ ﴿۱۱﴾ تا بە ماڵ و منداڵ یارمەتیتان بدا و باغ و چۆمە ئاوتان بداتێ ﴿۱۲﴾ چتانە کە بۆ خوا گەورەیی و شکۆ دانانێن لیێ ناترسن (یا چۆن لە رێز گرتنی خوا بێهیوان. تەفسیری ئەلمەنارو فەخەرازی و کەشاف) ﴿۱۳﴾ لە حاڵێکدا ئێوەی لە قوناغی جیاجیا بەدیهێنا ﴿۱۴﴾ ئایا نازانن کە خوا چلۆن حەوت ئاسمانی نهۆم لەسەر نهۆم خوڵقاندووە ﴿۱۵﴾ مانگی لە نێوانیاندا کردۆتە هۆی ڕووناکی و تەبەقی ڕۆژیشی کردۆتە چرا ﴿۱۶﴾ خوا ئێوەی لە زەوی (هەر وەکوو گیایەک) ڕواندووە ﴿۱۷﴾ لە پاشان دەتانگێڕێتەوە نێو زەوی و جارێ‌تر دەتانهێنێتە دەرێ ﴿۱۸﴾ خوا زەوی (وەک ڕایەخ) بۆ پان کردوونەتەوە ﴿۱۹﴾ تا لە ڕێگای پان و بەرین و شیو و دۆڵی ئەوا بێن و بچن ﴿۲۰﴾ نووح وتی: ئەی پەروەرێنەرم! ئەوانە بە قسەیان نەکردم و پەیڕەوییان لە کەسانێ کرد کە ماڵ و منداڵیان بێجگە لە زیان شتێکیان بۆ زیاد نەکردن ﴿۲۱﴾ (ڕابەرانی لارێ) گزییەکی زلیان سازدا ﴿۲۲﴾ وتوویشیانە: لەوانەی پەرەستووتانن دەس هەڵنەگرن، بەتایبەت لە بتەکانی (وەدد) و (سواع) و (یەعووس) و (یەعووق) و (نەسر) دەسبەردار نەبن ﴿۲۳﴾ زۆرتریان لارێ کردوون، دەتۆیش بۆ ستەمکاران بێجگە لە لارێیی شتێک زیاد مەکە ﴿۲۴﴾ لەبەر تاوانێ کە کردیان بە ئاو خنکان و ئەوسا خرانە نێو ئاگر، جا ئیتر بێجگە لە خوا یاوەرانێکیان گیر نەهات ﴿۲۵﴾ نووح وتی: ئەی پەروەرێنەرم! لەم سەر هەردە ئەو کەسانەی خوا نەناسن جووقەواریان لێ مەهێڵە ﴿۲۶﴾ چونکا ئەگەر بیانهێڵی، بەندەکانت لە ڕێگا لائەدەن، ئیتر هەر زارۆیەکیشیان ببێ تاوانبار و سپڵە دەبێ ﴿۲۷﴾ ئەی پەروەرێنەرم! لە من و باوک و دایکم و هەرکەس کە بە بڕواوە بێتە ماڵی من و هەروا لە پیاوانی بڕوادار و ژنانی بەبڕوا خۆشبە و بۆ ستەمکارانیش بێجگە لە تیابردنیان شتێ زیاد مەکە ﴿۲۸﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



# سوورەی جین ٢٨ ئایەتە

## سوورەی جین لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٨ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

بڵێ: پێم ڕاگەیەنراوە، چەن کەسێ لە جنۆکەکان گوێیان هەڵخست، ئەوسا وتیان: ئێمە قورئانی سەیرمان بیست ﴿١﴾ بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنوێنی دەکا، جا ئێمە بروامان بەو هێناوە و هەرگیز کەسێ ناکەینە هاوبەش بۆ پەروەرێنەرمان ﴿٢﴾ شکۆ و گەورەیی پەروەرێنەرمان لەوە بەرزترە، هاواڵ و خێزان و منداڵ بۆ خۆی وەربگرێ و وەرینەگرتوە ﴿٣﴾ گێلەکانمان لەبارەی خوا قسەی پووچ دەکەن ﴿٤﴾ وامان دەزانی کە بەرەی جنۆکە و مرۆ لەبابەت خواوە هەرگیز درۆ ناکەن ﴿٥﴾ دەمانزانی پیاوانێ لەبەرەی مرۆڤ بە پیاوانێ لە جنۆکە پەنایان دەبرد، ئەوانە ئەبوونە هۆی زیادبوونی لارێیی و ملبادانیان و سەرکێشییان پتر دەکەن ﴿٦﴾ ئەوانیش هەروەکوو ئێوە لایان وا بوو هەرگیز خوا هیچ کەس زیندوو ناکاتەوە ﴿٧﴾ ئێمە (ی جنۆکە) گەیشتینە ئاسمان و دیمان پڕە لە پاسداری توند و سەختگیر و ئەستێرەگەلێ ڕادەخوشن ﴿٨﴾ ئێمە لەو جێیانەدا کە بۆ گوێ ڕاگرتن ئەبوو دانیشین، جا هەرکەس ئێستا و لەمە بەولا گوێ ڕابگرێ مەشخەڵێکی دەبینێ لە بۆسە و کەمینی خۆیدایە ﴿٩﴾ ئێمە نازانین کە ئایا بۆ کەسانێ کە لە ڕووی زەوین بڕیاری خراپ دراوە و بەڵا لەبەرچاو گیراوە یان پەروەرێنەریان دەیەوێ بیانباتە سەر ڕێی ڕاست و ڕێنوێنییان بکا ﴿١٠﴾ بێ‌گومان هەندێ لە ئێمە چاکن و هەندێ غەیری ئەوەن، ئێمە دەستەگەلێ جۆراوجۆرین ﴿١١﴾ ئەمانزانی کە دەرەقەتی خوا نایێن و ناتوانین خوا لە زەوی بێ‌هیز بکەین و بە هەڵاتنیش ناتوانین خوا بێ‌هێز بکەین و لەدەس خوا ڕزگار بین ﴿١٢﴾ ئێمە کاتێ ڕێنوێنی (قورئان)مان بیست، بروامان پێ‌هێنا، جا هەرکەس بڕوا بە پەروەرێنەری بێنێ، نە لە کەم بوونەوە دەترسێ و نە لە غەدر لێ‌کردن ﴿١٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



تـاقمێ لە ئـێمە موسـوڵمان و تـاقمێکیش لەرێ لادەر، ئەوانەی موسـوڵمانن و خۆیـان داوە بە دەسەوە، رێگای راستیان هەڵبژاردووە ﴿١٤﴾ ئەوانەیـش کە لە رێگـای راس‌لایـان داوە، ئەبـنە ئێزنگ و دار و دەسەچیلەی دۆژەهـ ﴿١٥﴾ ئەگەر ئەوانە (جن و ئینس) لەسەر رێگای (راسـت) بمێننەوە، بە ئاوێ زۆر تێر ئاویان دەکەین ﴿١٦﴾ تـا ئەوانە بەوە تـاقی‌بکەیـنەوەو هەرکەس لە یـادی پەروەرێـنەری روو بسـوورێنێ، خـوا دەیخـاتە عەزابـی سـەختەوە ﴿١٧﴾ مزگەوتەکـان تایبەتی خوان، جا لەگەڵ خوا هاوار بۆ کەسێ‌تر مەبەن (کەسێ‌تر مەپەرستن) ﴿١٨﴾ بەراسـتی کاتێ کە بەنـدەی خـوا (مـحەمەد) بـۆ عیبـادەتی خوا هەڵدەسـتا و هـاواری لە خـوا دەکـرد. خوانەناسان لێی کۆ دەبوونەوە هەر وەختابوو لەسەری ببنە پارچەیەک ﴿١٩﴾ بلێ: تەنیا هـاوار لە پەروەرێنەرم دەکەم و دەیپەرستم، هیچ کەسـێ نـاکەمە هاوبەشـی ﴿٢٠﴾ بلـێ: مـن زیـان و رێنوێنیم بۆ ئێوە بە دەس نییە ﴿٢١﴾ بلێ: هیچ کەسێک نییە کە لە راست خـودادا بمپـارێزێ، بێجگە لەو پەناگایەکم بۆ نییە ﴿٢٢﴾ (هیچم بە دەس نییە) مەگەر راگەیاندن لە لایەن خواوە، گەیاندنی پەیامی ئەو، هەرکەسیش بێ‌فەرمانی خوا و پێغەمبەری ئەو بکا، ئاگری دۆژەهـ بـۆ ئەوە، بۆ هەمیشەش لەوێدا قەتیس ئەمینـێ ﴿٢٣﴾ تـا کـاتێ کە ئەوەی بەڵێنیـان پـێ‌درابـوو ببینن، جا ئەوسا ئەزانن چ کەسێ یاوەرانی کز و بێ‌هێزتـر و ژمارەیـان کەمتـرە ﴿٢٤﴾ بلـێ: من نازانم کە ئایا ئەو بەڵێنەی کە بە ئێوەیان داوە، نێزیکە یا پەروەرێنەری من بـۆ ئەوە مەودا و زەمانێکی داناوە ﴿٢٥﴾ خوا زانا بە نادیار و غەیـبە و نهـێن و غەیبـی خـۆی بـۆ هـیچ کەس دەرناخا و ئاشکرای ناکا ﴿٢٦﴾ مەگەر ئەو پێغەمبەرەی کە لێی رازیـیە، (بـۆ پاراسـتنی ئەو) پارێزەرانی لە پێش و لە پشت سـەری بـۆ دائەنـێ ﴿٢٧﴾ تـا بزانـێ کە پێغەمبەرانـی پەیـامی پەروەرێنەریـان راگەیانـدووە، خـوا بە هەمـوو شتیشـیان دەزانـێ و هەمـوو شتێکیشـی بە هەژمارەدە راگرتووە ﴿٢٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



# سوورەی موزەمیل ٢٠ ئایەتە

**سوورەی موزەمیل لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٠ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دلّلاوێن.

ئەی جلک لە خۆ پێچاو ﴿١﴾ زۆربەی شەو (بۆ عیبادەت کردن) هەڵسە، مەگەر کەمێک (کە بخەوی) ﴿٢﴾ نیوەی لە شەو یا کەمێ لەو کەم بکەوە ﴿٣﴾ یا لێی زیاد بکە و بە ژمارەدە و ڕێکوپێک و بە لەسەرەخۆیی و بە ڕەوان قورئان بخوێنە ﴿٤﴾ بەم زووانە ئێمە وتاری گرانت دەخەینە سەر ﴿٥﴾ شەو لە نیو پێخەف ڕابوون سەختترە و بۆ ڕامان جێدارتر و بۆ وتار و خوێندنی (ئایات) لەبارتر و پتەوترە (کە باش قورئان بخوێنی) ﴿٦﴾ لە ڕۆژیشدا مەودای هاتوچۆ درێژە و بۆ تۆ کار زۆرە ﴿٧﴾ ناوی پەروەرێنەرت بێنە و (بۆ لای ئەو) لە هەموو شتێ ببرە ﴿٨﴾ پەروەرێنەری خۆرهەڵات و خۆرئاوایە، کە بێجگە لەو مەعبوودێ‌تر نییە، ئەو بگرە بە بریکار و وەکیل و پشتیوان ﴿٩﴾ لە ڕاست ئەوەی ئەوان (دوژمنان) دەیڵێن بەتابشت بە، بە جۆرێکی جوان دوورییان لێ‌بکە ﴿١٠﴾ بە درۆخەرەوانی خاوەن ماڵ، بە من بسپێرە، ئەوانە کەمێ مۆڵەت بدە ﴿١١﴾ لای ئێمە کۆت و زنجیر و (ئاگری) دۆژەهـ هەیە ﴿١٢﴾ خۆراکی گەروگر و عەزابی دەردناک هەیە ﴿١٣﴾ ڕۆژێ کە زەوی و کێوەکان دەکەونە لەرزە و کێوەکان دەهەژێن (وەها ورد دەبن) دەبنە تەپۆڵکەیەک لە ڕەملی خزۆک ﴿١٤﴾ پێغەمبەرێکمان بۆتان کل کرد و نارده لاتان کە لەسەر کردەوەتان شایەدە، هەر بەو جۆرەی کە پێغەمبەرێکمان نارده لای فیرعەون ﴿١٥﴾ فیرعەون نافەرمانی ئەو پێغەمبەرەی کرد، ئێمەیش بە تۆندی و بە ئازاری بەژان ئەومان گرت ﴿١٦﴾ ئەگەر کافر بن، چلۆن خۆتان (لە عەزابی خوا) دەپارێزن، لە ڕۆژێکدا کە منداڵان پیر دەکا؟! ﴿١٧﴾ لەو ڕۆژەدا ئاسمان لەت ئەبێ، بەڵێنی خوا دێتەدی ﴿١٨﴾ ئەمە یادئاوەری و ئامۆژگارییەکە، هەرکەس کە بیەوێ ڕێگایەک بۆ لای خوا دەگرێتە بەر ﴿١٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

پەروەرێنەرت ئەزانێ کە تۆ کەمتر لە نێزیک بە دوو بەشی ئەو شەوگارە و نیوەیێ و سێیەکیشی بۆ شەونوێژان لەگەڵ تاقمێ کە لەگەڵ تۆن، هەڵدەستنەوە، خوایە کە ئەندازەی شەو و رۆژ دیاری دەکا و زانی کە (ئێوە) قەت ناتوانن ئەوە بژمێرن، جا ئێوەی بەخشی، جا لە قورئان هەرچیتان بۆ دەگونجێ بیخوێنن، (خوا) زانی کە لە دواییدا تاقمێ لە ئێوە نەخۆش ئەکەون و تاقمێتر بۆ بەدەسهێنانی بژیوێ کە خودا بیدا بە ولآتا بلآو دەبنەوە و تاقمێ تریش ئەچنە خەزا و جەنگ لە رێگای خوا، تا ئەو رادەی بۆت دەلوێ و دەرەخسێ و بووز دەخوا و ئەگونجێ قورئان بخوێننەوە و نوێژ بەجێبێنن و زەکات بدەن و ماڵی خۆتان بەدەستەوا و بە دەستەواوێکی پەسەند بدەن و هەر پێشبارێ بەرێ بکەن باشترەکەی لای خودا پێتان دەگاتەوە وێرای پاداشی گەورەتر، لە خوا داوای لێبوردن بکەن، خوا لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿٢٠﴾

## سوورِەی موددەسیر ٥٤ ئایەتە

### سوورِەی موددەسیر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٥۴ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەی لە نێو جلک و پێخەفدا ئارام گرتوو (:لە کراس پێچراو) ﴿١﴾ راپەرە، (خەڵک لە جەزرەبە و عەزابی خوا) بترسێنە ﴿٢﴾ تەنیا گەورەیی پەروەرێنەرت بڵێ ﴿٣﴾ جلکت بە پاکی رابگرە ﴿۴﴾ لە ناپاکی و پیسی خۆ دوور بگرە ﴿۵﴾ ئەوەندە مەبەخشە کە پێت وا بێ بۆش و فرەس و زیادت بەخشیوە ﴿۶﴾ لەبەر خاتری پەروەرێنەرت خۆراگرە و تابشت بێنە ﴿٧﴾ هەرکاتێکیش لە کەڵەشاخ دەمێندرا ﴿٨﴾ ئەو رۆژە، رۆژێکی تووش و سەختە ﴿٩﴾ بۆ بێدینان نە ئاسانە ﴿١٠﴾ لەگەڵ ئەو کەسەی کە بە تەنیا خۆم بەدیم هێناوە، لێمگەرێ ﴿١١﴾ ئەو کەسەی کە بۆ ئەو ماڵێکی زۆرم پێداوە ﴿١٢﴾ چەن کورێکیش کە ئاگاداری لێدەکەن ﴿١٣﴾ هۆی ژیانی ئەوم لە هەر بار و بابەتێکەوە بۆ ئامادە کردووە و هەموو کارێکم بۆ رێک خستووە ﴿١۴﴾ لە پاشانیش ئارەزوویەتی بۆی زیاتر بکەم ﴿١۵﴾ هەرگیز (بۆی زیاد ناکەم)، چون ئەو (وەلید) دژی نیشانەکانی ئێمەیە ﴿١۶﴾ بە زوویی تووشی ئازارێ وای دەکەم پێی هەڵبچێ ﴿١٧﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەو ڕاما و بیری کردەوە و هەڵیسەنگاند و گەڵاڵەیەکی دارشت ﴿١٨﴾ ئەی بکوژرێ چلۆنی لێک داوەتەوە ﴿١٩﴾ دەسا بکوژرێ چلۆن نەخشەی کێشا ﴿٢٠﴾ لە پاشان تەماشای کرد ﴿٢١﴾ لە پاشان خۆی گرژ کرد و ترش هەڵگەڕا و بەلەز دەس بەکار بوو ﴿٢٢﴾ لە پاشان پشتی بە فیزەوە وەرگێڕا و خۆی بە زل دانا ﴿٢٣﴾ جا وتی: ئەم (قورئانە) بێجگە لە جادوویەکی سەرنج ڕاکێش هەروەکوو جادووی پێشینان شتێ‌تر نییە ﴿٢٤﴾ ئەمە بێجگە لە قسەی مرۆڤ شتێ‌تر نییە ﴿٢٥﴾ بەم زووانە ڕایدەکێشمە دۆژەهی تاوێنەر ﴿٢٦﴾ تۆ چوزانی دۆژەه چییە ﴿٢٧﴾ (ئاگرێکە) نە شتێ دێڵێتەوە و نە لە شتێ واز دێنێ و بەرەڵڵا دەکا ﴿٢٨﴾ سووتێنەر و هەڵقرچێنەری پێستی بەشەرە ﴿٢٩﴾ نۆزدە مەلائیکەی عەزابیان لەسەر دانراوە ﴿٣٠﴾ بێجگە لە مەلائیکە (ی عەزاب) کەسمان نەکردۆتە درگاوانی ئاگر و ژمارەی ئەوانمان نەگرتۆتە بەرچاو مەگەر بۆ تاقی کردنەوەی کافران تا ئەوانەی کتێبیان پێ‌دراوە یەقین پەیا بکەن و بڕوای بڕواداران زیاد ببێ و ئەهلی کتێب و بڕوادار (لە هەق بوونی ئەم قورئانەدا) دوودڵ نەبن، لە ئاکامدا ئەوانەی بە دڵ نەخۆشن و کافران بڵێن: خوا لەم مەسەلە چی دەوێ، (بەڵێ) ئا بەمجۆرە خوا هەرکەس بیەوێ لاڕێی دەکا و هەرکەسیش کە بیەوێ ڕێنوێنی دەکا، بێجگە لە خوا کەس بە ژمارەی پێشمەرگەی پەروەرێنەرت نازانێ، باسی دۆژەه نییە مەگەر بۆ پەند وەرگرتنی بەرەی مرۆڤ ﴿٣١﴾ سوێند بە مانگ ﴿٣٢﴾ سوێند بە شەو کاتێ کە بڕوا ﴿٣٣﴾ سوێند بە بەرەبەیان کاتێ کە پەردە (ی تاریکی) لادەدا ﴿٣٤﴾ ئەم ئاگرە یەکێ لە بەڵا گەورەکانە ﴿٣٥﴾ ترسێنەری مرۆڤە ﴿٣٦﴾ بۆ هەرکەس لە ئێوە کە بیەوێ پێش کەوێ (بۆ لای ڕێنوێنی و چاکە)یان دوا بکەوێ ﴿٣٧﴾ هەرکەس لە بارمتە و گرەوی کردەوەی خۆیەتی ﴿٣٨﴾ مەگەر دەسڕاستان (کە نامەی کردەوەیان ئەدرێتە دەستی ڕاستیان) ﴿٣٩﴾ لە بەهەشتگەلێدان و ئەپرسن ﴿٤٠﴾ لە تاوانباران ﴿٤١﴾ چ شتێک ئێوەی بەرەو دۆژەه ڕاکێشا ﴿٤٢﴾ دەڵێن: لە نوێژ بەجێ‌هێنەران نەبووین! ﴿٤٣﴾ خۆراکمان بە هەژاران نەئەدا ﴿٤٤﴾ لە کۆڕی هەرزەبێژاندا ئێمەیش لە هەرزەوێژان بووین ﴿٤٥﴾ ڕۆژی دینمان بە درۆ دائەنا ﴿٤٦﴾ تا مەرگمان پێ‌گەیی ﴿٤٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



جا تکای تکاکاران سوودێک بەوان ناگەیێنێت ﴿٤٨﴾ جا چییانە کە لە وەبیر هێنانەوە و پەند رووسوورێنەرن ﴿٤٩﴾ دەتوت ئەوان کەرگەلێ ڕەفۆکەن وا سڵن ﴿٥٠﴾ کە لەبەر شێر بە سڵ بە غار هەڵاتوون ﴿٥١﴾ بەڵکوو هەر یەکە لەوان دەیەوێ نامەگەلێ سەر ئاواڵەیان پێ بدرێ ﴿٥٢﴾ نا نا، ئەوانە لە ئاخیرەت ناترسن ﴿٥٣﴾ وا نییە (کە ئەوان بیری لێدەکەنەوە) قورئان ئامۆژگاری و بیرهێنەرێکە (و ئەوان ڕێنوێنی دەکا) ﴿٥٤﴾ هەرکەس کە بیەوێ، ئەیخوێنێ و پەندی لێ وەردەگرێ ﴿٥٥﴾ هیچکەس نایخوێنێتەوە مەگەر ئەوەی کە خوا بیەوێ، هەر خوایشە شیاوی لێترسان و شیاوی لێبوردن (لە تاوان و گوناحان) ﴿٥٦﴾

## سوورەی قیامەت ٤٠ ئایەتە

**سوورەی قیامەت لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٤٠ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێندەکەم بە ڕۆژی پەسڵان ﴿١﴾ سوێند دەخۆم بە ویژدانەکەی ڕەخنەگر و ویژدانی بێدار (کە ڕۆژی قیامەت بەرهەقە) ﴿٢﴾ ئایا مرۆڤ وا دەزانێ ئێسک و پرووسکی قەت کۆناکەینەوە؟ ﴿٣﴾ بەڵێ: بەتواناین کە (تەنانەت خەتی) سەر تیل و پەنجەکانی ڕاست ڕێکوپێک بکەین ﴿٤﴾ نەخێر بەڵکوو هەر مرۆڤ دەیەوێ تاوان بخاتە پێشە خۆی ﴿٥﴾ ئەپرسێ قیامەت کەی دێ ﴿٦﴾ کاتێ کە چاو ببریسکێتەوە و بە مۆڵەق ئەوەستێ ﴿٧﴾ هەیڤ تاریک ئەبێ و ئەگیردرێ ﴿٨﴾ تەبەقی ڕۆژ و مانگ لە یەکتر کۆ کرانەوە ﴿٩﴾ لەو ڕۆژەدا مرۆڤ دەڵێ ڕێگای دەرەتان و ڕاکردن لە کوێوەیە ﴿١٠﴾ نا نا، پەناگایەک نییە ﴿١١﴾ مەکۆ و قەرارگەی هەموان لە بەروەو ناردوویەتی یا لە دوای خۆی هێشتوویەتەوە ئاگادار دەکرێ ﴿١٣﴾ نەخێر بەڵکوو مرۆڤ بە وێژدانی خۆی لە بارودۆخی خۆی بەئاگایە ﴿١٤﴾ هەر چەند بە زمانیش عوزر بێنێتەوە ﴿١٥﴾ تۆ زمانی لێ مەخە گەڕ تا بەپەلە (قورئان) بخوێنێتەوە ﴿١٦﴾ چونکا ئەرکی کۆ کردنەوە و خوێندنی ئەوە لەسەر ئێمەیە ﴿١٧﴾ هەرکاتێ کە ئێمە ئەوەمان خوێندەوە، تۆ لەو خوێندنە پەیڕەوی بکە﴿١٨﴾ لە پاشانیش ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیشی هەر لەسەر ئێمەیە﴿١٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



وا نییە (کە لە بارەی رۆژی پەسلان بیر دەکەنەوە) بەڵکوو ئێوە دنیای ڕابوواردنتان خۆشدەوێ ﴿۲۰﴾ دوارۆژیش وەلا دەنێن و دەیدەنە پشت گوێ ﴿۲۱﴾ لەو ڕۆژەدا دەموچاوگەلێ شاد و گەش هەیە ﴿۲۲﴾ کە ئەڕوانە پەروەرێنەری خۆیان ﴿۲۳﴾ لەو ڕۆژەدا دەموچاوگەلێ گرژ و ترش و تاڵ هەن ﴿۲۴﴾ گومان دەبەن جەزرەبەی کەمەرشکێنیان بەسەر بێنن ﴿۲۵﴾ وا نییە (ئەو قەت بڕوا ناهێنێ)، تا گیان بگاتە سەر لووتی و مەرگ بەربینگی پێ بگرێ ﴿۲۶﴾ ئەوترێ: ئایا کەسێ هەیە ئەم نەخۆشە رزگار بکا ﴿۲۷﴾ لێشی روونە وەخت و چاخی جیا بوونەوەیەتی لە دنیا ﴿۲۸﴾ لینگ و پووز و لەتەریش تێک هالاون ﴿۲۹﴾ لەو ڕۆژەدایە جێی هاژۆتن بەرەو لای پەروەرێنەرت ﴿۳۰﴾ جا (مرۆڤی کافر) نە بڕوای هێناوە و نە نوێژی خوێندووە ﴿۳۱﴾ بەڵکوو بە درۆی خستەوەو ڕووی وەرسووراند ﴿۳۲﴾ لە پاشان بە خۆبادان و بە خۆبەزلزانین بەرەو ماڵێ گەڕایەوە ﴿۳۳﴾ ئەمە بۆ تۆ شیاوتر و لەبارترە ﴿۳۴﴾ جارێ تریش ئەمە بۆ تۆ شیاوتر و لەباترە ﴿۳۵﴾ ئایا مرۆڤ وا دەزانێ هەروا بە خۆڕایی و بە بێئامانج بەرەڵلا کراوە ﴿۳۶﴾ ئایا ئەو نوتفەیەک: دڵۆپێک لە مەنی نەبوو کە پرژا(یە نێو منداڵدان) ﴿۳۷﴾ لە پاشان بووە جەڵتە خوێن (بێچووەماسی – زەروو)، خوا ئەوی خەڵق کرد و ئەندامی ڕاست و ڕێکوپێکی پێدا ﴿۳۸﴾ ئەوانی لەو تنۆکەوە کردە دوو جووتی نێر و مێ(کوڕ و کچ) ﴿۳۹﴾ ئایا خوایێکی وا ناتوانێ کە مردووەکان زیندوو بکاتەوە ﴿۴۰﴾

## سوورەی ئینسان: مرۆ ۳۱ ئایەتە

**سوورەی دەهر یا ئینسان یا ئەبرار لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۳۱ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئایا وا نییە کە ماوەیەکی زۆر بەسەر مرۆڤدا تێپەڕی کە شتێ وا نەبوو کە ناوی ببرێ و یادی بکرێ؟! ﴿۱﴾ ئێمە مرۆڤمان لە نوتفەی تێکەڵاو خەڵق کرد و ئەو تاقی دەکەینەوە، جا ئەومان ژنەوا و بیناکرد ﴿۲﴾ ڕێگامان بەو نیشان داوە، یا سپاس‌بێژە یا ناسپاسە ﴿۳﴾ ئێمە بۆ کافران کۆت و زنجیر و تۆق و ئاگری بڵێسەداری سووتێنەرمان ئامادە کردووە ﴿۴﴾ بەڕاستی کارچاکان لە بادەیەک دەخۆنەوە کە کافوور و عەتری خۆشی لێ درابێ، ئاوێتەی کرابێ ﴿۵﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



لە کانیاوێک بەندەکانی خوا لەوە دەخۆنەوە کە بۆ هەر کوێ بیانەوێ دەیبەن و بە فیچقەیش هەڵیدەقوڵێنن ﴿٦﴾ هەرچی لە خۆ دەگرن (نەزر دەکەن)، وەفای پێ دەکەن ترسیشیان لە ڕۆژێ هەیە کە بەڵاکەی بۆ گلا ئەتەنێتەوە ﴿٧﴾ خۆراکێ کە خۆیان حەزی لێدەکەن بۆ خۆشەویستی خوا ئەیدەن بە هەژار و بە هەتیو و بە یەخسیر و دیلی گیراو ﴿٨﴾ (دەڵێن) تەنیا بۆ خوا خۆراکتان ئەدەینێ و هیچ پاداش و سپاس کردنێکمان لە ئێوە ناوێ ﴿٩﴾ ئێمە لە پەروەرێنەرمان ئەترسین لە ڕۆژێکدا کە سەخت و تووش و نەگبەت و پڕ مەترسی و ترسناکە ﴿١٠﴾ خوا ئەوانی لە شەڕی ئەو ڕۆژە پاراست و ئەوانی بە گەشە و خۆشی گەیاند ﴿١١﴾ خوا لەبەر ئەوەی کە خۆیان ڕاگرتبوو، بە بەهەشت و جلکی حەریری بەهەشتی پاداشی دانەوە ﴿١٢﴾ پاڵیان بە تەختی ڕازاوە و جوانەوە داوەتەوە کە لەوێدا نە تینی تەبەقی ڕۆژ دەبینن و نە سەرما ﴿١٣﴾ سێبەری دارەکانی بەهەشت کەوتۆتە سەریان و چنینی میوەکانی زۆر ئاسانە ﴿١٤﴾ بە دەفر و کاسەی زێوین و گۆزەڵەی بلوورین زەرکی میناکە تەژین لە باشترین خواردن و خواردنەوە بە نێوانیاندا دەگێڕدرێ ﴿١٥﴾ کاسەی بلوورین و زەرکی زیوین کە بە قاس و ئەندازەی پێویست ئامادە کراون ﴿١٦﴾ لەوێدا بە کاسەیەک تێراو دەکرێن کە بادەکەیان زەنجەفیلی تێکەڵ کراوە ﴿١٧﴾ لە کانییەک لەوێدا کە سەلسەبیلی پێدەڵێن ﴿١٨﴾ بە دەوری ئەواندا گەنجانی هەمیشە لاو و جەوان (بۆ ڕاژە و خزمەتکردن) دەگەڕێن، جا هەرکاتێ ئەوانە ببینی وا دەزانی مرواری دانە دانەن ﴿١٩﴾ کاتێ بنواری لەوێ ناز و خێر و خۆشی و نیعمەت و فەرمانڕەوایی گەورە دەبینی ﴿٢٠﴾ پارچەی تەنک و سفتی سەوز و کەسکیان لەبەردایە کە لە هاورێشم چا بووە و بە زۆر و فرە بازنە و خشڵ و مووچەوانەی زێویش ڕازاونەتەوە و پەروەرێنەریان بادەی پاکی پێ نۆشاون ﴿٢١﴾ ئەمە جەزای ئێوەیە و لە کۆشش و تەقالای ئێوە سپاس کراوە و بە ڕێز گیردراوە ﴿٢٢﴾ ئێمە قورئانمان بۆ تۆ نارد، بە ناردنێکی باش ﴿٢٣﴾ لە بەرانبەر فەرمانی پەروەرێنەرت بەتابشت و خۆڕاگر بە و بە قسەی هیچ تاوانبار و کافرێ لەوانە مەکە ﴿٢٤﴾ بەیانان و ئێواران ناوی پەروەرێنەرت بێنە ﴿٢٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور ساڵح ئیبراهیمی



لە شەودا کڕنۆش و سوژدەی بۆ بەرە و لە درێژایی شەوگاریشدا زۆر پاکی و بێخەوشی ئەو (خوا) بڵێ ﴿٢٦﴾ ئەوانە دنیای زۆر ڕابووردنیان خۆشدەوێ و ڕۆژێکی سەخت (قیامەت) دەخەنە پاش خۆیانەوە (دنیایان گرتووە و قیامەتیان وەلا ناوە) ﴿٢٧﴾ ئێمە ئەوانمان ئافراند و خەڵق کردووە و پەیوەندی لەشولاری ئەوانمان پتەو کردووە، هەموو ئەندامی ئەوانمان داپێچاوە هەرکاتێ بمانەوێ جێی ئەوانە بە تاقمێتر وەکوو خۆیان ئەگۆڕینەوە ﴿٢٨﴾ ئەمە بیرەوەری و ئامۆژگارییەکە هەرکەس بیەوێ ڕێگایەک بۆ لای پەروەرێنەری خۆی هەڵبژێرێ ﴿٢٩﴾ ئێوە ناتوانن شتێکتان بوێ مەگەر ئەوەی خوا دەیەوێ، خوا پڕزانا و لەکارزانە ﴿٣٠﴾ هەرکەس کە خوا بیەوێ ئەیخاتە نێو ناز و نیعمەتی خۆی، بۆ ستەمکاران عەزابی دەرداوی ئامادە کردووە ﴿٣١﴾

## سوورەی مورسەلات ٥٠ ئایەتە

**سوورەی مورسەلات لە مەککە هاتۆتە خواری و بە (بسم‌الله)وە ٥٠ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بە باگەلێ یەک بە دوای یەکا نێردراون ﴿١﴾ بە باگەلێ سەخت و بە گژەگژ هاتن ﴿٢﴾ بە باگەلێ بڵاوکەرەوەی (هەور) بە توندی و بارانهێنەر ﴿٣﴾ سوێند بەوانەیش بە هەڵبژاردن، هەڵداوێرن و ڕاست لە پووچ و ناڕاست جیا دەکەنەوە ﴿٤﴾ سوێند بەوانەی کە یادی خوا (بە پێغەمبەران) فێر دەکەن ﴿٥﴾ بۆ (لابردنی) بیانوو یا بۆ ترس وەبەرنان ﴿٦﴾ گفت و سۆز و قەول و ئەوەی بەڵێنتان پێدراوە دێتە دی ﴿٧﴾ کاتێ ئەستێرەکان تاریک و بزر بوون ﴿٨﴾ کاتێ کە ئاسمان لەت و کەلێنی بەست ﴿٩﴾ هەروەختێ کێف و کەژان هەژان و تێک رووخان ﴿١٠﴾ کاتێ کە بۆ پێغەمبەران کات دیاری بکرێ (هەر کاتێ لە ڕۆژی قیامەت پێغەمبەران کۆ بکرێنەوە – ئیمام فەخری ڕازی ج ٣) ﴿١١﴾ بۆ چ ڕۆژێک بە دوا خراوە ﴿١٢﴾ بۆ ڕۆژی جیاکردنەوە (ی هەق لە باتڵ) ﴿١٣﴾ تۆ چوزانی کە ڕۆژی جیاکردنەوە چ ڕۆژێکە؟ ﴿١٤﴾ وای لەو ڕۆژەدا بۆ بە درۆخەرەوان ﴿١٥﴾ ئایا ئێمە هۆزی (تاوانباری) پێشینانمان لە نێو نەبرد ﴿١٦﴾ لە دوای ئەوان، ئەوانەی دواییش لە نێو ئەبەین ﴿١٧﴾ (بەڵێ) ئابەمجۆرە لەگەڵ تاوانباران ڕەفتار دەکەین ﴿١٨﴾ لەو ڕۆژەدا وای بۆ بە درۆخەرەوان ﴿١٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئایا ئێوەمان لە ئاوێکی بێ بایەخ وەدینەهێنا ﴿٢٠﴾ لە پاشان ئەومان خستە نێو جێی پتەو (واتا منداڵدانی دایک) ﴿٢١﴾ تا سەردەمی دیاریکراو (واتا ڕۆژی لە دایک بوون) ﴿٢٢﴾ جا ئێمە بە ئەندازە بەدیمان هێنا (ئەندازەی خوێن، ئاو، گۆشتی بەدەنی مرۆڤ) ئای کە چەندە چاکمان توانی ﴿٢٣﴾ لەو ڕۆژەدا وای بۆ بە درۆخەرەوان ﴿٢٤﴾ ئایا زەویمان نەکردە مەکۆ و جێی کۆبوونەوەی مرۆڤ ﴿٢٥﴾ بۆ زیندووان و مردووان ﴿٢٦﴾ لەودا کێو و چیای بڵیند و پتەومان بەدیهێناوە و لە ئاوێکی خۆش تێرئاومان کردن ﴿٢٧﴾ لەو ڕۆژەدا وای بۆ بەدرۆخەرەوان ﴿٢٨﴾ (لەو ڕۆژەدا بەوانە دەوترێ:) بێخۆراگرتن بۆ لای ئەوەی بە درۆتان ئەزانی بکەونە ڕێ ﴿٢٩﴾ بۆ لای سێبەری دووکەڵی سێچوکڵە و سێ شاخە بچن ﴿٣٠﴾ نە سێبەرێکی فێنکە و نە لەگڕی ئاگر بەرگیری دەکا ﴿٣١﴾ ئاگرێکی وا کە پڕشکی وەک کۆشک (کێو) فڕێئەدا ﴿٣٢﴾ (لە توند ڕۆیشتندا) هەروەکوو وشتری بەرگن زەردن ﴿٣٣﴾ لەو ڕۆژەدا وای بۆ بەدرۆخەرەوان ﴿٣٤﴾ ئەمە ڕۆژێکە کەس ناپەیڤن، قسە ناکەن ﴿٣٥﴾ بەوانە ئیجازە نادرێ کە تەوازی و عوزر بهێننەوە ﴿٣٦﴾ لەو ڕۆژەدا وای بۆ بەدرۆخەرەوان ﴿٣٧﴾ ئەمرۆ، ڕۆژی جیاییە (هەق لە باتڵ) کە ئێوە و هەموو پێشینانمان کۆ کردۆتەوە ﴿٣٨﴾ ئەگەر لە ڕاستمندا چارە و فێڵێکتان بۆ هەیە دەکارن بە کاری بەرن ﴿٣٩﴾ لەو ڕۆژەدا وای بۆ بەدرۆخەرەوان ﴿٤٠﴾ خۆپارێزان لە بن سێبەرەکان و (لەسەر) کانیاوەکانن ﴿٤١﴾ میوەگەلێ هەر چەندی کە بیانەوێ و ئارەزووی بکەن ﴿٤٢﴾ بە پاداشی کارگەلێ کە کردووتانە، بخۆن و بخۆنەوە، نۆشتان بێ ﴿٤٣﴾ ئێمە ئابەمجۆرە بە کارچاکان پاداش ئەدەینەوە ﴿٤٤﴾ لەو ڕۆژەدا وای بۆ بەدرۆخەرەوان ﴿٤٥﴾ بخۆن و لەم ماوە کەمە(ی دنیا) لەزەت ببەن، ئێوە تاوانبارانن ﴿٤٦﴾ لەو ڕۆژەدا وای بۆ بەدرۆخەرەوان ﴿٤٧﴾ کاتێ پێیان بگوترێ: کرنۆش و ڕوکووع ببەن، ناچنە کرنۆش ﴿٤٨﴾ لەو ڕۆژەدا وای بۆ بەدرۆخەرەوان ﴿٤٩﴾ (ئەگەر ئەوانە بەم قورئانە بڕوا نەهێنن)، دەسا ئەوان پاشی قورئان بە کێهە قسە بڕوا دەکەن ﴿٥٠﴾

# سوورەی نەبەء: نووچە ٤٠ ئایەتە

**سوورەی نەبەء لە مەککە هاتۆتە خواریّ و بە (بسم‌الله)وە ۴۰ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

لە چ شتیّ لە یەکدی دەپرسن ﴿۱﴾ لە هەواڵێکی گەورە (لە ڕۆژی بەریّ) ﴿۲﴾ ئەوەی کە ئەوان لەودا جیاوازییان تێیدا هەیە و لەسەری مشتومڕیانە ﴿۳﴾ نەخێر (هیچ پرسی پیّناویّ) ﴿۴﴾ هەمیسان (پرسی پیّناویّ) بەڵیّ دووبارە دەزانن (کَلّا حەرفی ڕەدعە و بە واتای نەفی یا نەهیە، سەبارەت بە مەبەستی پێشووی، یا تەئکید، یا بە واتای «الا»ی ئیستفتاحیە، یا حەرفی جوابە و بە مەنزەلەی نەعەمە – مجمع‌البحرین و...) ﴿۵﴾ ئایا زەویمان نەکردۆتە ڕایەخ و جێی ئارام گرتن (بۆ ئێوە)؟ ﴿۶﴾ (ئایا) کێوەکانیش (مان نەکردۆتە) سینگ و گوڵمێخ؟ ﴿۷﴾ ئێوەمان جووت بەدیهێنا ﴿۸﴾ خەوی ئێوەمان کردە هۆی حەسانەوەتان ﴿۹﴾ شەومان کردە پۆشاک (بۆ ئێوە) ﴿۱۰﴾ ڕۆژیشمان کردە هۆ بۆ بە دەس هێنانی پیّبژیو ﴿۱۱﴾ بە بان سەرتانەوە حەوت (ئاسمانی) پتەومان دانا ﴿۱۲﴾ کردمانە چرایەکی فرە بەورشەی ڕووناک و بەتین کە بەدیمان هێنا ﴿۱۳﴾ لە هەوری بارانزا، ئاوی زۆر خوڕمان باراند ﴿۱۴﴾ تا بە هۆی ئەوە دانەوێڵە و ڕووەک گژوگیا شین بکەین ﴿۱۵﴾ باغگەلی پڕ داری چڕوپڕ ﴿۱۶﴾ ڕۆژی جیاکردنەوە و هەڵاواردن وەختی بۆ دیاری کراوە ﴿۱۷﴾ ڕۆژیّ کە فوو دەکریّ بە کەڵەشاخ و شەیپووردا، جا ئێوە دەستەدەستە دێن (بۆ مەیدانی مەحشەر) ﴿۱۸﴾ ئاسمان دەکرێتەوە، جا دەبێتە درگا درگا ﴿۱۹﴾ کێوەکانیش لە شوێنی خۆیان خزێنراون گشتی بوونەتە تراویلکە (و بەرق دەدا و لە ئاو دەچیّ) ﴿۲۰﴾ بیّشک دۆزەهـ بەرەگە و کەمینگایە ﴿۲۱﴾ بۆ یاغییان جێگەی گەڕانەوە و مەنزڵگەیە ﴿۲۲﴾ ماوەیەکی زۆر لەوێدا دەمیننەوە ﴿۲۳﴾ لەویّ نە شتیّ فێنک دەچێژن و نە خواردنەوەیەکی خۆش لەوێدا؛ نە خەو دەچێژن نە وەخوارن (بَرْد: خەو، سارد) ﴿۲۴﴾ مەگەر ئاوی کوڵیو و زووخاو ﴿۲۵﴾ پاداشێکە بەرانبەر (بۆ کردەوەی ئەوان) ﴿۲۶﴾ ئەوانە هیوایان نەبوون لیّپرسینەوەیەک هەبیّ ﴿۲۷﴾ بە سەختی نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دەخستەوە ﴿۲۸﴾ ئێمە ژمارەی هەموو شتێکمان ڕاگرتووە و (لە کتێبێکدا) نووسیوە ﴿۲۹﴾ جا بچێژن کە هەرگیز بێجگە لە ئازار، شتێکتان بۆ زیاد ناکەین ﴿۳۰﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



بۆ خۆپارێزان جێگەی بە ئاوات گەیشتن و سەرکەوتن و ڕزگار بوون هەیە ﴿٣١﴾ باغگەلێ ڕازاوە و ترێگەلێ جۆربەجۆر ﴿٣٢﴾ کیژانی هاوتەمەنی مەمک خڕ و تازە پێگەیشتوو ﴿٣٣﴾ جامی پڕ ﴿٣٤﴾ لەوێدا نە قسەی هەوانتە و قازانج و قسەی مفت و هیچوپووچ دەبیسن، نە یەکتریش بە درۆ دەخەنەوە ﴿٣٥﴾ خەڵاتێکی پەروەرندەی تۆیە، بەخششی بە سەروبەریشە ﴿٣٦﴾ پەروەرێنەری ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوان ئەو دووانەدایە، ئەو خوای ڕەحمانە کە هیچ کەس بێ ئیجازەی ئەو مافی دواندن و قسە کردنی بۆ نییە ﴿٣٧﴾ ڕۆژێ کە ڕۆح (جوبرەئیل) و مەلائیکە بە ڕیز ڕادەوەستن و هیچیان ناخێون و قسە ناکەن، مەگەر ئەوەی کە خوای ڕەحمان ئیجازەی دابێ و (ئەویش) بە ڕاستی و چاکە قسە بکا ﴿٣٨﴾ ئەو ڕۆژە بەرهەقە، جا هەرکەس بیەوێ ڕێگای گەڕانەوە بۆ لای پەروەرێنەری دەگرێتە بەر ﴿٣٩﴾ ئێوە لە جەزرەبە و عەزابێکی نێزیک ئەترسێنین، ڕۆژێ کە مرۆڤ هەرچی لە بەرا ناردوویەتی، بیبینێ، کافر بڵێ: خۆزگە خاک و خۆڵ بوایەم ﴿٤٠﴾

## سوورەی نازیعات: گیانکێشان ٤٦ ئایەتە

**سوورەی نازیعات لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۴۶ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بە مەلائیکە کە گیانی تاوانباران بە توندی دەردەکێشن ﴿١﴾ سوێند بە مەلائیکەگەلێ کە بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی خوا، خێرا بۆی دەڕۆن ﴿٣﴾ جا سوێند بە مەلائیکەکان کە پێش دەکەون ﴿٤﴾ جا سوێند بەوانە کە بە ڕا و تەگبیر و ڕاوێژ کار دەکەن ﴿٥﴾ ڕۆژێ کە بوولەرزە هەموو شتێک سەخت دەخاتە لەرزەلەرز ﴿٦﴾ دوا بە دوای ئەوە، ڕووداوی دووەم ڕوو ئەدا ئیتریشی بە دوودا دێ ﴿٧﴾ لەو ڕۆژەدا دڵگەلێ سەخت هەراسان و پەرێشانە ﴿٨﴾ چاویان سیس و کز لە ترسا بەر دراوەتەوە ﴿٩﴾ دەڵێن: ئایا بۆ ژیانی دووبارە دەمانگێڕنەوە ﴿١٠﴾ ئایا کاتێ بووینە ئێسکی پوواو (ئەشێ زیندوو بینەوە) ﴿١١﴾ دەڵێن: ئەم گەڕانەوەی ئێمە لەو کاتەدا، گەڕانەوەیەکی دۆڕاو و زیانایییە ﴿١٢﴾ جا ئەو گەڕانەوە تەنیا بە یەک نارەتە و هاوار ئەنجام ئەبێ ﴿١٣﴾ جا لە ناکاو ئەوانە بێدار لەو بیابانەن (١٤) ئاخۆ بەسەرهاتی مووسات بۆ هاتووە ﴿١٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئەودەمە کە پەروەرێنەری لە شیوەڵی پیرۆزی «طوی» بانگی کرد (و پێی وت:) ﴿١٦﴾ بڕۆ لای فیرعەون ﴿١٧﴾ جا پێی بڵێ: ئایا گەرەکتە و ئەتەوێ پاک بیەوە ﴿١٨﴾ تۆ ڕێنوێنی بکەم بۆ لای پەروەرێنەرت، جا پەروا بکە ﴿١٩﴾ مووسا نیشانەیەکی گەورەی پیشاندا ﴿٢٠﴾ (فیرعەون) ئەوی بە درۆ دانا و نافەرمانی کرد ﴿٢١﴾ لە پاشان پشتی تێکرد و هەمیشە ئەکۆشا ﴿٢٢﴾ جا هەموو جادووگەر و ساحیرەکانی خڕکردەوە و هاواری لە خەڵک کرد ﴿٢٣﴾ وتی: من پەروەرێنەری هەرە بەرزتری ئێوەم؟ ﴿٢٤﴾ جا خوا ئەوی بە جەزرەبە و عەزابی دنیا و ئاخیرەت گرت ﴿٢٥﴾ لەمەدا دەرس و پەندێ بۆ ئەوانەی کە لە خوا ئەترسن هەیە ﴿٢٦﴾ ئاخۆ چێ کردن و ئافراندنی ئێوە (دوای مەرگ) سەختترە یا ئاسمانێ کە خوا بینای ناوە ﴿٢٧﴾ قەوارە و میچەکەی بەرز کردۆتەوە، جا ئەوی ساف و تەکووز و لەبار کردووە ﴿٢٨﴾ شەوەکەی تاریک و چێشتەنگاو و ڕۆژەکەی ئاشکرا کرد ﴿٢٩﴾ لە دوای ئەمە ئەم زەوییەی بە بڵدانەوە پانکردەوە و ڕایخست ﴿٣٠﴾ ئاوی لێدەرخست (هێنایە سەر عەرز) و لەوەڕگەی بەدیهێنا (و ئامادەی کرد) ﴿٣١﴾ کێف و چیای پتەوی لێدامەزراند ﴿٣٢﴾ بۆ کەڵک وەرگرتنی ئێوە و ئاژەڵەکانتان (وشتر، بزن، مەڕ، گا و گوێز) ﴿٣٣﴾ جا هەر وەختیش بەڵای هەرە گەورە کە هات ﴿٣٤﴾ ڕۆژێ کە مرۆڤ هەموو کردەوەی خۆی دێنێتەوە بیر ﴿٣٥﴾ دۆژەه بۆ هەرکەس کە دەبینێ، ئاشکرا دەکرێ ﴿٣٦﴾ جا ئەو کەسەی کە یاغی بووە ﴿٣٧﴾ ژیانی ئەم دنیایەی هەڵبژاردبێ ﴿٣٨﴾ دۆژەه جێیەتی ﴿٣٩﴾ بەڵام هەرکەس کە لە گەورەیی پەروەرێنەری ترساوە و نەفسی خۆی لە هەوا و هەوەس گێڕاوەتەوە ﴿٤٠﴾ بەهەشت جێیەتی ﴿٤١﴾ لەبابەت قیامەتەوە لە تۆ دەپرسن کە چ دەمێ ڕوو ئەدا؟ ﴿٤٢﴾ تۆ چ کارت بە وتنی وەختی ئەوە ﴿٤٣﴾ سەرەنجامی زانستی لای پەروەرێنەرتە ﴿٤٤﴾ تۆ تەنیا ترسێنەری کەسانێکی کە لەوە دەترسن ﴿٤٥﴾ ڕۆژێ کە چاویان بە قیامەت دەکەوێ، وا دەزانن بەدەر لە ئێوارەیێ یا چێشتانێک (زیاتر) نەماونەتەوە ﴿٤٦﴾

## سوورەی عەبەسە: گرژبوون ٤٢ ئایەتە



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



## سوورەی عەبەسە لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٤٢ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

خۆی گرژ و تاڵ و ترش کرد و ڕووی وەرسووڕاند ﴿١﴾ کە بێچاوەکە هاتە لای ﴿٢﴾ تۆ چووزانی، بەڵکوو ویستی پاک بێتەوە ﴿٣﴾ یا پەند بگرێ و ئەو پەندە کەڵکی بۆی هەبێ ﴿٤﴾ بەڵام ئەو کەسەی کە بێ نیازە ﴿٥﴾ جا تۆ ڕوو لەوە دەکەی خۆی پێوە ماندوو دەکەی ﴿٦﴾ لە حاڵێکدا ئەگەر ئەو خۆی پاک نەکاتەوە، شتێ بە ئەستوی تۆ نییە ﴿٧﴾ بەڵام ئەوەی بە هەڵەداوان بۆ لای تۆ دێ ﴿٨﴾ لە خوایش دەترسێ ﴿٩﴾ جا تۆ لەو غافڵ دەبی (لەگەڵ یەکێ ترا گەرمی دەگری) ﴿١٠﴾ قەت وامەکە چون ئەم نیشانانە (کە لە قورئاندان) بیرەوەری و پەندن ﴿١١﴾ هەرکەس کە بیەوێ ئامۆژگاری و پەندی لێ وەردەگرێ ﴿١٢﴾ لە پەڕە و پەڕاوگەلێ بەرێزدا (نووسراوە) ﴿١٣﴾ پەڕەگەلێ بەرز و پاک ﴿١٤﴾ بە دەس ڕاسپاردەگەلێکەوەیە ﴿١٥﴾ پلەبەرز و فەرمانبەر و کارچاک ﴿١٦﴾ دەک ئەو مرۆیە بە کوشت چێ کە هیچی لە چاودا نییە چیها سپڵە و ناسپاسە؟ (قتل الانسان بە فەرمودەی زەمخشەری خراپترین نفرینە ئەونەی مەرگ بووبێ) ﴿١٧﴾ (خوا) ئەوەی لە چ شتێک بەدی‌هێنا ﴿١٨﴾ ئەوی لە دڵۆپێک و لە نوتفەیەک خولڤاندووە، جا بە ئەندازە ئەوی بەدی‌هێناوە ﴿١٩﴾ لە پاشان ڕێگای بۆ خۆش و ئاسان کرد ﴿٢٠﴾ لە پاشان مراندی و لە گۆڕی خست ﴿٢١﴾ لە پاشان هەرکاتێ کە بیەوێ زیندووی دەکاتەوە ﴿٢٢﴾ بەڵام نەخێر، هێمان ئەوەی فەرمانی پێدابوو بە جێی نەهێناوە ﴿٢٣﴾ جا مرۆڤ با بنوارێتە خۆراکی خۆی ﴿٢٤﴾ ئێمە ئەم بارانەمان باراند بە ڕێژەو ﴿٢٥﴾ لە پاشان زەویمان لەت لەت کرد چ لەت کردنێ ﴿٢٦﴾ جا دانەوێڵەمان لەودا شین‌کرد ﴿٢٧﴾ ترێ و سەوزی خواردەمەنی ﴿٢٨﴾ بنە دارە زەیتوون و دارە خورما ﴿٢٩﴾ باغانی ڕازاوەی پڕدار ﴿٣٠﴾ میوە و گژوگیا ﴿٣١﴾ تا بۆ ئێوە ئاژەڵەکانتان ببێتە خۆراک ﴿٣٢﴾ جا کاتێ بانگی گرمەی گورزی قیامەت هات ﴿٣٣﴾ ڕۆژێ کە مرۆڤ لەبەر برای خۆی ڕادەکا ﴿٣٤﴾ لەبەر دایک و باوکیش (ڕادەکا) ﴿٣٥﴾ لەبەر ژن و منداڵیشی ﴿٣٦﴾ بۆ هەرکەس لەوانە لەو ڕۆژەدا کارێ هەیە کە پێوەی خەریکە نای پەرژێتە سەر کەسێ‌تر ﴿٣٧﴾ دەموچاوگەلێ هەن کە سوور و سپی دیاری دەدەن ﴿٣٨﴾ دەم بە پێکەنین و شادن ﴿٣٩﴾ دیمگەلێکیش هەن کە لەو ڕۆژەدا خەفەتبار و تۆزی مەینەتی لێبارە ﴿٤٠﴾ قورم و ڕەشایی دووکەڵ ئەوانی گرتووە ﴿٤١﴾ ئەمانەن خوانەناسان و کافرانی خراپکار ﴿٤٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دكتورسا لح ئیبراهیمی



# سوورەی تەکویر ۲۹ ئایەتە

## سوورەی تەکویر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۲۹ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دلّاوێن.

ئەو کاتە کە ڕۆژ تۆ پەلّکرا تاریک و ڕەش و بێ‌تیشک بو ﴿۱﴾ ئەو کاتە کە ئەستێرەکان ڕژان و تاریک بوون ﴿۲﴾ ئەو کاتە کە کێوەکان دەخرێنە بزوتن و ڕۆیشتن ﴿۳﴾ ئەو کاتە کە وشترانی لە سەرزان بەرەڵلاو بێ خێوکران ﴿۴﴾ هەروەختێ بوونەوەرو لاوڕە کێوی و وەحشی و جروجانە وەرە کان کۆکرانەوە ﴿۵﴾ هەلێ؛ وەختێ هەموو زەریا کان هەڵچون و تێکەڵ بەیەک بوون و گڕیان گرت ﴿۶﴾ وەختێ هەمووگیاندارەکان ولف و جوتی یەکبون ﴿۷﴾ ئەو کاتەکە لە دۆست و کچانی زیندە بە گۆڕکراو پرسیار کرا ﴿۸﴾ بە چ تاوانێک کوژراون ﴿۹﴾ ئەو کاتە کە پەڕاوەکان (تۆماری کردەوەکان) کرانەوە ﴿۱۰﴾ ئەو کاتە کە ئاسمان لە جێی خۆی لابرا ﴿۱۱﴾ ئەو کاتەکە دۆژەهگرێ گرت و بلّیسەی داوە ﴿۱۲﴾ ئەوکاتە کە بەهەشت خرا پێش و نێزیک کراوە ﴿۱۳﴾ هەموو کەسێک دەزانێ چی ئامادە و حازر کراوە ﴿۱۴﴾ سا سوێند دەخۆم بەو هەسارەگەڕۆ کانە ﴿۱۵﴾ خول دەخۆن و لە جێی خۆیان ونن ﴿۱۶﴾ سوێند بەم شەوە کاتێ کە تاریک دەبێ ﴿۱۷﴾ سوێند بەم بەرزەبەیانە، کاتێ کە هەناسەی سپێدە ئەدا ﴿۱۸﴾ ئەوە (قورئان) قسەی ڕەوانەکراوێکی بەرێزو کەریمە ﴿۱۹﴾ خاوەن هێزە، لای خوای عەرش، خاوەن پایەو پلەیە و جێدارە ﴿۲۰﴾ قسەی بڕەودارو جێی متمانە و دڵنیاییە ﴿۲۱﴾ یاری ئێوە (پێغەمبەر) شێت و لێوە نییە ﴿۲۲﴾ بە هەقیقەت ئەوەی ڕەسووڵی خوا لە ئاسۆ بە ئاشکرا دیوە ﴿۲۳﴾ لە درکاندنی نادیارو نهێنیش ڕژدوچکوس و چنۆک نییە ﴿۲۴﴾ ئەم قورئانە قسەی شەیتانی ڕەجیم نییە ﴿۲۵﴾ ئەی بۆ کوێ دەچن؟ ﴿۲۶﴾ ئەم قورئانە تەنیا پەند و یاداوەری یەکە، بۆ جیهانیان ﴿۲۷﴾ بۆ هەرکەس لە ئێوە کە بیهوێ بکەوێتە سەر ڕێگای ڕاست ﴿۲۸﴾ بەویستی ئێوەش نییە مەگەر خوای پەروەرندەی گشت جیهانیان، خۆی حەز بکا و بیەوێ ﴿۲۹﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



## سوورەی ئینفیتار: قەڵەشان ١٩ ئایەتە

**سوورەی ئینفیتار لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٩ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئەو کاتە کە ئاسمان (کوراتی ئاسمانی) بقەڵشێ و لەت لەت بێ ﴿١﴾ ئەو کاتە کە ئەستیرەکان بڵاو بنەوە و برژێنە خوارێ ﴿٢﴾ ئەو کاتە کە زەریاکان تەقین و لێکدران ﴿٣﴾ ئەو کاتە کە قەبرەکان ژێرورِوو کران ﴿٤﴾ لەو رۆژەدا هەموو کەسێ دەزانێ چی لە پێشا ناردووە و چی بۆ دوایی هێشتۆتەوە ﴿٥﴾ ئەی مرۆڤ! چ شتێک تۆی لەبابەت پەروەرێنەری بەرێز و کەریمت هەڵخراند و بادیهەوا کرد ﴿٦﴾ ئەو خوایەی کە تۆی بەدیهێنا، جا ئەندامتی وێکخست و رێکوپێکی کردی ﴿٧﴾ بە هەر وێنەیەک کە خۆی ویستی ئەندامی تۆی پێکەوە لکان (ما لە ماشاء زیادە) ﴿٨﴾ وانیە، بەڵکوو ئێوە رۆژی جەزا و دین، حاشا و ئینکار دەکەن ﴿٩﴾ لە حالێکدا چەن کێشکچی لەسەر ئێوەن ﴿١٠﴾ نووسەرانی بەرێز و بەرز ﴿١١﴾ ئەزانن ئەوەی کە ئێوە دەیکەن ﴿١٢﴾ کارچاکان لە ناز و نیعمەتدان ﴿١٣﴾ تاوانبار و گوناحکاران لە دۆژەهدان ﴿١٤﴾ لە رۆژی جەزا لەوێدا دەسووتێن ﴿١٥﴾ قەتیش لێی دوور و نادیار نابن ﴿١٦﴾ تۆ چوزانی رۆژی دین و جەزا چییە ﴿١٧﴾ هەمیسان تۆ چووزانی رۆژی جەزا و سزا چییە ﴿١٨﴾ رۆژێکە کە هیچ کەسێ بۆ کەسێتر کارێکی پێ ناکرێ و هیچی بە دەس نییە، تەواوی کاروبار لەو رۆژەدا تایبەت بە خوایە ﴿١٩﴾

## سوورەی موتتەفیفین: کەم‌فرۆشان ٣٦ ئایەتە

**سوورەی موتتەفیفین لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣٦ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

وەی هاوار بۆ کەم‌فرۆشان ﴿١﴾ ئەو کەسانەی بە پێوانە شتێ لە خەڵکی دەکرِن دەبێ بێ کەمایەسی هەموویان پێبدرێ ﴿٢﴾ هەرکاتێ خۆشیان کە بۆ خەڵکی دیکە بە کیلە دەپێون یا بۆیان دەکێشن، لێی کەم دەکەن و زیانیان لێدەدەن ﴿٣﴾ ئایا ئەوانە نازانن و بروایان نییە کە زیندوو دەکرێنەوە ﴿٤﴾ لە رۆژێکی بەسام و گەورەدا ﴿٥﴾ رۆژێ کە خەڵک لە بارەگای پەروەرێنەری جیهانیان رادەوەستن ﴿٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



نەخێر باوەڕ بەمە ناکەن، با بزانن نامەی کردەوەی بەدکاران لە قولآیی سجِّین دۆزەخدایە ﴿٧﴾ تۆ چوزانی کە سیججین چیە؟ ﴿٨﴾ کتێب و نامەیەکی نووسراوە ﴿٩﴾ وەی هـاوار؛ لەو ڕۆژەدا بـۆ بەدرۆخەرەوان ﴿١٠﴾ کەسـانێ کە ڕۆژی جەزا و دیـن بە درۆ دائەنـێن ﴿١١﴾ هەر ملهـوڕی تاوانبـاریش ئەوەی بەلاوە درۆیە ﴿١٢﴾ کەسـێ کە هەرکـاتێ نیشـانەکانی ئـێمەی بەسـەرا بخوێندرێتەوە، دەڵێ: ئەمە چیرۆک و ئەفسانەی پێشینانە ﴿١٣﴾ وایش نییە کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە، بەڵکوو بە هەقیقەت کردەوەیان هەروەکوو ژەنگ، دڵ و دەروونی گرتون ﴿١٤﴾ بەڵـێ (هەقە) ئەوانە لەو ڕۆژەدا لە نیعمەتی پەروەرێنەریان بێبەشن ﴿١٥﴾ لەئـا کامـائەوان دەچـنە نێو دۆزەهــ و دەسـووتێن (گـڕ دەگـرن) ﴿١٦﴾ لە پاشـان بەوانە دەوتـرێ: ئەمەیە ئەوەی کە بە درۆتان دەزانی ﴿١٧﴾ وا نییە کە ئەوانە خەیاڵ دەکەن، نامەی کردەوەی چاکان لە (عِلِّیـین)دایە ﴿١٨﴾ تۆ چوزانی کە علّیین چییە ﴿١٩﴾ کتێب و نامەیەکە نووسراوە ﴿٢٠﴾ کە نێزیکانی خوا شایەدی ئەوەن و بۆی دەڕوانـن ﴿٢١﴾ بێگومـان چاکـان لە نـاز و خۆشـی و نیعمەتـدان ﴿٢٢﴾ لەسەر تەختگەلـی جـوانی بەهەشـت پاڵـیان داوەتەوە و دەڕوانـنە جـوانی بەهەشـت ﴿٢٣﴾ لە دەموچاویاندا شادی و ناز و خۆشی و تەڕ و بەل و ناسـک و لاو؛ تەڕ و تـازە و نـیعمەت دەبینـی ﴿٢٤﴾ ئەوانە لە بادەی زولاڵی دەس لێنەدراو و سەربەسراو خۆشی، تێراو دەکرێن ﴿٢٥﴾ مۆری سەری لە میشکە، جا ئەوانەی کە دەبێ پێشدەستی بکەن، بـا لەمەدا لە یەکتـر پـێشدەسـتی بکەن و خۆ پێش بخەن ﴿٢٦﴾ ئەم شەرابە (پاکە) لەگەڵ تەسنیم لێک دراوە ﴿٢٧﴾ کانیـاوێکە کە نێزیکـان (ی خـوا) لێـی دەخـۆنەوە (عینـا تەمیـزە بـۆ تسـنیم) ﴿٢٨﴾ بێگومـان کەسـانێ کە تاوانیــان کــردووە، (لە دنیــادا) بە بــڕواداران پێــدەکەنین ﴿٢٩﴾ هەرکــاتێ کە بەلای ئەوان (بڕواداران)دا تێئەپەڕین چاویان لە یەکتر دادەگرت و بە ئیشـارە گاڵتەیـان پـێدەکـردن ﴿٣٠﴾ هەرکاتێ دەگەڕانەوە لای خزم و کەسیان بە جەفەنگ و گاڵتە و گەپ دەیانگێڕاوە ﴿٣١﴾ کاتێ چاویان بەوان (بڕواداران) دەکەوت، دەیانوت: ئەمانە لاڕێن ﴿٣٢﴾ هیچ کامیش ڕانەسپێرابوون لەوان (بـڕواداران) چـاوەدێری و پارێزگـاری بـکەن ﴿٣٣﴾ جـا ئەمـڕۆ بـڕواداران بە کـافران و خوانەناسان پێدەکەنن ﴿٣٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



لە بـانی تەختەکـانەوە چـاو دەگێـڕن ﴿٣٥﴾ ئـاخۆ خوانەناسـەکان پاداشـی کـردەوەی خۆیـان وەرگرتوە؟ ﴿٣٦﴾

## سوورەی ئینشیقاق: تەرەك بردن ٢٥ ئایەتە

**سوورەی ئینشقاق لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٥ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

هەروەختێ ئاسمان تەرەکی برد و قلّیشا ﴿١﴾ گوێی داوەتە فەرمانی پەروەرێنەری، شیاوە کە وا بێ ﴿٢﴾ هەروەختێ زەوی پان ڕاخرا ﴿٣﴾ هەرچی لە دەروونی فڕێدا و هیچی لە نێودا نەما ﴿٤﴾ گوێی داوەتە فەرمانی پەروەرێنەری، شیاوە کە وا بێ ﴿٥﴾ ئەی مرۆڤ! تۆ بە تەقالا و ڕەنج بەرەو لای پەروەرێنەرت لە حالّی ڕۆیشتندای، جا دەچیە دیداری ئەو ﴿٦﴾ کەسێ کە نامەی کردەوەی دراوەتە دەستی ڕاستی ﴿٧﴾ لەوە بەولا پرسیاری کەم و ئاسانی لێ‌دەکرێ ﴿٨﴾ بە شادی و خۆشی دەگەڕێتەوە نێو کەس‌وکاری ﴿٩﴾ بەڵام کەسێ کە لە لای پشت سەریەوە نامەی کردەوەی دراوەتێ ﴿١٠﴾ بە زوویی هاواری لێ هەڵدەستێ و ئارەزووی تیاچوون دەکا ﴿١١﴾ (ڕادەکێشرێت) لە نێو ئاگری بەکڵپە و توێنەر و دەسووتێ ﴿١٢﴾ ئەو لە دنیا لە نێو خاووخێزانیدا شاد و خۆش بوو ﴿١٣﴾ بێ‌گومان ئەو وای دەزانی کە هەرگیز ناگەڕێتەوە ﴿١٤﴾ بەڵێ، بەڕاستی پەروەرێنەری بەو بینا بووە ﴿١٥﴾ سوێند بە سوورایی دەوری ئاسۆ: شەفەق ﴿١٦﴾ سوێند بە شەو و بە هەرچی کە کۆی دەکاتەوە و دایەپۆشێ ﴿١٧﴾ سوێند بە مانگ، کاتێ دەبێتە چاردە و پڕ دەبێ ﴿١٨﴾ کە ئێوە بە دایمی لە حالێکەوە دەچنە حالێ ترەوە ﴿١٩﴾ جا چییانە کە وا بڕوا ناهێنن ﴿٢٠﴾ هەرکاتێ کە قورئانیان بەسەردا دەخوێندرێتەوە، کڕنۆش و سوژدە نابەن ﴿٢١﴾ بەڵکوو ئەوانەی کە کافر بوون (هەمیشە نیشانەکانی خوا) بە درۆ دادەنێن ﴿٢٢﴾ خوا بەوەی کە لە دڵ و دەروونـدا دەیشارنەوە ئاگا و زاناترە ﴿٢٣﴾ جا بە عەزابی دەرداوی مزگێنییان بدەرێ ﴿٢٤﴾ مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان ئەنجام داوە کە بۆ ئەوان پاداشی بێ‌پایان هەیە ﴿٢٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



# سوورەی برووج ٢٢ ئایەتە

## سوورەی برووج لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٢ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بە ئاسمان کە کەلوو و برج و کۆشکی زۆری هەیە ﴿١﴾ سوێند بە ڕۆژی بەڵێن پێدراوی دیاریکراو ﴿٢﴾ سوێند بە شایەدیدەر (پێغەمبەر)، ئەوەی شایەدی لەسەر ئەدرێ یا بینەر و بەوەیش کە دێتە بەرچاو ﴿٣﴾ کوژران خاوەنی خەندەک لێدەران و چاڵ ﴿٤﴾ هەر نێڵەی بوو گڕی بەرزی ئاگری بلێسەدار لە دار و چرپی ئاگربەران ﴿٥﴾ کاتێ ئازاردەران لای ئاگرەکە دانیشتبوون (و چاوەڕوانی ئازاردان بوون) ﴿٦﴾ چاوەدێری ئەو کارانەیش بوون کە لە بارەی بڕوادارەکانیان دەکرد ﴿٧﴾ تەنیا بۆیەش لەوانە بە ڕقدا چووبوون، هەر چونکا بڕوایان بە خوای فرە بەدەسەڵاتی حەمید هێنا ﴿٨﴾ ئەو خوایەی کە موڵک و دەسەڵاتی ئاسمانەکان و زەوی تایبەت بەوە، خوا ئاگای لە هەموو شتێک هەیە ﴿٩﴾ ئەوانە کە پیاوانی بڕوادار و ژنانی بڕواداریان ئازاردا (و سووتاندیان) و تۆبەشیان نەکرد، هەر بۆ ئەوانە عەزابی دۆژەهە، هەر بۆ ئەوانیشە تەواو سوتاوی شواتەی عەزابی سووتێنەر ﴿١٠﴾ بۆ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان ئەنجام داوە، بەهەشتگەلێ هەیە کە ئاو بە بن دارەکانیدا تێدەپەڕێ، ئەمە سەرکەوتێکی گەورەیە ﴿١١﴾ قار و قین‌گرتن و هەڵمەت بردنی پەروەرێنەرت زۆر سەختە ﴿١٢﴾ هەر ئەوە کە لە سەرەتاوە دەس ئەکا بە بەدیهێنان، هەر ئەویشە دوای مەرگ زیندوو دەکاتەوە و دەگێڕێتەوە ﴿١٣﴾ هەر ئەویشە بەخشەر و پڕفیان و میهرەوان ﴿١٤﴾ خاوەنی تەختی بەقەدر و چاکە ﴿١٥﴾ فرە بەکارە هەرچی بیەوێ، ئەنجامی ئەدا ﴿١٦﴾ ئایا قسە و باسی شەڕ و لەشکرت پێ گەییوە و بیستووتە ﴿١٧﴾ لەشکری فیرعەون و سەموود ﴿١٨﴾ بەڵێ، ئەوانەی کە کافر بوون، هەروا لە بەدرۆ خستنەوەی هەقدان ﴿١٩﴾ خوا لە لای پشتەوەیانڕا دەوری داون ﴿٢٠﴾ (ئەمە جادوو یا درۆ نییە) بەڵکوو قورئانی شەریف و چاکە ﴿٢١﴾ کە لە تەتەڵەی پارێزراودایە ﴿٢٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

## سوورەی تاریق

**سوورەی تاریق لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله) وە ٢٢ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سوێند بە ئاسمان و بە کوتێنەر کە شەو خۆ رادەنێ ﴿١﴾ تۆ چووزانی کوتێنەری شەوگەڕ چییە؟! ﴿٢﴾ ئەستێرەکەی تیشکدەرە ﴿٣﴾ هیچ کەسێ نییە، مەگەر ئەوەی چاوەدێر و پارێزەرێکی بە سەرەوەیە و هەر گیانلەبەرێ نیگاوانی هەیە ﴿٤﴾ جا دەبێ مرۆڤ بنوارێ کە لەچی خەڵق کراوە ﴿٥﴾ لە ئاوی بە فرکە و فیشقە خوڵقاوە ﴿٦﴾ ئاوێ کە لە نێوان مۆغەرەی پشت و بەرملان و پەراسووی سینگەوە دێ ﴿٧﴾ خوا لەسەر گێڕاندنەوەی ئەو بەوزەیە ﴿٨﴾ رۆژێ کە نهێنییەکان ئاشکرا و خۆیا دەکرێن ﴿٩﴾ بۆ ئەو هیچ هێز و یارمەتیدەرێک نییە ﴿١٠﴾ سوێند بەو ئاسمانەی ئاو هەڵدەگرێ و دەیبارێنێتەوە ﴿١١﴾ سوێند بە زەوی خاوەن درز و شینکە ﴿١٢﴾ بەڕاستی ئەم (قورئانە) قسەیەکە جیاکەری هەق و باتڵە ﴿١٣﴾ شۆخی و گاڵتە و کەپ لاف و لاقردیش نییە ﴿١٤﴾ ئەوانە بۆ بەرگیری کردن لەو خەریکن گزی و فزی دەکەن ﴿١٥﴾ منیش چارەی گزی کردنیان دەکەم ﴿١٦﴾ جا تۆ ماوەی ئەم دینەدوژمنانە بدە کەمێکیان لێ راوەستە ﴿١٧﴾

## سوورەی ئەعلا

**لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٩ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ناوی پەروەرێنەری هەرە بەرز و گەورەی خۆت بە پاکی ببە ﴿١﴾ ئەو خوایەی کە خەڵقی کرد، جا رێک و دروست ئەندامی کرد ﴿٢﴾ ئەو زاتەی کە ئەندازەی گرت، جا رێنوێنی کرد ﴿٣﴾ ئەو کەسەی کە چایەر و لەوەرگەی بەدی‌هێنا ﴿٤﴾ کردیە شینی ئامال رەشی وشک و پووش و پەڵاش ﴿٥﴾ ئێمە بە زوویی (قورئانت) پێ دەخوێنینەوە ئیتر لە بیرت ناچێتەوە دیار و نادیار دەزانی ﴿٧﴾ لەبەریشت ئاسان دەکەین هەتا هاسانترین رێگا پەیدا بکەی ﴿٨﴾ جا ئەگەر ئامۆژگاری کەڵکی هەبێ، ئامۆژگاری خەڵکی بکە ﴿٩﴾ بە زوویی ئەوەی دەترسێ پەند وەردەگرێ ﴿١٠﴾ بێبەختترین تاک لەوە دووری دەکا ﴿١١﴾ ئەو کەسەی کە رادەکێشرێتە نێو ئاگری بەتینی گەورە ﴿١٢﴾ لە پاشان لەوێدا نە دەمرێ و نە زیندوو دەبێتەوە ﴿١٣﴾ کەسێ کە خۆێ پاک بکاتەوە رزگارە ﴿١٤﴾ نێوی پەروەرندەی هێنا و نوێژی کرد ﴿١٥﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



بەڵکو، ئێوە ژیانی ئەم دنیایە هەڵدەبژێرن و دەیخەنە پێشەوە ﴿١٦﴾ کەچی ژیانی ئاخیرەت باشتر و خێر و پێزی بەردەوامترە ﴿١٧﴾ ئەم قسە و دەستوورانە لە کتێبە ئاسمانییە پێشووەکاندا هاتووە ﴿١٨﴾ لە کتێبەکانی ئیبراهیم و مووسادا ﴿١٩﴾

## سوورەی غاشیە

**سوورەی غاشیە لە مەککە هاتۆتەخوایَ و بە (بسم‌الله)وە ٢٦ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئایا قسەی غاشیە (بەڵای گەورەی ڕۆژی بەریَ) بە تۆ گەییوە (و بیستووتە چەن ڕۆژێکی داپۆشەر و سەختە)؟ ﴿١﴾ لەو ڕۆژەدا ترس لە دەموچاوگەلێ دەبارێ کە ڕوخساریان ڕەنگپەڕیو و بزرکاون ﴿٢﴾ کۆشەر و ڕەنجدیون (و نەتیجەیان نەگرتووە) ﴿٣﴾ (دەسووتێن و) ڕادەکێشرێنە نێو ئاگری سووتێنەر ﴿٤﴾ لە سەرچاوەی کانیئاوێ زۆر گەرم و داغ ئاویان دەدرێتێ ﴿٥﴾ خۆراکێ بێجگە لە درووی ویشک لە دڕکەشیلانێ تاڵ و تفتیان بۆ نییە ﴿٦﴾ (خۆراکێ) کە نە قەڵەویان دەکا و نە تێز و برسییەتیان دەشکێنێ ﴿٧﴾ لەو ڕۆژەدا دەموچاوگەلێ هەن تەڕ و تازە و گەشن ﴿٨﴾ کە لە کار و کردەوەی خۆیان ڕازین ﴿٩﴾ لە بەهەشتی چاک و بەریندان ﴿١٠﴾ کە لەودا قسەی پووچ و بێکەڵک نابیسن ﴿١١﴾ لەودا کانیاوی ڕەوان هەیە ﴿١٢﴾ لەودا تەختگەلێ بڵیند هەیە ﴿١٣﴾ زەرک و لیوانیشیان لە لا دانراوە ﴿١٤﴾ پاڵەپشتەکانی ڕیز کریاون ﴿١٥﴾ فەرشگەلی زەربافتی ڕاخراو (زرابێ: موعەربی کوردی زەربافتە) ﴿١٦﴾ ئایا لە وشتر ناڕوانن کە چلۆن خەڵق کراوە ﴿١٧﴾ لە ئاسمان (ناڕوانن) کە چلۆن هەڵدرواوە ﴿١٨﴾ لە چیاکان (ناڕوانن) کە چلۆن (وەکو) گوڵمێخ داکوت کراون و دامەزراون ﴿١٩﴾ لەم زەوییەیش (ناڕوانن) کە چلۆن ڕاخراوە ﴿٢٠﴾ جا ئامۆژگاری بکە کە تۆ تەنیا پەنددەری ﴿٢١﴾ تۆ فەرمانڕەوا لەسەر ئەوان نیت (کە بە زۆر بڕوایان پێبێنی) ﴿٢٢﴾ مەگەر ئەو کەسەی کە مل بابدا و کافر بێ ﴿٢٣﴾ جا خوا بە جەزرەبەیێ گەورەتر سزای ئەدا ﴿٢٤﴾ گەڕانەوەیان بۆ لای ئێمەیە ﴿٢٥﴾ لە پاشان خۆمان بە کاریان ڕادەگەین ﴿٢٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

# سوورەی فەجر

**سوورەی فەجر: سپێدەی بەیان لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣٠ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بە سپێدە(ی بەرەبەیان یا سپێدەی ڕۆژی جێژی قوربان) ﴿١﴾ (سوێند) بە دە شەو (دە شەوی مانگی قوربان) ﴿٢﴾ (سوێند) بە تاق و جووت (مەبەست ژمارە و نەزم و حیسابە یا نوێژی تاق و جووتە) ﴿٣﴾ (سوێند) بە شەو کە بەرەو ڕۆژ بوونەوە ئەڕوا ﴿٤﴾ ئایا لەمانەدا (کە وترا) سوێندی گرینگ بۆ ژیران هەیە ﴿٥﴾ ئایا نەتدی (نەتزانی) کە پەروەرێنەرت چی بە هۆزی عاد کرد؟ ﴿٦﴾ لەگەڵ (هۆزی) ئیرەم (ئیرەم باپیرەی عادە) کە بالابەرز و خاوەنی کۆشکی ستووندار بوون ﴿٧﴾ ئەوەی وا کە وێنەی ئەو لە هیچ شارێکدا ساز نەدرابوو ﴿٨﴾ سەموود (هۆزی سالح) لە نێو گەڵ و دۆڵەکاندا لە تاشەبەردەکان، خانووی تەشوێتاشیان ساز ئەدا ﴿٩﴾ فیرعەون کە بەهێز و ئازاردەر بوو (و خێوی کۆشکانی گەورە و بڵیند) ﴿١٠﴾ ئەوان کە لە شار و ولاتاندا یاغی ببوون ﴿١١﴾ خراپە هەبوو ئەوان فرەتریشیان کرد ﴿١٢﴾ جا پەروەرێنەرت قەمچی ئازاردانی کوتا بە توقی سەریاندا ﴿١٣﴾ (چونکە) پەروەرێنەرت لە کەمیندایە ﴿١٤﴾ بەلام کاتێ خوا بۆ تاقی کردنەوە ڕێز لە مرۆڤ بگرێ و نیعمەتی بداتێ، (غەڕڕە ئەبێ و) دەڵێ: پەروەرێنەرم ڕێزی لێ‌گرتووم ﴿١٥﴾ بەلام کاتێ کە بۆ تاقی کردنەوە، ڕسق و ڕۆزی لێ‌کەم بکاتەوە، دەڵێ: پەروەرێنەرم سووکایەتی بەسەر هێناوم ﴿١٦﴾ وەها نییە کە ئێوە بیری لێ‌دەکەنەوە، بەڵکوو ئێوە ڕێز بۆ هەتیو دانانێن ﴿١٧﴾ یەکتر بۆ خۆراکدان بە مسکێن دنە نادەن ﴿١٨﴾ میرات (بە شەرعی و ناشەرعی) کۆ دەکەنەوە و دەیخۆن (لَمَّ: کۆ کردنەوە) ﴿١٩﴾ ماڵ و سامانتان زۆر خۆش‌دەوێ ﴿٢٠﴾ وەها نییە کە بیرتان لێ‌دەکردەوە، کاتێ زەوی لەت بێ و بە سەختی تێک شکێنرێ ﴿٢١﴾ فەرمانی پەروەرێنەرت بێ و فریشتەکانیش پۆل بە پۆل ڕیز ببەستن ﴿٢٢﴾ لەو ڕۆژەدا دۆژەهـ ئامادە بێ، (بەڵێ) لەو ڕۆژەدا مرۆڤ خۆی وەبیر دێتەوە بەلام ئەم وەبیر هاتنەوە کوا و لە کۆێ سوودی بۆی دەبێ؟ ﴿٢٣﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



دەڵێ: خۆزیا بۆ ژیانم لە پێشدا شتێکم بناردبایێ ﴿٢٤﴾ جا لەو رۆژەدا هیچ ئازاردەرێ وەکوو ئازاری ئەو جەزرەبە و عەزابی نادا ﴿٢٥﴾ هیچ کەس وەکوو خوا ئەو ناخاتە کۆت و بەندەوە ﴿٢٦﴾ ئەی گیانی ئاراوقارا گرتوو و لە خەم رەخسیوا! ﴿٢٧﴾ بۆ لای پەروەرێنەرت بگەرێوە کە هەم تۆ لەو رازی و هەم ئەو لە تۆ رازییە ﴿٢٨﴾ جا وەرە نێو جەرگەی بەندەکانم ﴿٢٩﴾ بچۆ نێو بەهەشتم ﴿٣٠﴾

## سوورەی بەلەد

**سوورەی بەلەد (شار) لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٠ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بەم باژێرە (پاکەی مەککە) ﴿١﴾ شارێ کە تۆ لەوێدای ﴿٢﴾ سوێند بە باوک و زارۆکێ کە دێتە دی (مەبەست ئیبراهیم و ئیسماعیلە کە پێغەمبەریش لەوانە) ﴿٣﴾ مرۆڤمان لە رەنجدا ئافراند و خوڵقاند ﴿٤﴾ ئایا وا دەزانێ کە هیچ کەس دەرۆسی نایێ و دەسی بەسەر ئەوا ناروا؟ ﴿٥﴾ دەڵێ: ماڵێکی زۆرم (بۆ رابواردن) لە دەس داوە ﴿٦﴾ ئایا لای وایە کەس ئەوی نەدیوە (و نایشیبینێ)؟ ﴿٧﴾ ئایا دوو چاومان بۆی ساز نەداوە؟ ﴿٨﴾ زمانێکیش و جووتێ لێو؟ ﴿٩﴾ رێگای هات (چاکە) و نەهات (خراپە)مان نیشاندا ﴿١٠﴾ جا ئەو (سپڵە) بوو لەو ملە (عەقەبە) سەرنەکەوت؟ ﴿١١﴾ تۆ چوزانی ئەو ملە (سەختە سینەکێشە) چییە؟ ﴿١٢﴾ ئازاد کردنی کۆیلەیە ﴿١٣﴾ یا خۆراکدانە لە رۆژی قاتوقرِیدا ﴿١٤﴾ بەتایبەت بە هەتیوێ کە خزم بێ ﴿١٥﴾ یا مسکێنێ، خاکەسەر ﴿١٦﴾ تا پاشان لەوانە بووبێ کە بروایان هێناوە و یەکتریان بۆ تابشتهێنان و خۆراگرتن و بەزەیی و زەحمەت راسپاردبێ ﴿١٧﴾ ئەوانە بەختەوەرن (و نامەی کردەوەیان ئەدرێتە دەسی راستیان) ﴿١٨﴾ ئەوانەی کە کافر بوون و نیشانەکانی ئێمەیان داوەتە دواوە، تۆخ و شوومن و (نامەی کردەوەیان ئەدرێتە دەستی چەپیان) ﴿١٩﴾ چارەنووسیان ئاگرێکی بێدەرەتانە ﴿٢٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



## سوورەی شەمس

**سوورەی شەمس (ڕۆژ) لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٥ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بە تەبەق و گـۆی ڕۆژ و تیشـکی ﴿١﴾ سـوێند بە مانـگ، بە دوویـدا دێ ﴿٢﴾ بە ڕۆژ، کە تیـف تـیفەی هەتـاو دەدا و ڕووی زەوی ڕوونـاک دەکـاتەوە ﴿٣﴾ بە شـەو کە ڕووی زەوی دائەپۆشـێ ﴿٤﴾ بە ئاسمان و ئەو کەسەی کە ئەوی ساز داوە ﴿٥﴾ بە زەوی و ئەو کەسـەی کە ئەوی پـانکـردۆتەوە ﴿٦﴾ بە گیانی مرۆ ئەو کەسەی چاک و بەتەکووز ئەوی ساز داوە و ڕێکی خسـتووە ﴿٧﴾ سـا خـراپە و تـاوان و چاکە و خۆپارێزی لە ویژدانی گەیاندووە ﴿٨﴾ دیارە هەرکەسێ گیـانی خـۆی خـاوین ڕاگرتـووە، ڕزگـار بووە ﴿٩﴾ دیـارە هەرکەسـیش لە گونـاهیە وە پێچـاوە دۆڕانـدویەتی ﴿١٠﴾ هـۆزی سـەموود لە ڕووی یاغی بوونەوە خوایان بە درۆ خستەوە ﴿١١﴾ ئەو دەمەی کە چارەڕەش و بێ‌بەختترینیـان هەسـتا سـەر پێ ﴿١٢﴾ جا پێغەمبەری خوا (سالّح) بەوانـی وت: (خۆتـان لە ئـازاردانی) وشـتری مێـی خـوا و ئـاو خواردنەوەکەی (بپارێزن) ﴿١٣﴾ جا ئەوان ئەویان بە درۆزن دانا و وشترەکەیان پەی‌کرد، دەس و قاچیان بڕییەوە و کوشتیان، جا لەبەر ئەوە پەروەرێنەریان ئەوانی لەبەر ئەو گوناحەی کردیـان کـوتینی بەسـەر یەکدا و ئـازاری نـاردە سـەریان و جێـی ژیـانی ئەوانـی لەگەڵ خـاک یەکسـان و تەخت کـرد ﴿١٤﴾ لە ئاکامی ئەم کارەیشی ترسێ نییە ﴿١٥﴾

## سوورەی لەیل

**سوورەی لەیل (شەو) لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢١ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بە شەو ئەو دەمە کە دائەپۆشێ ﴿١﴾ بە ڕۆژ کاتێ کە ئاشکرا ئەبێ و خۆ لە دنیـا ڕادەنـێ ﴿٢﴾ بەو کەسەی کە نێـر و مێـی خوڵقانـدووە ﴿٣﴾ تێکۆشـانی ئێـوەکە جیاجیـایە ﴿٤﴾ ئەوەی بەخشـش و چاکەی کرد و لە (نافەرمانی) خوا خۆی پاراست ﴿٥﴾ باشترینی تەسـدیق کـرد ﴿٦﴾ جا لە دوایـدا بـۆ بەهەشت و ڕێگای ئاسان ئامادەی ئەکەین ﴿٧﴾ ئەو کەسەی کە بەخێلّی و ڕژدی کـرد و لەم ڕێگـایەوە خۆی بێ‌نیاز زانی ﴿٨﴾ باشـترینی بە درۆ دانـا ﴿٩﴾ جـا دۆژەهــ و ڕێگـای سـەخت ئامـادەی ئەکەیـن ﴿١٠﴾ ئەگەر مردیش، ماڵەکەی سوودی پێنادا ﴿١١﴾ لەسەر ئێمەیە ڕێنوێنی کردن ﴿١٢﴾ ئەو دنیا و ئەم دنیا تایبەت بە ئێمەیە ﴿١٣﴾ لەم ئاوری بڵێسەدار ئێوە ترساند ﴿١٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



کێ لە هەمووان بێفەرترە ڕادەکێشرێتە نێو دۆژەهـ ﴿١٥﴾ ئەوکەسەی کە (نیشانەکانی خوای) بە درۆ دانا و پشتی تێکرد ﴿١٦﴾ بە زوویی خۆپارێزترین خەڵک لەوە دوور دەخرێنەوە ﴿١٧﴾ کەسێ کە ماڵی خۆی بۆ پاککردنەوەی خـۆی ئەبەخشـێ ﴿١٨﴾ بـۆ هـیچکەس لای ئەو هەقـی نیعمەتێک نییە تا بیەوێ (کە بەو هۆیەوە) پاداش بدرێتەوە ﴿١٩﴾ مەگەر ویستنی ڕازی بوون و خۆشنوودی پەروەرێنەری بەرزی خۆی ﴿٢٠﴾ لە دواییدا ڕازی و خۆشنوود ئەبێ ﴿٢١﴾

## سوورەی زوحا

### سوورەی زوحا لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١١ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سـوێند بە چێشـتەنگاو، بە سـەرەتای ڕۆژ ﴿١﴾ وازی لە تـۆ نەهێنـاوە و (سـوێند) بە شـەو لە جەنگەی هەدادانا ﴿٢﴾ کە پەروەرێنەرت تۆی تەرک نەکردووە و لە تۆ تـووڕە و قەڵـس نەبـووە ﴿٣﴾ بێگومان ئاخیرەت بۆ تۆ لە دنیا باشترە ﴿٤﴾ چما پەروەرێـنەرت ئەوەنـدەت پـێ ئەدا کە خۆشنوود بـی ﴿٥﴾ ئایـا تـۆ سێویییەک نەبـوی، جـا پەنـای دای؟ ﴿٦﴾ تـۆی دی گـومڕای، جـا ڕێنوێنی کردی ﴿٧﴾ تۆی بە فەقیری گیر هـات، جـا بـێنیـازی کـردی ﴿٨﴾ سـا تـۆیش هەتیـو مەڕەنجێـنە ﴿٩﴾ سـواڵکەر (بە ئـازارەوە) دەرمەکە ﴿١٠﴾ نـاز و نیعمەتـی پەروەرێـنەرت بگێڕەوە و قسەی لێبکە ﴿١١﴾

## سوورەی شەرح

### سوورەی شەرح لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئاخۆ سینگی تۆمان گوشاد نەکردووە؟! ﴿١﴾ ئایا باری گرانـی تۆمـان لە تـۆ نەکـردەوە؟! ﴿٢﴾ ئەو بارەی کە پشتی تۆی چەماندبوو ﴿٣﴾ ناوبانگی تۆمان بەرز کردەوە ﴿٤﴾ لە دوای تەنگانە، فەرعانەیە ﴿٥﴾ ئاری بەڕاستی لە دوای تەنگانە، فەرعانە هەیە ﴿٦﴾ جا کاتێ لە کار بوویەوە، هەستە و خەریکی عیبادەت کردن بەو تێبکۆشە ﴿٧﴾ تەنیـا بەرەو لای پەروەرێـنەرت سـەرنج بدە و ڕەغبەت پەیا بکە و بلاڵێوە ﴿٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



## سوورەی تین

**سوورەی تین: هەنجیر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سوێند بە هەنجیر و زەیتوون ﴿١﴾ سوێند بە تووری سینین: سینا ﴿٢﴾ سوێند بەم شارە ئەمن و ئەمانە (مەککە) ﴿٣﴾ بێ‌شک ئێمە مرۆڤمان بە باشترین شێوە خوڵقاندووە ﴿٤﴾ لە پاشان گەڕاندمانەوە بۆ بەرەژێرتر و نزمترین پایە و پلە ﴿٥﴾ مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کاری چاک و شیاویان ئەنجام داوە، جا بۆ ئەوانە پاداشێکی بێ‌پایان هەیە ﴿٦﴾ جا ئەی (مرۆ: ئینسان) چ شتێک دوای ئەم هەمووە، دنەت دەدا کە ڕۆژی سزا و جەزا، بە درۆ دابنێی ﴿٧﴾ ئاخۆ خوا باشترینی داوەران نییە؟ ﴿٨﴾

## سوورەی عەلەق

**سوورەی عەلەق: جەڵتە، لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٩ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

بخوێنە بە ناوی پەروەرێنەرت کە (دنیای) خوڵقاندووە ﴿١﴾ مرۆڤی لە جەڵتە خوێنی مەییو خوڵقاند و گووراندی ﴿٢﴾ بخوێنە، پەروەرێنەرت دەهندەترینە ﴿٣﴾ خوایێ کە بە هۆی (نووسینگ) قەڵەمەوە فێرکردنی ساز دا ﴿٤﴾ بە مرۆڤ ئەوەی نەیدەزانی فێری کرد ﴿٥﴾ وا نییە، (زۆربەی بەرەی) مرۆڤ سەربزێوی دەکا و یاغی دەبن ﴿٦﴾ کاتێ کە خۆی بە بێ‌نیاز بزانێ ﴿٧﴾ گەڕانەوە بۆ لای پەروەرێنەرتە ﴿٨﴾ ئایا دیتت ئەو کەسەی کە بەری دەگرت ﴿٩﴾ لە بەندەیێ، کاتێ نوێژی دەکرد ﴿١٠﴾ چ دەبینی کە ئەو پیاوە ڕێنوێن کراو بێ ﴿١١﴾ یا بە ترسان لە خوا فەرمان بدا ﴿١٢﴾ هیچ بیرت لێ کردۆتەوە ئەگەر حاشا بکا و پشت تێ بکا (خۆی لەنێو دەبا) ﴿١٣﴾ ئایا نەیزانیوە کە بەڕاستی خوا دەبینێ ﴿١٤﴾ وا نییە کە ئەو بیری لێ‌دەکاتەوە، ئەگەر لە کاری خۆی دەس هەڵنەگرێ، نێو چاوانی دەگرین و بەرەو دۆژەهـ ڕایدەکێشین ﴿١٥﴾ مووی نێوچاوی درۆزنی خەتاکار ﴿١٦﴾ جا خزم و کەسانی خۆی بانگ بکا ﴿١٧﴾ ئێمەیش بە زوویی گزیری دۆژەهـ بانگ دەکەین ﴿١٨﴾ وا نییە کە بیری لێ‌دەکاتەوە، قەت پەیڕەوی لێ‌مەکە، سوژدە بەرە و لە خوا نێزیک بەوە ﴿١٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



## سوورەی قەدر

**سوورەی قەدر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٥ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئێمەیش کە ئەم قورئانەمان لە شەوی هەرە بەرێزدا ناردۆتە خوارێ ﴿١﴾ تۆ چووزانی کە شەوی بەرێز چییە؟! ﴿٢﴾ شەوی بەرێز باشتر لە هەزار مانگە؟! ﴿٣﴾ لەو شەوەدا فریشتەکان و جوبرەئیل بە ئیزنی پەروەندەیان بۆ ئەنجامدانی کارگەل، دێنە خوارێ ﴿٤﴾ شەوێ کە تا سپێدەی بەرەبەیان پڕە لە هێمنایەتی و خۆشی و لە سەلام و دروود ﴿٥﴾

## سوورەی بەیینە

**سوورەی بەیینە: بەڵگەی ڕوون، لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئەو کەسانەی حاشایان لە خوا کردبوو شەریکدانەرانیش لەوانە نەبوون دەسبەردار بن تا بەڵگەیەکێ ڕوونیان بۆ دێ ﴿١﴾ پێغەمبەرێ لە لایەن خواوە چەن لاپەڕەیێ پاک (بەسەرتاندا) دەخوێنێتەوە ﴿٢﴾ لەوانەدا نووسراوەگەلێ ڕاست و بەنرخ هەیە ﴿٣﴾ ئەهلی کتێب (لە دینی خوا) لێک جیا نەبوونەوە، مەگەر دوای ئەوەی کە ئەم بەڵگە ڕوونەیان بۆ هات ﴿٤﴾ بەوان بێجگە لەو فەرمانە نەدرابوو کە خوا بپەرستن، لە دینی ئەو دڵپاک بن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن، ئەمەیە دینی ڕاست و پایەدار و دروست ﴿٥﴾ کەسانێ کە کافر بوون لە ئەهلی کتێب و بتپەرستان، بۆ هەمیشە لە دۆژەهدا قەتیسن، ئەوانە خراپترین کەسن ﴿٦﴾ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، هەر ئەوانە باشترینی کەسن ﴿٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



پاداشی ئەوانە لای پەروەرێنەریان باغگەلێکی هەمیشەیی بەهەشتە کە چۆمەئاو بەخوڕ بە بن دارەکانیدا دێ، بۆ هەمیشە لەوێدان، هەم خوا لەوان ڕازییە و هەم ئەوانیش لە خوا ڕازین، ئەم پلە بەرزە بۆ کەسێکە کە لە پەروەرێنەری بترسێ ﴿٨﴾

## سوورەی زەلزەلە

**سوورەی زەلزەلە لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

هەر کاتێ زەوی بە بوومەلەرزەکە هاتە هەژین ﴿١﴾ ئەم زەوییەش گرانباری خۆی وەدەر خست ﴿٢﴾ مرۆیش پرسی: زەوی چییەتی بۆ وا دەکا؟ ﴿٣﴾ لەو ڕۆژەدا زەوی هەواڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوە ﴿٤﴾ لەوەی کە پەروەرێنەرت پێی ڕاگەیاندووە ﴿٥﴾ لەو ڕۆژەدا خەڵک بە پرش‌وبلاوی لە گۆڕ دێنە دەرێ تا ئاکامی کاریان نیشان بدرێ ﴿٦﴾ جا هەرکەس بە ئەندازەی قورسی و سەنگایی مێروولە زەرەدی هەرە وردیلە یا زەڕڕەیەک کاری چاکی کردبێ (جەزای) ئەبینێ ﴿٧﴾ هەرکەسیش بە ئەندازەی سەنگایی مێروولە زەرەدی هەرە وردیلە یا زەڕڕەیەک خراپەی کردبێ، (سزای) ئەبینێ ﴿٨﴾

## سوورەی عادیات

**سوورەی عادیات: چارەوێ، لە مەککە هاتۆتە خوارێ تۆ بە (بسم‌الله)وە ١١ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سوێند بە ئەسپانی توندڕەو کە بە پرمەپرم (بەرەو مەیدانی جەنگ) بەرەو پێش ئەڕۆن ﴿١﴾ بەوانەیش کە ژێر سمیان پریشکە ئاور و ئاورینگ دێنن ﴿٢﴾ سوێند بەوانەیش کە لە بەرەبەیاناندا هێرش هێنەرن ﴿٣﴾ بە هۆی ئەوە تۆز و خۆڵ هەڵدەستێ ﴿٥﴾ بەڕاستی مرۆڤ لە ڕاست پەروەرێنەریدا سپڵە و هەقنەناسە ﴿٦﴾ بەڕاستی ئەو خۆیشی لەسەر ئەمە شایەدە ﴿٧﴾ بەڕاستی ئەو ماڵی زۆر خۆشدەوێ ﴿٨﴾ جا ئایا نازانی ڕۆژێ تەواوی ئەوانەی لە گۆڕدان زیندوو بکرێنەوە و لە گۆڕ دەرخرێن و بلاو بکرێنەوە ﴿٩﴾ ئەوەی لە دڵ و دەروونـدا نهێنە، ئاشکرا بکرێ ﴿١٠﴾ بەڕاستی پەروەرێنەریان لەو ڕوژەدا بە ناخیان ئاگەدارە ﴿١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



## سوورەی قاریعە

**سوورەی قاریعە: دڵەکوتە لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١١ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەو ڕووداوە کوتێنەرە (قاریعە ناوێکە لە ناوەکانی قیامەت) ﴿١﴾ چ ڕووداوێکی کوتێنەرە ﴿٢﴾ تۆ چووزانی ڕووداوی کوتێنەر چییە ﴿٣﴾ ڕۆژێکە خەڵک هەروەکوو پەپوولە پرش‌وبڵاو ئەبن ﴿٤﴾ کێوەکان هەروەکوو خوری ڕەنگاوڕەنگی هەلاجی کراو ئەبن ﴿٥﴾ جا (لەو ڕۆژەدا) کەسێ کە تای تەرازووی کردەوەی قورسە ﴿٦﴾ جا لە نێو ژیانێکی ڕازیدایە ﴿٧﴾ بەڵام ئەوەی کە تای تەرازووی کردەوەی سووک بێ ﴿٨﴾ جا جێگەی دۆژەهە ﴿٩﴾ تۆ چوزانی دۆژەهـ چییە ﴿١٠﴾ ئاگرێکی بەنێڵە و فرە بەتەوژم و سووتێنەرە ﴿١١﴾

## سوورەی تەکاسور

**سوورەی تەکاسور: فرەیی، لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

شانازیتان بە فرەیی (ماڵ و منداڵ) ئێوەی بە خۆیەوە خەریک کرد و لە خوا غافڵی کردن ﴿١﴾ تا ئەوەی کە چوونە زیارەتی قەبر (چوونە نێوی) ﴿٢﴾ وا نییە کە ئێوە بیری لێدەکەنەوە، فرەی پێناچێ دەزانن ﴿٣﴾ دیسان وا نییە کە بیری لێدەکەنەوە، فرە ناخایەنێ دەزانن ﴿٤﴾ وا نییە کە بیری لێدەکەنەوە، ئەگەر زانستی یەقینتان بە (ئاخیرەت) هەبوایێ، (بە دوای ئەو قسانەدا نەدەڕوێشتن) ﴿٥﴾ بێگومان دۆژەهـ دەبینن ﴿٦﴾ لە پاشان (بە چوونە نێوی) بە چاوی یەقین دەیبینن ﴿٧﴾ لە پاشان لەو ڕۆژەدا لەبابەت ئەو ناز و خۆشی و نیعمەتانەی کە هەتانبووە، پرسیارتان لێدەکرێ ﴿٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



## سوورەی عەسر

**سوورەی عەسر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سوێند بە ڕۆژگار ﴿١﴾ کە بەڕاستی هەموو ئینسانێک لە زیان و پوان و سواندایە ﴿٢﴾ مەگەر کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە و یەکتریان بۆ هەق ڕاسپاردووە و یەکتریان بۆ تابشتهێنان و خۆڕاگرتن ڕاسپاردوە ﴿٣﴾

## سوورەی هومەزە

**سوورەی هومەزە لە مەککە و بە (بسم‌الله)وە ٩ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

وای بۆ هەر عەیبگیر و خوسپکەر و بەتوانج و تەشەرێ ﴿١﴾ ئەو کەسەی کە ماڵی خڕکردەوە و بژاردی (بێ ئەوەی ڕەوا و نارەوا لێک بکاتەوە ﴿٢﴾ وا دەزانێ کە ماڵەکەی بۆ هەمیشە دەیهێڵێتەوە، لە مردن دەیپارێزێ ﴿٣﴾ وا نییە کە بیری لێدەکاتەوە، تووڕ هەڵئەدرێتە نێو حوتەمە ﴿٤﴾ تۆ چووزانی چوتەمە چییە؟ ﴿٥﴾ ئاگری هەڵکراوی خوایە ﴿٦﴾ ئەوەی کە لە نێو دڵ و دەروونەوە بڵێسە دەکا و سەرهەڵئەدا ﴿٧﴾ ئەم ئاگرەمان بەسەرا گاڵە دراوە ﴿٨﴾ لە ستوونی ئاگری ڕاکێشراو و پڕ بڵێسە ﴿٩﴾

## سوورەی فیل

**سوورەی فیل لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٥ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئایا نەتدیوە (زانیوە) کە پەروەرێنەرت لەگەڵ خاوەن فیلەکان چی کرد چ پەندێکی بەسەر هێنان (ئەبرەهە بە سواری فیل هات کابە بروخێنێ کە ئەو ساڵە بە ساڵی فیل ناودارە) ﴿١﴾ ئایا پیلانی ئەوانی هەڵنەوەشاندەوە؟ ﴿٢﴾ پۆل پۆل باڵندەی نارده سەریان ﴿٣﴾ تا بە دەردی کایەکی پەڵخوری خوراوی بردن ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

## سوورەی قورەیش

**سوورەی قورەیش لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٤ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

(سزادانی خاوەنی فیل) لەبەر یەکگرتن و پێکەوەمانی قورەیش بوو ﴿١﴾ خۆ پێکەوە گرتنی ئەوانە لە کۆچکردنیان بەرەو زۆزان و گەرمیان (خۆی نیشانداوە؛ لە ساڵانە دوو جار ئەنجام دراوە) ﴿٢﴾ جا (بە شوکرانەی ئەم نیعمەتە گەورە) با پەروەرێنەری ئەم ماڵە (کابە) بپەرستن ﴿٣﴾ ئەو کەسەی کە ئەوانی لە نێز و برسییەتی بێنیاز و ڕزگار کرد، ئەوانی دڵنیا کرد کە نەترسن ﴿٤﴾

## سوورەی ماعوون

**سوورەی ماعوون لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٧ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئاخۆ ئەو کەسەی کە ڕۆژی جەزای بە درۆ دەزانی دیتت ﴿١﴾ جا ئەو کەسێکە کە هەتیو بە تووڕەبوونەوە دەرئەکا ﴿٢﴾ خەڵکی بۆ خۆراکدان بە نەدار و مسکێن دنە نادا ﴿٣﴾ وای بۆ نوێژخوێنان ﴿٤﴾ ئەو کەسانەی کە لە نوێژ کردنی خۆیاندا کەمتەرخەم بوون و کەمتر هۆشیان بە نوێژیانەوە بووگە ﴿٥﴾ ئەوانەی ڕووبینن و ڕیاکارن ﴿٦﴾ دەبنە بەرگر لە باربوودان و زەبارە و یارمەتیدانی هەژاران و پەککەوتوو ﴿٧﴾

## سوورەی کەوسەر

**سوورەی کەوسەر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئێمە کەوسەر (قورئان، خێر و بەرەکەتی زۆر)مان بە تۆ دا ﴿١﴾ جا بۆ پەروەرێنەرت نوێژ و قوربانی بکە (انحر لە نحر: سەربڕینی وشتر، ڕووکردنە قبیلە لە کاتی نوێژدا) ﴿٢﴾ ئەوی لێت بە ناتۆرەیە بۆخۆی وەجاخی کوێرەیە ﴿٣﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



## سوورەی کافرون

**سوورەی کافرون لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٦ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

بڵێ: ئەی خوانەناسەکان ﴿١﴾ ئەوەی کە ئێوە دەیپەرستن، من ناپەرستم ﴿٢﴾ نە ئێوەیش ئەوەی کە من دەیپەرستم، دەیپەرستن ﴿٣﴾ نە من پەرستندەی ئەوەم کە ئێوە دەیپەرستن ﴿٤﴾ ئەوەی ئێوەیش پەرستووتانە من ناپەرستم ﴿٥﴾ (ئێستا کەوایە) دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆم بۆ خۆم ﴿٦﴾

## سوورەی نەسر

**سوورەی نەسر لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

هەر کاتێ یارمەتی خودا گەیشتە ئێوە و سەرکەوتن ﴿١﴾ خەڵکیشت دی کە پۆل پۆل دێنە نێو دینی خوا ﴿٢﴾ جا بێ‌خەوشی پەروەرێنەرت بڵێ، لێبوردنی لێ بخوازە، بێ‌گومان خوا فرە بە چاکی پەشیمانی پەشیمانبووان قەبووڵ دەکا ﴿٣﴾

## سوورەی مەسەد

**سوورەی مەسەد لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٥ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

هەر دوو دەستی ئەبوولەهەب شەل و بەبڕین چێ (و مەرگی بۆ بێ) ﴿١﴾ ماڵ و سامانی و ئەوەی کە بە دەستی هێنابوو، سوودی پێ‌نەبەخشی ﴿٢﴾ هەربینا بەم زووانە دەکەوێتە نێو ئاگری بڵێسەدار ودەسووتێ ﴿٣﴾ ژنەکەیشی دەسەچیلە بە کۆڵ دێنێ و دارکێشە ﴿٤﴾ گورزەهۆن و جۆرێ گوریسی سیرمەی دوو جار بادراوی لە ملدایە ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



## سوورەی ئیخلاس

**سوورەی ئیخلاس لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۴ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

بڵێ: ئەو خوایە تاکە ﴿١﴾ خوایەکی بێ‌نیاز و جێی نیازە (کە نیازمەندان ڕوو دەکەنە ئەو کە نیازیان جێبەجێ بێ) ﴿٢﴾ کەس لەو نەبووە و ئەویش لە کەس نەبووە ﴿٣﴾ کەسیش نەیتوانیوە، هەمبەر و هاوتای بێ ﴿۴﴾

## سوورەی فەلەق

**سوورەی فەلەق لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۵ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

بڵێ: پەنا دەبەمە بەر پەروەرندەی زا لە ماک و سپیایەی بەرەبەیان ﴿١﴾ (بۆ پاراستن) لە لە وەزەن و ئازار و شەڕی تەواوی ئەوەی خوڵقاندوویەتی ﴿٢﴾ لە ڕووشە و شەڕی تاریکی شەو، کاتێ کە دێ (غاسق: هێرش هێنەر، بوونەوەری شەڕانی، تاریکی سەرەتای شەو) ﴿٣﴾ لە شەڕی جادووگەرانێ کە فوو بە گرێدا ئەکەن (پف بۆ جادوو کردن) ﴿۴﴾ لە گێچەڵ و شەڕی هەر ئێرەییبەر و حەسوودێ، کاتێ کە ئێرەیی دەبا و بەخیلی و حەسوودی دەکا ﴿۵﴾

## سوورەی ناس

**سوورەی ناس لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۶ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

بڵێ: پەنا ئەبەم بە پەروەرێنەری خەڵک ﴿١﴾ فەرمانڕەوای خەڵک ﴿٢﴾ خوای گەورەی خەڵک ﴿٣﴾ (بۆ پاراستن) لە شەڕ و بەڵای وازوازیهێنی خۆپەنادەر ﴿۴﴾ ئەوی دڵی خەڵکی کرمێ دەکا ﴿۵﴾ لە جنۆکە و لە مرۆڤ ﴿۶﴾.

ئەم قورئانە تا ٧ی گوڵانی ساڵی ٢۶۶١ کوردی و ١٩۶١ زایینی بە زمانی شیرینی کوردی، محەمەدسالح ئیبراهیمی (شەپۆل) بە تەواوی تەرجەمە و تەفسیری کردووە و پیتچنی کراوە و ئامادەی چاپ بووە و لە ١٩٨٧ز و ٢۶٨٧ کوردی لە تاران لە ساڵی ١٣۶۶ لە ڕێگای بەڕێز سەیید کازم موسلیح‌ئابادی نەهری کە لە گۆڤاری کوردی «ئاوێنە»دا نووسەر بوو دراوە بە سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی و لە ساڵی ١٣٧۶ی هەتاوی و ١٩٩٧ی زایینی و ٢۶٩٧ کوردی چاپ کراوە. شەپۆل نووسەر، ڕۆژنامەنووس، لێکۆڵەر، وەرگێڕ و ئوستادی زانکۆیە.



Dr. Saleh Ebrahimi